# چنینەوە

## (چەند وتارێکی رەخنەیی)

٦٢٤

# چنینەوە

## (چەند وتارێکی رەخنەیی)

کەمال غەمبار

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **چنینەوە (چەند وتارێکی رەخنەیی)**
- **نووسینی: کەمال غەمبار**
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ٥٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١٢**
- **تیراژ:** ٥٠٠ دانە
- **چاپخانە:** خانی (دهۆك)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٦١٢)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٦٦)**

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی**

**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێننەوە**

**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


کەمال غەمبار: ئێستا بەتێڕوانینێکی نوێوە دەنووسم .................. ١١
ڕۆژنامەو ئازادیی رادەربڕین .................................. ٢٩
چەند باسێك لەبارەی ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی- ی ئیسماعیل ڕەسووڵ .......... ٣٣
دیوانی بنەوشەکان-ی عەبدولڕەزاق بیمار ........................... ٣٧
شەش چیرۆك و هەڵسەنگاندنێك .................................. ٤١
بە دواداچوونێك لە بارەی دەسەڵاتی ڕۆشنبیری، ڕۆشنبیریی دەسەڵات ............ ٥٥
بە دواداچوونی هونەرێکی شانۆیی لە هەولێر هەبوو ...................... ٦٢
شانۆگەریی " دارتوو"ەکەی هونەرمەند گەزیزە شاکارێکی داهێنەرانە بوو ....... ٦٨
ئاوڕدانەوەیەك لە ڕەوتی هونەرکاریی شێوەکار " سلێمان شاکر " ............... ٧٢
ئاوڕدانەوەیەك لە کتێبی چەند لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئەدەبی ................ ٧٨
ڕێگا دوورەکانی چاومان-ی جەلالی میرزا کەریم ...................... ٨٦
دوا وتووێژ لەگەڵ " سەلاح عەبدولسەبوور"دا ......................... ٩٢
گەڕانێك بەناو پێشانگاکەی شێوەکار سلێمان شاکرو پێداچوونەوەی .... .......... ١٠٩
بەراوردێك لە نێوان گیروگرفتەکانی ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتی ................. ١١٥
دیوی ناوەوەی تابلۆکانی " محەمەد عارف "ی شێوەکار ...................... ١٢٦
کوردستان نیشتمانە جوانەکەم پێشانگای کەرنەڤاڵی ڕەنگەکان ................. ١٣١
هەشتەمین پێشانگای شێوەکار محەمەد عارف .......................... ١٣٨
ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ڕۆژنامەنووسیی منداڵانی کورد .................. ١٤٣
بەراوردێکی ئەدەبی لە نێوان "گۆران" و " ابن الرومی " دا ................. ١٥٠
ڕۆمانی بەهاری ڕەش-ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل یان پانۆرامای شاڵاوە ....... ١٧٠
خوێندنەوەیەك لە نەسەقەکانی ڕۆشنبیریی عەرەبی ....................... ١٧٦
گوڵەکانی مەنفا کارێکی شانۆیی داهێنەرانە .......................... ١٨٥

ڕێکخراوی یونسکۆ، ساڵی نازم حیکمەت جاڕ دەدات ئەو شاعیرە ............... ١٨٩
چیرۆکی " هەڵوێست "ی فەوزییە عزەدین ڕەشید ........................... ١٩٣
خوێندنەوەی ڕۆمانی دایك‌و کوڕ- ی گەلاوێژ ............................ ١٩٩
هەڵسەنگاندنی شەش چیرۆکی ژمارەی تایبەتی ............................. ٢٠٣
ستانسلاڤسکی لەنێوان ڕێبازی کۆن‌و نوێی دەرهێناندا ١٨٦٣ – ١٩٣٨.......... ٢٢٦
کۆ شیعری کانیلەو خۆشەویستی عەبدولڕەزاق بیمار لە ڕوانگەی واقیعبینییەوە .. ٢٣٥
کلاَفەی حەزێکی سەرشێت-ی عەبدولڕەحمان بێلاف .......................... ٢٥٥
هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەك لە ژیان‌و جیهانی شیعریی فازڵ عەزاوی ............ ٢٦١
کەسایەتی لە درامای کوردیدا-ی سەلام فەرەج کەریم ........................ ٢٧١
پێوەندیی جەواهیری گەورە بە ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردییەوە ................ ٢٧٨
کاکە شوان‌و هۆنراوەی " گوڵی کێوی " ..................................... ٢٨٥
لێکچوونی بابەتی فۆلکلۆریی نێوان گەلانی جیهان ........................... ٢٨٩
هێرشی دە هەزار جەنگاوەرەکە " هێرش بۆ سەر فارس " ........................ ٣٠٠
شانۆی " بریخت " لە روانگەی گۆڕانکاریس و نوێکردنەوەدا ...................... ٣١٧
وەرگێڕانی شیعر .......................................................... ٣٢٢
بوێریی داهێنان لە هونەرو ئەدەبدا .......................................... ٣٢٩
" چنینەوە " ژیان و غەم-ی د.لەتیف محەمەد حەسەن ......................... ٣٣٢
شاعیرێکی شۆڕشگێڕ لە ڕوانگەی ئاینییەوە .................................. ٣٥٢
ژاندارك: سونبلێکی نەمری بەگژداچوونی ئاگر ............................... ٣٦٥
ڕووناکی خستنە سەر سینەمای هاوچەرخ ..................................... ٣٧٣
دەروازەیەك بۆ شانۆی منداڵان .............................................. ٣٨٣
کۆ شیعری (زریان) ی ئەنوەر قادر محەمەد و هەڵسەنگاندنێك .................. ٣٩٧
یەکەمین شاعیری کورد کێیە؟ ............................................... ٤١٤

یەڵماز گۆنای و ڕۆڵی سینەمای تۆمارکاری  لە تێکۆشانی نیشتمانیدا لە یادی .... ٤١٨
شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی  یان بە واقیعبوونی فەنتازیا .......... ٤٣٠
چەند لێکۆڵینەوەیەکی کوردی لە بابەت وڵاتی سوبارتۆوە ........................ ٤٤٤
کە ناو دەبێتە پێناسەی نەتەوەیی و مۆرکی ڕەسەنایەتی  چار چییە بەرامبەر ...... ٤٦١
تیڕامانێك لە فیلمی ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەد .............................. ٤٦٦
سەرەتایەك لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی .................................. ٤٧٧
ئەدەب و ڕۆژنامەی " کوردی " منداڵان لە سەرەتای بیستەکانەوە تا سەرەتای .... ٤٩٤
ئاوڕدانەوەیەك لە ڕێبازەکانی شیعری دڵدار .................................. ٥١٠
" فائق بێکەس " لە ئاوێنەی هۆنراوەکانیدا .................................. ٥٢٢
باری ڕۆشنبیریی کوردی دوای ئاداری ١٩٩١  سەرنج و تێبینی .................. ٥٣٥
ئەفراندن: ئایا بەخشینێکی تاکییە؟ .......................................... ٥٤٢
لەبارەی عەقڵ و عەقڵانییەت " پێویستە دیدمان لە بوونەوەرەکاندا بە پێوەری ... ٥٤٩
فەیلەسووفی ئیشراقی سوهرەوەردی شەهید ....................................... ٥٥٩
واقیعی سیاسی لە سەردەمی تەلەفزیۆندا ....................................... ٥٧٧
دەسەڵات لە ڕوانگەی فۆکۆ وە ............................................... ٦٠٧
چەند زانیارییەکی فەلسەفی لە ڕوانگەی فۆکۆوە ............................... ٦١٧

پێشکێشە بەنوێخوازان:

- محەمەد عارف
- حوسێن عارف
- ئەحمەد سالار
- لەتیف هەڵمەت
- سەباح رەنجدەر
- بەختیار عەلی

ئەحمەدی مەلا

**کەمال غەمبار:**

## ئێستا بەتێڕوانینێکی نوێوە دەنووسم

کەمال غەمبار یەکێکە لە ڕەخنەگرە ناسراوەکانی حەفتاکان، بە عەرەبی و کوردی خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردی کردووە، شەوێك لە سلێمانی لە ئوتێل میردا کەوتینە گفتوگۆ، لەبارەی شیعر و ڕەخنە و ڕۆژنامەنووسی و یادگارییەکانی. ڕاستەوخۆ بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:

*** کەی و چۆن هاتوویەتیە ناو بواری ڕەخنەوە. ئایا سەرەتاشتان هەر بە ڕەخنە دەست پێکردووە؟**

- قسەیەك هەیە دەڵێ: هەموو ڕەخنەگرێ شاعیرێکی سەرنەکەوتوو بووە، بەڵام من هەرگیز لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، ڕاستە من لە سەرەتادا بە شیعر دەستم پێ کرد لە دواتر خۆم لە بواری ڕەخنەدا بینییەوە. ئەوەی کە هانیدام زیاتر لەم بوارەدا کار بکەم ئەوەبوو، کە لە کۆلێژی پەروەردە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ پرۆفیسۆرێك بە ناوی (د. سلم النعیمي) لە سەردەمی شیعری جاهیلییەوە هەتاکو سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستو لە دواییدا نازك الملائکة، چەند محازەرەیەکی لەبارەی شیعری نویو ئەدەبی نوێ پێ گوتین. واتە ئەوە ورووژاندنم بوو بەرەو ڕەخنەی ئەدەبی بردم. زۆرجاریش هەندێ لە برادەرانی کۆلێژی ئەدەبیاتی کوردی کە (عەلائەدین سەجادی) ڕەخنەی پێ دەگوتن نموونەی شیعریان بۆ من دەهێناو بۆم شی دەکردنەوە، لە دواییدا دوای دەرچوونم وەك مامۆستا وانەی ڕەخنەی ئەدەبم لە قوتابخانەی ئامادەیی و پەیمانگاو کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین گوتۆتەوە.

*** سەرەتا بە کوردی، یان بە عەرەبی دەستت بەنووسین کرد؟**

- لە ڕاستیدا من هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا لە ڕێگای گۆڤاری گەلاوێژەوە فێری خوێندنەوەو نووسین بووم. لە بیرمە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم دەفتەرێکی سەد پەڕەییم بۆ خوێندکارێکی دەوڵەمەند نووسییەوە بەرانبەر ژمارەیەك گۆڤاری گەلاوێژ. ئیتر چەند

هەولێکی سەرەتاییم لە بواری شیعردا دەست پێ کرد، بەڵام کە گەیشتمە قۆناغی دواناوەندی لەبیرمە لە پۆلی چوارەمدا یەکەمین شیعرم بە عەرەبی نووسی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

حبيبتي اني اليك لمحتاج
ان سوق جمالك لها رواج
انت التي تنيرين مشاعري
ولتبديد ظلمة قلبي سراج
وانا كالفراش اطوف حولك
وأنت أمامي كالمصباح وهاج
لقد قيل ان الحب جريمة
وما عقابها الا الزواج

ئەمە سەرەتای دەست پێکردنم بوو بە شیعری عەرەبی. یەکەمین شیعری کوردیم ساڵی ١٩٥٦ بڵاو کردۆتەوە لە گۆڤاری إذاعة بغداد کە ئەمە نموونەیەتی:

گوڵ و گوڵزار، شنەی شەماڵ
زەردەخەنەی جوانی منداڵ
ئاسمانی ساوو دووچاوی کاڵ
هەموو جوانن وەکو بەهار
شادی دڵن دڵی غەمبار
بەڵام سۆزی دایکی نازدار
زیاتر دڵ ئەکا بەختیار

*** ئەی یەکەم بابەتی ڕەخنەییت کەی و لە چیدا بڵاوبۆتەوەو لەبارەی چی بوو. ناونیشانەکەی چییە؟**

- یەکەم نووسینی ڕەخنەیی ئەدەبیم بە زمانی عەرەبی بوو، لە گۆڤاری الثقافة، صلاح

خالص ساڵی ١٩٧٣ لەبارەی (عەبدوڵلا پەشێو) بوو.

*** ئەی وا بزانین شتێکت لە (الأديب العراقي) دا بڵاوکردۆتەوە؟**

- ئەوە نووسینی خۆم نەبوو، بەڵکو وەرگێڕانی چیرۆکی (خازێ - ی ئیبراهیم ئەحمەد)ە. لە ١٩٧٦دا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسییان لەگەڵ سازدامو لە گۆڤاری (فکاهة) بڵاو بۆتەوە.

*** یەکەم مامۆستا کە کاریگەری لەسەرت هەبوبێت لە بواری ئەدەبدا؟**

- یەکەم مامۆستا کە هانیدام بۆ خوێندنەوەی شیعرو ئەزبەرکردنی مامۆستا (عەبدولمەجید شێخ نووری) بوو کە شیعرەکانی (فایەق بێکەس) ی وەك نابەزین، داری ئازادی، کوردە بەسیەتی و.. تاد پێ ئەزبەر کردین. من یەکەمین قوتابی بووم لە قۆناغی سەرەتاییدا کە هەموو ڕۆژ لە ڕیز دەردەچووم بە دەنگێکی گەرمو گوڕ شیعرم دەخوێندەوە.

یەکەمین پەخشانیش کە لەبەرم کردبێ ساڵی ١٩٥٠ بوو لە گەلاوێژدا بڵاو کرابووەوە هێشتا زۆر لە بڕگەکانم لەبیرماوە. ئەویش بە ناوی (ئەوانەی نامرن - ئەبراهام لانکولن. ع. و. نووری).

*** یەکەمین کتێبی کوردی و یەکەمین کتێبی عەرەبی کە سەرنجیان ڕاکێشاویت؟**

- یەکەمین کتێبی کوردی ساڵی ١٩٥٠ خوێندوومەتەوە بە ناوی (هاوڕێی منداڵی - شاکر فەتاح)، هەروەها یەکەمین کتێبی عەرەبی کتێبێکی جبران خلیل جبران بوو (المواکب).

*** چۆن سەیری ڕەخنەی ساڵانی حەفتا دەکەیت؟**

زۆربەی ڕەخنەکان خاڵی نەبوون لە کارتێکردنی ئایدیۆلۆژیا زیاتر بایەخیان بە ناوەڕۆك دەدا لەوەی بایەخ بە لایەنی هونەری بدەن. مەگەر جاروبار لەملاو لەولا هەندێ ڕەخنەگر توانیبێتیان لە مەسەلەی تەکنیکی شیعرو چیرۆك نزیك ببنەوە.

*** ئایا ڕەخنەگرانی ساڵانی حەفتا توانیویانە بەردەوام بن لەو بوارەدا؟**

ئەوانەی کە ڕەخنەیان دەنووسی ژمارەیەکی کەم بوون هەندێکیان گۆڕەپانەکەیان چۆڵ کردووە، هەندێکیشیان بەردەوامن، بەڵام دوورن لە ئەدەب و ڕەخنەی نوێ. لەبەرئەوە نەیانتوانیوە خۆیان پێ بگەیەننو شتی نوێ پێشکێش بکەن.

*** دەتوانن ئاماژە بۆ هەندێ نووسینو ناوی ڕەخنەگر بکەن؟**

- بەڵێ هەندێ لەوانەی لەو ساڵانەدا ئامادەبوونیان هەبووە وەکو: (فوئاد مەجید میسری، فوئاد قەرەداغی، کەمال میراودەلی). بۆ نموونە هەندێ لە نووسینەکانی (فوئاد قەرەداغی) لەبارەی چیرۆکی (حوسێن عارف) لە نووسینە ڕەخنەییە باشەکان بوو، کە دەکرێ ئاماژەی پێ بدرێت.

*** ئەی ئەو نووسینانەی نێوان ڕوانگەییەکانو نووسەرانی دەرەوەی ڕوانگە چۆن**

هەڵدەسەنگێنی؟

- حەز دەکەم بەرلەوەی بێمە سەر ڕوانگە بڵێم ساڵی ١٩٧٦ بوو کە هاوڕێی جوانەمەرگ (لەتیف حامد) کۆشیعرێکی دەستخەتی پێمدا. بێ ئەوەی ناوی شاعیرەکە بهێنێتو پێی وتم حەز دەکەم بزانم باری سەرنجت بەرانبەر ئەم کۆمەڵە شیعرە چییە. کە خوێندمەوە هەستم کرد شاعیرێکی نوێ دوای (گۆران) لە دایك بووە. دوایی بۆم دەرکەوت ئەو شاعیرە (لەتیف هەڵمەت)ە. لەدایك بوونی ڕوانگەش دوای دەرچوونی بەیانەکەی (فاضل العزاوي وسامي مهدي وخالد علي مصطفى وفوزي كريم) ە. هەرچەند گرووپی ڕوانگە نکووڵی لەوە دەکەن، بەڵام ئەوانە هەر هەموویان لەو کاتەدا لە ژێر یەك خێوەتدا بوون. جاری وا هەبوو قسەو بۆچوونی دانیشتنی سەر مێز دەبوو بە شیعر. چەند کەسێك هەمان بیروبۆچوونی یەکتریان بڵاو دەکردەوە، بەڵام ناشکرێ نکووڵی لەوە بکەین جۆرە بزاڤێکیان خوڵقاند لە ڕووی داڕشتنی ئەدەبییەوە.

لەبەرئەوەی ئەوانەی خاوەنی فیکرو هزری پێشکەوتنخواز بوون ڕووبەڕووی ئەو گرووپە بوونەوە، چونکە ئەوانیش وەکو تەوژمی مستەقبەلییەکانی ڕووس ڕووبەڕووی پووشکینو شاعیرانو نووسەرانی داهێنەر بوونەوە، کە خۆیان نوێنەری سەردەمن. نالیو شاعیرانی تری کلاسیکییان ڕەت دەکردەوەو بە دواکەوتوویان لە قەڵەم دەدان. دوایی هەر خۆیشیان لە هەڵوێستەکانیان پاشگەز بوونەوەو جارێکی تر گەڕانەوە سەر داننان بە داهێنانی شاعیرە کلاسیکییەکانداو تەنانەت (فەرهاد شاکەلی) لە کاتی خۆیدا دەمەقاڵێکی بە نووسین لەگەڵ مندا بەرپاکرد، کە من شاعیرانی دەستەی ڕوانگەم لەو ئاستەدا سەیر نەدەکرد بەپێی چوارچێوەی مێژوویی، کە لە (گۆران) یان تێپەڕ کردبێت، کەچی کاتێ ئەو کۆ شیعرێکی بە ناوی (پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی) بڵاو کردەوە تێیدا نووسیبووی گوایە لە گۆرانی تێپەڕ کردووە، کەچی هەر خۆیشی کە چووە سویدو فێری سویدی بوو شیعرەکانی (گۆران) ی کرد بە سویدی. (عەبدوڵڵا پەشێو) یش نووسیبووی من واز لە شیعر دەهێنم ئەگەر بەخۆم ڕانەپەرمووم کە لە گۆرانم تێپەڕ نەکردبێت.

*** وەکو دەزانین فەرهاد شاکەلی لە دەرەوەی ڕوانگە بوو. خۆیشی گوتوویەتی ئەو لە دەرەوەی ڕوانگە بووە ئەمە چۆنە؟**

- هەندێك لەو نووسەرانە وەك بڵێی شەپۆلی نوێخوازی ڕایماڵین، کەچی لەو ئاستەدا نەبوون بتوانن لە ڕەوتەکەدا بەردەوام بن. هیوایش هەیە لە گۆڤاری ڕوانگەدا کە بەرهەمی بڵاو دەکردەوە بە ڕوانگەیی ناو دەبرا. (فەرهاد) یش هەرچەندە شاعیرێکی داهێنەر نەبوو،

بەڵام بەوە ناسرا کە ڕوانگەییيە.

*** لێرەدا سەرنجێك هەیە. لە ڕاستیدا فەرهاد شاکەلی لە چاوپێکەوتنێکدا لە (ئەنتۆلۆژیا) دەڵێت: من دەفتەری شیعرەکانم لای شاعیری ڕابەر و نوێخواز (جەلالی میرزا کەریم) بوو. ئەو بەبێ پرسی من دوو شیعری لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕوانگەدا بلاو کردبووەوە؟**

- مادەم لێرەدا کە ناوی (جەلالی میرزا کەریم) هات ئەو کاتە شاعیرەکانی گرووپی ڕوانگە وەك ڕابەرو مامۆستایەك سەیری ئەویان دەکرد. بەرلەوەی کە شیعر بلاو بکەنەوە پیشانی ئەویان دەدا. لە هەمووانیش زیاتر توانی ئیقاعی شیعری کوردی بگۆڕێت هەرچەندە بەداخەوە ئەو شاعیرە ڕابەرو گەورەیە پشتگوێ خراوە، من نەبێت چەند جارێك لەسەرم نووسیوە ڕەخنەی کوردی لای لێ نەکردۆتەوە.

* ئەوەی لەبارەی (عەبدوڵلا پەشێو) نووسیت چ جۆرێ بوو؟

- ئەوەی لەبارەی (عەبدوڵلا پەشێو) نووسیم لایەنی سیاسی هەبوو، کە گاڵتەی بە ڕەوتی تێکۆشان دەکرد هەر ئەویش ڕەنگدانەوەی شیعرەکانی نزار قەبانی بوو. لایەنی دووەم کە منی ورووژاند ئەو بە گژداچوونە توندە بوو، کە گوایە ئەو لە سنووری (گۆران) ی تێپەڕاندووە. کەچی کۆمەڵێك شیعری لەملاو لەولا وەرگرتووە بۆ نموونە لە نزارو نازم حیکمەتو شاعیری یۆنان (لاوس لاورس) وەرگرتبوو، کە بەزەقی لە شیعرەکانیدا دیاربوون. منیش دەقی بەرچاوی ئەو شاعیرانەم هێنانەوەو لەگەڵ شیعرەکانی بەراوردم کردن، چونکە بەڕاستی (عەبدوڵلا پەشێو) هەر چەندە شاعیرێکی ناسك بوو، بەڵام لەپڕ ئەو بازدانەیم لە (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)دا هاتە بەرچاو لام دیاردەیەکی سروشتی نەبوو، چونکە لەپڕ بوو بە شاعیرێکی کوردی ئاستی نزار قەبانی.

*** ئایا ڕەخنەی کوردی لە کەیەوەو کێ دەستی پێ کردووە. ئەکادیمییەکان ڕایان وایە لە ساڵانی بیستەوە دەستی پێ کردووە. لەو وتارەی بە ناوی سیاپۆشەوە نووسراوە. هەندێکی تر (ڕەفیق حیلمی) و دوای ئەویش (عەلائەدین سەجادی) بە ڕابەر دادەنێن. ئێوە لەم ڕوانگەوە چی دەڵێن؟**

- وشەی ڕەخنە هەر لە سەردەمی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانییەوە لە شیعرەکانیاندا هاتووە، بەڵام پاش لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ بۆم دەرکەوت حاجی قادری کۆیی یەکەمین کەسە کە لە سەردەمی خۆی لە ڕەخنە گەیشتبێ، یان کە ڕەخنە لە بنچینەوە لە (نقد) واتە (دراو) وەرگیراوە. حاجی شیعرەکانی خۆی وا دەخاتە بەرچاو کە هەموو کەس ناتوانێ پەی پێ ببات،

لەبەرئەوە شیعرەکانی ناو ناوە (نقد) ڕەخنەگریش بە (صـراف)، هـەروەها چـەمکی ڕەخنـەی ئەدەبیش هەر لە زەمانی یۆنانییەکانەوە ئەوە دەگەیەنیٚ کە جیاکردنەوەی دراوی زیـوو زێـڕی قەڵب و ڕەسەنە. ئەوجا تۆ دەتوانیت حوکمی بەسەردا بـدەیت. هەنـدێك دەڵـێن ڕەخنـە بـە شێوەیەکی زانستی، هەرچەندە سەرەتایش بووە لە نووسـینەکانی (سـیاپۆش)ە وە دەسـت پـیٚ دەکات، دوایی ئاماژە بۆ (فایەق بێکەس) دەکرێت کە ئەو شیعرانەی بـۆ (گەلاوێـژ) دەهـاتن دەخرانە بەر دەستی ئەوو هەڵێدەسـەنگاندن‌و دوای پەسـەندکردن بـڵاوی دەکردنـەوە، هەنـدیٚ نموونەی ڕەت دەکـردەوەو بـەوەش تووشـی سەرئێشـە دەهـات‌و زۆر بـە توندوتیـژی وەڵامـی دەدانەوە. ناکرێت ئاماژەش بۆ ئەنجوومەنی ئەدەبیاتی ئەمین فەیزی (١٩١٩) نەکەین کە زۆر زیرەکانە باس لە شیعر دەکات کە بەهرەو لیٚ زانینە بە تایبەتی کە ئامـاژە بـۆ (شـێخ ڕەزای تاڵەبانی) دەکات، کەچی ڕەخنەگرێکی میسری وەك دکتۆر شەوقی ضیف دوای شەستەکان ئەو بۆچوونەی بەرانبەر شاعیرێکی وەکو امرؤ القیس هەیە.

ئیتر نووسینەکانی (رەفیق حیلمی) لە بەرگی یەکەم‌و دووەمی شیعرو ئـەدەبیاتی کوردیـدا هەنگاوێکی ترە بەرەو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە تایبەتی لە بەرگی دووەمدا هەست دەکـەین بە باکگراوندێکی دەوڵەمەندەو بەجۆرە پڕۆگرامێك شیعر هەڵدەسەنگێنیٚ. ئەگەر لەم بـوارەدا زیاتر کاری بکردایە پەنجەی زیاتر لەسەر نەخشەی ڕەخنەی کوردی دیارترو بەهادارتر دەبوو.

*** ئەی وا نابینی کە ڕەخنە لە حەفتاکاندا دوور بووە لە پەیڕەوو پڕۆگرام، زیاتر بـاری سەرنج بووە؟**

- ڕاستە زۆربەی ڕەخنەکانی ئەو سەردەمە باری سەرنج بوون بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا کاریان دەکرد. نووسـینەکانیان پەلـەکردنی پێـوە دیـارەو میتۆدیـان نییـە، هەروەها بڵاوکردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی زیـاتر بـۆ گۆڤـار دەشـێت نـەك ڕۆژنامـە لەبەرئـەوە ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان دەکرد بە دەگمەن لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزو قووڵیان بڵاوکردۆتەوە.

*** چ ڕەخنەگرێك، یان چ تەوژمێکی ڕەخنەیی ئەوروپی، یان عەرەبی لە سەرەتادا سوودی پێگەیاندوون؟**

- لە سەرەتاوە زیاتر نووسینەکانی دکتۆر علي جواد الطاهر بوو. پاشان یەکەمین کتێـب کە کاری لیٚ کردم، ئاسۆی ڕەخنەی فراونتر کردم. کتێبەکەی دکتۆر شـەوقی ضـیف بـوو بـە ناوی (الشعر ومذاهبـە) لە دواییـدا بەرهەمـەکانی فاضـل شـامر، لـە دەرەوە، بەرهەمـەکانی نووسەرانی میسر د. محمـد منـدورو عزالـدین اسماعیـل‌و کمـال ئـەبو دیـب... تـاد. لـە

ئەورووپییەکانی تریش ئەی. ئای. ڕیچاردز.

*** بۆچوونت لەبارەی ڕەخنەی ئەکادیمی چییە. ئایا لایەنە نەرێیەکانی ئەو لەوەدان کە زیاتر پەل بۆ دەرەوەی دەق دەهاوێ؟**

- ئەو شێوازەی ڕەخنەی ئەکادیمی کە بەناو ئەکادیمییە جۆرە کۆت‌و پێوەندێکە ئەو ئازادییەی کە ڕەخنەگر وەك مافێك بە خۆی دەدات تا ڕادەیەك سنووری بۆ دەکێشرێ، تەنانەت لە نامەی ماستەرو دکتۆراشدا ئەو مەرجانەی کە بەسەر نووسەری نامەکەدا دەسەپێنرێن زۆر شت لە کرۆکی بابەتەکە دەشێوێنن، کە دەکرێت خاوەن نامەکە پێوەندیدار نەبێت بەو مەرجانەوە، لەبەرئەوە دەبینین زۆربەی تێزەکان پڕکراوەن لەلك‌و پۆپ‌و زیادە، زیاتر نزیکن لە ڕاپۆرت نەك لێکۆڵینەوەی زانستی، هەندێ لەوانە ڕەنگە نەتوانن بابەتێکی دارِشتن دارِێژن. لە هەمان کاتدا بڕوانامەی ماستەر، یان دکتۆرایان پێ ڕەوا دەبینرێ ئیشەکانیان تەنانەت کۆکردنەوەی زانیارییە لەم سەرچاوەو ئەو سەرچاوە بێ ئەوەی خاوەنی بیروڕاو بۆچوونی خۆیان بن. ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە پابەندبوونی نووسەری تێزەکە بەڕێنماییەکانی مامۆستای سەرپەرشتکار، ئەگەر بە هەڵەشدا چووبێت لە پەل‌و پۆی دەخات لەبەرئەوە من وەکو ڕەخنەگرێك کە زۆرجار ئامادەی وتووێژەکانی زانکۆی بەغداو زانکۆی سەلاحەدین بووم کەسانێك کە دوورن لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری بەداخەوە لە ڕێگای بڕوانامەکانیانەوە دەخرێنە ناو زانکۆ لەو ئاستەدانین بتوانن شتێ بەشتێ بکەن. زیاتر برەو بەو مەڵبەندە بدەن کە سەرچاوەی باڵای ڕۆشنبیری و زانستە.

*** گۆران شاعیرێکی داهێنەرە کاریگەری بەسەر نەوەکانەوە هەبووە. حەفتاکان چییان لە (گۆران) وەرگرتووە، لەکوێدا بە جێیان هێشتووە؟**

- ئاشکرایە کە گۆران یەکەمین شاعیرە، کە کاری کردۆتە سەر شیعری نوێی کوردی. کەم شاعیرانی شەستەکان‌و دوای شەستەکان بەرچاو دەکەون کە لە سەرچاوەکەی گۆران ئاویان نەخواردبێتەوە. هەندێکیان هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیە مانەوە، هەندێکی تریشیان هەنگاویان بەرەو پێشەوە نا. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەچمکی تێپەڕاندن بکەم. هەڵبەت ئاشکرایە کە شاعیرانی دوای (گۆران) سنووری گۆرانیان بڕی، بەڵام بەپێی چوارچێوەی مێژوویی ناکرێ بڵێین کە تەجاوزیان کردووەو جێ پەنجەیان لەسەر شیعری کوردی بەقەد قەبارەی گۆران دیارە. ئەمەش وا ناگەیەنێت کە تێپەڕکردن نییە. چونکە ئێمە ئەگەر ئەو ڕایەمان هەبێت مانای ئەوەیە حوکم لەسەر ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوون دەدەین، کە وەستاوە. دەمێنێتەوە سەر

مەسەلەی دابڕانی مەعریفی کە هەندێ کەس وا دەزانن بوونی ئێستا، یان وەکو دومەڵانێکە لەخۆیەوە هەڵتۆقیوە بێ ئەوەی حساب بۆ ڕابردوو ڕۆڵی، یان نەوەکانی پێش خۆیان بکەن.

لەو ڕوانگەیەوە من لەو بڕوایەدام شیعری ئەمڕۆ مۆرکی سەردەمی خۆیی و ئایندەی میللەتەکەمان بەخۆوە دەگرێت بە تایبەتی شیعری ئەو شاعیرانەی کە ڕابردوو بە ئێستاوە دەبەستنەوەو ئێستاش بە دواڕۆژەوە، کە بەڕاستی شاعیری ڕەسەنن‌و زەمینەیەکی لەباریان بۆ خۆیان ڕەخساندووە، کە دەتوانم بڵێم ناهەژێن‌و لە جێگای خۆیان وەك کێوی توندو پتەو خۆیان ڕاگرتووە.

*** کێن ئەوانەی دەتوانن بڵێین گۆرانیان تێپەڕکردووە؟**

- بەکاریگەری گۆڕانکاری ژیان‌و بەرەو پێشەوەچوونی ڕەوتی مێژوو، خەم وپەژارەو خەم وخولیای شاعیری ئەمڕۆ ناکرێ لە قاڵبە مەییوەکەی پێشوودا بمێنێتەوە. بۆیە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوە خێراکانی ژیاندا ڕێگا دەکەن. شتی تازەش دێننە بەرهەم. بۆیە چەند شاعیرێك هەن کە دەکرێ وەك نموونە ئاماژەیان بۆ بکەین لەوانەش: جەلالی میرزا کەریم، لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، سەباح ڕەنجدەر، سەلاح شوان، قوبادی جەلی زادە، کەریم دەشتی، رەفیق سابیر، ئەنوەر قادر محەمەد، ئەحمەدی مەلا، نەوزاد ڕەفعەت، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵلا... تاد.

*** شاعیرانی حەفتاو هەشتاکان بە بەردەوامی حاڵەتی زنجیرەیی دەبینی لە فەزای نوێگەریدا، یان ئەمان جیاوازن لە گۆران. واتە ئایا دەتوانین لەم بوارەدا نەوەیەك جیا بکەینەوە؟**

- دەتوانین ئەم چەند نەوەیە وەك زنجیرێکی زێڕین لە شیعری کوردیدا بە چاوی بایەخەوە سەیر بکەین، کە بەڕاستی شاعیرانی لێهاتوو ڕەسەنن، هەر نەوەیەك بەپێی توانا و کارامەیی و وزەی شیعری لەم بوارەدا خشتێکی لەسەر دیواری تەلاری شیعری کوردی داناوە. هەرچەندە هەر نەوەیەش ناکرێ لە ڕووی قەبارەی کارتێکردنی لەسەر سەردەمی خۆی بەیەك چاو سەیر بکرێت. جۆرە جیاوازییەك هەیە لە نێوانیاندا لە ڕووی وزەی شیعرییەوە. دەتوانین ئەوانە دابنێین بە تەواوکەری قۆناغی سەردەمی (گۆران)، بەڵام هەروەك گوتم هەموویان لەیەك ئاستدا نین هەندێکیان خاوەنی خودی ئەزموونی خۆیان نین‌و هەندێك لەوانە بەقەد ئەوەی کارتێکردنی شاعیرانی غەیرە کوردیان. چ لە ڕووی فیکرەوە چ لە ڕووی داڕشتنەوە پێوە دیارە.

*** شاعیرانی سەردەمی گۆران‌و دەوروبەری چ ڕۆڵێکیان لە پێشەنگیدا بووە؟**

- گۆران وەکو خۆی وتوویەتی کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی (شعرای فـەجری ئـاتی) واتـە شاعیرانی عوسمانی وەکو تۆفیق فیکرەتو ئەوانی تر. ئەم نوێکردنەوە بـەکارتێکردتی دەرەوە بووە کە گۆرانو شێخ نووری شێخ سالحو رەشید نەجیبو ئاورەحمان بەگی نفووس ڕێچکەکەیان شکاند. لە پێشەوەیاندا گۆران کە بوو بـە (دیـاردەو ڕابـەر)ی ئـەو ڕێبـازە، هەرچـەندە لـە سەرەتادا کارتێکردنی بەسـەر شـاعیرانی تـرەوە ئەوەنـدە بـەزەقی دیـار نـەبوو، وەکـو هـەر دیاردەیەکی نوێ، بەلام لە ئەنجامدا بەرە بەرە ڕێچکەکە فراوانتر بوو، شاعیرانی تـری بـەخۆوە گرت وەکو: بەختیار زێوەر، دلزار، کامەران، کاکـەی فـەللاح، هـەردی، دیـلان، ع. ح. ب. لەناو ئەوانەدا گۆران بە مامۆستاو ڕابەر دەناسراو زیاتر کاریگەری هەبوو لەسەر نوێکردنەوەو نوێخوازی. ئەوانی تریش هەندێکیان هەرچەندە لە قەبارەی خۆیـان زیـاتر نرخیـان دانـێ بـۆ نموونە: (کامەران موکری) نەبوو بەو شاعیرەی کە ویسترا ڕاگەیاندن بیکات بەو شاعیرە گەورەو ئەلتەرناتیڤی گۆران.

*** لەچ دەقێکی ڕەخنەییەوە چوارچێوە ڕەخنەییەکانی حەفتاکانیان بەجێ هێشتووە؟**

- دەتوانم بلێم ئـەو نووسـینانەی دوای ڕاپـەڕین بـلاوم کردوونەتـەوە هـەموویان سـنوور بەزاندنی نووسینەکانی سالانی حەفتامن. چونکە من ئێستا بە تێڕوانینێکی نوێوە دەنووسمو سوود لە هەموو ڕێبازەکانی ڕەخنەسازی وەردەگرم، بەقەد ئەوەی کـە خزمـەتی نووسـینەکانم دەکەن، نەك پابەند بم بە ڕێبازێك، یان فەلسەفەیەکی تایبـەتی. بەلاشمـەوە هـەر ئـەم جـۆرە ڕێبازە خزمەت بە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیمان دەکات، چونکە ڕێبازێك نەما وەکو پێشوو بە شێوەیەکی ڕەها مامەلەی لەگەل بکەین، مادەمەکی ژیان لە گۆڕاندایە هزرو بۆچوونیش دەبێ لەگەل ڕەوتی ژیان هەنگاو بنێت، ئەو لێکۆلینەوەیـەی لـەبارەی شـیعری کەلکێشـی (سـەباح ڕەنجدەر)م نووسی نموونەی بەرچاوی بۆچوونەکەمە.

*** بنیادگەری چی بە ڕەخنەی کوردی بەخشیوە، ئایا ئەم ڕێبازانە (بونیادگەری و پاش بونیادگەری و دیاردەگەری) هاتوونەتە ناو ئێمەوە، یان زۆرمان ماوە لێیان تێبگەین؟**

- بونیادگەری ڕێبازێکی تازە نییـە کـە هاتبێتـە نـاو ڕەخنـەی ئەدەبییـەوە. ڕەگێکـی مێژوویی دێرینی هەیە، هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە تاکو ئێسـتا. ئەمـەی کـە ئـەمڕۆ هەندێ بە ناوی بنیادگەرییەوە دەقـەکان شـی دەکەنـەوە زۆریـان لـە بنـەماکانی بنیادگـەری نەگەیشتوون بۆ نموونە: ڕۆلان پارت بنیادگەری ڕەت کردەوە، پەنای بردە بـەر لـە چـێژی دەق. بنیاتگەری تەنیا ئەوە نییە کە ڕەخنەگر پەنا دەباتە بەر ئەو دەقـەی کـە لـە هەنـدێ شـوێندا

(هاودژ) بەخۆوە دەگرێ، بەڵكو ئەركی ڕەخنەگر ئەوەیە كە كاری ئەركیۆلۆژیانەی (هەڵكۆڵین) جێبەجێ بكات لە پشت دەقەكەوە دەقێكی تر بخوێنێتەوە بە مەرجێ خاوەن دەقەكە لە خودی دەقەكە نەترازێنیّو دەقەكە نەكات بە ملّكی خۆی. دەشكرێت هەر شتێك كە لایەنی ئەفراندنی تێدا بێت، ڕەخنەگر شانی بداتە بەرو بیخاتە بەر ڕووناكی باری وردو سەرنجی قووڵەوە، هەروەها هیچ مەرج نییە ڕەخنەگرێك ئەگەر بە شێوازێكی بنیادگەریانە لە دەقەكە نەكۆڵێتەوە ڕەت بكرێتەوە، گرنگ لێرەدا جۆری داهێنانی دەقەكەیە، كە لە ڕەخنە ئەدەبییەكەدا ڕەنگ بداتەوە، دەتوانم لێرەدا ڕەخنەیەكی لێكدانەوە لە دێڕە شیعرێكی (أبو نواس)دا وەك نموونەیەكی داهێنەرانە بهێنمەوە، (أبو نواس) دەڵێت:

الا فاسقنيَ خمراً وقل ليَ هي الخمر
ولا تسقني سراً ان امكن الجهر

ئەمە لە كاتێكدا تەنیا أبو نواس بۆ ئەوە چووە ئەگەر بكرێ مەیەكەی بە ئاشكرا بداتێ پێویست ناكات بە نهێنیّ بێت لە كاتێكدا یەكێكی تر دێت وەك ڕەخنەگرێك دەڵێت مەبەستی أبو نواس بەشداریكردنی هەر پێنج هەستەكانە، كە چێژ لە نۆشینی مەیەكە وەربگرێت.

لێرە ناكرێت ئێمە بە تەواوەتی ڕێبازی بنیادگەری چ بە شێوەیەكی ڕەها قبووڵكەین، یان ڕەتی بكەینەوە، بەڵكو دەبیّ زیرەكانەو وریایانە مامەڵەی لەگەڵدا بكەین. بەقەد ئەوەی خزمەتی ڕەوتی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیمان دەكات سوودی لیّ وەربگرین. بە داخەوەش ئێمە زۆر جار هەندیّ شت لای خۆمان دەورووژێنین پێمان شتێكی زۆر تازەیە لە كاتێكدا دەمێكە لە ئەورووپا پووكاوەتەوە.

*** نوێگەری شیعری كوردی لە هەشتاكاندا دەوڵەمەندتر بووە لە حەفتاكان، ئایا چۆن لەوە دەڕوانن؟**

- شتێكی ئاشكرایە كە ئێشو ژانی میللەتی كورد بە گشتی و شاعیرانی بە تایبەتی لە حەفتاكان زیاتر بوو، جگە لە فراوان بوونی مەودای خۆ ڕۆشنبیركردن، دەتوانم بڵێم ئەمە هۆكاری سەرەكی دەوڵەمەندبوونی شیعری ساڵانی هەشتاكان بوو.

ڕۆشنبیربوونیش بەهۆی زۆربوونی كتێبو چاپەمەنی و ئاسانی گواستنەوەی هۆیەكانی ڕاگەیاندن، كە درێژبوونەوەی دوای ڕێكەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ بوو. ئەم هۆكارانە كارێكی

گەورەیان کردە سەر شیعری نوێو شاعیرانی هەشتاکان، کە زیاتر بە ناخی گێروگرفتەکانی میللەتەکەمان شۆڕ ببینەوەو کاری داهێنەرانە بخولقێنین. دەتوانین بڵێین ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکان درێژبوونەوەی ئەزموونی حەفتاکانە وەکو تەواوکەری یەکتر.

*** مادام باس هاتە سەر باسی شاعیرانی هەشتاکان، پێمان باشە بگەڕێینەوە بۆ سالآنی شەستەکان، بۆ نموونە لەلای عەرەب شەستەکان بە دەیەییەکی پڕ پیتو گەرموگوڕی داهێنان دادەنرێت نموونە: ئەگەر سەیری شاعیرانی سالآنی شەستی عێراقی وەکو فازیل عەزاوی و هاوەڵەکانی بکەین، هەروەها لە شەستەکاندا لە میسرو سووریاو تەنانەت لە ئەدەبی ئەورووپاشدا زۆر گۆڕانکاری گرنگو گەورە ڕوویان داوە، کەچی لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا سالآنی شەستەکانی نەك بەرەو پێشەوەچوون نەبوو، بەڵکو کشانەوەیەکی لەبەرچاو دەبینرێت. بۆچی ئەمە وایە؟**

- دەتوانم ئەو سەردەمە بە سەردەمی تاریك لە قەڵەم بدەم. (گۆران) ی لێ بترازێ شاعیرێك، یان چیرۆکنووسێکی وا لەم بوارەدا نادۆزیتەوە کە ڕوخساری داهێنانی پێوە دیار بێت، بەلای منیشەوە ئەم دیاردەیە بۆ نزمی ئاستی ڕۆشنبیری کوردی دەگەڕێتەوە، بە پێچەوانەی شاعیرانو نووسەرانی عەرەبەوە کە بۆ خوێندنەوە لە دایك بووبوونو خوێندنەوەیان کردبوو بە پیشەو قسەیەکی ئەتەمیش هەیە (خوێندنەوە کلیلی کەسایەتییە) نموونەشمان لەم ڕووەوە هێجگار زۆرە. شاعیرێکی وەك (ئیلیەت) ئەگەر هەرسی سامانی کولتووری مرۆڤایەتی نەکردبایە، نەیدەتوانی شاکارێکی وەکو (وێرانەخاك) بەرهەم بهێنێت. یان فازیل عەزاوی نەیدەتوانی ڕۆمانی (القلعة الخامسة) و (مخلوقات فاضل العزاوي الجميلة) بەرهەم بهێنێت. ئەمەو جگە لە بارودۆخە سیاسییەکە هەواو کەشێکی ناسەقامگیری بەخۆوە گرتبوو.

*** سستی ڕەخنەی دروستی کوردی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- دوو هۆکاری بنچینەیی لەم بوارەدا دەور دەبینن: یەکەمیان: سەرقاڵبوونی ڕەخنەگر بە کاری ڕۆژانەوە هەڵپەکردنی بە دوای ژیاندا، کە ئەوەندە ناپەرژێتە سەر خۆ خەریککردنو خۆ تەرخانکردن بۆ کاری ڕەخنەیی. دووەمیان: نەبوونی ڕادەیەکی بەرز لە ڕۆشنبیری کە زەمینەی لەبار بۆ ڕەخنەگر دەڕەخسێنێت. ئێستا هەندێك لەو ڕەخنەگرە لاوانەی کە دەستیان داوەتە قەڵەم ئەوەندە باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و زمانناسییان لە هەگبەدا نییە بە حوکمی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆریان چ زمانی عەرەبی، یان هەر زمانێکی تری زیندوو بە چاکی نازانن بەڕاستی و دروستی شان بدەنە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕەخنە، بۆیە دەبینین زۆر کەس لەوانەی

خۆیان لە قەرەی ڕەخنە دەدەن نووسینەکانیان کرچو کاڵەو نیشانە ناپێکێت.

*** چۆن هەوڵبدرێت بۆ دامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕەخنەگرانی کورد). بەلاتانەوە وا باشە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ بێت، یان یەکەیەکی سەر بە یەکێتی نووسەران؟**

- بەلای منەوە پەسەندترە، کە کۆمەڵێکی سەربەخۆ بێت، چونکە هیچ مەرج نییە لە چوارچێوەی یەکێتی نووسەران، یان هەر ڕێکخراوەیەکی تر، ڕەخنە لە دایك بێت هێندەی ئەوەی کە پشت بە خودی ڕۆشنبیری و کارامەیی ڕەخنەگر دەبەستێت. بۆیە دەکرێ ئەو کەسانە کە بەڕاستی ڕەخنەگرنو جێ پەنجەیان لەسەر نەخشەی ڕەخنەی ئەدەبیدا دیارە (کۆمەڵێك) لەو بابەتە دروست بکەنو بە حوکمی نێزیك بوونەوەیان لێکترو وتووێژی بەردەوام دەتوانن تا ڕادەیەك ئەو کەلەبەرانەی کە لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا بەدی دەکرێت چارەسەر بکەنو تەکانێك بە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بدەن. دەشکرێ گۆڤارێك هەر بە ناوی ڕەخنەوە، یان ڕەخنەگرەوە دەربکرێت.

*** وەکو ڕەخنەگرێك کە لەگەڵ چەند نەوەیەکدا بەردەوامیتان هەبوو. ئایا چۆن لە دیاردەیەکی وەکو هەندێ لە هەشتاکانی هەولێر دەڕوانن. لەوانەش شاعیرانی وەکو: ئەنوەر مەسیفی، سەباح ڕەنجدەر، دڵشاد عەبدوڵلا، جەلال بەرزنجی؟**

- دەکرێ ئەم دیاردەیە لە چەند لایەنێکەوە هەڵبسەنگێنین. کە لە کاتی خۆی پێیان دەگوترا شاعیرانی (پێشڕەو - تەلیعی) هەندێ لەوانە کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی (خزعل ماجدي)و پێوەندییەکی قووڵیان لەگەڵیدا هەبوو، ئەمە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە خەمو پەژارەو ئێشو ئازاری تایبەتی خۆیان هەبوو، کە بە شێوازی خۆیان دەریان دەبڕی جگە لەوەی هەندێ لەوانە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە جۆرە زمانێك دروست بکەن، کە بەلای منەوە وەك بنچینەیەکی زانستی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. نەك کارێکی تاکە کەسی. لەبەرئەوە جۆرە ئیشکالییەتێکیان لە زماندا دروست کرد. ئەویش بەکارهێنانی هەندێ وشەی ناوچەیی بەکارهێنانی لە بواری زمانی ئەدەبی یەکگرتوودا ڕەت دەکرێتەوە. نموونە: بەکارهێنانی (خۆر) بە مانای (خۆڵ و ڕۆژ)، لە کاتێکدا خۆر بە مانای ڕۆژ دێت. جگە لە وشەی تر، کە ئەمانە لە ڕاستیدا دەبنە شێواندنی زمان. نەك دەوڵەمەندکردنی، هەروەها داڕشتنی ڕستەو بنەماکانی ڕێزمان بەو شێوەی کە دەیانویست دەبووایە گۆڕانکاری لە زماندا نەکەن. چەندێك لەوانە پاش ماوەیەك بە خۆیاندا چوونەوە لە نێویاندا: (سەباح ڕەنجدەر، ئەنوەر مەسیفی، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵلا) ئەمە لە کاتێکدا هەر لەو سەردەمەشدا شتی تازەیان پێ

بوو.  دەکرێ هەڵوێستەیەك لەسەر بەرهەمەکانیان بکرێو هەشە لەوانە زیاتر هەنگاو بەرەو پێشەوە دەهاوێو ئەزموونە شیعرییەکەی زیاتر قووڵتر دەکاتەوە، کە ئەوانە ئێستا دەتوانم پێیان بڵێم شاعیرە نوێگەریخوازەکان، کە بەڕاستی لە بواری شێوازی دەستنیشانکردنو هەڵگێڕانەوەو تەنانەت بەکارهێنانی واقیعی سیحری گرەوی خۆیان بردۆتەوە.

دەکرێ بە تێڕوانینێکی ئەمڕۆ.  نەك بەتێڕوانینی سەردەمی هەشتاکان لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانیان بکرێو لەو شیعرانە جیا بکرێنەوە کە لاوازن.  لە کاتێکدا کە شیعریان تێدایە بە زمانی سفتو سۆڵ و ڕۆحیەتێکی تازە داڕێژراون، چونکە ئەو شاعیرانە نموونە وەك: (سەباح ڕەنجدەر، دڵشاد عەبدوڵڵا، جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی)، شێوازی تایبەتی خۆیان هەیەو دەخرێنە خانەی شاعیرە نوێگەریخوازەکان.

*** لە کەیەوە ئاشنایەتیتان لەگەڵ نووسەرانی عەرەبدا پەیدا کردووەو کامانەن ئەو نووسەرانەی کە پێوەندی بەهێزتان لەگەڵیان هەبووە؟**

- پێوەندیم لەگەڵ نووسەرانی عەرەبدا زیاتر بۆ ساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوە کە چووم بۆ کۆلێژی پەروەردە بەشی عەرەبی کە ژمارەیەك لە شاعیرانو چیرۆکنووسانی عەرەب لە کۆلێژەکە لەگەڵمدا بوون.  لەوانەش فازیل عەزاوی، عبداللطیف، د.  صلاح نیازي، لە دواییدا جەواهیریم لە دەرەوەی زانکۆ ناسی، هەروەها فازل ثامر و یاسین نصیرو فوزی کەریمو هاشم شەفیق و عامر بەدر حەسوونو روشدی عاملو حەمید سەعید و یاسین تەها حافظ و محمد خضیر وجلیل قیسی.

*** چۆن دەڕوانیتە چیرۆکی کوردی بە تایبەتی لاوەکان؟**

- من زیاتر هەر لە کۆنەوە بە چیرۆکەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد، شاکر فەتاح، حوسێن عارف، محەمەد مەولوود مەم، رەوف بێگەرد، محەمەد فەریق حەسەن، کاکە مەم بۆتانی، مستەفا ساڵح کەریم، موحەڕەم محەمەد ئەمین، لەتیف حامد، عەبدوڵڵا سەڕاج، ڕەوف حەسەن...  تاد) ئاشنابووم لە دواییدا چیرۆکەکانی محەمەد موکری، سەلاح شوان، ئەحلام مەنسوورو محەمەد رەشید فەتاحو شێرزاد حەسەنو جەلیل کاکەوەیسو ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.  بەپێی تواناش بە کوردی و عەرەبی شتم لەبارەیان نووسیون و هەندێکیشیم لێ وەرگێڕاون بۆ عەرەبی، بەڵام یەکەمین چیرۆك کە کاری تێکردم چیرۆکی (چای شیرین) بوو کە لە گۆڤاری (شەفەق)دا بڵاوکرابووەوەو پاداشتی یەکەمی وەرگرتبوو.  ئێستا زۆرجار ماڵەوە پێم دەڵێن لەو تەمەنە چای شیرین بۆ تۆ زۆر خراپە، بەڵام ئەو تێناگات کە چای شیرین چ داڵو

مەدلوولێکی بۆ من هەیە، دواتر چیرۆکی (شەبەق) بوو، کـە لەگـەڵ چـەند چـیرۆکێکی تـردا کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بڵاوی کردەوە. ئەم چیرۆکە لای من زۆر بەهێزتر بـوو لـە (چـای شیرین) کە کۆتاییەکەیم بە چرکەی تەقاندنەوە لە قەڵەم دا، کە شتێکی گرنگی لا ورووژاندم. چیرۆکیش ئەگەر حاڵەتی ورووژاندنی تێدا نەبێت‌و شتێکت لـەلا دروسـت نـەکات ئـەوە هـەر گێڕانەوەیەو زیاتر نییە. بەداخەوە لە چیرۆکی لاوەکانماندا بە دەگمەن ئەو حاڵەتە هەستی پـێ دەکرێت، زۆربەیان دوورن لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی چیرۆك. مەگەر تاك‌و تـەرا هـەبێت لەناویدا دوارۆژێکی باش چاوەڕوانیان بێت وەکو (کاروان عومەر کاکە سـوورو جـەبار جـەمال غەریب) کە زمانێکی زۆر سفت‌و سۆڵ و ڕۆمانسییانەیان هەیـە، هـەروەها (عـەتا محەمـەدو فاروق هۆمەرو ئاکۆ کەریم مەعرووف) کە ئەمانەش سەرەتایەکی باشیان هەیە. ئەگەر زیاتر خۆیان بە خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردنەوە خەریك بکەن ئەوا دەشـێ ببنـە خـاوەنی دەنـگ و ڕەنگی تایبەتی خۆیان.

*** ئەگەر خەڵاتێکی ڕەخنەیی هەبێت پێشنیار دەکەیت بە ناوی کێوە بێت؟**

- ئەمین فەیزی

*** بۆچوونت بەرانبەر ئەم ڕەخنەگرانە چییە؟**

١- فاضل ثامر:

- دەتوانم بڵێم یەکەمین کەسە کە سوودم لە بەرهەمەکانی وەرگرتـووە لـە نووسـینەکانمدا ئاماژەم پێ کردوون.

٢- یاسین النصیر:

- یەکێکە لەو نووسەرانەی لە جوانناسی شوێن تێدەگات‌و مافی خۆی داوەتێ. جگـە لـە باری سەرنجی وردی لەبارەی شانۆ.

٣- جابر عصفور:

- یەکێکە لە ڕۆشنبیرە گەورەکانی عەرەب و ڕێبـازی بونیادگـەری زۆر چـاك تێـدەگات. کتێبی البنیویة ئەو وەریگێڕاوە زۆر سوودم لێ وەرگرتووە.

٤- یمنی السعید:

- بەرهەمەکانی زیاتر چاویان کردمەوە تا لە بواری ڕەخنەدا شارەزایی زیاتر پەیدا بکەم.

٥- عبدالملك مرتاض:

- بەرهەمـەکانیم خوێندۆتـەوە، بـەڵام زۆریـش مانـدووت دەکـەن‌و سـوودێکی وام لـێ

وەرنەگرتووە.

٦- حاتم الصگر:

- یەکێکە لە برادەرەکانم، لە بواری ڕەخنەدا ڕۆڵێکی باشی هەیەو نوێخوازە.

٧- عەبدوڵڵا ئیبراهیم:

- شتێکی ئەوتۆیم نەخوێندۆتەوە.

٨- محەمەد ئەلجەزائیری:

لە سەرەتادا شتێك بوو نووسینەکانیم بەلاوە زۆر باش بوو، بەڵام بەداخەوە کە چووە پاڵ دەسەڵاتی رژێم ئەو هێزو پێزەیان نەما بە پێچەوانەی کتێبە زلەکەیەوە (ویکون التجاوز).

٩- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ:

- لە سەرەتادا کە کتێبەکەی خۆی (الواقعية في الأدب الكردي) کە لە ١٩٦٤ دا پێ بەخشیم بەڵامەوە سەرکەوتن و کرانەوەیەکی نوێ بوو لە ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا. دوای ئەمیش کتێبەکەی لەبارەی خانی زۆرکاری تێکردم (خاني شاعراً و مفكراً و فيلسوفاً) کە ڕۆژی گفتوگۆ کردن لەبارەی بە ڕۆژی کوردستان لە قەڵەم درا.

١٠- کەمال میراودەلی:

- بە چمکێکی پێشکەوتنخوازانەی بابەتییانەو وردبینانە بەرهەمەکانی هەڵدەسەنگاندن بە تایبەتی ئەوانەی لەبارەی گۆرانی نووسیبوون، بەڵام ئێستا ئەو دەنگو سەدایەی نەماوە.

١١- فوئاد قەرەداخی:

- یەکێك بوو لەو ڕەخنەگرانەی کە بە ڕۆشنبیرییەکی فراوانەوە هاتە ناو کۆڕی ڕەخنەوە ماوەیەکی زۆریشە لەو بوارەدا بێ دەنگە.

١٢- فوئاد مەجید میسری:

- یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کە داکردنێکی ڕۆشنبیری فراوانی هەیە، زیرەکانە دەچێتە ناو هەر بابەتێك کە لێی بدوێ، بەڵام جاروبار زۆر توندوتیژە.

١٣- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:

- پێشتر زیاتر بە عەرەبی دەینووسی، نووسینەکانی بە زمانی عەرەبی بەلای منەوە جۆرە دەنگو سەدایەکی هەبوو، ئێستا نووسینە کوردییەکانی بە حوکمی ئەوەی، کە پەنا دەباتە بەر سەرچاوەیەکی زۆر بەپێزو باڵاترن لە نووسینەکانی پێشووی تری و داهاتوویەکی گەشی لێ چاوەڕوان دەکەم.

١٤- مەریوان وریا قانیع:

- یەکێکە لەو گەنجە خوێن گەرمانەی کە بە دڵسۆزییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و ڕۆشنبیریی و فیکر دەکات‌و شتی نوێی پێیەو لە دەربڕینەکانیدا مرۆڤێکی بێ فیزو هەوایە، ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی ڕۆشنبیرە. منیش گەشبینم، کە لە دوارۆژدا پانتایەك لە بواری ڕۆشنبیریدا بۆ خۆی دەکاتەوە.

١٥- عەتا قەرەداخی:

- یەکێکە لەو نووسەرانەی بە ڕوانینێکی نوێ‌و عەقڵێکی کراوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان دەکات، جگە لە سەرچاوەی کوردی و عەرەبی پەنا دەباتە بەر سەرچاوەی ئینگلیزی، تا ئێستاش کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی بەپێزی پێشکێش بە ڕۆشنبیری کورد کردووە. نووسەرێکی بە بەرهەم‌و بە سەلیقەشە لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا، دڵنیام کە جێگایەکی دیاری لە ڕۆشنبیری کوردیدا بۆ خۆی دەکاتەوە.

١٦- ئازاد عەبدولواحید:

- یەکێکە لەو ڕەخنەگرانەی کە لە بواری ڕەخنەدا توانیویەتی خۆی پێ بگەیەنێت‌و بەرهەم پێشکێش بکات‌و جێگای خۆی کردۆتەوە لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا.

*** کاتی ئەوە هاتووە کورد باسی خەڵاتی نۆبڵ بۆ خۆی بکات؟**

- بۆ نا. ئێمەش وەك هەر میللەتێکی دنیا خاوەنی ئەدەبێکی لەبن نەهاتووین هەرچەندە کە داگیرکەر ویستوویەتی زمانەکەمان بشێوێنێ‌و پێناسەی نەتەوەییمان بگۆڕێ، بەڵام نەیتوانیوە گیانی کوردایەتیمان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشێ. وەك (سەلیم بەرەکات) دەڵێ: من کە بە زمانی عەرەبی دەنووسم دەمەوێت ڕۆحی کورد بە عەرەب بناسێنم، ئەمرۆش ئەو یەکێکە لە نووسەرە داهێنەرەکانی ناوچەکەو شایەنی ئەو خەڵاتەیە، هەروەها (یەشار کەمال)ی بە نەژاد و ڕۆح کوردو بە زمانی تورکی نووس.

*** ئایا بواری وەرگێڕان هەقی خۆی دراوەتێ بە تایبەتی بەڕێزتان لەم بوارەدا خزمەتێکی دیارتان هەیە؟**

- پێش هەموو شتێك ئەوەی کە ئەرکی وەرگێڕان دەگرێتە ئەستۆی خۆی دەبێ لە هەردوو زماندا شارەزابێت‌و لە پەناو پێچی هەردوو زمان بگات‌و بەپەلە دەست نەکات بە وەرگێڕان. بە تایبەتی وەرگێڕانی شیعر کە (مەحموود دەرویش) بە تاوانی لە قەڵەم دەدات وەك ئەوەی دەشوبهێنێ کە هەرچەندە وەرگێڕان جوان بێت وەك ماچکردنی ئەو کچە شۆخەیە لە پشت شووشەی پەنجەرەوە بێت. بۆیە بەداخەوە زۆربەی ئەو وەرگێڕانەی کە دەکرێن دوورن لە

ئەمانەت، چونکە پەلەکردنی پێوە دیارە، چونکە وەرگێڕ لەگەڵ دەقەکەدا ناژی، وەرگێـڕانیش ئەرکێکی یەکجار قورسەو بە هەموو کەسێك ڕاناپەڕێ. خۆ ئەگەر بۆ نموونە بە هەندێ دەقـی عـەرەبیدا کە کراون بە کوردی، یان بە پێچەوانەوە بچینەوەو بەراوردیان بکەین، دەبێ گوللەیان پێوە بنێین.

*** دەکرێ ناوی ئەو شاعیرانەمان پێ بڵێیت شیعریانت کـردووە بـە عـەرەبی، یـان بـە پێچەوانەوە؟**

- لەتیف هەڵمەت، سەلاّح شوان، قوبادی جەلی زادە، سەلاّح محەمـەد، عوسمـان شـەیدا، سەباح ڕەنجدەر، تاد.. نـازم حیکمـەت، ئـەراگۆن، نـیرۆدا، لۆرکـا، مایکۆفسـکی، کـە لـە عـەرەبییەوە کردوومن بە کوردی.

*** لە سەرەتادا وتت شیعرم بە عەرەبی نووسیوە. ئایا ئێستا دەنووسی؟**

- ساڵی ١٩٦١ لە گرتووخانەی سەرا لە بەغداد سێ کۆپلەی شیرین بـەهارەی (ئیـبراهیم ئەحمەد)م کرد بە عـەرەبی، کە خەریك بووم هەموویان بکەم، بەلاّم بارودۆخەکـە ڕێگـای نـەدا هەمووی تەواو بکەم بۆ نموونە ئەم چەند کۆپلەیەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عـەرەبی بە شیعر:

لا تعـــيش للمـــوت بـــل مـــت للحيـــاة
كيـــــف تســـــمو دون لقيـــــا النكبـــــات
لـــــن تهـــــاب القيـــــد يـــــدوي ابـــــداً
فالقيـــــــد للمعصـــــــم لا روح الأبـــــــاة

***

يـــا حبـــيبي انـــا ادري اثـــر الجـــرح الـــدفين
انـــت مثلـــي بـــرعم المربـــع دومـــاً تبـــتغين
لـــي انـــا بحـــر الأمـــاني ولـــك الغايـــة حـــيرىَ
انـــــا ان ام اتـــــذمر كيـــــف انـــــت تيأســـــين

***

يـــا حبـــيبي ضـــحك الـــروض لزهـــو الســـعداء
لكـــن القيـــد يـــذل النـــاس في ارض الشـــقاء
انمـــا العيـــد وافـــراح الصـــبايا للربيـــع

كلـــها للشـــعب اذ يـــنعم حـــراً باهلنـــاء

دوا شيعريشم كه به زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٦٤دا نووسیوه ئیتر دوای ئەوه به عەرەبی شیعرم نەوتووه ئەمەش دەقەكەیەتی:

مع نيسم الذكرى
يلفني الصمت الغريب
وحدي مع الدرب الكئيب
كم انادي
والهفتاه !
هل من مجيب؟
فاذا الصوت يردد:
ماتت الذكرى وايام السكينة.

**هەڤپەیڤین: لەتیف هەڵمەت، عەتا قەرەداغی، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**

## ڕۆژنامەو ئازادیی ڕادەربڕین

که گوتت ڕۆژنامە، ئازادیی دەربڕینی بیروڕات دێتە بەرچاو، چونکە ئەگەر ڕۆژنامەنووسی لەهەواو کەشێکی ئازادانەدا هەناسە نەدات، هەرگیز تەعبیر لە ڕاستییەکان ناکات و ڕاستگۆ نابێ و مایەی باوەڕو متمانەی خەڵك نابێت، بۆیە بوونی پێگەیەکی قایمو پتەوی ڕۆژنامەنووسی بەندە بە ئازادی، هەرچەندە کە لە هیچ شوێنێکی دنیا ئازادیی ڕەها نییەو، ئازادییەکی وا نییە وەك هەندێ کەس داوای دەکەن بێ قەیدو شەرت بێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە ڕۆژنامەنووسی کۆت بکرێتو تەقەلای دەستەمۆکردنی بدرێت کە بکەوێتە ژێر ڕکێفی حیزبایەتیی تەسك، یاخود حیزبی دەسەڵاتدار یا دەسەڵاتی ڕەها بەجۆرێ بە ناوی بەرژەوەندیی تایبەتی یاخود گشتی لە پەلوپۆ بخرێتو تەرایەتیی ئازادیی پێوە نەمێنێ.

هەڵبەت ئەو لایەنو حکوومەتانەی کە گەرەکیانە ڕۆژنامەنووسی کۆتو پێوەند بکەن فەلسەفەی خۆیان هەیەو، بەمەبەستی تایبەتی لە قاڵبی دەدەن، ((هیتلەر)) لە چەند دەستەواژەیەکی ڕوونو دیاردا ئەو جۆرە ڕێبازە پوخت دەکاتەوەو دەڵێت: ((ڕۆژنامە ئامرازێکە کە گوایە گەل بە ڕێگایەکی خۆنەویست لە بیروباوەڕەکانی پێشەوا کە سەرەك دەوڵەتە فێر دەبێت، هەروەها وەزیری ڕاگەیاندنو ئاراستە کردنو چاودێریکردن دکتۆر غۆبلز گوتوویەتی: ئەرکی ڕۆژنامەنووسی ئەنجام نادرێت لە ڕێگای دەرکپێکردنی هۆشمەندانەی قووڵی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان نەبێ بە مەبدەئی پێشەوایی دەوڵەتو، داننان بەم پێشەواییە بێ قەیدو شەرتە، ئینجا کاری ڕۆژنامەنووس ئامادەکردنی هەواو کەشو، ڕێگادانی بە ڕاستی بۆویستو هۆشیدا جێگیر بنو، بەروبوومو ئاکامەکانیان دەسگیربن))[1].

هەر لە کۆنیشەوە ململانێ لە پێناوی ئازادیدا بە هەموو جۆرێك لە نێوان ئازادیخوازانو ڕێگرانی ئازادی، بەتایبەتی ئازادیی ڕادەربڕین وەك هێڵێکی تەریبی هاودژ لە ئارادا بووەو هەڵکشانو داکشانی بە خۆوە دیوەو گرتووەو لەگەڵ پێشکەوتنی حزبایەتی و ڕەوتی دیموکراتیو شارستانیو ژیاری بەرەبەرە ئازادی جێ پێ خۆی کردووەتەوەو هەنگاوی گورجوگۆڵی بۆ چەسپاندنی پێگەی لە باری خۆی ناوەو، هەر ئەو تەقەلا بێوچانەی قەڵەمە

ئازادو بوێرەکان بوو کە کۆنەپەرستوا لیّ بکات لە ئاستی ڕۆژنامەنووسیدا ئەوەندە بترسن‌و لەرزیان لیّ بێت کە بۆ ڕێگاگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین دوو بنەما داڕێژن لەژێر ناوی ((سانسۆر))و ((مۆڵەتی پێشین)). بەم پێیە تا لەتوانایاندا هەبووبێت بە هەموو شێوەیەك گەرەکیان بووە کە ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس بە ئارەزووی خۆیان لە قاڵبیان بدەن‌و هەناسەیان خەفە بکەن. بەڵام ئەمڕۆ لەوڵاتانی دیموکراتیخوازدا کۆنەپەرست ناچار بووە پاشەکشیّ بکات‌و لە ئەنجامدا سانسۆر لەسەر ڕۆژنامەدا هەڵبگیریّ‌و، ئازادی ڕۆژنامە، لە ڕێگای دەربڕینی ڕا، دوور لە سانسۆرو فشار خستنەسەر، ببێتە ڕاستییەکی بەرچاو، جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ کە ساڵی ١٩٤٨ لە پاریس دەرچووەو ئەمڕۆ زۆربەی حکوومەتەکانی دنیا دانیان پێدا ناوەو پابەندن بە هەرسیّ بەندەکانی، کارێکی گەورەو دیاری کردووەتە سەر ئازادی ڕادەربڕین. بە تایبەتی بەندی (٩٩) ی ئەو بەڵگەنامە گرنگە کە جەخت لەسەر مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕین دەکات‌و دەڵێت: ((هەموو کەسێك مافی ئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بەبیّ خۆ تێکەڵکردنی کەسێکی تروەرگرتنی هەواڵ‌و بیرو باوەڕ و بڵاوکردنەوەیان بە هەر شێوەیەك‌و بیّ خۆبەستنەوە بە سنووری جوگرافی دەگرێتەوە))[٢].

ئەگەر ئازادیی بیروڕا دەربڕین مافێکی ڕەوای هەرکەسیّ بێت‌و، ئەو مافەی هەبێت کە لە ڕۆژنامەدا، یا گۆڤاردا، یا بەشێوەی نامیلکەو کتێب‌و لە ڕاگەیاندنی تر وەکو ڕادیۆو تەلەفزیۆن، بۆچوونەکانی خۆی دوور لە سانسۆر بڵاوبکاتەوە، بەبیّ ئەوەی بزانێت کە زمانی ڕاگەیاندن، دەبیّ شێوازێکی تایبەت بە خۆوە بگرێت، دووربێت لە شێوەی هەڵچوون‌و دەمارگرژی‌و شێوازی جنێودان، کورد ڕاستی بۆ چووە کە ((جنێودان چەکی خەڵکی بیّ دەسەڵاتە)). دەربڕین ڕێچکەی خۆی هەیە، دەکریّ ڕادەربڕ بە شێوازێکی هێمن‌و لەسەرخۆ، دوور لە هەڵچوون‌و لەدەستدانی جڵەوی عەقڵ‌و لۆجیك، ئەوەی گەرەکیەتی دەری ببڕێت‌و، بیروڕاو بۆچوونەکەی بە شێوەیەك دابڕێژێت کە لای خەڵك پەسەند بێت‌و ماقووڵ بێت، بەڵام گەر هات‌و پەنای بردە بەر هەندیّ شێوازی نادروست‌و زمانی خۆی لە جنێوی پیس‌و قسەی بیّ سەروپا نەپاراست، ئەوە هەرگیز ناتوانیّ سەرنجی کەسانی بێلایەن‌و ڕاستیخواز بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. بە پێچەوانەوە ئەو چەکەی کە بەلایەوە قەڵغانێکەو خۆی پیّ دەپارێزیّ‌و وا دەزانیّ کە هەر خۆی ڕاستگۆیەو لایەنی دی هەڵەیە ئەوە ئەم چەکە دوو دەمە، دەمێکی تیژی دژی خۆی بەکاردێت، لە جیاتی ئەوەی نیشانە بپێکیّ، بۆ سنگی خۆی دەگەڕێتەوە. ئەمڕۆ

له بواری ڕۆژنامەنووسیدا، کۆمەڵێك ڕاو بۆچوونی جیاجیا بڵاو دەکرێنەوە، خەڵك تاڕادەیەك ئازادە لە بیروڕادەربڕیندا، مافی ئازادیی بیروڕا، مافێکی ڕەوایەو پیرۆزە، زۆر ڕەواشە کە ڕای بەپێچەوانەوە هەبێت، بەرپەرچی هەر ڕاو بۆچوونێك کارێکی ڕەوایە، بەڵام بەرپەرچدانەوە دەبێ لە سنووری داوونەریتی ڕەچاوکراوو پەسەند بێت، سنووری نەریتی باوی ڕۆژنامەنووسی نەبەزێنرێت، ئەو کەسەی بابەتێ دەنووسێ، جا ئەو بابەتە هەرچۆنێك بێتو هەر جۆرێك بێت دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێ، کە نووسینەکەی شتێکی پیرۆز نییە کە نەکرێ وەڵام بدرێتەوە، یا ڕایەکی بە پێچەوانەوە نییە بەرامبەر ڕاو بۆچوونەکەی ئەو، دەبێ بەر لە هەموو شتێ ئەوەی کە بەرپەرچی بابەتێك دەداتەوە بە عەقڵێکی کراوەو زمانێکی ماقووڵ، جڵەو بداتە دەست قەڵەمەکەی، زیرەکانە بە تانو پۆی ئەو بابەتەی کە ڕەتی دەداتەوە، یا لەسەری دەنووسێ بچێتەوە خوارەوە، کارێکی وا نەکات کە هەڵچوونو جڵەوی سۆزی سەرکردووی خامەکەی بە خراپ بەسەریدا بشکێتەوە، یاخود کارێکی ناڕەوای ئەوتۆ بکات لە جیاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاو بۆچوونی ناکۆك پەنا بباتە بەر ڕێگای چەوتو چەوێڵ ئەنجامی بدات. گریمان نووسینێك بڵاو دەبێتەوە، ڕەنگە ئەو نووسینە کاردانەوەی جیاجیای بە دواوە بێت، بەلای منەوە، مادامەکەی نووسینە، بەرپەرچدانەوەشی دەبێ بە نووسین بێت، بە نووسینێکی ڕەواو ماقووڵو پەسەند، نەك بەکارهێنانی شێوازی جنێودانو کاری بەباکردنو هەڕەشەو فشار خستنەسەر، کورد دەڵێت: ((چۆنی بۆم وام بۆ تۆ)) کەواتە وەك ڕێسایەکی یاسایی، چاو بەچاو، لێرەدا حەزدەکەم ڕووداوێك بخەمە بەرچاو کە دەلالەت لە زیرەکی و یاساناسی دەدات، کە مرۆڤ عەقڵو بیروهۆش بەکار بێنێ گرەوی خۆی دەباتەوە.

ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو، جووتیارێك لە ئەمریکادا بەلای کێڵگەیەکدا تێ دەپەڕێت، سەگێکی دڕ پەلاماری دەدات، ئەویش هیچ ئامرازێکی پێ نابێت بەرگری لە خۆی بکات، شەنە نەبێت، ناچار دەبێت بەددانەکانی شەنەکە ڕووبەڕووی سەگەکە دەبێتەوەو دەمو ددانی تێك دەشکێنێو سەگەکە دەکوژێ. خاوەن سەگەکە پەنا دەباتە بەر دادگا کە سزای بکوژ بدرێت، بەتایبەتی لەوڵاتێکی وەکو ئەمەریکادا کە سەگی پاسدار نرخو بەهای خۆی هەیە. جووتیارەکەش پەنا دەباتە بەر ئەبراهام لەنکۆڵن کە ئەوکاتە پارێزەر بوو بەر لەوەی ببێتە سەرەك کۆمار. دادوەرەکە ڕوودەکاتە جووتیارەکەو دەڵێت: بۆ سەگەکەت کوشت؟

ئەویش دەڵێت: ناچاربووم، چونکە هیچ ئامرازێکی ترم بە دەستەوە نەبوو بەرگری لە خۆم بکەم لە شەنەکەم زیاتر.

دادوەرەکە دەڵێت: نەدەکرا بەکلکی شەنەکە سەگەکە لەخۆت دوورکەیتەوەو نەیکوژیت؟.
ئەبراهام لەنکۆڵن یەکسەر وەڵام دەداتەوەو دەڵێت:
مادامەکی یاسا دەڵێت چاو بەچاو ددان بە ددان.
سەگەکەش بە ددانەکانی هێرشی هێناوەتە سەری، ئەویش ناچار بووە بە ددانەکانی شەنەکە بەرگری لە خۆی بکات.
دادوەرەکە قەناعەت بە لۆجیکی ئەبراهام لە نکۆڵنی پارێزەر دەکاتو دەعوای خاوەن سەگەکە پووچەڵ دەکاتەوە، کاری مەنتیقیو عەقلانی پەسەند و دروست ڕەوایە. داش بەداش، نەك پەنابردنە بەر کاری ئەوتۆی لە سنوورو چوارچێوەی داوونەریتی ڕۆژنامەنووسی بەدەر. وەرگر(متلقی) چ خوێنەر بێو، چ بینەر، حوکمی ڕەوای خۆی دەداتو،هەر کارێکیش لەو خەتە دەرچێت، دوورە لە گیانی مامەڵە کردنی دیموکراتییانە لەگەڵ ئازادیی بیرورا دەربڕینو هەڕەشەکردنە لە ڕەوتی ئەو ئازادییەی کە موڵکی هەموو کەسێکە بە جیاوازیی بیرو باوەڕەوە، هەروەها زەنگێکی ترسناکە دژی ئازادی دەربڕینی بۆچوونو بیروباوەڕ کە مافی مرۆڤەو لە هەموو دنیادا ڕێزی لێ دەنرێو داکۆکی لێ دەکرێت.

**پەراوێزەکان**

١- مجلة ((العربي)). الكويتية،ربيع الثاني - شباط ١٩٨٤، ل٥٩، الصحافة - حريتها مشكلتها، وتقيدها مشكلة اكبر عبدالحليم الكاتب.
٢- جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ، ل٧٣،ئەنستیوتی کورد لە پاریس.

## چەند باسێك لەبارەی ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی– ی ئیسماعیل ڕەسووڵ:

لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوكردنەوەی كوردی، كتێبی ((چەند باسێك لەبارەی ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی)) لەنووسینی ئیسماعیل ڕەسووڵ دەرچوو، كتێبەكە بریتییە لە چەند لێكۆڵینەوەیەكی ئەدەبی و ڕەخنەسازی كە ئەمانەن: ڕۆشنبیری كوردی و ڕواڵەتە نوێیەكانی پاش بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، چەند سەرنجێك لە بارەی ڕەخنە ئەدەبییەوە، ڕەخنەی لە ئەدەبی كوردیدا، لایەنگیری سیاسەت، لێكۆڵینەوەیەك لە ئەدەبو ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی حیكایەتی میللی لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیدا، لە بارەی زمانی ئەدەبی یەكگرتووەوە، ڕەخنە لە چیرۆكەكانی ((محەمەد مەولوود مەم))، بێ لایەنی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، وشەیەك لەبارەی ((ڕەسافی)).

ئەوەی كە لێرەدا شیاوی باسە ئەوەیە كە نووسەر دەمێكە خەریكی نووسینی لێكۆڵینەوەی ئەدەبیو بابەتی ڕەخنەگەرییە، بە زمانی كوردیو عەرەبی لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا بەرهەمی خۆی بڵاوكردووەتەوە. ئەم كتێبەی كە ئەمڕۆ لەبەردەستمان دایە ڕێبازو تێڕوانینی نووسەرمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، كە چۆن مەسەلەی ئەدەبو ڕەخنە هەڵدەسەنگێنێو بە شێوەیەكی مەوزووعیو گیانێكی زانستییانە ڕاو سەرنجی خۆی لەبارەی ئەو بابەتە دەردەبڕێ كە دەیانخاتە بەر تیشكی لێكۆڵینەوە، ئەوەتا لە ڕۆشنبیریی كوردی دەدوێو دەڵێ:

سەرەتا خۆی لەو لێشاوە گەورەیەی سامانی فۆلكلۆریدا دەنوێنێ كە بە درێژاییی قۆناغەكانی مێژووی گەلی كوردمان وەكو سەرەنجامێكی زانیاریو شارەزاییو تاقیكردنەوەكانی ڕۆڵەكانی ئەم گەلە پێك هاتووە، كەوا وێنەی بارودۆخی ئابووریو كۆمەڵایەتیو ئاستی شارستانەتیی ئەو قۆناغانەی داوەتەوە كە تیایاندا دروست بووە، لە ((چەند سەرنجێك لە بارەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە))دا بۆمان ڕوون دەكاتەوە لەسەر بابەتی ڕەخنەو ئامانجو مەبەستو بنچنەكانی ڕەخنە زۆر قسە كراوەو مەبەستو بنچینەكانی ڕەخنە زۆر قسەكراوەو سەیر نییە ئەگەر سەرنجو بیروڕای خەڵكەكە لە بارەی ڕەخنەوە جیاواز بێت، چونكە بێ گومان ئایدیۆلۆژیو باری تێبینیی هەر نووسەرو ڕەخنەگرێك بەرانبەر بە ژیانو گیروگرفتە ئاڵۆزو بە پەلوپۆكانی ژیان جیاوازەو زیاتر مەسەلەكە ڕوون دەكاتەوەو دەڵێ: پێویستە ئەم ڕاستییە نەشارینەوە كە چوونە ناو كۆڕی ئەم باسە كارێكی سادەو ئاسان نییە، لەبەر چەند هۆیەك:

جیاوازیی باری سەرنجی خەڵك لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمو دەقە ئەدەبییەکان لە لایەکەوە، زۆریو هەمە جۆریی قوتابخانە ئەدەبییەکانیش لە لایەکی ترەوە، جگە لە کارتێکردنی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانەی شارستانەتی. لەم نووسینەدا پەنجە بۆ ڕێبازەکانی ڕەخنەسازی درێژ دەکاتو باسی قۆناغەکانی ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی دەکات هەر لەسەردەمی جاهیلییەوە هەتا ئەمڕۆ. لە هەمان کاتدا دێتە سەرباسی ((لەبارەی گیروگرفتەکانی ڕەخنە)) ئەویش لە گۆشەی پەیوەندیی نێوان دانەرو دەقی ئەدەبی لەلایەكو حوکمدان بەسەرکاری ئەدەبی لە لایەکی ترەوە، لەم ڕووەوە نووسەر واقیعێکی مەوزووعییانە دەخاتە بەرچاو کە نابێ هیچ لایەکی بەرهەمەکە بخرێتە پشت گوێ لەسەر حیسابی لایەکەی تری، چونکە ناوەڕۆكو حوکمدان بە سەریدا تاکە لایەکی هەڵسەنگاندەکەیەو لای دووەمی پێوەندیی بە شێوەی هونەرییەوە هەیە کە بەرەنجامی تاقیکردنەوەی هونەرکاریی نووسینی دانەرەکەیە، لەوەدا دەوری ڕەخنەگرو ڕادەی سەرکەوتنی لە شی کردنەوەو هەڵسەنگاندندا دەردەکەوێت.

لە بابەت (ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا)، بۆ ئەوە دەچێ کە ڕەخنەی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی ئەدەب خۆیەتیو ئەنجامو پەرەسەندنو پێشکەوتنی ئەدەبەکەیە. پێشکەوتنە کە پێوەندیی بەرادەی شارستانەتیی گەلو پلەی پێشکەوتنی زانستو ڕۆشنبیریی لە ناو کۆمەڵداو بە تایبەتی پێشکەوتنی ڕادەی ئەدەب خۆیەوە هەیە. نووسەر فۆلکلۆر بە بنچینەی ئەدەبی کوردی دادەنێو لەو باوەڕە دایە کە ڕەخنە بە مانای نوێی، بگرە بەمانای سەرەتاییشی نازانرێ هەبووبێ، دیارە ڕەخنە لە سەرەتادا لە ناو شاعیرەکانماندا پەیدابووە، پاش ئەوەی نووسەر لە ڕەخنەی چێژوەرگرتنی شیعر دەدوێوەك ڕەخنەیەکی سەرەتایی دێتە سەر ئەو نووسینو کتێبانەی کە لەبارەی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی بەرهەمی کوردی بڵاو کراونەتەوەو ڕای خۆی بەرامبەر هەر نووسینێك دەردەبڕی، ئینجا دێتە سەر ڕەخنەی پێش شۆڕشی تەمووزو چۆنیەتیی ڕەخنە لە حەفتاکانداو چ جۆرە گۆڕانێكو پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە بینی.

کە باسی لایەنگیریو هونەرو سیاسەت دەکات ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە لایەنگیری: ئەو پێوەندییە هەمەجۆرانەی کە لە سنووری قۆناغێکی مێژووی تایبەتیدا (تاك) بە کۆمەڵەوە دەبەستێ. ئەم نووسینە ڕەتدانەوەیەکی ((ئەلبەرتۆ مۆراڤیا)) یە کە لایەنگیری بە ملکەچی دادەنێ. نووسەر بۆچوونەکانی ناوبراو یەك یەك پووچەڵ دەکاتەوەو ڕووناکیی دەخاتە سەر لایەنە پووچەکانی مۆراڤیاو پێی دەڵێ لایەنگیری بەو شێوە نییە کە ئەو تێی گەیشتووە. چونکە سیاسەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە سوودو بەرژەوەندیی چینە دژ بە یەکەکانەوە

سەری هەڵداوە ئەویش کەوێنەی عەکس کراوەی ئەو مەڵبەندەیە کە لێی پەیدا بووەو هەموو جۆرە ناکۆکیو کێشەیەکی بە خۆوەرگرتووە، بۆیە سیاسی هەر لە خۆیەوە مولتەزیمە.

نووسەر لە ئەدەبو ئەدەبی فۆلکلۆری دەکۆڵێتەوەو جیاوازیی نێوان ئەدەبی پێشووو ئەمڕۆ دەردەخات و ڕەنگ و روخسار و ناوەڕۆکی هەردوولا دەخاتە بەر ڕووناکیی لێکۆڵینەوە. پێشکەوتنی ئەدەب بە پێشکەوتنو گۆڕانی قۆناغەکانی ئادەمیزاد دەبەستێتەوە. لەو نووسینانە دەدوێ کە باسی ئەدەبی کوردیو جیهانییان کردووە، بەوردی زاراوەی فۆلکلۆر شی دەکاتەوەو ڕای نووسەرو زانایان دەردەخات کە بە چ چاوێك سەیری فۆلکلۆر دەکەنو چۆنی تێ گەیشتوونە. دانەری ئەم کتێبە حیکایەتی میللی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بە فراوانترین شێ وەکانی فۆلکلۆری بڵاوبووی نێوان خەڵك دادەنێ، بە تایبەتی لە لادێو ناو جوتیاران. هەروەها سەرچاو ڕەچەڵەکەکانی حیکایەت دەستنیشان دەکاتو جۆرەکانی حیکایەت دیار دەکات، کە حیکایەتی ڕیالیزمی تێکەڵاو بەخەیاڵ حیکایەتی ڕەمزی ((ئەفسانەیی)) ن... بۆ نموونە لە چەند حیکایەتێکی میللی دەدوێ. ئەوە دەردەخات کە حیکایەت هەرگیز ڕووداوەکانی مێژوویی بە شێوەیەکی ڕاستەقینەو تەواو ناخاتە بەرچاو بەڵکو گۆڕانیان بە سەردادێنێ. نووسەر لەو ڕادەیەدایە کە ئەدەبی فۆلکلۆری میللەتان لە زۆر نموونەی بەهاو ڕەوشتو خاسیەتو خولیا یەك دەگرنەوە. لەبارەی زمانی یەکگرتوو دەدوێ لە بیروڕای نووسەرو شارەزایان دەکۆڵێتەوەو ڕاستییەك دەچەسپێنێ کە بوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو یان ئەوەی پێی دەڵێن ((زمانی ڕەسمی)) کە لە نووسیندا بەکاردەهێنرێت، ڕێگالە بوونو مانەوەی لەهجەکانی تر ناگرێت بۆ ئەوەی خەڵکە قسەی پێ بکەن..

کە دێتە سەر ((ڕەخنە لە چیرۆکەکانی ((محەمەد مەولوود مەم)) ناوەرۆکی چیرۆکەکان پەسەند دەکاتو بەرهەمەکەی لە خانەی ڕیالیزمی لایەنگری ئەدەبی دادەنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا نایەوێ لایەنی هونەریی چیرۆکەکان ببن بە قوربانی ناوەرۆکەکەو سەر تەنیا ئەو مەبەست بێ. چونکە ئەدەبی ڕەسەنو پەسەندو داهێنەر ئەو ئەدەبەیە کە فۆرمو ناوەڕۆك لە یەك بووەتەدا دەتوێنێتەوەو بەیەکیان دەبەستێتەوە، دەبێ فۆرم خزمەتی ناوەرۆك بکات. نووسەر چەند چیرۆکێکی ((مەم)) هەڵدەسەنگێنێو لایەنە باشەکان دەردەخات. ڕەخنە لەو کەموکوڕییانە دەگرێ کە چیرۆکنووس نەیتوانیوە چارەسەریان بکات وەك دەرخستنی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ڕووکەشانەو فۆتۆگرافیانەو نیشاندانی دیوی دەرەوەی پاڵەوانەکانو نەچوونە ناو قووڵاییی کەسەکانو ڕووناك نەکردنەوەی دیوی ناوەوەیان، هەروەها تێ ئاخنینی

هەندێ دیمەن لە ناو چیرۆکەکان، نەگونجانی دایەلۆگی نێوان کەسانی ناو چیرۆکەکان لەگەڵ شەخسیەتی خۆیانو پەیڕەوکردنی شێوازی ڕاپۆرتی ڕاستەوخۆ، پەیڕەو نەکردنی لەقتەی هونەری دایەلۆگی خەستو چڕو نیشاندانی دیمەنو هەڵوێستەکان بە شێوەیەکی هونەری و ڕووداوەکان بە جۆرێ کار لە خوێندەوار بکات.

نووسەر لە بێ لایەنی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، نووسینەکەی ((محەمەد ئەمین عوسمان)) ڕەت دەکاتەوە کە کاتێ خۆی لە ڕۆژنامەی ((التآخي)) دا بلاو کراوەتەوە، کە ناوبراو نامەوزووعییانە بۆ لێکۆڵینەوەکەی نووسەر چووەو داوای لێ دەکات کە بە پێی بەرنامەیەکی قالّ کراوەو بە شێوەیەکی ئەدەبی پەسەندکراوی شارەزایانی هونەری چیرۆك بەوتارەکەیدا بچێتەوە. وشەیەك لەبارەی ((رەسافی)) لایەنێکی ترە لە ڕەخنەگرتن. نووسەر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە دەگوێزرێتەوە سەر بابەتی عەرەبیو بەرپەرچی د. یووسف عیزەدین دەداتەوە کە نارەوایەو دەیەوێ ناوی رەسافی پیس بکات، ناکۆکیی نێوان قسەکانی ڕوون دەکاتەوەو ڕای کۆمەڵێك کەس نیشان دەدات کە جێگە بە نووسینەکەی د. یووسف عیزەدین لەق دەکاتو جێگەی خۆی پێ پتەو دەکاتو ڕووی ڕاستەقینەی رەسافی و ڕەوشتی بەرزی نیشان دەداتو کۆمەڵێك بەڵگە بۆ ڕایەکی خۆی دێنێتەوە.

گرنگیو بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە کە نووسەر ڕێبازێکی زانستیو مەوزووعییانەی پەیڕەو کردووە، لە ڕوانگەی تێڕوانینێکی پێشکەوتنخوازانە لە ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی دەدوێ. بە شێوەیەکی تایبەتی لە بەرهەمی کوردی دەدوێو بەگشتی لە ئەدەبی عەرەبیو جیهانی. لە بابەت ڕەخنەو بیروڕاو بۆچوونی نوێ دەخاتە سەر خەرمانی ئەدەبو ڕەخنەی کوردی.

## دیوانی بنەوشەکان–ی عەبدولڕەزاق بیمار

کۆمەڵە هۆنراوەیەکی عەبدولڕەزاق بیمارە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییە. ئەم کۆمەڵە شیعرە زادەی هەستو نەستی شاعیرە لە ماوەی دە دوانزە ساڵدا، زۆرجار هۆنراوەکانی بەرەنگاری سەختیی ڕۆژگاری ناهەموار بوونەتەوەو لە تاریکیدا بەندکراونو هەناسەیان لێ براوە، جاروبار مەلی هۆنراوەکانی پەڕوباڵیان دەرهێناون، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەم هۆنراوانەوێنەی ڕاستەقینەی هۆنراوەکانی دیوانە ئامادەکرا وەکە بوون کە بۆی نەلوا لە کاتی خۆیدا لە دونیای ڕووناکیدا چاو بکاتەوە.

سەرنجێك لە هۆنراوەکانی شاعیر ئەوەمان پێ ڕادەگەیێنێ کە شاعیر بەهرەو شیعر سازی لێك گرێ دەداو بینای شیعرەکانی لەسەر بنیات دەنێ، کۆمەڵە شیعرەکە بریتییە لە (٢١) هۆنراوە لە ماوەی جیاجیادا نووسراون، هێزو پێزو توانستی شاعیر لە هۆنراوەی ((دوکانەکەی مام حوسێن)) و ((ئەسپی والی)) دایە کە هونەرمەندانە دوو دیمەنی فۆلکلۆری ڕۆژنەمان بۆ دەکێشێو دوو شەخسیەتی دژبەیەکمان بەر چاو دەخا. ((مام حوسێن)) لە بۆتەی هۆنراوەکەی شاعیر قاڵ دەبێتەوەو دەچێتە چوارچێوەی شەخسیەتێکی فۆلکلۆریی نەمر، لێرەدا شیعر دەبێ بە مێژووو مێژوو دەبێ بە شیعر، کەم کەس هەیە بیر لەو شتە ئاساییە ساکارانە بکارانە بکاتەوەو بیانکاتە سەرچاوەی تەقینەوەی ئیلهامی شیعرو یادو بیرەوەری ڕابوردوو زیندوو بکاتەوەو سبەی بە ئەمڕۆ ببەستێتەوە، ئەوەتا لە هۆنراوەکەیدا دەڵێ..

**دەستی نەرمت**
**بخەرە ناو دەستی گەرمم**
**دڵی گەرمت**
**بخەرە ناو دڵی نەرمم**
**دڵی نەرمم ڕوو بە ڕووی ژیان**
**کە بۆ خەڵکی پێ دەکەنێ**
**هەروەکو ئەو کیژۆڵەیەی**

**ڕۆژانەکەی لەناو دەس مام حوسێن دەنیٚ:**
**دەسکێك گوڵی لیٚوەردەگریٚ،**
**کوڕێژگەیەك روبعە ماستێك**
**بۆ بەرچاییو پیرەژنیٚ**
**چەنگیٚ گەلاٌمێو دەکڕیٚ**
**ئەویش دیاریی منداڵەکان**
**دەدا بەنان**
**خۆزگەم ژیان**
**هەر سەرچاوەی شادی ئەبوو**
**هەر ئارام دادی ئەبوو**
**بۆ ئەم خەڵکە.. هەموو.. هەموو.**

(٣ل - ٢٤)

((ئەسپی والی)) دیمەنێکی تری دیوی دەرەوەوەو ناوەوەی ڕۆژانی ژیانە، مۆرکی سەختەکاری ڕواڵەتی و ڕواڵەتی واقیعێکی ئاراپشکراوی کۆمەڵە کۆنە دواکەوتو وەکەی ئێمەیە. کە والی خۆی لەسەر کاربیٚو خاوەن دەسەلاٌت بیٚ کرنۆش بردنو ماستاو کردنو خۆ نزیك کردنەوە دەبێتە نیشانەیەك لە نیشانەکانی ژیانی ڕووپامالٌییو تەڵەکەبازی، ئەو حەلە سەگو تولٌەو ولاٌخی بە نرخ بەڕێزو پیرۆزن، ئەگەر بتۆپن ئەو پەڕی ڕێزیان لیٚ دەنریٚ. بەلاٌم کە ((والی)) کاربەدەستی عوسمانی خۆی مرد، کەس لێی ناپرسێت، ئەم ڕواڵەتەواقیعێك دەردەخات کە شتی لەسەر بنچینەیەکی پووچەڵ بۆش بینا بکریٚ لە ئەنجامدا هەر دەکەوێتە بۆشیی ئاوو ئاو دەڕوات:

**ئەسپی والی**
**دەس نەئەکەوت، سنگی، یالٌی**
**بەلاٌموالی بۆ خۆی کە مرد**
**کەس نەیزانی بۆ کویٚ یان برد**

(ل٦٢)

ئەم شاعیرە وەك شاعیرێكی هونەرمەند سەر بە ڕێبازی ((گۆران))ە، بایەخێكی تەواو بەدارِشتنی وشەو ماناو هارمۆنیەتی كێشی هۆنراوەكانی دەدا. شیعر لای شاعیر تەنیا بەهرەو عەفەویەت نییە، مەلی هۆنراوە بە ئارەزووی خۆی بەرەڵڵا ناكات. بەڵكو شیعر زادەی بەهرەووشەسازیو دارِشتنی مانای لە بارو گونجاوو كێشانی دیمەنی دڵگیرو كارتێكەرە:

**((جوانی)) پێكەنینی گوڵ بوو**
**سەرتاپا لەشی ناسكی**
**جۆشو گەرموگوڕیی دڵ بوو**
**شەنگە بیی بسكو شابسكی**
**ورشەدارو شەنگو شل بوو**
**گوڵاو بوو.. ڕووناكیو تاوبوو**
**كچێك بوو ((جوانی)) ناو بوو**

(ل٢٧)

سەرەنجێكی قووڵ لە هۆنراوەكانی شاعیر بەرەو خەیاڵ و وێنە دارِشتنی بەرفراوانو فەنتازیی هەمە ڕەنگمان دەبات، دەمانخاتە بەرواقیعی شاعیریەتی شاعیرو كارامەییی چۆنیەتیی مامەڵەكردنی لەگەڵ وشەدا:

**كانییەك بوو، دوو چڵی داری سەوز**
**مانگ بە سەریانا بە ڕووی زیوینی كاڵ**
**وەك منداڵ**
**پێ هەڵگەڕا، كەم كەم، هەتا ڕووی پڕ وەنەوز**
**بوو بە سینی ئاگرینی ناو حەوز**

(ل٣٩)

هەرچەندە شاعیر لە ڕێگای هۆنراوەكانییەوە وەك شاعیرێكی ڕاستگۆو ڕەسەن خۆی دەچەسپێنێو بەكەرەسەو بەهرەو كارسازییەوە پێ دەنێتە دونیای شیعر، كەچی هێشتا خۆی

لەو ئاستەدا نابینیێو شیعرەکانی بەکزی دێتە بەرچاو، ئەمەش نیشانەی بێ فیزیو تێڕوانینی واقیعییانەی شاعیر، کە بەداخەوە هەیە هێشتا شیعرەکانی خەریکی گڕوگاڵن کەچی ئەو خۆی بەلووتکە دادەنێ. شاعیر لەسەر زمانی هونەرەوە ڕێك لەسەر نوێنی نەخۆشی دەڵێ:

**من یەکێکم ماتو خەمگین**

**چی نووسیومە: بە دوو ڕەنگیی**

**خۆ شیعر نین !**

**هەناسەیەك.. یان ئاهێکی پڕ لە سۆزو**

**ئاواتی گەش**

**گوایە ئەبێ بە سۆزێکی بلوێری دەم جەلالەددین؟**

**فرمێسکێکە.. نازانم کە کەی ڕشتوومە؟**

**ئایا تێکەڵ بە فرمێسکی ئێوە بووە؟**

**هەچ هۆنراوەی منوتوومە**

**گەڵاییێکە پایز ڕەنگی لێ بردووە.**

(ل٧٥)

# شەش چیرۆك و هەڵسەنگاندنێك

پێ سپاردنی شەش چیرۆك بەڕەخنەگرێك بۆ لێكۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنیان ڕەنگە كارێكی ئەوەندە سانا نەبێت بەقەد ئەوەی كە خۆی حەز بەجۆری هەڵبژاردنی چیرۆكێك بكاتو بەكامی دڵی خۆیو ئازادی سەوداكردن لە گەڵیدا زیاتر هەڵوێستەیەك بكات، ئەمە لەلایەك، لە لایەكی ترەوە لە ناو ئەو كۆمەڵە چیرۆكەدا یەك دوانێكیان زیاتر سەرنجی رابكێشنو، مایەی دڵخۆشیی بنو، شیاوی ئەوە بن كە قەبارەی راستەقینەی خۆیان لەبواری رەخنەو لێكۆڵینەوەدا هەبێت، ئەم حاڵەتەش چیرۆكنووسەكانی تر بورووژێنێ كە بێزاریو ناڕەزاییی خۆیان لەم ڕووەوە دەردەبڕنو، بۆچوونەكانی رەخنەگریان قەبوول نەبێتو، لێی بكەونە تەقە.

هەر وەك لای خوێنەران ڕوونو ئاشكرایە زۆربەی زۆری خاوەن بەرهەمی ئەدەبی بە هەموو لقەكانییەوە ئەوەندە سینگ فراوانو پشوو درێژ نین كە دەرخستنی كەموكوڕی بەرهەمەكانیان لا پەسند بێت، ئەگەر بشیانەوێ بەرپەرچی بۆچوونەكانی رەخنەگر بدەنەوە دان بە خۆیاندا بگرنو بەهێمنی وەڵام بدەنەوە.

مەبەستم لەم پێشەكییەدا پاساو هێنانەوە نییە لە بۆچوونەكانم لە هەڵسەنگاندنی هەر چیرۆكێك لەم شەش چیرۆكانەدا، بەڵكو دەرخستنی دیاردەیەكی ناژیارییە لە بواری نووسیندا كە بەزەقی هەستی پێ دەكەینو پێویست بە چارەسەركردن دەكات.

**كارێكی بە پەلەو نهێنی- ی ئەحمەد سەلام:**

هەرچەند چیرۆكی كورت، چیرۆكی ساتو چاوترووكانە، بەڵام نووسەر توانیویەتی دوو جیهانی بەیەك نامۆ، دیمەنی نادیارو دیار دوو ڕووی دەمامككراووالآمان بۆ برخسێنێ كە ئەمرۆ گەلی كوردی ستەمدیدەمان دووچاریان بووەو بەدەستیانەوە دەناڵێنێ.

نووسەر لێپرسراوی دیوی ژوورەوەمان راستەوخۆ پێ ناناسێنێ، رەنگو ڕوخساری، سیفەتی پایەكەی، حزبییە، یا حكوومی؟

هەروەها پێوەندیی نێوان ئافرەتە شۆخو شەنگەكەو كاكی لێپرساو، خزمایەتییە، ئەهلییە؟ بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان دووكەسە كە هەریەكە سەر بەلایەنێكی نەیارە؟ ئەو جۆرە داڕشتە خوێنەر دەخاتە بەردەم چەندین پرسیارو لێكدانەوە.

پیتی (ف)كه نووسەر بە ئەنقەست ناوی تەواوی لێپرسرا وەكەی نەهێناوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆچەندین ناومان بەكێش دەكات.

خۆ ئەگەر راستەوخۆ ناوی بهێنابووایە رەنگە ئاشكرا بووایە، چونكە پاڵەوانی چیرۆك هیچ مەرج نییە كتومت لەواقیعدا هەبێت، ڕەنگە چەند لایەنێك لەو كەسەدا هەبێت، یا لەدوارِۆژدا نموونەیەكی ئاوا دەركەوێت. بۆیە تەنیا دەرخستنی پیتی یەكەمی ناوی لێپرسراو خوێنەر دەورووژێنیٚوروژاندنیش لە چیرۆكدا كارێكی هونەرییە. بەقەد ئەوەی پێناسەی لێپرسراو لە سەرەتادا نازانرێت كەلە یەك دوو بەڵكو زیاتریش هەڵ دەگرێت، رێگادانی ئافرەتەكە بیٚ سەرە گرتن ناعەدالەتی بەرپرسیار دەردەخاتو پێوەندیی نێوان هەردوولا بەرەو ڕوونبوونەوە دەبات، هاتنە دەرەوەشی دوای چارەگە سەعاتێك بەسەفتەیەك ((دەی !)) لەو بارودۆخە بزێوەییە ناهەموارە رقبونەوەی خەڵكەكە لە بەرپرسیارو ئەو لایەنەی كە پلەوپایەی یان داوەتی زیاتر دەكاتو لە ناو چاوەڕوانكراوانی سەرەگرتوو دەنگێكی تووڕەییو ناڕەزامەندی، لەناو حەپەسانووروژانی چەندین پرسیار لە مێشكیاندا، كە دەنگی بوێرییو ئازایەتی وەچەی كۆنی قوربانیدانە لە پیركدا بەرجەستە دەبێت بیٚ دەنگیو خامۆشییەكە دەشڵەقێنیٚ:

- ((دەك خوایە ئەم خوارو خێچییە قەبووڵ نەكەیت !

نووسەر بەرامبەر تەقینەوەی كابرای ڕیش چەرمووی بوێر كەشتی زۆر لە دڵدایەو ناوێری دەریانبڕێت، تەنیا چیرۆكەكە ناگێڕێتەوە، دەبێتە ڕاناوی قسەكەر، كە بوونی لەناو سەرەگرتو وەكاندا هەیە، ڕوودا وەكە بەچاوی خۆی دەبینیٚ، پشووی خۆی دەخواتە. ئەم جۆرەوینەكێشانە سەرەوژێر بوونی پێوەرەكانە، پێچەوانەبوونی نەوەی نویٚو بەرەو هەڵكشانو یاخیبوونەو بەگژداچوونی ئەوەی پێشووە، وردبوونەوەیەك لە ئاستی ئەم دیمەنەدا:

((جیاكردنەوەی بەشێك لەوپارەی كە لە لێپرسراوەكەی وەرگرت بوو لەگەڵ نووسراوێكی پێچراودا دایە دەستی كوڕەو پێی وت:

ها ئەوە بۆ خەرجی رێگات، ئەمەیش نووسرا وەكەتە بیبە بۆ مامۆستا(ح) و بەیانی بچۆرەوە سەر ئیشەكەت !))

لەم دیمەنەدا پرسیارێكمان لا دروست دەبێت، ئاخۆ دەبیٚ ئەم كوڕە لەوەزیفە دەركرابێت، هاتنی ئەو ئافرەتە بۆواسیتەكردن بێت لای بەرپرسیار (ف) كە نامەی بۆ مامۆستا (ح) ناردووە بیگێڕێتەوە سەركاری پێشووی، هەڵبەت لایەنێكی نەیار دەری كردووە، (ف) یش پێوەندیی بە(ح)ەوە هەیە كەلێپرسراوە، جا ئەو (ح) یە سەربەلایەنەكەی ئەوبیٚ یا دژبێت

گرینگ نییە، لێرەدا دۆستایەتیو پاراستنی بەرژەوەندی خودی زیاتر سەردەکاتو، بەرژەوەندیی حزبایەتیو نەتەوە، بەقوربانی پتەو بوونی دۆستایەتی (ح...) و((گ...)) بێتو، با ئەو دۆستایەتییە هەرپتەو بێ. ئەم دۆستایەتییەی ناشەرعییەی پەناو پێچان، لە نێوان ((ح و گ))دا دۆستایەتییەکی نهێنییە، بەڵام لای خوێنەر رۆز نهێنیی نییە هەرچەندە لە پەناوەش دەکرێت، هەردوو هێماو رەمزەکە، هەرچەندە دووکاری دژ بەیەك، دووئەرکی دژبەیەك ئەنجام دەدەن، بەڵام ئاکامی بەرژەوەندی تایبەتیان بەیەکیان دەبەستێتەوە، باری ئەمڕۆشمان ئەم جۆرە نموونانە بەخۆوە دەگرێت، سێبەریش ڕاستو ڕەوان نابێ ئەگەر دارەکە خواروخێچ بێت.

نامەوێ زیاتر ڕووناکی بخەمە سەر ئەو چەند لایەنەی چیرۆکەکە، کە بۆئەم لاو ئەولا پەلکێشمان دەکات، ئەوەندە نەبێ کە دەستخۆشی لە چیرۆکنووس بکەم، لە چیرۆکێکی ئاواکورتدا توانیویەتی پەردە لە سەر رووە دەمامککرا وەکاندا هەڵماڵێ‌وبەشێوەیەکی هونەرکاریی دووتەوەرەی ناکۆکی لێك جیای لە بۆتەی یەکێتیی هاودژەکاندا بتوێنێتەوە بیانکات بەیەك جەستە.

## " خاوبوونەوە " و " تەلەفۆن " ی ئەحمەد عارف:

دوو چیرۆکی (ئەحمەد عارف)ی چیرۆکنووسن، هەردووکیان بابەتی سێکسن، بەڵام بە داڕشتنەکی راستەوخۆو ڕووکەش، کە دەکرێ ئەم جۆرە بابەتانە ئاوا بەزەقی و ڕووتووالآ چارەسەر نەکرێن، بەشێوەیەکی هونەرکارانە بیرۆکەکە تەوزیف بکرێ.

هونەرکاریی چیرۆکی (خاوبوونەوە) لەوەداخۆی دەنوێنێ کە بەشیك لە دیمەنی جووتبوونە هەر لە سەرەتاوە دەست پێ دەکات، وەك هەندێ فیلمی سینەمایی کە لە سەرەتادا لەقتەیەکی کۆتایی بۆ ساتو چاوترووکانێك نیشان دەدات، ئینجا بەرەو ڕووداو دیمەنو کەسانو لایەنەکانی تری کەسانی چیرۆکەکە ئافرەتێکی شۆخو شەنگی لەشفرۆش، (گوڵە) یەو (حەمە) ی پارەداری کەم دەرفەتە. کە ئەم هەوەسبازیو کەم دەرفەتییە دوو حاڵەتمان لا دەڕەخسێنێ، یا ئەوەتە لەبەر خواردنەوەو قومارکردن ئەوەندە دەرفەتی ڕابواردنی نییە، یا ئەوەتە ژندارەو هەوەس بازەو ئەو دەرفەتە تەواوەی نییە کە هەموو شەوێك لەبەر پابەندبوونی پێوەندیی خێزانییەوە لە باوەشی ئافرەتێکی ئالۆشی گڕگرتوو شەوکاتەوە. نووسەریش شەوی زستانی بۆجووتبوونو پرۆسەکە هەڵبژاردووە. ئەم ڕاستیەش لە دەمی (گوڵە)وە ڕوون دەبێتەوە:

(- حەمە گیان.. دامپۆشە.. ئەمشەو مێوانی تۆم... با سەرما نەمگەزێ) لە

کاتێکدا وورووژانی سێکس زیاتر لەوەرزی بەهاردا دەبێ نەك زستان، بۆیە بەلای منەوە تەوزیف کردنی زستان بۆ پرۆسەی جووتبوون خزمەتی بینای چیرۆکەکە ناکات.

چیرۆکنووس لە چیرۆکی کورتدا تا پێی بکرێ دەبێ دەستەواژەی چڕو پڕ بەکاربێنێ، خۆی لە بەدەستەوەدانی ڕاستەوخۆی ئاکامی چیرۆکەکە بەدوور بگرێت، کۆتاییەکی والاّ بۆ خوێنەر جێ بهێڵێ، وورووژاندنی تێدابێ، چەند پرسیارو بۆچوونێکی جیاجیای لا دروست بکات، بەسانایی خۆی بەدەستەوە نەدا. ئەگەر مەبەستی چارەسەرکردنی گیروگرفتو کێشەیەکی کۆمەلاّیەتیش بێت، دەبێ بزانێ چۆن بیرۆکەکە لە قاڵبی چیرۆکێکی هونەرکاری دادەڕێژێتو دەستخۆشی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لێرەدا، چەند برگەیەکی کۆتاییی چیرۆکەکە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر بۆئەوەی هەڵوێستە یەك بکاتو بزانێ کە تا چ رادەیەك چیرۆکنووس سەرکەوتنی لە دارشتنی کۆتایی چیرۆکەکەوە دەیهێناوە:

لە زمانی (گوڵە)وە کە لەگەڵ (حەمە)دا دەدوێ:

((- بڕوات بێ منیش لە پێناوی رێگایەکی فرە پیرۆزدا ئەم تالاّوە دەنۆشم. ئەم کۆمەڵە ڕیسوایی وای پێ کردم، نە دایکم نە باوکم سۆزانیو دەویت نەبوون)) لە کاتێکدا نووسەر دەتوانێ بروسکە ئاسایی، بە رستەیەکی چڕوپڕ کۆتایی بە چیرۆکەکەی بهێنێو بڵێ: (بڕوات بێ منیش لە پێناوی رێگایەکی فرە پیرۆزەدا ئەم تالاّوە دەنۆشم) ئەم کۆتاییە نامۆییکردنە، ئەم جۆرە وورووژاندنە مەودای بیرکردنەوەو لێکدانەوەی خوێنەر فراوانتر دەکات، هێزو پێزێکی تر بە دارشتنو تۆکمەییی چیرۆکەکە دەبەخشێ، پێویستی بەوە نەدەکرد کە هۆکاری خلیسکانی (گوڵە) بۆ زەڵکاوی لەش فرۆشتن روون بکاتەوەو ببێ یاخود خۆی بکاتە رابەرێکی کۆمەلاّیەتی یا ئابووری ناسێك کە مرۆڤ رەنگدانەوەی واقیعی ئابووریو کۆمەلاّیەتییە. لەکاتێکدا هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە ماهیەتو کرۆکی ئەو کۆمەڵگە درندەیە دەردەخات کە بەچ چاوێك سەیری (گوڵە) دەکاتو دەڵێت: (بەلاّم بۆ ئەم گورگستانە)) نەدەشیا.)

## چیرۆکی تەلەفۆن:

دووەم چیرۆکی (ئەحمەد عارف)ە، بریتییە لە دایەلۆگ بە تەلەفۆن لە نێوان کچێکی سی و یەك ساڵی لەگەڵ پیاوێکی نەناس کە بەرێکەوت ژمارەی تەلەفۆنێك ماڵەکەیان دەردەچێت، کیژەکە بە تەلەفۆن ئارەزووی خۆی دادەمرکێنێ، چیرۆکنووس بەهەمان شێوازی چیرۆکی (خاوبوونەوە) شەوێکی زستانی هەڵدەبژێرێ، دیارە کیژەکە کردوویەتی بەپیشە لەم رێگایەوە پێوەندییەك بە گفتوگۆ بکات، لە ئەنجامی پێوەندییەکی زۆر توانیویەتی جۆرە شارەزاییەك

پەیدابکات کە دەنگەکان لێك جیابکاتەوە، کە پیا وەکە ڕەبەنەو بە تەنیایە:

لە زمانی کیژەکەوە: (بە دەنگت پێ دەچێ بەختم یاربێ.. تۆش لە ڕەبەنێکی ئەم دنیا بێ ئامانە دەچیت.) ئەم پسپۆڕیو شارەزای بوونە لە دەنگی پیاوی لاوو پیاوی پیرلای کیژەکە، رێگا لەوە دەبڕێت کە نووسەر خۆی تووشی بێ ئاگایی بکات، چونکە ناکرێ پیاوێك تەلەفۆنی بۆ بکرێو جۆرەوەلام بداتەوە: لە دەمی پیا وەکە

- کێ دەزانێ ئێستەو لەم سەرمایەدا پێم خۆش بێت یان ناخۆش، خانمێك لە جێگاکەدا پرخەی خەوی نایات !.

بۆیە کیژەکە لەو زیرەکترە پێی دەڵێ:

(- بەڵام بەدەنگت پێ دەچێ.. ) کۆتاییی چیرۆکە بەلای منەوە زیادەو لە راگەیاندنێکی بازرگانی دەکات، ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی کیژەکە لە تەلەفۆنکردنێکی گاڵتەجاڕی دەکات، کە چ کوڕ و چ کچ بە ئارەزووی خۆیان تەلەفۆن بادەدەنو دەنگی خۆیان دەگۆڕن کەسی گەلحۆو گەمژە فریو دەدەن. کۆتایی بە دەستەوەدان بەم شێوە راستەوخۆ و رووکەشە هەرگیز خزمەتی هونەرکاری چیرۆکەکە ناکات، چونکە ورووژانی تێدا نییە، خوێنەر بەرەو لێدانەوەو پرسیار کردنو چەندین ئەگەر نابات. دوور نییە کە کچە بە پیاوەکە دەڵێ: (- بەر لە ئاوابوونی دەنگەکانمان ئەم شتانە بزانەو) کۆمەڵێك نیشانەو خاسیەتەکانی خۆی پێ دەڵێ، رەنگە بپرسێ ئەی چۆن بەیەك دەگەن ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنی خۆی نەداتێ؟ !

ئەگەر ئەم چیرۆکە خەیاڵییش بێت، دەبێ چیرۆکنووس کارێکی وا بکات کە کردارێکی جنسی وا لێ بکات کە لەزەتبەخش بێو خوێنەر هان بدات کە ئەو مەسەلەیە بەشێوە هونەرییەکەی هەرچەندە وەك داوو نەریتێکی کۆمەڵایەتی باسکردنی بەو جۆرە زەقییە پەسند نییەو رێگای نادات، دارشتنەوەی بە شێوازی هونەرکاری داهێنەرانە شتێکی مەقبووڵ بێت. وەك جموجۆڵێکی کۆمەڵایەتیی بەجێ.

**باوكم دزرای حەكیم كاكە وەیس:**

كورتە چیرۆكێكی (حەكیم كاكەوەیس) ی چیرۆكنووسە، ئیكسسواری چێشتخانەكە سەرەتا ڕێبازە جیاجیاكانی ڕەوتی خەباتی مێژوویی كورد ڕوون دەكاتەوە بەتایبەتی وێنەكانو ئالاَّكەی كوردستانو، ڕەنگدانەوەی ئەو پرسیارانەن كە پاڵەوانی چیرۆكەكە ((خودی نووسەر)) دەیكاتو ڕەتكردنەوەی ڕێبازی ئاینیو چینایەتیو دوودڵی بەرامبەر نەتەوایەتییش.

لە هەمان كاتدا دزینی لاشەی باوكی ناو كارتۆنی تەلەفزیۆنو ترسی خستنە ناو كارتۆنی بسكویت نەك جارێكی تر بدزرێت ڕیسواكردنی ئەو وەڵاتە ژیاریو شارستانیو دوورگەی ئیختیاریی نووسەرەكە پەنای بردووەتەبەر، كە لەراستیدا شوێنی دزو جەردەو تاقمی مافیایە. ئەو هەوارە نییە كە مرۆڤی كورد خەونی پێوە دەبینیێ.

بەگشتی چیرۆكەكە (باوكم دزرا) ڕەمزێكە بەرەو ئاستێكی نزیك لە نوێخوازیی هونەركاری دەگوێزێتەوە. تێڕوانینەكە لە گۆشەیەكەوە دەست پیێ دەكات كە راستی تیایا تێكەڵ بەواقیعو خەیاڵو وەهەم دەبێت.

كە نووسەر دەیكاتە هاواری ڕیسواكردنی چەند وەچەیەك بە هەموو ڕێبازەكانیانەوە كە كێشەی نەتەوەیەكیان كرد بەپیاوێكی نەخشی دەردەداری شێرپەنجە كە لە وڵاتی ئاوارەییدا سەر دەنێتەوەو دەبێتە لاشەییكی دزراوی بۆگەنكردوو، كە لەئاكامدا هەستی خۆبەستنەوە بە رەسەنایەتیی نەتەوەیی بەرەو حاڵەتێكی دوودڵی دەبات، ئایا شیاوی ئەوەیە قوربانی بۆ بدریێ بۆ گەڕاندنەوەی بەرەو زێدی باوو باپیران، یا ناشتنی لە شوێنێكی نادیار لە هەندەراندا؟.

ئەمە لەكاتێكدا پاڵەوانەكە خۆی بووەتە لاشەو، لاشەیەك دەنێژیێو، تەنانەت كۆچكردنی بۆ هەندەرانو ڕازی بوون بەو كارە سەگەوانییە سووكو چرووكو بزێوە ڕاكردنە لە خەباتو گۆڕەپانەكە، كە چۆڵكردنو چۆكدادانە لەپێناوی سوودیی تایبەتی خوددا.

بابەتی بنچینەیی لەو چیرۆكەدا یەكێتیی مرۆڤی ئاوارەی ڕاونراوی گەمارۆدراوی نامۆیە كە ئارەزوویەكی شێتانەی شێلگیرانە پاڵی پێوەدەنیێ كە شەو و ڕۆژ كار بكات، بۆ تۆڵەكردنەوەی ژیانی ڕۆژانی برسیەتیو مەینەتی، بۆ دەوڵەمەند بوون. (حەكیم) لە ناوەرۆكی ئەزموونە نوێیەكەی كە ئەزموونی زۆربەی هەرە زۆری كوردە ئاوارەكانە، ناكۆڵێتەوە، بەڵكو لەگەڵیدا دەژیو لە نزیكەوە بە دوای ڕووداوەكاندا دەچیێو بەشێوازی فلاشباك بەمێژوودا دەچێتەوە لە باوكەوە كە ڕەمزی بوونو نەشونماكردنی ئەو مێژووەیە- تاوان كردنی بەرامبەر نووسەر كە هێناویەتییە دنیا، كۆیلەیی باوكایەتی، نەوەی پێشووو تاوانی بەرامبەر لە

دەستدانی پێناسەی بێ وڵاتیو ئاوارەبوون (کوردبوونی خۆیان پێ شەرمە) پەشیمانی لە داوونەریتی کوردەواری. پشتکردن لە دۆزە نەتەوەییەکە.

دیاردەی ئەنتی کورد- دژە کورد لە هەندەراندا، تەنانەت منداڵێکی ساکاریش رقی لە کوردە نووسەریش بەرامبەر ئەم حاڵەتە هەستی نەجووڵا بەبزە سەیری منداڵەکە بکات.

سەردانی حاڵەتی شێواندن (مسخ) لە رێگای بوونی مێگەلەوە بە گەلەگورگ، ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی گونجاوە بۆ پەردەلادان لە رووی دەمامکدان، کە ئەوەندە شارستانیو ژیاری نین بەقەد ئەوەی گورگێ لە پێستی مەڕدا.

سەردانی باوك بە پڕۆسەیەکی فلاشباك: باوکت دەمرێ..  ناژی، سیستەرەکە: بەداخەوە باوکت مرد، دەبێ قایمو خۆڕاگر بی.

بەکارهێنانی شێوازی تەوژمی هۆش لە رێگای دوانی لەگەڵ باوکی مردوویدا.

موعاناتی کورد لە دەست تورکان. تەنانەت یەك منداڵ تورك بەهەشت دەشێوێنێ.

تەداعیاتی چیرۆکەکە: بەشداریکردنی باوکی بەشانازییەوە بە فەرمانی ئەتاتورك لە غەزای یۆنان (عەقڵی سەلەفیی باوك) کوشتنو بڕینی یۆنانییەکان، کوشتنی ئەرمەن (بەهەشت بەو پێیە پڕە لە بەهەشت).  ئیدانەکردنی باوك لەو غەزوە، ناڕەزایی دەربڕین لە ڕێبازی چینایەتی، لە کوردستان دەرکردن پابەندە بە (لەبەهشتیشدا دەردەکەوێت).

سەرهەڵدانی ئارەزوومەندیی نەتەوایەتیی چیرۆکنووس ئەگەر شۆڤینیش بێت: کە پاساوی هەنگاوەکانی ئەتاتورکە، بەو رێبازە نەتەوایەتییە تەسکە دەبووایە کوردیش ئاوابێ.

بیزاربوونی (رەزاو حەکیم) ی نووسەر لە باوکی لاشە، بێزار بوونە لە دۆڕاندنی کێشە نەتەوەییەکە: تۆ باوکم نیت، تۆ تەرمی تەرم، لە هەرچیت کرد بۆ ئەمڕۆت کەچی ئەمەش حاڵتە- ئەم هەڵوێستەش ناڕەزایی دەربڕینە بەرامبەر ڕێبازی ئاینیو چینایەتی.

(- ئەو میراتیانەی کە بۆ منت جێ هێشتوون - وڵاتێکی وێرانو داگیرکراوو..)

- دڵت هەر بەوە خۆش دەکردم کە ئازاین، یەکجار نەبوو بڵێی ژیرین. هەر ئازاو ئازا.. وەك شێرو پڵنگ کە هەرگیز بەمرۆ نابن...  من نە برای دینم هەیە نە برای چینی. وەڵلاهی نەتگەیەنمەوە ئەو گوڕستانەی کە باوکتی تێدا نێژراوە خۆ بوونت کوشتمی) ئەم جۆرە بەزمان هێنانی مردووو حیسابکردن لەگەڵ رەوتی ڕابردووی بە هەردوو ڕێبازی فیکرییەوە، ئایدیالیو ماتریالی، ئاینیو چینایەتی، رەتکردنەوەی هەردوو ڕێبازەکەیەو، سەقامگیریو خۆبەستنەوەیە بە رێبازە نەتەوایەتییەکەوەك بیروباوەڕێکی ناسیونالیستی مۆرك پاسۆکانە.

لەم چیرۆکەدا بنەماکانی بیناکردنی چیرۆك بەهەموو رەگەزەکانییەوە بەدی دەکەین، جگە لە بەکارهێنانی هونەری سینەمایی وەك ((ئێکسسوار))و فلاشباكو تەوژمی هۆشیش یەکێکە لە ڕەگەزە هونەرییەکانی چیرۆکی نوێ.

بەشێوەیەکی گشتی نووسەر گرەوی هونەریی بردووەتەوە بەداڕشتنی بیرۆکەیەکی تایبەتی لە قالّبی چیرۆکێکی هونەریدا.

**یادێ لە بیابانی وشکای فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج:**

بریتییە لە دوو دیمەنو دووکەسو دوو دیوی ناوەوەو دەرەوە، کەسی سێیەم لاوەکییە ئەوەندە شوێن لە پانتاییی چیرۆکەکەدا داگیر ناکات.

دیوی دووەم، شەخسی دووەمە، چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، سەربازێکی عەرەبە، ڕووداوەکانی دیمەنی یەکەم لە چۆنیەتیی هێرشبردنی سوپای داگیرکەردا بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە وا دەگێڕێتەوە کە ئەوپەری رقوکینەو دوژمنکاریو ئارەزووی تەڕ و ویشك پێکەوە سووتاندن لە چاوەکانیان دەبارێ، کە زەویو ئاسمانی بەهەشتی سەر زەوی ((کوردستان)) دەکەن بەدۆزەخ. لەناو ئەو ئاگرو گوللەو تۆپو فڕۆکەدا کە تەنانەت لەبەر چڕە دووکەڵ چاو چاو نابینێ، هێرش دەبەن، بەو خەیاڵ پلاوەی پێشمەرگەیان قڕکردووە، هەر لەسەرەتای هێرشەکە، فەرماندەرەکە دەکوژرێو شڵەژان دەکەوێتە ناو سوپای هێرشبەر. سەربازە عەرەبەکە دەیەوێت ڕابکات، بەلاّم دەشێوێو گوللەیەك شانی ڕاستی دەگەزێو لە ئەنجامدا دەکەوێتە دەست پێشمەرگەیەكو ئەویش لەبەر بەزەیی پێهاتن بەخێزانەکەیو نەکوشتنی دیل وەك داوو نەریتێکی بەرزی پێشمەرگەی ئەو کاتە ئازادی دەکاتو سەربازەکەش بەڵێن دەدات جارێکی تر ئەو شەڕە نارەوایە نەکات، کە سوپای داگیرکەر لە بیابانەوە هێرشو پەلاماری داگیرکردن دێنێ - سەربازە عەرەبەکە وەك هاولاّتییەکی بێ دەسەلاّت ناچار کراوە بەشداری لەو شەڕە ناعادیلانەیەدا بکات، بەلاّم لەناخەوە وەك مرۆڤێکی خاوەن هەستو ویژدان، بڕوای بە دۆزی ئەو گەلە هەیە کە پێشمەرگەی ناونراو ((یاخی)) بەرگری لێ دەکات بۆیە پێی دەڵێ:

(- باوەڕ بکە- هەردەبن- هەردەبن) وەك وەلاّمێك بۆ ئەو پێشمەرگەی ژیانی سەربازەکەی لە دەستدایەو فاکتەری سەرەکیی خەباتی رەوای گەلەکەی بۆ راڤە دەکات.

**دیوی ناوەوەی ئەو دیوەکەی تر:**

دیوی ناوەوەی پێشمەرگەیەکە، کە لەگەڵ هاتنە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوول لەدایك دەبێ. لەو دیمەنەدا هاوکێشەکە دەگۆڕێو پێچەوانە دەبێتەوە، ئەمجارەیان پێشمەرگە دەشکێ. هەواڵەکان وا دەگەیەنن کە یەکێ لەوان بەدیل گیراوە، ئەویش ئەو شۆڕشگێڕەیە کە لە شکانی سوپای داگیرکەردا ژیانی بە سەربازە عەرەبەکە دایەوە.

دیوی ناوەوەی نهێنییەکە موعاناتی سەربازە عەرەبەکەی پێشووە کە فەرمانی پێ دراوە پێشمەرگە دیلەکە گوللەباران کات. بەڵام ئەو هەڵوێستە جوامێرو ئینسانییەکەی پێشمەرگەکەی لەبیر ناچێتەوەو سپڵە نییە، نایەوێت ئەو کارە ئەنجام بدات، حاڵەتە مرۆڤایەتییەکەی پێشمەرگەکە بوێریو چاو نەترسانی وا لە سەربازەکە دەکات بیر لە خۆیو خێزانەکەی بکاتەوە کە دەمانچەکەی بداتێ بە دەستی خۆی، خۆی بکوژێ - ئەویش بێ ئاگا دەیداتە دەستیو فەرمانەکە ئەنجام دەدات.

ئەم هەڵوێستەی پێشمەرگەکە، عەرەبەکە لە ناخەوە دەهەژێنێو بە تەواوەتی دەیخاتە سەر ئەو باوەڕو قەناعەتە:

(- نەتەوەیەك ڕۆڵەی وای هەبێ، سەرکەوتنو ئازادی لە دەستیایەتی.)

**دیوی یەکەم:**

کە کۆتاییی چیرۆکەکەیە، دیمەنی ئەفسەرێکی دەرەجەدارە، بەڵام کەسێکی شۆڤینیستەو داخ لە دڵەو دژی کوردە کە بە عەرەبەکە دەڵێ:

- دیارە هەر لەو ڕەچەڵەکەیت. برۆ (١٠) ڕۆژ پشوو وەربگرە.) ئەم چیرۆکە بەگشتی بە زمانێکی ڕوونبێژی سفتوسۆڵ داڕێژراوە، بۆ سەر چەند دیمەنێك دابەش کراوە، دوو دیوی، دیوی دەرەوەی بەچاو بینراو، دیوی ناوەوە وەك حاڵەتێکی دەروونی.

دوو ڕێباز - هەڵسوکەوتوو ڕێبازی پێشمەرگەی وڵاتپارێزی خاوەن دۆزو مافی ڕەوای بەرگریکردن لە خاکی کوردستان. ڕەفتاری داگیرکەرانی شۆڤینیست. لایەنی ئیجابیو مرۆڤانەی پێشمەرگەو لایەنی سەلبــی سوپای داگیرکەر.

هەڵوێستی بوێرو دلێرانەی پێشمەرگەو ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگو پێوانی ژیانی ڕاستەقینە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە، هەڵوێستی ترسنۆکیو پاڕانەوەی داگیرکەر لە حاڵەتی دیلیو شکستیو نەهامەتی.

## دوو هەڵویستی ناکۆك - دوو گۆڕان:

سەرباری عەرەبی بەدیلگیراو ئازاد دەکریێو لەئاکامدا پلەی بەرز دەکریتەوە دەبێتە ئەفسەر ئەم حاڵەتەش لەو دیمەنەدا دەردەکەوێت کە پێشتر بەدیل دەگیرێ تفەنگی پێیە، لە دیمەنی دووەمدا کە فەرمانی پیێ دەکرێ دەبێ پێشمەرگەکە بەدەستی ئەو بکوژرێ دەمانچەی پێیەو پێشمەرگەکە بە دەمانچەکەی ئەو خۆی دەکوژێ، داواکردنی سەربازە دیلەکە لە پێشمەرگەکە کە ئازادی بکاتو لە دیلیەتی رزگاری بێت، داواکردنێکی ترسنۆکانەیە کەچی پێشمەرگە بەپێچەوانەوە داوای لیێ دەکات هەتا زووە بیکوژێو ئەوەندە ژیانەی بەسە کە پێشمەرگە بووە، هەر ئەمەشە تەمەنی راستەقینەی مرۆڤ.

لە چیرۆکەکەدا شیکردنەوەی باری دەروونی بەدی دەکەین، جگە لە مۆرکی گرژیو پشێوی ڕووداوەکانو خاوبوونەوەیان کە شیرازەو تەونی چیرۆکەکە دیاری دەکەن. وەسفکردنی دیمەنی سووتاندنی تەڕ وویشك و بەرامبەرەکەی (شوێنەکەمان دروێنەیەکی زۆر لە لاشەی سوپاکەمان بوو) لە دەمی سەربازە عەرەبەکەوە. ئەموەسفە تراژیدیو کۆمیدییە هێزو پێزێکی باشی بەلایەنی درامی چیرۆکەکە بەخشیوە. تەنانەت پێگەی سوپا ((بیابانی چۆڵ))و پێگەی پێشمەرگە شوێنی دارو درەختو شاخو کێو، ڕەنگدانەوەی دووواقیعی هاودژی یەکن، لە تەك ئەم حاڵەتەدا دوو فیکرو هزری لێك جیا دەسەلمێنن - ریبازی داگیرکردنو، واتە فیکری شۆڤینیی ویشكو نەزۆك. ڕێبازی بەرگریکردن لە زێدو دۆزی ڕەوای میللەتێکی ئازادیخواز، فیکری شەیدای ئازادیو ئارەزووکردنی ئاشتیو مرۆڤایەتی.

ئەم هاودژییە چ لە شیعرچ لە چیرۆکدا بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ گونجاندنو لێکترازانیان، کارێکی هونەریی باشەو نیشانەی سەرکەوتنی چیرۆکنووسە لەو جۆرە تەوزیفکردنەدا.

## نەهاوەند- ی ئاسۆ حەسەن:

ئەم چیرۆکەی (ئاسۆ حەسەن) بە ئەنقەست خستمە دوای چیرۆکەکانی تر، لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان لە هەموان درێژترە، دووەمیشیان لەوانی تر زیاتر سەرنجی ڕاکێشامو وورووژاندمی، ئەگەر بەتەنیا هەر ئەم چیرۆکەیان پێ سپاردبام، زیاتر لەسەری دەوەستام دەمخستە بەردیدی لێکۆڵینەوەیەکی درێژتر.

چیرۆکی (نەهاوەند) مۆرکێکی فیکری بەخۆوە گرتووە کە تەعبیر لە فەلسەفەی هزریی نووسەر دەکاتو لە قاڵبێکی چیرۆك ئامێزدا بەشێوازێکی هونەرکاری داڕێژراوە، لایەنی

تۆمارکاری پێوە دیارە کە چیرۆکنووس لە نۆژەنەوە بونیاتی قۆناغەکانی مێژووی نەتەوایەتی دادەڕێژێتەوە، بۆ ئەوە نییە کەوەك مێژوونووسێك قۆناغەکان بگێڕێتەوە، بەقەد ئەوەی کە دەیەوێ ئەڵقە ونو تاریکەکان بدۆزێتەوە مەودایەکی هاوچەرخانەیان پێ ببەخشێ کە لە ئاکامدا تێڕوانینو بۆچوونو جیهانبینیی نووسەر بەرجەستە دەبنو سەرکەوتنی هونەرکاری دەچەسپێ.

پانتاییەکی فراوان لە نەشونماکردنی گوندی (نەهاوەند) جۆری ژیانو پێوەندیی کۆمەڵایەتیو ژێرخانی ئابووریو سەرخانی سیستەمی بەڕێوەبردنو باری ئابووری و ڕۆشنبیریو سیاسی دەخاتە بەر ڕووناکی، بەشێوەیەکی چڕو خەست، دوور لە درێژدادڕی کە ئەم خاسیەتە کاری ڕۆماننووسە.

گەڕانەوەی بەرەو ڕابردوو ((فلاشباك)) یا پەند لێوەرگرتنی، بەمەبەستی داڕشتنی دۆزینەوەی راستی هەنووکەیە کە شپرزە بووەو، لەو ڕێگادا کرۆکی توانا دەسەڵاتی نەتەوە، یاخود ئەو یاساو ڕێسایەی کە ڕەوتی مێژوویان خستبووە ژێر رکێفی خۆیان دەردەخات.

داڕشتنەوەی مێژوو بەشێوازێکی نوێ، دۆزینەوەی وێنەی ململانێی نێوان دوو هێز لەو گوندە، شارە، وڵاتەدا کە بە پێی گۆڕانی قۆناغەکان لە گوندێکی بچووکەوە پەرەدەسێنێو دەبێتە شارو لە ئەنجامدانی کوردستانێکی مەملەکەتی یوتوپیای نووسەر بە پێی گۆڕانی ژێرخانو سەرخان خۆی بژیێنێ و ببێتە بەهەشتی سەر ڕووی زەمین، گەر دوژمنانی داگیرکەری چاوچنۆك لێ بگەڕێن ململانێی نێوان بەرەی ئازادیو بەرەی ناعەدالەت، ئازادیش، بۆ نەتەوەیەکی بەختەوەرو ئاسوودە دادەڕێژێ، شۆڕشیش بەرەو پێشەوەبردنی ڕەوتی مێژووە کە هەردوو هێز لە یەك گۆڕەپاندا مەیدان دەخوازن.

نووسەر پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان گشتیو تایبەتی ساز دەکات کە بڕوای بەدەوری نەپچڕاوی نێوان مرۆڤ داڕشتنی ڕووداوو بارودۆخ لە ڕەخساندنی ئەزموونی مرۆڤایەتی دێنێ.

داڕشتنی ڕووداوەکانو نەشونماکردنیان، لە بزاڤێکی درامیدا لە رووبەری نەهاوەندو دەرەوەیدا ڕەنگدانەوەی یەکێتیی ناوەوەی بزاڤی مێژووو سەرگوزەشتە بەشێوازێکی هونەری لە تەونێکی درامیی توندوتۆڵی بێ کەلەبەر، یا بە ئەنقەست شت سەپاندن مەودایەکی واڵا بۆ گەڕاندنەوە بەرەو دواوە (فلاشباك) و فرەگۆشەیی لایەنی دەڕەخسێنێ کە بەختێکی بەیانی هەڵکشاو گوزەر بکەنو لە ئاکامدا بەرەو داکشان بکشێنەوە، بۆ مرۆڤ ساغ دەبێتەوە هەموو شتێك کۆتاییی هات، ئەو حەلە سەرەتایەکی نوێ دەست پێ دەکات.

بەتایبەتی کە هەست دەکات ئەو تاوانەی لە پێناویاندا دەژیاو خەباتی دەکردو قوربانیی دەدا پرش‌و بڵاوبوونەوەو لە ئارادا نەمان، ئەوکاتە بۆی دەردەکەوێت کە ژیانی ئازادی چ نرخ‌و بەهایەکی مەزنی هەیەو دەبێ ئەو ڕێگایە بگرێتەبەر کە بەزاندنی سنووری تێشکانەو متمانەکردن‌و باوەڕهێنانە بەتواناو وزەی سەرکەوتن لە گۆڕەپانە بەرینەکەی (نەهاوەند)دا سێ تەوەری ململانێی نێوان هێزی لاشەڕ و دوورەپەرێزو بڕواهێنان بەقەدەری مرۆڤ عەقڵیەتی برای ئاینی‌و هێزی بەرگریکردن لە مافی ئازادی‌و سەروەریی وڵات‌و هێزی بیانی داگیرکەر لە جماندایە، ڕاستەوخۆیە، ئاشکراو نهێنییەکان.

(ڕووداوی سەرەکی) کە لە بیناکردنی چیرۆکدا بایەخی خۆی هەیە، لە سەرەتاداوەك لەقتەیەکی برووسکەیی خۆی دەنوێنێ‌و لە کۆتاییدا هەموو گۆڕەپانەکە دەگرێتەوە.

((بۆ حاجی باپیر دەرکەوتبوو کۆنگرەکە هەمووی لەبن سەری ئازادی کوڕەزایەتی.))

لەم چیرۆکەدا خاڵی کۆتایی کە لە گۆڕانی عەقڵییەتی سەلەفیی لاشەڕی حاجی باپیر شالاوە بەدناوەکانی ئەنفال کە نووسەر بە ڕەمز دیارییان دەکات‌و (٤١) ی نیسانی بۆ دەستنیشان کردووە بێ دیاریکردنی ساڵەکە، لەگەڵ خاڵی سەرەتا، سەرەتایەکی نوێی بەرجەستەکراو لە (ئازاد) و هەڤاڵانی شۆڕشی نوێی پێشمەرگە دوای چەندین کارەساتی خولێکی دوورودرێژ کە وەچەکانی یەك لە دوای یەك بەشداریی خەباتەکە دەکەن، یەك دەگرنەوە.

هەر وەك لە پێشەوەدا ئاماژەم بۆکرد، چیرۆکەکە فیکرییە، بەڵام لە هونەردا خودی‌و بابەتی نییە. هەموو هونەرێکی باش خودی‌و بابەتییە.

(ئاسۆ حەسەن) خەون‌و لە هۆش چوونی مرۆڤی لە چیرۆکەکەیدا تەوزیف کردووە. خەون بۆ چارەسەرکردنی واقیعێکی خەون‌و تاسە بردنەوە بە مەبەستێکی سیاسی‌و شاردراوەو گەلاڵە بوو تەوزیف دەکرێ. تێکۆشانێکی بێ‌وچانی دوور لە چەکداران، بۆ دۆزینەوەی واقیعێکی شارستانی کوردەواریی نوێ، کە خۆشەویستی‌و ژیانی ئازادی‌و سەرفرازی بە مرۆڤ دەبەخشێ، تێکەڵاوبوونی دوێنێ‌و ئەمڕۆ لە ڕێگای یەکێتییەکی خۆنەویست کە گۆڕانکاریی بارودۆخی کوردستان سەلماندیان‌و هاوتەریبی خەتی کۆن ((دوای گۆڕانی)) نوێ لە ئاکامدا بەیەك گەیشتنیان‌و ئاوێتەبوونی ڕەمزو واقیع لە یەکێتیی هونەرکاریدا بەشێوەی داڕشتنی چیرۆك مەغزای خۆی هەیە، کە ئەمەش دەلالەتی تەقەلای چیرۆکنووس دەردەبڕێ ئەزموونی چیرۆکەکە ناکا بە هیی خۆی بەقەد ئەوەی بەگەرموگوڕی دەیانگەڕێنێتەوە توندو تۆڵی

قۆناغەکانیانو زیرەکانە ڕێکیان دەخاتەوە، وەك بڵێی جیرۆکەکە چەند شەپۆڵێکی بازنەکان، ئازادی وەچەی نویێو سەرەتای شۆڕشی نوێی تاکەکەسو لە هەمان کاتدا دەبن بەویژدانو کۆی کۆمەڵو بەرفراوان دەبنو بەرتەسك دەبنەوە، تا لە ئاکامدا جارێکی تر بەرفراوان دەبن، بەمەش مەوداکانی ئەزموونەکە دەردەخەن، کە تاکەس (حاجی باپیر) دوودیو بەخۆوە دەگرێ کۆنو نوێ. لە کردنی مەرگ بە ژیانێکی نوێ، لە ترازاندنی پاڵەوانی کۆن لە ماهیەتی پێشووییو بەرجەستەبوونی لەواقیعێکی نوێو پێشکەوتوودا کە مەرگ دەبێتە زیندووبوونەوەیەکی نوێو، رابوونێکی نوێ دوای شالاوە بەربلاوە بەدنا وەکانی ئەنفالوجینۆسایدو تێکدانی ژێرخانی کوردستان. بۆیە زەمەنی چیرۆکەکە هەڵدەکشێ، ڕابردووو ئێستە بەخۆوە دەگرێ، هێزی باوەڕ سەردەکاتوواقیعیەتی خەونەکە دەوری سەرەکیی خۆی دەبینێ.

داڕژانی مەرگ لە ناو ژیاندا، یاخود ژیان لەناو مەرگدا وێنەیەکی وەسفکاری گەشو بایەخدارە، کە بۆچوونو ئارەزووکردنو نوێکردنەوەی چیرۆك لای (ئاسۆ حەسەن) دەردەخات، کە دەتوانم بڵێم لەو چیرۆکانەی هەڵسەنگاندن جیا دەکاتەوەو، بەو هەواو کەشە تایبەتەو تامو چێژە جیاکەرەوەی چیرۆکی ((نەهاوەند)).

چیرۆکەکە هەڵوێستی چیرۆکنووسمان بۆ دەردەخات کە توانیویەتی لەرێگای وێنەکێشانی ململانێی هاودژەو داڕشتنی کاری درامی کە یاساکانی بەرەو پێشەوەچوونو خەملاندن دیارییان دەکەن سەرکەوتن وەدەست بێنێ. دەسەڵاتی تەواوی چیرۆکنووس بەسەر کەرەسەی چیرۆکەکەو هونەرکارییەکەی لەوەوە دێ کە نەیویستووە ڕێنماییی خوێنەر بکاتو هەموو سێبەرو گۆشەو کەلێنو قوژبنە تاریکەکان ڕۆشن بکاتەوە، وەك یەکێك کە هەموو شتێك دەزانێو نایەوێت شتێك لە بیربکات، بۆیە هەرچی زانیاریو شارەزاییی هەیە دەریان ناخات.

بۆ ئەوەی نەبێتە بابەتێکی ڕووتو رووکەش. هیچ هونەرێکیش نابێتە هونەرێکی راستەقینەو رەسەن، ئەگەر هونەرمەند هەموو نهێنییەکانی درکاند، تەنانەت (پۆل ڤالێری) هەردەم دەیپرسی ((ئەگەر نووسەر زیاتر لە پێویست لە خۆی گەیشتو خوێنەر بە درێژاییی کات ئاگادار بوو، دەبێ ئاکامی لەزەتو خۆشی چی بێ؟) دەبێ ئەنجامی ئەدەب چی بێ؟ چاکترین هۆشمەندی ئەوەیە کە کارامەیەکی شاردراوە بێت بۆیە بواری بزاڤی کەسانی چیرۆکەکەی داوە. بە ئارەزووی خۆیان دەجوولێنو هەڵسوکەوت دەکەن، تەعبیرلە بیروڕاو بۆچوونو ئارەزووی خۆیان دەکەن. شوێنەوارێکی دەستکردی بە ئەنقەست بۆ مەبەستی تایبەتی

نووسەر بەدی ناکرێ، وەك بڵێی خاوەن قەبارەی سەربەخۆی خۆیەتی هەر وەك (بلاك) دەڵێ: ((دەبێ نووسەر شەخسی نەبێت)). ئەم راستییەش راستگۆیی‌و ئەمانەتی نووسین دەردەخات، کە چیرۆکنووس بەهاوڵاتیانی (نەهاوەند) و پێشمەرگەکانی ناوەوەو دەرەوە شەرەفی ئینتیمای ڕەسەن‌و دڵسۆزی نیشتمان‌و نەتەوەییان پێ ڕەوا دەبینێ، ئەم چیرۆکەش چ لە رووی بونیاتنان‌و زمانی دەربڕین کە زمانی چیرۆك ئامێزەو پشت بەبزاڤو ڕووداوو وێنەکێشان دەبەستێت‌و بەشێوەیەکی هێمن‌و راستگۆو دەستپاك‌و ئیقاعی رەوتێکی لەسەرەخۆ بینایەکی ئارام، لە ڕێگای تێهەڵکێشانی رابردوو و ئێستاو، ڕاونانی ڕابردوو لەلایەن ئێستەو هێزو پێزێکی ئەوتۆیان پێ بەخشیوە کە مافی ئەوەی هەبێ بچێتە خانەی ئەو چیرۆکە گرنگ‌و سەرکەوتووانەی کە بەشانازییەوە پێگەی شیاوی خۆیان لە ناو ئەدەبی نوێی میللەتەکەماندا دەکەنەوە.

## به دواداچوونێك
## له بارەی دەسەڵاتی ڕۆشنبیری، ڕۆشنبیریی دەسەڵات

فوئاد مەجید میسری دەرگەی باسێکی گرنگی خستووەتە سەرپشت کە هەفتەنامەی (گوڵان) ژمارە (١٠٨) دا پێشوازیی لیّ کردووەو، لە هەمان کاتدا داوای بە دواداچوون لە نووسەران کراوە کە لەو دەرگەیەدا بێنە ژوورەوە، هەرچەندە ئەم باسەوەك تەوەرێکی ڕۆشنبیریو فیکریو سیاسیو هونەرکاری ڕەنگە نووسەر ئەو تواناو دەسەڵاتەو بوێریو چاونەترسییەی لە خۆیدا بەدی نەکات، کە بیّ باکانە قەرەی خۆی لەو جۆرە باسانە بکەویّ. کە تا ئێستا نەك ڕۆشنبیری بیّ دەسەڵات نەیوێراوە بە کامی دڵی خۆی رای خۆی دەربڕێت، بەڵکو ئەو سیاسەتمەدارانەی کەسەر بەم لاو ئەولاش نینو تا ڕادەیەك هەندیّ بایەخو حاڵەتی تایبەتیش هەن دەیانپارێزنو قسەکانیشیان باجو سەرانەیان لەسەر نییە، حزبایەتی هەموو شتێکی لەبیر بردوونەتەوە، ئەمڕۆو دوێنێش بەرژەوەندیی تایبەتی چ حکوومەتی بەناو سۆشیالیستو چ سەرمایەداری لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیاندا کارو ڕەفتاریان کردووە، زۆرجاریش نێوان وتەو کرداریان ئاسمانو ڕیسمان بووە. دوای نەمانی جەنگی سارد (شەڕەقسە) و کەڵەگاییی ئەمەریکاو تاکە بلۆکیو پاوانکردنی گۆڕەپانی جیهان، ڕاستە سەرمایەداری کە ئەمڕۆ ئەمەریکا پێشڕەوایەتیی دەکات. لەسایەی سیستەمی نوێی جیهاندا کە دروشمەکەی چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوایەتیو دیموکراسیەتو پاراستنی مافی مرۆڤەو کە بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر ڕووکەشەو تەنیا ڕواڵەتە، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرە سوودو قازانجێکی بۆ ئەو گەلو نەتەوانە هەیە کە دووچاری زەبرو زەنگی ڕژێمی دیکتاتۆری بوونو هانا دەبەنە بەر ئەو نەزمە نوێیە کە هەرنەبیّ بەناوی مافی مرۆڤەوەش بێت دەنگێکی لێوەبێتو فریایان کەوێت. سەرمایەداری ئەمڕۆش سەرمایەداریی چەند ساڵێك بەر لە ئەمڕۆنییە، ئەگەر سیستەمی بەناو سۆشیالیستوێڕای چەندین لایەنی ئیجابی کە ماوەی (٧٠) ساڵ توانیی پێشکێشی گەلانی ژێر سایەکەی خۆی بکات، بەڵام نەیتوانی شانبەشانی شۆڕشی تەکنەلۆژیاو داهێنانەکانی ڕژێمی سەرمایەداری هەنگاو بنیّ‌وەك سەرمایەداری نەیتوانی خۆی نویّ بکاتەوەو دەبیّ ئەم

حەقیقەتەش بزانین کە ئیمپریالیستی سەردەم، ئیمپریالیستی نوێیە، ئەو ئیمپریالیزمەی کە لەولاتە ڕزگاربو وەکاندا لە دەرگەوە بەدەرنراوە لە پەنجەرەوە هاتووەتەوە ژوورەوە بەم پێیە ئەمڕۆ سەرمایەداری بەرژەوەندیی خۆی دەپارێزێت و، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆی نوێ دەکاتەوەو سوود لە هەلەکانی پێشووی ئەو ولاتانە دەبینێ کە خۆیان بە سۆشیالیست لە قەلەم دەداو بەدەستی میللەتەکانی خۆیانەوەك دەولەت لەناوچوون. ئەو هاوکێشەیەی کە دوێنێ وەکو شتێکی ڕەهاو لە قالبدراو سەیر دەکرا، ئەمڕۆ دیوێکی تر بە خۆوە دەگرێت. ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە بلێین. ئەوەی لەگەلماندا نەبێت دوژمنمانە، یاخود تەنیا دوو ڕێگا هەیە سێیەمیان نییە. یا لەگەل ئەمە یا لەگەل ئەوەبە، بۆ نموونە سیستەم و حزبی سۆشیال دیموکرات بە لادەرو گومڕا دەدرانە قەلەم. کەچی زۆر ولاتی سۆشیال دیموکرات گەورەترین دەسکەوتیان پێشکێش بە ڕۆلەکانی گەلەکانی خۆیان کردووەو ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ ڕەخساندوونەو کۆمەلێك گیروگرفتی سیاسیو ئابووری و ڕۆشنبیریو کۆمەلایەتییان چارەسەر کردووە، کە سیستەمەکانی ئەورووپای ڕۆژهەلات ((بلۆکی سۆشیالیست)) نەگەیشتنە ئەو ئاستە. ڕاستە نیزامی نوێی جیهان کە ئەمڕۆ ئەمەریکا ڕێبەرایەتی دەکات بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی پێ دەپارێزێتو، مەبەست لە دەرکردنی سوپای داگیرکەری عێراق لە خاکی (کوێت) ڕزگارکردنی کوێت نەبوو بەقەد ئەوەی دەسەلات گرتن بوو بەسەر بیرەکانی نەوتی کوێتو سعوودیەو عێراقو هیی تر. لێدانی سەدام حوسێن نەبوو بەقەد ئەوەی هەلتەکاندنی ژێرخانی عێراقو هەلوەشاندنەوەی ئەو سوپایە بوو کە زۆربەی سامانی نەوت بۆ پڕچەك کردنی تەرخان کرابوو، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەتوانێ ڕاست بێتەوەو ببێتە سەرچاوەی هەڕەشەو مەترسی بەرانبەر ئیسرائیل. ئەگەر عێراق سوپای خۆی لە کوێت کێشاباوە یا نە کێشاباوە وەکو یەك بوو بۆ پیادەکردنی مەبەستو نیازەکانی هاوپەیمانی دژ بە عێراق بە تایبەتی ئەمەریکاو بەریتانیاو هەر دەبووایە زەبری کوشندەی لێ بدرێتو وێران بکرێت، وەك وێرانیان کردو، لەو خالانەی کە دەستنیشان کرابوون گوایە شوێنی سەربازیو ستراتیژین دەرچوو. ڕاستە شەڕی دووەمی کەنداو لەبەر خاتری کوێت نەبوو، هەروەها تاوانبارکردنی لیبیاو ئێران بە دەولەتی تیرۆریست لەلایەن ئەمەریکاوە وەك ڕووناکبیرو فەیلەسووفی فەرەنسی (گارودی) لە دیدارێکدا شی کردووەتەوە، ئەو بۆچوونە نییە کە تەعبیر لە ڕاستییەك بکات بەقەد ئەوەی ململانێی سەر کانییەکانی نەوتەو ئەمەریکا گەرەکیەتی دەستیان بەسەردابگرێو دابەشکردنەوەی نەوتی ناوچەکەیە لە نێوان زلهێزەکانی دنیا.

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەخزێنێتە ناو ئەم بابەتە، ئایا ئێمەی کورد سوودمان لەو شەڕەی دووەمی کەنداو بینی یا نا؟

- ڕاپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱و هەڵبژاردنی پەرلەمانو حکوومەتی هەرێمو ڕاگەیاندنی فیدراڵیی بەدوادا نەهات؟ ! هەر لە سایەی سیستەمی نوێی جیهاندا نەبوو کوردستان کرا بە پەناگەی ئاسوودەو دانانی خەتی ۳٦ دژی لەشکرکێشیی عێراق لە زەوی‌و ئاسمانەوە بۆ سەر کوردستان؟و بەروبوومی ئەو پاراستنەی نێودەوڵەتی نەبوو؟ لە کاتێکدا کە ئەو سیستەمەی سەرمایەداری بەرژەوەندیی ستراتیژی خۆیان پێ دەپارێزن، لە بەرژەوەندی ئێمەش دابووەو دایە کە بزانین چۆن لەسەر زەوی واقیع هەنگاو دەنێین؟ چۆن مامەڵەت لەگەڵ ئەو بارودۆخە لەبارەی بۆمان ڕەخساوە بکەین؟، کاری وا نەکەین کە ڕقی ئەمەریکای پێ بکەینەوەو کوردستان بکەین بە گۆڕەپانی مەیدانخوازی دژ بە ئەمەریکاو لەژێر چەتری ئەودا ئەو بەشە ئازاد کراوە والآ بکەین بۆ دەستێوەردانی ئەو لایەنەی دژی دۆزە ڕەواکەمانو دژ بە ئەمەریکاشە، تەنانەت ڕێگای لەشکرکێشی پێ بدرێتو بە ئارەزووی خۆی لە گۆڕەپانەکە تەراتێن بکات. بشمانەوێ لە ئاستی ئەم هەڵوێستە دژکارییەی خۆمانو ئەودا ناڕەحەتو نیگەران نەبێت. ڕاستە ئەمەریکا تەعبیر لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی دەکات لە ناوچەکەدا، بەڵام بۆچی ئێمە بەرژەوەندی خۆمان لەبەرچاو نییەو دەکەوینە ژێر کارتێکردنو فشاری حکوومەتەکانی ناوچەکەو ئەو ئەزموونەی ئەمڕۆی بەرهەمی ڕاپەڕین کە خەریکە فاکتەری خودی خۆی لەدەست بداتو فاکتەری دەرەوە دەیپارێزێتو لەحاڵەتی شپرزەدایەو دوور نییە بەرەو هەڵدێر بچێت ئەگەر بەخۆماندا بچینەوەو پشت بە خۆمانو دۆستەکانمان نەبەستین. دەبێ ئەمەریکا چ بۆ ئێمە بکات کە خۆمان بەدەستی خۆمان دوژمنانی داگیرکەر بەخۆمان خۆش بکەینو لەو ناوەدا ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا کە بەرژەوەندی هەردوو لامانی تێدایە بە هەند هەڵنەگرینو مەودا سیاسییەکەی ڕەچاو نەکەین، دەبێ بەتەمای چی بین کە ئەمەریکا بۆمان بکات؟

ئەو تەقەلای زۆری داوە کە خۆ لەشەڕ بپارێزینو چارەنووسی خۆمان بە ئێرانو عێراقەوە نەبەستینەوە، ئامادەشە یارمەتیمان بداتو ناوبژیش دەکات کەچی کێ بەرپرسیارەو نایەتە ژێربار؟ ئەمە حاڵەتێکە بەدیوی دەرەوەی دەسنیشان ناکرێت، چونکە تا ئێستا دیوی ناوەوەی مەسەلەکان ئەگەر لای هەندێکیشمان ئاشکراو ڕوون بێت، مادامەکی ئەوەی لەژێر بەڕەکەدایە نەهاتووەتە سەر بەڕە، ناکرێت بەڕاشکاوی لێی بدوێین. هەرچەندە هەر وەکو وتم تا ئێستە لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی گۆڕەپانی شەڕ لەبەر هەر هۆیەك بێت نەیانتوانیوە ڕاستییەکان

بۆ جەماوەری خەڵك ڕوون بکەنەوە، جا ئەگەر ئەمە حاڵی واقیعی ئەمڕۆی حزبە کوردستانییەکان بێت، چۆن داوا لە ڕۆشنبیر دەکرێت کە هەڵوێست بنوێنیٚ؟ کە بارودۆخی ئەمڕۆ وای کردووە خۆی بە ڕاگەیاندنی ئەم حیزبو ئەو حیزبەوە ببەستێتەوە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هیچ ڕووی بەراوردکاری نییە کە لە ڕوانگەی پێش ڕاپەڕینەوە سەیری هەڵوێستی ئەمڕۆی ڕۆشنبیر بکرێتو بەیەك چاو سەیر بکرێن، پێشتر کێشەیەكو دۆزێك لە ئارادابوو، ئەگەر خۆبەستنەوە بە ڕێکخستنی حزبیشەوە نەبووبیٚ هێڵێکی ڕاستو ڕەوان هەبوو کە هێڵی نیشتمانیو کوردایەتی بوو، ڕۆشنبیری خاوەن هەڵوێست پابەندی بووو بە ئومێدەوە دەژیاو بەرگری لە دۆزێك دەکرد وەك هەڵوێستێکی مەبدەئی بیٚ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشتیٚ بێت لەم لایەنو ئەو لایەنەوە. هەڵوێستی خاوەن هەڵوێستو ڕەسەن لە شاخو لە شاردا تەعبیری لەو ڕاستییە دەکرد کە بڕوای پیٚ هەبوو، ئامادەبوو قوربانی لە پێناویدا بدات، بەڵام دوای ڕاپەڕین گۆڕانکارییەکی تەواو هاتەکایەوە کە پێوەرەکان سەراوژێر کرانەوە. ئەو پیرۆزییەی لای نووسەر هەبوو نەما. هەرچەندە ئەوکات تاڕادەیەك دەکرا ڕۆشنبیران بە ئاسانی پۆلێن بکرێن. خاوەن هەڵوێستوکڕنوشبەرو چۆکدادەر دیاری بکرێن، دوای ڕاپەڕین کار لەکار ترازاو پێشبڕکێی زۆریو بۆری بۆ دەنگدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانو ڕاگەیاندنی شەڕە قسەو چەندین حاڵەتی دی هەردوو جۆری لەیەك سەنگەرو لەژێر یەك خێوەتدا کۆکردەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لەناو ڕۆشنبیراندا کەسانیٚ نین لە ئاستی لێپرسینەوەو ئەرکی مێژوویی کۆمەڵایەتییدا نینو ڕۆڵی شیاوی خۆیان لەناو ڕووداوەکاندا نەبینیوەو خاوەن ڕاوبۆچوونی خۆیان نەبوون، تەنانەت لەو ڕاگەیاندنەی کاریشیان تێدا کردوون یاخی نەبوونو ئەگەر باجو سەرانەشیان دابێت؟ ! هەڵوێستی جوامێرانەو ڕەسەنانەیان نەنواندبیٚ؟ ڕووبەڕووی دەسەڵات نەبوونەتەوەو ئەگەر جاروباریش بێت بە ڕاشکاوی ڕاستییەکان نەدرکاند بیٚ؟ هەرچەندە ئەم جۆرە ڕەفتارەش ئەوەندە سانا نەبووە لە ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە موغامەرە کردن بووەو نان بڕینو تەنانەت هەڕەشەکردنی تیرۆریشی بەدواوە هاتووە. لە کاتێکدا نابیٚ ئەو، حەقیقەتە بشارینەوە کە مرۆڤ خۆی بەرهەمی باری ئابووریو کۆمەڵایەتییەو هەڵوێستی ڕۆشنبیر بەرامبەر ڕووداوەکان بە سەرکێشی لەقەڵەم دراوەو ئەگەر سەر بە دەسەڵاتیش نەبووبیٚ یاخود بووبیٚو هێزیشی لەدواوە بێت، مادامەکی دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگدانەوەو بەرهەمی ڕەفتاری دیموکراتییەت نییەو، ئەو دیموکراتییەتەی لەوڵاتانی رادیکالیدا پەیڕەو دەکرێت لەوڵاتی ئێمەدا ئەو بنجو بنەمایەی نییە

چەترێکی پارێزەر بۆ پاراستنی مافی دەربڕینو ئازادیی دیموکراتی. تائێستەش مەسەلەکان بە تەواوەتی ساغ نەبوونەتەوەو بەتەواوەتی یەکلایی نەبوونەتەوە بەپێی ئەوەی تەنیا دیوی دەرەوەیان ئاشکراو بەرچاونو دیوی ناوەوەی نهێنییەکان نادیارنو، هاوکێشەکان زوو زوو دەگۆڕێنو ئاڵوگۆڕ دەکرێن. ناپاكو بەکرێگیراو بە میزاجی شەخسیو حیزبی دەکرێن بە شەرەفمەندو نیشتمانپەروەر، سەنگەری دژ دەکرێتە سەنگەری هاوپەیمانو دۆستی ئازیز. بەهاو داوونەریتە باڵاکان سەرەوژێر دەکرێن، بە پێی پاشکۆییی خۆبەستنەوە بە رەوڕەوەی ئەوەی لەگەڵمانە دۆستمانە خەڵك چەواشە دەکرێنو ڕۆشنبیریش بۆ بەرژەوەندیی خۆی شان دەداتە بەر ئەو پرۆسە نارەوایە، کە زۆر چاکیش دەزانێ لە دڵو دەروونەوە بڕواو قەناعەتی پێ نییە، چونکە ئەمرۆ لای هەندێ ڕۆشنبیر،. بەتایبەتی ئەوانەی لە هەموو سەردەمەکانیان داوە، ئیلتیزام لای ئەوانە پابەند بە بەرژەوەندیی تایبەت بە خودی خۆی نەك گشتی. هەڵبەت ئەمرۆش حاڵەتەکە نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەو ئاستی دوو خەتی جیایی سەر بە بەرژەوەندیی باڵای گەلو نیشتمانو دژەکەی هەتاوەك (مەکسیم گۆرکی) بەڕووی ڕۆشنبیرانو نووسەرەکانماندا بتەقێنینەوە پێیان بڵێین: ئێوە لەگەڵ کێن ئەی نووسەران، هەڵوێستی خۆتان دیاری بکەن؟ هێشتە مەسەلەکە یەکلایی نەبووەتەوەو زۆریشی نەماوە ماسكو دەمامکەکان لە ڕووە راستەقینەکاندا هەڵماڵرێنو بە تەواوەتی ڕاستییە شاردرا وەکان، نهێنییەکانی پشت پەردەو پەناکان دەرکەون.

ڕەنگە هەندێ ڕۆشنبیری هۆشیارو جیهانبین، بەبیری قووڵو شیکردنەوەی زانستییانە دیوی ناوەوەی مەسەلەکان بخوێننەوە، خودە هۆشیارو قووڵەکە ڕاستییەکان لەناو بابەتە شاردرا وەکاندا وەك کارێکی داهێنەرانە بدۆزێتەوە، چونکە ئەگەر داهێنەرو دروستکەر هەرچەندە بیەوێت لەزەویی واقیعدا دووركەوێتەوەو بە دووباڵی فەنتازییانە بەرەو ئاسمان هەڵکێشێ، هەرگیز لەواقیع دوورناکەوێتەوە. تەنانەت ئەوانەی کە سیاسەتیشیان لا بقەیەو خۆی لێ بەدوور دەگرنو جۆرە بێزارییەك دەردەبڕن، ئەو کارو هەنگاوانەش لە سیاسەت بەدەر نییەو ژیانیش بێ سیاسەتو سیاسەتمەدار ناچێتە سەر، هەرچەندە بەلای منەوە هونەرمەندو ڕۆشنبیر نابێت وەك خەڵکی سیاسی کارو ڕەفتار بکەن. ڕەنگە سەنگەر گۆڕین، بەلای سیاسەتمەدارێ ئەگەر قەناعەتیشی بەو سەنگەرەی بۆی دەگوێزرێتەوە نەبێ کارێکی ڕەوا بێت، بەڵام سەبارەت بە ڕۆشنبیرەوە بە گرانی لەسەر دەوەستیو ڕاستگۆیی خۆی لە دەست دەدات، ئەگەر گواستنەوەکە بە بڕواو قەناعەتەوە نەبێتو لە ئەنجامی بۆ پێشەوە چوونو خۆدۆزینەوەو

دەرکەوتنی ڕاستییەکانەوە نەبێت. ئەو حیسابەی بۆ نووسەرو ڕۆشنبیرو هونەرمەند دەکرێ بۆ سیاسی ناکرێ، بۆیە دەبێ ڕۆشنبیری ڕاستگۆو خاوەن شەخسیەتی خودی خۆهەڵوێستی ئیجابی بەردەوامی هەبێت لە ئاستی هەر هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە چوونی پڕۆسەی شارستانیو ژیاری، ئاشتیو دیموکراتی، برایەتیو تەبایی، وڵاتپارێزیو نیشتمانپەروەری، ئەگەر ئەرکەکەشی کارێکی ڕاگەیاندن بووبێ، بزانێ کە ڕاگەیاندن چۆنی بەکاردێنێ، چۆن ڕۆشنبیرییەکەی خۆی بەشێوەیەکی ئیجابیبانەو زیرەکانەو ژیرانە لەگەڵێدا ئاوێتە دەکاتو دەیکاتە کارێکی داهێنەرانە، بەقەد ئەوەی کە لەو کارەیدا سەرکەوتوو دەبێت خزمەتی خودی خۆی وەك شەخسێکی خاوەن دەنگو ڕەنگو سەنگ دەکات لە هەمان کاتدا، نابێتە پاشکۆو ڕۆبۆتی ئەو ڕاگەیاندنەی کە ئیشی تێدا دەکات، بەڵکو تامو بۆیەکی نوێو خۆشی پێ دەبەخشێو ئاستی ڕۆشنبیریی ڕاگەیاندنەکەش بەرز دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا تەنیا ئەوەندە دەڵێموەك کاك فوئاد ئاماژەی بۆ کردووە کە ئەو ڕۆشنبیرانەی ((کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری نەیانتوانیوە بیانکەنە بورغوویەك لەناو ئامێرە گەورەکەی ئەو سیستەمەدا، ئەو توێژە، لای کەم لەو حەقیقەتە تێگەیشتوون کە سیستەمی دیموکراسیو مافی مرۆڤ بە پاپۆڕی زەبەلاحو فڕۆکەی جەنگیو مووشەکی دوورهاوێژ ناگوێزرێنەوە))

ئەوانە کە خاوەن باگڕاوندی فیکرو ئایدیۆلۆژیای تایبەت بە شەخسیەتی خۆیانن زۆر چاك لەو سیستەمە نوێیەی جیهان گەیشتوونو ئاکامی سەردانەکەی لە چییەوە هاتووە، بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستییەش بنێین، وێڕای ئەو دوو دیوو ڕووەی کە ئەو سیستەمە بە خۆوەی گرتووە، دەرفەتێکی باشو لەبار ڕەخساوە بۆ گەلانی چەوساوەو ژێردەستە بە تایبەتی گەلی کوردستان، ئەگەر بە عەقڵێکی کراوەی دیپلۆماسییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەینو زیرەکانە سوودی لێوەربگرینو هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ بنبڕ بکەینو هەنگاو بەرەو ئاشتییەکی عادیلانەی سەرانسەری کوردستان بنێینو باری ئاڵۆزی پشێوی ئەمڕۆی ئاسایی بکەینەوەو، ژیانی هێمنیو ئاسوودەییمان جارێکی تر تێدا بگەڕێتەوە خۆ ئامادەبکەین بۆ هەڵبژاردنێکی تری پەرلەمانی کوردستان. کە بەدۆستو دوژمنانمان ڕابگەیەنین ئێمە میللەتێکی بەش خوراوو ئاشتیخوازین مافی خۆمانە بەدەستی خۆمان کاروباری کوردستان هەڵسووڕێنین. ئەو حەلە دۆزی نەتەوایەتیمان لە سنووره مرۆڤخوازییەکەیدا دەردەچێتو مەودایەکی سیاسی بەخۆوە دەگرێتو، بەدووریشی نازانم وەك کێشەی (قوبرس) بارودۆخێکی لەبار لەسایەی ئەو

سیستەمە نوێیەی جیهانی ئەمڕۆدا بێتە کایەوەو دان بەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی خۆمان بێنن‌و ئەو فیدراڵییەی کە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی تا ئێستا دژی نەوەستاون هەنگاوێك بێت بەرەو ئەو خەونەی لەسەر بناغەی زەمینەی واقیعدا بینا دەکریٌو لە دوارۆژێکی نزیکدا دەبێتە ڕاستییەکی بەرچاو سەرەتاش هەر لە خۆمانەوە، لە ئەزموونەکانمانەوە هەنگاو بە هەنگاووەك کاری ڕۆژانە (تاکتیك) دەست پێ دەکات، بەرەو ستراتیژی نەتەوەیی، ڕۆشنبیریش‌وەك لایەنێکی چ سیاسی، چ هونەرمەند، چ نووسەر لە پاراستن‌و بەرەوپێشەوەبردنیدا لێپرسراوەوەك ئەرکێکی مێژوویی و ڕۆشنبیری. گوێ پێنەدان خۆ بێ دەنگ کردن لە ئاست گەمەکانی ناوەوەو ناوچەکەو نێودەوڵەتی بەو ئەزموونەو دۆزە سەرەکییەکەمان ((دۆزی ستراتیژی)) لە ژێر هەر پەردەو هەر مەبەستێك بێت، تاوانێکی گەورەیەو، هەر نوشستی‌و نسکۆیەك‌و بەرەو هەڵدێرێکی ئەم ئەزموونەی دوای ڕاپەڕین زەبرە کوشندەکەی بەر لە هەموو توێژو چینێکی گەلەکەمان بەر ڕۆشنبیران دەکەوێت‌و ئەوان زیاتر لەکەسانی تر دەبێ باجەکەی بدەن بە حوکمی ئەوەی کە لەناو قاوغی ڕاگەیاندنە هەمە جۆرەکاندا بوون‌و بزاڤیان هەیە. ئەگەر ئەمڕۆ کوردستانی ئازادکراو لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆدا کرابێتە دوو بەش‌و سنووری دەستکردی بۆ کێشرابێت. دەبێ ڕۆشنبیر چیی تر پابەندی ئەم حاڵەتە ناهەموارە نەبێت‌و بەقەد تواناو ڕێگاپێدانی ڕادەربڕین‌و بۆچوونی خۆی ئەو سنوورە بشکێنێ‌و لەگەڵ هەر کارێك کە لە بەرژەوەندیی ڕەوتی بەرەوپێشەوە بردنی بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەکەماندایەو ئاسۆیەکی گەش‌و فرەوان لەبەردەم ڕۆشنبیری‌و ئازادیی بیروڕا دەربڕین‌و بنەماکانی دیموکراسی بە ڕاشکاوی دەکاتەوە ببــێ‌و، بەر لە بەڕ بە خۆیدا بدات‌و سیاسەتی ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە بەلاوە بنێ. ئەگینا ئەگەر زەنگی ترسناکی ئەو ئاگرەی لێ بدرێت بەر لەهەموو کەسێ گڕەکەی دەست‌و زمانی ئەو دەسووتێنێ، ئەگەر بەڕاستی‌و دروستی ڕۆشنبیرێکی ڕەسەن‌و خاوەن هەڵوێستی شەرەفمەندانە بێت ئەوەندە هۆشیارو جیهانبین بێت کە بەر لە زەنگ لێدانەکە ڕووە دەمامککرا وەکانی گەمەکانی دەستنیشان کردبێت‌و، بەر لە خوێندنەوەی ڕەنگ‌و ڕوخساریان دڵ‌و دەروونیانی خوێندبێتەوە.

# به دواداچوونی
# هونەرێکی شانۆیی لە هەولێر هەبوو

پێشەکی حەزم دەکرد لە ناو بەشدارانی ڕاپرسییەکەدا دوو هونەرمەندی ئەکادیمیی تر کە بەڕێزان ((تەڵعەت سامان)) و ((فەرهاد شەریف))ن ڕاو بۆچوونی خۆیان هەبووایە، بەتایبەتی مامۆستا (تەڵعەت سامان) وەك دەقنووسو دەرهێنەر، ئەوکاتە بەشداران تاڕادەیەکی باش توانیویانە ئەو کەلەبەرو بۆشاییانەی کەوتوونەتە ناو ڕەوتی شانۆی کوردی لە سەدەی ڕابردوودا، دەستنیشان بکەنو ئەم بەسەرکردنەوەیەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی بەجێیە کە گۆڤاری ((ڕامان)) ناویەتیو جێگەی دەستخۆشییە.

هونەرمەند (**چەتۆ حەسەن**) ڕاستی بۆ چووە کە شانۆی شارەکەمانو شانۆکاران لە سەرەتاکانی حەفتاکانو هەشتاکاندا لە قۆناغێکی پرشنگدارو زێڕیندا گەشەیان کردووە، بەڵام فاکتەرو هۆکارەکانی گەشەکردنەکەیانی دەستنیشان نەکردووە، کە دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە پتەوبوونی مەچەکی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بدەین کە ڕێککەوتننامەی (١١) ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠)ی بە دواداهاتو تاڕادەیەك کەشو هەوایەکی ئازادانەو دیموکراتییان بۆ ڕۆشنبیران، لە ناویاندا شانۆکاران ڕەخسا کە بە کامی دڵ تەعبیر لەواقیع بکەنو ئازادانەتر بێنە مەیدانو تەکان بە ڕەوتی شانۆ بدەن. دەکرێ لێرەدا هونەرمەند ((سەباح عەبدوڕەحمان)) بکەم بە نموونە کە لەو بوارەدا ڕەوتی هەبوو وەك کاراکتەرێکی لێهاتووو دەرهێنەر. دوا بە دوای ئەو کەسانی تر هاتنە پێشو جیهانی شانۆی کوردییان لە هەولێر دەوڵەمەندکرد وەك تەڵعەت سامانو فەرهاد شەریفو سەفوەت جەڕاحو سەعدوون یوونسو موئەیەد فەقێو سەلام کۆییو هی تر. کە هونەرمەند ((ژیلوان تاهیر)) ئاماژە بە شانۆی هەشتاکان دەکات کە لە پایتەختدا لووتکەی شلەقاندنی جەماوەر بوو، دەروازەی ڕاپەڕین بوو، دەتوانم ئەو تەکاندانە دانەبڕم لەو دیاردە شانۆکارییەی کە سەرشارەکەی سلێمانی بوو، کە بە ڕاستی لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا، بە حوکمی بوونی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هونەرمەندی لێهاتووی وەك ئەحمەد سالارو شەماڵ عومەرو کامەران ڕەوفو نیگار حەسیب قەرەداخیو فرمێسك مستەفاو چەندین هونەرمەندی ترەوەك دەقنووسو دەرهێنەرو

کاراکتەر، ڕەنگدانەوەیەکی تەواویان لەسەر شاری هەولێر هەبوو، کە هەموو ساڵ ئەو شارە فیستیڤاڵێکی گەورەو فراوانی لێ ساز دەکراو لە شارەکانی تریش بەتایبەتی هەولێر ڕوویان تێ دەکردو چەندین نمایشی شانۆکاری پێشکێش دەکران‌و دەخرانە بەردەم لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو بەستنی چەندین کۆڕو سمینارو نووسین لەسەر هەر شانۆگەرییەك بە کوردی‌و بە عەرەبی لە لایەن ڕەخنەگرانی کوردو عەرەبەوە، هەڵبەت لەوواقیعە نوێیەدا ڕەخنە لە کەموکووڕییەکان دەگیرا، هونەرمەندان بە خۆیاندا دەچوونەوە، هەروەها شانۆ بووبووە چەکێکی کاریگەری هۆشیار کردنەوەو بەرزکردنەوەی ورەو وزەی جەماوەر بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە شۆڕشی گەلەکەمان‌و داکۆکیکردن لە دۆزە ڕەواکەی.

هونەرمەند (**موئەیەد فەقێ**) باشی بۆ چووە کە دەڵێ: ((هەولێر شارێکی پڕ ئەزموونە، کولتووری نەتەوەو ئاینە کۆنەکانی سەردەمی خۆی بووە... هەرگیز دوور نەبووە لە ئەدەب‌و ڕۆشنبیری‌و دراماو شانۆ))، بەڵام ئەو بابەتە کۆنانەی کە بۆ شانۆ تەوزیف کران، نەگەیشتنە ئەو ئاستەی کە بە شێوەیەکی نوێ بخرێنەڕوو، لە سلێمانییش گەڕانەوە هەبوو بۆ کولتووری نەتەوەییمان: خەج‌و سیامەند، نالی‌و خەونێکی ئەرخەوانی، جزیری وانەی عەشق دادەدا، کێشەی چوون‌و نەچوون‌و هی تر. بەڵام نوێکارییان تێدا بەرجەستە کرابوو. کە بەڕێز موئەیەد پرسیار دەکات‌ووەڵامیش دەداتەوەو دەڵێ: ((ئایا ئەو شانۆکارانە کە ئێستا - کار دەکەن، لە توانایاندا هەیە، هونەرێکی شانۆیی دیکە بنیات بنێن؟وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر سەختە، هونەرمەندان ناتوانن ڕاستەوخۆ، خۆیان لە قەرەی ئەم پرسیارە بدەن، بە ڕاست‌و ڕەوان لە ناو ئەوان توانیویەتی، بینەر بۆ خۆی دروست بکا؟ کێ لەناو ئەوان دەتوانێ ڕۆژێك لەسەر شانۆ بەردەوام بێت‌و ئێواران دەست لە ملانێی بینەران بێت؟ ئەم پرسیارانە هەر هەمووی وەڵامی ڕاست‌و ڕەوانی پێویستە. چۆن دەتوانێ هونەرێکی شانۆیی تر بنیات بنرێ؟

**چەتۆ حەسەن:** جارێکی تر دروستکردنی شانۆ لە هەولێر سەرلەنوێ بە پەیدا کردن‌و بەوەدەست هێنانی بینەری شانۆی ڕاستەقینە دەست پێ دەکا ئەویش بە بەیەکگەیشتنەوەی شۆڕەسوارانی سەردەمی زێڕینی هەولێرو لاوە دڵسۆزەکان ئەوانەی پڕ بەدڵ هەوڵی بەرەو پێشبردنی شانۆ دەدەن. لەژێر دروشمی با هەموو هەوڵەکانمان یەك خەین لەپێناو شانۆیەکی پێشکەوتووو گەشاوە، وە گەڕخستنەوەی شانۆ بەدەقی خۆماڵیی ڕەسەن. دروستکردنی ڕەخنەگری بێلایەن‌و ڕاستگۆ، ڕەخنەکان لەپێناو دروستکردن بن نەك ڕووخاندن. دووركەوتنەوە لە هەموو ئەو دیاردانەی کە ئاستی هونەر دادەبەزێنن لە کارە هونەرییەکانیان‌وەك ململانێی،

نێوان هونەرمەندان، کارکردن بە میزاج لە لایەن دەرهێنەرەکانەوە. بەبیر هێنانەوەی ڕۆژانی دێرینی شانۆ لە ڕێگا ی تەلەفزیۆنەکانەوە، بەرێکخستنی مێزگردو باسکردنی شانۆ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە بکرێ کە دەستێکی باڵایان هەبووە لە بەرەو پێشەوەبردنی شانۆ. هاندانی هونەرمەندە لا وەکان، بۆ کاری سوودبەخش‌و دوورکەوتنەوە لە کاری لاسایی بێ کەڵك، بوونی چەند هۆڵێکی تایبەت بەکاری شانۆیی، گەڕان بەدوای نووسەرانی خۆماڵی‌و هاندانیان، لەگەڵ پێوەندیکردن لەگەڵ تیپە میللییەکانی عێراق‌و گۆڕینەوەی پسپۆری‌و شارەزایی‌و مێوانداریەتی کردنی هونەرمەندان‌و سەردانی تیپەکان‌ووەرگێڕانی ئەو دەقانەی کە نزیکن لە داوونەریتی کوردەواری.

**عەلی ئەحمەد:** پێش هەمووشت دەبێ حکومەت بەبێ جیاوازی پاڵپشتی شانۆکاران بکات. پێویستە شانۆکانیش بگەڕێنەوە سەر دۆخی جاران، نەك لە هاوینان ببێتە گەرماو، لەزستان لە سەفین ساردتربێ. پاڵپشتی شانۆکاران بکرێ‌و هەر شانۆگەرییەك بودجەکەی بە زوویی بدرێت‌و ڕەت نەکرێتەوە.. پێویستە شانۆکاران لەناو خۆیان کۆنگرەیەك ببەستن تابزانن بۆ شانۆ لە هەولێروای بەسەرهات؟ چی پێویستە بۆ زیندووکردنەوەی؟ هونەرمەندانی شانۆ پێکەوە کار بکەن بە جیاوازی بیروڕایان. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بینەرە بزرەکەی شانۆ، با ئەوەشمان لەبیر نەچێ، دەبێ شانۆ سەربەخۆ بێت‌و ئازادی تەواوی هەبێت.

**غازی غەفوور:** بەڕای من بیرێك لە بەڕێوەبەرایەتیی شانۆ بکرێتەوە ئەو پارەیەی لەو بەڕێوەبەرایەتییە سەرف دەکرێ، بەپارەکەی دەتوانرێ تیپێکی شانۆییی گەورە پێك بهێنرێت کە ساڵانە چەند بەرهەمێك پێشکێش بکات.

**ژیلوان تاهیر:** بەدیراسە کردن‌و لێکۆڵینەوەی شانۆیی زانستی، دەتوانرێ شانۆیەکی نوێ بنیات بنرێ، سازدانی کۆنفرانسی تایبەت بە شانۆ بۆ لابردنی هۆکارە نێگەتیڤەکان‌و شێوازی چاککردنیان. دامەزراندنی تیپی شانۆی نیشتمانی، کە نوێنەری هەر چوار شارەکەی کوردستانی تێدا بێت، ئەکتەر لەسەر بنەمای زانستی وەربگیرێت‌و شانۆی ڕەسەنی کوردی پێشکێش بکرێت.

دامەزراندنی لیژنەی شانۆیی کوردی، یان یەکێتیی شانۆکارانی کوردستان، بۆ ئەوەی غەم‌و مەینەتییەکانی شانۆی کوردی بگرێتە باوەش. ڕێگادان بە خەڵکی بەهرەدار، تا زەمینەیان بۆ خۆش بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن داهێنان بکەن. گەڕانەوەی شانۆکاران بۆ باوەشی شانۆ، بە تایبەتی ئەوانەی کەبە هۆی باری ئابووری ڕوویان لە **ڤتا** کردووەو چاکردنەوەی هۆڵەکان‌و

تەواوکردنی پێداویستییەکانیانو دروستکردنی شانۆیەکی نویێ لەسەر سیستەمی نوێی شانۆکارانی ئەورووپاو پێویستە لەسەر ئاستی هونەریو جەماوەر ڕاپرسی بکرێت.

**موئەیەد فەقێ:** زۆرم پێ سەیرە کە دەڵێن شانۆی دیکە. مرۆڤ ساڵ بەساڵ مێژوو بۆ خۆی تۆمار دەکات، چ لە ڕوانگەی پاکییەتی چ لە ڕوانگەی نەهامەتیی هونەری. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین شانۆو جەماوەر لە یەکتر نزیك بکەینەوە، ئێستا ساڵانی حەفتایەکان نییە مرۆڤ لە شوێنی تایبەتمەندی خۆی دابنرێ. پەیدابوونی هونەرمەندی مشەخۆر ئەوانەی دەیانەوێ لە پەنای شانۆوە مەبەستە گڵا وەکانیان ئەنجام بدەن. بۆ ئەوەی بەتەواوی هونەری شانۆمان بەگەڕ بخەینەوە، با لە جەماوەر نزیك ببینەوە، بزانین چیی دەوێ. پێویستە هونەرمەندانی شانۆ لە هونەرەکانی دیکە خۆیان یەکلا بکەنەوە، بابگەڕێنەوە بۆ سۆزی دایکایەتیی شانۆ.

ئەگەر بڵێیت: گرفتی دارایی هەیە، ئەمە هیچ بیانوو نییە، هەرچەندە شانۆ پیرۆزە، بەڵام مرۆڤ لە شانۆ پیرۆزترە. بێژن، تۆ ئەی نووسەری شانۆیی سەردەمی هەردوو دەیەی زێڕین توانات تێدا نەماوە. تۆ ئەی دەرهێنەر. هەرچەندەوەڵامەکەی بۆ هەمووانوەك یەك نییە، وەك خۆی دەڵێو پێی وایە پرسیاری لا وەکان لەم گرفتە لە هەمووی گرنگترە، چونکە ئەوانن بۆشاییی ڕاستەقینەی شانۆ پڕدەکەنەوە. هەر خۆشی پرسیار دەکات: ((ئایا ئەوان جێگەی ئومێدن، بەڵگە چییە؟ کێ لەوان.))

بۆچوونی من لەو گرفتە تەنیا خودی هونەرمەند نییە لە نوێکردنەوەدا، هەرچەندە تاڕادەیەکیش چ لاوەکە، چ بەتەمەنەکە بەرپرسە لە دواکەوتنی شانۆ، بەڵکو ئامرازە نوێیەکانی شانۆ، پێداویستییەکان، لە هۆڵی گونجاو، ڕووناکی، دیکۆر، دەنگ کە کەرستەی پێویستن بۆ لایەنی دەرهێنان تا ئێستاش لای ئێمە لە ئاستی خواستی هونەرمەنداندا نین، هەروەها ئاستی ڕۆشنبیریی هونەرمەندی شانۆکار ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشکەوتنی شانۆدا هەیە، لاوانی ئەمڕۆ کە بەکوردی دەخوێنن، لە کوردیشدا ئەوەندە سەرچاوەی تیۆری لە بواری شانۆدا نییە کە تینوویەتیی خوێنەر بشکێنێ، بۆیە شانۆی کوردی لە هەولێر ئەوەی لێ ڕەچاو ناکرێو چاوەڕوان ناکرێ کە لەسەر دەستی لا وەکان پێشکەوتنێکی جۆری لەڕووی تەکنیكو دەرهێنانو نواندنەوە بە خۆیەوە ببینێ.

هونەرمەند **(غازی غەفوور)** لە دوو شوێندا. ئاماژە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی شانۆ دەکات کە پارەیەکی باشی بۆ تەرخان کراوە کە بەو شێوەیەی هەیە بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سستبوونی شانۆی لەقەڵەم دەدا، بەلای منەوە دەکرێ، ئەم لایەنە چارەسەر بکرێ لەرێگا ی ئەو

هونەرمەندانەی کە لە دەرەوە هاتوونەتەوەو پسپۆڕییان لە شانۆدا هەیە. ئەرکی بەڕێوەبردنی شانۆیان پێ بسپێردرێ کە ئەمڕۆ شانۆو سینەما لێك جیاکراونەتەوە، کارێکی باشە، پێشتر گۆڤارێکی وەکو سینەماو شانۆ دەردەچوو، تاڕادەیەك باش بوو هەرچەندە سکرتێری نووسینی لەو ئاستەدا نەبوو ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکە بەڕێوە ببات‌و ڕووی داوە، کە نووسینی نووسەرێکیان‌ون کردووەو بڵاونەکراوەتەوە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە، گۆڤارێکی تایبەت بە شانۆو گۆڤارێکی تایبەت بە سینەما دەربچێت.

هونەرمەند **(عەلی ئەحمەد)** پەنجە دەخاتە سەر خاڵێکی گرنگ، ئەویش پشتگیریکردنی بێ جیاوازیی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە لە شانۆکاران، بەڵام بەلای منەوە دەبێ ئاستی هونەریی شانۆکاران ڕەچاو بکرێ، هەروەها کە جەخت لەسەر سەربەخۆیی و ئازادیی شانۆ دەکاتەوە، ئەمەشیان خاڵێکی گرنگە، چونکە لە کەشوهەوایەکی ئازادانە نەبێ، داهێنان‌و ئەفراندن لە دایك نابن.

لەناو بۆچوون‌و تێبینییەکانی هونەرمەندانی ناوبراودا، باس لە نەبوونی ڕەخنەگری بێ لایەن‌و ڕاستگۆ دەکرێ. جارێ بەر لە هەموو شتێ هەرکەسێ هەستا لەسەر نمایشێکی شانۆکاری نووسینێکی بڵاو کردەوە، ئەم کارە ئەوە ناگەیەنێ کە نووسەرەکە ڕەخنەگرە، ڕەنگە نووسینێکی ڕووکەشی سەرپێیی بێت، چونکە ڕەخنەگری ڕاستەقینە، ئەو کەسەیە شارەزاییەکی باشی لە قوتابخانەو ڕێبازەکانی شانۆکاری هەیەو باکگراوندێکی دەوڵەمەندی لەبارەی هونەری دەرهێنان‌و نواندن هەیە، (لەپاشان ڕەخنەگر دەبێ بێ لایەن بێ)، چونکە کەس نییە بێ لایەن بێت، کە تەنیا ڕەخنە دەنووسێ بێ لایەن نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین ڕەخنەگر سەربەخۆ بێ‌و شارەزایی لە هونەری شانۆکاری هەبێ.

من لەگەڵ بۆچوونەکەی هونەرمەند **(چەتۆ حەسەن)**م کە پێوەندی لەگەڵ هونەرمەندانی نەك تەنیا عیراقی، بەڵکو کوردیش لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بکرێ، بۆ سوودوەرگرتن‌و بیروڕا گۆڕینەوەووەرگێڕانی ئەو دەقانەی کە لەگەڵ‌واقیعی ئەمڕۆو ئایندەی کوردستاندا دەگونجێن، بکرێنە کوردی‌و لە قاڵبێکی کوردی دابڕێژنەوە، هەروەها دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بە شانۆ، یان تەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت بەشانۆو مێزگردو بەستنی کۆڕو پێشکێشکردنی بەرنامەی شانۆکاری لە ئێزگەو تەلەفزیۆندا زۆر پێویستن بۆ تەکاندان بەرەوتی شانۆو نابێ ئەوەندە ڕەشبین‌و نائومێد بین کە ناکرێ لەو قەیران‌و ئاستەنگەدا شانۆی کوردی لە پایتەختی هەرێمدا دەرباز بکەین، کە هۆیەکی هەرە سەرەکی ئەو حاڵەتە بۆ باری بژێوی

هونەرمەندان دەگەڕێتەوە کە عەودالبوون بەدوای نان پەیداکردن تووشی خەمساردیو کات نەبوونی تەواو بۆورووژاندنی کارکردنی شانۆکاری کردبوون، هەروەها شەڕی ناوخۆیی چەند ساڵێكو کەرتکردنی هەرێمی کوردستان بۆ دوو دەسەڵات، ڕەوشەکەی زیاتر ئاڵۆز کردبوو کە دابڕانێکی تەواو لەنێوان هونەرمەنداندا دروست بیو ئاگاداری ئەزموونو کارە هونەرییەکانی یەکتری نەبنو سوود لە یەکتری وەرنەگرنو بە خۆدا نەچنەوە کە بۆچی ئاستی شانۆ لەهەولێردا هاتووەتە خوارەوە؟ بۆ جەماوەرەکەی کەم بوو؟ هەرچەندە من کەمبوونی بینەران بە هۆیەکی دواکەوتنی شانۆ لە قەڵەم نادەم کە ئەمڕۆ هەستی پێ دەکرێ بەقەد ئەوەی کە بە پلەی یەکەم بۆ ئاستی تێگەیشتنو هۆشیاریو سەرقاڵبوونی بەکاری تر دەگەڕێتەوە، لەهەمان کاتدا جۆری شانۆگەری ڕۆڵی خۆی هەیە لە پەیداکردنی خەڵك، ڕەنگە شانۆگەرییەکی ئاست نزمی کۆمیدی جەماوەرێکی زۆری هەبێ، کەچی شانۆگەرییەکی ئاست باڵا کە بۆ ڕۆشنبیری دەستەیە، ئەوەندە بینەرەی نەبێ.

لە کۆتاییدا دەڵێم من گەشبینم بەوەی کە بەهۆی ئەوەی باری ئابووری بژێوی هونەرمەندانی شانۆکار بەرەو باشی دەچێ، لەئاکامی بەرزبوونەوەی مووچەو ڕێزلێنان، ڕەوشەکە گۆڕانێکی باش بەخۆوە ببینێو هونەرمەندان، بەتایبەتی ئەوانەی پسپۆڕییان لەو بوارە هەیەو کارەکتەرو دەرهێنەری بە تواناو نووسەری خاوەن قەڵەمی بەبڕشتن، جارێکی تر بتوانن شانۆ لە هەولێردا بخەنەوە سەرپێو تەکانێکی گورجی بەرەو پێشەوەو نوێکردنەوەدانی پێ بدەنو بەوزەی لەبارو تەکنیکی تازەوە لە دەیەکانی حەفتاکانو هەشتاکان ڕەتی کەنو ئەو ئەزموونگەرییەی کە گوایە هیچی بە هیچ نەکرد، ئەزموونگەرییەکی تر بێتە کایەوە کە نوێکردنەوە بەخۆیەوە ببینێو تەنیا لە قاڵبێکی فۆرماڵیدا نەگیرسێتەوەو هەولێریش لە سایەی ئەووزەو توانا هونەرییەی کە ئێستا تووشی سستیو تەمبەڵی بووە، جارێکی تر ڕو وەکەی بگەشێتەوەو نانو ئازادی هاندەری تەواوبن بۆ کردنەوەی ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەم هونەرمەندانی شانۆکار کە خەمێك لە خۆیانو پیشەکەیانو گەلەکەیان بخۆنو بیر لە ڕابردوو نەکەنەوە کە تێپەڕیو ناگەڕێتەوە، بەڵکو بە دیدو تێڕوانینێکی ڕوونو دروستەوە بڕواننە ئایندەی شانۆ لە هەولێری پایتەختدا، کاری جیددیانەی بۆ بکەنو هاڤبڕکێی هونەری و ڕەسەنایەتی بەردی بناغەی پێشکەوتنی کارەکانیان بێت.

# شانۆگەریی " دارتوو"ەکەی هونەرمەند گەزیزە شاکارێکی داهێنەرانە بوو

سالّی (١٩٨٨) بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی شانۆوە، لە ماوەی ڕۆژانی میهرەجانی شانۆدا، نمایشێکی هونەرمەندی لێهاتوو (گەزیزە)م بینی ئەویش ((سروودی ئازادی)) بوو کە دەقێکی وەرگێڕدراو بوو.

بە ئەزموونێکی شانۆگەریی نوێ، کە بەشانۆی (مۆنۆ دراما) یا (مۆنۆ ئەکتەر) لە قەڵەم دەدرێ، وزەی خوڵقێنەری داهێنەرانەی خۆی بەرجەستە کرد. دەتوانم بڵێم هیچ لەو باوەڕەدا نەبووم ئافرەتێك ئەوەندەوزەو توانایەی هەبێ بەو بێنو هەناسە درێژییە ئەو جۆرە شانۆگەرییە پێشکێش بکات. کە هەر خۆی کارەکتەرو دەرهێنەریشی بێ. ئەم شێوەیە زیاتر پشت بە پوختەکردنەوەی کارەکتەرو دیکۆرو ڕووناکیو مۆسیقاو دیمەنو ئێکسسوارو فرەبەش دەبەستێو پەنادەباتە بەر بزاڤی لەشو دەربڕینو بەکارهێنانی هێماو رەمزو تێکەڵکردنی چەند ئامرازێکی هونەرکاریی کە بینەر لە دەروونەوە هەست بە گرنگیو بایەخی ئەم جۆرە شێوازە دەکات تا ئاستی توانەوە لەناو شانۆگەرییەکەدا.

ئەو ڕۆڵەی کە گەزیزەی هونەرمەند بێ پشوودان وەك بڵێی شانۆیەکی یەك بەشی پێشکێش دەکات، هەرچەندە کە ماوەی درێژبوو، بەڵام شوێنو کات تێکەڵی یەکتر بووبوونو بەجۆرێ ئاوێتە بووبوون کە تاکە دیکۆرەکەی، ئەو تەلەفۆنە گەورە بوو لە رێگای دایەلۆگو مەنەلۆگەوە کەسانی بزرو نادیار، ئامادەیی خۆیان دەنواند. نامەوێ زیاتر لەسەر ئەم نمایشە بدوێم کە لێرەدا مەبەستم نییە، بەڵام تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئێمەی بینەرانی شانۆگەرییەکە خۆمان لەبیر کردبوو کە بینەرین، بەڵکو هەستێکی ئەوەندە قووڵو ڕۆچوو لە شادەمارەکانماندا دەگەڕاو ئەوەندەورووژابووین تاڕادەیێ لە سەرسام بوون دەرچووبوو. ئەوە بوو سێ کەسمان دوای کۆتایی نمایشەکە خۆمان پێ نەگیراو، لەجیاتی پیرۆبایی لێ کردنی ڕێزی زۆری خۆمان بۆی بە ماچکردنی دەستی دەربڕی.

نمایشی دووەمی ئەم هونەرمەندە گەورەیە کە سالّی (١٩٨٩) لە هۆڵی پەیمانگای هونەرە

جوانەکانی سلێمانیدا پێشکێشی کرد شانۆگەریی (دار توو) بوو کە ئەمەشیان فەتحێکی تر بوو لە شانۆی کوردیدا، ئەمجارەیان بە دەقێکی کوردی، دەربڕی واقیعێکی بەرچاوی تراژیدیی گەلی ستەمدیدەمان بوو. خۆشی ئەکتەرو دەرهێنەر، واتا یەك کەسایەتی بە گۆشتو خوێنی لەجیاتی چەند کەسایەتییەكو دیکۆرێکی خاکەرا، ڕووداوی بە چڕوپڕی، دەربڕینی هەستی دەروون، هەڵچوونی سایکۆلۆژی، پەنا بردنە بەر ڕەمزو ئیحاو سرووشو بەکارهێنانی تەوژمی هۆشو مەنەلۆژی دەروونی، دەربڕینی خولیاو بیرو بۆچوونی نالۆژیکیو هەستکردن بەبێ دەسەڵاتیو نائومێدی بەرامبەر چارەنووسو کۆمەڵێ خەسڵەتی تر.

بابزانین هونەرمەند (گەزیزە) لە شانۆگەریی (دارتوو)دا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەقە کوردییەکەدا کردووە، چ جۆرە گیانێکی لەبەر کردووەو نمایش کردنەکەی لەچ ئاستێکی داهێنەرانە بوو؟. بەر لە هەموو شتێكوتەیەکی گروتۆویسکی بە نموونە دەهێنمەوە کە دەڵێ: ((تەکنیکاریی کەسیی ئەکتەر نواندنی کاکڵی هونەری شانۆیین، ئەمە مانای ئەوە نییە من حەق بە دەق نادەم، چونکە دەق نووسرابێتەوە یا بیرۆکەیەك بێت لە مێشکدا گەڵاڵە بووبێ، بنچینەو کەرستەی شانۆیە، بەڵام مەسەلەی لە بواری ئەفراندندا چۆنیەتیی مامەڵە کردن لەگەڵیدا دەمێنێتەوە کە بە شێوەی شانۆ دەردەهێنرێت)).

شانۆنامەی (دارتوو) ی یاخود (هیوا) ی بێ سەروشوێن کە قوتابییەو لەماڵەوە دەرچووەو تاریکیش داهاتووە کەچی نەگەڕاوەتەوە، دەقێکی درامیی تراژیدییە، بەرجەستە کردنی باری دەروونێکی پەشێوو شڵەژاوو نیگەرانیی دایکێکە کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی جگەرگۆشەکەی دەکات، لە ڕۆژگارێکی پڕ مەترسیو کارەساتی جەرگبڕانەو کەشی چارەنووسی نادیار.

پیادەکردنی کارێکی لەم جۆرە، ئەوەندە ساناو حازر بەدەست نییە کەوزەو توانایەکی خولقێنەری گەرەك نەبێ. بەر لە هەموو شتێك هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ خۆپیاکردنی جەماوەری شەیدایانی شارەکانی گەزیزە، کە ئێمە بەزەحمەت توانیمان بچینە ژوورەوە جێی خۆمان بکەینەوە، (دایکی هیوا)، گەزیزەی هونەرمەند، دیواری چوارەمی نێوان خۆی وەك ئەکتەرو بینەروەك جەماوەر ڕووخاند، وەك حاڵەتێکی خۆنەویستو دەوربینییەکەی وەك دایکێکی ڕاستەقینە بەخێرهاتنێکی گەرمی خەڵکەکەی کردوەك بڵێی (هیوا) لەماڵەو ئەو خەڵکەی دێنە ژوورەوە بۆ سەردانی ئەو هاتوون، نەك ڕۆڵێکی نواندن دەگێڕێ، لە دواییدا پێکردنی فانووسو چەند جارێك لە باوەشکردنیو خامۆشکردنیو سەرەتاتکێی پەنجەرەو بەو ئومێدەی کە هیوا دەگەڕێتەوەو ئومێدی نەبڕێتو پەنا بردنە بەر دارتووو کتێبو دەفتەرکانی،

ئەمانە چەند ڕەمزو دەلالەتێکی زیندووو کاریگەر بوون بۆورووژاندنو جووڵاندنی بینەر بۆ تێگەیشتنی کرۆکی ڕوودا وەکەو بەستنەوەی نێوان بەهای درامیو تراژیدی، کە ئەم جۆرە پێکەوە بەستنە بیرۆکەی هونەرکاریی کارە ئەدەبییەکە دەرەخسێنێ، کە دەقێکی نووسراو، یا لە مێشکدا گەڵاڵە بوو لە ڕێگای نمایشکردندا بەرجەستە دەکات. هەروەها حاڵەتی تێکچوونو شڵەژانو دڵەڕاوکێو نیگەرانیو پەشێویی هونەرمەند گەزیزە، ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییەی ڕەخساند، کە ئەو پێوەندییەویژدانیو سۆزدارییەی دەربڕیو ئەو ڕەگەزانەی دەرخست کە ڕووداوە درامییەکەیان داڕشتووەو پێکیان هێناوە، واتا بینا درامییەکەیان خولقاندووە.

هەروەها پەنابردنە بەر ڕەمزەکانووتووێژکردن لەگەڵیاندا هۆکاری پێوەندیداری نێوان (هیوا) و دایکی و برادەرانیو منداڵانی گەڕەك بوون، کە دارتوو ڕەمزێکی گەشەداری خەباتو قوربانیدانی (هیوا) یە، هەڵبژاردنی دارتووش لەناو هەموو درەختەکانی تردا، لە سێ لاوە نیشانەی زیرەکیو بیرقووڵیی گەزیزەی هونەرمەندە، یەکەمیان: منداڵان زۆر حەز لە توو دەکەن. دووەم درەختی توو بەر لە درەختەکانی تر بەر دەداتو سێیەمیش لە بەهاردا بەری داوە، بەهاریش ڕەمزی نوێبوونەوەو بەردەوامبوونی ڕەوتی خەباتو نەپچڕانی ئەڵقەی خۆبەستنەوەیە بە ئومێدو گەشبینی، جگە لەوەی لەڕاستیدا بەری درەختی توو ملکی تاکە کەس نییە، هیی هەمووانەو مانای ئەوەیە ئەو بیروباوەڕەی کە (هیوا) نەمامەکەی ڕواند، زوو بەری گرت، تەنانەت تووڕدانی کتێبو دەفتەرەکانی (هیوا) لەلایەن گەزیزەی دایکییەوە نیشانەی ئەوەیە کە ڕژێم نرخی زانستو زانیاری لا نییە.

لە ڕووی ڕۆڵی نمایشو نواندنی شانۆگەریی (دارتوو)ەوە کە گەزیزەی هونەرمەند دەوری دایکی هیوای بینی، ڕاستییەکی سەلماند کە دوور لە نواندنی دەوری دەستکردو بە عەفەویەتەکی تەواو کە ئازاد بێ لە جووڵانی لەش، بە پشێویو گرژیو خاوبوونەوەی لەشو دەنگ گۆڕینی خۆی لە حاڵاتی پێویست، بە هەموو هەستو هۆشو خولیاوە لەگەڵ دەورەکەیدا گونجابووو سۆزی بەرجەستە کردبوو. بە دەربڕینی خەمو پەژارەو ئێشو ئازارو خۆشیو کامەرانی، بەهێزیو بێ هێزی خواستو ئیرادە، توانیی سەرنجو هۆشو گۆشی بینەر بەچ جۆرێ ڕابکێشێ کە یاری بەسۆزەکانی نەکات. توانی لە ڕێگای گۆڕینی ڕەنگو ڕوخسارو نەبرەی دەنگو بزاڤی ئەندامەکانی لەشی بگاتە هەستی ناوەوەو دەرەوەی بینەرو تەعبیر لە حاڵەتە تایبەتییەکانی دەروونیو پێوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە بکات. لەشەکەی کەرەستەیەکی نەرمو شل بوو، لە خۆیەوەوەدەنگ پاڵنەری دەروونیو حاڵاتی شاراوە بێ ئەوەی

زۆر له خۆی بکات، لەبەر ئەوە مۆرکی خۆنەویستیو خۆگرتنی پێوە دیاربوو، تا ڕادەیەك هەڵچوونی دەموچاو لەگەڵ هەڵچوونو گرژبوونی لەشدا کۆك بوو، دەربڕی ئەو حاڵەتە تراژیدییە بوو کە گەزیزەی هونەرمەند توانیی ئەوپەڕی سەرکەوتنوەدەست بێنێ، ئەمەشە خەسڵەتی ئەکتەری بە تواناو کارامە کە بتوانێ کۆنترۆڵی باری ناوەوەو دەرەوەی سۆزو هەستی بینەر بکات کە خۆی لەناو ڕووداوە تراژیدییەکەدا بدۆزێتەوە. ئەم زەمینە پتەوەی هونەرمەند لەسەری وەستاوە لەوەوە هاتووە کەوزەیەکی داهێنەرانەی بێ سنوور لە بزواندنی لەشدا هەیە، دەنگو نەبرەکانی فاکتەری یاریدەدەری ئەو زەمینە ڕەخساندنە بوو کە توانیی بە شێوەیەکی داهێنەرانە لە بارودۆخی واقیعی بەرچاوەوە بەرەو ناخی خولیای دەروونیو حاڵەتی خودی تایبەتمەند شۆڕبێتەوە. لەکۆتاییدا دوای (١٠) ساڵ کە ئەم چەند دێڕە لەسەر شانۆگەریی (دارتوو) دەنووسم لەکاتی خۆیدا لەبەر بارو هەندێ بارودۆخی سیاسی نەمتوانی شتێکی لەسەر بنووسمو ناوونیشانەکەی لە مێشکمدا گەلاڵە بووبوو بە ناوی (گزیزه تهز شجر التوت فتساقط ثمراً شهیاً). هیوادارم ئەم وزە داهێنەرو دروستکەرە بەردەوام بێو ڕەوشی خێزانی لەم بوارە گرنگو بایەخدارەدا دووری نەکاتەوەو بە گوڕیی جاران بێتەوە مەیدانو شاکاری بە پێزو داهێنەرانە پێشکێش بە هونەرە باڵاکەی بکات.

* ئەوسێ کەسە چیرۆکنووسی ناودار (جلیل القیسی) و شانۆنامەنووسی بەناوبانگ (محیەدین زەنگەنە) و من بووین..

# ئاوڕدانەوەیەك لە ڕەوتی هونەرکاریی شێوەکار
# " سلێمان شاکر "

## سەرەتای هونەری:

سەرەتا لە ژیانی هەموو کەسێکدا خاڵێکی گرنگەو ڕەوتی دواڕۆژ دیاری دەکات، بەتایبەتی سەرەتای نووسەرو هونەرمەند، ((سلێمان شاکر)) ی هونەرمەند لەو هونەرمەندە ناسراوانەی کە هەر لە منداڵییەوە سیماو نیشانەی بەهرەی هونەرکاریی تێدا دەرکەوت، ڕەنگە مرۆڤ لەو تەمەنەدا هەست بەو بەهرەیە نەکات وەك هیی تر تێبینی دەکەن، ئەوەی ئەم حاڵەتەشی لە هونەرمەنددا بەدی کرد مامۆستا کەریم ڕەئووف بوو، کە ئامۆزای هونەرمەندە، لە هەمان کاتیشدا مامۆستای بوو. ئەم بەهرەیە لەقۆناغی سەرەتاییدا خۆی نواند، کە لە ڕووی زانستییەوە بە قۆناغی دامەزراندن دەدرێتە قەڵەم. مامۆستا (سلێمان شاکر) یش هەر لە منداڵییەوە کە لە کۆیەدا دەیخوێند لە ماڵی مامی بوو، مامۆستا کەریمیش لە هەمان ماڵ بوو، هەڵبەت ژینگەیەکی ئاوا ڕەخساو، زیاتر کەشوهەوایەکی لەبار لەبەردەم ئەم منداڵە هونەرمەندە، خاوەن بەهرەیەی سازدا، بەتایبەتی دەست لەپشدانی ئامۆزاو مامۆستاکەیو ئافەرین کردنی زەمینەیەکی لەباری بۆ ڕەخساند، کە زیاتر ئارەزووی نیگارکێشانی لا بەهێز بێتو بەو ئومێدە خۆی پێ بگەیەنێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە هونەرمەند. ئەوەی کە من لە یادم بێت هاتنی مامۆستا (جابیر پیرداود) بۆ کۆیە، کە هونەرمەندێکی بەتوانابوو، دەرگای هونەری بۆ ئێمە زیاترواڵا کرد، ڕەنگە ئەویش تاڕادەیەك بەتایبەتی لە ڕێگای ئەو چالاکییە هونەرییانەی لە کۆتایی چلەکاندا لە کۆیەدا نواندی کارو ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر هونەرمەند (سلێمان شاکر) هەبێ. کە هونەرمەند سلێمان پێی نایە قۆناغی ناوەندی لە هەولێر، پێشوازیی لەقۆناغێکی تر کرد، ئەو حەلە مامۆستا **(جەواد رەسووڵ)** هەموو گیانی جموجۆڵو چالاکی بوو، ڕێگای هونەریی بۆ هونەرمەند سلێمان شاکر چاکتر ڕوون کردەوە، لە مامۆستاکانی تر ڕۆڵی بەرچاوو زیاتر بوو، لەماوەی سێ ساڵی قوتابخانەی ناوەندیدا، گۆڕانێك بەسەر هونەرمەنددا هات، زۆرشت فێربوو، ئامادەبوو کە دوای دەرچوون لە پۆلی سێیەم لە ڕێگای

بەهرەی هونەریو ئامادەبوونی دەروونییەوە دەرگایەك بۆ چارەنووسی خۆی بکاتەوە، یا ئەوەتا لە هەولێر دواناوەندی تەواو بکات، یا بچێتە خانەی مامۆستایان لە بەعقووبە، بەڵام کردنەوەی بەشی بەیانی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ساڵی (١٩٥٢) لە بەغدا، هاندەرێکی سەرەکیو بناغەیی بوو، کە لەو دەرگایەوە بچێتە ژوورەوەو خۆی لە باوەشی جیهانێکی نوێدا، لە پایتەختی عێراق بدۆزێتەوە، کە خەونە سەوزەکانی بهێنێتە دی. ئەوەبوو پەیمانگەی هونەرە جوانەکان باوەشێکی گەرمی بۆ کردەوە. کردنەوەی ئەم پەیمانگایەش ئەزموونێکی سەرەتاییو نوێ بوو لە ژیانی هونەرمەندا، بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا خۆی لە بەردەم ڕابەرانی هونەری شێوەکاری بینییەوەوەك:

جەواد سەلیم، فایەق حەسەن، عەتا سەبری، ئیسماعیل شێخلی، فەرەج عەبۆ هیی تر. هەرچەندە ئەوکاتە پەیمانگەکە لە ڕووی پێداویستییە هونەرییەکانەوە هەژارو نەدار بوو، قوتابیی نەدەکردە هونەرمەند، بەقەد ئەوەی دەیکردە مامۆستای نیگارکێشان، پەیمانگە هەرچۆنێك بێت ناتوانێ بە تەنیا مرۆڤ بکات بە هونەرمەند، کە هونەرمەند خۆی خەریکی چالاکیی هونەری نەبێو بەردەوام لە ناویا خۆی قاڵ نەکاتەوەو لە ڕێگای خۆ ڕۆشنبیرکردنو سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هونەرمەندانی ڕابەر، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ورەو بڕوا بەخۆکردن ڕێگای خۆی شەق بکاتو، لە ئەزموونەکانی خودی خۆیدا بژیی.

بێگومان ئەوەی زیاتر کەشوهەوای هونەری لەو پەیمانگەیەدا خۆش کردبوو، دوو هونەرمەندی تر بوون کە هەردووکیان کوردو خەڵکی سلێمانی بوون، هونەرمەند ئازاد شەوقیو هونەرمەند خالید سەعید. ئەم سەرەتایە بەردی بناغەی نەشونوماو پەرەپێدانی لایەنی هونەری بوو لای هونەرمەند (سلێمان شاکر).

## هونەرمەندی ڕێبازی ریالیزم:

هەر لە سەرەتاوە هونەرمەند (سلێمان شاکر) ڕێبازێکی ریالیزمی گرتەبەر، ئەو ڕێبازەش ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی هونەرمەند بوو، وەك مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز کە تەعبیر لەواقیع بکاتو گیروگرفتو دژوارەکانی گەلە چەوساوەو ستەمدیدەکەی بەرجەستە بکات، تا ئێستاش لەم ڕێبازە لای نەداوەو نەیویستووە لێی دوورکەوێتەوە، چونکە هەرچەندە هونەرمەند بییەوێ لەواقیع دووربکەوێتەوە بە خاڵێکی فەنتازییانە باڵ بگرێ، ناتوانێ لەو سنوورە دەرچێتو، بەلای ئەوەوە شتێك نییە لە سنووری واقیع دەربچێت. بەڵام لێرەوە دەبێت هەڵوەستەیەك

بکەین ئایا هونەرمەند مەبەستی لە ڕێبازی واقیعی، واقیعی فۆتۆگرافییە کە گواستنەوەیەکی میکانیزمی ڕووتەو هیچ جۆرە داهێنانێکی تێدا نییە، یاوێنەکێشانی ئەوواقیعەیە کە بە چاوی هونەرمەندانەو هەستێکی خودی دەیبینێ. هونەر لای سلێمان شاکر، ئەگەر لە تابلۆکانی وردبینەوە تەنیا ئاوێنەی ژیان نییە، بەڵکو هۆکاری تینووشکاندنی جوانناسیو لایەنی فیکرییە، واتە ئەو ئەزموونە جوانناسییەیە کە بینەر لەزەتی لێ دەبینێ. بینەر هەست دەکات کە هونەرمەند بەشێوەیەکی کارامە ئەو بابەتەی دەیەوێت وێنەی بکێشێ دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، دەزانێ چۆن هارمۆنییەتی ڕەنگەکان بەرجەستە بکات، لە پانتاییی تابلۆکەیدا بە وردی هەر شتێك لە شوێنی پەسەندی خۆی دابنێ، لەم ڕووەوە بایەخێکی تەواو بە توێکاری ((تشریح)) دەدات، کە بەداخەوە زۆر هونەرمەند ئەو لایەنە گرنگەیان فەرامۆش کردووە، جا ئەم خاڵە لاوازە لەبەر نەشارەزایی بێ، یا بە دەستی ئەنقەست بێ، یا بەنیازی زێدەڕۆیی. کە لە ئاستی تابلۆیەکانی هونەرمەند دەوەستیوورد دەبێتەوە، هەست بە جوانی دەکەیت، ئەو جوانییەش لە گونجانی پێوەندیو هاودژی موفرەداتەکانی ناو تابلۆیەکەدایە، کە تابلۆیەکە تەواو بوو، ناکرێ هیچ شتێکی تری بخرێتە سەر، یا لابرێت. هونەرمەندیش دەست لە تابلۆیەکە هەڵناگرێ تا تەواوی نەکات. هونەرمەند ئەو خاسیەتەی تێدایە کە لەپێوەندیی نێوان شتەکانو خستنە ژێر ڕکێفیان جۆرە جوانناسییەك بخولقێنێ کە مایەی سەرنجڕاکێشانو سەرسوڕمانی بینەر بێ.

(سلێمان شاکر) وەك هونەرمەندێك لە سەرەتادا کەوێنەی سروشتی دەکێشا، ڕاستەوخۆ لەناو ئەزموونەکەدا دەژیا، تا ئەو دواییە نەبێ، هەندێ جار پەنای دەبردەبەر وێنەی فۆتۆگرافی، هەرچەندە کتومت پابەندیش نییە بە وێنەکە، بەڵکو وەك سکێچ، وەك هونەرمەندە ئەورووپاییەکان بەقەد ئەوەی وەك کارێکی ڕەوا سوودی لێ دەبینێ، چونکە لای ئەو ژینگەو دەوروبەری سروشتی کە لە ڕاستیدا جیهانی ئەزموونی بە کردەیەو، جیهانێکی ڕاستەقینەیە، کە هەردوو دیوی (دەرەوە) وەك سروشت یا ژینگەی سروشتی، هەروەها دیوی (ناوەوە) کە لە دەروونی هونەرمەنددا پەنگ دەخواتەوە. ئەم حاڵەتەش هێزی ڕاستگۆییی هونەرمەند دەردەخات، لە دەروونێکی بە سۆزو بە جۆش دەخرۆشێ، کە ئەمەش دەربڕینی تەواوی ڕاستگۆییی هونەرمەندەو ڕەخساندنی سیستەمێکی شێوەی ڕەنگاوڕەنگی هاودژی کارلێکە، هێزو پێزی کارامەیی هونەرمەند بەرجەستە دەکات.

هونەرمەند (سلێمان شاکر) تەنیا لەسەر شەقامێکی هونەریی سەقامگیر هەنگاوی

هەڵنەهێناوە، بەڵکو وەك خۆی چۆن لە سروشتوواقیع دەگات ئاوا مامەڵەی لەگەڵ تابلۆکانی دەکات، بە پێی بۆچوونو شیکردنەوەی شەخسیی خۆی بەو جۆرە شێوازەش دەڵێین دەربڕینکاری زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ئێستاش جاروبار لە هەوای کراوەدا وێنەیان دەکێشێ، ئەمەش هەستکردنێکی قووڵە بە سروشت، ئەو تابلۆیانەی کە بۆی کێشاوین ئەم ڕاستییە بەرجەستە دەکەن وەك تابلۆی - دیمەنێکی شەقلاوە - کە بەڕەنگی ئاوییە، ساڵی (١٩٥٨) کێشاویەتی، هەروەها - بێخاڵ - کە ڕۆنییە ساڵی (١٩٩٧) کردوویەتی.

هەروەها لە هەندێ تابلۆی دیکەدا مۆرکی ئیمپریشنکاریی نوێیان پێوە دیارە کە هونەر زیاتر پشت بە ڕوانینی خۆی دەبەستێ لەوەی پەنا باتە بەرخەیاڵ وەك تابلۆی ((نێرگزفرۆشان - کە ڕۆنییەو بەرهەمی ساڵی (١٩٨٩) یە کە مەبەست لەم تابلۆیە جوانکاریی ڕووت نییە، بەقەد ئەوەی خۆشەویستی منداڵانی کورد دەردەخات کە لەسەر ڕێگای هاتوچۆی ئوتۆمبیلەکان وەستاونو چەپکێ نێرگزیان لە دەستەو دەست بۆ ڕێبواران درێژ دەکەنو ئاشتیو خۆشەویستییان پێ دەبەخشن، ڕەنگی گەشو کراوەی بەکارهێناوە کە تەعبیر لە ڕووگەشیی منداڵان دەکات، تەنیا یەکێکیان نەبێ کە لە بارێکی دەروونیی تایبەتیدایە. دابەشکردنی ڕەنگ خاسیەتەکانی گەشیو کۆکیو تەبایی نێوان ڕەنگەکان زامن دەکات لە هەندێ تابلۆی تریدا مۆرکی ڕەمزی بەدی دەکەین، ئەویش لە ڕێگای بەرجەستەکردنی بۆچوونو پێشبینیی خۆی، کە فۆرمێکی هەستپێکراو لەبەر هزرەکەی خۆی بکات، فیکرەکەی خۆی بەرەمز دەربڕێت، وەك تابلۆی (ئەنفالێکی تر)، کە دوای هەڵسانەوەی کۆڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١)، دۆزی کورد لە پشتەوە خەنجەری لێ دەدرێ. کە بەوردی فیکرەکەی داڕشتووە ناسکی شاردراوە، پێکهێنانی توندوتۆڵو ناسکیی ڕەنگی تەعبیریو وردەکاری ڕەنگڕشتنی هەستیار تێکەڵی یەکتر دەبن، گرنگ ئەوەیە کە هونەرمەند هەست بە پێویستییەکی ناوخۆیی دەکات، دەیەوێت دەری ببڕێت، جا ئەو دەربڕینە بەهەر شێوەیەك بێ، دەربڕینی ئەو پێویستییە دەروونییەش ئەگەر حاڵەتێکی عاتیفی، خۆشەویستی، غەریزی بێت، هەرچییەك بێ هەر دەبێ دەربڕێت، ئەمەش پێویستییەکە کە جێگر، ئەڵتەرناتیفێکی بابەتی گەرەکە، ئەویش ئەو تابلۆیەیە کە لە دەرەوەی دەروندا دەخولقێتو ڕەنگدانەوەی هەستێکی تایبەتی هونەرمەندە..

هونەرمەند ئەگەر هەندێ تابلۆی مۆرکی دەربڕینکاری یاخود ئیمپرێشن ئامێزی پێوە دیار بێت، زیاتر خۆی لەناو هونەری واقیعیدا دەدۆزێتەوە، ئەو هونەرەواقیعییەی نا کە لاساییکردنەوەو کۆپیکردنی واقیعەوەك قوتابخانەی سروشتی لە قەڵەمی دەدات، بەڵکو ئەو

هونەرەی کە دەرك بە هەرشتێ دەکات لە کۆمەڵو سەردەمەکەیدا لە هەڵسانەوەو ڕابووندایە، هونەری واقیعیو جوانیش ئاوێتە دەبن، ئەو واقیعییەتەی دەبێتە هێزێکی دینامیکی بزوێن کە جەماوەر دەورووژێنێو هۆشیاری دەکاتەوە کە هەست بە جوانی بکات، ئەگەر بمانەوێ کلیلێك بۆ چوونە ناو جیهانی هونەر بدۆزینەوە دەبێ لە پێشەوە لێی ورد بینەوە تا بزانین چ جۆرە کاریگەرییەکی دینامیکی دەڕەخسێنێ، ئەو دینامیکییەتەی پێوەندیی بە جوانییەوە هەیە، نەك هونەرێکی تەقلیدیی ڕووت. یاخود گواستنەوەیەکی فۆتۆگرافیو کۆپیکردنێکی کرچوکاڵ، بەڵکو ئەو هونەرە واقیعییەی کە تەعبیر لە هەر هزرێك دەکات کە نوێیەو خزمەتی گۆڕانکاری ژیان دەکاتو ئەو واقیعییەی کە بەرچاو تێکدەشکێنێو واقیعێکی تری لێ دروست دەکاتەوە کە لەگەڵ گیانی سەردەمو تێڕوانینی دوارۆژخوازیدا بگونجێ ((وەزیفەی هونەریش ئەوەیە کە هونەر بە کۆمەڵ هۆشمەندی بەو جیهانەی تێیدایە دەبەخشێ، هەروەها بەبوونی توانا ڕاستەقینەکانی))[1] لەم ڕوانگەیەوە هونەرمەند سەرچاوە دەگرێ، مامەڵەت لەگەڵ موفرەداتەکانی ژیانو جیهان دەکات، گرنگ ئەوەیە کە هونەرمەند ئەوپەڕی دڵسۆزی خۆی بەرامبەر ڕاستیو ڕاستگۆیی دەردەبڕێ، لەبەرئەوە هونەرمەندێکی واقیعی بێگەردەو ((هونەرمەند لە جیهانێکی واقیعیدایە، ئەو جیهانەی بریتییە لەو هێزانەی ژیان دروست دەکەن یاخود تێکی دەدەن، جا ئەمە پەسەند کات یا نەیکات، ژیان بەسەر دەبات))[2]

لە کۆتاییی ئەم نووسینەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەم کە ئەم نووسینەم زیاتر پێناسە کردنی هونەرمەندە، لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، هەر چییەکیش لەبارەیەوە بنووسین لەو ئاستەدا نابێ کە شیاوی شەخسییەتی هونەریو بەرهەمەکانی بێت، چونکە هونەرمەند جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەگەر تابلۆکانی وەك پانۆراما بە پێی زەمەن سەیریان بکەین، هەست دەکەین جگە لەو جیهانەی لە ئارادایەو هونەرمەند دەیەوێ بە ڕەنگ بەرجەستەی بکات، جیهانێکی تر هەیە کە تایبەتە بە خۆی، چۆن تێی دەگاتو مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هونەرمەند وێنەی ئەو جیهانە دەکێشێ بە هەموو ناکۆکییەکانییەوە، بە جوانیو ناشیرینییەکەیەوە، هەرچەندە خۆی زیاتر لایەنە جوانەکەی بەرجەستە دەکات، کە حەزی پێ دەکات، ئەمەش لایەنێکی گرنگو بنچینەییە لە ژیانی هونەریی سلێمان شاکردا. وەك هەست دەکەین، هونەرمەند لە شوێنی خۆیدا تەراتێن ناکات، لە گۆڕاندایەو هەمیشە لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیکی نوێیە، هەرچۆنێکیش بێت من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە ((شەخسیەتی کردگار دەوڵەمەندترە لە ئافەریدەکراوەکانی، کە خۆی دایان دەهێنێ، خۆی بۆ

ئەفراندنی نوێ ئامادە دەکات. ڕێککەوتیش نییە کە ئەمڕۆ بایەخدان بە گیروگرفتی کەسایەتیی نووسەرو، هونەرمەند بەگشتی ئەو بابەتەیە کە ئەو بایەخەی پێ نەدراوە کە شیاویەتی)). [3]

**پەراوێزەکان:**

١ و ٢: بڕوانە: الواقعية في الفن، تأليف سيدني فنكلشتين، ترجمة: مجاهد عبدالمعنم مجاهد - الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر.

٣- الواقعية اليوم وابدا، تأليف: بوريس بورسوف. ترجمة: كامەران قەرەداغی - دارالحرية للطباعة - بغداد ١٩٧٤

## ئاوڕدانەوەیەك لە كتێبی چەند لێكۆڵینەوەیەك لەبارەی ئەدەبی بەراوردكاریی پراكتیكی

ئەم كتێبەی لێی دەدوێین لەبەرهەمەكانی ((دكتۆر داود سلوم))ەو، بریتییە لە ٢٦٦ لاپەڕەو، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە. كتێبەكە دەچێتە خانەی لێكۆڵینەوەی ئەدەبیو ئێمەی كوردیش پێویستمان بەو جۆرە لێكۆڵینەوانە هەیە كە تا ڕادەیەك بتوانین سەر لەو جۆرە بابەتانە دەركەین كە سەبارەت بە ئەدەبی كوردییەوە شتێكی تازەیە، بگرە هێشتا ساوایەو پێی نەگرتووە.

نووسەر كتێبەكەی بە سەر چوار بەشدا دابەش كردووەو چوار دەروازەی بۆواڵا كردووە. دەروازەی یەكەم لە تیۆری ئەدەبی بەراوردكاری دەدوێ، ئەویشی كردووە بە سێ بەشەوە.

بەشی یەكەم: پێناسینو مێژووە، لە بابەت پێناسینەوە دەڵێ: دەشێ ئەدەبی بەراوردكاری بەو زانستییە بناسرێ كە بە دوای كارتێكردن دەگەڕێ لە ئەدەب لە هەموو ڕوویەكەوە، جا ئەگەر لە نێوان نووسەرێكو نووسەرێكی ترەوە بێ یاخود دوو زمان، یا دوو تەوژمی بیرییەوە بێ، هەروەها باسی گواستنەوەی بابەتە جۆر بەجۆرەكانی ئەدەبی دەكات لە نەتەوەیەكەوە بۆ نەتەوەیەكی تر، وە لەوەرگرتنو بەخشین لەنێوان گەلانی دنیا بە درێژاییی قۆناغە جۆربەجۆرەكانی مێژوو دەدوێ.

بەڵام ئەمەش وا پێویست دەكات كە كارتێكەرەكە لەنێوان ئەدەبیات یاخود تەوژمگەلی بیانیدا بێت ئەگینا لێكۆڵینەوەی كارتێكردن لە ناو یەك ئەدەبدا دەچێتە خانەی دزی كردنی ئەدەبی، ئەدەبی بەراوردكاری لێكۆڵینەوەی ئەدەبێكی بیانییە لە ئەدەبێكی بیانیداو لێكۆڵینەوەی دەرخستنی ڕێچكەو ڕەفتاركردنی ئەم كارتێكردنەیە.

بۆ نموونە ئەگەر لە كارتێكردنی چیرۆكی هیندی یا یۆنانیت پێچایەوە لە ((ألف ليلة وليلة)) یاخود كارتێكردنی ((ألف ليلة وليلة)) لە ئەدەبیاتی ئەوروپی ئەم باسە دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردكاری. بەڵام ئەگەر هەندێ لە چیرۆكەكانی ئەم كتێبەت گەڕاندەوە سەر ڕەگوڕیشەی عەرەبی لە كتێبی مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا ئەمە بە ئەدەبی بەراوردكاری نادرێتە قەڵەم.

لەوانەیە مەسەلەی وێکچوونی ئەدەبی لە کن نەتەوەکانی جیهان بخرێتە ڕوووەك شیعری سوارچاکی لە ئەلیادەو دیوانی عەنتەرە یاخودوەسفی گورگ لە کن شاعیران، ئاخۆ ئەوە بە ئەدەبی بەراوردکاری دەدرێتە قەڵەم یان نا؟

قوتابخانەی فەرەنسی ئەمە بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری ناداتە قەڵەم، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی سوود لەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبینێ.

ئێمە گومان ناکەین کە لێکۆڵینەوەی وێکچوونی ئەدەبی بە کەڵکی ئەو بابەتانە ناژمێردرێ کە بایەخ بە ئەدەبی بەراودکاری دەدات، بەڵام سوودێکی زۆری هەیە لە لێکۆڵینەوەی بۆچوونی دوو نەتەوە یا زیاتر لە بابەت بابەتێکەوە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەش ئەوە دەگەیەنێ کە کاردانەوەی مرۆڤ، یەکە، هەرچەندە جیاوازی لەنێوان نەتەوەکان هەبێ لە پلەی شارستانەتیو ژیاریدا.

دەبێ ئێمە نێوان پێناسینی ئەدەبی بەراوردکاری کە بایەخ بە دواگەڕان بە بەدوای ((سەرچاوەکان)) ی جوانی دەداو نێوان پێناسینی ڕەخنەی ئەدەبی کە لە دوای ((هۆیەکان)) ی جوانی عەوداڵە لێك جیا بکەینەوە کە باسی سەرگوزشتەو ژیاننامەی)) شاعیرانو ((ئەژمار)) ی بەرهەمەکانیان دەکات بە مەبەستی پێڕست دانان بەپێی سەرهەڵدانو پێشکەوتنیان.

لەبەرئەوە نووسەرێك بۆی هەیە لە سێ گۆشەوە لێکۆڵینەوە بکات، گۆشەی ئەدەبی بەراوردکاری گۆشەی ڕەخنەی ئەدەبیو گۆشەی مێژووی ئەدەب.

مەودای ئەدەبی بەراوردکاری لە ڕەخنەو مێژووی ئەدەب فراوانترە، ئەو چاودێریی ژیارییەکانو ئەدەبیاتەکانی دەکات، سەیری کارتێکردنی ئەم ئەدەبیاتانە دەکات لە یەکتری، لە جۆرە ئەدەبییە جیاوازەکان یاخود ڕێبازە فیکرییەکان، لەبەرئەوە پشت بە زنجیرەی مێژوویی، زانستی دەبەستێو سوود لەو مێژووە وەردەگرێ کە چاودێری دەرکەوتنی ژیارییەکانو ئەدەبیاتەکانیان دەکات.

لەبەرئەوە هەندێ لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەسەر بنچینەی ئەم کارتێکردنانە بنیات دەنرێ:

١ - کارتێکردنی ئەدەبی عێراقی کۆنو میسرو سووریا لە ئەدەبیاتی هیندیو پەهلەویو عیبریو یۆنانی و ڕۆمانی.

٢ - کارتێکردنی ئەدەبیاتی یۆنانی لە ئەدەبیاتی ڕۆمانیدا.

٣ - کارتێکردنی ئەدەبی عەرەبی لە ئەدەبیاتی عیبریو فارسیو هیندیو ئەورووپیدا.

٤ - کارتێکردنی ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی لە ئەدەبیاتی ئەوروپی.

٥ - کارتێکردنی ئەدەبیاتی ئەوروپی هاوچەرخ لە ئەدەبی عەرەبی نوێو هاوچەرخ.

دوای ئەوە دکتۆر سلوم دێتە سەر دەستنیشانکردنی شەخسیەتی لێکۆڵەرەوەی بەراوردکار کە بریتییە لە مێژوونووسی ئەدەبی لە نەتەوەیەك زیاترو ڕەخنەگر لە ئەدەبێك زیاترە، ئەو پسپۆڕیو شارەزاییە بەرفراوانەو بایەخدان بە دوو ئەدەب نیشانەو خاسیەتی لێکۆڵەرەوەی بەراوردکارە، دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێ:

١ - شارەزایی لە جۆرەها زمان هەبێ بە تایبەتی ئەو زمانانەی ئەدەبی بەراوردکارییان لەسەر بنیات دەنێو لە مەسەلەی وەرگرتنو بەخشینی نێوان دوو ئەدەب یا دوو نووسەر دەدوێ.

٢ - شارەزایی لە ئەدەبیاتی جیاوازو پێشکەوتنو گەشەسەندنو قۆناغی بڵاوبوونەوەیان هەبێ.

٣ - مێژوو باش بزانێ بۆ ئەوەی لە پێوەندیی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئاینی نێوان نەتەوەکان بگاتو چۆنیەتیی گواستنەوەی ئەم جۆرە کارتێکردنە بۆ سەر کارتێکردنی فیکری تر بزانێو کەی کارتێکردنی ئەدەبیو فەلسەفی یا هونەرکاری ڕووی داوە.

٤ - بایەخدان بە سەرچاوەو لێکۆڵینەوەو ئەو باسانەی لە ئەو ئەدەبیاتانە دەدوێن کە بایەخیان پێ دەداو یارمەتی دەدەن بگاتە ئەنجامی زانستیی ورد لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی کارتێکردنی ئەدەبی.

٥ - بایەخدان بە نووسەرانو شاعیرانی پایەی دووەمو سێیەم، چونکە ئەو ئەڵقانە پێکدێنن کە ئەم کارتێکردنە دەردەخەنو کە ئەو بەدوای عەودالە دەیەوێت بگاتە ئەنجامەکانی.

دکتۆر (داود سلوم) بۆچوونی دەردەبڕێ کە لەوانەیە جیاوازیی زمان دیوارێکی پتەو بێ بەرامبەر گواستنەوەی شوێنەوارو کارتێکردنی بەتایبەتی لە شیعردا، چونکە گواستنەوەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر زۆر خاسیەتی هونەرکاری لەناو دەبات.

گوایە ئەم بۆچوونە کە دکتۆر باسی دەکات جێگەی بەرپەرچدانەوەیە، ئەوەتا دەڵێ:

کارتێکردن جا لە شیعردا بێ یا هی تر لە ڕووی ناوەڕۆكو سۆزو فۆرمو شێوەی چارەسەرکردنەوە دەبێ، ئەم جۆرە شتانەش لە گواستنەوەو وەرگێڕاندا ئەوەندە سەختو گران نین.

**نەشونوماکردنو مێژوو:**

ناولێنانی ئەدەبی بەراوردکاری شتێکی نوێیە، فیلمان یەکەم کەسە زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریی بە زمانی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٢٧دا بەکارهێناوە.. ئاشوورییەکانیش نێوان کۆنو نوێیان جیاکردووەتەوە. لە زانستی ڕەوانبێژیدا ((ابن سنانو ابن الأثیر)) بەراوردی هەمەڕەنگیان کردووە، پیتی عەرەبی یا شێوازی عەرەبییان لەگەڵ زمانی تردا بەراورد کردووە، ((جاحظ)) پەنجەی بۆ هەندێ وشەی بیانی درێژکردووە کە کەوتووەتە ناو زمانی عەرەبی هۆیەکانی دیاری کردووە، بەڵام هەموو لێکۆڵینە وەکانی عەرەب ئەگەر هەموو تێبینییەکانیشیان کۆ بکرێتەوە هێشتا کتێبێکیان تێ نابێ.

لە سەدەی هەژدەمدا مەودای کارتێکردن لەنێوان وڵاتانی ئەوروپادا فراوان بوو، بەتایبەتی لە ئیتالیاو ئیسپانیاو ئینگلستانو گۆڕین لەنێوان ئەم ئەدەبیاتانەدا زۆر بوو، بەڵام بایەخدانی ئەوروپییەکان بە مێژووی ئەدەب زیاتر لە بابەتی تر، سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاریی شاردەوە.

دەشێ ئەڵمانەکان یەکەم کەس بن کە بایەخیان بە تەقەلای ئەدەبی بەراوردکاری دابێ وەك، ((سلیگڵو ئیکهۆرنو بوتریك)) کە کارتێکردنی بنچینەییان دەرخست.

بەڵام لە فەرەنسادا (مدام ستایل) لە کتێبەکەی ((لە ئەڵمانیاوە)) و ڤۆڵتێر لە کتێبەکەی ((نامە فەلسەفییەکان))دا کە فەرەنسییەکان ئەدەبی ئینگلیزییان پێناسی هەندێ شوێنەواری تێدایە لە سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکار. لە ساڵی ١٨٢٥دا مێژووی ئەدەب کەوتە جموجۆڵێکی دیارو موحازەرەکانی فیلمن ((سەدەکانی ناوەڕاستو سەدەی هەژدەم)) بە یەکەم موحازەرەکانی ئەدەبی بەراوردکاری دەژمێردرێن.

دوابەدوای ئەو: جان جاك ئەمبیرو ئەدگار کینەو کسافیەو مارمیە مۆنتیگۆو هزبیرو سان رینەو تایاندیە هاتن، هەرچەند ئەوانە نووسەری بەراوردکاری نەبوون، بەڵام جەوی بیریی لە باریان دروست کرد.

بەشی دووەم، گواستنەوەیە، کە بریتییە لە ١ - پەیامنێر، بۆ نموونە کارتێکردنی چیرۆکی لافاو کارێکی پتەوی کردە سەر ئەدەبی عیبری ئەوەش بە ئاشکرا لە ((تەورات))دا دەردەکەوێ، هەروەها سروودەکانی ژن هێنانی پیرۆز لە بابل کاری کردە سەر سروودی سروودگوتن. کارتێکردنی قورئان لە گۆتە شتێکی ئیجابییەو خۆی سەرسام بوو بە ڕۆژهەڵاتو ژیاریی ڕۆژهەڵاتو بیری ڕۆژهەڵاتی. دەتوانین پەنجە بۆ کارتێکردنی ((رسالة الغفران)) ی ئەبو

عەلای موعەڕی لە ((کۆمیدیای خوایی)) ی دانتی درێژ بکەین‌و لەم ڕووەوە نموونە هێجگار زۆرە.

لەوانە کارتێکردنی نێرەرەکە ((مرسل)) بە هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی یا فەلسەفی گشتییەوە بەسترابێتەوەوەك گیانی گەشبینی و ڕەشبینی، یاخود دەکەوێتە ژێرباری کارتێکردنی هونەرکاری وەك لاساییکردنەوەی شەخسیەتی فاوست یاخود سندباد یا عەلی باباو هیی تر.

٢ - وەرگر: وەرگریش ئەدەبە یا نووسەرە یا ئەو کتێبەیە کە دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی هیی تر، بە مەرجێ ئەم کارتێکردنە بیانی بێت لە دەرەوە هاتبێ‌و لە دەرەوەی سنوور بۆی هاتبــێ.

لەوانەیە وەرگرتنەکە سەرچاوەی تاك تاك بێ وەك کتێبێك یا بەشێك لە کتێبێ، یاخود کۆمەڵێك سەرچاوە بێ، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ((کتێبی دیوانی ڕۆژهەڵاتیی شاعیرێکی ڕۆژئاوایی)) شاعیری ئەڵمانی گۆتە بکەین دەبینین سێ کارتێکردنی عەرەبی‌و هیندی‌و فارسی.

٣ - نیوکار: نیوکاری ئەو کەسەیە کە سامانی نەتەوەیی یا ئەدەبی میللەتێك بۆ نەتەوەیەکی تر دەگوێزێتەوە، بە ئەرك‌و تەقەلای تاکە کەسێ یا کۆمەڵێ. بۆ نموونە فەلسەفەی ئەرستۆ لە ڕێگای وەرگێڕە سریانییەکانەوە بوو، ئەوانە نیوکارن.

بەشی سێیەم بەرنامەی ئەدەبی بەراوردکارییە، وەك بەرنامەی لێکۆڵینەوە لە جۆرەکانی ئەدەب‌و شێوازەکان‌و، بەرنامەی لێکۆڵینەوە لە بابەتی تەقلیدی‌و نموونەو ئەفسانە.

لەوانە: نموونەی ئەدەبی واقیعی‌و خەیاڵی‌و ئەفسانەو شەخسیاتی ئەفسانەیی.

جگە لە دوو بەرنامەیە، ((بەرنامەی بیروباوەڕو سۆز)) یش هەیەوەك لێکۆڵینەوەی بیروباوەڕی ئایینی‌و فەلسەفی و، بیروباوەڕی ئاکاری، هەروەها بیروباوەڕی هونەرکاری‌و ئەدەبی.

دەروازەی دووەم: کارتێکردنی عەرەبییە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا دکتۆر (داود سلوم) ئەم دەروازەی کردووەتە حەوت بەش‌و پاشکۆیەکی بۆ بەشی حەوتەم کردووە.

لە بەشی یەکەمدا لە کارتێکردنی زمانی عەرەبی لە زمانەکانی بیانیدا دەدوێ، کەوشەی زانستی‌و پیشەسازی‌و بازرگانی پەڕیونەتەوە ناو زمانە ئەوروپییەکان‌و چەند نموونەیەکی لە وشەی عەرەبی هێناوەتەوە کە کەوتوونەتە ناو زمانی ((هۆسا)) هەروەها زمانی ئەندەنوسی‌و فەرەنسی‌و ئینگلیزی و ڕووسی‌و ئەرمەنی‌و مەجەری و یۆنانی.

بەشی دووەمی تەرخان کردووە بۆ کارتێکردنی کتێبی ((الف لیلة ولیلة)) لە ئەدەبی ئینگلیزی لە سەدەی نۆزدەمدا.

زۆر لە مێژە کە ڕۆژهەڵاتو ئەدەبەکەی بوونەتە سەرچاوەیەك بۆ ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییو چەند جارێك ((الف لیلة ولیلة)) کراوەتە ئینگلیزیو بە دەگمەن دەبینیٚ یەکیٚ لە تەمەنی لاویدا چیرۆکەکانی نەخوێندبێتەوە.

بەشی سێیەم: چیرۆکەکانی کەلەپووری عەرەبییەو کارتێکردنانە لە چیرۆکی میللیی هیندیو وڵاتە دراوسێیەکان.

لەم بەشەدا بە نموونەی زۆر دێرینەوە کە تا چ ڕادەیەك کاریان کردووەتە سەر چیرۆکی هیندیو وڵاتانی تر، ئەوەش بەڵگەیەکی ئاشکراو پتەوە کە ئەدەبی عەرەبی کاری کردووەتە سەر ئەدەبیاتی میللی ڕۆژهەڵات، دکتۆر سلوم دان بەوەشدا دەنیٚ کە ئەم حوکمدانە شتێکی دابڕاوو مەسەلەیەکی زانستی نییە، چونکە دوور نییە نەتەوەی عەرەب خۆی کەوتبێتە ژێر کارتێکردنەکە، چونکە ئەو زانیارییەمان بە دەستەوە نییە کە کاتی سەرهەڵدانو دەرکەوتنی چیرۆکەکە بزانین.

بەشی چوارەم، کارتێکردنی عەرەبیو ئیسلامییە لە کتێبی ((دیوانی ڕۆژهەڵاتیی دانەری ڕۆژئاوایی)) کە شاعیری گەورەی ئەڵمانی گۆتە نووسیویەتی.

لەو کتێبەدا گۆتە سەرسامە بە ئەدەبی عەرەبیو قورئانو شەخسیەتی پێغەمبەر (د. خ)و کەوتووەتە ژێر کارتێکردنی شیعری عەرەبی.

بەشی پێنجەم، کارتێکردنی چیرۆکی میعراجو ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتییە لە داستانی (دانتی)دا. بلاشیوسی ڕۆژهەڵاتناسی ئیسپانی یەکەم کەسە دان بە کارتێکردنی تەواو دێنیٚ کە میعراج نامە کردوویەتییە سەر داستانی دانتی. ئەو ڕاستییەش لە کتێبەکەی خۆی ڕوون دەکاتەوە کە بە ناوی ((چیرۆکی میعراج لە کۆمیدیای خوایی)) وەیە.

بەشی شەشەم بریتییە لە کارتێکردنی ئەدەبی عێراقی کۆن لە سەرهەڵدانی ئەفسانەی گیانلەبەردا. لێرەدا ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە ئەو جۆرە چیرۆکانە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون. دکتۆر سلوم لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی لە بابەت کارتێکردنی ئەدەبی عێراقی کۆن بەشێوەیەکی گشتی کاری کردووەتە سەر ئەدەبیاتی جیهانیو سەرچاوە ی یەکەمی زۆربەی زۆری چیرۆکە زانراوەکانی گیانلەبەرە. لەم گۆشەوە پەنا دەباتە بەر ئەوەی کە هاوبەشە لە ئەفسانەی گیانلەبەر لەنێوان ئەدەبی عەرەبی دوور لە هاوبەشی بیانی، هاوبەشی نێوان ئەدەبی عێراقی کۆنو ئەدەبی عەرەبیو ئەدەبی یۆنانی، هیی ئەدەبی عەرەبی کۆنو ئەدەبی یۆنانیو لەناوچوونی ئەسلی عێراقی، نێوان ئەدەبی عەرەبیو ئەدەبی هیندیو ون بوونی ئەسڵی

عێراقی، نێوان ئەدەبی میللی عێراقی هاوچەرخو نێوان ئەدەبی کۆنی عەرەبیدا نییە. بۆ ئەو هاوبەشەش چەند نموونەیەك دەهێنرێتەوە.

بەشی حەوتەم لە کارتێکردنی ئەدەبی عێراقی کۆن لە تەورات دەدوێو چەند دەقێك بۆ نموونە دێنێتەوەوەك کارتێکردنی دەقەکانی داستانی گلگامش لە تەوراتو کارتێکردنی هۆنراوەکانی دڵداریو ژن هێنانی پیرۆز لە کتێبی ((سروودی گوتن)) ی سلێمان.

پاشکۆی بەشی حەوتەم بریتییە لە چاوخشانێك بە کارتێکردنی ئەدەبی عێراقی لە ئەدەبی یۆنانی.

سێیەم دەروازەی کتێبەکەی دکتۆر داود سلوم ((کارتێکردنی ڕۆژئاواییە لە ئەدەبی عەرەبیی نوێو کۆن))دا ئەمەش بریتییە لە کارتێکردنی وشەو دروستکردنی زمانەوانیی ئەوروپی لە زمانی عەرەبی لە سەدەی نوێدا. هەروەها کارتێکردنی جۆرە ئەدەبییەکانی پەخشان لە ئەورووپا لەسەر ئەدەبی عەرەبی نوێ وەك کارتێکردنی شێوازە هونەرکارییەکان (چیرۆکی کورت ((کورتە چیرۆك)) - ڕۆمان - نواندن)و کارتێکردنی بیروڕاو تیۆر، جگە لەوانە ((ڕەمز یاخود ئەفسانە لە ئەدەبی عەرەبیو دیاردەی بەکارهێنانی ڕەمزی گریکی لە ئەدەبی نوێدا))، هەروەها کارتێکردنی ئۆدیسا لە گەشتەکانی سندباداو، چیرۆکی خۆراکی سیحرلێکراو کە مرۆڤ بەشێوەیەکی تر دەگۆڕێ ((دەشێوێنێ))، لە دواییدا کارتێکردنی یۆنانی لە ڕەخنەی کۆنی عەرەبی.

دوا دەروازەی کتێبەکە ((بەراوردی وێکچووە ئەدەبییەکان))ە، وەك لافاو لە گلگامشو وەسفی باران لە ئەدەبی عەرەبیو بەراوردکردنی ڕوخساری سوارچاکیو مەردایەتی لەنێوان شیعری عەنتەرەو ئەلیادەدا، هەروەها وێنەیەك لە شیعری دڵداری لە ئەدەبی عەرەبیو ئەدەبی ڕۆژئاوایی پێشکێش دەکاتوەك باسکردنی جوانی ئافرەتو وەسفی هێزی نیگای ئافرەتو خەریکبوونی شاعیر بە دڵداریو خەمو پەژارەو نائومێدی شاعیر.

لە بەشی چوارەمی ئەو دەروازەیە بەراوردێك دەکات لەنێوان فیکری عەرەبیو فیکری ڕۆژئاوایی لە ڕەخنەدا، باسی ڕەخنەگرو ڕۆشنبیرییەکەی دەکات، پاشان دێتە سەر کارتێکردنی دەوروبەر لە ئەدەبی شاعیرو نووسەر، هەروەها بڕیاری پوخت لەسەر بەرهەمی ئەدەبیو هەڵسەنگاندنی کۆنو نوێو، ئاینو ئاکارو حوکمی ڕەخنەسازی و، شیعرو لێکۆڵینەوەی. بەشی پێنجەم بەراوردێکە لە نێوان ئەفسانەی عێراقیو ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی. لەو سەرچاوانە دەدوێ کە کاریان کردووەتە سەر چیرۆکی میللیی عێراقی وەك کەلەپووری

کۆنی عەرەبیو کارتێکردنی تورکیو ئەرمەنی. دوا شت وێکچوونی ئەورووپیی چیرۆکی عێراق.

((نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیش کاری کردووەتە سەر چیرۆکی فۆلکلۆریی عەرەبی وێکچوون لەنێوان هەردوولا هەیەو جێ پەنجەی چیرۆکی فۆلکلۆریی ئێمە لەسەر چیرۆکی عێراقی دیارەو ئاشکرایە چ عەرەبی بێ چ کوردی، هەروەها کارتێکردنی شاعیرێکی گەورەی ئەڵمانی گۆتە - ك. غ)).

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتی بە دەیان سەرچاوەی عەرەبیو بیانی کۆنو نوێ بەستووە. شیاوی خوێندنەوەیەو سەرچاوەیەکی بەسوودە، ئێمەش زۆر پێویستمان بە زانینی بنچینەکانی ئەدەبی بەراوردکاری هەیە، کە لەو رێگایەدا بتوانین خزمەتی ئەدەبو سامانی نەتەوایەتیمان بکەین کە نوێیەو ساوایە تا کاریگەرترو باڵاتر بێ، هەر نەبێ ئێمەش بتوانین بەراوردی ئەدەبی خۆمان لەگەڵ ئەدەبی میللەتانی دنیا بکەین بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیمانو پتەوکردنی بنچینەی داهێنانو نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیمان

# ڕێگا دوورەکانی چاومان–ی جەلالی میرزا کەریم

شاعیری ڕابەرو نوێخواز جەلالی میرزا کەریم کۆمەڵە شیعرێکی تری بە چاپ گەیاند بە ناوی (ڕێگا دوورەکانی چاومان). ئەوەی شیاوی باسە ئەم شاعیرە یەکێکە لەو شاعیرو نووسەرانەی بانگەوازی ڕوانگەیان بڵاو کردووەتەوە. خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیەتی وەك شاعیرێکی ڕەسەن توانیویەتی زەمینەیەکی لەبار بۆ زادەی شیعرەکانی لەناو شیعری کوردیی نوێدا بخولقێنیێو پەیتا پەیتا بەرهەمی بەپێزی بخاتە سەر خەرمانەی شیعری کوردی. هەلوەستیەك لەبەردەم دەرگای ئەم کۆمەڵە شیعرەی شاعیر ڕاستییەکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شاعیر دەیەوێ شیعرەکانی وەك خۆراکێك پێشکێشی خوێنەر بکات کە بە ئاسانی هەزم بکرێ، نەك وەك هەندێ شیعری تەماویو تاریكو لێڵ کە شاعیرەکانیان خۆشیان سەری لێ دەرناکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە مۆرکێکی ڕاپۆرتی خیتابی بدا بە هۆنراوەکانی بەو مەبەستەی کە خەڵکی مامناوەندیش تێی بگەن. هەستی قووڵو گیانی بە جۆشو خرۆش، ئاسایی بەوشەی ئاسانو ڕەوانو پاراو دەردەبڕێ کە تەنانەت هیی مامناوەندیش تێی دەگەن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ڕووی ناوەرۆکەوە قووڵو پتەون، خوێنەر دەجووڵێنن هەستێکی نوێی لا دەورووژێنن کە شاعیر دەزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ وشەی کوردی دەکاتو چۆن شیعرەکانی پێ دادەڕێژێ. بۆیە ڕوو دەکاتە خوێنەر، یان گوێگرو پێی دەڵێ:

**خۆزگە**
**ئەتزانی گیانی پرسیارەکانی زیندەگیم**
**چییان پێیە؟**
**خۆزگە**
**ئەتزانی چاوی هۆنراوەکانی بێ دەنگیم چیان پێیە؟**
**شاعیرێکیان تەنیا لەبەرئەوە خنکان**
**بەنهێنی لە ناو دڵیا**
**شیعرێکی وت بۆ کوردستان**

ئەم شیعر وتنە ڕووداوێکی تێپەڕ نییە، بەڵکو دینەمۆی تەقینەوەی ڕقو کینەی گەلی چەوساوەو زەحمەتکێشە دژی دوژمنانی داگیرکەر، دەنگی پێشمەرگەی نەبەزی دلێرە، مانەفێستی کۆمەڵانی تووڕەی خەڵکی کوردستانە، دوژمن زیاتر ترسی لەم شیعرە مانەفیستەیە، کە شوێنی پێ لەق دەکاتو تەختو بەختی دێنێتە لەرزە، بۆیە شاعیر دەڵێ:

**کەچی دوای ئەوەی هەڵواسرا**
**دەیان سێدارە هەڵخرا**
**بۆ ئەوانەی ئەو شیعرەیان**
**کردە قەڵغان لەناو شەڕدا**

شۆڕش لای شاعیر چەمكو دیوێکی تر بەخۆوە دەبینێ ڕاستە مرۆڤ هەڵوێستە هەروەکو سارتەر دەڵێ، بەڵام ئاخۆ ناکرێ کە یەکێ لەکۆڕی خەباتدا وەك پێشمەرگەیەك نەتوانێ هەڵوێست بنوێنێ، لە دڵو دەروونیدا شۆڕشێکی تر، بە شێوازێکی تر، بەرپا بکاتو هەڵوێست بە هۆنراوە دەربڕێ، خۆ لویس ئەراگون لەکاتی خۆیدا لەسەردەمی بەرگری ڕاپەڕینو تەقینەوە بە ڕووی شاڵاوی نازییەکاندا، نەیدەهێشت نووسەران بەشداری بکەن بە چەك لە ڕیزی بەرگرەکاندا چونکە دەیوت ئەگەر نووسەرێ شەهید بوو کێ شوێنی دەگرێتەوە، بەڵام سەربازێ شەهید دەبێ هەزاران سەرباز جێگەی دەگرنەوە، کەچی ئەراگۆن خۆی بەشیعرە ئاگرینەکانی

که له فڕۆکەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە تووڕ دەدرانە ناو کۆڕەکانی جەنگ، گەورەترین دەوری بینی، ئەم شاعیرە دەبێتە زمانحاڵی شۆڕش:

**ئەتانەوێ من بناسن؟**
**من عاشقی ڕێگایەکم مەرگی تێدابێ**
**کە هەڵوێست مرد بۆچی نابێ؟؟**
**دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تێدابێ**

وەرزی هاوین، لە ڕووی کەش و ئاوو هەوایەوە، هاوینێکی ئاسایی نییەو شاعیر نایەوێ وەك جوگرافیاناسێك وەسفی بکات، بەڵکو هەستی دەروون و دەستنیشانکردنی واقیعی بەرچاو حاڵەتێکی تر دەخەنە بەردەم شاعیر، کە هەردوولا بەیەکەوە ببەستێتەوەو ئەو خاسیەتەی شیعر بەخۆوە بگرێ و گوێگرو خوێنەر لە ناخەوە بهەژێنێ:

**هاوین دادێ و**
**خۆری چلە ئارەقەی گڕی لێوی کانیاوەکان چین چین لێ ئەتکێ**
**بەدیواری خۆی هەڵ ئەستێ**
**لە جیاتی سروەی پڕ بزەی**
**سەرچاوەی زەڵم و بادینان و شەقڵاوە**
**گازو بۆمباو فڕۆکەیە**
**ڕەشماڵی مەرگی هەڵداوە**

هەڵوێستی شاعیر ئەڵقەیەکی بەستراوە بە زنجیرەی تێکۆشانی شۆڕشی چەکداری، وشەکانی دەبنە سەنگەرو تووڕەیی و تەقینەوە، ئەگەروانەبن ئەوا مەرگی خۆی پێ ڕەواترە لە ژیانێکی بێ دەنگی و خامۆش، بۆیە دەنگی شاعیر دەنگ و ڕەنگ و سەنگی شۆڕشە:

**گەر دێڕ نەبێ**
**بە سەنگەری پێشمەرگەی دەنگ**
**دەنگیش نەبێ**
**بە تووڕەییی ژانی تفەنگ**
**یەك بە یەکیان گرێ ئەدەم**
**ئەیانکەمە.. کلافەی ئەڵقەی سێدارەو**
**لە گەردنی خۆمی ئەخەم**

شاعیر خەمەکانی خۆی تێکەڵ بە ڕێچکەی شەهیدانو کاروانی خەباتی بێوچانی گەل دەکاتو خۆی بە ڕێبوارێکی ئەم کاروانە لە قەڵەم دەدا، ئەگەروانەبێ بوونی شاعیر چییە؟ بوونێکی نەنگو شورەیییەو مایەی سەرشۆڕییە... شاعیری ڕاستەقینە ئەم شاعیرەیە کە شیعر دەکاتە کێشەیەك لە قووڵایی دڵەوە بڕوای پێیەتیو لە پێناویدا دەجەنگێ، ئەوەتا شاعیر ڕوودەکاتە هەموو شاعیران:

**شاعیرەکان**
**ئەگەر ڕێچکەی شەهیدانی**
**کاروانم خەم نەناسنو**
**لێی ڕابکەن**
**ئەبێ سەرجەم شیعر بەسەر**
**تانەی ڕەشی بەرچاوی بەهاردا هەڵدەن**

کەم شاعیر شیعریان بۆ ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ وت، کام شاعیریش ئاستی داهێنان (خولڤاندنیان گەیشتە ڕادەی مەزنیی ڕاپەڕینەکە)... کێ بێ کارێکی داهێنەرانەی بەقەد ئەو ڕاپەڕینە گەورەیە بەرجەستە بکاتو ئەوپەڕی دینامیکیو زیندەگیی پێ بەخشێ. ئایا دەکرێ لە کۆپلە شیعرێکدا ئەو ڕووداوە پڕ شانازییەی گەلی کوردستان بەجۆرێ دابڕێژێ کە موژدەو نوقلانەی کارێکی گەورەی بە دواوە بێ، ئەمە لەسنووری بۆچوون بەدەرە، بەڵام

جێی نائومێدیش نین. ڕاپەڕینی ئەرخەوانی گۆڕستانی گردی سەیوانو قەڵای پاشا کۆرە پێکەوە گڕێ بدا... گیان وەبەر شەهیدانی ڕێگای ئازادیو سەرفرازییەوە بێنێ، تەنانەت مەلی سەرگەردانو ئاوارەی کوردستانیش بە کامی دڵ لە ئاسمانی پانو بەریندا بێنو بچنو بەسەر کێڵی گۆڕی شەهیداندا بنیشنەوە:

**کوردستانی بووکی نەورۆز**
**وا لە شایی ڕاپەڕینتا**
**ئەرخەوانی گردی سەیوان**
**خۆی داتەکان**
**کوردستانی مێژووی پیرۆز**
**وا لە ژانی نەبەزینتا**
**قەڵای پاشا کۆرەی میران**
**خۆی ڕاوەشان**

کاتێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد تووشی نوشستیو نسکۆ دەبێو ورە بەردان دایان دەگرێ، شاعیر کۆڵ ناکات، بەڵامواقی وڕماوە، نازانێ چۆن چارەسەرێ بۆ ئەم هەرەسهێنانە بدۆزێتەوە، پرسیار دەکات، پرسیاریش حاڵەتێکی ڕەوایە، نووچدان لە ئاستی کارەساتەکان لای شاعیر ڕەت دەکرێتەوەو تووڕ دەدرێتە ناو سەرەنوێڵکی مێژوو. بۆیە پرسیار دەکاتو داوای چارەیەك دەکاتو هەرگیز نایەوێ ڕێگای شەهیدانو قوربانی دان کوێر ببێتەوە:

**چۆن بتوانم**
**دوا هەنگاوی شەهیدی ڕێ**
**هەڵسێنمەوە؟**
**چۆن بتوانم**
**دوا سمکۆڵەی ئەسپێکی شێ**
**بدۆزمەوە؟**

ئەسپی شێ وەك دەلالەتێكی شیعر، ڕەمزی بە هێزیو بزووتنەوەو بەرەو پێشەوەچوونی كاتو كاروانی خەباتی نەپچڕاوە كە هەمیشە لە جمانو جوولاّندایە، بۆیە شاعیر بە شوێن ئەم ئەسپە شێیە عەوداڵە.

لەناو كۆمەڵەی شیعری (ڕێگای دوورەكانی چاومان) شیعری تر زۆر مابوون، پێویستییان بە هەڵوەستە هەبوو لە ئاستیان، بەڵام لەترسی درێژدادڕی، بۆمان نەكرا زیاتر لێیان بدوێین. تەنیا ئەوەندە دەڵێین: هەموو شاعیرێك خاوەن دەنگو ڕەنگی تایبەت بەخۆی نییە، كە ڕەسەنایەتیی خۆی لەسەر نەخشەی شیعری كوردی بچەسپێنێ، بەڵام (جەلالی میرزا كەریم) نەك ئێستا، بگرە دەمێكە خاوەن دەنگی تایبەتی خۆیەتیو جێگای شیاوی خۆی كردووەتەوەو ڕابەری نوێكردنەوەی شیعری كوردییە لەدەیەی حەفتایەكاندا.

# دوا وتوویژ لەگەڵ " سەلاح عەبدولسەبوور"دا

## ڕوونکردنەوەیەك:

له ڕۆژگاری ئەمڕۆدا جاروبار شەپۆلی گرووپی (پێشڕەو)، یاخود (وەچەی سێیەم دەبیسین‌و لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا تاڕادەی نووسەران‌و ڕەخنەگران لێی دواون، ئەو وتوویژەی لەگەڵ شاعیری گەورەی میسری - سەلاح عەبدولسەبوور - ڕووناکییەکی دەخاتە سەر واقیعی شیعرو مەسەلەی نوێخوازی‌و لاف لێدانی بلیمەتی‌و خۆبەزلزانین‌و گەلێ لایەنی تر. لێرەدا بە پێویستم زانی وتوویژەکە بکەم بە کوردی بۆ ئەوەی ئەو شاعیرانەی زیاد سنوورو ئاستی شیعرییان ماف بە خۆیان دەدەن‌و خۆیان بە گرووپی (پێشڕەو) و هەڵگری ئالای وەچەی سێیەم لە قەڵەم دەدەن، کەمێك بەخۆیاندا بچنەوەو بەرپێی خۆیان بەدی بکەن‌و چیتر خوێنەرو خۆشیان گومڕا نەکەن.

- وەرگێڕ -

## من کێم؟

* سەلاح عەبدولسەبوور تۆ کێی؟

ڕەنگە لێرەدا ئەوەی لەبارەی مەرگەساتی - الحلاج - وتوومە، خۆی لە موحاکەمەکردنەکەدا بدوێ:

**انا رجل من غمار الموالي**
**فقير الارومة والمنبت**
**فلا حسبي ينتمي للسماء**
**ولا رفعتني ثروتي**
**ولدت كالآف من يولدون**
**بالآف ايام هذا الوجود**
**لأن فقيرا بذات مساء**
**سعي نحو حضن فقيرة**
**وطفأ فيه مرارة ايامه القاسية**

بەو جۆرە حەلاج بەدوای زانیاری دەگەڕاو تەقەلای بۆ دەدا، کە من ئێستا دەوری منداڵیم دێتە یاد، ڕەنگەواش بێ... من منداڵێکی خاوو خلیسك بووبم - من منداڵ بووم یاری سەرنجی ڕانەدەکێشام، بەڵام بایەخم زیاتر بەوە دەدا کە هەر پارچە کاغەزێکم هەڵگرتبایەوە تەقەلای خوێندنەوەییم بدابا. هەر لەوانەشە ئەو تەمەڵییەش بێ منی کردبێتە خوێنەر، لە هەندێ کتێب دەگەڕام - بەڕێککەوت - لە ماڵەوە چەند ژمارەیەکی کۆنی گۆڤارێکم بەرچاو کەوت کە لە کۆتاییییەکانی بیستەکانی ئەم سەدەیە لە میسر دەردەچوون، ئەویش گۆڤاری - السیاسة - ی هەفتانە بوو، نووسەرەکانی ((تەها حوسێنو محەمەد حەسەنێن هەیکل))و نووسەری تری ئەوکاتە بوون. پاشان چەند دانەیەکی کتێبەکانی - المنفلوطي - م بینی کە العبرات، النظرات بوون، هەروەها چەند ڕۆمانێکی کراو بە عەرەبی وەك الشاعر - دوبرجراكو ماجدولینی، تا بڵێی بەم ڕۆمانانە سەرسام بووم، بەجۆرێ هەندێ جار کە چەند دیمەنێکم لە ڕۆمانی - الشاعر - دەخوێندەوە فرمێسك لە چاوما دەهاتە خوار، بە تایبەتی کە ((سیرانو دوبرجراك)) ی شاعیر تووشی وەیشوومەو ئەشکەنجە دەهاتو دەبووایە قوربانی بدات، بۆ ئەوەی ئەو پیاوەی دڵداری لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکرد بکا بە پەند، چونکە پێوەری ڕاستگۆیی سۆزو هەست لەو سەردەمەی - ڕۆمانتیکی - دا قوربانیدان بوو، دوای ئەو ڕۆژگار بەسەرچوو ((جبران خلیل جبران))م خوێندەوە، وا بزانم ئەوەندە شەیدای بووم کە هەر باس ناکرێ، چونکە ((جبران)) ئەو مۆسیقا شیرینەو، ئەو گیانە ڕۆمانسییەی دەنواند کە لەوشەی باڵدارو مانای ڕاچەنیو وێنەی جوان جوان دەردەکەوتن، بە تایبەتی ئەو وێنانەی لەوەرزەکانی ساڵدا نیشانی دەدەن، وەك وێنەکانی هاوینو زستانو لەدایکبوونی بەهارو، لەدایکبوونی گوڵ لە بەهاردا، وا بزانم لە دەوروبەری خۆی هەڵێنجابوون، کە ((لوبنان)) بوو، بە تایبەتی چیاکان پاشان لاساییی شیعرم کردەوە، هەر شیعرێکم لە کتێبێ بخوێندباوە، هەموو سەرواکانیم لە دێڕێك یاخود لاپەڕەیەك لە نامیلکەیەك کۆدەکردەوە، چونکە سەروا لە نووسینی هۆنراوەدا گرفتێك بوو، ئەمەش لە تەمەنی دوازدەو سێزدە ساڵیدا بوو، هۆنراوەکەم لەسەر شێوەی ئەوەی خوێندبوومەوە دەنووسی، لەبیرمە ئەو حەلە، ئەو دەقانەی بۆ قوتابخانە پەسەند کرابوون هۆنراوە ناودارەکەی ((عمرو بن کلثوم)) بوو، کە تێیدا دەڵێ:

**ألا هيي بصحنك فاصبحينا**
**ولا تبقى خمور الاندرينا**

منيش هۆنراوەیەکم لە شێوەی ئەو نووسی، شتێکم نەبوو خۆمی پی بادەم، بەڵام خۆموا هاتە بەرچاو کە غەزام کردووە، چونکە مرۆڤ لەو تەمەنەدا لاسایی ئەو شتە دەکاتەوە کە دەیخوێنێتەوە، وەك لەبیرم بێ، لە شیعرەکانی ئەو زەمانە کۆنە، من هۆنراوەیەکم نووسی نا وەکەیم لەبیر نییە، بەڵام لە کۆتاییەکەیدا دەڵێم:

**و يقسو الزمان علي العبقري**
**اهذا جزاء أديب شعر**
**وشعري يقل وعمر يضيع**
**وعمري الثلاث وزدن العشر**

واتە زەمانە دڵڕەقە بەرامبەر بلیمەت، ئایا ئەمە پاداشتی نووسەرێکی شاعیرە، شیعر کەم دەکاو تەمەنم بەفیڕۆ دەڕوات، عومریشم خۆی سێزدە ساڵە.

((سەڵاح پێ دەکەنی))

هەڵبەتە مەبەستم لە - العبقري - بلیمەت - خۆم بووم... لەو تەمەنە ساواییەمدا خۆم بە پیر دادەنا، بەڵام بە هەر حاڵ بێ، ئەوە بیرەوەری ئەو قۆناغە بوو.

بەم جۆرە لاساییم دەکردەوە، شیعریشم دەنووسی، لاسایی ناودارەکانم دەکردەوە، کە هۆنراوەکانی ((شوقي)) م دەخوێندەوە، خۆم تێدا شەهید دەکردن هەتاکو لاساییم دەکردنەوە، یاخود ئەو شیعرەی کە دەمنووسی مۆرکی شەوقییانەی پێوە دیار بوو، کە ((المتنبـي)) م دەخوێندەوە دەحەپەسامو دەبوومە گیرۆدەی داوی شیعرەکانی، بە تەواوی لاساییم دەکردەوە، کە ((ابو العلاء))م دەخوێندەوە بە بیروڕاکانی سەرسام دەبووم، لەو بیروباوەڕە ڕەشبینییانەو هەروەها سەرسامیی داڕشتنی وشەکانی دەبووم، کە لەناو وشەی نامۆدا هەڵی دەبژاردنو بینایەکی هونەرکاریی هێجگار ئاڵۆزی لێ هەڵدەچنین، لە بەکارهێنانی هاوڕەگەزو هاودژ، دیسانەوە وەك ((ابوا العلاء))م دەنووسی، بەڵکو دەچوومە ناو جیهانەکەیەوە، وەك ئەو دەبوومە ڕەشبینی و ڕقم لە جیهان هەڵدەگرت.. ئا بەم جۆرە تا ئەو حەلە کە مرۆڤ لەمە گشتی دەردەچوو... تا لە کۆتاییەکەیدا خۆی بەری ئەمە گشتی دەدۆزییەوە. ئەمەش گشتی ئەوە بیر دەخاتەوە کە ((ابو نواس)) ویستی ببـێ بە شاعیر، چووە لای ((خلف الأحمر))و داوای

لێ کرد خلف الاحمر پێی وت: دە هەزار دێڕ شیعر لەبەر بکە، پاشان لە بیر خۆتیان بەرەوە.

من وای بۆ دەچم کە شاعیر لە شیعرا دروست دەبێ، لە خۆی شیعرا دەردەچێ، ئەوەی کە دەینووسێ لە شیعرەکەیەوە دەیخوێنێتەوە، ئەم کارەش هەموو هونەرێك، دەگرێتەوە، هونەر بە لاساییکردنەوە دەست پێ دەکات، تەنانەت سەبارەت بە هونەری شێوەکاریشەوە وایە. نیگارکێش کە دەست بە نیگارکێشان دەکات، لە سروشتەوە وێنە ناکێشێ، بەڵام تابلۆیەکی جوان دەکێشێ کە بینیویەتی، کە هەستی هونەرکاری لا دروست دەبێت ئەوسا خۆی ڕوو دەکاتە سروشتو دەتوانێ وێنەی بکێشێ.

## سەرەتا لەگەڵ شیعرو شاردا:

* ئەگەر ((سەلاح عەبدولسەبوور)) ڕێگامان بدات لە قۆناغی دروستبوونی شیعریدا بوەستین، بە لای ئێمەوە ئاشکرایە کە ئەو قۆناغە بەشێوەیەکی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئایدیالی زۆر بە فەڕو پیتە، هێشتا دەنگدانەوەی شۆڕشی ١٩١٩ لە گۆڕەپانی میسریو عەرەبی ڕاپەڕینەکانی جەماوەری خەڵکی دوا بە دوای یەك دژی ئیمپریالیزمو سەلماندنی ئەو خەتە جەماوەرییە شۆڕشگێڕییەی دژی داگیرکەرانی ئینگلیزو خۆپیشاندانەکانی قوتابییانو کرێکاران کە ڕێگایان خۆش کرد بۆ بەرپابوونی شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆو دوایی ڕەنگدانەوەی ئەم هەڵکشانە نەتەوەخوازییەی سەر ڕۆشنبیریو ئایدیای عەرەبی و ئایا ئەو ڕووداوانە کاریان کردە سەر بزووتنەوەی شیعری نوێ؟

- کە هاتمە قاهیرە، هاتم تا بچمە زانکۆ، خوێندنی سەرەتاییو دواناوەندیم لە شارۆچکەی ((الزقازیق))دا تەواو کرد، پاشان هاتمە زانکۆ لە قاهیرە، بە تەنیا هاتم، ئەمەش وای لێ کردم تاڕادەیەك لەم شارە گەورەیە بگەم یاخود هەستی پێ بکەم، کە مرۆڤ بە تەنیا بێ دەتوانی بە ئاسانی بۆی دەرچێو دەست بکات بە گەڕانو سووڕان، ئەو حەلە شار بە جۆرەها ڕێباز شەپۆلی دەدا، زانکۆ، هەر خۆی، زانکۆیەکی بە پیتو فەڕ بوو، ((مامۆستای شکۆدار، کتێبخانەی نوێکەرەوە)) قوتابییان گرەویان لەسەر دواڕۆژدا دەکرد، یاخود دەیانویست لە دواڕۆژدا ببنە نووسەرانی وەچە، ئەم خوێندنەوەیان بە ئارەزووی خۆیان هەڵبژاردو، چونکە خەوو خولیایان بوو.. وتووێژی قووڵو بە لەزەت نوێکەرەوە لە ئەنجامدا، پێوەندیی کردن بە ژیانی گشتی لە میسر... ژیانی ڕۆشنبیرییو گشتی، لە قاهیرەدا خەستو خۆڵ بووبووەوە.

ئێمە کۆمەڵێك بووین چاومان بڕیبووە زانیاریو نەدەترساین لە بیروباوەڕ نزیك ببینەوەو،

لەوانەی ئەو بیروباوەڕانەیان هەیە. بگرە هەوڵمان دەدا بچینە ناو جەرگەی ئایدیاکەوەو ناو دەرگای ڕاوو کاری ئەدەبیانە لەو ماوەیەدا توانیم سامانی عەرەبی بە چاکی بخوێنمەوە، چونکە ئەمە بواری خوێندنەکەم بوو، لە هەمان کاتدا توانیم خۆم بگەیێنمە ڕۆشنبیری ئەورووپایی. ئێمە گشتمان ئەوەی دەمانخوێندەوە لەنێو خۆماندا گفتوگۆمان لەسەر دەکردو لێمان دەکۆڵییەوە، لەپڕ بەرەنگاری وێنەی ئەدەب بووین کە لەگەڵ بۆچوونەکەمان جیا بوو، بۆچوونمان بەرامبەر شیعری کلاسیکی کە لە ڕەوانبێژیدا خوێندبوومان ئەوەبوو کە ڕەخنەگرێکی عەرەب وتبووی ((شیعر پیشەی ئەو کەسەیە کە بێ کارەو ((بێ پیشەیە)) هۆیەکیشە بۆ داواکردنی چاکەو دابینکردنی پێویستی)). لە کتێبی قوتابخانەدا خوێندبوومان کە ((البحتري)) لە شیعر پێگەیی، چووە لای ((ابو تمام)) ی مامۆستای، شیعرەکانی خۆی بۆ خوێندەوە، ((ابو تمام)) پێی وت: شیعرەکانت باشن، کاغەزێك بۆ خەڵکی شار دەنووسم، پێیان هەڵبڵێ تا هەندێك بەخشیشت لێیان دەست کەوێ. ئەمە وێنەی شاعیر بوو لە سامانی عەرەبیدا، ئەم وێنەیە لە سەدەی نوێدا بە تەواوەتی جیایەو لەناو جیاوازییەکەشدا ئێمە ژیاین، ئەویش بە کارتێکردنی وەچەی یەکەم لە شاعیران، کە پێیان دەڵێن ((وەچەی ڕۆمانسییەتی عەرەبی)) لە نێوان سییەکانو چلەکاندا.

ئەو شاعیرانە دەیانەوێ خووی خۆیان دەربڕنو، لە کاروباری خۆیان بدوێن، بەڵام وێنەیەکی تر هەیە بۆ شیعر، ئەو شیعرەی کە هەندێ (قووڵی) تێدایە، یاخود ئەو شیعرەی دەتوانێ هەستو ئایدیا تێکەڵ بە یەك بکات.

## شیعر چییە؟

### * سەلاح عەبدولسەبوور شیعر چییە؟

- هەموو شیعرێك دان پێدانانە، بەڵام شیعر دان پێدانانی ڕاستەوخۆ نییە، ئەو دانپیدانانە نییە کە مرۆڤ لە دادگادا دەیڵێ، وەك ئەم پێ لێنانە نییە کە مرۆڤ بۆ برادەرەکەی خۆی دەیدرکێنێ، بەڵام شیعر پێ لێنانێکە بە مانایەکی خەست، چونکە تاقیکردنەوەی شاعیر، تاقیکردنەوەیەکی هەمەلایەنە، هەر شاعیرێکیش کۆگایەکی لا هەیە، ئێمە بەو کۆگایە دەڵێین بیرەوەری خوێندنەوەکانیو بیروباوەڕەکانیو ئەوەی لە ژیاندا دیویەتیو پێدا تێپەڕیوە، ئەم کۆگایە نارێکە. بەڵام شاعیر کە هەر خەریکە یەکەم دێڕی شیعرەکەی وەربگرێو دەست بە هۆندنەوەی شیعرەکەی بکات، بە دەیان بیروڕاو وێنە لە دەورەی ئەم یەکەم دێڕە کۆ دەبنەوە.

ئەمانە لە کوێوە هاتن؟ نازانیٚ، بەلاٚم لەناو ئەم کۆگایەدا، شووشەیەك هەیە مادەیەکی تێراو یاخود لە ژوور تێراو کە لە ئاو تواوەی تێدایە، وەك بڵێی تۆ داوێکت خستووەتە ناو ئەم شووشەیەو ئەو هەموو کریستالاٚنەیان لە دەورە کۆبوونەتەوەو شێوەی سەیر سەیری درەوشاوەیان بەخۆوە گرتووە، ئەمەیە کە ڕوو دەدات ئەمە هەمووی لە کوێوە دێن، لە دەوڵەمەندیی ناوخۆی شاعیرەوە دێن دەوڵەمەندبوونی بە ڕۆشنبیریو تاقیکردنەوەو هەستو زمان. خواستو ئارەزوومان ئەوەبوو کە ئەم شاعیرە تەواو- ئەو شاعیرە بیٚ وەك ئێمە بۆی دەچین. وابزانم ئەوە هێشتا خواستی منە.

## لەگەڵ ڕابەراندا

*** سەلاٚح عەبدولسەبوور دەڵێن تۆ ڕابەری هۆنراوەی نوێی، تا چ ڕادەیەك ئەم وتەیە ڕاستە؟**

- پێش ئێمە تەقەلاٚی گۆڕینی فۆرمی هۆنراوەی عەرەبی درا، من لە بیرمە کە زۆربەی شیعری ئەم سەدەیە وازیان لە هۆنراوەی تاکە سەروا هێنا، ئەگەر دیوانی ((عەلی مەحموود تەها)) بۆ نموونە بکەینەوە، یاخود هیی ((ابراهیم ناجي)) دەبینین چوارینەن، یا پێنج خشتەکین بە دەگمەن چاومان بە هۆنراوەیەکی یەك سەروا دەکەویٚ مەگەر مەبەستێکی خیتابیی هەبیٚو لە ئاهەنگێکدا بخوێنرێتەوە، بەلاٚم هۆنراوەی بیرکردنەوەو ڕامانی شەخسی، هەمیشە پەنا دەباتە بەر دەریای مۆسیقای بە تەوژم یا کورت ((الرمل یاخود ((البسیط)) بۆ پەنا ناباتە بەر ((الطویل یاخود الکامل)) بە دەگمەن نەبیٚ، یا ئەگەر لە ئاهەنگێکدا بخوێنرێتەوەو پشت بە یەك سەروا نابەستیٚ.. ئەم ئاوو هەوایە پاڵدەرێك بوو بۆ ئێمە لەگەڵ خوێندنەوەی شیعری وەرگێڕاودا، بەلاٚم ئەمە هەمیشە بەرنامە نییە، چونکە دەبیٚ، لە هەر شیعرێکدا شتیٚ هەبیٚ، سوریالییەکی لەپڕی سەر سوڕهێنەر بیٚ، یاخود لەناو جەرگەی شاعیرەوە هاتبیٚ، بەلاٚم ڕابەرانی سوریالیزم وەك ئەندرێیەی بریتۆنو پۆڵ ئێلوارو ئەراگۆن، یاخود پارچەیەك لە هونەرکارییان لە قەڵەم دا، دوایی ڕوویان کردە ڕێبازی ڕوونتر.

*** ئەوان گۆڕان تاکو شیعرەکانیان لەگەڵ هەڵوێستی فیکری و ڕامیارییان بگونجێن، وەك ئەوەی ((ئەراگۆن)) کردی، بەلاٚم من وا زەن دەکەم لە شیعری عەرەبیدا شاعیری ڕەسەن هەن، بینینو ئەزموونیان لە شیعردا پێگەیشتوون؟**

- لە ڕاستیدا ئەو ترسەی لە تاقیکردنەوەی شیعری نوێدا دەکریٚ لە دۆستو

خۆشەویستەکانییەوە دێ، نەك لەسەر پێچەکانییەوە، چونکە شەپۆلی شیعری نوێ لە پەنجاکانو شەستەکاندا توانیی جەماوەرێکی فراوان بۆ خۆی پەیداکات، لە ڕاستیدا پێشوازیی باشمان لێ دەکراو دەنگدانەوەیەکی باش هەبوو، ڕەنگە ئەرکی بزووتنەوەکە ئەوە بێ کە خوێنەری عەرەب گێڕایەوە سەر خوێندنەوەی شیعر.

ئێستا خوێنەری عەرەب شیاوی ئەوەیە کە بەڕاستی لە شیعردا دابڕێت، چونك ئەم خەڵکە، وا سەیر دەکات وەك بڵێی مەبەست تووڕەکردنیەتی بەم هۆنراوانە یاخود بە تەڵەوەکردنیەتی لە رێگای لەغزو ناڕوونی شیعرەوە.

*** لە دڵی خۆتدا چ دەڵێی کە شیعرێکی تەماوی دەخوێنیتەوە؟**

- من لە دڵی خۆمدا دەڵێم.. من - کە زۆربەی تەمەنی خۆمو لاوێتیی خۆم لە شیعر خوێندنەوەدا بەسەر برد. بە چاوپۆشینم لەوەی کە من شیعر دەنووسم، من لێکۆڵینەوەیەکی مەنهەجییانەی شیعرم کردووەو پلەیەکی زانیاریشم لێ وەرگرتووە، پاشان ناتوانم ڕۆژێك بەسەربەرم کە شیعر نەخوێنمەوە، ئەگەر من نەتوانم تێ بگەم ئەی دەبێ خوێنەرێکی شیعر دۆست چی بکات. ئەو تەنیا خوێنەرێکی شیعر دۆستەو چیتر. دەیەوێ پێ بنێتە ناو ئەم جیهانەوە. دەبێ چیی بکات، نازانم. جەوێك لە قۆڵبڕیو تەڵەکەبازی لە ئارادایە، بەرەڵاکردنی تەمی وشەکان وەك ((کیمیایی وشەکان)) ((تێپەڕکردنی واقیع بە وشە))، ئەم وشانە وەك پەردەی تەم وایە، ئەم بەرەڵاییو بێ هوودەییە، ئەوەی پشت خۆیان دەشارنەوە.

*** بەڵام تەقەلادانی ئەزموونگەرین، بەڵام خنکان لەناو تەمومژدا لەبەر چییە؟ !**

- چونکە لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا حەز لە نوێکردن هەیە، چەند شەپۆلێك لە ئارادان ئێمە شەپۆل بەدوای شەپۆل لە ئەورووپاوە وەردەگرین، هێندە ناخایەنێ کە ئەم شەپۆلە ڕەنگێك لە ڕواڵەتکاریی ((شێوەکاریی)) یاخود لاف لێدانی هاوچەرخییەتیی بەخۆوە دەگرێ، بێگومان سەبارەت بە ((وجوودیەت))ەوە فەلسەفەیەکی درێژبووەوەیە، بەڵام زۆرکەس لەوانەی باسی بە ((وجوودیەت))ەوە وجوودیەت دەکەن لەوڵاتی ئێمەدا لەوانەیە هەندێ قسە بە توێکڵو نوکتەیان لەبارە خوێندبێتەوە، ئەوانە لە شێوەی ((وجوودیەتی صعالیك)) تێی دەگەن، بەڵام وجوودیەتی فەلسەفی نییە.

بۆ نموونە، ئێستا لەبارەی ((البنیویة)) با فەلسەفەیەکی نوێ بێ پێشکێشی جیهانی دەکرێ، بەڵام مەسەلەکە بەم شێوە ساکار نییە، چونکە شیعر هونەرێکە شیاوی ئەوەیە کە مرۆڤ بەرێزلێنانەوە لێی نزیك بێتەوە.

## شیعر دەنگی مرۆڤی دەوێ:

*** ئەوان دەیانەوێ لەسەر چمکی ((دۆزینەوە)) و ((واقوڕمان)) لە شیعری نوێدا پێ داگرن، پاش ئەوەی شیعری کلاسیکی خۆی لە نموونەی فۆرمو ناوەرۆکدا.**

- تاکە ئەرکی شیعر ((واق وڕمانو حەپەساندن)) نییە تاکە ئەرکیشی تێکدانو شێواندنی کپیو هێمنیی خوێنەر نییە، بەڵکو ئەرکی تری هەیە، ئەگەر شیعر دەربڕ نەبێو شیعریش هونەری دەربڕین بێو شیعر هونەری بەکارهێنانی باشی زمانەو هونەری پێشکێشکردنیو داڕشتنی نوێیە، هەروەها با بڵێین هونەری ڕووناککردنەوەی ژیانە، یا با بڵێین هونەری هونەرانە، بەڵام لەناو سروشتە تایبەتییەکەیدا وەك هونەرێکی دەربڕین، خۆی مرۆڤەو دەدوێو شیعر دەنگی مرۆڤەو دەدوێ، ئەگەر مینگە مینگی لێوە هات چی لێ تێدەگەین؟ !

## ئیفتیشینکۆ کابرایەکی موجامیلە:

لەگەڵ ئەوەش مامۆستا ((سەلاح)) هەندێ ڕەخنەگری جیهانیو شاعیرەکانیان ئەو ڕێبازە شیعرییە کە ئەدۆنیس ((دەیکێشێ بەلایانەوە باشەو پەسەندیان کردووە، لەم دواییەدا، ڕایەکی ((ئیفتیشنکۆ))م خوێندەوە دەڵێ: ((من هەرچەند شیعری شاعیری عەرەبی هاوچەرخم کەم خوێندووەتەوە، بەڵام ((ئەدۆنیس)) سەرسامم دەکاتو دەتوانم تێی بگەم، ئەم دان پێنانەی جیهانی، وای لە زۆربەی نووسەرو شاعیرانی شەپۆلی شیعریی نوێ کرد کە لەسەر شێوەی ئەدۆنیس دەنووسن نووسینەکانیان بۆ شیعر تەرخان بکەن، چونکە ئەوان دەیانەوێ لە خۆماڵییەوە بەرەو جیهانی یەکسەر باز دەن، ئەدۆنیس دەڵێ ((دەبێ بە شیعر لە شیعر تێپەڕ بکەینو بەواقیعیش لە شیعر، پاشان ئێمە بۆ دوارۆژ دەنووسین)) ئەمەش مایەی دەمەقاڵێکی زۆرە لە نێوان ((ئەدۆنیسو نزار قەبانیدا)).

*** ڕات بەرامبەر بە داواکردنی ((دوارۆژخوازی لە شیعردا چییە، مادامەکی ئێستا دواکەوتووە... وەزیفەی شاعیر نییە ماستاو بۆ نەزانی یاخود نەخوێندەواریی هونەرکاریو شیعرییەکە بکات. شاعیری نوێ بەلایەوە وایە کە دەبێ جەماوەر بەرزبێتەوەو تەقەلا بدات تاکو ئەبجەدیەتی هونەر بە شێوەیەکی گشتی شیعر بە شێوەیەکی تایبەتی تێبگات.**

- لە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت لەبارەی ڕای ئیفتیشنکۆوە من دەتوانم ڕای شاعیرانت بدەمە دەست، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کێت دەوێ لە چاکترین ئەو کەسانە بووە کە شیعرەکانیان خوێندووەتەوە لەوان ئیفیتیشینکۆ وەك من بیناسم مرۆڤێکی موجامیلە، پێی

وتم دەبێ ئەوەی پێی وتم تۆماری بکەم، قسەیەکی پیٚوتم پێم شەرمە بیلێم، چونکە چ پێوەندیی هەیە، ئەو قسەیە موجامەلە دەکات، چونکە مەسەلەکە لە ئەنجامدا پێوەندیی بەوەوە نییە.

بەڵام مەسەلەی تێپەڕی بکەین ((چ بە چی)) ئەمە هەمووی - لە کۆتاییدا قسەیەکە - جۆرێکە لە بەڕەڵاییی وشەسازی، ئەوەی وا دەخاتە مێشکی خوێنەرەکەی کە چمکێکی گەورەی ئەوتۆی لە دواوەیەو لە ئەنجامیشدا بۆمان دەردەکەوێ هیچ شتێکی تیا نییە. من وتاری ڕەخنەسازی دەخوێنمەوە لەبارەی دوان لەم ڕووەوە، بەخوای سوێند دەخۆمو نازانم ڕەخنەگر چیی گەرەکە ! باشە ئەمە ڕەخنەیە. لەغز بەکارهێنان لە ڕەخنەدا یانی چی، ئەمە نەخشە نەك شیعر، ڕەخنەگر دەیەوێ چ بڵێ، من خۆم لە ڕەخنەگر ناگەم.

زمانەکە بەرەڵاییە، چونکە من دەتوانم دێڕە شیعرێکت بۆ بڵێم ئیقاعەکەی جوان بێ، بەڵام مانای تیا نییە زمانەکە بەرەو پاشاگەردانی ڕاکێش دەکات لە لای ئەو کەسەی دەتوانێ یاریی پێ بکات.

بۆ نموونە دادیزم جۆرێکە لە بەرەڵاییی زمانەوانی دادیزم دەیویست چ بڵێ؟

دادیزم وای بۆ دەچوو کەوشەکانی زمان خراونەتە ناو شەپقەیەك وەك خۆیان لە ئەورووپا دەیانوت، وشەکان لە پارچە کاغەز نووسراون، تۆ تەنیا ئەوەندەت لەسەرە وشەکان دەربێنیو لەتەك یەکیان دابنێی، لێیان گەڕێ دەبنە چی با ببن، ئەمە پاشاگەردانییەکی زمانەوانییە، لە ئەنجامدا ئەو پاشاگەردانییەی زمانەوانییە شتێك دروست دەکات کە واتەدارەو یاخود سێبەرێکی بە مانایە. بەڵام لە ڕاستیدا سەرەنجامی بەرەڵایەکی زمانەوانییە، وەك ئەو نموونەی دەیهێنینەوە کە مرۆڤێك لەپشت تایپ رایتەرەوە دادەنیشێ بە دەیانساڵ ئامێرەکە بەکاردێنێ، دەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بەڕێککەوت هۆنراوەیەك بهۆنیتەوە یاخود سۆناتەیەك لە سۆناتاکانی شکسپیر، بەم شێوە بە ڕێککەوت.

زمانەکە مایەی بەرەڵایی، باشە بەرەڵاییی شیعری قەی ناکە، بەڵام کارەکە بگاتە ڕادەی بەڕەڵاییی ڕەخنەسازی !! من لەو نووسینە ڕەخنەگەرییانە ناگەم کە لەم ڕۆژانەدا دەیاننووسین، گریمان من ڕەخنەی عەرەبیم خوێندەوە، لە ((ئامێدیو جورجانی)) م خوێندەوە، ڕەخنەی ئەورووپیم خوێندەوە هەر نەبێ لە تەوژمێکی گرینگ لە تەوژمەکان، لە سەرەتای ئەرستۆوەم خوێندەوە تا دەگاتە ((ریچاردزو ردیفزو هتد))م خوێندەوە دەزانم ڕەخنەگر چۆن دەدوێ، ئەگەر من ئەو ڕەخنەگرانە بخوێنمەوەو تێیان بگەم، ئەی بۆچی لە ڕەخنەگرانی شەپۆلی نوێ ناگەم.

ئەگەڕێمەوە دەڵێم: ئەمە گشتی جێی مەترسییە کە بەڕاستی پێوەندی لەنێوان ئەو خوێنەرەی کە توانیمان لە ماوەی بیست ساڵ یاخود سی ساڵ لە تەمەنی ئەم تاقیکردنەوەیەدا گەشەی پێ بدەین‌و نێوان شیعردا بپچڕێ.

## وردو خاشکردنی زمان:

ئەگەر زمان ساغ‌و سەلامەتیی خۆی نەپارێزێ، ئەدەب بەشێکی گرینگ لە قەبارەو بنەماکانی لە دەس دەدات. کەواتە بەر لە ئێوە چەند شێوەیەکی شیعریی نوێیان تاقی کردەوە. هەرچەندە چوارچێوەیەکی سنووردارو ڕوونیان بەخۆوە گرت، بەڵام من لەناو قسەکەت ئەوە بەدی دەکەم، کە تۆ ئاماژە بۆ شیعری ڕۆژئاوایی وەرگێڕاو دەکەیت، لای هەموومان ئاشکرایە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا شەڕی دووەمی جیهانی، ئەورووپا چەند قوتابخانەیەکی شیعری بەخۆوە بینی کە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە چمکە جوانکاری‌و بەها ڕەخنەییەکان‌و شێوازی ئەزموونکاری لە بواری داهێنانەوە هێنا کایەوە یەکەم: گوێمان لە قوتابخانەی ئەدەبی دەبوو وەکو سوریالی‌و دادایی ڕەمزی‌و هیی تر بە تایبەتی سوریالی‌و هەندێ شیعری ئەو قوتابخانەمان دەخوێندەوە، ڕەنگە لە هەندێکیان گەیشتبین بە تایبەتی زمانە بیانییەکان، بەڵام ئەو شاعیرەی کە لە جەستەی ژیانی ئەدەبیدا درێژ بووەوە لەو کاتەدا سێبەری خۆی بە هەموو لایێ پەخشان دەکرد، شاعیری ڕەخنەگری ئینگلیزی ((ت. س. ئیلیەت)) بوو.

ڕەنگە ئیلیەت ئەو حەلە جۆرە مۆدەیەك بێ بەرەو هەموو وڵاتانی جیهان چوو، هەتا میسریش لەبیرمە من یەکەم جار لە هەندێ برادەران گوێم لە ناوی ئیلیەت بوو، پاشان بۆی دانیشتین بۆ خوێندنەوەی هۆنراوە ناودارەکەی ((وێرانە - یاخود وێرانە خاك))، بەڵام ئەو ئێمەی بۆ هەندێ شاعیری تر پەلکێش کرد.

*** هەڵبەتە شاعیرانی تر دوای ئەوە هاتن لەویان‌وەرگرت‌و لێشی تێ پەڕین، یاخود لێی هەڵگەڕانەوە، بۆ نموونە لەژێر عەباکەی ((ئیلیەت))دا ستیڤن سپندەرو تۆدن‌و هی تر لە شاعیرانی ئەم سەدەیە دەرچوون، بەڵام هەڵوێستی ڕامیاریی بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئیلیەتیان، هەرچەند دوایی ئەوانیش هەڵوێستی سیاسیی خۆیان گۆڕی. ڕێگام بدە کە بڵێم: لەوانە وەچەی ڕابەرانی هۆنراوەی نوێ کەوتبنە ژێر کارتێکردنی ئەم قوتابخانە شیعرییە ڕۆژئاواییيە، ئاخۆ لە گەڵمای؟**

- شتێك هەبوو بەردەوام سەرسامی دەکردم، لەوانەیە توانامان هەبێ ئەوەی دەیخوێنینەوە

پێی سەرسام بین، یاخود تەقەلا دەدەین ئەوەی دەیخوێنینەوە بینوێنینو قەناعەت ناکەین دەیخوێنینەوە، لەوانەیە ئەمە نیشانەی بنیچەیی بێ کە ئەم وەچەیە تەقەلا بدات. وابزانم ئەو وەچەی کە من سەر بە ئەوم، ئەو بوو شانۆنووسو چیرۆکنووسو ڕۆماننووسی میسری دەرچوواند، یەك وەچەیە، تەقەلای پێ سەرسام بوونو هەست بە نوێکردنو تەقەلای نواندنیو تەقەلای ڕواندنی تا ڕادەیەك هەبوو.

## گرنگ ئەوەیە شیعر چ دەڵێ؟:

*** تکام وایە کەمێ لە ئاستی شەپۆلی شیعری نوێو یەکەمین ئەزموونە داهێنانەکانی عەرەبی لەم ڕووەوە بوەستی. چونکە جاروبار مەسەلەی کێ پێش شاعیرانی تر هۆنراوەی نوێی نووسیوە بەرپا دەکرێ، تۆش یەك لە شاهیدەکانی چ دەبینی؟**

- من سەلماندنی هەق دەڵێم من ساڵی ١٩٤٩لە کتێبخانەی زانکۆ دیوانی نازك الملائكة ((شظايا ورماد))م خوێندەوە، تێیدا پەنجە بۆ بۆچوونی خۆی بەرامبەر عەرووزی نوێ بەو شێوەی پێشنیازی دەکات درێژ دەکات کە لە سەرەتای پێشەکیی دیوانەکەیدا نووسیبووی چەند هۆنراوەیەك لە دیوانەکەیدا هەبوون پیێ سەرسام بووم، خەریکە بڵێم من هێندێکیانم لەبەرکرد، چونکە بیر لەو کاتەدا تیژ بوو، دەیتوانی ئەوەی دەیخوێنێتەوە ئەزبەری بکات، ئەو شێوەی ((فۆرم)) کە نازك پێشنیازی بۆ کرد سەرەتای سەرنجڕاکێشانم بوو بۆ فۆرمی نوێ، لەبەرئەوە کە ناکۆکی لە نێوان ((نازكو بدر شاكر السياب))دا بەرپا بوو، کامیان یەکەم نووسەرن، بەڵام بەلای منەوە بە شێوەیەکی شەخسی ئەم فۆرمەم لە ڕێگای دیوانەکەی نازك الملائكة ((شظايا ورماد))ەوە زانی، ڕەنگە لێرەدا بیرم بێتەوە کە من هۆنراوەیەکی بڵاوکراوە ((الناس في بلادي)) م هەیە جۆرێك لە ئەزموونی شێوەداری تێدایە، بەڵام ئەم فۆرم نییە، پاش ئەوەی دیوانی ((نازك))م خوێندەوە چەند هۆنراوەیەکم بەم فۆرمە نوێیە نووسی. بڵاوم نەکردەوە، بەڵام بۆ هەندێ برادەرم خوێندەوە، بۆ ((دکتۆر عەبدولحەمید یوونس)) کە مامۆستاو برادەرم بوو، بۆ مامۆستام ((ئەمین خەولی))و هەندێ برادەرانی تر ((فاروق خورشیدو عیزەدین ئیسماعیل)) خوێندەوە، هەروەها ((عەبدولغەفار مەکاوی)) کە ئەو حەلە لە زانکۆدا برادەر بووین.

پاشان بەم شێوە لەسەر نووسین بەردەوام بووم، بەڵام وەك بۆی بچم مەسەلەکە ئەوە نییە کێ یەکەم کەس بووە نووسیویەتی، مەسەلەکە لەناو شیعرەکە ((فۆرم)) دایە، چی پێ دانا.

*** مادامەکی پێوەرەکە ئاوایە تکایە شاعیرە ڕابەرە نوێیەکانم بۆ ڕێك بخە بە پێی پێوەری ڕەخنەسازیت؟**

من وای بۆ دەچم ئەو بەهایەی دا بە نازكو سەییاب ئەوەیە کە هەردوو شاعیر شتی پێیە بیڵێ، ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە سۆراخی بکەین، من لە بیرمە کتێبێکم بە ئینگلیزی خوێندەوە، ڕەخنەگرێك لەبارەی شیعری عەرەبی لە ((١٨٧٠ - ١٩٥٠)) وەی نووسیبوو لە زانکۆی لەندەن پێشکێش کرابوو، بۆ نموونە دەیسەلمێنێ کە ئەم فۆرم نوێیە تەمەنەکەی دەگەڕێتەوە سەر کۆتایی سەدەی نۆزدەم، لە چەند کۆوارێك نا وەکانیان هەموو نازانین، کۆواری ((البیرق))، کۆوارێك ناوی ((الضیاء))ە لە میسرو شام دەردەچوون، لەو ماوەیەدا ((صدیق شیبوب)) بەم شێوەی هەیە.

ئێمە نووسینەکانی ((باکثیر)) یش دەزانین، بەڵام گیروگرفتەکە ئەوەیە کە لەو کاتەدا ئەوەی کە بۆ ئەم شێویە ((فۆرم))ە دانراوە. بۆ ئەم فۆرمە نەلوا کە خۆی بسەپێنێ کە ئەم فۆرمەیە بە کۆمەڵێك شاعیر بەخشرا، لە هەموو ڕێبازێکەوە، واتە نازك لە سیاب جیایە، سیاب لە بەیاتی جیایەو بەیانی لە نەزار جیایەو نەزار لە من جیایە، منیش جیام لە حیجازی، هەریەك لە ئێمە لەوی تر جیایە، لە ئەدۆنیس ((خەلیل حاوي)) چەند کۆمەڵێك هەر یەك لەوانە لەم فۆرمەدا فەرهەنگو بینینی خۆی داناوە.

## نوێکاریو شیعری تەفعیلە:

**((سەلاح عەبدولسەبوور))ی شاعیر، ئێستا تێبینیی دیاردەی پاشەکشێی ((بزووتنەوەی شیعری نوێ)) دەکرێ، هەرچەند کە ئێمە چەندییەکی بێ شوماری نووسینی شیعری دەبینین، بەڵام بەو قووڵی و ڕەسەنییە نییە کە کۆمەڵێ ڕابەران دەستیان پێ کرد، ئایا سەدەی پاشەکشێی شیعر دەستی پێ کردووە؟**

* شەپۆلی شیعری نوێ، یاخود چاکترە پێی بوترێ شیعری تەفعیلە، چونکە نوێکاریی شتێکی ڕێژەییە، چونکە ئەگەر لە زەمانی ئێمەدا نوێ بێ، ئەمەش زەمانێکی دوای زەمانی ئێمە دەبێتە کۆن، هیوادارم کە کۆن ببێو ببێتە بەشێك لە سامانی عەرەبی، چونکە ئەوپەڕی خواستی مرۆڤ ئەوەیە کە شیعرمان کارتی پشت بەستن بێ لە کن سامانی عەرەبی. لەڕاستیدا من ترسم لە شیعری نوێ یاخود شیعری تەفعیلە نییە، لەوانەی کە حەزی لێ ناکەن یاخود بەرهەڵستی دەکەن، بەڵام من ترسم لە دۆستانی هەیە بە ڕەخنەگرو نووسەرانیانەوە، من کە

دەبینم ئەوی ناوی دەنێن پەخشانە شیعر دەحەپەسێم، چونکە دەبینم کۆواری ڕەسەن تەبەنی ئەوەی ناوی دەنێن پەخشانە شیعر دەکەن، تا بلێی دەحەپەسێم، چونکە ئێمە پەخشانە شیعر یاخود ئەو شێوەی نووسینەمان هەزارو پێنج سەد ساڵ دەبێ زانیوە، ناو دەنا شیعری پەخشکراو ((الشعر المنثور)) لە شیعری پیریی موغانی جاهیلییەوە دەزانی و، لە دوانی ((خطب)) ڕەوانبێژیی جاهیلیو سەرەتای ئیسلامەوە، لە نووسینی نووسەرانی موسڵمانو عەرەبو ئەوانەی ناوی دەنێن نامەی برایانە ((برانامە)) لە بیرکردنەوەو ڕامانی ((ئەبوحەیان تەوحیدی)) و کتێبەکەی ((الاشارات الالهیة))و نووسینەکانی ((القاضي الفاضلوابن العمید))و نووسینەکانی ((جبران خلیل جبران))و هەندێ لە نووسینەکانی ((المنفلوطي)) لە میسرو لە نووسینەکانی ((حوسێن عەفیفی)) لە لوبنان تەوژمێکی گەورەی ئەو جۆرە نووسینە هەیە. ئەم جۆرە شیعرە لە کۆواری ((الادیب)) بە ناوونیشانی ((شیعری پەخشکراو)) بڵاو دەبوونەوە، ئەم تێڕامانو بیرۆکانە کە هەندێك هونەرکاریو وێنەی شیعر بیان تێدا چاو پێ دەکەوێ، بەڵام لەناو چوارچێوەی عەرووزی عەرەبیدا نییە.

ئێستا هەندێ کەس دەیانەوێ ئەم شیعرە پەخشکراوە لەناو ساماندا بخەنە ناو قوتابخانەی شیعری نوێ، لە ڕاستیدا جێگەی سەرسوڕمانە کە زۆر کەس لە پێشەوایانی قوتابخانەی نوێ خۆیان دەیانەوێ ئەم جۆرە نووسینە بخەنە ناوەوە، ئەمە پێوەندیی نێوان خوێنەرو ئەوەی ناوی دەنێین شیعری نوێ تێك دەدات.

### خەوشەکە لە شیعرەکەدایە نەك لە خوێنەر:

شاعیرانی نوێ بە تایبەتی شاعیرانی شەپۆلی حەفتاکان دەیانەوێ ئاووهەوای شیعری نوێ ساز بکەن، لەو ڕووەوە خۆیان لە بواری زمانو ناوەرۆکەوە دەست دەکەن بە ئەزموون، لەوانەشە لەوەدا بەڵگەی خۆیان هەبێ، کە لە ڕۆژگارێکی نائومێدیو نوشستی یەك بەدوا یەکەوە دێن، بەڵام لە ڕاستیدا کارەکە تێکەڵ بووە، بەجۆرێ جیاوازی لەنێوان داهێنانو تاقیکردنەوەی ڕەسەنو وڕێنەی زمانسازیدا ناکەین، لەبەر وردیو گرانیی لێك کردنەوەی نێوانیان. بەجۆرێ کارەکە خوێنەرێکی شارەزای گەرەکە، بە تایبەتی پاش بڵاوبوونەوەی شەپۆلی ((تەمومژ)) و ((نامۆیی کردن)).

- ئەم شەپۆلە نائاساییە ((نامۆ)) یە من لە ڕاستیدا واقموڕ دەمینی لە ئاستی هەندێ لەوانەی دەیخوێنمەوە، هەوڵ دەدەم کە هۆنراوەیێ دەخوێنمەوە چاو بگێڕم، کە جارێك هۆنراوەکە

دەخوێنمەوە هەوڵ دەدەم دەرگایێ بدۆزمەوە بۆ ناو هۆنراوەکە، ئەگەر دەرگایەکەم نەدۆزییەوە جارێکی تر دەیخوێنمەوە، منوای بۆ دەچم کە هۆنراوە وەك بیناوایە، بینایەکە خۆی لە جیهانت جیا دەکاتەوە، کە دەچینە ناوییەوە پێ دەنێیتە جیهانێکی نوێ، بەڵام دەبێ ئەم بینایە چوونە ناو دەرچوونی هەبێو بە ئارەزووی خۆت لە ژوورێکدا بگەڕێو لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر بچیتو لەوێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر یاخود لە حاڵەتێکی هەڵچوونەوە بۆ حاڵەتێکی تر، هەتاکو لە ئەنجامدا خۆت دەدۆزیتەوە کە لە ناو هۆنراوەکەدا دەرچووی، بەڵام بیرەوەریی ئەم سەرلێدانە هێشتا ناو بەناو دێتە خەیاڵت، ئەگەر لە خوێندنەوەی دووەمدا دەرگایەکم، نەدۆزییەوە، بە تەواوەتی واز لە هۆنراوەکەم دێنم. دڵنیاشم لەوەی کە خەوشەکە لە مندا نییە، هەر دەبێ خەوشەکە لە هۆنراوەکەدا بێ، ئەم خەستوخۆڵکردنەوەو تەمومژییە، نێوانی هۆنراوەی نوێو خوێندەوار دەشێوێنێ.

**ئەم تەڵەکەبازییە چییە؟**

*** بەڵام ئایا تۆ داوای ئاسانکردن یاخود ڕاستەوخۆیی لە شیعردا دەکەی؟**

- من داوای شیعری ڕاستەوخۆی ڕوون ناکەم، بەڵام داوای ئەو هۆنراوەیە دەکەم کە بینایەکی ڕوونو ئاشکرا دروست دەکاتو خوێنەرەکەی دەخاتە ناو حاڵەتێکی باشەوە، دەبێ هۆنراوەکە بەر لەوە بگاتە خوێنەر لە دەروونی شاعیر پێگەیشتبێ، بەڵام هەندێ لە برادەران شاعیرانی لاو، هەندێ وشەی نامۆ دەڵێنەوە وەك بزانم، وەك بۆ نموونە دەڵێن: شاعیر زمانەکەی دروست دەکات، بەڵام بەڕای من ئەوەیە، ئەوەی شاعیر دەتوانێ هەندێ جار بیکات، ئەوەیە کە بەوشەیەك مانایەکی نوێ ببەخشێ، بەڵام لە ڕێگای دروستکردنێکی زمانەوانی ڕوونە، بەڵام ئەم تەڵەکەبازییە من، پێی دەڵێم زۆر جار پێی دەڵێم تەڵەکەبازی ((قۆڵبڕی)) ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، ئەم قۆڵبڕییە لەژێر دروشمی نوێکاریدا مەیسەر دەبێو پەنا دەباتە بەر چەند نموونەیەکی بچووك لە ڕەخنەی قۆڵبڕ، کە بۆ نموونە لە فەرەنسا بڵاو دەکرێتەوە.

*** تکا لە شاعیری گەورەمان ((سەلاح عەبدولسەبوور)) کە سینگی فراوان بێ، کە ئەم ئەزموونە شیعرییە نوێیانە لە چوارچێوەی مەوزووعی دابنێو لێتان ئاشکرایە کە ((هونەری گشتی)) بە شێوەکاریو مۆسیقی وتراوەتەوەو چوونەتە ناو یەكو بە شێوەیەکی ئاشکرا کار لە یەکتر دەکەن، تەنانەت شاعیرانی نوێش دەڵێن: بۆچی ڕێگا بە هونەری شێوەکاری دەدرێ تا ڕادەیەك سووریالی نوێ بکاتەوەو ڕێگا بە هۆنراوە نادرێ کە سووریالی بێ، وابزانم مەسەلەکە پێوەندیی بە فەلسەفەو ئیقاعی سەردەمەوە هەیە؟**

- با لە ئەزموونی سووریالیزم لە فەرەنسا بدوێین، چووە سەر ڕێگایەکی دەرنەچوو، ڕەنگە شتێکی خستبێتە سەر خەرمانی شیعر، بۆ نموونە دەستەی یەکەمی ڕابەرانی سووریالییەت وازیان لە ڕێبازەکە هێنا، بەڵام شتێکیان لێوەرگرت ئەویش ((وێنە)) بوو یاخود دروستکردنی وێنەی تەماوی بوو، یاخود گواستنەوە بەرەو کتوپڕ، کتوپڕی گواستنەوە لەوشەیەکەوە بۆوشەیەکی تر. یاخود لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر، بەڵام ئەم کتوپڕییە ڕادەیەك لە سەرسوڕمان بەرپا دەکات.

دەبێ چیرۆكو ڕۆمان بەشتێك ئاگاداری خوێنەر بکەن، تۆ حەقایەتێکی بۆ دەگێڕیتەوە، یاخود دیمەنێکی ژیانی بۆ بەرجەستە دەکەیت، ئێستا لەوانەیە خوێنەر ڕێچکەی چوونە ناو ڕۆمان یاخود چیرۆکی دۆزیبێتەوە کە نزیکترو خۆشترە لەوەی کە پێ بنێتە جیهانی شیعرەوە.

**مەحموود دەروێش وەرەوە سەر دەنگەکەت:**

* مامۆستا سەلاح، با لە ئاستی دیاردەی ((تەمومژ)) لە شیعری نوێو ڕووکردنە ڕۆژئاوا لە کن زۆر لە شاعیرانی عەرەب بوەستین کە سەرسامبوونێکی جەماوەریی تەواویان پێ بەخشرا، وەك مەحموود دەروێش، بۆ نموونە، مەحموود دەروێش، وەك دەزانین دەنگە خەباتگێڕە ڕۆمانسییەکەی خۆی سەلماند، لەوەتی شیعرەکانیمان گوێ لێ بووەو خوێندووەتەوە، کە خۆی لە زەوی داگیرکراو ((فەلەستین))دا بوو، ئەو دەنگە بەهێزتر بوو، کە گواستییەوە بۆ ((قاهیرە)).

پاشان هێندەی نەبرد چووە ((بەیرووت)). دەنگە شیعرییەکەی تەمومژو نامۆیی و ڕەمزییەتی تێ کەوت، وازی لەو ڕۆمانسییەتە خەباتگێڕە هێنا، ئەگەر دەربڕینەکەمان تەواو بێ - تۆ شوێنەکەت وەك شاعیرێك بەهێز کرد، بەڕای تۆ بۆ مەحموود دەروێش وازی لە دەنگی کۆنی هێنا، تا ڕەمز بخاتە ناوو هەندێ جار تەمومژ بخاتە نێو هۆنراوەکانییەوە وابزانم ئەوەی نەکردووە، لەبەر بێ دەسەڵاتیی شیعری یاخود لەبەر پێنەگەیشتنی تاقیکردنە وەکەی، یاخود لەبەر تەنکاویی بینینەکەی بێ، دەبێ لەبەر چی وای کردبێ؟

- من لەو باوەڕەدام کە مەحموود دەروێش لەو هەموو هۆنراوانەی کە لە زەوی داگیرکراودا بڵاوی کردبووەوە، ئەوانەی لە قاهیرەدا بڵاوی کردنەوە، هۆی بەرزبوونەوەی ئەستێرەی مەحموود دەروێش بوون، چونکە مەحموود دەروێش لە ڕاستیدا تەمسیلی شتێکی نایابی دەکرد ئەویش

ئەو توانایە بوو کە لە هەمان کاتدا ببێتە دواندەر ((خطیب))، چونکە ئاساییە دواندەر شاعیر تێك بدات، شاعیریش ناتوانێ بەم نەبرە بەرزە دەنگی خۆی هەڵبڕێ، بەڵام مەحموود توانی بە جۆرێك لە پێکهێنان ((توفیق)) ڕەنگە سەرەتایە شیعرییەکانیو دانیشتنەکانیو لە کۆڕەکانی شاعیرانی عەرەبدا نێوان ئەم دوو ڕێبازەی پێك بێنێو شیعرەکان پڕبن لەوێنەی شیعری، لەگەڵ ئەوەش دەنگ دلێریو توانای لە کارتێکردن دەمینێ.

دوای ئەو شیعرەکانیم دەخوێندەوە، هەر کە لە قاهیرە دەرچوو جارێکی تر چاوم پێ نەکەوتەوە، شیعرەکانیم لە هەندێ کۆوار دەخوێندەوە، کۆمەڵە شیعرەکانیم دەخوێندەوە دەمبینی شیعرەکانی مۆرکو شەقڵی ((تەمومژ)) یان پێوە دیارەو، زۆرو نزیك بوو لە شەپۆلی ((نامۆیی)) و ((تەمومژ)). لەوانەیە دەنگی لە تەك ئەم دەنگانەداون بووبێ.

دەتوانی لە مەحموود دەروێشەوە گوێت لە کۆمەڵە شیعرییەکەی بێو هەمیسان دەتوانی لە بەینی نەفسی خۆت بیخوێنیتەوە.

* لەم دواییەدا ڕایەکی ((مەحموود دەروێش))م لە کتێبی پرسیارەکانی شیعر هی ((منیر عکش)) خوێندەوە تێیدا دەڵێ: دەیەوێ لەو بارودۆخە مێژووییەی کە ئەوی کرد بە شاعیرێکی گەورە دەرباز بێ. چونکە دەیەوێ بە توندی لێی تێپەڕێ، چونکە بە قسەی خۆی.

- یەکەم کەسە کە زیانی پێ گەییوە ((دەیەوێ هێزی شیعریی خودی خۆی بدۆزێتەوە، دەڵێ: ویستیان بە هۆیەکانی ناوبانگمەوە وەك شاعیرێك کۆتم بکەن، بۆیە من دەمەوێ یاخی بم، بە تایبەتی لە شێوە کۆنەکانی شیعرم، بە تەقەلادانی نوێکردنەوەی بەردەوامی خودو بۆ دەربڕینی بوونی داخوراو، من دەمەوێ هۆنراوەکەم لە هەڵقولێنی سەرەتایی شەوکوێرانە دەرباز بکەم.))

*** بەهەرحاڵ مامۆستا ((سەلاح)) ئەمڕۆ تێبینی ئەوە دەکەین شەپۆلی شاعیری شەییوور، یاخود شاعیری جاڕدان لە زۆر کۆمەڵگاکانی عەرەبدا زاڵە، تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی ئەوتۆ ((شاعیری شەهید))مان نەبینیوە، ئێوە لەگەڵ شەپۆلی هەڵکشانی نەتەوەخوازی عەرەبی، لە پەنجاکانو شەستەکاندا هەنگاوتان، نا، ئێستا تەنیا شاعیری بۆرییەژەن دەبینین، لەبەرچی وایە؟**

## شاعیر ڕۆژنامەنووس نییە

بەخوای من باوەڕم وایە کە شتێك لە ژیانمدا هەیەوا لە خەڵك دەکات، کە ئارەزووی ئەم هەڵوێستانە بکات، من نامەوێ بەگشتی گران بدوێم. بەڵام دەمەوێ بڵێم ئارەزووکردنێکی ئەوتۆ لە سامانی عەرەبییەو زۆر کەس نەیانتوانیوە ئەمڕۆ نێوان دەوری شاعیرو دەوری ڕۆژنامەنووس لێك جیا بکەنەوە.

شاعیری کۆن ڕۆژنامەنووسی تیرەو خێڵی بووە، ئەو بەناوی تیرەو خێڵەوە دەدوا، دەبووایە ناوبانگی خۆی بگۆڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگی گشتیدا بگونجێ.

زۆر شاعیری نوێخواز، هێشتا ئەو دەورە دەبینن، خۆی ئێستا ڕۆژنامەنووسی دەوڵەت، یا دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە، یاخود حیزبە، دەنگەکەشی جاروبار دەگۆڕێ.

شاعیری عەرەب نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی لە دەزگاکانی سیاسییەوە بپارێزێ، لەوانەیە ئەمە ملکەچییەکی ئەو لاساییکردنەوە کە لە کۆنەوە درێژبووەتەوە. ئێمە شیعرەکانی هاودژەکانی سەردەمی ئەمەوی دەبیسین جەریرو فەرەزدقو ئەختەل، ئەوانە تەمسیلی چەند حیزبێکی سیاسییان کردبێ ئەوانە دەدوانو تاوانیان دەخستە پاڵ یەك، وەك چۆن ئەمڕۆ ڕۆژنامەکان تاوان دەخەنە پاڵ یەك.

کەواتە ئەوان دەوری ڕۆژنامەنووس دەبینن، کەواتە شاعیری نوێ هێشتاوا خەیاڵ دەکات کە ئەو دەورە هەروەهایە، چونکە زۆر شاعیری ئەمڕۆ هەر چوار پێنج ساڵ هەڵوێستی خۆیان گۆڕیوە، لە هەر کۆڕێکدا هۆنراوەیەکی هەیە، لەوێ بۆ خەڵکی دەدوێ، لەوێ دەدوێو باری سەرنجی خەڵکەکە پەسەند دەکات، ئەمە دەوری شاعیر نییە، ئەمە دەوری ڕۆژنامەنووسە. دەشێ شاعیر ڕۆژنامەنووس بێ، ئەمە هیچی تیا نییە، بەڵام دەبێ لایەنی شیعری تێکەڵ بە لایەنی ڕۆژنامەنووسی نەکات، کارکردنی شیعری بە تەواوی سروشتێکی تری هەیە. هەندێ جار من سەرم دەسوڕمێ کە هەندێ شاعیر دێنە پێشەوە سەرپێچیی لە دەوری سەرەکی خۆیان دەکەنو دەورێ دەبینن هیی خۆیان نییە.

١- ئەم وتووێژە لە کۆواری ((الدوحة)) ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨١دا بڵاوکراوەتەوە، کە ((حسان عطوان)) لەگەڵ ((سەلاح عەبدولسەبوور))دا کردوویەتی.

## گەڕانێك بەناو پێشانگاكەی شێوەكار
## سلێمان شاكرو پێداچوونەوەی تۆمارە تایبەتییەكەی

بێگومان ئێمەی كورد هێشتا ئەوەندە بایەخ بە هونەری شێوەكاری نادەین، بەقەد ئەوەی بە بابەتی ئەدەبییەوە خۆمان خەریك كردووەو، سەرمان قاڵە. كە هونەرمەندێ پێشانگایەك دەكاتەوە، بەو ئومێدە دەژی كە ڕۆشنبیرانی كورد شتێكی لەبارەوە بڵێن. بەڵام تەنیا سەرنجدانێكی خێرا گوزەركردنێكی بە پەلەیە. ئەوەی كە جاروباریش لە ڕۆژنامەكاندا بڵاو دەكرێتەوە، لە سنووری ئافەرینو شاباشكردن تێپەڕ ناكات، بەدەگمەن، ڕەخنەیەكی هونەركاری دەخوێنیتەوە كە مایەی دڵخۆشی بێ‌و ڕەخنەنووس بتخاتە سەر ئەو قەناعەتە كە لە شێوازی هونەرمەندەكە گەیشتووەو شارەزایی لەم جۆرە هونەرە هەیە. سەیر ئەوەیە هەندێ نووسەر بۆ لایەنی ئەوتۆ دەچن كە ڕێبازی هونەرمەندەكە نییە.. لێرەوە بەپێویستم زانی كە گەڕانێك بەناو پێشانگاكەدا بكەم‌و بەپێی توانا ڕای تایبەتی خۆم بەشێوەیەكی خەست دەرببڕم‌و دوایی بگەڕێمەوە سەر ئەو تۆمارەی كە بۆ سەرنجی بینەرانی پێشانگاكە تەرخان كرابوو.

هونەرمەند سلێمان شاكر لە پێشانگاكەیدا (٣٣) تابلۆی هەمە جۆری خستبووە. بەرچاوی بینەر كە كەرەستەی ڕۆن‌و ڕەنگی ئاوی‌و پۆستەرو پۆدەری بەكارهێنابوو، یەك لە تابلۆكان كەوێنەی خۆی بوو (پۆرتەرێت) هێڵكار بوو، سێ تابلۆ كەرەستەكەی هەمە جۆربوون ئەم هونەرمەندە وەك هونەرمەندێكی ناسراو، سەربە ڕێبازی ڕیالیزمە، كارێكی باشی كرد كە بەرهەمەكانی خۆی هەر لە ساڵی ١٩٥٤ەوە تا ساڵی ١٩٨٩، بێ دەسكاری كردن، بە دەسپاكی‌و بێ وتووێژكردن خستە بەرچاوی بینەر، بەم كارە یەكەم شت ئەوەیە كە ڕاستگۆیی خۆی دەرخست، بەپێچەوانەی هەندێ نووسەرو هونەرمەند كە ئەمڕۆ باوە، بەرهەمەكانی ساڵانی پێشوویان دەستكاری دەكەن، بەمەوە بەشێوەیەكی ڕاستگۆ خۆیان نیشانی بینەرو خوێنەر، بە تایبەتی ڕەخنەگر نادەن، كە بەپێی چوارچێوەی مێژوویی بەرهەمەكانیان

هەڵبسەنگێنن‌و لەڕەوتی نەشونوماو چۆنیەتیی بەرەو پێشەوەچوونیان بگەن. بۆیە سەرەتای هونەرمەند لای ڕەخنەگر شتێکی سەرەکییەو بنچینەییە، هەرچەندە هونەرمەند لە سەرەتاشدا وەك خاوەن بەهرە خۆی دەنوێنی‌و جێ پەنجەی بەرهەمەکانی شایەتی بۆ دەدەن، بەڵام دەبێ ڕاستییەك بدرکێنین کە سەرەتاکەی لەکەموکووڕی خاڵی نییە، لە ڕووی پلەی ڕەنگ‌و توێکارکردن‌و بەسەلەی سێبەرو هەتاوو دوورو نزیکی‌و ئیقاعی ڕەنگی ساردو گەرم‌و بابەتی تر. هونەرمەند کەرەستەی بابەتەکانی لە جەرگەی واقیع‌و سروشتی ڕەنگینی کوردستانەوە هەڵدەهێنجی‌و بە فڵچەکانی بە شێوەیەکی هونەرکارانەی داهێنەرانە بەرجەستەیان دەکات، وات لێ دەکەن کە هەست بەدەوڵەمەندی ڕەنگ‌و بۆیەی تابلۆکان‌و تۆنی ڕەنگە هاوئاوازەکانی بکەیت. تەنانەت ژیانی کپیش (ستیل لایف) وا خۆی دەنوێنێ کە جووڵەو زیندەگیی تێدا دەگەڕێ. لێرەوە ڕاستگۆیی هونەرمەند دەردەکەوێ کە دەیەوێ جۆرە هارمۆنییەتێك لە ئیقاع‌و ئاوازی تابلۆیەکاندا بخولقێنێ لە ڕووی ڕەنگ‌و هێڵکاری‌ووردەکاری لە شێ وەکانیدا.

لە ڕێگای دەست لەملکردنی سروشت‌و مرۆڤەوە هەست بە هەواو کەشێکی درامی دەکەین، لە چاودێرکردنی جووڵانی کەسەکان کە بە شێوەیەکی سروشتی زیرەکانە لە جووڵەو بزووتنەوە ناکەوێ. ڕواڵەتی کەسانی ناو تابلۆکان پەلکێشمان دەکەن کە بۆ ناخیان شۆڕبینەوەو باری دەروونیان بدۆزینەوە. لە تابلۆی (نێرگز فرۆشان) ی سەر ڕێگای سلێمانی ڕەنگ‌و ڕوخسارو جلوبەرگ‌و چۆنیەتی نێرگز بەدەستەوە گرتن‌و سروشتی ناوچەکە چاکترین بەڵگەیە کە هونەرمەند توانیویەتی لە ڕێگای ئەم تابلۆیەدا خۆشەویستیی منداڵانی کورد بۆ خاك‌و خەڵك بەرجەستە بکات. هونەری واقیعی ئەم هونەرەیە کە گوزارشت لە مرۆڤ‌و سروشت‌و واقیعی ژیان دەکات، بە شێوەیەکی هونەرکارانەی زیرەکانە، کە ڕواڵەتی دەرەوە ڕەنگدانەوەی دیوی ناوەوە بێت، بۆیە تاوانبارکردنی هونەری ڕیالیزم بە هونەری فۆتۆگرافی، کارێکی ناهەموارە، چونکە جیاوازییەکی تەواو هەیە لە نێوان چاوی کامیراو چاوی هونەرمەند، کە هەستێکی تایبەتی هەیەو ئەو تەفسیلانەی لەسروشت‌ووێنە فۆتۆگرافیدا هەیە، لە هونەری ڕیالیزمدا نییە. بۆ نموونە تابلۆی (دارکەر) کە دارکەر لە بەیانییەوە دەردەچی‌و ڕۆژ لە زەردان بەبارە چیلکەیەکەوە دەگەڕێتەوە چ جۆرە دەربڕینێکی موعاناتی ئەم دارکەرەیە، ئەی ئەو تەنکە هەتاوەی بە پشتی چیاکانەوە بەدی دەکرێ چ جۆرە ڕۆمانسییەتێکمان بۆ دەڕەخسێنێ.

لەم تابلۆیەدا بینەر هەستێکی تەواو دەکات، کە هونەرمەند شێوازێکی تری بەکارهێناوە و وردەکارییەکی تەواوی تیایەو جۆری ڕەنگ دارشتنەکەش جیایەو هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەچوونی هونەرمەندە.

(زارگەلی) تابلۆیەکی تری هونەرمەندە، مرۆڤ لە ئاستی قووڵایی سروشتدا سەرسام دەبێ. ئیقاعی نێوان ڕەنگە ساردو ڕەنگە گەرمەکان، چ ئاوازێکیان لێ دەتکێ.

خۆ ئەگەر هونەرمەند باگراوندی تابلۆیەکەی کەمێك کاڵتر بکردایە. کە ڕەنگە ساردەکانی دیوی پشتەوە دیوی دواییيان تارادەیەك خنکاندووە، ئەوە هێزی تەکنیکی تابلۆیەکە پتر دەبوو، چونکە (بەهای ڕێژەیی پەی پێکردنی ڕەنگەکاندا دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی ئەو باکگراوندەی دەخرێتە سەر بۆیەی تاکە ڕەنگێك لە توانای یا هەیە پەی پێکردنی بۆیەکانی دەوروبەری خۆی بگۆڕێ [1] بۆیە دەبینین لایەکەی تری تابلۆیەکە کەباکگراوندەکەی زیاتر بە شینی خۆی دەنوێنێ پێشە وەکەی ڕەنگی گەرمن کە تەواوکەری ڕەنگی شینن. ئەم حاڵەتەش‌وای کردووە کە باکگراوندی لایەکی تری تابلۆیەکە ئیقاعی تەواوبێ، هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین، کە هەڵسەنگاندنی ڕەنگ‌و بڕیار لەسەردانی هەر پشت بەو ڕەنگانە نابەستێ کە دەوریان داوە بەڵکو بە جۆرێ ڕووناکییەکە [2].

لەم پێشانگایە سێ قۆناغی جیاجیا بەدی دەکەین. قۆناغی سەرەتایی کە لەژیانی سەردەمی قوتابییەتی ئامۆژگایی هونەرە جوانەکان لە بەغدادا دەست پێ دەکات‌و ماوەی مامۆستایەتی ئەو چەند ساڵەی پێش تەقاویت بوونی‌و دوای تەقاویت بوون. بەراوردێك لە نێوان تابلۆیەکانی ساڵی ١٩٨٧و ساڵی ١٩٨٩ واقیعێکمان بۆ دەردەخات کە هونەرمەند لەماوەی ساڵی ١٩٨٩دا هەنگاوێکی گەورەی ناوەو خەریکە بگاتە شێوازێکی تر، کە بەگیانێکی ترو تەکنیکی نوێتر ڕەسم دەکات، تابلۆ ڕۆنییەکانی وەك (قەڵای هەولێر، نێرگز فرۆشان، کۆڵانێکی ڕەواندوز، دارکەر، زارگەلی، چیای ئارمووشە، هەروەها تابلۆی (لووتکەی هەڵگورد) کە بەڕەنگی پاودەر، تابلۆی (دوادوایی بەهار) کە بەڕەنگی پۆستەرە چاکترین بەڵگەن بۆ چەسپاندنی ئەو بۆچوونەمان.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە هونەرمەند (سلێمان شاکر) لە تابلۆ غەیرە ڕۆنییەکانیدا سەرکەوتنی زیاتر بەدی هێناو ئەوە لە کاتێکدا بەکارهێنانی ئەو جۆرە ڕەنگانە تابلۆ دروستکردن لەهی ڕۆنی گرانترەو دەستڕەنگینیی زیاتری گەرەکە.

بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەند توانی لەم پێشانگایەدا جێ پێی خۆی بکاتەوەو بەگوڕو

تاوێکی تر یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی بکاتەوەو، لەدڵو دەروونی بینەراندا پایەکی تایبەتیو دیار بکاتەوە. بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕایە ئەوەیە کە ئەم پێشانگایە بەم جۆرە ڕێبازی ڕیالیزم بگرێتە خۆیو جەماوەرێکی زۆر ڕووی تێ بکەنو دڵخۆشیی خۆیان دەربڕن بەرامبەر تابلۆیەکانی هونەرمەند. ئەوەندە بەسە کە زیاتر لە (١٥٠) کەسی ڕۆشنبیرو هونەردۆست لە تۆماری پێشانگاکەدا ڕاو بۆچوونی تایبەتیی هەمە جۆریان دەربڕیوە کە نیشانەی هەستکردنو چەشەی هونەرکاری ئەو خەڵکەن بەرامبەر ئەم هونەرەی کە جوانیی سروشتو مرۆڤو واقیعی ژیان ناشێوێنێو لەهەر شوێنێك جوانی هەبێ هونەری ڕیالیزم رووی تێ دەکات، (جوانی بەڵگەی دەسپاکیی گەڕان بەشوێن ڕاستیداو. سەرکەوتووترین یاسا، جوانترین یاسایە). [٣]

لێرەوە حەزدەکەم ئاماژە بۆ سێ تابلۆ بکەم کە ژمارە (٣١و ٣٢و ٣٣) یان بەرکەوتووەو کۆتایی بە تابلۆکانی تر دێنن، هونەرمەند وەك لە نزیکەوە ئاگام لێ بێ، بەمەبەستێکی تایبەتی دروستی کردبوونو ناوی نابوون (بوونەوەری سەیر) هەر چۆنێکیش هەڵتواسیبان وەکو یەك بوون، لە ڕاستیدا کۆمەڵێك بوونەوەری سەیر سەیریان تێدابوو، هەر بینەرێك بە جۆرێ وێنەی جۆرەها بوونەوەرو گیانلەبەرو مرۆڤی تیا بەدی دەکردن، وێنەکان سەرەنجامی هەستو نەستو خۆخەریك پێ وەکردنو نەخشە بۆ دانانو پەیڕەوکردنی یاساو بنکەی هونەرکاری نەبوون، بەقەد ئەوەی تێکەڵاوکردنی چەند کەرەستەیەكو کارێکی بە ئەنقەستانەی کەم خایەن بوون، کە هەر وێنەیەك چوار پێنج دەقیقەی زیاتر نەخایاندووە، کە یەکێ دەهاتو لە هونەرمەندی دەپرسی تابلۆیەکانی بۆ شی بکاتەوەو بەمەبەستی چی دروستی کردوونو ئاخۆ ئەم گۆڕانە، دواڕێبازی هونەرکاری هونەرمەندە؟ پێی دەوتن: من دەتوانم شتی ئاواش بکەم بەڵام ئەمە ڕێبازی من نییە ڕێبازی من تابلۆیەکانی ترن، کە من خۆم هونەرمەندێکی واقیعیم. یەك دوو هونەرمەند نەبن کە دەیانزانی هونەرمەند. (سلێمان شاکر) بە مەبەستێکی تایبەتی کردوونیەتی هیچ تەکنیکی هونەرییان تێدا نییە. بەڵام سەیر لێرەدا ئەوەیە ئەو جۆرە مۆدەرنیزمەی کە ئەمڕۆ هەندێ کەس بە پێشکەوتنو تێپەڕکردنو گیانی سەردەم لە قەڵەمی دەدەن ڕاکردن لە هونەرکاریو هەموو یاساو قەواعیدێکی هونەرکاری نەك تەنیا لە بواری هونەری شێوەکاریدا بەڵکو لەبواری ئەدەبو شانۆشدا - بۆیە دەبینین ئەوانەی کە سەرسامی ڕێبازی فورمالیزمنو کەوتوونەتە ژێر تەوژمی سەرلێشێوانوونبوون، ئەو سێ تابلۆیە بە هەنگاوێکی تری هونەرمەند دەزانن، کە خۆی دزیوەتەوەو وازی لە ڕێبازی پێشووی کە ڕێبازی ڕیالیزمە هێناوە، ئا ئەمە پێناسو باوەڕنامەی هونەرمەندی ڕەسەنو پێشڕەوو

نوێخوازە، وەك ئەوان تێی دەگەن. من بەش بەحاڵی خۆم زۆر حەزم کرد کە هونەرمەند ئەم سێ تابلۆیە ناهونەرکارییەی لە پێشانگاکەدا هەڵواسی کە گوزارشت لە هیچ ناکەن‌و ڕەنگدانەوەی بیرو خولیای هونەرمەند نین بەقەد ئەوەی بەراوردێکە لە نێوان شارەزایی‌و ناشارەزایی، لە نێوان خۆبەستنەوەیەکی هۆشمەندانە بە ئیشە هونەرییەکە.

وەك پیشەو کارامەییی هونەرکاریی نێوان سەردەرنەکردن‌و خۆ بەهونەرمەند زانین. لێرەدا بە پێویستی دەزانم دوو ڕای جیا وەك نموونە تۆمار بکەم کە لەو دەفتەرەم وەرگرتووە هونەرمەندان‌و ڕۆشنبیران بەرامبەر پێشانگاکە نووسیویانەو، حەزناکەم ناویان بێنم بۆ دەسپاکیی ئەدەبی. هونەرمەندێك دەڵێ:

ئەم وێنانەی کە ئێمەی هونەرمەند ناوی دەبینین (ئاوی)، لەمانەدا زۆر زۆر بالآیت‌و دەتوانم شانازی بکەم وەك هونەرمەندەکانی ئینگلیزی لە ئاویدا. نووسەرێکی دکتۆری زانکۆ بۆی نووسیوە:

(پێشانگاکەی هونەرمەندی کورد مامۆستا سلێمان شاکر دەورکردنەوەی مێژووی زیاتر لە سی ساڵەی بزووتنەوەی هونەرییە لەم ناوچەیەدا، ئەوەی دڵ ڕوونتر دەکاتەوە ئەوەیە کە هونەرمەند پسپۆڕێکی سەرکەوتووە لە هەموو مۆتیفەکانی نیگارکێشان وەکو پۆرترێت‌و پیساژو... هتد.

هونەرمەندێك پێشانگاکەی بەم جۆرە هەڵسەنگاندووە:

(تابلۆ هێڵکارییەکانت گۆڕەپانی سێتاقانی بیر خستمەوە کە ئەوکاتە قوتابیت بووم. خۆزگە هەندێك لە تابلۆکانت شوێنێکی لە مۆزەخانەیەك بۆ تەرخان بکرابایە).

شاعیرێك هەستی خۆی بەم جۆرە دەردەبڕێ:

(لەم پێشانگا جوانەی مامۆستای هونەرمەند، سلێمان شاکردا لەنێو کپیدا گوێم لە گۆرانیی ڕەنگەکان بوو، شنەشنی درەختەکانم بیست چیاکان ڕۆحیان بەبەردا کردمەوەوایان لێ کردم رابمێنم، زێدە خەون ببێنم.

نووسەرێکی تر بەم شێوە ڕای خۆی دەربڕیوە: (دوای تێڕامان بە تابلۆ واقیعییە بەنرخەکانی مامۆستا، مرۆڤ جارێکی تر حەزدەکات لە باوەشی ئەوواقیعە پاکەدا خۆی بدۆزێتەوەو لە نێو ئەو سەوزاییە دوور لە چکەچکەی تەکنۆلۆژیا هەناسەیەکی دوور لە ئاژاوەی شار هەڵکێشێت.

هونەرمەند زیاتر لەوانی پێشوو بە بینینێکی هونەرمەندانە بۆچوونەکەی خۆی ئاوا تۆمار دەکات: هونەرمەندایەتی سلێمان شاکر لەو کارانەدایەو زێدەتر دەردەکەوێ کە تێکڕای

کارەوردەکاریو دیمەنو ستیل لایڤەکان دەگرێتەوە، بۆیەش بەرنەدانو بەردەوام بوونی لەو شارێ مەزنو ڕاستگۆ پڕ لەڕەنگو ڕووناکیو هارمۆنیا مانەوە هونەرییەکەو ئامادە مەزنەکەی هونەرمەند سلێمان شاکر لە پێشەنگیی هونەرەکەماندا مسۆگەر دەکات.

ئامادەبوونی پێشەنگانەی ئەو لەمەڕ ئەو تەرزە کارانەدایە. بۆیەش‌وەك ڕاستگۆییە هونەرییەکەشی کارەکانی بەناو (بوونەوەری سەیر) بەدوور دەبینران لە قەناعەتو دیوی ناوەوەی هونەرمەند، وەك لارێك دەهاتە بەرچاو. لێرەوە دووپاتە دەبێتەوە جوانیو جوانکاریو هەڵوێستە هونەرییەکەی لەو شارێیەدا دەبینرێ کە تەمەنێکە لە گەڵیدا تاوتۆ دەکاتو مەزنایەتییەکەشی هەر لەوەدا دەبینرێ. دوای ئەم ڕاو بۆچوونە هونەرکاری و ڕۆشنبیرییانەی لەمەڕ پێشانگاکە دوو ڕای تر دێنمەوە، کە هەردووکیان لەیەك خاڵدا یەك دەگرنەوەو ئیستاتیکای هونەرکاری لەو سێ تابلۆیەدا دەبینن، کە مافیان بە ڕەسەنایەتی هونەرکارییەوە نییە. ئەوەتا نووسەرێك بەم جۆرە دەدوێ:

لەنێوان گونجاندنو داسەپانیشدا هەردەم هەڵسەنگاندنی ئەو (نخبە) زات پاكو هۆش کراوانە ئەبێتە سەنگی ژانی مێژوویەکی ڕاستەقینەو ڕاستگۆ.

تابلۆکانی ژمارە (٣١،٣٢،٣٣) پەناو پاڵپشتی هەرە گەورەی مامۆستا (سلێمان شاکری هونەرمەندە وەك پارسەنگێك لەو ڕا لەنگینەی لە ڕەوتی بزووتنەوەی هونەری شێوەکاری کورد).

ڕای شاعیرێك کە دوا بۆچوونە بە نموونە دەیهێنمەوە ئاوایە: (ئەو سێ تابلۆیەی دوایی کە ناوت ناون (بوونەوەری سەیر) جۆرێکی تری چوونە ناخی ژانو بەرە ژانەکانی سرۆی سەردەمە بە شێوەیەکی هاوچەرخانە لە دەربڕینوونێەکێشانداوا هەست دەکەی بابەتێکی درامی نەپێچراو بە هێڵێکی وەهمی لەچەند سانتیمێکدا کۆکراوەتەوە، هیوادارم ئەم سێ تابلۆیە هەنگاونانێکی ترت بێت بۆ دوارۆژێکی ڕووناکتر بۆ خۆتانو هونەری کوردی بەتایبەت.

**پەراوێز:**

(١،٢،٣) بين الفن والعلم،تأليف ادولف رايسر،ترجمة: د. سلمان الواسطي. دار المأمون للترجمة والنشر، ل ٢٤، ٢٩.

# بەراوردێك لە نێوان
# گیروگرفتەكانی ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتی عەرەبو
# ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتی كورد

**وتەیەكی پێویست:**

لە ڕوانگەی هەستكردنی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی بە گیروگرفتی ڕۆژنامەنووسینیی ئافرەتانو ڕۆژنامەنووسانی ئافرەت لەو بوارە گرنگەی كە ڕۆژنامەنووسی دەسەڵاتی چوارەمە، هەرچەندە تا ئێستا ڕۆژنامەنووس بەگشتی ئەو مافەیان پێ نەدراوەو ڕۆژنامەڤانی نەبووەتە خاوەن شكۆ، بەڵام بە پێویستمان زانی كە دەرگایەكی نوێ بخەینە سەرپشتو مەسەلەیەك بورووژێنین كەوتووێژو لێكۆڵینەوە لەسەركردنی بە ئەركی خۆمانی دەزانین. بۆیە بەلامانەوە باش بوو كەوەك دەستپێشخەرییەك ڕۆژنامەنووس (كەمال غەمبار) ڕاسپێرین لەبەر ڕووناكیی گیروگرفتی ڕۆژنامەنووسیی ئافرەتانی عەرەبو ڕۆژنامەنووسینیی ئافرەتی كورد ئاوڕێك لەم لایەنە بداتەوەو بەلای ئێمەوە، ئەم بابەتە شیاوی ئەوەیە كە بخرێتە بەر دیدی لێكۆڵینەوەی نووسەرانی كورد بە تایبەتی ئافرەتان كە ئەم نووسینە بە دواداچوونی بۆ بكرێتو هەر وەك پێشنیار كراوە ئەڵقەیەكی زانستی لەم ڕووەوە بە هیمەتی هەموو لایەكی پێوەندیدار سازبدرێو گیروگرفتەكانی ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتی كورد بخرێنە بەر باسو لێكۆڵینەوەو ڕێگای چارەسەركردنیانو بۆ سەركەوتنی پرۆژەیەكی لەم جۆرە ئەمڕۆ زەمینە لە هەموو كاتێك لەبارترەو یارمەتی یۆنیسێف لە ڕووی داراییەوە بەرەو پێشتر دەباتو سەركەوتنی دەستەبەر دەكات.

بەو هیوایەی ئەم نووسینە هاندەرێك بێت چ بۆ بۆچوونو لێكۆڵینەوەی دیو چ ڕێگا خۆشكردن بۆ سازدانی ئەڵقەیەك یاخود كۆنفرانسێكی ڕۆژنامەنووسی كە ئاوڕدانەوەیەك بێ لەو قەڵەم بەدەستە ئافرەتانەی لە بواری ڕاگەیاندندا كار دەكەن، بۆ قووڵبوونەوە لە گیروگرفتەكانیانو دانانی ڕێگای چارەسەركردنیان هەرچەندە كە ئەو گیروگرفتانەی لێیان

دەدوێین بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی ئەڵقەی یەکەمی لێکۆڵینەوەوە کە لە (بەیرووت) سازدراوە، بۆ ساڵی ١٩٨١دەگەڕێنەوە، بەڵام تا ئەمڕۆش وێڕای گۆڕانکاریو پێشکەوتنی شۆڕشی تەکنۆلۆژیاو زانیاریو ئەنتەرنێت کە هەموو دونیای گرتۆتەوە، هێشتا ئەو گیروگرفتانەی کە دێنە پێش ئەو ئافرەتانەی کە لەو بوارەدا کار دەکەن تا بڵێی زۆرنو، دەکرێت لە ئاستیاندا بوەستینو بەراوردێك لە نێوان ڕۆژنامەنووسیی ئافرەتی عەرەبو ئافرەتی کورد بکەین.

ساڵی ١٩٨١بە بەشداریی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبو یەکێتیی ئاژانسە عەرەبییەکانی دەنگوباس لە ٣ - ٧ شوباتی ١٩٨١دا لە پایتەختی لوبنان ئەڵقەکە بەسترا (٣٩) ڕۆژنامەنووسی ئافرەت بەشدارییان تێداکرد کە نوێنەری ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەو گۆڤارو ئاژانسەکانی دەنگوباسی (٩) وڵاتی عەرەب بوون، جگە لە ڕۆژنامەنووسانی ئافرەت کە نوێنەری ڕۆژنامە ئەوروپی و ڕۆژئاواییەکان، بوون وەك چاودێر ئامادەبوون.

لەماوەی هەشت دانیشتنی کاری سبەینێو ئێواراندا، کە بەسەر چوار ڕۆژ دابەش کران، چەند باسو لێکۆڵینەوەیەك خوێنرانەوە کە لەبارەی ئەو گیروگرفتانەوە بوون کە ڕێگرن لە پێش کاری ڕۆژنامەنووسیی ئافرەتی عەرەبو ڕێگای چارەسەرکردنیانو ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی لە بەشداریکردنی ڕابوونی ئافرەتی عەرەبو خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندنی ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتیو پێویستی هاریکاریی نێوان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نیشتمانی عەرەبی. هەروەها چەند باسێك پێشکێش کران لەبارەی ئەزموونەکانی ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتو تێبینییان لەووڵاتانەی کاری تێدا دەکەنو چەند باسێکی تر لەبارەی ئافرەتانی پێشەنگی بواری ڕۆژنامەنووسی عەرەبییەوەو ڕۆژنامەنووسی لە بزاڤی ئافرەتانی فەڵەستینیدا، لە کۆتایی کارەکانی ئەڵقەکەدا (دکتۆر فەرید ئایار) ئەمینداری گشتی یەکێتیی ئاژانسەکانی دەنگوباسی عەرەبی قسەی کردو شانازیی یەکێتییەکەی لەبارەی ئەم سەرەتا باشە بۆ کاری بەردەوام لە لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی ڕۆژنامەنووسانی پیاوو ژن کردو بەناوی یەکێتییەکەوە بەڵێنیدا کە تەقەلای زیاتر بدات بۆ ئامادەکردنی ئەڵقەکانی تر.

لەدواییدا (حەننا موقبیل) ڕاسپاردەکانی ئەڵقەکەی خوێندەوەو لە بەیانەکەی کۆتاییدا داوای پێویستیی قووڵبوونەوەی لە لێکۆڵینەوەو تێگەیشتنی واقیعی گشتی ئافرەت لە ڕۆژنامەنووسیی عەرەبیدا کرد، بەو پێیەی کە ڕەوشی ئافرەتانی ڕۆژنامەنووس بەواقیعی عەرەبی وەك گشت لایەنەکانی تر پێوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە. هەروەها چارەسەر کردنی گیروگرفتی ئافرەت لە ڕۆژنامەی عەرەبیدا مۆرکی بازرگانیی بەسەردا زاڵەو شێوازی

چارەسەرکردنی خاسیەتی ڕووکەشی بە خۆوە گرتووە، وێڕای یاساکانی کە هەندێ‌وڵاتانی عەرەب پەسەندیان کردووە، بە شێوەیەکی تەواو پێڕەو ناکرێن‌و لە هەندێ وڵاتی تردا ئەو جۆرە یاسایە نین. بەیانەکە جەختی لەسەر پێویستیی بابەتی ڕزگارکردنی ئافرەت کردەوە کە دەبێ لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی زانستی ژیاریی ڕوون چارەسەر بکرێ‌و بەیانەکە ئاماژەش بەو کەموکووڕییە ڕوونەی لە باس‌و ئامارەکانی لەبارەی ئافرەتی ڕۆژنامەنووس کە لە نیشتمانی عەرەبدا هەن کردو ڕەخنەی لە ئاراستەکردنەکانی گۆڤارە عەرەبییەکانی بواری ئافرەت گرت‌و داوای پێویستیی قووڵبونەوەی ناوەڕۆکەکانی کرد. هەروەها بەیانەکە ئاماژەی بە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتی فەلەستینی کردو داوای دەرکردنی گۆڤارێکی ئافرەتانی کرد کە بایەخ بە خەبات‌و پێشکەوتنی ئافرەتی فەلەستینی بدات. ئەڵقەکە کۆمەڵێك ڕاسپاردەی دەرکرد بە شێوەیەکی تایبەتی ئاماژەی بۆ پێویستیی سازدانی کۆڕێکی زانستیی پسپۆر کرد بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی ڕزگار کردنی ئافرەت، وێڕای بەستنی کۆڕێکی هاوبەش لە نێوان ڕۆژنامەنووسانی پیاو ئافرەت بۆ باسکردن لەسەر گیروگرفتەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی‌و تەگەرەکانی.

لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری ڕاگەیاندنی ئافرەت ئەڵقەکە بانگی هەموو ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتی کرد لە نیشتمانی عەرەب کە یارمەتیی مەڵبەندە خزمەتگوزارییەکان بدەن کە یەکێتیی ئاژانسەکانی عەرەبییش دەنگوباس ڕێکی دەخەن، هەروەها داوای لە ڕێکخراوی (یۆنسکۆ)و (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عەرەبی) کرد بۆ بەشداری کردنی جیدییانە لە سەرکەوتنی ئەم خزمەتگوزارییەدا. لەو باسانەی کە لە ئەڵقەکەدا پێشکێش کران باسەکەی بەڕێوەبەری کۆلێجی ڕاگەیاندن‌و بەڵگەنامەی - زانکۆی لوبنان - (لەیلا غەندوور قدورە) بوو بەناوی (ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئافرەتی عەرەبیدا) کە تیایدا دەڵێ هەرچەندە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن فرەلایەن‌و هەمەجۆرن‌و چەندین ئامرازی زانستی‌و تەکنیکاری نوێیان هاتووەتە ناو، ڕۆژنامەنووسی هێشتا لە جیهانی ڕاگەیاندندا سەروەرەو تووشی نیگەرانی و ڕاهێنران نەبووە، لەسەر تەختی شاهانە دانیشتووەو دەسەڵاتی چوارەمە. لە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن جیادەکرێتەوە کەوشەی خوێنراوەو نایابە. دەچێتە ناو چاو ناوو دڵ‌و گوێ‌و چێژیان لێ‌وەردەگرێ‌و پێیان دەبەخشێ‌و بۆ ئەوەی ببێتە ئاوێنەی کۆمەڵگەی ڕاستەقینە. ڕۆژنامەنووسی بەشداری لە پاڵنانی چەرخی پێشکەوتنی رابوونی ئافرەت لە سێ لایەنەوە کردووە.

١ - ڕۆژنامەی ئافرەتان.

٢ - ڕۆژنامەنووسی لە ڕێگای چارەسەرکردنی بابەتەکانی پێشکەوتنی ئافرەت.

٣ - باسکردنی ڕۆژنامەنووسی لە هەرچی پێوەندیی بە جموجۆڵی ئافرەتانەوە هەیە. (فاتیمە ناعوور سەردووك) باس لە ئەزموونی ڕۆژنامەنووسێکی ئافرەتی لوبنانی دەکات کە خۆیەتیو دەڵێ: سەرەتا لە (الاسبوع العربي) دا کارم کرد، لە سفرەوە دەستم پێ کرد، لە چاپخانە، لە بەشی هونەری، لە ڕاستکردنەوە، لە وەرگێڕان، هەڵبەت بۆ ماوەی شەش مانگ، پاشان گوێزرامەوە بۆ نووسین، بە هەموو بەشەکاندا گوزەرم کرد هیی ئافرەتان، منداڵان، هونەر، دیدار، ڕێپۆرتاژ، پۆستەی خوێنەرانو گیروگرفتیان، ئینجا بڕیارم دا لە بەشی سیاسیدا کار بکەم، چونکە لەگەڵ کارامەییەکانم (زانستی دەروونو سیاسەت)دا دەگونجاو، دەرفەتی باشتری بۆ دەرەخساندم کە ڕووبەڕووی کۆسپو تەگەرەکان ببمەوەو (لەو قەناعەتەدا بووم کە ئافرەت وزەیەکی مرۆیی بێ کەموکوڕییە، ئەگەر دەرفەتی بۆ برەخسێنرێ لە پیاوی سیاسی لەم مەیدانە، بەخشینی کەمترنییە). لە ئەزموونەکەی خۆی بە درێژی دەدوێ کە چووەتە چەندین کۆنگرەی سیاسی بۆ باسکردنی ڕووداوەکانیانو هەردەم لە هێڵی بەرهەڵستکاریدا بووە، کە بەرهەڵستکاری بەرپرسی بیناکار ڕێگای ڕاستکردنەوەی زۆر خواروخێچو سەلبیاتە، دوایی بووەتە سەرنووسەرێکی گۆڤارێکی ئافرەتان بە ناوی (شەهرزاد) و لە تەلەفزیۆنی لوبنانی کاری کردووەو بەرنامەی پێشکێش کردووەو شووی کردووەو هاوسەرەکەی وەك ڕۆژنامەنووسێکی ئافرەت پێی ڕازی بووە. دوای گەشتێکی دووردرێژ لە چەند گیروگرفتێك دەدوێوەك گیروگرفتی خۆیی بەواتای بەرپرسی هەڵبژاردنو بڕیاردان، گیروگرفتی هەندێ پیاو، بۆ بابەتی هەڵاوێردن پێویستە کە ئافرەت دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان: (شەرمنە، میهرەبانە، هەڵچووە، بەسۆزە، نیوە عەقڵە، ناسكو چاکە)، فاتیمە دەڵێ: پیاو دەیەوێ لە قاڵبمان بدات، ئەمەش تاوانە دەرهەقی ئافرەت. گیروگرفتی سێیەم نایەکسانییە لە کرێدا، وەك بڵێی قوڵە ڕەشن. هاووڵاتی پلە دوون، ئەوە چەوسانەوەیو زەرەر بەخشە. گیروگرفتی چوارەم گیروگرفتی ئازادییە کە ترسناکترین پەتایە لەگەڵ دواکەوتن. گیروگرفتی پێنجەم، گیروگرفتی ڕۆژنامەنووسی دایكو ژنە، کە لەواقیعدا زامنێکی (جۆری) نییە لە پێشەکەیدا. بابەتێکی کە لەئەڵقەکەدا پێشکێشکراوە کە بەناوی گۆڤاری (المرأه)و ئاسۆیەکانو خواستەکان بوو (ساجیدە حەمید) بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (المرأه) کە یەکێتیی ژنان لەعێراق دەری دەکات، باسی ئەو گۆڤارە دەکات کە تاکە گۆڤاری ئافرەتانە لە عێراق. سەرەتای گۆڤاری

ئافرەتان لە عێراقدا بۆ ساڵی ١٩٦٩دەگەڕێتەوە کە گۆڤاری (المرأة) ساڵی ١٩٥٩دەرچووە کە (بهیجة الاوقاتي) دەری کردو چەند لاپەڕەیەکی تەرخان کرابوو بۆ بەشی کوردی. جموجۆڵو باسی ڕەوشی ئافرەتانو گیروگرفتەکانی تێدا بڵاو دەکرایەوە.

لە گۆڤاری (المرأه)دا دەردەکەوێ کە بە دەیان نووسەر کە مامۆستاو پسپۆرو ڕۆژنامەنووسن وەك نووسەری بەردەوام کاریان تێداکردووە، تەنانەت پەیامنێرەکانی دەرەوەش کە لە (بەیرووتو ڕیباتو پاریسو بۆن) بوون، پیاو بوون. یەك پەیامنێری ئافرەت لە ئەمریکاو بەڕیتانیادا هەبووە.

(ڕەشید نیفەر) سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان لە تونس لە باسەکەیدا بە ناوی (واقیعی ڕۆژنامەنووسی ئافرەت لە توونسو ڕۆڵی ڕاپەڕاندنی ئافرەتی توونسیدا) باسی واقیعی ئافرەت لە توونسو ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی توونسی و ڕۆژنامەنووسیی توونسی و ڕۆڵی، گیروگرفتەکانی دەکات. کە ئەوکاتە ژمارەیان ٤٧ڕۆژنامەنووس بووە، لەناویاندا پەیامنێرێکی ئافرەتی ڕۆژنامەیەکی بیانی، بە بەراورد کردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی پیاودا ڕێژەکەی ٩٪ی ئافرەتن، لە ٥٠٪یان بەڵگەنامەی زانکۆیان هەیە، لەناویاندا ژمارەیەکی زۆر دەرچووی پەیمانگەی ڕۆژنامەنووسین. ئەو گۆڤارە کە یەکێتیی توونسی ئافرەتان دەری دەکات نەیتوانیوە دەوری خۆی بەرامبەر زاڵبوونی داوونەریتی باوی کۆمەڵایەتی کە ستەمدیدەی ئافرەت دەردەخەن ببینێ سێ نموونەی نووسین دەخاتە ڕوو:

نووسنی ئاینی کەروو دەکاتە ئافرەتو داوای لێ دەکات کە بگەڕێتەوە بۆ ئاینو ماڵەوە، نووسینی بازرگانی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئافرەت بەر لە هەموو شتێ لەشە مکیاجو وێنەی بەرەڵڵا، نووسینی سێیەم کە دەستی پێ کردووەو لە ئارادایە کێشەی ڕزگاریی ئافرەت بە گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەبەستێتەوە، ئەم جۆرە نووسینانەش کەمن.

یووسف ئیبراهیم یەزبك لە (ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی ئافرەتانی لوبنانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر جیهانی عەرەب دا) دەدوێ، کە ڕۆژنامەنووسی ئافرەت لوبنانی لە دەرەوەی لوبنان ژیاو پێگەیشتو بانگەشەی راپەراندنی ئافرەتی کورد، باس لەو پەخشەنامەو گۆڤارو ڕۆژنامانە دەکات کە پیاوو ژن دەریان کردوون. ئاووهەوای خێزانی لە لوبنان بۆ هەندێ ڕۆژنامەنووسی ئافرەت، لەبار نەبوو، هەندێك لەو خێزانانە لە خۆپاراستندا زێدەڕۆییان دەکرد.

لەم ڕووەوە ڕووداوێك دەگێڕێتەوە کە کچێك بەناوی گۆڤارەکەی لە لوبنانەوە بێ پرسی باوکی چووەتە سووریا کە بەشداری لە کۆنگرەیەکی ئافرەتاندا بکات، دایکی ڕێگای پێداوە

بچێ، به مەرجێ ناوەکەی ئاشکرانەبێ، کە گوایە چووەتە لای پووری لە (الجبل)، بەڵام لە بەخت ڕەشیی کچەکە ڕۆژنامەکانی سووریا هەواڵی کردنەوەی کۆنگرەکەو ناوی بەشداران بلاو دەکەنەوە کە باوکی پێ دەزانێ یەکسەر دەچێتە دیمەشقو کچەکەی لە کۆنگرەکەدا دەردێنێو کە دەگەنەوە ماڵەوە لە بەیرووت قژی دەتاشێ. (وەفیق تیبی) باسی (رابەرانی ئافرەت لە ڕۆژنامەنووسیی عەرەبیدا دەکات، باسی ڕابردوو دەکات کە پێچە تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم بەسەر دایکاندا سەپێنرابوو. بەر لە سەدەو نیویێك بەسەر ئافرەتی موسڵمانو مەسیحی وەکو یەك، ئافرەتی پێچەپۆش مافی ئەوەی نەبوو لەگەڵ یەکێکی غەریب بدوێ، ئەگەر لەوپەڕی پێویستیدا نەبووایە، غەریبیش ئەو کەسە بوو کە لە خێزانەکەدا نییە. خوێندن بە زۆری بەشی کوڕ بوو نەك کچ. بۆیە تا بڵێی سەختو دژوار بوو لەو تاریکستانەدا کە گفتوگۆ بکاتو خۆی بە سەرکردەو ڕابەرو مامۆستا لە قەڵەم بداتو لە ڕۆژنامەدا کاربکات. ناوی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە دەهێنێ کە لە ساڵی (١٨٩٢) ەوە کە گۆڤارێك لە شاری ئەسکەندەرییە بەناوی (الفتاة - کچ) دەرچووە، کە ئافرەتێکی لوبنانی ئازاو بوێر بەناوی (هین نۆ فەڵ) دەری کردووە کە بە نۆبەرەی ڕۆژنامەنووسیی ئافرەتان بەگشتی دەدرێتە قەڵەم. (ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی لە بزاڤی فەڵەستینی ئافرەتان کاتی ئینتیداب) بابەتێکە عەبدولقادر یاسین پێشکێشی کردووە تەنیا باس لە ڕۆڵی ئافرەتانی فەڵەستینی دەکات کە لە شۆڕشی ١٩٣٦ - ١٩٣٩ی نیشتمانی فەلەستینی چەکداری ئافرەت کۆتو زنجیری شکاندووەو ڕۆڵی لە شۆڕشدا بینیوەو لە لادێدا بەشداری شەڕو گواستنەوەو ئازووقەو کەلوپەلو ئاوو نامەی کردووەو لە گۆڕەپانی خەباتدا شەهید بووە.

لە قۆناغی سێیەمی بزاڤی نیشتمانیی فەلەستینی سێ نووسەری ئافرەت دەرکەوتن (ئەسما تۆبێ، ویداد سەکاکینی، سەمیرە عەزام). وەك ڕۆژنامەنووسین سەریان هەڵدا، چونکە هێشتا کەندو کۆسپ لەبەردەم تێکەڵبوونی ئافرەتو پیاودا هەبوو، ئافرەتیش پێویستی بە پارە بوو بۆ بۆ پیادەکردنی سەربەخۆیی ئابووری و ڕۆژنامە ڕێگای بە ئافرەت نەدەدا، تێکەڵ بە پیاو ببێ، کە کارەساتی ساڵی ١٩٤٨هات دۆزی فەلەستینی چەند هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پاشەوە نا، قۆناغێکی نوێ وەك دۆزی هەموو نیشتمان بە تەواوەتی لە دۆزی ئافرەتان دەستی پێ کرد. کاردانەوەی ئافرەتی فەلەستینی لە چەوسانەوەی سێ کوچکەکە تووشی بوون - (نیشتمانیو لە ئیمپریالیزم)، چینایەتیو لە گەورە مولکدارو بورژواکان و جینسی (لەپیاو) توندوتیژ بوو، بەجۆرێ پیاوی ورماندو، لە لێکدانەوەی پەکی خست. لە فەلەستین گۆڤارێکی

ئافرەتان دەرنەچوو، (قاسم یاغی) باس لەو دژوارییانە دەکات کە بەربەستیان لەبەردەم ئافرەت کە دەوری تەواوی خۆی لە پرۆسەی راگەیاندن بە شێوەیەکی گشتیو لە بواری رۆژنامەنووسیدا بە شێوەیەکی تایبەت نەبینێ. لە بەربەستە بابەتییەکان دەدوێ لەوانە: نەزانین، بەردەوام نەبوونی راگەیاندن، سروشتی کارکردنی رۆژنامەنووسی پڕ نیگەرانیو دڵەراوکێ کە لەگەڵ سروشتی ئافرەت ناگونجێ. حاڵەتی سەقامگیر نەبوونی رەوشەکانی وەزیفەو پیشە لە دەزگاکانی راگەیاندنو رۆژنامەنووسی، شەونخوونی لە شوێنی کاردا، گواستنەوەو هاتوچۆ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، سەفەرکردنی درێژ، تێکەڵبوون بە رەگەزی تر. لە کۆتاییدا نەبوونی یاسای پاراستنی رۆژنامەنووس لەو ستەمەی کە لەلایەن کارگێڕی دەزگای راگەیاندنەوە لێی دەکرێ.

لەبارەی دژوارەکانی خودی ترسی ئافرەت لەکاری رۆژنامەنووسی، شەرم کردن، سەرچڵی نەکردن، کارتێکردنی پێوەندییە مرۆییەکان لەسەر ئافرەت.

بیست ساڵ لەمەوبەر یەکەمین ئەڵقەی لێکۆڵینەوەی لەبارەی گیروگرفتەکانی رۆژنامەنووسە ئافرەتە عەرەبەکانەوە سازدراوە، تا ئەوکاتە ئێمەی کورد نەك گۆڤارێك یا رۆژنامەیەکمان نەبووە کە تایبەت بن بە ئافرەتانی کورد بەڵکو رۆژنامەنووسی ئافرەتیشمان زۆر زۆر کەم هەبووە، بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق گۆڤاری گەلاوێژ کە لە ساڵانی **١٩٣٩**و **١٩٤٩**دەرچووە، سەردەمی راپەڕینو هۆشیاریی نەتەوەییو نیشتمانی لەسەر لاپەڕەکانی بەدەگمەن جاروبار چاومان بە بەرهەمی ئافرەتان دەکەوێ، ئەم رەوشەش بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، کە ئەگەر باوکی ئافرەتەکە مرۆڤێکی هۆشیارو ئازادیخواز نەبووایە رێگای بە کچەکەی نەدەدا، یا هاوسەرەکەی رێگای بەخێزانی نەدەدا کە نووسین بڵاو بکاتەوە (دایکی رۆژ) واتە ناهیدە سەلام یەکەمین ئافرەتی کوردە بەپێی زانیاریی من نووسینی لە گەلاوێژ هەبێ. کۆتاییەکانی پەنجاکان بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی **١٩٥٨** دەرگاکە لەبەردەم ئافرەتدا والاتر بوو، یەکەمین رۆژنامە کە بەعەرەبی دەرچووبێ‌و ئافرەتێکی کورد بەرپرسی بێ لە دەرکردنی رۆژنامەی (الحضارة) بوو کە زەکیە ئیسماعیل دەری کرد. بەر لە شۆڕشی تەمووزو دوای شۆڕش (نەسرین فەخری) کە ئەویش لە خێزانێکی رۆشنبیر بوو، هاتە مەیدانو بەرهەمی بڵاودەکردەوە، بەتایبەتی شیعر خودی خۆیو ئەحمەد حامید پێکەوە یەکەمین ژمارەی (دەنگی قوتابییان) یان بڵاو کردەوە.

هەروەها چەند ناوێکی تر وەکو عالیە مەلا عەبدولکەریم (ئامینە محەمەد) و هیی تر. تا

کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ڕۆژنامەیەك یا گۆڤارێك کە تایبەت بێ بە ئافرەتی کورد، یا ئافرەت بەکوردی دەرنەچووە، ئەوە نەبێ کە گۆڤاری (المرأة) کە کۆمەڵەی ئافرەتان (الرابطة المراة) دەری دەکرد چەند لاپەڕەیەکی لەکۆتاییدا بۆ بەشی کوردی تەرخان کردبوو، ئەگینا هیچ جۆرە جموجۆڵێك لەم بوارەدا بەدی ناکری هەرچەندە نووسینی ئافرەتان هەبوو.

ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠دەرگایەکی تری بۆ ڕۆشنبیریی کوردی کردەوە، لەرێگای ڕۆژنامەی (هاوکاری) و گۆڤاری (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (ڕۆژی کوردستان) و بڵاوکراوەی تر، ئافرەتانی کورد نووسینیان بڵاو دەکردەوە، لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ڕۆژنامەنووسی ئافرەتی کورد کاریان لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا دەکردو جموجۆڵیان دەنواند، بەڵام دوای ڕاپەڕین، بەتایبەتی لەو چەند ساڵەی دواییدا، گۆڤاری تایبەت بە ئافرەتان دەرچووە، کە نووسەری بەتوانا پێگەی شیاوی خۆیان تێدا گرتو جێ پەنجەیان بەسەر نووسین لە مەڕ گیروگرفتی ئافرەتان بە تایبەتیو باری سیاسیو ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە دیارە. هەرچەندە ڕۆڵی ئافرەت لە بواری ڕۆشنبیریدا، بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسی لە ئاستی خواستو ئارەزوودا نییەو تا ئەمڕۆش عەقڵییەتی ناشارستانیو کۆتو پێوەندی کۆمەڵایەتیو داونەریتی کۆن تەگەرەن لە پێش دەرکەوتنی ئافرەتی کوردو کارکردنیان لە ڕۆژنامەو بوارەکانی تری ڕاگەیاندندا، بەڵام بوونی هەرسێ کەناڵی حیزبیو حکومی دەرفەتێکی باشی لە بەردەم ئافرەت ڕەخساندووە کە سنووری دەسکردی پیاو ببەزێنێو بوونی خۆی وەك بوونەوەرێکی لێهاتوو بسەلمێنێو بمانەوێ نەمانەوێ وێڕای دانانی تەگەرەو بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی ئافرەتان لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، بۆ خۆشی تاڕادەیەك بەرپرسە لەو واقیعەی بەسەریدا سەپێنراوە، بۆ نموونە تا ئێستاش گۆڤارێ، یا ڕۆژنامەیەك کە کۆمەڵەی ئافرەتان دەری دەکات، زۆر لە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەنووسی پیاون، یا سەرنووسەرەکەی پیاوە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کەموکوورییەکی گەورەیەو هەستکردنە بە گرێی کەموکووڕی، لەکاتێکدا ئافرەت دەبێ گیانی بەگژداچوونەوەو بەرگریی تێدا بجوولێ بۆ ئەوەی پشت بەخودی خۆی ببەستێ نەك بە پیاو، بە دەستی خۆی تەلاری پێشکەوتن هەڵچنێ. بۆ ئەوەی ئافرەتی ڕۆژنامەنووسی کورد ڕۆڵی بەرچاوی خۆی زیاتر ببینێ، دەبێ بەردەوام بخوێنێتەوە، خۆی ڕۆشنبیر بکات، ئەرکی ڕۆژنامەنووس، ئەرکێکی گرانە، ناوی ڕۆژنامەنووس ناوێکی گەورەیە، نابێ ڕۆژنامەنووس مل بداتە کارێك کە لە ئاستی ئەودا نییەو لە قەبارەی خۆی گەورەترە، بۆ نموونە ئەو شاندە نووسەرو ڕووناکبیرە عەرەبانەی جاری یەکەم هاتنە کوردستانو لە شەقڵاوە پێشوازییەکی

میللییان لێ کرا، ڕۆژنامەنووسێکی ئافرەت کە عەرەبی نەدەزانیو تەنیا چەند پرسیارێکی بۆ ئامادەکرابوو، لە ڕۆماننووسی ناودار (لەیلا عوسمان) نزیك بووەوە کە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسیی لەگەڵدا بکات، برادەرێکی نووسەر لێی پرسی فلان تۆ عەرەبی دەزانی، گوتی: نەخێر. نووسەرەکە پێی گوت ئەی چۆن دیداری لەگەڵدا دەکەیت؟ بەڕاستی ئەمە کارەساتە کە یەکێ تەنانەت کاری پەیامنێرییە، عەرەبی نەزانێ، دیدار لەگەڵ نووسەرێکی گەورەی عەرەب بکات !!

## گیروگرفتەکانی ڕۆژنامەنووسی ئافرەت:

لە حەقیقەتدا هەرچەندە ئەو دەرفەتەی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١بۆ بواری ڕۆشنبیریی ڕەخساند، شتێکی گەورەیەو. ئافرەتی ڕۆژنامەنووسی کورد تاڕادەیەك توانیی زەمینەیەك بۆ خۆی بخولقێنێو سوود لەو ئازادییە وەربگیرێ کە هەناسەی تێدا دەدات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە بواری ڕۆژنامەنووسیو ئەو پانتاییەی کە ئافرەتی ڕۆژنامەنووس تێیدا دەجوولێ، بێ گیروگرفتەو دنیا شامی شەریفە، بۆیە دەبێ دان بە واقیعێك بنێین وێڕای ئەوەی کە بەدەم بانگەشەی یەکسانیی نێوان پیاوو ژن دەکرێو ئافرەت داوای پراکتیزەکردنی ئەم یەکسانییە دەکات، بەڵام تەنیا داواکردن خواست ناهێنێتە دی، بارودۆخی بابەتی، مەبەست بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو هزری ڕۆشنبیرییە لە کوردستان، ڕێگا بە گۆڕانکاریی ئیجابیو چەشنی لە ژیانی ئافرەتانی کوردستان نادەن، هەروەها تەنانەت بارودۆخی خودی ئافرەت بەرەو پێش نابات. هێشتا ئافرەت موڵکی پیاوەو لە سەربەخۆیی بێ بەش کراوە، ئەو بوارەی نییە کەلەگەڵ پیاودا هەڵسوکەوت بکاتو ئەگەر ئافرەت بێ دەرامەت بێ ناتوانێ سەربەخۆیی خۆی بسەلمێنێو خاوەن دەسەڵات بێ.

هێشتاش نەخوێندەواری زاڵە بەسەر ئافرەتدا، زەبروزەنگی باوك سالاری ئافرەتی لە خوێندن بێبەش کردووە، یاخود ڕێگای پێ نادرێ کە خوێندن تەواو بکات بە زۆرەملێ بە شوو دەدرێ، هێشتاش مەسەلەی (شەرم)، (عەیب)، (لە ئافرەت ناوەشێتەوە)، (چوونی ئافرەت بەتەنیا بۆ دیدارێکی ڕۆژنامەوانی)، (ئیشی ئافرەت نییە) و هیی تر تەگەرە لەپێش کارکردنی ئافرەت لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندندا. ئەگەر ڕۆژنامەنووسی پیاو لە ڕووی ئازادی دەربڕیندا کۆتو پێوەندیی لەسەربێ، ئەوە هیی ئافرەت گەلێك زیاترە تەنانەت کە ئافرەتە دەبێ لە دوو بەرەدا بجەنگێ، بۆ ئەوەی ئەو مەیدانانەی کە پیاو پاوانی کردوون بسمێو وەك

پیاو بوێرو چاونەترس بێ، بەتایبەتی وەك پەیامنێرێك كە بگاتە ئەو شوێنانەی مایەی مەترسینو پێویست بە وەرگرتنی هەواڵو لێكۆڵینەوە دەكات. ڕۆژنامەنووسی ئافرەتی كورد، لە كۆمەڵگەیەكی خۆپارێزی دیلی دابو نەریتی كۆمەڵایەتی، كە بەچاوێكی نزم سەیری ئافرەت دەكات كە لە بواری ڕۆژنامە نووسیدا كاردەكات. كە ئەو پێوەرو ئەندازانەی خەڵك پابەندن پێیو پێی ڕاهاتوون ڕێگا بەئافرەت نادەن كە بەو ئازادییە بجووڵێو هەڵسوكەوت بكات كە كاری ڕۆژنامەنووسی پێویستی پێ هەیە.

## چارەسەركردنی كێشەو گیروگرفتەكان:

هەڵبەت ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتو ڕۆژنامەنووسیی ئافرەتانی كوردستان ڕووبەڕووی چەندین گیروگرفت دەبنەوە كە پێویست بە ئاوڕلێدانەوەو لێكۆڵینەوەو دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەر دەكەن.

تا ئێستا هیچ لایەنێك بیری لە ڕەوشو بارودۆخی ئافرەتان لە بواری ڕۆژنامەگەریدا وەك پێویست نەكردووەتەوە، وێڕای ئەو هەموو حیزبو لایەنە سیاسیو كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی كە لە مەیدانەكەدا كاردەكەن. بە پلەی سەرەكی ئەركەكە دەكەوێتە سەرشانی ڕێكخراوو كۆمەڵەو یەكییەتییە هەمە جۆرەكانی ئافرەتانو ژنانی كوردستان، كە كێشەكە ڕاستەوخۆ پێوەندی بەوانەوە هەیە، كە خەمخۆری مەسەلەكە بن، تەكانێ بدەن كە زیاتر ڕۆڵی خۆیانی تێدا ببینن، بەر لەوەی چاوەڕوانی پیاو بن خۆیان هەوڵێك بدەن، لایەك لەم بوارە گرنگەدا بكەنەوە هەرچەندە دواكەوتنی ڕۆژنامەنووسی لە كارو بەخشین بۆ رەوشی كۆمەڵایەتی بە گشتی دەگەڕێتەوە، كە پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان مۆركێكی پاتریایەكی واتە باوكایەتیو باوكسالارییان بە خۆوە گرتووە، كە پێوەندیی نێوان ڕۆژنامەنووسی پیاوو ژن فەرمانڕەوایی پیاوە، بۆیە دەبێت ئافرەت بەردەوام بانگەشەی گۆڕینی ئەم پێوەندییانە بكاتو كار لە پێناو ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی سەرشانی بكاتو، بۆ پیادەكردنی یاساكانی نێوان خۆیو پیاودا شۆڕشێكی ئافرەتانە بەرپا بكاتو دەستەوەستان نەوەستێ، بۆیە ڕزگاربوونی ئافرەت لە چوارچێوەی تێڕوانینێكی زانستییانەی شارستانییانە چاكترین چارەسەری گیروگرفتەكانە. لەم ڕوانگەیەوە وەك پێشنیارو داخوازییەك، وای بە چاك دەزانم كە ڕێكخراوەكانی ئافرەتان بەگشتی و ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتان بە تایبەتی لیژنەیەكی هاوبەش لەناو خۆیاندا پێك بێنن بۆ ئەوەی بەرنامەیەكی ڕێكوپێك دابڕێژن كە كاری لیژنەكە سازدانی كۆڕێكی زانستی

پسپۆڕبێ بۆ لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتەکانی ڕۆژنامەنووسی ئافرەتو ڕۆژنامەنووسانی ئافرەت، بۆ سەرکەوتنی ئەم کارە دەکرێ داوای یارمەتی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانو بەرپرسانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو بلاوکردنەوەی وەك ڕۆژنامەو گۆڤارو ئاژانسی دەنگوباسو ڕادیۆو تەلەفزیۆن بکرێ. هەروەها داوا لە (یونسکۆ) بکرێ کە یارمەتیی بەستنی کۆڕەکە بدات بە بەشداری کردنی بەو شێوەی کە خزمەتی ڕۆژنامەنووسانی ئافرەت بکات. هەروەها داوا لەو نووسەرو ڕووناکبیرانە بکرێ کە بە ڕاستی وەتەنگ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ئافرەتەوەن کە لە لێکۆڵینەوە بەشداری لەو کۆڕەدا بکەن، بۆ ئەوەی دایەلۆگێك لەناوەوەدا بخولقێ کە پێوەندیی نێوان ڕۆژنامەنووسی ئافرەتو ڕۆژنامەنووسی پیاو بەهێز بکات.

هەڵبەت سازدانی کۆڕێکی لەم جۆرە خزمەتێکی باش بە ڕەوشی ئافرەت لە کوردستان دەکاتو زۆر گیروگرفتەکانیان دەخرێتە بەر دیدی باسو لێکۆڵینەوەو ڕێگای چارەسەرکردنیان، لەهەمان کاتدا بەهەنگاوێکی شارستانیو ژیارییش لە قەڵەم دەدرێ.

سەبارەت بە گیروگرفتەکانی ڕۆژنامەنووسانی ئافرەتانی عەرەب سوودم لە کتێبی:

(مشاكل الصحفيات العربيات)، وثائق الحلقة الدراسية الاولى - بيروت ١٩٨١لە بلاوکراوەکانی (الاتحاد العام للصحفيين) وەرگرتووە.

# دیوی ناوەوەی تابلۆكانی
# " محەمەد عارف "ی شێوەكار

## پێشەكی:

((محەمەد عارف)) بایەخێكی تەواو بە ڕەگەزەكانی كەلەپوور دەدا، وەك ئەفسانەو جلوبەرگ‌و ڕەمزو هێماو نەخش‌و نیگارو كەلوپەلی ژیانی ڕۆژانە. مامەڵەیەكی زیرەكانە لەگەڵ سامانی نەتەوایەتیمان دەكات‌و ڕووە گەشەكانی بەواقیعی ئەمڕۆوە دەبەستێتەوە.. بەم شێوە هونەرمەند پێناسەی خۆی‌و تایبەتمەندیی نەتەوایەتی دەچەسپێ، ئەویش بە خۆبەستنەوە بە ڕەگ‌و ڕیشەی ئاووهەوای خۆماڵیی پڕ لە گیانی سەردەم‌و تێڕوانینی هۆشمەندانەی ئاشكراو ڕوون.

ئەوەی كە ئەو هونەرمەندەی خستووەتە ڕیزی پێشەوەی هونەرمەندانی كوردو چەند مەرجێكی تایبەتین كە لە هەموو هونەرمەندێكدا بەدی ناكرێن، وەك بەهرەی بە پێزو توانایەكی باش‌و شارەزابوونێكی قووڵ‌و خۆماندووكردن‌و مومارەسەی بەردەوام بۆ قاڵكردنەوەی تاقیكردنەوەی هونەریی خۆی‌و سوودوەرگرتن لە قوتابخانەو ڕێبازە جیاجیاكانی هونەری‌و جیهانی لە دواییدا سەقامگرتن‌و جێگیربوونی لەسەر قوتابخانەكانی ڕیالیزمی نوێ، جگە لەمانە هونەرمەند تا ڕادەیەك لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە توانیویەتی خۆی پێ بگەیێنێ‌و شارەزاو ئاشنای هونەری كۆن‌و نوێ ببێ‌و ئاوڕ لە ئەدەب‌و سامانی نەتەوایەتی‌و كەلەپووری نەتەوایەتی بداتەوە، ئەو مەرجانە بە تێكڕایی (محەمەد عارف) یان كردووە بە هونەرمەندێكی كارامەو لێهاتوو نوێكەرەوەی بزووتنەوەی هونەری بەرچاوی كوردی.

## سەرنجێك لە دیوی ناوەوەی تابلۆیەكانی هونەرمەند:

لەم نووسینەدا لە ڕووی تەكنیكی تابلۆیەكانی هونەرمەند ((محەمەد عارف)) نادوێین، هەرچەند هونەرمەند لە داڕشتن‌و هەڵبژاردن‌و تێكەڵكردنی چۆنییەتیی بەكارهێنانی ڕەنگەكان‌و هێڵەكان ئیقاعێكی هارمۆنیی سازكردووە. لۆچ‌و چرچی دەم‌و چاو، ئادگاری تیژو توندو پتەو، دەمارگرژی‌و بزووتنەوەی پڕ لە هەڵمەت‌و هەڵچوون‌و جۆشدان، تەنانەت بزووتنەوەو ژیان

تێگەڕانەوەی سروشت، هەمووی نیشانەی واقیعی کوردەوارین‌و ئەوە دەسەلمێنن کە تابلۆیەکانی هونەرمەند هونەرێکی کوردیی ڕەسەن‌و ڕاستگۆن‌و ڕەنگدانەوەی هەست‌و نەستی هونەرمەندن. جۆرە لێك بەستنێکی قوولّ لەنێوان فۆرم‌و ناوەڕۆکدا هەیە، هیچ لایەکیان لەسەر حیسابی ئەوەی تر نییە، مەرجی کاری داهێنەرانەش دەبێ ئەو خالّە فەرامۆش نەکات. هەرچەندە هونەرمەند ناوەرۆکی تابلۆیەکانی تەرخان کردووە بۆ دەربڕینی بیروڕاو ڕێبازی هونەریی خۆی، بەلاّم دیوی دەرەوەی هەندێ لە تابلۆیەکانی لەگەلّ هیی ناوەوەیاندا جیایە، واتا ناکۆکییەك لەنێوانیاندا دروست بووە، ئەو ناکۆکییەش گەوهەرو سەرچاوەی ململانێی ژیان‌و بەردەوامبوونی کێشەکەیەو لە بەرژەوەندیی مەسەلە سەرەکییەکە سەر هەلّدەدا، کە مەبەستی هونەرمەندە، لەوانەیە هەندێ کەس کە سەیری تابلۆیەکانی هونەرمەند دەکەن، جۆرە نەگونجانێك بەدی بکەن‌و بێ وردبوونەوە بلّێن کە ئەو بابەتانەی محەمەد عارف لەگەلّ واقیعدا دەگونجێن؟ یاخود چ شتێك لەگەلّ ڕاستیدا کۆیان دەکاتەوە؟ ! بەلاّم تێڕوانینی هونەرمەند لەم سنوورە تەنگەبەرو ساویلکەیە تێپەڕ دەکات‌و بە چاوێکی تر سەیری مەسەلەکە دەکا، شتێك بەرچاو دەخات‌و نەخشەی بۆ دەکێشێ‌و مەبەستی شتێك‌و بابەتێکی ترە، بۆیە دیوی ناوەوە دەخاتە ژێر میکرۆسکۆپی تێگەیشتن‌ووردبینی‌و سەرنجی قوولّی خۆی ئەو کەسانەی بە قوولّی بەناو تابلۆیەکانیدا دەچنە خوارەوە، بۆ نموونە چەند تابلۆیەك دەستنیشان دەکەین‌و ڕووناکی دەخەینە سەر دیوی شاردراوەو ناوەوەیان‌و دەچینە ناو جیهانی نهێنیی هونەرمەند. تابلۆی ((دیمۆرێ فرۆش)) کوردێکی کوێری کلّۆلّ لە ژێر (نصب)ە ناودارەکەی هونەرمەندی نەمر ((جەواد سەلیم))دا وەستاوەو جگەرەی دیمۆرێ دەفرۆشێ.. لە شاری بەغدای پایتەخت، ئا لەو شوێنە بەرچاوەدا، کوێرێك بە جلوبەرگی کوردییەوە، کیسەی تووتن‌و دارجگەرەی بەرپشتی، گۆچانی دەست، پاکەتێ جگەرەی دیمۆرێ بە دەستەوە تاك تاکە دەفرۆشێ لێرەدا جگەرە فرۆش چ دەفرۆشێ‌و چ دەکێشێ، وەك دیارە ئەوەی دەیفرۆشێ لێی بێ بەشە، بۆیە جۆرە نامۆییەك بەدی دەکەین، واقیعی باری ژیانی کوێرەو فرۆشتنی جگەرە تایبەتییەکەو خۆشی کێشانی جگەرەی پێچراوە ((سیغار)) یاخود ئاغزەدار لەبەر سەختیی ژیان‌و باری ناهەمواری کە کوێرە ئەو دەسەلاّت‌و توانایەی نییە تەنانەت تاك تاکەش جگەرەی ئیفرەنجی بکێشێ، ئەمە وای لێ کردووە بەو ژیانەی ڕازی بێ کە لایەکی مەسەلەکەو کێشەکەیە، دیوی ناوەوەی مەسەلەکە ئەوەیە - کە لێرەدا مەبەستی هونەرمەندە - مامە کوێرە بە گژ ژیانە سەخت‌و دژوارەکەیدا دەچێتەوەو نایەوێت دەستەپاچە دانیشێ‌و دەست لە خەلّکی پان کاتەوە، هەرچەندە کوێرەو

کوێریش هەر وەك باوە دەبێ لە پەنایەکا پاڵ کەوێ یا هەڵتووتێ‌و سواڵ بکات، بەڵام ئەو دەیەوێ بە پێچەوانەی ئەو واقیعەی کە بە زۆر بە سەریا سەپاوە، لە ژیانەکەیدا یاخی بێ‌و بە هەوڵ‌و تەقەلای خۆی نان پەیدا کات‌و سەربەرزانە بژی و ڕەنجی ئارەقەی ناوچەوانی بخوات. هاوارکردن‌و گرژبوونەوەی دەمارەکانی مل‌و دەم‌و چاوی نیشانەی ئەو ڕەفزو یاخیبوونەیە، بەم شێوە هونەرمەند بەناو دیوی ناوەوەی دیمۆرێ فرۆشمان شۆڕ دەکاتەوەو سنووری ڕووکێشی مەسەلەکە دەربڕی‌و بەواقیعێکی ترمان دەناسێنێ.

تابلۆی ((تتوورفرۆش)): مێردمنداڵێکی ڕووگەشی سوورو سپیی بە تین‌و توانا خەریکی توور فرۆشتنە، لە ڕۆژێکی سەختی زستانا لە پاڵتۆکەیا خۆی پێچاوەتەوە، ئا ئەم دیمەنە لە یەکەم سەرنجدا بە شتێکی نەگونجاوو ناماقووڵ (لا معقول) دێتە بەرچاو، لەوانەیە بڵێین هونەرمەند کارێکی نەلواوو نارێك دەخاتە ڕوو، ئەو ڕەنگ‌و ڕوخسارو تەندروست قنجییەو توور فرۆشتنیان وتووە؟ دەبێ محەمەد عارف لە ڕێبازی پێشووی لای نەدابێ‌و پەیڕەوی لە ناماقووڵ‌و عەبەسیەتی نەکردبێ، ئەگینا کەی ئەمە وێنەی توورفرۆشە؟ ! ئەو پرسیارانە گشتیان بەجێ‌و ماقووڵن ئەگەر هەر تەنیا سەیری دیوی دەرەوەی تابلۆیەکە بکەین، بەڵام دەبێ کەمێك سەرنج لە مەسەلەکە بدەین‌و بیربکەینەوە کە بۆچی هونەرمەندوای کردووە؟ ! لە ڕاستیدا مەبەستی هونەرمەند ئەوەیە کە ئەو مێرد منداڵە شوێنی توور فرۆشتن نییە، دەبێ بە پێی تەندروستی و ڕەنگ‌و ڕوخساری‌و تەمەنی جێگەی تایبەتی لێوەشاوەی خۆی بگرێتەوە، واتە ((مرۆڤی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو)).

لێرەدا (ناماقووڵێەت‌و نەگونجان) ی دیوی دەرەوە، وەك واقیعێکی دەستکردو لە ئارادابوو ماقووڵێیەت‌و گونجان بە دیوی ناوەوە دەبەخشێ. پرسیارە ڕەواکە یەکالا دەکاتەوەو جیهانی ناوەوەی هونەرمەندمان بۆ شی دەکاتەوەو مەسەلەکە بەلایەکی تردا دەشکێتەوە. ناماقووڵ (لا معقول) دەبێتە ماقووڵ‌و دروست.

تابلۆی ((دوانزە سوارەی مەریوان)): شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم تابلۆیە پێویستی بە باسێکی تایبەتی هەیە، چونکە هونەرمەندوەك پێویست بایەخێکی تەواوی بە هەموو لایەك داوە، بەوردی هەندێ بیروڕای خۆی بە شێوەیەکی هونەری لە تابلۆیەکەدا کۆکردووەتەوەو بەرەو لووتکەی هونەریی بردووە. زیاتر وەك ڕەمز لە تابلۆیەکانی تریدا هەست‌و موعاناتی خۆی تێیدا کۆکردووەتەوەو داستانەکە زیاتری جووڵاندووە.

هونەرمەند هەر دوانزە سوارەی لە بازنەیەکی گەورەدا گرد کردووەتەوە بۆ هەر سوارەش

بازنەیەکی کێشاوە.  بازنەی سوارە پیرەکە لە هەمووان گەورەترە، بازنەش خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی تایبەتی سرووش بەخشە، چوونە ناو بازنەوە ئەوەندە هاسان نییە، جگە لە دەرچوونی کە ئەرکێکی گرانەو بازنە ڕەنگی بزووتنەوەو جوولانە، سەر شاری هەڵمەت بردن‌و ڕاپەڕینە، ئا وەك تۆپەڵەیەکی تێك سمراوی پاڵپێکداو گشتیانی کۆکردووەتەوە، هەر یەکە ڕووی لە لایەکەو لەوپەڕی جۆش‌و خرۆش‌و ئامادەبوون‌و تاووتین دایە، بزووتنەوەو ڕووی ولاخەکانیش جۆرە وزەو هێزێکی تایبەتی بە ئامادەبوون‌و گەرم‌و گوڕییەکە دەدا.  وەك بڵێی پێوەندییەکی ویژدانی لەنێوان سوارەکان‌و ئەسپەکاندا ساز بووە.  ئەم پێوەندییە حاڵەتێکی دراماتیکی ڕەخساندووە.  هەر دوانزە سوارەکە، هەریەکە بە جلوبەرگێکەوە، هیی ئەسپەکانیش هەروەتر، لە جوولانەوەیەکی تایبەتیدا، لەگەڵ هارمۆنییەتی ڕەنگ‌و هێڵەکاندا سروشتی هەڵوێستەکانیشیان دەدەن‌و واقیعی داستانەکە دەردەخەن.

هونەرمەند کە سوارەکانی لە بازنەیەکدا کۆکردووەتەوە مەبەستی ئەوە بووە، هێزو ڕاستگۆیی سوارەکان دەردەخات‌و بازنەکە بکاتە سەرشاری هەڵمەت بردنیان بۆشایی نەهێڵێتەوە لەناویانداو ئەوپەڕی یەکگرتن‌و ورەو توندییان لە خاڵێکا گرد کاتەوە. هەموویان سوارێك بن‌و هەر سوارێك دوانزەو هەر دوانزەیان بە سەدان بن، جگە لەوەی بە مەبەستێك مامە پیرەی لە پێشەوە داناوە، کە لە هەمووشیان بە جۆشترو گەرموگوڕترە، کە دەبوایە لە پشتەوە بوایە ئەوەی لە هەمووان گەنجترەو لەسەر تاقەتترە ئەو سەردەستە بوایە، بەلام دیوی ناوەوەی بیرەکە بۆ ئەوە دەچێ کە باری بەرگەگرتن‌و بەرگریکردن ڕاپەڕینەکەو پیرۆزیی مەسەلەکە ئەوەندە گرنگە، بۆیە هەمووی بە جۆش هێناون، بەجۆرێ مامە پیرە لە گشتیان زیاتر جوولاوەو گەرم داهاتووە، هەر بۆیەش ڕیزی پێشەوەی گرتووەو ویستوویەتی پێش گەنجەکان بکەوێتەوەو لێیان تێپەڕ بکات، لە کاتێکا لە ڕۆژێکی ئاوادا پیاوی پیر توانای شەڕو مەیدانکاریی نییە. بەلام پیرە دەیەوێ ببێتە نموونەی ئازایەتی‌و هانی گەنجەکان بدات‌و پێیان ڕابگەیێنێ کە ڕۆژ ڕۆژی پیاوانەو جیاوازی لەنێوان گەنج‌و پیراندا نییە. تابلۆیەکە لە هەموو لایەکەوە پڕ بە پێستی داستانەکەیە کارێکی داهێنەرانەیە، ئەوە جگە لە ڕەنگە جیاجیاکانی سوارو ئەسپەکان بانکگراوندی تابلۆیەکە هەریەکە ڕەمزێکی تایبەتی بوونەتە مایەی بەها و گرنگی لایەنی هونەری‌و کاری داهێنەرانەی هونەرمەند.

لە هەندێ تابلۆی تردا هونەرمەند چەند مەسەلەیەکی ترمان بۆ ساخ دەکاتەوە کە پێوەندیی بە ژیان‌و زۆرانبازیی نەپچڕاوی مرۆڤەوە هەیە، ئەوەتا لە گەڕانەوەی ئەسپی بێ

سوار، منداڵێکی خرپن لە دایك بووە، بە ڕوویەکی گەش دەڕوانێتە دونیای ئەودیو، لە جێی مەرگ‌و کوشتن، ژیانێکی نویٚ، کۆرپەکە لە جێی باوکی نەگەڕاوەی قوت دەبیتەوە، نە وەك لە باتی (بدیل) ێکی کتومت، بەڵکو دەیەویٚ لێی تێپەڕکاو پێشی کەوێتەوە، بۆیە هونەرمەند لە ڕووی یەکالاکردنەوە (تشریح)ەوە ڕێبازێکی تری پەیڕەو کردووە، دەست‌و پەنجەو قاچەکانی منداڵەکە بە پێی قەوارەی لەشی کۆرپەکە ئەندازە بەدەرترن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هونەرمەند ڕوودا وەکە بە ماتەمی‌و خەم‌و پەژارەوە جیٚ ناهێڵیٚ، بەڵکو بەدیلێکی بۆ دەڕەخسێنیٚ، بەڵام بەدیلێکی تێپەڕ کردوو، یا ئەو دارەی لە بنەڕەتدا قوت کراوەو کونەبووی وێرانکاری‌و بە شووم بەسەر کۆلکەکەیەوە هەڵنیشتوو کە ئەوە دەگەیەنیٚ درەختەکە فەوتاوەو گیانی تیا نەماوە. بەڵام هونەرمەند لە تەك کونەبۆیەکەدا لقێکی ((تەڕو ناسك)) ی گەڵاگرتووی سەوزی بۆ وێنە کێشاوین کە نیشانەی مان‌و خۆڕاگرتن‌و ژیان تێگەڕانەوەو زۆرانبازیی سەختە، ڕووی دەرەوەی درەختەکەو کوننەبووی شووم کە بەرچاوە، درەختەکە بووەتە کۆلکەدارو لە بنەڕەتدا سەربڕاوەو بیٚ گیان کراوە هەر بۆیەش بووەتە جێی هەڵنیشتنی کونەبۆ مایەی وێران‌و فەوتانە، بەڵام چرۆ دەرکردن‌و لە دواییدا بوون بە لق‌و گەڵای سەوزی سەر بنجەکە دیوی ناوەوەی واقیعەکەیە، ئەویش ڕەمزی مان‌و سەوز بوونەوەو بەردەوامبوونە.
ئیتر لەم بابەتانەوە تابلۆی تری (محەمەد عارف) زۆرە کە بۆمان هەیە شتی نوێی لیٚ هەڵکرێنین، دیوی ناوەوەی هەر یەکێکیان دەستنیشان کەین‌و ڕووناکییان بخەینە سەر. دەبیٚ ئەوەش بڵێین لە هەر تابلۆیەکدا کەرەسەی کەلەپووری بەکارهێنابیٚ خزمەتی ناوەڕۆکی بابەت‌و بیروڕای تایبەتی خۆی پیٚ کردووە، سێینە ناودارەکەی کە بەناوی ((سەلاحەدین))ەوەیەو ئێستا هەرسیٚ تابلۆیەکان لە مۆزەخانەی جەنگین، چاکترین بەڵگەن بۆ ئەم بۆچوونەمان، سێیینەکە کارێکی هونەریی داهێنەرانەی گەورەیە، هونەرمەند لە کاتی خۆیدا بەڵگەنامەی ماستەری بە ئیمتیاز لەسەروەرگرتووە، کۆمەڵێك ڕا و سەرنجم بەرامبەریان هەیە، گەر بۆم بلویٚ لە باسێکی تایبەتیدا لێی دەدوێم.
بەم شێوە مەسەلەی کەلەپووری تەرخان کردووە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی سەرەکی ئەو ڕاو ئامانجانەی کە مەبەستیەتی، بۆیە تابلۆیەکان پێویستییان بە لێکۆڵینەوە هەیەو تا زیاتر لە جیهانی هونەرمەند بگەین‌و لەم ڕێگایەوە جیٚ پێی هەڵگرین‌و سوود لە تاقیکردنەوەکان‌وەرگرین کە زادەی موعانات‌و تەقینەوەی وزەی هونەریی هونەرمەندەو مایەی بۆ پێشەوەچوونی بزووتنەوەی هونەری بەرچاوی کوردییە.

## کوردستان نیشتمانە جوانەکەم
## پێشانگای کەرنەڤاڵی ڕەنگەکان

ڕۆژی ١٩٩٧/٦/٤ کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین خولی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٦/٤دا بەڕێز (جەوهەر نامق) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سێزدەمین پێشانگای هونەرمەند (ئازاد شەوقی) ی کردەوە، کە ئەم ڕێزلێنانە لە هونەرمەندی کارامەو لێهاتووی کورد مامۆستا ئازاد شەوقی بە قەد ئەوەی ڕێزلێنانو نرخاندنی هونەری شێوەکاری کوردییە.

ئەم پێشانگا تایبەتییە کە لە (گەلەری میدیا) لە هەولێر پێشکێش کراوە (٥) ڕۆژی خایاند، (١٩) تابلۆی ڕۆنیو ئاویی بە خۆوە گرتبوو، هونەرمەند دێرە شیعرێکی شاعیری نەمر (هێمن مەهابادی) کە ((کوردستان ئەی نیشتمانە جوانەکەم))ە هەڵگێڕابووەوەو نیشانەی واق وڕمانی بۆ دانابوو، بە مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەڵوەستەیەكو گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ ١٩٧٣/١٢/٥ کە لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا پێشانگایەکی تایبەتی خۆی پێشکێش کرد، ئەو ماوەیە کە بەرەو (٢٢) ساڵ دەچێ گۆڕانێکی تەواو لە شێوازو تەکنیکی نوێی هونەرمەند بەدی دەکەین، من ناڵێم مێژوو خۆی دووپات دەکاتەوە، بە هەمان ڕەنگو ڕوخسارو خاسیەتەکانی پێشووی خۆی دەردەخات، بەڵام سەیرو سەمەرەو سەرسووڕمان لەوەدایە کە من لە وتارێکدا کە بە عەرەبی لە ژێر ناوی ((في معرض الفنان الكوردي ازاد شوقي عناق اللون والطبيعة ودعوة للسلام)) دا بڵاوکردەوە، لەناو گشت تابلۆیەکاندا کە (٩) تابلۆو چەند دیمەنێکی هاوینەهەواری سلێمانی بوون، وتوومە ((لەناو ئەم تابلۆیانەدا تابلۆی ((پێنجوین)) دەدرەوشێتەوە کە هونەرمەند توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتن بەدی بێنێ لە ڕێگای بەرجەستەکردنی سروشت بە گونجاندنی نێوان ڕەنگەکانو تەعبیر لێکردنیان بە زمانێکی هونەرکارییە)). وا پاش (٢٢) ساڵ تابلۆی قەشەنگی (پێنجوین) جارێکی تر خۆی دەردەخات، بەڵام بە شێوازێکی ترو دەربڕینێکی جیاتر کە ڕەنگە بینەر ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەم پێشانگایەو ئەوانیتر بکات واتێ بگات کە هونەرمەند لە تابلۆیەکانیدا خۆی دووپات دەکاتەوە، بەڵام سروشت جارێکی تر دادەڕێژێتەوە بە پێی یاساو بنەمای نوێ مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان دەکات کە پشت بە بزاڤ و وێنەو پێکهێنانی نوێ دەبەستێ ((هیچ زیانیش

لەوەرگرتن‌و دروستکردنەوە نییەوەکو (گۆتە) دەڵێ کە وەسفی هونەر دەکات ڕەنگە جاروبار وەك مەیی کۆنی ڕسکاو لە پیاڵەی نوێدا سەیر بکرێت، بە مەرجێ پیاڵەکان نوێ بن‌و، خاوەن بەهای ئێستاتیکی و خاوەن فۆرم‌و ناوەڕۆکی بن کە سنووری کۆن بشکێنن، دوورترو قووڵتر لە هەردووکیان هەنگاو هەڵێنن)).

دوای مانگرتنێکی زۆری هونەرمەندو گۆشەگیری‌و خۆوە دووگرتن لە وێنەکێشان بۆ ماوەیەك، خۆشەویستیی کوردستان، بە ڕەنگە سیحراوییەکانی، عەشقێکی ئەوەندە پیرۆز لە دڵ‌و دەروونیدا چەکەرە دەکات کە جارێکی تر ڕاستگۆیانە‌و بە متمانە بەخۆکردن بگەڕێتەوە گۆڕەپانەکە، بە چاوی هونەرمەندێکی کارامە‌و لێهاتووی ئەویندار لە سروشت‌ورد بێتەوە، بەو چاوە سەیری دارو درەخت‌و ئاسمان‌و ڕەگەزەکانی تری سروشت بکات کە چاوی هونەرمەندە نەك مرۆڤێکی سادە‌و ڕەمەکی، فۆتۆگراف بە درۆ بخاتەوە‌و بنەما تەقلیدییە کۆنەکان هەڵوەشێنێتەوە وەك چۆن ((ڕۆدان)) لەسەر تابلۆی حنا مەعمەدانی پیرۆز دەڕوات‌و دەڵێت: ((هونەرمەند ڕاستگۆیە، بەڵام فۆتۆگراف درۆزنە چونکە لە ڕاستیدا زەمەن ناوەستێ)).

هەر لەم ڕوانگەیەوە هونەرمەند (ئازاد) وێنەی سروشتی کێشاوە، بە هەستێکی ئیمپریشنێکیی نوێ‌و فلچەیێکی تەعبیرو گوزارشت لێکردن هارمۆنییەتی لەناو ڕەنگەکاندا ڕەخساندووە، هارمۆنییەتی سیحراویی خاوەن هەستێکی ڕۆمانسی کە ڕەنگەکان دەچنە ناو یەك‌و بەیەکدا دەچن، یاخود لە ڕێگای سازدانی پێوەندیی نێوان ڕەنگەکان هەرچەندە هاودژیش بن تەرازوو بەندێك پێك دێنێ، کە هاودژەکان یەکتر ڕەت ناکەنەوە،

بەڵکو لە یەك بۆتەدا یەکتری تەواو دەکەن‌و، ئەوەندە لەگەڵ یەکتردا تەبا دەبن‌و دەگونجێن کە یەکێتیی هاودژەکانیان لێ پێك دێ، بۆیە ڕەنگەکان دەقاودەق ڕەنگی واقیعی نین، ئەو جۆرە ڕەنگانە کە لە دارو درەخت‌و چیاو ئاسمان‌و شەقام‌و خانو وەکاندا خۆ دەنوێنن ڕەنگی سروشتی نین بە هەموو خاسیەتەکانییەوە سیزان وتەنی ((هونەر تەنیا دیمەنێکی دەقاو دەقی شت نییە بەڵکو تەبایی‌و گونجانی نێوان پێوەندیی نوێیە)) هەر بەم دیدەوە هونەرمەند (ئازاد) لە جیهانی تایبەتمەندیی خۆیدا دەژی، وێڕایی هەموو خەم‌و خەفەت‌و مەینەتی ژیان جارێکی تر بەگوڕ دێتەوە مەیدان‌و دەست دەکاتەوە بە نیگارکێشان، چونکە لەو تەمەنەدا، کە تەمەنی پیری‌و سڕبوونی هەردوو قاچە کە مرۆڤ ئەوەندە بەهێزو پتەو نییە کە بە سانایی لەسەر زەوی خۆی بگرێ، ناچارە پەنا دەباتە بەر گۆپاڵی هونەرو قورساییی خۆی دەخاتە سەر، هەر ئەو گۆپاڵەشە کە هێزو پێزو تەکان‌و گەرموگوڕی پێ دەبەخشێ. بۆیە کە ئەمرۆ لەبەردەم تەمەنی

حەفتا ساڵیدا دەوەستیٚ، دەیەوێت مرۆڤێکی خاوەن پێکهاتەو تەونی تایبەت بەخۆی بیٚ، هونەرمەندێکی داهێنەر بێت، درەختە کلۆرەکەی چرۆی نویٚ دەربکاتو گەڵای نوێکردنەو نوێخوازی هەردەم سەوزو پاراو بن، کارە داهێنەرەکانی بە پێی تێڕوانینو جیهانبینییەکی تایبەتو، عەقڵێکی کراوەی دووربینو زەمینێکی گەشبینوویستو ئیرادەیەکی بەهێز کە لە ڕەوتەکەدا بەردەوام بێتو نەکوژێتەوە، شتی نویٚو بە پێز بخاتە سەر خەرمانی هونەری شێوەکاریی کوردی، بۆ ئەوەی بینەر بە تایبەتی نەوەی لا وەکان ڕابگەیەنیٚ کە پیری بە تەمەن، هێشتا بە مێشكو دڵێکی تر دەڕوانێتە ژیانو هونەر، لەم ڕەوتە پیرۆزەدا مانای نووچدانو نائومێدیو پیر بوون نازانیٚ، گەر جاروباریش لە بەخشینی نوێدا بوەستیٚ هەر کاتیٚ کە گەڕایەوەو دەستی بۆ فڵچە برد بوونی ڕەسەنی و ڕاستگۆیی خۆی دەسەلمێنیٚ، چونکە هونەر لە هونەرمەند بەرزترە، ناچاری دەکات کە بەدوای شتی نوێدا بگەڕیٚ، شتە ماقووڵو بە جێیەکان هەڵگێڕێتەوە. ڕوانگەی شوێنو کاتو شێوە تێك بشکێنیٚ، هەرواشی کردووە، لە زۆربەی زۆری ئەو تابلۆیانەی تایبەتن بە سروشت هەندیٚ لە ڕەنگەکانیان بە پێی بوونیانو لەبەرچاوی مرۆڤو چاوی کامێرادا دوورن لە واقیعو سروشتی ڕاستەقینە، کە مامەڵەت لەگەڵ ڕەگەزەکانی سروشتوەك تیشکی هەتاوو زەویو ئاسمانو ئاوو دارو درەخت دەکات، پڕیان دەکات لە سۆزو هەستی ناسك، دەیەوێت بچێتە ناو گیانی ناوخۆی سروشت تا فۆرمی ئەوتۆیان لیٚ دروست بکات کە لە پێکهاتەی بە ڕواڵەت جیابن، بەشێوازێکی وا کە بینەرو سەیرکەر بە لایەوە نامۆبن، بەڵام دوای وردبوونەوەو خوردکردنەوە شێوازەکەی لا پەسەند دەبێت، هەرچەندە نابەجیٚو ناماقووڵیش بن، چونکە هونەرمەند تەنیا نایەوێت دیوی دەرەوەی سروشت وەك چۆن خۆی دەیەوێت، ئاوابیٚ، یاخود لە دەروونی ئەودا ڕەنگەکان بەو شێوە بن کە خۆی تێیان دەگات، بۆیە بەلامانەوە سەیر نەبێت ئەو تیشکە لە تابلۆکاندا هەستیان پیٚ دەکەین، تیشکی ڕاستەقینە نین، چونکە هیچ شوێنەواری خۆر بەدی ناکەین، ڕەنگە خۆرێکی ناوخۆ بێت، لە دەروونی هونەرمەندا چەسپ بووبیٚو تیشکەکانی بۆ دیدی ئێمە بێن.

وەك هونەرمەند ((ئەمیل بەرنارد)) لەبارەی ڤان کۆخ وتوویەتی: ((لەو تابلۆیانەی کە لە ژووروی فەرەنساداوێنەکێشان، دەیویست خودی خۆی خۆر وێنە بکێشیٚ نەك تیشکەکانی)) خۆی لە زمانی سروشت دەگات کە فێری کردووە، چۆن بە ناخیدا شۆڕبێتەوەو گوێی لە ترپەکانی دڵی بێت، چونکە تا ڕادەی شێتی عاشقی سروشتە، وەك بڵێی شەیتانی هونەرو ڕەگەزەکانی لە ناو دڵو دەروونی هونەرمەندا دەخاتە جووڵە، سروشتیش تەنیا ئەوە نییە کە

بەچاو دەبینرێت، خۆی پرۆسەی ژیانو بزاڤی بەردەوامی نائارامە کە لە گۆڕاندایە. مرۆڤ لە ناویدا هاتوچۆ دەکات، ئەگەر بەشێوەیەکی والآش دەرنەکەوێت، دوور نییە هونەرمەند ((ئازاد)) نەیویستبێ مرۆڤ وەك ڤیگەر لەناوخودی تابلۆیەکاندا بخاتە جمان، مەبەستی تایبەتی خۆی هەبێت، هەر بۆیەشە لە کۆتاییی ناوونیشانی پێشانگاکەدا نیشانەی سەرسوڕمانی داناوە، (١٩) تابلۆ کە وێنەکێشانی ناوچە جیا جیاکانی کوردستانن، وەك تابلۆی ((قەدش لە رێگای سۆلاڤ))، سیدان - شەقلاوە)) کوڕەکاژاو، شارباژێر، ئاکرێ، باوزێ، بادینان، دوکان، پێنجوین، سەفین، سەرسەنگ، قوولەی ڕانیە، دۆڵی نسێ، پشدەر، قەندیل، کانی سارد)) ئەمانە بە گشتی بە دار و درەخت چیاو شاخو خانوو شەقامو ئاسمانەوە، ئاهەنگ بگرە جفاتی ڕەنگە دەروونییەکانی هونەرمەندن، جوانی کەژی بنەوشەیی لە (بادینان) ئەو ڕەنگە وەك سێبەرێکی تێرو خەست لەسەر ڕووی دارودرەختو خانو وەکان ڕەنگدەدەنەوە، وەك بڵێی کێوو کەژەکە حەز بکات، بنیشێتە ناو باوەشی دارودرەختو شەقامو ماڵەکان. ئەگەر لە پێشانگای ساڵی **١٩٧٣**بەلای منەوە تابلۆی ((پێنجوین)) ملوانکەی قەشەنگی کیژۆڵەیەکی شۆخو شەنگی ناو دەستە خوشکەکانی تر بێت، ئەوە تابلۆی (بۆتابیین) لەناو هەمووواندا زیاتر سەرنجی ڕاکێشامو بۆ لای خۆی بکێشێ کردمو پێی وتم: سەیری هارمۆنییەتی تێکەڵبوونو گونجاوو ترپەو ریتمی ئەو ڕەنگە شەفافانە ناکەیت کە ئیقاعی خانو وەکانو هاوکێشەی نێوان ئاسمانو شاخو زەویو دارودرەختەکانی چ کەرنەڤاڵێکی ڕەنگیان ڕەخساندووە؟ هونەرمەند ((ئازاد شەوقی)) ئاوا منی خولڤاندووە، بوونی منی بەم شێوەی کە دەبینی پێویستییەکی دەروونیی هونەرمەندە، وەك پێویستی بە سۆزو خۆشەویستی، پێویستییەك کە ئەلتەرناتیقی شتێکی دەرەوەی بابەتی بێ بەو هەستەی کە لە دەروونیدا پەنگی خواردووەتەوە منی داهێناوە، بۆیە بە مافی خۆمی دەزانم ئەو کیژۆڵە نازدارە بم کە لەناو هەمووواندا سەردەستە بمو شانازی بەو جوانییە بکەم کە هونەر پێی بەخشیومو ئێستا خاوەنی منەو منیش موڵکی ئەو بینەرەم کە لە ئاستمدا هەڵوێستەیەکی قووڵ دەکات، نەك تەنیا چاوەکانی لە جوانیمدا تێردەکات، بەڵکو لە دڵەوە خۆشی دەوێم، بە قەد عەشقی پیرۆزی هونەرمەند (ئازاد) بۆ: (کوردستان ئەی نیشتمانە جوانەکەم) ڕەنگە بینەر کە سەرنج دەداتە ئەو ڕەنگە تایبەتیو مەسەلەی ڕوانین (منظور) لە ڕووی هونەرییەوە ئەم شێوازەی هونەرمەند بە کارێکی نابەجێ بزانێت، تا ڕادەیەك ڕەخنەشی لێ بگرێت، بەڵام نوێکردنەوەو نوێخوازی هونەرمەند لەم ڕوانگەیەوە دەردەچێ کە پابەندی هەندێ بنەماو دیسپلینی کۆنو باوابێ کە بەربەستن بەرامبەر ئازادیی داهێنانو بوێریی خولڤاندن، دیدی هونەرمەند تەنیا ناکەوێتە سەر شتە ڕووکەشەکانو ڕواڵەتەکان، بە قەد ئەوەی بە ناخیاندا شۆڕدەبێتەوە دیوی ناویان بۆ

بینەر دەردەخاتو گوێی لە ترپەی دڵی زیندووی سروشت دەبێت، ئەم ڕامانە قووڵەی هونەرمەند سروشتە، هەرچەندە کە شێوازی ئیمپرێشنی نویّ (الانطباعیة الجدیدة) ی تێکەڵ بە تەعبیری ((گوزارشتسازی)) پیڕەو دەکات، بەڵام زۆرجار کە بە هەموو هەستو سۆزە ناسکەکانی تێکەڵ بە سروشت دەبێت، بیّ ئاگایی ئەوەندە بەسەریا زاڵ دەبیّ کە خۆی لەبەر تاوو تەوژمەکەی ناگرێتو بەشێوەیەکی خۆنەویستانە تەعبیر لە ڕەنگی ئەوتۆ دەکات، ڕەنگە خۆشی ماهیەتەکەی نەزانیّ، بۆ ئاوا دەرچووە، لێرە گرنگ ئەوەیە ئەم حاڵەتە لەدایکبوونێکی نوێیە، لەگەڵ پێویستو حاجەتێکی دەروونی دێتە کایەوەو تەلەبەندەکان تێك دەشکێنیّ. ئەرکی هونەرمەندیش ئەوەیە کە هەرچەندە ڕێگا سەختو دژوار بێتو لە ویستو ئیرادە بەدەر بێت، دەبێت تەختی کات بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتیی خۆی بسەلمێنیّ هونەرمەندیی ڕەسەنیش ئەو هونەرمەندەیە کە بینەر بینێتە سەر ئەو ئاستەی کە هەرچەند خەوو خەیاڵو حاڵەتی لادانی لە هێڵی گشتی نابەجیّ بن، پەسەندو ڕەوا بن، ئەو دەسەڵاتو بوێرییەش شیاوی هەموو هونەرمەندێك شیاوو ڕەوابیّ. بە تایبەتی ئەو هونەرمەندەی کە لاسایی واقیع ناکاتەوە، بەڵکو وەك هەویر تێکی هەڵدەشلیّو نانێکی بەتامو لەزەتی لیّ دروست دەکاتەوە.

لە کۆتاییی ئەم نووسینەدا دەتوانم بۆ هەڵسەنگاندنو نرخاندنو شیکردنەوەی شاکارەکانی هونەرمەند دوای سەرنجو ڕامانم ئەوە بڵێم، کە گۆڕانێکی تەواو لە شێوازی هونەرییەکەی بەدی دەکەم کە لە ریالیستی دراماییەوە خۆی دەرباز کردووە کە یاری بە سۆزی دەروونی دەکات، کەشتیی هونەرەکەی لە کەناری سروشتی ئازاددا گیرساوەتەوەو بەم کارەو هەنگاوی پێگەی مێژوویی خۆی بە شانازییەوە لە دونیای هونەری شێوەکاری قایم دەکاتەوەو جارێکی تر دەیسەلمێنیّ هەتا مێشك کار بکاتو دڵی بە خۆشەویستیی وڵاتو جوانیی سروشتی کوردستان لیّ بدات داهێنان، دوای داهێنان دەخاتە سەر خەرمانی هونەریی کوردی بە قەد ئەوەی دوو ڕەنگی هاودژ تیکەڵ بە یەکتر دەبنو ڕەنگێکی تریان لیّ پێك دیّ، ئاواش پیریو هونەر ئاوێتەی یەکتر دەبنو لە دایکبوونێکی نویّ دەخوڵقێننو دەبنە نیشانەیەك تر لە ڕێبازی هونەری ڕەسەندا کە هونەرمەندە لاوەکانمان بە خۆیاندا بچنەوەو وا تیّ نەگەن پیری داکشانە بەرەو نەزۆکیو ویشك بوونەوە، بەڵکو هەڵکشانە بەرەو لووتکەی داهێنانو ئەفراندن، بە قەد ئەوەی ئەو ڕاستییە ڕێبازی هونەرمەند دیاری دەکات، شێوازە تایبەتمەندەکەشی بەخۆی لە هونەرمەندانی تر جیای دەکاتەوە.

**هونەرمەند ئازاد شەوقی لە چەند دێرێکدا:**

* لە ساڵی ١٩٢٩ی زاینیدا لە هەولێر لە دایك بووە.

* لە ساڵی ١٩٤٦ی زاینیدا قۆناغی سەرەتایی لە شاری دیوانییە تەواو کردووە.

* لە ساڵی ١٩٤٩دا قۆناغی ناوەندیی لە شاری کەرکووك تەواو کردووە.

* لە ساڵی ١٩٥٥دا لە پەیمانگەی هونەرەوانەکانی بەغدا - دەوری یەکەم دەرچووە.

* وانەی پەروەردەی هونەریی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە شاری سلێمانی بۆ ماوەی چەند ساڵێك وتووەتەوە.

* دامەزرێنەری مەڵبەندی چالاکیی هونەریی قوتابخانەکانی شاری سلێمانییە.

* ماوەی دوو ساڵ لە شاری (ریاض) لەوڵاتی عەرەبی سعودیە، وانەی هونەریی وتووتەوەو لەوێش بۆ یەکەم جار لە دەزگای وەزارەتی پەروەردەی ئەوێدا مۆزەخانەی فۆلکلۆری سعوودی دامەزراندووە.

* هاوبەشی خولی وێژەو هونەری کردووە لە ساڵی ١٩٦٥دا لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیرووت.

* دەوری ئاشکراو ڕوون لە گرنگیدانی بە وێنەکانی منداڵان.

* دامەزرێنەری یەکەم شانۆی منداڵانە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی وڵاتو بەردەوام ئەم شانۆیە لە شاری سلێمانی چالاکییە هەمەجۆرەکانی منداڵە خۆشەویستەکانمان پێشکێش دەکا لەسەر شانۆ.

* دامەزرێنەری یەکەم مۆزەخانەی فۆلکلۆری جلوبەرگی کوردیو عیراقییەو لە ڕێی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیرییەوە ئەم جلوبەرگانە لەگەڵ جلوبەرگی میللیی جیهانی لە مەڵبەندی چالاکیی قوتابخانەکان گۆڕاونەتەوە.

* هاوبەش کردووە لە دامەزراندنی مۆزەخانەی فۆلکلۆریی زانکۆی سلێمانیداو باسێکی خوێندنی پڕو چڕی هەیە لەبارەی مەڵبەندی توێژینەوەو خوێندنەکانی جوانی لە دەزگای خوێندنەکانی زانکۆدا.

* ئێستا خانەنشینە لە فەرمانی (سەرپەرشتیاری پەروەردە).

* بانگەوازی پێشکێش کردووە بۆ دامەزراندنی مەڵبەندی سامانی نەتەوایەتیو کۆلیژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆکانی کوردستان.

* بانگەوازی پێشکێش کردووە بۆ کردنەوەی بەشی ڕۆژنامەنووسیو بەشی ئیعلام لە

کۆلیژی ئاداب‌و هونەرە جوانەکان.

* **١٩٥٥** پێشانگای شێوەکاریی هاوبەش لە پێشانگای کشتوکاڵ‌و پیشەسازی لە سلێمانی.

* **١٩٥٩**پێشانگای شێوەکاریی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند خالید سەعید.

* **١٩٥٨**پێشانگای شێوەکاریی هاوبەش لە گەڵی قوتابییەکانیدا.

* **١٩٦٢**پێشانگای هاوبەش لە ئەڵمانیای دیموکراتی لە میهرەجانەکانی لاوانی دیموکراتیدا.

* **١٩٦٥** پێشانگای تایبەتی خۆی لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووت.

* **١٩٧٣**پێشانگای تایبەتی خۆی لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا لە ژێر چاودێریی بەڕێز موکەرەم تاڵەبانی.

* **١٩٨٧**پێشانگای ڕێزلێنانی یەکەم لە هۆڵی ڕەشید لە بەغدا.

* **١٩٨٩**پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی رواق لە بەغدا.

* **١٩٩٠** پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی رواق لە بەغدا.

* **١٩٩٠**پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی میدیا لە هەولێر.

* **١٩٩٢** پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بە چاودێریی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە سلێمانی.

* **١٩٩٣**لە پێشانگای ڕێزلێنانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ کارە هونەرییەکانی لە هۆڵی میدیا لە هەولێر لە ژێر چاودێر بەڕێز جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

* **١٩٩٣**پێشانگای شێوەکاری هاوبەش لە پاریس.

* **١٩٩٧**وا ئێستا پێشانگای ڕێزلێنانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ کارە هونەرییەکان هاتە بەرهەم لە هۆڵی میدیا لە کوردستان لە هەولێر لە ژێر چاودێریی بەڕێز جەوهەر نامیق سالم - سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

# هەشتەمین پێشانگای شێوەکار محەمەد عارف

هونەر خۆی دەدوێو پێویست بە وەرگێڕانی ناکات لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، خۆی بە گوێگرو بینەر دەناسێنێ. زۆرجار کە هەندێ بەرهەمی هونەریت بەرچاو دەکەوێت، هەستێکی ناوەوە دەتهەژێنێو لە ناخەوە پێت دەڵێ: ئا ئەمە شتە، ئەمەیە دروستکردنو داهێنان. خۆشت لەوانەیە نەزانی ئەو هەستە نهێنییەی کە تا ئێستا لە کرۆکەکەی نەگەیشتووین بۆوایە؟ چۆنوا هەژاندیو دڵگیری بەرهەمەکەی بووی؟ لەوانەیە خۆت مرۆڤێکی ئەوەندە بەڵەدو شارەزا نەبیو پسپۆڕیت لە هونەری شێوەدار نەبێ، بەڵام جووڵایتو بەرهەمەکەت کەوتە بەر دڵو پەسندت کرد ئافەرینت لە هونەرمەند کرد.

ئەمە ڕاحەتیی هونەری ڕەسەن، زادەی دووچاربوونی هونەرمەندو ڕاستگۆییی لەگەڵ خودی خۆیو چۆنییەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ کەرەسەی هونەرکارییەکەی. لەم ڕوانگەوە دەچینە ناو پێشانگاکەی حەمە عارفی هونەرمەند، بێ ئەوەی لە ڕێگای ئەوەوە لەناو چەند پرسیارێکو چەندوەڵامێکدا لە تابلۆکانی بگەین، بە چاوی خۆیان سەیریان دەکەین، لە ئاستیان دەوەستینو سەرنجیان دەدەینێ. پێشانگەی ئەم جارەی لەوانی پێشووی ناکات، بابەتێکی ترە، لە خاڵێکی بچووکەوە دەرگای چوونە ناو جیهان دەکاتەوە. لەبەردەم پەنجا تابلۆی هۆڵی ((الرواق)) لە بەغدا، کە شوێنی پێشانگاکەیە تەنیا چاوت بە پەنجا تابلۆی هونەرمەند دەکەوێ کە گوڵبژێری سەرجەمی کارەکانیەتی لە ماوەیەکی دووردرێژدا. هونەرمەند گەشتو گەڕانی خۆی بەناو هەموو دنیادا دەکات، سۆفییەکی سەر هەڵگرتووی کەشکۆڵ بە کۆڵە بەدوای دۆزینەوەی ڕاستییەك دەگەڕێ، کە ڕاستییەکی دەروونییە، لە چوارچێوەی دەرەوەی خۆی دا. حەمە عارف لە خۆی، خودی خۆی، دەروونی خۆی دەگەڕێ، نەك لە ناوەوەی خۆیدا بەڵکو لە دەرەوەیدا. لە گەڕانەکەیدا سەرلێشێواوو گومڕاو نابەڵەد نییە، بەڵکو لەناو هەر تابلۆیەکی دا خۆی دەدۆزێتەوە. ڕاستە پێشانگاکە بەناوی باری سەرنجی هونەرمەندە بەرامبەر جیهان تێکڕایی تابلۆیەکانی ئەڵقەیەکی گرنگن لەسەرجەمی کارە هونەرییەکانی (هونەرمەند)، بەڵام ئەمە شتێکی ئاسایی نییەو بە شێوەیەکی لە خۆوە نەهاتووەتە کایەوە، بەڵکو پرۆژەیەکی درێژخایەنی چەند ساڵێكو سەرەنجامی ئەركو هەوڵو

تەقەلایەکی زۆرەو، ئەو قۆناغەی کە محەمەد عارف پێدا ڕۆیشتووەو، شێوازی تەکنیکی جۆربەجۆری هەر قۆناغێك دەستنیشان دەکات، وەك چۆن سەرنجو ڕای بەرانبەر ئەو شوێنو وڵاتانەی کە چاویان پێیان کەوتووە، ویا بەناویاندا گەڕاوەو لە هەندێکیان ژیانی بەسەر بردووە کۆمەڵێك بیرەوەریی خۆشو ناخۆشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئاواش بە ڕەنگی هەمە جۆرو بەشێوازە تایبەتیەکەی خۆی ڕەنگی بەیانیو ڕۆژ لە زەردانو ئاوابوون، دەمی ئێوارەو شەوو بارانو ئاسمانی ساوو هەورو تەم لەو دیمەنانەی کە کامیرای گرتوونی، گشتیان دادەڕێژێو گیانێکی تریان دەکاتە بەر. جیهان لای هونەرمەند لە گوندێکی خنجیلانەی قەد شاخی سەفینەوە دەست پێ دەکات، ئینجا بەرەو ئەستەمبوڵو پاریس دەکشێ. لە کۆڵانەیەکی تەنگەبەری قەڵای هەولێرەوە بۆ لەندەنو بەلگرادو مۆسکۆ. لە پێشانگە بچووکەکەیدا هەموو جیهان کۆ دەکاتەوە، بینەر دەخاتە بەردەم بازنەیەکە لەناویدا جیهانی کۆ کردوونەتەوە، تا بە چاوی خۆی سەرنج بداتە تابلۆیەکان یەك بە یەكو بگاتە ئەو قەناعەتە کە ڕەنگو هێڵو شێوازی تەکنیکی تابلۆیەکان یەك نینو جیان، هەرچەندە هەموویان بەرهەمی هونەرمەندێکن. لەناو تابلۆیە جۆر بە جۆرەکاندا مۆركو شەقڵی کوردەواری و ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی بەدی دەکەی، کە لە ئاستی هەندێ تابلۆدا دەوەستی وەك تابلۆی ((بەندەرێك لە ریکا)) مۆرکی ڕۆژئاواییت دێتە بەرچاو، بە خانووی سەر ئاوو بەلەمو دارو درەختی دەم ئاوەکە سروشتێکی ڕووتی ڕۆژئاوایی بەدی دەکەیت.

کە چاو دەبڕییە تابلۆی ڕوانین یاخود سەرنجدانێکی ئەستەمبوڵ لووتکەی منارەو گومەزی مزگەوت مۆرکی ئەو شارەت دێتە بەر چاو کە هونەرمەندواقیعەکەی بەرجەستە کردووە، بەڵام ئەو قووڵیو بە پێزییەی لە تابلۆی ((بارانی ڕێگای سلێمانی)) و گوندێکی بناری (سەفین)دا، دەردەکەوێت لەو تابلۆیەدا نییە، لە شێوەی فۆتۆگراف نزیکترە. جا ئەگەر مەبەستی تایبەتی هەبێو بیەوێ ڕاستییەك دەربڕی کە پێوەندی بە مێژوویەکی زۆر دێرینەوە هەیە، ئەو سەردەمەی کە سوڵتانەکانی کاریان دەگێڕا، ئەمە شتێکی ترە، وەك ئەستەمبوڵی پایتەختی جارانو جێی سەڵتەنەکی ئالی عوسمانی، ئەم شارە کۆنە بەشێوەیەکی ساکار دەردەبڕیو شوێنەوارەکان کە ڕەمزو نیشانەی سەردەمێکن کە لە ڕۆژگارێکا واقیعێکی تر بوون، وا ئێستاش تەنیا شوێنەوارەو چی تر، ئەمەش هەقی هونەرمەند خۆیەتی کە بەشێوەیەكواقیع دەربڕێ کە جۆرە لێکدانەوەیەکی تایبەتی تێدابێ. هەر بۆیەش هونەرمەند بە دەستی ئەنقەست ڕەنگەکانی بەو شێوە ساکارە بەکارهێناوە کە پێوەندیی نێوان ئەمڕۆو دوێنێ تا چ ڕادەیەك دەوری خۆی دەبینێ؟ ! تەنیاوەك ڕەمزو شوێنەواری ڕووت، یاخود هێشتاش دینامیکیەتی پێوەیەو کۆنە کەوا ڕەگی داکوتاوە کە لە ئەمڕۆ جیا

ناکرێتەوە. هونەرمەندی کۆنی لەسەر بۆش بنیاتنراو بەم شێوە نیشان دەدات، تابلۆی ((ئاشە سوورە لە پاریس)) کە ناوبانگو شورەتێکی گەورەی هەیەو، تابلۆی - کەوانی سەرکەوتن لە پاریس - دیمەنی سرووشتی مردوو نابەخشن، لە ناویاندا تەرزی ژیانی خەڵکەکەو سیما ئادگاری سروشت دەردەکەون. تابلۆی - لەندەن لە شەودا - جۆرە ڕەنگیکی تیا بەکارهێناوە کە لەهی تابلۆیەکانی دی ناکەن، هەروەها بە ڕێگایەکی جیاوازترو شێوازێکی جیاترکراوە، نیشانەی ئازایەتی ڕەنگ داڕشتنی پێوەیە کە (لەندەن) ئەم شارە ناودارە، تەنیا چەند کۆشكو ساختمانێکی چەند نهۆمیو چەند شەقامێك نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هێزو پێزی شارستانییەتی دەیان سەدەو نیشانەی پێشکەوتنی تەکنیکە. کە دێیە سەر تابلۆی ((کۆنە بوراگ)) کلێشە خانووەکانیو ئاسمانی جۆرە بابەتێکی ترن، هەروەها سەبارەت بە تابلۆیەکانی تریشەوە وەك تابلۆی: دەوروپشتی مۆسکۆ لەناو تەمو مژدا، گۆمێك لە دەوروپشتی مۆسکۆ، یەریڤان کاتی باران، ڕۆژێکی هاوین لە کیف، ڕۆژئاوابوون لە بەندەری ئۆدیسا، وارشۆ لە زستاناو هی تر، هەرچەندە شارو شوێنی ڕۆژئاوانو ڕەنگو ڕوخساری تایبەتی خۆیان هەیەو هونەرمەند جۆرە تەکنیکی تایبەتی بەکارهێناوە، بەڵام بەچاوی هونەرمەندێکی ڕۆژئاوایی سەیری نەکردوونوێنەی نەکێشاون، بەڵکو لەناو هەر تابلۆیەکدا خودی خۆی تیا دەربڕیوەو حاڵەتە دەروونییەکانی خۆی بە ڕەنگو هیڵی جیا جیا دەربڕیوە، بۆیە ئیقاعی ڕەنگەکان وەك خۆیان نامێننو دەگۆڕێن. هەندێ جار خاوو لەسەرخۆن، جار جارەش توندوتیژن، ڕەشبینو ڕوون بینن، هونەرمەند لە هەندێ تابلۆدا زۆر بەوردی تەکنیکی ڕەنگو داڕشتنی بەکارهێناوە، بە پێوانە حیسابی بۆ چۆنییەتیی ڕەنگە جۆربەجۆرەکانی کردووە، لە هەندێکی تر وەك بڵێی گەرم داهاتووەو بارودۆخێکی تایبەتی سایکۆلۆژیی بەسەرهاتووەو لە کاتی داڕشتنی ڕەنگەکاندا هەڵچووە، زۆر ئازاو خێرایانە ڕەنگەکانی داناوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تابلۆیەکانی کە دیمەنی خۆماڵێن وەك: ((ڕۆژئاوابوون لە دەوروپشتی هەولێر))، بازاڕ لە هەولێر، کۆڵانەیەك لە هەولێر - تابلۆی یەکەمو دووەم - سلێمانی، پاش باران، بارانی ڕێگای سلێمانی هەر چوار تابلۆی مەخموور، قەڵای کەرکووك، تابلۆیەکانی خانووە کۆنەکانو بارانی بەهارو گوندێکی شەقلاوەو، تابلۆیەکانی تری هاوینەهەواری سەلاحەدینو مزگەوتی (الخلفاء) لە بەغداو هی تر، ئەمانە گشتیان شەقڵی کوردەواریو خۆوڵاتییان پێوەیە، ڕەنگی ڕۆژهەڵاتی لەهی ڕۆژئاوا جیا دەکرێتەوە، سروشتی هەر شوێنێك مۆرکێکی تایبەتی هەیە، ئەوەتا لە هەر چوار تابلۆی - مەخموور - جۆرە جیاوازییەك لەنێوانیاندا بەدی دەکرێ. ئەمەش بارە دەروونییەکەی هونەرمەند دەردەبڕی. ڕاستە هەر چوار تابلۆ (مەخموور) دەردەخەن، بەڵام هەر

تابلۆیەك جیهانێكی سەربەخۆیەو قەوارەیەكی تایبەتی خۆی هەیە. هونەرمەند كە لەم شارەدا ماوەیەكی لێ بەسەربردووە، سەردەمی منداڵیو هەرزەكاریو لێی دوور كەوتووەتەوە چەند جارێك گەڕاوەتەوە، كۆمەڵێك یادگارو بیرەوەری لە مێشكیدا كۆبووەتەوەو لە دەروونیدا پەنگیان خواردووەتەوە، كە دەربڕیون هەستێكی ناوەخۆی دەروونی ورووژاندوویەتیو تابلۆیەكانی پێ هێناوەتە بەرهەم.

بۆیە ئەگەر سەرنجێكی ورد بدەیتە هەر تابلۆیەك دەبینی هونەرمەند تەعبیر لە قۆناغێكی تایبەتی خۆی دەكات، ئەگینا كەی ئاسمانی - مەخموور - ئەو جۆرە ڕەنگەی بەخۆیەوە دیوە كە دووره لە ڕەنگی ئاسمان، مەخموورێك كە لە قرچەی هاویندا دیوارە قوڕەكانی لەبەر تینو تەوژمی هەتاوی گەرم سوور دەبنەوەو لە پاڵ هەتا وەكەش سێبەرێكی تیروخەست سەر هەڵدەدا، ئاسمانەكە بۆوابێ، بە ڕەنگێكی شینی تۆخی تۆخی مەیلەو ڕەش خۆی بنوێنێ؟ ئایا دەبێ هونەرمەند ئەوەندە نابەڵەبێ كە نەزانێ چۆن ڕەنگەكان لەگەڵ یەك دەگونجێنو بێ لە خۆیەوە ڕەنگی ئاسمان ئاوا لێ بكات كە لە ئاسمانی ڕاستەقینەی - مەخموور - نەكات؟ یان دەربڕینی هەستێكی قووڵ پەنگی خواردووەتەوە، تەم بەر دڵی گرتووەو، هەموو گیانی وروژاوە؟ دیارە دەبێ ڕەنگی ئاسمانەكەش ڕەنگدانەوەی باری دەروونی كەیلو تاساوی بێ.

لە تابلۆی - بارانە بەهاری لە شەقڵاوە - ئەو دیمەنە پڕ لە مەزنیو شكۆیەی سروشتو جوانیو بەرزییەتی كە سەرنجی بینەر ڕادەكێشێ، خانووەكان لەبەر تەوژمی ڕەشەبا لاربوونەتەوە خەریكە بكەون، درەختەكان كەوتوونەتە ژێرباری ڕەشەبا، لەناو ئەو دیمەنەدا جوانیو نازدارییی شەقڵاوە - بووكی كوردستان - بەدی دەكەیت، هەروەها لە تابلۆی گوندێكی دەرەوەی شەقڵاوەی بناری سەفینو دیمەنی شاییو زەماوەندو بووك گواستنەوەو كچانی جل ئاڵووالای دەم كانی لە لایەكو گەڕانەوەی بەرەو ماڵو ژیانی خەڵكی ساكار لە لایەكی ترەوە دیمەنێكی دڵگیر پێك دێنن، جۆرە ڕووناكییەكو گەشانەوەیەك لە ڕەنگی زەویو ئاسمان بە دڵی دەكەیت.

تابلۆی دەمی ڕۆژئاوابوون لە دەوروپشتی هەولێر، دیمەنێكی پڕ لە داهێنانی هونەركاریی محەمەد عارفە، ئەوەتا چەند شۆڕەسوارێ لە ژێر ڕێژنەی بارانی دەم باوە وەك بروسكە دەبەزن، بەیەك ئیقاع دەبەزن، هەر ئەوەندە گوێت لە ترپەی ناڵەكانی وڵاخەكانیان نییە، ئەو دیمەنە دڵڕفێنەی باوەش سروشت جووڵاندنی بەم شێوەیە. نیشانەی بەهرەو داهێنانی هونەرمەندن، بە تایبەتی سەر لە ئێوارەیەكی درەنگ كە لە دوورەوە دیمەنی دێیەكان قەد شاخ دیارە، ڕەنگی گەرمی ناو ڕەنگی سارد كەوەك ترووسكە ئاگر دێنە بەرچاو. قووڵی لێدانی فرچەكانی هونەرمەندو حیساب كردنی

چۆنییەتیی بەکارهێنانی ڕەنگو هێڵەکان، ئەمانە گشتیان زادەی خولیاو بۆچوونو هەژانووروژانی هونەرمەندە، کە ڕاچڵەکانو هەژانی ناوەوەی باڵی داهێنانی لێ ڕواندووە.

بڕوانە ((بارانی ڕێگای سلێمانی)) ئای لەو دیمەنە دڵکێشە، لەوانەیە تۆ ڕێبوارێکی ماندووی ئەم ڕێگایە بیو بکەوێتە ژێر ڕەحمی ڕێژنەو ڕەهێڵەی باران، یاخود بە ئۆتۆمبێلەوە بۆ سلێمانی دەچیو خۆت لەناو ئەو دیمەنەدا دەبینی، تۆ وەرە لە ئاستی بەرزیو مەزنیی سروشت بوەستەو بتوانە وێنەیەك بکێشی کە دەروونی خۆت لەگەڵ واقیعی بەرچاوت تێکەڵاو بکەیت، کام ڕەنگ بۆ ئەم دیمەنە دەست دەدات؟ ئەو هەورە تەڵخە ڕەشەی کە بەری ئاسمانی گرتووەو دەوروبەری ڕێگای قووت داوە کەوا دەزانی ئەم باوو بارانە وچانی بۆ نییە، بەڵام لەناو ئەو هەورە تووشەدا هەورێکی تەنك بەدی دەکەیت کە ئاسمانی شین لەژێریا خۆی پەنهان داوە، کە لە تابلۆیەکەورد دەبیتەوە، ئیقاعی ڕەنگەکان دەنگی بارانت دەخەنە بەر پەردەی گوێ، لەوانەیە دەیان خەیاڵو خولیا لە ناخەوە بتهەژێننو دەیان بیرەوەریی شەوانی زستانی بەر ئاگردانت بێنەوە یاد ((هونەر ئەوەیە کە کارت تێ بکاتو بتجوولێنێ)) کە لە ڕێگاوە بەناو ئاوو باوو باراندا ڕێگا شەق دەکەیتو لە سلێمانی نزیك دەبییەوە، بەرە بەرە شارت لێ دەردەکەوێت تا خۆت دەکەیت بەناو شارا.

وا دیارە لە تابلۆی سێیەمدا بارانەکە خۆشی کردووەو شەوت بەسەردا دێ، شار خامۆشو بێدەنگ نییە. خانووو دووکانەکانی ئەم بەرو ئەو بەر دیمەنی پاش بارانت دەخەنە بەرچاو، لەناویا زنجیرەی ئۆتۆمبێلەکانو گڵۆپەکانیانو چراکانی سەر شەقام زیاتر دەتخەنە ناو دیمەنەکەوە. هەست دەکەیت ئیقاعێکی بەردەوام خامۆشی جیهانێکی دی. هونەرمەند لە ڕێگای ڕەنگەکانیەوە زیندوویی بە شەقامو ئۆتۆمبێلو خانووو بەرەکان دەبەخشێ.

با لە سلێمانییەوە بادەینەوە سەر هەولێرو لەناو تابلۆی دوو کۆڵانەی تەنگەبەری قەڵاتی هەولێر، سەر لەو قەڵاتە دێرینە خوار بکەینەوە، ئەوەتا دیارترین ڕەمزی شارستانییەتی کۆنت دێنێتە بەرچاو، لە نەخشو نیگارو جۆری بینای قەڵاتەکە. ڕاستە قەڵاتەکە گەردی کۆنی لێ نیشتووە، بەڵام هێشتا ژیانی تێدا دەگەڕێ، هونەرمەند هەردوو کۆڵانەکەی بەشێوەیەکی جیا جیاوێنە کێشاوە، تەکنیکی نوێی لەگەڵ نەخشو نیگاری کۆن تێکەڵاو کردووە، تەنانەت شتە وردەکانی سەر دیواری ماڵەکانیشی خستووەتە سەر تابلۆیەکە، هەرچەندە کە ساکارو وردیشن، بەڵام ئەو وەك هونەرمەندێکی واقیعی ڕەسەنو ڕاستگۆ هەستو نەستی خۆی تێکەڵ بە تابلۆیەکانی دەکات.

# ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ڕۆژنامەنووسیی منداڵانی کورد

بەقەد ئەوەی کەسەرەتای ڕۆژنامەی کوردی سەدساڵ زیاتر لەمەوبەرواتە ساڵی ١٨٩٨ بەناوی ((کوردستان)) دەست پێ دەکاتو لە ئاوارەییدا لە دایکبووە، بەڵام سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کورد، دوای نزیکەی نیوسەدە، واتا ساڵی ١٩٤٦ یەکەمین گۆڤاری منداڵان لە باوەشی کۆماری دیموکراتی کودرستان لەشاری مەهاباد دەرچووە، دوای ئەوەی کە زمانی کوردی بۆ یەکەم جار بوو بە زمانێکی ڕەسمیو منداڵانی کورد بەزمانی خۆیان قوتابخانەیان بۆ کرایەوە کتێبو گۆڤار ڕۆژنامەی کوردی بە چەشنێکی بێوێنە بڵاوکرانەوە [1].

هەڵبەت دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵانی کورد ڕەنگدانەوەی ئەو عەقڵە شارستانیو پەروەردەییە کە منداڵ خاوەنی جیهانێکی تایبەتیەو دەبێ بەچاوی بایەخ سەیر بکرێ ئاوڕدانەوە لە منداڵانی کورد، ئاوڕدانەوەیە لە بنکەی بنەڕەتی کۆمەڵگەی کورد، کە ئەگەر لەسەر بناغەیەکی ڕێکوپێکو ڕاستو دروست بچەسپێنرێ، ئەوە ئاکام ئایندەی باشو گەشو پێشکەوتوو دەبێو، گوێنەدان بەم حەقیقەتە ڕێگا خۆشکردنە بەرەو پاشکەوتوویيو گەندەڵیی کۆمەڵگەکەمان.

هەرچەندە تەمەنی ئەم گۆڤارە ساوایە کورت بوو، کە کۆماری کوردستان کەمتر لە ساڵێك ڕاگرت، بەڵام تەنانەت دەرکردنی گۆڤارێك بەناوی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) هەنگاوێکی دەستپێشخەرانەیە، بۆ ئەو هەواو گەشە دیموکراتیو ئازادییە دەگەڕێتەوە کە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان ڕەخساو سوود لەو دەرفەتە زێڕینە وەرگیرا، دوابەدوای ئەم گۆڤارە، چ ڕۆژنامەیەك یا گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان دەرنەچووە. چ لەکوردستانی ئێران چ لەبەشەکانی تری کوردستان. ئەم حاڵەتەش بۆواقیعی سیاسیی دەگەڕێتەوە کە بارودۆخێکی ئەوتۆ نەڕەخساوە کە ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسانی کورد لایەك لە جیهانی منداڵان بکەنەوە. تا دوای دەرچوونی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ئەوەبوو گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) کە بەکوردیو عەرەبی دەرچووو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی - لقی سلێمانی ساڵی ١٩٧٢

پاشکۆیەکی تایبەت بە منداڵانی کورد بەزمانی کوردی بە ناوی (ئەستێرە) دەرکرد، کە سەرنووسەرەکەی شەهید ساڵح یووسفی بوو، تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچوو، کە وتارو چیرۆكو سیناریۆو هۆنراوەی بە خۆوە گرتبوو، جگە لە قسەی خۆشو بۆ پێکەنینو پێشبڕکەو ئامۆژگاریو ئاراستەکردن. لەسەر کاغەزی بۆر، کاغەزی خراپی ڕۆژنامە گۆڤارەکە چاپ دەکرا، وێنەکانی ڕەنگاوڕەنگ نەبوون، ژمارەی لاپەڕەکانی کەم بوون لەبەر بێ دەرامەتی لە دەرچوونوەستا.

لە مانگی ئایاری ١٩٧٥، بە ڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیریی سەر بەوەزارەتی ڕاگەیاندن گۆڤارێکی بە ناوی (ئەستێرە) دەرکرد، سەرنووسەرەکەی (دکتۆر ئیحسان فوئاد) بوو، لە ڕووی کاغەزو چاپو دەرهێنانی بابەتەکانی لە گۆڤاری ((ئەستێرە)) ی پێشوو جیا دەکرایەوە، چەند هونەرمەندێکی کورد ((گۆڤارەکەیان بەوێنەی جوانو قەشەنگی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازاندبووەوە، تەنیا دوو ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە، لەبەر هەندێ بابەتی سیاسی، وەزارەتی ڕاگەیاندن، گۆڤارەکەی ڕاگرتو چیتر دەرنەچوو.

ئەوەی شیاوی ئاماژە بۆکردنە یەکەمین ڕۆژنامەی منداڵان کە لە عێراق بە عەرەبی دەرچووبێ، بۆ ساڵی ١٩٢٢ دەگەڕێتەوە کە (سەعید فەهیم حەوێزی) بەناوی (التلميذ العراقي - قوتابی عێراقی) لە بەغدا دەری کردووە. کە گۆڤارێکی قوتابخانەییی پەروەردەییی هەفتانە بووە ئەم زاتە خۆی کوردەو گۆڤارەکەی ماوەیەکی باش بەردەوام بووە. بۆ قوتابیانی سەرەتایی، مێر منداڵان، تەرخان کراوە.

مستەفا عەلی مامۆستا لە قوتابخانەی ڕاهێنانی خانەی مامۆستایان لە بەغدا ئەوکاتە بەڕێوەبەری کارگێڕی بووە، دوایی مەحموود حلمی خاوەنی کتێبخانەی عەسری بەڕێوەبەری بردووە.

(الكشاف العراقي) گۆڤارێك بووە ساڵی ١٩٢٤ دەرچووە، هەروەها گۆڤاری (المدرسة) ساڵی ١٩٢٦و گۆڤاری (الطلبة) ساڵی ١٩٣٢ (دنيا الاطفال) ساڵی ١٩٤٥، (روضة الاطفال) و چەند گۆڤارێکی دی. دوابەدوای ئەم گۆڤارانە، گۆڤاری ((مجلتي)) ساڵی ١٩٦٣ مانگانە دەرچووە، هەروەها گۆڤاری (الف ليلة وليلة) و گۆڤاری (الظريف) ساڵی ١٩٦٨.

لەساڵی (١٩٦٩) ەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراق گۆڤاری (مجلتي) دەرکرد کە مانگی دووجار دەردەچێ هەروەها ڕۆژنامەی (المسيرة) کە یەکێتی گشتی لاوانی عێراق ساڵی ١٩٧٥ دەری کردووەو ئاراستەی منداڵان دەکات.

ساڵی ١٩٦٨ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق گۆڤاری ((علاء الدین)) ی دەرکردووە. گۆڤاری (المزمار) دەرچووە. [٢]

ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەو گۆڤارانەی بەر لە ((مجلتي، المزمار، المسیرة)) دەرچوون، لە زۆر ڕووەوە لە خوار ئاستی ئەو سێ گۆڤارەن، کە تیایانا ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو هونەرمەندی لێهاتوو کاریان تێدا کردووە، بەڵام بەو هەموو توانای دارایی‌و هونەری ئەو گۆڤارانە ئەوە بۆ زیاتر لە (٣٠) ساڵ دەچێ، ژمارەکانیان هەر لەشوێنی خۆیاندا چەقیون، لاپەڕەکانیان کەم کراونەتەوەو، لە ڕووی چاپەوە لە کورتییان داوە.

لای ئێمەش دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ تا ئێستا چەندین گۆڤاری قەشەنگ‌و جوان بۆ منداڵانی کورد، بەزمانی شیرینی کوردی دەردەچێ، وەك (هەنگ) کە مانگانەیەووەزارەتی ڕۆشنبیری دەری دەکات‌و هیلانە کە پاشکۆی ڕۆژنامەی برایەتییەو جگەرگۆشەکان لە سلێمانی یەکگرتووی ئیسلامی دەری دەکات‌و (پەپوولە) منداڵپارێزان‌و سمۆرە کە دەزگای گازی لە دهۆك دەری دەکات‌و ژمارەیەکی تر، هەروەها جگە لە تەرخانکردنی هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامە لاپەڕەکانیان بۆ منداڵان.

ئەوەی لەو گۆڤارانەدا تێبینی دەکرێ، هەر چەندە لەڕووی نەخشەدانان‌و دەرکردن‌و بابەتەکانیان، تاڕادەیەك پێشکەوتنێکی تەواویان بە خۆیانەوە بینیوە، بەڵام دەکرێ چەند خاڵێکی گرنگ وەك تێبینی بخەینەڕوو، کە ئێمە تاکو ئێستا بە دەگمەن نەبێ کەسانی پسپۆڕو شارەزاو پەروەردکاری ئەوتۆمان نین کە لەم بوارەدا کارێکی داهێنەرانە پێشکێش بکەن. هەرچەندە ئەوهونەرمەندانەی لەم بوارەدا کاردەکەن تاڕادەیەکی باش گرەوی هونەریان بردووەتەوەو هەست بەوە دەکەین ڕۆژ بەڕۆژ هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێن کە ئومێدی گەشبینی لە کارەکەیاندا بەدی دەکرێ. ئەوەی جێگەی سەرنجدانە ئەو نووسینانەی کە لەو گۆڤارانەی بۆ منداڵان تەرخان کراون، بە پێی نەخشەیەکی دارێژراو، کە گیانی پەروەردەی زانستی‌و لێکۆڵینەوەی دەروونی‌وواقیعی ژینگەو باری کۆمەڵایەتییان پێوە دیاربێ.

شێوازی دەربڕینی ئاسانکردنی بەرهەمی گەورە نییە، بۆ بچووکان کەوا تێ بگەین منداڵانی کورد. پیاوی بچووکن، نەخێر منداڵیش خاوەن هەست‌و نەست‌و خەون‌و خەیاڵ‌و بیرکردنەوەو ئارەزووی تایبەت بە خۆیەتی، دەبێ بواری گەشە پێکردنی بەهرە سروشتییەکانی بۆ برەخسێنرێ، چونکە ئاسانکردن‌و دارشتنەوەی بەرهەمی تەرخانکراو بۆ گەوران، کە بکرێتە بابەتی منداڵان لەگەڵ تێگەیشتنی‌و توانای عەقڵی‌و حەزپێکردنی منداڵان ناگونجێ. ئەگەر

بەراوردی کتێبی خوێندنەوەی کوردی، یا عەرەبی کە بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتایی دانراون، هیی ئەمڕۆو نزیکەی پەنجا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ یاخود زیاتر، بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو چیرۆكو هۆنراوانەی کە بڵاو کراونەتەوە، نێوانیان زۆر لێك دوورە، هیی ئێستا بەدەگمەن تینوویەتی منداڵ دەشکێنێو پێویستە ڕۆحیو خەیاڵیو سۆزدارەکانی دابین دەکات.

بۆ نموونە: گەلاوێژو گورك، چاویلکەی مام ورچ، کاکەلاو و شیرین، دوو مەیموونی چێشتکەر، بەرخی مانگرو چەندین چیرۆكو شیعری لەم جۆرە. گیروگرفتی گەورە کە بنچینەکانی ئەدەبی منداڵان لەق دەکات، ئەوەیە کە ئێمە، ئێمەی گەورە دەینووسین، سروشتی نەخشەوانانو پیادەکردنی ئێمەبن، زۆر بەخۆڕایی بەروبوومی بیرکردنەوەمانەو، لە هەندێ جاری تر گومراکردنو شێواندنێکی خراپە.

نەهرۆ چاکی بۆ چووە کە دەڵێ: منداڵان پاكو بێگەردنو، بەڵام ئێمەش گەورە دەروونیان دەشێوێنین. (٣)

لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە منداڵ زمان فێر دەبێ‌ووشەش دروست دەکات، کەواتە تەنیا وەك هەندێ بۆی دەچن لاپەڕەیەکی سپی نییە دەبێ گەورە پڕی بکاتەوە، بەڵکو جیهانێکی تایبەت بە خۆیەتی، یەکێ لەو مامۆستایانەی کە دکتۆرایەکەی لەبارەی ئەو وشانەی کە منداڵ دەیزانی بەر لەوەی پێ بنێتە قوتابخانە، کە دیراسەیەکی مەیدانی بوو، گوتی: من لە منداڵان زۆروشە فێربووم، نەمدەزانی بە کاتیۆشا (راجمة) دەڵێن چی، منداڵان ناویان نابوو (چل چلە).

شاعیرێکی عەرەب کە زۆرشتی بۆ منداڵان نووسیوە، جارێکیان نووسیبووی کە لە منداڵە بچووکەکەی وشەیەکی تازە فێربوو، کە گەڕابووەوە ماڵەوە منداڵەکەی دیبوو لەبەر دەرگا دانیشتبوو، بووکە شووشەیەکی ورچی هەڵدەپەڕاند، پێی گوتبوو: (ها إبني شتسوي؟ - واتە ها کوڕم چ دەکەی؟ گوتبووی (أدبدبە): واتە دەیورچێنم. لێرەدا زۆر جار منداڵ کە چیرۆك دەنووسێ بە شێوەیەکی ڕوونو ساکارو بە زمانێکی تایبەت بەخۆی دەنووسێ، خوێنەری گەورە کە بابەتەکەی دەخوێنێتەوە هەست بە پاکیو بێگەردیی عەفەویەتی منداڵ دەکات، وشەی سادەو ڕستەی کورت بەکاردێنێ، حەز بە درێژدادڕی ناکات، حەز دەکات حەزو مەبەستەکە بگەیەنێ. حەز بەشێوازی داڕشتنی سواوو دووپات کراوەو ویشك ناکات. زیاتر ئارەزووی بۆ بابەتی وروژێنەر دەچێ، هەستی بجووڵێنێ، تەزووی خۆشی بەلەشی دابێنێ. حەز بە خولقاندنی ئەم جیهانە دەکات کە بەخەیاڵ دروستی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا نایەوێ

لەواقیعی بەرچاو دووركەوێتەوە، بۆ نموونە شاعیری گاڵتەجاڕی سۆڤییەتی كۆن سێرجی میخالكۆف لە قسەكانیدا لەبارەی باوەڕی منداڵان بە واقیعیەتی نووسەرانو ڕاستگۆییان وتوویەتی: منداڵێك ئامادەی شانۆگەرییەك بوو كە لەسەر شانۆی گەورە نمایش دەكرا، بە ڕێككەوت منداڵێك لە پاڵەوانانی شانۆگەرییەكە لەناو ڕووداوەكاندا دەركەوت پێویستی بە سێ ڕۆبلە، كە بەشی شانۆگەرییەكە تەواو بووو بینەران بۆ حەسانەوە چوونە دەر، منداڵێك چووە لای كارگێڕی شانۆو تكای لێ كرد كە (٣) ڕۆبلی لێوەربگرێت وەك یارمەتییەك لەوییەوە بۆ منداڵەكەی شانۆیەكە [٤] .

لەم ڕوانگەیەوە كە نووسەران، ئەوانەی بۆ منداڵان دەنووسن، پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێك بكەن كە گۆڤارو ڕۆژنامەكان بابەتی دەنگوباسی بەوێنەی كاریكاتێریو قسەی خۆشو نوكتە ئامێزو بابەتی وەرزشیو چیرۆكو شانۆنامەی كورتو سیناریۆو، هۆنراوەی كورتو لەسەر كێشو ترپەی خۆماڵی بڵاو بكەنەوە لە هەمان كاتدا ئەو بابەتانەی كە بڵاو دەكرێنەوە پێویستە لەگەڵ ڕەوتی ژیانی منداڵان بگونجێن بە پێی قۆناغی گونجاو دەستنیشان بكرێن، هەرچەندە بە داخەوە لەلای ئێمە ئەم لایەنە پشتگوێ خراوەو بێ بەرنامەو نەخشە بۆكێشان بەرهەم دەنووسرێنو بڵاو دەكرێنەوە. بۆیە ئەو چوار قۆناغەی كە دەسنیشانیان دەكەین، گرنگی خۆیان هەیە پێویستە بایەخیان پێ بدرێ لە بڵاوكردنەوەی هەر بابەتێك بۆ منداڵان ڕەچاوی ئەم قۆناغانە بكرێ:

١ - قۆناغی ریالیزمو خەیاڵی سنووردار: تەمەنی (٣ تا ٥) ساڵی دەگرێتەوەو بریتییە لە ژینگەی دایكو باوكو خوشكو دراوسێو خزمو خوێش، ئەوانەی لەو ژینگەیەدا نزیكن، هەروەها بووكە شووشەو جلوبەرگو خۆراكو ئەوماڵەی تێیدا دەژی و، ئاژەڵی ماڵیو دیاردەكانی سروشتوەك سەرماو گەرماو ڕووناكیو تاریكیو هی تر.

٢ - قۆناغی خەیاڵی بەربڵاو: لە تەمەنی (٥ - ٨) ساڵی، كە منداڵ بە چەندین ئەزموونو شارەزایی تێ دەپەڕێ.

٣ - قۆناغی پاڵەوانیەتیو سەرچڵی: لە تەمەنی (٨ - ١٢)، بەرە بەرە منداڵ لە قۆناغی پێشوودا دوور دەكەوێتەوەو دەبێتە مرۆڤیكی كۆمەڵایەتی.

٤ - قۆناغی ئایدیالی، نموونەی: لە (١٢ - ١٥) ساڵی لەو قۆناغەدا منداڵ لە قۆناغی پێشوو ڕەت دەكات، بیركردنەوەی بەوەی هەستی پێ دەكات نزیك دەبێتەوە، حەز لە شتی كورت دەكات، شتی سەیرو بە پێكەنین هێن لە كۆتاییەكەیدا. هەروەها لەو چوار قۆناغەدا دەبێ نووسەر ئاگای لە شێوازو زمان بێ كە سەرنجڕاكێشو ورووژێن بێ. [٥]

هەرچەندە کە ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری یەکن‌و کارتێکردنەکانیان لە ڕێنمایی‌و ئامانجەکانی یەکن. ئەوەش‌وادەکات کە زۆر لە باوکان، پڕۆسەی هەڵبژاردنی هۆشمەندانەی ئامرازەکانی ڕۆشنبیری کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی منداڵ بگونجێن، نەزانن‌و بزانن کە ئەم کتێبە یا ئەو گۆڤارە، یا ئەم چیرۆکە یا ئەم ئامرازە، کە لەم وڵات‌و ئەو وڵاتە هاتووەتە بەرهەم، بۆ منداڵەکانیان‌و پەروەردەکردنیان باشەو، خۆراکێکی دروستی ڕۆشنبیرییان پێ دەبەخشێ، لێرەدا مەترسی کارتێکردنەکانی ڕۆشنبیری‌و هەستیاری ڕێنماییەکانیان‌و کارتێکردنی پێچەوانەییان دەردەکەوێ، ئەگەر پێشتر زانیارییەکی هۆشمەندانەی جەوهەری بابەتەکەو ئامانجەکەی‌و شێوازەکەی ئەو ڕێچکەیەی ئامرازە ڕۆشنبیرییەکە لەگەڵ خۆی هێناویەتی بەتایبەتی‌و ئەوەی لە دەرەوەدا هاتووەو وردبوونەوە لە ئامانج‌و مەبەستی بەر لە پێشکێشکردنی بەمنداڵ‌و پیادەبوونی مەبەستەکەی. (٦)

ئەم حاڵەتە تەنیا باوکەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو نووسەرانەش دەگرێتەوە کە بۆ منداڵی کورد دەنووسن، یاخود بابەتی منداڵان وەردەگێڕن. کە ئایا ئەو بابەتانە لەگەڵ عەقڵ‌و خولیای منداڵان دەگونجێن. ئایا وەرگێڕانی هەر بابەتێك بۆ سەر زمانی کوردی‌و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارێکی منداڵان خزمەتی پەروەردەکردن‌و نەشونمای منداڵ دەکات؟.

بۆیە وردبوونەوەو قووڵبوونەوە لەم بابەتە بەر لە پێشکێشکردنی ئەرکی سەرشانی نووسەرەو کە دەبێ زووتر هەستی پێ بکات، چونکە زۆر بابەت هەیە بۆ منداڵانی وڵاتێك دەشێ، بۆ وڵاتێکی تر ناشێ، بابەتی دەروونی کاری خۆی دەکات، ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێ‌و بایەخی پێ نەدرێ. بۆیە ڕەچاوی لایەنی تەمەن‌و باری دەروونی‌و ژینگەو حاڵەتی کۆمەڵایەتی، زۆر پێویستەو دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار بەپێی بەرنامەیەکی زانستی کە پڕۆسەی پەروەردەو خوێندن‌و پێگەیاندن پێڕەو بکات ئەرکی بەرپرسانی ڕۆژنامەنووسیی منداڵانن.

کە لە نووسیندا چ شیعر بێ چ چیرۆك، یا سیناریۆ، یا شانۆنامەو هەربابەتێکی تر، دەبێ نووسەر هەستێکی زمانەوانی‌و موسیقی‌و هونەریی هەبێت، ئەوەی دەینووسی لەگەڵ دەرك پێکردنی منداڵ بگونجێ، وشەکانی تایبەت بن بە منداڵان، بە وردی بچێتە ناو سامانی زمانەوانی منداڵ، بەپێی قۆناغەکان بجووڵێ، خەیاڵی منداڵ بورووژێنێ لە ژێی سۆزیان بدات. لە کۆتاییدا دەڵێم ئێمە لە ڕووی چاپ‌و نەخشەدانان‌و جێبەجێکردن‌و، ڕازاندنەوەی ئەو گۆڤارانەی تایبەتن بە منداڵانی کورد، پێشکەوتنمان بە خۆوە دیوە، بەڵام بابەتەکان لە ڕووی

بەرنامەی زانستییەوە لەو ئاستەدا نین کە هاوسەنگییەکی باش لەنێوان لایەنی هونەریو بابەتی بڕەخسێ، پێویستە زیاتر لە منداڵ نزیك بینەوە، لە واقیعیان بکۆڵینەوە، ئەو بابەتانەی کە بڵاو دەکرێنەوە بخەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە، باری سەرنجو تێبینیی خۆمان دەربڕین کە خزمەتی بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەنووسیی منداڵانی کورد بکاتو مەبەستمان تەنیا دەرکردنی گۆڤارو کاری چاولێکەرانە نەبێ، بەڵکو خزمەتی منداڵو پێگەیاندنو تێگەیاندنی بێ، بە شێوازێکی نوێ، کە لەگەڵ ئارەزووو خواستەکانی نەتەوەییمان بگونجێو، لە بەرژەوەندی بیناکردنی ئایندەیەکی گەشو ڕووناکدا بێ.

**پەراوێزەکان:**

١- کوردستانو کورد - لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیو ئابووری، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ،بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا.

٢- صحافة الاطفال في العراق، نشأتها وتطورها، هادي نعمان الهيتي،دار الحرية للطباعة - بغداد ١٩٧٩.

٣- أدب الاطفال. فلسفته، فنونه، وسائطه، هادي نعمان الهيتي، دار الحرية للطباعة ١٩٧٧.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥- نووسەری نوێ، ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٨.

٦- المداخل التربوية ومرتكزات التجانس المعرفي في ثقافة الطفل،فاضل عباس الكعبـي،دارشؤون الثقافية العامة ١٩٩٩.

# بەراوردێکی ئەدەبی لە نێوان "گۆران" و " ابن الرومی " دا

## باری سەرنجی هەردوو شاعیر لەبارەی لەدایکبوونو مەرگو ژینو نەخۆشی

لەوانەیە مەسەلەی پێکچوونی ئەدەبی لەکن نەتەوەکان بەرپا بکرێ، وەك شیعری سوارچاکی لە ئەلیادەو دیوانی عەنتەرەو وەسفکردنی گورگ لە لایەن شاعیرانەوە، ئاخۆ ئەوە لە ئەدەبی بەراوردکاری دەژمێردرێ یاخود نا؟.

قوتابخانەی فەرەنسی ئەوە لە خانەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری دانانێ، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی سوود لەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبینێ.

خانەی ڕەخنەو خانەی مێژووی ئەدەب، ئەدەبێکە لەناو نەتەوەیەك، ڕەنگە ڕەخنەگر لە کارێك لە ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی یاخود لە ئەدەبێکی بیانی بکۆڵێتەوەو لەو ئاستە بوەستێو، لەوانەشە لەسەر بنچینەی ئەو بەراوردکارییەی کە بەند نییە بە کارتێکردنو کارتێکران لەگەڵ کاری تر بەراورد بکات، هەروەها مێژوونووسیش شەخسیەتێکی ئەدەبی. دەنووسێ یاخود مێژووی ئەدەبیی نەتەوەیەك دەنووسێو لەم سنوورەدا دەوەستێ. گومانی تێدا نییە کە شەخسیەتی لێکۆڵەری بەراوردکار بریتییە لە مێژوونووسی ئەدەبی زیاتر لە نەتەوەییێكو ڕەخنەگرێکی زیاتر لە ئەدەبێك، ئەم پسپۆڕییە بەرفراوانەو بایەخدانەی بە دوو ئەدەب لە یەك کاتدا خاسیەتی لێکۆڵەری بەراوردکارە [(١)] .

دوای ئەم پێشەکییە کورتە، دەرگا بۆ باسەکەمان والآ دەکەینو دەڵێین:

لەوانەیە هی وا هەبێ بپرسێ: چ سوودێك لەو بەراوردکارییە ئەدەبییە دەبینرێ چ هۆیەك ئەم دوو شاعیرەی دوو نەتەوەی جیاو دوو سەردەمی هێجگار لەیەك دوور بەیەك دەبەستێتەوە؟ ئایا ئەم بەراوردکارییە کارێکی بێ ئەنجامو بێ کەڵك نییە؟ هەرچەندە ئەم پرسیارە شتێکی ماقووڵو ڕەوایە، بەڵام خاڵیش نییە لە ڕاو سەرنجی تەنگاوو کەم بین، ئەمەش لەبەر هەندێ هۆ لەوانە:

١ – بەهرەی بە پێزو کاری داهێنانو جوانکارییە، پەیوەندییان بە کاتو شوێنی

دیارکراوەوە نییە، هەروەها بەند نین بە شاعیری میللەتێکی تایبەتی، چونکە هەندێ بەهای جوانکاریی بەرزو بالآ کە تەقینەوەی سەرچاوەی سرووشو ئیلهامو عەقلّو هۆشو دەروونی مرۆڤیس زیرەكو داهێنەرو خاوەن بەهرەن، نرخو بەهاو گەوهەرو ڕەسەنیی خۆیان دەپارێزن و سنووری کاتو شوێنی خۆیان دەبڕن و بەرەو مەودای چاخو کاتی داهاتووی ڕەوتی مرۆڤایەتی دەکێشن، هەر بۆیە هەندێ کارو بەرهەمی ئەدەبیو هونەرکاری شێوەیەکی ڕەها بە خۆیانەوە دەگرنو لە هەموو کاتو شوێنێکدا ڕەسەنایەتیی خۆیان دەپارێزن. هەر بۆیەشە کە شاعیرێکی وەکو ((ابو طالب)) بە هەلّە نەچووە کە بەڕێزەوە سەیری ڕابردووی پڕ لە شانازیو شکۆو سەربەرزی بکاتو بلّێ: ((ئەگەر دەمانچەت بە ڕابردووەوە نا، ئەوە داهاتوو بە تۆپ وەلآمت دەداتەوە)).

٢ - مەسەلەی مەرگو ژین وەك هەردوو سەری دوو هاوکێشەی دژ بەیەكوەك مەسەلەیەکی گشتی هەر لە کۆنەوەو تا ئێستاش مێشکی خەلّکی خەریك کردووەو هەر بەردەوامە مادامەکی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی دەژی.

٣ - لەوانەیە سەرنجدان لە مردنو ژین لە کاتو سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بگۆڕێ، بەلاّم مەرگەساتی مردنو گوشادیی بەزمەساتی لە دایك - بوون هەندێ خەلّك دەخەنە بارێکی ڕەشبینانە، یاخود گەشبینانە، شاعیرو هونەرمەندیش لە خەلّکی ئاسایی ناسکترو هەستیارترن، بۆیە زووتر بەرەو پیری ڕووداوە دلّخۆشکەرەکە دەچنو زووتر ڕووداوە بە ئێشو ناسۆرەکە کاریان تێ دەکاتو لە ڕێگای کارە هونەرییەکانو شیعرە بە سۆزەکانیانەوە هەستی ناسکیان دەردەبڕن.

لێرەدا هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەردوو سەردەمەکەدا هەیە، ((ابن الرومي سەردەمی ٨٣٥ - ٨٩٦ی زاینییەو ((عەبدوللاّ گۆران سەردەمی ((١٩٠٤ - ١٩٦٢)) ی زاینییەو، لە ڕووی خاسیەتی بارو زرووفەوە لێك دوورن، بەلاّم وەك دەستنیشانکردنی بارو زرووفو دەستنیشانکردنی جۆری ژیاننامەی هەردووکیان زۆر لە یەك دەچنو هەردووکیان بە ڕێچکەی ژیانی پڕ ناسۆرو وەیشوومەو دژوار تێپەڕ بوون، کەچی ئێمە وەك لە هۆنراوەکانیاندا دیارە، هەست دەکەین کە جیاوازییەکی تەواو لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش مەسەلەی تایبەتمەندییە واتە خسووسیەت، لێرەدا نموونەی ڕایەك دەهێنینەوە کە بەلایەوە وایە مەسەلەی شارستانیەتو ژیاری، شەقلّی یەکێتیی بابەتی بەخۆیەوە دەگرێ، واتە یەکێتییەکی تەواوکارییە، بەم پێیە کە شارستانیەتی ئیسلامی شەقلّی یەکێتیی تەواوکاری خۆی هەیە،

بەراوردکردن لەنێوان شیعری شاعیرێکی کوردو شاعیرێکی عەرەبو شاعیرێکی تورکو هەر نەتەوەیەك کە سەر بەم شارستانیەتەیە، کارێکی ناتەواوەو ڕاست نییە، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم ڕایە ئێمە دەڵێین، هیچ مەرج نییە کە گشت لە هەموو ڕەنگو ڕوخساریو خاسیەتێکەوە لەگەڵ ئەو بەشانەی ئەم گشتەیان پێك هێناوە بە تەواوەتی هاوجووت بن، بۆ نموونە چوارچێوەی کۆمەڵێك چەند نەتەوەییێك لەژێر خێوەتی ئەم کۆمەڵەدا دەژین، بە گشتی چوارچێوەی ڕامیاریی کۆمەڵەکە پێك دێنێ کەچی هەر نەتەوەیەك خاسییەتی نەتەوایەتیی خۆی هەیەو ئەم خاسیەتەش بەڵگەی ڕەوا بوونی خۆی هەیە.

ئەگەر سەردەمی ((گۆران)) کە سەدەی بیستەم بوو و لە ڕووی بیروباوەڕ گیانی گەشبینیو بڕواهێنان بە توانای دەسەڵاتی مرۆڤ لە تەختکردنی بارودۆخی نائاساییو ژیانی وەیشوومەو کارەساتەوە لە سەردەمی ((ابن الرومي)) جیا بکرێتەوە، مانای ئەوە نییە ڕەشبینی بە کارێکی ڕەواو بەجێ لە قەڵەم بدەین، گوایە سەردەمەکە وەك سەردەمی ئێمە نەبووە، چونکە هێشتاش شاعیری وا هەیەو لە ژیانیشدایە کەچی بە ڕەشبینییەوە سەیری دنیا دەکات، تەنانەت هەندێ لە شاعیرانی ئەورووپاش لەم سەردەمەدا سەرنجی ڕەشبینانەیان هەبووە. ئەگەر ((گۆران))ێك گەشبینو بە ئومێدەوە بووبێو نەکەوتبێتە ژێر باری کارتێکردنی ئەو ڕووداوانەی مرۆڤ بەرەو نائومێدی دەبەن، مانای ئەوە نییە کە ڕەشبینییەکەی (ابن الرومي) بە کارێکی ڕەوا لە قەڵەم بدەین. ڕاستە گیانی سەردەمی ئەمڕۆو گیانی سەردەمی (ابن الرومي) لێك جیان، بەڵام ئایا بۆمان نییە پرسیارێ بکەینو بڵێین: ئەی بۆچی (ابن الرومي) نەکەوتە ژێر کارتێکردنی بیروباوەڕو گیانی ئیسلامەتی - کە ئەم بیروباوەڕە هەر لە سەرەتای ژیاندا دەچێتە مێشکی مرۆڤەوەو کاری تێ دەکاتو وای لێ ناکات نائومێدو ڕەشبین بێو دەستەژنۆ دابنیشێو هیچ ترووسکەیێك ڕووناکی لە ژیاندا بەدی نەکات.

بەلای منەوە کارتێکردنی ڕێبازی ئیسلام لەو قۆناغەی کە (ابن الرومي) تێدا ژیاوە، لە کارتێکردنی بیروباوەڕەکانی سەدەی بیستەم کەمتر نەبووە گەر زیاتر نەبێ، زۆر ئایەتی قورئانی پیرۆز مرۆڤ هان دەدەن کە هەمیشە گەشبین بێو دووربێ لە نائومێدی و ڕەشبینیو ورەبەردانو هەرگیز لە ڕەحمەتی خوا نائومێد نەبێ وەك ئەم ئایەتە:

((قل لن یصیبنا الا ما کتب الله لنا هو مولانا وعلى ا لله فلیتوکل المؤمنون))

سوورەتی تەوبە ئایەتی ٥١

هەروەها ((قل يا عبادي الذين اسرفوا على أنفسهم لا تقنطوا من رحمة الله، ان الله يغفر الذنوب جميعا، انه هو الغفور الرحيم)).

سوورەتی زومەر ئایەتی ٥٣

هەروەها ئایەتی: ((فإن مع العسر يسرا، إن مع العسر يسرا))

سوورەتی ئینشراح ئایەتی ٥، ٦

نووسەرێکی وەك - حنا الفاخوري - دەڵێ: ((ابن الرومي)) بە جۆرێکی سەختو بە تەوژم دووچاری واقیعی دیالێکتێکی تفتو تاڵ بوو، ژیان غەدرو ستەمی لێ کردو تووڕی دایە ناو تاریکایی ڕەشبینیی، ڕەشبین بووو، ڕەشبینییەکەی پەرەی سەند تا بووە نەخۆشییەکی دەمارگیرانەو ڕەشبینییەکی مندالانە [٤].

زانای نەمر - (مستەفا جەواد)- ژیاننامەی ئەو شاعیرەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ: تێپەڕبوونی بەشێك لە کارەسات، کارتێکردنێکی گەورەی هەبوو لە شیعرەکانیدا، هەر منداڵ بوو کە باوکی مرد برا گەورەکەی بردیە لای خۆیو سەرپەرشتی کرد، پاشان براکەشی مرد. ژنی هێناو سێ کوڕی هێنایە دنیاوە، هەرسێکیان یەك لە دوای یەك مردن، خێزانەکەشی مرد، پاشان خانو وەکەی سووتاو زەوییەکەی لێ زەوت کرا. بە تەنیاو ماندووو شەکەت مایەوە بۆ دەردی بێ کەسیو قەلەندەری، تەنانەت وازی لە برادەرو هەڤالانی هێنا، تووشی نەخۆشی دوودڵی بوو، زوو پیر بوو، ئەوانە گشتیان نائومێدی و ڕەشبینی و ڕق لە خەڵكو لە دنیابوونەوەی لەلا زیاد کردن. [٥] ((گۆران)) ی ئێمەی کوردیش باری ژیانی لە هیی ((ابن الرومي)) باشتر نەبوو، ئەویش تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو ڕوویەکەوە ژیانی پڕ ئێشو کارەساتی ناهەموار لە ژیانی ((ابن الرومي)) دەکات، وەك مردنی باوکی کە ئەو حەلە لقەدارێکی شلكو ناسك بوو، هەروەها برا گەورەکەی کە پشتیوانو تاکە بەخێوکەری بوو لە ژیانیدا ئەویش کوژرا، ((حوسێن عەلی شانۆف)) لە نامەی دکتۆرایەکەیدا دەڵێ: ((سالانی ١٩٢٢ - ١٩٢٥)) هەموو جۆرە کلۆڵیو بێ بەشییان بە عەبدوڵڵا گۆران چێشت لە ژیاندا، بەڵام هیچ سەختییێكو دژوارییێك نەیانتوانی ورەی پێ بەربدەنو ملی پێ کەچ بکەن. مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) یش بە نموونە قسەی شاعیر خۆی دەهێنێتەوەو، دەڵێ:

((ڕۆژانی ڕەش نەیانتوانی لە شەقامی ڕاستی ژیان لای بدەن، بەڵکو ڕووناکی ژیان هێزی لە ڕۆژگارە ڕەشەکانی ناو ڕۆژگارە بەختەوەرەکانی وەردەگرت)) [٦].

له ساڵانی ژیانی داهاتوویدا له چەند دێیەکی سلێمانی له ساڵی ١٩٢٥ەوە تا ساڵی ١٩٣٧ مامۆستایەتی کردو، له ساڵانی ١٩٤٢و ١٩٤٥دا بە بەڕێوبەری بەشی کوردی له ئێستگەی حەیفا دامەزراو ساڵی ١٩٤٩ گیراو چەند جارێك له بەندیخانه توندکراو پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ بەرەڵلا کراو ئەو ماوەیە کە زنجیرەیەك ڕووداوی ناسۆری تێدابوو، وەك بێ بەش بوونو دابڕان له خۆشیو شادیو دەرکردن لەوەزیفەو ڕاونان، لەمەش ناخۆشتر مەرگ چنگی له جگەرگۆشەکانی شاعیر گیرکردو تاڵیو سوێریی پێ چێشت، ئەوەتا خەمو پەژارەو سەرسووڕمانی خۆی بەرامبەر نهێنیو لەغزی مەرگو ژین دەردەبڕیو لەگەڵ بولبول دەدویو دەڵێ:

**ئێمە عومرمان تا سەر**
**ئەندێشەیەو دەردی سەر،**
**ترسەو تاسەیەو پرسیار**
**یەك لە شوێن یەك: سەد، هەزار،**
**بۆچی زاین؟ کەی، چۆن ئەمرین؟**
**چیمان لێ دێ کە مردین؟**
**چی ڕاستە؟ چی درۆیە؟**
**کام شت ئەنجام؟ کام هۆیە؟**
**یان تەنانەت بۆچ ئەگرین؟**
**فرمێسك لە چاو بۆچ ئەسڕین؟**
**ئیتر لەم چەشنە پرسیار**
**یەك لە شوێن یەك بە قەتار**
**ئەمیان یەخەمان ئەگرێ**
**جوابی ئەممان پێ نادرێ،**
**ئەویتر دێتە پێشێ**
**ورد ورد گیانمان ئەکێشێ**

هەتا لە کۆتاییدا دەڵێ:

**ئەی وەستای بەستەی شیرین !**
**ئێمە هەتاکو ئەمرین،**
**یا ئەپرسین، یا ئەگرین**
**ئیتر چلۆن بخوێنین**
**وەك تۆ، وەك گشت سەرخۆشێ**

## پیاڵەی دڵخۆشی ئەنۆشیێ [٧] .

### باری سەرنجی هەردوو شاعیر لەبارەی لە دایکبوون:

((ابن الرومي)) بە چاوێکی ڕەشبینانە سەیری لە دایکبوونو هاتنە دونیای ڕووناکی دەکات، ئەو گریانەی کە منداڵ هەر لە سکی دایکی خۆی دەردەچیێ دەگری، ئەو بە نیشانەی کلۆڵیو دەردەسەری ژیانی داهاتووی دەداتە قەڵەم، وەك بڵێی منداڵەکە بۆ بەختی ڕەشی خۆی دەگریو دەزانیێ چ بەدوای لە دایکبوونەکەیەوە دیێ، ئەگینا بۆچی دەگری؟ !

((ابن الرورمي)) ئەو گریانەی منداڵی تازە لە دایك بوو بەم جۆرە شی دەکاتەوەو دەڵیێ:

لما تؤذون الدنيا به عن صروفها
يكون بكاء الطفل ساعة يولد
والا فما يبكيه فيها وانها
لأصبح مما كان فيه وأرغد
اذا أبصر الدنيا استهل كأنه
بما سوف يلقي من أذاها مهدد
وللنفس أحوال تظل كأنها
تشاهد فيها كل غيب سيشهد

واتە: لەبەر ئەوەی دنیا کارەساتەکانی خۆی جاڕ دەداو بە ڕەوا دادەنیێ کە گریانی منداڵ ئەو ساتەیە کە لە دایك دەبیێ ئەگینا چ شتیێ هەیە بیگریێنیێ کە خۆی لەوەی کە تیابوو ژیانی گەشترو خۆشتر دەبیێ.

هەرکە سەیری دونیای کرد فرمێسکی باراند، چونکە هەڕەشەی ئەو ئازادییەی لیێ دەکریێ کە لێوەی دەبینیێ.

دەروونی مرۆڤ لە چەند بارێکدا پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەو هەرچی شاردراوەو نەزانراوەو پەنهانەو لە ئەنجامدا ڕوو دەداتو دەبینریێ ئاشکرا دەبیێ، دەبینیێ.

وەك وتمان، شاعیری عەرەب بەو ڕەشبینییەی سەیری لەدایکبوون دەکات. لە کاتێکدا لەدایکبوون نیشانەی نوێکردنەوەو سەوزبوونی درەختی ژیانو بەردەوامبوونییەتی، دەبیێ بە

لای دایكو باوكەوە هیچ شتێ هەبێ لەو ساتە خۆشتر بێ كە منداڵ دێتە دنیاوە؟ باوكو دایك لە هەستێكی دەروونیدانو چۆن ڕوودا وەكە لەناخەوە دەیانهەژێنێ؟ ئایا دنیا هێندە تاریكو پڕ لە ئێشو ژانە تا ئەو ڕادەیە شاعیر بخاتە بارێكی دەروونی ئاوا كە بەم جۆرە سەیری سەرەتای ژیان بكات؟ ئەگەر گریانی منداڵ یەكسەر دوای لەدایكبوون نیشانەی ناخۆشیی ژیانی داهاتووبێ وەك شاعیر بۆی دەچێ، ئایا مافی ئەوەمان نییە بپرسینو بڵێین ئاخۆ ئەم منداڵە چەند جار لە ئەنجامی نارەحەتیو هەست بە ئێشو ئازاركردنو برسیەتی گریاوەو كرووزاوەتەوەو هاواری كردووەو تەعبیری لەو بارە تایبەتییەی خۆی كردووە، بەڵام تەنانەت دایكیشی كە ئەوكاتە لە سكیدا بووە هەستی پێ نەكردووە، چونكە مەودای هاتنە دەرەوەی دەنگەكە نەبووە، واتە بێدەنگو خامۆش بووە، بەڵام بێگومان گریاوە، چونكە گریان وەك كردەیەكی بایۆلۆژی بارێكی تایبەتی بەر لە دەربڕینی ناوەوەی ئادەمیزادەوە سەرهەڵدەدا. هێربرت رید لەم ڕووەوە دەڵێ:

((ئێمە لەگەڵ پێویستیی ئەم دەربڕینەدا لە دایك دەبین - هەركە منداڵ لە دایك دەبێ دەگری، دەست دەكات بە دەربڕینی پێویستییەكانی ناوەوەی خۆی بە سەدان ڕێگا، ئێمە دانی پێدا دێنین كە ئەم پێویستییانە لە بنەچەدا لە شكاری و غەریزیو دەرخستن، بەڵام هەمیسان عاتفین، بۆ نموونە وەك پێویست بوون بە خۆشەویستی، ئێمە ئێستا لەوە دەگەین كە شیرەخۆری هەرە بچووك لە چوارچێوەی هۆیە تایبەتییەكانی دەربڕینی خۆیدا داهێنەرە، مەبەستم لەمەدا ئەوەیە كە لە سەرەتاوە، پێویستییەك هەیە بۆ داهینانی لەجیاتی بابەتییانە - البدیل الموضوعي ((شتێك)) ی دەرەكی دادەهێنن، دەیكەینە هی خۆمان، شانازی پێوە دەكەینو، لەگەڵ بارە نارِوونو تەماوییەكانی هەستی خۆمان ئاڵوگۆڕ پێ دەكەین [٧]، بەڵام ((گۆران)) بەجۆرێكی تر دەڕوانێتە گریانی كۆرپەكەیو داوای لێ دەكات چیتر نەگریو لە لەزەتو شیرینیی خەو بێ بەشی نەكات، لەو هۆنراوەی كە بەناوی ((بۆ هیوای كوڕم))ەوەیە بە پێچەوانەی ((ابن الرومي)) یەوە سەیری ژیانو دوارۆژی منداڵەكەی دەكات كە هیچ مەرج نییە ئەویش بە هەمان ڕێچكەی ژیانی باوكیدا هەنگاو هەڵێنێو وەك ئەو بكەوێتە ژێر باری ژیانی ئەندێشەو كارەسات ((گۆران)) بۆیە ڕوو لە هیوای كوڕی دەكات كە هێشتا منداڵەو فام ناكاتو لە ژیانی ناگاتو پێی دەڵێ:

**هیوا مەگری، هەنسكی نیوەشەو بەس هەڵدە، بەس بگری !**

لە چاوی بێ قەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبڕی؟
کوڕی خۆم ! کۆرپەکەم ! میوانی، دنیای تازە خولْقاوم !
ئەوا گریەت بە ضـەربەی چز لە ڕۆحی پڕ گلاراوم !
چییە ئەم گریە غایە، کرووزی نیوەشەو خورپێن؟
چییە ئەم قەترەوردانەی لە چاوت بێ مەئال ئەڕژێن؟
لەگەلْ ئەو خونچە ساوایی لەسەر خەلفی بەهار ئەڕوێ
چییە فەرقت؟ لەبەرچی ئەو هەتاکو سیس ئەبێ ئەنوێ؟
وەك ئەو بەرخە بچکۆلەی کە هەر ئێستا لە دایك بوو،
لەبەر چی نەشئەی یاری هەلْت ناداتە سەر پاشوو؟
ئەلْێی ئەو زەرنەقووتەی پەپکە مارەی فەرشی هێلانەی،
چی ئێشێکە، کورم بۆچی لەسەر ئەم هەلْ کرووزانەی؟
چییە، توخوا چ سیرێکەوەها مەحکوومی گریان
کە تۆ هێشتا لە خەم ناکەی؟ لە مەعنای گریان نازانی
ئەگەر وەك باوکە حەسرەت دیدەکەی زەهرت بچێژایە،
زەمان گەردی ئەمەلتی، گشت بە دەم باوە بپژایە
بەلْێ ڕۆلْەکەم، ئەگەر وەك من کەمێك بەدبەختی ئیدراکیش،
لە تۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەك شەو و ڕۆژی ڕووناکیش
حەقت بوو عەرش بلەرزێنی بە نالْەی ڕۆحی پڕ ئێشت،
لە ئەستێرەی سەما بپژێنی فرمێسکی دلْی ڕێشت
حەقت بوو ئەو هەموو گریانی نا مەفهوومو بێ مەعنا !
زمانی بەسطو تەقریری شکاتت بێ لە دەست دونیا !
حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما
بەحر پڕکەی لە تف بیدەی بەناوچاوانی باوکیما
بەلاْم ڕۆلْەم، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای
لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهوولو نیهانیتای
بەچی مەعلووم بە شوێنی هیی منا ئەڕژێ چەمی عومرت؟

**سەرانسەر پێکەنینو خورپەمی نابێ خەمی عومرت؟**

لە دواییدا دەڵێ:

**کوڕم هەر وەك لە ئوعجووبەی ژیانی بەختی بەد ئەگری**
**شتێکیش - بەختیاری - پێکەنین گرتوویە چوار دەوری !**
**بەخۆڕایی مەترسە، خەم مەخۆ، مەگری لە ئێستاوە !**
**بە چی مەعلووم کەچی لەو تەختی ناوچاوانە نووسراوە**(٨)

## مەرگی جگەر گۆشەکان:

وەکووتمان ((ابن الرومي)) سێ کوڕی هەبوو، کە ناویان ((هبە الله ومحمد)) بوو، بەڵام ناوی سێیەمیان لە دیوانەکەیدا نەهاتووە، هەرسێکیان بچووك بوون کە گیانیان بە خاك سپارد، شیوەنێکی گەرمی بۆ کردن، بە ناسکترینو بە سۆزترین وشە هەستی جەرگ سووتانی خۆی دەربڕی، کە باوکێکی کۆست کەوتوو شیوەنو زاری بۆ جگەرگۆشەکانی دەکات.

مەرگ لە پێشەوە کوڕە ناوەنجییەکەی کە ناوی ((محەمەد)) بوو، ڕاپێچ کردو دڵی لە لێدان خست، لە شیوەنی محەمەدی کوڕیدا شاعیر دەڵێ:

**اعيني جودالي، فقد جدت للثري**
**بأنفس مما تسألان من الرفد**
**كأني ما استمتعت منك بضمة**
**ولا شمة في ملعب لك أو مهد**
**الأم لما أبدي عليك من الاسى**
**واني لأخفي منه اضعاف ما عندي**
**توخي حمام الموت اوسط صبيتي**

**فلله كيف اختار واسطة العقد**
**علي حين شمت الخير من لمحاته**
**وآنست في افعاله آية الرشد**

له دواییدا دەڵێ:

**لقد قل بين المهد واللحد لبثه**
**فلم ينسي المهد اذ ضم للحد**
**الح عليه النزف حتى احاله**
**الى صفرة الجادي عن حمرة الورد**
**ويذوي كما يذوي القضيب من الرند** (١١)

واتە: ئەی هەردوو چا وەکەم فرمیسکم بۆ بڕێژنو لەگەڵ بەخشین بن، من لەگەڵ زەویدا بەخشندە بووم.

شاعیر ڕوو دەکاتە کوڕەکەیو پێی دەڵێ:

وەك بڵێی من تیر تۆم لە باوەش نەگرتو لە بۆن کردنت تێر نەبووم لە یاریگەکەت یاخود لە بێشکەدا.

لۆمە دەکرێم کە من بۆت لە ئاخو کەسەردام، من چەند جار لەوەی دەری دەبڕم لە دڵمدا شاردوومنەتەوە.

مەرگ کوڕە ناوەنجییەکەی ویستمو ئەی خوایە چۆن قاشی ملوانکەی هەڵبژارد.

لە کاتێکدا لە ڕەنگو روخساریدا چاکەی خێرو خۆشیم بەدی کردو لە کردەوەکانی نیشانەی عەقڵمەندیو ژیریم یادیو هۆگر بووم. ئینجا دێتە سەر خۆشیو مردنەکەیو دەڵێ:

تەمەنەکەی کورت بوو، خوێن لەبەرچوون وا تینی بۆ هێنا تەنانەت ڕەنگە سوورە گوڵ ئاساییەکەشی کردە ڕەنگی زەردی زەغفەران.

هەر بە سەر دەستانەوە بووو، بەتەواوەتی هێزی لێ دەبڕاو دەکەوتو سیس دەبوو چۆن لقەدار بەسەر درەختی ڕەندەوە کە درەختێکی بچووکی بۆن خۆشە ئاوا سیس دەبوو.

هەروەها ((هبە اللە)) ی کوڕی گەیشتبووە تەمەنی لاوی، ئەویش کەوتە بەر پلاری

مەرگو گیانی بە خاك سپارد، ((ابن الرومي)) شیوەنی بۆ دەکاتو دەڵێ:

**يا حسرتا فارقتني فننا**
**غضا، لم يثمر لي الفنن**
**ابني والفؤاد معا**
**بالأمس لف عليكما الكفن**
**تلو: لله لا تنفك لي شجنا**
**يمضي الزمان وانت لي شجن**
**ما اصبحت دنياي لي وطنا**
**بل حيث دارك عندي الوطن**[١٢]

واتە: ئاخ هەڵدەکێشم کە تۆ لقەدارێکی تەڕو ناسكو پاراو بووىو بەجێت هێشتمو، لقەدارەکە بەری بۆ نەگرتم.

ڕۆڵەکەم تۆو دڵنەوایی کردن، دوێنێکە کفن هەردووکتانی پێچایەوە.

بەخوای تۆ خەم لە کۆڵ من ناکەیتەوە، زەمانە دەڕواتو تۆش بۆ من خەمو پەژارەی.

دونیای من نەبووەتە هەوارگەی من، بەڵکو مەڵبەندەکەی تۆ لای من بووەتە هەوارگەو نیشتمانم.

((گۆران)) یش شیوەنی بە کۆڵ لە سەرەمەرگی ((هیوا))دا دەکاتو دەڵێ:

**ڕۆڵەی تاقانەم، هیوای ژیانم**
**ئەستێرەگەشەی بەری بەیانم**
**ڕۆژی نەورۆزی پڕشنگ زێڕینم**
**تریفەی سپی مانگی هاوینم**
**جریوەو جووکەی شادیی هێلانەم،**
**شەوبۆی پەخشانی ئەم گشت هەردانەم**

**خونچەی پشکووتووی باغی جوانیم،**
**ڕۆڵەی شیرینم، ئەی گیانی گیانیم،**
**توخوا بەو جووتە چاوە شینانە،**
**ئاخر نیگاتە تێر بۆم بڕوانە !**
**با بە کڵۆڵی، بە ڕۆڵە ڕۆیی**
**کە دانیشتم کز، وەختی بێ تۆیی**
**بە یادی دوو گۆم، دوو گۆمی بێ بن،**
**کە هۆگریان بوو ماسی ڕۆحی من،**
**هۆن هۆن فرمێسکم بڕژێتە داوێن**
**فرمێسکم تا سەر جەرگ‌و دڵ تاوێن**
**هیوا ئەو لێوەی بەر زەردەخەنە**
**گزنگی ڕۆژی گوڵانی منە،**
**بۆ زەردەخەنە ئێستای تێ نازێ؟**
**بۆ لەژێر مەرگی هەورا ئەلەرزێ**
**هەی هاوار، هەی داد، هیوای شیرینم**
**گیان ئەدەی، ئەمری، ئیتر ناتبینم**
**ئیتر.. ئاخ ئیتر.. ناتبینم هەرگیز**
**لە خەوا نەبێ، شەو، شەوی پاییز**
**جار جاروەك بەرقی ئاو بۆ زۆر تێنوو**
**دێت ناشکێنێ تاسەو ئارەزوو! (١٤)**

لە شیوەنی گوڵاڵەی کچیشی بە کوڵ ئەگری‌و خەم دادەبارێنێ دەڵێ:

**جگەر گۆشەی عەزیزم، نووری چاوم**
**سەری تاڵە دەزووی ئامالی خاوم؟**
**چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم**
**چ زوو مردی؟ چ زوو کەوتیتە بن گۆم؟**
**چ زوو کەوتیتە بن گۆمی عەدەم؟ خۆ**

**بە ئۆخەی تەڕ نەبووم لێوم وتم ((ڕۆ))**
**دەمی پشکووتی تێر بۆنم نەکردی**
**گوڵاڵەی خۆشەویست دەر لەحڤە مردی !**
**ئەجەل داد، ئاسمان داد، عەرشی خوا داد !**
**حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان دەوا داد !**
**کچێکم بوو کچێ... تەنیا کچێ بەس**
**ئەویشت ئاخر کوشت، چەرخی ناکەس**
**قەبر ئەی خاکی ڕەش، ئەی چاڵی تاریك**
**دڕندەی لاشە خۆری، باوكو داییك،**
**لە دەورت هەڵ چنیم خوشكو برا پاك**
**کچێکم بوو ئەویشت کردە خۆراك؟**
**چ داوێکە؟ چ ئینسافێکە، زاڵم؟**
**جەهەننەم تاو ئەدەی ئەی کەی بە حاڵم؟**

لە کۆتاییی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

**کچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی**
**کە باوکت چەند بە ناسۆرە بڕینی !**
**نە تۆی پێ دێتەوە، نە عەقڵی ئەبڕێ**
**لەسەر تۆ کام یەخە، کام ئەستۆ بگرێ؟**
**کچم ڕۆحم، کچم.. هەیهات ! هەیهات !**
**چ کۆچێ بوو، چ کۆچێواکشو مات** (١٥)

**نەخۆشیو مەرگی هەردوو شاعیر:**

گوایە ((ابن الرومي)) بە ژەهر دەرخواردن مردووە، (عەباس مەحموود العقاد) ئەم بۆچوونە بەرپەرچ دەداتەوەو دەڵێ: ئایا ناشێ قسەی ژەهرەکە هەمووی ئەفسانەیەکی هەڵبەستراو بێو هیچ بنچینەییێکی نەبێو ((ابن الرومي)) مردنێکی سروشتی مردبێ، حەقتە نیشانەکانی لە نیشانەکانی ژەهراوی بوون ((تسمم)) ی زانراوو باوی زەمانی ئەو بکەن (١٦) .

لەو قسانەی کە (ابو العثمان الجاسم) کردوونی کە لەکاتی نەخۆشییەکەی بەر لە مردنی سەری لێ داوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە تووشی زۆر میز کردن بووە، (ابو العثمان) دەڵێ پێم

وت: وا دیارە میز زۆر کردن تینی بۆ هێناوی، ئەویش لەوەڵامدا وتی:

**غدا ينقطع البول**

**ويأتي الويل والعول**

**ألا إن لقاء الله**

**هول دونه الهول**

واتە: بەیانی میزەکە دەبڕێو کارەساتو گریەو زاری بەدواوە دێ، ئای کە دیداری خوا ترسو لەرزێکی وایە کە هیچ ترسو لەرزی وەك خۆی نییە.

وە لە کتێبی ((الامالي)) ((ابو علي القالي)) دا هاتووە کە زۆری ئاو دەخواردەوە، بەڵام تینوویی نەدەشکا، خۆشی دەیوت:

دەبینم لە سووتانەکەمدا شتێکی زیادە، وەك بڵێی ئاوەکە بۆ ئاگرەکە ((واتە هەناو سووتانەکەی)) دارەو سووتانەکە بە تەوژمتر دەکات. بۆ بەیانی سەردانەکەی ابو العثمان ((ابن الرومي)) وەفاتی کرد [١٧] .

عەققاد دەڵێ: تێنوو بوونو زۆر میزکردن دوو نیشانەی نەخۆشیی شەکرەن، نەخۆشییەکە خاوەنەکەی تووشی ژەهراوی بوون ((التسمم)) دەکات، بە تایبەتی پاش خواردنی شیرنایەتیی[١٨] وا دیار ە شاعیر کە تووشی ئەم نەخۆشییە بووە، چلێسیو حەزکردن لە شیرنایەتیی، نەخۆشییەکەی لێ بە تەوژمتر کردووە، لە شیعرەکانیدا چاومان بە هەندێ نموونە دەکەوێ کە وەسفی خواردەمەنی دەکاتو بە جۆرێ باسی لێوە دەکات کە هەموو کات تامەزرۆو چاوچنۆكو چلێس بووە، لەم چەند دێڕەیدا باسی پیاوێك دەکات کە ناوساجی سووردەکاتەوەو باسی ناوساجییەکە دەکاتو دەڵێ:

رأيته سحرا يقلي زلابيه

في رقة القشر والتجويف كالقصب

كأنما زيتة المقلي حين بدا

كالكيميا والتي قالوا ولم تصب

يلقي العجين لجينا من انامله

فيستحيل شبابيكا من الذهب [١٩]

واتە: گەردی بەیانی دیتم ناوساجی سوور دەکردەوە، کە لە تەنکیو ناسکیو بۆشیداوەك قامیشوابوو.

وەك بلێی ڕۆنە قرچا وەکەی کە دەرکەوتوەك کیمیاوابوو کە گوایە ئەو کیمیایە خاكو خۆڵ دەکاتە زێڕو ئەم بیرو خەیاڵەش بە ڕاست دەرنەچوو.

وەك شاعیر ڕوونی دەکاتەوە، ئەم کیمیایە لای ئەو کابرایە ناوساجی کەرە بەڕاست دەرچوو کە هەویرەکە لەناو پەنجەکانیدا وەك زیو وایەو کە دەیخاتە ناو تاوەکە دەبێتە پەنجەی زێڕ.

ڕاددەی چڵێسیو نەوسنی وای لە شاعیر کردبوو کە گلەیی لە مانگی ڕەمەزانو بە ڕۆژوو بوون بکات، چونکە دەبێتە قەدەغەکردنی خواردنو خواردنەوەو کپکردنی ئارەزووو لەزەتی ئادەمیزاد با بزانین شاعیر چ دەڵێ:

اذا بركت في صوم لقوم
دعوت لهم بتطويل العذاب
وما التبريك في شهر طويل
يطاول يومه يوم الحساب
فليت الليل فيه كان شهرا
ومر نهاره مر السحاب
فلا أهلا بمانع كل خير
واهلا با الطعام وبالشراب [٢٠]

واتە: ئەگەر نزاو دوعای بەرەکەتو پیرۆزباییم کرد بۆ خەڵکی لە ڕۆژوگرتندا داوای درێژبوونەوەی ئێشو ئازاریان بۆ دەکەم.

خۆزیا شەوی تیادا دەبووە مانگێكو ڕۆژەکەشی هەر زوو وەك هەوری خێرای دەم ڕەشەبا بەسەر دەچووو تێپەڕ دەبوو.

بەخێر نەیەت قەدەغەکەری هەموو خێرو خۆشییەكو هەر بەخێر بێت خواردنو خواردنەوە.

کە ((ابن الرومي)) لە سەرەمەرگایەو نۆشدار ((دکتۆر)) دێت بۆ چارەسەری دەردەکەی لەو کاتە ناسكو چارەنووسییەش بڕوا بە داوو دەرمانی نۆشدار ((دکتۆر)) ناهێنێو متمانەیان پێ ناکات، بەڵکو بەلای ئەوەوە چارەنووس لە دەرمانو چارەسەرکردنی بەهێزترە، لەبەرئەوە کە

دەزانی بەرەو مەرگ هەنگاو دەهاوێ دکتۆری بەلاوە شتێکی بێ سوودو بێ ئەنجامەو وا خۆی حیساب دەکات کە دکتۆر لە چارەسەرکردنەکەی پەی پێ نەبردووەو بەرەو سەرچاوەیەکی تری بردووە، کە سەرچاوەی تینوو شکانو چارەسەرکردن نەبووە. نۆشدار ((دکتۆر)) هەڵەی تیاکردووە، خۆی وتوویەتی:

**غلط الطبيب علي غلطة مورد**
**عجزت موارده عن الاصدار**
**والناس يلحون الطبيب وانما**
**غلط الطبيب اصابه الاقدار**

واتە: پزیشك هەڵەی بەرامبەر کردم، منی پێ چاك نەکرایەوەو سەرچاوەو شەرابەکەی چارەی منیان پێ نەکراو لە چارەسەرکردنەکەم بە هەڵە چوو.

خەڵکیش گلەیی لە دکتۆر دەکەنو هەڵەی دکتۆر پلاری قەدەر لە چارەسەرکردنەکەی دکتۆر بەهێزترە. ((گۆران)) یش تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە ((سرطان)) بوو، ئەو کاتەی کە لەژێر چارەسەرکردن بوو، شیعرێکی بەسۆز بۆ خۆیو دەردە کوشندەکەی دەڵێ، کە وەڵامی ئەو پرسەی دکتۆرەکەیەتی کە دێو دەڵێ بۆچ وا بێدەنگو کشوماتی ئەویش پێی دەڵێ:

**وەڵامی پرس پێشکێش بۆ: پی. پی فسیلییڤا:**

ڕاکشابووم لەسەر پشتم
دکتۆرەکەم
ماری شێرپەنجەی ئەکوشتم
ناڵێم وەك دایکێکی دڵسۆز
فرمێسکی بۆ هەڵئەڕشتم،
بەڵام، تەواو وەك کچی خۆم
دەستی ئەخستە ناو مشتم
بە چاوی پڕ لە هەستی جوان
ئەی کرد تەماشای سروشتم،
ئەی پرسی لێم، بۆچ وا ماتی؟
بۆچ هەمیشە خەمبار دیاری؟
بۆ من ئەم پرسە وەك هەنگوین
ئەتکایە سەر لێو لە زاری
بەڵام بۆ خوشکانی بەردەست
سیس کردنی گوڵ بوو کاری
دوو سێ کچ بوون وەك دکتۆر خۆی،
خەمخوارییان لێ ئەباری،
نەك هەر بۆ تیماری دەردم
بۆ چارەش بۆ باغچەی زەردم
بەڵێ دکتۆر ! خوشکان ! ماتم
هەر من نیم ((مات)) ی وڵاتم
لەناو هەزارانا تاك تاك
لێومان هەیە پێبکەنێ
لای ئێمە بۆ دنیای شادی
وا تازە خەڵك هەنگاو ئەنێ [٢١]

هەرچەندە گۆران هەست بە ماڵئاوایی کردن لە دنیای جوانی و ڕووناکی دەکاتو چار نییە هەر دەبێ کۆچ بکات، بەلام گەشبینی لە شیعرەکەیدا بەدی دەکرێو ئەم شاعیرە لە زۆربەی شیعرەکانیدا گیانی گەشبینی خۆی دەردەبڕێو لە ئاستی ڕۆژانی سەختو دژوارو ناهەمواردا ورە بەرناداو دەست لە ئەژنۆ دانانیشێ.

گەشبینییەکەی گەیشتە ڕادەیێ کە دەڵێ:

**بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز**
**بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز**

کەچی شاعیرێکی وەك ((ابن الرومي)) ڕەشبینەو بە زمانی خۆی وتوویەتی: ((الفأل لسان الزمان والطيرة عنوان الحدثان)) واتە: گەشبینی زمانی کاتەو ڕەشبینی نیشانەی زەمانەیە. لە شیعرەکانیدا ئەم دیاردەیە، ڕەنگ دەداتەوە لەمەش زیاتر بڕوای بە چاووزار بووە، کە تەمەنی ٥٧ ساڵ بووە، پیرەژنێکی دیوە کە تانەی لەسەر چاو بووە کەنیزەیەکی دیوە خێل بووە، لەوەدا ڕەشبین بووە، بەڕێکەوت کچی برادەرێکی لەسەربان بەربووەتەوەو مردووە، لەم ڕووەوە شیعرێکی داناوە ڕەشبینیی پەسند کردووەو تێدا باسی ئەوەی کردووە کە پێویست ناکات گاڵتە بە ڕەشبینی بکرێ دەبێ بە ناوونیشان دابنرێ (٢٢) .

ڕادەی ڕەشبینی ((ابن الرومي)) گەیشتە پلەیەك کە تەنانەت هەندێ وشەو ڕووداویش تووشی ڕەشبینی ببێ، ئەم خووڕەوشتە کارێکی تەواوی کردووەتە سەر کارو ڕەفتاریو کردیە مایەی گاڵتەی خەڵکی ژیرو عاقڵو، ناتوانین ئەم دیاردە عەقڵییە کە ویستو ورەی بێ هێزو سست دەکاتو وای لێ دەکات کە ڕووداوەکان بە هۆیەکانی خۆیان نەبەستێتەوە لەوە زیاتر لێك بدەینەوەو بڵێین کە خاوەنەکەی لە عەقڵییەتدا لە عالەم بەدەرەو لە کۆئەندامی دەماری ((الجهاز العصبي)) دا هێزێکی تایبەتی هەیە (٢٣) .

بەم جۆرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیرێکی وەکو ((ابن الرومي)) ڕەشبینەو بە شاعیرێکی نائومێدو باوەڕ بەچاوو زار، یاخود چاوپیسی لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام شاعیرێکی وەکو ((گۆران)) هەرچەندە هەندێ ڕوخسارو نیشانەی پەستیو بێزاریو نائومێدی لە هەندێ شیعرەکانیدا وەك گلەیی کردن لە ڕۆژگار بەدی دەکرێن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەك

هێلێكی بەیانی بە شاعیرێكی گەشبینو بڕوا بە دوارۆژو هاتنی خۆشی بەدوای ناخۆشی دادەنرێ. بەم جۆرە بیركردنەوەو باری سەرنجو بۆچوونەی شاعیر، شەقلێكی تایبەتمەندی بە ڕێبازی شاعیری دەبەخشنو دەیكەنە شاعیری گەشبینو بەرچاو ڕوون.

**سەرچاوەكان:**


١- دراسات في الادب المقارن التطبيقي،دكتور داود سلوم.
٢ - چوارینەكانی عومەر خەیام، گۆڕینی سەلام.
٣- الاساس في تاريخ الادب العربي،مصطفيى جواد، كمال ابراهيم، محمد بهجة الاثري.
٤- دیلان، كۆمەڵە شیعرێكی (ساڵح دیلان)ە.
٥- الجديد في الادب العربي،حنا الفاخوري.
٦- گۆران،شعر الشاعر الكردي المعاصر،تأليف د. حسين علي شانوف،ترجمة: شكور مصطفى.
٧- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، دیوانی گۆران. بەرگی یەكەم، كۆكردنەوەو ئامادەكردنو پێشەكیو پەراوێز بۆ نووسینی: محەمەدی مەلا كەریم.
٨- الفن ومذاهبه في الشعر العربي،د. شوقي ضيف.
٩- حاضر الفن - تأليف هربرت ريد،ترجمة: سمير علي.
١٠- امراء الشعر العباسي،انيس المقدسي.
١١- ابن الرومي، حياته من شعره، عباس محمود العقاد.
١٢- رسالة الغفران لأبي علاء المعري،حققه وقدم له المحامي: فوزي عطوي.

**پەراوێزەکان:**

١- دراسات في الادب المقارن التطبيقي،د. داود سلوم، ل ١٢، ١٣،١٤.

٢- عومەر خەیام،گۆڕینی: سەلام، ل ٥٦.

٣- دیلان،دیوی ناوەوەی بەرگی دووەمی کۆمەڵە شیعرەکەی (ساڵح دیلان).

٤- الجديد في الادب العربي،حنا الفاخوري،ل ٥٠٧.

٥- الاساس في التاريخ الادب العربي، مصطفى جواد، ل ٦١.

٦- شعر الشاعر الكردي المعاصر،تأليف د. حسين علي شانوف.

٧- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، دیوانی گۆران، کۆکردنەوەو ئامادەکردنو پێشەکیو پەراوێز بۆ نووسینی: محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٢٢ - ١٢٣.

٨- شیعرەکە لە کتێبی ((الفن ومذاهبه))، ترجمة: شكور مستەفا، ل ١١، ((نووسینی د. شوقي ضيف))ەوە وەرگیراوە.

٩- حاضر الفن، تأليف هربرت ريد، ترجمة: سمير علي، ل ١١٧.

١٠- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، ل ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣.

١١- شیعرەکە لە کتێبی ((امراء الشعر العباسي)) یەوە وەرگیراوە، ل ٢١٣.

١٢- شیعرەکە لە ((ابن الرومي حياته من شعره)) یەوە وەرگیراوە.

١٣- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، ل ٩٣،٩٤.

١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧، ٩٨، ٩٩.

١٥- ابن الرومي حياته من شعره، ل ٢٢٢.

١٦- رسالة الغفران لأبي علاء المعري،شیعرەکە لەم سەرچاوەیە دەرهاتووە، ل ٣٠٤.

١٧- ابن الرومي حياته من شعره، ل ١٧٢.

١٨- امراء الشعر العباسي،شیعرەکە لەم سەرچاوەیە دەرهاتووە ل٣٠٤.

١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

٢٠- شیعرەکە لە کتێبی ((الاساس في الادب العربي)) ەوە وەرگیراوە.

٢١- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، ل ٢٢١ - ٢٢٢.

٢٢- امراء الشعر العباسي،ل ٢٩١ - ٢٩٢.

٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩١ - ٢٩٢.

## ڕۆمانی بەهاری ڕەش–ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
## یان پانۆرامای شالاوە تراژیدییەکانی ئەنفال

ئەم ڕۆمانە لە نووسینی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل کە لە دەزگای ئاراس دەرچوو، نووسەر ناوی ناوە (بەهاری ڕەش). هەر لەسەرەتاوە نووسەر پێشبینیی کارەساتە دڵتەزێنەکە دەکات و دەروازەی پانۆرامای وێنەکاریی پانتاییی ڕووداوە تراژیدییەکانی ئەنفال دەکاتەوە:

(بەڵام گەردو تۆزەکە بە ئاسمانەوە مانیان گرتووە، کە تیشکی خۆری بەردەکەوێ سوور دەڕوانێ. لەوە دەچێ خوێنت بە ئاسمانەوە پرژابێ) ئەم جۆرە بەستنەوەی سروشت بەر لە ڕووداوەکان، ڕەنگدانەوەی بارە دەروونییەکەی نووسەرە، کە زۆر حاڵەتی میتۆلۆژی لەگەڵ واقیعدا یەك دەگرنەوەو تەعبیر لە پێشهاتەکان دەکەن، گۆڕانی سروشتیش لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر مرۆڤ بەرەو دڵگوشین و ڕەشبینی و ماتەمی بکێش دەکات. ئەوەتا نووسەر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێو دەڵێ:

((من دەڵێم ئەم ڕەنگە زەردباوە دەگمەن و جوانو دڵگوشێنەرە ئاهو هەناسەی خەڵکەکەیە))

لێرە پانۆراما وێنەکارییەکە دەست پێ دەکات، ئەو خەڵکەی لەپڕ ڕووبەڕووی دڕندەترین شالاوی مەرگەسات دەبێتەوە بۆ کوێ بچێ، چ دالدەو پەنایەك هەیە ڕووی تێ بکەنو خۆیان تێدا حەشار بدەن، چوونی تاکوتەرای چەند کەسێ بۆ ماڵی خزمو ناسیاوانی ناو شار گیروگرفتەکە چارەسەر ناکات: ((ئێمە لەم دەشتە کاکی بە کاکییەدا چیمان پێ دەکرێ؟... بۆ کوێ بڕۆین، کوێ دەمان شارێتەوە؟)).

ئەم جۆرە سکالایەی ئومێدبڕە لە چییەوە سەری هەڵداوە کێ بەرپرسە؟ ((بۆ لێ نەگەڕان زووتر بە خۆمان بکەوین؟ بۆ بەر لەوەخت ڕێگاتان نەداین ڕوو لە شارێك بکەینو خۆمانی تیا بشارینەوە.....)). بەدەم ڕێگاوە لەناو زیلە سەربازییەکان کە خەڵکی بێ دەسەلاتی گەرمیانیان تێ ئاخنیون چەندین تەداعیاتو گەڕانەوە بۆ دواوە، بۆ سەردەمی خۆشی و شادیی

کەسانی ناو ڕۆمانەکە لە شریتی پانۆرامایەکە یەکـە یەکـە دەردەکـەون، لـە سـابیری حـاجی جومعەوە کە کەسێکی ڕۆشنبیری هۆشمەندە، بۆ حەمەغەریبی ئاژانسی گـەرمیان، گوڵشـەنو شوانە، گەرمیانو هاپۆ خدرو هی تر. ڕەوشە تراژیدییەکـە پـەیتا پـەیتا دەردەکـەوێ، ئـاهو داخی ئەو خەڵکە بەستەزمانەی کە هیچیان لە دەست نایا تەنیا فرمێسك ڕشتن نەبێ:

((وای لەو ڕۆژەی کە باوك ئاگای لە ڕۆڵەی خۆی نییە)).

گەرمیان: ئەم زیلەی ئێمەیان پێ هێنا دوو جاشیان لەگەڵا ناردین... ئـای ئـەوە برێکـی هێنا... ئێژم بەڵکو باوکمیان هێنایە ئێرە؟))

لە سەرەتا گەرمیانی مێردمنداڵ سابیری حاجی جومعە، بە وێنەکێشانێك وەسفی ناوچەی گەرمیان بەشێوازێکی شاعیرانەی بەسۆز دەکـات، خۆشەویسـتیی خـاکوخۆڵی ئـەو ناوچـەیە دەردەخات، دەگەڕێتەوە سەر مێژووی کۆنی ڕابردوو، لەشـکرەکەی سـەنحاریب، خـانی دەلـۆ، سووتانو تێکدانی خانووبەرە. چـەندین تـەداعیاتی سـابیری حـاجی جومعـە دێـنو دەچـن: بەستنەوەی کشوماتی و بێدەنگی خەڵك بە خاكو زەوی کە لەو ڕقەدا دەگـرێ، (بەفرمێسـكو خوێن ئـەو دەغڵودانانـە ئـاو دەخۆنـەوە...) بەسـتنەوەی ڕاوە ئاسـكو باڵنـدەو کەروێشـكو ژووژوو... بە نەهامەتی...

(خاكو زەوی ئەو دوو ساڵە فرمێسکی نەڕشـت بـە " سـاڵی حاسـڵات " نـاو دەبـرێ). گلەیی و گازاندە و ڕەخنە گرتن لەو لایەنەی ئاوا بێ شتو پەنا جێی هێشتن: (ئەمە سێ ساڵە، پەنجا ساڵە هەر دەستی ئەم خەڵکە بە زاخا دەکەن تووشی فەلاکـەتیان دەکـەن... دەیویسـت ئاوا بە ئاواییەکە بلێ). لەپڕ کارەساتی هێرش بردنە سەر ئاواییەکە، ئەو دیمەنـە تراژیدییـە دڵتەزێنە بەیارمەتیی جاشەکان.

ڕۆماننووس: (بڕواناکەم لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە کاری وا کرابـێ) لـە پرسـیارێکی گەرمیانەوە؟ سابیر: (چۆن مرۆ ئەوەندە ڕکوکینەی بەرامبەر مرۆڤ دەبێ، ئەوەی مـرۆڤ لەگـەڵ مرۆڤدا دەیکا ئاژەڵ لەگەڵ یەکتردا نایکەن) لە دڵی خۆیدا ئاوای وت - مۆنۆلۆژیی ناوەوە -

دوای هێنانی چەند کەسێکی تر بـۆ ژوورەکـەو پـێ شـکانی یـەکێکیان... ڕۆمـاننووس جارێکی تر کامیرایەکەی دەگوێزێتەوە دوای ڕەشبگیرەکەو کارەساتی بەرچـاو، بـە وەسـفێکی دڵتەزێنی کوشندە: (بۆ وایان لێ دەکەن؟ وادیارە نیازتان خراپە؟ ! نەکەن... ئـەگینا ئۆبـاڵی ئەم رەشو رووتانەشتان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ کام لایان ئەبەن؟ ئاخر ئەم گەرمیانە وەك ماسـی وان چۆن ماسی بێ ئاو دەژی، ئەمانەش لە گەرمیان دوور بخەنەوە دەمرن....).

(هاپۆ خدر: بەم درەنگە وەختە بۆ کوێمان دەبەن؟ !)

لە دیمەنە ترسناکەکەی ناو تەلبەندەکە کە بە هەزاران زارۆكو کچو ئافرەتو ریش سپییان تێ ئاخنیبوو کەس هاوارییانی نەدەبیست (تەنیا خۆری دەم کەلی ئەم ئێوارەیە چاوی لەم دیمەنە بوو، لەداخا زەرد هەڵگەڕابوو، ئەویش تا نەبێتە شاهیدو تۆمەتێکی گەورە لەسەر خۆی لاببات بە پەلەپرووزێ لەو دیوە ئاسۆوە خۆی شاربووەوە). خۆر کە هێمای حەقیقەتە ئەویش تەعبیری لە کارەساتەکە دەکرد، بەڵام کەی ئەم حەقیقەتە توانیویەتی ببێتە شاهێدی ڕووداوەکانو بێ ترس نارەزایی خۆی و مەحکووم کردنی ئەو جۆرە دڕندایەتییە دەربڕێ؟ !.

هەر لەو بازنە فراوانەدا کامێراکەی پانۆرامایەکە دەگوێزێتەوە سەر ئەو کچە بەستەزمانانەی بە زۆرەملێ دەیاندەنە دەست حەیتەکانو دوایی چییان بەسەردێ، لەوێشەوە بەرەو نوگرە سەلمان. (هاپۆ: " سابیر گیان ئێرە کوێیە؟ "

- نوگرەیە

هاپۆ: بۆ نوگرەی پێ دەڵێن؟)

وەسفی نوگرە سەلمان.... دوای گێڕانەوەی کارەساتەکانی نوگرە، مردنی یەك لەدوای یەکی منداڵان لەبرسان... لەم مشتومڕەدا: (هەرچی لە ئێمە دەکەن قەیناکا، منداڵو ئافرەت بۆ.... ؟ !)

وەڵام:

(نەیانهێشت... وتیان ناهێڵین کەس زیانی لێ بکەوێ کەسیش بۆ شار نەچێ و ڕەو مەکەن... بەچاوی خۆشتان بینیتان چۆن بەجێیان هێشتین خشەیان لێ کرد بۆی دەرچوونو ئێمەیان بە جێهێشت...

کێن ئەوانەی نەیانهێشت ڕەوکەن؟ !).

وەڵامەکەی ناڕاستەوخۆ:

(- ئەو یاساوڵەی پێشتر براکەی لای پێشمەرگە ئەسیر بوو چ چاکەیەکی لەگەڵدا کراوە).

کارەساتەکە تا دێ بە تەوژمترو جەرگبڕتر دەبێ، خواردنی مردووەکان لەلایەن گەماڵەکانەوە:

(دەوەرە بەم دەردە بمرە لاشەکانیش سەگ بیخوات).

ئینجا سەرگوزشتەی ئەو لاوە لە کاتی خۆیدا بە چاو بە سابیری گوت با ڕاکەین. لە ڕەوتی تەداعیاتی ڕووداوەکان، زیندووکردنەوەی (چنار) نەك تەنیا تارماییەکی کورتی

کتوپڕی وەك باوکی هاملێت، بەڵکو تارماییەکی کەمو دوانێکی دوورو درێژی نێوان سابیری حاجی جومعەو چناری یەکەمین دڵبەری سابیر، زیندووکردنەوەی سیروان کە، قسە بۆ سابیر دەکاتو دەگوێزێتەوە سەر فاتەی خوشکی کە چۆن زیندەبەچاڵ کراوە.

سیروان لە ڕێگای (فلاشباك)ەوە دەگەڕێتەوە لای گوندە ڕووخاوەکەیان، کە دێهاتەکان هەر هەموویان بە پێوە نەماون، بوونەتە سەگی بەرەڵا (دوای ئەو هەموو کارەساتە کێ لەخەمی ئەو ئاوارانەیە. ئەی باشە کەسێك نییە خەمێکیان بخوات، ڕەنگە هەر لەسەر مێزی خواردنەوە بکەونە بیریان، یانیش بازرگانی بەم کارەساتەی ئێمەوە دەکەن).

ناشتنی منداڵە بچووکە ڕۆح سووکەکەو زیندووکردنەوەی و وەدەنگهێنانی، ناشتنی چنارو قسە لەگەڵ کردنی ئەو پیرەمێردەی کە نایناسیو لە قەڵایەکی تری نوگرە سەلمانەوە بووەو نێژراوەو بە قسە دێ: (کوڕە گەنجەکە مردووە)

ئەوەتا کوڕە گەنجەکەیەو تەماشای دەکات، باشتر دەرکەوت... وا بزەیەکی خەماوی تێکەڵ بە گازاندەو تیز پێکردنەوە بەرامبەر گرتووم، دەنگیش ناکات، بێ دەنگییەکەی لە بزەکەی زیاتر ئازارم دەدات..)

هەموو ئەو دیمەنە تراژیدییانەی یەك بە دوای یەك هانی سابیر دەدەن کە ڕابکات.. (ئەگەر بشمرێ نابێتە خۆراکی سەگ و...).

لە کۆتاییدا دەبێ هەڵوەستەیەك لە ڕووی تەونو بنیاتنانی ڕۆمانەکە بکەم.

سابیری حاجی جومعەو هاپۆ خدرو گەرمیان، سێ کەسایەتیی بنچینەییی ڕووداوەکانن، کە لەگەڵ یەکتردا دادەنیشنو دەدوێن، بە دەنگو چرپە بە تایبەتی سابیر کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، هەرسێکیان دەبنە تیشکۆو تەوەری مەڵبەندی بزاڤی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، کە سەرەتاکەی تەعبیرکردنی سروشتە لە کارەساتەکە بەر لە ڕوودانی، کە لە ڕووی هونەرییەوە، هەرچەندە بەشێوەیەکی زۆر بچووك خۆی دەنوێنێ. بەڵام لە ئەنجامدا دەبێتە ڕووداوێکی سەرەکی و هەموو پانتاییی شاڵاوەکانی ئەنفال دەگرێتەوە.

وێڕای ئەو هەموو کوێرەوەری و مەرگەساتو نائومێدی و کاروانی مەرگی منداڵانو پیرو پەککەوتە، لەپڕ ترپەو ریتمی ڕووداوەکان دەگۆڕێنو بەرەو گەشبینی دەچن، ئەوانەی کە ماون بەردەدرێن، سابیر نەبێ کە بڕیاری داوە لە زیندانی قەڵایەك دەردەچێ.

لە باسکردنی ژیانی لادێی هاوچەرخ لە ململانێ لەسەرزەوی و بەکارهێنانی بە گژ داهاتنی سروشت، لە ناو ڕۆمانەکەدا، زنجیرەیەك ئێشو ئازارو شتی لە پڕی دڵتەزێن بەرجەستە

دەکەن، کە مایەی ئـاخ‌و ئـۆف‌و فرمێسـك هەڵوەرینـەو تـف کردنـە لـە دوژمنـانی مـرۆڤ‌و خاکوخۆڵ‌و سروشت.

تەونی چنینی خۆشەویستیی نێوان سـابیرو چـنارو بـار کردنـی سـابیر بـۆ دێیـەکی تـرو سەرسوڕمانی نووسەر بەجوانیی لادێی کوردستان، کە سروشت گوندەکانی گـەرمیانی دروسـت کردووە، یەك لە خاسیەتە هونەرییەکەی ڕۆمانەکەیە، کە مەودای خۆی وەرگرتووە. نووسەر لە ڕێگای بەبیر هاتنەوە، شێوازی گەڕاندنەوەی بۆ ڕابـردوو (فلاشـباك) ی بـەکارهێناوە، پـەنای بردووەتە بەر ڕیالیزمی سروشتی، لە ڕێگای بایەخدان بەمەسەلەی مەتریالی و ورووژاندنی ئەو بابەتانەی کە باون، وەك سوود وەرگرتن لە دەرخستنی ڕەنـگ و ڕوخسـاری تایبـەتی ژینگـە. نووسەر هەست بە قووڵایی خووڕەوشت‌و ئاکارو ئارەزووو موعاناتی گەلەکەی دەکات.

پێوەنـدیی نەپچـڕاوی بـە ویژدانەکـەی هەیـە، هۆشمەندییـەکی تـەواوی بـە پەیـژەی پێشەکییەکانی لەلایەن بەهاکانـەوە هەیـە. کەسـایەتیی سـابیر، کەسـایەتییەکی ڕۆشـنبیرو هۆشیارە، کەسانی لادێ بە تەکان‌و جۆش‌و خرۆشەوە کاردەکەن بەغەریزەی بەرژەوەندو داکۆکی کردن لەژیان. کەسایەتیی ساکاری بێ گرێ‌و گۆڵن، حـەز لـە بەرژەوەنـدیی گشـتی دەکـەن‌و لەگەڵ یەك دڵ ساف‌و تەباو کۆکن.

سابیری حاجی جومعە کەسایەتییەکی نەشونماکارە، لە زنجیرەیـەك ڕووداو پێکهـاتووە، بـەرە بەرە خودی خۆی دەردەخات و، چەند گۆڕانکارییەکی ڕوونی بەسەردا دێ، کە کارە هونەرییەکەی ڕۆماننووس بەرجەستەیان دەکات و، لە ڕۆنـانی سـاختمانی ڕۆمانەکـە قـووڵیی بەهرەکـە خـۆی دەنوێنێ، بە پێچەوانەی کەسایەتیی ڕووکەش، کە تەعبیر لە یەك جـۆر ژیـان دەکـات‌و گـۆڕانی بەسەردا نایێ وەك ئاپۆ خدر. نووسەر تەنیا یەك ڕێچکەی نەگۆڕی بەکار نەهێناوە لە داڕشـتنی ڕۆمانەکەیدا، پەنای بردووەتە بـەر چـەندین شـێواز وەکـو ڕیـالیزمی ڕەخنەسـازیی گەشـبینی، ڕیالیزمی مێژوویی (لە چوارچێوەی زەمەنی)‌و ڕیالیزمی تۆمارکاری بە شێوەی دانانی مێژوو نـا، بەڵکو شێوەیەکی هونەری، کە ئەو ڕۆمانە ببێتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی.

هەروەها تەوزیفکردنی شـیعرەکانی مەولـەوی و گونجانـدنیان لەگـەڵ ڕەوتـی ڕووداوەکـان کارێکی زیرەکانەی ڕۆماننووسە. لەپاڵ ئەمەوە ڕێچکەی ئایدیالی تێکەڵ بە ڕەمـز وا دیـارە گونجاوترە لە ڕەخنەگرتنی ڕاستەوخۆ لە واقیعی سەپێنراو کە ناکرێ ڕەخنە ڕاسـتەوخۆ بـەپێی بەرنامەی ڕیالیزمی ئەوەندە سـاناو لـە توانـادا نـەبێ‌و لـە بەرژەوەنـدیی هونـەری داڕشـتنی ڕۆمانەکە نەبێ.

نووسەر لایەنێکی ڕۆمانسیی قووڵ بە واقیع دەدات، کە لە شێوازی ئامێزدا تەعبیر کردنی سروشتە لەو واقیعەی لە ئارادا نییەو نیشانەی ئەو واقیعەیە کە بەڕێوەیە ڕووبدات. لەناو ڕۆمانەکەدا ڕیسواکردنو مەحکووم کردنی ئەو جاشانەی تێدایە، کە ڕۆڵیان لە شالآوەکانی ئەنفالدا هەبووەو بە کرێگیراوی ڕژێمی فاشی بوون. لەپاڵ ئەمەدا ڕەهەندە دەروونی و عەقڵییەکانی سابیر دەردەخات، کە ئەو پێوەندییەی نێوان کارتێکردنی سیاسیی جەدەلی و جۆری هونەری لە کەسایەتییەکەی ڕەنگ دەداتەوە، کە ئەو چەشنە کەسایەتییە دەبێتە نموونەی کەسایەتییەکی بوێری ئازاو جەربەزە، کە هێزو توانای خۆی لە پێوەندییەکەی بە ژیانی میللەتەکەی و خاکە پیرۆزەکەی دەبەستێتەوە، کە ببێتە سەرکردەیەکی لێهاتووی قاڵبووی ئەزموونەکانی ژیان، بەهۆی هەستکردنی بە ئارەزووە ڕاستەقینەکانی جەماوەرو تواناو بوێرییەکەی لە جێبەجێ کردنیان بە ئازایەتی و نەفەس درێژی و حیکمەتەکەی، داهێنانو ئەفراندنی هونەریی نووسەر لە وێنەکێشانی ئەم جۆرە وێنەکێشانەی شێواز پانۆرامایی، لەوە دایە کە زەبرێکی گەورە لە دوژمن دەدات، لێرەدا نووسەر ئەو پێوەندییە جەدەلییەی نێوان سابیرو خەڵکەکەی قەڵایەکە لە لایەكو گەڕانەوەی بۆ ناو ئەو خەڵکەی لە چاوەڕوانی ئەودان، سووربوونی سابیر لەسەر گەڕانەوە ئەگەر مەرگیشی بەدواوە بێ، گەشبینیی زیاتر بە ئاکامی ڕووداوەکان دەدات، کە گەڕانەوەیەکی سەختە، بەڵام بەرەو ژیانێکی نوێ خەباتو خۆڕاگرتنو بنیاتنانەوەیە. نووسەر گرەوی هونەریی بردووەتەوە، دەکرێ ئەم ڕۆمانە بە سیناریۆیەکی پڕ بەپێستی ڕۆمانەکە بکرێ بە فیلمێکی کوردی و غەیری کوردی، لە ڕێگای وێنەو دیمەنو دایەلۆگ، ڕووداوەکان زیاترو ڕوونتر بەرجەستە بکرێنو بەڕاستی ئەم ڕۆمانە لە ڕووی فۆرمو تەونی ڕۆمانسازی و بنیاتنان بە کارێکی هونەری لە قەڵەم دەدرێ، کە نووسەر داهێنانی تێدا کردووەو بە چاکترین بەکارهێنان کەرەستەکانی فۆرمی داڕشتووە. فۆرم لە ناوەرۆك جیا ناکرێتەوە، جگە لە شیکردنەوەی باری دەروونیی کەسایەتییەکان، چونکە نووسەر خۆی ئاگای لە شتە نهێنییەکان هەیە، لە ڕووی بیرۆکەو بیرکردنەوەو بۆچوونیان، ئەگەر بە ڕاشکاویش تەعبیری لێ نەکردبن.

نووسەر جاروبار بە دەنگی خۆی دەدوێ، هەندێ جاریش لە ڕێگای کەسانی ناو ڕۆمانەکەوە، لە ڕێگای وێنەکێشانی باری دەروونییانو شۆڕبوونەوە بە ناو قووڵایی ناخیانو بایەخدان بە وردترینو هەستیارترین وردو درشتی حاڵەتەکان، کە لێرەدا دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم: لە وێنەکێشانی سۆزو ئارەزووەکانی کەسەکانو ژینگە داهێنانو دەسترەنگینی پێوە دیارەو مایەی دەستخۆشی لێ کردنی خوێنەرە.

# خوێندنەوەیەك لە نەسەقەكانی ڕۆشنبیریی عەرەبی

**نووسینی: دكتۆر عەبدوڵڵا غوزامی**

**لەبارەوە نووسینی: ڕەمەزان بەستاویسی محەمەد**

**پێشەكییەك:** ئەم كتێبەی كە لەسەری نووسراوەو وا ئێمەش دەیكەین بە كوردی، گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیەو تاڕادەیەك نزیكە لەو بوار و ڕێچكە ڕەخنە سازییانەی كە هەندێ لە توێژەر و ڕەخنەگرەكان پێڕەوی دەكەن ئەو جۆرە زانیارییانەی كە لە ڕەوتی كتێبەكەدا هاتوونو خزمەتی ڕەخنەی ئەمڕۆی كوردی دەكەن و، هەرچەندە بەداخەوە ئەو جۆرە كتێبە بەنرخانە بە ئێمە ناگەن كە بیانخوێنینو لەسەر یان بنووسین، بەڵام دكتۆرێكی شارەزای وەك ڕەمەزان بەستاویسی توانیویەتی ڕووناكی بخاتە سەر لایەنە گرنگەكانی و بەم كارەی نووسەری كورد پەلكێش دەكات كە لەئاست بۆچوونەكانی خاوەنی كتێبەكە بوەستێو جۆرە بەراوردێك لەنێوان ڕەخنەی ڕۆشنبیریی عەرەبی و كوردیدا بكات.

**((وەرگێڕ))**

كتێبەكە چەندین پرسیار لەبارەی ڕەوشتكارییەكانی ڕەخنەو خوێندنەوەوە دەورووژێنێ و كاری ڕەخنەگرانە بە زانستەكانی تەئویل (لێكدانەوە) و ڕەخنەی گوتارو مۆركی پێوەندكاری و ئەم دەستو ئەو دەست كردنی ئەدەب دەبەستێتەوە، هەروەها ڕەخنەی چەمكە سەرەكییە بڵاوەكان پێشكێش دەكات كە ڕەخنەی هاوچەرخی عەرەبییان لەسەر بینا دەكرێ و، ئەو قەیرانەی ڕەخنەی عەرەبی كە لە كۆنترۆڵی چەمكەكانی پێوەندیدار بە ئایدیۆلۆژییەتی سیاسیی بانگەشە بۆكراودایە، واڵا دەكات.  ئەم كتێبەی مەڵبەندی عەرەبیی ڕۆشنبیری لە (دار البیضاء) لە مەغریب ساڵی (٢٠٠٠) دەرچووە، لە ئەزموونێكی ڕابەرانەی هزری هاوچەرخی عەرەبیدا خۆی دەنوێنێ، چونكە دیراسەتكردنی دەقە ئەدەبییەكان دەكاتە

ئامرازێك بۆ شیكردنەوەی نەسەقە ڕۆشنبیرییەكانی عەرەبی و ڕەخنەیەكی واقیعی ئەمڕۆی عەرەبی لە ڕەهەندە جیاجیاكانیدا، ئەویش لەرێگای نموونەیەك لەكاری ڕەخنەیی كە پێی دەگوترێ (ڕەخنەی ڕۆشنبیری) كە میتۆدێكە لە ڕەخنەو لەسەر ڕادەیەك بینا دەكرێ بۆ ئەوە دەچێ كە دەبێ لێكۆڵینەوەی ئەدەبی تەنیا بەلێكدانەوەی ئیستێتیكی یان فۆرماڵی یان دیراسەی شێواز واز نەهێنێ، بەڵكو لەوە تێپەڕ كات بۆ لێدوان لە مێژووو لە لێكۆڵینەوەكانی كۆمەڵایەتی و فەلسەفە، چونكە هەریەك لەوانە لە پۆلینكراوەكانی ئەدەبیدا پێچەوانە دەبنەوەو لەڕاستیدا دیراسەكردنی ئەدەب ناتوانێ لە ئاست ڕەهەندی ڕۆشنبیریی و مێژوویی و فەلسەفە ناتوانێ بەرامبەر نووسینەكانی نووسەران خۆی نەزان كات، چونكە دەبینی ڕۆشنبیرییە بەناو یەكداچووەكان لە هۆشی نەتەوەدا دەبینێ كە گوزارشت لە چەند توێژێكی فرە كۆمەلایەتی دەكەن كە گوزارشت ئامادەباشی ئەم تەوژمە سیاسی و كۆمەڵایەتییانە بەپێی مەودای نزیكییان لە گوتاری ڕۆشنبیریی باو جیایەو كارە ئەدەبییەكان وەزیفەی پاراستنی كولتووری ژیانی ڕۆژانە دەبینن كە نووسراوەو لەئاكامدا بەسەرچاوەی ناسینی فەلسەفەی ژیانی ڕۆژانە لە كۆمەڵگەیەكدا لە قەڵەم دەدرێن، هەروەها گوزارشت لەو قەوارە كۆمەڵایەتییانە دەكەن كە دەكەونە سەر لایەكانی نەخشەی سیاسی و جوگرافی كۆمەڵگەی عەرەبی.

## ناوەرۆكەكانی لێكۆڵینەوە سنووردارە:

كتێبەكە لە كێشەیەكی زۆر گرنگ ئاگادارمان دەكاتەوە، ئەویش ئەوەیە كە ڕەخنەی ئەدەبیی باو لە دیمەنی ڕۆشنبیریی عەرەبی جەخت لەسەر لایەنە شكڵییەكان لە ئەدەبدا دەكاتەوەو ڕادەی دەستكورتی لەو ڕەفتارە ڕەخنەسازییانە لەرووی بابەتو میتۆدەوە ڕوون دەكاتەوە، لە ڕووی بابەتەوە ئەم دیراسە ڕەخنەسازییانە دیاردە سەرنجڕاكێشەكانی لە ژیانی لە لێكۆڵینەوەدا دوور خستووەتەوەو گوزارشت لە كۆمەڵگەی عەرەبی لە قۆناغی ئێستای دەكات وەك دیاردەكانی ژیانی بەربڵاو، وەك گۆرانی و درامای بەچاوبینراوو ئەو ئامرازە هاوچەرخانەی پێوەندیكردن وەك ئەنتەرنێت دەیهێننە بەرهەم كە ڕەخنەی وا لێ كردووە بەند بێ بەو دەقو نووسینانەی كە هەڵبژاردە دەیهێننە بەرهەمو خۆ گێل دەكەن لە تاكە دەقی ژیانی ڕۆژانە كە پڕە لە چەندین دەقو لە چەند زمانو شێوەی هەمەجۆر پێشكێشیان دەكاتو لەڕووی میتۆدەوە نووسەری كتێبەكە ڕەخنە دەگرێ كە دیراساتی ئەدەبی تەنیا بەندن بەگەڕان بەدوای ماناكانی

دەقەکانو دەلالەتیانو داوایان لێ دەکات کە سنووری وەزیفەی ڕاستەوخۆی ئەم دیراساتانە ببڕن بەرەو مەسەلەی جەوهەریی زۆرگرنگتر لەوە. لەو مەسەلانە: پێوەندیی دەقە ئەدەبی وشیعری بەنەسەقە ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکان چییە؟ بە واتایەك ئایا ئەم دەقانە مژدە بەخشی دەربڕینی خواستەکانی کۆمەڵگەی عەرەبین لە ئازادی عەدالەت و جوانیدا یان خۆیان - لە ڕاستی هەندێ ڕێبازەکانیان - درێژبوونەوەی هەندێ نەسەقی پێشووی ڕۆشنبیرین کە لەگەڵ بەهاکانی پێشکەوتندا ناکۆکنو لەسەدە پێشووەکانی مێژوودا هەبوون؟ داوا لە دیراسەی ئەدەبی دەکات کە تێڕوانینە دیارەکانو شاردراوەکان لەدەقی ئەدەبیدا والا بکاتو دەبێ ڕەخنە چەند پرسیارێکی لەم جۆرە بکات: پێوەندی ئەوەی ڕەخنەگر دەینووسێ بەو ڕۆشنبیرییەی کە نووسەر سەر بە ئەوەو بۆچی بۆ خەڵك دەنووسێ و؟ چۆن هزر نەشونما دەکات و پێشدەکەوێو ئەو پەراوێزی ئازادییە چییە کە نووسەر هەیەتی سەبارەت بەژینگەکەی و سەبارەت بە ڕابردووەکەی و سەبارەت بەتێڕوانینە خودەکانییەوەو؟ پێوەندیی نێوان ئەو ئاسۆیەی کە دەقەکانو ئارەزووە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێستای عەرەبی دەیخەنە ڕوو چییە؟.

کتێبەکە بانگەشەیەکە بۆ ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ئەو سنوورە تەسکانە ببڕێ کە مامڵەت کردنی لەگەڵ دەقەکان تەنیا لەسەر جوانی و ڕەوانبێژییە، نووسەر بانگەشەکەی لە (١٩٩٧)دا دەست پێ کردو کتێبەکە ئەڵقەیەکی گرنگ لە پڕۆژەیەکی ڕەخنەسازی خوازیار کە سوورە لەسەر بیناکردنی لە رێگای کتێبەکانی پێشوو ئەمەی لەکتێبەکەی پێشووی ڕوون کردەوە کە مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی تەقلیدی و لەدایکبوونی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی جاڕدا. ئەم کتێبە لەدایکبووی ساتەوەخت نییە، پێوەندیدار بە پوختەی نووسراوەکان عەبدوڵلا غوزامی، بەڵکو بەشێکە لە پڕۆژەیەکی خوازیار ئامانجی ئەوەیە کە ڕەخنە بکاتە ئامرازێکی کاریگەر لە ڕەخنەگرتنی ڕۆشنبیریی باوو چێژی لە کارکراوی ڕەخنەو نووسەریش مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بەردەستی ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی نییە، بەڵکو ئامانجەکە گۆڕینی ئامرازی ڕەخنەسازییە لە ئامرازێك بۆ خوێندنەوەی جوانیی تایبەتو پاساو بۆ کردنیو لە کارکردنی (ئیستیهلاك) بە چاوپۆشی لە خەوشە نەسەقییەکانی، واتە بۆ ئامرازێك بۆ ڕەخنە گوتار کە دەق بەرجەستەی دەکاتو والاکردنی نەسەقی فیکری کە گوزارشتی لێ دەکات، ئەوە وای لەنووسەری کتێبەکە کرد کە تەقەلا تیۆرییەکانی لەمەڕ چەمکی ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەچەندین کایەی مەعریفییەوە وایان کرد کە ڕەخنەگر سوود لە زانستەکانی تەئویل و ڕەخنەی گوتارو شیکردنەوەی وەربگرێ و ڕەخنەی

ڕۆشنبیری بەشداری وتووێژی دەقە ئەدەبییەکان کرد بەو سیفەتەی وێنەیەکی پێچەوانەکراوی هەندێ تەوژمەکانی کۆمەڵن‌و دەبێ ئاوڕ لە دەقی تر بدرێتەوە، نووسراو و غەیری نووسراو لە واقیعی عەرەبیدا، ئەمە بووە هۆی فراوانکردنی چەمکی ڕۆشنبیری، بۆ ئەوەی هەموو ڕەفتارێکی ڕۆژانەی ژیان‌و دیاردەکانی دیکەی کە لێوەی دەردەچن‌و دەکرێ هەندێ لەم دیاردانە بابەتی دەرسی ئەدەبی بن کە تەنیا بەندن بە دیراسەتی دەقە ئەدەبییەکان کە گوزارشت لە توێژەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی دەکەن. بەڵام گوزارشت لە هەموو کۆمەڵگە ناکەن.

## ڕەخنەی ڕۆشنبیری لە ڕووی تیۆرو پراکتیکەوە:

نووسەر تەنیا بە ڕەهەندی تیۆرییەوە نەوەستاوە، بەڵکو شیکردنەوەی ئیجرائیی تیۆری ڕۆشنبیری پێشکێش کردووە، واتە ئەو هۆکارانەی پێشکێش کردووە کە ڕەفتاری بە کردەوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری وا لێ دەکەن کە توانای خوێندنەوەی دەقەکانیان هەبێ، کتێبەکە بە پلەو پایەی دەرسێکی تیۆری و پراکتیکیی ڕەخنەیی ڕۆشنبیری لە قەڵەم دەدرێ، شیکردنەوەیەکی ئەو نەسەقە ڕۆشنبیرییە عەرەبییانەی پێشکێش کردووە کە لە ڕواڵەتی ئیستێتیکی شێوەیان وەرگرتووەو لەرێگای ئەوەوە دژەی بۆ هۆشیاریی هاوچەرخی عەرەبی کردووە، بۆ ئەوەی بەردەوامی و چەسپاندنی بۆ دەستەبەر بکەن، وەك هەندێ دەقی شیعری کە بوونەتە نەسەقێك ئیدیعای ئەوە دەکەن کە دەربڕی نوێخوازیی عەرەبین لە ساتەوەختی ئێستای نووسەر ڕەخنەیەك لەبارەی ئەم نەسەقە شیعرییە پێشکێش دەکات کە لە شیعری نەزار قەببانی و ئەدۆنیس - دا خۆی دەنوێنێ، نووسەر ڕوونی کردەوە کە ئەو کرۆکی نوێخوازییەی هەردووکیان مژدە دەربڕینە، نەسەقێکی ڕۆشنبیریی کۆنی تێدایە چەمکی کەڵێیەتی (فحولـة) دەچەسپێنێ‌و بۆ وێنەی ستەمکار لە چەمکی سیاسیدا تەرخان دەکرێ، چونکە هەریەك لەو دووانە خۆی دەکاتە ژێدەرەیەکی سەرەکی لە تەرخانکردنی ئایدۆلۆژییەتی خود، نووسەر لێکدانەوەکەی بەرەو دوورتر پاڵ دەنێ‌و لەو ڕایەدایە کە هەندێ دیاردەی سیاسی کە واقیعی عەرەبی تێیدا دەژی، وەك ستەمکاری سیاسی ڕەنگە بۆ سەروەری ئەم نەسەقە سیاسییانە بگەڕێتەوە کە ئەم هەڵبەستانەی برەویان پێ دەدەن کەوا ڕەخنەی ئەدەبی مامەڵەتکردنی لەگەڵ ئەم دەقانەدا بەندبوو بەو ڕەهەندە ئیستێتیکییانە، بێ ئەوەی لەو نەسەقە ڕۆشنبیرییانە بدوێ کە ئەم کارە ئەدەبییانە لێیانەوە والا بوون‌و نووسەر ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم دەقانە زۆر ڕەفتارکارییەکانی ژیان لە واقیعی عەرەبی والا دەکەن کە لەگەڵ هۆشمەندیی ڕەخنەسازی بەکێشەکانی واقیعی

عەرەبی ناکۆکن، بەڵگەش بۆ ئـەوە ئەوەتـە کـە شـاکارە تیۆرییـەکانی ئـەدۆنیس‌و قـەببانی ڕەخنەیەکی تیژی واقیعی ئەمڕۆ واڵا دەکەن کـە نووسـەر لەگەڵیانـدا کۆکـە، بـەڵام شـاکارە شیعرییەکانیان بەرەو هەمان ئەنجام نین‌و بۆمـان ڕوون دەکاتـەوە، دەکـرێ لـەڕێگای ڕەخنـەی ڕۆشنبیرییەوە واڵابکرێ. ئەگەر نووسەر لێرەدا پێی لەسەر هەندێ دەقی شیعریی داگرتبێ کـە لە پێشکێشکردنی تێڕوانینەکانیان پشت بە گوتاری ئیستێتیکی و ڕەوانبێژی ببەسـتێ، ئـەوە خۆی بەڵێنی پێمان داوە کە ئەو دەقە هزرییە هاوچەرخانە پشت بە عەقڵانییەت دەبەسـتن لـە پێشکێش کردنی تێڕوانینیان لە واقیعی عەرەبیدا شی بکاتەوەو ئەو نەسەقە ڕۆشنبیرییانە کە گوزارشتیان لێ دەکەن لە لێکۆڵینەوەکانی ئایندەییدا بۆ واڵا بکات. ئەمەش واتای ئەوەیە کە عەبدوڵڵا غوزامی ئەرکی ڕەخنە گری ئەدەبی کەدیراساتی ئەدەبی دەکاتە بوارێك بۆ واڵاکردنی خودی عەرەبی وشیکردنەوەیەك بۆ گوتارەکان ونەسەقە ڕۆشنبیرییەکانی بەکارهاتوو لە هـزری هاوچەرخی عەرەبیدا، ئەو ئەرکەی بەرەوپێش بردووە. لێرەدا گرنگیی کتێبەکە دەردەکەوێ.

کتێبەکە لە پێشەکییەك‌و حەوت بەش پێك هاتووە، لەبەشی یەکەمدا مێژوویەکی زاراوەی (ڕەخنـەی ڕۆشـنبیری) لـە هـزری ڕۆژئـاواو ئەدەبیاتەکـەی وچـۆن دیراسـاتی ڕۆشـنبیری بەشیکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆدیاردە ڕۆشنبیرییەکان پێشکێش دەکات کە لە پاشاندا گۆڕا بـۆ ڕۆشنبیرییە لە کارکردنەکەکان‌و دەسـەڵاتدار بەسـەر جـەماوەر لەسـایەی بـەرەو پێشچـوونی ئامرازکانی پێوەندی و ڕاگەیاندن‌و توانایان لە کۆنترۆڵکردنی مرۆڤو داڕشتنەوەی هۆشمەنـدییان لەمەڕ جیهان، نووسەر ڕای ئەو هزرمەندانەی کە بەشدارییان لـە بینـاکردنی تیـۆری ڕەخنـەی ڕۆشـنبیری کـردووە نیشـان دەدات، وەك (قوتابخانـەی فرانکفـۆرت) ڕۆڵەکـەی لـە ڕەخنـەی ڕۆشنبیریی باو لەڕێگای شیکردنەوەی دیاردە ڕۆشنبیرییە هەمـە جۆرەکانـدا، وەك تەلـەفزیۆن وشـوێنەوارەکەی و نووسـەر دیـاری خسـت کـە دەقـە شـیعری و ئەدەبییـەکان، مـۆرکێکی دیاریکراویان لە کارتێکردنی سەر کۆمەڵگە هەیە لە چاو هۆکارەکانی تری سەدەی ئێستامان.

ڕەخنەی ڕۆشنبیری لە ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە بۆ ڕەخنەی ئـەو دەزگایانـەی بەشـداری لـە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری دەکەن هەنگاوی نا. هەروەها ڕەخنەی ڕۆشنبیری ئەو فرە لایەنییەی واڵا کرد کە لەناو یەك کۆمەڵگەدا لەئەنجامی فرە لایەنی ئەو نەسەقە ڕۆشنبیرییانەی کـە لـە دەقە بەناو یەکداچووەکان لە دەقی ژیانی ڕۆژانەدا خۆیـان دەنـوێنن، نەشـونوما دەکـەن. بـۆ نموونە دەبینین (ڕۆشنبیریی تەلەفزیۆن) بەرامبەر ڕۆشنبیریی کتێبـی خـوێنراو، ڕۆشـنبیری تـر هەن کە دەبنە فرەلایەنی بە فرەلایەنی کردنی هۆکارەکانی پێوەندیی لەناو یەك کۆمەڵگەدا.

## تێڕوانینەکانی ڕەخنەگر:

لە ئاست ئەم پێشکەوتنانەدا، ڕۆڵی ڕەخنەگری ئەدەبیش پێش کەوت، بۆ ئەوەی ببێتە ڕەخنەگری مەدەنی کە لە دەقە ئەدەبی و غەیرە ئەدەبییەکاندا گوزارشتکردن لە تەوژمە جیاجیاکانی واقیعی ڕۆژانەدا دەبینێ، ئەویش لەرێگای پیوەندیی نێوان دەق و نەسەقە ئەدەبییەکانی عەرەبی و لێرەدا ڕەخنەگر دەبێتە هزرمەندێکی سیاسی خەمخۆری کێشەکانی نیشتمانەکەی و بەو هیوایە دەژی کە کۆمەڵگە لە ساتەکانی تێپەڕکات.

لە بەشی دووەمدا نووسەر تیۆرو میتۆدی تایبەت بە ڕەخنەی ڕۆشنبیری پێشکێش دەکات و نیشانی دەدا کە چەمکی نەسەقی ڕۆشنبیری واتە خولقاندنی گواستنەوەیەکی جۆریی کاری ڕەخنەیی، بەشێوەیەك کە گواستنەوەیەك بێت لە زاراوەو وەزیفەو پراکتیك، ئەمەش بە شیکردنەوەی دەقەوە دەبێ بەو سیفەتەی پەیامێکە وەزیفەیەك لە نەسەقی ڕۆشنبیری دەبینێ لەرێگای شیکردنەوەی درکەو ئیدیۆمی ڕۆشنبیری و دیاریکردنی جۆری ئەو دەلالەتەی کە دەقەکەی تێدایەو شیکردنەوەی زمان یان ڕستەی جۆری یا ڕۆشنبیری ومۆرکی شاراوە لەو دەقەی نووسەری دوولایەن والا دەکات و نەسەق لە رێگای وەزیفەکەیەوە دیاری دەکرێ. نەك تەنیا لە رێگای بوونە ڕووتەکەیەوەو نووسەر لەدیاریکردنی مەرجەکانی دەقی جەماوەری مەبەستی والاکردنی فێڵەکانی ڕۆشنبیرییە بۆ تێپەڕکردنی نەسەقەکانی لەژێر دەمامك و هۆکاری شاراوە گرنگترینی ئەم فێڵانە، ئەو فێڵە جوانکارییەیە کە لە ژێرەوەیدا ترسناکترین نەسەق و توندوتۆڵترینیان بە ناوماندا تێپەڕی.

لە بەشی سێیەمدا، دەست بەشیکردنەوەی تیۆری ڕەخنەی ڕۆشنبیری دەکات، پەنا دەباتە بەر پراکتیزەکردنی ئیجرایی، نەسەقی هەڵوەشێنەرو داهێنانی (کەڵ) پێشکێش دەکات و مەبەستی ئەو نەسەقە ڕۆشنبیرییەیە کە لە حیسابی خۆیدا دەردەکات و کار بۆ دەرخستنی وێنەی شاعیر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی لەبەرچاو ونبوونی گوتاری ئازاد یان گوتاری عاقڵ و شکۆدارکردنی عەقڵی خودی و لە بەشی چوارەمدا نووسەر نیشانی داوە چۆن ساختەکردنی گوتارو گۆڕانی سیستەمی ئاکاری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەسەقێکی گوتاری کە دوولایەنە، لایەنێکیان شاردراوەیەو گوزارشت لە شکۆدارکردنی ئەو ستەمکارە دەکات کە لە نموونەی ئەلموتەنەبی و ئەو شاعیرانەی بە پاشاو سوڵتانەکان هەڵدەڵێن و ئەوی دی راشکاوە کە گوزارشت لەجوانکاری و ڕەوانبێژی دەکات.

لەئاست ئەو ڕۆڵەی کە هەندێ نموونەی شیعرلە ساختەکردنی گوتارو شکۆدارکردنی هەر شتێ کە برەوی هەیە، بێ دەنگی دەبێتە تاکە ڕێگایەك بۆ گوزارشتکردن لە نەسەقیەتی بەرهەڵستکاری ئەمەش لەتوندو تیژیی ڕەمزی بە چەند شێوەیەکی جیا سەرهەڵدەدا، نووسەر دەیتوانی زیاتر لەسەر ئەو جوانکارییانەی بێ دەنگی بڕوات کە لە دەقی تردا دەردەکەون بەو سیفەتەی کە گوزارشت لەگوتاری سەرکوتکراوو خەفەکراوو بێ دەنگکراو لە بوونی دەسەڵاتێك دەکەن، ئەمەش نووسەر ویستوویەتی لە دوانەکەیدا لە بارەی نەسەقییەتی بەرهەڵستکاری لە بەشی پێنجەمدا پێشکێشی بکات لەبەشی شەشەمدا، (جاحظ) وەك نموونەیەك وەردەگرێ کە لایەنی شاردراوە بدوێ، هەروەها لایەنی ئاشکرا لەو نەسەقە ڕۆشنبیرییەی کە تەمسیلی دەکات، ئەویش لە ڕێگای شیکردنەوەی دەقێکی (جاحظ) لەبارەی گۆچان و چۆن ناوەڕۆکەکە لەگەڵ پەراوێزەکەدا ناکۆکە، نووسەر پەنا دەباتە بەر چەند نموونەیەکی کولتوور بۆ بەرەسەنایەتی کردنی نەسەقی ڕۆشنبیری و دوای ئەوە (نەسەقی فیڵباز) پێشکێش دەکات کە دەرچوون لە ناوەڕۆکی گوتاری ڕۆشنبیری باو بەرجەستە دەکاتو لە بەشی حەوتەمدا ململانێی نەسەقەکان لەناو گوتاری هاوچەرخی عەرەبی پێشکێش دەکات کە لە دوو شاعیر سەییابو نازك ئەلمەلائیکەدا خۆی دەنوێنێو ئەو نەسەقە ڕۆشنبیرییەی کە لە ناو دەقەکەی ئەدۆنیسو نەزار قەبانی - دا خۆی نواندبووو ئەوەی لە نەسەقەکەی دواییدا لە ناکۆکییەکان لەگەڵ نوێخوازیدا والاّ دەکات چۆن شیعر و هەروەها بەرجەستەی دزێوی ڕۆشنبیری دەکەنو نووسەر گوتاری عەقلانی لەم دەقانەدا والاّ دەکاتو لە ئاکامدا دژی کرۆکی نوێخوازینو پرۆژەکەیان گۆڕینی درکە بووە، بەلاّم حەقیقەتیان نەگۆڕی و شیعرەکانیان بە ئاماژەکردن بۆ حەقیقەتی شکۆدارکردنی خودو ستەمکارمانەو چەند ئامانجێکی دی.

ئەمانە چەند ڕوخسارێکی سەرەکی کتێبەکە بوون کە چەندین پرسیار دەورووژێنن، لەوانە چەند پرسیارێك لە بارەی ئاکارییەکانی ڕەخنەو خوێندنەوە، بە واتایەك: بەرپرسیارەتیی ڕەخنەگر لەخوێندنەوەی دەقدا چییە؟ ئایا بەرپرسە لەو کوێرییە ڕەخنەسازییەی کە نووسەر لێی دوا کە مەبەستی وەستانی ڕەخنەگرە لە ئاست ئیستێتیکیداو چیتر نا، بێ ئەوەی بەو نەسەقە ڕۆشنبیرییەی ببەستێتەوە کە گوزارشتی لێ دەکات؟ ئەمەش ئاماژەیە بۆ بابەتێکی نوێ لەبارەی ئاکارییەکانی ئەو

خوێندنەوەیەی کە هەندێ ڕەخنەگر حیسابی ئەوەی بۆ دەکەن کە سەبارەت بە وانەوە لە ئارادا نییە. لەبەرئەوە سەیر نییە لەوەی کە هەندێ خوێندنەوەی ڕەخنەسازی ببنە شکۆدارکردنی هەندێ دەق لەبەر وەدەنگەوە هاتنی کۆنترۆڵییەوە ئیستێتیکییەکانی، بێ ئەوەی پێگەیان لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا بە شێوەیەکی گشتی یان گفتوگۆکردن لەسەر ئەو نەسەقە ڕۆشنبیرییەی کەئەم دەقە یان ئەو دەقە گوزارشتی لێ دەکەن هەبێ. لەبەرئەوە کتێبەکە بانگەشەیەکە بۆ ئەوەی ڕەخنەگر بەرپرسە ئاکاری سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەی لە ئەستۆ دابێ.

کتێبەکە هەوڵی بەستنەوەی کاری ڕەخنەسازی بە زانستەکانی تەئویل و ڕەخنەی گوتارو مۆرکی پێوەندیکاری و ئەم دەست و ئەو دەستی ئەدەب دەدا، ڕەخنەی تەئویل (لێکدانەوە)ی دەقە ئامانجی چەند مەبەستێکی دیاریکراو کە نموونەکەی وەك دەقێکە پەیامێکی ڕۆشنبیری بەخۆوە دەگرێ، دەیەوێ بۆ خوێنەری بگوێزێتەوەو پەیامەکە چەندین ئاستی تێدایەو لە ڕەخنەگر داوا دەکرێ - کە لە ڕێگای دیراسەکەیەوە - ئەو ئاستانە دەردەخات کە ڕەنگە ناکۆك بن لەگەڵ ئەو ڕایانەی دەقەکە بانگەشەیان دەکاتو دانەری کتێبەکە نیشانیدا کە ئەوەی دەقێك پێشکێش دەکاتو لافی نوێخوازی لێ دەدات، ڕەنگە شیکردنەوەی نەسەقە ڕۆشنبیرییەکەی لە بابەتی بەرهەڵستکارییەکەی لە بەهاکانی نوێخوازی و ئازادی و عەقلانییەت والا بکاتو کتێبەکە سوود لە زانستییە کۆمەڵایەتییەکان لە تێگەیشتنی سروشتی پێوەندیداری ئەم دەستو دەستکردنی ئەدەب وەردەگرێ، ئەویش لەرێگای شیکردنەوەی زمانەکەی و تێگەیشتنی ئەو ڕستە ڕۆشنبیرییەی کە دەقەکەی تێدایەو ئەمەش گواستنەوە لە ڕەوانبێژییەوە بۆ ڕۆشنبیری دەڕەخسێنی و دەتوانین ئەو گوتارە شی بکەینەوە کە دەقی شیعری تێدایە. کتێبەکە ڕەخنەیەك لەو چەمکە سەرەکییە بڵاوانەی کە ڕەخنەی هاوچەرخی عەرەبی وەك ئەدەبییەتی ئەدەب و جوانکاریی لەسەر بینا دەکرێ، پێشکێش دەکاتو گوتاری ڕەخنەسازی لەدیمەنی ڕۆشنبیری عەرەبی والا دەکات و نیشانی دەدا کە بێ ئاگایی نەسەقی ڕۆشنبیری کە دەق گوزارشتی لێ دەکات دەبێتە هۆی جۆرێك لە کوێریی ڕەخنەسازی و ڕەخنە دەکاتە پاساوێك بۆ دەق، نەك شیکردنەوەی.

کتێبەکە ڕاڤەی ئەوە دەکات کە قەیرانی دەقی عەرەبی لە دەسەڵاتی خودی چەند چەمکێکدا شاراوەیە کە بەو ئایدۆلۆژییە سیاسییەوە بەستراوە کەبانگەشەی بۆ دەکاتو

نووسەر دەیەوێت ڕەخنە بەژیانەوە ببەستێتەوە بەو شێوەی ئیدوارد سەعید لەنووسینە ڕەخنەسازییەکاندا کردی کە نێوان دەق و نەسەقی ڕۆشنبیری جیا ناکانەوە. ئەو بەوەوە گەرەکییەتی کە ڕەخنە دەورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەبێ‌و بەشداریکردنی باش‌و قووڵی لە فیکری هاوچەرخی عەرەبیدا هەبێ.

شیکردنەوەی دکتۆر عەبدوڵڵا بۆ ڕەخنەو دەورەکەی، دیراسەی ئەدەبی دەکاتە ئامرازێك کە گرنگیی زیاتربێ لەوەی پێشوو، چونکە دەبێتە ئامرازێك بۆ ڕەخنەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو پڕۆژانەی ڕۆشنبیرە هەڵبژاردەکان پێشکێشی دەکەن (*).

(*) بڕوانە: العربی، العدد ٥١٤، جمادی الاخره ١٤٢٢ هـ - سبتمبر ٢٠٠١ م.

# گوڵەکانی مەنفا کارێکی شانۆیی داهێنەرانە

زۆرجار باس لەوە دەکرا کە ئێمە دەقی شانۆییمان نییە، یاخود شانۆ هونەرێکی ئەوروپییەو کورد شانۆی نەبووەو ئەمەی ئێستا لە ڕووی تەکنیکەوە لە ئاستی خواستو ئارەزوودا نییە، بەڵام شانۆی (گوڵەکانی مەنفا) وەك هەر کارێکی شانۆیی داهێنەرانە، لە هەرسێ بواری شانۆدا (دەق، دەرهێنان، نمایشکردن) جارێکی تر سەلماندی کە ئێمەی کورد لەم ڕووەوە لە گەلانی تر کەمتر نینو ئەوانەی بە دڵو دەروونەوە، عاشقی ئەم هونەرەن، بەتایبەت کەسانی لێهاتووی ئەکادیمی وەك (بەدیعە دارتاشو گەزیزە) لە تواناياندا هەیە کە بە کردەوە ئیسپاتی بوونی شانۆی ڕەسەنی کوردی بکەن کە پشت بە کەلتووری نەتەوەیی و فیکری کراوەو تەکنیکی نوێ ببەستنو لەجیاتی ئەوەی بە دەمی خۆیان بڵێن ئێمە کارێکی داهێنەرانەمان پێشکێش کرد، هونەرەکەیان بۆ خۆی بدوێ، کە هونەر پێویست بە پڕوپاگەندەو خۆ هەڵکێشان ناکات، بەڵکو بۆخۆی دەدوێ و ((وەرگر - متلقي)) پەلکێش دەکاتو لەگەڵ هونەرەکەدا ئاشنابێتو بە ویژدانەوە لەگەڵیدا بژیتو بە هەستە پەنهانییەکەی تەعبیر لەو جۆرە ئەفراندنە بکات کە مایەی خۆشحاڵی و گەشبینی بەخشی ئایندەیەکی گەش و ڕووناکی بەرەوپێشەوە چوونی هونەری کوردییە لەم بوارەدا.

(گوڵەکانی مەنفا) کە شانۆگەرییەك بوو، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی - بەشی هونەری شانۆ نمایشی کرد، لەسەر شانۆیی (هۆڵی گەل) لە هەولێری پایتەخت، ڕۆژانی (٢١،٢٢،٢٤) ی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ کە بیرۆکەکەی هونەرمەندی گەورە (گەزیزە) لە مێشکیدا پەنگی خواردبۆوە و (دڵشاد مستەفا) دایڕشتبۆوەو هونەرمەندی گەورە (بەدیعە دارتاشو گەزیزە) دەریانهێنابوو، کارەکتەرەکان کە هەر هەموویان ئافرەت بوونو بووبوون بە دوو بەشەوە، ژنانی ناو پەرستگاکە: (بەدیعە دارتاش، گەزیزە، نەرمین ئەحمەد، نامۆ محەمەد، دیاری عومەر) بوون و ژنانی دەرەوەی پەرستگا: (خەدیجە عەبدوڵڵا، ژوان لەتیف، ڕۆژە حەسەن) بوون، کارە هونەرییەکان ئەو هونەرمەندانە بەشدارییان تێداکردبوو:

سەرپەرشتیاری گشتی: م. مۆفەق عارف لهۆنی.

ڕووناکی: م. فەرهاد عەبدوڵڵا.

جلوبەرگ: دەرهێنەران.

جێبەجێکردنی: نەوزاد عارف.
دیکۆر: دەرهێنەران.
پۆستەرو دەلیل: ئیسماعیل خەیات.
جێبەجێکردنی: عەبدوڕەحمان کەریم.
لە پۆستەرو دەلیلەکەدا هاتووە:
پەروانە:

تۆ ئەو کەسەی کە کەس ناتوانێت لە عەشقی تۆ هەڵبێت، ئەم هەموو دڵە زامدارانە بڕوانە، تەماشای بڕینی ئەم هەموو باڵندە باڵ کراوانە بکەو کەمێك سوکناییمان پێ ببەخشە.

زین:

چ سەردەمێکە؟ هاوڕێیانی سەفەر و غەم لە هەناسەکانی یەکتر بێزارن، ڕێك ناکەوین، تەنانەت لەسەر ناونانی شتەکانیش ڕێك ناکەوین، سەردەمێکی تاعوونییە یاسای وەرزەکانیش گۆڕاوە.

ژنەکان:

ئەو هەمووناڵینە پەنجەرەیەکی نەشکاند؟ ئاسۆیەکی ڕووناك نەکردەوە.

وەستان لە ئاستی شانۆیەکە، وردبوونەوەو قووڵبوونەوەی گەرەکە، لە هەڵچنینی تەلاری بیرۆکەکە، دەقەکە، بەستنەوەی مێژووی کۆنمان، داوونەریتو جۆری بەڕێوەبردنی حوکمی وڵات، بە ئەمڕۆی ئەزموونەکەمان، بە عەقڵییەتو هەڵسوکەوتمان.. چ ژیانی دەرەوەی پەرستگاکە، هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن، بەندیخانە، مەنفایە، ژیانێکی نامۆیە، گوڵەکان کە ڕەمزی خۆشەویستینو هێمای گەشبینی و ئاسوودەیین، لە مەنفادا ئاوارەو نامۆن، ژنەکان کە سونبولی ژیانو بەردەوامبوونو نوێکردنەوەو مایەی لە دایکبوونێکی نوێن، هاتو هاواریان لێ هەڵساوە، نەعرەتەی بێزاری لێ دەدەن، لە پیاوەکان شپرزەترو هیلاکترو ناڕەحەتترن، بۆیە حەقیانە پرسیارێکی ڕەوا بکەن: (ئەم هەموو ناڵینە پەنجەرەیەکی نەشکاند؟ ! ئاسۆیەکی ڕووناك نەکردەوە.)

تەنانەت ئەو ئافرەتەی لە دەرەوەی پەرستگاکەدایەو وەك بەندیخانەیەك دێتە بەرچاو، کە لە قاقای پێکەنین دەدات، ئەم قاقایە تەعبیر لە بەختەوەری ناکات بە قەد ئەوەی حاڵەتێکی هیستریایە، پێ ناکەنێ، بەڵکو لە دەروونەوە بە کوڵ دەگری، بۆ بەختی ڕەشی خۆی و نەتەوەکەی، دڵدانەوەی خۆیەتی لە ژیانی دوورگە (مەنفا)دا.

ئاوێتەکردنی سامانی نەتەوەییمان بە هەموو لایەنەکانیەوە بەشێوەیەکی هونەرکاری لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئەمڕۆ، داڕشتنەوەی کۆن، بەشێوازێکی نوێ، هۆشیارکردنەوەی نەوەی ئەمڕۆیە کە پەنجە

بخەنە سەر برینە قوولّەکانی، دلّە زامدارەکان، بالّندە بالّکراوەکان کە خراونەتە ناو قەفەس‌و چرپین‌و جریوەو گمەگمیان خەفە کراون. داهێنانەکە لە شێوەی تەولیفەکەوە دێت، چۆن هونەرکارانەی دوور لە شێوازی ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرتی ئەو حەقیقەتانەی پەردەپۆش کراون، شێوێنراون، بە ڕوونی دەرکەون، ستەم‌و زۆرداری و دەستدرێژی بەند نین بە سەردەمێکی تایبەتی، زۆردارو دیکتاتۆر، هەموو کاتێ بوونەتە (باعیسی دوو دلاّن)، تەنیا مەم ناخرێتە زیندان و (زین) یش نابێتە قۆچی قوربانیی مەم، مەسەلەکە تەنیا ناچێتە ناو چوارچێوەی داوونەریتێکی عەشایری کە ئەو جۆرە خۆشەویستییە تاوانەو سزای مەرگی بەدواوەیە، بەلّکو خۆشەویستی کەنیزەیەك‌و میوانێك خەفە دەکرێ، کە دوورە لە هەموو بنەماو داوونەریتێکی ئینسانی، لەو سەردەمەدا، هەموو جۆرە خۆشەویستییەك قەدەغەیەو تاوانە.. ئەمەیە ڕەوتی مێژوو، کە پێویست بە ڕابوونێکی ویژدانی دەکات، ئەم مێژووە ڕەشەی ژێر دەسەلاّتی میرایەتیی ستەمکار مەحکووم بکرێ، وەك چۆن پەروانە عەشقی ئاگر دەیسووتێنێ، ئاخۆ ئەمە دەبێ ڕەوتی سروشت بێت، یاخود حالّەتێکی نامۆیەو بەسەربردنی گولّی ژیانی مەنفایە؟!

وێڕای زولّم‌و زۆرداری و دەسەلاّتی نارەوا کاربەدەست، کوشتن‌و برین، جەردەیی و تالاّنی، دیاردەکانی سروشتیش سەربارو بنبار، ڕەشەباو زریان‌و لافاو، ئاگری بێ ئامان گولّەکان زیاتر بەرەو مەنفا دەبەن‌و دەرگای ئاسوودەی و ئاسۆیەکی ڕووناك دادەخەن.

بیرۆکە یاخود بلّێین دەقەکە نالّەو نرکەی نارەزاییە دژی ئەو واقیعە نامۆیە دەستکردە کە سالّەهای سالّە پێوەی دەتلێینەوە، پەنجەرەکانیش ناکرێتەوە تا ترووسکەی ڕووناکی ئاسۆ تاریکەکەمان ڕۆشن بکاتەوە، دوای ئەو هەموو مەینەت‌و ئەشکەنجە و ڕەوشە نالەبارەی تێی گلاوین هێشتا هەر ناکۆك‌و ناتەباین، دوژمنی خوێنینی یەکترین، لە دەنگ و ڕەنگ‌و سەنگی یەکتر بێزارین، ئەو ئازادییەی بەخۆمانی دەدەین. بە کەسی تری نادەین. تەنانەت لەسەر ناونانی شتەکانیش ڕێك ناکەوین، بگرە وەرزەکانیش لە ئێمە بێزارن لە کاتی خۆیدا نایەن‌و گۆڕاون، لەگەلّ خۆشیاندا نامۆن. کە بینەرو گوێگر لە نمایشی شانۆیەکەدا ڕادەمینێ، تەزووی خۆشی بە لەشیدا دێ. من لە ڕاستیدا شێوەی نواندن (تمثیل)م نەبینی بە قەد ئەوەی کەسانی ڕاستەقینەم بینی، دوور لە حالّەتی ئەنقەست، لەسەر شانۆ هەریەکە هەلّسوکەوتی دەکرد، وزەی داهێنەرەکان سەرسامیان کردم، بۆ نموونە هونەرمەندی گەورە (بەدیعە دارتاش)، دەوری پیرەژنەکەی نەدەبینی، بەقەد ئەوەی خۆی پیرەژنێکی حەقیقی بە سالّدا چوو بوو کە ئەشکەنجەو مەینەتی زەمانە پشتیان چەماندبووەوە، گۆپالّی دەستی، جلوبەرگی، نەبرەی دەنگی پیرەژنێکی ڕاستەقینە بوو، کە ئەوساتە

هێنایەوە بیر میوانەکەی میر خۆشەویستی خۆی بەرامبەری دەربڕیبوو، جارێکی تر گەڕایەوە سەر هەڕەتی جوانی و لاوی، حاڵەتێکی تری خولقاند کە لەو هەلۆیستەدا ئەوپەڕی داهێنانی خولقاند، گەورەیی و هونەریی شانۆیی نواند، خۆ (گەزیزە) ی کچی لەو کەمتر نەبوو، ئەو ڕۆڵەی پێ سپێردرابوو، یاخود خۆی بە خۆی دابوو لەو کەمتر نەبوو، ئەو دوو هونەرمەندە بە توانایەی مامۆستاو کارەکتەرو دەرهێنەر شیاوی ئەوەن کە میدالیەی ڕێزلێنانیان بە ملەوە بکرێ، کە عەشقی شانۆ بەرهەم دوای بەرهەم بالآتریان بکات، جێگەی دلّخۆشی بن، کە مادامەکی لەو بوارەدا ئەو جۆرە وزانە، ئەگەر ماوەی زەمەنیشیان درێژ بێت، کە بتەقنەوە، شوێنەوارێکی دیار لە کارەکانیاندا بەجێ بهێلّن.

لە ڕووی فیکرەکەوە ڕەنگە زۆر شت هەبێ، دەکرێ لە ئاستیدا بوەستین، بەلآم لە شانۆدا، هەر تەنیا دەق بنچینە نییە، چۆنییەتیی نمایشکردنی لە ڕووی دەرهێنانو نواندنەوە، دوو بنەمای سەرەکیی دیکەن. کە بەڕاستی شیاوی ئەوەی کە ئاماژەی بە دەوری هەر هەموو کارەکتەرەکان بدرێ، کە بە شێوەیەکی هونەرییانە دوور لە چوونە ناو پێستی کەسانی دی کارەکانی خۆیان ئەنجام دا، بە دەنگو تەشکیلاتی سەرنجڕاکێش. لە ڕووی هونەریشەوە، ڕووناکی و جلوبەرگو دیکۆر لە خزمەتی هەردوو بنەماکەی تر بوون، بە تایبەتی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە حاڵەتی ئاگر تێ بەربوونو لافاوو باو زریانو بەکارهێنانی ئیکسسواری هەمەجۆرو هەندێ ئامرازی تایبەتی کە دەلالەتی تایبەتی خۆیان هەبوو.

ئەوەی کە پێشکێش کرا، لە ماوەی سێ ڕۆژدا، کارێکی داهێنەرانە بوو، نمایش کردنیشی لە هەولێری پایتەختدا شکاندنی ئەو سنوورە دەستکردە بوو، هەروەها زاڵبوونی هونەری ڕەسەنە بەسەر ئەو واقیعەی کە هاتووەتە ئاراوە، دەبێ ئەو حەقیقەتە بسەلمێنرێت، کە هونەری ڕەسەن، لە خزمەتی گەلدایەو هونەری نەتەوەی کوردەو لە هەموو شوێنو کاتێکدا بوونو ئامادەباشیی خۆی دەنوێنێ. هونەر باڵوێزی نەتەوەیەو مۆرکی نەتەوایەتیی خۆی دەناسێنێ، بەڵکو بە هەموو دونیا، مادەمەکی سنووری بۆ نییەو پێویست بە وەرگێڕیش ناکات بۆ پێناسەکردنو تێگەیشتنی.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی و پیرۆزبایی، لە بەرهەمهێنەرانی ئەم شاکارە شانۆییە دەکەم، بەهیوای هەنگاونانی تری بە پێزترو داهێنەرانەی بەردەوامو زیاتر سووتان وەك پەروانە لە دەورەی ڕووناکیی شانۆی کوردیماندا..

## ڕێکخراوی یونسکۆ، ساڵی نازم حیکمەت جاڕ دەدات
## ئەو شاعیرە تورکەی شیاوی وڵاتەکەی نەبوو

**وەرگێڕان و پوختەکردنەوە**

نازم حیکمەت دوای سەد ساڵ لەدایکبوونی لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٠٢دا، کە ماوەیەك ژیانی لە تاراوگە بردە سەر، وا ئەمجارە لەسەر باڵی رێکخراوی یونسکۆ بە شاعیرێکی جیهانی دەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی، کە جاڕی دا ساڵی ٢٠٠٢ ساڵی ((نازم حیکمەت))ە.

نازم وەك نەریتی خۆی بە گەورەیی دەگەڕێتەوە، بەڵام گەڕانەوەیەکە هێشتا تەواو نییە، دوو نارەحەتی بەخۆ دەگرێ، نارەحەتی ئەو گوندە ئەنادۆڵییەی کە هێشتا جەستەی ئەو لاوەی نەگرتە ئامێز کە هێشتا لێی دوورەو گۆڕستانی (نۆفۆ دنفیشێە) یە لە مۆسکۆ و، نارەحەتی ((هاووڵاتییەتی)) کە تا ئێستا رێگایەکی بۆ (خاوەنەکەی) بەدی نەکردووە.

ئاوارەییەکانی نازم زۆرن، بەڵام ئەمڕۆ زۆر شکۆدارترو سەربڵندتر دەگەڕێتەوە، هەموویان ڕوو لەو وڵاتە دەکەن کە تێیدا لە دایك بووە. زۆر کەس هەڵە دەکەن کە مەزنیی نازم حیکمەت لە کەسایەتییەکەیدا، بۆ ڕەهەندی سیاسی دەگێڕنەوە، بێگومان تێکۆشەرێکی گەورەی سەرسەخت بوو، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لە بەردەوامبوونی لە کاتو لە مێشکدا ئەگەر لە ئەسڵدا داهێنەرێکی گەورە نەبووایە. بەڵکو گەڕاندنەوەی ناوداربیەکەی بۆ هێڵە سیاسییەکەی بەشێك بوو لە پیلانی ئەو دەسەڵاتدارانە زۆر چاك دەیانزانی کە (بیروباوەڕی سیاسی هەر دەبێ بمرێ، بەڵام دروستکردنو ئەفراندن نەمرن).

نازم ئەو شاعیرە بوو کە گرنگترین شۆڕشی لە شیعری هاوچەرخی تورکیدا هێنایەدی و باوکی بزاڤی نوێکردنەوەی ناونیشانەکەی (تفچیلەی ئازاد) بوو کێ سوودی لە بزاڤی نوێکردنەوەی فەرەنسی و نوێخوازیی رووسی وەرگرت، نازم ئەو شاعیرە بوو کە شیعری بەو وشانە دەوڵەمەند کرد، کە کەس بەر لە ئەو بەکاری نەهێنابوون، شاعیری نوێکردنەوە بوو لە فۆرمو لەو بابەتانەی کە بۆ یەکەمین جار بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤایەتییان بەخۆوەگرت.

نازم، ئەو تێکۆشەرەی خۆی تەرخان کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و زۆرداریی سیاسی و ژێردەستەیی و وابەستەیی، نرخی ئەمە ڕاونانو دوورخستنەوەو بەندیخانە بوو، لە سولْتانی کۆماری نەسلّمییەوە لەوەی کە سیفەتی بوو (ناپاکی نیشتمانەکەی) پێوە بلکێنیّ.

شاعیری هەژاران و ڕەنجدەران بوو، هەرچەندە خۆی پەروەردەی خێزانێکی دەوڵەمەند بوو، لە پێشەوەی بەشداری لە داکۆکیکردن لە نیشتمان، دوای داگیرکردنی لە لایەن هێزەکانی ڕۆژئاوا لە جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرەتای ساڵی ١٩٢١ لە (جەنگی ڕزگاریی نیشتمانی) کە مستەفا کەمال سەرکردایەتیی دەکرد بەشداربوو، لە شاری (بۆلۆ) بوو بە وانەبێژو لەوێوە ڕووی کردە زانکۆی کرێکارانی ڕۆژهەلاّت لە مۆسکۆ بۆ خوێندنی زانستە سیاسییەکانو ئابووری، ساڵی ١٩٢٤ گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی، کە سەربەخۆیی دەسکەوتو جاڕی کۆماری دراوە، بەهۆی ئەو هۆنراوەو وتارانەی بلاّوی دەکردنەوە (١٥) ساڵ بەند کرا، بەلاّم توانیی ڕابکاتو خۆی بگەیەنێتە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، ساڵی ١٩٣٨ سوودی لە یاسای لێبووردن وەرگرتو گەڕایەوە تورکیا، لە گۆڤارێکدا کاری کردو ساڵی ١٩٣٢ چوار ساڵ حوکمی بەسەر درا، بەلاّم یاسای دەیەمی لێبووردن لەوەش دەربازی کرد.

نازم حیکمەت لە حوکمێکەوە بۆ حومێکی تر ڕای دەکرد، کە تۆمەتێکی گەورەی بۆ هەلّبەستراو کە دژی سوپا خەلّکی هان داوە (٢٨) ساڵ و (٤) مانگ حوکمی بەسەر درا، ١٣ ساڵی بەسەربردو میوانی زیندانەکان بوو، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥٠ لێبووردن ئازادی کرد، بەلاّم لە تەنگەتاوکردنی دەربازی نەکرد، کەسی نەدەبینی کە کتێبەکانی بۆ بلاّوبکاتەوە یا شانۆنامەکانی نمایش بکات، دەرکردنی بڕیاری چوونە ریزی سوپا لەو تەمەنە گەورەیدا لەوەدا نەبوو قەبووڵی بکات، لە ئەنجامدا دەرکی بەوە کرد کە چار نییە هەر دەبیّ ڕابکات. بە دزی سواری پاپۆڕێك بوو بەرەو ڕۆمانیا لەوێوە بۆ مۆسکۆ، ساڵی ١٩٥١ڕەگەزنامەی هاووڵاتیی تورکی لیّ سەنرایەوە و (١٣) ساڵی لە مۆسکۆ بەسەربرد، لە ئاوارەیشدا (١٥) ساڵ حوکمی (غیابی) بەسەر درا بە تۆمەتی هاوسۆزی بۆ گەلی کورد، ساڵی ١٩٦٣دلّە گەورەکەی لە لێدان کەوت، ئاواتی ئەوەبوو کە بە پێوە بمریّو ئاواتەکەشی هاتەدی لە گۆڕستانی مۆفۆ دیفنیشیە نێژرا.

لە بیرەوەریی سەد ساڵەی لەدایکبوونی، نازم حیکمەت لە نۆژەنەوە سەر بە هەموو ماڵێکی تورکیا دادەکات، بالاّترین ڕەخنەگری ئەمڕۆ لە تورکیا (دۆنمان هیزان) دەلّیّ: ئەو خۆشەویستییەی لە (نازم)دا بەرجەستە دەبیّ ناڕەزایی دەربڕینە دژی ئەو ستەمەی تووشی

ئەدەبو هونەر بوو، لە شەخسی یەك شاعیر و، هیزان لەو ڕایەدایە ئاهەنگێڕان بـەم بۆنەوەیـە بۆ هەر وەچەیەك مانایەکی جیای پێوەیە، وەچە کۆنەکان بە بیریان دێتەوە چۆن لە ماڵەکانیاندا دەفتەرەکانی شیعرەکانی نازمیان دەشاردەوەو بە ئازارەوە بیریـان دێتـەوە چـۆن ناچـار دەبـوو بیانسووتێنیٚ، بەڵام سەبارەت بە وەچەی لاوان یادگارێکە جەخت لەسەر پێویستیی بیرکردنـەوە لە گرنگی ئازادیی ئەدەبی دەکاتەوە، هیزان بانگەشەی ئەوانی تر دەکات کە لەو بایەخدانە بیٚ شومارەی ئەمڕۆ سەریان نەسوڕمیٚ، چونکە خۆی ڕەمـز بـوو، بـە نـاوی ئێمـەوە هـەمووما‌ن دووچاری ئەوە بووین، لە پێناو ئازادیی نووسەر.

شاعیری ناسراو (ئەتائوول بەهرام ئۆغلۆ) دەڵیٚ: نازم ئەفسانەکەی خۆی خوڵقاند، بەڵام ئەم ئەفسانەیە بە هەمان پێـوەر حەقیقەتێکـەو وەسـفی ئاهەنگـەکانی کـرا کـە بـە بۆنـەی لـە دایکبوونی سەد ساڵەی نازم حیکمەتە، کە شەرەفێکی گەورەن بـۆ زمـانو ئـەدەبی تـورکی و سەرکەوتنی خودی شاعیران لەرێگای بایەخدان بەو شێوەی کە شیاوی ئەوە.

نوێنەری پێشووی پەرلەمان (نازلی) دەڵیٚ: وشەکانی نازم هێشـتاش دەپـارێزرێن، ئـەوەی دەیگوت ڕاست بوو، بە تەئکیدەوە (ناپاکی نیشتمانەکەی) نـەبوو، ناکۆکییـەکانی وڵاتەکـەی نیشان دەدا، نووسەرو تەعلیق لێدەری ناسراو (محەمەد بـرلاس) لـە سـۆنگەی بەشـداریکردنی کاربەدەستانی سیاسییەوە لە سەد ساڵەی نازم دەدویٚو دەڵیٚ (ئەندامانی کۆمەڵەی جەنگاوەرە کۆنەکان) بە جلی یەکگرتوو بۆ دیدەنی (داستانی هێـزە نیشـتمانییەکان) ی نـازم هـاتن کـە لەسەر شانۆی دەوڵەت لە ئەنقەرە پێشکێش کرا، هەروەها شانۆگەریی (من مرۆڤم) کە لەسەر شانۆی دەوڵەت لەئەنقەرە پێشکێش کراو ئەمینـداری گشـتیی ئاسایشـی نەتـەوەیی ژەنـەراڵ (تۆنجیر کبلینتش) و داواکاری گشتیی کۆمار (صابح قناد ئۆغلـۆ) ئامـادەبوون (بـرلاس) لـە دوانێکیدا گوتی: (مادامەکی کارەکە ئاوایە با موعاناتی نازم حیکمـەت لـەبیر بکـەینو لـە بیرەوەریی سەد ساڵەی لەدایکبوونی زەردەخەنەمان بێتیٚ لەوەی ئێمە بۆ کوشتنی چووین).

نازم لە سەد ساڵەی یەکەمی هێشتا ئاوارەی وڵاتە و، لـە زەمانێکـدا لـە دایـك بـوو کـە زەمانی ئەو نەبوو، لە شوێنێك کە شوێنی ئەو نەبوو، درەختی بناو لە یـەکیٚ لـە گونـدەکانی ئـەنادۆڵ شـایەدی ئـەوە دەداتو لەوەتـەی ٣٨ سـاڵە چـاوەڕوانی جەسـتەیەکە تاریکـاییی سێبەرەکانی بکاتە ڕووناکییەکی سپی.

نازم حیکمەت شۆڕشێکی لە شیعردا بەرپاکرد، ڕەنگە ئێستا قسەکردن لەسەر جەدەلییەتی ناوەڕۆكو فۆرم لە میراتی کۆن بدرێتە قەڵەم، دوای ئەوەی نوێخوازی شیعری لـەم جەدەلییانـە

دەرباز کردو فۆرمو ناوەڕۆکی کردە یەك جەوهەر یاخود یەك بۆتە. بەڵام نازم حیکمەت ئەم جەدەلییەتەی ئەوکاتە برەوی هەبوو نەورووژاند، نەك بۆ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە کە لێی تێپەڕیوە، ئەو شتێکی نەنووسی ئەگەر ناوی نەنێ شیعرێکی زیندووی ڕووت و، سوور بوو لەسەر ئەوەی (کە شاعیری ڕاستەقینە ملکەچی هیچ ڕێسایەکی هونەریی ڕەها نابێو نەگۆڕی گۆڕاو سیفەتێکی بنچینەیی شاعیر بوو). نەك تەنیا لەناو شیعری تورکیدا شۆڕشێکی بەرپاکرد، بەڵکو لە شیعری جیهانیدا، وەك چۆن لەبارەی خۆشەویستی و خەونو نائومێدی و هیواو ئەشکەنجە و ئاشتی دووڕگەو سۆزەوە نووسی، هەڵبەستی کورتو خاوەن نەفەسی داستانی و درامیشی نووسی، ئای چەند دژوارە کە شاعیرێك بخوێنیتەوە لە قەبارەی نازم حیکمەت بێ، شاعیرێك ژیان نەژیا لە بەندیخانەو دوورگە نەبێ، شاعیرێکی نوێخواز گەلپەرستو شاعیری شۆڕشو شیعری لیریکی، شاعیری ماتریالیزمو ئەم دیوی ئەو، شاعیری مێژوو واقیع، لە یەکێ لە هەڵبەستەکانی بەر لە مەرگی دەڵێ:

(من ئەم ئێوارەیە باڵ دەگرم لە ئاسمان دەفڕم، من لە بەرزترین پلەدام، لەو پلەی. کە دەنگی بێ کۆتایی دەبیستێ)

نازم حیکمەت لە بارەی شاعیری رووسی (پۆشکین)ەوە نووسیویەتی:

پۆشکینم لە سینەماو لە شانۆدا دی، چەندین کتێبو سەرگوزشتەم لەمەڕ پۆشکین خوێندەوە، هەموو جارێ دڵم دەهاتە سەر زارمو دەلەرزیم کە خۆی تووشی کوشتن دەکرد و، هەموو جارێ هەستم بە خەمێکی قووڵ قووڵ دەکرد، چونکە پۆشکین مرد.

لەبارەی شیعرەوە دەڵێ:

دەمارگیری گەورەترین دوژمنە لە کەرتی هونەردا، کە شێوەیەکی ترە لە شێوەکانی نهێڵیستی، دەمارگیر نکۆڵی لە هەر شتێ دەکات چێژی خۆی نەبێ و، هەموو باری سەرنجێکی تر ڕەت دەکاتەوە، خراپەکانی دەمارگیری، بەتایبەتی لە مەسەلەکانی فۆرمدا زۆر لەوە زیاترن کە بژمێردرێن. ئەوانەی سوورن لەسەر ئەوەی ناکرێ نووسینی شیعر بێ سەرواو کێش بێ، ئەوانە بیر تەسکن، هەروەك ئەو کەسانەن بە تەواوی کە سوورن لەسەر پێویستیی نەبوونی سەرواو کێش لە شیعردا.

من لە لاویدا شیعری سەروادارو کێشەدارم نووسیوەو بە دوای فۆرمی نوێدا گەڕاومو شیعری ئازادی تایبەت بەخۆم نووسیوە تا ڕادەیەك.

# چیرۆکی " هەڵوێست "ی فەوزییە عزەدین ڕەشید

کەسانی چیرۆکەکەو کار و ڕەفتاریان گوزارشت لە بزووتنەوەی ژیان دەکەنو چیرۆکنووس وای بەرجەستە کردوون کە مۆرکی چیرۆکەکە دووربێ لە گفتوگۆی ڕووتو گێڕانەوەی ڕاستەوخۆو شێوازی ڕاپۆرتی.. لێك گرێدانی شێوازی شێوەکاری و درامی، چاوێکی تیژی گەورە کە کە خاسیەتی پاراسایکۆلۆژیی تیابێو بتوانێ دیوی دەرەوەو دیوە پەنهانی و نادیارەکەش بخوێنێتەوە. ئێمە لە ڕاستیدا لەناو چیرۆکەکەدا چەند دیمەنێك بەدی دەکەین، کە تەنیا دیمەنی وەستاو نین وەك ئیکسسواری کپو مەییوو، بەڵکو دیمەنی شانۆییو نامۆنو هێزی وروژاندنیان تێدایە. دەرهێنەرەکە کە ((فەوزیە)) ی چیرۆکنووسە زۆر کەم شتەکان شیدەکاتەوە، لە هەمان کاتدا پرۆجێکتەرێکی بەهێز نییە کە هەموو لایەنەکان ڕۆشن بکاتەوە و، یەکێك نییە مانای دیمەنەکە بە ئێکسسوارو گفتوگۆوە، وەك ڕێنماییکردنێك ماناکەمان بۆ لێك بداتەوە، بەڵکو خوێنەرو بینەر بە دەرك پێکردنێکی هۆشمەندانەو چاوێکی پاراسایکۆلۆژییانە دەخوێننەوەو دەبینن‌و نهێنییەکانو لایەنە تاریکەکان دەدۆزنەوە.

ئەم جۆرە بنیاتنانەی چیرۆکنووس، پێویستی بە هێڵکارییەکی ئەندازەیی و ورد هەیە، ئیقاعی بیناسازی چیرۆکەکە ڕابگرێ بە مەرجێ هاوکێشەی هونەرکاری و هاوکێشەی بابەتی لەنگەریان تێك نەچێ.

(فەوزی) یەش هەر بەم وردبوونەوەو تێڕامانە لەقتە لە دوای لەقتە پانۆڕامەکان نیشان دەداتو جۆرە هاوکێشەیەك لەنێوان دراماو وێنەکێشان دەخولقێنێ کە بنیاتنانی چیرۆکەکەی مۆرکی وێنەکاری و درامی بەخۆوە دەگرێ. وێنەکاری لە ڕێگای ڕووناکی خستنە سەر دیوی دەرەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ڕووی جۆری ژیانو جلوبەرگو سەرو سیماو نیشاندانی هەندێ دیمەن وەك ئیکسسوار، لە بابەت شەقڵی درامیشەوە لەرێگای گفتوگۆی کەسانی چیرۆکەکەو کارو ڕەفتاریان مەیسەر دەبێ.

چیرۆکنووس لە سەرەتادا پەنا دەباتە بەر فلاش باكو لەقتەیەك لە دیمەنی باری ژیانو هەڵسوکەوتی ئەندازیارەکەمان بۆ دەکێشێ کە قوتابیی کۆلیجی ئەندازەیە، لەقتەکەش دیوی دەرەوەیە کە ڕووناکییەکی تەواو دەخاتە سەر دیوە نهێنییەکەی، کە شەخسیەتی ئەو

سەردەمەی ئەندازیارە، دیمەنەکە دوورە لە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆو کتومت، خوێنەر لە ڕێگای جلوبەرگییەوە دەکەوێتە بەرامبەر دوو حاڵەت، ئا ئەوەتا سەرقاڵبوونی بە کاروباری ڕامیارییەوە وای لێ کردووە کە ئەوەندە بایەخ بە پۆشتەو پەرداخی خۆی نەدا، یاخود دەستکورتی و بێ دەرامەتی وای لێ کردووە. ئەم جۆرە لەخۆپرسینەی کە چیرۆکنووس لای خوێنەر سازی دەکات، پەلکێشی دەکات بۆ بیرکردنەوەو سۆراخکردنی پاڵەوانی چیرۆکەکەو دۆزینەوەی ئەو لایەنە تاریکە بە تەواوەتی ڕووناکیی نەخراوەتە سەر وەکو وتم بە تەواوەتی ساغ نەبووەتەوە، هیچ بە دووریشی نازانن هەروەکو لە کۆتاییەکەدا دەردەکەوێ هەردوولا بگرێتەوە، چونکە وێنەکێشانی دیوی دەرەوە بەشێوەیەکی وردو زیرەکانە کێشراوە، کە وامان لێ دەکات بۆ ناو ژیانی ناوەوە شۆڕبینەوە، نەك بە شێوازێکی تەقلیدیی ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرتی، ئەو قوتابییەمان پێ دەناسێنێ، بەڵکو ئێمە خۆمان عەودالّی ئەو لایەنە شاردراوەیە دەبین کە چیرۆکنووس وەسفی نەکردووە، بەڵام خەستی و چڕی وەسفەکە بە تایبەتی سەروسیماو کتێبەکەی بەرباخەڵ‌و جلی چڵکن‌و گەچڵاو چەند پلەیەکن لە پەیژەی شۆڕبوونەوە بۆ ژێرخانی ئەو شەخسیەتە.

دوای فلاشباك - گەڕاندنەوەی ڕابردوو - ی چوار ساڵی خوێندنی کۆلێج پەنا دەباتە بەر مۆنتژ - مۆنتێر - مۆنتاژیش پشت بە جوانیی دابڕکردنی شوێن‌و کاتی ڕاستەقینە دەبەستێ، ئەم مۆنتاژەش بەستنەوەی ڕەوتی ژیانی دوای کۆلیجە بە چەند لەقتەو دیمەنێکی نوێ کە بیناسازیی چیرۆکەکە پتەوو تۆکمە دەکات‌و لە درێژدادڕی و گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و ڕووکەشی دەترازێنێ، هەرچەندە لەناو دیمەنەکانداترووسکە ڕووناکییەك دەخاتە سەر لایەنی ژیانی وەزیفیی ئەندازیارەکە، بەڵام هیچ ڕووناکییش ناخاتە سەر ژیانی کچە ئەندازیارەکە، تەنیا پرسیار لە خۆکردنێکی بچووکی کچە نەبێ کە ئەویش داوێکی باریکی دیوی ژیانی بە پێچەوانەی کاکی ئەندازیارە. کە کات‌و شوێنی دوای دەرچوون لە کۆلێج لا دەبات دەمانخاتە سەر حاڵەتی دیمەن‌و واقیعێکی تر کە هەردوو ئەندازیار بەیەك دەگەنەوە وەك بیناکردنێکی زمانەوانیی سینەما دەمانخاتە بەردەم حاڵەتێکی نوێ‌و دیدارێکی تر، بەڵام چۆن دیدارێك؟ ((سەر سوڕمانەکەت زۆری نەخایاندو بە حوکمی ئەوەی کە ئافرەتی زوو لە گرنگیی جلوبەرگ‌و دەس بەخۆ داهێنان گەیشتی، کەچی هەر دوودڵ بووی خۆیەتی خۆی نییە)) لێرەوە چیرۆکنووس وێنەی جیهانێکی کێشاوە کە سەرەتاکەی سیماو جلوبەرگە لە هەمان کاتدا بە سەرنج‌و تێڕامان باری دەروونی هەردوو شەخسیەتەکەمان بۆ دەکێشێ‌و زیرەکانە هەردوو حاڵەت نیشان

دەدات، لەم دیمەنەدا هەر لە ڕێگای مۆنتاژو چاوگواستنەوەی کامیرای چیرۆکەکەوە، لە پێشەوە بە نیگای ئافرەتێك سەیری پیاوە ئەندازیارەکەی کۆنە قوتابی دەکات، بەڵام سەیرکردنێکی تێکەڵ بە ئاگا لە خۆبوونو تاڕادەیەك بە ترس لە کۆمەڵگایەکی وەك ئێمەی کورد، کە کەمترین ڕەفتار هەرچەندە بێگەردو بێ مەبەستیش بێت، لە لایەن پیاوەوە حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکریو بەجۆرێکی تر دەشکێتەوە. کە کامیرای چاوی کچەکە دەکەوێتە سەر پیاوەکە چەند پرسیارێك دێتە کایەوە دەبێ ژنی هێنابێ؟ بەچییەوە دیارە؟ بە ئەڵقەی پەنجەی؟ سەرنجێکی خێرایی دەستی چەپی دواییش دەستی ڕاستی دا.. ئێستا بووەتە باو هەندێ پیاو کە لە ماڵێ چوونە دەرێ ئەنگوستیلەکەیان دادەکەنو لە گیرفانی دەنێن. لەبەر ئەوە.. کێ دەڵێ ئەمیش وای لێ هاتبێت؟ !

ئەم جۆرە بۆچوونەو شیکردنەوەی چیرۆکنووس، ناڕەزایی دەربڕین و ڕیسواکردنی پیاوە، پاش ئەم لەقتەیە کامیرای چیرۆکنووس دەچێتە سەر پیاو کە ئەویش بە نیگا و ڕوانینی پیاوەوە چەند پرسیارێك لە ناخییەوە سەر هەڵدەدەن:

((ئەرێ بڵێی شووی کردبێ؟ !

((ئەنگوستیلەکەت لە پەنجەدا نییە.

دایکیشت لە تەکدایە، ژن ئەنگوستیلە ناخەنە گیرفانو مێرداریش دایك ناخاتە لای خۆی)).

لەم دیمەنەشدا بێگەردی و پاکیی ئافرەتمان بۆ دەردەخات. بە پێچەوانەی پیاوەوە کە ناپاکی لە خێزانەکەی ڕەنگە کارێکی ئاسایی بێ.

دوا دیمەنی پانۆڕاماکە لە ماڵەوەی ئەندازیار کە بە یەکگەیشتنەکە بکاتە پردی پەڕینەوە بەرەو نیازی داخوازیکردنو وەکو کراش، هەروەها ئەو کۆتایی دێ کە دەبێتە خاڵی سەرهەڵدانی کۆمەڵێ پرسیارو بیرکردنەوەو وێنەکێشانی جیهانێکی نوێی بە پێچەوانەی جیهانی سەردەمی قوتابیەتی لە ڕووی باری ژیانو جۆری ئایدیاو هەڵوێست جگە لەو ئاوو هەواو دەرفەتەی گوایە ڕەخساوە بۆ کاکی ئەندازیار کە بەیەك گەیشتنەکە بکاتە پردی پەڕینەوەو بەرەو نیازی داخوازی کردنو وەکو کراش هەروەها ئەو کۆتایی و چاوەڕوان نەکراوەی کە ئەوپەڕی هێزوپێز بە چیرۆکەکە دەدات، چاکترین بەڵگەیە کە زۆرجار سەرکەوتنی چیرۆك جۆری کۆتاییەکە سنووری بۆ دەکێشیو لایەنی داهێنانی چیرۆکنووس بەرجەستەو مەیسەر دەکات.

## زمانی چیرۆکەکە:

چیرۆکنووس زمانی وێنەکێشانی بە وشــە بــەکاردێنێ و، زمــانی بەڵگــەو هێمــاو ئیحــاو سرووشە، دەتوانم بەم جۆرە شێوازە بڵێم شێوازی درکە ((کنایـة)) کە پەیبردن بەم جۆرە شێوازە زیرەکی و کارامەییی چیرۆکنووس دەنوێنێ. لێرەوە نامەوێ قەرەی خۆم لە قەرەی بۆچوونێکی بنیاتنەری ((بنیوي)) بدەم، چونکە ئەم تەوژمە لە ئەورووپادا دەمێکە پووچەڵ بووەتەوەو پاش بنیاتنەریش ((ما وراء البنيوية)) باوی نەماوە بۆیــە هــیچ هــەقم بەســەر جۆرەکــانی ڕانــاوو فرمانو چۆنییەتیی بەکارهێنانیان نییە. بە قەد ئەوەی زمانی دەلالــەتم گەرەکــە، جــا هــەوڵ دەدەم لەم ڕێگایەوە بەشێوەی هاوکێشە چەند نموونەیێك بهێنمەوە.

چڕوچاو تێکچوو + سەردەرهێنراوو شپرزە بوو یەك دوو کتێبۆکەی بەر باخەڵ + ئاگاداریی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو برسییەکانی ئەفریقا مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر.

دەستە جلێکی چرچو لۆچ هەژاری و بێ دەرامەتی و سەرقاڵبوون.

سەیرکرنی دەستی چەپو دەستی ڕاستی پیاو + نەبوونی ئەڵقە - رەبەنی.

داکەندنی ئەڵقەی پەنجەو گیرفان نان - ناپاکیی پیاو لە خێزانەکەی خۆی، نــەبوونی ئەڵقــە لە پەنجەی کچ + بوونی دایك لە تەکیا - شوو نەکردن.

ژن ئەڵقەی ناخاتە گیرفان، پــاکی و بێگــەردی ئــافرەت، ژووری نووســتن + بــار + تــاخمی کریستاڵ + تابلۆ، گوڵدانی دەس هەڵچن + فــەرشو پــەردەی لەگــەڵ یــەك گونجــاو + تــاخمی مۆبیلی بیانی دەوڵەمەندبوونێکی بێ ئوسووڵ.

نەبوونی (کتێبخانە + گۆڤار و ڕۆژنامــە + ڕادیۆ خۆ دوورخستنەوەو ترازان لــە ســەردەمی ڕابردوو.

بوونی تۆمارکار + ڤیدیۆ واقیع ژیانێکی نوێی بە پێچەوانەی ڕۆژانی سەردەمی کۆلێج.

بوونی (ماڵ + خانوو + ئۆتۆمبێل) شوو پێ نەکردن هەڵوێستی دوو هەڵوێست.

چیرۆکەکە بەرجەستەکردنی دوو هەڵوێستە. هەڵوێستی قوتابییەکی کۆلیجی ئەنــدازە کــە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا چی بووەو چۆن بووەو دوایی کە بووە بــە ئەنــدازیار چــۆن گــۆڕاوە سانت بیف وتەنی: ((مرۆڤ شێوازە))، سارتەریش وتەنی: ((مرۆڤ هەڵوێستە)).

هەرچەندە چیرۆکنووس لە ناونیشانی چیرۆکەکەی مەبەستی هەڵوێســتی کچــەکەیە، نــەك پیاوەکە، بەڵام هەڵوێستی پیاوەکە بە هێڵێکی بەیانی ڕاســت و ڕەوان تێپــەڕ نــابێ، کۆتــاییی هەڵوێستەکە بە پێچەوانەی سەرەتایەکەیەتی، واتە تێکهەڵکێشی ((متداخل))ە. سەرەتاکەی

شکۆمەندی و شانازییە. کۆتاییەکەشی شەرمەزاری و چۆکدادانە لە ئاستی پارەو سامانو لادانێکی تەواوە لە بەهاو نرخەکانی سەردەمی قوتابییەتی، ئەم ڕاستییەش لە کۆتاییەکەیدا ساغ دەبێتەوە کە دوو جیهانی بەرامبەر یەكو دژ بەیەك لە ناسکترین باری ململانێدان و، هەر جیهانی بێگەردو بەهای شەڕەفمەندی گرەوی خۆی دەباتەوە، ئەوەتا ئەندازیارە کچەکە چۆن گورجوگۆڵ وەڵامێکی بەجێی دایکی کاکی ئەندازیار دەداتەوەو هەموو بوونو شەخسیەتو لافو گەزافو خواستو ئاواتی وەك ((کن فیکون))ێك لە بنەڕەتەوە هەڵدەتەکێنێو پشتی لە تەوقی زەوی دەکوتێو بە دایکەکەی دەڵێ:

((بەخوا هەر لەبەر ئەوانەی گوتت: دەنا کوڕەکەت عەیبی تری نییە)).

هەڵوێستی دووەم، هەڵوێستی کچەکەیە، هەرچەندە چیرۆکنووس لە سەرەتادا لە شەخسیەتی کچەکە نادوێ کە چوار ساڵ لە کۆلیج لەگەڵ ئەندازیارەکە بووە، ئایا ئەویش هەمان هەڵوێستی هەبووە؟ بەڵام کەمێك وردبوونەوە دەمانخاتە بەردەم خاڵێکی گرنگ، هەرچەند بە ڕواڵەت بە کزی و نهێنی خۆی دەنوێنێ، کەچی ئەو خاڵە بچووکەی کە بە ڕواڵەت شتێکی ئەوتۆ نییە، لە ئەنجامدا دەبێتە پاشبەندی سەرەکی ((الخلفية الرئيسية)) چیرۆکەکە، کە کۆمەڵێك بەهای پیرۆزیان تێدا حەشاردراوە، هەر ئەوانیش گەوهەری مەسەلە پاکەکەی ڕەوتی ژیانن و، بنکەی کێشەو ململانێی نێوانی هەردوو دیوی ژیانو خۆیان بە پاکی و بێگەردی دەهێڵنەوەو لە ئەنجامدا لەژێر پێی ئەو ئەهریمەنەی کە دەیەوێ لە خشتەیان بەرێتو کۆتیان بکات دەبنە دانەمێتو دەتەقنەوە.

کەواتە چیرۆکی ((هەڵوێست)) ی فەوزییە عزەدین ڕەشید، دوو هەڵوێستی دژ بە یەکن.. دەشتوانم بڵێم ئەو خەتە بەیانییەی بۆ کچەکەی کێشاوە لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی، تەرازووی ئیقاعو ترپەکەی ڕاگرتووە، کچەکە شەخسیەتەکەی وەکو وتم خاڵێکی بچووکە باکگراوندی پانۆڕامەکە، بەڵام ئەم خاڵە بچووکە دەبێتە ڕووداوێکی سەرەکی و کۆتاییی گرێی ململانێیەکە، چیرۆکنووس بەم جۆرە هەڵوێستی کچەکە لە ڕۆژانی کۆلێجدا دەردەبڕێ:

خۆت لە دڵی خۆت دەتوت: ڕەنگە بیانەوێ بنوێ، دەنا هەر دایکەنێو لەبەری بکاتەوە شتێکی لێ دەگۆڕێ هاوڕێکانی دیکەشتان بۆ بەزم دەیانوت: (وەڵی دێوانەی سەردەمە.. دەیەوێ بەو بەرگەی حەشر بکرێت) (کەچی تۆ پێت ناخۆش دەبوو)

تەنیا وردبوونەوە لە گوزارەی (کەچی تۆ پێت ناخۆش دەبوو) سەرە کلافەکەمان دەداتە دەست کە کچەکە بە چ جۆرە بڕوا و ڕوویەکەوە لە کرۆكو گەوهەری مەسەلەکە گەیشتووە،

هەر بە ئەم هەڵوێستە نهێنی و عەقڵمەندییەشەوە دەیگەینێتە ئەو حاڵەتەی ڕەسەنی و مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕۆژگاری ژیاندا پاكو بێگەرد بێ و، لە کاتی پێویستو ناسكو ورددا ((هەڵوێست بنوێنێ)).

چیرۆکنووس هەر وەکو لە پێشەوە وتم دوو حاڵەتمان بۆ دەکێشێ، کە کێشەی ژیانە، هەڵوێستی مرۆڤێك لە سەرەتاو کۆتاییەکەیدا، هەڵوێستی کچێکی قوتابیی سەرسام بە هەڵسوکەوتو شەخسیەتی کوڕەکە کە بڕوای بە بیروڕای بەرز و ڕووناكو بەهای شەڕەفمەندانە هەیە، کە هیچ دوور نییە سەرەنجامی واقیعێکی ئابووری و تایبەتی بێت، کوڕێکی هەتیو لە دونیادا تەنیا دایکی شك دەبات. لە دواییدا شت لە ڕابردووکردنو بوونە دیلی پارەو سامانو کۆکردنەوەیان بە ڕێگای ناڕەواو ناماقووڵو بەردەوامبوونی کچەکە لەسەر ڕێبازی بەهای پیرۆزو چۆکدانەدان لە ئاستی ڕواڵەتی پێداویستییەکانی بەختەوەریی ژیان، وەك ڕوویەکی ساختەو ناڕەسەن، هەروەها ڕیسواکردن و ڕوونکردنەوەی پیاوی خاوەن خێزانو ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر هەڵوێستی خۆپەرستانەو ناپاکانەی بەرامبەر ئەم واقیعەش، واقیعی ڕەفتاری ئافرەتمان بۆ وێنە دەکێشێ کە خاوەن هەڵوێستەو دوورە لە ڕەوشتی پیاوو خۆبەستنەوەیەکی پاکژانەی شەڕەفمەندانەیە لە ئاستی مێردەکەیدا.

ئەم چیرۆکە ساویلکەیی و ساکاریی هەردوو دایکەکە نیشان دەدات:

((پیرەژنەکان قسەکانیان بە نوکتە زانی)) لە هەمان کاتدا شکاندنی شەخسیەتی کوڕەکەیە کە بینای تازەی ژیانی لەسەر زەوییەکی فشەڵو خاو دروست کردووە، هەر لەبەر ئەوەشە چیرۆکنووس حاڵەتە دەروونییەکەیان بۆ بەرجەستە دەکاتو لە ناخەوە هەرەسی پێ دەهێنێو هەموو ڕواڵەتی دەرەوەی فاكو فیکی دایکەکەی هەڵدەتەکێنێ:

بەڵام ئەو لە فیکی خۆی گەیشت، سەری داخستو گیانی نیشتە سەر ئارەقێکی خەستو لینج، دەستی برد جانتاکەی هەڵگرتو وتی فەرموون..

لێرەدا بۆم هەیە بپرسم چ کات مرۆڤی خاوەن کەسایەتیی خۆی دەبێتە کەسێکی لاژك ((ضعیف))؟ کاتێ کە زەمینە پتەوەکەی دوێنێی، بە مەی ئەمڕۆی بە ڕواڵەت پتەوو ناو ئاخن بۆشو پووچەڵ دەبێ؟ !

# خوێندنەوەی ڕۆمانی دایكو كوڕ- ی گەلاوێژ

((دایكو كوڕ)) ڕۆمانێكە لە نووسینی ڕۆماننووس گەلاوێژ، ١٢٢ لاپەڕەی قەبارەی ناونجی بەخۆ دەگرێ، نووسەر پێشكێشی دایكی شیرینو خۆشەویستی خۆی دەكات، كە زۆر لە شێوەی فیداكاری و دڵسۆزییەكانی ئەو، لە ڕۆمانەكەدا دەبینیێو هەستی پێ دەكات.

نووسەر قۆناغێكی پڕ مەترسی و مەینەت لە ژیانی تێكۆشەرانی خێزانێكی كوردپەروەری ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی كورد لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی دەخاتە ڕوو، كە ڕووداوەكانو كەسانی ناو ڕۆمانەكە پانتاییەكی زۆر لە خەباتی سیاسی لە شارەكانی سلێمانی و كەركووكو مووسڵو بەغدا بەخۆ دەگرێ. كە چۆن لە ترسی شاڵاوو هێرشی پیاوانی ئاسایشی ئەوكات كەسانی ناو ڕۆمانەكە بە نهێنیی كاری سیاسییان ئەنجام داوەو ژنو كچی كورد ڕۆڵێكی بوێرانەو مەردانەیان نواندووە و یارمەتیی هاوسەرو براو باوكیان داوەو بەپێی توانای خۆیان ئەوانیش لە بەشێكی تێكۆشانی سیاسی وەكو ئەركێكی نەتەوەیی و نیشتمانی لەو بوارەدا درێخییان نەكردووەو هەر ئیشەكی كە پێیان سپێردراوە بێ ترس ڕایان پەڕاندووە.

كە ئەم ڕۆمانە دەخوێنینەوە تێكۆشانێكی پارتێكی سیاسیی كوردپەروەری پێشكەوتنخوازی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیمان دێتەوە یاد هەروەكو نووسەر، لە قاڵبێكی ڕۆمان ئامێز بەرجەستەی كردووە كە پارتی دیموكراتی كوردستانە، كە لە خێزانێكداو لە خزمو كەسدا خۆی دەنوێنێ، شەمسەی دایكی ((عەزیز)) نموونەی ئەو ژنە ئازاو بە جەرگەیە كە بوخچەی پڕ بەیانو بڵاوكراوەو نووسراوە ((نهێنییەكانی حزب دەگوێزێتەوەو دەشارێتەوە، كە لە كار و ڕەفتارەكانی كە هەرچی مانای ترس هەیە لە لای ئەو بوونی نییە دایكی باڤلی ڕۆمانە بەناوبانگەكەی ((مەكسیم گۆركی)) ت بیر دەكەوێتەوە، كە بەرامبەر پیاوانی ڕژێم دەتەقێتەوە و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بێ ترس بەیان بڵاودەكاتەوە دایكی كوڕە ئیتاڵییەكەت دێتەوە پێش چاو كە چەندین شاخو دەشتو دەر و ڕووباری بڕی و خۆی گەیاندە خوێنڕێژی گەلان جەنگیزخانو بەسەریدا قیژاندی كە جگەر گۆشەكەی پێ بداتەوە كە سوپاكەی ڕفاندبوویان، جەنگیزخان كە ئەو ژنەی بەو شێوە بینی بە تووڕەییەوە پێی گوت: تۆ چۆن بەم شێوە بەسەر مندا هاوار دەكەی و نازانی من كێم و چ دەسەڵاتێكم هەیە؟ ! دایكەكە پێی

گوت: من له تۆ بەهێزترم، چونکە تۆ مردن دەچێنیو من ژیان.  له ئاکامدا جەنگیزخان ناچار بوو کوڕەکەی پێ بداتەوە.

شەمسە، کاتێ کە حەمەی خاڵی تریفە دەگیرێ و ڕەوانەی مووسڵ دەکرێ، خۆی پی ناگیرێ بەدوای ئۆتۆمبێلی پۆلیس لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووك لەوێشەوە بۆ موسڵ دەکەوێ تا چاوی بە حەمە بکەوێو لە پاڵ ئەو ئازایەتی و قسەگوتن بە پۆلیسو پیاوانی ڕژێم، دڵێکی ئەوەندە بەسۆزو میهرەبانی هەیە کە بەرد دەتوێنێتەوە، ئەو دڵە نموونەییە سەرچاوەی خۆشەویستیی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کوردو کوردستانە، بۆیە لە خۆوە نەگوتراوە.

((سەیرو سەمەرەکانی دنیا زۆرن، بەڵام سەیرترینیان دڵی دایکە))

من وا بۆی دەچم کە ڕۆماننووس کە بە ((تریفەی)) تێدەگەم خۆی خستووەتە ناو ڕۆمانەکەو لە پانتاییەکی فراواندا جێی خۆی کردووەتەوەو لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەڵسوکەوت دەکات.  ((عەزیز)) ی هاوسەریشی کە تەوەرەی بنچینەییی ڕووداوەکانەو داینەمۆی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانی پارتییە هەموو دەم هەر خەریکی نووسینی بەیانی حزبی و دەرکردنی ڕۆژنامەی زمانحاڵی حزبەکە وەك نووسەرێکی خاوەن باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی فراوان دێتە بەرچاو، ((حەمە))ش کە خاڵی تریفەیە ئەویش وەك دەردەکەوێ، نووسەرێکی بە توانا و ڕۆشنبیرێکی دیارە، گوایە بەناوی ئەوەی کە قوتابییەو لە بەغدا دەبێ ئەزموون بدات، لە ژوورەوە خۆی حەشارداوە خەریکی خوێندنەوەو نووسینە کە منداڵانی خێزانەکە بەلاوەی نەچن، لە خەڵکی تریشیان گەیاندووە کە نەخۆشییەکی تایبەتی هەیە.

ڕۆماننووس قۆناغێکی پێش شۆڕشی ((١٤)) ی تەمموزی ساڵی ((١٩٥٨)) مان بۆ وێنە دەکێشێ، وەکو پانۆڕامایەکی دوورودرێژی مێژوویی سیاسی ئەم سەردەمەیە، کە چۆن خێزانێك دەکاتە نموونەیەکی ڕووگەشی دیار، کە خۆیانو خزمو کەسوکارو ئەوانەی چارەنووسی خۆیان بەستووەتەوە بە بیروباوەڕی پاكو بێگەردی ئەو سەردەمەیە، بە گیانێکی لەخۆبوردوو کاردەکەنو لە پێناو بەرژەوەندیی گەلو وڵات هەموو شتێکی خودیان بە لاوە ناوە هەرچەندە خەباتکردن لەژێر زەبرو زەنگی نۆکەرانی ڕژێمی پاشایەتی مەترسی و دەربەدەری و گرتنو بڕینو ژیانی مەینەتی و نان بڕینو خۆشاردنەوەو دڵەڕاوکێ بووە کە نایەتە باسکردن.  بەڵام بنیاتنانی ڕۆمانەکە ئەوەندە سەرنجڕاکێشەرو دڵکێشە کە خوێنەر زۆر بە ئارەزووو تاسەوە بیخوێنێتەوە و، بۆ ئەوانەی کە مرۆڤی تێکۆشەر بوون، لەو ماوەیەدا تووشی گرتنو ئەشکەنجەدانو ماڵوێرانی بوون مایەی دڵخۆشییە کە خۆیانو خوشكو دایكو براکانیان لەناو

ڕۆمانەکەدا دەبینینەوە و، وێڕای بەستنی کۆبوونەوەو کۆنفرانسی حزبی کە لە پەنای سەیرانی خێزانی ئەنجام دراون و، وەسفی ژینگەو دڵفڕێنی کوردستانو کۆمەڵێ بابەتی کەوا ڕاستییەك دەردەخەن کە نووسەر زیرەکانە توانیویەتی مۆرکی خۆماڵی بە ڕۆمانەکە ببەخشێو هەموو ڕۆمانێکی جیهانی لە خۆماڵییەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەگەر بەلای گەلی عەرەبەوە شیعر دیوانو تۆمارو مێژووی عەرەب بێ، ڕۆمان زیاتر بابەتی مێژوویی و دیکۆمێنتی بەخۆوە دەگرێ. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەو ڕۆمانە نووسینەوەی قۆناغێکی هەستیارو ناسكو دابڕی مێژووی پڕ شانازی خەباتی سیاسی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە و، زیندووکردنەوەی ڕۆڵی بەرچاوی ئەو ڕۆڵانەی کە تا دڵە گەورەکانیان لە لێدان کەوت کۆڵیان نەداو بوونە نموونەی سەربەرزی و شکۆمەندی وەچەکانیانو گەلی کوردستان.

هەرچەندە کە ڕۆماننووس نەهاتووە بەپێی مێژوو، ڕووداوەکان بخاتە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی هونەری و تەکنیکی نوێی بەکارهێناوە، کە خاسییەتو سیماکانی بنیاتنانی ڕۆمانی ڕەچاو کردووە، بە داڕشتنی قۆناغێکی مێژوویی لە قاڵبێکی ڕۆمان ئامێز بەڵام بەشێوەیەکی هونەری نەك تەنیا گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەرچەندە چ خودی ڕۆماننووس چ عەباس بەدری کە لە بەرگی دواییدا چەند وشەیەکی کورتی لەسەر نووسیوەو بە چیرۆك لە قەڵەمیان داوە، بەڵام بەلای منەوە بە گۆشتو خوێنییەوە بە ڕۆمان لە قەڵەمی دەدەم و، ئەم ڕۆمانە تاکە ڕۆمانێ نییە، بەڵکو ((١٠)) دە ڕۆمانی تریشی بە چاپ گەیاندووەو هەندێکیان کراونەتە عەرەبی، جگە لە چیرۆکنووسین بۆ منداڵانو وەرگێڕانی لە زمانی فارسییەوە.

گەلاوێژ ساڵح فەتاح ئەو ژنە کوردەیە، کە لە ئاسمانی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا وەك ئەستێرەی گەلاوێژ دەدرەوشێتەوە، بە هەوڵو تەقەلای بێ وچانی، خۆی پێ گەیاندووە، زیاتر لە قوتابخانەی ژیان پێگەییوە، بە حوکمی ژیانی ئەم شارو ئەو شاری عێراقو کوردستان، فێری زمانی عەرەبی بووە، چونکە زۆربەی ژیانی منداڵیی لە باشووری عێراق بەسەر بردووەو لە بارودۆخی ئەو سەردەمە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکاتو ببێتە خاوەن بەڵگەنامە، بەڵام وەك جارێك لە ((مەکسیم گۆرکی)) یان پرسی تۆ چیت تەواو کردووە، گوتی من لە قوتابخانەی ژیاندا دەرچووم.

بۆ نووسینەوەی مێژووی خەباتی سیاسی و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردمان، بەرجەستەکردنی تێکۆشانی بنەماڵەیەك لە چوارچێوەی ڕۆمانێکی لەم شێوەدا کارێکی پەسەندەو جێگەی دەستخۆشییە، ڕەسوول هەمزاتۆڤ گوتەنی: دنیا لە ئاگردانەکەی ماڵی

ئێمەدا دەست پێ دەکات. بۆیە با هەرکەسەکە لەخۆیەوە دەست پێ بکات، بەڵام بە دەستپاکی، وەکو ئەمانەتێکی زانستی و مێژوویی و ڕۆڵی ئافرەتان فەرامۆش نەکرێ، کە لەم ڕێگا شکۆدارەدا چ ئازارو مەینەتێکیان دیوە کە هەرگیز لە هیی هاوسەرو باوکو براو خزمو کەسیان کەمتر نەبووە، کە گەلاوێژی ڕۆماننووس بێ رتووشکردن. نەك تەنیا لەم ڕۆمانەشدا، بەڵکو لە هەموو ڕۆمانەکانیدا ئەو دەستپاکی و سەرڕاستییەی ڕەچاو کردووە و، ڕۆڵی شیاوی ژنو کچی کوردی لە کۆڕی خەباتی نهێنی و ئاشکرا تەنانەت ژیانی پێشمەرگایەتیشدا بەرجەستە کردووە، جێی خۆیەتی و شیاوی ڕێزلێنانە، نەك وەك هەندێ نووسەر کە ڕۆڵی ژن دەخەنە ژێر لێوو هەر پیاو بە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە دەدەنە قەڵەم، ڕۆماننووس ڕۆڵی کچو ژن بەرجەستە بکات، خەباتو قوربانیدانیان نەخرێتە ژێر لێو.

# هەڵسەنگاندنی شەش چیرۆکی ژمارەی تایبەتی

## وتەیەکی پێویست:

پێ سپاردنی چەند چیرۆکێك بە هەندێ نووسەر بە نیازی هەڵسەنگاندنو نرخاندنیان، کارێکە بمانەوێو نەمانەوێ، واقعێك دەسەلمێنێ کە دەمێکە مشتومڕی لەسەر دەکرێ و، تا ئێستا بەردەوامەو ڕای هەمەچەشنەی لەمەڕ دەردەبڕێ، ئەویش ئەوەیە: ئایا ئێمەی کورد ڕەخنە و ڕەخنەگرمان هەنە؟ زۆربەی زۆری ڕایەکان لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە ئێمە نە ڕەخنەمان هەیەو نە ڕەخنەگر. ئەگەر مەسەلەکە ئاوا بەو وەڵامە بێ بەڵگەیە بچێتە سەر، بۆمان هەیە کە بپرسین ئەی لە پای چی هەر ئەو کەسانە خۆیان دەنگ هەڵدەبڕنو کۆمەڵێك گلەیی دەکەن کە گوایە بەرهەمێ بڵاو دەبێتەوە، بۆ یەکێ بە چاك بێ یا خراپ شتێکی لەسەر نانووسێ؟ بەڵام کە دەستەی نووسەرانی گۆڤارێك ڕوو لە چەند نووسەرێ دەنێ کە چەند چیرۆکێك تاوتۆ بکەنو هەڵیان سەنگێنن، ئەم هەنگاوە خۆی لە خۆیدا، داننانێکی ئاشکرا و ڕوونە بە بوونی ڕەخنە و ڕەخنەگرو دەوریان لە بواری ئەدەبدا.

هەر ڕەخنەگرەش بە پێی توانا و چێژ و ڕوانینی خۆیەوە کارەکە مەیسەر دەکات و، خوێنەری خۆشەویستیش خۆی لەم ڕووەوە سەرپشکە لە ڕایەڵیبوونی ڕەخنەکە یا ڕەتکردنەوەی. دەبێ ئەوەش لە بەرچاوی خۆمان دابنێین کە ئەرکی ڕەخنەگر لە ئەرکی خاوەن بەرهەم گرانترە.. خۆ ئەگەر بیەوێ بە چاوێکی مەوزوعیانە بابەتەکە هەڵسەنگێنێ و، بە ویژدانێکی پاكو بێگەردی دوور لە ڕووپاییو ماستاوکردن ڕای تایبەتیی خۆی دەربڕێ، ئەوە هیچ دوورنییە تووشی ناڕەحەتیو سەریەشەش ببێ، چونکە کەم کەس لە ئێمە ئەوەندە سینگی فراوانو پشووی درێژە کە ڕەخنەکە بە شتێکی سروشتی و ئەساسی سەیر بکاتو نەیخاتە قالبێکی ترەوە (کەسیش بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە)..

هەرچۆنێك بێ وا لە لای خۆمەوە، بەپێی بۆچوونو ئاستی بیرکردنەوەو تێگەیشتنم لە چیرۆك بە دەنگ برایانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ((بەیان))ەوە دێم، بەرامبەر ئەو شەش چیرۆکەی پێیان سپاردووم ڕای خۆم دەردەبڕم و، لە پێشەوە پێ لە ڕاستییەك دەنێم کە نامەوێ لە خوێنەری ئازیزی بشارمەوە ئەویش ئەوەیە: کە ڕەخنەگر کۆمەڵێك چیرۆکی پێ دەسپێردرێ،

لەناو چیرۆکەکاندا چیرۆکێك لەوانی تر زیاتر بکێشی دەکاتو لەوانی تر زیاتر دەی وروروژێنیێو بزەی خۆشی دەخاتە سەر لێوو بەر لەوەی قەڵەمەکەی وشەیەك بنووسێ لە ناخـەوە دەنگێکـی دڵسۆزانە گوزارشت لە سەرسامبوونی بەرامبەر چیرۆکەکە دەکات و، پێی دەڵێ: هەی ئافەرین، کاکی چیرۆکنووس خامە ڕەنگینەکـەت هـەر خـۆش بـێو ئێمـەی کـورد داهێنـانی ئاوامـان گەرەکە... وەك ئەو چیرۆکە زیاتر لەوانی تر کار لە ڕەخنەگر دەکات، ئەویش بەرامبـەر ئـەو کارتێکردنە لەوانی تر زیاتر بایەخ بەو دەدات و ڕووناکی دەخاتـە سـەر لایەنـەکانیو، توانـاو تێگەیشتنی و پەی پێ بردنێکی هەبێ، زۆربەی زۆری بۆ ئەو تەرخان دەکات.

### خۆرکەوتن- محەمەد فەریق حەسەن:

لەم ڕوانگەیە چیرۆکی ((خۆرکەوتن)) ی محەمەد فەریق حەسەن. سەرقافڵەی چیرۆکەکانەو لە هەموویان زیاتر گرەوی هونەری خۆی بردووەتەوە.

بەر لەوەی بە نـاخی چـیرۆکەکەدا شـۆڕببمەوەو بـە پێـی ڕەخنەیـەکی پراکتیکییانـە لـە چیرۆکەکە بدوێم، حەز دەکەم ڕای (٩) ساڵ لەمەوبەری خۆم بەرامبـەر چـیرۆکنووسو ئاسـۆی بەرەو پێشەوە چوونی دەربڕم وەك بۆچوونی ئەو کاتـەو پێشـبینی کـردنم. لـەبارەی کۆمەڵـە چیرۆکی ((ڕستێك زەنگیانەی ئاوی)) لە لاپەڕەی ((ثقافة كردية)) ی ڕۆژنامەی ((العـراق)) ی ژمارە ((١١٧١)) ی ٣/١/١٩٨٠ نووسیومە و تەنیا چەند بڕگەیەکی دەخەمە بەرچاوی خوێنەر لە چیرۆکی ((خاوبوونەوەی هەنگاوەکان))دا بومەن ئەم چیرۆکە بەلای منەوە، بایەخێکی تایبەتی هەیە، چیرۆکنووس دەگەیەنێتە پایەکی بەرزو وای لێی دەکات کە ڕۆژی لە ڕۆژان لە جیهانی چیرۆکی کوردیدا، لە ڕیگەی هونەرکاریی ئەم جۆرە نموونانەی ((واتە نموونەی کەسانی چیرۆکەکان)) کە هەمە لایەنییەکان لە تایبەتمەندییەتی خۆماڵییەوە هەڵقوڵاو. پایەکی گەورە بۆ خۆی بڕەخسێنێ، هەروەکو چیخۆف دەڵێ ((ئەدەبی لە دایک نابێ کە خاسیەتی جیهانی هەبێ، ئەگەر ئەو ئەدەبە لە پێشەوە ئەدەبێکی خۆماڵی مەزن نەبێ)).

بەڕاستی نووسەر جـەوی تایبـەتی بـە هـەموو ڕووەکانییـەوە هەڵـدەهێنجێ و، ڕەنـگ و ڕوخسارێکی تایبەتی بە چیرۆکەکانی دەبەخشێ و، بڕوام بەهێزە بەم نووسەرە کـە بـە هـەوڵو تەقەلا ڕەسەنە بەردەوامەکانی چیرۆکی کوردی دەخاتـە بـەر دەرگـای سـەرەتایەکی نـوێ کـە شیاوی ئەوەیە لە ئاستیا بوەستینو بیری لێ بکەینەوە.. زمانێکی ناسکی شیعر ئامێزی پڕ لە وێنەی بە جۆشی هەیە، کە خوێنەر بکێش دەکـاتو خـەیاڵی دەبـزوێنێ و، دیـوی نـاوەوەی

دەورووژێنێ‌و وای لێ دەکات کە ببێتە لایەك لە لایەکانی ئەو هاوکێشەیەی کە چیرۆکنووس دەیخاتە بەردەم لە ڕێگای ئەو خاسیەتانەی وێنەکانیان دەکێشێ. خوێنەر وا هەست دەکات کە بە ڕووداوو شەخسیەتەکانەوە بەستراوەتەوەو حەز دەکات لە ڕەوت‌و دیاریکردنی چارەنووسیان بەشداربێ.. ئەگەر چارەنووس لەسەر نووسینی چیرۆکی وەك ئاستی چیرۆکی ((خاوبوونەوەی هەنگاوەکان)) بەردەوام بێ کە هێزو پێزی تەکنیك و ڕوونکردنەوەی ئایدیای تیایە.

ئەوە ئەو شەخسیەتانەی وێنەی کێشاون دیویێکی تر وەردەگرن و، شەخسیەتەکان دەبنە شەخسیاتی نەمر و، بازنەی کات‌و شوێن، وەك شەخسیاتی نموونەیی لە چیرۆك و ڕۆمانی جیهانیدا، دەبڕن. ئەوەی کە هیوای بۆ دەخوازم پەرەسەندنی توانا‌و دەسەڵاتی چیرۆکنووسە، کە دوور نییە لە دواڕۆژدا خواست‌و ئاواتەکەمان بێنێتە دی)).

با بگەڕێینەوە سەر چیرۆکی (خۆرکەوتن). هەروەکو لە پێشەوە وتم ئەگەر بمانەوێ بە پێی ڕێبازی پراکتیکی لەم چیرۆکە بکۆڵینەوە. دەبێ بە وردی دەستنیشانی هەموو ڕەگەزە گرنگەکانی بکەین، بۆ ئەوەی ڕای تایبەتی خۆمان بەرامبەر چۆنییەتیی چیرۆکەکە دەربڕین‌و بزانین تا چ ڕادەیێ چیرۆکنووس سەرکەوتنی وەدی هێناوە.

## بیری چیرۆکەکە:

با لە فیکری چیرۆکەکەوە دەست پێ بکەین، کە بناغەو بنچینەی بنیاتنانی چیرۆکە. چیرۆکنووس لە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژیی نەتەوەخوازییەوە بیرەکەی دادەڕێژێ‌و، قووڵاییەکی مرۆڤخوازی پێ دەبەشێ، کە بازنەی مەسەلەی ژیان‌و ململانێ فراوانتر دەکات، بە جۆرێ کە خوێنەر هەر لە سەرەتاوە دەست بە خوێندنەوەی دەکات، هەست بە چەشنە پێوەندییەکی نەپچڕاو لە داڕشتنی بیری چیرۆکەکە دەکات، کە چیرۆکنووس توانیویەتی یەکێتیی بابەتەکە بپارێزێ‌و بەشێوەیەکی هونەرمەندانە دەرگا بۆ خوێنەر بکاتەوە تا بچێتە ناو جیهانێکی تایبەتی، جیهانی چۆنییەتیی گوڵبژێرکردنی پارچەکانی بابەتەکەو نمایشکردنێکی قەشەنگ‌و وروژێن، کە لە ناویاندا نموونەیەکی زیندووی وەك ((جوامێر)) ی خاوەن هەڵوێست‌و پاڵەوانی تەوەری بنچینەیی ڕووداوەکانی دەجووڵێنێ‌و دەیخاتە بەردەم دۆخێکی دینامیکیی پڕ لە گرژی و پشێویی درامی.. چیرۆکنووس وەك خۆی ئاماژەی بۆ کردووە لە فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە، کتومت بە شێوە ساکارەکەی نەگواستۆتەوە، ئەو وەك کەرەستەیەکی خاوی وەرگرتووە، بەڵام لە داڕشتنەوەیدا لە دیاردەکانی ژیانی ڕووتاندۆتەوەو بە هەست‌و نەست‌و

تێڕامانو بیرکردنەوەیەکی قـووڵ جـارێکی تـر دروسـتی کردووەتـەوە، خسـتوویەتە قـالبێکی هونەرکاریی تێروتەسەل. ((جـوامێر)) ی پاڵـەوانی چـیرۆکەکە وەك شەخسـیەتێکی لـە نـاو جەرگەی ژیانی سەردەمی شێخ مـەحموودی نـەمری هـەڵێنجاوە و، خسـتوویەتییە بۆتەیـەکی هونەرکاریی زیرەکانە، کە بـە کۆمـەڵێك پێوەنـدیی کۆمەڵایـەتی و ڕامیـاری و سـایکۆلۆژی بەستووەتەوە و، ڕووناکی خستووەتە سەر هەڵوێستەکانی و باری دەروونـی و، ڕەوشـتو خـوو میزاجی ((جوامێر)) ی تیادا دەرخستوون، بەشـێوازێك خوێنـەر بـەرەو واقیعەکـەی جـوامێر بکێش دەکات کە بە هەموو هەستو سۆزو خەیاڵو بیروباوەڕێکەوە لەگەڵیاندا بژی و بەشداری هەڵوێستەکانی بکات.

کەواتە محەمەد فەریق حەسەن لە نیگای تێڕوانینو ئایدیای خۆی بەرامبـەر ڕەوتـی ژیـانو تاقیکردنەوەو هەڵسوکەوت چیرۆکەکەی داڕشتووە بە پێی بەرنامەیەکی تایبـەتی لـە ڕووداوو چۆنیەتی سەرهەڵدانو نەشو نوماکردنی بـیری کردووەتـەوە و، لـەم ڕووەوە مـەرجی هونـەری ڕەچاو کردووە. یەکێتیی مـەوزوعیش لـە سـەرکەوتنێکی هـەر بیرێکـی چـیرۆك مـەرجێکی سەرەکییە و، سەرکەوتنو نوشستی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ.

## ڕووداوەکانی چیرۆکەکە:

مەسەلەی ڕووداوی چیرۆکەکە، لە جوامێرەوە دەسـت پـی دەکـات هـەر کـە لـە ماڵـەوە دەردەچێ تا دەگاتە ناو ئۆردووگای ئینگلیزەکانو لەوێ چیی بەسەردێو کۆتاییەکەی چیی لێ دێ.. شتێکی ئاشکراشە کە هەر ڕووداوێك سەر هەڵدەداو نەشونوما دەکات، دەبێ بـە پێـی سیستەم و یاسایەکی دیاریکراوبێ... هێزو پێزی ڕووداوەکە لە چۆنییەتیی بەستنەوەیەتی بـە پاڵەوانی چیرۆكو کەسانی تر... پێوەندییەکی توندوتۆڵی نەپچڕاو کە گوزارشت لـە کەسـانی چیرۆك بکات، بەجۆرێ یەکێتیی هونەرکاری خۆی بپارێزێو بەڵگـەو نیشـانەش بـە دەسـتەوە بدات، کە ڕەنگدانەوەو ئەنجامی ڕووداوەکەن... واتە چنین یاخود تـەونی ڕووداوەکـە کـە لـە چەند ڕووداوێکی بچووكو پارچە پارچەی لێك دابڕاو پێك هاتووە، چـیرۆکنووس بەشـێوەیەکی هونەرکاری بە یەکیان دەبەستێتەوەو تانوپۆیەکەی لێك گرێ دەدات..

ئەگەر سەرنجێکی ورد لە ڕووداوەکـە بـدەین کـە چـیرۆکنووس جـوامێری خسـتووەتە نـاو بازنەیەکەوە، دەبینین لە چەند ڕووداوێکی بچووك بچـووك پێـك هـاتووە، بـەڵام بەشـێوەیەکی هونەرکاری بەیەکەوە بەستراونو تێك هەڵکێشراون، هەمووشیان ڕەنگدانەوەی مۆركو واقـیعن

و، لە جەرگەی ژیانی ئەو سەردەمەی چیرۆکەکە هەڵهێنجراون بەڵام بەشێوەیەکی دارێـژراو لـە قاڵبێکی زمانەوانیی پڕ لە بەڵگەو نیشانەی زیندەگیی دەروونی خۆیان دەنوێنن، کە نووسەر بە مەبەستێکی سـایکۆلۆژی بۆمـان دەگێڕێتـەوە، ئـەم جـۆرە گێڕانەوەیـە، کـە گێڕانەوەیـەکی هونەرکارییە، یارمەتیی دینامیکییەتیی هەڵوێستی جوامێر دەداو ڕێگای بۆ خۆش دەکات... ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە پەیتا پەیتا دەگۆڕێن و، دەبنـە هـۆی سـەرهەڵدانی ڕووداوی تـرو، بارێکی تێکئاڵاوو پەشێو بەخۆوە دەگرن بەرەو گرێ کردنەوەی ڕووداوەکە دەچن‌و کۆتـایی پـێ دێنن.

سەرەتای چنینەکە یاخود تەونەکە ((حبکـة)) لە کارێکی ئاسایییەوە دەست پـێ دەکـات، کە شێخ مەحموود جوامێر دەنێرێ بۆ سلێمانی بۆ لای حەمدی ساحێبقران، وەك قاسیدێك، کە ئەرکەکەی دیار نییە بۆ شیعرە، یاخود بۆ مەبەستێکی ترە، ئەم لایەنە زۆر گـرنگ نییـە، بـە قەد ئەوەی لە چۆنییەتی بەرێکەوتنی جوامێرەوە دەست پێ دەکات:

((جوامێر کەوتووەتە پێش ماینە کوێت. شل شل جڵـەوی گرتـووە... بـە ئالیـاوە تـێ دەپەڕی و ڕاست ڕووەو تانجەرۆ شۆڕدەبێتەوەو قەدبڕ لە ئاوەکە دەداو ئەوسا لەگەڵ تاوی غاردا ماینە کوێت وەك کامیرایەکی سینەمایی لەسەرخۆ سلێمانی هێنایە پێشەوە. دووکەڵی زۆپـا لە ماڵەکانی قەرە تۆغانەوە سەری دەکرد، لەوێوە ولاغی بەرزە هەواو فیـز بـە سـوار دەدا... جوامێر یەکسەر لەف بەرەو سلێمانی دەیکوتی، ناوەڕاسـت یـاخود گرێـی ڕووداوەکـە لێـرەدا دروست دەبێ ((لـە هیکـرا کۆمـەڵێ چـادری خـاکی وەك قارچـك لەبـەر دەمیـا هـەڵتۆقین، سڵەمییەوە)).

گرێیەکەو کردنەوەی گرێیەکە ڕووبەرێکی گەورە لـە چـیرۆکەکەدا داگـیر دەکـات‌و لێـرەوە دەست پێدەکات ((کە دوو سەربازەکە هاتنە چەقی ڕێگا و ڕاست‌و چـەپیان لـێ گـرت و ڕووی تفەنگیان تێ کرد... سەربازەکان تێیانگەیاند کە دەبێ دابەزێ. تا دەیبەنە بەردەم ئەفسەرو جۆرە ئازارو ئەشـکەنجەیەکی بـۆ دادەنـێ، کـە خـۆی ڕاگـرت‌و هیچـی نەدرکانـد تـا دەمـی خۆرکەوتن...)) کە جوامێر ئازاد دەبێ گرێی ڕووداوەکە دەکرێتەوەو کۆتایی دێ.

لە نمایشی ڕووداوەکەدا، چیرۆکنووس تەکنیکی نوێی بەکارهێناوە کە لەڕەنگ و ڕوخساری پاڵەوانی چیرۆکەکە واتە ((جوامێر)) لەناوەوە دەکێشێ‌و وێنەی دەگـرێ، ئـەویش لـە ڕێگـای مەنەلۆژی ناوخۆوە ((تەوژمی هۆش)) کە چیرۆکنووس تیایا گوێ ناداتە ڕەگەزی کات‌و شوێن‌و زەمان. بەکارهێنانی تەوژمی هۆشی ناوەوەیش کارێکی ئەوەندە سووك‌و ئاسان نییـە، دەڵـێ

چیرۆکنووس وریابێ لە سازکردنی حاڵـەتێکی تایبـەتی کـە لـە دایەلۆگـەوە بگوێزێتـەوە بـۆ مـەنەلۆژ و، جەوێکی وا دروست بکات کە گونجاوو لەبار بێ.. کە سەربازەکە پێی دەڵـێ: تـۆ کوڕی بەفریت... تۆ کوێستانیت...

- ئەوە تانەم لێ دەدەی... بیر لە جگەرە دەکاتەوە...

ئەو قسانە لە مێشکی خۆی دێنێو دەبا، باڵ دەگـرێ بـۆ گڵـە زەردە... دیمـەنێکی تـرت دێتـە بەرچاو، ئاگرەکەی شێخو خۆشەویستیەکەی گەرمی دەکەنەوە.. هەسـت بـە گـەرمیکردن لـە نزیـك شێخەوە بێ... ئاگری شێخی گەورە نیشانەی ئەوەیە هیشتا شێخ بێدارە... هەردوو ئـاگر گـەرمایی دەدەن بەلەشی... لە چوونا سینگ و ڕووی گەرم بووەوە، لە گەڕانەوە پشتی گەرم دادەهـات... وردە وردە بیری ڕەقبوونەوە لە کەللە باری کرد... ئای کە لەم دوو ئـاگرەی کـە چـیرۆکنووس کردوویەتییـە پردی نێوان گڵەزەردەو جوامێر، کە چ جۆرە پێوەندییەکی دەروونی لەنیوان باری دەروونیی جـوامێری و ئەو شەوە سەختە دروست دەکات و، چ ورەو هێزو وزەیەکی پێ دەبەخشێ.

((لە دیوێکی تری دیمەنی گڵەزەردە کە شەوگار درەنگی کرد... دوو ئـاگری زیـاتر تـینو تاوی بە بەرا کردو دەروونی هێنایە جۆشو گەرم داهات...))... ((لەنێوان ئەو دوو ئـاگرەدا گڤەی ڕەشەبای سلێمانی بەسەر بەفردا هەڵ دەکاتو نەیدەتوانی پشتی لە زەوی بدا.

## شەخسیەتی جوامێر:

ئەو وێنەیەی کە چیرۆکنووس بۆ (جوامێر) ی کێشاوە، ڕەنگ و ڕوخساری دەرەوەو ناوەوەو شێوەی لەشو لاری باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، لەو ڕەگەزانەی هـەڵێنجاوە کـە ناتوانین بڵێین شەخسیەتێکی ڕاستەقینەیە، کـە شەخسـیەتێکی ئـاوا بـەو جـۆرە خاسـیەتانە هەبووەو ئەو وەسفەی کە چیرۆکنووس بۆی هەڵبژاردووە کتومـت لـەو دەکـات. شەخسـیەتی چیرۆکیش هیچ مەرج نییە بەوجۆرە چیرۆکنووس وێنەی دەکێشێ لە واقیعـدا هـەبێ... دوور نییە هەندێ لایەنی ئەو شەخسـیەتە هـەبووبێ، یـا ڕەنگـە لـە دوارۆژدا دەرکـەوێ. یـاخود چیرۆکنووس لایەك لە باری دەروونیی خۆی دەخاتە پاڵ شەخسیەتەکەو شەخسیەتی چیرۆکەکەی پێ ئاوێتە دەکات... کەواتە هەرچەندە بیرەوەریی چیرۆکەکە لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە، بـەلام شەخسیەتێکی هونەرییە نەك شەخسیەتێکی مێژوویی ڕاستەقینە... **محەمەد فەریق حەسـەن** وەك هونەرمەندێك چەند لایەنێکی نوێی خستووەتە سەر کە دوور نییە لە شەخسـیاتی تـرەوە وەرگیراوە، بەم شێوە توانیویەتی هونەرکاریی چیرۆکەکەی پێ مەیسەر بکات.

جوامێریش وەك شەخسیەتێکی چیرۆك ئامێز، بەهاونەریتو بیروڕای سەردەمی خۆی پێچەوانە دەکاتەوە و، لە ڕێگای هەڵسوکەوتو گفتوگۆو بیرکردنەوەو هەڵوێستی سەرنجمان ڕادەکێشێو هەستو هۆشمان دەجوولێنێ و، وامان لێ دەکات کە پێ بە پێ لە گەڵیدا بژین و وەك ئەو بیر بکەینەوە، بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەری گرفتەکەی کە تووشی هاتووەو گیری بە دەس خواردووە. لێرەدا پرسیارێ دەکەینو دەڵێین: ئاخۆ چیرۆکنووس توانیویەتی بە تەواوی لە جوامێر بگاتو بەناو دەروونیدا شۆڕبێتەوەو بە چاکی دەرك بە هەڵویستو ئەرکەکانی بکات کە لەهەموو بارودۆخێکدا دەتوانێ، جێبەجێیان بکات و، پەنجە بخاتە سەر حەزو ئارەزوو و، میزاجو ئاستی هەستو هۆشی جوامێر. بێ ئەوەی بە زۆرەملێ هەندێ لایەنی بخاتە پاڵو دەست بخاتە سەر ناوو هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی و مەودای بیرکردنەوەو جووڵاندنەوەی دیاری بکات. وەڵامان بۆ ئەو پرسیارە ئەمەیە چیرۆکنووس نەیویستووە شتێك بکات کە نیشانەی دەستتێوەردان و ڕێ لێ گرتنو کاری دەستکردی پێوە دیار بێ. بەڵکو توانیویەتی جیهانی ناوەوەی جوامێر دەربخاتو چۆنییەتی تەفاعولی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی تیا دەژیا شی بکاتەوە کە کاریان تێکردووە و، ئەو هۆیە سروشتی و کۆمەڵایەتی و پێوەندییە ویژدانییە ڕوون بکاتەوە کە بوونە مایەی جۆری کارو ڕەفتارو هەڵوێستەکەی و، بوونە پردێك بەرەو کەناری تەبیعەتی شەخسیەتی جوامێر... کە شەخسیەتێکی دەلالییە، بە پێی هەڵوێست و ڕووداو نەشونوما دەکات و، ڕەنگ و ڕوخساری ئاشکراو ڕوون دەبێ و، خوێنەریش حەز بە شەخسیەتێکی وەك جوامێر دەکات کە دەیەوێ بە تەواوەتی لە خاسیەتەکانی بگات، تەنانەت لایەنە نهێنییەکانیشی لا ئاشکرا بنو لە کرۆکی حەقیقەتەکەی بگات.

**دەوروبەر:**

کارێکی گەورە دەکاتە سەر شەخسیەتی جوامێر، کردەوەو هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی دەوروبەر، یاخود ژینگەن. مەبەست لە دەوروبەریش بارودۆخی شوێنو کاتی سەقامگیرو لە پرتاون کە لەناو چیرۆکەکەدا لەگەڵ ڕووداوەکان دەبنو پێوەندییەکی نەپچڕاویان پێوە دیارە.

محەمەد فەریق حەسەن هەر لە سەرەتاوە وەسفێکی شاعیرانەی دڵگیری هەست بزوێنی دەوروبەرێکی سروشتی دەکاتو بە کامیرای چاوی چیرۆك وەسفی گڵەزەردە و ڕێگاو بانو دارو بەردو باخ و ڕووبارو بەفرو تەبیعەتی خانوو و، فەسڵی زستانو کۆمەڵێك شتی تر دەکات، کە

خاسیەتەکانی ئەو جۆرە دەوروبەرە شاخاوی و شوێنە سەختو چاو ئەندازە ڕەنگینو دڵفڕێنانـە لە ڕووی ئاوو هەواو باری ڕۆشنبیرییەوە کارێکی گەورەی کردووەتە سـەر قـەوارەی جـوامێرو دەرخستنی ڕەوشتو خـوو و میزاجـی، هـەروەها دەوروبـەرە کۆمەڵایەتییەکـەی گڵـەزەردەو پێوەندی بە سلێمانییەوە و، بە گوندو شوێنەکانی تـرەوە، ئاسـتی ژیـانو داوونـەریتو بـاری کۆمـەڵایـەتیی کـوردەواری و بـاری خاسـیەتی سـایکۆلۆژی لـە چوارچـێوەی ئـەو سـەردەمە دەردەبڕێ، کە سەردەمی شێخی نەمرە، هەروەها وێنەی ئەو پێوەندییە ڕۆحییەمان بۆ دەکێشێ کە جوامێری بەشێخەوە بەستووە کە بە تەواوەتی ڕەفتارو کردەوەو لە ئەنجامدا چارەنووسەکەی دیاری دەکات. بۆ ئەوەی ئەم لایەنانە زیاتر ڕوون بکەینەوە چەند حاڵەتێك دەخەینە ڕوو:

((وڵاخی بەرز هەواو فیز بە سوار دەدات وەك ئەو بوغراییەی هەڵگرتنی چەكو لەخۆدانی ڕەزنە فیشەك دەیدات بە مرۆڤی جەنگاوەر... سوار بە تایبەت لە تـاوی غـاردا هەسـت بـە گەورەیی و بایی بوونێك دەکات کە پێشتر لە کەللـەی دانـاوە.. - ((کـورد ئـازان... ئـەوە دەترسی شێرکوڕ، ئێستا خۆت لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێدا دەبینی !

- ((ئێسـتا کـۆڕی شـێخ گەرمـە.. کـوڕ و کـاڵو دەم سـپیی ئـەو دەڤـەرە لـە دەوری کۆبوونەتەوە... ڕەنگە باسی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی نوێترین ڕووداویان بۆ بکات))

- ((تۆ ئێستا مێوانی من نیت. تۆ مێوانی بەریتانیای گـەورەی، بـەڵام لەسـەر خـاکی خۆت.))

- لەوە دەچێ ئەمشەو گڵەزەردە لەشار نزیك بووبێتـەوە... ئـەو لۆکسـەی لای خـواروو ماڵی خۆمانە.. ئێستا ئاگری داربەڕوو نێڵەنێڵێ دەسووتێ...

- بەڵام ناگاتە سبەینێ ڕەق دەبمەوە - نابینی بـەفر دەشـتو دەری داپۆشـیوە، نابیسـتی ڕەشەبا بەسەریا هەڵی کردووە.

((ئاگری لای کەوانە کۆربووەوە ! ((ناهەقی ناگرم شەوگار درەنگە)).

((ئەوە چیتە جوامێر؟ ! نابینی هێشتا ئاگری شێخ دەگرێ))

((لوورەی گورگێك تیکەڵ بە گڤەی ڕەشەباکە دەبێ)).

((ڕەشەباکە ورنگە نادات.. هەتا یێ ساردتری دەکات))،

((پێویستە تا خۆرکەوتن لە گەڕانو جموجۆڵ نەکەوم دەنا وەك تەختە سەهۆڵەکانی ژێر پێم ڕەق دەبمو گیانم لێ دەبڕێ... )).

- باشە ئەوە دنیایە، ئەگەر بە شکستی ئەم خێوەتگایەم بەجێ هێشت ((نا نـا.. مـردن

هەرچۆنێك بێ سروشتییە، بەڵام هەرەسهێنانە لە ئەزەڵەوە بە باڵای مرۆڤ نەبڕاوە.

- هیچ لەوە خۆشتر نیە بۆ پیاو، لەبەردەم خێزانەکەیدا وەك بوودەڵەیەك خۆی ببینێتەوە!!

ئەو هەموو تەداعیاتو تەوژمی هۆشە، ڕەنگدانەوەی کارتێکردنی دەوروبەرە بە هەموو جۆرەکانییەوە لە جوامێرو بە تەواوەتی لە لایەنی سایکۆلۆژی ئەو شەخسیەتەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی دەوروبەریش لە خاسیەتو مۆرکی چیرۆکدا، کە دەوروبەرێکی خۆماڵیی کوردەوارییە، لە ڕێگای وێنەگرتنو وەسفی دەوروبەری سروشتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی، ڕێ خۆشکەری لایەنی دەروونیو حاڵەتە نەفسییەکانی شەخسیەتەکە دەردەبڕنو مۆرکی ڕەسەنایەتی و سەرکەوتنی چیرۆکەکە بەخۆوە دەگرن.. هیچ چیرۆکنووسێکیش نابێتە نووسەرێکی ڕەسەنو بەرهەمەکەی نابێتە جیهانی، ئەگەر هاتوو لە سەرچاوەکەوە دەستی پێ نەکردو بە ڕاستگۆیی و سەرپاکی، واقیعی دەوروبەری بەرجەستە نەکرد. چیرۆکنووس ئەو چیرۆکنووسەیە کە زیرەکانە شەخسیەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە بە ژینگەوە دەبەستێتەوە، نەك بە شێوەیەکی ڕووکەش و ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕێگای گوزارشتکردن لە باری دەروونی و شیکردنەوەی هەڵوێستو وەسفێکی شاعیرانە و، دەرخستنی جۆری پێوەندی و داوونەریتو کار و ڕەفتارەوە. کەواتە ئەو دەوروبەرەی کە چیرۆکنووس بۆی کێشاوین، لە گۆشەنیگای خۆیەوە، وێنەیەکی ڕاست و ڕەوانی سروشتو کۆمەڵی کوردەوارییە لە چوارچێوەی چیرۆکەکەدا. کە بەڕاستی و دروستی توانیویەتی بەشێوەیەکی کارامەو داهێنەرانە بە قەڵەمە ڕەنگینەکەی وێنەی بکێشێو لە ئەنجامی جووڵانو بزووتنەوەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارو هەڵوێستی جوامێرەوە ئەوانەی پێوەندییان بەوەوە هەیە بکێشێو بەشێوەیەکی واقیعییانە بەرجەستەیان بکات، بێ ئەوەی ڕەنگی دەستکردی پێوە دیاربێ. ئا لێرەدا ڕاستگۆیی هونەری و ڕەسەنایەتی خۆیان دەسەپێنن و، ڕەوتی نوێکاری و گیانی سەردەمو هاوچەرخانە خۆیان دەنوێنن، بەم کارە چیرۆکنووس دەبێتە مایەو نیشانەی پێ سەرسامبوونی خوێنەر.

## زمانی دارشتنی چیرۆکەکە:

زمانی چیرۆکەکە بریتییە لە گێڕانەوەو ئاخاوتن. گێڕانەوەکە لە شێوەی وەسفێکی شاعیرانە خۆی دەنوێنێ، زمانێکی سفتو سۆو بێ گرێو گاڵ دوور لە هونەری جوانناسی ئارایشکردن و ڕازاندنەوەی وشەسازی. چیرۆکەکە بە گشتی مۆرکی شیعر ئامێزیی بەخۆوە گرتووە. چیرۆکنووس زیاتر گوزارشت لەباری هەستکاریی جوامێر دەکات کە شەخسیەتی تەوەریی چیرۆکەکەیە.

هەرچەندە سەرچاوەی چیرۆکەکە لە فۆلکلۆرەوەیە، بەڵام ئەم چیرۆکە بایەخ بە بەهاو بیروڕای تاقیکردنەوەی سەردەمێك دەدات کە گیانی ئەمڕۆو سبەینێی دەگرێتەبەر. چیرۆکەکە دەچێتە ڕیزی چیرۆکێکی کەلەپووری وەك کەلەپوور ((تراپ)) بەشێوە لاساییکەرەوە ئاساییەکەی نا، بەڵکو بە مۆرك‌و شەقڵە هونەرییەکەیەوە کە زیاتر بایەخ بە تاقیکردنەوەی زیندوو دەدات و، گوزارشت لە نرخ‌و بەهای پتەوی قۆناغێکی گرنگ لە ژیانی گەلەکەمان دەکات.

وەکو وتمان ڕووداوو هەڵوێستەکان لە دوو ڕێوە سەردەکەون و، دەست دەکەن بە جووڵەو نەشونوماکردن، لە ڕێگای گێڕانەوەی وەسفێکی شاعیرانەی زمانێکی ناسك، کە هەر لە سەرەتاوە زمانەکە خوێنەر بکێش دەکات‌و لە گەڵیدا دەژیت. زمانی چیرۆکیش چەند خاسیەتێکی هونەری بەخۆوە دەگرێ، کە دەبنە هۆیەکی گرنگ بۆ بزووتنەوەو نەشونوماکردنی ڕووداوەکان، ئەگەر زمانەکە سفتو سۆو کاریگەرو ورووژێن بێ، ئەوە مانای ئەوەیە ڕێگا بۆ خوێنەر خۆش دەکات کە بە تاسەوە لەگەڵ چیرۆکەکەدا بژی.

ئەو ڕووداوانەی کە چیرۆکنووس نیشانی داون پێوەندییان بە جوامێرو ئەفسەرەکەو سەربازەکانەوە هەیە، بەشێوەیەکی خەست‌و خۆڵ و، بەشێوازێك دەیانگێڕێتەوە تیایانا لایەنی دەوروبەرو ژینگەو باری سایکۆلۆژی و کەسەکان تێدا بەدی دەکرێن، وێرای وێنەکانیشی ڕەنگ و ڕوخساری شەخسیەتەکان‌و جۆری ململانێیان، کە لە ئەنجامدا ڕێگا خۆش دەکەن بۆ جووڵانی ڕووداوەکان ڕوونکردنەوەی تەعبیرکردنیان لە هەڵوێست‌و کار و ڕەفتاریان.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چیرۆکنووس لە وێنەکێشانی هەست‌و نەستی جوامێرو کەسانی تر ڕێگای شیکردنەوە دەگرێتە بەرو نابێتە دەمڕاستی ئەوان، بەمەوە گوزارشت لە ئاستی هۆش‌و تێگەیشتن‌و ئاستی بیرکردنەوەیان دەکات.

لە ڕووی ئاخاوتنیشەوە، چیرۆکنووس زیاتر پەنای بردووەتە بەر مەنەلۆژیی ناوەوە، نەك

دایەلۆگ، واتە زۆر کەم ڕووی کردووەتە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ... دایەلۆژو مەنەلۆژەکە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە جوامێرو کەسانی ترەوە هەیە، پلەی ڕۆشنبیری و واقیعی کۆمەڵایەتییان دەردەخەن، بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە، لە دەمو دەروونی جوامێرو ئەفسەرەکەو سەربازەکانەوە دەردەچن و، ئاستی بیرکردنەوەو ئەرکی سەرشانیانو واقیعی ژیانیان دەردەخەن.

گرنگترین خاسیەت لە جۆری دەربڕینو زمانەکەدا چۆنییەتیی ڕێگا خۆشکردنی سەرهەڵدانی مەنەلۆژەکەیە، کە لە ئەنجامی سەرهەڵدانو نەشونوماکردنی هەڵوێست و ڕووداوەکانەوە سازبووە، نەك بە دەستی ئەنقەست، بێ ڕەخساندنی جەوێکی تایبەت کە ڕێگای بۆ خۆش بکات.

زمانی دایەلۆژو مەنەلۆژەکە ڕوونو پاراو و ڕەوانە. زمانێکی شیعر ئامێزە. با چەند نموونەیەك لەو دەربڕینە ناسكو تەڕ و پاراوە بهێنینەوە:

### شێوازی شاعیرانە:

((گڵەزەردە، بە تارای سپی بەفرێوە.. بە باخی هەنارێوە، بە گوێرەی گڤنەسەرو کۆرپە دەوەنەکانێوە، تازە بووکێکە لە دوورەوە دووگمەی سینەی بۆ دەستو پەنجەی بزێوی کوڕی سلێمانی ترازاندووە)).

### شێوازی بەرجەستەکردنو تەشخیص:

((ماینەکوێت چەند جارێ دەستەکانی خستە ناو ئاوەکەوەو گەڕایەوە، پرمەیەکی لێوە دەهاتو سەری ڕادەوەشاند، تانجەڕۆی لیلٚ بە خورەو شەپۆلەکانیوە وەك مرۆڤێکی ڕووگرژ دەرکەوت.

### وەسفی هەستکاری:

نەیدەزانی چۆن بەرەو ڕووی یتەوە؟ ئەم شەوە لەگەلٚ تاوی غاردا ماینەکوێت وەك کامیرایەکی سینەمایی لەسەرخۆ شاری سلێمانی دەهێنایە پێشەوە گوزارشت لە دەوروبەرو لایەنی ئاووهەواکەش. کەژ زستانو بەهار:

ئەو ڕۆژە سەهۆلٚەکە دەشکێ لە گلٚەزەردە یەکەم ڕۆژی بەهارە.

### شیکردنەوەی باری دەروونی و دەستنیشانکردنی حالٚەتی سایکۆلۆژیی تایبەت:

((ولاٚخی بەرزە هەوا فیز بەسوار دەدات...

((هەندێ جاران خەیالاٚتی لەو جۆرە بە سوار دەبەخشێ کە مەی بۆ مەستی دێنێ.

### پەنا بردنە بەر ئەفسانە:

((ئەم تەمە شین باوە خۆری چێشتەنگاوی بەرنەکەوێ پەرت نابێ... ڕەنگە ئاه و هەناسەی خەلٚکی بێو نەگاتە تەختی پەروەردگار، بۆیە سبەینێ، بەیانی هەمدیس بەرز دەبێتەوە... تاشە بەردە زەبەلاحەکەی کە لەوەتی بیری کردووەتەوە بە تەمایە ها ئێستا، ها تاوێکی دی بەسەریدا هەرەس بێنێ، کەچی نووکە دەرزییەك لەجێی خۆی نەجوولاٚوە)).

### شێوازی خەستکردنەوەو چڕکردنەوەی زمان:

هەرچەندە چیرۆکنووس لە هەندێ شوێنی چیرۆکەکەدا لە وەسفی دەوروبەر، شێوازێکی درێژ دادڕی دەگرێتە بەر، بەلاٚم ئەم درێژدادڕینە ئەوەندە پڕ لە جوولٚەو ورووژاندنو زیندەگییە، هەرگیز هەست بە پەستی و بێزاری ناکەیت، بەلٚکو بێ ئەوەی خۆشت هەستی پێ بکەیت دەکەویتە باوەشی گەرموگوڕی گێڕانەوەکەو بست بە بست لەگەلٚ چیرۆکنووسدا بەناو

دیمەنەکاندا دەگەڕێی‌و چاوو دڵو دەروونت پڕ دەبن لە وەسفەکە... سروشتی گێڕانەوەکەش ئەم جۆرە شێوازە دەسەپێنێ‌و پێویستی پێ دەکات. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە نووسەر دەسەڵاتی بەسەر چڕوپڕیدا نەشکاوە، بەڵکو لە هەندێ شوێنا شێوازی ورووژاندن‌و نامۆیی پێڕەو دەکات، کە خوێنەر خۆی هەندێ لە هەڵوێست و ڕووداوەکە هەڵکرێنێ، کە نووسەر نەیویستووە باسی بکات بۆ نموونە:

((ئەفسەرەکە لە گوماندا بوو، دەستێکی بە زەنگی سەر مێزەکە دانا، پاسەوانێك خۆی بە ژووردا کردو سڵاوێکی سەربازیی داکوتا..

کابرای ئەفسەر بە گوێیدا چرپاندو جوامێری بەرەو ڕووی کردەوە)).

دوا وتەم بەرامبەر ئەو چیرۆکە ئەوەیە هەرچەندە من لە شوێنی ڕووداودا لە چەند ڕەگەزێك دوام، لێرەدا حەزدەکەم سەرنجێك دەربڕم وەك سووکە ڕەخنەییێك لە شێوەی کۆتاییەکە، ئەو سەرنجەش لە هێزو پێزی توندوتۆڵی بیناسازیی چیرۆکەکە کەم ناکاتەوەو دەڵێم: کە (جوامێر) لە ئەزموونە ترسناك‌و سەختەکەدا سەرکەوتنی وەدی هێناو سەربەرزانە لێی دەربازبوو، کۆتایی چیرۆکەکە بەم وتەیەی پاسەوانەکە دێ کە پێی وت: ((تۆ ئێستا ئازادی... وڵاخەکەشت ئامادەیە)) بۆیە ئەو دایەلۆگەی کە بەدوای قسەی پاسەوانەکەوە دێ بەلای منەوە زیادەو پێویستی بە بوونی ناکات‌و ئەو دایەلۆگەی جوامێر شێوەیەکی وەعزی دروشمکاری بە کۆتاییەکە دەبەخشێ کۆتاییش دەورێکی زۆر گەورەیە میسرییەکان، هیندی و چینی و یابانی و هێندێ وڵاتانی خۆرەڵاتی ناوەڕاستیش ژیارو مێژووی خۆیان نەخشاندووە بەم هونەرە بەرزە. بێگومان مێژووی هونەری ئەو نەتەوەو گەلانەیش بەڵگەیەکن بۆ سەلماندن و ڕاستیی ئەم لایەنە. ئەوەی سەلمێنراوە کە لە هونەری مۆسیقادا ئەوەیە کە لایەکی زۆر گرنگی گرتووە لە پێداویستییە بژێوەکانی هونەری شانۆییدا.

جا کاتێك لەسەر بابەتێکی مۆسیقا دەدوێین وەك مۆسیقایەکی شانۆیی... دەبێت ئەوە بزانین کە بیرکردنەوەو بەکارهێنانی جیاوازە لەوەی کە تەنیا پارچە مۆسیقایەك بێت‌و بەس کە هەر بۆ گوێ لێگرتن بێت، بەڵکو زۆر لایەن هەیە دەبێت بۆی ڕەچاو بکرێت.

لێرەدا هەندێك ڕا دەخەمەڕوو کە هەمووی بۆچوونە لەو بەکارهێنانە هونەرییانەدا:

هەندێك دەڵێن مەرج نییە هەموو شانۆگەرییەك مۆسیقاکاریی تێدا بکرێت، واتە دەقی شانۆگەریی وا هەیە پێویستی بە مۆسیقا هەیەو دەقی وەهایش هەیە پێویست ناکا بە بەکارهێنانی، بە تایبەتی ئەو شانۆگەرییانەی کە پلەی یەکەم‌و سەرەکی دواندن

حسخرذچفأ کارێکی گرنگ دەگێڕێت، هیچ ماوە نادات بە مۆسیقا کە تیایـا دەرکـەوێت، هەر ڕەنگ بێت ئەو بابەتە شانۆییانەی کە بەو چەشنە دەنووسرێن پێویسـتییان بـە مۆسـیقا نەبێت، بگرە هیچ لایەکیش بۆی کەمو زیاد ناکات.

بەڵام... هەندێ شـانۆگەریی تـر هـەن مۆسـیقا نۆرەیـەکی زۆر کاریگـەرو باڵایـان تیـا دەگێڕێتو ئاستی هونەرییان دەگەیێنێتە ئەوپەڕی سەرکەوتن. وەك شـانۆگەرییە کۆمێـدی و مێژووییەکان، ئۆپەرێتو ئۆپێرا. خۆ ئەگەر بێتو هەر لەم شێوانەدا چەوتانە بـەکاربهێنرێت ئەوا ئەو شانۆگەرییانە لە ئاستی زۆر نزم دەکاتەوە، بگـرە ئەوەنـدەی تـر دەیبـات بـە نـاخی زەویدا.

هەندێ ڕای تر دەڵێن... مۆسیقای شانۆیی هـەر زۆر پێویسـت و ڕەوایـە، بـەڵام دەبێـت بەکارهێنانی و دانانی بزانرێت چۆنە، مەبەستمان لەمەدا ئەوەیە کە ئەم جۆرە مۆسیقایانە لـە ئەنجامی تێگەیشـتن و ڕێککـەوتنی دەرهێنـەری شـانۆگەرو دانـەری مۆسـیقا دێتـە بەرهـەم ئەوکاتەش بەپێی پێویستی ئەو هەڵوێستو دیمەنانـەی کـە لـە شـانۆگەرییەکەدا دەستنیشـان دەکرێن... بەکاردەهێنرێت بۆ بەهێزکردنی هەندێ لەو دیمەنانە.

هەندێکی تر دەڵێن. هەموو شانۆگەرییەك سەرەتاو کۆتاییی هەیەو جگە لەو بەشانەی کە ناوەڕۆکی پێك هێناوە، جا دەشێت مۆسیقایەك وەك دەربڕین دابنرێت لەو لایەنانەی کە هـەن، وەك کورتەیەك لەو ڕووداوانەی کە لە سەرەتاوە پیشـان دەدرێـت، هـەر لـە هـەمان کاتیشـدا سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ناوەڕۆکی بەشەکانی تر، ئەو بەشانەی کە پێویستی بە مۆسیقا هەیە تاکو بزێوییەکی تیا پەیدا بکاتو هەست بە کزی و لاوازی و ئەو هەڵوێستو دیمەنە نـەکرێت. بەم جۆرە مۆسیقایەیش پێی دەوترێت سەرەتا . Overture

بەڵام ڕایەك کە لە هەموویان پەسەندترو گونجاوترو بەجێترە.. ئەوەیە کە دەبێت مۆسیقای شانۆیی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی نێوان دەرهێنـەرو دانـەری مۆسـیقا پەیـدا ببێـت، چـونکە دەرهێنەر کلیلی بینایی هونەرییە بۆ لێکدانەوەی دەقی شانۆگەری و شێوەی سەروکاری لەسەر شانۆ چ لە ڕووی هونەرییەوە چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە. بۆیە پێویستە هەردوو ئەم لایەنـە پێـك بێن و ڕێککەون لەسەر ئەو لێکدانەوە تاکو بگەینە ئەوەی کە چ جۆرو چەشنە مۆسیقایەکی بۆ دەگونجێت؟! چ جۆرە تەکنیكو واڵاکارییەکی بۆ دەشێت تاکو بۆی بەکاربهێنرێت؟ چونکە هـەر بەکارهێنانێك بەراوردی خۆی دامەزرێنێتو لەوانەیشە لـە بەشـەکانی تـری شـانۆگەرییەکەدا دووپات نەبێتەوە. بێگومـان ئەم جۆرە کارە بزێوییێکی تەواو دەخاتە ڕووداوەکـان کـە بـەدوای

یەکدا دێن لەو بەرهەمەدا، هەندێکی تر دەڵـێن... دەرهێنـەر هـەر بۆخـۆی لێپرسـراوە لـە بەکارهێنانی مۆسیقا لە شانۆگەرییەکەدا، واتە دانەری مۆسیقا تەنها کاری دانانی مۆسیقایەو بەس بۆ ئەو شانۆگەرییە لەگەڵ هەندێ، ڕەچاوکردنی دینامیکی دانانو دەربـڕین. هەنـدێکی تر لەو ڕایانە دەڵێن. لەو ناوچەو وڵاتانەی کە ئابوورییـان کـزەو ئاسـتی ژیـان گوزەرانـدنیان نزمە، دەشێ پەنا ببرێتە مۆسیقای جیهانی واتە سەمفۆنیاو سوناتاو کۆنسەرتۆ... هتـد، یـا هەر پارچـەیەك مۆسـیقایەك ئامادەبێـتو لـەو بـوارەدا یارمـەتییان بـدات بـۆ بـەڕێکردنو گەڵاڵەکردنی کـارە هونەرییـەکان. ئەمـەیش پـاش بیسـتنی ئـەو مۆسـیقایەو دیـاریکردنی نیشتمانیان نیشان دەدات کە کەوتوونەتە ناو کۆمەڵێك ناکۆکی، نەك تـەنیا لـە ڕووداوێکـدا، بەڵکو لە دروستبوونی چەند حاڵەتێکی هەمەلایی تێك ئاڵاوی نـاو یـەك، بـەڵام ئـەم جـۆرە چوونە ناو یەکەو تێکئاڵانەو هەمەلاییە بارگرانییەك ناخاتـە سـەر شـێوازی زمانەکـە، کـە مۆركو شەقڵی دەربڕینەکە بگۆڕن، وەك دەبینین زۆر هێمنو لەسەرخۆیەو دوورە لە هەڵچوونو سەرکێشی و پێ لێ هەڵبڕینو کاری ساویلکەو ناژیرانە... بە هیچ کلۆجێ هەست ناکەین کە چیرۆکنووس دەست دەخاتە ناو ڕەوتی ڕەوانی چیرۆکەکە، کە بە دەستی ئەنقەست هەندێ شـتی بەسەرا بسەپێنێ، یاخود بە دەمییەوە ببەستێ، یا جڵەوی بیرکردنەوەی بگرێتە دەست خۆی.

وەك لـە دەسـت پێکردنـی سـەرەتاکەدا، چـیرۆکنووس گـرەوی هونـەرکاری و وەسـتاییی بردووەتەوە، هەتا دەگاتە کۆتاییی چیرۆکەکە، توانیویەتی لەنگەری ئیقاعەکەی ڕابگـرێو بـە زۆرەملـێ شـتێکی وا نـەکات هارمۆنیەتەکـەی ناسـاز بکـات... لـە کۆتاییەکەشـی دا سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێناوە، لە لایەك ساویلکەیی و سـاکاریی هـەردوو دایکەکـەی دەرخستووە، لە لایەکی تریشەوە ئەو وەڵامە گورجوگۆڵە، لەجێیەی کچەکە بەرامبـەر دایکـی ئەندازیارەکە داویەتییەوە کۆتاییەکەی بەرەو ورووژاندنو سەرنجڕاکێشانی خوێنەر دەبات، نـەك کۆتاییەکەی شـێوەیەکی چـیرۆکی پۆلیسـی وەربگـرێ کـە خوێنـەر بـەر لـە گەیشـتنی بـە کۆتاییەکەی ئەنجامەکەی لا دیارە. ئەم کۆتاییە چاوەڕوانکراوەی کچەکە لە چیرۆکەکەدا کە شەخسیەتی سەرەکیی چیرۆکەکەیە، لە دڵو دەروونی خوێنەردا ترپەیەکی تایبەتی دەبێو لـەو لەقتە کورتە برووسکەییەدا هەموو بوونو شەخسییەتو لافو گەزافو قـەوارەی ئەنـدازیارو دایکەکەی وەك (کن فیکون)ێك هەڵدەتەکێنێ.. کۆتاییی چیرۆك ئەو جۆرە ساتانەی گەرەکە، کە ساتی تەقینەوەی چاوەڕوان نەکراوەو شێوەیەکی پڕ لە دینامیکی دەگرێتە ئـامێز، کـە لـە ڕاستیدا هێزو پێزو تەکانێکی ئەوتۆ بە چیرۆکەکە دەبەخشێ کـە لـە بەرژەوەنـدیی بنیاتنـانی

چیرۆکەکەدا بیٚو ئەم چیرۆکەش کە لەناو چیرۆکی ڕەسەنی ئەمڕۆماندا شوێنی دیار بیٚو چیرۆکنووسێکی تری بە تواناو خامە ڕەنگین بێتە ڕیزی چیرۆکنووسە دیارو سەرکەوتووەکانمان

## گوڵەو برایمۆك- ی محەمەد ڕەشید فەتاح:

بیری چیرۆکەکە وەك چیرۆکنووس ئاماژەی بۆ کردووە لە ئەفسانەیەکی فۆلکلۆرییەوە وەرگیراوە. بریتییە لە گیان بەخشینی برایمۆکی عاشق لە پێناوی کانییەکەدا کە سەرچاوەی ژیانی گوندەکەیە. بەکارهێنانو تەوزیفکردنی ئەفسانە ئەوەندە کارێکی سووكو سانا نییە کە هەموو نووسەریٚ بتوانیٚ پەی پیٚ ببات‌و تیایا سەربکەویٚ... بیری چیرۆکەکە وەك ڕەمزێك کە عاشقی کانییەکەو گوڵە، ململانێی نێوان دووهێزی ناکۆك وەك ناوەڕۆکی چیرۆکەکە کارێکی بەسەندو ماقووڵە و، بابەتە ئەفسانەکە لە مۆرکی میسۆلۆژیدا دەردەکات‌و بەرەو واقیعێکی ڕەمزیی دەبات. بەڵام لێرەدا بۆم هەیە بپرسم چۆن سەگ‌و گورگ وەك دوو جەمسەری دژ بەیەك لە پێناو مەبەستێکی ئاوا ناهەموارو گلاٚودا یەك دەگرن‌و پەلاماری ئەو عاشقە ڕەمزە دەدەن کە هەموو شەوکانییەکە دەپاریٚزیٚ. سەگ نیشانەی وەفاو نمەك‌و ئەمەکدارییە. گورگیش دوژمنی خوێنینی ئادەمیزادە.. یا ئەفسانەکەش بەم شێوە بووبیٚ ((ئاوی کانییەکە بە دەم سەگ‌و گورگ پیس نابیٚ... چۆن سەگ‌و گورگ پێکەوە پەلاماری برایمۆکیان دا و خوێنیان ڕشت ((خوێنە گەش‌و ئاڵەکەشی تێکەڵ بە ئاوە ڕوونەکە بووبوو، بەجەستە خوێناوییەکەشییەوە جیٚ قەپاڵی سەگ‌و گورگ نەدەبینرا)).

هیچ مەرج نییە دەقاودەق وەك خۆی چۆنە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئاشکراشە ئەفسانە ئەوکاتە خۆی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنیٚ کە سروشت دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤدا هەبیٚ، کاتیٚ مرۆڤیش خۆی بەسەر سروشتدا دەسەپێنیٚ، ئەو حەلە ئەفسانە دەوری نامێنیٚ..

لەو چیرۆکەدا یەکەم ڕەمزی شەهیدبوونی و شەهادەی، دێیەکە برایمۆکی عاشقی کانییەکەو گوڵەیە. خوێنەکەی برایمۆکیش شۆڕشێك لە دڵو دەروونی لاوو هەرزەکارانی دێیەکە بەرپا دەکات، کە هەریەك لەوانە برایمۆکێك بیٚ پارێزگاری لەو کانییە بکات کە مایەی ژیانی خەڵکەکەیە.

ئەم جۆرە کۆتاییەی چیرۆکەکە هەرچەندە شێوەی ڕاستەوخۆو خیتابی بەخۆوە دەگریٚ، بەڵام وەك بەردەوامبوونی ململانێیەکە و ڕەمزی بەرگریکردن ئەنجامێکی باشە، هەرچەند من لەگەڵ ئەو جۆرە شێوازە دروشم کارییەدا نیم، چیرۆکنووس بۆی هەیە، تەکنیکی نویٚ بەکاربێنیٚ، بیٚ ئەوەی بکەوێتە ناو ئەو جۆرە دایەلۆگە ڕاستەوخۆیانە.

چیرۆکنووس له قالّبێکی گێڕانەوەو وەسفدا چیرۆکەکەی مەیسەر کـردووە، خوێنـەر زیـاتر هەست بەدیوی دەرەوەی واقیع دەکات. ڕووداوێکی درامی تێیـدا بـەدی نـاکرێ... وەسـفی دەرەوەی برایمۆكو دیمەنەکانو خەڵکی دێیەکە ڕاستەوخۆیە... چیرۆکنووس له مەسەلەی تەون، یاخود چنین (حبكة) ی چیرۆکەکە وەك سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی، ئەوەندە توندوتۆڵ نییە کە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی نەشونما بکەنو پـەیتا پـەیتا بگـۆڕێن، کـە هەنـدێکیان بێتـە هـۆی ڕوودانی هەندێکی تر، ئەوسا بەرەو کۆتاییەکە بچن، تەنانەت شێوازی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە وێنەکێشانی کەسانی چیرۆکەکەدا لەناوەوە وێنەیان دەکێشری و لـە ڕووی دەروونییـەوە شەخسیەتەکەیان دەردەخرێ، واتە لەرێگای تەوژمی هۆشدا. ئەم حاڵەتەش زۆر بە کزی بەدی دەکەین، کە چیرۆکەکە پەنا دەباتە بەر مەنەلۆژیی ناوەوە، پێویست بەو درێژەدادڕینو هەنـدێ ڕوونکردنەوە ناکات، چونکە لای خوێنەری زیرەك ئاشکرایەو ئەم جۆرە شێوازەی ڕەوتی ڕەوانی چیرۆكو تەداعیاتەکەی خەفە دەکات، بۆ نموونە:

((گوڵە - قسەی برایمۆك بوو، خۆت وتەنی برایمۆکی فریشتە، ئەی ئەوانـەی کـە عاشـقی کانییەکەن فریشتە نین؟ ئەوانـەش کـە باوەڕیـان وانییـە، بـەلای تـۆوە شـەیتانن... کەواتـە ململانێیەکە لەنێوان فریشتەو شەیتاندایە !...

شەیتانیش تا سەر نەیتوانیوە پشتی فریشتەکان لە زەوی بدات...

چیرۆکنووس بۆی نییە ببێتە دەمڕاستی کەسانی چیرۆكو دەست بخاتە ناو بیرکردنەوەو کارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان شەخسیەتی گوڵەو برایمۆك شەخسیەتێکی واقیعی مێژوویی نین، بەڵکو لای چیرۆکنووس شەخسیەتێکی واقیعین لە قالّبێکی هونەریدا، کە چیرۆکنووس مەبەستییەتی چەند لایەنێکی تریان بخاتە پاڵ کە لەوانەیە لە چەند شەخسیەتێکی ترەوە وەرگیرابن لەبەر ئەوە دەبێ زمانی چیرۆك خاسیەتەکانی هونەرکاریی پێـوە دیـاربێ، کـە ببێتـە پردێـك بـۆ ڕەوتـی ڕووداوەکان و، دیاریکردنی هەڵوێستی کەسانی چیرۆکەکە. لێرەدا دەپرسین کە برایمۆك خەڵکی گوندەکە نەبێ، کەواتە دروستکردنی شەخسیەتێکی وەك برایمۆك وەك ڕەمزێـك بـۆ پاراسـتنی کانییەکەو خۆ بە کوشتدانی لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا، دەبوایە لەناو جەرگەی گوندەکـە هەڵقوڵێبا و، چیرۆکنووس لەشێوەی ئەفسانەییەکە دابڕیبا، هـەروەها کـە برایمـۆك لای کـچو کوڕانی دێیەکە دەبێتە ڕەمزی ئازایەتی و لەخۆبووردن، دەبووایە لەسەر خواستی گوڵە لە تەك کانییەکەوە بنێژرابا، وەك ڕەمزێکـی نەپچـڕاوی نێـوان کانییەکـەو برایمـۆك. تەنانـەت دوای مردنیشی، تا بێتە جێ نزرگەی خەڵکی دێیەکە لە پێناوی ئەوانـدا سـەری نایـەوە، نـەك لـە

گۆڕستانێکی ئاسایی ئاواییەکە، کە وەك هەر کەسێکی تر سەیر بکرێ، ئەو حەلە ڕەمزەکە دیوێکی تری وەردەگرت، لەدوای شەهیدبوونی برایمۆك هەر لەبەر چاوەو لە دڵو دەروونیدا دەژی و هەرکەسێ لە ئاوی کانییەکە دەخواتەوە برایمۆکی بیر دەکەوێتەوە، یاخود پرسیار لە سەرگوزشتەکەی دەکات، ئەمە لە لایێ، خۆ ئەگەر برایمۆکی عاشقی کانییەکەیەو مرۆڤی ئازاو جەربەزەی لەخۆبردوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان بە گوێی کوڵەی چپاندباو گورگ خوێنی منیان ڕشت وەسیەت بێ لە تەك کانییەکەیدا بمنێژن تا لە گۆڕیشدا لێوەی نزیك بم، ئەو حەلە ڕەمزو وەفاو دەلالەتی عیشقو خۆشەویستیی ئاوو خاك بەهێزترو کاریگەرتر دەبوو.

ئەم چیرۆکەی محەمەد ڕەشید فەتاح کە کەرەستە خاوەکەی ئەفسانەیەکی فۆلکلۆریی کوردییە، لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە چیرۆکنووس دای ڕشتووە، چیرۆکنووس دەتوانێ جارێکی تر بە وردی پێیدا بچێتەوەو بیکاتە هەوێنی ڕۆمانێکی باش کە سوودێکی تەواو لە مۆرکە میسۆلۆژییەکە وەربگرێ و، بازنەی ڕووداوەکانو کەسانی چیرۆکەکەو دەوروبەری گوندەکە فراوانتر بکات و، لە قالبێکی هونەرکاریدا دای ڕێژێتەوە، هەر چۆنێ بێ، ئەگەر چاو لە هەندێ کەموکوڕی هونەرکاریی چیرۆکەکە بپۆشن، ئەوە دەگەینە ئەو قەناعەتە کە چیرۆکنووس تا ڕادەیێ توانیویەتی فۆلکلۆرەکە زیرەکانە تەوزیف بکاتو سەرکەوتن وەدی بێنێ.

## دیدەنی- ی مستەفا ساڵح کەریم:

چیرۆکێکی (مستەفا ساڵح کەریم)ە، ڕووتکردنەوە و ڕیسواکردنی مرۆڤێکەو نارەزایی دەربڕینە بەرامبەری، کە پایەو سامانو هەموو هەڵویستی پێشوویی و مێژوویی ڕابوردووی دەشێوێنن و، هەرچی نمەكو وەفاداری هەیە دەسڕێنەوە.. وێنەکێشانی ئەو جۆرە نموونانەی ناو کۆمەڵ و ڕیسواکردنیان وەزیفەی چیرۆکنووسەو (مستەفا)ش وەك چیرۆکنووسێکی واقیعی ئەم ئەرکە بەجێ دێنێو لە چیرۆکی (دیدەنی) دا هەڵوێستەکەی فوئاد بەگ ساغ دەکاتەوەو سارتەریش وتەنی: ((مرۆڤ هەڵوێستە)).

چیرۆکنووس وەك شێوازی واقیعییەتی نوێ هەر لەگەڵ دەست پێکردنی چیرۆکەکە لەقتەیەکی کۆتایی چیرۆکەکەمان وەك لەقتەیەکی سینەمایی نیشان دەداتو بەم لەقتەیە ((دڵنیام کە نانو نمەکی لەبەرچاوە)) خوێنەر دەورووژێنێ، کە خۆی بخاتە باوەشی چیرۆکەکە، ڕەوتی چیرۆکەکە بکێشی دەکات بەرەو ڕووداوەکانو لێکبەستنیانو داڕشتنی چنینو تەونی چیرۆکەکە، ئەم جۆرە شێوازەش لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێدا ئەمڕۆ چیرۆکنووسی

سەرکەوتوو پێڕەوی دەکەن. بۆ نموونە جەنگیز ئیتماتۆف لە ((جەمیلە))دا.

هەرچەندە ئەم فلاشباکەی چیرۆکنووس وەك ئیحایەکی دەروونی و خودی و لە کۆتاییەکەدا بە پێچەوانەوە دەشکێتەوە، بەڵام وەك هونەری (تەکنیك) ی نویٰ وا لە خوێنەر دەکات کە بەدوای ئەنجامەکەیدا بگەڕێ.

پاڵەوانی چیرۆکەکە مرۆڤێکی واقیعییە، چیرۆکنووس بەجۆرێ وێنەی بۆ کێشاوین کە هەندێ لایەنی شەخسیەتی خۆی خستووەتە پاڵ و گوزارشت لە واقیعێك دەکات کە چیرۆکنووس و کەسانی وەك ئەو، ئەو جۆرە موعانات و ئەشکەنجەیان چەشتووە کە بۆ ناو چوارچێوەی دەوروبەری ناوچەکەدا تووڕ درابوون. هەر ئەو بارودۆخەی شوێن و کاتە ناهەموارەی دەوروبەرەکەن کە پاڵەوانی چیرۆکەکە ناچار دەکەن کە جۆرە ڕەفتار و هەڵوێستێك بنوێنێ کە لەوانەشە - هەرواشە - لە دڵەوە حەزیان پێ نەکات، بەڵام ئەو لایەنە سایکۆلۆژییەی بەدەم بیرکردنەوەو لێکدانەوەی چوونی بۆ لای فوئاد بەگ و وێنەکێشانی دیمەنی دیدەنییەکە پێش چوونی پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ئەنجامی واقیعی دەوروبەرە نوێیەکە سازبووە، کە حاڵەتی دەروونیی تایبەتی لێوە سەری هەڵداوە. ئەم جۆرە دەوروبەرەی چیرۆکەکە وەك چیرۆکنووس وێنەی بۆ کێشاوین، کە لە بازنەی ژیانی پڕ لە موعاناتی ساڵێکی ڕەبەقدا لە بیاباندا چەسپ بووە، بە هەموو ڕووو لایەنەکانییەوە، وێنەیەکی سەر ڕاستی واقیعە ناڵەبارەکەیە کە نەك پاڵەوانی چیرۆکەکە بە تەنیا گرفتار بووە، بەڵکو کەسانی تریش، کە ئاووهەواکەی لەگەڵ باری تەندروستی و ژیانی تایبەتییان ناڵوێ. کەواتە لە وێنەکێشانی دەوروبەری نارەزایی دەربڕینی کەسانی ناو چیرۆکەکە، بە تایبەتی پاڵەوانی چیرۆکەکەو ئاوەڵەکەی و دەرخستنی باری دەروونییان و جووڵاندنیان لەناو بازنەکەدا، بەو جۆرە واقیعییەتە، شەقڵی ڕاستگۆیی و هونەرکاریی بەخۆوە دەگرێ و هەر ئەو دەوروبەرە ناهەموارەشە دەرگا بۆ ڕووداوەکان دەکاتەوەو سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییی چیرۆکەکە مەیسەر دەکات.

زمانی دەربڕینی چیرۆکەکە نمایشکردنی هەڵوێست و دەرخستنی ڕووداوەکان و وێنەکێشانی دەوروبەر لە دوو سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن، وەسف و گێڕانەوە. ئاخاوتن و دایەلۆگ و مەنەلۆژ، بە زمانێکی پاراو بە پێی ئاستی بیرکردنەوەو بۆچوونی کەسانی چیرۆکەکە دەدوێ. وێنەی لایەنەکانی دەوروبەرمان بۆ دەکێشێ و باری دەروونی شەخسیەتەکان وەسف دەکات و هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان و حاڵەتی تایبەتییان دەکێشێ و دیوی دەرەوەی دەوروبەر، دیمەنی

شـــتەکان، ڕێگـــا خـــۆش دەکـــەن بـــۆ دەستنیشـــانکردنی و جمـــانو جـــوولانی ڕووداوەکـــان و ڕوونکردنـــەوەی ئـــەو دەلالەتانـــەی جـــۆرە ئیحایـــەکی تایبـــەت بـــە خوێنـــەر دەبەخشـــن، کـــە هەڵوێستەکان ڕەنگدانەوەی واقیعە بەرچـاوەکان، هـەروەها چـۆنییەتیی دارشـتنی دایـەلۆگو مەنەلۆژی نـاوەوەش لـە ئـەنجامی گـۆڕانی هەڵوێسـت و ڕووداوەکانـەوە سـازبدەنو کـارێکی دەستکرد نین. لە کۆتاییدا تێبینییـەکم هەیـە وەك لایـەنێکی هونـەری: دەبووایـە پاڵـەوانی چیرۆکەکە لە ڕێگای ئامۆژگاریی ئاوەڵەکەی و مەنەلۆژەوە ڕێگای خۆش بکردباو بـارێکی وای بۆ ئامادەکردبا کە ببێتە پردێك بەرەو (دیدەنی) یەکە، نەك واقیعەکە خۆی بەڕێك کەوتێکەوە ببەستێتەوە کە وەستانی کچو کوڕێك لە ژێر چەترەکەوە جارێکی تر بە ئاگای بێنێتەوەو قسەی بیر بکەوێتەوە کە چەند، مانگێکە سەری کردووەتە سەری، ئـەم ڕێککەوتـە لـە بەرژەوەنـدیی چنینی چیرۆکەکەدا نییە، دەبووایە چیرۆکنووس خۆی لێ بە دوور بگرێ... لێرەدا دەوەسـتمو حەز ناکەم لە نووسینەکەی (غەفوور سالح عەبدوڵلا) بکۆڵمەوە کە لە پاشکۆی عیراقی ژمارە (٧٤) دا بەراوردێکی لەنێوان چیرۆکەکەی (عبدالخالق الرکابي)، (مع الاعتذار لمارکیز) کردووە کە لە گۆڤاری ((الاسفار)) ی ژمارە (٩) ی ئایاری ١٩٨٨دا بڵاوکراوەتەوە، کە گوایە مستەفا چیرۆکەکەی خۆی واتە (دیدەنی) لەو دزیوە.. لە دەرفەتێکی تردا دەگەڕێمـەوە سـەر هـەردوو چیرۆك و ڕای تایبەتی خۆم بەرامبەر هەردووکیان دەردەبڕم و ڕاستییەکە ڕوون دەکەمەوە، کـە خوێنەری ئازیز نەکەوێتە ژێر کارتێکردنی هەر نووسینێك کە بڵاودەبێتەوە.

**پێشبینی- ی نورەدین سالح بێخەم:**

چیرۆکێکی (نـوورەدین سـالح)((بـێ خـەم))ە... مرۆڤێکـی واق وڕمـاوو سەراسـیمەیە. بەدوای ڕاستییەکدا دەگەڕێ بیدۆزێتەوە... کەوتووەتە ناو گێژەنەی بیرکردنـەوەو دڵـەراوکێو ڕەشبینی، حەپەساوە لە ئاستی ژیانو لەغزی مرۆڤدا.. کۆمـەڵێ پرسـیار لـە مێشـكو دڵو دەروونیا پەنگیان خواردووەتەوەو وەڵامیان گەرەکە. تەنانەت پەنابردنـە بـەر جگەرەکێشـانو خەیاڵکردن، جۆرە ڕاکردنێکە لە واقیعی ژیانو نیشانەی بێ دەسـەڵاتی یـە... زینـدە خـەوو خەیاڵەکەش ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی پاڵەوانەکەیـە بەرامبـەر واقیـع کـە مـرۆڤو گیانلەبـەرو سروشت شێوێنراونو مەسخ کراون... پاڵەوانی چـیرۆکەکە (هێـرش) لـە ئـەنجامی لـە خـەو ڕاپەڕینو دەمەقالێ لەگەڵ (هیوا)دا تێڕوانینو ئاسۆی بیرکردنەوەی دەگۆڕێنو دەبێتە مرۆڤێکی تر. شەخسیەتی هێرش، شەخسیەتێکی تەنکاوو ساویلکە نییە بەڵکو شەخسیەتێکی ئاوێتەی

دەلالییە، کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەو خەوو لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ و، بارو زرووف نەشونوما دەکاتو بەرە بەرە ڕەنگ و ڕوخساری ڕوون دەبێتەوەو شەخسیەتەکەی ساغ دەبێتەوەو دەقی خۆی وەردەگرێ. پەنا بردنی هێرش بەر خەیاڵو خەو هەرچەندە ڕاکردنە لە ژیان بەگژداچوونی واقیع، بەڵام لە هەمان کاتدا پەردە دامالینە لە ڕووی ئەو واقیعەی شێوێنراوەو سەرەو لێژکراوەو جەوهەری ڕەسەنی تیا نەماوە. بەڵام گەیشتن بە تێگەیشتن لە واقیعو شیکردنەوەی، کە لەگەڵ چەشتنی لەزەتی ژیاندا دەبێ تاڵی و سوێرییەکەی و ئازارەکەی بچێژی، ئەم ئەنجامەو زاڵبوونی باری سایکۆلۆژی ((برسیەتیی بیرو مێشك، بەسەر حاڵەتی بایەلۆژی)) برسێتی سك، چیرۆکەکە بەرەو کۆتاییەکەی سەرکەوتوو دەبات، هەرچەندە کە برسێتی بیرو مێشکیش لە ئەنجامی برسێتیی سکەوە هاتووە.

چیرۆکنووس کە وێنەی (هێرش)مان بۆ دەکێشێ، ڕەنگ و ڕوخساری ناوەوەی حاڵەتی نەفسی و کۆمەڵایەتیمان بۆ شیدەکاتەوە، وەك شەخسیەتێکی حەپەساو شپرزەو واق وڕماو نیشانمان دەدا. هەرچەندە کە لەژیانو واقیع گەیشتن مەسەلەیەکی فەلسەفی و قووڵەو دیوی دەرەوەی بەشێوەیەکی ڕووکەش دێتە بەرچاو، کە کردەوە ناشرینەکانی مرۆڤ و ڕەوشتەکانی ئەزەلینەو پیشەی مرۆڤن خەوو خەیاڵ نایکەن بەو مرۆڤەی لە ژیان بگات، تا ئەو کاتەی مەسەلەکەی بۆ ساغ دەکرێتەوەو لەغزەکەی بۆ شیدەکرێتەوە. چیرۆکنووس ئاستی بیرکردنەوەو هۆشو هەستو نەستی هەردوو کەسانی چیرۆکەکەی خستووەتە بەرچاوو بە پێی مەنتیقو بۆچوونو تێگەیشتنی ئەوان دواوە. خۆ ئەگەر (هێرش) هەر لە ڕێگای واقیعی ژیانەوە بگەیشتبا ئەو ئەنجامەی کە دوای دوانی لەگەڵ (هیوا)دا گەیشتێ، ئەوە هێزو پێزی چیرۆکەکە پتەوتر دەبوو، بەرێگای کۆمەڵێك ئەزموونو تاقیکردنەوەدا.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە مۆرکی چیرۆکەکە کە هەرچەندە لە سەرەتادا (هێرش) ڕەشبینە، بەڵام لە ئەنجامدا دەگۆڕێو دەبێتە کەسێکی گەشبین.

لە ڕووی چنین (حبکة)وە، لە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتاییەوە هەست بە یەکێتیی هونەرکاری دەکەین، چیرۆکنووس لە سەرەتادا لە ڕێگای وەسفو تەوژمی هۆشەوە، شەخسیەتی (هێرش) دەردەبڕێ، و باری دەروونی و خولیاو بیرو ئەندێشەی شی دەکاتەوەو پەنا دەباتە بەر مەنەلۆژیی ناوەوە، لەوێوە بۆ دایەلۆگ، کە لەم دوو ڕێگایەوە وەسفی ناوەوەو دەرەوەی دەکات، بارە دەروونییەکەو شتە دیارەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و یەکێتیی هونەری ڕووداوەکان دەپارێزێو بەڵگەیان پێ دەبەخشێو لە وێنەی واقیعی ژیانی و فەنتازی و خەیاڵیدا

دایاندەڕێژیو بەرەو وێنەی زمان کاری خاوەن دەلالەتی نەفسییان دەبات. بەم شێوەیە جیهانی دەرەوەو ناوەوەی (هێرش) دەردەخات و ڕواڵەتە ڕووکەشەکانی واقیعمان پێ نیشان دەدات، لە ئەنجامدا ڕاستییەك ساغ دەبێتەوە کە ڕەوشتو کارە بە دەکانی مرۆڤ واقیعو ژیانی مادی سەرچاوەی ئەو جۆرە کارانەن، بەڵام خەوو خەیاڵو بیرکردنەوەی هەر تەنیا ڕووی دەرەوەیە نەك ناوەوە، لە کاتێکدا دیوی دەرەوەی لە دیوە نهێنییەکانەوە هەڵدەقولێ، ئەگەرچی ((هیوا)) ترووسکە ڕووناکییەك دەخاتە سەر دیوە شاردراوەکە کە بنچینەی ناکۆکییەکانی ژیانە.

## کورسی- ی موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی:

چیرۆکێکی موکەرەم رشیدە، موکەرەم وەك شاعیرێك ناسراوە، پتر لەوەی کە چیرۆکنووس بێ. ئەم چیرۆکەی بریتییە لە پەردە داماڵین لە ڕووی دیاردەیەکی نالەبار کە لەناو ڕۆشنبیرانی کورددا بەدی دەکرێ، کە سەرمەستی پاداشی بڵاوکردنەوەنو ماستاو بۆ کاربەدەستانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەکەن.

هەرچەندە ئەم دیاردەیە کارێکی نالەبارو نابەجێیە و ڕەوشتێکی خراپە، بەڵام ڕووناکی خستنەسەر ئەوانەی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەریان بەو شێوەی چیرۆکنووس بۆی چووە پێ لێ هەڵبڕینی تیایە.

لە ڕووی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە، چیرۆکنووس لایەنێکی زۆری لە شەخسیەتی خۆی دەردەخات، ئەگەر هەر خۆی نەبێ، کە زۆریش پێدەچێت خۆی بێت. کەواتە شەخسیەتێکی واقیعییە، زیاتر لەوەی شەخسیەتێکی هونەری بێ. خوێنەر ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە، کە شێوازێکی ڕاپۆرتی بەخۆوە دەگرێ، زیاتر پەنا بردنە بەر گێڕانەوەو وەسفو دایەلۆگی تێدا ڕەچاو کردووە. لە چیرۆکەکانی پەنجاکان دەکات کە ئەو حەلە شێوازی ئاوا باو بوو، کە هەندێ چیرۆکنووس شێوازی ڕاستەوخۆو مۆرکی حیکایەت ئامێزی و ڕاپۆرتی و گێڕانەوەیان پێڕەو دەکرد.

بنیاتنانی چیرۆکەکە کە دوورە لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ کە فۆرمو ناوەرۆك وەك هەردوو تای تەرازوو لەنگەریان ڕانەگیراوەو لە قاڵبێکی هونەرکاری بیرەکەی دانەڕێژراوە.

هەرچەندە وەك ناوەرۆك، کە چیرۆکنووس ڕووناکی خستوەتە سەر لایەنێك لە واقیعی ڕۆشنبیرانو نووسەرانی کورد، بەڵام تانوپۆی چنینەکە، بەشێوەیەکی هونەری نەچنراوە کە لە ئاستی ناوەرۆکەکەدابێ، وەك هەست دەکەین و ڕووداوو هەڵوێستەکان بەشێوەیەکی هونەری

ناگێڕێتەوەو وێنەیان ناکێشێ، کە ڕووداوەکە لە شـێوەی واقیعـە ڕووتەکەیـدا بترازێـنێو لـە ڕێگای زمانێکی پڕ وێنەی هونەرییەوە بەڵگەو هێمای سایکۆلۆژییان بخەنە پاڵو کە زیندوویی و دینامیکییەت بە هەڵسـوکەوت و ڕەفتارەکـانو هەڵوێسـتەکان ببەخشـن، کەواتـە ڕەوتـی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی میکانیکی دەچێتە سەر تا دەگاتە کۆتاییەکە.

موکەرەم وەك لە شیعرەکانیدا جۆرە شێوازێکی تایبەت بەکاردێنێ کە زیـاتر لـە مـۆرکی خیتابی و ڕاستەوخۆییەوە نزیکە، چیرۆکەکەشی هەر ئاوایە، چیرۆکێکی واقیعی ڕەخنەگرییە، وەك لە ناوەرۆك تا ڕادەیێ سەرکەوتووە لە ڕووی بنیاتنانی داڕشتنی هونەرییـەوە نـەیتوانیوە، هەمان هەنگاو هەڵێنێو پەی بە لایەنە هونەرییەکان ببات.

**ئەنجام:**

گشت چیرۆکەکان، بە پێی جیاوازیی ئاستی هونەرییان، شێوازی واقیعیان گرتووەتە بـەرو، کەسانی چیرۆکەکان مرۆڤی واقیعینو گوزارشت لە واقیعی ژیانو دەوروبەری خۆیـان دەکـەن و ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگای کوردەوارین.

ڕەسەنایەتی و ڕاستگۆیی هەموو بیرو خولیاو بۆچوونێك دەبێ لە واقیعەوە هەڵقوڵێن، نەك بەشێوە ڕووکەشو دیاردەکەی، بەڵکو بەشێوە هونەرکارییەکەی کە لەم نووسینەدا ئاماژەم بـۆ کرد و، بەپێی بۆچوونو ئاستی تێگەیشتنی خۆم و ڕووناکیم خستووەتە سەر لایەنەکانی، هـیچ مـەرجیش نییـە لـەو شـیکردنەوە و ڕەخنەیـەدا سـەرکەوتووبم، خـۆ ئەگـەر وەك بۆچـوونو ئیجتهـادێکی شەخسـی نیشـانەم پێکـابێ، ئـەوە مایـەی دڵخۆشـی خـۆم و ڕەزامەنـدیی چیرۆکنووسەکانو خوێنەرانە، ئەگەر واش نەبێ هەر پێخۆشحاڵم کە ئەو ئەرکەی پێم سـپێردرا بەپێی تواناو باری سەرنجی تایبەتیم جێبەجێم کرد، هەر نەبێ لەم ڕێچـکەوە توانیومـە چـەند تێبینییەك لەمەڕ ئەو شەش چیرۆکە دەربڕم کەم یا زۆر خاسیەتەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بەخۆوە دەگرن.

## ستانسلاڤسكی
## لەنێوان ڕێبازی کۆن و نوێی دەرهێناندا ١٨٦٣ - ١٩٣٨

**پێشەكی:**

کەم کەس هەیە کە ناوی ستانسلاڤسكی وەك دەرهێنەرێكی داهێنەری نوێخواز نەبیستبێ بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان بۆ شانۆ تەرخان کردووە، یاخود خولیای شانۆ و بەدوای شتی نوێدا عەودالن. هەڵبەت کە ناوی هونەرمەندێكی باڵای وەك ئەو زاتە دەبیستین، دەبێ هەڵوەستەیەك لە ئاستیدا بکەین و بزانین لە کوێوە سەرچاوە بگرین و چۆن بتوانین ڕووناکی بخەینە سەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە بینیی لە دامەزراندنی ((شانۆ هونەریی مۆسکۆ کە لە سایەی ئەوو نیمیرۆ فیتس، داشنکۆوە ساڵی ١٨٩٧ هاتە کایەوەو بۆی لوا کە ئەوە بسەلمێنێ خاڵێکی گۆڕانکارییە لە ژیانی چیخۆف وەك شانۆ نامە نووس))[1].

ئەو شانۆیە کە باڵاترین شانۆنامەکانی مەکسیم گۆرگی لە ساڵانی ١٨٦٨ - ١٩٣٦پێشکێش کرد. ئەو دوو نووسەرە ڕووسییە کە لە جیهانی دراما‌دا دەورێکی یەکجار باڵایان هەبووو لەسەر دەستی ستانسلاڤسكی، هونەرمەندی بلیمەت زیاتر ناسران و پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی.

## پرۆسەی داهێنەرانەی شانۆیی:

لەو کتێبەی کە بەناوی (مامڵەتی ئەکتەر لەگەڵ دەوردا) دایناوە و ((جۆرجی کریستی و فلادیمێر بروکوفییف)) لێی دواون، باس لە پرۆسەی دروستکردنی داهێنەرانەی شانۆیی دەکەن، بۆ ئەوەی کە ئەکتەر شێوەیەکی شانۆییی نموونەییی زیندوو لەسەر شانۆ بخولڵقێنێ، هەر ئەوەندە بەس نییە هەر شارەزای یاساکانی هونەری شانۆ بێت و، هەستێکی باش‌و خەیاڵێکی خاس‌و مێشکێکی تیژو دەنگێکی دەربڕ و نەرم‌و شل‌و هەستێکی ڕاستگۆو مۆسیقی و هەموو ڕەگەزەکانی تەکنیکی شانۆیی ناوەوەو دەرەوەی هەبێ، بەڵکو پێویستە لەسەر تەختەی شانۆ سوود لەم یاسایانە وەربگرێت‌و کارامەیی پێویستی هەبێ بۆ پێڕەوکردنی هەموو ڕەگەزە خولڵقێنەرەکانی بن دەستی، واتە ڕێبازێکی شانۆییی سنووردار هەبێ)) [١].

لەم ڕوانگەیەوە ستانسلاڤسکی سەرچاوە دەگرێ‌و بایەخێکی تەواو بە ڕێبازێکی داهێنەرانە دەدات. چونکە هونەرمەندێك ئەگەر دوور بوو لە پێڕەو و ڕێبازی تایبەت بەخۆی سەر لە کارەکانی دەرناکات، ئەو هونەرمەندەش لەو ڕایەدا بوو کە ((ڕێباز ئەکتەرو دەرهێنەرو بەو زانیارییانە چەکپۆش دەکەن کە ڕێگای بەرچاویان بۆ دەرخات‌و بۆ پێڕەوکردنی تیۆری واقیعی لە کاری شانۆییدا و، تیۆر گرنگی بە کردەی پراکتیکی لە دەست دەدات کە بێ ڕێباز بێ، هەروەها ئەو ڕێبازەی پشت بەو یاسایانە نابەستێ کە بۆ خولڵقاندنی شانۆیی داندراون کرۆکی داهێنەرانە لە دەست دەدات‌و دەبێتە فۆرمێکی بێ ناوەڕۆك)) [٢].

## ڕێبازی هونەری شانۆیی:

لەو پێشەکییەی کە (دیفید مکارشاك) بۆ کتێبەکەی قوستەنتین ستانسلاڤسکی (هونەری شانۆ) ی نووسیوە، ستانسلاڤسکی ڕێبازەکەی دەکاتە دوو بەشی سەرەکی:

١ - کاری ناوەوەو دەرەوەی ئەکتەر لەوەی تایبەتە بە خودی خۆیەوە.

٢ - کاری ناوەوەو دەرەوەی ئەکتەر لەوەی پێوەندیی بە دەورەکەیەوە هەیە. کاری ناوەوەی خودی ئەکتەر پشت بە تەکنیکی دەروونی دەبەستێت کە یارمەتیی دەدا داوای حاڵەتێکی خولڵقێنەری مێشك بکات، کە سرووش بە سانایی دادەبەزێتە سەر خودی. بەڵام کاری دەرەوە کە پێوەندیی بە خودییەوە هەیە، لە ئامادەکردنی ئامێری جەستەکەی پێك هاتووە، بۆ ئەوەی بەرگی دەورەکە لەبەرکات و، نمایشی وردی ژیانی ناوەخۆی بکات. بەڵام کار کە تایبەتە بە دەور، لە کرۆکی ڕۆحی کاری درامی پێك هاتووە، واتە ئەو ڤایرۆسەی کە

کاریگەرییەکەی لێوە دەرچووە، کـە ماناکـەو مانـای بەشـەکانی لـە هـەمان کاتـدا دیـاری دەکات)). [٣]

یاسا پیشەییەکانی - دەروونـی - فزیۆلـۆژی و دەروونـی - لـە لای ستانسلاڤسـکی بـە ((تەکنیکی دەروونی)) لە ڕێبازەکەیدا لە قەڵەم دەدرێن‌و ئامانجەکەشی فێرکردنی ئەکتەرە بـە چۆنییەتیی وروژاندنی سروشتی خولقێنەری نەست لە خودی ئەکتەردا بۆ ئەوەی بگاتە کـاری خولقێنەری نەستی زیندەگی.

## لە " ژیانم لە هونەردا ":

لەم ڕووەوە نووسیویەتی: ((یاساکانی سروشتی زیندەگیی ئەکتەر، ئەوەیە کە هەرچـی وەرم گرتووە بە وردی پێڕەوی بکەم، بناغەی ڕێبازەکەمە، خاسیەتی سەرەکی (واتە پێڕەو) خاڵی بێ لە هەر شتێك کە خولقاندوومە، یا لە هەر شتێ کە بە مومارەسە تاقیم نەکردووەتەوە، خـۆی بەروبوومی سروشتی ئەزموونەکانمانە بە درێژاییی ساڵانی دوورودرێژ، لە شانۆدا)) [٢].

## ڕۆڵی ئەکتەر:

گرنگ لەو دەورانە کە ستانسلاڤسکی بەسـەر ئەکتەرەکانـدا دابەشـی دەکـرد، بـە دەوری کورت‌و درێژ نەبوو، لەو تیپـەی کـە ناسـراو بـوو بـە تیپـی ((شـانۆیی هونـەریی مۆسـکۆ. ((گرنگیی دەورە بچووکەکان بوونە پرسی ئاسایی، دروشمە بنچـینەییەکانی شـانۆ)) هونـەری ئەوە بوون کە شتێك لە ئارادا نییە ناوی دەوری بچووك بێ، بـەڵکو تـەنیا ئەکتـەری بچـووك هەبوون، چونکە گەورە ئەستێرەکان، بە خودی ستانسلاڤسکیشەوە زۆرجار لە دەوری لاوەکیش دەردەکەوتن، لە خۆبەستنەوە بە دەقەکەوە بـوو، دوور لـە هـەر ئیعتبارێـك بـۆ سـەرکەوتنی شەخسی ئەکتەر لە هەر ئاستێك دەرکەوتبا ((دەبێ هونەر مرۆڤی خۆش بوێ، نـەك خـۆی لـە هونەردا خۆش بوێ)). [٤] بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو هونەرمەندە گەورەیـە ڕێگـر بـوو لەبـەردەم ئەفرانـدنی هونەرمەنـد، بـەڵکو هەمیشـە هـانی ئەکتـەری دەدا کـە کـاری داهێنانەرانە بکات، هەر ئەمەش بوو کلیلی دەرگای ئەفراندن، کـە ڕێگـای واڵا کردبـوو کـە ئەکتەرانی تیپەکە بەشداری لە ڕەخساندنی پڕۆسەی خولقاندنی هونـەری بکـەن‌و بـە خـەیاڵ‌و بیروباوەڕو بۆچوونیان بکەونە کارو هەمیشە بە دڵ‌و بە گیـان خۆیـان بـەو شـانۆ هونەرییـەوە ببەستنەوەو لێی نەترازێن، ئەم حاڵەتەش هەتا سەر لە کـەم تیپـی شـانۆییدا بـەدی دەکـرێ،

هەڵبەت ئەو ئەکتەرە هونەرمەندەی کە بە ئازادی ڕەفتار دەکاتو سەربەخۆییی خۆی دەپارێزێ، زیاتر بەرەو داهێنانو ئەفراندندا هەنگاو دەنێ، ئەو حەلە ئەو هونەرمەندانەی بەو ڕۆحییەتە نمایشێکی شانۆیی پێشکێش دەکەن، هەست دەکەن کە ئەوان بوونەتە موڵکی بینەر، بەو شێوازەی کە دەرهێنەرو ئەکتەری ڕووسی ستانسلاڤسکی پەیڕەوی دەکرد بینەران دەیانتوانی لەگەڵ نمایشەکەدا تێکەڵ بنو ببنە بەشێك لە شانۆگەرییەکە، ئەو شێوازە نامۆییکردنەی ڕێچکەی ستانسلاڤسکی کارێکی پێشکەوتنخوازانە بوو ((بە واتایەکی تر بەرهەمەکە پێوەندیی بە ڕێکەوتو بە ئارەزوومەندی، بەهرەوە نییە، نمایشکردنی بە کۆمەڵ دەگاتە ئاستێکی باڵا، لەبەر ئەوە بەهۆی ئەم جۆرە تەمسیلە، ڕەنگە تەنانەت دەوری بچووكو ئەکتەری لاواز ڕێگا خۆشکەر بن بۆ تێکەڵبوون (اندماج) ی لە کەسایەتیی شانۆیی - کە پێش هەنووکە هیچ دەورێکی لە شانۆدا نەبوو - دێتە کایەوە)). (٥)

## ڕێچکەی پێشکەوتنخوازانە:

هەروەکو لەمەو پێش ئاماژەمان بۆ ڕێچکەکەی ستانسلاڤسکی کرد کە پێشکەوتنخوازە، با بزانین بۆچی وایە؟

١ - لەبەر ئەوە ئەو ڕێچکەیە - چۆنییەتییە - میتۆدە.

٢ - زۆرترین زانیارییە لەبارەی خەڵك و، شەخسیەتیان.

٣ - دەکرێ ناکۆکیی دەروونی دەربخرێ ((لێرەدا پێوەرەکانی ئاکار - خێر)) و ((شەڕ)) ((لە ئارادا نین)).

٤ - بە چاوی بایەخ ناوەند - دەوروبەری وەرگرتووە.

٥ - بەرگەگرتن - لێبووردن.

٦ - نەتورالی دەور نواندن.

بۆ زیاتر ڕووناکی خستنە سەر شێواز و ڕێچکەی ستانسلاڤسکی نموونەیەك دەخەینە ڕوو کە (برێخت) لەم ڕووەوە بە بۆنەی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو میهرەجانەی تەرخان کرابوو بۆ ستانسلاڤسکی چەند دەرهێنەرو کارمەندانی کەرتی ئەدەبی و ژمارەیەك ئەکتەری بانگ کردبووە ماڵی خۆی، ئەو ئەدەبەی تایبەت بوو بە ئەو خستبوویە سەر مێزو لە ئەکتەرەکانی پرسیبوو چی لە بابەتەوە دەزانی (هورفیتی) ڕەخنەی لە (برێخت) گرتبوو کە دژی تێکەڵبوون.

بەڵام وەڵامەکەی برێخت ئەوە بوو کە ئەو لە قۆناغێکی دیاریکراوی پرۆڤەدا لەگەڵ تێکەڵبوونەوە دەبێ شتێکی تری بخەینە سەر، کتومت بە پاپەندبوون بە پێوەندییەکی دیاریکراو لەگەڵ ئەو شەخسییەتەی لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێ (ئیندماج دەکات)، نرخاندنی لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە بخرێتە سەر. (٦)

(بەرتۆلد برێخت) چەند ڕەخنەیەك لە مۆرکی بە پیرۆزدانانی ڕێچکەو میتۆدی ستانسلاڤسکی دەگرێ، بە تایبەتی لەو تێکەڵبوونەی کە دەڕەخسێ، کە ئەمە سروشتێکی سۆفییانەی پیرۆزمەندی هەیە هونەر دەبێتە سرووتێکی ئاینی، ئەکتەر دەبێتە نۆکەری هونەر.

## ئیزنشتینو ستانسلاڤسکی:

هونەرمەندێکی سینەمایی ئیزنشتین لە سەرەتادا ئەو جۆرە پێوەندییەی بە ئەزموونی هونەریی ستانسلاڤسکی و تیۆرەکانی سەبارەت بە شانۆوە نەبوو، هەرچەندە پێوەندیی نێوان دوو هونەرمەندی مەزن بوو کە ڕەنگدانەوەی سەدەی تەواو بوون لە هونەردا.

زۆر لە قسەکانی ئیزنشتین لە بیستەکاندا سەلبی بوون لەبارەی شانۆی هونەریی مۆسکۆو سیستەمی ستانسلاڤسکی بەشێوەیەکی گشتی.

ساڵی ١٩٢٦ ئیزشتین هەردوو هونەرمەندی داهێنەر میر خۆلدو مایکۆڤسکیی لە تای تەرازووی بەراوردکاری دانا لەگەڵ ستانسلاڤسکی تەقلیدیدا.

دوای ساڵێك دانەری ((زرییۆش بۆمین)) ڕای گەیاند کە کتێبێك بە ناوی (هونەرەکەم لە ژیاندا) دەنووسیّو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە نیازی وایە دەمەقالێك لەگەڵ ستانسلاڤسکی بکات کە کتێبی (ژیانەکەم لە هونەردا) بەر لە ساڵێك لەم ڕاگەیاندنەدا دەرکردبوو.

سەیر لەوە دابوو ڕای ئیزنشتین تا ماوەیەکی دوورو درێژ نەگۆڕا، ساڵی ١٩٤٤ لە نامەیەکیدا کە بۆ ((س. غ. بیرمان)) ی نووسی بوو، ئەوکاتە پێکەوە لە فیلمی (ئیڤانی ترسناك) کاریان دەکرد: ((تەنیا دوو وشە لەبارەی کونستەتین سیر غیدڤچ ستانسلاڤسکی))، تێدا دەڵێ:

ئەو خواوەندی سەر تەخت نییە لە پەرستگاکەمدا، پێشتر تێکەڵاویم لەگەڵیدا نەبووە، لەبەر ئەوە من ناتوانم - لە ڕێگای ئەوەی لە بابەت ئەوەوە پێم گەیشتووە، بیکەمە خواوەندی خۆم. هەرچەندە کە من حەزدەکەم پەنجە بخەمە سەر برینەکان، ئەوەی لە کەفی سابوون زیاتر نییە لە چاکترین حاڵەتدا کەفی بیرەیە، بە تەئکید کەفی هەڵچوونی گەورە نییە، بەڵام ئەوەی من دەیکەم و، ئەوەی من گەرەکمە، کە سەر بە شەڕابی پاك بێ، بێ کەف، بەدوای مەیی

بێگەرددا عەودالّم، ڕوون و، سووتێنەر...  دوای دوو سات لەوە، ئیزنشـتین گـوتی ستانسلاڤسـکی (هونەرمەندێکی مەزنی شانۆییە، لەمەش زیاتر ئاماژە بۆ (مۆنتاج) دەکات کە ((پێڕەوی گەیشتن بە حەقیقەتی هەستی شانۆگەری)) کە ستانسلاڤسکی دای ناوە، بـە ڕاسـتی چـاکترین پێـڕەوە لـە جیهانی شانۆدا [V].

لە قسەکانی ئزنشتیندا ناکۆکی سەر هەلّنادات بە قەد ئەوەی وەك دەردەکەوێ ئەو هونەرمەنـدە بەرە بەرە لە ڕێچکەی میتۆدی ستانسلاڤسکی ورد بووەتەوە بە قوولّی لێکۆلّیوەتـەوەو لـە ڕێگـای باس‌و ئەزموونداَ، خۆی لە ناکۆکییەکانی ناوخۆی دەرباز کردووەو سوودی لە سـامانی شۆڕشـگێڕی لە جیهاندا بینیوەو لە ئەنجامدا لە تیۆرە جوانناسەکان‌و فێرکارییەکانی ستانسلاڤسکی گەیشتووە.

با بگەڕێینەوە سەر خواوەندەکەی سەر تەختی پەرستگەکەی ئیزنشـتین دەبـێ کـێ بـێ، هـیچ سەیری تێدا نییە، کە میرخۆلد یەکەم مامۆستای بوو، ماوەیەك لە دەورەکانی دەرهێنـانی شـانۆیی ماوەیەك سەرپەرشتی خوێندنەکەی دەکرد.  هەلّبەتە بە تایبەتی لە کاتی پرۆڤەدا قوتـابی سەرسـام دەبی بە مامۆستاکەی هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئـەو ڕێچـکەیەی ستانسلاڤسـکی لـە کارکردنـدا لەگەلّ ئەکتەردا بەکاری دەهێنا نـەبووە مایـەی بـاوەڕ و، متمانـەی ئیزنشـتین، دەبـێ ئامـاژە بـۆ هۆیەکەی بکرێ کە ئەو کاتە لە سەرەتای ڕێچکەی هونەری و سەرەتای ئەزموونـە داهێنەرانەکـەی بوو، کە کەوتبووە ژێر کارتێکردنی مامۆستا میرخۆلد.

ئیزنشتین بەرە بەرە لە ستانسلاڤسکی نزیك بووەوە بـە لێکۆلّینـەوە لـە فـۆرمی هونـەری وەك یەکەیەکی تەواوکار گەیشتە هەمان ئەنجامەکـەی ستانسلاڤسـکی، دوای ئـەوەی لـە دیراسـەکانی ڕەوتی پرۆسەی داهێنان لای ئەکتەر قوولّ بووەوە.

وێڕای ئەمەش بە  تەواوەتی زاراوەی ستانسلاڤسکی لەبارەی ((دیـواری چـوارەم)) ی وەرگـرت، بەلاّم لە ڕاستیدا بنەمای جەدەلیەتی دیواری چوارەم ((ئامادە بوون - دیار نەبوون)) بەوە لە قەلّـەم دا کە دەکرێ تەنیا لە سینەمادا بێتەدی، چونکە هەست‌و نەستی ڕاستگۆ بـە ڕاسـتی لای ئەکتـەر کە بەرامبەر کامیرایە دەردەکەون‌و زیاتر لەوەی کە لەسەر شانۆیە.

ئیزنشتین خۆی خستە ناو وتووێژی گەرموگوڕ لەگەلّ ئەوانەی کە سیسـتەمی (ستانسلاڤسـکی) یان بە ئەلفبای ئەفراندنی تەواوکار دانەنا، بەلاّم ئەمە مانای ئـەوە نییـە بەرهەلّسـتی ڕاسـتەوخۆی هەندێ ئامۆژگارییەکانی ستانسلاڤسکی نەکرد کە لە دوو ڕێبازی سەرەکی دەردەکەوێ:

یەکەم: ئیزنشتین دژی درێژکردنەوەی ئـەو ماوەیـەی بـۆ خوێندنـەوەی دەق تـەرخان دەکـرێ و، کارکردن لەگەلّ ڕۆلّی ئەکتەر کە ستانسلاڤسکی ناوی نا ((قۆناغی کار لە پشت مێزەوە)) وەستا.

دووەم: ئیزنشتین بەلایەوە وابوو کە کەموکووڕیی سەرەکی کە (سیستەم) ی ستانسلاڤسکی دووچاری بووە گوایە لە نەبوونی بایەخدانە بە مەسەلەی فۆرم لە هونەری ئەکتەردا و، لە دیارنەبوونی ئامادەکاریی ڕاستیی پرۆسەی بەرجەستەکردنی دوورە لە ڕێگای فۆرمی هونەرکاریی دەربڕ و ڕوون. (٨)

بەڵام ئەو مەسەلانەی کە هەردوو هونەرمەندی گەورە ستانسلاڤسکیو ئیزنشتین لە سەری کۆكو ناکۆك بوون زۆرن و، کە ئەمڕۆ لێیان بکۆڵنەوەو مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و، زۆر لەو گرفتو کێشانەی کە شانۆی هاوچەرخو هونەری سینەما ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەڵام شێوەو ئەو شێوە بەو مەسەلانە بەستراونەتەوە کە هەردوو هونەرمەند هەریەکە بە ڕێچکەی خۆی چارەسەری داهێنەرانەیان بۆ دۆزیوەتەوە، کە توانیویانە لە ڕێگای مومارەسەو ئەزموونو دڵسۆزیی بێ هاوتایان بۆ هونەر تا ڕادەیەکی باش گەلێك تیکەڵی و پێکەڵی چارەسەر بکەنو سامانیکی بە نرخ بۆ عاشقو شەیدایانی شانۆو سینەمادا جێ بهێڵن.

## پێڕەوی کۆنو نوێ:

ستانسلاڤسکی لە تێبینییەکانیدا ساڵی ١٩١٣ئاماژە بۆ جیاوازیی نێوان پێڕەوی کۆنو نوێدا دەکات لە دەرهێناندا... دەڵێ پێشوو لە لایەنەکانی دەرەوەو سنووردانانی دەرەوەی دیمەن و، ڕووناکی و دەنگ، بۆ لایەنەکانی ناوەوەدا دەمانگواستەوە. بەڵام ئێستا لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەگوازینەوە ئەکتەر لە پێشەوە لە دەورەکەدا دژی پاشان بەرجەستەی دەکات.

ستانسلاڤسکی هەوڵەکانی بۆ قوولکردنەوەی گەوهەری ڕۆحیی خولقاندنی شانۆیی و نەشو نوماکردنی بەردەوامی ڕەگەزەکانی فۆرمی شانۆیی ئاییندە تەرخان کرد و، دۆزینەوەی کەرەستەی داهێنەری بە توانای دروستکەری کەسایەتیی شانۆیی لە گیانی ئەکتەردا، کە ئەوپەڕی ڕادەی ڕاستگۆیی و قوولیی هەستی پیا دەکرد و، زۆربەی بایەخدانی جەختکردن بوو لە سەر ژیانی ناوەوەی فۆرمی شانۆیی، هەروەها ستانسلاڤسکی دەڵێ: پێشوو هەر شتێك لە دیکۆرات ئەکتەر پێویستی پێ هەبووایە بۆمان ئامادە دەکردو پێمان دەگوت: بەم شێوە خۆت بنوێنە، بەڵام ئێستا هەر شتێك ئەکتەر پێویستی پێ هەبێ بۆی ئامادە دەکەین دوای ئەوەی کە پێویستی پێ هەیەو لەگەڵ ڕۆحیدا دەگونجێ بەدی دەکەین.

پیادەکردنی ئەم بنەمایانە لەگەڵ پێڕەوی دەرهێنەری دیکتاتۆر ناگونجێ کە بەسەر ئەکتەران ئەنجامی کۆتاییی داهێنانی شەخسی دەسەپێنێ و، پێویستی بە دەرهێنەرێکی پەروەردەگارو

زانایەکی دەروونی و برادەرێکی دڵسۆز هەیە کە یارمەتیی ئەکتەر بدات، پێویستی بە پێڕەوێکی شانۆیی تەواوکاری بە توانا هەیە، کە بتوانێ شارەزایی و کارامەیی تیپی شانۆگەرییەکە یەك بخاتو زامنی یەکێتی بێت لە شێوازی کاردا. (٩)

نەبوونی پێڕەوێکی شانۆیی پراکتیکیی تاقیکراوە، ڕێگر بوو لەبەردەم پێڕەوکردنی نوێی بیروڕایەکانی ستانسلاڤسکی، بەڵام ئەوە ورەی پێ بەرنەدا، بەڵکو هانیداو بە وزەیەکی گەورەتر پاڵی نا بۆ پێشخستنو گەڵاڵەکردنی تیۆرەکەی، بە تایبەتی ئەو بەشەی پێوەندیی بە مامڵەت کردنی ئەکتەرەوە هەیە بە دەورەکەی.

## خوڵقاندنی ئەکتەری بە توانا:

ستانسلاڤسکی سوور بوو لەسەر دەوری ئەکتەر لە گەیاندنی ئەم شەڕە نابەرامبەرە بەرەو سەرکەوتن. بەرز لە هەموو شتێك داوای لێ دەکات کە ئازادبێ، بە داناننان، لەبەر هۆی زۆر، خۆی کە بەسەر تەختەی شانۆ دەکەوێ هەستکردن بە ژیانی ڕاستەقینە لە دەست دەدات، ئەوە لەبیردەکات چۆن بە ئاشکراو لە ناوەوە لە ژیانی ڕاستەقینەدا ڕەفتار دەکات، دەبێ لە نۆژەنەوە فێربێ هەروەکو منداڵ فێری ڕۆیشتن و ئاخاوتنو بینینو گوێگرتن دەبێ، کەواتە، یەکەمین ئەرکی پێویست دەکات کە فێربێ چۆن لەسەر تەختەی شانۆ تەمسیل دەکات، هەروەك هەر بوونەوەرێکی مرۆیی، بەشێوەیەکی سروشتو ساکاری، ڕێکوپێکی ئۆرگانی، بێ زۆر لە خۆکردنو حەز پێ نەکردن، نەك وەك ئەوەی خاسیەتەکانی شانۆیی گەرەکیانە، بەڵکو بە پێی یاسا زیندووەکانو سروشتی ئۆرگانی، بە کورتی پێویستە لەسەری، کە فێربێ، چۆن لە شانۆ (بەواتا ئاساییەکەی) لە شانۆ (بە واتا باڵاکەی) دەرباز دەبێ.

دڵسۆزترین برادەری ئەکتەر لە کارەکەی خەیاڵەکەیەتی بە (ئەگەر)ە ئەفسوونییەکەی ((بارودۆخە ڕەخساوەکان)) یشەوە. کارەکەی تەنیا شت ناخاتە سەر ئەوەی کە نووسەرو دەرهێنەران و غەیری ئەوان جێیان هێشتووە، بەڵکو ژیان بە هەرچی کردوویانە دەبەخشێ، بۆیە دەبێ ئەکتەر خەیاڵێکی زیندووی بەهێزی هەبێ، دەبێ لە هەر ساتێ لە ژیانی و کاری لەسەر تەختەی شانۆ بەکاری بێنێ، جا لە دیراسەتکردنی دەورەکەی بێ یاخود پێ هەڵسانی بێ و، دەبێ خەیاڵەکە ئیجابی بێ نەك سەلبی، ستانسلاڤسکی خەونە خوڵقێنەرەکانی خەیاڵی ئەکتەر بە وێنەی بینینی چاوی ناوەوە ناو دەنێ، ئەکتەر هەر پێویستی بە خەیاڵەکەی نییە لە پێناو خوڵقاندندا، بەڵکو لە پێناو فووکردنی ژیانێکی نوێ لەوەی خوڵقاندوویەتی و کە تووشی سیس بوونو کزبوون

بووە [10].

ستانسلاڤسکی زۆر لایەنی تری ئەکتەر باس دەکات وەك حاڵەتی زەینی لەو بازنەی خەیاڵکراوە، لەناو خەڵکی بینەر [11].

هەروەها ئاگاداربوونی ناوەوەو دەرەوەو بایەخدان بەکاری هونەری وەك ئەدەبو مۆسیقاو نیگارکێشانو بابەتی تر، هەروەها بە پەرۆشەوەیە کە واقیعێك ڕوون کاتەوە ئەویش ئەوەیە کە خراپترین هەڵە ئەوەیە کە ئەکتەر وابزانێ دەتوانێ لە ژیاندا بکشێتەوە و، تەنیا بایەخ بە کارەکەی بدات لەسەر شانۆ.

## پەراوێزەکان:

١- المرشد الى المسرح - الدراما - تأليف: لويس فرجارس ترجمة: أحمد سلامة محمد. مراجعة: د. مرسي سعدالدين، دار الشؤون الثقافة العامة - بغداد - الهيئة المصرية للكتاب - القاهرة، ل ١٧٩

٢- المسرح والسينما، العدد الاول - تشرين الثاني ١٩٧٠.

٣- نظرية المسرح الحديث، تقديم وتحرير: اريك بنتلي، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت - دار الشؤون الثقافة العامة - بغداد - ١٩٧٥ل، ٢٢٥.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥.

٥- المدخل الى الفنون المسرحية، تأليف: فرانك م. هواتيبح، ترجمة كامل يوسف وأخرين - الجمهورية العربية المتحدة، دار المعرفة - القاهرة، ١٩٧٠ل ٢٠٤.

٦- نظرية المسرح الملحمي، برتولد بريخت، ترجمة د. جميل نصيف جاسم - عالم المعرفة - بيروت - لبنان، ل ١٦٥.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.

٨- مجلة (الحياة المسرحية)، وزارة الارشاد القومي، الجمهورية العربية السورية، العدد ٩، صيف ١٩٧٩، بڕوانە: ایزنشتینو ستانسلاڤسکی.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٠- بڕوانە گۆڤاری ((المسرح والسينما))، ١٩٧٠ ل ١٤.

١١- نظرية المسرح الحديث، تقديم وتحرير، اريك بنتلي، ل ٢٣١،٢٣٢،٢٣٣،٢٣٤.

# کۆ شیعری کانیلەو خۆشەویستی عەبدولڕەزاق بیمار
# لە ڕوانگەی واقیعبینییەوە

## پێشەکی:

((کانیلەو خۆشەویستی)) کۆمەڵە شیعرێکی عەبدولڕەزاق بیمارەو بە سێیەمین بەرهەمی هۆنراوەی شاعیر دەدرێتە قەڵەم ((دیوانی وەنەوشەکان)) ساڵی ١٩٨١دەرچووە، دوابەدوای ئەو ((دڵداری ئێمە)) ساڵی ١٩٨٢، ئەم بەرهەمەش ساڵی ١٩٨٤چاوی بە ڕووناکی دەکەوێ.

لە ڕاستیدا ((کانیلەو خۆشەویستی)) وەك بەرهەمی بەردەوامی شاعیر، زنجیرەی درێژ بووەوەی هۆنراوەکانی نییە، بۆیە لە ڕوانگەیەکەوە سەیری ناکەین کە بەرهەمی ئەمڕۆی شاعیرەو زادەی هەستو نەستو سۆزو ئەندێشەیەتی، چونکە سەرجەمی شیعرەکان لە ساڵی ١٩٥٦ەوە دەست پێ دەکەن تا دەگەنە ساڵی ١٩٧٠، هەروەها زۆربەی زۆریشیان هیی ساڵانی ١٩٦١، ١٩٦٠، ١٩٥٨، ١٩٥٧، ١٩٥٦ن بە تایبەتی ساڵی ١٩٦١، هەر بۆیەش شیعرەکانی بە جۆرێ هەڵدەسەنگێنن کە بەرهەمی ئەو قۆناغەن لە ژیانی شاعیردا کە ماوەی شەش ساڵ دەگرێتە خۆی، بە پێی چوارچێوەی مێژوویی مامەڵەو سەودا لەگەڵ کۆمەڵە شیعرەکانی دەکەینو نامانەوێ بیروڕای ئەمڕۆی بەسەردا بسەپێنینو لە ڕوانینی سەردەمی خۆی دای بڕین دەکەین. چونکە ((بیمار)) ئەو حەلە حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرا، خۆ ئەگەر بەرەو دواوە بگەڕێینەوە، بۆ ساڵانی ئەو قۆناغەی دەستنیشانمان کرد، کە ئەو کاتە شاعیری نەمر مامۆستا ((گۆران)) هێشتا دڵی زیندووی لە لێدان نەکەوتبوو، عەبدولڕەزاق بیماریش شاعیرێك بوو لە شاعیرەکانی دەستەی پێشەوە، لە چاو ئەو کاتە شیعرەکانی، خۆیان بە جۆرێ دەنواند کە تا ڕادەیەك چەشنە قووڵییەكو ناسکی و تامو بۆیەکی تایبەتییان تێدا بوو، پەیتا پەیتا هەنگاویان بەرەو دەربازبوون لە شێوەی ڕاپۆرتی خیتابی دەنا، تەنانەت مامۆستا گۆرانیش بەر لە هەموو کەسێ هەستی بەو واقیعە نوێیەی شاعیر کردبوو، پەنجەی بۆ بەهرەو توانای شیعریی شاعیر درێژ دەکردو لەو ڕایەدا بوو کە دواڕۆژێکی ڕووناك باوەشی بۆ دەکاتەوە.

چاوەڕوان دەکرا ((بیمار)) جێ پەنجەی بەسەر شیعری کوردییەوە دیاربێ. بەڵام بە داخەوە ئەو هیوایەی نەهاتە دی. شاعیریش نەیتوانی شیعر بکا بە پیشەو هەموو هێزو توانای خۆی بخاتە سەرو بە تەواویەتی خۆی بۆ تەرخان بکات، لەبەر هەندێ هۆ لە شیعر وەستا و سەردەمێك دۆش داماوو گۆشەگیر بوو.. ماوەیەك وازی لە شیعر هێنا، مەگەر جاروبارێك وەك ئارەزووی جووڵابێ گەڕابێتەوە سەری ئەگینا شاعیر لەسەر ڕێچکەکەی بەردەوام نەبوو. لەو ساڵانەی کە هەرەتی شیعر نووسینی بوو، شاگردێکی دڵسۆزی ((گۆران)) بوو شوێن پێی ئەوی هەڵدەگرتو کارتێکردنی ئەوی بە تەواوەتی پێوە دیاربوو، هێشتاش ئەو ڕێچکەیەی بەردەوامەو نەکوژاوەتەوەو ئەم دیاردەیە لە شیعری ئێستاشی بەدی دەکرێ.

## سروشتو ئافرەتو جوانی:

لەم کۆمەڵە شیعرەدا، شاعیر هاوکێشەیەك پێك دێنێ کە لە سێ تەوەرەی بنچینەیی وا خۆی دەنوێنێ، ئەویش سروشتو ئافرەتو جوانییە - ئاوو سەوزایی ڕووی ناسكو نازدار، ئەو ڕەگەزانە کە کۆیان دەکاتەوەو لە یەك بۆتەوە قاڵیان دەکاتەوە، کرۆکی ڕاستەقینەی هاوکێشەکەن و، سروشت بەشێکی نەپچڕاوو پێوەندیداری ئافرەتو جوانییە، وەك بڵێی سروشت بوونێکی سەربەخۆی نییەو، پێوەندیی نێوان ئافرەتو سروشت مەسەلەیەکی هەمیشەیی و جەوهەرییە هەر دەبێ ببێ، چونکە جوانی ئافرەت هەستێکی وا لە دڵو دەروونی مرۆڤدا بەرپا دەکاتو وای دەورووژێنێ کە هەست بە جوانیی سروشت بکات، یاخود بە پێچەوانەی سروشت هەر چەندە جوان و ڕەنگین بێ بزەی ئافرەتو بوونی خۆشەویستییەکەی تاریکییە، وەك مامۆستا ((گۆران)) دەڵێ:

**بەڵام تەبیعەت، هەرگیزاو هەرگیز**
**بێ ڕووناکییە، بێ بزەی ئازیز** (٦)

بیماریش سروشتو ئافرەتو جوانی تێکەڵ بەیەك دەکات، چونکە دڵدارە، دڵداری سروشتو جوانی ئافرەت، لە کۆنەوە ((دانتی)) ووتویەتی: ((خۆشەویستی مانگ و ڕۆژ دەجووڵێنێ)) هەروەها شاعیری ڕۆمانسی ((شیللی)) ئەویش ڕوودەکاتە ئازیزەکەی و پێی دەڵێ:

**که کێوو کەژ بکەن ماچی هەموو ئاسمانی بەرزو شین**
**شەپۆڵیش هەروەکو دڵبەر لە مل یەك دەستی ئاڵابێ**
**ئەبەد نابێ کە خوشکی گوڵ برای دەرکاتو لێی دووربێ**
**کە تیشکی خۆر وەك دڵداری زەمینی وا لە کۆشابێ**
**ئەوا مانگیش ئەکا ماچی بەحر گەر تۆش نەکەی ماچێ**
**هەموو بێ کەڵکە ئەم ماچانە بێ تۆ فایدەی نابێ** (٢)

وەسفی دیمەنی سروشت لای شاعیر شتێکی ڕووتی بێ گیانو هەست نییە، بەڵکو هەر لە سەرەتادا ڕەگەزەکان لێك گرێ دەدات، نهێنیی پێوەندیی نێوان جوانیی ئافرەتو سروشت دەردەخات ((کانیلە)) دەبێتە بەردەبازێك بەرەو کەناری ئافرەت، ((بەهار)) دەبێتە ئاوازێکی بەسۆزو دڵکێشی کیژو کاڵان... شاعیر کانیلەو بەهارو هاوین دەکاتە هۆیەکی سەرەکی بۆ گواستنەوەیەکی سروشتی بۆ لای ئافرەت، بۆیە ئەوەندە لەسەر وەسفی سروشت ناوەستێ وەك ئەوەندەی بایەخ بە ئافرەت دەدات:

**کانی نییەو کانیلەیە**
**دەڵێن گۆزەی ئێسك سووکی**
**لە زوڵفی خاو پەناگرتوو**
**گەرووی وشکی لێ تەڕ دەبوو،**
**بەڵام ئەمڕۆ پەرستکاری**
**پەناو تەنیاو خنجیلەیە**
**کانی نییەو کانیلەیە**

یا دەڵێ:

**بەهارانیش کیژو کاڵان**
**زەردەخەنەی چەشتەنگاوی خنجیلەیی**

**به پەنجەو شووشەی پەمەیی**
**وەك قژی خاوو وەك هەتاو**
**وەك گوڵاو پەخشان دەکەن**
**لۆیچێکی لێ دەخۆنەوە**
**پێی و پانی لێ دەشۆنەوە**

شاعیر لە مێشکی خۆیدا کۆمەڵێك دیمەن و یادگاری کۆ کردووەتەوە کۆکردنەوەی دیمەنەکانیش لە چوارچێوەی هۆنراوەدا ئەوەندە سووكو ئاسان نییە، بە تایبەتی کە بە زنجیرە ئەڵقە ئەڵقە لێکیان دەبەستێتەوە لەوانەیە مرۆڤی ئاسایی بە دەیان دیمەنی ئاوای چاو پێ دەکەوێ، بەڵام ناجوولێ کەچی شاعیر وەك بڵێی هەست بەجوانیی شوێن دەکات بە شێوەیەکی دەروونناسی لە واقیعی خۆی دەدوێو مەسەلەی خودەکە کاری تێ دەکاتو خۆی و خەڵکەکە بە سروشتو ئافرەتەوە دەبەستێتەوە ئەوەتا دەڵێ:

**((ئەی فریشتەی قەنەوزی**
**بەر تریفەی مانگە شەوی**
**چاو بە نەوزی خۆشەوی**
**چۆن دڵت هێنای دامبڕی**
**لە باوەشی کوورەی پڕشنگو پڕتەوی**
**ژینی ساردو سڕو تەزی؟ !**
**. . .**
**دە لێمگەڕێ، با بڕوانم، ئەوا چاوم**
**لەنێو تەمو مژی ژینا**
**کەوانەی گڕ هەڵدەواسی**
**با لەسەر هەوای تەهلیلەو**
**کشوماتیی دونیای نەبوون**
**با لەسەر ترپەی بە شەرمی**
**قوڵە قوڵی کانیلەی ڕوون**

**با لە تەختی بێ دەنگی ئاوسی گەردوون**
**ئاوازی ئێمەش هەڵکشێ، با نەتاسێ**
**ئەوا چاوم کەوانەی گڕ هەڵدەواسێ (٣)**

شاعیر، وەك شاعیری ڕۆمانسی دەکەوێتە بەر تەوژمی تداعیات‌و خەو بینین، پێوەندییەکی ئەندامانی لە نێوان خۆی و سروشت‌و بارە دەروونییەکەی خۆی پێك دێنێ، بۆیە وەرامی فریشتە بەم شێوەیە دەداتەوە:

**نا. نا.. هەی گفتوگۆ هەنگوین**
**ژینم ئالاوە لە بالای مەستی بێ کام و**
**خەو بینین. (٤)**

بەڵام خەوەکەی شاعیر، خەوێکی ڕۆمانسییانەی واقیعییانەیە، خەوێك ئەگەر بناخەیەکی پتەوی هەبێ شتێکی ڕەوایە.. هەستکردنی شاعیریش بە دابڕانی لەو خۆشی و نۆشییەی کە تیابوو، وای لە دیمەنەکان کرد کە توندوتۆڵ‌و پڕ مانابن، نەك بە شێوەیەکی ساکارو دەستکرد خۆیان بنوێنن.

بۆیە لەم هۆنراوەیەدا وەك ((ئەدۆنیس)) دەڵێ: ((سروشت هەر شت‌و بابەت نییە، بەڵکو بووە بە هێماوو وشەو وێنە)) (٥).

((مەڵێ.. پاییز)) هۆنراوەیەکی تری بیمارە، دیسانەوە بەستنەوەی تەمەنی مرۆڤە بە سروشت، پایز ((تەمەنی پیرییە)) وەك ((بەهار)) هێزوپێزی سروشتە، پایزیش کۆست کەوتنیەتی لەبەرئەوە شاعیر حەز ناکات گوێی لە وشەی پاییز بێ وەك شاعیرێکی ئیسپانی دەڵێ: ((مرۆڤ حەزدەکا تەمەنی زۆر درێژ بێ، بەڵام ئەگاتە پایزی ژیانی)) بیماریش هەمیشە حەزدەکات لاوو کۆك بێ، تەمەنی هەمیشە هەردەی بەهاربێ، بۆیە بەیارو ئازیزەکەی دەڵێ:

**گوڵەکەی من ! مەڵێ.. پاییز**
**دە توخوا ناوی مەهێنە !**

**بڵێ: هاوین، بڵێ: بەهار**
**دڵی ((یادگار)) مەشکێنە**
**یادگاری ڕۆژێك لە باغچەی بەهارا**
**خۆمو کەمانچەی بێ فیزم**
**گۆرانی ((بەرەو پاییز))م**
**لەبەردەم شۆخی نازداردا**
**دەگوت، دەمویست بە گەرمایی**
**بەهارانەی بەستەکانم**
**بەفری دڵی خەمی پاییزان لێ نیشتوو**
**بتوێمەوە.**
**وزەی ژینی هەمیشە سەوز بژێنمەوە**
**دە تۆش.. با گۆرانی بڵێین:**
**گۆرانی بەهاری بە خوڕ**
**گۆرانی هاوینی بە گوڕ** (٦)

دیارە شاعیر دان بە پایزی تەمەنی نانێ، بۆیە سەرمەستی خۆشەویستی جارێکی تـرەو دڵ بزێوی بە جۆشی بەهارێکی ترە، ڕوو دەکاتە خۆشەویستی ئەم جارەی و دەڵێ:

**ئێمەی لە تارمایی پایز یاخی یاخی**
**وەرە بچینەوە شاخی**
**هەمیشە لاو**
**تا لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:**
**بۆ تەمەنێك هەڵمەت دەبەین:**
**بەهارێکە وەکو تۆ جوان**
**دڵسۆز، بدە، نەرمو نیانو خانو مان** (٧)

ترسی شاعیر لە پایز بە ئارزەتەوە بەستراوەتەوە، حاڵەتێکی دەروونییەو لـە بنچـینەدا بـە سۆزو جۆشی خۆشەویستییەوە لکاوە و، ڕوو دەکاتە خۆشەویستەکەی کە ئافرەتـە نـاوی پـایز نەهێنێ. شاعیری ڕۆمانسی بەو تاقیکردنەوەی تێپەڕ دەبـێو سروشـت تـەرخان دەکـات بـۆ چارەسەرکردنی ((هەسـتکردنو پـەی پێبردنـی جـوانی سروشـت گـەورەترین لەزەتـە - پـاش خۆشەویسـتیی ئـافرەت - لـەو لـەزەتو خۆشـییانەی کـە هەنـدێ جـار جموجـوڵی مێشـك دەیانڕەخسێنێ)) بەم پێیە ((پایز دەکاتە پردێك بۆ مەبەستی خۆ نیشاندان لە ئاستی ئافرەتـدا هێشتاش لای ئەو هەر بەهارەو پاییزی چی؟ ! کەواتە مەڵێ.. پاییز.. بڵێ: بەهار، هـاوین. ئەمە بارێکی سایکۆلۆژی تایبەتییـە، هـەروەکو جـوانی سروشـت لـە ئافرەتـدا کۆدەبێتـەوە هەروەها پاییزیش وەرزی گەڵاڕێزانەو بەسەرچوونی تەمەنی بەهارییـە، ((لامـارتین)) جـوانیی سروشت لە ئافرەتدا کۆ دەکاتەوەو دەڵێ:

**باڵەکانم بۆ هەواو ئاوو ئاسمان دەکردەوە**
**وەك بڵێی من دەمەوێ دەست لە ملی سروشت بکەم**
**سوپاسی بکەم کە ڕووناکییەکانی خۆی نهێنییەکانی و**
**ژیانی و جوانییەکەی لەم**
**ئافرەتەدا دەرکەوت**

شاعیر وشەی پاییز چەند جارێك دووپات دەکاتەوە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا حاڵـەتێکی دەروونی تایبەتییەو ئەو دیاردەمان بۆ شی دەکاتەوە کە شاعیر گیری پێـوە خـواردووە و، وای لێ دەکات لە دەستەی لاوان دایبڕێو تاکو تـەنیا بیهێڵنـەوە، هـەروەکو ((بـۆدلێر)) دەڵـێ: ((وشە ئەو بیرە دەردەخات کە خۆی بەسەر شاعیردا سەپاندووە، لەبـەر ئـەوە دەبـێ ئێمـە بـۆ ئەوەی بچینە ناو گیانی نووسەر بە دوای ئەو وشانەدا بگەڕێینو کە لە کارەکانیدا زۆر دووپات بوونەتەوە)) [٨].

شاعیر ئەوەندە بە تەنگ بەهارەوەیە تەنانـەت ئـەو یـارو هـاودەمو هۆگریـەتی.. بـەهار هەرەتی لاوی و جوانییە، دڵی خۆشەویستی لە بەهاری تەمەندا دەست دەکات بە لێدان، هـەر پایزە کە مرۆڤ قینی لێ هەڵسێو بە چاوێکی ڕەشبینی سەیری بکات، چونکە بـە پێچـەوانەی گشت کژەکانی تری ساڵە، ئەگەر مرۆڤ لە زستانیشدا بێ، ئـەوە بـەهۆی ئـاگرەوە ڕووبـەڕووی

تەوژمی سەرماو سەهۆڵبەندانو باو، باران دەبێتەوە، پێشینان وتویانە:

**زستانان ئاگرو ئەز**
**بەهاران ماراتو پەز**
**هاوینان باغات و ڕەز**
**پاییزان یاری نەبەز**

هەر پایزەکەیە و کە هیچی لێ هەڵناکرێنرێ، هەر ئەویش نیشانەی نەبوونی و کۆتاییی ژیانە، جا هەر بۆیەش شاعیر شێتو شەیدای بەهارەو دوژمن نەیاری پایزی خەزانو گەڵاڕێزانە. شاعیر ڕوودەکاتە یارەکەی و دەڵێ:

**تۆم بەهاری**
**هەر تۆم یاری**
**کە دوو بە دووین. تۆ مۆمێکی دایساوی**
**نە دەتوانم بەسەر خەرمانەی گڕەوە**
**لەنگەر بگرم**
**نە دەتوانم ئارام بگرم**

کە شاعیر تەمەنی بەهار بێ و یارەکەی لا بێت، ئەو حەلە ژیان بە دڕكو گوڵەو لە باوەش دەگرێ، مادەمەکی یارەکەی هێشتا شاعیری پێ لاوەو تازە دڵی بە خۆشەویستی لێ دەدات:

**کە دوو بە دووین**
**وا مەزانە من هەر مەستی بەژنو باڵام**
**پەنجە تامەزرۆی وشینی قژی خاوم**
**مەلەوانی گۆمی جادوو ڕێژی چاوم**
**ئەوا ژیان دڵی مەلێکی گیراوە**
**بە کوڵ، بە تاو بەسەر سنگەوە لێ دەدا**
**ترپەی گەرمی تێکەڵ ترپەی دڵم دەکا**

**من ژیانم بە دۆڵو لووتکەی شاخەوە**
**بە دڕكو گوڵی باخەوە**
**لە باوەشی گەرم نا و** (٩)

شاعیر بە دوای بەهار عەودالە، هەرچەندە لە هۆنراوەی ((لە یاریگادا)) کەوتووەتە باوەشی دونیای مۆسیقاو سەمار جەوێکی تایبەتی، بەڵام وا دیارە شتێکی بێهوودە بوو، ئەو بەهارەی نەهێنا شاعیر پێی ببووژێتەوە تەنیا وەك خەیاڵێك هات و ڕەوییەوە. شاعیر دوور نییە چاوەڕوانی دلبەرێکی کردبێ، ئارەزووی شۆخێکی کردبێ کە لە گەڵیا دابنیشی و لە بەزم و ڕەزمو ئاهەنگەدا هۆگری بێو تینووێتی بشکێنێ، یا دڵی ساردو سڕی گەرم بکاتەوە بە پشکۆی خۆشەویستی و گفتوگۆی شیرین..

بەڵام شاعیری نەجووڵاندو شادیی پێ نەبەخشی شتێکی وەختیی کەم خایەن بوو، بۆیە شاعیر دەڵێ:

**ڕێژنەی مۆسیقای بەتاو بوو**
**بوو بە شەستو بوو بە لافاو**
**بەڵام بەهاری نەهێنا**
**تا گوڵێکی لە یەخەم دەم !**
**هەر ئەو گڕەی دایسابوو**
**بێ پشکۆ بوو، جەهەندەم بوو**
**چیی نەخایەند،**
**ڕستەی گوڵی لیمۆی سووتاند !** (١٠)

لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین کە بۆچی بەزم و ڕەزمەکە بە دڵی شاعیر نەبووو بەهاری نەهێنا؟ ئەگەر بە هەڵە نەچووبم شاعیر حەز بەو جۆرە بەزم و ڕەزمو مۆسیقا بە تاوو قاووقیژو سەمای ((ستریپتیز)) ناکات، ئەو حەز بە ئاهەنگێکی خۆماڵیی کوردەواری دەکات، کە کیژۆڵەیەکی کوردی جوانیی خۆڕسك بیدوێنێو بە زەردەخەنەی گەشو قسەی شەکراو دڵی

بسرەوێنیێو خەمی دڵی دامرکێنێتەوەو کەمێك خۆشیی پێ ببەخشێ بەهارەکە لای ئـەو کیـژە کوردەکەیە کە دڵی بە خۆشەویستی لێ بدات، بەهاریش بێ گوڵ نابێ، هەر بۆیەش گوڵێکی لە یەخەی نەدا.

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر باری هەستی خۆی دەردەخـات، هەرچـەندە بۆمـان دەرناخـات بـۆ بەهار نایەت، بەڵام ئێمە ئەگەر بـە قـووڵی بـەناو شـیعرەکەیدا زیـاتر بـۆ نـاخی مەسـەلەی دەروونییەکە بچین دەبینین ئەو ئاهەنگەی مـۆرکێکی ئەوروپییانـەی هەیـەو کارناکاتـە سـەر شاعیر، چونکە لەزەتێکی ویژدانی و دەروونی لێ نابینێ.

شتێکی کاتییەو هەستو هۆشو بیری شاعیر، چونکە ئەوەی کە ئـەو بـە دوایـا دەگـەڕێ ونەو لە بنەڕەتدا بوونی نییە هەر بۆیەش بەزمەکە بە شتێکی بێ مانـاو سـاردو سـڕ دەداتـە قەڵەم.

***

زۆر بە دەگمەن چاومان بە شیعری شاعیرێکی کورد دەکـەوێ دیمـەنێکی غـەیری ناوچـەی کوردستان جووڵاندبێتی. بەڵام ((بیمار)) شاعیرەو لەگەڵ هەستی خۆی ڕاستگۆیە و ڕووبـاری دیجلەی ژێر تریفەی مانگەشەو کاری تێ دەکاتو شیعری بۆ دەڵێ:

**سنگی دیجلەی تریفەی مانگ زیوین کردوو**
**بووەتە ئارامگەی ئەستێرەی مەستو ماندوو**
**وردە شەپۆل بە دەم باوە دێتو دەکشێ**
**تێك دەبەستێو ئاوریشمی نەخشێ لە نەخشێ**

شاعیر تەنیا وەسفی دیمەنی دیجلە ناخاتە ناو چوارچێوەی هۆنراوەکـەی وەسـفە ڕووتەکـەی مەبەست بێ وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی بێ گیانو دڵ، یا تابلۆیەکی ڕووتکـاریی مـردووی بـێ مانا، بەڵکو لە کێشانی ئەم تابلۆیە زیندووەیدا دارخورماو خەڵکی چاخانەکانی سەر کـەناری دیجلەش بەشداریی جەووەکە دەکەن، کە تەنانـەت دارخورماکـانیش وەکـو مـرۆڤ خەیاڵـدارنو نوقمی بیرو ئەندێشەی خۆیانن، خەڵکی چاخانەش مانگی ئاسمـان دەشـۆنەوەو لـەژێر تریفـەی مانگە شەوی زیوینی پاشای شەوو سروەی شەماڵی فێنکی دیجلەو گـەرمای قرچـەی ڕۆژانـی هاوین ڕاو دەنێن. شاعیر خودی خۆی تێکەڵ بە بابەتەکە دەکـاتو خـەمو پـەژارەو هەسـتی دەروونی خۆی تێدا دەردەبڕێ:

**من هەر خەیاڵ دەخۆمەوە دانیشتووم**
**بەڵام دەڵێی لە زنجیردام**
**دیجلە نەبێ دەڕوا، سەرمەست، دڵ پڕ ئارام**
**دەڕوا تاکو بڕناکا چاو**
**تا دەڕژێتە ئاسۆی زۆر دوور**
**بەبێ زنجیر، بەبێ خەیاڵ، بەبێ ئەنجام**
**نازدارێکە لە جوانییا**
**لەژێر پەردەی ئاوریشمینی مانگەشەودا**
**دەخزێ، دەڕواتو زۆر دڵنیا** (١١)

سەیرکە شاعیر چۆن دیجلە دەکات بە ئافرەتێکی شۆخو شەنگ، لە ژێر پەردەو تارای ئاوریشمینی مانگەشەودا دڵنیا دەڕواتو لەسەر ڕەوتی خۆی بەردەوامە.

لەو هۆنراوەیەدا شاعیر لە ڕێگای دیجلەوە بەناو خەمو هەستو خولیای خەڵكو خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە. وەك بڵێی دەیەوێ دیجلە بیوروژێنێ، هەر بۆیەش وەسفێکی وردی دیجلە دەکات، لەم ڕووەوە ((عزبناوم)) دەڵێ:

((سەرهەڵدانی شیعری سروشت - نەك تەنیا سروشت - بە وەسفی ورد دەستی پێ کردووە، ئارەزووی ڕاستگۆیانە هانی دەدات مافی وەسفکراوەکە بە تەواوەتی بدات، پاشان شاعیر نیشاندانی ئەو تێڕامانەی کە شت لە بیرکردنەوەیدا دەوروژێنن، نەك وێنەکێشانی شتەکە وەك خۆی، بە یەکەمین ئەرکی خۆی دابنێ)). (١٢)

بەستنەوەی سروشت بە بیرو ئەندێشەی شاعیر، مەسەلەیەکی نەپچڕاوی توندو تۆڵە... سروشتەکە دەبێتە مایەی تەقینەوەی سەرچاوەی شیعری شاعیرو بەرەو کەناری خەمە تایبەتییەکانی ڕاکێشی دەکات، لەو ڕووەوە ((ڕۆزنتاڵ)) وتوویەتی: خەیاڵی شیعری پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە ڕواڵەتەکانی شیعرەوە هەیە، چونکە سروشتو خەیاڵ هێزێکی دروستکەری لە بن نەهاتوون)). (١٣)

لە هۆنراوەی ((کۆڵو کانی)) دا. شاعیر دیمەنێکی تری سروشتو ئافرەتو جوانیمان بۆ

دەکێشیٚ. ((کۆڵو کانی)) دیمەنێکی سەردەمێکە حەلە پڕۆژەی ئاو لە شارەکاندا وەك ئـەمڕۆ پەرەی سەندبوو، ئافرەتان بۆ کوڵ دەچوونە دەم ڕووبارەکانی و سەرچاوەکان، ئەگەر ئـەم جـۆرە دیمەنانە بەلای خەڵکەوە شتێکی ئاسایی بیٚو سـەرنجی ڕێبـواران ڕانەکێشـێ بـەلای بیمـارەوە دیمەنێکی دلفرێنی نازدارە شاعیر بە هەموو دلێکەوە بەتاسەو چاوەڕوانیی ڕۆژێکی ئاوایە کـە چاوی خۆی پڕ کات لە جوانیی سروشتو ئافرەت:

**ئەتۆ ڕێبواری و لێی تیٚ دەپەڕی**
**تەنکە دووکەڵێك دەبینی سەری**
**ڕاکێشاوەتە سەر سنگی ڕووبار..**
**لە پشت دەوەنیٚ**
**لە دەم کانییەك**
**قانگ دەراقازان**
**ئەوا.. کۆڵ دەکا ئافرەتێکی جوان**

کانییەکە تەنیا ئاوێکی ڕووتی ئاسایی نییە، ئەوەندە ڕوونو بێگەردە دەڵێی زیوە، بە بۆنو بەرامی ئافرەتی جوان بۆن گوڵاو بووە:

**لە مەیان لێوی سروەی ئەم ئاوە**
**کاتیٚ جامەکەی تی هەڵدەهێنیٚ**
**ئاوێنەی وێنەی لەشێك دەشکێنیٚ.**

هەرچەند شاعیر وەك هونەر کارێکی شارەزا تابلۆی دیمەنە سروشتی یەکەمیان بۆ دەکێشیٚ، بەڵام لە چاو کێشانی وێنەی گەیشتنی بە ئارامگایەکەی ئەوەندە بەهێزو پتەو نییە، هەسـتی زیاتر بەلای ئافرەتەوەیە کانی و کۆڵەکەی تەرخان کردووە بۆ مەبەستە سەرەکییەکەی کـە لـە پێناویدا هاتووەتە شوێنەکە هەر بۆیەش خۆی پرسیار دەکات، یا یەکیٚ لە ئافرەتەکان دەپرسیٚ:

**تۆ هەرزەکاری ڕێبواری شاری**
**لە کویێ دەزانی**
**ئەمڕۆژە ڕۆژی کۆڵو کانییە؟**
**گوایا تۆش ((مانی)) ی یاخود ((رینواڕ)) ی**
**کارت نەخشانی وێنەی جوانییە؟ !** (١٤)

شاعیر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو ئەو دیمەنەی کە ئـەو گەرەکیـەتی، ڕێگـای بـۆ خۆش دەکات. بۆیە لە سەرەتادا وەسفی ڕووبارو ژاڵەو دەوەنو بەردی زلو دار دەکات ئینجـا هەنگاو بەرەو کانیی پشت دەوەنەکە دەنێ، لەوێوە وەسفی کانییەکەو ئەو ئافرەتە شۆخەی کـە جام لە کانییەکە هەڵدەهێنێ لە ئەنجامدا بەرەو ئارامگەکەی کە تەنیا وێنەکێشـانی ڕەنـگ و ڕوخسارو جوانی ئـافرەت نییـە، بـەڵکو دەربـڕینی بـارودۆخی شـاعیرە، کـە بـەبێ بەشـی و خۆشەویستی و سووتانو سۆزی گڕگرتوو سەرکێشیی لێ دەتکێ. ئەم بـێ بەشـییەش کلیلـی سەرەکیی تاقیکردنەوەی شاعیرە لەگەڵ ئافرەتدا. ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتییە کە شاعیر دەیەوێ ئەم پەردەیە بدڕێنێو لەگەڵ بارودۆخـە ناهەموارەکـەی بکەوێتـە ململانـێ، هـاتووە تۆڵەی بێ بەشییەکەی لە باوەشی کۆڵو کانیدا بکاتەوە، ڕووبەڕووی واقیعی ناو شـار ببێتـەوە و، لە پێوەندییە کۆتکەرەکان یاخی ببێو بۆیە دەکەوێتە ناو تاقیکردنەوەیەکی نوێی دووچـاوی نەیارو داوو نەریتی ناوشار.

هۆنراوەی ((لە کۆشی دایکی مەرگدا)) پێویستی بە وەسـتانو وردبوونەوەیـەکی تایبـەتی هەیە شاعیریش بەر لە مردن باسی مردن دەکاتو ترسی لـێ نیشـتووە، مەسـەلەی مـردنیش وەك مەسەلەیەکی ئەزەلی هەر لە کۆنەوە بۆتە ترسێکی ڕەوا، بە تایبەتی لە تەمەنی لاویـدا، کە ئەو حەلە لە دەرکێشانی نەو نەمامێك دەکات کە لە ڕەگوڕیشەوە لە بن بێ ئەو ترسانە لە مردن، ترسێکی ڕەوایە، هەرچەندە کە مردن گەر چنگی خۆی لە مـرۆڤ گیرکـرد گـوێ ناداتـە پیری و جەحێڵی، بۆیە لە ئاستی مەرگا ترس مرۆڤ دادەگـرێ هەسـت بـە نـەمانی جەوهـەری ئینسانیی خۆی دەکات، بە تایبەتی کە مـرۆڤ تـازە هـەڕەتی بـەهاربێ، مەرگەکـە بەلایـەوە شتێکی سروشتی نییـە کـە پـاییزی تەمەنـەو وەخـتی گەڵاڕێزانـە ((بیمـار)) لـە ڕوانگـەی

نەخۆشییەوە سەیری تارماییی مەرگ دەکات، زۆرجار کە مرۆڤ تووشی نەخۆشییەکی گران دەبێ، لە مانی خۆی نائومێد دەبێو دەکەوێتە ژێر باری وڕێنەو خەیاڵی کۆچکردن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ترووسکە هیوایەك لە مێشکی چەخماخە دەداتو دەسبەرداری ژیان نابێ، وەك ئەو مێروولەی دەکەوێتە بەر شەپۆلی ئاوو دەرباز دەبێت.

شاعیر ناڕەزاییی خۆی بەرامبەر ئەو مەرگە ناوەختە دەردەبڕێ کە هێشتا وەختی نەهاتووە، بۆچی ئەو نەمامە تەڕو پێ نەگەیشتووە ئاوا زوو وشك بێو لە ژیانو بەروبوومی خۆی بێ بەش بێ:

**ئەمان داد ! ئەی ژیانی لاوی پشکوتووی**
**بە شەونم تەڕ**
**ئەگەر ڕەحمێ بەتۆ نەکرێ، ئیدی بۆ چ ((بوون)) دەنەخشێنێ؟**
**دڵی ساوام لە کۆشی دایکی مەرگدایە**
**دڵم وا تێمەگەن ئەمڕۆ لە ناو سنگی زەغەلمایە**

وڕێنەی شاعیر دەگاتە ڕادەیەك کە گیانی پاش مردنی دەچێتە گیانی کۆتری سپی هەردووکیان لە دوورەوە هاتوون، بەچکە گیانەکەی لەگەڵ خۆتان ببەن:

**ئەوا دوو کۆتری وەك لۆکە، ئاسۆی شین**
**بە باڵ دەدڕن**
**بەسەر دەریاو نەواڵی دوورەوە هاتوون**
**بەرەو مەڵبەندی من دەفڕن**
**لەگەڵ بەچکەی گیانمدا گڕوگاڵیانە بۆ یاری**
**بڵێیت تا دەستەمۆی کەن**
**هەڵفڕێو بیبەن؟ !** (١٥)

شاعیر حاڵەتی مەرگی خۆی لە کۆشی نەخۆشیدا بە باری مێروولە دەبەستێتەوە، هەروەها

له گەرمەی خەیاڵو وڕێنەدا گیان دەرچوونی بەهاتنی دوو کۆتری سپی دەبەستێتەوە کە هەردووکیان ڕەمزی هێمنی و بێ تاوانین... شاعیریش لەو تەمەنەدا شیاوی مردن نییە ((مایەی بەزەییەکی تارماییەکەی جوانیی لاوێنی ببینین بە مردوویی کەوتووەتە سەرخاك، کەچی ئێمە دەبێ ئەو مرۆڤە لە تەواوکاریی بوونی و، هەموو دەوڵەمەندیی سەرەنجامی بە پیتو پێزی هێزەکەیدا ببینین، تاکو بتوانین هەست بە فیرۆچوونی تراژیدیاو بێهوودەیی لە جیهانێك بکەین کە شتێکی مەزنی ئاوا تیایا خاوو فەوتاو بێتو لەژێر باری هەر کزەبایەکی چارەنووس دابێ)). (١٦)

هەرچەندە لە ((کانیلەو خۆشەویستی)) دا ژمارەیەك هۆنراوەی شاعیر دەخوێنینەوەو، وەستان لە ئاستی هەریەکێکیان و ڕووناکی خستنە سەریانو شیکردنەوەمان بەرەو درێژدادڕی دەبات، بۆیە ناچار دەبین لە کۆتاییی پێ بینینو تەنیا لە گۆشەی هۆنراوەی ((چەند فرمێسکێ لەگەڵ پاییز))دا کەمێك شۆڕببینەوە ناو هەستو خولیای شاعیر:

**هەڵکە ئەی بای گەردەلوول**
**تۆ هەناسەی پاییزیت**
**پڕکەوە بۆشاییی گەورەو پانو قووڵ**
**بێ وەکو چەرخێکی زل**
**لوول دە پرشنگی هەتاوی هەڵڕژاو**
**کۆکەوە سامی تەمو هەوری نەماو**
**تۆ هەناسەی پایزیت**
**پایزی وەك من بەدار**
**زەردو لاوازو هەژار**

شاعیر واقیعی خۆی لە وێنەی پاییزدا دەدۆزێتەوە لەگەڵ سروشتدا یەك دەگرێتەوەو تێکەڵی دەبێ. وێنەی خودی شاعیرو دەروونێکی تێکشکاوی نائومێد بنچینەی تاقیکردنەوەی شیعری شاعیرە هەوێنی تەقینەوەی سەرچاوەی هۆنراوەکەیە، هەر بۆیەش شاعیر پەنا دەباتە بەر پاییزو سکاڵای دەردو خەمو پەژارە و ئاه وناڵەی خۆی پێ دەسپێرێ.:

**هەڵگرە بۆ دوور هەناسەو ئاهمان**
**سۆزو تاسەی گیانو دڵ**
**ئاواتی زل**
**بۆ بڵند، ئێجگار بڵند، جێی ماوەتەوە،**

کە وەسفی پایزمان بۆ دەکات، کڕەیێ بەرجەستە دەکات کە هەستکردنی شاعیر دەردەخات بەرامبەر کزیی خۆی و ڕەنگ زەردی و لێو بەبارییەکەی، وەك بڵێی هاودەردی یەکترینو جەوهەری ژیانیان یەکە ئەمەش ڕاستییە بەسۆیەکەیە کە شاعیرێك لە تەمەنی بەهاری ژیانیدا بەو جۆرە ڕۆمانسییەتە بڕوانێتە خۆی و، واقیعی خۆی بە پاییز ببەستێتەوە. دەبێ هەر لەو کاتەوەی واتە ساڵی ١٩٥٦ کە ئەو حەلە شاعیر لاو بوو بیری لە پایزی تەمەنی نەکردبێتەوە و، ئەو بارەی ئێستای نەهێنابێتە بەرچاوی خۆی؟ ئەمە تەنیا پرسیارێکەو چیتر.. یا ئەوکاتە شاعیر بە چاوێکی ڕۆمانسییانەی پڕ نائومێدی سەیری ژیانو تەمەنی خۆی دەکرد؟ !. دیارە دیمەنی پایز جۆرە هەستێکی لە دڵی شاعیردا چەکەرە کردووە، کە هەستی ئازار بەخشی بە ناسۆرە لە پایزی تەمەن هەر لەو وەختەوە ئەو ڕاستییەی دۆزیبێتەوە کە چارەنووسی سروشتو مرۆڤ هەردووکیان بەرەو پایزە:

**من وەکو ئەم پاییزە ڕەنگ زەردەمە**
**وا ئەشێوێنێ قژی زەرد بەو دەمە**
**ناوچەوانی پانی بێگەرد لۆچ ئەکا**
**هەڵئەکێشێ ئاهی سەرد**
**گەردەلوول و، لە سنگی چەشنی بەرد**
**دائەڕووشێنێ دەروونی گەرمو گوڕ**
**ڕای ئەدا بۆ ئاسمانی ساردو سڕ**

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ویژدانو هەستی شاعیر گڕیان گرتووە و ڕواڵەتی پایز لەو

گڕە وا تواوەتەوەو تووشی بارە دەروونییەکەی کردووە، بۆیــە هەســتی بەســۆزی شــاعیر ســەر دەکاتو داوا لە پاییز دەکات کە هەرچەندە مایەی کزی و ڕەنگ زەردی و ئاهی ساردە، خــۆی بدا بەدەستەوەو بێتە ژێر ڕکێفی شاعیرو نەرمە بارانێك ببــارێنێو ژیــانو تــەڕی و گەشــی و ناسکی لە دەمارە ویشکەکانی گوڵو دڵو چەمە بێ ئــاوو تێنووەکــان بگــەڕێنێ، بــۆ ئــەوەی ببووژێننەوە:

**هەڵکە ئەی بای گەردەلوول**

**لوول بدە پرشنگی ڕۆژی هەڵڕژاو**

**کۆکەوە هەوری ڕەشی باران لە چاو**

**بابگریت گوڵ لەگەڵ دڵدارەکان**

**کلپە کا دڵ**

**ڕووگرژ ڕووبارەکان !**

**نەرمە بارانێك بەسەر بەرزو نەوی**

**چاکی زەوی** (١٧)

وە ك ڕوونمان کردەوە شاعیر لەم هۆنراوەیەدا ڕۆمانســییانە بــیر دەکاتــەوەو دیلــی دەســتی پایزە، لەبەردەم پایزدا ملکەچەو چی لەدەست نایە تەنیا ئاخ هەڵکێشانو گریەو ناڵین نەبێ با گوڵو دڵدار پێکەوە بگرینو دڵ کلپــە بکــات و ڕووبارەکــان ڕوویــان گــرژ کــەن. ئــەم جــۆرە بۆچوونەو وەسفەی شاعیر نیشانەی بێ بەشی و حاڵەتێکی سایکۆلۆژی تایبەتییــە، لــە نــاخی دەروونیدا پەنهانەو دەیەوێت لە ڕێگای پایزەوە دەریانبڕێ کە پایز لە ئــارادابێ دڵ ناســرەوێ، گوڵیش ناگەشێتەوە ڕووبارەکان تێنوونو سەرچاوەکان ویشك دەبن بۆیە شاعیر لە ئاستیدا بــێ دەسەڵاتەو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیاندا دۆش دادەمێنێو لە پایز دەپاڕێتەوە کە نەرمە بارانێك ببارێنێ، کە شاعیر داوای لێ دەکات بە دەنگ بانگەوازەکەیەوە بێو ئارەزووەکە ی جێبــەجێ بکات، سروشت لە ڕووی سیسو ژاکاوەکەی و پێوەندییەکانی دادەپچڕێو سەرلەنوێ دروســتی دەکاتەوەو گیانێکی دیکەی دەخاتە بەر، کە ئەویش بە ئەرکی خۆی هەستێو لە خوو ورەوشتە بەدکارییەکەی دەرچێو کەمێك بەزەیی بەخۆی و مرۆڤدا بێتەوە، ئەم جۆرە داواکردنەی شاعیر لە ڕوانگەیەکی دەروونییەوە سەر هەڵدەدات کە پایز شــێوەی پێشــووی خــۆی بگــۆڕێو جــۆرە

پێوەندییەکی نویێ لەگەڵ دارو درەختو گوڵو دڵدار و ڕووبار... هتد پەیدا بکات کە ڕووە گرژو مۆنەکەی خۆی پێ بشارێتەوە بەڕوویەکی تر سەیری ژیان بکات.. شاعیر هەر بەم جۆرە پەردەی نائومێدی دادەدڕێو چاوەڕوانی نەرمە بارانێك دەکات کە ڕەنگو بۆی بێتەوە بەرو وەك گوڵو بولبول بکەوێتەوە دۆخی بەهارو بچێتەوە باوەشی خۆشەویستی و دڵداری. بەو ئومێدەوە دەژی کە کانیلەی وشك نەبێو ئاوی ساردو سازگاری بەردەم لێ بخواتەوەو هەردەم ژیانی هەر بەهارو بێکەسو پێی نەڵێ پاییزە تەمەنی... زمان وحاڵیشی هەر دەڵێو دەیلێتەوە: پایز بڵێ: هاوین، بڵێ: ((بەهار)).

## هەندێ لایەنی هونەرکاری هۆنراوەکان:

### ١ - لایەنی کێش:

شاعیر ڕێچکەی مامۆستا ((گۆران)) ی گرتووە، شیعرەکانی لە بۆتەی کێشی خۆماڵی، فۆلکلۆری و پەنجە خۆیان دەنوێنن.

هەر لە یەکەم شیعرییەوە بە تەواوەتی هەست بە ئیقاعێکی مۆسیقاداری کێشی فۆلکلۆری دەکەین، کە چوار بڕگەیەو دەبێ بە هەشتو دوازدە، ئەم جۆرە ئیقاعە دەنگێکی مۆسیقاداری تایبەتی هەیە کە هۆڕمۆنییەکەی بەرزو نزمەو بە گوێ ئاشنایە و ڕەوتی لەسەر زمان خۆشە. هۆنراوەی ((مەڵێ پاییزو، لە یاریگادا و، بەستەی زێڕ و، دڵو شێخو دڵداری)) لەسەر هەمان کێشن هەندێ هۆنراوەی ٥ * ٥ بڕگەیە وەك شیعری پاسی لاڕێ و ڕەوتی ئیقاعی حەوت بڕگەشی ڕەفتار کردووە، جگە لەو کێشانە، هاتووە دەریای هەزەجو هیی تری بەکارهێناوە کە ئەم جۆرە کێشەی عەرووزی عەرەبی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد بەکاریان دەهێنا. بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

| | |
|---|---|
| **لەسەر شەو و ڕۆژی داناوە** | **مەڵێن فێسی لەسەرناوە** |
| علـى الأهـزاج تسـهيل | **مفـاعـيلن مـفـاعـيل** |

بیماریش لە چەند هۆنراوەیەکی ئەو کێشەی هەزەجی پێڕەو کردووە. وەك هۆنراوەی ((بۆ ئەسپەکەم)).

بەشێوەیەکی گشتی شاعیر ئەو کێشانەی هەڵبژاردووە کە لە سەر زمان خۆشنو گوێچکەمان ئاشنایان بوونەو دڵ سرەوێنن، واتە بابەتی کێشی شیعری ئاهەنگاوین، زۆرجار

بەر لەوەی هۆنراوە لە دایك بیٚو جۆرە کیٚشو ئاوازو ئیقاعیٚك شاعیر دەجوولیٚنیٚو وشەکان لە میٚشکیدا پەنگ دەخۆنەوەو لە نووکی قەلّەمەوە دەرژیٚنە سەر کاغەز و ((هەر کەسیٚ شیعر دادەنیٚ دەبیٚ بزانیٚ چۆن هۆنراوەکە لە میٚشکی شاعیردا بەجۆرە ئیقاعو ئاوازیٚکەوە دەست پیٚ دەکات بەر لەوەی مانایەکی دیاریکراوی هەبیٚ، زۆر هۆنراوەی لە میٚژووی ئەدەبی ئینگلیزیدا وەك گۆرانییەك بیٚ وشە دەستیان پی کردووەو شاعیر لە خەیالّی خۆیدا گووتویەتیەوە، ئینجا پەیتا پەیتا قالّبو وشەو مانایان وەرگرتووە)).

هەروەها لە بابەت ئیقاعی شیعرەوە وتراوە: خورپەی جەوهەری لە ناو شیعردا ون دەبیٚ، ئەگەر گۆرانی نەبیٚ دەنگە وشە بیرەوەرییەکان بورووژیٚنیٚ یا بەرزو نایاب بن، بەلاّم کە ئیقاعیان نەبیٚ، ئاوازەکەیان ناگاتە دلّی خویٚنەر تاکو ببنە بەشیٚك لە بوونی)).

ئیقاعی شیعر لای بیمار مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی شیعرەکانیەتی شیعر ئەگەر بیٚ ئیقاعو ئاوازبیٚ دەبیٚ بە پەخشان هەرچەندە ویٚنەکانیش بەرزو بەهادار بنو تۆکمەو پتەوتر لەبەر ئەوە شاعیر بایەخیٚکی گەورەی بە ئیقاع داوە، بە تایبەتی لەو شیعرانەی کە بەشیعری سەربەست دەدریٚنە قەلّەم، جۆرە ئیقاعیٚکی وای هەلّبژاردووە کە دەنگیٚکی تایبەتییان هەیە، چونکە وەك بووبیٚ بە شاعیر دەلّیٚ: ((دەنگ دەبیٚ زایەلّەی مانابیٚ)).

## ٢ - مەسەلەی زمان:

زمان مەرجیٚکی سەرەکییە لە دارشتنی بابەتی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعر دەبیٚ ئاستی زمانی شیعر لە بابەتەکانی دیکەی ئەدەب پاراوترو ناسکترو بەرزتر بیٚ. زمانی (بیمار) ناسکەو مەرجەکانی زمانی شیعری فەرامۆش نەکردووە. شاعیر هەر لە سەرەتادا بە کەلوپەلیٚکی چاكو بە پیٚزەوە چووەتە ناو کۆری شیعرەوەو ئەو چەند سالّەی لە کۆلیژی ئەدەبیات بووە - بەشی کوردی - زیاتر زمانەکەی مشتومالّ کردۆتەوەو شارەزایانە رستەکانی دارشتووەو بینای هۆنراوەکانی پیٚ هەلّچنیوە.

## ٣ - ویٚنەی شیعرو شیٚوازی شاعیر:

ویٚنە شیعرییەکان لە ناوجەرگەی واقیعەوە هەلّیٚنجراون. پیٚوەندییەکی نەپچراو لە نیٚوان دیوەکانی ویٚنەکاندا بەدی دەکریٚ کە شاعیر بە شیٚوەیەکی هونەرکاری و بە پیٚی توانای ئەوکاتەی دوور لە وردەکاری و ویٚنەی دەستکردو بە مەبەستیٚکی تایبەتی کیٚشاوینی لەناو

وێنەکاندا شەخسیەتی خۆی و واقیعی خۆی دەرخستووە.

شێوازی بەکارهێنانی ڕەمزو تەمومژو وێنەی ئاڵۆزو نادیارو سەر لێشێواو لە هۆنراوەکانی بەدی ناکرێن، وشەکان دەوری خۆیان دەبینن. شاعیر پەنا ناباتە بەر وێنەو ڕستەی لەرزۆكو تەنکاو و ڕووکەش.. خۆی بەو جۆرە وێنانە نەبەستووەتەوە کە سەر لە مرۆڤ دەشێوێننو وشەکان لە ناویاندا هەناسەبڕکێ دەبن بۆیە (عەبدولڕەزاق بیمار) شاعیری شێوازی بێ گرێو گاڵە، چونکە شێوازی شیعرەکانی بەو جۆرە دەردەخات کە دووربێ لە مۆرکی ڕاپۆرتی و ڕاستەوخۆو لە هەمان کاتیشدا نەکەوێتە ژێر کارتێکردنی تەمومژو لێڵی و ئاڵۆزی.

**پەراوێزەکان:**

١- دیوانی گۆران - بەرگی یەکەم

٢- هۆنراوەی فەلسەفەی دڵداری، ئەحمەد هەردی بە شیعر کردوویە بە کوردی

٣ - کانیلەو خۆشەویستی، ل ٥، ١١،١٠،٦.

٤ - هەمان سەرچاوە، ل ١٠.

٥- مقدمة في الشعر العربي، ادونيس ل ٤٩ - ٥٠.

٦ - کانیلەو خۆشەویستی، ل ١٣ - ١٤.

٧- هەمان سەرچاوە، ل ١٦ - ١٧.

٨ - ثورة الشعر الحديث، بەرگی یەکەم، د. عبدالغفار مكاوي ل ٧٥.

٩ - کانیلەو خۆشەویستی. ل ١٥.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

١١- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤ - ٢٥.

١٢- دراسات في الأدب العربي، د. احسان عباس واخرين ل - ١٧٤.

١٣ - شعراء المدرسة الحديثة، ل ١٨٥.

١٤ - کانیلەو خۆشەویستی، ل ٣٢ - ٢٤.

١٥ - هەمان سەرچاوە، ل ٥٨ - ٦٠.

١٦ - انسانية الانسان، بارثون بري، ترجمة سلمى الجيوس، ل ٤٦.

١٧ - کانیلەو خۆشەویستی، ل ٧٩ - ٨١.

١٨ - الفنون الاساسية، اروين ارمان، ترجمة: حمزة محمد الشيخ. ل ٤١.

# کلاَفەی حەزێکی سەرشێت-ی عەبدولڕەحمان بێلاف

## پێشەکی:

کە خونچەیێ بە سروەی بەیان دەپشکوێ و شەونم ڕووی ئاوڕشێن دەکاتو خۆرەتاو تارای زێڕینی بەسەردا هەڵدەکێشێ، ئەو خونچەیە زیاتر دەگەشێتەوەو پەیتا پەیتا دەشنێتەوەو بەو لەدایکبوونەوەی مەست دەبێو دنیایەکی نوێ باوەشی بۆ دەگرێتەوە. هەندێ خونچەش هەن بەر لەوەی ببن بە گوڵی گەشو پاراو هەر زوو لە خۆ بایی دەبنو خۆیان پێ شاگوڵی گوڵانە و بە چاوێکی سووكو کەمییەوە دەڕواننە گوڵزار، وا دەزانن کەس وەك ئەوان ڕووگەشو خەندان نییە. مەسەلەی شیعریش هەر بەم جۆرەیە، شاعیر دەبێ بەم جۆرە سەیری ژیان نەکات، کە تەنیا شیعر هەموو شتێکەو شاعیر گەورەترین ڕۆشنبیرو داهێنەرە، مەسەلەی بێ فیزی و بێ لافیی شاعیر، مەرجو هۆیەکی زۆر سەرەکییە بۆ پێشکەوتنو سەرکەوتنی شاعیر. ئەزموونو تاقیکردنەوەی هەمەجۆرە شاعیر دەکەن بە شاعیرێکی ڕەسەن، ئەگینا هەر کەسێ لافی تێپەڕاندنو داهێنانی لێداو خۆی بە شاعیرێکی زل دایە قەڵەم، ئەوە مانای ئەوەیە مرۆڤێکی سەرلێشێواوو نابەڵەدە، چونکە هیچ کاتێ لاف لێدانی شاعیر نابێتە پێناسەو پاسەپۆرتی ڕاستەقینەی شیعرو شاعیر هەرگیز شاعیری نا شاعیر ناکات بە شاعیری ڕاستەقینە و ڕەسەن کە ئەرکی خۆی وەك شاعیرێك جێبەجێ بکاتو لەگەڵ شیعرو شیعر دۆستان بەجۆرێ مامەڵە بکات کە نەخۆی بدۆڕێنێو نە جەماوەری خۆشی لە کیس خۆی بدات.

لەم ڕوانگەیەوە با کەمێك لەگەڵ ئەم کۆمەڵە شیعرەی عەبدولڕەحمان بێلاف دا دابنیشینو باری سرنجی خۆمان لە بارەیەوە دەربڕین... شاعیری بێلاف خوێنەر سەرپشك دەکا لەوەی ناویان بنێ شیعر یان ناویان نەنێ شیعر، ئەم هەڵوێستەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی ژیری شاعیرە کە یەکەم هەنگاوی بەرەو جیهانی شیعرەو نایەوێ بە زۆرەملێ سواری پشتی شیعر ببێ و، خۆی وا نیشان بدات کە شاعیرێکی گەورەیە، ئەوە لە کاتێکدا کە لە سەرەتای شیعردایە، سەرەتای هەموو مرۆڤێکیشو چۆنیەتیی ئەم سەرەتایە دەورێکی گەورە لە ژیاندا دەنوێنێ. کەچی بە پێچەوانەوە وەك تەمەنی هەرزەکاریی شیعریش ئاوایە، شاعیری هەرزەکار دەبێو نەخۆی. دەناسێو نە جەماوەری شیعر، بە ئەقلییەتێکی هەرزەکارانەش شیعر

دەنووسیٚو بیر لە شیعر دەکاتەوە. نامەویٚ زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە برۆمو دەگەڕیٚمەوە سەر ((کلاٚفەی حەزیٚکی سەرشیٚت)) دەلیٚم ئەم شاعیرە لاوە سینگی فراوانە بەرامبەر حوکمو بڕیارو باری سەرنجی خویٚنەر، وەك خۆشی دەلیٚ چاوەڕیٚی ڕەخنەی ڕەخنەگرانم نەك بۆ ساردکردنەوەم، بەلکو بۆ هاندانو هەنگاوی چاتر.

ئەم کۆمەلە شیعرە دە هۆنراوەی بەخۆوە گرتووە، زۆربەی زۆریان بابەتی شیعری گۆرانی ئامیٚزو ویژدانین، ئەم حالەتەش بووە بە مۆرکی شیعری کوردیمان بە شیٚوەیەکی گشتی.

شاعیر لە هەندیٚ شیعریدا مرۆڤیٚکی گەشبینەو بە چاویٚکی واقیعیانە سەیری ژیان دەکات، تۆوی نائومیٚدی لە دلٚو دەروون دەردەکاتو بە بڕوایەکی پڕ لە هیواو ورەیەکی بەرز مامەلە لەگەلٚ ژیان دەکاتو خۆشەویستی خاكو خۆلٚ دەکاتە سەرمەشقی شیعرەکانی و، بە زمانیٚکی سادەو ئاسان بیری شیعرەکە دادەڕیٚژیٚو درەخت دەبیٚتە ڕەمزی پیٚوەندیی نەپچڕاوی مرۆڤ بە خاکەوە، ئەوەتا لە هۆنراوە ی ((مەرگ هەرگیز ڕەگی داربەڕوو ماچ ناکا))دا دەلیٚ:

**کەسیٚ دەمریٚ کە بیٚ خاك بیٚ**
**بیٚ ولاٚت بیٚ و**
**هیٚلیٚکی سوور نەیگریٚتە خۆی**
**بەلاٚم کە تۆ**
**خاکیٚ ڕەگت لە باوەش کا**
**خۆری هیوات**
**درویٚنەی تاریکیی ڕەش کا**
**باوەڕ بکە**
**زۆر لە مەرگیش گەورەتری**

عەبدولڕەحمان بیٚلاف هەرچەندە کە ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستماندایە نۆبەرەیە و یەکەم هەنگاوی ڕیٚگایەتی، بەلاٚم جۆرە عەفەویەتیٚكو بەهرەیەکی شیعریی تیٚدا بەدی دەکەینو نوقلاٚنەی دوارۆژی ڕووناکمان پیٚ دەبەخشی، کە ئەو لاوە میوانیٚکی نامۆو ئاوارەی شیعری کوردی نییە. ئەم سەرەتایەی، سەرەتایەکی چاکە و، ئەگەر هەنگاوی گورجوگۆلی تری بە

دواوه بێ، مانای ئەوەیە، ئەویش وەك شاعیرانی تر جێگەی خۆی لە ڕیزی شیعردا دەکاتــەوە، مەسەلەی عەفەویەتیش لە شیعردا نیشانەی تەقینــەوەی بــەهرەی شــاعیرەو خۆپاراســتنە لــە دەستکردی و زۆرەملێ، ئەوەتا شاعیری لاو لە هۆنراوەی بۆ ئەو شۆخەی بینیمو نەمبینییەوە)) دا دەڵێ:

**نە چەخماخەی برووسکەت دێ،**
**نە گرمەو ناڵەی گەواڵە**
**نە یەك تنۆکە بارانێ**
**بەڵام چ بکەم، دەریا ئاسا**
**کلافەی حەزێکی سەرشێت**
**لە دەروونما گێنگڵ دەدا**
**بەڵام سەد ئاخ، کە نارێکی یەکجار دووری**
**شەپۆلی حەز**
**گیان دەدا، ناگاتە بەر پێت.**

شاعیر وەستایانە مامەڵە لەگەڵ فۆلکلۆری نەتەوایــەتیمان دەکــات و، دوو دێــڕە شــیعری فۆلکلۆری لەگەڵ هۆنراوەیەکیدا بەیەك دەبەستێتەوە، بێ ئەوەی ئیقاعی شیعرەکە تێك بــدات، یاخود کارێکی وا بکات لەگەڵ ڕەوتی بیرو شێوازی دارشتنی وێنەی هۆنراوەکە نەگونجێ:

**دەمێ ساڵە**
**هەنگاوی ڕێی دووریی عەشقی**
**تۆ دەبڕێ و**
**مەنزڵ دوورە**
**وەك دێوانەیەکی چۆڵگەڕ**
**عەشقی ڕوخساری خوابێ و**
**هەر نەیگاتێ،**

**گۆرانییەکم لەسەر لێوە**
**((کۆچی یارم کۆچی سوورە))**
**زۆرجار وتم**
**((بەهارەو خێڵ بەرەو ژوورە))**

جاری وا هەیە چوارینەیەکی ڕێکوپێك بەهرەی شیعریی شاعیر دەردەخات، دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێتە چەمی شیعرو ئیحایەکی وا بە خوێنەر دەبەخشێ کە ئەم شاعیرە هەرچەندە تازە سەری هەڵداوەو هێشتا قاڵ نەبووەتەوەو تاقیکردنەوەی کەمە، بەڵام زەمینەی شیعری ناپتەوو بێ جێ نییە. ئەوەتا شاعیری بێ لاف چۆن ڕێز لە هونەرمەندێکی وەك خاڵقی دەنێ‌و بە وشەی ناسك‌و سادەو ئاسان هەستی دەروونی خۆی بەرامبەری دەردەبڕی و دەڵێ:

**دەنگت باڵی بەهرەم بگرێ**
**ڕووباری شیعرم خوڕەمە**
**بۆ دەنگی تۆ، نەوەك شیعرێ**
**دیوانێکیش، هێشتا کەمە**

یاخود لە کۆپلەیەکی تریا، شاعیریەتی خۆی دەنوێنێ‌و بە توانایەکی باشەوە پێ دەنێتە دونیای شیعر... شاعیر لە چاو تەمەنی و کەم ئەزموونی و سەرەتای شیعریی هەنگاوێکی باش دەهاوێ‌و ئەو مافە بەخۆ دەدەین کە بڵێین بەهرەی شیعری تێدایە و، لە یەکەم هەنگاویدا دیارە کە دڵسۆزی بەهرەو ئەرکە پیرۆزەکەیەتی:

**خەمێ بوویت و**
**لەتوێشووی سەفەری دووری،**
**تەمەنی جەنجاڵ‌و شێتما**
**هەڵم گرتی**
**لێت دەخۆم‌و تۆ زێتری.**

**چەند تێبینییەکی خێرا:**

لە پێشەکیی ئەم بەرهەمەدا، شاعیر پێمان ڕادەگەیەنێ کە هەر باری سەرنج و ڕایەکمان هەیە دەریانبڕینو بە حوکمی خوێنەریش ڕازی یە... ئەم چەند تێبینییەی منیش تروسکەیێ ڕووناکییە وەك لایەنەکەی تری بەرهەمەکە، ئەویش بە مەبەستی خزمەتکردنی شاعیر نەك لە نرخ کەم کردنەوەی.

١ - شاعیر لە ڕووی کێشو ئیقاعەوە، کێشی پەنجە ((سیلاب)) ی پەیڕەو کردووە، واتە کێشی فۆلکلۆری ٤، ٤ + ٤ = ٨ ٤ + ٤ + ٤ = ١٢ بڕگەیی، هەموو شیعرەکان لە سنووری ئەم کێشە، بە تایبەتی ٨، ٨ کێشی فۆلکلۆرییەو ئیقاعەکەی خۆشەو ڕەوتەکەی ڕەوانە، بەڵام دەبووایە خۆی لە کێشی تریش بدابایە.

٢ - لە هەندێ هۆنراوەدا جۆرە لەنگییەك لە کێشی شیعرەکەدا بەدی دەکرێ، بۆ نموونە:

**فرمێسك بکەم بە گەردانەی**

(٩) بڕگەیە لە جیاتی (٨) بڕگە.

ئەگەر بیوتبا:

**ئەشك بکەم بە گەردانەی**، ل ٣١

کێشەکە ڕاست دەبووەوە.

یاخود:

**سەری کۆچت بۆ هەوارێکی دی هەڵگرە و**

(١٣) بڕگەیە لە جیاتی (١٢) بڕگە. ئەگەر بیوتبا:

**سەری کۆچت بۆ هەواری دی هەڵگرە و**

کێشەکە ڕاست دەبووەوە ل٣٣.

هەروەها دەڵێ:

**وەك دیوانەیەکی چۆڵگەر**

**عەشقی ڕوخساری خوابێ**

دەبێ لەسەر وشەی خوا بوەستێ، ئەگەر بکرێتە خودابێ گورجتر دەبێو ئیقاعەکەی خۆشتر دەبێ. ل ٣٨. یاخود دەڵێ:

**شالوورەکان**

**قورگیان بەسترا**

(٥) بڕگەیە، گەر بکرێتە: **قورگیان گیرا** ڕاست دەبێتەوە ل٥٣

## مەسەلەی زمانەوانی و ڕێنووس:

وشەی ((تاریکیی ڕەش))، ڕەشەکە زیادە چونکە تاریکی ڕەشە سپی نییە. ((شەپۆلی حەز)) شەپۆلە نەك شەپۆڵ. ((تۆش عاشقی غوربەتییمی)) غوربەتی منی جوانترە.

((فریشتە سپی پۆشەکەی)).

سپیی پۆشەکە لە ڕووی ڕێنووسەوە ڕاستترە، دوا هۆنراوەی شاعیر هەرچەندە بیرەکەی پتەوەو ئاسۆی بیرکردنەوەی شاعیر دەردەخات، بەڵام لە ڕووی داڕشتنو شێوازەوە، لە کۆتاییەکەیدا مۆرکێکی ڕاپۆرتی و خیتابی بەخۆوە دەگرێ، ئەمەش ئەو نموونەیە کە پەنجەمان بۆ ڕاکێشاو کۆتاییی ئەو هۆنراوەیە کە ناوی ((بۆ خاڵە تایەری زیندوو))ە.

**بەڵام خاڵە**

**دڵنیابە**

**تا بمێنێ**

**ئەم کۆسارو دەشت و یاڵە**

**هەتا بەچکە کوردێك مابێ**

**یادت دەکەین**

**تۆمان هەردەم لە خەیاڵە**

ئیتر بەم چەند دێڕە، شاعیری لاومان بەسەرکردەوە، هیوادارین کە زیاتر بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێو بەرهەمی بەهێزو بەپێزترمان بخاتە بەردەمو ئەم ڕێچکەیەی گرتوویەتی مایەی خۆشبەختی و بۆ پێشەوەچوونی بێ، جێگەی ئومێدو هیوای شیعری کوردی بێو دواڕۆژی ژیانی شیعری هەمیشە گەش و ڕووناك بێ.

# هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەك
# لە ژیانو جیهانی شیعریی فازڵ عەزاوی

**((من بەو واتایەی ڤیرجیل بەم گوزارەی بەخشیوە گۆرانی دەڵێم:**

**- گۆرانی بە چەكو مرۆڤدا دەڵێم، ناكرێ سترانەكەم ڕەت بكرێتەوە كە ببێ، چونكە چەكێكە لە دەستی مرۆڤی بێ چەكدایە، چونكە خودی مرۆڤەو ژیان هۆی بوونییەتی.. من گۆرانی دەڵێم، چونكە گەرداوەكە ئەوەندە توندو تیژ نییە بە جۆرێ بەسەر گۆرانییەكەمدا زاڵ ببێ.**

**ئاینده هەر چۆنێك بێت**

**دەتوانن ژیانم لێ بستێنن، بەڵام گۆرانییەكەم ناكوژێننەوە))**

**" لویس ئەراگۆن "**

**دەسپێك:**

بەر لە شۆڕشی (١٤) ی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨)، چەندین نووسەرو هونەرمەند لە شاری كەركووك جاروبار ناویان دەهات، بەڵام دوای شۆڕش وەكو بزاڤێكی ڕۆشنبیری ناوی (فازڵ عەزاوی و موئەیەد ڕاوی و سەرگۆن پۆڵسو جان دەمۆو جەلیل قەیسی و یووسف حەیدەری و ئەنوەر غەسسانی و زوهدی داودی) پتر دەركەوتنو درەوشانەوە، بە تایبەتی فازڵ عەززاوی، ئەوەبوو ساڵی خوێندنی (١٩٦٠ - ١٩٦١) ئەو حەلە من پۆلی سێیەمی كۆلیژی پەروەردە بووم، ئاشنایەتیم لەگەڵ (فازڵ) پەیدا كرد، كە ئەو تازە پێی نابووە خوێندنی پۆلی یەكەمو لە ڕێگای ڕێكخستنی پارتی كۆمۆنیستی عیراق لە كۆلیژەكە پێوەندیمان بەهێزتر بوو، ماوەیەك بەرپرسی ئەو شانەیە بووم كە فازڵ تێیدا ئەندام بوو، ئەو ماوەیە دوای هەڵگەڕانەوەی (عەبدولكەریم قاسم) لە ڕەوتی دیموكراتی و ژیانی حزبایەتی، كەسانی چەپو دیموكراتیخواز كەوتنە بەر شاڵاوی بەعسییەكانو نەتەوەخوازەكانو ئەوانەی سەر بە (الأخوان المسلمون) بوون لە ئەنجامی شەڕ و لێكدانی نێوان چەپڕەوەكان و ڕاسترەوەكان ژمارەیەك لە ئێمەی قوتابیی چەپڕەو گیراینو لە گرتووخانەی سەرای بەغدا توند كراین، كە بووبووە كاروانسەرای ئەوانەی

له هەموو لایەکەوە دەگیران، بە تایبەتی ئەوانەی بە چەندین تۆمەتی نارەوا دەگیران، لە نێوانیاندا هەبوو بە تۆمەتی سەر بە شۆڕشی ئەیلوولی (١٩٦١) و چەپڕەوی و ئاشتیخواز بوون، ئێمەی قوتابی کۆلیژی پەروەردە ژمارەمان زۆر بوو، کە ماوەیەکی زۆر لەوێ ماینەوە کەسایەتیی ناوداریان دەهێنایە هەمان گرتروخانە لەوانە: (شەهید سالح یووسفی، دکتۆر بەدیع نەزمی، موزەففەر نەواب، هاشم چەللاب) کە سەرۆکی کۆمەڵەی جووتیارانی عیراق بوو، شەوانە لە ژوورەوە تەنگەی گرتووخانەدا کۆڕی وتوویژی سیاسی و ئەدەبی دەگیرا، جاروباریش (موزەففەر نەواب) بە دەنگە بەسۆزەکەی گۆرانییەکانی (ئوم کەلسووم) ی دەچڕی، هەندێ جاریش کە لە ژوورەکاندا جێی گیراوەکان نەدەبووەوەو حەوشەکەیان پڕ دەکرد لە گیراوی هەمەجۆر، سیاسی و ناسیاسییان تێکەڵی یەکتر کردبوو، زۆر دیمەنی هەست بریندارکار (موزەففەر نەواب) یان دەورووژاند بە شێوەیەکی هێڵکاری وێنەی ئەو کڵۆڵو دامانەوەی دەکێشا کە ڕاپێچی گرتووخانەکە کرابوون، ئێمە بە حوکمی ئەوەی درابووینە دادگایەکەی (شەمسەددین عەبدوڵلا) کە لە دادگایەکی عورفی دەچوو، (ڕاغیب فەخری) کە کەسێکی داخ لە دڵی کۆنەپەرست بوو، جێگری داواکاری گشتی بوو، هاتوچۆیان زۆر پێ دەکردینو قوتابییانی بەعسی و قەومی ئیخوان دەهاتن شایەدییان لەسەر دەدایەن، دوای ماوەیەك بە دەستەو بەرنامە ئازاد کراینو دوای ماوەیەکی تر ژمارەیەکی کەمتر لە هیی پێشوو گیرانو لە گرتووخانەی (عیوازییە) توند کراین. لە هەردوو جاردا فازڵ لەگەڵ ئێمە بوو.

ئەو دوو ساڵەی کە لەگەڵ (فازڵ) بەیەکەوە بووین چ لە کۆلیژ چ لە دەرەوەیدا وێڕای ڕاونانی ئاسایشو تەنگەتاو کردنمان بە خۆشیش ڕامان دەبوارد، لەبەر بارودۆخی ناهەمواری کوردستان هاوینان لە بەغدا دەماینەوە، شەوانە دەچووینە (ئەبوو نوواس)و درەنگانێ دەگەڕاینەوە بەشی ناوخۆ.

فازڵ بە پێچەوانەی قوتابییەکانی ترەوە ئەوەندە بایەخی بە جلو بەرگ نەدەدا، زۆرجار کە براکەی لە کەرکووك پارەی بۆ دەنارد یەکسەر چاکەتێکی لە لەنگە دەکڕی و ئەوەی تری بە مەی نۆشین خەرج دەکرد. کە گیرفانیشی بەرەو کزی و بەتاڵی دەچوو، لای مەی فرۆشەکانی سەر شەقامی لای چەپی گۆڕەپانی (تەحریر) بەرەو گۆڕەپانی (سەعدوون) بە پێوە خەریکی خواردنەوە دەبوو.

لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری (فازڵ عەزاوی) ت بکردایە هەستت بەوە نەدەکرد کە چ جۆرە وزەیەکی داهێنەرانەی ئەدەبی لە شیعرو چیرۆك و ڕۆماندا لەو جەستەی کە وای دەرنەدەخست،

دایه، خۆی لە کاتی مانگرتنی قوتابییانو بۆنە تایبەتەکاندا شیعری دەخوێندەوە، جاروبـاریش بێ کاغەز لەبەر شیعری دەخوێندەوە، بەو دەنگە دلێرەی کاری خۆی هەبوو، بـەڵام دەبـێ ئـەو ڕاستییە بڵێم کە ئەوەندە سەرسام بوو بە خـۆی تـا ڕادەیـەك خـۆی لەگـەڵ (جـەواهیری) پـێ شاعیرتر بوو. جارێکیان لە بەشی ناوخۆ لەگەڵ برادەرێکی هاوبیری خۆی کە خـەڵکی بەسـرە بوو، ناوی (عەبدولزەهرە) بوو لە بەشی بیرکاری پێی وت: ((ڕۆژێك دادێ نـاوت لـە مێـژوودا دەنووسرێ کە تۆ شەڕت لەگەڵ فازڵ عەزاوی کـردووە)) برادەرەکـە کـە زرتێکـی بـۆ کێشـاو گاڵتەی پێ هات، بەڵام قسەکەی فازڵ هاتە دی.

دوای دەرچوونم سـاڵی ١٩٦٢ بـەهۆی بـەرپابوونی شۆڕشـی ئـەیلوولی (١٩٦١)، ئێمـەی کوردیان قەدەغە کرد کە لە کوردستان دابمەزرێین، هەریەکەمان لە شارێکی ناوەڕاستو باشوور خۆمان دۆزییەوە، کە کودەتای ڕەشی (٨) ی شوباتی (١٩٦٣) ڕوویدا، ژمارەیـەك لـە ئێمـە ڕامان کردو چووینە ڕیزی شۆڕشی ئەیلول، فازڵ کەوتە بەر شاڵاوەکە گیراو ئازار درا، ڕۆمانی (القلعة الخامسة) بەڵگەی ئەوەن. دوای کودەتایەکـەی تشـرینی (١٩٦٤) کـە عەبدولسـەلام عاریف دژ بە (حەرەس قەومی) بەرپای کرد بە تایبەتی دوای ئەوەی کە عەبدولڕەحمانی بـرای بوو بە سەرۆك کۆمار، کەش و هەوایەکی تر هاتە کایەوەو فازڵ ئازاد کراو کەوتە سەر ژیـانی ڕۆژنامەگەری، دوای کودەتـای (١٩٦٨) سـەرەتاکانی حـەفتاکان، فـازڵ هەرچـەندە بـوو بـە سەرنووسەری (ألف بـاء)، بەڵام، خەریك بوو بەرەو ڕێبازی بێهوودەیی هەنگاو بنێو لە هێڵـی چەپڕەو دەرچێ، شەهید (دکتۆر سەفاو ئەلحافیز) هەسـتی بـەوە کردبـوو، بۆیـە لـە گۆڤـاری (الثقافة الجدیدة)دا بابەتێکی جوانی بڵاوکردبووەوەو بێ ئەوەی نـاوی فـازڵ بهـێنێ، ئامـاژەی بەوە کردبوو کە وێڕای هەڵوێستی فازڵ ڕەوا نییە ئەویش وەکو (بدر شـاکر السـیاب) وای لـێ بکرێ کە بەرەو هەڵدێرە هزرییەکەی سەییاب بچێ، وا باشە بایەخی پـێ بـدرێو باوەشـی بـۆ بکرێتەوە.

دوای ماوەیەك من ئاگام لە فازڵ بڕا، دیار بوو ڕووی کردبووە ئەڵمانیای ڕۆژهـەڵات لـەوێ پێوەندیی بە یەکێتیی نووسەرانی ئەڵمانیاوە کردبوو، شیعرێکی بە ئینگلیزی نووسیبوو کە بـۆ منی گێڕایەوە، لە وێندەرێ سەرنجی ڕاکێشابوون لە ئەنجامـدا لـەوێ خوێنـدنی دکتـۆرای لـە ڕۆژنامەگەری نهێنی لە عێراق وەرگرتبوو. دوای ئەم پێشەکییە بە پێویستی دەزانم لە جیهانی شیعری شاعیر بدوێمو پاشان چەند نموونەیەکی لێ بکەم بە کوردی.

## بەیانی شیعری چوارقۆڵی:

فازڵ عەززاوی لەگەڵ سامی مەهدی و خالید عەلی مستەفاو فەوزی کەریم بەیانێکی شیعرییان دەرکرد، بەر لەوەی گرووپی (ڕوانگە) بەیانی خۆیان دەربکەن و گۆمی مەییوی شیعری کوردی بشڵەقێنن، ئەو بەیانەی چوار کەسەکە بە (بەیانی لاکێش - البيان المستطيل) یش ناوبرا، کە ڕاو بۆچوونی ئەوان دەست هەڵگرتن بوو لە درێژبوونەوەی شیعری پێشوو، بەتایبەتی ڕابەرانی شیعری ئازاد ((نازكو سەییابو بەیاتی و بلند حەیدەری و هی ترو شاعیرانی شەستەکان)) کە پێداچوونەوە بوو بە قۆناغی نوێو دەست پێکردنی قۆناغێکی تازە، هەرچەندە درێژبوونەوەی ڕەوتی شیعری شاعیرانی عیراق پێشوو نەبوو، بەڵام درێژبوونەوەی شیعری (ئەدۆنیس) بەپلەی یەکەم و (یووسف ئەلخالو ئینسی ئەلحاج) بوو، کە لە گۆڤاری ((شیعر)) کە لە لبنان دەرچوو، شیعریان تێدا بڵاو کردەوە، بە پلەی دووەم بوو، بەڵام لە ئاکامدا لەوانیشی تێپەڕاندو بوو بە خاوەنی دەنگێکی تایبەت بە خۆی.

## شیعرەکانی فازڵ لە ڕەوتی شیعری سووریالی و بیروباوەڕی ڕۆژئاوا دوور نین:

شیعرەکانی فازڵ عەززاوی، شیعرەکانی جیهانی و سەیرو سەمەرەیە، شیعری دژ لە ئەفراندنو داهێنانە، هەروەکو بیکاسۆ دەڵێت: ((داهێنان بە ڕامان دەست پێدەکات))، بۆیە بۆ ئەوەی لە شیعرەکانی بگەین دەبێ بیر بکەینەوەو بە ناخیاندا شۆڕببینەوە. دەبینین وشەو گوزارەی وای بەکارهێناوە لە جیهانی واقیعدا نامۆن، لە کرۆکی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، مانای تری پێ بەخشیوون، بوێرانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، ڕەنگە ئەگەر بە دیدێکی سادەوە سەیریان بکەین. بە دوورکەوتنەوەو شتە بێ سەروپاکانی سووریالییەکانیان تێبگەین، بەڵام جیهانی فازڵ جیهانێکی ترە کە خۆی بنیادی ناوەو بنیادی دەنێ.

لە شیعری ((ئا ئەوە منم لە شەقامەکانی دوورگەی عەرەبیدا هاوار دەکەم))دا دەڵێ:

**((دەریا لە وڵاتەکەی مندا نیشت، جادووکەرەکە لەسەرمدا ڕاپەڕی**
**دوورگەکانم داخراون، چەند دارستانێك لە ناو ئاودا نوقم بوون: من دڵدارم**
**لمی بیابان لەسەر جەستەی گیا لەبەردەم شەو، لە بارانەکانی جیهاندا.**
**ئێمەی شاعیرانی دڵشادی پڕ لە ئاشتی بۆ سەیران لە دۆڵی دوورخراوەکاندا دەردەچین، وەك**

**منداڵان سرووده‌كه‌ت ده‌چڕین، ئه‌ی بیابانی عه‌ره‌بی به‌ندكراو له‌ خه‌ونه‌كاندا)).**

له‌ كۆتاییدا ده‌ڵێ:

**((خاچی خۆشه‌ویستی له‌به‌رده‌م هه‌ژاندا، دیم شه‌و له‌ چاوی ئه‌ژدیهادا كۆچ ده‌كات**
**پیاوانم به‌ ئاگاهێنا، له‌ فڕۆكه‌خانه‌دا گه‌شتمان بۆ نیشتمانه‌كانی هه‌ژاران كرد**
**دیمه‌نه‌كانی ده‌ریا ئافره‌تێكی دووگیانه‌، پاشا شێته‌. به‌ شمشێر ده‌مرێت))** (1)

له‌و نموونه‌ وه‌به‌رچاومان خست ده‌بینین، شاعیر زمانێكی ئاسایی به‌كارناهێنێ (خاچ، ئه‌ژدیها، ده‌ریا) له‌واتای فه‌رهه‌نگی خۆیان ده‌رده‌چن و ڕه‌هه‌ندێكی تر ده‌به‌خشن، خاچی له‌ خاچدانی مه‌سیح، ده‌بێته‌ له‌ خاچدانی خۆشه‌ویستی له‌ چاوی ئه‌ژدیهای ڕه‌مزو هێمای ترس‌و له‌رز ڕاده‌كات‌و ون ده‌بێ، ده‌ریا ده‌بێته‌ مۆڵگه‌ی له‌دایكبوون، بیابانی عه‌ره‌بی ئه‌وه‌ نییه‌ كه‌ له‌سه‌ر زه‌مینی واقیعدا بوونی هه‌یه‌، لای شاعیر له‌ناو خه‌ونه‌كاندا به‌ند بووه‌.

فازڵ عه‌ززاوی ده‌ره‌وه‌ی واقیع ڕه‌ت ده‌كاته‌وه‌و به‌ ڕوانینێكی تازه‌وه‌، به‌ ناخی خۆیدا شۆڕ ده‌بێته‌وه‌، په‌نا ده‌باته‌ به‌ر شته‌ ڕوون‌و نادیاره‌كان، ڕوون‌و دیاره‌كانیش هه‌ڵده‌گێڕێته‌وه‌، به‌ جۆرێك ڕووبه‌ڕووی ژیانی باو، جیهانی به‌رچاو ده‌بێته‌وه‌ كه‌ له‌ شاعیرانی ده‌وروبه‌ری خۆی تێپه‌ڕ ده‌كات، خۆی ده‌خاته‌ جیهانی لێڵ‌و ته‌ماوی، بۆ ئه‌وه‌ی یه‌كبوونێكی ویژدانی له‌گه‌ڵ شته‌كان جێبه‌جێ بكات. بۆیه‌ ده‌بینین بوونه‌وه‌ره‌كانی فازڵ عه‌ززاوی كه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی تایبه‌تی خۆ ده‌نوێنن، سه‌ر به‌ خه‌ون‌و خولیاكانی شاعیرن.

ئه‌گه‌ر ڤێرجیل گوتبێتی: ((ده‌توانن ژیانم لی بستێنن، به‌ڵام گۆرانییه‌كه‌م دانامركێنن..)) ئه‌وه‌ فازڵ عه‌ززاوی له‌ شیعری ((سه‌یری ئه‌و پیاوه‌ كه‌ن))دا له‌ سایه‌ی شیعره‌كانیدا ئه‌گه‌ر بشمرێ نامرێ، بۆ ئه‌وه‌ش شیعر ده‌نووسێ تاكو نه‌مر بێ)) ئه‌وه‌تا له‌و هۆنراوه‌یه‌دا كه‌ وێنه‌ی خۆی له‌گه‌ڵ بڵاو كردووه‌ته‌وه‌ ده‌ڵێ:

**ده‌زانم یه‌كێ له‌و ڕۆژانه‌ ده‌مرێ:**
**شه‌مه‌، یه‌كشه‌مه‌، دووشه‌مه‌، سێ شه‌مه‌، چوارشه‌مه‌، پێنج شه‌مه‌، هه‌ینی و.**
**له‌ یه‌كێ له‌و مانگانه‌دا:**
**كانوونی دووه‌م، شوبات، نیسان، مایس، حوزه‌یران، ته‌موز، ئاب، ئه‌یلوول، تشرینی**

**دووەم، کانوونی یەکەم.**
**سەیرکەن..  خۆی شیعر دەنووسێ**
**بۆ ئەوەی نەمرێ**
**لە ڕۆژانی هەفتە یان مانگەکانی ساڵدا.**

**تێبینی:** بۆ کورتکردنەوەی ئەم بڕگەیە داوا لە خوێنەران دەکەم کە مێژووی ئەو ڕۆژو مانگە بنووسن کە تەنیا تێیاندا دەمرم (هەڵبەتە لە دوای مەرگم) لە باتی باسکردن هەموو ڕۆژانی هەفتەو مانگەکانی ساڵ (٢)

دوای ئەو هەڵوەستەکردنە چەند نموونەیەکی شیعرەکانی شاعیر دەکەین بە کوردی.

**شەپۆل:**
**شەپۆل بەرز، بەرز، بەرز گەورە دەبێ، هەتاکو گشت دەریا دەگرێتەوە، لەسەرخۆش شەوە لە ئێسقانەکانماندا ساتمەی دەکات،**
**هەورە تریشقەو باران لەگەڵ خۆیدا دەهێنی**
**بەڵام ڕاستییەکان لە لمدا بە بەجێهێشتراوی دەمێننەوە منداڵەکان لە جۆگەکان بە چەند یارییەك بۆ پیرییەتی دەیانهێنن‌و چەند باڵێك هەمیشە لە ژوور سەرمانەوە لێك دەدەن باڵی قەلەڕەشێکی ونبووە.**
**ڕەنگە غەڵبە غەڵبی دیلەکان بێ لە فارسەوە**
**یان ڕەنگی سروودی ئافرەتێك بێ**
**کێ مێژوو بۆ سەر مێز دەگەڕێنێتەوە و**
**بیکا بە سووپ‌و دەرخواردی دزانی بدات؟ (٣)**

**دوا هۆنراوە**
**ئیمرو ئولقەیس گوتی:**
**ئەی دەروون بەسیە ئاژاوە**

ئەمە خوێنی منە بە لمی دەبەخشم
با تەمەن بە فیڕۆ بڕوات
با شەو لە ژوور نێوچەوانم گردبێتەوە.
لە زەمینێکەوە بۆ یەکێکی تر بە ڕێکەوت
لەسەر دڕكو وشتر ئالووك خەوت
لمەکان پێیەکانی شەکەت کرد
دەروون هاواری لێ کرد.
ئەی شاعیر چیت گەرەکە؟
هەی بەدمست لە لم و بادا
چیت دەوێ؟
- دەمەوێ
دوا هۆنراوە بنووسم
پاشان سواری ئەسپە بۆرەکەی بوو و
بەرەو بیابان بای شەق کرد. (٤)
بەیانی شەپۆلێك لە دوایین سەنگەری شۆڕش
لەگەڵ ئێمەدا لە پێناو جیهانێکی بەختەوەرتر بجەنگن
ئوتێلی بە خۆڕایی
وەرن لەگەڵ ئێمەدا لەسەر قەرەوێڵەی یەکگرتوودا بخەون
شۆڕشێکی جیهانی لە شارو دێیەکاندا بۆ دامەزراندنی
کۆمپانیای کۆمەڵگەی ئازادو خاوەن بەشداریکردنی سنووردار
ئێمە جاڕ دەدەین لە پێناو:
١ -
٢ -
٣ -
٤ -
کاردەکەین.

**سپییەکە بە پێی ئەو ئەنجامانەی بۆتان دەگونجێ پـڕ بکەنـەوە،**
**ئێمە باوەڕتان پێ دەکەین.**
**هەژارانی نیشتمانی عەرەب** (٥)

لە کۆ شیعری ((ئامۆژگارییەکانی ف. عەززاوی بۆ جیهان))
لە هۆنراوەی ژمارە (٦) دا دەڵێ:

**چونکە من پەڵە هەورێکم لە ژوور تەمی دەریادا دادەبارم، لـەم ساتەدا لە نێوان زەندیقی و بادا**
**لەسەر کورسییەکانی شاردا دادەنیشم، کەچی ڕشانەوە دراوەکانی پاشەکەوت دەکات**
**بـۆ کـڕینی میللـەتێك، کۆتەڵـەکانی هـەموو جیهـان دەبیـنم دادەبەزنە شەقامەکانو لەگەڵ منداڵەکانیدا جـووت دەبـن، بـۆ ئەوەی نەوەیەکی بێ چەند جیاوازێك لە دایك بـێ، شـێزوفڕینیا خەونەکانیان گەرم بکاتەوە.**
**لە پێناو ئەمەدا، ئەمانە بـۆ ئـەوەی لـە داواکانمـدا زێـدەڕۆیی نەکەین**
**لەناو سەدەیەکی تازەدا**
**بڕیارم دا ئەم نامەیەم بۆ سەرم بنووسم**
**(نامۆ بە جەنگاوەران لە هەزاران لاوە دەتپەڕێننەوە)و دەریا لە هەر مەبەستێ بانگی لمەکان دەکات کە نیشتمانی منن بێگەردە کە کەفەکەی بازنەکانی زەمەن پێك دێـنێ دامرکێننـەوە کـەوا بەختیاری کلۆڵیی هەژاران قانگ دەداتو فەیلەسـووفەکان لـە بارەی**
*** پیشەسازیی باڵندان**
*** پڕولیتاریا لە شارە بەختەوەرە تازەکان**

*** مرۆڤی بێ چوارپەل و**
**ژیاری خۆشەویستی دەنووسن.**
**هەلەو فازل عەززاوی**
**ئەوە منم لە لیواری قەیرانەوە لەگەڵتدا دەدوێم**
**پڕم لە ماسی و لاشەو دەنبووس**
**کەوا تونێل لە ئارادا نییە**
**وەرە بابچینە لای دیگۆل، لە بارەی ئایاری (١٩٦٨) ەوە لەگەڵیدا بدوێین.**
**وەرە با بڕۆینە لای ژەنەڕاڵەکانی یۆنان و گوێ لە مۆسیقای زۆربا بگرین**
**وەرە با بچینە لای ناسیتۆن کە شیوعییەکان دەخوات وەرە با بڕۆینە عەممان و لە هەموو پایتەختەکانی عەرەبی بڕوانین**
**وەرە بابچینە بەندیخانەیەك و لەبارەی گشت بەندیخانەکانەوە قسەی لەگەڵدا بکەین.**
**بێرە با بڕۆینە نا شوێنێك.** [٦]

لە هۆنراوەی ژمارە (٧) دا دەڵێ:

**سەرلەبەیانی لە خەو هەڵسام، چەند ڕاڕەوێکی داخراو، چەند جۆگەلەیەکم بینی لە بیابانەوە هاتبوون چۆلەکەکانی دارستانم گرت**
**زانستەکانی شۆڕشم پێشکێش بە منداڵان کرد**
**ڕووبارەکانم لە دوای خۆم جێ هێشت**
**دلبەرێك لە زەمەنەکانی گەلدا ڕادەکات**
**گوێم لێ بوو درەختەکان گۆرانییان**
**بۆ شەو دەگوت و**
**گوێم لێ بوو مرۆڤ لە ناو خەڵکدا دووچاری تەنیایی دەبێ و**

**دەریاش منداڵەکانی لە بادا یەك دەخات**
**ئەی نیشتمانە دارڕژاوەکەم بەسەر خەمی ڕۆژهەڵات پێم بڵێ:**
**بەشەو ڕۆیشتن بێ باڵ چۆن دەبێ؟**
**لەدایکبوون بێ بەڵگەنامەی مەرگ چۆن دەبی و لەسەر**
**شۆستەکانی خەونەکان، باڵندەکانت چۆن دارستانەکانی دڵ جێ دێڵـن؟**
**(٧)**

**تێبینی:** ئەم کۆ شیعرەی، فازڵ عەزاوی (الأسفار) بە یارمـەتیی یـەکێتیی نووسـەران لـە عیراق لە چاپ دراوەو شیعرەکانی ساڵانی لە (١٩٧٠) وە تا (١٩٧٤) لە خۆ دەگـرن، بـەرگی کتێبەکە هونەرمەندی ئەڵمانی (سگفرید نۆینهاوزن) نەخشەی کێشاوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) گۆڤاری ((الف باء)) ژمارە (٧٦) ساڵی دووەم ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩

(٢) فاضل العزاوي - الأسفار - قصائد - مطبعة اوفيست الحديثي - بغداد - العراق - ١٩٧٦ ل (٦٥)

(٣) سەرچاوەی پێشوو ل (١٢٨).

(٤) سەرچاوەی پێشوو ل (١٢٩ و ١٣٠).

(٥) سەرچاوەی پێشوو ل (٦٦).

(٦) سەرچاوەی پێشوو ل (٦٢ و ٦٣)

(٧) سەرچاوەی پێشوو ل (٦٤).

# کەسایەتی لە درامای کوردیدا-ی سەلام فەرەج کەریم

((کەسایەتی لە درامای کوردیدا)) نامەیەکە (سەلام فەرەج کەریم) پێشکێشی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ڕەخنەی ئەدەبیدا. ئەم نامەیە ساڵی (١٩٨٩) دوای سەرپەرشتیکردن و ڕەزامەندیی چاودێری نامەکە کە (دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)ە دراوەتە لیژنەی خوێندنی باڵا لە بەشی کوردی (د. محەمەد مەعرووف فەتتاح)، ئەویش لە ڕێگای خۆیەوە پێشکێشی لیژنەی هەڵسەنگاندنی کردووە. ئەو نامەیەی کە لە بەردەستی مندایە، ناوی ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردنی لەسەر نییە، دوای هەڵسەنگاندنی لیژنەی موناقەشە لەلایەن ئەنجومەنی کۆلیژی ئادابەوە پەسەند کراوە. نامەکە بریتییە لە پێشەکی و سەرەتاو سێ بەش.

بەشی یەکەم، باس لە دراماو درامای کوردی دەکات، لە وشەی دراما، دراما چییە؟ پێناسەی دراما، نیشتمانی دراماو لەدایکبوونی دراما، درامای کوردی، کوردو دراما، درامای کوردی و ڕەسەنایەتی، ڕەسەنایەتیی دراما لە چامەی کوردیدا، قۆناغەکانی درامای کوردی دەدوێ. لە بابەت قۆناغەکانەوە. باس لە سەرەتاو لەدایکبوونی درامای کوردی دەکات کە بەیەکەمین قۆناغی دادەنێ، لە قۆناغی دووەمدا، لەدایکبوونی درامای هونەری دەدوێ. قۆناغی سێیەم، گەشەکردنی درامای نوێ بەخۆوە دەگرێ. قۆناغی چوارەم، ئاوڕدانەوەیەکە لە سەرهەڵدانی درامای هاوچەرخ. لە کۆتایی ئەم بەشەدا ڕووناکی دەخاتە سەر دەقی درامای کوردی کە ئەدەبی شانۆیی لای ئێمە ساوایەو هیچ کام لەو نووسەرە شانۆییانە نەیانتوانیوە لە دەقەکانیاندا (دەلالاتێ) ڕەمزێ بخوڵقێنن کە گوزارشت لە دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی واقیعی کوردی بکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەرچاوە و ڕۆشنبیرییەکی تەواوەتی سەبارەت بە سۆسیۆلۆژیا (علم الاجتماع). بەشی دووەمی نامەکە باس لەکەسایەتی و کەسایەتی دراما دەکات کە بەم شێوەیە بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشی دەکات: پێشدەستی کەسایەتی، وشەی کەسایەتی، پێناسەی کەسایەتی، بۆچوونەکانی کەسایەتی (بۆچوونی فەلسەفییانە، بۆچوونی سایکۆلۆژییانە) تیۆرەکانی کەسایەتی. ئەوەی بۆ ئەم باسە گرنگە بونیادی کەسایەتییە کە (فرۆید) بە سێ بەشی سەرەکی دابەش دەکات:

١ - ئەو ٢ - من [illegible] ٣ - منی باڵا[illegible] جگە لە تیۆری فرۆید، لە تیۆری

شـیكاریی (یـۆنگ) دەدوێ، هـەروەها لـە تیۆرییـە دەروونییـە كۆمەڵایەتییـەكان، تیـۆری سایكۆلۆژی تاك لەلای ئەلپورت، تیۆری ئەندامی (ئۆرگانی). لـە دیـاریكردنی كەسـایەتیی مرۆڤی كورددا دوو خاڵی گرنگ ڕەچاو دەكات، كە ڕۆڵی پەروەردەو ڕۆڵی گەشەسـەندنی بـیری هاوچەرخو ئایدیۆلۆژییانەیە لە كەسایەتیدا. دوایی دێتە سـەر كەسـایەتی لـە درامـادا، كـە دراما دیمەن و ڕواڵەتی ژیانەو دەبێ كەسایەتیی دراما دیمەن و ڕواڵەتی كەسەكانو ژیانیان بێ، هەروەها دەبێ گونجاندن لە نێوان كەسایەتی و تایبەتییە خۆڕسـكەكاندا هـەبێت، لـە هـەمان كاتدا لێكچوونی كردارو ڕەفتار ڕەچاو بكرێو لەگەڵ یەكـدا تـەبا بـنو تـەبایی لـە بونیـادی كەسایەتیدا هەبێو بۆ جۆری كەسایەتییەكانی درامای غەیرە كوردی بە نموونە هێناوەتەوەو لە هەموو ڕووێكەوە شی كردوونەتەوە. بەشی سێیەم كە كرۆكی نامەكە ڕوون دەكاتەوە، بـەناوی كەسایەتییە لە درامای كوردیدا كە بە سەر ئەم تەوەرانەی دابەش كردووە:

وشەیەك، پێشدەستی، لەم ڕووەوە دەڵێ: ڕەخنەگرانی هونەرو ئەدەب هەر لە (ئەرسـتۆ)وە تا ڕەخنـەگرەكانی ئـەم سـەردەمەش گرنگییـەكی زۆر دەدەن بـە كەسـایەتیی درامـی و لـەو ڕوانگەیەوە سەرنجی فەلسەفیی جیاجیاو كارتێكەرو پێوەرەكانیان دیاری كردووە، كە لـە سـێ پێوەری گشتیدا كۆدەبنەوە كە ئەمانەن:

١ - پێـوەری سروشـتی / مەبەسـت لەلایەنـە سروشـتییەكانی كەسـێكە (تویێكـاری و میراتگری)

٢ - پێوەری كۆمەڵایەتی / مەبەست لەو تایبەتییانەیە كە لە باری كۆمەڵایەتی و ئابووری ژینگەوە سەرهەڵدەدەن.

٣ - پێوەری دەروونی / مەبەست لە تایبەتییە دەروونییـەكان ئایـا تووڕەیـە یـا هێمنـە؟ بڕوای بە خۆی هەیە؟

سەلام فەرەج كەریم هەڵوەستەیەك لەسەر قۆناغی دووەمی درامای كـوردی دەكـات، وەك سـەرەتایەك پەیـدا بـوونو گەشەسـەندنی درامـای هونـەری، كـە بەنـدە بـە گۆڕانكارییـە كۆمەڵایەتییەكانـەوە كـە بەسـەر كۆمەڵگـەی كوردەواریـدا هـاتووە وەك هاوكێشـە گۆڕانكارییـەكانی ژیـان، گەشەسـەندنی شارسـتانیەت، پێشـكەوتنی هونـەرو ڕۆشـنبیری، كارتێكردنی هونەری بیانی لەسەر درامای كوردی لەرێگای وەرگێڕانەوە، كە كار دەكاتە سـەر ڕەسەنایەتی دراما، بـۆ نموونـە داسـتانە مێژووییەكـەی ((دوانـزە سـوارەی مـەریوان)) كـە (پیرەمێرد) نووسیویەتییەوە، باس لە كێشەی مێژوویی نێوان فارسو كورد دەكات، بێجگە لە

ئازایەتیی دوازدە سوارەکان، ئەوە دەردەخەن کە پاڵەوانەکان ئاغاو دەرەبەگو میرزادەن، واتـە لێرەدا هێشتا باوەڕی کۆنی دەرەبەگایەتی کاریگەریی هەر ماوە تەنانەت لەسەر ڕۆشـنبیرێکی وەك پیرەمێردیش، هەروەها سەلام فەرەج کەریم ئاوڕێکی باش لە (مەحموود ئاغای شێوەکەل) دەداتەوە، لە بارەی مەمو زینەوە، بەلایەوە وایە کە وەك بەرهەمێکی درامـی لـە (مـەحموود ئاغای شیوەکەل) سەرکەوتووترە و لە شێوازو ڕوخساریشدا پێشـکەوتووترە. جگـە لـەم سـێ بەرهەمەی پیرەمێرد، ڕووناکی دەخاتە سـەر دوو بەرهـەمی (ئەبوبـەکر هـەوری): (دڵـداری و پەیمان پەروەری) و (بووکی ژێر دەواری ڕەش).

قۆناغی نوێی درامای کوردی پاش ساڵی (١٩٥٦) دەست پێدەکات کە هـەنگاوێکی نـا بەرەو پێش، بە تایبەتی لە بواری هونەریدا، دەقی درامای کوردی لەگەڵ ئەوەشدا کە هەنـدێ بنەمای هونەری درامای تێدا ڕەچاو کرابوو، بەڵام هێشتا هەر لە ڕادەی پێویستدا نەبوو، زیاتر لاسایی دەقە وەرگێڕاوەکان دەکرایەوە، بەڵام لەوە دەچێت کە وەك پێویست هەستیان بەگرنگیی (کێشەو گرێو کەسایەتی) نەکردبێ، بۆ نموونـە دەقـی درامیـی ئەوسـەردەمە هەنـدێ نموونـە وەردەگرێو شییان دەکاتەوە، کە بۆ ئەو ڕۆژگارە چاك بـوونو ئـەرکی دراميیـان بينيـوە، لـە نێوانیاندا: (عەلی ئەفەنی) ی (نەریمان) کە ساڵی (١٩٥٨) لە چاپ دراوە، هەروەها (ئەنجامی یارانو ئەنجامی ئەژدهاكو نقو جـق و.. تـاد) ی گـۆران. دوا بـەدوای ئەوانـە ئاوڕێـك لـە ئۆپـەرێتو شـانۆییيەکانی (عەبـدولڕەزاق بيمـار) دەداتـەوەو شـييان دەکاتـەوە، لەوانـە: (سەرکەوتنی بەهار). دوا بەدوای ئەوە نموونەیەکی پێشکەوتووتری لە جۆری وەك نـقو جـق، گوڵی خوێناوی - ی گۆران. ئاماژە بۆ (ببوورە) ی (کـەمال ڕەئـووف محەمـەد) دەکـات کـە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، کە دووەم کەسە لە مێـژووی درامانووسـینی کوردیـدا ئـاوڕی لـە کەسایەتی داوەتەوەو ویستوویەتی یەکە یەکە سنووری کەسایەتیی پاڵەوانـەکانو پێوەرەکـانی دیاری بکاتو کێشە دراميیەکەی ئاوێتە بکـاتو وەك بەشـێکی گـرنگ تێکـەڵی ڕووداويـان بکات. لە قۆناغی سێیەمدا سەلام فەرەج کەریم هەڵوەستە لەسەر چەند بەرهەمێکی درامـی دەکات، بە وردی لێیان دەدوێ، لە ناویاندا: (داسەکەی شاسوار) لە نووسینی (ئەمینی مـیرزا کەریم)، بەرهەمەکە بریتییە لە چوار چیرۆکی شانۆیی: داسـەکەی شاسـوار، نـەورۆز، بڕيـارو ئەنجام، چۆن بووم بـە هونەرمەنـد. ئـەم قۆناغـە لـە کۆتاييیـەکانی شەسـتەکانو سـەرەتای حەفتاکان دەست پێ دەکات، لە نموونەی (داسەکەی شاسوار)دا نموونەی تر هەن وەك: (سەرینی باداری) نووسینی (ئەحمەد دەنگ گەورە)، (بلیمەت) نووسینی (عومەر عەلی ئـەمین)، (گـۆڕ

هەڵکەن) نووسینی (ئەحمەد ئاسنگەر)، (سێبەری دڕك) نووسینی (فەتاح کاوە)، (کاوەی ئاسنگەر) نووسینی (جەمال بابان)، (بازرگانی شەڕ) نووسینی (کاوە ئەحمەد میرزا)، (دڵۆپی خوێن) نووسینی (تەها بابان). قۆناغی چوارەم، سەرەتاکەی بۆساڵی (١٩٦٩) دەگەڕێتەوە، لەو قۆناغەدا وەك پێشدەستی دەڵێ: زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم سەردەمە لە زمانەکانی ترەوە وەرگێراون، ئەمەش بە نکۆڵی و لەنگی دانانرێت، بەڵام ئەو دەقانە وەك نموونە بۆ ئەم باسە ناشێن، چونکە باسەکە تایبەتە بە درامای کوردییەوە، تەنانەت ئەو دەقانەش کە کوردێك بە زمانێکی تر نووسیونی وەکو نووسینەکانی (محێدین زەنگەنە) (سەلیم بەرەکات) و (یەشار کەمال) دیسان نایەنە نێو ئەم باسەوە، با بەرهەمەکانیش بە ئاووهەوای کراوەی گۆش کرابن و لە کێشەی مرۆڤی کوردیش بدوێن. یەکێك لەو دەقە کوردییانەی کە سەلام فەرەج لێی دەدوێ (شەوێك لەژیانی خانزاد)ە کە (حەمەلاکەریم هەورامی) نووسیویەتی و دەیکاتە یەکێك لە نموونەکانی باسەکەی و بە درێژی لەسەری دەوەستێ. یەکێکی تر لەو بەرهەمانەی لێی دەدوێ شانۆیی شیعری (ئاسك)ە لە نووسینی (شێرکۆ بێکەس)ە کە ساڵی (١٩٧٨) چاپ کراوە، هەروەها (خەج و سیامەند) لە نووسینی (فوئاد مەجید میسری) و (لە چاوەڕوانی سیامەندا) لە نووسینی (شەماڵ عومەر). لە ئەنجامی نامەکەیدا نووسەر دەگاتە بڕیاردان لەسەر چەند خاڵێکی گرنگی دیاریکراو وەك: دراما بریتییە لە دەربڕینی هەست و نەستی مرۆڤ، لە ئەنجامی ململانێی نێوان دوو هێزی سەرەکی (چاکە و خراپە)دا. کارتێکردنی درامای جیهانی بەسەر درامای کوردییەوە دیارە، هەر لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانەوە تا بەرهەمە هاوچەرخەکان ئاوێنەی ژیانی ئەو مرۆڤە و کێشەکانیەتی. کەسایەتی بوویەکی ئەندامی زیندووە لە کۆمەڵدا و لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا خۆی دەنوێنێ. کەسەکانی ناو دراما کوردییەکان یەك لایەنین، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت ناتەبایە لەگەڵ پلەی کۆمەڵایەتیدا و زمانی قسەکردن پشتگوێ خراوە، زمانی پاڵەوانەکان یەك جۆرە و مێژووی ژیانی کەسەکان بەگشتی نادیارن و گرنگییان پێ نەدراوە و مێژووی ڕووداو و کارەسات پشتگوێ خراوە، بە زۆری نووسەرەکان بە مەبەستی (بیر) ی تایبەتی نووسیویانە ئەنجامی کار و کاردانەوەی نێوان کەس و ڕووداوەکان و هاوکێشەکان نییە و پاڵەوانەکان بە زۆری تاکە کەسین و گرنگی بە مێژوو نەدراوە چ وەك تاقی ڕووداوەکان یا وەك مێژووی کەسەکە، ئەمەش لایەنی کەسایەتی لاواز دەکات. جگە لەو خاڵانە چەند خاڵێکی تر دەستنیشان دەکات وەك: کەم ئەزموونیی نووسەرانی کورد لە بواری دراما نووسیندا، کەمدەستیی زۆربەی نووسەران لە بواری دەرخستنی باری دەروونی

کەسەکاندا، کزی و لاوازی ڕەخنە، چاونووقاندنی پسپۆرانی ئەدەب لە ئاستی درامادا، زۆربەی دراماکان بەسەرهاتی تاکە کەسییەو دارِشتنەوەی یاداشتەو چەند خاڵێکی ترە. ئەوەی شیاوی ئاماژە بۆ کردنە سەلام فەرەج کەریم پشتی بە چەندین سەرچاوەو ژێدەر بەستووە، لەنێوانیاندا: سی و پێنج سەرچاوە بە کوردی، شازدە ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی. سەدو دە سەرچاوە بە عەرەبی. دوازدە ڕۆژنامەو گۆڤاری عەرەبی.

لە کۆتاییی نامەکەیدا پوختەیەکی باسەکەی بە زمانی عەرەبی دارِشتووەو هەروەها بە زمانی ئینگلیزی.

## باری سەرنجو چەند تێبینییەك لە بابەت نامەکانەوە:

پێشەکی دەبێ دەستخۆشی لە خاوەن نامەکەی ماجستێر (سەلام فەرەج کەریم) بکەین، کە یەکەمین نامەیە لە بواری شانۆدا، بەتایبەتی هەڵسەنگاندنی کەسایەتی لە درامای کوردیداو ئەم دەستپێشخەرییەش خۆی لە خۆیدا کارێکی باشەو مایەی دڵخۆشییە، هەرچەندە کە لە ڕۆژگارێکدا نووسراوە کە ئەو قوتابییەی لە هەر بابەتێکی بکۆڵیباوە، ئەوەندە ئازاد نەبوو کە ئەوەی ئارەزووی دەکات دەری ببڕێ، دەبووایە بخرێتە ژێر سانسۆری (سەلامەی فیکری)، بەڵام کە نامەکەی پێشکێشی هەموو دڵسۆزێکی ئەم نیشتمانە دەکات ئەو کەلەبەرە پڕدەکاتەوە. لە ڕاستیدا نامەکە ئەرکی خۆماندووکردنو زانیاری پێوە دیارە، خۆ ئەگەر سەرپەرشتیارو ئەندامانی لیژنەکە کە نامەکەیان هەڵسەنگاندووەو لێیان کۆڵیتەوە، پسپۆرییان لەم کایەدا هەبوایەو هەرکەسە بە پێی پسپۆری خۆی زانیاری پێشکێش بە سەلام فەرەج کەریم بکردایە، ئەوە بەرهەمەکەی بە پێزتر دەبوو، ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە ئەو بابەتەی هەڵبژاردووە زیاتر دەچێتە خانەی پسپۆری، بەحوکمی ئەوەی لە لایەنێکی تایبەتی شانۆنامە دەدوێ کە کەسایەتییە، ئەم جۆرە پسپۆرییەش زیاتر دەچێتە خانەی تێزی دکتۆراو لای ئێمەش تا ئێستا لە هەموو زانکۆکانی کوردستان مامۆستای پسپۆرمان نییە کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەیەکی لەو جۆرەی پێ بسپێردرێت، بۆیە دەکرا یەکێکی شارەزاو خاوەن ئەزموون با دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانیش بێت، وەك شارەزایەكو لێهاتوویەك لە لیژنەی هەڵسەنگاندنی نامەکە دابنرایەو سوودیان لە بۆچوونو تێبینی باری سەرنجی وەرگرتبایە. ئەوجەلە نامەکە ڕەهەندێکی تری بە خۆوە دەگرتو باڵاتر دەبوو. ئەوەی لەم نامەیەدا سەرنجی ڕاکێشام، نەخوێندنەوەی زۆر دەقی شانۆیی بوو، کە لە سلێمانیو هەولێرو دهۆکدا پێشکێش

کراونو لای هەمووانیش ئاشکراو ڕوونە کە خودی شاری سلێمانی بە حوکمی ئەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تێدابوو، هەروەها ژمارەیەکیش لە قوتابیانی ئەو شارە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا دەیانخوێند، هەموو ساڵ بەر لەڕاپەڕین بەتایبەتی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی شانۆوە، خۆنیشاندانێکی شانۆیی و ڕۆشنبیری دەگرتە باوەش، کە نامەی ماجستێرەکەش پێشکێش کراوە بۆ هەڵسەنگاندن، مێژووی ئەیلوولی (١٩٨٩) ی لەسەرە، هەڵبەت پشتگوێ خستنی چەند دەقێکی باڵا لە جێگەی خۆی نییەو تەنیا ئاماژەکردن لە پەراوێزو لە کۆتاییی نامەکەدا بە تایبەتی بۆ (دارتووەکە) ی گەزیزە کە دەچێتە خانەی (مۆنۆدراما)، هەروەها گەمەی خۆشەویستی (عەلی کەریم) کە دەبووایە لەگەڵ چەندین بەرهەمی تر لە نامەکەدا شوێنیان بکرێتەوە، کەموکوڕیی بە نامەکە دەبەخشن. خۆ دەکرا هونەرمەند ئاوڕێکی باش لە چەند بەرهەمێکی هونەرمەندی گەورە (ئەحمەد سالار) بداتەوە، کە ڕەهەندێکی تری بەکەسایەتیی شانۆنامەکانی داوەو لە مۆرکی مێژوویی ترازاندوونی‌و بە جۆرێ تر تەوزیفی کردوون کە خزمەتی خواستو ئارەزووە ڕەواکانی گەلەکەمان دەکەن کە هەر خۆشی وتوویەتی: (من دەخوازمو هەڵدەهێنجم، بەڵام دروست دەکەم، ئەوانە زادەی بیرو بۆچوونمو گەیاندنی ئەرکە شانۆییەکەمە نەمێژوونووسمو نە ئەرشیفکارو نە شانۆکەشم کردووەتە مۆزەخانەی پیشاندانەوەو نمایشکردنی بەگەمەی دێرینەکان، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم نالی و جەزیری و هەڵۆ... هی منن نەك ئەوانەی بوون، ڕووداوەکانیش وەك من بۆ ئەمڕۆو ئایندە دەمەوێت نەك کۆنەسازیی بۆ ڕابردوو... ڕابردوو ڕەگمەو لە چڵی تازە سەرهەڵدانی نەوبەهاری ئەمڕۆوە چاوی بوون بۆ ژیان هەڵدێنم) [(١)].

لێرەدا دەپرسم ئایا نەدەکرا نووسەری نامەکە بگەڕێتەوە سەر هەر نەبێ ئەو سێ بەرهەمەی هونەرمەند ئەحمەد سالار:

١ - (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) کە لە ژمارە (٥٩) ی گۆڤاری (کاروان) ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٦) دا بڵاو کراوەتەوە.

٢ - (کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ)، لە گۆڤاری (بەیان) ی ژمارە (١٤١) ی ئاداری (١٩٨٨) دا بڵاو کراوەتەوە.

٣ - (جزیری وانەی عیشق دادەدات)، لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە (١٥٣) ی ئاداری (١٩٨٩) دا بڵاو کراوەتەوە. هەروەها چەندین بەرهەمی تری هونەرمەندانی شانۆی وەك هونەرمەند (تەلعەت سامان) و هی تر. تێبینییەکی ترم لەسەر نامەکە ئەوەیە لە کاتی

نمایشکردنی شانۆگەرییەکاندا نووسینێکی زۆر لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەکوردی و عەرەبی بڵاوکراونەتەوە، هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆم بەرچاو نەکەوت کە نووسەر سوودی لەو سەرچاوانە وەرگرتبێ کە زانیاریی باشیان تێدابوو، ئەو نووسینانەش هەر لەوکاتەدا بڵاودەبوونەوە کە نووسەر خەریکی ئامادەکردنی نامەکەی بوو، دەبووایە لایەك لەم لایەنەشی کردبایەوەو زیاتر زانیاریی پێشکێش بە لیژنەی هەڵسەنگاندنو خوێنەر بکردبایەو ئەو کەموکوڕییەی چارەسەر بکردایە، دەکرێ ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان نامەکە وەك کتێبێك چاپ بکرێ، نامەکە فراوانتر بکرێو ئەو بەرهەمانە لەبەر هەر هۆیەك بێ نەیتوانیوە لێیان بدوێ، لە ئایندەدا چارەسەریان بکات.

(١) شانۆی سالار، ئەحمەد سالار، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٥٥.

# پێوەندیی جەواهیری گەورە
# بە ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردییەوە

٢٧ی تەمموزی ڕابردوو کەڵە شاعیرو لووتکەی هەرە بەرزی شیعری کلاسیکی نوێ ماڵئاوایی لێ کردین، کە لە ڕاستیدا نەك تەنیا زیانێکی بێ شومار نەبوو کە لە میللەتو شیعری عەرەبی کەوت، بەڵکو ئێمەی کوردیش دۆستێكو خۆشەویستێکی دڵسۆزی دۆزی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی ئەدەبیمان لە دەست چوو کە زیاتر لە نیو سەدە دڵە گەورەکەی بە خۆشەویستی کوردستانم لێی دا. هەڵبەت وەستان لە ئاستی شیعرو شاعیریەتی جەواهیریی مەزنو هەڵوێستە پڕ لە شکۆو شانازییەکانی چەندین لێکۆڵینەوە بەخۆوە دەگرن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە زیاتر تەنیا پێوەندیی بە ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردییەوە بە چاوی بایەخ وەردەگرین چەند لاپەڕەیەکی گەش و ڕووناك هەڵدەینەوە.

جەواهیری نەمر ساڵی ١٩٤٧ لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا بە نوێنەری (کەربەلا) هەڵبژێردرا و لەگەڵ چەند نوێنەرێکی تری ئۆپۆزسیۆندا لەسەر دەربڕینی نارەزاییان بەرامبەر سیاسەتی ئیمپریالی توندوتیژ کە دەیویست پەیمانی (پۆرتموث) بەسەر گەلی عیراقدا بسەپێنێ دەستی خۆی کێشایەوە و ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨و شەهیدبوونی برا بچووکەکەی (جەعفەر) زیاتر جەواهیریی گەورەیان ورووژاندو بەرەو وەستان لە ڕیزی میللەتداو داکۆکیکردن لە کێشە ڕەواکانی بکێش کرد.

لە ١٤ی نیسانی هەمان ساڵدا لە یەکەم کۆنگرەی قوتابییاندا ئامادە بوو لە (گۆڕە پانی شێران) (ساحة السباع) لە بەغدا بەستراو نوێنەرانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی ئەوکاتە لە بەغدا دەیانخوێندو ئەوانەی لە شارەکانی کوردستانەوە هاتبوون بەشدارییان تێداکرد، کە دەبووایە لەوێدا هۆنراوەی (یوم الشهید) بخوێنێتەوە، بەڵام خوێنی گەرمی قوتابییانو جۆشانو خرۆشانی جەماوەری ئامادەبوو، جەواهیریی لەوان زیاتر ورووژاند و (یوم الشهید) ی کرد بە (یوم الشباب):

**یوم الشباب تحیة وســلام**
**بکم والنضال تورخ الاعوام**
**بکم والضحایا الغر یز هو شامخا**
**علم الحساب وتفخر الارقام**

له کاتێکدا ئەو هۆنراوەی بەبۆنەی شەهیدبوونی (جەعفەری) برای دانابوو کە لە مەعرەکەی ناوداری (الجسر) ڕۆژی ٢٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ ڕووی دا و ٤ی شوبات بەدەم برینەکەوە گیانی پاکی لە دەست دا. هەروەها بەشداریکردنی وەفدی شارەکانی کوردستان لە سەردانی گۆڕی شەهیدانی ڕاپەڕینو تێکەڵبوونی خوێنی کوردو عەرەب لە کۆڕی خەباتی هاوبەشدا دژی ڕژێمی پاشایەتی و سیاسەتی ئیمپریالی دژ بە خواستو ئیرادەی گەل، ئەم ڕوودانەو چەندین ڕووداوی تر پێوەندیو دۆستایەتیی نێوان شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد، ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتر دەکرد. شاعیری نەمری کوردیش فایق بێکەس وەك شاعیرێکی نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕ بە شیعرە ئاگرینەکەی بەناوی (داری ئازادی) کە بە بۆنەی ڕاپەڕینەوە دای نابوو، دڵسۆزانە تەعبیر لە برایەتیی کوردو عەرەبو پێویستی یەکڕیزی دەکردو بانگەشەی گڵۆڵەی بەرەو لێژیی ئیمپریالیزمی دەکردو دەیگوت:

**وا گلۆڵەی کەوتە لێژی باوی ئیستیعمار نەما**
**هەر کەسێ ئیتر بە زوڕناو تەپڵی ئەو هەڵناپەڕێ**
**دۆستیی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە**
**ناحەزی ڕووڕەش لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ**

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە بەهێزبوونی پێوەندیی نێوان کوردو عەرەب دۆستایەتیی هەردوولای گۆڕی و کردنی بە برا. گۆرانی نەمر ڕاستیی ئەم برایەتییەی لە هۆنراوەی (چیرۆکێکی برایەتی) دا بەرجەستە کرد کە دەڵێ:

**برای عەرەب !**
**چەخماخەی شمشێری زۆردار**
**ئا لەو خوێنەدا ئاوابوو**
**کە لە ملی باوکت، باوکم**
**ڕژایە سەر ملی مێژوو**
**بە جووت هەردوو باوك کوژراو،**
**تك، تك..... خەمان تکا لە چاو،**

**دەست لە مل، بەسەر یەکترا**
**گریان کردینی بە برا**

پێوەندیی جەواهیری بە ئەدەبی کوردەوە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز زیاتر پەرەی سەند، بە تایبەتی کە دوو نووسەری ناوداری کورد ئەوکاتە مامۆستا گۆران‌و مامۆستا ڕەفیق حیلمی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەرانی عێراق بوون، ئەم یەکێتییە کە لە ئەنجامدا جەواهیریی گەورە بووە سەرۆکی، بە یەکسانی سەیری ئەدەبی عەرەبی و کوردیی دەکرد، لەگەڵ چەند دەقێکی کوردی کە کرابوون بە زمانی عەرەبی بەناوی (مختارات) بڵاوکرانەوە. هەروەها بایەخدانی جەواهیری و هەڤاڵانی بە کلتووری کوردی لە مادە دوو پێڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی عیراقدا بەرجەستە بوو کە تێیدا هاتبوو: ((تطوير التراث الادبي القومي الشعبي لجمهورية العراقية عربا واكرادا ولسائر الاقليات)).

لە ماوەی کارکردنی نووسەرانی عەرەب‌و کورد پێکەوە لە یەکێتییەکەدا کە ژمارەیەك نووسەری کورد تیادا ئەندام بوون، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی دەکراو نووسەرانی کورد بەرهەمی خۆیان بە کوردی و عەرەبی پێشکێش دەکرد.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ لە یادی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ گۆرانی نەمر هۆنراوەی " قەیسی شەهید " ی کردە کوردی لە پێشەکییەکەیدا نووسیبووی: ((قەیس ئالووسی پاڵەوانە بچکۆلەیەکی ئەم نیشتمانە بوو، لە هەرای سەر پردی قەڵەمبازی نیشتمانی عیراقدا ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨شەهیدکرا لە کاتی خۆیدا مامۆستا مەهدی جەواهیریی شاعیری بەناوبانگی عەرەب ئەم شیوەنە بەسۆزەی بۆ هەڵبەستبوو و، کردمان بە کوردی)):

**ئەی قەیس... ئەی نەشئەی بەهار**
**ئەی بریقەی ڕەونەقەکەی**
**ئەی قەیس ئەی چپەی نازدار**
**نەرمێك لە گوێی دڵدار ئەدەی**
**ئەی قەیس... ئەی گۆرانی شوان**
**هەوای مێرگ سەر شەپۆڵ ئەخەی**

**ئەی قەیس... ئەی دەنگی بولبول**
**چل ئەخەیتە لەرەی هەی هەی**

هۆنراوەکە درێژەو گۆران بە شێوازی شیعر و یەك سەروا کردوویەتی بە کوردی. کە جارێکی تر بۆ جەواهیریی گەورە کرایەوە بە عەرەبی و بۆی خوێنرایەوە، بەلایەوە زۆر رێکوپێك بوو، کە گۆران داهێنانی تێدا کردووەو مایەی ئافەرینو دەستخۆشی بوو لای جەواهیریی گەورە و، بۆئەوەی ئاستی ئافراندنی گۆرانی نەمر لەم بوارەدا بخەینە ڕوو، ئەو دوو کۆپلەی هەڵمان بژاردن، بۆ نموونە دەقی عەرەبییەکە دەهێنینەوە:

**يـا قـيس: يـا لطـف الربيـع ووقـد رونقـه الشبـوب**
**يـا قـيس: يـا همـس الحبيـب يـذوب في سمـع الحبيـب**
**يـــا هـــزج الرعـــاة يشـــيع في الحقـــل الخصـــيب**
**يا قيس: يـا شـجو (الهـزار) يهيـب بالغصـن الرطيـب**

کەم کۆڕ و کۆبوونەوەو ڤیستڤاڵی ڕۆشنبیریی ئەدەبی کوردی کراوە کە جەواهیری بەپێی بۆلوانی، لە کوردستان، لە بەغدا لە هەندەرانـدا بەشـداریی تێدا نەکردبێ‌و شـیعری خـۆی پێشکێش نەکردبێت.

شیعرەکانی ئەو لە مێشكو دەروونێکی قووڵەوە هەڵدەقوڵان، لە نزیکەوە بە وردی لە هەر بۆنەیەکی دەکۆڵییەوە، کە دەیویست شیعری بۆ بڵێ. مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ ڕۆشنبیرو نووسەرانی کوردو خەڵکێکی زۆر چوونە گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی، لەوێدا لەسەر گۆڕەکەی شاعیری شۆڕشگێڕی نەمر فایق بێکەس وەستاو گوتی:

**اخي (بێکەس) والمنايا رصد**
**وها نحن عارية تسترد**
**اخي (بێکەس) يا سراجا خبا**
**ويا كوكبا في دجى يفتقد**
**((بلا احد)) سنة الا عبقري**

**يعي الناس.. اذ لا يعيه احد**
**((بلا احد)) يا سنا امه**
**تنادت الى جمع شمل بدو**
**((بلا احد)) ايها العبقري**
**و انت الجميع..... وانت احد**

له ٢٤ ئابی ١٩٦٣ له کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد له ئەورووپا که لـه شـاری (میونیخ)دا دەبەستریٚ بەشداری دەکات‌و سلاّو بۆ شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١دەنێریٚ‌و ملوانکەی ((کوردستان - موطن الا بطال)). له گەردنی شیعر دەکات‌و دەڵێت:

**قلبي لكوردستان يهدي والفم**
**ولقد يجود با صغرية المقدم**
**سل الجبل الاشم واهله**
**عن ابجديات الضحايا معجم**
**يا ايها الجبل الاشم تجله**
**و مقالة هي والتجلة توام**
**شعب دعائمه الجماجم والدم**
**تتحطم الدنيا ولا يتحطم**

شاعیری گـەورەمان لەگـەڵ ڕەوتەکـە بـەردەوام دەبـیٚ و، لـە وڵات‌و دەرەوەیـدا، وێـڕای هـەموو بـارودۆخێکی تـاڵ‌و ناهـەموار پێوەندییـە ویژدانییەکـەی خـۆی لەگـەڵ دۆزی کـوردو، ئـەدەب و ڕۆشنبیرییەکەی ناپچڕێنیٚ، تەنانەت که دەست له ملی خەویش دەکات ئێمـەی کـوردی هـەر لـە بـیر دەبیٚ‌و کڵاوە کوردییه نەخشراوەکەی به دروشمی ((کوردستان یان نەمان)) پێـوەی دەلکـیٚ‌و لێـی جیـا نابێتەوە، دوای دەربەدەری و ژیان له هەندەراندا دەگەڕێتـەوە، باوەشـی نیشـتمان و، ڕێککەوتنامـەی ئاداری ١٩٧٠ وەرچەرخانێکی گەورە دەبیٚ له ژیانیداو بەم بۆنەیه هۆنراوەیەکی درێـژ بـەناوی: (طیـف تحدر یوم الشمال یوم السلام) له دایك دەبیٚ، که به دەنگی خـۆی چـەند جارێـك لـە ئێزگـەی ڕادیـۆو

تەلەفزیۆنی کۆماری عیراقدا پەخش دەکریۆ پاشان لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا بڵاودەکرێتەوە، کە لە ڕاستیدا تۆمارێکی مێژوویی خەباتی نەپچڕاوی پڕ لە قوربانیدانی گەلی کوردمانە، کە ئەم بۆنەیە هەر ڕۆژی کورد نییە، بەڵکو ئاهەنگو زەماوەندو خەنەبەندانی عێراقیشە و ڕۆژی شیعرو ئەدەبیاتو بەیەك گەیشتنی گەورە پیاوانە.

جەواهیری داوای یەکڕیزی دەکات لە ترسی مارو دووپشك، دەرفەتێکە دەبێ بقۆزرێتەوەو کەڵکی لێ وەربگیریۆ جارێکی تر هەڵنەکەوێتەوە، ئەمەو لە تەك بەرجەستەکردنی ڕۆڵی سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول بارزانیی نەمردا، بە نرخترین ئاواتی شاعیری توندو تۆڵی ڕیزەکانی گەلو پاکی یەکگرتنی خۆشەویستترین داخوازێتیی:

**يوم الشمال وليس يومك وحده**
**هو يوم كل محلة وجناب**
**هو يوم رهط الشعر والاداب**
**وتلاحم الاقطاب والاقطاب**
**هو يوم اعراس العراق بما انجلت**
**وحليف روحك في الاذى المنتاب**
**لموا صفوفكم، وخافوا غدرة**
**رقطا و من مستعم وثاب**
**وتحزروا منه ومن خرزاته**
**ان العقاب لدنح بذناب**
**هي الفرصة مر السحاب فلا تفت**
**اولا فمن يستطيع رد السحاب**
**اليوم اخلد في غلاف خنجر**
**خجل، وقر مهند بقراب**
**وسلمت يا وطنا تكفل جيئتي**
**واعد زاكي تربة لا يابي**
**اغلى اماني التحام صفوفه**
**و لقاء صوته اعز طلابي**

له ٢١ی ئاداری ١٩٧٢ له یەکـەمین میهرەجـانی شـیعری کـوردی کـه لـه کـەرکووك سـازکراو ژمارەیەکی زۆر له نووسەران و ڕۆشنبیرانی کـوردو عــەرەب بەشـدارییان تێـداکرد، کـه لـه ناویانـدا شەهیدی نەمر سەیدا ساڵحی یووسفی و جەواهیری بوون. جـەواهیریی گـەورە سـەر دەفتـەرو گـوڵی میهرەجانەکە بوو، نووسەرانی کورد دەورەیان لێ دەداو له گەڵیدا دەکەوتنە وتووێـژو بـاس‌و خواسـتی شیعرو ئەدەبی کوردی. لەو ڤیستڤاڵەدا شـاعیری نـەمر: هـۆنراوەی (کوردسـتان مـوطن الابطـال) ی خوێندەوە.

دوا ئێستگەمان کە لەگەڵ جەواهیریدا لێوەی دەوەشێنی ئەم نمایشە خێرایـەی پێوەنـدیی ئـەوە بـە ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردەوە. ئەو دیدارەیەکـە گۆڤـاری ((ڕۆشـنبیری نـوێ ((سـاڵی ١٩٧٧لەگـەڵ جەواهیریدا بڵاوی کردووەتەوە بە بۆنەی تێپەڕبوونی (١٥) ساڵ بەسـەر کۆچـی دوایـی گـۆران و (٧٢) ساڵ بەسەر لەدایکبوونی.

جەواهیری لەبارەی مامۆستا گۆران دەڵێ:

گۆرانم لە ڕێگای ئەو دیدارانە لە بـیرە کـە دەرفـەتی چـاوپێکەوتنیان بـۆ ڕەخسـاندم، هەرچـەندە کەمیش بوون، بەڵام دەتوانم بڵێم:

(گۆران) پیاوێکی مرۆڤخوازی گەورە بوو، نموونەیـەکی بـەرزی ئـەو کەسـانە بـوو کـە هـەڵگری بیروباوەڕی مرۆڤخوازی بوون، پێگەیشتنی ئەدەبیی ئەو لە واقیعی ژیانی بەرچاو هەڵقوڵابوو. واقیعـی جەماوەری چەوساوەو ململانێی نێوان کاربەدەستانی ئەو سەردەمەو ئەم جەماوەرە. لەو باوەڕەدام کـە ئەو شاعیرە گەورەیە مافی سروشتی و شیاوی خـۆی وەرنـەگرتووە. بۆیـە داوا لـە پسـپۆڕانی ئـەدەب دەکەم بە چاوێکی قووڵ بڕواننە شاعیرێتیی مەزنی گۆران.

ساڵانی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ بە گۆران گەیشتم، وەك شاعیرێك ناسـیم‌و باسـی خواسـت‌و ئـارەزووی گەلەکەی و موعاناتەکانی دەکرد کە گیانی شاعیریان دەهەژاند، وەکە کۆچکردنی دواییم پـێ گەیشـت لەتاو ئەو هەواڵە دڵتەزێنەدا تەزووم بە لەشدا دەهات. هۆنراوەیەکم نووسی، بـەڵام بەداخـەوە بـەهۆی هەندێ گرفت‌و دژواری نەمتوانی تەواوی بکەم، تەنیا ئەم دێڕە شیعرم لەبیر ماوە:

یا صادح الایك الطائر الفردا

اودى فلـــم يبق بعــــدها ابدا

له کۆتاییدا هەر وەك جەواهیری دەڵێ:

دووپاتی دەکەمەوە من زۆر سەرسامم بەم شاعیرەو داوا لە هەمووان دەکەم کە بایەخی پێ بـدەن‌و ئاسۆی لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ئەم شاعیرە مەزنە فراوانتر بکەن.

# کاکە شوانو هۆنراوەی " گوڵی کێوی "

بەر لەوەی دکتۆر (ئیحسان فوئاد) بناسین وەك نووسەرێکی کورد، ((کاکە شوان))مان ناسی وەك شاعیرێکی هەست ناسكو خاوەن سۆزی بە جۆشو خەیاڵی پڕ وێنەی جوانیی سروشت. گوڵی کێوی گوڵبژێری هۆنراوەکانی شاعیرە کە ساڵی ١٩٥٧دای ناوەو زادەی تەقینەوەی سەرچاوەی شیعری ئەو کاتەیە.

## گوڵی کێوی و عەشقی نیشتمان

لە هۆنراوەکەدا شاعیر دەڵێ:

**لەگەڵ تۆمە هەوێنی شیعری جوانیم، خاکی کوردستان**
**لەبیرما یادی تۆ ماوە بە تەنها وەك كڵۆی بورکان !**
**شتێکە عەشقی پیرۆزت لەگەڵ تاریکی ئەم ژینە**
**لە چاوما ڕوونو گەش دیارە، لە دڵما پاكو خاوێنە**

خاکی کوردستان هەستکردنە بە نیشتمانی شاعیر و ئەم جۆرە هەستەش کە هەوێنی شیعری جوانییە پێوەندیی بە ڕاستگۆیی و ڕەسەنیی تاقیکردنەوەی شیعرییەکەوە هەیە، چونکە بووە بە عیشق و یادی نیشتمان ئەوەندە بە جۆشە وەك کڵۆی بورکانی لێ هاتووە و، ئەوەندە قووڵ بووەتەوە بە ڕادەیێ هەتا لەگەڵ ژینی ئەشکەنجەو تەنگوتاریشدا هێشتا هەر گەش و ڕوونە و، بێگەردەو ئەگەر شاعیر نائومێدیش بێ، دەزانێ یاری شۆخو شەنگ سوودی نییە، هەر نیشتمان ئازیزە کە لەو واقیعەی تێی کەوتووە دەربازی بکات.

شاعیر ئافرەت دەکاتە دەرگایەك بەرەو سۆزو خۆشەویستی نیشتمانو دانی پیا دەنێ کە وەك شاعیرێکی ڕۆمانسی بە کوڵ گریاوەو لە تەمەنی لاویدا گرفتاری جوانی بووەو بێ هۆشی پەلکێشی کردووەو دڵی بردووەو ئازاری پێ نۆشیوە. بەڵام نەیتوانیوە لە خۆشەویستیی نیشتمانی بکاتو بە تەواوەتی لە خشتەی بات، بۆیە ڕوو دەکاتە نیشتمانو پێی دەڵێ:

**ئەوەنــدە ئــەو عەشــقە پــیرۆزە، وەتــەن بــەڵکو گــەلێ زیــاتر**
**لە هۆشما بووی، لەبیرما بــووی، لــە دڵمـا کڵپــە بــووی، ئــاگر !**
**لەگەڵ ئــاواتی ئــەو عــومرە بــەهارم بــووی، وەتــەن، هــەرگیز !**
**خــەزانیش کــاتێ دڵ گریــا بــە کــوڵ بــۆ ماتــەمی پــاییز..**
**لەبــەر تــۆ بــوو، لەبــەر گــوڵ بــوو، تلایــە خوێنەکــەی ئــاوا**
**تکایـــە ســـەر زەوی نم نم، دڵـــۆپی خـــەم بـــە دوو چـــاوا**

لێرەدا بەشدارییەکی ویژدانی لەنێوان سروشتو واقیعی نیشتماندا هەیە، ئـاواتی تەمـەنی لاوێتی شاعیرو بەستنەوەی بە بەهاری نیشتمانو گەڵارێزانیش سەردەمی پایز لەبەر ئەو بـارە ناهەموارەی پڕ ئەندێشە بوو کە نیشتمان گرفتاری بووبوو، کە گوڵ، واتە ((گوڵی سەربەستی)) لە خوێنا ئالاو کە فرمێسك دڵۆپ دڵۆپ ڕژایە سەر زەوی هەر لەبەر ئـەو بارودۆخـە بـوو کـە نیشتمانی خۆشەویست تێی کەوتبوو.

شاعیر باری سروشت دەکاتە دەروازەیەك بۆ هەستکردن بە نیشـتمانو مەسـەلەی مرۆڤـی کوردی ئەو سەردەمە تێکۆشانی و قوربانیدانی لە پێنـاوی سـەرفرازی و ئازادیـدا، بـەڵام لـە لایەکی ترەوە کە سەیر دەکات وا خەریکە بڵێسـەی تێکۆشـانو کوڵنـەدان نـەمێنێ، ئـەویش دەیەوێ هەستی خۆشەویستی پڕ تینو تاوی خۆی بنێژێو تووشی نائومێدییەکی تەواو ببێ.

ئەم جۆرە نائومێدییەی کە لە ئەنجامی شکستهێنانی هێزی بە کڵپەو جۆشی گـەل سـەری هەڵدا، تەنیا مەسەلەیەکی تاکە کەسی نەبوو، بەڵکو لە مێژووی ڕاپەڕینی گەلانی ئازادیخوازدا زۆرجار دەبێتە شتێکی گشتی و خەڵکێکی زۆر دەستە ئەژنۆ دادەنیشنو دووره پەرێز دەوەستن، بەڵام شاعیر ئەم جارە لە سروشـتەوە هێـزو توانـا وەردەگـرێ و ((گـوڵی کێـوی)) هۆشـیاری دەکاتەوەو گیانی دێنێتە جۆشو خرۆش، لەو ڕۆمانسییەتە دەردەچێ کـە جـۆرە پشـێوییەکو شپرزەیییەك لە دڵو دەروونیدا دروست دەکاتو خەریك دەبێ بچێتە قاوغی خۆیەوە پشـت لـە کۆمەڵەکەی و نیشتمانی ئازیزی بکاتو ئەوەتا دەڵێ:

**بەڵام کاتێ کە تێم ڕوانی: گوڵی کێوی لە لانەیە**
**ئیتر دەستم نەبرد بەسمە بە تەنیا عەشقی تۆی تیایا**

مادامەکی گوڵە کێوی کە ڕەمزی خۆڕاگرتن‌و بارێکی سروشتی و واقیعییەو لە لانەدایەو گەش‌و پاراوە، ئەوە شاعیر نائومێد نابیٚ‌و عەشقەکە نویٚ دەبێتەوە و، هەر ئەو عەشقەشە کە لەجیاتی عەشقی یاری شۆخ‌و شەنگە و، هەر ئەو عەشقەیە هەوێنی شیعری جوانیی شاعیر.

لە ئارادابوونی گوڵی کێوی نیشانەی بەردەوامبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی پایزی وەیشوومەو گەڵاڕێزانە. شاعیر بینینی خۆی دیاری دەکات‌و هەڵوێستی نوێی دەنوێنیٚ‌و ئەم جۆرە هەڵوێستە واقیعییەت و ڕاستگۆیی تیایە، چونکە تەقینەوەیەکە بەرامبەر ئەو واقیعەی کە خەریك بوو بە تەواوەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر عیشقی نیشتماندا بسەپێنیٚ‌و پایزەکە ببێتە شتێکی هەمیشەیی، نەك مەسەلەیەکی وەختی و کەم خایەن.

لێرەدا هەڵوێستی شاعیریش نابێتە هۆی ڕەفتارکردنی واقیعێکی پڕ خەوو خەیاڵی فەنتازی، بەڵکو وەك بڵێی بێداربوونەوەیەکی تەواو کە شاعیرەی ڕۆمانسی ((گوڵی کێوی)) بکا بەسەرمەشقی ڕێبازەکەی و بە ڕوانینێکی واقیعییانەو لەو بارە دژوارە دەرچیٚ کە نیشتمان بەر لە شۆڕشی ١٤ چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ تووشی بووبوو، نەك واقیعەکە بە ڕووتی وەربگریٚ‌و بە ناچاری ملی بۆ کەچ بکات‌و بە چاوێکی ڕەشبینانە سەیری دوارۆژی کۆمەڵەکەی بکات.

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا کە بۆ ساڵی ١٩٥٧دەگەڕێتەوە، کرۆکی زۆرانبازیی هێزی شەڕ و هێزی خێرخواز ناکۆکی لە پێوەندییەکانی واقیعدا دەردەبڕیٚ و، جۆرە هەستێکمان بۆ جیا دەکاتەوە کە مۆرکی ڕێبازێکی واقیعی ڕەسەنی پێوە دیارە، کە ڕاستگۆیی و گەرموگوڕی و عەشقێکی تری سروشت‌و ئافرەت بەخۆوە دەگریٚ‌و بەرەو هەڵوێستێکی دەبات کە لە ئەنجامدا بینینێکی ڕوون‌و ئاشکراو پتەوو شۆڕشگێڕانەی پیٚ دەردەکەویٚ، ئەم جۆرە هەڵوێستەش بەرامبەر خاك‌و مرۆڤی کورد، هەڵوێستێکی ئیجابییەو بارە زۆرانبازییە جەوهەرییەکە دەردەخات و، تاقیکردنەوەکە بەرە بەرە لە عەشقی یارو مەسەلەی سروشت تێپەڕ دەبیٚ‌و خۆی دەگەیەنێتە باوەشی نیشتمان‌و مەسەلە سەرەکییەکەی مرۆڤ، خۆشەویستییەکە یەکلایی دەبێتەوەو هەر تەنیا دەبێتە خۆشەویستی ((گوڵی کێوی)) کە ئەویش ڕەمزێکی تایبەتییەو شاعیر بۆ مەسەلە جەوهەرییەکە بەکاری هێناوە و ((عەشقی نیشتمان)) تەنیا لەودایە، کە گوڵێکی خۆڕسکەو دەسکرد نییە و، ڕەمزی ئازادی و سەرفرازییە.

خاسیەت‌و بنەمای کوردەوارییان پێوە دیارە کە تەمسیلی داوونەریت‌و بەهای نویٚ دەکەن‌و لە واقیعی ئێمە هەڵێنجراون، کە بەشێوەیەکی هونەری تەوزیف کراون، بۆیە دەکریٚ بە

لەدایکبوونێکی نوێی شانۆمان لە قەڵەم بدەین، کە تاوێ نەشونوما دەکەنو بۆ پێشەوە دەچـن و، بۆ ئەوەی ببن بە نێرگەو بنگەی بیناکردنی شانۆیەکی ڕەسەنی کوردی.

هەڵبەت ئەو ڕێبازەی کە هونەرمەندی گەورە (ئەحمەد سالار) پێڕەویی دەکات، بوونو ئامادەبوونی جیاکراوی خۆی لەنێوان ڕێبازەکانی تردا سەلماندو کاری بەرچاوی خۆی لەبەرهەمی هەندێ هونەرمەندی کوردیی شانۆیی کردووە، هەرچەندە کە هەوڵو تەقەلایەك لە لایەن چەند کەسانێ دراوە بۆ کەمکردنەوەو شێواندنی ئەو ڕێبازەی کە درێژەپێدانی شانۆی کوردی و ڕەسەنایەتییەکەیەتی، ڕووباری بەخوڕیش ڕێچکەی خۆی هەر دەکاتەوەو با ڕێگریشی بێتە پێش.

**پەراوێزەکان:**

١- في النقد المسرحي: الدكتور محمد غنيمي هلال، ل، ٢، مطبعة التركي الجديد، بيروت ١٩٧٥.

٢- نظرة جديدة الى التراث، تأليف محمد عمارة، ل٨، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ١٩٧٤.

٣- ضرورة الفن: أرنست فيشر، نقله الى العربية: الدكتور ميشال سليمان، ل١٣٧، المكتبة الاشتراكية، دار الحقيقة للطباققة والنشر، بيروت.

٤- برتولد بريخت: نظرية الدكتور جميل نصيف، ل١٢٤، عالم المعرفة، بيروت

٥- بڕوانە: الرؤية الفنية في رصد التراث وتوضيفه مسرحيا، كمال غمبار، جريدة العراق العدد ٤٣١٥ في أذار ١٩٩٠.

# لێکچوونی بابەتی فۆلکلۆریی نێوان گەلانی جیهان

## پێشەکی:

زۆر جار هەندێ بابەتی فۆلکلۆری دەبیسین، یا دەخوێنینەوە، کە کتومت لە هیی کوردەواری دەکەن، یا هەرنەبێ لێوەی نزیکن، جا ئەو بابەتانە هەقایەت بن، یا پەندی پێشینانو قسەی بە توێکلو نەستەق، گاڵتەوگەپو مەتەڵ و ڕووداوی تایبەتی، ئەوە لای ئێمە باوە، لای میللەتانی تریش باوە، ئەم واقیعە دەمانخاتە بەر شەپۆلی وردبوونەوەو پرسیارکردنو هەقیشمانە بڵێین، ئەو بابەتانە لە کوێوە هاتوونو هەڵقوڵیون؟

ئایا هی خۆمانن و دەماودەمو وەچە دوای وەچە بۆمان بەجێماونو بە موڵکی خۆمانیان دەزانین، یا لە وڵاتانی دراوسێو ناسراوەوە یەکێکی گەڕۆك بۆی هێناوینو بووەتە بەشێك لە کەلەپووری نەتەوایەتیمان؟ لێکدانەوەو بۆچوونمان هەر چۆنێ بێ، کۆمەڵێك هۆی ناوەوەو دەرەوە لەم جۆرە وێکچوونانە ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

هەر گەلێك کە بارودۆخی وەك گەلێکی تر بێ کە ئەو بابەتەی تیایا سەری هەڵداوە، هیچ دوور نییە هەمان بابەت بە هەموو ڕەنگ و ڕوخسارو خاسیەتەکانییەوە بێتە کایەوە، خۆ ئەگەر جۆرە گۆڕانێکیش لەنێوانیاندا هەبێ شتێکی ئەوتۆ نییە کە لەو وێکچوونەدا دایان ببڕێ.

بە دووریشی نازانم ئەم کارە لە ئەنجامی هاتوچۆو پێوەندیی بازرگانی و شەڕەوە ڕەخسابێ، بۆ ئێمەی هێناوەو بڵاوبووەتەوە.

بەڵام ئاخۆ هەقی ئەوەمان هەیە بڵێین، ئەو بابەتانەی کە لەناو میللەتێکی تردا باوە و، لای ئێمەش هیی خۆمانن و فریان بەسەر فۆلکلۆری هیچ گەلێکی ترەوە نییەو لە واقیعی کوردەوارییەوە سەری هەڵداوەو مۆرکی بابەتەکان خۆماڵییەو، لە هیی میللەتێکی تردا جیایان دەکاتەوە؟ !

بەڵێ ئەو بابەتە فۆلکلۆرییەی ئێمە بە هی خۆمان دەزانین ڕەنگدانەوەی بارودۆخی واقیعی گەلەکەمانە، سامانی نەتەوایەتی و نیشانەی ڕەوتی مێژووی ژیانی کوردەوارییە، هەر

بابەتێکیش گوزارە لە قۆناغ و ماوەیەکی مێژوویی دەکات، جۆری دانیشتن‌و گێڕانەوەکەش هەمیسان شەقڵ‌و شێوازی خاسیەتی زمانی ڕەسەنی کوردیی هەیە، کەرەستەکەشی خۆماڵییەو بەروبوومی داهێنانی نەتەوەی کوردەو تەعبیر لە خاسیەتە تایبەتییەکانی دەکات، بۆیە دەبێ لەسەر ئەو ڕایە سووربین کە ئەگەر بابەتێکی فۆلکلۆریی کوردی، لە هیی نەتەوەی تری کرد، جا ئەو نەتەوەیە، یا ئەو گەلە لە هەر پلەیەکی شارستانییەتی و پێشکەوتندابێ، ئەمەی خۆمان بەوە لە قەڵەم نەدەین کە وەرگیراوە، هەر گەلێکیش فۆلکلۆری تایبەتی خۆی نەبێ ڕابردووو مێژووی نییە.

دوای ئەم پێشەکییە چەند نموونەیەك دەخەمە بەرچاوو بەراوردیان دەکەم بۆ ئەوەی زیاتر بچینە بنج‌و بنەوانی نووسینەکەمانەوە.

ئێمە دەزانین کە نووسەری بەناوبانگ تۆڵستۆی ١٨٢٧ - ١٩١٠ز کۆمەڵێك چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە، زۆربەیان لای ئێمە باون‌و ئێمە بە چیرۆکی کوردییان لە قەڵەم دەدەین‌و مەبەست لە گێڕانەوەیان ئامۆژگاری و ڕێنوێنیکردنی منداڵانی کوردە. بۆ نموونە چیرۆکی ((درۆزن)) و ((دوو برادەر)). چیرۆکەکەی تۆلستۆی باسی شوانێك دەکات کە دەست دەکات بەهاتوهاوارو بە درۆ، کە گورگ پەلاماری ڕانەمەڕەکەی داوە، کە خەڵك فریای دەکەون‌و بە هانایەوە دێن، قاقایێ لێ دەداو دەڵێ بە گاڵتە وام وت، بەڵام جاری دووەم گورگ بەڕاستی پەلاماری ڕانەمەڕەکە دەداو هەرچەند هاوار دەکات گورگە، گورگە، کەس فریای ناکەوێ، چونکە درۆی کرد جاری یەکەم وای نیشاندا کە گورگی بینیوە، درۆزنیش هەر جارێك پێی بڕوا دەکرێ. چیرۆکە کوردییەکە کۆمەڵێ منداڵن لە گۆمێك مەلە دەکەن و یەکێکیان هاوار دەکا:

ئەی هاوار بمگەنێ خنکام بە درۆش وا دەڵێ - کە منداڵەکان فریای دەکەون‌و دەگەنە لای پێیان پێ دەکەنێ و، دەڵێ: بە گاڵتە وام وت. جاری دووەم: بە تەواوەتی ڕاست دەکات کە خەریکە بخنکێ، هەرچەند هاوار دەکات بێ سوودە لە ئەنجامدا دەخنکێ.

بۆیە کورد بە خۆڕایی نەیوتووە ((درۆزن ئاگریشی لە ماڵێ بەربێ کەس، پێی بڕوا ناکات)) یا دەڵێ: ((پەتی درۆ کورتە)) یا دەڵێ: ((ئەگەر جارێك هەڵت خەڵەتاندم خوا بتگرێ، خۆ ئەگەر دووجار هەڵت خەڵەتاندم خوا بمگرێ)). یا ((ئەگەر ڕاست بی برۆ ڕێی شێری)) هەروەها چیرۆکەکەی تریش ((دوو برادەر)) کتومت وەك یەکن. [1]

بۆ ئەوەی مەسەلەی لێکچوونی بابەتی فۆلکلۆری نێوان گەلانی دنیا، بە تایبەتی گەلی کوردو گەلانی تر، زیاتر ڕوون بکەینەوە، کە لە هەقایەتی گەلانی فۆلکلۆری، یا بابەتی تر

بەیەك دەگەنەوە ئاماژە بۆ هەقایەتێکی خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە و، هەقایەتێکی ((جورجیٚ)) دەکەین‌و بەراوردی نێوانیان دەکەین و ڕاستییەك دەسەلمێنین کە هیچ گەلێك نییە لەم دونیا فراوانەدا مەسەلەیەکی فۆلکلۆری کە ڕەنگ و ڕوخساری بابەتەکە لای گەلانی تریش لێك دەکەن، هەر تەنیا بەهیی خۆی بزانیٚ و، نکۆڵی لە مافی گەلێکی تر بکات.

**دەقی یەکەم:**

((کە خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە مەبەست سوڵتان مەحموودی غەزنەوییە **٩٦٧** - ١٠٣٠ز، لە گەورە پیاوانی مێژووی ئیسلامییە، غەزنەی ((ئەفغانستان)) ی فەتح کردو شەڕەکانی گەیشتە هندو ئیسلامەتیی تیا بڵاو کردەوە)) [٢]

ئەم سوڵتان مەحمووده ناوو ناوبانگی لە کوردەواریی ئێمەدا بڵاوبووەوەو زۆر شتی لێوە دەگێڕنەوە، بە تایبەتی لەگەڵ ((هەیاس))دا، ئەحمەد بەگی ساحێبقران ١٨٧٨ - ١٩٣٦ لە چوارینێکیدا دەڵیٚ:

**وەك مەدینە بیٚ نەبی بیٚ، یا نەجەف بیٚ، بیٚ شاری عەلی**<br>**خەزنەش ئێستە بیٚ مەحموودە وەك داریکەلی**<br>**حەیفا ئەو جیٚ ئاسمان بیٚ زینەتی خورشیدو ماه** [٣]<br>**ساخوا بیکەی وەکو خورشید درەخشان مونجەلی**

**چیرۆکی دووەم:**

وەکو وتم جۆرجییە، لە نێوان هەردووکیاندا هەندیٚ مەسەلەی ناوکۆو هاوبەش هەنەو کەمێکیش جیاوازی بەدی دەکریٚ، بەڵام لە کرۆك‌و گەوهەری مەسەلەکە شتێك ناگۆڕیٚ، بەراوردێك لە نێوان هەردوو هەقایەتەکە دەمانخاتە بەردەم ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١ - پاڵەوانی هەردوو هەقایەتەکە هەژارن‌و سامانێکیان نیە پشتی پیٚ ببەستن‌و ئەگەر کار نەکەن سامانێکیان نییە گوزەرانی پیٚ بکەن.

ئەمەی کوردییەکە ئاودێر ((ئاوفرۆش))ە ئەمەی جۆرجییەکەش گۆزەکە (فاخوری) یە.

٢ - ناوی سوڵتانەکە دیارەو ناودارە، کە مەحموودی غەزنەوییە و، حوکمی غەزنە دەکات و، دەوڵەتەکەی بە ناوی ((دەوڵەتی غەزنەوی)) لە قەڵەم دراوە، پاشای هەقایەتە جۆرجییەکە بیٚ ناوەو ئەو شارەو وڵاتەی حوکمڕانیشیان دەکات دیار نین.

٣ - سوڵتان مەحموود جلی دەروێشیی لەبەر دەکردو پاشاش جلێکی ئاسایی، هەردووکیان بە شەقامو کۆڵانەکانی ناو شاردا دەگەڕان، دەیانویست لە کاروباری خەڵکەکە ئاگاداربن و، گوێیان لە بەزم و ڕەزمو ئاهەنگ دەبێ.

٤ - سوڵتان خۆی بە ماڵی ئاودێردا دەکاو دەبینێ ئاهەنگی گۆرانییە، پاشاش ڕوو دەکاتە ماڵی گۆزەکەر دەبینێ خواردنێکی ڕێکوپێك سازکراوەو کەسیشی لە دەورە نییە تەنیا خێزانەکە خۆیان نەبن.

٥ - سوڵتان قەدەرێکی دادەنیشێ تا خەڵکەکە بڵاوەی لێ دەکەنو ناڕوات، پرسیار لە خاوەن ماڵ دەکات کە دەرامەتی چۆن دەسووڕێو چ کارەیە، ئەویش دەڵێ ئاودێرم، سوڵتان دەڵێ ئەگەر بەیانی سوڵتان ئاوفرۆشیی قەدەغە کرد تۆ چی دەکەی؟

پێی وت: دەروێش خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە.

پاشاش پرسیار لە گۆزەکەر دەکات کە چ کارەیەو ئەو پارەیە لە کوێ دێنێ کە ئاوا سفرەی ڕازاندووەتەوە و، وەك بڵێی لە جەژن دایە؟ ! ئەویش پێی دەڵێ قوربان من گۆزەکەرێکی ئاساییمو بە ڕۆژ دوکانم هەیەو ئیش دەکەم شەویش لەگەڵ خیزانەکەمدا پشوو دەدەمو دەحەسێمەوە، بۆ چاوەڕوانی جەژن بم؟ ! لای من هەموو ڕۆژ هەر خۆشی و جەژنە.

٦ - سوڵتان فەرمان دەدا کەس ئاو نەفرۆشێ، پاشاش فەرمان دەدا بە بۆنەی جەژنی پاشاوە کەس دوکان نەکاتەوە.

٧ - شەو دیسان سوڵتان دەچێتە ماڵی ئاوفرۆش دەبینێ بەزمی شەوی پێشووە، پێی دەڵێ پێم ناڵێی ئەو پارەیەت لە کوێ بوو، ئەویش دەڵێ بوومە کۆڵهەڵگر. بەڵام گۆزەکەر سەرپێچیی فەرمانی پاشا دەکات، پاشا کە شەو دەچێتە ماڵیان دەبینێ هەمان خواردنی پێشووە، پێی دەڵێ تۆ فەرمانی پاشات جێبەجێ نەکرد، ئەویش پێی دەڵێ: دەك بەڵامدا لە پاشا، خۆ خەریك بوو لە برسان بمرم ناچار بووم ئاوم بۆ ئەو هێناو، دارم بۆ ئەم بردو کەمێك دراوم دەس کەوت.

٨ - دەقی دووەم ئەو دیمەنەی تیا نییە کە لە هیی کوردییەکەدا بەدی دەکرێ، کە سوڵتان حەمباڵی قەدەغە دەکات ئاوفرۆش لە دەرفەتێ دەگەڕێ پارە پەیداکات، دەبینێ دوو لادێیی شەڕ دەکەن، ئەویش دەچێتە نێوانیانەوەو خۆی دەکا بە پاسەوانی شارو هەڕەشەیان لێ دەکات ئەگەر دەمی چەور نەکەن دەیانبا بۆ لای سوڵتان ئەوانیش لە ترسی سزادان بەرتیلی دەدەنێ، ئەو ڕۆژی دوو هەندی ڕۆژانی تر دەسکەوتی دەبێ.

٩ - له ئەنجامدا سولْتان ناچار دەبیّ ئاوفرۆشەکە دەکاتــە پاســەوانی خــۆی و شمشــێرێکی دەداتە دەست کــە بــە درێــژایی ڕۆژ پاســەوان بــیّو پاشــاش هــەروەتر، ئــاوفرۆشو گۆزەکــەر هەردووکیان بیر لــە ســازدانی ئاهــەنگی شــەو دەکەنــەوە. دەچــن شمشــێرەکەیان دەفرۆشــنو شمشێرێکی دار دروست دەکەنو دەیخەنە کالان.

١٠ - کە سولْتانو پاشا لە کەڵەکەبازی ئاوفرۆشو گۆزەکەر دەگەن، فەرمانیان پیّ دەدەن کە بە شمشێری خۆیان سەری تاوانبارێك بپەڕێنن، هەردووکیان دەپاڕێنەوە، کە لەو کارە لێیــان ببوورن، کە پاشاو سولْتان مەحموود سوور دەبن لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکەو بــۆ ئــەوەی فرتوفێڵەکەیان ئاشکرا نەبیّ، چ ئاوفرۆش چ گۆزەکەر دەڵێن: خوایە ئەگەر ئەم پیاوە بیّ تاوانە شمشێرەکەمان بکەی بە دار، کە هەریەکە شیرەکە لە کالان دەردەکێشیّ شمشێرێکی تەختەدارەو چی تر نا، لە ئەستۆی کابرا دراو نەیبڕی و وتیان چونکە تاوانبار نەبوو، بوو بە دار.

١١ - سولْتان مەحموود مرۆڤێکی ژیرو دانایە، پاشاش مرۆڤێکی زیرەكو دانایە بەڵام داخ لە دڵە.

١٢ - سولْتان بە ئاوفرۆش دەڵیّ: کەس پێت نــاوێریّو کیســەیەك لــیرەی پــیّ دەبەخشــیّ، پاشاش بە گۆزەکەرەکە دەڵــیّ: هەرچــەندە تــۆ درۆت لەگــەڵ منــدا کــرد، بــەڵام بەخشیشــت دەدەمیّ، برۆ چۆن دەژیای وا بژی.

١٣ - هەڵوێستی دوایی ئاو فرۆشەکە سولْتان بە پێکەنین دێنیّو بە زیرەکییەکەی سەرسام دەبیّ و، دەیکاتە نۆکەری خۆی [٤]، بەڵام گۆزەکەرەکە بە کیسەیەکی پــڕ لــیرەو بــە خۆشــی و کامــەرانی دەگەڕێتــەوە ماڵــەوە [٥] وەك بینیمــان لێکچــوونێکی زۆر لــە نێــوان هــەردوو هەقایەتەکەدا هەیە، لــە ڕووی ســەرەتا و، گــریّو کۆتــایی و مەغزایانــەوە جیــاوازیی نێــوان سولْتانو پاشا، ئاوفرۆشو گۆزەکەر، بەزم سازکردن بۆ برادەران، سفرە ڕازاندنەوە بۆ خێزانی خۆ و، خەڵاتکردنی هەردووکیان، ئەمانە گشتیان لە جەوهەری پێکچــوونی هــەردوو هەقایەتەکــە هیچ ناگۆڕن، ئەم خاسیەتەش نیشانەی بۆچوونو بــیروڕای نێــو گــەلانی دنیایــەو پردێکــە لــە نێوانیاندا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆشنبیری و، بەهێزکردنی پەیوەندیی شارستانییەتی جیهانی، هیچ سەیر نییە کە ناپلیۆن بۆناپارت بە شەو جلی دەگۆڕیّ، تا لە نزیکەوە ئاگای لە کار و ڕەفتاری ئەفسەرەکانی سوپاکەی بیّ، شــەوێك بەرێککــەوت ئەفســەرێك لــە یاریکردنــدا شمشــێرەکەی دەدۆڕێنیّ و، لە جیاتی ئەو شمشێری دار دروست دەکات، ناپلیۆن بۆ بــەیانی بــانگی دەکــاتو فەرمانی پیّ دەکات کە لە گەردنی سەربازێك بدات، ئەفسەرەکە زۆری لەبەر دەپاڕێتــەوە کــە

ئەم کارەی پێ نەکاتو وازی لێ بێنێ، بەڵام پاڕانەوەکەی بێ سوود دەبێ، لەبەر ئەوە بە ناچاری مل بۆ فەرمانەکەی کەچ دەکاو دەڵێ خوایە ئەگەر ئەم سەربازە بێ تاوانە شمشێرەکەم بکە بە دار، کە شمشێرەکە دەردەکێشێ دار دەردەچێت، ناپلیۆن بە زیرەکی و فێڵبازیی ئەفسەرەکە پێکەنینی دێ، کە ئەفسەرەکە پێی دەڵێ: گەورەم پێم نەوتی، ئەم سەربازە بێ تاوانە، لەبەر ئەوەش بوو شمشێرەکەم بوو بە دار و، لە مردن ڕزگاری بوو. ناپلیۆن لێی خۆش دەبێ و، ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە کە شەو لە یاریدا چۆن بە چاوی خۆی بینی شمشێرەکەی دۆڕاند.

لە ڕاستیدا ئێمە نموونەمان گەلێ زۆرن، کە بتوانین بیانکەین بەسەر شارو لەوێوە بڕوانینە میللەتانی تر، چونکە فۆلکلۆری کوردی سامانێکی لەبن نەهاتووی بە پێزو فەڕە، بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو ساغکردنەوەی گەلێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و باری سەرنجو فەلسەفەی نەتەوەکەمانە، لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییەوە دەتوانین پەنجە بخەینە سەر زۆر لایەن کە تا ئێستا ڕووناکیی نەخراوەتە سەر، نموونەیەکی تر کە زیرەکی و دانایی و زانایی میری پاشای گەورە دەردەخات، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە عەقڵ بە گەورەیی و دایکو باوك نییەو مرۆڤی شیاو کارامە دەبێو شوێنی لەبارو شیاوی خۆی هەبێ، مستەفا بەگ فەرمانی حوکمڕانی و جڵەوی بەڕێوەبردنی میرنشینی سۆران دەخاتە دەست کوڕی گەورەی محەمەد کە ناوداره بە پاشای کۆرە، یا گەورە، چونکە لێی ڕادەبینێ کە مرۆڤێکی کارامەو لێهاتووە، دەتوانێ میرنشینەکە بە چاکی و بە پاکی بەڕێوەبەرێ، ئەویش لەبەردەم باوکی و گەورە پیاوانی میرنشین بەڵێن دەدا کە جێگەی ئومێدو ڕەزامەندی هەموو لایێ بێو باوکی نائومێد نەکات، هەرچەند مقۆمۆو چپەچپ دەکەوێتە ناو براکانی مستەفا بەگو بەرپرسیارانی میرنشینی سۆران، وەك دەگێڕنەوە گومان لە بێ ئەزموونی و کەم شارەزاییی میر محەمەد دەکەن، کە گوایە هێشتا لاوەو ناتوانێ ئەو ئەرکە گەورەیە ڕاپەڕێنێ، بەڵام میری گەورە دەورێکی ئەوەندە باڵا دەبینێ کە هێمنی و ئاسوودەیی و ئاسایش لە هەموو لایەکدا بڵاو بکاتەوە و، ئەو ڕووداوەی لێی دەدوێین کارێکی وا بکات کە بەتەواوی جێی پێی توند بکاتو بنچینەی حوکمڕانییەکەی بەهێزو پتەو بکات و، ناوو شۆرەتێکی زۆر دەربکات.

میری گەورە زۆر لە دڵی گران بوو، کە جووتیارەکان، دەمی ئێوارە بە گاسنی سەر شانیانەوە لە کێڵگەکانی دەوروبەری ڕەواندزەوە، بە نقەنق بەرەو بەرزاییی شاری ڕەواندز هەڵدەزنان، ئەو دیمەنە زۆر پەستی دەکردو پێی ناڕەحەت دەبوو.. ڕۆژێکیان بینی جووتیارێك

دوو گاجووتی بە پێش خۆی داوە و، گاسنێکی خستووەتە سەر شانی و بە تەواوەتی هیلاك بووە، کە دیمەنی ئەو جووتیارە پیرەی کەوتە بەرچاو، زۆری پێ ناخۆش بوو، لەو ڕۆژەوە فەرمانی دەرکرد کە نابێ هیچ کەس کەلوپەلی زەوی کێڵان لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە ماڵەوە، دەبێ لە کێڵگەکاندا جێیان بهێڵن. بەم کارە دەیویست ئەرکی سەرشانی جووتیارەکان سووك بکات، کە دەیانزانی ئەگەر کەلوپەلەکانیان جێ بێڵن ئەوە دەدزرێن، بەرپرسیارن لەو ڕایەدا بوون کە ئەم فەرمانە هەرگیز سەرناگرێ‌و میریش مایە پووچ دەبێ، ئەوان نەیاندەزانی میر چ نەخشەو تەگبیرێکی بۆ حاڵی ئەو هەژارانە کێشاوە، تەنانەت لێی بە گومان بوون کە بتوانێ کاروباری میرنشینەکە بە چاکی هەڵسووڕێنێ، میریش دەیزانی دزی هەر دەکرێ و، ئەو کاتە دزی زۆر بوو، بەجێهێشتنی کەلوپەلی جووت بێ ئێشك لێگرتنی، ئەنجامەکەی هەر دزی دەبێ. بەڵام دەیویست سنوورێك بۆ ئەو بارە ناهەموارە دابنێ، ئەوەی کە میرو بەرپرسیاران بۆی چووبوون ڕووی دا، بۆ ڕۆژی دووەم کە میر لە خەو هەستا، پێش ڕۆژهەڵات، لە دیوانی میرنشینەوە سەیری دەکرد چ ڕوو دەدات، چاوی بڕیبووە ئەو ڕێگایەی کە بەرەو دیوانەکەی دەهات، پاش ماوەیەك چاوی بە کابرایەکی پیر کەوت، کە بۆ لای ئەو دەهات هانکە هانکی پێ کەوتبوو و، نیشانەی خەم‌و پەژارەی پێوە دیاربوو، میر ڕووی کردە بەرپرسەکان‌و پێی وتن ئەو پیرەمێردەی بۆ لای ئێمە دێ وابزانم شتێکی لێ قەوماوە و، هاتووە سکاڵای دەردی خۆی بکات، بە دووری نازانم دزیی لێ کرابێ، کە پیرە گەیشتە لای میرو سڵاوی کرد، میر یەکسەر پێی وت: دەزانم دوێنێ شەو گاسنت لێ دزراوە، دڵنیابە بۆتی دەدۆزمەوە و، هەر ئێستا گاسنەکەت بۆ دەگەڕێنمەوە.

میر دەنگی پیاوەکانی خۆی دا کە بچنە کێڵگەکانی دەوروبەری ڕەواندز و، جووتیارەکان ئاگەدار بکەن کە بێ وەستان بێنە بارەگای میرو لەوێ ئامادە بوون. جووتیارەکان لەبەردەم بارەگای میرنشین گرد بوونەوە، میر ڕووی تێ کردن‌و پیی وتن: من کە ئێوەم بانگ کردووە لەبەر دزینی گاسنی ئەم پیاوە بەستەزمانەیە، پەنجەی بۆ کابرای پیرەمێرد درێژ کرد، ئێستاش من دەزانم دزەکە کێیە. لە پڕ هاواری کرد:

ها شان بە قوڕ تۆ بۆ گاسنی ئەم پیرە بەستەزمانەت دزیوە؟

یەکێك لە ناو جووتیارەکان بێ ئەوەی ئاگای لە خۆ بێ، دەستی بۆ سەر شانی برد، میر یەکسەر پێی زانی و لێی ڕاخوڕی: کوڕە لەگەڵ تۆمە بۆ نایەیتە دەرەوە.

پیاوەکە لەناویاندا هاتە دەرەوەو میر پێی وت:

تۆ دزەکە نی؟ ! کابرا وتی: بەڵێ، میر وتی:
هەر ئێستا گاسنەکەی پێ دەدەیتەوە، ئەگینا واو وات لێ دەکەم.
بەرپرسان میرنشینو حەشاماتەکە سەریان لەو کارەی میر سوڕما، میر شتێکی وای کرد کە هەموو بۆچوونو لێکدانەوەیەکی لێ سەراوبن کردنو بەجارێ حەپەسان تا ڕادەیەك گەیشتنە قەناعەتێك کە میر ئاگاداری هەموو شتێکە بە گەورەو بچووکییەوە، بە نهێنی و ئاشکرایەوە، لەمەش زیاتر دەیانوت فریشتەو جنۆکەو پیاو چاك هەموو شتێکی پێ دەوت: هەر شتێ ڕوودا لە هەر لایەکی میرنشین بێ پێی دەزانێ، پاش ئەو ڕووداوە دزی کردن بنبڕ کراو جا ئیتر کێ دەیوێرا دزی بکات، بەم جۆرە ژیانی ئاسوودەو هێمنی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا و، میر بووە چاوێك تەنانەت لە تاریکی شەویشدا ئاگادار بووو کەس نەیدەتوانی لە دەستی ڕابکات.
بەرامبەر ئەم ڕووداوە و، ئاشکراکردنی دزی کردن کە ئەقڵو ژیری میری تیا بەکارهات، لەناو گەلی عەرەبیشدا ڕووداوی مێژوویی هەیە کە بە ئەقڵو زیرەکی و تێڕوانینی وردو قووڵ، دزی ئاشکرا دەکرێو دزەکە دەستنیشانیان دەکرێ، لەم ڕووەوە دەگێڕنەوە:
پیاوێکی لادێیی کارو پیشەی مریشك دزین دەبێ، کەس ناتوانێ دزەکە بناسێو ئاشکرای بکات، دزەکە ئەوەندە وریا دەبێ کە بە تەواوی خەڵکەکە هەراسان دەکات، بەڵام کابرایەکی عەقڵمەندو زیرەك بیر لە چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە دەکاتەوە لە خەڵکەکە دەگەیەنی کە ئەو دەتوانێ دزەکە بدۆزێتەوە... بۆ ئەو مەبەستە داوا دەکات کە خەڵکی دێیەکە وردو درشتیان دەبێ لەبەردەمی بوەستن، کە خەڵکەکە دێن پێیان دەڵێ:
چاکە خۆی بە ئارەزووی خۆی بێتە دەرەوە، من بەڵێنی پێ دەدەم سزای نادەم، ئەگەر بە دەمی خۆی دان بە تاوانەکەی بنێ، هەموو بێدەنگ بوونو کەس دەرنەچوو، پیاوە عاقڵەکە لە پڕ هاواری کرد، لەگەڵ تۆمە مریشك دز، سەر بە پەڕەمووچ بۆ دەرناچی، یەکێك لە خۆیەوە بەشێوەیەکی نەویست دەستی بۆ سەری برد بزانێ وایە یان نا، کابرا عاقڵەکە یەکسەر دەرکی پێ کردو لە ناو حەشاماتەکەدا دەری هێناو بە خەڵکەکەی وت: ئا ئەمەیە دزەکە چاکی بناسنو بە کابرای دزەی وت: تۆ مریشك دزەکە نی؟ !
کابرا ناچار بوو پێی لە تاوانەکەی ناو، دەمراستی گوندەکە بە ژیری و عەقڵمەندیی خۆی توانیی دزەکە ئاشکرا بکاتو خەڵکەکە دڵنیا بکات، عاقڵی واش هەبوو لە ڕێگای بۆنکردنی دەستەوە دزەکەی دۆزیوەتەوە، بۆ نموونە لە شوێنێك دزی کراوە و، هیچ بەڵگەیەکی مادی بە دەستەوە نەبووە کە دزەکە تاوانبار بکات، یاخود ئاشکرای بکات، تا یەکێکی ژیرو زیرەك

خەڵکەکەی کۆکردنەوەو پێی وتوون من دەزانم کێ لە ئێوە دزە ئەوەی دزیی کردووە دەستی بۆنی لی دێ، بۆنی دەستی بکەم دەزانم دزیی کردووە یا نا، ئەو بۆچوونەو قسەی عەنتیکەی کابرا دزەی دەرخستووە، بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات چ دەکات، دەستی خۆی بۆن کردووە، تا بزانێ بۆنی لێ دێ یان نا مرۆڤە ژیرەکە یەکسەر دەستنیشانی کردووەو پەنجەی تاوانبارکردنی خستووەتە چاوی.

نموونەیەکی تر لە بەراوردکردنی ڕووداوێکی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ ڕووداوێکی هەمان شێوەی عەرەبی، ئەوەیە کە جارێك ژنێك کوڕێکی و مێردەکەی و براکەی نزیکە بخنکێن، ژنەکە داوای یارمەتی لە مەلەوانێ دەکات کە فریایان بکەوێت و، لە خنکان دەربازیان بکات. مەلەوانەکە پێی دەڵێ من ناتوانم هەر سێکیان دەرباز بکەم، لە یەکێك زیاتر پێم ڕزگار ناکرێ، کامیانت بۆ ڕزگار بکەم، ژنەکە گورج دەڵێ: بە قوربانە براکەم بۆ ڕزگار بکە.. کابرای مەلەوان فریای براکەی دەکەوێو لە خنکان دەربازی دەکات، مەلەوانەکە بە ژنەکە دەڵێ پێم ناڵێی حیکمەت چییە لەوەی هەر براکەت گەرەك بوو؟ ! ژنەکە پێی دەڵێ: مێرد دەخنکێ، کوڕم دەبێتەوە، بەڵام دایكو باوکێ لە کوێ بێنم برایەکم پێ ببەخشن. مەلەوانەکە وەڵامو شیکردنەوەی ئافرەتەکەی زۆر پێ ماقووڵ دەبێو ئافەرین لە عاقڵی و ژیری دەکات.

ئەم ڕووداوەی کوردەواری بەشێوەیەکی تر لە خوارووی عێراق لە ناو عەشیرەتی ((ئال سەعدوون))دا دەیگێڕنەوە کە سێ کەس لە عەشیرەتێکی تری عەرەب دەکەونە دەست ((ئال سەعدوون)) و دەبن بە دیلو فەرمانی کوشتنیان دەردێ، ئافرەتێ دەچێتە لای سەرۆك تیرەی سەعدوون کە ئەو سێ کەسە ئازاد بکاتو زۆری لەبەر دەپاڕێتەوە، سەرەك عەشیرەت پێی دەڵێ: ئەوانە چیی تۆن؟

ئەویش دەڵێ: یەکیان برامە و، دووەمیان هاوسەرمەو سێیەمیان کوڕمە.

سەرەك عەشیرەت پێی دەڵێ تەنیا یەکێکیان ئازاد دەکەمو لەم سێ کەسە کامیانت گەرەکە ئافرەتەکە هەمان وەڵامی، ئافرەتەکەی فۆلکلۆری کوردی دەداتەوە.

لە ڕووی گاڵتەو گەپەوە نموونەیەك دەهێنینەوە ((ئەویش لە سەردەمی تەیموری لەنگ ١٣٣٦ - ١٤٠٥ز بووە، ڕۆژێ مەلای مەشوور، تەیموور لەنگ لە گەرماو دەبینێ پشتێنەکەی تەیموور بە داوی زێڕ ڕازابووەوە، تەیموور لە مەلا دەپرسێ مەلا من چۆن پیاوێکم؟ !

مەلا دەڵێ پاشام تۆ پیاوێکی باشی و پێنج سەد لیرەی زێڕ دەهێنێ.

تەیموور پێی دەڵێ: دەك بێ قەزا بی مەلا، هەر پشتێنەکەم سەد لیرەی زێڕ دەهێنێ مەلاش

دەڵێ: قوربان خۆ منیش وەك تۆ چۆنت فەرموو ئاوام حسێب کردبوو [٦])

مەکسیم گۆرگی لە ((هەقایەتێك لە ئیتاڵیاوە)) بەجۆرێکی تر لە نرخی تەیمووری لەنگ کەم دەکاتەوەو دەڵێ ((کرمان)) ی شاعیر پیاوێکی ئازاو چاونەترسو قسە لە ڕوو بوو، ڕۆژێکیان تەیموور بە (کرمان) دەڵێ بە مەزەندەی خۆت ئەگەر لە بازاڕ بمفرۆشن چەند دەکەم؟ ئەویش وەلامێکی گورجی دەداتەوە دەڵێ دوو سەد لیرە! تەیموور دەڵێ خۆ پشتێنەکەم دوو سەد لیرە دەکات، ئەی خۆم؟ (کرمان) یش پێی دەڵێ ئەوەی دەتکرێ لەبەر خاتری پشتێنەکە دەتکرێ، هەر چۆنێ بێ ئەم ڕووداوە بەڵگەو نیشانەی چاونەترسان و ڕووبەڕووبوونەوەی زۆردارانو خوێنڕێژانە، قسەی حەق و ڕەقە لە کاتی پێویستدا. بازنەدانە لەسەر دەرفەتی لەبارو هەڵکەوتوو. مەلا مەشوور یا مەزبوورە پاڵەوانێکی ڕاستەقینەی کوردەوارییە.

ئیتر لەم جۆرە بابەتانە نموونە زۆرن هەمووشیان ڕەنگدانەوەی ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەوارین، ئەنجامی ڕەنجو تەقەلاو داهێنانی سەرجەمی گەلی کوردن، باری سەرنجو فەلسەفەو جۆری بیروڕا و، بۆچوونی ڕۆڵەکانی کورد دەنوێنن.. دەرگایەکی باشمان بۆ والاّ دەکەن کە لێوەی بچینە ژوورەوە و، گەلێ لایەنی تاریكو نادیاری نەتەوەکەمانی تیادا بەدی بکەین و، زیاتر شارەزای کەلەپووری خۆمان ببین و، بە تێڕوانینێکی ترەوە سەیری بکەین و، بە پێی بەرنامەیەکی زانستی شی بکەینەوە، ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر شانی خەمخۆرانی فۆلکلۆری کوردی بە شێوەیەکی تایبەتی و، شارەزایانو پسپۆڕان و ڕۆشنبیران بە گشتی.

**پەراوێزەکان:**

١- بڕوانە: قصص تولستوي. ترجمة غائب طعمة فرمان.

٢- بڕوانە: المنجد في الأداب والعلوم، تأليف الأب لويس معلوف اليسوعي - المطبعة الكاثوليكية - بيروت ل ٤٨٤.

٣- سەرجەمی بەرهەمی حەمدی" دیوانی حەمدی - ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسینی: جەمال محمەد ئەمین چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن - سلێمانی، چاپی یەکەم ١٩٨٤.

٤- بڕوانە: تحفەی مظفریة بە زمانی کوردیی موکری، کرداری ئۆسکارمان. پێشەکی و ساغکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی. بەشی یەکەم بەغدا ١٩٧٥ ل ١٨٥.

٥- کۆواری (الاتحاد السوفيتي) العدد الخامس، ١٩٨٧ ((حكاية عن فاخوري قديم)).

٦- بڕوانە: دراسة في الادب الفلكلور الكردي - الدكتور عزالدين مصطفي رسول - دار الحرية للطباعة بغداد، ١٩٨٧ل ١٥٥.

## هێرشی ده هەزار جەنگاوەرەکە " هێرش بۆ سەر فارس "

### پێشەکی:

سەردەمێك دڵمان بەوە خۆش دەکرد کە بەر لە زاین بـە پێـنج سـەدە، مێـژوو نووسـێکی گریکی وەك زەینەفۆن ((گەزە نەفۆن)) باسی کوردی کردووەو بە وڵاتی کوردەواریـدا گـوزەری کردووە، هەرچەندە ئەو ساتە زانیارییـەکی ئـەوتۆمان لـە بەردەسـت نـەبوو، کـە بـزانین ئـەو مێژوونووسە چۆن هاتووەتە کوردستانو چیی نووسیوە، بـەڵام وەك بەڵگەنامـەیـەکی مێـژوویی گرنگ مایەی بەختەوەریمان بوو، کە ئێمەی کوردیش نـاوو شـۆرەتمان لـە نـاو مێژوونووسـانی جیهاندا ون نییەو لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو باسی نەتەوەی ئێمە کـراوە، کـە بـە ئازایـەتی و جوانمەردی ناوی دەرکردووە.

ئەو کتێبەی لە بەردەستمان دایە ڕووناکییەکی تەواو دەخاتە سەر کوردەکانی کوردستان کە چۆن بەرەنگاری هێرشـەکەی ئـەو دە هـەزار جـەنگاوەرە بوونەتـەوە، کـە ڕوویـان کردووەتـە ناوچەکەو ویسـتوویانە بـەزۆرەملێ خـۆراکی خۆیـان وەدەسـت بێـنن‌و دەسـتیان کـردووە بـە تاڵانکردنی خەڵکەکە.

زەینەفۆن هەرچەندە کـە بـۆ سـوپاکەی خـۆی دادەتاشـێ‌و بـە جـۆرێ باسـی ئازایـەتی و چاونەترسان‌و خۆڕاگرتنیان دەکات، بەڵام بیەوێ‌و نەیەوێ نەیتوانیوە نکـۆڵی لـە قارەمانیـەتی کوردەکان‌و خۆبەختکردنیان بکات لە پێنـاوی پاراسـتنی ناوچـەکەیاندا، هـەر بۆیـەش نـاوی کتێبەکەی ناوە ((ئەناباس ژخڂچڃچڕآ واتە پێ هەڵگـەڕان یـاخود پێشـکەوتنی سـەربازانە، مەبەستی سەرکەوتنە بۆ سەر شاخەکانی کوردستان پاش ئەوەی سوپای کۆرش شـکاو خۆشـی لە شەڕدا کوژراو گریکەکان ڕێگای کوردستانیان گرتەبەر، لە گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان.

### ناوەرۆك‌و شیکردنەوەی کتێبەکە:

ئەم کتێبە بریتییە لە چوار سەد لاپەڕەی قەبارە گەورە، لەسەر کاغەزی سپی لە چاپخانەی زانکۆی مووسڵ چاپکراوە. مامۆسـتا یـەعقوب ئـەفرام مەنسـوور لـە ئینگلیزییـەوە وەری

گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. وەرگێڕ ساڵی ١٩٤٦وەرگێڕانەکەی تەواو کردووەو مامۆستا فوئاد سەفەر ساڵی ١٩٦٥وشەیەکی بۆ نووسیوەو کتێبەکە بەو جۆرە هەڵدەسەنگێنێ کە لەو کتێبە مێژووییانەیە کە ناوبانگێکی جیهانیی هەیە.

مێژوونووسی گریکی زەینەفۆن بە شێوازێکی دڵکێش و ڕەوان دای ناوە. ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٥چاپ کراوە، زەینەفۆن قوتابیی فەیلەسووفی گەورە ((سوکرات)) بوو، بیر قووڵ و، ڕا ڕاست و، زۆر زاناو شارەزا بوو، ئەو کتێبە گەورەترین کاری کردە سەر ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی، تەنانەت وتراوە کە ئەناباس پەنجەرەیەکی گەورەی بۆ یۆنان کردەوە کە بەهۆی ئەوەوە سەریان لە شارستانەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن خوار کردەوە کە گەشەکردنیان لە هیی ئەوان کەمتر نەبوو، دوور نییە کە ئەو کتێبە لەو هۆو پاڵ پێوەنەرانە بێت کە ئەسکەندەری مەقدۆنی بەرەو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کۆن پەرە بسێنێ.

جگە لەوانە کە باسمان کرد کتێبەکە بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی عێراقو جوگرافیاکەی، کە باسی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جوگرافی سەردەمی کۆتاییی سەدەی پێنجەمی پێش زاین دەکات.

ئەوەی کە لێرەدا شیاوی باسی بێ، ئەوەیە کە کەم کەس هەیە شتێك لە بارەی هێرشەکەی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆ سەر عێراق نەزانی کە بە شەڕێکی دابڕی نزیك بۆ شاری هەولێر لەگەڵ ((دارا)) لە یەکیان داو لە ئەنجامدا سوپاکەی دارا بەزی و شکا، بەڵام زۆر کەس هەیە گوێی لەو هێرشەی فارسی و گریکی نەبووە کە لە ئەنازۆڵەوە بەرەو عێراق کشانو لەگەڵ فارسە ئەخمینییەکاندا کەوتنە جەنگو شەڕەکە لە سەعاتێکی زیاتر نەخایاندو ((داریووش)) ی تێدا کوژرا کە برای ((ئەرتحشتا)) ی دووەم بوو، هەردوو برا کوڕی ((داریووش – فەرمانڕەوایی ئاسیای بچووکی دەکرد، کۆرش ویستی تاجەکە لە برای بسێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکی دە هەزار سەربازی ئامادە کردو ئیسپارتییەکانیش بە سوپایەکی گەورەوە یارمەتییاندا، کۆرش بۆ سەر ئەرتحشتای براکەی هێرشی بردو لە مەودای دوو ڕۆژ دوور لە بابل پێی گەیشتو لە شەڕەکەدا کوژرا، بەڵام گریکەکان نووشستیان نەهێنا، لە دەشتەکانی ئاشووردا بڵاوبوونەوەو بەسەر چیاکانی ((قردو)) و ئەرمینیا کەوتن تاکو گەیشتنە شاری ((تەرابزۆن))، لەوێوە بەرەو وڵاتەکەی خۆیان بۆی دەرچوون.

ئەوەی لەو نووسینەدا مەبەستمانە، ئەوەیە کە ڕووناکی بخەینە سەر ئەو خاڵو لایەنانەی کە پێوەندییان بە کوردەوە هەیە نەك دوان بە دوورودرێژی لە هەندێ مەسەلەی لاوەکی و

چۆنییەتیی شەڕەکەی نێوان کۆرش‌و براکەی و بە پێی پێویست هەندێ خـاڵ ڕوون دەکەینــەوە. وا دیارە زەینەفۆن کتێبەکەی بە ناوێکی خـوازراوەوە نووسـیوە کـە ((تیمسـتۆجین))ەو نـاوی باوکی ((جریلوس))ە.

## شەڕی کۆناکساو کوشتنی کۆرش:

چێشتەنگاو بوو کە نزیك بوو بگەنە ئەو شوێنەی کە کۆرش بڕیاری دابوو لێی بوەستێ کـە ((پاتجیاس)) دەرکەوت‌و سواری ولاخێ ببوو کە عەرەقی دەردابووو بەغار دەهات و یەکسەر بە فارسی و یۆنانی پڕ بەدەم هاواری کرد: ((پاشا بە سوپایەکی گـەورەو نیزامێکـی سـەربازی وا بەرەو ئێمەوە دێ)). ئەو کاتە بە جارێ خراپ سەریان لێ شێوا، چونکە هەموو وایانزانی کـە پاشا بەر لەوەی ئەوان شوێنی خۆیان وەرگرن هەڵیان دەکوتێتە سەر... نیوەڕۆ داهات هێشـتا لەشکری پاشا دیار نەبوو، بەڵام دەمە دەمی عەسر بوو کە تەپوتۆز وەك پەڵە هەورێکی سـپی دەرکەوت، پاشا ماوەیەك شتێك وەك ڕەشاییەك کە بـۆ مـەودایێکی درێـژ، درێـژ دەبـووەوە بەسـەر دەشـتایەکەوە دەبینـرا، بـەرە بـەرە سەرەسـونگی و سـوارەو بەشـەکانی لەشـکرەکە دەرکەوتن. لێرەدا (کۆرش) بە سواری لەگەڵ وەرگێڕەکەی خۆی و سێ چوار کەسی تـر خۆیـان گەیاندە لای ((کلیرخوس)) و بانگیان کردو ئاگاداریان کرد کە سـوپاکەی بـەرەو ناوجەرگـەی لەشکری پاشا بەرێت، چونکە پاشا خۆی لەوێیە. کـۆرش وتـی ((ئەگـەر لـەوێ سـەرکەوین، هـەموو شـتێك تـەواو دەبـێ)). بـەڵام سـوپاکەی پاشـا لـەوەدا نـەبوو، هێجگـار زۆر بـوو کوشتارێکی گەورە لەنێوان سوپاکەی کۆرش‌و پاشادا کـرا، گریکـەکان شـەڕێکی ئازایانـەیان کردو زیانێکی زۆریان لە سوپاکەی پاشا داو کۆرش دڵخۆش بوو کە گریکەکان فارسەکانیان لە پێش خۆیاندا ڕامالّی و بانگەوازی، کردنی بە پاشای خۆیان ڕاهێشت... کۆرش لەوە ترسا کە پاش پشت لە گریکەکان بگرێ‌و شەق‌و پەقیان بکات، یەکسەر بەرەو ڕووی چووو لەگـەڵ ئـەو شەش سەد کەسەی لەگەڵیدابوو هێرشی بردو ڕیزی سەربازەکانی پـێش دەمـی پاشـای سمـی و شەش هەزار کەسی شکاند، پاشـان دەنـگ بڵاوبـووەوە کـە بـە دەسـتی ((ئەرتاجرسـس)) ی سەرکردەیان کوژرا، بەڵام کە ڕایان کرد ئەو شەش سەد کەسەی کە لەگەڵ کۆرش بوون لە کاتی هەڵمەت بردن‌و تەکاندانیان پێوەندییان تێکچوو نەیانتوانی ڕاویان بنێن‌و بـە دوایـان بکـەون‌و ژمارەیەکی زۆر کەم دواکەوتن، کە زۆربـەیان لـەو کەسـانە بـوون کـە کـۆرش نـاوی نـابوون ((هاوڕێی نانی))، کە لەگەڵ ئەو ژمارە زۆر کەمە مایەوە پاشا چاوی پێ کەوت‌و هاواری کرد

((پیاوەکـە دەبیـنم)) و بـێ سـڵەمینەوە پـەلاماری داو زەبرێکـی ئاراسـتەی سـنگی کـردو قەڵغانەکەی سمی و بریندار بوو، دەشڵێن کۆرش بە شمشـێرەکەی خـۆی، خـۆی کوشـتو هـەر چۆنێك بێت کۆرش کوژرا. لەو قۆناغەدا سوپای پاشاو گریکەکان ماوەی سێ میل لێك دوور بوون، گریکەکان ئەو هێزانەیان ڕاو دەنا کە ڕووبەڕوویان بووبوونەوە وەك بڵێی سـەرکەوتنێکی باشیان بۆ ڕەخساوە، فارسەکان خەریکی تالاَنکردن بوون وەك بڵێی سـەرکەوتنەکەیان تـەواوە، بەڵام گریکەکان پاش ئەوە بۆیان دەرکەوت کە پاشاو سەربازەکانی بوونەتە کەلوپـەلی ئـەوان، پاشا گوێی لە ((تیسافرنوس)) بوو کە یۆنانییەکان ئەو لەشکرانەیان بەزاندووە کە ڕووبەڕوویان بوونەتەوەو لەسەر ڕاونانیان بەردەوامن، ئەو حەلە هێزەکانی خۆی گردکـردەوەو بەشـێوەیەکی جەنگی ئامادەی کردنو هەنگاویان هەڵهێناو کە گریکـەکان دیتیـان کـە ڕیزگرتنیـان پتـەوو تۆکمەیە بەرامبەر فارسەکان سەرلەنوێ سروودی کوشتاریان گوتو بە گیانێکی دوژمنکاری لە هیی پیشتر بەهێزتر پەلاماریان دان، فارسەکان بەرامبەر پەلامارەکەی خۆیان نەگرت و ڕایـان کردو گریکەکان بە دوایان کەوتن.

کە خۆر خەریك بوو ئاوابێ، گریکەکان وەستانو چەکی خۆیـان کـۆکردەوەو ئیسـراحەتیان کرد، لە هەمان کاتدا سەریان سوڕما کە ((کۆرش)) لە هیچ شوێنێکەوە دەرنەکـەوتو کـەس هەواڵێکی بۆ نەهێنان... پاش ئەوەی لە بابەت مانەوەیان ڕاوێژیان کرد کە شـتومەکەکانیان بێنن یاخود بگەڕێنەوە سوپاگاکەی خۆیان، بڕیاری گەڕانەوەی داو دەمـی شـێوان گەیشـتنەوە خیوەتەکانیان، بۆیان دەرکەوت کە هەموو کەلوپەلو خۆراكو خواردنەوەیان تالاَن کراو، لەبـەر ئەو کەموکووڕییـە زۆربـەی گریکـەکان بـێ شـێو مانـەوە، لـە ڕاسـتیدا نـانی نیوەڕۆشـیان نەخواردبوو. ئەم شەوەیان ئاوا بەسەر برد. بۆ بەری بەیانی سەرکردەکان کۆبوونـەوە، لەگـەڵ ڕۆژهـەلاتن هـەواڵی مـەرگی ((کـۆرش)) یـان پێگەیشـت، کـە ئـەو هەواڵـەیان بیسـت، نائومێدییەکی گەورە دایگرتن چ بکەن باشە؟ ! چێشـتەنگاو بـوو کـە هەواڵـدەران لـە لایـەن پاشاوە گەیشتنو هاتبوون کە قسە لەگەڵ سەرکردە گریکەکان بکەنو پێیـان گـوتن کـە پاشـا سەرکەوتووەو کۆرشی لەناو بردووە، داوایان لێ دەکات کە چەکەکانیان دانێنو بێنـە دەربـاری پاشا ئەگەر بتوانن بەخششی پاشایەتی بۆ خۆیان وەربگرن، کە ئەو قسانەیان کـرد گریکـەکان ڕقیان هەڵساو پێیان گوتن کە سەرکەوتوون، چـەك دانـانێن، (کلینـۆر) ی ئـەرکادی کـە بـە تەمەنترینیان بوو وەلاَمی دانەوە ((ئەوان بەر لەوەی چەکەکانیان دانێن دەمرن))، پاش ئـەوەی کە زۆر لە سەرکردە گریکەکان هەر یەکە بە جۆرێك مەسەلەکەی شیکردەوە لە دواییدا لەسەر

ئەوە ڕێککەوتن کە چەك فڕێ نەدەن‌و خۆیانی پێ بپارێزن. پاشـان (فـالینۆس) گـوتی: پاشـا ئاگاداری کردوون کە پێتان ڕابگەیەنین کە ئێستا ئێوە لێرەن ئەوە شەڕ ڕاگرتنە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا، بەڵام ئەگەر چ بۆ پێشەوە، یان پاشەوە بجوولێن ئەوە مانای شەڕ کردنە، لەبەر ئەوەی داوای وەڵامدانەوەی ئـەم خاڵـە دەکـەم. ((کلێرخـۆس)) وەڵامـی دایـەوە: ئێمـەش هـەمان بیرکردنەوەمان هەیە. ((فالینۆس)) گوتی: مەبەستت چییە؟ کلێرخۆس پێی گوت: مەبەسـتم شەڕ ڕاگرتنە ئەگەرماینەوە، شەڕکردن ئەگەر بۆ پێشەوە هاتین یاخود گەڕاینەوە لە ئەنجامـدا ((کلێرخۆس)) بووە سەرکردەی گریکەکان، کە پیاوێکی خاوەن تاقیکردنەوەو بـە هـۆش بـوو. هەموو لاییێك سوێندیان خوارد کـە ناپـاکی لـە یـەکتر نەکـەن‌و سـوێندخۆری ڕاسـتگۆ بـن. ((ئەریۆس)) کە سەرکردەیەکی یۆنانی بوو پێشنیازی ئەوەی کرد کە بەو ڕێگایەدا نەگەڕێنەوە کە پێیدا هاتوون، بەڵکو ڕێگایەکی دوورتر بگرنەبەر، کە پێویستییان بە ئازووخـە نـەبێ‌و لـە سوپای پاشا دوور بن، کە نەتوانێ خۆی کۆبکاتەوەو بەسـەریاندا بـدات. هـەر کـە تـاریکی داهات پێشەنگی سوپای گریکەکان توانیی خیوەتگایەك ساز بکات، بـەڵام ئەوانـەی دوایـی، گەیشتن خیوەتی خۆیان لێ هەڵدا قاوقیژ و غەڵبەغەڵبێکی زۆریان نایەوە کە یـەکتریان بـانگ دەکرد تەنانەت دوژمن گـوێی لێیـان بـوو، بـە جـۆرێ ئەوانـەی لێوەیانـەوە نزیـك بـوون لـە خیوەتەکانی خۆیاندا ڕایان کرد، تەنانەت پاشاش ترسی لێ نیشتبوو، گریکـەکانیش ترسـێکی ناوەخت دای گرتن، بەڵام کلێرخۆس ترسەکەی ڕەواندنەوە کـە بـە ((تۆلمیـدس)) ی بانگـدەری ڕاگەیاند کە فەرمانی بێدەنگبوون‌و کپی بدات پاشان دەسـت بکـات بـە بـانگ ڕاهێشـتن کـە ((سەرکردەکان جاڕ دەدەن ئـەو کەسـەی زانیـاری لەمـەڕ ئـەو گوێدرێـژە بـێنێ کـە لـەنێوان چەکەکاندا بەرەڵڵا بووە ئەوە دە هەزار جونـەیهی دەدرێـتێ)) کـە سـەربازەکان لـە بانگەکـە گەیشتن دڵنیابوون کە ترسەکەیان ڕاست نییەو سەرکردەکانیان لە مەترسی دوورن.

((تیسافرنۆس)) چەند کەسێکی نارد کە لە مەرجەکان بدوێن، ((کلێرخۆس)) پێی گـوتن جارێ دەبێ لە پێشەوە شەڕ بکەن، چونکە قوڵتیان نییە کە هیچ گریکێك حەدی ئـەوەی نییـە لەگەڵ یۆنانییەکان لە مەڕ مەرجەکانەوە بدوێ هەتاکو قاوڵتیان بۆ نەهێنێ، کە هەواڵـدارەکان بە پەلە ڕۆیشتن‌و خێرا گەڕانەوەو پـاش مشـتومڕێکی زۆر شـوێنی دەسـکەوتنی ئازووخـەیان پێشاندان کە کاتی لواو داهات کلێرخۆس وەڵامی دانـەوە کـە پـەیمانی شـەڕ ڕاگـرتن لەگـەڵ سوپاکەی بەشێوەیەکی جەنگی ڕێگای گرتەبەرو خۆی سەرکردایەتی پاشانگەکەی کرد، تووشی چەند جۆگەو جۆبار و ڕووبار بوون‌و پردیان بە دارخورمای کەوتوو دروسـت کـردو بەسـەریاندا

ڕۆیشتنو پەڕینەوە.  پاش ئەوەی گەیشتە دێیەکان ڕابەرەکان پێیان گوتن کە دەتوانن ئالیكو مەی و سرکەیان دەس کەوێت هەروەها چەند جۆرە خورمایەك.

پاشان ((تیسافرنۆس)) بە سیفەتی پەیامبەر لە لایەن پاشاوە هاتو کە گوایە پاشای قەناعەت پێ هێناوە کە ببێتە ڕێ نیشاندەریان، ئەوانیش داواکەیان قبوولَ کرد، بەڵام بە گومانەوە.  گریکەکان بیست ڕۆژ چاوەڕوان بوون هەتا ((تیسافرنۆس)) گەڕایەوە، بەڵام ڕیزەکانی خۆیان تێك نەدابوو بەیەکەوە نووسابوونو خۆیان قایم کردبوو، چونکە لەو ڕایەدا بوون کە پاشا بە خۆڕایی نییە کە هانمان دەدات بمێنینەوەو هەر کاتێ هێزەکانی خۆی کۆ بکاتەوە پەلاماریان دەدات، لەو ماوەیەدا ((تیسافرنۆس)) گەیشتو لە ڕواڵەتدا نیازی گەڕانەوە بوو بۆ نیشتمان.

## ڕێ گرتنەبەر بە گومان لێك کردن:

هەردوولا دەستیان کرد بە ڕۆیشتن، ((ئاریوس)) یش لەگەڵ ((تیسافرنۆس)) و ((ئۆرونتاس)) پێکەوە خێوەتیان هەڵدا، گریکەکان بە گومانەوە سەیریان دەکردن، بۆیە لە کاتی ڕێگادا بە تەنیا دەڕۆیشتن و ڕێ نیشاندەری تایبەت بە خۆیان بەکار دەهێنا، نێوانی هەردوو لەشکرەکە لە (٣) میل کەمتر نەبوو، پاش ڕۆیشتنی سێ ڕۆژ گەیشتنە شوورەی مادی، دوای ئەوە لە ماوەی دوو ڕۆژدا (٢٤) میل ڕۆیشتنو لە دوو چەم پەڕینەوە پاشان گەیشتنە شارێکی قەڵەباڵغ کە ناوی ((سیتاس)) بوو میلو نیوێك لە دیجلەوە دوور بوو.

پاش شێوان یەکێك هات گریکەکانی ئاگادار کرد، کە سوپاکەی ((تیسافرنۆس)) شەوێ، هێرشتان دەکاتە سەرو لە باخچەکەی نزیکتانەوە هێزێکی گەورە هەیە، ئاگاتان لە خۆ بێو پاسەوانێکی قایمو توند لەسەر پردەکەی دیجلە دانێن، چونکە ئەگەر تیسافرنۆس بتوانێ شەو تێکی دەدات تاکو نەتوانن بپەڕنەوە لەنێوان ڕووبارو نۆکەندەکە دادەبڕێن.  گریکەکان بەسەر فێڵی فارسەکاندا کەوتن لەگەڵ گەردی بەیانی لە پردەکە پەڕینەوە پاش ڕۆیشتنی ١٥٠میل لە ماوەی دە ڕۆژدا بەناو میدیادا تا گەیشتنە ئەو گوندانەی کە سەر بە دایکی کۆرش بوون، تیسافرنۆس بۆ ئەوەی سووکایەتی بە ((کۆرش)) بکات ڕێگای یۆنانییەکانی دا کە بە ئارەزووی خۆیان تالآنی خەلەو خەرمانی مەڕو ماڵاتو شتی تری بە نرخ بکەن، کوێلە نەبێ.

پاش ڕەوتی (٦٠) میل دیجلەیان بەجێ هێشتو تێبینیی شارێکی دەوڵەمەندیان کرد کە ناوی ((کانیای)) بوو کە شوێنێکە نزیك لە شوێنی ئێستاو دەوترێ ((قەڵای کیژۆڵە))و لە

خوارووی شەرقاتە. خەڵکەکە نانو پەنیرو شەرابیان بۆ هێنان، لەوێوە بە کوندەی پـف دراودا لە ڕووبارەکە پەڕینەوە.

## غەدرکردنی تیسافرنۆس:

پاشان گەیشتنە زێی گەورە، لەویّ (٣) ڕۆژ مانەوە، لەو ماوەیەدا هیچ نیشانەیەکی کاری نارەوا لە لایەن تیسافرنۆسەوە دەرنەکـەوت، کلێرخـۆس بڕیـاری دا بـەپێی توانـا لـە گەڵێـدا کاربکاتو ئەو گومانە بنبڕ بکات کە بووەتە هۆی دوژمنکارییەکی ئاشکرا، گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان هەردوولا کرا بۆ ئەوەی دڵیان لە گومان پـاك بکەنـەوەو بـڕوا بـە یـەك بێـنن بـەڵام تیسافرنۆس هەرچەند بە ڕواڵەت خۆی وا نیشان دا کە مەبەستی بەرژەوەندی و خزمـەتگوزاری گریکەکانە کەچی لە ئەنجامدا کاری نامەردانەی خۆی کردو داوەتـی ((کلێرخـۆس)) و چـەند سەرکردەیەکی کرد بۆ خواردنی شێوانو بە پیلان گرتنیو بۆ لای پاشاکەی خۆی ناردنی لـەویّ ملیان پەڕێنـدرا. لێـرەوە باسـی زەینـەفۆن دەکـەین کـە جڵـەوی سـەرکردایەتیی سـوپاکەی بەدەستەوە گرتو بەرەو کوردستانی عێراق هەنگاوی نا.

## بەرەو کوردستانی عێراق:

پاش گرتنی سەرکردەکانو کوشتنی سەد ئەفسـەرەکەو ئـەو سـەربازانەی کـە لەگەڵیانـدا بوون، گریکەکان تووشی بارودۆخێکی پەشێوو نارەحەت بوون، وەك سەیریان کـرد لـە هـەموو لاوە دەورەیان دراوە، چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە کەس کەلوپەلیان پێ بفرۆشـێ، ڕابـەرێك نییە ڕێنوێنییان بکات، لەنێوان چەند ڕووبارو چـەمێکدا گیریـان خـواردووەو نـاتوانن لێیـان بپەڕنەوەو بگەڕێنەوە نیشتمان، تەنانەت فارسەکانیش لێیـان هەڵگەڕانـەوەو دەسـتیان بـڕین، بۆیان ئاشکرا بوو، ئەگەر سەرکەوتنیش وەدەس بێنن ناتوانن هیچ کەس لە دوژمنانیان بکوژن، خۆ ئەگەر بشکێن هیچ نەفەرێکیان ڕزگاری نابێت. خەمو پەژارەو نائومێدی دایگـرتن، ئـەو ئێوارەیە کەم کەس لەوانە نانیان خواردو ئاگریان کردەوە، بەڵام لێی درێژ بوونو خـەو نەچـووە چاوی کەس، هەموویان تاسەو شەیدای نیشتمانو دایكو باوكو منداڵو خێزانـەکانیان بـوونو وایانزانی کە جارێکی تر نایان بیننەوە.

پاش ئەوەی چەند سەرکردەییێك قسەیان کرد، ((زەینەفۆن)) یش، قسەی خۆی کردو گوتی: ((ئا لێرەدا یەك شت هەیە کە هەموومان دەیزانین، پاشاو تیسافرنۆس هەموو ئەوانەی بە

دەستمان کەوتبوو بۆ خۆیان برد، ئاشکراشە سوورن ئەگەر بۆیان بکرێ، ئەوەی کە ماویشـمانە تەفروتوونای بکەن، وەك دەبینم دەوری ئێمە ئەوەیە کە هەر شتێ پێمان بکرێ، بیکەین تـاکو نەهێڵین بکەوینە بەردەست فارسان، بەڵکو وا چاکترە بۆ ئێمە کە مسۆگەری بکەین ئەوان لەبەر دەستی ئێمە... هتد، پاشان لەسەر قسەکانی دەڕوات‌و پێشنیازی دانانی ژمارەیـەکی پێویسـت لە سەرکردەو ئەفسەر دەکات‌و دەڵێ: دەبێ ئەوە بزانین ژمارە زۆری و چەند هێزێك سەرکەوتن لـە شەڕدا وەدەس ناهێنن، نەخێر کە لایەك دەچێتە پێش دژی دوژمـن‌و ورەو هێزێکـی مەعنـەویی هەیە خوداوەندی لە پشتەوەیە، دوژمن وەك بنکەییێك خۆی لەبەر ناگرێ، هـەروەك تێبـینی ئـەم خاڵەم کردووە لە بارەکانی سەربازیدا، ئەو کەسانەی کە تاکە ئامانجیان ئەوەیە کە سەر سەلامەت بێ، ئاسایی مەرگێکی کلۆڵانەو سووکانە دەمرن، کەچی ئەوانەی پـەی بـەوە دەبـەن کـە مـردن تووشی هەموو خەڵکی دەبێ، هەوڵ دەدەن مەردانە بمرن، بە زۆری تەمەنیان درێژ دەبـێ‌و ئەگـەر بژین ژیانێکی بەختیارتر ڕادەبوێرن، ئەمانە ڕاستین‌و دەبێ دەرکی پێ بکەن‌و نیشـانی بـدەن کـە ئێوە پیاوی ئازاو بە وەجن داوا لە هی تر بکەن کە شوێن پیێ ئێوە هەڵبگرن)).

پاش ئەم دووانە هی تر قسەیان کردو چەند ئەفسەرێك هەڵبژاردران کە شوێنی ئەوانەی بە دەست فارسەکان کوژران بگرنەوە.

زەینەفۆن نایـابترین جلـی سـەربازیی لەبـەرکرد وایزانـی کـە خواوەنـد سـەرکەوتنی پـێ بەخشیون، سەرکەوتن چاکترین چەکی گەرەکە، کلنیۆر باسی غەدرو خیانەتی فارسەکانی کـرد و، گوتی ئەگەر مەبەستمان چەك سەندن بێ بە دەستی خۆمان‌و ناچارکردنیان بـێ کـە نرخـی تاوانەکانیان بدەن‌و لە دواڕۆژدا لە دژیاندا جەنگێکی ڕەخساو بجەنگین، ئەو حەلـە یاریـدە بـێ کۆمەڵێك هیوای مەزنمان هەیە لە دەربازبووندا))

هەر ئەو قسانەی کردو هەتا یەکێکیان پشمی و کە سەربازەکان گوێیان لە پشمینەکە بـوو هەموویان چۆکیان دەدا پێکەوەو سوجدەیان بۆ خواوەند برد کە ئەو نیشانەی دەرکرد... پاش ئەوە زەینەفۆن قسەی تری کردو گوتی: ((ئێوە شیاوی ئەوەن پیاوی ئازا و ڕەشید بن و، ئـازاو جوانمەرد، لە ناخۆشیدا دەرباز دەبن، ئەوەتان بێتەوە بیر کە فارسەکان بە سـوپایەکی گـەورەوە هاتنە سەر ((ئەثینـا))و وایاندەزانی لەسەر زەوی ڕەشی دەکەنەوە، بـەڵام ئەپینییـەکان ئـازاو چاونەترس بوون، ڕووبەڕوویان بوونەوەو شکاندنیان)).

پاش ئەوەی زەینەفۆن کۆمەڵێك پێشنیاری تری کردو کەس بەرهەڵستی نەکرد، پێی گوتن سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە جەنگاوەرەو شەڕکەرە، زیانکارەکانیش کوژراوەکانن.

## گریکەکان دووچاری قۆچەقانی و تیرباران دەبن:

لە کۆتایی قســەکانو گردبوونەوەکەیانــدا هەڵســان و ڕاپــەڕینو ئاگریــان لــە گالیســکەو خێوەتەکانیان بەردا، هەر کەسێ کەلوپەلی زیادی ویست لە ناوخۆیاندا دابەشیان کردو ئــەوەی مایەوەش خستیانە ئاگرەوە، پاشان قاوەڵتی بەیانییان خواردو دوایی لە زێی گەورە پەڕینەوەو بەشــێوەیەکی جــەنگی لەگــەڵ وڵاخــی بارهــەڵگر لــەناو چوارگۆشــەیەکدا ڕۆیشــتن، کــەمێك دوورکەوتنەوە ((میثریداتس)) دەرکەوت بەخۆی و نزیکەی دوو ســەد ســوارەو نزیکــەی چــوار سەد تیرهاوێژو قۆچەقانی هاوێژ، ئەوان چەکی سووکیان پۆشیبووو زۆر خێرا غاریان دەدا.

بەڵام میثریداتس بەرەو گریکەکان چوو وەك بڵێی دۆستیانە، هەرکە هــەردوولا لــە یــەك نزیــك بوونەوە پیاوەکانی میپریداتس پیادەو سوارەیان لە پڕ تیر بارانیان کردنو ئەوانی تریش قۆچەقانییان هاوێشت، هەندێکیان زامدار کرد، پێشەنگی گریکەکان زۆر پەرێشان بوون، بــەڵام نــەیانتوانی وەك ئەوان بکەن، چونکە وەك ئەوان تیرەکانیان بڕی نەدەکرد، ئینجا زەینەفۆن بڕیاریدا کــە بــۆ دواوەیــان ڕامالْی، بەڵام لە کاتی ڕاونانیان کەسیان پێ نەگیراو لە کاتی کشــانەوەی دوژمنــەکانیان زیــانێکی زۆریان تووش بوو، تەنانەت لەسەر پشتی وڵاخەکانیشیان بوون هەڵ دەهــاتن گریکــەکانیان برینــدار دەکرد. لێرەدا زەینەفۆن سەرزەنشت کــرا، چــونکە لــە جەرگــەی ســوپاکەدا دوورکەوتــەوەو هــیچ زیانێکی بە دوژمنەکان نەگەیاند. ئەم شەڕەی کە بەرەنگاری بوون وای لێ کردن کە پــارەییێکی زۆر بدەن بەو کەسانەی کە قۆچەقانی دروست دەکەنو ژمارەیەکی زۆر ببنــە قۆچــەقانی هاوێــژو لەگــەڵ سوپاکەی گریکەکان بن نەك جارێکی تر تووشیان ببنەوەو پەرێشانیان بکەن، ئەم ڕۆژە وەستانو بــۆ ڕۆژی دووەم هەستانو دەبوایە لە جۆگەکە بپەڕنەوە لە ترسی ئەوەی تووشی دوژمن نەبن، پەڕینــەوە پێش ئەوەی ((میثریداتس)) سەری دەربــێنێ ئــەم جــارە هــەزار ســوارەو چــوار هــەزار تیرهاوێــژو قۆچەقانی هاوێژی لەگەڵ بوو. ئەم ژمارەیشی لە ((نیسافرنۆس)) دەست کەوتبوو بەڵێنی پێ دابــوو ئەگەر ژمارەیەکی ئاوا جەنگاوەری هەبێ ئەوە بە ئاسانی گریکەکان دیل دەکاتو دەیانداتە دەســت ئەو، لە نرخ کەمکردنەوەی گریکەکانی لەسەر بنچینەیەك حیســاب کردبــوو کــە لەگــەڵ هەڵمــەتی یەکەمی دا هەرچەندە کە هێزەکەی کەم بوو کەچی تووشی زیان نەبوو، بەڵکو بــە پێچــەوانەوە ئــەو زەربەیەکی گەورەی لەوان دا.

بەڵام کە هێرشیان هێنا ئەم جارە خراپ شــکان، زۆر لــە پیاوەکــانی فارســەکان کــوژرانو هەژدە کەسیش بەدیل گیران، گریکەکان لە خۆیانــەوە دەستپێشــخەرییان کــرد لــە شــەقوپەق کردنی لاشەکانیان بۆ ئەوەی ترسێکی گەورەتر بخەنە ناو دوژمن. پاش ئەم ڕاکردنەو شــکانەی

دوژمن، گریکەکان ڕێگایان بە دڵنیایی گرتەبەرو گەیشتنە شارێکی گەورەو چۆڵ کە پێی دەوترا ((لاریسا)) و لە کۆنەوە میدییەکان لێی دادەنیشتن، دوای ڕۆیشتنی ١٨میل گەیشتنە قەلاتێکی سەختو قایم، نزیك شاری ((مسیلا)) کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاوەدان بووو شوێنی میدییەکان بوو، پاش ئەوەی بە دەیان میلی تر ڕێگایان بڕی و تووشی فارسەکان بوون شەڕیان لەگەڵ کردنو زۆریان لێ کوشتنو خۆیان چاك کۆکردەوەو چەند جارێك هێرشیان بردە سەر فارسەکانو شکاندنیانو بە هەموو لایەکدا ڕایان کرد، ناچار بوون ڕێگایان بگۆڕن ئەو ڕێگایان بگرن کە دەیان گەیێنێتە ئەو دێیانە کە ئاگریان تێدا نەکرابووەوە، ئەو گوندەیان سووتاند کە تیایاندا جمان بۆ ئەوە نەهێڵن دوژمن لێیان نزیك بنەوە، بەڵام سەریان سووڕمابوو چی بکەن باشە، ناچار بوون بیر لە حاڵی خۆیان بکەنەوە سەرکردەکان کۆبوونەوەیەکیان کرد، دیلەکانیان هێنا لەو ناوچانەیان پرسی کە دەورەیان داون پێیان گوتن کە خوارووی بەرەو بابلو میدیایە و ڕێگای بەرەو ڕۆژهەلات بۆ شووشەو هەمەدان دەچێ، ڕێگای بەرەو ژووری بەسەر چیاکانەوە بۆ لای (کەردۆکان) کوردەکان دەچێو بۆیان ڕوونکردنەوە ئەو نەتەوەیە، چیانشینو زۆر ئازانو ملکەچی پاشا نین، لە ڕاستیدا سوپایەکی پاشا کە سەدو بیست هەزار کەس دەبوو، جارێك غەزووی ولاتەکەی کردن لەبەر سەختی و ڕەقەنی زەوییەکەی یەکیان بە سەلامەتی نەگەڕایەوە.

سەرکردەکان بە تەواوەتی لەو زانیارییانە گەیشتنو لایەکیان لەو کەسانە جیاکردەوە کە شارەزاییان لە ڕێگاوباندا هەیە لە هەموو لایێکەوە هیچ شتێکیان دەرنەبڕی کە چ ڕێگایەك دەگرنەبەر، بەڵام بیریان لەوە کردەوە کە پێویستە ((کوردستان)) لە ڕێگای چیاکانەوە داگیربکەن، چونکە ئەوان بەپێی قسەی دیلەکان هەر کە لەو کوردانە تێ پەڕن دەگەنە ئەرمینیا کە ولاتێکی بەرینو دەوڵەمەندە و ((ئۆرونتاس)) حوکمداری دەکات، لەوێوە وەك دیلەکان گوتیان - پیاو بە ئاسانی بە هەر لایەکدا حەزبکات دەتوانێ بڕوات. بۆ موبارەك باوی ئەم مەبەستەیە قوربانیان پێشکێش کردو فەرمانیان دا کە پاش نانی شیوان هەر کەسە خۆی بپێچێتەوەو ئامادە بێ کە شوێن ئەفسەرەکانیان بکەون کە فەرمانیان بۆ دەردەکرێ.

## بەرەو کوردستانی عێراق:

هێشتا شەوی بە بەرەوە مابوو کە ئیشارەتەکە دراو ڕاپەڕینو بەرەو چیاکە بۆی دەرچوون بەرەبەیان گەیشتنە تەپڵەسەری، سوپاکە هەموو ڕاڕەوەکانی بڕی، بەرەو گوندی ناو چیاکان چوون، خەڵکەکە یەکسەر بەرەو ماڵ دەرچوونو بە خاووخێزانەوە ڕوویان کردە شاخەکان،

خواردەمەنییەکی زۆر بۆ گریکەکان بە جێما، زۆر دەفرو هەوڕو ئامانی مس لەماڵەکاندا هەبوون، یۆنانییەکان شتێکیان لێ نەبردو بەدوای خەڵکەکە نەکەوتن، ویستیان بە نەرمی لەگەڵیان بجوولێنەوە، ڕەنگ بێ ئەوانە دوژمنی پاشابن و ڕێگایان دەدەن بە سەلامەتی لە هەرێمەکەیان گوزەر بکەن، بەڵام خۆراك شتێکی پێویست بوو، هەرچی کەوتە دەستیان بردیان، خەڵکەکە گوێی پێ نەدان کە بانگیان کردن و، لە ڕاستیدا هیچ نیشانەیەکی دۆستایەتییان بەرامبەر گریکەکان دەرنەخست.

کە دوا کەس لە لووتکەکەوە بۆ ناو گوندەکان شۆڕ بووەوە، ئەو حەلە تاریکی داهاتبوو، سەرکەوتنو دابەزین ڕۆژێکی تەواوی خایاند، ئەو حەلە دەستەیەك لە خەڵکەکە هێرشێکیان بردە سەر پاشپەندی گریکەکانو هەندێکیان لێ کوشتنو هی تریان بە بەردو تیر بریندار کرد، هەرچەندە کە ژمارەی کوردەکانیش کەم بوو، کەچی لە ناکاو گریکەکان بەسەریاندا دان، لە ڕاستیدا ئەگەر ژمارەیەکی زیاتریان لەگەڵ بووایە لەوانە بوو بەشێکی زۆر لە سوپاکە قڕ بکەن.

لەبەر ئەوە ئەو شەوە لە دێیەکدا مانەوەو کوردەکانیش لەسەر چیاکان ژمارەیەك مەشخەڵیان داگیرسان لە دەورەی خۆیاندا. بەیانی بەهێزترین چوارپێیان لەگەڵ خۆ برد کە شتومەکەکانیان هەڵبگرنو هەموو کۆیلەکانیان بەرەڵلا کرد، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە چوارپێی باری کەلوپەلو کۆیلە دەبووە هۆی خاوو خلیسکیی ڕێگابڕینو ژمارەیەکی زۆر لە پیاوی بەرپرسیار لەوە کارێکی بێ سوود بوو، لەگەڵ ئەو هەموو ژمارە زۆرە خەڵکەی لەگەڵیانە دەبووایە دوو ئەوەندە ئازووخەی پێویستیان پێ بێ، بۆیە لە ڕێگای بانگ ڕاهێڵەرەوە فەرمانەکانیان دەرکردو جێبەجێ کران.

کە نانی بەیانیان خوارد بۆی دەرچوون، ڕۆژی دووەم ڕەشەبایەکی پیس هەڵی کرد، بەڵام دەبووایە هەر بڕۆن، چونکە ئازووخە بەشی نەدەکردن، کوردەکان ((زەینەفۆن بە دوژمن ناویان دەبات - ك. غ)) چەند هێرشێکی توندوتیژیان هێناو لە ڕارەوە تەنگەبەرەکاندا خۆیان دانووساند، ئەمەش وای کرد کە گریکەکان لەسەرخۆ بڕۆن، کوردەکان تیربارانیان کردنو هیی زۆر ئازایان لە گریکەکان کوشتو بریندار کردو ناچاریان کردن کە لە هەمان کاتدا کە دەکشێنەوە دواوە شەڕیش بکەن، چونکە کوردەکان شوێنی سەختو دژیان لە چیاکان و ڕێڕەو ڕەوەزەکاندا گرتبووو خۆیان لێ قایم کردبوو.

زەینەفۆن چەند کەسی لە کوردەکان بە دیل گرت، هەندێکی لێ کوشتنو بڕیاریاندا کە سوود لە هەندێکی تر ببینن تا هەرێمەکەیان پێشان بدەن، هەڕەشە لە کوردەکە کرا کە ئەگەر شارەزایی بە ڕێگایەکی تر هەباو پێی نەوتبان، دەیانکوشت.

## کوشتار له چیاکاندا:

پاش نیوەڕۆ کۆمەڵێك جەنگاوەر بەرەو شاخەکان تەگبیری ئەوەیان کرد، ئەگەر بەرزاییەکە بگرن دەبێ شەوێ ئێشك بگرنو بەیانی ئیشارەتی هێرشبردن دەرکەونو ئەوانەی لەسەر لوتکەکان پەلاماری چیاییەکان بدەن کە دەسەڵاتیان بەسەر ڕارەوی دەرەوەی دۆڵەکەوە هەیە کەچی پێویستە ئەوانی تر بەوپەڕی خێراییەوە بگەنەوە ئەوان.

پاش ئەم ڕێککەوتنە لەسەر کێشانی ئەم نەخشەیە، نزیکەی دوو هەزار پیاو ڕاپەڕین، ئەو حەلە دایە ڕێژنەی باران، زەینەفۆن لەگەڵ پاشپەندی سوپاکە بەرەو دەربوونە ئاساییەکەی دۆڵەکە چوو کە سەرنجی کوردەکان بۆ ئەم ڕارەوە ڕاکێشێ، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی ئیشیان پشت لێ گرتنی کوردەکانە ئاشکرا نەبن. کە پاشەنگەکە گەیشتە جۆگەیەك دەبوایە لێی بپەڕێتەوە تا ڕێگای خۆی بەرەو بەرزاییەکە ببڕێ، کوردەکان بەردی گەورە گەورەیان گلۆر دەکردەوە کە هێندە گەورە بوون پڕ بە عارەبانەیەك بوون، لەبەر ئەوە نزیك بوونەوە لە ڕارەوەکە تا بڵێی زەحمەتو گران بوو، کە دە هەزار سەربازەکە دیتیان کە عەمەلیات لە یەك لا ناکرێت، هەوڵیان بۆ شوێنی ترداو بە ڕاستی بەردەوام بوون، هەتاکو شەو داهات، وە کە وایانزانی کە پاشەکشێیان دیار نییە، بۆ شیو خواردن گەڕانەوە، لەناو پاشەنگەکەدا هیی وا هەبوو تەنانەت نانی بەیانیشی نەخواردبوو، بەڵام کوردەکان بەردەوام بە درێژایی شەو بەردیان غلۆر دەکردەوەو گرمو هۆڕی دەهات.

لە نیوەشەودا ڕێك کەوتنو لەگەڵ گەردی بەیانی گردبوونەوەو کشومات بەرەو دوژمن چوون، لەبەر ئەوەی کە تەم بوو نەبینران و، لە کوردەکان نزیك بوونەوە، بەڵام هەر کە یەکتریان بەدی کرد، دەنگو هاواری شەڕ بەرزبووەوە کوردەکان ڕێگاکەیان چۆڵ کرد و ڕایان کردو ژمارەیەکی کەمیان لێ کوژرا، چونکە مرۆڤی خۆشبەز بوون.

کە ((فریسوفۆس)) گوێی لە شەیپوور بوو، یەکسەر هێرشیان بۆ سەر لووتکەی چیاکە بردو هەندێ سەرکردەکان بەرەو ڕێگای تر چوون کە پێخوستی کەم لەسەر بوو، ئەوانە زوو شوێنی خۆیان گرت، زەینەفۆن لەگەڵ پاشەنگەکەدا هەمان ڕێچکەی گرتەبەر کە پێشەنگەکە بڕیبووی، چونکە بۆ چوارپێی بار پیاڕۆیشتن ئاسان تر بوو، نیوەی تری پیاوەکانی لە پاشەنگی چوارپێیەکان دانابوو، کە پێشکەوتن گەیشتنە لووتکەیەك کە بەسەر ڕێگاکەیدا دەنۆڕی، دیتیان دوژمنی بەسەرەوەیەو خۆی لێ دانووساندووەو قایم کردووە. لەو حاڵەتە دەبوایە یا لووتکەکەیان پێ چۆڵ بکەن یاخود لە گریکەکان دادەبڕێن. ئەوان دەیانتوانی بەو ڕێگایەدا

برۆن کە ئەوانی تر گرتبوویان، بەڵام ئەو ڕێچکەیەی تر تاکە ڕێگایەك بوو کە چوارپێ دەتوانێ بیبڕێ، پاشان بانگی ئازایەتی نواندنیاندا، بە کۆمەڵی چەند بەتالیۆنێك هەڵمەتیان بردە سەر لووتکەکە، لە هەموو لایەك هێرشیان نەبرد، بەڵکو ڕێگایان پێدان ئەگەر هەر یەکە چاکترین ڕێگای دۆزییەوە، دانیشمەندەکان تیربارانیان کردنو بەردەبارانیان کردن، بەڵام کە نزیك بوونەوە لە هێرشبردندا بەردەوام نەبوون، لە ئەنجامدا شوێنەکەیان بەجێهێشت و ڕایان کرد.

کە گریکەکان ئەو چیایەیان بڕی، سەیریان کرد شاخێکی تریان لە پێشەو دوژمن خۆی لێ قایم کردووە، بڕیاریان دا پەلاماری ئەویش بدەن، بەڵام زینەفۆن دەرکی بەوە کرد ئەگەر چیای یەکەم بێ پاسەوان بەجێ بهێڵن، دوژمن دەیگرێتەوەو کە وڵاخی باری پێدا دەڕوات هێرشی دەبرێتە سەر، قەتاری کاروان دوورو درێژ بوو، لەبەرئەوە هەردوو ئەفسەری سەد نەفەرەکە ((سیفسۆدۆرۆس)) و ((ئارخاجۆراس)) ی لێ بەجێهێشتنو زەینەفۆنیش ئەوەی کە مابوون بەرەو شاخەکەی تری بردن.

هێشتا چیایێکی تر مابوو لەوی تر ڕەقتربوو دەبوایە بگیرێ، وا دیارە کە گریکەکان لێی نزیك بوونەوە دانیشمەندەکان بێ شەڕ کردن چۆڵیان کرد، ئەم کارە سەری هەموو کەسێکی سوڕماندو وای لێ کردن کە لەو باوەڕەدا بن ئەوانە لەو ترسە چۆڵیان کردووە نەوەك گەمارۆ بدرێنو شەقو پەق بکرێن، لە ڕاستیدا گریکەکان شتێکی تریان بینی، لەسەر لووتکەکەوە دیتیان کوردەکان لە خوار ڕێگاکەوە ((دۆڵەکەوە)) هەموویان دەرپەڕینو پەلاماری پاشەنگەکەیان دا.

زەینەفۆن لەگەڵ چەند کەسێکی تەمەن کەمتر بەسەر لووتکەکە کەوتو فەرمانی بەوانی تر دا لەسەرخۆ بڕۆن تا دەستەکانی تری پاشەنگەکە پێیان بگەنو ئاگاداری کردن کە بە چەکەوە لەسەر زەوییەکی تەختایی بوەستن ئەوەی کەمێك لە دۆڵەکەدا دەڕۆن، ئەو حەلە ((ئاراخاجۆراس)) هاتو پێی گوت کە پیاوەکانی لە چیاکەدا ڕامالڕان و ((سیسۆدورۆس)) و ((ئەمفیکراتس)) و ئەوانی لەگەڵیاندا بوون گشتیان کوژران، چونکە نەیانوێرا بازدەنە سەر خوار تاشەبەردەکەو بە پاشەنگ بگەن، کە کوردەکان ئەم سەرکەوتنەیان بەدی هێنا، لەسەر لووتکەی بەرامبەر چیاکەی سێیەم دەرکەوتن، زەینەفۆن بەهۆی وەرگێڕێکەوە پێی گوتن کە پێشنیازی شەڕ ڕاگرتن دەکاتو داوای بە دەستەوەدانی کوژراوەکان دەکات، ئەوانیش وەڵامیان دانەوە، کە لاشەکانیان پی دەدەنەوە بە مەرجێ گریکەکان ماڵەکانیان نەسووتێنن، زەینەفۆن بەوە ڕازی بوو، کاتێ کە ئەم گفتوگۆیە لە ئارادابوو هەموو خەڵکی ناوچەکە ڕژانە سەر

چیاکە، کە گریکەکان لە چیاکەدا شۆڕبوونەوە بەرەو لای ئەوانەی بە چەکەوە وەستابوون، دوژمن بە ژمارەیەکی بێ شومارو دەنگێکی بە ترس پەلاماریان دانو لە کن لووتکەی ئەو چیایەی کە زەینەفۆن لێوەی شۆڕ دەبووەوە کوردەکان دەستیان کرد بە غلۆرکردنەوەی بەرد، قاچی پیاوێکیان شکاند و، ئەوەی کە قەڵغانەکەی زەینەفۆنی هەڵگرتبوو ڕای کردو قەڵغانەکەی لەگەڵ خۆی برد، ئەوسا سوپاکەی گریکەکان هەمووی گردبوونەوەو شوێنێکیان کرد بە سوپاگەو کۆمەڵێك خانووی بە ئیسراحەتو زۆر خۆراکیان بینی، هەروەها شەراب زۆر بوو، بەڵام لە سەردابی بە گەچ سەرگیراویان ئاخنی بوو. کوژراوەکانیان درایەوە دەستو نێژران. ڕۆژی دووەم بێ ڕێ نیشاندەر ڕێگایان گرتەبەر، دوژمن لە پشتەوە پەلاماری دانو ویستی نەیەڵێ بە هیچ ڕێچکەیەکی تەنگەبەردا تێپەڕنو دەسەڵاتی خۆیان بەسەردا بسەپێنن. لە ڕۆیشتنندا گریکەکان تووشی چەندین پەلامارو سەختی دژوار بوون، لەبەر ئەوە هەوڵو تەقەلایەکی زۆریان دەدا کە لە بەرزیدا بڕۆنو لە نشێودا نەبن نەوەك کوردەکان بەسەریاندا زاڵ بن. بۆیە بەو ڕێگایانەدا دەڕۆیشتن کە لێیان دوور بوون، چونکە چەکەکانیان تەنیا تیرو کەوانو قۆچەقانی نەبوو، بەڵکو تیرهاوێژی هێجگار کارامەو شارەزابوون، کەوانەکانیان درێژی لەنێوان چوار پێنج پێ دەبوو، تیرەکانیش لە سێ پێ درێژتر بوون.

لە کاتی تیرهاوێشتنندا پێی چەپیان دەبردە پێشو کۆتایی خوارەوەی کەوانەکەی لەسەر گیر دەبوو ئەوسا ژێیەکەیان ڕادەکێشا تیرەکانیان قەڵغانو زرێیان دەسمی.

## گوزەرکردن بەرەو ئەرمێنیا:

پاش ئەوەی لە دەست کوردەکان خۆیان دەرباز کرد، لەو دێیانەی ڕوویان لە ڕووباری دیجلەیە سوپاگای خۆیان لێ داکوتا، ئەو شوێنەش سنوورێك لەنێوان ((ئەرمێنیا)) و ((کوردستان)) پێکدێنێ، ئا لێرەدا گریکەکان حەسانەوە، دڵشادیشن بەوەی کە ئاو نیشتووەتەوە، ڕووبارەکە نزیکەی نیو میلو زیاتر لە چیاکانی کوردستان دوور بوو، لەبەر ئەوە کە لێرەدا مانەوە هەتا بڵێی گوشاد بوون، ئازووخە زۆرە، بە زۆری لەو هیلاکی و ماندوویی و چەرمەسەرییە دەدوان کە بە تووشیانەوە هاتبوون، چونکە بەردەوام ماوەی هەفتەیەك خەریکی شەڕکردن بوون لە کاتی تێپەڕبوونیان بە هەرێمی کوردەکاندا، کە تیایدا زیاتر دووچاری شەڕ و ناخۆشی هاتن لەوەی کە بەرەنگاری پاشا و ((نیسافرنۆس)) بوون، لەبەر ئەوە بیری دەربازبوون لەو هەموو ڕووداوانە وای لێ کردن کە خەوێکی باش بخەون.

لێرەدا دەوەستین‌و باسی ئەرمەن‌و ماردینی و کلدانییـەکان ناکـەین کـە ئەڵقـە لـە گـوێی ئۆرۆنتاس‌و ئەرتۆخاس بوون، چونکە هەر ڕووداوێك بووە شتێکی سەرەکی نەبووە، هەرچـەندە کە کوردەکان کۆڵیان نەداو بەدوای یۆنانییەکان کەوتن کە ویستیان لە دیجلە بپەڕنـەوە، وەکـو دیتیان ئاو تا سنگیان دێ، نەیانتوانی لە ئاوەکە بدەن‌و خۆیان ڕابگرن، چونکە تەوژمی ئاوەکە توندوتیژتر بوو، هەروەها گەر یەکێ دەستی بخاتە سەر سەری بۆ بەرگری کردن لە خـۆی ئـەوە تەنیا بۆ خۆپاراستن بووە لە تیرو هاوێژراوی تر، لەبەر ئەوە کشانەوە لەسەر کەناری ڕووبارەکـە خیوەتیان لـێ هەڵـدا پـاش ئـەوە سـەیریان کـرد، چـەند کۆمەڵـە کـوردێکی زۆری چـەکدار گردبوونەتــەوەو ســەر لووتکــەی چــیاکەیان گرتــووە، ئــەو حەلــە گریکــەکان هەســتیان بــە نائومێدییەکی گەورە کرد، ئەو سەختی و گرانییەیان تێبینی کرد ئەگەر لە ڕووبارەکـە بـدەن، هەروەها ئەو سەربازە ئامادەبوونەیان تێبینی کردن کە ڕێگای پەڕینەوەیان لێ دەگـرن، لەبـەر ئەوە ئەو ڕۆژو شەوە مانەوەو نەیاندەزانی چ بکەن. زەینەفۆن خەونێکی بینی کە خۆی کـۆت کراوە، بەڵام کۆتەکە لە خۆیەوە پچڕاو خۆی بە سەربەست‌و بەرەڵا بینی و هەستی بە دڵنیـایی کرد کە بارودۆخیان بەرەو باشی دەچـێت. پـاش ماوەیـەك دەسـتیان کـرد بـە ڕۆیشـتن، کـە کوردەکان دیتیان کە کاروانەکە کەلوپەلی کەمی ماوە، لە ئـەنجامی ئـەوە دەسـتیان کـرد بـە تیرباران‌و قۆچەقانی هاوێشتن بۆ گریکەکان، تەنانەت کە لە ئاوەکەش دەپەڕینــەوە هەنـدێکیان بە تیری کوردەکـان برینـدار بـوون، هـەتا وەکـو لـە ئاوەکـە پەڕینـەوەو لـە دەسـت کـوردە بەرگریکەرەکان دەرباز بوون‌و هەتاکو پێیان نایە خاکی ئەرمەنستان لاپەڕەیەکی تر کرایەوە لە ڕووداوی تر کە ئێمە لێرەدا لێی نادوێین‌و تا ئێرەو دەوەستین.

**ئەنجام:**

١ - ئەوەی بە وردی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە زەینەفۆن وەك سەربازێك لەگەڵ دە هەزار گریکەکە نەبووە، بەڵکو مرۆڤێکی ژیر و ڕۆشنبیر بووە، جگە لە مەبەستی دەسکەوتنی مادی کە چووەتە ڕیزی لەشکری کۆرشەوە، وەك گەریدەیەك‌و مێژوونووسیکیش بە گەڵ سوپاکە کەوتووە.

٢ - زەینەفۆن هەرچەندە لە ئازایەتی یۆنانییەکان کەم ناکاتەوە مۆرکی پێ لێ هەڵبڕین لە باسکردنی جەنگاوەرە گریکەکان بە نووسینەکەیەوە دیارە، بەڵام زۆر ڕووداویشی بە دەسپاکییەوە نووسیوە.

٣ - نووسەر هەرچەندە کوردەکان، بە (دوژمن) ناو دەبات، بەڵام بەوپەڕی ئازایەتی و لە خۆبوردن باسیان دەکات‌و لەو ئەشکەنجەو شەڕەشەق‌و چەرمەسەرییە زۆرە دەدوێ کە لە خاکی کوردستان دووچاری بوون.

٤ - زەینەفۆن ڕێگای شووشەو هەمەدانی نەگرتووەتە بەر، واتە ڕووی نەکردووەتە کوردستانی ئێران نەوەك فارسەکان زەبر لە سوپاکە بدەن، ئەمە لە لایەك‌و لە لایەکی ترەوە نزیکترین ڕێگای گرتووە کە لە ڕێگای کوردستانی عێراقەوە بچێتە کوردستانی تورکیاو لەوێشەوە بۆ یۆنان.

٥ - ئەو بەشانەی کە پێوەندییان بە کوردەوە هەیە چاکترین بەڵگەن بە دەست مێژوونووسان، کە کورد وەك نەتەوەیەك هەرگیز سەر بۆ بێگانە شۆڕ ناکات‌و ئەوپەڕی قوربانی دەدات کە ناوچەکەی خۆی بپارێزێ‌و نەهێڵێ بێگانە وڵاتەکەی پێشێل بکات.

٦ - هەرچەندە کە گریکەکان چەك‌و جبەخانەیان لە کوردە چیاییەکان تازەترو باڵاتر بووەو نەخشەی جەنگی و سەربازیی ڕێکوپێکیان پەیڕەو کردووە، بەڵام جەنگاوەرانی کورد کارێکی وایان پێ کردوون کە با بە دەواری شڕی نەکردبێ.

٧ - زەینەفۆن تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بووە کە میدییەکانی بە فارس ناوبردووە، کەچی نەژاد و ڕەسەنی کورد میدییەکانن.

٨ - کوردەکان سەریان بۆ پاشاکانی فارس شۆڕ نەکردەووەو بەرگرییان لە ناوچەکەی خۆیان کردووەو چیا گەردن کەشەکان بوونەتە قەڵاتی سەخت‌و قایم بۆ خۆ پاراستن‌و بەرگەگرتن‌و بەرگری کردن.

٩ - زەینەفۆن پێ لە جەرگی خۆی دەنا کە باسی ئازایەتیی کوردەکان دەکات کە چۆن

ڕووبەڕووی لەشکرەکە بوونەوەو زەبری خۆیان وەشاندو زۆریان لێ کوشتن، ئەم دان پیانانەش باوەڕنامەیەکی مێژوویی گەشە لە مێژووی پڕ شانازیی گەلی کوردمان.

لە ڕاستیدا زەینەفۆن نێوی کوردی بەشێوەی ئەمڕۆی، یانی (کورد)ی نەهێناوە، بەڵکو ناوی (کەردوخۆی) بردووە، بەلاّم لە نیوەی ئەو کتێبەی، کە بە زمانی عەرەبی و هێندێك وەرگێڕانیشی بە زمانی ئینگلیزی بلاّوبووەتەوە ئەم ناوانەی وەکو زەینەفۆن لە بەرهەمەکەی دا باسیان دەکات وایان ناو نەبردوون، بەڵکو بەشێوەی ئەمڕۆ ناویان هێناون.

**بڕوانە:**

ئاناباسیس، کتێبی (٤)، تێکستە یۆنانییەکەی.

# شانۆی " بریخت " لە روانگەی گۆڕانکاریس و نوێکردنەوەدا

**بەرایی:**

بەرلەوەی رووناکی بخەمە سەر ئەو گۆڕانکاری و نوێکردنەوەیە کە ((بەرتۆلد بریخت)) لە بواری شانۆدا هێنایە کایەوە، حەزدەکەم ئاماژە بۆ قسەیەکی نەستەقی بکەمو هەر لە وێشەوە سەرچاوە بگرم بۆ ئەوەی تا رادەیەك بتوانم مافی شیاو بەو شانۆکارە بلیمەتە بدەم، کە توانیی شانۆ بەرەو کەنارێکی تر بەرێت کە لە راستیدا رەهەندێکی نوێو جیا لە جۆری باو بە خۆوە بگرێت، ئەم قسەپڕ بەهایەش ئەوەیە کە دەڵێ: ((خەم دەخۆم ئەگەر بزانم شانۆنامەکانم دوای بیست ساڵ نمایش دەکرێن، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەی کە من بۆ گۆڕینی کارم کرد نەگۆڕا)) [1].

کەواتە شانۆگەرییەکانی بریخت بە مەبەستێکی تایبەتی نمایش دەکرێن، تەنیا لایەنە هونەرییەکانیان نییە، بەقەد ئەوەی گۆڕانکاری و نوێکردنەوە مەبەستە لەناو مێشكو دەروونی سەیرکەرو وەرگرو کاردانەوەی ئیجابییانە لە ناو جەرگەی کۆمەڵدا، کە هەنگاوێکی بەرەو گۆڕانکاری پێ هەڵبگرێ و مرۆڤ بخاتە حاڵەتێکی نوێ، کە هۆشو گۆشی لا بەئاگا بێنێو لەو جۆرە شانۆگەرییانەی کە ئاشنایان بووبوو، لێیان راهاتبوو بترازێ و رووبکاتە جیهانێکی نوێ.

**پابەندبوون بە مێژوو و رابردوو:**

گومانی تێدا نییە، هەموو نوێیەك لە منداڵدانی كۆنەدا نەشونما دەكاتو لە دایك دەبێ. میللەتێكیش لە سفرەوە دەست پێ بكات، مانای ئەوەیە ئەو گەلە لەدەرەوەی مێژوودا دەوەستێو ئێستاو ئایندەی نییە. هەر لەم سۆنگەوە (نە بریخت سبخبخغ) و نە (نیرۆدا چمچۆمر) كە پابەندی دوارۆژ بوون، گاڵتەیان بە مێژوو و رابردوو نەكرد كە ناكرێ لێیان راكەن، ئەم پەی پێبردنە تیژەی گرژیی نێوان هەستە هاوچەرخەكانو كۆنەكان لای ئەو شاعیرانەی كە لەو سەد ساڵەی دوایی ژیان تێبینی بكرێ. زیاتر لەوەی تێبینی دەكەین لای ئەو شاعیرانەی كە لەماوەیەكی زەمەنی تری ژێرەكەماندا ژیان)) [٢] ئەوەی كە بەر لە بریخت باوبوو خۆ بەدەستەوەدانی سەیركەربوو، كە ملكەچی كەسایەتییە درامییەكە دەبوو، كە كەسایەتییەكە دەبوایە لاسایی بكاتەوە و لە جیاتی وەرگر كاربكاتو بیر بكاتەوە، ئەم جۆرە رێبازە شێوازی تیۆری ئەرستۆ بوو، بەڵام ((لە تیۆری (بریخت)دا سەیركەریش خۆی بەدەست شەخسییەتی درامییەوە دەدا كە لە جیاتی ئەودا كاربكات، بەڵام سەیركەر مافی بیركردنەوەی بە خۆی دەدا، بە زۆریش ئەو بیركردنەوە ناكۆك بوو لەگەڵ فیكری كەسایەتیی درامی، ئەنجامەكەش، لە حاڵەتی ئەرستۆدا روودانی ((پاكسازی)) بوو، لە حاڵەتی (بریخت) یش ئامانجەكە بە ئاگا هێنانی هۆشی رەخنەسازی بوو لای سەیركەر)) [٣] لێرەوە بۆمان هەیە زیاتر بەناو حاڵەتی وەئاگا هێنانی هۆشی رەخنەسازیدا شۆڕببینەوە، كە سەیركەر، یا وەرگر نابێتە مرۆڤێكی میكانیكی و بكەوێتە ژێر كارتێكردنێكی رووت كە حاڵەتێكی ورووژانی لا دروست نەبێت، بەڵكو دەبێ بە هۆشێكی رەخنەگرانەوە سەیری رووداوو دیمەنەكان بكاتو لەو نامۆبوونەی كە بریخت رەخساندوویەتی بگاتو لە جیهانی ئەرستۆیی دەرباز بێتو جەخت لەسەركاركردن بكاتەوە... بریخت خۆی شانۆیەكەی بە فۆرمو ناوەرۆكەوە كردە بانگەشە بەرەو گۆڕانكاری... شۆڕشێكی راستەقینەی لە تیۆری دراما، تیۆرێكی بەتەواوەتی بە پێچەوانەی ئەرستۆ هێناو، كرۆكی ناكۆكیی نێوان ئەرستۆی بە بنەمای خزمەتكردنو پشتگیریكردنی ئایدیۆلۆژیەتی باو و هونەری كردە لاساییكردنەوەی ژیان بە سەپاندنی دووپاتكردنەوەی راستو دروستی ئەم ئایدیۆلۆژییەتە، لەبەرئەوەی بریخت جەختی لەسەر تیۆری پێشكێشكردنی وێنەیەكی لۆجیكی واقیعی دەمامككراو لەمەر جیهان و بنەمای هاوسۆزیی سەیركەرو تێكەڵبوون و یەكبوونی لەگەڵ ئەم وێنەیەدا كردەوە، بەڵام تیۆری بریختی ماركسیزم بەندە بە بنەمای تەقەلادانی رووخاندنی ئایدیۆلۆژییەتی باو و بانگەشەی ئایدیۆلۆژییەتێكی نوێ و كە سەیركەر

خەوشەکانی ئایدیۆلۆژیەتی باوی بێتە بەرچاوو ئاگاداری ئەوە بێت کە پێویستە بیگۆڕێو کە پاڵنان بێت بەرەو کاری شۆڕشگێڕی بەمەبەستی گۆڕین، بۆ پیادەکردنی ئەم ئامانجە بنچینەییەی بریخت، کۆمەڵێك بنەمای هونەریی لە نمایشکردنی شانۆیی کە هەموو لایەنەکانی دەگرتەوە (لە دیکۆرو شێوازی نواندنو فۆرمی درامی) دانا، هەموویان بەمەبەستی رووخاندنی بنەمای وەهمو هاوسۆزیی ئەرستۆیی و وروژاندنی هۆشی سەیرکەر بە سەیرو سەمەرەو ناکۆکیی واقیعەکەی کە نمایشەکە لەسەر تەختەی شانۆ پێشکێشی دەکات)) [٤] لەبەرئەوە کارتێکردنی (بریخت) لەسەر شانۆ پانوبەرین بوو، شانۆیە مەلحەمییەکەی لقی زۆری هێنایە کایەوە وەك ((شانۆی هەژار)) لە ئەمریکای لاتینی و (شانۆی تۆمارکاری) لە ئەورووپاو شانۆی (ئەڵتەرنایف) لە ئینگلستانو ئەمریکا.

((جا ئەگەر مرۆڤ لە رووی فیکرەوە لەگەڵ (بریخت)دا بێ یا لەگەڵیدا نەبێت، ناتوانێ کە دان نەنێ کەوا فەیلەسووفو تاکە نووسەری شانۆیی بوو کە توانیی تیۆری ئەرستۆیی لە دراما‌دا لەرەگو ریشەی ئایدیۆلۆژیی دەرکێشێ، بۆ ئەوەی بۆچوونێکی هونەری و ئایدیۆلۆژییەتێکی نوێ لە سروشتی دراماو وەزیفەکەی بخاتە روو)) [٥].

## خاسیەتەکانی شانۆی مەلحەمی:

لە راستیدا شانۆی بریخت هەرچەندە بە جۆرێك وەسف دەکرێ کە شانۆی زەینییە نەك هەڵچوون، خۆی بانگەشەی عەقڵی دەکرد نەك سۆز، نمایشکردنی راستەوخۆ، نەك وەهم، ترازان (کارتێکردنی نامۆیی کردن) نەك بەدەنگەوە هاتن، کە بانگەشەی دوورخستنەوەی سۆزی دەکرد، بێ گومان مەبەستی سۆزی ویژدانی و خۆپێدادانی رۆمانسییانە بوو لە پێوەندییەکانی خۆشەویستی کە لەو شانۆگەرییە تۆکمەکان) ی کارسازی باشو ئۆپرای خاوەن برەوی میللیدا بوون، رقی هەڵدەستا کە دیبای سۆزەکان لەبەر خاتری خودی خۆیان سوودیان لێ وەردەگیرا، لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویست بە سۆز هەبوو بۆ وەئاگاهێنانی فیکری یا پەیامێك یاخود بۆ هاندانی کردنی کارێك، لە بەکارهێنانی نەدەپرنگایەوە، جگە لە پەنابردنە بەر هەموو ئەو فێڵانەی کە پیشەکە دەیزانی، وەك دوانی راستەوخۆ لەگەڵ جەماوەر و گۆرانی و خۆشی و شیعرو کارتێکەری راشکاوی سەرسوڕهێنەر)). [٦] وێڕای مەسەلەی فۆرم، هەرچەندە بریخت کە لەژێر کارتێکردنی فیکری مارکسییەتدا بوو، بەڵام شانۆگەرییەکانی ئەو سنوورەی بڕیبوو، زۆربەی شاکارەکانی بۆ هاندانی جەماوەر بوو کە لەخەوی بێ ئاگایی راپەڕێو بیر لەخۆی

بکاتەوە. ئەو شانۆکارە بلیمەتە ئەوەندە سەرسامی خۆی بوو، شانازی بە خۆیەوە دەکرد، مافی خۆشی بوو، شتێك نەبوو خەیاڵێکی ڕووت بێت کە گوتوویەتی: ((من ئەنیشتاینی فۆرمی نوێی شانۆییم)). لەهەمان کاتدا شانۆی مەلحەمی گەڕانەوەیە بەرەو شانۆیەکی سروشتی)) زۆر ساکار، بۆ پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی: بنچینەکانی و هۆیەکانی و، مەبەستە بە کردەوەکانی، لە زەوی نموونە بێ پێویستبوونی بە گوزارەی شانۆگەرییەکی (پراگماتی) وەك (پاڵنەری دەربڕینی خودی و.. ئەزموونی گیانی و غەریزەو هونەری چیرۆك هتد کار دەکات..) [٧]. هەروەها بەلای بریختەوە بیناکردنەوەی شانۆ بەشێوەیەکی ریشەیی نابێ پێوەندی بە ئارەزووی کاراکتەرێکەوە هەبێ، بەڵکو دەبێ بەدەنگەوە هاتنی بیناکردنەوەی ڕۆحی تەواوی سەردەمەکەمان بێ، لەم ڕووەوە پێویستە بە شێوەیەکی هەلامەیی چاو بەشانۆ لە هەموو لایەنێکە بخشێنرێتەوە، کە کارەکتەرەکە بەرهەمهێنەر بێت، نەك لەکارکەر بێت.. ئەگەر وردبینەوە زیاتر لە شانۆگەرییەکانی بریخت قووڵ بینەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە ڕۆنانی شانۆیەکەی لەسەر دوو بنگەدا دامەزراوە، فێرکردنو رابواردن (خۆشی دیتن)و پێویستیش ناکات هەردوو چەمك لە دوولایەنی هاودژ دابنێین، کە ناکۆکی لە نێوانیان هەموو کاتێك نەبووە و، هەروەها هەموو کاتێکیش نابێت.

کەواتە ئەم جۆرە شانۆیەی بریخت ڕێنماییکردنی مرۆڤە، لە خەو راپەڕاندنی هۆشەکەیەتی.. وروژاندنیەتی. خواستی مرۆڤ بۆ زانیاری پێوەندی بە ژمارەیەکی زۆری بارودۆخەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا فێربوونی خۆشو دڵکێشیش هەیە، فێربوونێك شیاوی ئەوەیە بەختەوەریی خەبات بهێنێ، ئەگەر ئەم فێربوونە دڵکێشە نەبێ، شانۆ بە حوکمی سروشتی خۆی هەر توانایەکی فێربوونی هەبێ لە دەستی دەدات، شانۆ هەر شانۆیە ئەگەر فێرکارییش بێت ئەو حەلە خۆشیش دەڕەخسێنێ [٨]. مەسەلە کەمۆییکردنیش کارتێکردنەکەی بەو ئیعتیبارەی دیاردەیەکی ژیانی ڕۆژانەیە، بەردەوامەو لە سایەی ئەوەوە مرۆڤ لەدیاردە جیاجیاکان بگاتو بە یارمەتی کارتێکردنی ئەم کەمۆییکردنە، خەڵك کار دەکەن بۆ هۆشمەندی دیاردەی هەمەجۆر یاخود یارمەتیی هیی تر دەدەن بۆ تێگەیشتنی دیاردەکان.. مەبەستی نامۆییکردن ئەوەیە شتی ئاسایی و ناسراوو بەرچاو دەکاتە شتێکی تایبەت. سەرنجی بۆ ڕادەکێشیێو شتی بەڵگەنەویست، لە سنووری دیارکراودا، دەبێتە تەماوی، بەڵام ئەمە بەم شێوەیە ڕوودەدات بۆ ئەوەی زیاتر تێی بگەینو ئەوەی باوە دەرکی پێ بکرێو دیاربێ [٩] کەواتە بەڕای بریخت بەرەبەرە خەڵك حەز لە نوێکردنەوە دەکەن تەنانەت لە بواری فۆرمیشدا، هونەرمەندانیش

نايانەوێ ئەوەندە دەست بە یاساكانی هونەرەوە بگرن تا ڕادەیەك ببنە كۆپیكار.. بەڵكو دەیانەوێت لەو قاوغە وێنەكێشراوە دەرچن‌و لە پەنتاییەكی والاو كراوەدا هەناسەی هونەری هەڵكێشن. ڕێچكەو شێوازی شانۆی بریخت، ئەوەندە كاری كردە سەر بواری شانۆ، كە ژمارەیەكی زۆر هونەرمەندی كارامە شوێن پێی كەوتن‌و سوودیان لێ وەرگرت. لە كۆتاییی ئەم باسەدا دەكرێ ئاماژە بە ئەزموونێكی عەرەبی بدەین كە (فاروق جوید) ی شاعیر لە شانۆنامەی (وەزیری دڵدار) سوودی لە شانۆی مەلحەمی - بریخت - وەرگرتووە - ئەم شانۆنامەیە ململانێ لە نێوان پەیڤ‌و شمشێردا دەردەخات كە لە دەروونی ئیبن زەیدووندا ململانێیەكی تراژیدیی ڕەوشتكاری نییە، بەڵكو ململانێیەكی ساختەو نارەوشتكاری نییە، چونكە ئیبن زەیدوون تاك ڕەوییەكەی لە ژوور هەمووان دادەنێ و، متمانە بەچینی كاربەدەست دەكات.. لە ئاكامدا ژێر دەكەوێت كۆمەڵ بە تەنیا دەبێتە سەرچاوەی هیوا. بەم شێوە شانۆنامەكە بە فۆرم‌و ناوەرۆكییەوە، ڕاستییەك دەسەلمێنێ تاكە كەسی پاڵەوانی قەدەر نییە لە دەرەوەی كۆمەڵ - وەك تراژیدیای ئەرستۆیی هەوڵی داوە بمانخاتە سەر ئەو قەناعەتە، بەڵكو ململانێی چینێكی كاربەدەستی زۆردارە دژی چینێكی بن دەست، هەروەها شانۆنامەكە دەبێژێ كە چارەسەركردنی تاكەكەسی و، ئەو قاڵبە ئەدەبییانەی كە بە ئەم هەڵوێستە فیكرییە بەرجەستە دەكەن، بە كەڵكی ڕووبەڕووبوونەوەی بە گژداهاتن نایەن و، شانۆنامەكە لە ناوخۆیدا هەڵوێستێكی فیكری دژكار دەخاتەڕوو كە لە فۆرمی شانۆیی بریختی بەرجەستە دەبێت [١٠].

**سەرچاوەو پەراوێزەکان**

١- المجتمع المدني والعلمنة، محمد كامل الخطيب، الينابيع للنشر والتوزيع - دمشق ل٥١.

٢- الحداثة - الجزء الثاني - تحرير مالكم برابري وجيمس ماكفارني. ترجمة: مؤيد حسن - دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد - ١٩٩٠، ل١٦.

٣- تجارب جديدة في الفن المسرحي، د. سمير سرحان، الشؤون الثقافية العامة، ل١٩٦.

٤- بروانه: المسرح بين الفن والفكر، د. نهاد صليحة - الهيئة المصرية العامة للكتاب - القاهرة - ١٩٨٥، ل٩٤ و٩٥.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٦.

٦- بروانه: المدخل الي الفنون المسرحية- تأليف فرانك م. هوايتنج، ترجمة: كامل يوسف وآخرين - دارالمعرفة - القاهرة ١٩٧٠، ل١٢٨ - ١٢٩.

٧- نظرية المسرح الحديث. تقديم وتحرير اريك بنتلي، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت - دار الشؤون الثقافية العامة بغداد - ١٩٧٥، ل٨٤.

# وەرگێڕانی شیعر

د. سامیيە ئەحمەد

وەرگێڕانی شیعر لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا، شوێنێکی تایبەتی هەیە. هەرچەندە هەزاران ساڵە بۆ نموونە ((ئەلیادە)) و ((ئۆدیسە)) و شانۆنامەکانی سۆفۆکلیس... هتد وەرگێڕدراون، بەڵام هێشتا پرسیار لەمەڕ توانستی وەرگێڕانی دەقی شیعری لە ئارادایە، نەخوازەلاّ پێشوو شیعر ملکەچی چەند شێوەیەکی جێگرو پێوەند بە چەند ڕەگەزێکی جێگر بوو، ڕەنگە گرینگترینیان کێش‌و سەروابێ. لەبەرئەوە بەزۆری ئەو کەسەی دەست دەکات بە وەرگێڕانی شیعر، شاعیرە، واتە هونەرمەندێکی داهێنەرە، دەتوانێ بە دەستپاکی دەقە شیعرییەکە وەربگێڕێ‌و هەر نەبێ مۆرکە تایبەتییەکەی و سەرواکەی بپارێزێ کە شیعر لە شێوە تەقلیدییەکانی دەرباز بوو، کارەکە گۆڕاو بوو بە پەخشانە شیعر، هەروەها ئەوەی کە شاعیری فەرەنسی بۆدلێر لە دیوانەکەی (گوڵی خراپە) دا پێشکێشی کرد یاخود شیعرێکی ئازادە، بەبێ سەروا. ئەوەی شیاوی باسە ئەو گۆڕانەی بەسەر شیعردا هات، لە ڕۆژئاوادا، یاریدەی ڕوونکردنەوەی ئەو تێکەڵییەی نێوان شیعرو پەخشانی دا کە لەمەوبەر باو بوو، کارەکە هاتە سەر ئەو بارەی کە ناشێ پرسیار نەکەین لە بابەت ئەوەی ئەگەر بشێ وەرگێڕانی سەروا بە سەروا بکرێ‌و تێبینی لێرەوە بکەین کە هەر بوارێکی ڕۆشنبیریی مێژوویەکی تایبەت بەوەوە هەیە. بۆ نموونە ((میشونێك)) دەڵێ: تا ئێستا ڕووسەکان کە شیعری ئازاد وەردەگێڕن، وەرگێڕانی نێوان عەرووزو وەرگێڕانی شیعر لێك جیا ناکەنەوە، سەروای بۆ دەکەین تا ببێ بە شیعر، لە ئاستی ئەم گۆڕانەدا دەوترێ سانا بووە، مادامەکی فۆرمی هەروەها چەمکی گۆڕاوە، لەڕاستیدا ئەوەی گۆڕاوە، تەنیا فۆرمی شیعرە، بەڵام وەك دەبینین چەمکەکانی

نەگۆڕاوە، میشون لەم ڕووەوە دەڵێ: وەرگێڕانی شیعر وەك وەرگێڕانی پەخشان گرانتر نییە، ئەو بڕوایەی کە باوە وەرگێڕانی شیعر شتێکی گرانە، بەڵکو هەرناکرێ، ئەو نرخەی نەماوە، چونکە تێکەڵوپێکەڵکردنێکی تێدایە لە نێوان شیعرو پەخشانداو بەندە بەو تێگەیشتنەی کە دەڵێ شیعر پێشێلکردنی ڕێزمانە. دیارە کە (جاکبسون) بەشیکردنەوەیی فۆرمی شیعر ئەو بیرە یەکلایی دەکاتەوە کە دەڵێ شیعر وەرناگێڕدرێ و گواستنەوەی داهێنەرانەی دروستکەر، واتە نووسینەوەی هۆنراوە، تاکە شتە بکرێ، ئەمەش وامان لێ دەکات ئەوە تێ بگەین لەبەرچی زمانەوانییەکان شیعریان لە بواری خۆیاندا دانەناوە، شیعر لە سنووری ئەو بوارەدا تێدەپەڕێ. ئەوەش لەوەدا بە تەواوەتی وەك داهێنانی شیعرییە. بەڵام وەرگێڕانی شیعر دەچێتە تیۆری نووسینو مومارەسەکردنی، چونکە خۆی تەنیا گواستنەوە نییە، بەڵکو بەرهەمێکی ڕاستەقینەیە. ((ڤ. لاریو)) لەم ڕووەوە دەڵێ: ((هەموو دەقی دەنگ و جوولە و، ڕەنگ و، هەوای تایبەت بەخۆ هەیە، ئەگەر مانای مادی و حەرفیی هەر پارچەیەکی ئەدەبیمان خستە پشتگوێ، دەبینین تا ڕادەیێ مانایەکی شاردراوی تێدایە، ئەویش وەك هەر پارچەیەکی مۆسیقی، هەر ئەو مانایەش ئەو هەستە جوانکارییەمان لا دروست دەکات کە شاعیرەکە تەقەلای بۆ داوە. ئەرکی وەرگێڕ لە گواستنەوەی مانای خۆیدایە، خۆ ئەگەر نەیتوانی بیرەخسێنێ، با هەر بەوە وازبێنێ کە خوێنەربێ، خۆ ئەگەر سووربوو لەسەر ئەوەی وەرگێڕبێ، با ڕووبکاتە مادەیەکی دەسخەت یاخود چاپکراو، وەك کتێبەکانی فەلسەفەو مێژوو، لێکۆڵینەوەی زانستی و بڕوانامەی یاسایی و بازرگانی، ئەگەر کارەکە پێویست بکات. بەڵام با ((فێرجیل)) و هەرچی ئەدەبیاتە، وەك خۆی بهێڵێتەوە. بۆ ئەوەی وەرگێڕ ئەو مانایەی لە کارە ئەدەبییەکان بە گشتی و شیعر بە تایبەتی پەنهانە بگوێزێتەوە، دەبێ لە پێشەوە لێی تێبگا. بەڵام تێگەیشتنەکەی بەس نییە، چونکە دەبێ جارێکی تر دروستی بکاتەوە یاخود دایبهێنێ)) ئەم دروستکردنەوەش بەشداریکردنی تایبەتی وەرگێڕە. بەم شێوەیە دەبینین کە دەکرێ وەڵامی پرسیارە)) تایبەتیەکەی لەمەڕ توانینو نەتوانینی وەرگێڕانی شیعر بدرێتەوە کە بڵێین شیعر وەردەگێڕدرێ. کا ئەو ئەزموونەی وەرگێڕەکان لە لایەنی زانستییەوە، بە درێژایی ساڵان نەبووایە، کە دەقە شیعرییەکانیان بۆ زمانێکی تر گواستنەوە، بە ئێمە و غەیری ئێمە ناوی شاعیرانو بەرهەمەکانیان نەدەگەیشتن، لەبەر ئەوە باسەکەمان لە وەرگێڕانی شیعردا بەم پرسیارە دەبەستینەوە: چۆن دەقی شیعری وەردەگێڕدرێ؟ لە سەرەتادا، تێبینی دەکەین، کە بیروڕای تیور دانەرەکان جیاجیان، بەڵکو هەندێ جار ناکۆکن، لەمەڕ ئەم خاڵەوە و ئەوان

نەگەیشتوونەتە پوختەکردنی چ بنەمایەکی تایبەت بەوەوە. بەزۆری ئەوان هەرگیز بەوە ناگەن و، بۆشیان ڕوون بووتەوە کە وەرگێڕانی شیعر بە بنەما و یاسای تایبەتی بەستراوەتەوە کە لە شیعر خۆیدا وەردەگیرێن. زیاد نارۆین ئەگەر بڵێین هەموو دەقێکی شیعری یاسایەکی تایبەتی و ڕێگایەکی تایبەتی هەیە بۆ وەرگێڕانی، هەر دەقو هەر هۆنراوەیەك، گەوهەرێکی هەیە بە گۆڕانی شاعیرەکەوە دەگۆڕێ، هەر دەبێ وەرگێڕ بیگۆڕێتەوە، لەم ڕووەوە پەنجە بۆ قسەکەی ((جاکسون ماتیوز)) ڕادەکێشین: ((هەموو زمانێ شێوە تایبەتی خۆی هەیە، شێوەکانی ئێستاو شیاو کە شاعیران پێشتر پێیان زانیوەو بەکاریان هێناوە، ئەم شێوانەی هێشتا نەگەیشتوونەتێ. ((ج. مۆنان)) ڕای وایە کە ئەو گرفتە ڕاستەقینەی ڕووبەڕووی وەرگێڕانی ئەدەبی دەبێتەوە، گرفتی وەرگێڕانی نامەی تایبەتییە بە واتایەکی تر ئەدەبو شیعر، بە گشتی بینای دەقەکەمان بەلاوە گرنگ نییە تەنیا بە قەد ئەوە نەبێ کە وەزیفەیەکی پێ مەیسەر دەبێ، لە دواییدا گیروگرفتەکە لەوەدا نییە کە وەرگێڕ بەرامبەری دەوەستێ، کاتێ لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی تر هۆنراوە دەگوێزێتەوە، لە وەرگێڕانی فۆرم بۆ فۆرمێکی تر، یاخود وەرگێڕانی بینایەك بە بینایەکی تر، بەڵکو لە وەرگێڕانی وەزیفەی دەقی شیعری یاخود وەزیفەکانیدایە، واتە ئەو کارەی یا کارانەی لە وەرگر دەیکات، بە واتایەکی تر، دەبێ وەرگێڕ شاعیریەتیی دەقەکە، نەك فۆرمەکە بگوێزێتەوە، یاخود فۆرمەکەی ئەگەر توانیی بیسەلمێنێ کە پێوەندی بە شوێنکارێکی ترەوە هەیە. لەم بابەتەدا ((ئی. کاری)) ڕایەکی نزیك لە ڕای ((مۆنان)) دەردەبڕی، بەلای ئەوەوە وا چاکە، لە وەرگێڕانی هۆنراوەدا، وەرگێڕ تەقەلا بدا لەسەر هەمان زەوی بوەستێ، کە دانەر، واتە شاعیر لەسەری دەوەستێ و، سەیری هۆنراوەکە بکات کە ((شیعر))ە، سنوور دانان بۆ جەوهەری شیعر لەم بوارەدا شابەیتی هۆنراوەیە و، بەڕاستی تەگەرەیەکی بنچینەیییە کە دێتە ڕێی وەرگێڕانی دەقی شیعری یاخود هۆنراوە، ئەگەر وەرگێڕ گەیشتە جەوهەری دەقەکە، دەڵێین لە ئەرکەکەی سەرکەوتوو بووە:

((وەرگێڕ وەرگێڕانێکی خراپی هۆنراوەکە پێشکێش دەکات ئەگەر مانای حەرفی یان فۆرمەکەی پێشکێش کرد، بەها شیعرییەکەی لە شتێکی تر غەیری هەردووکیاندا پەنهانە)).

لە دواییدا دەبێ وەرگێڕی دەقی شیعری نووسەربێ یاخود تا ڕادەیەك شاعیربێ، واتە شەخسێك بێ دڵسۆزی قووڵی لەبۆی، بەدڵسۆزیی کوێرانەی بۆ دەقە ئەسڵییەکە پێ باشترە، بە واتایەکی تر، دەبێ وەرگێڕی- شاعیر گیانی دەقە، نەك وشەکانی بگوێزێتەوە، دەبێ ناپاکی لە دەقەکە بکات لە جیاتی ئەوەی وشە بە وشە وەری بگێڕێو پەناباتە بەر ((هاوکێشەی

دینامیکی)) نەك هاوکێشەی شەکلی، کە ((ئ. نیدا)) بە کورتی دەڵێ: نابێ وەرگێڕ ملکەچی زاڵبوونی فۆرم بێ، چونکە مانای لێ دەشارێتەوە، ئەوەی شیاوی باسە وەرگێڕی دەقی شیعری پشت بەو ئامرازانە دەبەستێت کە دانیان پیانراوە، زمانێکی شاعیرانە کە (وەرگر) وەری گری و، ئەرکەکەی لە بنچینەدا لە گواستنەوەی دەقە شیعرییەکەدایە بۆ وڵاتەکەی و سەردەمی خۆی، لەمەدا گشتی ڕوون دەبێتەوە کە بەراوردی لەنێوان شاعیرو ئەو کەسەی بۆی وەردەگێڕێ، بەراوردێکی بێ مانایە، دەستەواژەی وەك ((وەرگێڕێکی چاك نووسەرێکی سەرنەکەوتووە)) و ((نووسەری چاك وەرگێڕێکی سەرنەکەوتووە)) لە ئەنجامدا مانای نامێنێ، ئەم جۆرە ڕێکخستنەی بەندە بە چەند پێوەرێکی نموونەیی بە چاوی بایەخ نارِوانێتە کارلێکردنی بینا زمانەوانییەکانو فۆرمە ئەدەبییەکان بە گشتی و، شیعر بە تایبەتی، لە کاتێکدا بەتەواویەتی لەسەر هەرشتێ کە لە ڕیزی وەرگێڕانی براگماتیدایە پێڕەو دەکرێ، بێگومان بڕوانامەی شاعیر وەرگێڕ بە چاکترین پاڵپشت لە قەڵەم دەدرێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو گیروگرفتانەی تایبەتن بە وەرگێڕانی شیعرەوە، لێرەدا ڕایەك هەڵدەبژێرین کە (ئەدۆنیس) لە کۆڕێك لە بابەت وەرگێڕانی ئەدەبییەوە کە لە ساڵی ١٩٨٦ لە فەرەنسا گێڕابوو دەڵێ، کە چەند دەقێکی ((سان جۆن پێرسو وا. بۆنفوا)) و ((جۆرج شحادە)) ی کردووەتە عەرەبی:

من وەرگێڕانم نەکردووە بە پیشە، زماناسیش نیم، لەبەرئەوە ئەوەی کە دەیڵێم پشت بە ئەزموونێکی سنووردار دەبەستێ، ئەزموونم لە وەرگێڕانی شیعردا و، تێگەیشتنی شەخسیم لە زمانی شیعر و، ناپرسم: ((ئایا دەبێ شیعر وەربگێڕدرێ، بەڵکو چاکتر وایە بپرسم: مەبەست لە وەرگێڕانی شیعر چییە؟

ئەگەر قایلبوون بەو فیکرەی کە دەڵێ زمانی هۆنراوە تەنیا ئامراز نییە، دەبینین مانای وشە لە هۆنراوەدا لە ڕەوتەکەیدایە، مانای ڕستەش بە سەرجەمی هۆنراوەکەو بیناکەی هەموویدا، تێ دەپەڕی لەبەرئەوە، مانای هۆنراوە لە وشە و ڕستە تێ دەپەڕی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هۆنراوە پێویستی بە ژێدەرێك هەیە لە واقیعدا سنووری بۆ دادەنرێو ماناکەشی ڕوونی مانای پەخشانی گەرەکە، جگە لەوە، دەڵێین کە هەر زمانێك بوارێکی جیا لەبەردەم ڕاستیدا دەکاتەوە و، ئەو ڕاستییەی کە زمانی شیعر لە چوارچێوەی ئەو زمانەی پێی نووسراوە دەری دەخات، لە دواییدا دوو ڕێگا هەیە بۆ لێدوانی شتێكو گوزارشت لێکردنی.

ئەگەر ئەمە لەسەر دوو زمان بگونجێ کە سەر بەخێزانێکن، وەك فەرەنسی و ئیسپانی، ئەوە لەسەر دوو زمانی سەر بەدوو خێزانی لێك جیاش وەك عەرەبی و فەرەنسی دەگونجێ، هەر

یەکەشیان بینای دەنگدارو ترپەدارو مۆسیقاداری هەیە، ئینجا، هەریەکەیان سەیری (جوانی) بە چاوێکی جیا دەکات، ئێمەش شتێکی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو زمانەدا نابینین، هەریەکەیان سیستەمی زمانەوانی و جوانکاریی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ پێکەوە بەستنی وشەو شت و، بەڵگەدارو بەڵگەپێدراو.

کەواتە چۆن دەشێ وەرگێڕان لە یەکێکیان بۆ ئەمی تر بکرێ؟ ئایا دەشێ جوانکارییەکانی هۆنراوەی فەرەنسی بگوێزرێتەوە سەر هۆنراوەی عەرەبی، یاخود بە پێچەوانەوە؟ ئایا خاسیەتەکانی شیعری عەرەبی و تەونە دەنگدارەکەی و ترپەی بۆ زمانی فەرەنسی بگوێزرێتەوە یاخود بە پێچەوانەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بە نەخێر دەدەمەوە، هەر دەقێکی شیعری یەکێتیی فۆرمو دەنگو مانای هەیە، کە هەردەقێکی شیعری بۆ زمانی عەرەبی دەگوێزمەوە، واتە بۆ یەکێتییەکی فۆرمالیستو دەنگداری جیاواز، پرسیار دەکەم: ئایا یەکێتییەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە؟ ئەگەر لەشەکەم پارچە پارچە کرد، ئەی گیانەکە بۆ کوێ دەڕواتو؟ چی لێ دەمێنێتەوە؟

کەواتە با بڵێین کە وەرگێڕانی شیعر ناکرێ هەرگیز هاوجووت بێ خۆ ئەوانەی سوورن لەسەر ئەو گونجاندنە، بەلای منەوە ئەنجامەکەیان پرۆسێسی ناشیرین کردنە. با جارێکی تر بڵێین وەرگێڕانی شیعر مەسەلەیەکە پێوەندیی بە شیعرەوە هەیە لەبەر ئەوەی پێوەندی بە زمانەکانەوە هەبێ. دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەم: مەبەست لە وەرگێڕانی شیعر چییە؟ ڕای تایبەتی من ئەمەیە: کە دەست دەکەم بە وەرگێڕانی - بەو سیفەتەی شاعیرێکی عەرەبم - هۆنراوەی شاعیرێك کە بە فەرەنسایی نووسراوە، ئەم هۆنراوەیە دەکەمە هۆنراوەی وێنە لە زمانی خۆمدا، کاتێ کە دەمەوێ لە ڕێگای ئەو وێنەیەدا گفتوگۆیەك لە نێوان ئەم دوو هۆنراوەیە سازبکەم. ئەمەو هەر هۆنراوەیەك وەرگێڕانی شتێکەو، تەقەلادانی ڕوونکردنەوەی تەمومژە، وەرگێڕانی منیش بۆ هەر هۆنراوەیەك بە نووسینێکی تری لە قەڵەم دەدرێ، بە زمانێکی جیا، وەرگێڕانەکەی منیش لە وەرگێڕانی شێوەکەی لە ڕوونکردنەوەی تەمومژدا خۆی دەنوێنێ، بەم شێوەیە وەرگێڕانەکەی من دەبێتە وەرگێڕانی ئەو شێوەی کە دانەری ئەم هۆنراوەیە گفتوگۆی پێ دەکات، لەگەڵ جیهانو پێی دەدوێ، لە هەمان کاتدا، دەبێتە. سەرەتای گفتوگۆیەك لە نێوان خۆمو دەوروبەرەکەی و، ئاوێنەیەکە بە زمانی خۆی دروستی دەکەم کە تێیدا من ڕووەکەی ئەو نابینم.. بەم شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وەرگێڕان ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەو زانیاری و، بوارێکە بۆ گفتوگۆیەك لە ناکۆکی دەردەخاتو بەرەو

بەیەك گەیشتنمان دەبات لە دەقێك شایەدیی ئەو گفتوگۆیە دەدات کە لەنێوانی مـنو ئـەودا بوو. هەروەها ڕەوتی هاوبەشمان لە وشەی هەستو مانادا (*).

(*) ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لەو نووسینەی دکتۆرە سامیە ئەسعەد، کە بـە ناوی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبییەوە)) نووسیویەتی و لە گۆڤـاری (عـالم الفکـر) ی بەرگی نۆزدەمو ژمارە چـواری سـاڵی ١٩٨٩دا بڵاوکراوەتـەوە. هەرچـەندە کـە نووسەر باس لە زمانی عەرەبی و هیتر دەکات، دەشێ هەمان نووسین سـەبارەت بە زمانی کوردیشەوە هەر ئاوابێو هەمان مەرجو خاسیەتی هەبێ، بۆیە منیش بە پێویستم زانی بیکەمە کوردی.

(وەرگێڕ)

## بوێریی داهێنان له هونه‌رو ئه‌ده‌بدا

مه‌سه‌له‌ی داهێنان و ئه‌فراندن له هونه‌رو ئه‌ده‌بدا وه‌ك هه‌ندێ كه‌س وای بۆ ده‌چن به‌ند نییه به باری ڕامیارییه‌وه، گوایه ئه‌گه‌ر هه‌واو كه‌شێكی دیموكراتی له ولاتێكدا نه‌ڕه‌خسێ ڕه‌نگه داهێنانو خولقاندنی هونه‌ری و ئه‌ده‌بی سه‌ر هه‌ڵنه‌ده‌ن. ئه‌گه‌ر ئه‌و بۆچوونه ڕاست بووایه ئه‌وه له ژێر ده‌سه‌ڵاتی ڕژێمێكی سته‌مكاردا هه‌رگیز شاكاری ئه‌ده‌بی و هونه‌ری چاویان به ڕووناكی نه‌ده‌كه‌وت، له كاتێكدا له ژێر سایه‌ی ئیمپراتۆریه‌تێكی وه‌كو ڕووسیای تساریدا كه سه‌رده‌می ژیانی كۆیله‌یی جووتیاران بوو، زه‌بروزه‌نگو توندتیژی له‌وپه‌ڕیدا بوو، نه‌ده‌بوایه ڕۆماننووسی بلیمه‌تو ناودژی وه‌كو دۆیستۆیڤسكی و تۆلستۆی و گۆرگی و شاعیرو شانۆنامه‌نووسی وه‌كو پۆشكینو چیرۆكنووسو شانۆنامه‌نووسی وه‌ك چیخۆف به‌رهه‌می داهێنه‌رانه‌یان پێشكه‌ش نه‌كرابایه. ڕاسته سه‌ربه‌ستی و ئازادی و بواری دیموكراتی و خۆشگوزه‌رانی ڕه‌نگه ده‌ورێكی كاریگه‌ری ئه‌فراندن بن. به‌ڵام ئه‌مه مانای ئه‌وه نییه ئه‌گه‌ر ئازادی و دیموكراتی گه‌شه‌ی نه‌كرد و، هه‌ژاری و نه‌داری ده‌رگه‌ی به هونه‌رمه‌ندو نووسه‌ران گرت، ده‌سته پاچه بنو ته‌كانی به‌ره‌و داهێنان نه‌ده‌ن. مه‌سه‌له‌كه ڕێژه‌ییه‌و ره‌ها نییه.

خۆ ئه‌گه‌ر ئاوڕێك به‌ر له ڕاپه‌رین بده‌ینه‌وه‌و به‌راوردێ له نێوان به‌رهه‌می ئه‌مڕۆو ئه‌وكاته بكه‌ین بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه كه ئه‌و كاته ئاسته‌كه‌ی به‌رزتر بوو، چونكه هونه‌رمه‌ندو نووسه‌رانمان ڕاستگۆیانه‌تر مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵ بابه‌ته‌كان ده‌كرد، زیاتر له‌گه‌ڵیاندا ده‌ژیانو خه‌ریكو خولیای ئه‌ركه‌كانیان بوون. ڕه‌نگه ئه‌مڕۆ له‌به‌ر هه‌ڵپه‌كردن بۆ نان په‌یداكردن، هونه‌رمه‌ندو نووسه‌ر نه‌په‌رژێنه سه‌ر به‌رهه‌مهێنانی به‌رهه‌می باش، ڕه‌نگه كاری ڕۆژانه له كه‌ناڵه‌كانی ڕاگه‌یاندن ئه‌و هێزو پێزه‌ی لێ بڕیبن كه پێشتر ئه‌وه‌نده سه‌رقاڵ نه‌بوون. ئه‌مه له‌لایه‌ك، له لایه‌كی تره‌وه مه‌سه‌له‌ی داهێنان به‌ند نییه به ده‌ڤه‌رێكی تایبه‌تی و، ده‌ڤه‌رێكی تر لێی بێ به‌ش بێت به‌ڵكو هه‌وڵو ته‌قه‌لای گۆڕانكاری و خولقاندن له شوێنێك سه‌قامگیرنابن. له‌شوێنێكدا سه‌ر هه‌ڵده‌دات وه ده‌گوێزرێته‌وه شوێنێكی تر، یا هه‌ندێ

سەرهەڵدان لە ناوچەیەکدا کە خۆی دەنوێنێو بۆ یەکەم جار دێتەکایەوە، بۆ شوێنێکی تر دەگوێزرێتەوە بەڵام گەشەدارترو باڵاتر. بۆ نموونە هونەری شانۆ بە خاسیەتو بنەما نوێیەکانی بۆ یەکەم جار وەك دەق لەسەر دەستی عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری لە گۆڤاری ژین ساڵی ١٩١٩ دەستی پێ کرد، وەك نمایشکردنو دامەزراندنی تیپی نواندن بۆ یەکەم جار لە هەولێر ساڵی ١٩٢٠ بوو، ساڵی ١٩٢١ بۆ یەکەم جار سەلاحەدینی ئەیووبی پێشکێش کراوە، ئینجا پەڕیوەتەوە شارەکانی تری کوردستانو نوێکردنەوەو داهێنانو ئەفراندن وەك شانۆگەریی کوردی لەسەر دەستی هونەرمەندی گەورە (ئەحمەد سالار) دەستی پێ کرد بۆ یەکەم جار شانۆی ئاهەنگسازی لە شانۆگەریی ((نالی و خەونێکی ئەرخەوانی)) و ((کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ)) و ((جەزیری وانەی ئەڤین دادەدات)) و ((شەهێن لە سەختەندا هێلانە دەکات)) و ((ئەو دەمەی ئەڤین مەزنتر دەبێت)) و دوا بەرهەمیشی ((لەژێر تارای سورمەچندا)) ڕەنگی دایەوە، کە مەودایەکی کوردیی بە شانۆی کوردی بەخشی چ لە ڕووی دەقو چ لە ڕووی دەرهێنانەوە. لە دەڤەری بادینانیش بە تایبەتی لە دهۆك چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە لەسەر دەستی هونەرمەندی لێهاتوو فەهمی سەلمان، بزاڤێکی دیارو گەش بکەوێتە چالاکی و تەکانێکی تەواو بە شانۆ بداتو داهێنان لەو دەڤەرە دابکات، بەڵام وادیارە زیاتر خەریکبوونی بەباری ڕۆژنامەگەری تا ڕادەیەك لەو بوارەی دوورخستۆتەوەو وەکو پێشووی بەر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ ئەو چالاکی و جموجوڵەی بەدی ناکرێت.

هەروەها لەبارەی مۆسیقاوە وەك بەرهەمی مۆسیقا دروستکردنی تیپی مۆسیقا، بۆ یەکەم جار تیپی مەولەوی لە پەنجاکاندا سەری هەڵداو (قادر دیلان و ولیەمو چەند کەسێکی تر بزاڤێکی مۆسیقییان خولْقاندو دوابەدوای ئەو لە شارەکانی تری کوردستانیش چەندین تیپی مۆسیقا دروست بوونو بەرهەمی بە پێزیان پێشکەێش کرد، بەڵام وەکو داهێنانو ئەفراندنو شکاندنی بازنەی خۆماڵی و هەنگاونان بەرەو جیهانی دەرەوەو پێناسینی مۆسیقای کوردی بە هەندەران، بەتایبەتی ڕۆژئاوا، داهێنان و خولْقاندنەکانی موسیقاری لاوو هونەرمەندی گەورە (دڵشاد محەمەد سەعید) بە دیاردەیەکی دروستی مۆسیقا لەقەڵەم دەدرێ کە لەو تەمەنەدا کارامەیی و لێهاتوویی و ئەفراندنی مایەی شانازیی مۆسیقای کوردی بێت.

ئیتر لێرەدا نامەوێ نموونەی تر لە بواری شیعرو چیرۆك و ڕۆمانو هونەری شێوەکاری بهێنمەوە، بەقەد ئەوەی کە حەزدەکەم جەخت لەسەر کرۆكو گەوهەری داهێنان بکەم کە لە وروژاندنو پرسیار دروستکردنو چەندین لێکدانەوەو بۆچووندا خۆی دەنوێنێ، بۆ نموونە

شانۆنامەی (هەملێت) کە داهێنەرانەترین شارەکانی شکسپیرە، گرنگترین خاڵ لەو شانۆنامەدا ئەو پرسیارە سەرەکییە کە لای خودی هەملێت خۆی دروست بووە لەبارەی ئەو تارماییەی کە خۆی نیشان دەداو لەگەڵی دەدوێو کە بۆی دەچێ ون دەبێ ئایا، ئەو تارماییە، وەهمە، خەیاڵە، شەیتانە، فریشتەیە، یاخود باوکە کۆچکردووەکەیەتی؟ ! لێرەدا هێزی ئەو شانۆنامەیە، یا شانۆگەرییە لەوەوە دێ کە تارماییەکە ڕوون نییە، نەناسراوە. دوورە لەیاساو ڕێسای کۆتاییی حازربەدەست، لە بنەماکانی سروشتو لۆجیك، لۆجیکێکی تر بەخۆوە دەگرێ کە ڕەنگە نامەنتیقی و ناماقووڵ بێت، بەڵام بە شێوازێکی ئەوتۆ دەخرێتە ڕوو کە ئەو تەوزیفکردنو ئەو مامڵەتە تایبەتییە پاساوی ئەوە دەدا کە لای خەڵك پەسەندو ماقووڵ بێت.

ئەمڕۆ داهێنان لە دووتوێی هەڵگێڕانەوەی شتەکان خۆی دەنوێنێ، نەك پێشکێش کردنیان لە قاڵبی خۆیان، کتومتو دەقاودەق وەك خۆیان. بۆ نموونە مەسەلەی سێکس لە کۆمەڵگەی کوردەواری بە شێوەیەکی زەقو واڵا کارێکی ناهەموارە، بەڵام کە چیرۆکنووس پرۆسەیەکی ئاوا بەشێوەیەکی هونەرمەندانە تەوزیف دەکات، کە پاڵنەرە سێکسییەکانی دەکاتە کارێکی سروشتی و، چالاکییەکی پەسەند، ئەوکاتە گرەوی داهێنانو ئەفراندن دەباتەوە، نەك وەك هەندێ نووسەر بە تایبەتی لە چیرۆکدا کە بە شێوەیەکی ڕووکەش ئەو کێشەیە دەخەنە ڕوو، ئەمە لە کاتێکدا چیرۆکنووس (حوسێن عارف) لە چیرۆکی (شەبەق)دا، ئەو مەسەلە جنسییە بە شێوەیەك تەوزیف دەکات کە شیاوی سەرسوڕمان بێت، لە گەرمەی هیلاکی و ماندووبوون، کاتێ بارخستنی کاروان و، خەوتن پێش ئەوەی کاروان بەر لە کازێوە بارگەی خۆی بپێچێتەوە، پرۆسە سێکسییەکە دەکرێ، کە ژنەکە ئاوڕدەداتەوە دەبینێ ژنێکی تر کە لەتەك مێردەکەیدا درێژ بووەو چاوی لێیەتی. ژنەکەی تر چاوەڕوانی ڕیسوابوونێکە کەچی ژنەکە بە دەم ڕێگاوە پێی دەڵێ..

- کاکەولا لە مێردەکەی من ئازاتر بوو !

ئا ئەمەیە داهێنانو ئەفراندن، دوور لە کۆتایی ڕاپۆرتی ڕووکەشی. ئەم جۆرە دەربڕینە شێوازێکی پەسەندو بەجێیە، خوێنەر زیاتر دەورووژێو لەزەت لەکاری ئاوا دەبینێ کە ڕێی پێ نادرێ و حەزیشی پێ دەکات، لە کاتێکدا زیاتر بایەخ بەو جۆرە داڕشتنە دەدات نەك کۆتاییەکە وەك حەقایەتێکی میللی بخاتە بەردەم خوێنەر. لە بواری شیعریشدا نموونەمان زۆر هەیە، بەتایبەتی لەبابەت هەڵگێڕانەوەو سەرەو ژێرکردن، بەڵام بە مەرجێ کارێکی بێهوودەو نابەجێ نەبێت، لای خوێنەر پەسەند بێت، شتێکی لەبابەتی ریالیستی سیحری بێت کە جۆرە نامۆیی کردنێکی تێدایە، شتە نەگۆڕاوەکان دەگۆڕێنو لەبەردەم ئەو شتانەی لە مان و

لەگۆڕاندان مەیدان چۆڵ دەکەن، شتی نوێیان لێ وەدەردەکەوێ، کە خولڤاندنێکی نوێیە. بۆ نموونە شاعیری نوێخواز (**سەباح رەنجدەر**) لە دەقی (کەلکێش) لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت:

**منداڵەکانی ڕۆژهەڵات دەزانن گوللە بۆن کەن**
**منداڵەکانی ڕۆژهەڵات دەزانن گوڵ بتەقێنن**

ئەم جۆرە هەڵگێڕاوانەوەیە دیوێکی تر بە شتەکان دەبەخشێ، لە دیوی مەودای پێشوویان دەترازێن. لای ((ئەنوەر مەسیفی)) سێو دەبێتە سونبولی یاخیبوونو خولڤاندنێکی نوێ، ئەم بیرەی شاعیر هزرێکی نوێیە لە ئەدەبدا، ئەو سێوەی ئادەمو حەوای کە لە بەهەشت وەدەرنا بۆ سەر دۆزەخێکی زەوی کە مرۆڤ دەیەوێت جارێکی تر بیکاتەوە بەهەشت.

ئەم حاڵەتەش وای کردووە کە چ هونەرمەند، چ نووسەر بە دوای شتی نوێدا عەودال بێت ئەو شوێنە تاریکانە بدۆزێتەوە کە هێشتا ڕووناکییان نەدیوە، نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی شتە ڕووکەشەکان، کە بەڕوونی هەستیان پێ دەکرێت، بە جیهانبینیی خۆی جیهانی ناوەوە بخوێنێتەوە. بەلای منەوە هەموو شتێکی نوێ داهێنان نییە، ڕەنگە هەندێ شت لە ئاسابەدەر بن، ژیان پێویستی بەو جۆرە شتە تازانە نەبێ، بۆیە دەبێ جۆرە پێوەندییەك لەنێوان شتی نوێو پەسەندکردندا هەبێت کە جێگە بە کۆنەکە چۆڵ کات وا هەر نەبێ پێگەکەی لەق بکات. نەك هیچ پێوەندی بەواقیعەوە نەبێت ڕاکردنێکی سەلبی بێت لە ژیان، بەڵکو تیشك خستنە سەر واقیعو دەرخستنی دیوی ناوەوەی بێت، تیشکدانی قاڵبە کۆنەکەی و دروستکردنەوەی قاڵبێکی نوێتربێ. زۆر جار داهێنان لە ڕێکخستنەوەی شتەکانەوە دەست پێ دەکات، بە شێوازێکی هونەرمەندانە، یاخود بە کردنی چەند پرسیارێك کە ور ووژاندنیان تێدایە، لە جۆرە مێشك پێوە خەریك کردنیان تێدایە، شتی سەیرو سەمەرەن، شتی ناکۆكو هاودژن، بەڵام بەجۆرێك دەیانگونجێنێو تەبایان دەکات وەك بڵێی بۆ یەکتری خولڤاندوون، بە قەد ئەوەی ئاگرو ئاو، سپی و ڕەش، زەوی و ئاسمان، ناکۆكو ناتەبان بەڵام بۆ یەکتر پێویستن.

وەکو شاعیرێکی عەرەبی دەڵێت:

ضـــدان اذا اجتمعـــا حســـنا
والشـئ يظهـر حســنة الضـد.

## " چنینەوە " ژیان و غەم-ی د.لەتیف محەمەد حەسەن

ئەگەر شاعیر ڕەخنەگری شیعرەکانی بێت، ئەی ڕەخنەگری شاعیر دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ شیعردا بکات؟ بە تایبەتی ئەو شیعرەی کە لە ناخی شاعیرەوە هەڵقولابێ و ڕەنگدانەوەی بارە دەروونییەکەی بێتو خەمو پەژارەو مەینەتییەکانی ژیان وا تەنگیان پێ هەڵچنیبێت کە زیاتر بەرەو قوولایی دەروونی شۆڕبێتەوەو بەبێ رتووش هەستو نەستی خۆی دەربڕێت و لە مەسەلە خودییەکاندا وردو قووڵ بێتەوە.

هەرچەندە شۆڕبوونەوە بۆ ناخی خودو هەنگاو بەرەو جیهانی فەنتازیا بە خەسڵەتێکی ڕۆمانسی ناسراوە چونکە: (ڕێبازی ڕۆمانسی بایەخ بە نەدانی کشانەوە بەرەو خود دەدات، هونەر لای (کۆلیرج) ناوەوەی پێچەوانەکراوە بۆ دەرەوەو لای (وورد زوث) یش هەڵقوولانێکی لە پڕی هەستەوەرییە بەهێزەکانە لە ساتە هێمنو سەقامگیرەکاندا، شاعیریش سەرچاوەیەو پیاوێکە دەدوێ، [1] لەگەڵ ئەوەشدا کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات ڕۆمانسیی ڕێبازێکی ئەدەبیی گەورەیە، بەڵام ئەم خەسڵەتە خودییە بە تەنیا هەر هی ڕۆمانسیە نییە زۆرەها جار بەهەڵە ئەو دەقانەی ئەم خەسڵەتەیان تێدا بەدی دەکرێت بە ئاسانی بەرگی ڕۆمانسییان دەکرێت بەبەردا، چونکە ئاشکرایە کە چەندین ڕێبازی ئەدەبیی تر بێجگە لە ڕۆمانسیی هاوبەشن لەم خەسڵەتە خودییەدا، وە دارایی رەمزیەتو سوریالی و بوونگەرایەتی و تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێت بوترێت هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی بەدەرنییە لە چەردەیەك، زۆر بێت یا کەم، لەم خەسڵەتەو هونەر بەبێ خود نایەتە دی و هەموو برووسکەیەکی داهێنانو ئافراندن لە خودەوە سەرهەڵدەدات، لەم دیوانەشدا ئەگەرچی ئەم خەسڵەتە خودییە بەدی دەکرێتو دەبێتە خولگەیەك لە خولگەکانی، بەڵام نابێتە ڕێبازێکی هەمیشەییی دیوانەکە، پێ دەچێ شاعیر پابەندی ڕێبازێکی تایبەتی نەبێت بە قەدەر ئەوەی دەیەوێت دەربڕین لە هەستو سۆزو ئازارەکانی ڕاستگۆیانە گیان بە بەری دەقی هۆنراوەکاندا بکەنو مۆرکێكو شێوازێکی تایبەتی خۆیان پێ ببەخشن.

زۆر وێنەی ئەم دیوانە لەگەڵ خەم چاو هەڵدێنن‌و ژیان‌و خەم هاودەمی یەکن، خۆ ئەگەرچی مرۆڤ زۆرجار بینراوە لە خەم، بەڵام ژیان بەبێ خەم نابێت‌و مرۆڤی بێ خەم مرۆڤ نییە، ئەوەندەی خەمەکان مرۆڤ ئاڵۆز دەکەن ئەوەندە زیاتر قاڵ‌و گەورەی دەکەن، لەم ڕوانگەیەوە خەم دەبێتە خوڕەی تاڤگەی سەرچاوەی ئەم دیوانەو ژیان‌و خەم ئاوێزانی یەکتر دەبن‌و دیاردەیەکی ئاشکرا پێك دەهێنن تا ڕادەیەك زۆرجار خەم لە قاڵبی ئاڵۆزو ناشرینی خۆی دێتە دەرو دەبێت بە هاوڕێ‌و بە باڵندەیەکی قەشەنگی ڕەنگاوڕەنگی جوانی خۆش خوان، لە هەمان کاتدا بەردەبازەکانی ژیان هێشتا چەسپ‌و ڕاخراون بۆ پەڕینەوەی دەرگاو دەلاقەکان بەشی ئاوەڵابوونیان تێدا ماوە تا شنەی بایەك‌و تیشکی ڕۆژێك خۆیان بکەن بە ژووردا.

هەروەها خەمەکان لە بازنەی خوددا قەتیس نامێنن بەڵکو کەوانەی سێ خەمی گەورە، خەمی خودو کۆمەڵ (میللەت) و بوونی مرۆڤ یەکتر دەبڕن‌و بەیەکدا دەچن، ئەوەندە بەیەکدا دەچن بەڕادەیەك زۆرجار جیاکردنەوەیان مەحاڵە خەمی خود لە خەمی میللەت‌و بووندا دەتوێتەوەو خۆی دەبینێتەوە، هەریەك لەوانی تری بە هەمان شێوە لە خەمی یەکتردا خۆیان دەناسنەوەو دەبن بە یەك ڕووباری خەم‌و تام‌و چێژێکی تایبەت بە وێنەو دیمەنی دەقەکان دەبەخشن.

لێرە لە کەوانەی خەمی خوددا ئەو گرفتانەی بوونەتە مایەی نیگەرانی و هەمیشە بیرکردنەوە لەو ئازیزانەی بارودۆخێکی کاتی و تایبەتی نایەڵێ بیانبینێ بوونەتە تەقینەوەی وزەی شیعری خوڵقێنەری زمانێکی تایبەتی، من ڕام وایە بە پێچەوانەی بۆچوونی (**محسن الموسوي**) بەرامبەر زمانی شیعری خودی یان ڕۆمانسی کە دەڵێ ((مەرج نییە جوان‌و باش بێت)) [٢] بەلای منەوە زمانی شیعری خودو تەڕ و پڕو سفت‌و سۆڵ‌و پاراو و ڕوونە. چونکە شیعری خودی لە دڵ‌و ویژدان‌و سۆزو خەیاڵەوە هەڵدەقوڵێ، بە پێچەوانەی شیعری واقیعی یان سیاسیی ویشك کە دەچێتە پایەی پەندەوە، هەر بۆیە وتراوە (موتەنەبی) پیتۆڵ (حکیم)ە و (بوختری) شاعیرە.

لە مەودای ئەو کەوانە خودییەدا، ئەگەر ئاوڕێك لە چەند کۆپلەیەکی شیعرەکانی (چنینەوە) بدەینەوە لە شیعری (گەڕانەوە)دا شاعیر دەڵێ:

**((ئەم کۆڵانە تازانە**
**بەرگی منداڵیی منیان کۆن کرد**
**بەم، باڵەخانە بەرزانە**
**نایەڵن لە هەیوانەکەمانەوە**
**باخچەی گوندەکەی باپیرم ببینم))** [٣]

لـەم وێنەیـەدا گۆڕانکـاری دەبێتـە چـەقێكو هـەردوو ڕەهەنـدی شـوێنو کـات پێکـەوە دەبەستێتەوەو دەیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بە گـۆڕینی جێگـاو بانـەکان سـیما و ڕواڵـەتی خۆیان لەگەڵ سیمای منداڵیدا لە دەست داوە، بەمەش ژیان پچڕانو کەلێنێکی تـێ دەکـەوێت بەجۆرێك کە ئەو خۆشی و نۆشییەو ئاوەدانی ژیانو هێمنو ئاسوودەییەی جاران نـەماون کـە باوەشی بـۆ بکەنـەوەو لـەو تـەنیایی و ئاوارەییـە دەربـازی بکـەن و دەرگـای ئـەو ژیانـەی گەرەکیەتی بۆ بکەنەوە، هەتا پڕ بە سییەکان هەناسەی تێدا بداتو بە کامی دڵ بحەسـێتەوەو لەزەتو خۆشی لە هەواو کەشەکە ببینی کە بەو ئومێدە هاتووەتەوەو گەڕاوەتەوە.

لەمەش زیاتر لە دەستدانی یەکێ لە هەرە بەها مەزنەکان (دایك) تەنگی پێ هەڵدەچنێتو هەست بە ئارامییەکی تەواو دەکاتو زیاتر ئەو کەشو هەوایەی لا دەبێتە نامۆ:

**((کێ بە خەندەی دەمی تۆ**
**کێ بە خۆشیی دڵی تۆ**
**دەرگام لێ ئەکاتەوە؟**
**کێ وەکو تۆ بەڕێم ئەکا؟**
**هەتیومو دایکم نەبوو.** (٤)
**جانتاکەم بۆ پێچێتەوە** (٢)

وا دەردەکەوێت نەمانی دایك برینێکی قووڵی لە دەروونیدا کردووە کە بە هیچ دەرمانێكو دکتۆرێك سارێژ نابێ، دایك ئەو نیشتمانو زێدو بوونەوەرە مەزنەیە کە دڵی گەورەو دڵسـۆزی لە هەموو شتە بەهادارەکانی جیهان زیاتر مایـەی سەرسـام بـوونو واق وڕمانـە، هـەر بۆیـە خۆشەویستیی نیشتمان لە خۆشەویستی دایکەوە وەرگیراوە، کاتێ مرۆڤ بێ بەش بوو لە دایکی مانای ئەوەیە هیچ سۆزو میهرەبانییەك شوێنی دایك ناگرێتـەوە لەبەرئەمەشـە پێوەندییـەکی دایلێکتیکیی بەهێز لەنێوان دایكو نیشتماندا هەیە، کە دایك کۆچـی دوایـی کـرد مـرۆڤ لـە نیشتمانەکەیدا هەست بە نامۆیی دەکات، بۆیە کە ئەو لە شوێنێکدا بژی و دایکێکـی خـاوەن هەستو دڵێکی بەسۆزی پڕ لە خۆشەویستیی ڕەهای لە دەست دابێت، هەرگیز بیر لە گەڕانەوە ناکات، ئەوەتا بەجۆرێك ئەم هەستە دەردەبڕێتو دەڵێ:

**((کە هاتمەوە**
**من وامزانی وەکو جاران**
**لێرە ماوی**
**من نەمزانی ئەو شارەی تۆی لێ نەبی**
**بۆچی بۆی بگەڕێمەوە؟ !**
**بۆچی منیش وەك مەولانا**
**جارێکی تر**
**نەڕۆمەوە؟))** (٥)

تەنانەت خەم لای شاعیر وەك هەور دەبێتە هاوڕێی، ئەگەر هەموو دەرگاکانیش دابخرێ، خەم ئەوەندە بە ئەمەكو بە وەفاو دڵسۆزە کە بە هاوڕێییەکی ڕاستەقینەی لە قەڵەم دەداتو دەیکاتە کەسایەتییەکی ڕاستەقینە جێیان هێشتووە، بۆیە وەك مرۆڤێك لەگەڵی دەدوێ کە هەر ئەوهۆگری ئەوەو گفتوگۆی لەگەڵ دەکات:

**((ئەوەندە بە وەفاو کۆکی**
**پێم ئەڵێی دەرگاکە داخەو**
**تەنیا خۆت وەرە ژوورەوە**
**ئەی خەم))** (٦)

لە شیعری (ئاگرێکم نەکردەوە) شاعیر هەست بە تەنیایی دەکات، هیچ هۆگرێك لەو تەنیایی و تاریکییەدا دەربازی بکات، تەنیا شیعر دەبێتە هۆگری و دەبێتە باران کە جەستەی گڕ تێبەربووی پێ دەکوژێنێتەوەو خۆی پێ دەشواتەوە، ئەو وێنە شیعرییە تەعبیر لە گیانی کپی شاعیر دەکات کە پێنج نەورۆزە ئاگری لە ژوورەکەدا نەکردووەتەوە، ئەو جۆرە بۆچوونە ئەوە دەگەیەنێ کە ((ئێمە داوا لە خوێنەری شیعر بکەین کە وێنەی شیعر وەك شتێك یا لەجیاتی شتێك لە قەڵەمی بدەین، بەڵکو ڕاستی تایبەتمەندییەکەی ڕاو دەکات، شیعر دیاردەی ڕۆحە)) (٧) شاعیر تەنیا بەوەوە ناوەستێ کە هەر ئاوا دۆش دابمێنێو هیچ ئەنجام نەدات، بۆیە، پەنا دەباتە بەر یەکەم مۆمی تەمەنی ئازیزەکەی کە مۆمەکە پێ بکاتو بە پەنجە

بچکۆلەکەی بیکوژێنێتەوە، ئەو یادە شیرینەی بە بیربێنێتەوە و ڕاستی تێکەڵی خەیاڵ بکاتو دڵنەواییی خۆی بداتەوەو هەوڵی داوە ئەو بێ دەنگی و ئەو بێ هاودەمو بەبێ ئاگرکردنەوەی نەورۆز بەوە پڕبکاتەوە کە ئەم خەمو پەژارەیەی لە دەروونیدا چەکەرەیان کردووە لە وێنەیەکی شیعریدا دابڕێژێو لەو تەنیاییە خۆی دەرباز بکاتو خۆی چارەسەری ڕەوشەکە بکاتو بڵێ:

**((گەڕامەوە ئەمشەو**
**ئاگری ئەم یادەم کردەوە**
**منی سووتاو لە تاوا**
**بە بارانی شیعر خۆم شتەوە))** (٨)

خۆشتنەوە بە بارانی شیعر دەلالەت لە خۆ پاککردنەوە دەکات کە وەك بڵێی لەو گوناهە. بیشواتەوە کە پێنج ساڵی ڕەبەقە لە ژوورەکەی خۆیدا نەیتوانیوە ئاگرێك بکاتەوە، ئاگریش ڕەگەزێکی پیرۆزە لە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی گەردوون.

هەستکردنی شاعیر بە گوناهێك کە نایشارێتەوە کە سێ جگەرگۆشە، سێ گوڵەباغ، سێ زارۆك کە هەرچەندە جێی هێشتوون، بەڵام هەمیشە لە دڵو دەروونیدا دەژینو بیریان دەکات، گەرەکیەتی هەر وەکو جاران بە ڕۆحێکی بەجۆشەوە بە ڕوخسارو سیمایەکی تازەو گەشەوە بۆیان بگەڕێتەوە:

**((من لەو شارە**
**سێ گوڵم جێ هێشتووە**
**شەرتەو کردم بە سێ قوڵفە**
**خۆم بە ئێوە بەستمەوە**
**شەرت بێ ئەمجارە بێمەوە**
**سەراپا خۆم بکرمەوە**
**دڵ و ڕوخسار**
**لە شوێنو کاتی ئێوەدا**

## نویَ کەمەوە [٩]

لێرەدا بە تایبەتی لە کۆتاییی شیعرەکەدا مرۆڤ هەست بە جوانکاریی شوێنو کات دەکات، مرۆڤیش بە تایبەتی کە تەمەن بەرەو هەوراز هەڵدەکشێ هەست بەو دوو ڕەگەزە دەکات کە یادەوەریی خۆشی و شادی لە نێوانیاندا هەیە، هەست دەکات بگەڕێتەوە یەکەمین شوێن کە تیایدا لە دایك بووەو لێی ژیاوە، خێزانی پێك هێناوە، بۆیە هەوڵ دەدات کە بەڵێنیشی داوە ئەو قوڵفە نەپچڕێنێ، کە پێوەندییەکی ڕۆحی و ویژدانی پێك دەهێنێ، گەرەکیەتی تەنیا بە شتنەوەیەکی وێناکراو نەبێ، بەڵکو بچێتە چوارچێوەیەکی ڕاستەقینەو ئەڵقەیەکی پتەوی نەپچڕاو، چونکە شاعیر دووچاری واقیعێك بووە کە سێ گوڵی جێ هێشتووە. ((وێنەی دووچاربوون بنەڕەتی ئەدەبی پڕێکە لە هونەری وتەدا، چونکە ئەمە دەربڕی سەرەتای داهێنانە لەم کەرەستەدا)) [١٠].

ئەمەکی خۆشەویستی بەهەمان هێڵی بەیانیدا تێ دەپەڕێ کە هەڵکشانو داکشانە، بەڵام ئەنجامەکەی گەشبینییە، دوای دابڕان پرسیار دەورووژێنێ بۆچی دابڕان؟ بۆخۆشی نازانێ؟ بەڵام گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە شاعیر کۆڵ نادات و نائومێدی نابێ کە هیوا بڕانو نەبڕان هەزار ڕێگا بۆ خۆشەویستی بچنو ببڕن، هەر دەبێ نەبڕانو خۆشەویستییەکە زاڵ بن، ئەمەش ئەزموونێکە کە شاعیر لەنێوان دووجەستەدایەو نیگەرانە لەو ڕەوشەی تێی کەوتووە و ((لە ئەزموونێکی خودی کتومتدایە، یان خودییە کە مۆرکێکی کۆمەڵایەتیی هەیە بۆ ئەوەی وێنە جوانەکەی بگوێزرێتەوەو شیعریش داهێنانی ئەدەبی شتی جوانە)) [١١] لەم ڕوانگەیەوە شاعیر ڕاشکاوانە دەڵێ:

**((بۆیە چرکەیەك پێم ئەڵێ**
**مەحاڵە ئەو کەسەی خۆشتویست**
**لەبیرت چێ))** [١٢]

لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین ئەو کەسەی کە شاعیر خۆشی ویستووە بۆ یەکەمین جار دڵی بردووە هەرگیز بیری ناچێ خۆشەویستی بۆ یەکەمین خۆشەویستییە، بۆیە وەکو جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێ:

ـ دلبەرێك بە دڵدارێکی گوت: گەنجۆ تۆ لە ئاوارەییدا

شاری زۆرت بینی، پێم بڵێ: چ،شارێك له وانه خۆشترین شاره؟

وەڵامی دایەوە: ئەو شارەی ئەوەی دڵی منی ڕفاند تێیدایە.

له ململانێی ژیانی شاعیر ڕووبەڕووی فشاری لە قاڵبدان دەبێتەوە کە بیخاتە نێو قەفەزێکی تەنگەبەری داخراو، بەڵام ئەو یاخییەو دەستەمۆ نابێت چونکە ئەو شاعیرەی لەبەر دەرگای سوڵتاندا دەوەستێ خۆی لە دەست داوەو نۆکەرە، بۆیە بە گژ ئەو کەسەدا دەچێو پێی دەڵێ:

**((منیش لەوەتەی هەم**

**سۆزو گیانو ویژدان**

**مەلی سەرفرازی ناو چیاو جەنگەڵ**

**شەیدای داری بەڕوو**

**چلە ڕێواسێکی پەنا تاشە بەردی سەرکەل**

**هەرگیز ناچێتە ناو قەفەز))** (١٣)

گرنگ لە هۆنراوەی شاعیردا ئەوەیە کە دەزانێ چۆن کەشێکی وا لەبار بخولقێنێ کە لەناو هۆنراوەکەدا دنیامیکیەتی خۆی هەبێ کار بکاتە سەر خوێنەرو بیجوولێنێ بۆ نموونە لە هۆنراوەی (چەمانەوە)دا دەڵێ:

**((ئەو ڕاستە هێڵە ئەوەندە گەڕا**

**بە شوێن هێڵێکی وەك خۆیا و**

**نەبوو هەتا**

**بە دووی خۆیا چەمایەوە**

**ئێستا گۆچانێکە و**

**لەگەڵ خودی خۆیا ئەڕوا))** (١٤)

ئەگەر بە، شێوەیەکی راگوزەر ئەم کۆپلەیە بخوێنرێتەوە لەوانەیە بنیاتی سەرەوەی وێنەکە مانای کۆڵدان بدات، بەڵام بنیاتی قووڵی شاراوەی وێنەکە بە پێچەوانەوە لە ڕێگای لادانی واتاییەوە تا کرۆكو مۆخ وێنەی کۆڵنەدانو خۆڕاگرتن دەکێشێ، بە پێی بنەمای دەروونی و

کۆمەڵایەتیی خودی مرۆڤ ناتوانێ لە کۆمەڵو دەوروبەری دابڕێ، لێرەدا خود ئەگەرچی واقیع سەخت بێت دەیەوێت لە ڕێگای ڕاستە هێڵێکەوە پردی پێوەندیی دروست بکات، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاستەهێڵەش نەبێت خود پارچەیەك لە هێڵی ڕاستی دەچەمێتەوەو دەیکات بە هێڵێکی ڕاستی هاوتەریبی خۆی، ئاشکرایە کە دەسکی گۆچان پارچەیەکە لە خۆی بەرامبەر قەدی خۆی دێتەوە، بێجگە لە واتایەکی شاراوەی تر کە وشەی گۆچان دەیگرێتە خۆی لە ڕێگای پێوەندیی گۆچان بە پیرییەوە واتا هەتا تەمەنی پیری و کۆتایی نابێت مرۆڤ چۆك دابداتو بەردەوامی و ئەم واتا و ڕەوتەش لە هێمایەکی کەدا لە ڕێگای گواستنەوەی جووڵەو بەردەوامی ڕۆیشتن لە مرۆڤەوە بۆ خودی گۆچان - کە یارمەتیدەری ڕۆیشتنە - کە خۆی دەبێت بە بوونەوەرێکی زیندووو جووڵەدار ڕێگای خۆی دەگرێتە بەر بەبێ کەسێکی تر. لێرەدا لە ڕووی هونەری دارشتنەوە ئەوەی لە دەوروبەری شاعیردایە بەرجەستەی دەکاتو کەسێکی لەباری بۆ ساز دەکات و ((هەر شێواز مرۆڤ نییەو چی تر، بەڵکو هەروەسا ئەوەی دەوروبەریەتی، ئەگەر کەشەکە نەچووە ناو هۆنراوەکەوە، ئەوە هۆنراوەکە مردووە، مردووە، چونکە نەیتوانیوە هەناسە بدات)) (١٥) کەواتە لێرەدا لە وڵاتێکدا کە هەموو خەساوبنو لە ڕێگای ڕاست لایان دابێت، چۆن مرۆڤ دەتوانێ بە گژ واقیعی شێوێنراودا بچێو بیگۆڕێ، تەنانەت لەو حاڵەتەشدا نابێ چۆك دابداتو ئەگەر کەسیش نەبێت دەبێت لەگەڵ باوەڕ و ڕاستی خۆیدا بڕوات، ئەگەر لەناویش بچێت دەبێتە ڕەمزی سەربەستی و سەربەرزی، شاعیریش لەو هۆنراوەیدا بە تەنیا تەعبیر لەکەسایەتی خۆی ناکات بە قەد ئەوەی تەعبیر لە واقیعێکی بە زۆر سەپێنراوی شێوێنراو دەکات. دواجار ئەوە دەڵێین هەرچەندە هێڵە ڕاستەکە چەماوەتەوە بەڵام بۆ کەس نەچەماوەتەوە، بەڵکو بەڕووی خۆیدا لەگەڵ خۆیدا چەماوەتەوەو وەك خۆی ویستوویەتی دەڕوات.

گڕوگاڵی چاوم، هۆنراوەیەکە مۆرکی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لە خۆ دەگرێ، کە شاعیر کۆمەڵێك بیرەوەریی خۆیشی لە هەگبەکەیدایەو بە شیعر دەری دەبڕێ، سەردەمی منداڵی خۆشترین ڕۆژانی ژیانە کە تەژیی بێ گەردی و پێوەندیی دڵسۆزانە، جا ئەگەر ئەو پێوەندییە لەگەڵ هاوڕێ بێ یان یار، بۆیە دەڵێ:

**((کاتێ تۆم دی لە دوورەوە**
**چاوم پڕ بوو لە گڕوگاڵ))** (١٦)

له ڕێگای دوو دێڕ شیعر لەو شێوەی شیعری سۆناتایدا جیهانی منداڵی وێنا دەکاتو ئەڕاگۆن وتەنی ((جوانترین هۆنراوە کورت بنیاتە)) و هەموو کارێکی ئەدەبی لەوە دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەك وەرگر بەرەو ئەو جیهانە دەبات کە تێیدا دەژی یان ژیاوە، ئاخۆ لێرەدا ئەم شیعرە چڕوپڕە جۆرە هەستێکمان لا ناوروژێنێ کە بەرەو ئاسۆیەکی نوێمان بەرێو بمانگەڕێنێتەوە سەردەمی منداڵی، بە تایبەتی لە ڕێگای دیتنی چاوێك کە چاوی کەسێکی خۆشەویستەو جۆرە یادگارییەکی لەگەڵدا هەیە؟

له هۆنراوەیەکی تردا بە ناوی (پشتاوپشت) دەڵێ:

**((منو جەستەم**
**بە دوو ئاراستە پشت لەیەك**
**ئەڕۆین**
**من بەرەو بەهێزی**
**ئەو بەرەو لاوازی**
**جا نازانم لە کوێ**
**بەیەك دەگەین؟))** (١٧)

ناکۆکیی نێوان خودی شاعیرو جەستەکەی، بەهێزو لاواز وەك یەکێتیی ناکۆکییەکان، ساردو گەرم کە وەك ئەرێو نەرێ بەیەك دەگەن، نەك ڕەتکردنەوەی ڕەتکردنەوە بە پێی ماتریالی دایلێکتیکی بەڵکو گەیشتنی دوو هاودژ، بەڵام کەی؟ پرسیارێکە شاعیر دەیکات کە کەی ئەو هاوکێشەیە دێتە دی؟

هەمان بیرۆکەی دژ بەیەکەکان ئەمجارەیان لە یەکەی خودو بەرامبەرەکەی لە وێنەیەکی جیاوازو نوێدا لە هۆنراوەی (لۆکە)دا بەرجەستە دەبێت، بە شێوەیەکی خەستو چڕ ئەو ململانێیە لەنێوان شەڕ و ئاشتی، کەللە ڕەقی و هەڵەشەیی لە لایەکی ترەوە سەر هەڵدەدات:

**((تۆ هەمیشە شمشێرێکت بە دەستەوەیە**
**نیازت وایە سەرم ببڕی**
**منیش لۆکە**

**تۆ ئەزانی کە شمشێرەکەت ئەوەشێنیٚ**
**بوون و ڕەنگی منی لۆکە**
**ئەوەندەی تر گەورەترو جوانتر ئەکەی))** (١٨)

ورووژاندنی ئەم بیرۆکەیە فەلسەفەی ژیان دەردەبڕێت کە هەرگیز جەلاد ناتوانیٚ ڕاستی سەر ببڕیٚو بە زەبری شمشێر خۆی بسەپێنیٚ، وەك ئەوە وایە کە لۆکەی نەرمو نیان بیوەشێنیٚ لە جیاتی ئەوەی پەرشو بلاّوی بکاتەوە زیاتر گەشەی پیٚ دەداتو قەبەتری دەکات، ((بلیك وەك زۆرترین شاعیرانی ڕۆمانسی ئەو هەستە قووڵەی یاوەری شیعرە بۆ سیستەمی ڕاستی دەگەڕێنێتەوە کە لەسەر بوونی ماتریالیدا بالاّ دەبیٚ)) (١٩).

بەلاّم ئەوەی ئەم کۆپلّەیە لە وێنەی پێشوو جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دوو جەمسەرو ڕەگەزی ناکۆكو جیا ناگەن بەیەك و یەکتر ڕەت دەکەنەوە، واتە دژی دژ بە پێی چەمکی ماتریالیزمی دایلێکتیك.

شیعری (هاوکێشە) پێشبینیی شاعیر دەردەخات کە چۆن ژەهر دەکرێتە هەنگوینو ئاسنی ژەنگاوی دەکرێتە زێڕ - هەرچەندە خودی زێڕیش بەلای وتاری هۆنراوەکەوە خۆی لە خۆیدا پووچەڵەو مایەی پووچەڵیشە - سەدامێکی فاشی دەکرێتە (زێڕە زێڕە) ئەو حالّەتە شاعیر پالّ دەنیٚ کە لە ناخەوە ڕقی لە زێڕ ببێتەوە کە کوشتەی جوانی و خۆشەویستیی بێگەردە، هەرچی هێماو پیاوەتی و جوامێری هەیە دەخاتە ژێر پیٚو بۆیە مافی خۆیەتی کە دەمامك لە ڕووی زێڕ پەرستان هەڵمالیٚ و ڕاستییە شاراوەکان دەربخاتو گرێی دلّی خۆی بکاتەوەو داخی دەروونی دەربڕیٚو نەفرەت لە زێڕ بکاتو بلّیٚ:

**((یەك مسقالّ سەد پلە عەقلّ دێنێتە خوارەوە**
**لەو کاتەشەوە خۆشەویستەکەم**
**بۆ دە مسقالّ ئالّتوون**
**پەتی سێدارەیی بۆ خۆشەویستی و**
**هێلانەی سیٚ بالّندەی جوان هەڵخست**
**من ڕەنگ و ڕوخساری ئالّتوونم**
**لا بوو بە ڕەشیی بنی مەنجەلّ و**

گەڕامەوە بۆ مێژووی بابە گەورەکانمان)) [٢٠]

ئیتر ئەم جەنگە لەو مێژووە دێرینەوە هەتا ئێستا بەردەوامەو تەنێکی بە ڕواڵەت بریقەدارو بە ناوەڕۆك پووچەڵ، ڕۆحی پڕ بایەخو خۆشەویستی لە تاكو كۆمەڵ دەژاكێنی و لانە ئارامو گەرمەكانی ئاواتی زارۆڵەو پاسارییەكان دەڕووخێنێ.

لە هۆنراوەی (ژەنگی زەمەن)دا، دووركەوتنەوەو ترازانی زەمەن، ژەنگێك دروست دەكات زنجیرەی بەردەوامی زەمەن دەپسێنێو كەلێنێكی نەبینراو دەخاتە ڕەوتی ژیانەوە، مەترسی لەوە دەكرێ ڕەشەبای ئەم ژەنگە ڕووە سادەو بێگەردە نەژاكاوەكان بگرێتەوەو تەمەنو دیدی جوانی منداڵیمان ڕامالێو لە دەستمان بدات.

گەرچی لە بۆچوونی پێشكەوتنخوازانەدا ڕەوتی زەمەنو كۆمەڵ بەرەوپێش دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا كە ئەم بۆچوونە خۆی لە خۆیدا جێگەی گفتوگۆ لەسەركردنە، كەچی لە جیهانی دەروونو دیدی خوددا بە پێچەوانەوە ڕەوتی زەمەن گەردەلوولەو تەپوتۆپی ژەنگمان بۆ دێنێ:

**بە تایبەتی ئەگەر لە ئازیزانمان بپچڕێنێ:**
**چۆن ئەم زەمەنە ڕادەوەستێنم**
**تا نەهێڵم ژەنگی ڕۆژانی دووری**
**لەسەر ڕەنگی منداڵیتان بنیشێ "))** [٢١]

شاعیر لە خەمی ئەوەدایە كە ئێستا زەمەنی پچڕانو دووری بەردەوامەو پرسیار دەكات كە چۆن بتوانیت ئەو زەمەنە ڕابگرێ كە ژەنگ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێو ئاشكراشە یەكێ لەو واتایانەی ڕاوەستانی زەمەن دەگەیەنێت نەمرییەو دەقیش چەند واتایەكی شاراوە دەگرێتە خۆی و ((وەستان لەسەر سروشتی دەقو شیكردنەوەی بەر لە هەموو شتێك ئەركی توێژەرە، پاشان زیانی تێدا نییە ئەگەر دیتی ڕا پێویست دەكات كە دەقەكە بەرەوشی كۆمەڵایەتی، دەروونی شاعیرو بارودۆخی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بوەستێتەوە كە دەقەكە تێیدا لە دایك بووە)) [٢٢].

كانی شیعر لای شاعیر تەقینەوەی قەریحە ی سۆزو شیعر لە قووڵایی نیشتمانی دڵەوە سنووری خۆی دەكێشێو لە چوارلاوە سۆزی دایەگەورەو خۆشەویستی دایكو عەشقی خانمێكو خولیای كچەكانی كە هەریەكەیان بە پێی پلەی بوونیان لای شاعیر، چوار جۆگەی بە خوڕن تێكەڵی یەك دەبنو دەریای شیعر پێك دێنن.

ئـافرەتیش لـەو دەریایـەدا سەرچـاوە دەگـرێ، هـەر هەمووشـیان لـەو خۆشەویسـتییەدا هەڵقولاون کە مرۆڤ هەست بە جوانییەکی بێ هاوتا دەکات، ئەو چـوارلایەی شـاعیر سـەیریان دەکاتو دەستنیشانیان دەکات پێوەنـدییان بـە ڕابـردووو ئێسـتاوە هەیـە، تەنانـەت نـەنكو دایکیش کە پێوەندییان بە ئێستاوە نییە، بەڵام لە مێشکی شاعیردا زیندوون، بەگیان نەك بـە جەستە، لەم ڕووەوە ڕەخنەگر ئەی. سی. برادلێ ﺁ.ﺃ. ﺁﻮﻣﺪﻫ كـە كـەس نـاتوانێ گومـان لـە ئارەزووە زێدە ڕۆیەکەی لە نوێخوازیدا بکات، دەڵێ: ((ئەگەر ویستمان هۆنراوە شتێکی مـەزن بێ، دەبێ تەعبیر لە شتێکی زیندوو لە مێشکەوە بکات کە لێوەی دەردەچێو ئەو مێشکانەی وەری دەگرنو جەستەی هەرشتێ بێ دەبێ گیانەکەی بێت)) (٢٣).

خوێندنەوەو سەرنجدان لە هۆنراوەی (دوو بزربوون) بەرەو ئەزموونێکی ترمان دەبات:

**((مامە پیرە ڕوو لە زەوی**  
**دەست بە گۆچان وا بەڕێوە**  
**لێیان پرسی: چیت لێ ونە !**  
**ئەویش وتی:**  
**بە شوێن تەمەنی ڕۆییوا**  
**پشت چەماوە**  
**هەمیشە چاوم لە پێمە**  
**منیش ئێستا ڕوو لە ئاسمان**  
**چاوەکانم لەمێژەوە**  
**بە شوێن خۆشەویستیی هەڵفڕیوا**  
**ترووکەی باڵی پیلوویان**  
**گەڕۆکێکی شەیدای وێڵە))** (٢٤)

دوو تەمەنی لێك جیاو دوو ئەزموون یەکەمیان دەزانی چۆن هەنگاو دەنێو چۆن بەر پێی خـۆی دەبینێ، ئەوی تر بەرز دەڕوانی و بە دوای خۆشەویستی لـە دەستچـوودا وێڵـە، ئـەم پـەی پێبردنـە هەستەوەرییەی شاعیر، هەستکردنە بە زەمەنێکی هاتنە خوارەوە زەمەنێکی هەڵکشـاو. ئەمـەش: ((پرۆسەی بنەڕەتیی دەروونە، یان عەقڵە، ئەگەر ئێمـە هۆشـیارییەکی ڕوونمـان نـەبێ بـەوەی ئـەم پرۆسەیە بە خۆوەی دەگرێ، کەواتە سەرجەمی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژیمان ساختەیە)). (٢٥)

ئەم وێنە شیعرییەی تەژی هەستو سۆز، پێوەندیی بە بۆچوونی شاعیرەوە هەیە کە درکەی بەکارهێناوەو ئەم جۆرە شێوازەش توانای شاعیر دەردەخات وەك هربرت رید دەڵێ:(پێویستە لەسەرمان هەردەم ئامادە بین بۆ بڕیاردان لەسەر شاعیر بەهێزی درکە و ڕەسەنییەکە لە شیعرەکەیدا)). (٢٦)

شاعیر لە هۆنراوەی (دیدارێکی بێ کۆتایی) دا نیگەرانەو لە بارێکی دەروونی تایبەتدایە، هەرچەندە کۆتاییی دیدارە بەڵام بێ کۆتایی و بەردەوامە لە ناخی شاعیردا.

**((دوا دیدارمان**
**بەچاندنی نەمامێکی خەفەت کۆتاییی هات**
**لەو ساتەوە ژیانی من ئاوی ئەدات**
**داری خەفەت**
**هەموو ساڵێ بەبار فرمێسکم بۆ ئەگری**
**ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە ئەبێ**
**بەشێوەیەك خۆشم نازانم**
**ڕەگ و ڕیشەو لقو پۆپی**
**لە جەستەما لە ڕۆحما**
**بۆ کوێ ئەچێ؟)) (٢٧)**

لەم شیعرەدا وەك بڵێی شاعیر مەحوی ئاساکە بۆ مەولانا دەڵێ:

**((لە شینی فیرقەتی ئەودا ئەوەندە ئەشکی سوورم ڕێشت**
**بە دەوری جێگەما تا بڕ دەکاتن دیدە، گوڵزارە**
**..........................................................**
**نەمامی قامەتی پەروەردەی ئاوی دیدەکەی من بوو**
**کەچی گوڵچینی باغی وەصڵی ئەو ئێستاکە ئەغیارە)) (٢٨)**

هەر بۆیە لە خۆشەویست دابڕان زۆر بارێکی گرانە لەسەر دەروونو هەست بەخەمو

شۆكێكی هەتا هەتایی دەكات و یادگارەكان هەرگیزاو هەرگیز لە دیدە بزر نابن‌و بەڵكو لەگەڵ ڕەوتی زەمەندا زیاتر شۆڕدەبنەوە بەرەو ناخ.شاعیر ئەوەنـدە جـەخت لەسـەر مـەرگی دایكـی دەكات تا ڕادەیەك دونیای ڕۆشن لەبەر چاوی تاریكەو ئەم حاڵەتەی شاعیر وەك ئەو گەشـتەیە (كە فرۆید وەسفی دەكات لەگەڵ برادەرێك‌و شاعیرێك كە نـاوی شـاعیرەكەو كەسـایەتییەكەی ناهێنێ كە جوانیی دیمەنكـە شـاعیری سەرسـام كـرد، بـەڵام هەسـتی بـە دڵشـادی نـەكرد، بیرۆكەیەك نیگەرانی كرد ئەویش ئەوەبوو كە ئەو جوانییە مردنی لێ دەكەوێتەوە)) [29] لێرەدا مەرگی دایكی ئەوەندە هەژاندوویەتی و هەمیشە بیری لێ دەكاتەوە كە هـەرگیز لـە دەروون‌و مێشكیدا ون نابێ بۆیە دەڵێ:

**((تاوانبارم مەكە بە ڕەشبینی**
**پێم مەڵێ: خەیاڵت**
**بۆ هەموو ساتێ بەرەو یادی كۆن**
**ئەفڕێ؟**
**كە من زەمەنێ دەنگی دایكمی**
**تیا نەبێ**
**شوێنێك جێی پێی ئەوی**
**پێوە نەبێ**
**فەرشی ڕووداوی نەخشی چینی**
**دەستی ئەو نەبێ**
**ئیتر چۆن دنیا لە ڕووما**
**تاریك نەبێ؟ !!))** [30]

ئەم هەڵوێستەش بەرامبەر بە دایك‌و هەموو ئەو كەسـانەی كۆچـیان كـردووەو بەرامبـەر ئەوانەی لە ژیاندان دڵسۆزییەو ئەمەكدارییە چونكە (بەڕاستی سەرچاوەیەكە لە سەرچاوەكانی پیت‌و بیر كە پیاو ئەم هەڵوێسـتەی هـەبێت بـۆ هـەموو زینـدووان‌و مـردووان، لـەم كاتـەدا هۆنراوەی باش دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ هەموو شاعیرێك)). [31]

ئەگەر بڵێم ئەم خەمەی دوای كۆچی دوایی دایكی بووەتـە هـەوێنێك‌و لـە زۆر هـۆنراوەدا

دەڵەمە دەبێت بە هەڵەدا ناچم، چونکە مەرگەکە ئەوەندە سەری کردووەو کاری تێ کردووە کە ناتوانی بە شیعر نەبێ ڕووبەڕووی بێتەوە، شیعریش کە مەرگێك دەکاتە نەمری و جاویدانی لە مەرگ بەهێزترە.

لە شیعری (دەنگ)دا:

**کاتێ ئەناڵێنم ئەڵێم: ئا**
**ساتێ بانگم ئەکەی ئەڵێم: ئا**
**نازانم چۆن ناڵەی منو دەنگی تۆ**
**بوون بە نووری یەك چرا**

***

**کاتێ ئەناڵێنێ ئەڵێی: ئا**
**کاتێ بانگت ئەکەم ئەڵێی: نا**
**نازانم بۆ بانگی منو تۆ**
**بوون بە دوو کێشوەری جیا**

ناکۆکی نێوان دوو جەمسەر دەردەبڕێ، دوو هاوکێشەی جیاواز لە (ئا، نا) دروست دەکات لەسەر هێڵی دیالەتێکی یەکەی بوونو جیابوونەوەی بە دوو لە نێوان (منو تۆ)دا.

**ئەناڵێنمو بانگم دەکەی + ئا = ڕووناکی یەك چرا**
**ئەناڵێنیو بانگت دەکەم + نا = دوو کێشوەری جیا**

ناڵینی منو تۆ تەوەرێکی ویژدانیی هاوبەش لە نێوانیاندا دەخولقێنێ کە دەبێتە ڕووناکیی یەك چرا، واتە ئێشو ئازار دەیانکاتە یەك جەستەو گیان، چرایەك کە تاریکی ڕادەماڵێ، کەچی ناڵینی ئەو بانگکردنی و وەڵامدانەوەی بە (نا) حاڵەتی واق وڕمان لای شاعیر دروست دەکات بۆچی ببێ بە دوو کێشوەری جیا؟! وا دیارە لە ناخەوە هەست بە ناڵینی بەرامبەرەکەی دەکات، کەچی ئەو هەمان هەڵوێستی نییەو خۆپەرستە، بۆیە لە کێشەی

یەکەمدا ناڵینی هەردوو وەڵامدانەوەو بانگکردنەکەیان بە (ئا) تەبایی دروست دەکات، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا ناڵینی و بانگکردنی و وەڵامدانەوەی بە نا هی بەرامبەر بە (نا) ئەو ناکۆکییەی دەربڕی وەك دوو کێشوەری جیا.

جوانیی نیشتمان لای شاعیر ئەوەندە بەرزو باڵایە، کە هیچ نیشتمانێ لە جیهاندا ناگاتە ئاستەکەی.

**((ئاوی دنیا هەمووی یەکە**
**خاکی دنیا هەمووی یەکە**
**هەوای دنیا هەمووی یەکە**
**ئاگری دنیا هەمووی یەکە**
**بەڵام هیچی ناگاتە تۆ**
**ئاوو خاك و**
**ئاگرو هەوای**
**نیشتمانم))** (٣٢)

ڕەسوڵ هەمزاتۆڤ لە (داغستانی من)دا دەڵێ: ((دونیا لە ئاگردانەکەی ئێمەدا دەست پێ دەکات))، ئەم وەسفی شاعیریش بۆ کوردستان لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە هاتووە کە شاعیری جووڵاندووەو سۆزی وروژاندووە ((خۆشەویستی وەك خۆشەویستیی فیرتەر گیان دەکاتەوە بۆ سۆزو چێژی ئەوەی کە جوانە لە ژێر هەر شتێ کە خۆی بۆ پێشکێش دەکات، هەرچییەك بێ)). (٣٣)

لە ڕاستیدا شیعرەکانی ناو (چنینەوە) ئەوەندە زۆرو چڕن کە ناکرێ هەڵوەستە لەسەر هەموویان بکرێ، بۆیە دوا شیعر کە ئاوڕی لێ دەدەمەوە هۆنراوەی (نامەیەك بۆ دیلان) ی شاعیرە کە شاعیر لە کۆپلەیەکیدا دەڵێ:

**ئەو کانییەی ژنێك تێی ئەچێو ژنێك دێتە دەر**
**قەومی لووت تیایا ئەگەوزێ**
**ئەبێ چی بێ**

گڕی چاوی چاو چنۆکان
ئالآوەتە پرچی سونبول؟
دەستی نامۆی کەس نەدیوان
چەقیوەتە چاوی چاوکاڵ
ئەبێ چی بێ
ڕۆژگارێکە و
پۆستاڵ بە پشتی من فێرە؟
نەوەی ئەمڕۆم زادەی خۆفرۆشی وێڵە
لەو ڕۆژەوەی برای خۆمم کوشت
پەڕەی مێژووم
یەك بە یەکی وشەو مانای
هەموو لێڵە)) (٣٤)

شاعیر (دیلان) ی شاعیر دەکاتە ماسكو لەرێگای ئەوەوە هەستی خۆی دەربڕیوە و ڕووناکیی خستووەتە سەر بارە ناهەموارو دزێوەکەو پەردە لەسەر ڕووە شاراوەکان هەڵدەداتەوە، ئەو وێنەیەی کێشاویەتی تەعبیر لە خودی خۆیو واقیعی میللەت دەکات ((وێنە، یان شێوە بڕیاری شتەکان لەسەر بنچینەی بزافی ناوەڕۆکەکەیەتی، ئەو کارلێکە ناوخۆییەی کە تیایەتی یان لە چوارچێوەیدا پێوەندیی لەگەڵ فاکتەرە هەمە جۆرەکان کە کاریگەرییان هەیە یان کاری تێ دەکەن دەجوولێن، هۆنراوە بۆ نموونە دەکەوێتە ژێر حاڵەتی دەروونیی شاعیر یان سۆزداری و ڕۆشنبیری و میزاجو هەستە زمانەوانییەکەی بیروباوەڕی شێوازی بیرکردنەوەی)) (٣٥)

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم نووسینەم تەنیا ئاوڕدانەوەیەکە لە کۆمەڵە شیعری (چنینەوە) دەکرا زیاتر لەسەر سەرجەمی، یان بەشێکی بوەستم، بەڵام لەم کاتەدا با ئەمە بەس بێتو هیوادارم تا ڕادەیەك توانیبێتم ڕووناکیم خستبێتە سەر لایەنێكو لە جیهانی خودی شاعیرو هەروەها دەڵێم کە زۆر لایەنی دی لە دووتوێی ئەم دیوانەدا هەیەو دەتوانرێ لەسەریان بنووسرێتو ئەم کارە بەجێ دێڵم بۆ ڕەخنەگرانی تر بۆ مێژوو.

**پەراوێزەکان:**

(*) چنینەوە، کۆشیعرێکی (د. لەتیف محەمەد حەسەن)ە کە (٢٨٤) هۆنراوە لـەخۆ دەگـرێ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپو بڵاوکردنـەوەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری چـاپی کردوە، ٢٠٠٩.

(١) كشف المضامين البرجوازية في الشعر، محسن الموسوي، مطبعة دار السلام بغـداد ١٩٧٢، ل ٣٦.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٣٦

(٣) چنینەوە، شیعر، دکتۆر لەتیف محەمەد حەسەن، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هـەولێر، ٢٠٠٩ ل ١١.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٢.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل.١٢

(٧) جماليات المكان، جاستون باشلار، تغالب هلسا، ل٢١.

(٨) چنینەوە، ل٢٢.

(٩) هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

(١٠) نظرية الأدب، مجموعة من الكتاب، الدكتور جميل نصيف التكريتي، دار الرشيد للنشـر، بغداد ١٩٨٠، ل ٤٠٠.

(١١) النقد الأدبي الحديث، الدكتور محمد غنيمي هلال، الدار العودة - بيروت ١٩٨٧، ل ٣٨٠.

(١٢) چنینەوە، ل٢٧.

(١٣) هەمان سەرچاوە ل٣١.

(١٤) هەمان سەرچاوە ل٢٥.

(١٥) مذكرات بابلو نيرودا، أعترف بأنني عشت، ت: الدكتور محمد صـبيح، المؤسسـة العربيـة للدراسة و النشر ص ١٣٦.

(١٦) چنينەوە، ل٤١.
(١٧) هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.
(١٨) هەمان سەرچاوە، ل٤٥.
(١٩) صناعة الأدب، بعض مبادئ النقد في ضوء نظريات النقد القديمة والحديثة، تأليف: ر. أ. سكوس جيمس، ت: هاشم الهنداوي، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد ل١٧٥.
(٢٠) چنينەوە، ل ٥.
(٢١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.
(٢٢) بڕوانه النقد التطبيقي التعليمي، د. عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافية العامة، وزارة الأعلام.
(٢٣) الصورة الشعرية، سي، دي لويس، ت أحمد نصيف الجناني، ومالك ميصري، وسلمان حسن إبراهيم، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٢ ل ١١٢
(٢٤) چنينەوە، ل ٧٤.
(٢٥) ترجمة الذوق الفني، هربرت ريد، ت يوسف ميخائيل أسعد بغداد ١٩٧٥ ل ٦٧
(٢٦) الصورة الشعرية، ل ٢٠.
(٢٧) چنينەوە، ل ٧٨.
(٢٨) ديوانی مەحوی، لێکدانەوەو کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، چاپی دووەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد ساڵی ١٩٨٤، ل ٤٦٢ - ٤٦٣.
(٢٩) قوة الشعر، جيمس فتن، ت الدكتور محمد درويش، وزارة الثقافة بغداد ٢٠٠٤، ل ١١٣.
(٣٠) چنينەوە، ل ٨٢.
(٣١) قوه الشعر، ل ٢٩.
(٣٢) چنينەوە، ل ٢٤٥.
(٣٣) ستندال، مجموعة من المقالات النقدية، تحرير فيكتور برومير، ت: نجيب المانع، دار الرشيد للنشر، بغداد، ل ٢٠١.
(٣٤) چنينەوە، ل ٣٩٠.

(٣٥) دراسات نقدية، ل ٧١.

# شاعیرێکی شۆڕشگێڕ لە ڕوانگەی ئاینییەوە

**بەرایی:**

مەبەستم لە وشەی شۆڕشو شۆڕشگێڕی شێوازی توندوتیژو خوێناوی نییە بۆ گۆڕانی واقیعی بونیادی کۆمەڵ، بەڵکو شۆڕشێکی سپییە لە ڕێگای چاکسازی و گەیاندنی پەیامی ڕاستی و ڕووناکی و چارەسەرکردنی کەموکووڕی و ناتەواوی و لادان لە ڕەوتی ڕاست و ڕەوانی ئاینی و گومڕاکردنی خەڵکی سادەو نەزانە لە ژێر پەردەی ئاینی. واتە بەرپاکردنی ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتیی گشتی.

مەحویی شاعیر، یەکێکە لەو سەرکردە چاکسازە هزرڤانە شۆڕشگێڕانە کە شیعرەکانی بەڵگەو گەواو شایەتن کە چ کارتێکردن و ڕەنگدانەوەیەکیان لە ڕێنماییکردنی خەڵکی کوردستاندا بینیوەو ویستوویەتی شۆڕش لەسەر ئەو واقیعە ستەمکارە بکات و، میللەتە چەوساوە دواکەوتووەکەی هەنگاو بەرەو ئاسۆیەکی گەش و ڕووناك هەڵێنێ‌و تۆزو گەردی تاریکی و نەزانی و گومڕایی لە جەستەی خۆیدا بتەکێنێ.

لەم ڕوانگەیەوە من (مەحوی) بە خاوەن پەیامێکی پیرۆز لە قەڵەم دەدەم کە لە سەردەمی خۆیدا وێڕای زاڵبوونی عەقڵییەتی ویشكو داخراوو تەنگەبەر، بەفراوانیی عەقڵ‌و بوێری پتەوی بیروباوەڕ، ئازادی پاکیی و ویژدان بەگژ ئەو ڕەوشە نالەبارەدا بچێتەوە کە نەتەوەی کورد لە ژێر حوکمی دەسەڵاتی عوسمانیدا دەینالاند، ئەوە لە کاتێکدا ئەو دەسەڵاتەی دوژمن بە ویستی گەلەکەمان کە میرنشینی بابانی لەناوبرد، بە هەموو شێوازو شێوەیەك پشتگیریی لە ژیان و ڕێبازی دەروێشی و برەو پێدانی بیروباوەڕی پڕوپووچ‌و گەندەڵ دەکرد، هەڵبەت لەو سەردەمەدا بانگەشەی چاکسازی و نوێکردنەوە لە ئاینندا ئەرکێکی ئەوەندە ساناو بێ گیروگرفت‌و سەر ئێشە نەبوو، بەڵام وێڕای ئەمەش مەحوی وەك شۆڕشگێڕێك پەردەی لە ڕووی ئەو جەردەو ڕێگرانە هەڵدەدایەوە کە ئاینیان دەشێواندو بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان دەهێنا. بۆ نموونە دەڵێ:

**شێخی هەمەوەندێکی دەدا پەندو نەصیحەت**
**ئەو قوڕ بە سەرەی دابووە بەر فەحش و صیحەت**
**خۆش هاتە جەواب‌و وتی: تۆ حەقتە فەقەگ من**
**قوگگاعی گەریقم، نەکو قوگگاعی گەریقەت.** (١)

## کوردایەتی و شۆڕشگێڕیی مەحوی:

لە نووسەرێکی ناسراوی سۆڤیەتی پێشوویان پرسی، ئایا ئێوە ئەدەبی نەتەوەییتان هەیە؟ لە وەڵامدا وتی: نووسینی بە زمانی نەتەوە، ئەدەبێکی قەومییە، کە شاعیرێکی متەسەوفی وەك مەحوی شیعر بە زمانی کوردی دەنووسێ و دیوانێکی تەواوی بە زمانی کوردی هەیە، کەواتە بەهەستێکی کوردانە کارەکەی ئەنجام داوە کە دەڵێ:

**کوردی زوبانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بە گوڵ**
**بۆ فارسی، بە کوللی، ئەمن دەبمە بێ وەفا**
**دووری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانە جۆ**
**هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشێ بە (بوالوفا)** (٢)

لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا زۆربەی پیاوانی ئاینی، نووسینەکانیان بە فارسی و عەرەبی بوو، حاجی قادری کۆیی ١٨١٥ - ١٨٩٢ لە هۆنراوەی (کوردێکی کۆیی کەوتە بەرچاوم) وا بەرپەرچی ئەو کابرایە دەداتەوە کە حەزی کردووە کاکە ئەحمەدی شێخ مەعرووفی نۆدەهی ئامۆژگاری و ڕێنماییی موسڵمانانی کورد و ڕاڤەکردن‌و لێکدانەوەی شەرع‌و قورئان بە زمانی فارسی و عەرەبی بکات نەك بە کوردی، حاجی چۆن ڕووبەڕووی دەبێتەوە گیانی کوردایەتییەکەی دێتە جۆش‌و خرۆش کە کوردە کۆییەکە دەڵێ:

**کەس نەماوە بەغەیری کاك ئەحمەد**
**شەیخ مەعرووف عالیمی ئەرشەد**
**چاکە ئێستا دەکا لە بۆ کوردان**
**تەرجەمەی شەرع‌و ئایەتی قورئان**

**واقعــــا خزمـــــەتی لــــەبۆ خودایــــە**
**چ دەبـــوو گـــەر بـــە كـــوردی نەبووایـــە**

حاجی لێی دێتە وەڵام پێی دەڵێ:

**هەركە وای گوت وەها موكەددەر بووم**
**وام دەزانی كەوا لە دین دەرچووم**
**گوتم ئێستاش لەسەر كەری ماوی**
**چابوو مستم نەدا لەنێو چاوی**
**كوردی ئاخر بڵێ چییە عەیبی**
**هەر كەلامی حەقە، نییە عەیبی**
**یا لەگەڵ فارسی چ فەرقی هەیە**
**بۆچی ئەو ڕاستە بۆچی ئەم كەمی نییە** [٣]

كە زمان، دیارترین‌و بەرچاوترین ڕەگەزی پێكهاتـەكانی نەتـەوەبێ‌و مـەحوی بـەم جـۆرە شانازیی بە زمانە كوردییەكەی بكات، ئەی گەر كوردایەتی بەم شێوەیە نەبێ، دەبی چۆن بێ، ئەوە لە كاتێكدا كاكە حەمەی مەلا كـەریم لـە بـەراوردی نێـوان نـالی‌و مەحویـدا لـە ڕووی كوردایەتییەوە بۆچوونێكی تایبەتی هەیە كە دەڵێ: (ڕاستەكەی لە مەیـدانی كوردایەتیشـدا، كوردایەتییەكەی مەحوی ئەوەی لەباردا نییە شان لە شانی كوردایەتیی یـەكێكی وەك نـالی و بەڵكو سالمیش بدا كە هیچ نەبێ لەبەر دواكەوتنی سەردەمی ئەم دەركەوتنی ڕاستیی پتر بۆی، دەبـوو ئەگـەر لـەوان پێشـیش نەكەوتایـە هـیچ نـەبێ بگاتـە ڕادەی پلـەیان، جووتـە چـوار خشتەكییەكەشی كە هەستی كوردایەتیی خۆی تیایاندا دەربڕیوە تەنها دەسـتە چـیلەیەكن لـە ئاگری بەتینی كوردایەتی و هەستی نەتەوە پەرستنیی نالی وەرگـیراون، بـە تێكـڕای دیـوانی مەحوی پارچە شیعرێكی وای تیا نییە كە چ لە مەیدانی ناسینەوەی دوژمنانی گەلی كوردو چ لە مەیدانی گیانی كوردایەتیدا بە قولە پێی (قوربانی تۆزی ڕێگاتم...) ەكەی نالیدا بگاتەوە) [٤] بـەلای منـەوە ئـەم بۆچـوونە كەمكردنەوەیـە لـە ئاسـتی كوردایەتییەكـەی مـەحوی و لاسەنگبوونی تەرازووەكەیەتی لە ئاستی نالیدا، ئەوا لە كاتێكدا هەریەك لەم دوو شاعیرە لـە

ڕەوش‌و چوارچێوەیەکی جیادا ژیاون، قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگاتم) لە ڕاستیدا گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی میرنشینی بابانییەکان‌و نالیش وەك شاعیرێکی دەسەڵاتخواز و لایەنگریی خۆی بۆ سەردەمی بابانەکان دەردەبڕی و ڕێ چوونی خراپتربوونی باری ژیانیش بۆ سەردەمی ڕۆمییەکان دادەنێ و (مامۆستا حەمە ئەم لایەنگری) یە دەبەستێت بە ((نیشتمانپەروەرییەوە، بێگومان ئەمانە دوو چەمکی جیاوازن‌و پێویستە لە بەکارهێناندا بە دیقەت بەکارببرێ، ڕێی تێدەچێت لە قۆناغی ژیانی گەلێکدا لایەنگیریی فەرمانڕەوایی ئەو گەلە نیشانەی نیشتمانپەروەریی بێت، بەڵام ئەمە ڕێسا نییە... ئەو لایەنگیرییە بەلای ئێمەوە بریتییە لە (چارەنووس) بەستنەوە بەو ڕۆژگارەوە کە بابانییەکان فەرمانڕەواییان دەکرد و ئەویش نالی ناچار کردووە چارەنووسی خۆی بە شێوەیەکی ڕەها بەو ڕۆژگارەی حوکمەوە ببەستێتەوە، بریتییە لەو سیستەمی پەروەردە سیاسییەی دەسەڵاتدارانی بابانییەکان بۆ ئیحتواکردنی عەقلیەتی سەردەم) [٥].

من وا بۆی دەچم کە جیاوازییەکی تەواو لەنێوان نالی و مەحویدا هەیە، نالی وەك شاعیرێکی میری شاعیرانی ئەو سەردەمەی دەرباری پاشایەت، کە پلەو پایەکی تایبەت‌و باڵای لای سلێمان پاشای بابان‌و ئەحمەد پاشای کوڕی هەبووە و، مەحوی وەك شاعیرێکی متەسەووفی باڵای سەردەمی خۆی کە خەلیفەی شێخ بەهائەدینی کوڕی شێخ عوسمان بووەو خەریکی دەرس گوتنەوەی زانیارییە ئاینییەکانی ئەو کاتە ڕێنماییکردنی خەڵك بووە لە دونیای تەسەووفدا، خۆی بە هیچ جۆرە حوکمێکیەوە نەبەستووەتەوە، ئازادانە بیری کردووەتەوە، نازو نیعمەتی هیچ کاربەدەستێکی پێ نەبەخشراوە، بەڵکو مرۆڤێکی یاخی و شۆڕشگێڕ و نەفس بەرز بووە. کە ستایشی سوڵتان عەبدولحەمیدی کردووە، بارودۆخی ئەو سەردەمە جووڵاندوویەتی چونکە ((لە سەردەمی مەحویدا هەستێکی موسڵمانەتی، وەك شێوەیەکی، بەرەبەرەکانێی ئیمپریالیزم، جیهانی موسڵمانانی گرتبۆوەو کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی ئیسلام بەو ڕێگایەدا دەچوون، سەرچاوەی ئەم هەستە لە سەرێکەوە سەدای خەبات لە دژی ئیمپریالیزمی تازە هاتوو و، سەرکێشی لە هاندانی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە بوو کە ئاڵای (پان ئیسلامیزمی بەرز کردبوەوە ئەم هەستە تێکڕا هەستێکی پیشکەوتنخوازانە بووە، چونکە یەکێك بووە لە ڕێبازەکانی خەبات بۆ پاراستنی سەربەخۆیی وڵاتە ئیسلامەکان لە هێرش‌و دەستدرێژیی ئیمپریالیزم کە چ لە ڕووی سوپایی و چ لە ڕووی ئابوورییەوە ڕووی کردبووە وڵاتە موسڵمانەکان، مەحوی ئەم هەستەی بە ئاشکرا تێدا دیارەو لەو مەیدانەدا لە ڕۆشنبیرە موسڵمانەکانی سەردەمی خۆی دوانەکەوتووە)).

هەرچەندە مەحوی لە دنیای تەسەووفدا شاسوار بووە، بەڵام ئـەوە مانـای ئـەوە نییـە لـە خەڵوەت دەرنەچووەو ئاگای لە ڕووداوەکانی دنیا نەبووە، بەڵکو بە پێچـەوانەی دژی نەخشـەو پیلانو داونانەوەی دەوڵەتەکانی ئیمپریالی بووە، کە ویستوویانە گۆڕانکاری چاکسازی نـەکرێ و یەکێتیی موسڵمانان تێك بدەن، لە هەمان کاتدا کە دیویەتی میللەتەکەی دووچـاری زوڵـمو ستەمی حاکمانی تورك بووە، ویستوویەتی لە وڵات سەری خۆی هەڵبگرێو بە جێـی بهێڵـێ، بەڵام خۆڕاگرتنو مانــەوەی و بەرەبــەرەکانێکردنی بـارودۆخی نالـەباری کۆمەڵایـەتی، جـۆرە شۆڕشگێڕییەکی پێ ڕەوا دەبینن، کـە نـالی نـەیتوانیوە خـۆی لەبـەریان بگـرێ بـەرەو شـام ڕەونەکات.

مەحوی ویستوویەتی ئاین بکاتــە مەبەسـتێکی کۆمەڵایـەتی و خـەبات دژی دواکـەوتنی زوڵمو زۆرداری بە ئـەرکێکی ئـاینی، بۆیـە هـەوڵی نوێکردنـەوەی بیروبـاوەڕی موسـڵمانان و ڕاستکردنەوەی کار و ڕەفتاری چەوتو چەوێڵی داوە و، ئەوانەی ڕیسوا دەکـرد کـە لـە پشـت دینەوە خۆیان حەشاردابوو، شـتی ئـەوتۆیان خسـتبووە پـاڵ کـە دوور بـوو لـە ڕۆحییـەتی و ئوسووڵەکانی. کە لە ڕێگای نموونەی شیعرەکانییەوە ڕووناکییان دەخەینە سەر.

## مەحویی چاکساز و ڕابەری کۆمەڵایەتی:

هەرچەندە مەحوی خۆی شاعیرێکی سۆفی و لە خوا نزیك بووە و، پشتی لە دنیا کردووە و، بەڵام هەمیشە بەرهەڵستکاری ئەم کەسانەی کردووە کە خوا پەرستییەکەیان تەنیا بە ڕواڵەتەو لە کڕۆکەکەی نەگەیشتوون کاری ڕیشو قژ درێژکردن بە لادان لە ئاین لە قەڵەم دەداتو دەڵێ:

**ڕیشێکی پان و تووکی بناگوێ درێژو لوول**
**صوفی لە دینی لادە بە دیمەن لە جوو دەکا (٧)**

لە ڕۆژگارێکی ناهەمواردا، کە پارەو پوول سـەروەر بـێ، دنیـا پشـتت تـێ بکـات، کـە بەرژەوەندیی خودی لە جیاتیی خزمو کەسوکار بێو مرۆڤو هەژارو نـەداربێ، چـارەش چـەكو دەسەڵات بێ، دەبێ مەحوی ئەم واقیعە چۆن هەڵسەنگێنی ئەوە نەبێ کە بڵێ:

**گەر تۆ لە دنیا بەری بووی، قەومو خۆیشت لێ بەرین**
**ئەگەر بەراتی بوو، هەموو عالەم بابو برات** (٨)

مەحوی لە شاعیرێکی عەرەب کە باسی بێ پارەو پوولی دەکات چووەتە ناو واقیعەکە، هەرچەندە هەردووکیان لە یەك خاڵدا یەك دەگرنەوە، لە دنیای ئەمڕۆماندا ئەم حەقیقەتە لە هەموو کاتێك زیاترەو زەقترە ڕەنگی داوەتەوە، شاعیرە عەرەبەکە دەڵێ:

فصاحة حسان وحظ بن مقلة
وحكمة لقمان وعضة مريم
اذا اجتمعت في المرء مفلس
و نودي عليه لايباع بدرهم

مەحوی هەر بەم حەقیقەتە دەربڕینە ناوەستێ، بەڵکو ئەو کەسە ڕیسوا دەکات کە هەموو خەمو خەوو خولیای بە هەر شێوەو شێوازێك بێ پارە پەیداکردنەو کوردیش بە خۆڕایی نەیگوتووە کە دەڵێ: ((خواو خورمایان نەگوتووە))، چونکە هەرگیز جۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان هەردوولادا دروست بێ، یەکێکیان لەسەر حیسابی لەدەستچوونی ئەوی ترە، هەر لەم ڕووەوە مەسیح لە ئینجیلدا دەڵێ: ((کەس ناتوانێ خزمەتی دوو سەردار بکات، چونکە یا ئەوەتا ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوەو ئەویتری خۆش دەوێ، یاخود لەگەڵ یەکێکیان دەبێو بە سووکی سەیری ئەوی تر دەکات، ناتوانن خزمەتی خواو پارەو پوول بکەن)) (٩).

مەحوی بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئەو جۆرە کەسانە دەکات کە نرخو بەهای خۆیان نازانن و خۆ دەکەنە پوولی قەڵبو بۆ پارووە نانێ ڕووی خۆیان ڕەش دەکەن، ئا ئەمەیە نەفس بەرزیی مەحوی و یاخیبوونی شۆڕشگێڕ، کە پەردە لە ڕووی ئەو نزم نەفسانە هەڵدەماڵێو دەڵێ:

**بۆ پارە حەیفە خۆ دەکەیە پوولی ناڕەواج**
**بۆ پارووەکی نان ئەسەفە ڕوو دەکەی بە ساج** (١٠)

مەحوی سکاڵای دەروونی خۆی لە دەست ئەو خەڵکە نەزانــە دەکـات کـە ڕێـزی شـیعر و هونەر ناگرن، چونکە شیعر زمانحاڵی گەلە و، شیعری ڕەسەن دەماودەم دەگێڕدرێتەوەو هەموو کاتێ برەوی خۆی هەیە، وەك کاڵای قەشەنگو جوان لەبەر دەکرێ، بەڵام کـێن ئەوانــەی ئـەم جۆرە کاڵایانە لەبەر دەکەن مەگەر مرۆڤی هوشیارو ژیر و ڕێکوپێك نەبێ، لای مرۆڤو گەمژەو گێژو نەزان شیعر چ نرخو بەهاو تەقدیرێکی هەیە، بۆیە مافی خۆیەتی لە نـاو کۆمەڵگەیـەکی کوردیدا وەك، مەحوی پرسیار بکاتو بڵێ:

**کی قەدەری شیعری ئێمە دەزانێ، بەری دەکا**
**هەر صاحیبە لەبەرکەری کاڵایی بێ ڕەواج** (١١)

گۆرانیش هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕواتو گلەیی لە دەست کۆمەڵگەی کوردی دەکـات کە بە چ چاوێکی کەم سەیری مرۆڤی هونەرمەند دەکاتو لە هۆنراوەی (دەروێش عەبـدوڵڵا)و لەگەڵ مەحویی لووتکەدا یەك دەگرێتەوەو دەڵێ:"

**بەڵێ، دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار**
**وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا،**
**بەڵام تەختی ڕووفاهو تاجی حورمەت میللەتی هۆشیار**
**بە ئوستادێ ئەدا وەك تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا** (١٢)

مەحوی وەك مرۆڤێکی قووڵو وردبین، درکی بەو ململانێی سەر دەسەڵاتی دنیـا کـردووە، کە هەموو شەڕ و شۆڕێك لەسەر ئەو لاکەیە، کە کەس لەگەڵ خۆیدا نایباتو تـا سـەر نییـە، ماڵو موڵکی دنیا ئەوەندە ناهێنێ کە ئەو هەموو شەڕ و شـۆڕو مـرۆڤ قـڕانو وێرانییـی بـە دواوەبێت بۆیە دەڵێ:

**دەزانــی جیفەیە دنــیا، دە حــــــەیفە**
**وەکو سەگ ئەم شەڕ و شۆڕە لەسەر لاك** (١٣)

مەحوی لە ناکۆکییەکانو هاودژەکانی واقیع دەدویٚ و ڕووناکی دەخاتە سەر لایەنە چەوتەکانی زەمانەو چەرخی ناچیزو بیٚ بایەخ، کە چۆن پیٚوەرەکان سەرەولیٚژ کراون، هیچ شتیٚك لە شویٚنی خۆی نەماوەو کار و ڕەفتاری ئەم خەڵکە گۆڕاوە، بۆیە ئەم واقیعە ناهەموارە بە شیعر دەردەبڕی کە شیعر چاکترین چەکی سەردەمی ئەو بووە و، لەو ئانو زەمانەدا شتەکان بەم شیٚوەیە بوونو زۆرجاریش میٚژوو خۆی دووپات دەکاتەوە، ڕووە تاریكو دژوارەکەی سەدەکانی پیٚشوومان وەك فیلمی سینەما دیٚنیٚتەوە بەرچاوو ئەمڕۆو دویٚنیٚ بەیەك دەبەستیٚتەوە، مەحوی بەم جۆرە سەردەمی خۆی ویٚنە دەکیٚشیٚ:

**لە سایەی دەوری چەرخی سوفلەپەروەر لەك بە لەك دەدویٚ**
**سەگی ئاواتە خوازی ئیٚسکی وشتر لە شەك دەدویٚ**
**دەبینم شیٚری شیٚر ئەڤگەن دەڵەك کەولٚی دەکا،**
**وە بیەم بە کۆڵی کلکەوە ڕیٚوی لەگەڵ کەولٚی دەلەك دەدویٚ.** (١٤)

گومانی تیٚدا نییە لە بارودۆخیکی ئاوادا کە پیٚوەری حەق و ڕاستی پیٚشیٚل بکریٚو، نرخو بەهاکان باویان نەبیٚ، دەبیٚ حاڵی هونەر چۆن بیٚ، لەو زەمانە نەگریسەدا چ بازاڕ و برەویٚکی هەبیٚ، هەر دەبیٚ بە هەمان دەردی بەها بەرزو باڵاکان بچیٚو مەحویی یاخیو شۆڕشگیٚڕ بەرامبەر ئەو ڕەوشە دزیٚوەدا هەر ئەوە بڵیٚ:

**ئەمڕۆ لە کن زەمانە هونەر بووەتە قەشمەری**
**شیٚری ژیانی بۆ چییە، مەیموونە گەڕەك !**
**فیگرەت بڵندو پایە بڵندم نەدی، بە گویٚش**
**گەردوون ئەوەندە دوونە، کە هەر دوونیە گەرەك** (١٥)

هەڵبەت لەو جۆرە ڕۆژگارەدا، مرۆڤی هونەرمەند و خاوەن بەهرەو بلیمەت شویٚنی شیاوی خۆی پیٚ نادریٚ، چونکە هەرگیز ئامادە نییە، بەهرەو هونەرو زانستو ئەدەبەکەی لە پیٚناو پلەو پایەدا لە دەست بداتو سەنعەتەکەی خۆی ڕەزیل کات.

بەرامبەر ئەوەی کە مەحوی بەم جۆرە ڕووبەڕووی ئەو واقیعە تفتو تاڵەی کە تیٚیدا ژیاوە

دەبێتەوە کە زۆر جار گیروگرفتو سەر ئێشەی بۆ دروست کردووە و، لەم ڕێگادا باجی داوە، لە هەمان کاتیشدا، ئاوڕێکیش لە مرۆڤی مەردو ئازاد دەداتەوە و ڕێزی دەگرێ، شیاوی ئەوەیە ببێتە شاکوڕ و مەرجیش بۆ ئەم پلەو پایە دادەنێو دەڵێ:

**ڕۆڵە ! گەر حەز دەکەی ببیە شاکوڕ**
**پەندی ((مەحوی)) لە گوێ گرە وەك دوڕ**
**مەردی ئازادە قەت مەڕەنجێنە**
**(کُلُّ شيءٍ ولا شتيمةُ حُرّ)** [١٦]

وێڕای ئەوەی کە مەحوی شاعیری عیلمو عیرفان بووە، لەو دەریایەدا مەلەوانێکی باش بووە، بەڵام بێ فیزی و تەوازعەکەی ئەوەندە سەری کردووە کە دان بە حەقیقەتێکدا بنێ، کە هەرچەندە مرۆڤ زاناو دانابێ، هێشتا زۆری ماوە تەنانەت لە ئەلفو بیی زانستەکان بگات، هەرچەندە لەو ڕەوتە بەردەوام بێ، ناگاتە مەنزلی زانیاری و بڵێ ئیتر ئێرە مەڵبەندی حەسانەوەمەو پێویستم بە زانین نەما، بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ:

**هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر دەڵێمو تێ ناگەم**
**هەر جوستو جۆمە، کەچی هەر دەڕۆمو پێ ناگەم**
**چاوم ڕواو گۆشەی ئەو ئەبرووەم نەدی**
**دڵ بوو بە بەحری علوومو لە ئەلفو بێ ناگەم** [١٧]

شاعیری نوێخوازی عەرەبیش ئەبو نوواس دانی بەو حەقیقەتەدا ناوە، کە مرۆڤ هەرچەندە لافی زانین لێ بدات خۆی بە زۆرزانێکی گەورە لە قەڵەم بدات، شتێکی لەو زانینە وەدەست هێناوەو زۆر شتیشی لا ڕوون نییەو دەڵێ:

فقل لمن يدعي في العلم فلسفة
عرفت شيئاً و غابت عنك أشياء

(عەونی) ی شاعیریش هەر لە مەحوی لووتکە دوو دێـڕی یەکـەمو دووەمـی وەرگرتـووەو نائومێدیی بەرامبەر ژیان دەردەبڕی دەڵێ:

**هەر دەڵێینو تێ ناگەین**
**هەر ئەڕۆینو پێ ناگەین**
**هەموو ئەو گفتوگۆیە**
**داخەکەم ڕەنجەڕۆیە** (١٨)

**ئەنجام:**

لە سەرەتا ئاماژەم بـە یـاخیبوونی مـەحوی دا لـە داوونـەریتو بیروبـاوەڕ کـاروکردەوەی ناهەمواری کۆمەڵایەتی و ئەو کەسانەی کە ئاینیان کردۆتە هۆکارێك بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیانو لە ڕاستی لایـان داوەو خواپەرسـتییەکەیان تـەنیا بـۆ ڕواڵەتـەو شـێوەیەکی ڕۆتـینی وەرگرتووە، بۆیە لە ڕووی ئەو جۆرە کەسانە دەتەقێتەوەو ڕیسوایان دەکاتو دەڵێ:

**ئەغلەبی تەکیەوو دەرگاهی بیلادی ڕۆمم**
**پشکنی، دی: چەلەبی هەر جەلەبی بوو، دەدەدەدە،**

لەسەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوامە و، ئامۆژگاریی ئەو کەسانە دەکات کە لە جەوهەری دیـن نەگەیشتوون و، ژیان بە دەروێشی دەبەنە سەرو پێیان دەڵێ:

**نزیکە مردنت ئەی پیرە زاهید**
**وەرە با تۆبە کەین، ئیتر ڕیا بەس** (٢٠)

مەحوی لە حەقبێژی لای نەداو بە تەحەداوە، بانگەشەی حەق دەکاتو ئامادەشە لەو ڕێگا پیرۆزەدا گیانی خۆی ببەخشێو دەڵێ:

**هـــەتا حـــەق ناصـــرە، هـــەر حەقمـــە مـــەنڤور**

## وەکـــــو مەنصـــــوور، ئەگـــــەر بمکـــــەن بـــــە داردا [٢١]

مادامەکی هەر قەسیدەیەکی بووەتە بەحری (أنا الحق) ی مەنسووری حەلاج، نـەك تـەنیا چاوەڕوانی ئەوە دەکا کە هەڵی واسن، بەڵکو لە باتیی پاداشتی ئەو حەقەی کە داکـۆکیی لـێ دەکات، پێویستە لە دار بدرێ، ئەمە بە واجب لە قەڵەم دەداتو بوێرانە دەنـگ هەڵـدەبڕی و دەڵێ:

**لە حەقبێژی بووە بەحری (أنا الحق) هەر قەصیدێکم**
**لە باتیی جائیزە، واجب کرا قەتلم بکەن واجیب [٢٢]**

حەقبێژییەکەی زیاتر لەسەر ئەو زاهیدو سۆفیانە بووە، کە بە ناحەق خەڵکیان لـە خشـتە بردووەو کاری ساختەیان ئەنجام داوە و، لە ئەنجامدا بەشەڕ هـاتوونو شـەڕەکەش خێـری ئـەو کەسانەی تێدایە لەناویاندا مەحوی کە دەستەی دڵداران، خوازیاری ئەوەیە کە هەردوولا تێـدا بچن:

**زاهیدو صۆفی بە شەڕهاتنو لەسەر تەزویرو شەید**
**خێری ڕەندانە خوداکا بەر گەرەف بێ هەر گەرەف [٢٣]**

مەحوی هەر بە تەنیا یەقەگیری واعیزی چەنەبازو زاهیدو سۆفی فێڵبازو ساختەچی نەبووە، بەڵکو ڕووبەڕووی ئەو کەسانەش بووەتەوە کـە هیچـیان لـە بـاردا نییـەو شـانازی بـە بـاوو باپیرانیانەوە دەکەن و، لەسەر حیسابی ئەوان خۆیان بادەدەنو بە لووتبەرزی دەڕواننە خـەڵکی ترو، حەقیقەتی کەسایەتیی خۆیان نایەتە بەرچاو. بۆیە پێیان دەڵێ:

**فەضیلـەی ئەصلو فەصل ئینسانی پێ نابێ بە صاحیب فەچل**
**کە تۆ کۆسەی، بە تۆ چی مامە ڕیشەی بابو باپیرت [٢٤]**

ئەو وەسفەی مەحوی جوانترەو باڵاترە لەم دێڕە شیعرە عەرەبییەی کە دەڵێ:

لا تقـــل أصـــلي وفصـــلي أبـــداً

إنمـا اصـل الفتـى مـا قـد حصـل

له كۆتاییدا دەڵێم مەحوی ڕابەرێکی کۆمەڵایەتی، شاعیرێکی یاخیبووی شۆڕشگێڕ بـووە، پەنجەی خستووەتە سـەر گیروگرفـتو دەردە کۆمەڵایەتییـەکان، ڕووبـەڕووی کـار و ڕەفتـاری ساختەکاری بووەتەوە، بانگەشەی بۆ حەق کردووە، وەك هەر شاعیرێکی کلاسیکی سـەردەمی خۆی، جگە لە زمانی کوردی، بە زمانی باوی میللەتانی دراوسێی کوردیش شیعری نووسیوە، بەڵام هەرگیز زمانێکی تـری لا بـەرزترو بـالاتر نـەبووە لـە زمـانی کـوردی، هەمیشـە وەك کوردێکی دڵسۆزو پاك شیعری بە کوردی نووسیوەو خەڵکی لە خەوی غەفڵـەت ڕاپەڕانـدووە و ڕێنمایی کردوونو شانازیی بە زمانی زگماك کردووە، تەنانەت لە قەصیدەی بەحری نووریشدا، کە هۆنراوەیەکی دوورو درێژی ئایینییە میللەتەکەو زمانەکەی خـۆی بیرنەچـۆتەوەو بۆیـە بـە کوردی دایناوە چونکە لە هەمزییەو بوردەدا سوودێکی کەمی تیایاندا دیوە بـۆ کـورد، بۆیـە قەسیدەکەی نووری لە ڕیزی ئەواندا دادەنێو بەم دێڕە شیعرە ئەم ڕاستییە دەردەبڕی و دەڵێ:

**لـــه (همزیّـــه) و لـــه (بُـــرده) م چـــونكه كـــهم دی ئیســـتفادهی كـــورد**
**منـــیش ئـــهم كوردییـــهم دانـــا لـــه ڕیـــزی ئـــهو قهصـــیدانه** [25]

دوا وتـەم ئەوەیـە کـە نامـەوێ لـە ڕووی تـەکنیکی شـیعرەوە بچـمە بـنجو بنـەماکانی هۆنراوەکانی مەحوی، بەڵام ئەوەندە دەڵێم (نالی) شاعیرەو (مەحوی) حەکیمە، هەر بەراوردێك لەنێوان ئەم دوو کەڵەشاعیرەو لووتکەی شیعری کلاسیکیدا دەبێ لەم ڕوانگەیەوە بکـرێو بـە قووڵی و سەرنجی ورد مامەڵەتیان لەگەڵدا بکرێ.

**پەراوێزەکان:**

١ - دیوانی مەحوی (مەلا محەمەدی کوڕی مـەلا عوسمـانی بـاڵخی)، لێکدانـەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا ١٣٩٧ -،١٩٧٧ ل ١١.

٢- هەمان سەرچاوە.

٣- دیوانی حاجی قادری کۆیی - گردو کۆو پەخشکار، گیـوی موکریـانی، چـاپی

سێیەمین ٢٥٨١ کوردی - ١٩٦٩ز، هەولێر ل ١١٨ - ١١٩.
٤- دیوانی مەحوی، ل٢٧.
٥- کتێبی نالی - ڕێبوار سیوەیلی - چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠١ ل ٧٠ - ٧١.
٦- دیوانی مەحوی، ل٢٩.
٧- دیوانی مەحوی، ل٢٥.
٨- دیوانی مەحوی، ل٥٧.
٩- الكتاب المقدس - إنجيل متي الاصحاح السادس.
١٠- دیوانی مەحوی، ل ٩٢.
١١- دیوانی مەحوی، ل ٩٣.
١٢- سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەکەم - دیوانی گۆران ١٩٨٠ - محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردووەتەوەو ئامادەی کردووەو پێشەکیو پەراوێزی بۆ نووسیوە ل ١١٩.

## ژاندارك: سونبلێكی نەمری بەگژداچوونی ئاگر

دكتۆر عادیل زەیتوون

کچێك ئەو شوێنە جیاکراوەی لە مێژووی ئەورووپا بە گشتی و مێژووی فەرەنسا پێ نەدراوە، وەك ئەوەی کچێکی لادێی فەرەنسی ژاندارك پێی دراوە، ژمارەیەکی قەبەی بەرهەمیش کە لە بارەیەوە نووسراون، لەوەتەی کە خراوەتە ناو ئاگرو سووتێنراوە لە شاری (روان) ی ناوچەی نۆرماندیای فەرەنسی ساڵی ١٤٣١زاینی تا ئێستا شایەدی ئەوەوە دەدەن.

کتێبخانەی نیشتمانیی فەرەنسی ئێستاکە زیاتر لە بیست هەزار کتێبی لەبارەی ژاندارکەوە تێدایە. مێژوونووسەکان لەسەریان نووسیوە، لەوانە عیلمانییەکان و غەیرە عیلمانییەکان، هاوچەرخەکانو نوێخوازەکان، هەروەها نووسەرو شاعیرو هونەرمەندەکان هەریەکە لە بواری بایەخدانەکەی خۆیەوە لێی دواون و نایابترین فیلمی سینەمایی لە بارەیەوە لەسەر دەستی کارامەترین دەرهێنەر لە ئەورووپاو لە ئەمریکادا دەرهێنراون. بۆ نموونە فەیلەسووفی فەرەنسی (ڤۆڵتێر) نووسەری ئینگلیزی (شکسپیر) نووسەری ئەڵمانی (شیلەر)، ڕەخنەگری ئینگلیزی (دی کوینسی) و، نووسەری ئەمریکی (مارك توین)، نووسەری ئەڵمانی (بریخت)، نووسەری ئینگلیزی (بەردناردشۆ)، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم فیلمی سینەمایی لە بارەیەوە بەدوایەکدا دەرهێنران وەك فیلمی (ئازارەکانی ژاندارك) کە (کارك دبیری) ی دانیمارکی دەری هێنا و (ماریا فالکونتی) کارەکتەر دەوری ژاندارکی تێدا بینی و، بەر لە کۆتایی هەمان سەدە دوو فیلمی تری کە لە نایابترین فیلمە ئەمەریکییەکان بوون دەرکەوتن.

## ژاندارك كێیە؟ چیرۆكەكەی چییەو؟ شوێنە مێژووییەكەی چییە؟

لە واقیعدا ناتوانین ژاندارك بناسین ئەگەر سەیری ئەو چوارچێوە مێژووییە نەكەین كە تێیدا سەری هەڵداو ئەو بارودۆخەی كە خۆی و وڵاتەكەی تێیدا بوون، چونكە ڕەوتی ژیانی پێوەندییەكی توندوتۆڵی بە دوو ڕووداوی ترسناكەوە هەبوو كە لە سەدەی چواردەمو پانزەمدا ئەورووپا كەوتبووە بەر شاڵاوەكەیان، كە شەڕی سەد ساڵەی داگیرساوی نێوان فەرەنساو ئینگلتەرا، نێوان ساڵانی ١٣٣٧و ١٥٤١ی زاینی و ئەو جیابوونەوەی كە لە كڵێسای ڕۆژئاوا كاسۆلیكی (پاپای) نێوان ساڵانی ١٣٧٨و ١٤١٧ی زاینی بوون. ئەم دوو ڕووداوە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ لە ژیانی ژاندارکدا ڕەنگیان دایەوە، بگرە زێدەڕۆیی ناكەین، ئەگەر بڵێین هەردووكیان ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە دارشتنی ژیاننامەكەی و مەرگەكەیدا وەكو یەك كرد.

بەڵام سەبارەت بە شەڕی سەد ساڵە، لە ڕەگوڕیشەوە بۆ ئەو گێروگرفتانە دەگەڕێتەوە كە ژنخوازیی نێوان هەردوو بنەماڵەی پاشایەتی لە فەرەنساو ئینگلتەرە هێنایانە كایەوە، ساڵی ٨٢٣١ ی زاینی پاشای فەرەنسی شارڵی چوارەم مرد، كە دوانێری ڕۆڵەكانی پاشا فلیپی چوارەم بوو، ١٣١٤ كۆچی دوایی كرد. بەجۆرێ كەسی لە پاش نەماو تەنیا ئیزابێللای كچەكەی نەبێ كە شووی بە پاشای ئینگلیزی (ئیدواردی دووەم) كرد. ئەو حەڵە دووكەس دەركەوتن هەریەكە ئیدیعای مافی خۆی دەكرد لە تەختو تاجی فەرەنسی.

یەكەمین (میر فلیپ) بوو، گوتیان كوڕی برای فلیپی چوارەمەو دووەمیش (ئیدواردی سێیەم) بوو، كە كوڕی ئیزابێللا بوو، گەلی فەرەنسی پشتگیری لە مافی فلیپ كرد كە تەختو تاجی پاشایەتیی فەرەنسای ساڵی ١٣٢٨ لەسەرنا بۆ ڕێگاگرتن لە ماف بەخۆدانی ئینگلیزەكانو لە تەختو تاجی فەرەنسی. فلیپ هەر بەوەندە وازی نەهێنا، بەڵكو ساڵی ١٣٣٧دەستی بەسەر دۆقییەی (غاسكۆنی) فەرەنسی داگرت كە ئینگلیزەكان لە كێشوەرەكەدا بە موڵكی خۆیان لە قەڵەم دەدا. ئیدواردی سێیەم لە هەمان ساڵدا ١٣٣٧جاڕی شەڕیدا دژ بە فلیپ، بەو شێوەیە شەڕی سەد ساڵەی نێوان فەرەنساو ئینگلتەرا هەڵگیرسا.

ئەگەرچی بوار ڕێگامان پێ نادا كە بە درێژدادڕی باس لەم شەڕەو قۆناغەكانی بكەین، بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، كە ئینگلیزەكان سەركەوتنی سەرسوڕهێنەریان بەسەر فەرەنسییەكاندا وەدی هێناو دەستیان بەسەر چەند پارچەیەكی زۆری وڵاتەكەیاندا گرت و، لێرەدا گەرەكمان بوو، باسی ئەوە بكەین كە دواى سەركەوتنی ئینگلیزەكان لە شەڕی (ئەجینكورت) ساڵی ١٤١٥ز، پەیمانی (تەروای) ناوداریان لە ساڵی ١٤٢٠ بەسەر

فەرەنسییەکاندا سەپاند، کە لە نێوان پاشای فەرەنسی (شارڵی شەشەم) کە عەقڵی لە دەست دابوو و، پاشای ئینگلیزی هەنریی پێنجەم مۆر کرا، کە تێیدا هاتبوو هەنریی کچی شارڵی شەشەم بهێنێ‌و کوڕی چاوەڕوانکراویان کە هەنری شەشەم بوو، میراتگری شەرعیی تەخت‌و تاجی فەرەنسا بێ، واتە پاشای فەرەنساو بەریتانیا بێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە میر شارڵیی حەوتەم، کە تاکە کوڕی شارڵی شەشەمە، لە مافی خۆی لە تەخت‌و تاجی فەرەنسی بێبەش دەبێ‌و ئەم مافە بۆ کوڕی کاترینی خوشکی دەگوێزرێتەوە ئەوەی کە مەترسیی قەیرانەکەی پترکرد ئەوەبوو، کە دایکی شارڵیی حەوتەم نهێنیی ئەو کاتەی ئاشکرا کرد، کە شارڵی لە پشتی هاوسەرەکەی شارڵیی شەشەم نییە، ئەو هەواڵە ریسواییەك، بەڵکو کارەساتێکی بەسەر شارڵ یی حەوتەم‌و گەلی فەرەنسی هێنا وێڕای دایەرەکانی کڵێساو ساڵی ١٤٢٢هەریەك لە شارڵی شەشەم‌و هەنریی پێنجەم مردن و، بەپێی پەیمانی تەروا هەنری شەشەمی تەمەن یەك ساڵە، بووە پاشای ئینگلتەراو فەرەنسا پێکەوە.

## لە بۆتەی ونبووندا:

حەز دەکەین دووپاتی بکەینەوە، کە لە ماوەی ئەو شەڕەدا، کە سەد ساڵی ڕەبەقی خایاند ئینگلیزو هاوپەیمانە فەرەنسییەکانیان لە نموونەی بۆرجندییەکان فەرەنسایان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردو چەپەڵترین ڕەفتاری داگیرکەرانەیان لە کارو کردەوەی تاڵان‌و کوشتن‌و بڕین‌و وێران کردن‌و زەوتکردن پیادە کرد، بگرە چەتە و ڕێگر لە هەموو لایەکی ئەورووپاوە هاتنە فەرەنسا بۆ سوود وەرگرتن لەم شەڕەو ئەو ئاژاوەی بە دوایداهات‌و کارکردن وەکو چڵکاوخۆر لای فەرەنسییەکان‌و ئینگلیزەکان وەك یەك‌و ئەم چەتانە کاریان تاڵان و ڕاووڕووت بوو لە گوندو شارەکاندا، کاتی شەڕ و کوشتار، چونکە هەردوو دەوڵەتی شەڕکەر کرێی تەواویان نەدەدانێ.

بەڵام ڕووداوی دووەم کە بەشداریی لە دارشتنی ژیان‌و ویژدانی (ژاندارك)دا کرد، ئەو جیابوونەوەیە گەورەیە بوو کە لەنێوان ساڵانی ١٣٨٧و ١٤١٧ لە کڵێسای ڕۆژئاوادا ڕووی داو ئەو ئەنجامە تا بڵێی پڕ مەترسییانەی کەوتنە سەری، بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە باوەڕ و متمانەی گەلانی ئەو کاتەی ڕۆژئاواوە هەیە، بە کڵێساو پیاوانی، ئاشکرایە، کە پاپایەکان لە بارەگەی مێژوویی دانیشتنیانەوە کە ڕۆما بوو، بۆ شاری ئەفینۆنی فەرەنسی گواستیانەوە و، تێیدا لای پاشایەتیی فەرەنسا لە ساڵی ١٣٠٥ەوە تا ساڵی ١٣٧٧وەك دیل ژیان.

هەرچەندە پاپا ساڵی ١٣٧٨ گەڕایەوە ڕۆما، هەر زوو پاپایەکی دی لە شاری ئەفینۆن هەڵبژێردراو لەوێدا بوون بە دوو پاپا، یەکێکیان لە شاری ڕۆما دادەنیشێ‌و ئەوی تریان لە ئەفینۆن

هەریەکەشیان لافی ئەوە لێ دەدا، کە پاپای شەرعییەو خۆی تاکە سەرکردەی کڵێسا و ڕۆژئاوایـە و، کە ژاندارك ساڵی ١٤١٢ لە دایك بوو، سێ کەس لەسەر پلەو پایەی پاپا پێشبڕکێیان دەکرد، جگـە لەو پاپای ڕۆماو پاپای ئەفینۆن پاپایەکی تر لە ساڵی ١٤٠٩وە لـە بیـزا سـەری هەڵـدا، کارەکـان سەقامگیر نەبوون‌و جیابوونەوەکە لە کۆڕی کۆنستانس نەبێ لە ساڵی ١٤١٧ کۆتاییی پـێ نـەهات ئەویش بە هەڵبژاردنی پاپا مارتنی پێنجەم، گەرەکمانە کە دووپاتی بکەینەوە کـە لـە مـاوەی ئـەم جیابوونەوەدا پاشاکانی ئینگلیز پشتگیری پاپای ڕۆمایان دەکرد. لـە کاتێکـدا پاشـاکانی فەرەنسـا پاپای ئەفینۆن پشتیوانییان دەکرد، هەردوو پاپاکە پاپاکەی دیکەیان‌و ئەو کەسـەی لـە سـەنگەری ئەودایە لە پاشایان‌و لە میرەکان‌و پیاوانی ئاینی بێ بەش دەکرد. کـە ئینگلیزەکـان شـارێکیان لـە فەرەنسادا داگیر دەکرد، کاتی شەڕی سەد ساڵە، ئەو قەشانە پاپـای (ئـەفینۆن) لێدەخسـت‌و هیـی تریان دادەمەزراند، کە سەر بە پاپای ڕۆماو ئینگلیز بوون و، تۆژەرەکـان لەسـەر ئـەوە کـۆکن کـە جیابوونەوەی کڵێسایی بووە هۆی چەند ئەنجامێکی تا بڵێی بە ترس‌و لە لایەنی ئاینییـەوە، بـەڵکو لە ڕووی مەترسیەکەیەوە لەوە زیاتر کە بووە هۆی ئەوەی کە شەڕ چ ئەنجامێکی سیاسی و ئـابووری و مرۆییی بە دوای خۆی هێنا، ژیانی ئاینی شڵەژا لە ڕۆژئاوادا، شڵەژانێکی قووڵ، گەلانی ڕۆژئـاوا وایان لێ هات نەیاندەزانی پاپای شـەرعی یـاخود ڕاسـتەقینە کێیـەو، پاپایـەکان پلەوپایـەیان لـە دەستداو گەلانیش باوەڕیان پێیان نەما.

لەبەر ئەوە کە ژاندارك لەسـەر شـانۆی ڕووداوەکـان دەرکـەوت فەرەنسـا لـەرزی لـێ هـاتبوو، کەوتبووە سەر دەریایەکی تـرس‌و وێرانکـاری و کوشـتن‌و زەوتکـردن‌و بێبەشـی و.... هتـدو ئـەم شتانەش بوونە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانە. بە کورتی ئەم نەهامەتییانە بـە درێـژایی سـەدەیەك ڕۆح‌و ویژدانی فەرەنسای وێران کرد و، خاك‌و گەلەکەیان پـەرش‌و بڵاوکـرد و، هیـواو خەونـەکانی دەربـاز بوون بە مێشکی هەموو فەرەنسییەکاندا دەهاتن، بە تایبـەتی لـەخواترس‌و دڵسـۆزانی نیشـتمان‌و پیاوانی ئاینی.

## چیرۆکی ژاندارك:

لەو خاڵەوە دەبێ دەست بە چیرۆکی ژاندارك بکەین کە لە ساڵی ١٤١٢ لە گوندی دومرمی لـە دایك بووە کـە دەکەوێتـە نزیـك سـنووری فەرەنسـا لەگـەڵ لێـرین، لەسـەر سـنووری ڕۆژهـەڵاتی پاشانشینی فەرەنسی، خێزانەکەی لە ٦ کەس پێکهاتبوون کە باوکی ناوی ژاندارك بـوو و، دایکـی ناوی ئیزابێڵلا بوو، دوو کوڕ و دوو کچیش، جاك کە منداڵی بە ناوی جانێت ناسرابوو کچە بچکۆڵە

بوو، خوێندنەوەو نووسینی نەدەزانی، بەڵام لە ماڵی خۆیـان فێـری دروومـانو خـوری ڕسـتن بـوو، هەروەها لە دەرەوەی گوندەکەی وەك کچانی وەچەکەی لە لادێی فەرەنسا مەڕی دەلەوەڕانـد، بـەڵام لەوان ناودارتر بوو بەوەی، کە ڕەوشتێکی باشی هەبووو لەخوا دەترسا، هەر لـە منداڵییـەوە لـەژێر کارتێکردنی دایکی لە نوێژکردنو گوێگرتن لە چیرۆکی پیاوچاکانو پیرۆزمەندان لێ ڕاهاتبوو.

کە ژاندارك تەمەنی سێزدە ساڵ بوو واتـە سـاڵی ١٤٢٥چـەتە بورجندییـەکانی، هاوپـەیمانانی ئینگلیز لەو شەڕەی لە ئارادابوو هەڵیان کوتایە سەر گوندەکەی، جووتیارەکانی بێ چـەك دووچـاری تاڵانو کوشتنو زەوتکردن بوون، بگرە ئـەو چـەتانە دەسـتیان نەپاراسـت لـە سـووتاندنی کڵێسـای گوندەکە دوای تاڵانکردنی شتومەکەکانی، وا دیاربوو ئەم ڕووداوانە زۆر دووپات بوونـەوە، تەنانـەت بە دەیان خێزانی جووتیار، بە خێزانەکەی ژاندارکیشەوە ناچار بوون بۆ گوندو شارەکانی دراوسێ ڕەو بکەن و، زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵـێین کـە ژانـدارك نەشـونومای کـردو عەقڵەکـەی پـڕ بـوو لـە ژیاننامەی پیرۆزمەندانو پیاوچاکان لەلایەكو بە چیرۆکی ئەو ڕیسواییانەی کە ئینگلیزو هاوپەیمانە بورجندییەکانیان لە فەرەنسا لە لایەکی ترەوە ئەنجامیان دەدا. لەبەر ئەوە سروشـتی بـوو، کـە ئـەو کچە وا پێبگات کە تێراوی ئێشو ئازارەکانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی و ئاواتـەکانیان لـە دەربـازبوون لەم مەینەتانەدا بێ.

### وێستێك بەگژ گەردەلوولدا دەچێ:

مێژوونووسەکان لەو ڕایەدان کە ژاندارك تەمەنی گەیشتە سێزدە ساڵ، واتە هەمان ئـەو سـاڵەی کە چەتە بورندییەکان هەڵیانکوتایە سەر گوندەکـەی، ئـەو ئیـدعای کـرد کـە گـوێی لـە هەنـدێ پیرۆزمەند بووە کە پێیان ڕادەگەیەنن کەوا ئەرکی چوونی بۆ شـاری ئۆرلیـانی پـێ سـپێردراوە، بـۆ ئەوەی لەو گەمارۆیەیی ئینگلیزەکان دەرباز بکات، پاشان دەبێ میر شارڵیی حەوتـەم لەگـەڵ خـۆی بباتە شاری ڕیمس بۆ ئەوەی تاجی پاشایەتی فەرەنسا بنێتە سەر، چونکە کوڕی ڕاستەقینەی پاشـای شارڵیی شەشەمو میراتگری شـەرعیی تـەختی فەرەنسـییە، لـە ڕاسـتیدا دیـاردەی ژانـدارك لـەو سەردەمەدا نوێ نەبوو، ئەو کاتە دەنگ و ڕوانینو خەون لە فەرەنسـا بڵاوبـوون بـە تایبـەتی لـەنێو ئافرەتاندا، تۆمەتی سیحر و شێتی و قۆڵبڕییان دەخستە پاڵ، سەرەتا ژاندارك تووشی سەختی بـوو، چاوی بە فەرماندەی سوپای ناوخۆ کەوت، داوای لێ کرد یارمەتیی بدات تا بگاتە شـارڵی حەوتـەم کە لە قەڵاتی شاری شینۆن بوو، ئـەویش چـەكو جبەخانـەو ژمارەیـەك پاسـەوانی پـێ دا، سـاڵی ١٩٢٩ جلی سوارەی لەبەرکردو سواری ئەسپێك بوو بـۆ پیـادەکردنی ئەرکەکـەی. دوای یـانزە ڕۆژ

شارڵیی حەوتەم لە پێشوازیدا بوو، شارل لەناو دەیان کەس لە پیاوەکانی کە گردبوونەوە بۆ دیتنی ژاندارك خۆی شاردبوەوە، بەڵام ژاندارك توانیی بیناسێتەوەو هەواڵی پیێ گەیاندو کە ئەمە ویستی خودایەو ئەویش ئامرازێکە بۆ پیادەکردنی و دەربازکردنی ئۆرلیانو تاج لەسەرنانی، چونکە پاشای شەرعیی فەرەنسایە، هەرچەندە شارل واقی وڕماو لە هەمان کاتدا ئەوەی گوێی لیێ بوو پێی خۆش بوو، بەڵام بە گومان بوو لەو کچەی جلی پیاوانی لەبەرە، بۆیە لەگەڵ چەند گەورە پیاوانی دەربارەکەی بۆ شاری واتییەی نارد تاکو لە لایەن دەستەیەکی ئاینیەوە بخرێنە ژێر پشکنین تا بزانن عەقڵ و ڕەوشتی ساغ و سەلیمن. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك لە ١٨ ئەندام پێك هات لە ناویاندا سەرۆکی قەشەکانی ریمس بوو، ئەنجامی پشکنینەکە لە بەرژەوەندی ژاندارك بوو، کە ئەوەی دەیڵیێ نەك لە ئایین دەرچوونە، نە سیحرەو نەقۆڵبڕین، لەبەر ئەوە ئامۆژگاریی شارڵی کرد کە گوێی لیێ بگریێ. ئەویش ڕێگای پێدا کە سەرکردایەتی سوپاکەی بکات بۆ دەربازکردنی ئۆرلیان ئەسپی تاودا پڕوپاگەندە بڵاوبوەوە نەك لەناو فەرەنسا، بەڵکو گەیشتە ئینگلیزە داگیرکەرەکانو سوێندخۆرەکانیش. لەو سەردەمە زۆر موعجیزە درانە پاڵ ژاندارك، لەو ماوەیەدا نامەیەکی بۆ دانیشمەندی ئینگلیزی و سەرکردەکانی لە فەرەنسا نارد، هەڕەشەی لیێ کردن کە وا چاکترە لە فەرەنسا دەرچن.

سوپاکەی ژاندارك هەشت هەزار جەنگاوەر دەبوو. لە هێرشەکەیدا توانیی گەمارۆیەکە بشکێنیێ، فەرەنسییەکانو لە سەرەوەیان شارڵی حەوتەمو پیاوانی دەربارەکەی، دەربازکردنی ئۆرلیانیان بە سەلماندنی ئەرکی یەکەمی بەرنامەی ژاندارك لە قەڵەم دا. دوا هەنگاوی تاج لەسەر نانی شارڵ بوو، کە ببێتە پاشای فەرەنسا لە شاری ریمس، بۆ ئەم مەبەستەش بەرەو ریمس بەخۆی و سوپاکەیەوە کەوتەڕیێ، لەچەند شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز یەکانگیر بوو. سەرکەوتنی باشی وەدەست هێنا. بەو سەرکەوتنانە توانیی دۆڵ سوور پاك بکاتەوە و ڕێگا لەبەردەم شارڵی حەوتەم خۆش کات، کە بگاتە ریمس بیێ ئەوەی تووشی مەترسیی ببیێ،ساڵی ١٤٢٩ هێزەکانی فەرەنساو شارڵی حەوتەمو ژاندارك سەرکەوتووانە چوونە ناو شاری ریمس، ئاهەنگی ڕەسمی بە تاج لە سەرنانی پاشا سازدرا کە ژاندارك زرێی پۆشیبوو و، ئالاّی بە دەستەوە بوو و، لەتەك شارڵ وەستابوو، ژاندارك ویستی لە شەڕی ڕزگاریخوازی بەردەوام بیێ بۆ ئەوەی پاریس لە دەست ئینگلیزەکان دەربێنن، بەڵام شارڵ بەرهەڵستی کردو سیاسەتی فرتوفێڵی بەکارهێنا، دژی دەربازکردنی پاریس وەستا، بە بیانووی کە کاری سیاسی لەو قۆناغەدا لە شمشێر تیژترە، ژاندارك بەهێزێکی کەمەوە بەرەو پاریس بەڕیێ کەوت، دوای چەند شەڕێکی توندوتیژ نەیتوانی شارەکە بگریێو بەرەو شاری

کۆمبینی پاشەکشەی کردو لەکن شوورەکانیدا بە دەستی بورجندییەکان لە کاتی شەڕکردنیدا بە دیل گیرا، ڕاستتر بە ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو بە پێی نەخشەیەکی داڕێژراو دەسگیرکراو، بورجندییەکان بە دە هەزار پارچە زێڕ ژاندارکیان فرۆشتە ئینگلیزەکان، ئەوانیش بە قۆڵبەستی بەرەو شاری (روانی) ی سەر بە ناوچەی نۆرماندیایان ڕەوان کرد، کە ئەو شوێنە بوو بڕیاری دادگاییکردنی تێدا درابوو، کە دوای حەوت مانگ بەدیل گرتنی گەیشتە ئەوێو شەریعەتی شەڕ لەو سەردەمەدا مامڵەتی جوتیاری دیلیان بەوپەڕی دڕندایەتی دەکرد. لەبەرئەوە ئەو دڕندایەتییەی سەربازی ئینگلیز بەرامبەر ژاندارك کردیان جێگەی شەرمەزارییە.

## چەند تۆمەتێکی هەڵبەستراو و سووتاندنی ژاندارك:

ئینگلیزەکان مەسەلەی دادگاییکردنی ژاندارکیان بە (دادگەی پشکنین) سپارد، کە دادگایەکی کلێسایی پسپۆڕە لە سزادانی زەندیقەکان. کە لە دوانزە ئەندام بە سەرۆکایەتیی قەشە (بیرکون) جگە لە ژمارەیەك قەشەی ئینگلیزو نوێنەری حکومەتی ئینگلیزی پێك هاتبوو. دادگایەکە پێنج مانگی خایاند، لێکۆڵەرەکان هەوڵیاندا کە ژاندارك تووش بکەنو بەر لە دادگاییکردنی بڕیاری تاوانبارکردنیان دابوو، تۆمەتەکان مۆرکی دینییان هەبوو، بۆ نموونە سیحربازی، هەروەها زەندەقە، هەوڵی ئەوەیان دا هەرچی کردوویەتی کەڵکەڵەی شەیتان بووە، هەروەها لەبەرکردنی جلی پیاوانو قژبڕین وەك ئەوانو هێرشبردنە سەر پاریس لە ڕۆژانی جەژنە ئاینییەکان (کۆشۆن) قەناعەتی پێ هێنا کە بەڵگەنامەیەك ئیمزا بکاتو دانی پێدا بنێ کە هەرچی گوتوویەتی و کردوویەتی بەرییە، ئەوەشی نەدەکرد، کە بەڵێنی پێ نەدرابووایە، کە ئازاد دەکرێ، کە دادگا بڕیاریدا هەتا هەتا بەند بکرێ، بە هەموو ئازایەتییەکەوە ڕەتی ئەوەی کردەوە، کە ئیمزای کردووەو بە توندی هێرشی بردە سەر پیاوانی دادگاو جاڕی دا، کە سووره لەسەر قسە و ڕەفتارەکانی و هەرگیز پاشەکشەیان لێ ناکات، لەبەرئەوە دادگا بڕیاریدا، کە بە ئاگر بسووتێنرێ.

لە ٣٠ی مایۆی ١٤٣١دا سەربازە ئینگلیزەکان ژاندارکیان بە زنجیرکراوی بەرەو بازاڕی گشتی برد، کە خەڵکێکی زۆر لەسەر هەردوولای ڕێگاکەی ژاندارك گردبووبونەوە، تووڕەیی و ناڕەزاییی خۆیان بەرامبەر ئیعدامکردنی ڕادەگەیاند، بە ستوونێکیانەوە بەستەوەو لە ژێرەوە ئاگریان تێبەردا، ئەوکاتە تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو.

مێژوونووسەکان ڕەخنەی توندیان لە پاشا شارڵی حەوتەم گرت، کە هەوڵی دەربازکردنی ژاندارکی نەدا، کە دەیتوانی زۆر شت، بۆ نموونە پارەیەکی باش بە بورجندییەکان بداتو لە دیلی

دەربازی بکات بەرلەوەی بیفرۆشنە ئینگلیزەکان.

بەهەرحاڵ ساڵێك بەسەر سووتاندنی ژاندارکدا تێ نەپەڕیبوو کە لە شەڕەکەدا تەرازووی هێزەکان بەلای فەرەنسییەکاندا شکایەوە، یەکێتی بۆ ناو سەرکردەکانی فەرەنسا گەڕایەوە، بە تایبەتی نێوان پاشاو میری بورجندییان، کە دەستی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئینگلیزدا هەڵگرتو فەرەنسییەکان توانییان پاریس ڕزگار بکەن و، پاشا شارڵ پێی خۆش بوو کە لە سایەی کچێکەوە کە تۆمەتی زەندەقەو سیحری درابووە پاڵ، تاج بنێتە سەر، لەبەر ئەوە شتێکی لە بەرژەوەندیی ژاندارکدا کرد، کە لە ڕووی فۆرمو ناوەرۆکەوە لە بەرژەوەندی ژاندارکدا بوو، کە داوای لە پاپای کرد کە دادگایی ژاندارك بکرێتەوەو پاپاش قەبووڵی بووو ساڵی ١٤٥٥بە سەرۆکایەتیی نوێنەری پاپا دادگاکە دەستی پێ کردو نزیکەی سەدو پازدە شایەد بانگ کران کە لە دادگاییکردنی پێشوودا کە ژاندارکی تێدا مەحکووم کرا تووش بووبوون. دادگای نوێ لە ساڵی ١٤٥٦دا بڕیاری پێشووی هەڵوەشاندەوە کە ناشەرعی بوو، ساڵی ١٩٢٠ پاپا ژاندارکی بە پیرۆزمەند ژاندارك لە قەڵەم دا.

لە ڕاستیدا زۆربەی تۆژەران دووپاتی دەکەنەوە کە ئەو ڕۆڵە مەعنەوییەی ژاندارك شانی دایەبەر، گرنگیی خۆی هەیە، بە تایبەتی لەناو جەنگاوەر بە سەرکردەو سەربازەوە، بەردەوامبوون لە خەباتیان دژی داگیرکردنی ئینگلیزی.

بەرگریی میللیی ورووژاند بە دژی داگیرکەرانو ئەو گیانە نیشتمانییەی کە بەرپای کرد، دوای سووتاندنیشی نەکوژایەوە، هەر ئەوانەی کە لە گەڵیدا بوونو دۆزە نیشتمانییەکانیان پەسند دەکرد، هەر ئەوانە بوون ئینگلیزیان ساڵی ١٤٥٣ لە فەرەنسا دەرکرد. زۆر لە تۆژەران بەچاوێ دەڕواننە ژاندارك، کە یاخیبوونێك بوو دژی دەسەڵاتی کڵێسای ئەو کاتە، ئەوەش بە ڕوونی دەرکەوت کاتێ دادگایی کرا.

ژاندارك نموونەی ئافرەتێکی شۆڕشگێڕ بوو، دژی گەندەڵی و زۆرداری، نیشاندەرێکیش بوو لەوەی کە دەکرێ ئافرەت پیادەی بکات لە داکۆکیکردن لە کێشەکانی نیشتمانەکەی.

لە ڕاستیدا چیرۆکی ژاندارك لەگەڵ ویژدانی ڕۆژئاواو عەقڵەکەی لەوەتی سووتێنراوەو تێکەڵ بووەو چووەتە ناو مێژووەکەی، کە پیرۆزمەندە و، قارەمانێکی نەتەوەیی و، ڕەمزی قوربانیدان بوو، لە پێناو ئازادیدا.

**سەرچاوە:**
**مجلة العربي، العدد ٥١٤، سبتمبر ٢٠٠١**

# ڕووناکی خستنە سەر سینەمای هاوچەرخ

## پوختەکردنەوە و وەرگێڕان

پێشەکی ئێمە هەنگاو بەرەو سەردەمێ دەهاوێین کە (تەلەفزیۆن) تێیدا سەروەری خۆی دەنوێنێ. ئەمە ڕاستییەکە گومانی تێدا نییە کە ژمارەکانی پیشەسازیی سینەماو بازرگانییەکەی لە زۆر وڵاتانی جیهاندا دووپاتی دەکەنەوە. بەڵام ئەگەر ئەمە مانای بە لە دەستدانی سینەما بێ ئەوە بەستنەوەی هونەرێکە کە بەرێوەیە وەك هونەری مۆسیقاو هونەری شیعر بێ و، لە لایەکی ترەوە بە مانای هۆکارەکانی پێوەندیکردن بە جەماوەرە.

بۆ نموونە لەگەڵ ((ڕۆبەرتۆ رۆسللینی)) ناڵێین: کە سینەما لەناوچوو، پاشان ژمارەکانی داتەپینی ئابوورییەکەی بێنینەوە بۆ بەڵگە سەلماندنی ئەوەو، لەگەڵ غەیری ئەو ناڵێین کە سینەما ون بوو و، ئەمەیە ئەو ژمارانەی کە جیاوازیی نێوان بڵاوبوونەوەی سینەماو بڵاوبوونەوەی تەلەفزیۆن ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین: کە سینەما دەتوانێ سوود لەوە وەربگرێ کە خۆی وا دەنوێنێ زیانێکە تەلەفزیۆن لێی خستووە بە پێچەوانەی باوەڕی زۆر کەس سینەما شانۆی تووشی مەینەت نەکردووە، هەروەکو (سارتر) دەڵێ: لە ڕاستیدا زیانی بەو شانۆیە گەیاند کە ئەوەی سینەما واتە شانۆی بورژوای ڕیالیست، پێشکەێشی دەکات، پێشکێش دەکات، کە ئامانجی گواستنەوەی وێنەیەکی واقیعییە لەوەی لە ژیاندا لە ئارادایە. سینەما زیانی لەم شانۆیەدا چونکە واقیعییەتەکەی خۆی بەشێوەیەکی وردتر ڕەفتار دەکرد، لە لای جەماوەر سینەما شوێنی ئەوی گرتەوە. درەخت بەلای سەیرکەری سینەماوە، درەختێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام درەختی شانۆی واقیعی هەردەم دەردەکەوێ کە فێڵە، لەم کاتەوە شانۆ بیر لە توانستە تایبەتییەکانی خۆی دەکاتەوە وەك چۆن لە هونەرەکانی تردا ڕوو دەدات، بە ڕاستیش گەیشتە ئەوەی کە ئەو توانستانە بکاتە هۆیەك لە هێزەکەی خۆی.

لەو باوەڕەدام کە دواڕۆژی سینەما، دواڕۆژێکی گەشو مەزنە. هونەری فیلم بەرهەمی فرە

دروستکەری سەردەمەکەمانە، هەروەها سەردەمەکەمان مۆرکی ئارەزوومەندی بەرەو کۆمەڵبوونی مرۆڤخوازی بەخۆوە دەگرێ و ڕەنگە لە گەیشتنی مرۆڤ بە پانتایی و بینینی زەوی بە تۆپێکی بچووك وێنەی بەڵگەداری ئەوەیە. هونەری فیلم خاسیەتی ئەو ئارەزوومەندییەی هەیە. هونەرێکی نێوان ئەوەی کە ئەو توانایەی هەبێت لە یەك کاتدا لە هەموو جیهاندا نیشان بدرێتو نێوان ئەوەی کە ئەو توانایەی هەبێت لە یەك کاتدا لە هەموو جیهاندا نیشان بدرێتو نێوان ئەوەی کە زمانەکەی جیاوازی نێوان خەڵك ناکات هەرچەندە زمانی قسەیان جیابێ.

هونەرمەندی ئەمریکیی ڕابەر (داڤید وارك جریفت) ڕۆژێکیان گوتی: ((ساڵی ٢٠٢٤ سینەما لە هەموو شوێنێکدا دەبینن، لەسەر پشتی کەشتی و ناو شەمەندەفەرو فڕۆکەو ژووری پێشوازی لێکردن، خۆتان شاد دەکەن بە بینینی دوا فیلم لە جیاتی (ئەلبوومی خێزان). لەرزینی وێنە لەسەر شاشەدا نابێ‌و تووشی سەر ئێشان نابن و، ساڵی ٢٠٢٤ شتێك ڕوودەدات ئێستا لامان سەیرە، هەموو فیلمەکان پانتۆماینن - بێ دەنگن - چونکە ئەمە بە سروشتی سینەما، فیلم قسە نییە.

لە ڕاستیدا هونەرمەندی گەورە (داڤید) زێدەڕۆیی کردووە، گەشەسەندنی سینەما بەرەو وێنەی بێ دەنگ کە دەیبینن، پێویست بە چاوەڕوانکردنی ساڵی ٢٠٢٤ ناکات، ئێستا لەرزینی وێنە لەسەر شاشەدا لەئارادانییە. لە نیشاندانی فیلمدا تووشی سەر ئێشان نایەین. بەڵکو ئەوەی لەو قسەی مەبەستیەتی کە فیلم هونەری ئاخاوتن نییە. بەچاو پۆشین لەڕەتکردنەوەی فیلمی قسەکەر، ئەوەیە کە فیلمی هاوچەرخی ئەمڕۆ پیادەی کردووە کە توانای قسەکردنی هەیە، بەڵام لەبارەی بڵاوبوونەوەی سینەما لە هەموو شوێنێکدا، ئەمەش ناکۆك نییە لەگەڵ هەرەسهێنانی پیشەسازیی سینەما لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەڵکو ئەم هەرەسهێنانە دووپات دەکاتەوە.

دوارۆژی سینەما لە دەزگاکانی نیشاندانو لە جەماوەری دەزگاکانی نیشانداندا نییە، لە (ستۆدیۆ) و ئەوەی ستۆدیۆکان دەیڕەخسێنن نییە، دوارۆژی سینەما لە یانەکانی سینەما لە ستۆدیۆ بچووکەکانی سەر بە ماڵی هونەرمەندەکانی تەك کتێبخانەیە.

پێشکەوتنی سینەمای هاوچەرخ ئەم دوو ڕاستییەمان بۆ ساغ دەکاتەوە: جمهووری سینەما کە هونەری سینەما نیو سەدە زیاترە ناسیویەتی، لە ماڵەکانی خۆیاندا دانیشتوونەو تەلەفزیۆن دەبینن. جمهوورێکی نوێ نەشونوما دەکاتو هەروەها فیلمێکی نوێ لەگەڵیاندا نەشونوما دەکەن.

ئەو فیلمە نوێیەی کە نەشونوما دەکات، ئـەو فیلمەیـە کـە سـەربەخۆییی ئیسـتاتیکای زمانی فیلمەکە پیادە دەکات.

تەنیا یەك ڕێگاش بۆ پیادەکردنی ئەو سەربەخۆییە هەیە. ئـەویش ڕێگـای هونەرمەنـدی سینەمایە، تەنیا یەك ڕێگاش بۆ پیادەکردنی بوونی ئەو هونەرمەندە هەیە و لە ڕێگای زمانی سینەماییی پەتی کە لە قۆنـاغی کەڵەکـەبوونی چـەندی هەمـەجۆر لـە هونـەری فـیلم، بـۆ قۆناغێکی پوختەکردنی زمانێکی نویێ کە خودی خۆی سەربەخۆیە تێپەڕ دەکات. هونەرمەندی سینەماییی هاوچەرخ لەوەوە چاك تێ دەگات. بۆیـە ئـەمڕۆ هونـەری فـیلم بـەرەو زمـانێکی سینەماییی پوخت دەچێ.

دوای ئەم پێشەکییە، بۆ زیاتر ئاگاداربوونی شارەزایی و کارامەیی هونەرمەندانی سینەما لە جیهاندا لە ئاستی چەند ناودارێك دەوەسـتین و ڕوونـاکی دەخەینـە سـەر لایـەنی هونـەری فیلمەکانیان.

یەکەمین هونەرمەند، هونەرمەندی ئیتالّی ((لۆکینۆ فیسکۆنتی)) یە کە ناودارە بە فیلمی ((مەرگ لە ڤینیسیا))دا کە تـوانی بگاتـە پلـەی تـەواو کـە هـەرگیز لـە ژیـانی ناتـەواوی مرۆڤایەتی پیادە ناکرێت ((مـەرگ لـە ڤینیسـیا))دا سـەبارەت بـە (فیسـکۆنتی) یـە، وەك ((ساتیرکۆن)) ی فیللینی و ((بیابانی سوور)) ی ئەنتۆنییە، ئەو سێ گـەورە پیـاوەی وەچـەی شەڕی دووەمی جیهانی لە سینەمای ئیتالّی کە هەریەکە گەیشتە پلەی پێگەیشتن لە دەربڕینی ڕامانی لە ژیانو جیهاندا. فیسکۆنتی شارەزایی و پسـپۆڕی بـێ شـوماری (٣٥) سـالّی لـەو فیلمەدا کۆکردەوە کە کلاسیکی نەمرەکانی هونەری سینەما لە قەلّەم دەدرێت.

ئەم پسپۆڕییەش تەنیا پسپۆریی سینەما نییە، بـەلّکو درامـای شـانۆو ئـۆپڕاو بالییـەو نەخشەکێشانی دیکۆر و جلو بەرگو مۆسیقاو سەماش دەگرێتەوە.

فیسکۆنتی لە جوولاّندنی کامیرادا کۆمەلّێك زەڕەبینی بەکارهێنا گرنگترینیـان زەڕەبـینی (زووم)ە کە بە شاعیرییەتێکی ئەوتۆ بەکاری هێنا کە پێشتر ڕووی نـەدابوو، گومانیشـی تیـا نییە کە هۆی بەکارهێنانی زەڕەبین بۆ ئارەزووەکەی دەگەڕێتەوە.

کە دەیویست بزواندنی کامیرا، بەخستنە ژێر ڕکێفی تەواوبێ بـە هۆیـەك لـە هۆیـەکانی ڕامان و هۆیەك لە هۆیەکانی سروشـتی واقیـع، بـەردەوامبوونی درێـژی جـوولاّن لـە ڕێگـای هاوێنەکان (عدسات) بە تایبەتی کـە جوولاّنەکـە سسـت بـێ، کـە سـەیرکەر وا لـێ بکـات تێکەلاّوی ئەو جیهانە بێ کە تا ئەوپەڕی سنوور دەیبینێ.

جوولآنی کامیرا له وێنەگرتنی درێژ ئەویش هۆیەکی بنچینەیی (فیسکۆنتی) یە بۆ ئـەوەی دووپاتی بکاتەوە کە تەعبیر لە باری سەرنجی دەکات، نەك باری سەرنجی پاڵەوانەکەی، چونکە جوولآن له هەموو وێنەگرتنەکاندا له باری سەرنجی جۆستاڤەوە دەست پێ دەکاتو لـە هـەمان وێنەگرتندا بەو کۆتاییی دێ، هەروەها ئەو جـۆرە جوولآنـە ئیقـاعێکی تراژیـدی لەسـەرخۆی فیلمەکه دەرەخسێنێ. ئەگەر (مەرگ له ڤینیسـیا)دا، لووتکـەی تـەواوکار بـێ هونـەری لـە (فیسکۆنتی) دا، هەروەها لووتکەی تەواوکار، لە هونەری (دێرك بورجـارد) ی کاراکتـەر کـە دەوری (جۆستاڤ) ی بینی.

ئێمە بەرامبەر سیمفونییەکی گوێ بیستی - بینین کە فیسکۆنتی بە شێوازە واقیعییەکەی کە گەوهەر لە ڕواڵەت هەڵدەکرێنێ دایهێناوە، کـە تابلۆیـەکی سەرسـوڕهێنەری لەسـەرتاپای سەدەیەك کێشاوەو سەرلەنوێ لەرێگایەك شیتەڵکردنی جیهانی ناوەوەی خۆی خستووەتە سـەر شاشە و، ڕەنگە ئەمەش بێت فیلمەکەی کردووەتە پارچەیەك لە گیان.

سینەمای سیاسی لەناو ڕیالیزمی نوێ کە لە ئیتاڵیا لە دوای شـەڕی دووەمـی جیهانیـدا دەرکەوت لە یەکەمین فیلمەکانی رۆسللینی و فیسکۆنتی و ئەنتونیونی و فیللینی و دی سیکا و غەیری تر لە دایك بوو.

یەکەمین تۆوی سینەمای سیاسی بۆ سـاڵی ١٩٥٥دەگەڕێتـەوە کـە (جیلـو بونتیکۆرفـۆ) یەکەمین فیلمی ریواییی دەرهێنا. دەگوترێ کـە مێـژووی سـینەمای سیاسـی لەگـەڵ فیلمـی سیاسی تۆمارکاری (فیرتۆف) ی ڕووسی و ئیڤانسی هۆڵەندی و هی تر لە ڕابەرانی سـینەمای تۆمارکاریی سیاسی دەست پێ دەکات. (بۆنتیکۆرفۆ) لە بەکارهێنانی جوولآنی کامیرا لەگـەڵ وێنەگر مارشیلیوجاتی داهێنانی نیشان دا، بە تایبەتی جوولآنی کامیرای ئازاد کـە دەخرێتـە سەر دەست، کە لە وێنەگرتنی درێژو دیمەنی گەورەو بچـووك، پێوەنـدیی نێـوان شەخسـیەتو نێوان شوێن، یاخود پێوەندیی نێوان شەخسیەتو نێوان ڕووداوەکـان شـی دەکاتـەوە، وەك لـە فیلمی ((شەڕگەی جەزایر)) کە تێیدا شریتی دەنـگ بەشـێوەیەکی هونـەری بـەکاردێنێ لـە ڕێگای کارتێکردنی بێت یا لەڕووی مۆسیقای تەعبیری کە ڕەگی فۆلکلۆریی هەیە.

هونەرمەند (فرانشسکۆ روزی) کە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری ناپۆلی لە دایك بوو، ژیانی خۆی لە شانۆو سینەمادا بەسەر بردووە، لە شێوازی دەرهێنانی فیلمـەکانی پشـتی بـە وێنـەگرتنی خێرا بەستووە، وەك یەکێتیی بینای درامی، ئەمەش کارێکی سروشتییە سـەبارەت بـە دەوری جەوهەریی مۆنتاج لە دروستکردنی ئەو بینایەو ئەو مەبەستەی گەرەکیـەتی، کـە ڕووکردنـە

عەقڵی سەیرکەرە. بەم شێوە لـە نۆژەنـەوە سـەلماندی کـە مۆنتـاج نـاکۆك نییـە لەگـەڵ ڕووکردنە عەقڵی سەیرکەر وەك هەندێ ڕەخنەگر بۆی دەچن.

بەڵام لەبارەی جووڵانی کامیرا سنووردارو زۆر کەم بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەگـەزەکانی تر بگونجێ. (روزی) مۆسیقای لە شریتی دەنـگ بـە تـەواوی هەڵوەشـاندەوە بـۆ ئـەوەی واقیعییەتێکی زۆرتر بخاتە سەر وێنەگرتنەکان. یەك ئامێری بەکارهێنا لەگەڵ لێدانی کە لە لێدانی دڵی مرۆڤ دەکات، لەگەڵ ئەو وێنە گرتنانەی کە وێنەی ڕووداوەکە لە سەرەتاو کۆتاییی فیلمەکەدا دەگرن. وەك لە فیلمی ((کێشەی ماتێیە)) کە دەری خسـت (جیـان ماریا فۆلۆنتی) کە دەوری ماتێەی بینی یەکێکـە لـە مـەزنترین کاراکتـەری سـینەمای هاوچەرخ.

سـەبارەت بـە دەرهێنــەری فیلمـی سـینەماییی سیاسـی (دامیـانی) یەکێکـە لـەو هونەرمەندە ناسراوانەی کە چەند فیلمێکی دەرهێنـاوە، کـە تێیـدا چارەسـەری یـەکێتی پێشکەوتنی کۆمەڵایـەتی و دەروونـی دەکـات لـە ژیانـدا، کـە بەیەکـەوە گـرێ دراون. هونەرمەند خۆی پشت بە ڕووداوی ڕاستەقینە نابەسـتێت، لـە هـەمان کاتـدا سـەر بـەو سینەمایەیە کە لەناو سیستەمی نەك لە دەرەوەیدا سینەما سیاسی دروست دەکات.

پاڵەوانی ئیجابی لای (دامیـانی) وەك لـە فیلمەکانیـدا نیشـانی دەداو بەرجەسـتەی دەکات، ئەفسەرێکی پۆلیسە لە فیلمی ((ڕۆژی ئەلبووم))و پشکنەری پۆلیسە لە فیلمـی ((دان پیانانەکانی پشکنەر)) و ئەندازیاری بیناسازییە لە فیلمی ((لێکۆڵینـەوەی تـەواو بوو)). واتە بەشێکە لە بورژوای کاربەدەست کە مەسەلەی ڕەوشت بە تەنیا بۆ کاری باش پاڵی دەنێ.

(دامیانی) دەڵێ: پێویست ناکات نێـوان گێرەشـێوێن‌و شۆڕشـگێڕ تێکـەڵ بکـەین، تەنانەت ئەگەر فیلمەکەش خەڵاتی میهرەجانی مۆسکۆشـی وەرگـرتبێ. شۆڕشـگێڕ ئـەو کەسەیە کە دەڵێ: من کۆیلەی هیچ ڕژێمێك نیم بەڵام لەگەڵ ڕژێمـی شۆڕشـگێڕم، نـاڵێ لەگەڵ هیچ جۆرە ڕژێمێك نیم کە سەربەخۆیی دەگەیەنێ، ناڵێ دژی گشت دەسەڵاتێکم.

کۆنەپەرست لە ئیتاڵیا چەپڵەی بۆ پاڵەوانی گێرەشێوێن بـۆ (نافیـا) لـێ دا کـە لای (دامیـانی) پاڵـەوانێکی ئیجابییـەو دەیکاتـە شـەهیدو بـەلای (دامیـانی) ئـەو جـۆرە خوێندنەوەیە سەرەوژێرەو نەیویستووە کـە پـەیڕەوی ڕێبازێـك بکـات کـە ببێتـە هـۆی خوێندنەوەیەکی سەرەوژێری ڕێبازی (بریخت). (دامیانی) بۆ ئەوە دەچـێت کـە دڵخۆشـی

کۆنەپەرست بە فیلمەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەخنەی لە دیموکراسی گرتووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو لێکدانەوەیە نزیکترە لە پاساوو کۆنەپەرست دڵخۆش بووە بەو گێرەشێوێنییەی کە تێیدایە.

هونەرمەندی سینەمایی (بازۆلینی) لە جیهانی شیعرەوە هاتە ناو جیهانی سینەما و، لە جیهانی چیرۆکەوە کە لە سەرەتاکانی پەنجاکان دەستی بە نووسینیان کردبوو پێی نایە دنیای سینەماو شوێنەواری ئەوەش لەسەر شێوازە سینەماییەکەی دیارە.

ڕوانینی (بازۆلین) لەبارەی واقیع ڕوانینێکی چەپڕەوانەیە دژی بورژوا، بەڵام لە لایەکی ترەوە بە چاوێکی تراژیدییانە سەیری جیهان دەکات، تا دوای حەفتاکان هەژدە فیلمی دەرهێناوە. فیلمەکانی تۆمارکاری و بەڵگەنامەیین چ درێژەکان چ کورتەکان (بازۆلینی) دوای فیلمی (باڵندەی گەورەو باڵندەی بچووك) ڕووی کردە ئینجیلو بەشدارییەکی بێ هاوتای بەرەو هۆگریکردن و ڕاهێنانی (مەسیح) کرد، پاشان بەرە بەرە لە ئینجیل هەنگاوی نا بۆ ئۆدیبو لەگەڵ ئۆدیب. لە فیلمەکانی قۆناغی ئۆدیب دوو ڕێباز هەن. ڕێبازی یەکەم (بازۆلینی) لە کارەکانی شانۆی یۆنانی کۆن - ئۆدیبی سۆفۆکلیسو میدیای یۆربیدسو ئۆرستیای ئیسخولیس، ئیلهام وەردەگرێ. ڕێبازی دووەم بە تەواوەتی جڵەو بۆ خەیاڵەکەی بەرەڵا دەکات.

ئەو هونەرمەندەی کە پەنا دەباتە بەر ئەفسانەی هونەری کۆن یا چارەسەرکردنی شانۆگەرییەنە، یا ئەوەتا دەیەوێ ئەوەی لەبارەی واقیع بیڵێت ناتوانێ ڕاستەوخۆ بیڵێت وەك (سارتر) لە شانۆنامەی ((ئەلیکترا)) کە لەکاتی داگیرکردنی فەرەنسادا لە لایەن نازییەکانەوە نووسیبووی. یاخود دەیەوێ کە بە پێی باری سەرنجی ئەفسانە شی بکاتەوە.

(بازۆلینی) دەڵێ: وشەکان ڕەمزی واقیعین، بەڵام سینەما واقیعە. دەیەوێ لەگەڵ عەقڵی سەیرکەر بدوێ، ڕێگا بە سۆزو هەڵچوون نادات کە دەرفەتی تەنیاییان هەبێ، تەنانەت بۆ ساتێکیش، توانیی ئەوە لە (ئۆدیب) بەڕێبازی بەکارهێنانی مۆنتاجو تابلۆی نووسین ئەنجام بدات. شارەزایی بازۆلینی هونەری بە ڕوونی لە تەعبیر کرانی (ئۆدیب) لە دەرەوەی مێژوودا دەردەکەوێ، ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی جلوبەرگو دیکۆر و ئیکسسوار کە سەر بە سەردەمێکی دیاریکراو نینو چەند پارچە مۆسیقایەکی هەمەجۆری فۆلکلۆریی ڕۆمانی و ژاپۆنی.

کۆتاییی فیلمەکە نزیکە لەوەی لە هاواری دوایی بچێت لە دۆڵێکی چۆڵوهۆڵدا. ڕەنگە

بەکارهێنانی زەڕەبینی ١٨ کە ڕوانگە لەم کۆتاییەدا دەشێوێنێ تەمومژی ئەو جیهانە خەستو چڕ بکاتەوە کە (بازۆلینی) تەقەلا دەدا کە تێیدا لێ دەرچوونێك بدۆزێتەوە.

هونەرمەندی سینەمایی (بێرتۆلۆچی) پشتیوانی لە بەرجەستەکردنی بارودۆخی مێژوویی لە فیلمی ((دوا تانگۆ لە پاریسدا)) لە ڕێگای دەرخستنی ناکۆکیی نێوان بۆل کە لە ڕابردوو دەژی بە قەد ئەوەی دەیەوێ لێی دەربازبێتو لە (جین) دەخوازێت وەك بڵێی ((زەبری)) دواییە کە لە ڕێگاکەیدا هەرچی گەرەکی بێت پێش مەرگ پیادەی بکات. گرنگترین ئاسەواری ڕۆشنبیریی سینەمایی بێرتلۆچی لە چمکی بینای درامی پێچەوانە دەبێتەوە و، دەوری سینەما بەرامبەر کامیراو لەسەر شریت لە فیلمەکاندا دەبینرێو کاری بەسەر ماددەی نووسراوەوە نییە.

ئەگەر بمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە تا چ ڕادەیێك بێرتۆلۆچی توانیویەتی سینەمای بارودۆخی گەورە دروست بکات کە نێوان بارودۆخی مێژوویی و ڕەهای میتافیزیکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. وەڵامەکەی ئەوەیە کە هونەرمەندی سینەمای ئیتاڵی لە ڕێگای زیاتر لە فیلمێك ئەو تەقەلایەی داوە، بەڵام سینەمای بارودۆخی گەورەی ئەنجام نەدا لە ((تانگۆ لە پاریسدا)) نەبێ.

هونەرمەند (جۆدار) هاتە ناو دنیای سینەما بۆ ئەوەی تێکوپێکی بشکێنێ، بگرە بۆ ئەوەی سینەمایەکی تری نوێ دروست بکات، خۆی نموونەی ئەو ڕۆشنبیرەیە کە برژونی ڕەت کردەوەو خۆی لە ڕیزی بێ لایەنەکاندا دیتەوە.

ناکۆکی سەرچاوەی سەرەکیی جوانییە لە هونەری (جۆدار) و یەکەمین ئامرازە بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە لای کە ریتمە یاخود چۆنییەتی بەکارهێنانی مۆنتاژە، (جۆدار) لەڕێگای وێنەگرتنی ناتەواوەوە توانیی تەعبیر لەتێدا ژیانی مێشیل بواکار لە (واقیع)دا بکات بەوەی کە زنجیرەیەکە لە ساتە لێك جیاکانا.

جۆدار لە دروستکردنی مۆنتاژ پشت بە هەستکردنی تایبەتی خۆی بە زەمەن دەبەستێت و، سەعاتی میقاتکردن بەکارناهێنێو قۆناغی مۆنتاژ لە قۆناغەکانی نووسینی سینەمایی لە قەڵەم دەدرێ، زۆر جار مانای ئەو وێنە گرتنانە دەگۆڕێ کە لە ژووری ئاوێتەکردندا دەیانگرێت هونەرمەند ئیقاع دەکاتە هۆکاری دروستکردنی ناکۆکی لە ڕێگای دیمەنی زۆر درێژو زۆر کورت، بە واتایەکی تر لە ڕێگای ئەو ڕیتمەی بەستراوەتەوە بە نێوان بزاڤی تەواوو وەستانی تەواو.

جۆدار دەڵێ: من کە لە ڕێگا دەپەڕمەوە زۆر ئاگادارم، من بیر لە ڕووداو دەکەمـەوە بەر لەوەی ڕووبدات. بیردەکەمەوە کە ڕەنگە ژیانم لێرەدا بوەستێ. من نەخشەم بۆ دوارۆژ نییە، ئاسۆش سەبارەت بە منەوە بە تەواوەتی داخراوە.

هونەرمەندی سینەمایی ئەڵمانی (هێرزوج) چەندین فیلمی کورتو ناوەنجیی دەرکردووە، لە دەرکردنی فیلمەکانی چوارچێوەی مێژوویی بەکاردێنێ، بە پێی ڕوانینێکی سەرانسەری ژیاری ئـەوروپی پابەنـدی ڕێبـازی زانسـتییە لـە شـیکردنەوەی ڕەوتەکـەو دیـاریکردنی چارەنووسەکەی، شێوازی لە دەربڕیندا بە واتای مەزهەبی ڕەمزییە، کە وا ئاستی ڕوانینی لە ڕێگای بەخشندەکانی جیهان فرە لایەنن، ئەو جیهانەی کە هونەرمەند لە کارەکەی وەك گشت تەعبیری لێ دەکاتو لە داڕشتنەوەی پارچـەکانی واقیعـەوە وەرگـیراوە. نـەك لـە داماڵینی واقیع یا ئەو ڕەمزە خوازراوەو پرشو بڵاوەکان.

(هیرزوج) بە شێوازێکی تایبەت بەخۆی تەعبیر لە ڕوانینی تایبەتی خۆی دەکات. تۆ دەتوانی لە فیلمی (هاوزەر) ئەو مرۆڤەی بە نەزانی لە دایك دەبێو بە نـەزانی دەمـرێو لەناو تەمومژدا ون دەبێ. ببینی تۆ دەتوانی لە (هـاوزەر)دا ئـەورووپا دوای تێکشـکانی ناپلیۆن ببینی، هەندێکیان بە سەدەکانی ناوەڕاستداو هەندێکیان بەر لـە دایکبـوونێکی نوێ بەستراونەتەوە. هەروەها دەتوانێ لە فیلمەکدا کۆمەڵی نوێی ئەڵمانی ببینی.

هونەرمەند (میلۆشی فۆرمان) لە ڕێگای بەهرەی هونەرییەوە کە نکۆڵیی لـێ نـاکرێ توانیی ڕەوتێکی باش لە سینەمای چیکی بڕەخسێنێ. شێوازەکەی، شـێوازی ڕیـالیزمی بابەتییە کە لە پێنج ڕەگەزی سەرەکیدا خۆی دەنوێنێ کە گێڕانەوەی چیرۆکە لـە ڕێگـای ڕووداوی ژیانی ڕۆژانەو پابەندبوون بە کاتی ئێستاو، نزیکبوونەوە لە دایەلۆگی سروشـتی تا ڕادەی سەرپێیی لە کاتی وێنەگرتندا. تۆمارکردنی دایـەلۆگ ڕاسـتەوخۆ بـێ دۆبـلاج لەگەڵ بەکارهێنانی مۆسیقا بە وریایی وەك جۆرێك لە تەعلیق لـە پـاش بەنـدی شـریتی دەنگ، لە کۆتاییدا تەقەلادانی دەسکەوتنی ڕیتمی ژیانی ئاسـایی، ئـەویش لـە ڕێگـای مۆنتاژکردنی دیـمەن، وەك ئـەوەی کـە ڕەنگـە لـە واقیـع ڕووبـدات بـێ زیـادەڕۆیی لـە هەمەجۆریی قەبارەی وێنەگرتنەکان یا گۆشەو جووڵانی کامیرەی نـالۆجیکی. گـرنگترین فیلمی ((فۆرمان لانەی شێتان))ە کە لە یەکـەم جـاردا وەك فیلمێکـی تەقلیـدی بـەهۆی بینای درامی کلاسیکی خۆی دەنوێنێ کە پارێزگاری یەکێتی کاتو شوێنو بابەت دەکات کە ئەرستۆ بانگەشەی بۆ کرد. هـەروەها بـەهۆی نـەشونومای تـەریبی ورد لـە ڕێگـای

سەرەتاو ناوەڕاست یاخود لووتکەو کۆتایی، بەڵام هەرگیز فیلمێکی تەقلیدی نییە، بەڵکو تەمسیلی بلیمەتی ساکاری دەکات لە قووڵاییی فیکرییەکەیدا.

ئازادی لای (فۆرمان) گەورەترین خەونی مرۆڤە، پیرۆزترین‌و مەزنترین شتە کە لە ژیانیدا بۆی هەوڵ دەدات. بەڵام ئازادی بە تێکدانی ڕژێم نایەتەدی، بەڵکو بە ڕەخساندنی ئەو ڕژێمە کە ئازادی پیادە دەکات.

دوا هونەرمەندی سینەمایی کە لە ناسینیا دەوەستین (سێرجی باردجانۆف)ە، کە لە فیلمی ((سێبەری باپیرە لە بیرکراوەکان))دا کۆپلەیەك شیعری خۆی دێنێتەوەو دەڵێ:

**حەقایەتێکی کۆنتان بۆ دەگێڕمەوە**
**دەربارەی ئەو زەبەللاحانەی کە**
**لەوەتەی زەمانێکی دێرینەوە**
**لەسەر زەوی دەژیان**
**درێژیی هەنگاویان میلێك بوو**
**دەستیان دەگەیشتە ئاسمان**
**بە جوانی دەناسران**
**دەیانخواردو دەیانخواردەوە**
**بەڵام خوایان تووڕە کرد**

(باراد جانۆف) شاعیر بوو، بەڵام شاعیرێکی شۆڕشگێڕ نەبوو، باراد جانۆف ڕووناکبیر بوو، بەڵام ڕووناکبیرێکی مارکسی نەبوو. ئەمەش وا ناگەیەنێ وەك هەندێ کەس لەو ڕایەدان کەواتە خزمەتی شۆڕش چەواشە دەکات، بەڵام خزمەتی مرۆڤایەتیی دەکرد. بەڵام ناتوانێ چارەنووسی خۆی بخاتە ژێر ڕکێف.

فیلمەکانی (باراد جانۆف) لە ڕووی بینای درامییەوە پوخت بوون، پوختیش خاسیەتێکە لە خاسیەتەکانی هەموو کارێکی هونەریی ڕاستەقینە. فیلمی (سێبەری باپیرە لە بیرکراوەکان) بریتییە لە دەروازەو پێشەکی و دە بەش‌و هەر بەشەش ناوونیشانی لەسەر شاشە دەنووسرێ. بینای دەوامی فیلمەکە بە شێوازی دەرهێنان دەلکێ. باردا جۆف لە تەوزیفکردنی زمانی سینەمایی داهێنان دەکات، گرنگترین ئەو بابەتانەی بەکاریان

دێنێ پێکهێنانو جوولانی کامیرا و ڕەنگو دەنگو مونتاژە، فیلمەکە بە قوتابخانەیەکی تەواوی هونەری سینەما لە قەڵەم دەدرێو بەم کارەی کە کارێکی تەواوە لەبارەی مرۆڤی ناتەواو، وا لە ژیان دەکات کە لە مەرگ بدوێ، زۆرمان پێ دەبەخشێ، تەنیا سەعاتێك و ٣٥ دەقیقەمان لێ دەستێنێ، یەکێکە لە شانازییەکانمان، بەم کارە داهێنەرەی توانیی کارێکی هونەری بخولقێنێ ئەمەش کافییە بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لە گرنگترین هونەرمەندان لە مێژووی سینەمادا. (١)

**پەراوێز:**

١- ئەم نووسینە پوختەکردنو وەرگێڕانی کتێبی ((اضواء على السينما المعاصرة)) یە کە ((سمير فريد)) نووسیویەتی. ١٧٨ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە لە - دار الحرية للطباعة - بغداد - ساڵی ١٩٧٩چاپ کراوە.

# دەروازەیەك بۆ شانۆی منداڵان

## كرۆكو چەمكی شانۆی منداڵان:

شانۆی منداڵان بەشێكە لە هونەرە مرۆییە جوانەكان كە بەشداری لە گەڵاڵەكردنی هـزری منداڵ و، ڕێبازە ئاكاری و ڕۆشـنبیرییەكانی لـەناو ژیـانی گشـتیدا دەكـات و لـە دەروونیـدا پلەیـەكی گـەورەو هەسـتیاری چـێژی داهێنەرانـە دەخـولقێنێ كـە ئـەوەی جوانـەو لەگـەڵ كەسایەتییەكەی دەگونجێ و دروستبوونەكانی ژیانی بە پێی قۆناغـەكانی بـەرەو پێشڤەچـوونی ئەو ژینگەی كە تێیدا دەژی بجوولێ و چێژ وەربگرێ و هەست بكـاتو بتـوانێ بـە تایبـەت لـە ڕێگای ئەم هەستی چێژەوە هەسـت بـە جـووڵانی شـتەكانی دەوروبـەری بـە هـەموو وردی و جیاكردنەوەو جیاوازیی دەنگەكانیانو زانینی ئەوەی كـە زیـان بەخشـەو ئـەوەی لـە ناویانـدا بەسوودە، بكات.

شانۆی منداڵان بەو سیفەتەی كە شێوەیەكی هونەرییەو لە پێویستییەكی پەروەردەییـیـەوە هـەڵقوڵاوە، كـە بنچـینەی خولقانـدنو بوونیـەتی لـە واقیعـدا، هـەروەها بـۆ هەسـتكردنی پێوەندیداران بە پێویستبوونی، وەك ئامرازێكی ڕۆشنبیری هاتووە كە بەشداری لە پیـادەكردنی ڕۆڵەكـەی بەشـێوەیەكی لـۆجیكی بەبـەر دەكـات.. ئەگـەر بتـوانێ بەشـێوەیەكی زانسـتیی دیراسەكراو بەشداری لە پەروەردەكردنی ئەو توێژە بكات كە بۆی تەرخان كراوە و ترسناكترینو دژوارترین توێژی مرۆیی ترن لە كۆمەڵگەدا. شانۆی منداڵان هەروەكو ((مارك توین)) دەڵـێ: (بە گەورەترین داهێنان لە سەدەی بیستەمدا لـە قەڵـەم دەدرێ خـۆی بـە هێزتـرین فێركـاری ڕەوشتەو چاكترین پاڵنەرە بۆ ڕەفتاری باش كە بلیمەتیی مرۆڤ پێی گەیشتووە) چـونكە یـەكێ لە شێوازە بنچینەیی و كاریگەرەكانـە بـۆ پـەروەردەو فێركـردنو گەشـەپێدانی هەسـتەكانی منداڵان بە مەبەستی دەرككردنی ئەو شتانەی لـە دەوروبەریانـە. هـەروا یارمەتیدەرێكـە بـۆ چاككردنی گۆكردنو ئیداكردن بۆ گەشەپێدانی كارامەییـیەكانیان.

پێویسته شانۆی منداڵان له بنچینەوه بـه منداڵانـەوه ببەسـترێتەوه، ئـەویش لـه ڕێگـای دیراسەتکردنی ئارەزووەکانیانو دەروونیانو ئەوەی حەزی لێ دەکـەن نـەك پێوەندییەکـەی بـه منداڵانەوه شەکلی بێتو پشت بەوه ببەسـتێت کـه گـەوران پێشکەیشـی منـداڵانی دەکـەنو دووربێ له به وەڵام هێنانو بەشداری نەکردنی منداڵان.

پێویسته کاری شانۆیی مامۆستایەکی تری منداڵان بێ، کـه فێریـان بکـاتو گەشـه بـه توانـایی وەرگرتنیـانو زانیارییـه زانسـتییه بـه سـوودەکان بـدات، یاریـدەیان بـدات لـه چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتو دژوارانەی که جیهانی دەوروبەریان بەسەریاندا دەسەپێنێ. یان ئەوەی که له ڕێگای بارودۆخی تایبەتەوه دێتو لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی گشتی ناگونجێ له کۆمەڵگەدا.

هەروەها ئەم هونەره جوانه، پێویسته هەوڵی بەختەوەرکردنی منداڵان و خۆشی پێدانیان له ڕێگای بەکارهێنانی هەندێ ئامرازی هونەریی گونجاو بـۆ جیهانەکـەیان بـدات و هۆکارەکـانی یـاری و ڕابـواردن لـەناو نمایشـکردنی شـانۆیی زۆر بکـات کـه زیـاتر بـه بینـینی زنجـیرەی شانۆگەرییەکه دەیبەستنەوه، هەروەها پێویسته که شانۆ ڕووکارێکی ڕۆشنبیری و ئـامرازێکی فێرکاری بێ که منداڵان ڕێنمایی بکاتو به پێی بەرنامەیەکی ڕێنماییکاری ساناکراو ڕاستیان بکاتەوه و، هەندێ لایەنه گرنگەکانی بـۆ پیـادەکردنی پیشـەکەی بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ وەربگرێ.

**شانۆی منداڵانو شێوازەکەی له پەروەردەو فێرکردندا:**

شانۆی منداڵانو کاریگەرییەکی له ژیانی منداڵدا، پـەروەردەکارانو پسـپۆڕانو زانایـانی دەروونی و کۆمەڵایەتی به ئامرازێکی کاریگەریان له قەڵەم دا که یارمەتیی مامۆستایان لـه وانه وتنەوەی زۆر ماددەی زانستی و پڕۆگرامکاری دەدات.

ئەو مەسەلەیه له ڕێگای زانستخوازی و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی مەیدانی دەبـێ کـه بـۆ چەند قۆناغێکی هەمەجۆر له تەمەنی منداڵی کراون، له چەندین وڵاتـدا، سـەلماندوویانه ئـەو ڕێژانەی که پڕۆگرامی فێرکاری لێـی سـەرنەکەوتوون، بەشـێوەیەکی زۆر لـه نمایشـکردنەکانی شانۆگەرییه ئاراستەکراوەکانی منداڵان سەرکەوتوون. چونکه له پیشـه سـەختو جوانەکەیـدا پشتی به ڕەگەزەکانی خۆشکردنو ساناکردنو چێژ وەرگرتن بەستووه، لـه گەیانـدنی مـاددەی فێرکاری و چەمکی زانستی بۆ مێشکی منداڵ، به ڕێگایەك که منداڵ بـۆ بـه دواداچـوونی و

قەبووڵکردنی پاڵ دەنێ بێ ئەوەی بەسەریدا سەپێنرابێ، یان بە زۆر خرابێتە ناوی کە وای لێ بکات هەست بە بێزاری و نەفرەت بکات.

ڕەنگە هەندێك بە سانایی نەگەنە ئەم ڕاستییە، بێ هۆشیارییەکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بە پێداویستییەکانی هەر قۆناغێکی تەمەن لە ژیانی منداڵو هەستکارییەکەی بەرامبەر شتەکان، هەروەك ((ونیفرید واید)) دەڵێ: (ئەوەی کە منداڵ لە تەمەنی پێنج ساڵی قەبووڵیەتی بەلای منداڵانی تەمەن پانزە ساڵییەوە شتێکی پووچەڵە)، کەواتە هۆشیاریی قووڵ بە پێداویستییەکانی هەر قۆناغێکی تەمەنو تێگەیشتنی پێویستەکانی ژیانی دەمانگەیێنێتە شێوازی سەرکەوتوو لە پەروەردەکردنو پێگەیاندنی بەو شێوەی کە خوازیارینو لە ئاکامدا دەگەینە حەقیقەتی ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی کە سەودا لەگەڵ منداڵاندا دەکەن و، دەگەینە لێکدانەوەی ڕاست لە گەیشتنی هەر منداڵێکی دروست بۆ ئاستی ئاکاری و زانستیی جیاکراوە کە وای لێ دەکات شیاوی ڕەهابوونێکی موژدە بەخش بێت لە داڕۆژدا.

ئەگەر هاتو دوو کۆمەڵە منداڵی ساخڵەمان هێنا، ئاستی خوێندنو ژینگەیان هەمان شێوە بوو، کۆمەڵێکیان هیچ نمایشێکی شانۆیی بۆ منداڵ نەبینیبێ و، کۆمەڵێك ژمارەیەك نمایشی شانۆیی دیتبێ.. دەبینین کۆمەڵی دووەم هۆشیارتر و، بەسەنگتر و، تێگەیشتووترەو ئەو ڕێنماییە پەروەردەیی و فێرکارییانەی پێشکێشی کراوە چاکتری وەرگرتوون و، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا دەبینین لەوەی کە کۆمەڵەی دووەم لەسەر تەختەی شانۆ دەسگیری بووە و، دەبینین چێژو هەستی زیاترە لە کۆمەڵەی یەکەم. ئەمەش لە ئەنجامی کارتێکردنی شانۆو کاریگەرییەکەی لە دڵو دەروونی منداڵانەوە هاتووە. کاتێ منداڵان کارلێکی لەگەڵ ڕەگەزەکانی شانۆگەرییەکە دەکەن، لە شانۆدا خەیاڵیان فراوان دەبێو مێشکیان بەرەو بیرکردنەوە بۆ گەیشتنە ئاسۆی زانیاری گەشە دەکاتو زانیاری نوێیان دەست دەکەوێ. هەروەها (کاتێ کە منداڵان چێژ لە وێنە جوانەکانی شانۆگەرییەکە وەردەگرن. هەستیان بە جوانی پتر دەبێ)[٢] و تواناشیان لە پێشوازیکردنی نەخشە پەروەردەییەکانو فێرکارییەکان زیاتر دەبێ، جا لە قوتابخانە بێت یان لەسەر تەختەی شانۆ، توانای مامەڵەکردنی جیددی و بابەتییان لەگەڵ ڕێنماییکارانی پرۆگرامەکانی خوێندنو پێڕەویکردنیان بە وردی و هەروەها لە ژیاندا باشتر دەبێ، چونکە لە ڕێگای ئەوانەوە هەست دەکەن کە دەتوانن ئاستی عەقڵی و مێشکیی خۆیان بەرز بکەنەوە و، کارامەیی و زیاتربوونی

زانیارییــەکانیان بــەهێز بکــەن، بــەوەی ڕەنگدانەوەیــەکی باشــیان لەســەر کەســایەتییەکانو مامەڵەکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەبێ.

شانۆ و، قوتابخانە لە پشت هەموو ئەوانەوە دەوەستن، بە تایبــەتی بــە پلــەی یەکــەم ئــەو مامۆستایانەی لە بە دواداچوونی شانۆو نەخشە پەروەردەییەکان، لەناو شانۆ بــێ یــان لــەناو قوتابخانەدا دەتوانێ هەندێ کەشو هەوای شانۆگەری یان شانۆی بچــووك دروســت بکــات کــە خزمەتی پڕۆسەی پەروەردەیی و بەکارهێنانی وانەکان دەکات لە کتێبــەکانی کتێبخانــەدا زۆر بابەتی زانستی و ئەدەبی هەن ئەوانەی منداڵان حەزیان لێ دەکەن و مامۆســتا دەتــوانێ ئــەو ماددانە بخاتە قاڵبێکی شانۆی ساناوە پەیامی قوتابخانە لە خولّقاندنی وەچەیەکی زۆرزان دێتــە دی) [٣].

یەکــەمین هــەنگاونانمان لــە هەڵســەنگاندنمان بــۆ هــەر کۆمەڵگەیــەك، زانــینی ڕێســای پەروەردەییە و بناغەی تەواوبوونی لایەنەکانی و هێڵە پانەکانو ئەو هۆکارانەن کە مرۆڤی ئەو کۆمەڵگەیە تیایاندا پەروەردە دەبێ و، هەر لە خشتی یەکەمەوە دەست بە زانینی ئەم پێــوەرە دەکەین کە منداڵە و دیراسەتکردنی منداڵو هۆکارەکــانی لــە قۆنــاغی باخچــەی ســاوایانەوە سازدەبن تاکو دوا قۆناغ کە تێیدا گەشە دەکات بۆ قۆنــاغی هــەرزەکاری دەگــۆڕێ، هەروەســا هۆکارە ڕۆشنبیرییەکانی منداڵیش دیراســە دەکــرێ بــۆ زانــینی ڕادەی گرنگیــدانو چــاودێری دەوڵەت. ئەزموونەکان نیشانیان دا، کە کۆمەڵگە ژیاری و بەرەو پێشڤەچووەکان گرنگییــەکی زۆر بە هۆکارەکانی ڕۆشنبیریی منداڵ دەدەن، لەو هۆکارانە بوونی شانۆی تایبەتە بە منــداڵان کە لە پەروەردە و ڕۆشنبیریدا وەك ئامرازێکی گرنگ پشتی پێ دەبەســترێ، لــە ئامــادەکردنی منداڵو بنیاتنانی هۆشمەندییەکەی و، فراوانکردنی ئاسۆی زانیاری و هەستەکانی، بــۆ ئــەوەی ئەویش لە بەرەو پێشڤەبردنی کۆمەڵگەدا بەشداری بکات.

لێرەدا دەبێ یاریدەی باوکانو مامۆستایانی کارمەند لە شانۆدا بدرێ، لەپێناو دروســتکردنی جەماوەرێکی شانۆیی هۆشمەند لە منداڵان، چونکە (باوکانو مامۆستایانو کارمەندان لــە شــانۆ پێویستییان بە هاوکاری هەیــە بــۆ ئــەوەی بەرهــەمی شــانۆگەریی بەرچــاویان دەســت بکــەوێ، پڕۆگرامی زانستی کە شانۆی مۆسکۆ بــۆ منــداڵان پــەیڕەوی دەکــات و، توانیویــەتی ئــەنجامی گرنگی هەمە لایەن، لە بارەی ڕادەی کارتێکردنی نمایشکردنی شــانۆیی دەربخــات دەکــرێ ببێتــە نموونــە کــە داموو دەزگــا شــانۆییەکان شــوێن پێــی هــەڵگرن، دەســتەی شــانۆ لــە تــەك هونەرمەندەکانەوە. نووسەرو زانای دەروونی و پسپۆڕ لە کاروباری منداڵان بەخۆوە دەگرێ.

ئەوانە هەموویان لەمێژە کاریان دیراسەکردنی سەیرکەرانەو باری سەرنجی جیاجیای چەند منداڵ تۆمار دەکەن، نە تەنیا لە کاتی نمایشکردنی، بەڵکو دوای تەواوبوونی بە چەند ڕۆژێك، ئەویش بە یارمەتیی باوکانو مامۆستایان، هەروەها بە بایەخدانەوە لەو نامانە دەکۆڵنەوە کە منداڵان بۆ دەرهێنەرەکانی دەنووسن و ئەو تابلۆیانەی دیمەنەکانی شانۆگەرییەکە وێنە دەکێشن و ئەو چیرۆکانەی دەیگێڕنەوەو ئەو پێشبڕکێیەی لەنێوانیان دەکرێ. هەروەها دیراسەی تێبینییە سەرپێیەکانی منداڵەکان دەکەن لەسەر شانۆگەرییەکە). (٤)

هەموو ئەوانە لەپێناو زانینی کارتێکردنی شانۆیە لەسەر منداڵ و، کارتێکردنەکانی نمایشکردنی شانۆیی لە دەروونیاندا و، ڕادەی سوود وەرگرتنیان لە وانەکان کە بە قوتابخانەی دووەمیان لە قەڵەم دەدرێ.

لەم ڕوانگەیەوە (دەوڵەتە پێشکەوتووەکان گرنگییەکی زۆریان بە شانۆی منداڵان داوە، وایان لە قەڵەم داوە کە زۆر گرنگترە لە شانۆی گەوران و هەموو تواناو شارەزایی و وزەکانی بۆ تەرخان کرا کە وایان لێ بکەن لە پیادەکردنی ئەرکەکانو مەبەستە پەروەردەییەکان لە ژیانی منداڵاندا بۆ چەسپاندنی دابوو نەریتە بنیاتنەرەکانو شێوازو بابەتییەکان لە کاری هونەری و پەروەردەیی ئەم هونەرە جوانەدا سەرکەوتووبن. (٥)

## ڕەگەزەکانی بکێشکردنی منداڵ بۆ شانۆ:

شانۆی منداڵان، جگە لەوەی پێشتر باسکرا پشت بە هۆکارەکانی وروژاندنو بکێشکردنی منداڵ دەبەستێ..

لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە هێشتا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی شانۆی منداڵانین و (تا ئێستا شانۆیەکی بچووکمان نییە هەر نەبێ بۆ منداڵان. گەشەپێدانی هەستەکانی منداڵو بەرەو پێشڤەبردنی بیروباوەڕەکانی بەو بابەتە نوێیانەی کە کۆڵەگەیەکی پتەو پێك دێنن، پیویستە تا لە توانادا هەیە، ڕەچاو بکرێن، کەواتە شتێکی پێویستە ئەو ئامرازە بدۆزینەوە کە پەیڕەو بکرێ بۆ کردنەوەی ئاسۆی هونەریی ڕاست، لەبەردەم منداڵاندا، کەوا دوای ئەوەش دەتوانین منداڵەکانمان لەسەر خۆشەویستیی جیهانی بنکەی شانۆیی بەشێوەیەك بەرەوپێش بەرین) (٦)

هەروەها دەتوانین لە شانۆو نواندنو ئەو جووڵانەوانەی کە بەرجەستەی خێرو هاوکاری و جوانی دەکەن و منداڵان لێی ڕابنێین، بچنە ئەو شانۆگەرییە ئامانج بەخشانەی کە بۆ ئەوان تەرخان دەکرێن، منداڵ شادمان دەبێ کە ئەو شانۆگەرییانەی لە چەمکەکانو هەستەکانی ئەو بە

شتەکان سەرچاوە دەگرن، ببینیٰ، هەروەها بینینی ئەو گیانلەبەرانەی لەبەردەم ئەودا سەما دەکەنو بە پێی هێڵێکی شانۆیی ڕوون دەجووڵێن و، بەشێوەیەکی حەقایەت ئامێزی ساکارو چیرۆکی جوان وای لیٰ دەکەن، لەگەڵ شێوەکەی و بابەتەکەی تێکەڵ بیٰو لە کۆتاییدا دەتوانیٰ لەگەڵیاندا بگونجیٰو بژی و چەند ساتێکی خۆش لەناو شانۆیەکە یان لە دەرەوەیدا بەسەربەرێتو ئەوانیش هەر لەگەڵیاندا دەژین، ئەگەر بێتو ئەم شانۆگەرییانە کاریان تیٰ کردبیٰ ئەویش کاری لە کەشو هەواو قووڵایی و بابەتەکانیان کردبیٰ کە زۆربەی بنەماکانیان لە جیهانی منداڵانەوە وەرگیراون.

بۆ دەرك پێکردن بە سەرکەوتنی کاری شانۆیی چەند ڕەگەزێکی گرنگ بۆ شانۆیەکە هەنە، لەوانە ڕووناکیی جوان و ڕەنگو دەبدەبەو وێنەو لیستۆكو گیانلەبەرو مۆسیقاو هی تر.

ئەم ڕەگەزانە لە کاری شانۆیی وادەکەن کە بگەنە ئاستی هۆشمەندی و خواستەکانی منداڵ و هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری و زانیاری و بەرەو پێشڤەچوونی پیٰ بدەن، جگە لەوەی کە باس کرا، هۆکارەکانی وروژاندنو بکێشکردنەکانی تر، کە منداڵ بە دەنگیانەوە دەچیٰو تیایاندا بەختەوەر دەبیٰ، لەوانە کارتێکەرەکانی دەنگی بە جووڵەو دەنگدانەوەی لەسەرخۆ و وردی ژەنینی مۆسیقا کە بزووتنەوەی نواندنو دەنگی پەیڤەکان دەکاتە جیهانێکی زیندوو لەناو منداڵاندا، (لێرەدا تایبەتمەندیی شانۆی منداڵان لە شانۆی گەوران جیا دەکرێتەوە" لەبەر ئەوەی هزر ڕاست دەکاتەوە کە لە ڕێگای یاریی شانۆیی ڕێکوپێك کە لە گۆرانی و سەما و یاریی میللیدا خۆی دەنوێنیٰ و، هەر شتێك کە منداڵان هۆگری یارییەکەی دەبن، لە ژیانی گشتیی منداڵەوە بۆ شانۆ دەگوێزرێتەوە، بۆ نموونە.. من ناتوانم بیٰ دەبدەبەی ڕەنگاوڕەنگ و پەیڤی شیعری سروش بەخشو پیادەکراو بە دەنگی ڕاستگۆیی بە کۆمەڵ بیر لە شانۆی منداڵان بکەمەوە ئەگەر قوتابخانە وەچەیەکی فێرخوازو مەشقپێکراو بخولقێنیٰ، ئەوا دەستەبەر بکرێن دەتوانیٰ وەچەی هۆشمەندو گەشبینو دەم بە خەندەی هەمیشە بەرامبەر ژیان و، باوەڕکار بە دواڕۆژی بەختیار بخولقێنیٰ و چاکترین شت کە وا لە شانۆ دەکات بتوانیٰ لە تەك قوتابخانەو سەیرانگە بوەستیٰ، ئەوەیە کە بینایەو خەڵکی پسپۆڕ هەبیٰ، کە هەردەمو بەردەوام لە پێناو بەردەوامبوونی شانۆی منداڵان)[٧] کاردەکەن و کۆشەی گونجاوی لە ژیانی گشتی بۆ دەدۆزنەوە بە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵو ئەرکەکانی وەك بناغەیەك بۆ گەشەسەندنی بەرەوپێشڤەچوونی، بەو سیفەتەی کە بەشێکە لە قوتابخانەو تەواوکەری ئەوە لە پیادەکردنی خودی مەبەستەکە. لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین کە (لە پێوەندییە گرنگەکانی ڕەوتی شانۆی منداڵان، جیاکردنەوەیەك هەیە لەنێوان شانۆی قوتابخانەیی و ئەوەی تایبەتە بە منداڵان لە دەرەوەی

قوتابخانه. زانراوه كه شانۆی قوتابخانه‌یی ئامانجی به شانۆكردنی پرۆگـرامو وانـه‌كانو خزمـه‌تكردنی پرۆسـه‌ی فێركـاری و بـه‌هره‌كانی منداڵانـه‌و به‌شـداریكردنه لـه پـه‌روه‌رده‌كردنیان به‌شـێوه‌یه‌كی ئیستاتیكانه كه منداڵانی قوتابخانه ئه‌م جۆره شانۆیه ده‌نوێنن، ئه‌ویش له ئاخاوتن له‌گـه‌ڵ منـداڵان له‌ناو قوتابخانه‌دا، كه‌چی شانۆی منداڵان له ئامـانجو ئه‌ركـه‌كانی گـه‌وره‌ترن، ده‌رفـه‌تی زیـاتر بـۆ دۆزینه‌وه‌ی ژیان ده‌ڕه‌خسێنیو دڵنه‌واییيان ده‌كاتو بـه هۆكـاره گونجاوه‌كـان له‌گـه‌ڵ هه‌سـته‌كانیان ده‌دویو ئـاره‌زووه پێویسـتییه‌كانیان، ده‌رده‌خـات)[8] و ده‌تـوانی هـه‌ر شـتێكیان پێویسـته لـه هۆكاره‌كانی كات ڕابواردنو زانیاری بیانداتی و وه‌ڵامی هـه‌ر شـتێكیان بداتـه‌وه كـه حـه‌ز ده‌كـه‌ن بیزاننو پرسیاری لـه باره‌یـه‌وه ده‌كـه‌ن. ته‌نانـه‌ت شـێوازی مامه‌ڵـه‌كردنی له‌گـه‌ڵ دایـكو بـاوكو مامۆستاكه‌ی و ئه‌وانی تر فێربێ (كاتێك منداڵ ده‌گاته قۆناغێكی ده‌رك پێكراو له ته‌مه‌نی ده‌بینین به سانایی ده‌توانی له‌گه‌ڵ نمایشكردنه شانۆگه‌رییه قووڵه‌كان و ده‌نگه بیو ئه‌وكاته به‌شداری له چێژ و ڕه‌خنه ده‌كاتو له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه ده‌یبینی له‌سه‌ر شانۆ ده‌گونجی وه‌ك هه‌ر سه‌یركه‌رێكی ڕۆشنبیری به ئیدراك[9] به‌مه‌وه منداڵ ده‌توانی هه‌سته‌كانو چـه‌مكه‌كانی بـۆ شـانۆ قـووڵ كاتـه‌وه، ئێمـه‌ش ده‌توانین جه‌ماوه‌رێكی شانۆخوازی هۆشمه‌ند له منداڵان دروست بكه‌ین، كـه ڕای خۆیـان ده‌ربـڕن و، قه‌بووڵ و ڕه‌تی ئه‌وه‌ی پێشكێشیان ده‌كری بكه‌نه‌وه‌و به‌شداری بكا له ئاماده‌كردنی ئه‌وه‌ی كـه حـه‌ز ده‌كه‌ین له دوارۆژدا پێشكێشی بكه‌ین.

له‌به‌ر ئه‌وه ڕه‌گه‌زه‌كانی بكێشكردنو ورووژاندنو گرنگیدان له‌ناو نمایشكردنی شـانۆیی زۆر گرنگنو كار له هه‌سته‌وه‌ری منداڵ ده‌كه‌ن. په‌ند كارتێكردنی زیاتره له‌سه‌ر منداڵان هه‌ڵوێسته وشكه‌كانی دایه‌لۆگ. هه‌رچه‌نده په‌یڤه‌كان ئامۆژگاری یـان ڕێنمـاییكردن بـۆ منـداڵ بـه‌خۆوه بگرن)[10] ڕۆڵی په‌ند له ئاماده‌كردنی منداڵانو چاككردنی هه‌نـدی نـه‌ریت كـه له‌سـه‌ری لـی ڕاهاتوون له ژیانی خۆیاندا له دامووده‌زگای په‌روه‌رده‌یی، ده‌رده‌كه‌وی.

ڕه‌گه‌زێكی گرنگی سه‌رنج ڕاكێشانی منداڵان له شـانۆدا پرسـیاركردنه كاتێـك حه‌قایـه‌ت خوازێك داوا له منداڵان ده‌كا، كه له كۆتایی شانۆكه وه‌ڵامیان بداته‌وه، به‌مه‌ش ڕه‌گه‌زێكی تر هه‌یه كه بایه‌خی منداڵان ڕاده‌كێشی ئه‌ویش ئه‌وه‌یه بۆ نموونه: پاڵـه‌وانیكی حه‌قایه‌ته‌كـه‌ی بـه شـانۆكراو بـه‌ڵێن بـه منداڵـه ته‌ماشـاكه‌ره‌كان ده‌دات كـه هـه‌ر جـاری سـه‌ركه‌وی یـاخود خۆشه‌ویستیی شاژن بباته‌وه ئه‌وا دیارییان پێشكه‌ێش بكات. بـه‌م شـێوازه منـداڵان په‌رۆشـی به‌دواداچوونی بزاڤی ئه‌م پاڵه‌وانه ده‌بنو ئاواته‌خوازن له بـۆی كـه سـه‌ربكه‌وی بـه مه‌به‌سـتی ئه‌وه‌ی دیارییان لی ده‌س بكه‌وی.

منداڵان زیاتر له غەیری خۆیان حەز لەو شانۆگەرییانە دەکەن کە پاڵەوانەکانیان لە گیانلەبەر و، شانۆگەرییەکان لیستۆك و بووکۆکەن و، ئەو شانۆگەرییانەی کە لە هەڵەشەیی و سەرچڵی و حەقایەتی خەیاڵو ئەفسانەو پاڵەوانی دەدوێن و، هەڵوێستی وورووژێنەتریان لایەو کە بە حەزو تاسەوە بەدوای دادەچن، ئەو هەڵوێستانەن کە لە دەوروبەری ململانێی خێرو شەڕ و، یەکلایی کردنەوەی ململانێیەکە بۆ هێزەکانی خێرخواز دەخولێنەوە، وەك هەڵوێستی سەرکەوتنی گوڵو پەپوولەو مرۆڤو بولبول و، تێکشکانی جڕ و جانەوەری زیانبەخش وەك دووپشكو مارو گیانلەبەری ئەفسانەیی (دێو) بەرامبەر باڵندەی بەختەوەری لە شانۆگەری (باڵندەی بەختەوەری). هەروەها هەڵوێستی زۆر هەن کە منداڵان دەوروژێنن‌و بۆ شانۆ دڵکێشیان دەکەن‌و لە پشت سەرسامی و حەزکردنیان لە کاری شانۆیی پاڵنەری بنچینەیی پێك دێنن، سەرسامییەکەشیان لەوەوە دەردەکەوێ کە چەپڵە لێ دەدەن و ((هاوار دەکەن)) و تەنانەت هەندێ جار سیستەمی هۆڵەکەو دانیشتن تێك دەدەن کە لە حاڵەتی سەرسامییەکی زۆردان، چونکە خۆیان لەبیر دەچێ کە چییان لە پشتەوەیەو ئەوەی پێش خۆیان بیر ناچێ.

تێڕوانینی تر هەیە کە سەرسامیی منداڵان بە کاری شانۆیی نوێی لەبار هەڵسوکەوت‌و ژیانیان دەردەخات، چ لە ڕێگای نمایشکردنەوەی شانۆگەرییەکە بێ یان لە ڕێگای شانۆ بێ یان تەلەفزیۆن تەنانەت قسەکردن لە بارەیەوە.. دەبینین منداڵان بۆ دیتنی سەرلەنوێ گەرموگوڕن. لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر جارێك یان دوو جار بینوویییانە و. هەرچەندە سەرسامیی منداڵ و، هەڵمەتیان بۆ بینینی لە جارێك زیاتر دەبێ بۆ ئەوەی ئەو شانۆگەرییە بە هەموو ڕووداوو هەڵوێستەکانییەوە لە گەڵیاندا بەردەوام بێ. بەڵام ئەم شانۆگەرییە لە هۆشی منداڵدا بە پێوەری سەرسامی و دڵکێش دەمێنێتەوە و، منداڵان لە ڕێگای ئەم شانۆگەرییەوە دەمێننەوە کە لە ڕووداوەکان‌و خەیاڵ و ڕەگەزەکانی دڵکێشکردنیدا دەژین وەك بڵێی بەشێکن لەو، ئەویش بەشێکە لەوان، بەدوای شانۆگەریی تر دەگەڕێن کە بەرجەستەکردنی خۆشی و ڕووداوو ئەو کارلێکانەی تیابێ کە شانۆگەرییەکە دەکات کە بەرپرسیی پێشکێشکردنی کاری شانۆیی جیاکراوە بە منداڵان بگرێتە ئەستۆ چونکە ((پێویستە لەسەر نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەر هاوکاری بکەن لە ڕاکێشانی ئاگاداریی بینەر تاکو ڕێ نەدەن بە هیچ دەرفەتێك کە بێزاریی بچێتە دەروونی منداڵ و، وێنەیەکی ڕاستگۆی کەسانی ئەکتەرەکان بە بینەران بدرێ هەرکە دەچنە ناو شانۆیەکەو سوود وەرگرتن لە دایەلۆگ و ڕووناکی خستنە سەر کەسانی شانۆگەرییەکە و ڕوودانی دەسگیربوونی باوەڕی بینەر، ئەویش بە دۆزینەوەی ئەو مەسەلانەی

که ئەکتەرەکان نایزانن وەك شتێکی لە پڕ چاوەڕوانییان دەکات یان پیلانێك لە نهێنیدا بۆیان ساز دەکرێ. چونکە بینەر تاسەی زانینی ئەو شتەیە کە لە لای هەندێ ئەکتەر شاردراوەیە)). [11]

هەروەها دەبێ ئەوانەی سەرپەرشتیی کارە شانۆییەکە دەکەن تێبینیی ئەوە بکەن (کە منداڵان زۆر ئارەزوو لەو شانۆگەرییانە دەکەن کە هەندێ پەیڤ یان دەستەواژەیان تێدا دووپات دەبنەوە، نموونەیەك بۆ ئەو وەسفەیە فرۆشیار بۆ برەوپێدانی کاڵاکەی دووپاتی دەکاتەوەو لەبەر گوێی هەر کڕیارێك دەیڵێتەوە. بۆ غەیری دەستەواژەی تری لەم بابەتە، هەروەها منداڵان زۆر خۆشحاڵ دەبن کە لە کۆتایی شانۆیەکە چارەسەری ئەو گیروگرفتانە دەبینن کە لەناویاندا هەنو کاتێ چەند وەڵامێك لەبارەی ئەو پرسیارانەوە دەبینن کە ڕەنگە لە کاتی نواندندا بە مێشکیان دادێن و، منداڵان زۆر حەز لە شانۆگەری گاڵتەجاڕی دەکەن. پێویستە ئەم ئارەزووە تێر بکرێو بە پێی توانا سوودیان لێ وەربگیرێ ئەویش بە پێشکێشکردنی چەند شانۆگەرییەکی ئامانج بەخش لە بەرگێك گاڵتەجاڕیدا. [12]

لێرەدا خاڵێکی گرنگ لە خۆشەویستکردنی کاری شانۆیی بۆ منداڵان دەردەکەوێ. ئەویش ئەوەیە کە پێویستە لەسەر سەرپەرشتیارانی کاری شانۆیی لەگەڵ منداڵاندا بەردەوام بنو پێوەندییەکی ویژدانییان لەگەڵیاندا هەبێ، ئەویش لە ڕێگای پێزانینی ڕاو پەرۆشییان بۆ هەڵوێستی گرنگ کە لە کاری شانۆییدا زیاتریان خۆش دەوێ. جا لە نمایشی یەکەم بێت یان هیی دووەم و، هۆیەکانی حەزکردنی منداڵان لەم کارەو بینینی زیاتر لە جارێك. هەروەها پێویستە سەرپەرشتیاران لە سایکۆلۆژیەتی منداڵان بکۆڵنەوەو کارتێکردنی نمایشی یەکەمو دووەم لەسەر سایکۆلۆژیەتیان بزانن‌و لە ئاکامدا زانینی ئەوەی پێویستیان پێی هەیەو ئەوەی حەزی لێ دەکەن‌و ئەوەی ڕقیان لێیەتی ڕەنگە وا ڕووبدات کە منداڵ ڕقی لە هەڵوێستێك یان ڕووداوێك لە شانۆگەرییەکەدا ببێتەوە کە یەکەمین جار دەیبینێ لەبەر نا تێگەیشتنی بە هەموو لایەنەکانی ئەم نمایشکردنە بێ. بەڵام ڕەنگە وا ڕووبدات کە منداڵ خۆشی بوێو کارلێکی لەگەڵدا بکات، لە نمایشی دووەمدا بەهۆی تێگەیشتن و حاڵی بوونی لە هەموو لایەکەوە، یاخود نمایشکردنی زیاتر لە جارێك حاڵەتێکی نارەحەتی لای منداڵ لە ڕێگای هەندێ هەڵوێستی دووپاتکراوە و ڕاستەوخۆ لە کاری شانۆییدا بجولێنێ، بەڵام ئەگەر کاری شانۆیی سەرسامیی منداڵ نەوروژێنێ، چەند نیشاندەرو چەندین هۆکار لە ئارادان منداڵ دەتوانێ لە ڕێگای ئەوانەوە تەعبیر لەوە بکات کە ئەمانەن:

یا ئەوەتا منداڵەکە لەگەڵ منداڵێکی تردا لەکاتی نمایشەکەدا قسە دەکات، یا ئەوەتا شوێنەکەی خۆی جێ دێڵێو تا بچێتە شوێنێکی تر، یاخود تا بچێتە دەرەوەی هۆڵی نمایشەکە، یان تێبینی دەکەین کە منداڵان لە حاڵەتی ئاژاوەو بێ ئاگایی و بایەخ پێنەدانی نمایشەکەن، ئەوە هەموو تەعبیر لە ڕەتکردنەوەی ئەم نمایشە دەکات کە وەدەنگ ئارەزووو خواستەکانیان نەهات.

لە ڕەگەزە گرنگەکانی دڵکێشیی منداڵان بۆ شانۆ، شوێنی نمایشکردنی شانۆگەرییەکە، کە بە لایەنی گرنگو بنچینەیی لە شانۆی منداڵان لە قەڵەم دەدرێ، چونکە بەهای کاری شانۆیی جوانییەکەی لە بۆچوونی بۆ دیدەنی و بەدواداچوون لەوەی نمایش دەکرێ دڵکێشیان دەکات و، ئەو شوێنانە لە دروستکردنی کەشێکی هۆگری و خۆشەویستی لەنێوان خۆیانو منداڵان بەشداری دەکەن. منداڵان هەردەم حەز لە جوانی و شتی جوان دەکەن و، هۆڵی نوێی نمایش و، گونجاو تا ڕادەیەك بەشداری لە پێناساندنی منداڵان دەکەن بە شانۆکەیان و، دڵکێشکردنیان بۆ نمایشەکەیان.. هەروەها کاری شانۆیی پێشکێش کراو پێویستی بە هۆڵی لەبار هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە کە هەموو پێداویستییەکان و ڕەگەزەکانی ڕاکێشانی منداڵی تێدا بێ و، لەگەڵ نمایشە شانۆییەکە بەشداری بکات لە پیادەکردنی ڕۆڵە گرنگەکانی لە دروستکردنو گەشەپێدانی چێژی ئیستاتیکی لای منداڵ، چونکە ناکرێ شانۆیەك لە ژوورێکی بچووکی ڕەقو تەقدا پێشکێش بە منداڵان بکەین، یاخود لە گۆڕەپانێکی گشتیی والا کە ڕەگەزەکانی دڵکێشیی منداڵانو هۆگری لەگەڵ کەشوهەواکانو پێداویستییەکانی ڕابواردن وەك یاری و شوێنەکانی دانیشتنو غەیری تری تێدا نەبێ.

**جۆرەکانی شانۆی منداڵانو خاسیەتەکانی قۆناغەکانی تەمەن:**

گرنگە لێرەدا ئاماژە بە مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ بکەین لە شانۆی منداڵاندا، ئەویش دەستنیشانکردنی جۆرەکانی شانۆیەو دیاریکردنی قۆناغەکانی تەمەنن لە کاری شانۆییدا. کە پێویستە نمایشەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ بنو بەم شێوەی خوارەوە..

١ - لە تەمەنی ٧ساڵی

٢ - لە تەمەنی ٦ ساڵی

٣ - لە تەمەنی ١٢ ساڵی و دوای ئەو، شانۆی نەوجەوانان دێ کە قۆناغێکی بەرەو پێشڤەچوونی تەمەن دەنوێنێ.

ئەم ئاستانەش دابەشی سێ قۆناغ دەکرێن کە بناغــەی گەشــەکردنو بــەرەو پێشڤەچــوونی منداڵنو بەم شێوەی خوارەوەن:

١- تەمەنی خەیاڵکردن: لەم تەمەنەدا منداڵان حەز لە چیرۆکی ئەفسـانەیی لـە مـادەی شانۆییدا دەکەن و، لەم قۆناغەدا تەمەنەکانی منداڵەکان دیاری دەکـرێن لـە تەمــەنی شـەش ساڵی حەوتو هەشت و، ئەوەی لەژێر ئاست یان ژوور ئاستی ئەو قۆناغە پێشـکێش دەکـرێن، هیچ بایەخێکی لای منداڵان لەم تەمەنەدا نابێ (تا ڕادەیەك هەندێ گەورە وا لێ دەکـات کـە جاروبار لە بیریان دەچێتەوە کە بایەخدانی منداڵە گەورەکان گەیشتوونەتە قۆناغێکی نـوێ و، چیتر چیرۆکی ئەفسانەیی نابنە مایەی سەرسامییان هەرچەندە جوانیش بن) (١٣)

تەمەنی پاڵەوانەتی: پێویستی بە شانۆگەریی ورووژێنەر هەیە (هەقایەت بـەخۆوە دەگـرێ کە ڕووداوو سەرچڵی خۆشی تێدایەو دەیـانورووژێنێو واتـە منـداڵان گـەرمو گـوڕن بـۆ ئـەو پاڵەوانانەی کە کاری چاو نەترسـانە دەکـەن و، لـە ناسـکترین ستایشـدا خـۆ دەپـارێزن) (١٤) هەروەسا دڵگیری ئەو شانۆگەرییانەی کە تیایاندا خەیاڵ تێکـەڵی ڕاسـتی دەبـێ و، پاڵـەوانو خێرخواز بەسەر شەڕانگێزو هێزە شەڕانگێزەکان زاڵ دەبن و، تەمەن لەم قۆناغەدا لە ساڵی نۆو دە و یانزەو دوانزە دیاری دەکرێ.

٢ - تەمــەنی ڕۆمانســی: بەسـاڵانی (١٢ - ١٦) دیـاری دەکـرێ و، درامـا لەگەڵیانـدا دەگونجێو کەوا تێیدا سەرچڵی تێکەڵی سۆز دەبێو منداڵان سەرسامی ئەو شانۆگەرییانەن کە لە ڕووداوەکانیاندا ریالیزم کەم دەکەنەوەو ئایدیالیزم زۆر دەکەن) (١٥).

جیاوازیی تەمەن لەنێوان سەیرکەران مەسـەلەیەکی گرنگـە لـە هەڵبـژاردنی شـانۆگەریی گونجاو. ئەگەر تەمەنی نمایشکردنی شانۆگەریمان بەم شێوەی خوارەوە دیاری کرد:

(شانۆگەریی ئەمشەو بۆ منداڵانی لە ژوور هەشت ساڵییەوە ڕێگا بە ئەوانی تـر نادرێـت بچنە ژوورەوە) ئەگەر شانۆی منداڵان بتوانێ دروشمێکی ئاوا هەڵبواسی لە هـۆڵی حەسـانەوە، ئەوا هەنگاوێکی گەورە بـۆ پێشـەوە دەهـاوێ و، ئەگـەر بتـوانێ سـوود لـە خاسـییەتەکانی دیاریکردنی تەمەنی سەیرکەران ببینێ و، دوو زنجیرە یان سێ شانۆگەری پێشکێش بکـات بـە پێی هەر تەمەنێك ئەوا ئەنجامی مەزن وەدەست دێنێ (١٦).

شانۆگەریی ئاراستەکراو بۆ منداڵانو بێ دیاریکردنی تەمــەنی چـوونە نـاو هـۆڵی نمـایش کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی لەسەر قۆناغەکانی تەمەنو لەسەر کاری شـانۆیی منـداڵان دەبـێو خراپ تێگەیشتنی بۆ کاری شانۆیی لای قۆناغێك دەبێ جیا لە قۆناغێکی دی.

کاری شانۆیی ئاراستەکراو بۆ منداڵان پێویستە بە چەند قۆناغێکی تەمەن دیاری بکرێ و، هەر قۆناغێکیش نمایشی تایبەت بەخۆی هەبێ و، منداڵو نەوجەوان تێکەڵ نەکرێن. هەروەها پشت بەستن بە هەندێ فرتو فێڵی هونەری لە شانۆدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگە لای منداڵ ئاشکرا بکرێ، گومانیان لێ بکات بە غەیری ئەوەی پێشکێشی کرا تێ دەگات.

لەم چوارچێوەیەداو دوای دیاریکردنی قۆناغەکانی تەمەن لە کاری شانۆییدا دەبێ ئاوڕێك لە مەسەلەیەکی گرنگی تر بدرێتەوە، ئەویش دیاریکردنی جۆرەکانی شانۆیە، کەوا پێویستە شانۆی ئاراستەکراو بۆ منداڵان بۆ چەند جۆرێك پۆلین بکرێ بۆ ئەوەی هەر جۆرێك مەبەستی خۆی ببینێ و، کار لەو قۆناغەی تەمەن بکات کە لەسەر بنچینەی ئەودا پۆلین کراوە.

**جۆرەکانی شانۆی منداڵان بەم شێوەی خوارەوەن:**

١ - شانۆی نواندنی ئاسایی - نمایشەکانی بە پێی قۆناغی تەمەن دیاری دەکرێن.

٢ - شانۆی بووکۆکە و لیستۆك - نمایشەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەن دیاریدەکرێن.

٣ - شانۆی گۆرانی ئامێز - نمایشەکان بە پێی قۆناغەکانی تەمەن دیاری دەکرێن

٤ - شانۆی نەوجەوانان - تایبەتە بە نەوجەوانان.

٥ - شانۆی قوتابخانەیی - شانۆی قوتابییان کە قوتابییە بچووکەکان بەپێیێ سیستەمێکی پەروەردەیی پێی هەڵدەستن، پشت بە پرۆگرامەکانی خوێندن دەبەستێ.

**دەکرێ هەندێك لەم جۆرانە بە کورتی باس بکرێن، وەك ئەمانەی خوارەوە:**

١ - شانۆی نواندنی ئاسایی: کە پشت بە ئەکتەری گەورەو بچووك دەبەستێ (کە منداڵ ڕۆڵێکی سەرەکی لە شانۆگەرییەکاندا دەبینێ ئەوە بە لای منداڵەکەوە بە ئەزموونێکی مەزن لە قەڵەم دەدرێ و، هەندێ منداڵ، هۆشمەندیی وایان نییە کەوا یاریدەیان بێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی پڕوپاگەندەو پیاهەڵدانو چەپڵە کوتان کە لەگەڵ ئەو جۆرە ئەزموونەدا دەبن، بێ ئەوەی هەست بە لە خۆبایی بکەن، لەبەر ئەوە دەرهێنەر پێویستی بە پرس و ڕای باوکانو مامۆستایان هەیە بەر لەوەی ڕۆڵ بە منداڵان بدەن هەر بەرهەمێکی گەورەدا کە پێوەندیی بە باری تەندروستییانەوە هەیە و، ئایا توانای ئەوەیان هەیە بەرگەی پرۆڤەی ڕۆژانە بگرن و؟ ئایا دژوارییەك لە ئەزبەرکردنی وانەکانیان دەبینن و؟ ئاخۆ لە بارێکی دەروونیی باشدان و؟ دەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن؟ ئەگەر دەرهێنەر وەڵامی پۆزەتیڤی ئەم پرسیارانەی دەست بکەوێ

دەتوانێ ڕۆڵە سەرەکییەکان بە منداڵان بدات و، پێویستە لەسەر دەرهێنەر ئەوە بزانێ کە بارە دەروونییەکەی خۆی زۆر یاریدەی هێمنی و پاپەندبوونی منداڵ دەدات) [١٧].

٢ - شانۆی بووکۆکەو لیستۆك: کۆنترین شێوەی شانۆگەرییە کە لە کۆمەڵگەکاندا سەری هەڵداوە، لە ڕێگای ئەوەوە منداڵ هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکاتو وزەی خەیاڵی لا دەورووژێنێ و (ئەو بووکۆکانەی بەهۆی دەستەوە دەجووڵێن بە کارێکی هونەری لە قەڵەم دەدرێن. خەیاڵ بەشێوەیەکی فراوان دێتە دی و، ڕەنگە شانۆی بووکۆکە کارێك بێت بە سانایی پراکتیزە بکرێ لە قوتابخانەکاندا و، لە توانادا هەیە کە بووکۆکە بەشێوە هەمەجۆرەکانیان لە پارچە دار بەپێی تواناو خەیاڵ ئامادە بکرێن و، شێوازێکی تری هەیە کە دەستەسڕێك لە لای سەرەوەی گرێ دەدرێ کە شێوەی سەری مرۆڤ پێك دێنێو لای بنەوەشی کراسێکی تایبەتی خاوەن سەرەکە پێکدێنێ و، ئەوەی دەیجووڵێنێ پەنجەکانە لە جیاتی هەردوو قۆڵ، ئەم جۆرە لیستۆکە کارتێکردنێکی بەهێزی لە بە پێکەنین هێنانو گاڵتەجاڕی لای منداڵان هەیە) [١٨] و خۆشی و زانیارییان لە ڕێگای چیرۆکی خەیاڵو ئەفسانەو هەقایەتی میللی و ڕووبەڕووبوونەوەی گیروگرفتەکانی منداڵان لە دیمەنە شانۆگەرییەکانی شانۆی بووکۆکەو لیستۆك، زیاد دەکات.

٣ - شانۆی گۆرانی ئامێز: پێشکێشکردنی هەندێ شانۆگەریی شیعری و گۆرانی ئامێزو ئۆپەرێت وا لە منداڵان دەکەن کە کارلێکی لە گەڵیاندا بکەن لەوەی کە هەقایەتو گۆرانی پێشکێشی دەکەن بە دەم ترپەی مۆسیقیی کارتێکەر لە دەروونی منداڵدا.

٣ - شانۆی قوتابخانەیی: شانۆی تایبەتە بە قوتابخانەکان و، لە ڕاڤەکردنو پێشکێشکردنی وانەکان بە شێوازێکی خۆش لای قوتابیان پشتی پێ دەبەسترێ و، دەکرێ لە پێشکێشکردن و پشتگیریکردنی پشت بە قوتابی ببەسترێ و، دەکرێ لە هەر قوتابخانەیەك جێگیر بێ یان جووڵاوبێ، پێشکێشکردنی هەندێ نمایشی کورتیش لە هۆڵەکانی پۆل بێ.

هەموو ئەو جۆرە لێکنزیکانە چوارچێوەی گشتی شانۆی منداڵان پێك دێنن و، پێویستە لەوانەوە سەرچاوە بگرنو پەی بە خاسییەتەکانی سەرکەوتنی شانۆی منداڵانو کاریگەرییەکەی بەرن.

**پەراوێزەکان:**

١- فاضل عباس الكعبي، التوجيه والتخاطب في مسرح الاطفال.

٢- وينفريد وارد - مسرح الاطفال.

٣- محمد شاهين الجوهري، الاطفال والمسرح.

٤- وينفريد وارد - مسرح الاطفال.

٥- فاضل عباس الكعبي، مدخل ثقافي لتربية الطفل، مسرح الاطفال واهميته في شخصية الطفل.

٦- سعدون العبيدي، زهرة الاقحوان ومسرح الطفل.

٧- عزي الوهاب، ضمن استطلاع كتبه، فاضل عباس الكعبي، بعنوان: مسرح الاطفال، الواقع والطموح.

٨- علي مزاحم عباس، ضمن استطلاع كتبة فاضل عباس الكعيي بعنوان: مسرح الاطفال، الواقع والطموح.

٩- سعدون العبيدي، زهرة الاقحوان ومسرح الطفل.

١٠- يعقوب الشاروي، الاطفال كمشاهدين لمسرحء سينما الاطفال.

١١- محمد شاهين الجواهري، الاطفال والمسرح.

١٢- المصدر السابق.

١٣- ونفريد وارد، مسرح الاطفال.

١٤- عبالفتاح ابو معال، في مسرح الاطفال.

١٥- المصدر السابق.

١٦- وينفريد وارد، مسرح الاطفال

١٧- عبدالفتاح ابو معال، في مسرح الاطفال

١٨- المصدر السابق.

**تێبینی:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کتێبی: المداخل التربوية ومرتكزات التجانس المعرفي في ثقافة الاطفال - فاضل عباس الكعبي - وەرگیراوە.

دار الشؤون الثقافية العامة - بغداد ١٩٩٩ ص ٣٢ - ٤٦.

# كۆ شيعرى (زريان) ى ئەنوەر قادر محەمەد و هەڵسەنگاندنێك

((زريـان)) يەكـەم بەرهــەمى چـاپكراوى شـاعيرى نوێخـواز و بـەتوانا ((ئـەنوەر قـادر محەمەد))ە، دەمێك بوو خوێنەرانو دڵدارانى هۆنراوەى ڕەسەنى كورديى بە تاسـەى كۆمــەڵێك هۆنراوەى چاپكراوى شاعيرى ناوبراوەوە بوون، چونكە وەك شـاعيرێك لـە رێگـاى هەنـدىَ لـە هۆنراوەكانييەوە خۆى بە خوێنــەران ناسـاندو بـووە خـاوەن دەنگێكـى ئێجگـار تايبــەت لـە هۆنراوەى كورديدا.

گەشتێك بە ناو هۆنراوەكانى ئەم ديوانەدا دەمانخاتە بەردەم ئەم خاڵانەى خوارەوە:

١ - سەرەتايەكى بە پێزو پتەو لە هونەرى شيعرى دا.

٢ - بەهرەيەكى ڕەسەنو هەستێكى شاعيرانەى پتەو.

٣ - زمانێكى پاراوو پوخت و ڕێكوپێك.

٤ - ئاوڕدانەوەيەكى باش لە كەلەپوورى نەتەوايەتيى و ئەدەبى گەلانى ترو سوود وەرگرتن لە تاقيكردنەوەى شاكارى جيهانيى بايەخدار.

٥ - بەستنەوەى بەهرەى شيعرى بە ڕۆشنبيرييەكى بەربڵاوەوەو قووڵكردنەوەى زاتى خـۆى و هەنگاونانى گورجوگۆڵ بەرەو پێشكەوتنێكى هەست پێكراو.

ئەوەى كە ئێمە بۆى چووين ئەوەيە كە شاعير بە كەرەسەى تـەواو و ڕێكوپێـك هاتووەتـە كۆڕى شيعرەوە، لە داڕشتن و ڕۆنانى هۆنراوەدا شارەزاييەكى هونەرى هەيە، هــەر لـە يەكـەم هۆنراوەى ديوانەكەيدا هەست بە پتەوى و بەهێزيى بەهرەى شـاعير دەكـەيت، هەرچـەندە لـە سەرەتادا جۆرە كێشو مۆسيقايەك پەيڕەو دەكاو خۆى بە قافيەوە دەبەستێتەوە، بەڵام كۆتاييى هۆنراوەكە ئەم سنوورە دەشكێنىَو شاعير بەرەو قۆناغێكى تر دەبـات، ئـەوەتا لـە هـۆنراوەى ((پشكۆكانى ناخم))دا دەڵىَ:

**خۆشەویستم**
**زۆر دەمێکە دەنووکی واشەی ژانی تاڵ**
**جەرگی جەستەی چاوەڕوانیم هەڵئەدڕێ**
**زۆر دەمێکە هوزاری تاسەی دەروونم**
**ڕێبوارێکە**
**لە سامانی چاوەکانتا**
**بۆ ورشەی ئەستێرەی گەشی**
**هۆنراوەیەك هەر ئەگەڕێ**
**هەر ئەگەڕێ.. خۆشەویستم**

وەکو وتمان شاعیر بە بڕوایەکی تەواوەوە باوەش بۆ هۆنراوە دەگرێتەوە، دیمەنو چاو ئەندازی کاریگەرو دڵگیر دەخاتە ناو چوارچێوەی هۆنراوەکانی، بەڵام وەك بڵێی لە هەندێ هۆنراوەدا گوێی نەداوەتە خەستی و چڕی ڕستەکانی، زیاتر ملکەچی قافیەو مۆسیقای شیعرەکە بووە، ئەم دیاردەیەش لای زۆربەی شاعیرەکانی ئەم سەردەمە باوە، ئەوەتا لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێ:

**خۆشەویسم**
**کاتێ لێوی بەفری سپی شەیدا لە دوور**
**بۆ مژینی سەرگۆی مەمکی چیاکان دێ**
**کاتێ سامان، سامانی سڕ**
**بە دڵێکەوە پڕ لە گڕ**
**بۆ باوەشی نشێوەکان**
**بۆ دەسبازیی نەمامە باڵا سەوزەکان ئەچێ**

شاعیر دەیتوانی چەند وشەیەك لە ڕستەکان بقرتێنێ، بێ ئەوەی لە نرخی هونەری شیعرەکە کەم کاتەوە، بەڵکو ئەو حەلە پتەوترو خەستتر دەبوو، ئەراگۆن وتەنی: " هەر چەند هۆنراوە کورتتر بێت، زیاتر بە دڵدا دەچێت "

لە هۆنراوەی " گیانەڵای گەشتێك"دا دیسانەوە مۆرکی ملکەچیی قافیە خۆیمان نیشان

دەدا، لە کاتێکدا ئەو توانایە لە بەردەم شاعیردا هەیە لەم ڕێبازە دوور دەکەوێتەوە، بەڵکو وەکو دەردەکەوێ مۆسیقاکە بە تەواوی ڕاکێشی کردووەو نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات، شاعیر دەڵێ:

**سیروان کۆچی بێ سرەوتی ئەکاو ئەڕوا**
**گەڵای وەریو، تەرمی مردوو، سروەی چیا**
**بۆ بیابان، بەرەو گۆم بوون، بەرەو نەمان**
**ئەباو ئەڕوا.**

## کەلەپووری نەتەوەیی و سامانی مرۆڤایەتی:

هۆنراوەی ((وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد))، شاعیر دەخاتە جیهانێکی تر، هێزی تەکنیکیی هۆنراوەکەو دیالۆگی نێوان کەسانی هۆنراوەکە، جۆرە داهێنانێکی تێدایە، ئەگەرچی شاعیر وەکو خۆشی دەڵێ سوودی لە ((شیرین‌و فەرهاد))ە فۆلکلۆرییەکەی شانۆنامەکەی ((نازم حیکمەت))ی وەرگرتووە، ڕاستە لە هەردوو سەرچاوە سوودی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕووی گیانی هاوچەرخی و تین‌و تاوو ورەدان بە مرۆڤ لە شیرین‌و فەرهادەکەی نازم حیکمەتەوە زیاتر نزیك بووەتەوە، نەك لەوەی هیی کوردی.. ڕاستە لە ڕووی بەکارهێنانی ڕەمزەکانییەوە شیعرەکە لە فۆلکلۆرییەکە نزیك بووەتەوەو هەمووی لەوەوە وەرگرتوون، بەڵام ڕەمزەکان ڕوویەکی تر وەردەگرن‌و لە مۆرکە میسۆلۆژییەکە دوور دەکەونەوە. تەنانەت کۆتاییی داستانەکەش لە هۆنراوەکەدا دەچێتە بەرگێکی تر کە نرخ‌و بەهایەکی گەورە بە وزە و ڕەفتاری مرۆڤ دەبەخشێت، ئەوەتا شاعیر لە دەمی فەرهادەوە بەرپەچی پیرەژن دەداتەوەو دەڵێ:

**بەڵێ ئەی دەنگ**
**ئەشکەوتی قووڵ نرکەی گریانت ئەتاسێنێ**
**لاوکی سوور سنگی کپی چیاکانمان ئەهەژێنێ**
**باخی زڕی لێوی زەردی مناڵەکان**
**زەردەخەنەی شیرین ئەگرێ**
**ڕووباری ئاو بۆ گەرووی شار ڕێگا ئەگرێ**

**مردن ئەمرێ.. گیانی تینووی ڕەشبەڵەکمان**
**ئاگر ئەگرێ**
**زرمەو تەقەی شۆڕەسواری خۆر لە چاومان**
**بەری بەرزی ئاسمان ئەگرێ**
**شاباشی خوێن بۆ مەرگی شەو فڕێ ئەدرێ**
**شیرین دەسڕی سەرچۆپی بۆ وەرزی هاتنم ئەگرێ**

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر نوێخوازانەو زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ هەردوو دەقی چیرۆکەکەدا دەکا، بە شێوە داستانییەکەی و شێوە واقیعییەکەی، هەردوولا بەیەکەوە دەبەستێتەوەو دەیخاتە بۆتەی سەردەمو بە تێڕوانینێکی هۆشمەندانەوە لەگەڵ ڕەمزەکان دەجووڵێو جەوهەری وشەکە ون ناکاتو گیانێکی نوێ بەبەر داستانەکەدا دەکات، شارەزایانە بۆ بنەڕەتی زۆرانبازییەکە دەچێتو مەسەلەکە دوایی پێ دێنێو وەك خاوەن تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە بەناو دیمەنەکاندا هاتوچۆ دەکاتو کەش و هەوای دەروونی کەسانی داستانەکەمان بۆ دەکێشێو هەریەك لەو کەسانە لەجێی پێی خۆیەوە لە ململانێیەکدا بەشداری دەکاتو دەیەوێت بوونو قەوارەی خۆی بچەسپێنێ، کۆرسیش کە ڕەمزی جەماوەری برسی و ڕەش و ڕووتە، سەرچاوەی ئیلهامی فەرهادی دڵدارو گیانبەخشیی گەلە، لە زمانی کۆرسەوە شاعیر دەڵێ:

**بە مەرگ پردێ بۆ پێشوازیی**
**هاتنی فەرهاد دەبەستین**
**بە چنگو پەل تاشی گۆنای**
**بێستوون ئەڕنین**
**فەرهاد هەردێو ئاو هەڵئەکا**
**کێلگەی وشكو شەوڕابردوو**
**هاوار ئەکا..**
**فەرهاد !.. فەرهاد !**

**قوڵنگەکەت بوەشێنە**
**لە دڵی ڕەقی بێستوونا**
**ئاو دەرینە - گوڵ بڕوێنە**

(نازم حیکمەت) یش لەگەت شانۆنامەیەکدا دەڵێ:

**فەرهاد.. فەرهاد**
**قوڵنگەکەت بوەشێنە**
**ئەی ئاوی ناو چیای ئاسن**
**زووکە تێنوێتیمان بشکێنە**
**وەستا فەرهاد قوڵنگەکەت**
**بوەشێنە**

((بڕوانە: مسرحية شيرين وفرهاد او حكاية حب لنظام حكمت، ترجمة أكمل الدين احسان، ص ١٧٢)).

ئەوەی کە ئەو هۆنراوەو ئەوەی نازم حیکمەت لە شێوازی شیرینو فەرهادە فۆلکلۆرییەکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە فەرهاد لە گەیشتنی بە شیرین نائومێد نابێ، جگە لە خۆشەویستی نەتەوەکەی و ڕاکێشانی جۆگەلەی ئاو لە چیای بێستوونەوە بۆ ناو شارەکە و ڕزگارکردنی خەڵکەکە لە تینوویەتی، دەستبەرداری شیرین نابێ، خواستو ئاواتی کۆرسو فەرهاد یەك دەگرنەوە، هەر بۆیەش کۆرس داوا لە فەرهاد دەکات:

**فەرهاد !.. فەرهاد !**
**قوڵنگەکەت بوەشێنە**
**لە دڵی ڕەقی بێستوونا**
**ئاو دەربێنە... گوڵ بڕوێنە**

ئاو دەرهێنانو گولّ ڕواندن، جۆرە هاوکێشـێکی نەپچـڕاو پێـك دێـنن، دوو ڕەمـزی لێـك بەستراون، ئاوو گولّ، ئاوەکە ڕەمزی خۆشەویستیی گەلـەو گولّەکـەی ڕەمـزی خۆشەویسـتیی ((شیرین))ە، بەم جۆرە شاعیر زیرەکانەو وەسـتایانە هـەردوو مەسـەلەکە لێـك گـرێ دەداتو زەمینەیەکی گەورە بـە درامـای خۆشەویسـتییەکە دەبەخشـێو ڕووی نـاوەوەو دەرەوەی ئاوێتـە دەکاتو شاعیر دەگەیێنێتـە لووتکـەی داهێنـانو دروسـتکردن، بـیروڕاو تێـڕوانینی شـاعیر ڕاستییەکی گەورە دەسەلمێنن کە شاباشی خوێن بۆ مەرگی زۆرداری و بـەدکاری فـڕێ دەدرێو شیرین سەرچۆپی بۆ سەرکەوتنو هاتنی فەرهاد دەگرێ. ئا بەم شێوە شـاعیر لـە کەلـەپووری نەتەوەییو مرۆڤایەتی دەگاتو شەخسیەتی خۆی لە نێوانیدا دەردەخـاتو تاقیکردنەوەیـەکی نوێ و ڕەسەنمان بە دەستەوە دەدا هەرچەندە شەخسیەتی فەرهاد لای نازم حیکمەتو شاعیریش نیگارکێشەو بۆیەش شیرین حەزی لێ دەکات.

شاعیر بە کەلەپووری نەتەوەییماندا گەشتو گوزاری خـۆی دەکـات، گـۆرانیی فۆلکلـۆری دەئاخنێتە تاو هۆنراوەکانی و ڕوویەکی تر بە جەوهەری فۆلکلۆرەکە دەبەخشێ، لـە هـۆنراوەی ((زیندەخەوو تارماییەکان)) دا دەڵێ:

**بۆ مات نەبم؟ !**
**کە شەو دادێ ئاسمانی شین پێ ئەکەنێ**
**لە باوەشیا مانگ ئەبێتە گۆرانی بێژ**
**دەنگ لە گەرووی خواوەند قەرز ئەکاو**
**بۆ شاییی ((ڕۆینی)) ئەستێرە**
**لەیلێ هۆ لەیلێ.. بار مەکە لەیلێ)) ئەڵێ.**

شاعیر لەسەر پرسیارە ڕەواکانی دەڕواتو دەیـەوێت گرێـی نهێنییـەکان بکاتـەوە، کـاتی خۆیشی بەختیاریی دڵدارەکانو باڵندەکان لەگەڵ خەمو پەژارەی دەروونی خۆیدا بەراورد دەکـا، بۆی هەیە پەستی و ماتەمی دای بگرێت:

**لێم ئەپرسن بۆ وا ماتی؟ !**
**بۆ مات نەبم، پەلەورەکان کە شەو دادێ**

**ئەڕۆنەوە بۆ هێلانەی گەرم‌و گوڕیان**
**ئەڕۆنەوە**
**کاتێ کۆچ دێ..   دڵدارانیش بۆ باوەشی**
**نازدارانیان ئەڕۆنەوە...**

لە هۆنراوەی ((هەموو دڵداری بەیانی و، نین))دا وەکو خۆی دەڵێ دوو جۆرە کێشی تازەی لە شیعری نوێدا بەکارهێناوە، هەندێ وشەی بەکار هێناوە، ئەگەرچی فۆلکلۆر نییە، بەڵام ئەوەندە وتراوەتەوە کە مۆرکی فۆلکلۆریی وەرگرتووە، وەك خۆشەویستی و دەریاکان، جگە لەهیی فۆلکلۆری وەك ((بالۆرەی - هەی سوار ! هەی سوار ! با تارمایی شاری مشك‌و مار تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە، هاتووە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی کردووە بە سەرناوی هۆنراوەیەکی:

((ئێوە ئەو بایەن کێو لەبن دێنن))، بەڵام وەکو وتمان ئەگەر فۆلکلۆرەکە مۆرکێکی تایبەتی هەبێ‌و زۆربەشی دڵداری بیت، ئەوە لە لای شاعیر دەبێتە واقعێکی تر، ئەوەتا دەڵێ:

**ئەڕۆیشت‌و ئەیوت: تاوی بارانی گریانی ((خانی))**
**بەسەر پەنجەرەی خامۆشیاندا ڕەشت لوول ئەکا**
**شەقەی شاباڵی درن بە هەوری ماتیمان ئەدا**
**بانگمان لێ ئەکا:**
**ئەی هەژارینە: ئێوە ئەو بایەن کێو لە بن دێنن**

ئەگەر دڵداری شەیدا، ئاواتەخواز بێت کە کێوەکە هەڵکەنێ، بەڵکو بە دیدەنی یارەکەی یا خۆشەویستەکەی شاد بێت:

**خوایە هەڵکەنێ ئەو کێوە لەبن**
**بەڵکو دەرکەوێ عەمرو دیدەی من**

ئەوە ڕەمزەکە لای شاعیر دەچێتە قاڵبێکی ترەوە، بایەکە کە هێزو وزەی هەژارو زەحمەتکێشە دەبێتە تەوژمو تینێکی ئاوا، کێو لە بن دێنێ.

**شاعیرو سروشت**

هەموو شتێکی سەر ئەم زەوییە تەعبیر لە بوونو ئارەزووی خۆی دەکا، مەرجی بەردەوامو ژیانو خۆشەویستی، ئاڵوگۆڕی هەستو نەستو تێکەڵاوبوونی ڕەگەزی بۆ یەك خولقاوە:

**ئەڕۆی ئەگریا، ئەیوت شالوورم**
**لەسەر درەختی تەلاری کەسێ من هەڵنانیشم**
**بۆ سای سێبەری ئاسمانێ وێڵم دڵداری تیابێ**
**بۆ ئەبنە تەمو لە دەوری کۆختی دڵم ئەئاڵێن**
**تۆزێ مردنم بۆ فڕێ ئەدەن.. من خەو ئەبینم:**
**" جووتێ ڕەشماری ئاشقەو ماشقەی شێت**
**لەبن دارێکدا یەکتر دەگەزن**
**دوو کۆتری سپی بە دەمی یەکدا ئەڕشێنەوە**
**دیوار ئەڕووخێ.. سنوور ئەسووتێ**
**لە کوورەی جوانی و نەمریی تۆدا ئەتوێتەوە**
**من نەبم بەتۆ، تۆ نەبی بە من**
**درەخت خۆی ئەسوێ لە کۆشی ئاسمان**
**ڕووبار لە دەریا، هەرچی شت هەیە**
**ئەسووڕێتەوە**
**لە سیمای گەشو پڕ نووری خودادا ئەتوێتەوە**

سروشت لای شاعیر شتێکی ڕووتو بێ گیان نییە، بەڵکو ژیانو بزووتنەوە بە هەموو ئەو شتانەی لە سروشتدا هەیە دەبەخشێ، دارو درەختو سەرچاوەو ئاسمانو دەریاو کرێوەو تۆفو باران و، تەنانەت گیانلەبەرانی سەر زەوییش دەبنە ڕەمزو هێمای پڕ وێنەی بە جۆشو خرۆش:

**تۆش ڕووبار ئاسایی بەرەو بەندەری تەمومژ**

**هەنگاو ئەنی**

**بیستوومە هەوری ڕەش**

**ئەکەی بە لەچکی گەردنو سەرت**

**پاڵتۆی شەو ئەکەیتە بەرت**

**مەگری !.. مەگری !**

یاخود لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

**کۆترە شینێکی ئێسك سووکی ژانی مەسیح**

**بە دەوری کەنیسەی دڵما خول ئەخواتو هەر ئەگمێنێ**

**شەو داوێکە مەلی سپیی بەر بەیانی**

**ئەم جیهانە ئەتاسێنێ**

**تیشکی هەتاو.. مەقەستێکە**

**هەموو داوێ ئەقرتێنێ**

یا لە هۆنراوەی (سامان)دا دەڵێ:

**جار.. جار کەژێ دەمی تێنووی**

**بۆ ڕوومەتی ڕووبار ئەباو هەر پێی ناگا**

**دوایی ئاوڕ لە کانیاوی سەر سینەی خۆی ئەداتەوە**

**کانیاوەکان کیژۆڵەی سرتو بزێون**

**پێ ئەکەنن، لە ژێر دەستی ڕائەپسکێن.. ئەڵێن ئێمە**

**دڵۆپ.. دڵۆپ.. ئەبین بە شیرینیی ڕووبار.**

ئیتر لەم ڕووەوە نموونەی زۆرمان بەردەستە، کە بە هەموو جۆرێك هێزی وێنەکێشانی شاعیرمان بۆ دەردەخەن و نیشانەیەکن بۆ ڕەسەنی و ڕاستگۆیی بەهرەی بە پیتو فەڕی شاعیر، کە لە دارشتنی تابلۆی شیعرەکانیدا وەك هونەرمەندێکی کارامە خۆی دەنوێنێو جۆرە گونجاندنێکی ڕێکوپێك لە نێوان سروشتو مرۆڤدا پێك دێنێ کە ئیقاعێکی تایبەتی بە

هۆنراوەکان دەبەخشی.

دیسانەوە لە هۆنراوەی ((خاكو زریانو خۆشەویستی)) دا شتە سروشتییەکان بە قسە دێنیو گیانی کۆڵنەدانیان دەخاتە بەرو مەسەلە فۆلکلۆرییەکە بە بیروڕاوە هەستو نەستی خۆی و سروشت تێکەڵاو دەکاو دەڵێ:

**مەل لە درەخت دڵگیر نابێ**
**ئەو لە شەقام**
**شەقام لە تەنیایی شەوان**
**من لە دڵم.. دڵم لەتۆ دڵگیر نابێ**
**((چراش خامۆش بێ.. دڵ خامۆش نابێ !))**
**لە کۆپلەیەکی تری هۆنراوەکەدا دەڵێ:**
**بە قەد ماهی وەڕەزیدا هەڵئەزنام**
**تەمەن شەو بوو، شەوی گیا ڕەشی بەهار بوو**
**ڕۆژگار ئاسمان، هەر برووسکەی وشە مابوو**
**ڕۆشنی کا**
**تەرزی ناوەخت، بەسەر سەرماندا ئەباری**
**تۆ ئاگری ماڵە کوردێکی کۆچەر بووی**
**لە دوورەوە گەشو گەش دیار بووی**
**ڕووم لە تۆ بوو.. هۆگرت بووم**
**هۆگری تۆم.. چۆن هۆگری**
**ئێوارانی مەلەکانم**
**هۆگری تۆم.. چۆن هۆگری**
**گۆرانیی شەوانی شوانم.. هۆگری تۆم.**

**کەژو کێو و ڕووبار**و دێی ئاشنای شاعیر، دەبن بە سەرچاوەی ئیحاو هەوێنی تەقینەوەی هۆنراوەی شاعیر، سروشتەکە دیوە ساکارەکەی خۆی ون دەکا و ڕوویەکی تر بە خۆیەوە

دەبینیٚ، ڕووی بەردەوامبوونو ورەبەرنەدانو ڕووناکبینی:

**بمکەرە منالٚەکەی جاران، دەبا بە گوڕ لە پەلٚە گەنمەکانی**
**(عەربەت)دا**
**تا هەناوم تیایە، بە دوای ((زەردەوەرییەك))دا**
**ڕاکەم.. ڕاکەم**
**بمکەرە بەرغەلەوانی دامێنی (زەردە)و بڕوانە**
**لووتکەی بەرزو سپیی ((شاهۆ)) و پڕ بە دەمم**
**تێر ((سەوزە... سەوزە))ت بۆ بلٚێم**
**یاخود دەلٚیٚ:**
**چۆن کپ ئەبم؟ !**
**(بەمۆ) ئەگرمە کۆلٚ و ((سیروان)) لە چاوما هەلٚئەگرم**
**چۆن کپ ئەبم؟ !**
**خۆ من چەمە زستانە نیم، هەر هاوین هات هەلٚپرووکێم.**

هەتا لە هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە ورد بینەوەو بە تانوپۆی هەستو ئەندێشەو خەوو خەیالٚو ژانەکانیدا شۆڕ بینەوە زیاتر لە جیهانی خولیای شاعیر نزیك دەبینەوەو لە نهێنییەکان دەگەین، ئەو مافە بەخۆ دەدەین کە شاعیر شاعیری خاكو خۆلٚو خۆشەویستییە، شاعیری بزواندنو دواندنی سروشتو بەقسەهێنانی بالٚندەو گیانلەبەرانی ترە.

لە هۆنراوەکانی شاعیردا جۆرە گەڕانەوەیەك هەیە بۆ باوەشی سروشتو سەردەمی منداڵی.. گەڕانەوەیەکی تێکەلٚ بە گیانی ڕۆمانسییانەی شۆڕشگێڕانە، نەك بەشێوە ساکارەکەی کە شاعیر بکات بە شاعیری سروشتێکی ڕووت...

## بەهرە و ڕۆشنبیریی شاعیر:

ئەم شاعیرە زەمینەیەکی پتەوی لە شیعری کوردیدا بۆ خۆی تەرخان کردووە، وەك چۆن دارو بەردی کەژو کێو لەناو سروشتی کوردستاندا جێگربوون، ئاواش شاعیر دارێکی ڕەگ داکوتاوە، ڕووبارێکی بەردەوامی پڕ ئاوە، بالٚندەیەکە لانەی خۆی جیٚ ناهێلٚیٚ، وەك چۆن

درەختی سەوزی ژیان ڕەگ دادەکوتیّو هەڵ دەچیّ، ئەویش ئاوا ئەوەتا بە هەموو باوەڕێکەوە خۆمان پیّ دەناسێنیّ، بیّ ئەوەی لەخۆ بایی بێت پێمان دەڵیّ:

**چۆن کپ ئەبم؟ !**
**ئەگەر سیروانتان نەدیوە، چۆن سەری ئەکا بە**
**گورز و**
**لە دەربەندو کەژی سەختا بە تاو ئەڕواو هۆرە ئەکا**
**قسە مەکەن**
**کە ناتوانن سەرکەونە سەر تەلاری بەرزی هۆنراوەم**
**لە خوارەوە بۆی مەڕوانن.**

دیسانەوە مەسەلەی بەهرەو توانای شاعیریەتیی خۆی دەسەلمێنیّو بە جۆریّ لە خۆی ڕادەبینیّ کە بەتاوو گوڕ کەلی هونەر ببڕیّو جێی پێی پێشووی بەجیّ بێڵیّ و ڕوو بکاتە جیهانێکی ترو خۆی لە ئاستێکی تردا ببینێتەوە:

**سوار نەیتوانی کەلی هونەر بەتاو ببڕیّ با دابەزیّ**
**کزەبای شمشاڵی شوانیّ گەر نەیتوانی هەوری ئاخی**
**لادێیەکان لەناو چاوا کۆکاتەوەو بیبارێنیّ**
**با ئیتر لێوی لێك بنیّ.**

بەهرەکەی بە گژداچوونی ئەو شاعیرانەی تێدایە کە ناتوانن لە شوێنی خۆیاندا جیابنەوە، تەقینەوەیەکە بە ڕووی ئەو نووسەر و ڕەخنەگرو خوێنەرانەی ناتوانن بە لووتکەی هونەر هەڵکشێنو جیهانێکی تر بە چاوی خۆیان بسێنن.

مادامەکی شاعیر مەسەلەیەکی پیرۆز دەگرێتە کۆڵو بڕوایەکی تەواوی پیّ هەیەو هۆنراوەکانیشی بۆ مەسەلەکە تەرخان کردووەو خاوەن بەهرەیەکی گەورەیە، ئەوە دەبیّ لووتکە دوای لووتکە تەی کاتو هەر هۆنراوەیەکی جیهانێکی سەربەخۆ بێت.

وتمان شاعیر خاوەن بەهرەیەو هەستێکی ڕاستگۆ و ڕەسەنی هەیە، بەڵام سامانی شاعیر

تــەنیا بەهرەکــە نییــە، بــەڵکو وەك لــە نــاو هۆنراوەکانیــدا دەردەکــەوێت، بەهرەکــەی بــە ڕۆشنبیرییەکی باش‌و تاقیکردنەوەی خۆی تاقیکردنەوەی شاعیرانی کوردو هــی غــەیرە کــورد مشتومالْ کردووەو بینای شیعرەکەی لەسەر دارشتووە، بۆیە دەتوانین ئــەو هەقــە بــە خۆمــان بدەین کە شاعیر دوورو نزیك کارتێکردنی فۆلکلۆری کوردی و شــیعری مەولــەوی و ســامانی ئەدەبیی گەلانی تری پێوە دیارە، بەڵام ئەو کارتێکردنە هەموو شتێك نییەو دەنگــی ڕەســەنی شاعیری نەخنکاندووە، کارتێکردنەکە گواستنەوەیەکی ڕووت نییە وەك هەندێ شاعیر، بــەڵکو جاروبار هەڵمژینی هەناسەیەکە، سروەیەکە، بۆن‌و بەرامێکە، ئەو جــۆرە کــارتێکردن‌و ســوود وەرگرتنەش بە شتێکی نەنگ‌و خەوش نادرێتە قەڵەم، بەڵکو شیعرەکانی پێ دەوڵەمەند بووە، گەورەترین شاعیری هاوچەرخ ((ئیلیەت)) سوودێکی هێجگار گــەورەی لــە شــاکاری ئــەدەبی جیهانی وەرگرتووە، ئەنوەر قادر محەمەدیش بەم شێوەیە سەری لە دونیای فۆلکلۆرو بەرهــەمی شاعیرانی جیهانی وەك نازم حیکمەت‌و بەیاتی و سەییاب‌و مەحموود دەروێش‌و ئەحمەد شاملوو و سوهراب و فەرەیدوونی موشــیری و داســتانی جیهانیــدا خــوار کردووەتــەوە، ئــەو ســامانە گەورەیە شاعیریان کردووە بە زاتیکی ترو جلەوێکی تریان داوەتە دەست، لــە پــاڵ بــەهرە بــە پیت‌و فەڕەکەی سامانێکی ڕۆشنبیریی بەربلاو باوەشیان بۆ کردووەتەوە، لێرەدا نــاتوانین بلــێین شاعیر ڕاستەوخۆ لە ئاوو هەوای شاعیرێکی دیاریکراو نزیك بۆتەوەو بە زەقی کارتێکردنی ئەو شاعیرەی بە سەرەوە دیارە، کارتێکردنی شاعیرێك بەسەریەوە تەنانەت لە سەرەتای شیعریشدا بەدی ناکرێت هەرچەندە ئەو جۆرە کارتێکردنەش ئەگەر لە سەرەتادا بێت لە نرخی شاعیر کەم ناکاتەوەو لەم ڕووەوە جەبرا ئیبراهیم جەبرا دەڵێ:

ئەگەر تەئسیری نووسەرێك بە نووسەرێکی ترەوە بەلایەوە خــاڵی ســەرەتایی بێــت لــەوێوە دەست پێ دەکاو لە دواییدا شەخسیەت‌و شێوازی تایبەت بە خۆی پێك بێنێ، ئەوە تەئسیرەکە داهێنەرانەیە، خۆ ئەگەر کارتێکردنەکە بەردەوام بووو نەبووە مایەی شتی نوێ، ئــەوە تێکــی دەشکێنێ.. لێرەدا پەنجە بۆ چەند نموونەیەك دەبەین کە کارتێکردنی شیعری شاعیرو بابــەتی فۆلکلۆریان پێوە دیارە، هەرچەندە شاعیر لە هەنــدێکیان دەستنیشــانی وەرگــرتن‌و مەســەلەی ئیحای کردووە بەڵام لە هەندێ شوێنی تــرا بــە ســەریانا تــێ پــەڕیوە، لــە هــۆنراوەی (دەوەرە خواریێ.. ئەی خواکەی غەریبان)دا جۆرە هەناسەدان‌و ئاوو هەواو دونیــای شــاعیری گــەورەی داغستان ((ڕەسووڵ هەمزاتۆف)) ی لە ڕوو پەڕیوە، دەتوانین لێرەدا ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کــە هەمزاتۆف بە باسی سروشت‌و ئاوو هەوای داغستان‌و تەفاعولکردن لەگەڵ واقیعی گەلەکەیــدا

دەرگایەکی تری لەبەردەم شاعیرانی کورد کردەوە، وێکچوونو شـێوەی سروشـتی کوردسـتانو داغستان، شاعیری کوردی لە هۆنراوەکانی هەمزاتۆف نزیك کردەوەو تـا ڕادەیـەك ئاسـۆیەکی تری بۆ کردنەوە، بۆیە سەیر نییە کە لەناو هۆنراوەی شاعیراندا جاروبار هەست بـە تـامو بـۆی جیهانی هەمزاتۆف دەکەین، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین کارتێکردنەکە سـەبارەت بـەم شـاعیرە بـە ڕووتی و زەقی و ڕاستەوخۆ، خۆی نانوێنێ بەڵکو ئاوڕدانەوەیەکە لـە شـاکارەکەی هـەمزاتۆف (داغستانەکەم)، شنەیەکە بۆ سەر باسی سروشتو جووڵاندنی:

لە هۆنراوەی (زریان)دا گیانی نازم حیکمەت بەدی دەکەین، لەو هۆنراوەیە نزیك دەبێتـەوە کە نازم حیکمەت بۆ ساڵی تازەی وتووە، ئەویش هەر تەنیا لە ڕستەیەکی دا:

ئەنوەر دەڵێ:

**گۆرانی بۆ وەرزی ئەڵێی نەتبینیوە**

نازم حیکمەت لەم ڕووەوە دەڵێ:

**جوانترین ڕۆژگار ئەوەیە**
**هەتا ئیستا تیا نەژیاوین**

لە هۆنراوەی (خاكو زریانو خۆشەویستی) دا سوودی لە داستانی گەلگامێش وەرگرتـووە، هەرچەندە کارتێکردنەکەش زۆر ڕاستەوخۆ نییە، بەڵام تا ڕادەیـەك مـۆرکی سـوود وەرگـرتنی پێوە دیارە، دووریش نییە کۆپلە شیعرەکەی بابەتێکی فۆلکلۆری کـوردی، یـان فارسـی بێـت دەستکاریی کردبێتو بەشێوەیەکی تر دای ڕشتبێتەوە شاعیر دەڵێ:

**باوکم ئەیوت**
**شوانێ دۆستی چیاو هەردو هێمنی بوو**
**تیشکی وێنەی ڕوخساری خوا، لە ئاسمانی پاکی دڵیا**
**لە پڕ دەرکەوتو ونیش بوو**
**شوانە شێت بوو..**
**شوانە هار بوو..  دەمەو بەیانو ئێواران**

**لە ناو بەفردا..  لەبەر بارانا دائەنیشت**
**بە شمشاڵی پڕ فرمێسکی ڕووبارێکی لە عەشقی پاك**
**ئەڕژانە ناو دەستی ون بوون**
**ئەیوت لە کویٚ؟ ! خوایە لە کویٚ؟ !**
**ئاخۆ جاریٚ ئەم هاوارە،**
**شەقەی باڵی مەلی نەغمەکانم ئەگاتە تۆ؟ !**
**لەکوێی هەتا گوانی پڕی بزنی کەژاڵت بۆ بێنم؟ !**
**لە کوێی؟ ! لە کوێی؟ !**
**گەر بارانو گەر کڕێوەش ڕێگا بن و ڕووەو تۆ بن**
**هەر بۆت دێنم..  لە کوێی؟ ! لە کوێی؟ !**

کە شوانە عەشقی خوا بێت، خواکەش دڵدارەکەی بێتو هەموو شتێکی بۆ بکات بۆ ڕەزامەندیی دڵکێش کردنی ئەوە لە داستانی (گەلگامێش)دا عەشتار شەیدای گەلگامێش دەبیٚ، واتە مەسەلەکە پێچەوانە دەبێتەوە، کە عەشتار سەر هەڵدەبڕیٚو چاوی بە شۆخیی گەلگامێش دەکەویٚ بانگی لیٚ دەکا:

**گەلگامش وەرە بۆ لامو ببە هاوسەرم**
**بەروبوومی خۆتم پیٚ ببەخشە با بیچێژم**
**ببە مێردمو ئەبم بە خێزانت**
**گالیسکەیەکت بۆ دەکەم لە زێڕ و مرواری**
**پێچکەکانی لە زێڕ و شاخەکانی برۆنز بێت**
**کە دێیتەماڵمان شوستەو بەردەرگا پێت ماچ دەکەن**
**پاشاو بەگزادەو کاربەدەست بۆت ملکەچ دەبن**
**سەرانەی بەروبوومی دەشتو کێوتان بۆ دێنن** (٢)

شیعر عەشتاری بەڵێنی زۆر شت بە گلگامێش دەدات، هەر تەنیا پێی ڕازی بێتو

دەروونی گەرمی دابمرکێننەوە، لێرەدا هیچ مەرج نییە شاعیر دەقی هۆنراوەکە وەرگرێت، شاعیری کارامە و ڕەسەن کار و ڕەفتاری وا ناکات، تەنیا سوود لە مۆرکە میسۆلۆژییەکە وەردەگرێتو دەیخاتە قاڵبێکی ترەوە لە هۆنراوەی (لە جانتای پۆستەبەرێکی شاری گریان)دا دەڵێ:

**بۆ وێڵ ئەبم؟ !**
**گڕ و کڵپەی زامەکانم بۆ نامکەنە گەرد و سووتوو؟**
**بۆ گەردەلوول نامپرژێنێ بە ئاسمانا**
**بەسەر زامی پڕ سوێی سەختی چەوساوانا؟ !**

ئەگەر زامەکانی شاعیر ببن بە سووتوو خۆڵەمێشو برینی چەوساوەکان سارێژکەن، خۆڵەمێشی لەشی سووتاوی (مەنسووری هەلاج لە لای (بەیاتی) بەسەر زەوی بێ پیتدا دەپژێتو دەبێتە مایەی خێرو بەرەکەتو ژیانێکی نوێ، کەواتە جۆرە لێك نزیك بوونەوەیەك لە نێوان شاعیری زریان و (عەبدولوەهاب بەیاتی) دا هەیە، ئەگەرچی هەریەکە بە شێوەیەك جەوهەری مەسەلەکەی وەرگرتووەو هەریەکە خاوەن شەخسیەتی تایبەتی خۆیەتی، بەیاتی لە هۆنراوەی (رماد في الريح)دا دەڵێ:

**پارچەکانی** لەشم لە دارستانی
**خۆڵەمێشدا بوون بە پەیین**
**دڵدارەکەم، دارستانەکە**
**گەورە دەبێ**
**دارەکانی گەورە دەبێ**
**دارەکانی گەورە دەبن**
**دوای بەیانی لە پەیکەری ڕووناکیدا**
**بەیەك دەگەینەوە** (٣)

به کورتی ئەگەر چاو لە هەندێ لایەنی زۆر بە ئاستەمی سەرجەمی هۆنراوەکانی شاعیر بپۆشین، وەك دووپاتکردنەوەی هەندێ ڕستەو خۆبەستنەوەی جاروباری بە قافیەو مۆسیقای شیعرو شاشیی هەندێ ڕستە، ئەوە ئەنوەر لە پێشەوەی شاعیرانی نەوەی خۆی دەوەستێ و، دەنگێکی ڕەسەنو خاوەن خاسیەتی خۆیەتی.. چونکە شاعیر پێ بە پێ هەنگاو دەنێو سنوور لە دوای سنوور دەشکێنێو جۆرە جوولاندنەوەو نوێکردنەوەیەك بە سەرجەمی شیعری کوردی دەبەخشێ.

هەرچەند لێرەدا ئەو ماوەو بوارمان نییە وەکو خۆمان دەمانەوێ لایەنی تری شیعرەکانی شاعیر (ئەنوەر قادر محەمەد) شی بکەینەوە، بەڵام ئەوەش دەڵێین کە هۆنراوەکانی لێکۆڵینەوەی زۆر بەرفراوان هەڵدەگرن. ئێمەش جارێ هەر ئەوەندەمان لێی هەڵکراندو چاوەڕوانی ڕاوسەرنجی ترین کە ئەو بۆشاییەی ئێمە جێمان هێشتووە پڕ بکرێتەوەو بە پێویستی دەزانین بایەخ بە شیعری ڕەسەنو بدرێت کە ئەمڕۆ پێناسی ڕاستەقینەی (شیعری ئەمڕۆی کوردی) یە، تا زیاتریش لەم ڕووەوە نووسەران و ڕەخنەگران ڕای خۆیان بەرامبەر بەرهەمی شاعیرانی ڕەسەن بدەن، ئەوا زیاتر خزمەت بە شیعرو ئەدەبی گەلەکەمان دەگەیەنن.

## پەڕاوێزەکان

(١) مسرحية شيرين وفرهاد أو حكاية حب، لناظم حكمت. ترجمة: أكمل الدين احسان، ل ١٧٣.

(٢) ملحمة گلگامش: ترجمة طه باقر، ل ٦٠ - ٦١.

(٣) ديوان البياتي، جـ٢، سفر والثورة، ل ٢٠.

## یەکەمین شاعیری کورد کێیە؟

بەپێی ڕاو بۆچوونی مێژوونووسانی ئەدەب، هـۆنراوە بـەر لـە پەخشـان سـەری هەڵـداوەو گەشەی کردووە، پەخشانیش بە مانای ئاخاوتن نا، بەڵکو پەخشانی هونەری، بەڵگەشیان لـەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە هۆنراوە پشت بە سۆزو هەستو ئەندێشە دەبەستێو پەخشانی هونەری، بیرکردنەوەو تێڕامانی گەرەکە، بۆیە لە بواری ئەدەبدا شیعر پێش پەخشـان لـە دایـك بـووە، کەواتە سەبارەت بە ئەدەبی کوردیش زانیاریمان لە شیعردا زیاترە، هۆنراوەو مێـژووی ژیـان و، بەرهەمی شیعریی کوردی پێش پەخشان دەکەوێتەوە، کە دێینە سەر کۆنیی هـەردوو لـق، لـە پێشەوە شیعر هەڵدەبژێرینو شارەزاییمان لەم ڕووەوە لەهیی پەخشان بەربڵاوترە.

لێـرەدا دەمانـەوێ بپرسـین ئـاخۆ دەبـێ یەکـەم شـاعیری کـورد کـێ بـێو بـە چ جـۆرە دیالێکتیکێك شیعری دانابێ؟ دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە کتێبی ((الواقیعیة في الادب الکردي)) دا دەڵێ: بابە روخی هەمەدانی کە لە سـەدەی نۆیـەمی زاینیـدا ژیـاوەو لـە ئـابی ٨٤١دا مردووە، بەیەکەم شاعیر لە قەڵەم دەدرێ کە شیعری نووسراوی هـەبێ، بـەڵام کـەمی پاشماوەکانی وامان لێ دەکەن کە بەسەری ڕابووورینو بابە تایەری هەمەدانی ٩٣٥ - ١٠١٠ز بە یەکەم شاعیر دابنێین کە دیـوانی تـەواوی شـیعریی هـەبێو دەکـرێ ببێتـە مادەیـەك بـۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ئەمەش وای لێ کردین کە پاشماوەکانی بە سەرەتای لێکۆڵینەوەی ڕەگی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا لە قەڵەم بدەین (*).

کامیل حەسەن بەسیر لە کتێبی ((کامران شاعر من کوردستان)) عەلی تەرمۆکی (١٠٣٠ - ١٠٩٠ز) بە سەرەتای قوتابخانەیەکی ئەدەبی لە قەڵەم دەدا کە ڕەگەکانی تا ئەمڕۆمان درێژ دەبنەوەو پێی وایە قوتابخانەی نەتەوایەتییە.

لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی شیعری کوردی بەر لەو دوو شاعیرەیە کـە هـەردوو نووسـەر ڕای خۆیان لەسەر دەربڕیوە، بە پێی بۆچوونی سـدیق بۆرەکـەیی یەکـەم شـاعیری کـورد (بـالوولی ماهی) یە کە بەشێوە زاراوەی گۆرانی هۆنراوەی هۆنیوەتەوە، بالوول لە سـاڵی ٢١٩ی کۆچـی

مردووەو لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی لە لۆرستان پێی ناوەتە مەیدانی ژیان. ڕایەکی تر هەیە کە بالوول ۷۹۹ی زایینی کۆچی دوایی کردووەو ناوداره به بەهلوولی کوفی و یەکێك بووە لە عاقڵە شێتەکان لە سەردەمی هارون الرشید ژیاوەو ئامۆژگاریی خەلیفەی دەکرد، ڕۆژێ سواری دار حەیزەرانێ بووە وتوویەتی دەچمە بەردەم قاپی خوا (**)وا دیارە بەهلوول خۆی خەڵکی کووفه نەبووە، بەڵکو خەڵکی ناوچەی دەینوەر بووە کە ئەوکاتە بە (ماه الکوفة) ناوداربووە، چونکە خەراجو سەرانەی ئەو وڵەیان بۆ کوفه دەبرد. (ماه) به مانای (ماد) دێ، بە هۆزێ مادو خاکی ماد وتراوە.

بالوول ناوی عەمر کوڕی لەهەب کوڕی بالوولە، لە دەوروبەری ساڵی ۱۵۰ی کۆچیدا هاتۆتە دونیاوە، بە یەکێ لە قوتابییەکانی ئیمام جەعفەری سادق دێتە ئەژمار، لەبەرئەوەی بالوول ڕازی دەروونی خۆی بێ پەردە دەردەخستو هەندێ لە لای هارون الرشید (۱۷۰ - ۱۹۳ك) بەدگۆییان لێوە کرد، هارون فەرمانی کوشتنی دا، بەڵام بالوول هەر فەرمانەکەی بیست ڕۆیشتە لای ئیمام جەعفەر و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، ئیمام دەستووری پێیدا کە خۆی بکاتە شێت تا لە مەرگ ڕزگاری بێ (***).

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بالوول لە ترسی تیرۆرکردن ناچار بووە خۆی شێت بکات بۆ ئەوەی گیانی خۆی لە مەرگی بە دەست خەلیفە رەشید دەرباز بکات، ئەم شاعیرە وەك هەندێ شاعیری سۆفی کە خۆیان ناچارکرد بەشێوەیەکی شێتانە خۆیان دەرخەن تا لە چنگ خەڵکی گێژو نەزانو دەسەڵاتداران دەربازبن، ((بۆ نموونە بە حەلاجیان دەوت سیحربازە، هەبوو پێی دەوت شێتانە ئەبووبەکری شیبلی بە شێت ناسرابوو تەنانەت خۆی وتوویەتی: " منو حەللاج یەك شتین، شێتی یەکەم دەربازی کردم عەقڵەکەی ئەویش لەناوی برد (****) بالوول بەرهەمی شیعری زۆر بووە، لەسەر شێوەی دوو بەیتی دای ڕشتوون کە ڕێبازی فیکریی شاعیر دەردەبڕن، بەڵام زۆریان لەناوچوون بۆ نموونە دەڵێ:

**ئەو واتەی یاران ئەو واتەی یاران**
**وەقانوون شەرگ ئەو واتەی یاران**
**چەندی مەولا بیم گردمان شاران**
**یارانم کەردەن وەقەوای ماران**

له یەکێ له دوو بەیتەکانیدا دەڵێ:

**سوجدەی جەم بەردین، سوجدەی جەم بەردین**
**ئارۆ نەجەمدا سوجدەی جەم بەردین**
**هیمەت نە دەرگای یار تەلەب کەردین**
**زەڕێ نە ئاو کەوسەرش وەردین**

له ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێ کە بالوولی شاعیر له ڕیزی شاعیرە موتەسەووفەکان بووە، خاوەن ڕێچکەیەکی ئاینی بووەو هەوڵی داوە بیروڕاکانی له ڕێگای شیعرەکانییەوە، بڵاوبکاتەوە، شێوازێکی سادەی بەکارهیناوە بۆ ئەوەی خەڵکی ڕەمەکی و سادە تێی بگەن. لەم نووسینەدا بۆمان ساغ دەبێتەوە کە یەکەمین شاعیری کورد کە شیعری بە ئێمە گەیشتبێ، بەر لەوەی بە شاعیر ناسرابێ بە عاقڵی خۆشێتکەر ناسراوەو سەردەمەکەی بە سەردەمی گەورەترین‌و ناودارترین خەلیفەی عەبباسی لکاوە، ئەم شاعیرەش بالوولە، نەك بابەروخ‌و بابەتایەرو عەلی تەرمۆکی وەك دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ‌و کامیل بەسیر بۆی چوون.

ئەمە ساغکردنەوەیەکە کە سدیق بۆرەکەیی (صفي زادە) ئاماژەی بۆ نەکردووەو، وەك بڵێی ئەم دوو سەرچاوەی پێشوو کە ناومان هێنان لەبەر دەستی ئەودا نەبووە بۆیە لێیان نەدواوە. وا ئێمە لەم کورتە نووسینەدا ساغمان کردەوە، ئەم نووسینەش ساغکردنەوەیەکە دەچێتە ریزی ساغکردنەوەی یەکەم چیرۆکنووسی کورد، کە چیرۆکەکەی (فؤاد تەمۆ) یە نەك چیرۆکەکەی (جەمیل سائیب) کە بەڕابەری چیرۆکی کوردی لە قەڵەم دەدرێ.

هەرچۆنێ بێ ئەم ساغکردنەوەیە دەرگایەك دەکاتەوە بۆ زیاتر پشکنین‌و بە شوێندا گەڕانی شوێنەواری بەرهەمی ئەدەبیمان کە تا ئێستا ڕووناکیمان بەخۆوە نەبینیووە.

**پەراوێزەکان:**

(*) الواقيعية في الادب الكردي - دار المكتبة العصرية - صيدا - بيروت. ل ٥٧.

(**) المنجد معجم لاعلام الشرق والغرب، ل ٨٧.

(***) بڕوانە مێژووی وێژەی کوردی (صدیق بۆرەکەیی)، چاپخانە چهر، تبریز ١٣٧٠ ل ٤٨.

(****) الشعر الصوفي، عدنان حسين، دار الرشيد للنشر، ١٩٧٩ ل ٩٤ - ٩٥.

(*****) مێژووی وێژەی کوردی، ل ٥٠ -. ٥١.

## یەڵماز گۆنای و ڕۆڵی سینەمای تۆمارکاری
## لە تێکۆشانی نیشتمانیدا لە یادی ١٠ ساڵەی ڕاپەڕیندا

**وەرگێڕانو پوختەکردنەوە:**

هەرچەندە فیلمی ئەوتۆ نییە کە شۆڕشێکی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتیی بەرپاکردبێ، بەڵام دەتوانین بڵێین کە فیلمی سینەمایی بەشێوەیەکی کارتێکەرو بەرچاو بوونەتە فاکتەری یاریدەدەری بە ئاگاهێنانی گیانی شۆڕشگێڕیی گەلانو بەشدارییان لە تێگەیشتنی کیشەکانی جیهاندا کردووە، سەبارەت بە کوردیشەوە ئەم بابەتە گرنگییەکی زیاتری هەیە، لەبەر کەمبوونی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا، لە ئاکامدا نەبوونی شوێنو هۆڵی نیشاندانی فیلمی سینەمایی لەبەر هەندێ هۆی دیار کە پێویست بە باسکردنیان ناکات.

بۆیە بە پێویستی دەزانین لە ئاستی شاکارەکانی دەرهێنەر و ڕۆماننووسو سیناریستی کوردی ((یەڵماز گۆنای)) بوەستین، هەرچەندە شاکارەکانی بە زمانی کوردی نەنووسیوەو دەرنەهێناوە، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی تەقەلای داوە کە ژیانی واقیعیی گەلی کورد لە لایەك دەربخات و، لە لایەکی ترەوە واقیعی زوڵمو ستەمو چەوسانەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگەی تورکی بە شێوەیەکی گشتی پێچەوانە بکاتەوە.

**یەکەم هەنگاو:**

لەکاتی نووسینی کورتە چیرۆك - یەڵماز سیناریۆی هەمەجۆری بۆ فیلمی سینەمایی دەنووسی، ئەگەر چوونە ناو جیهانی سینەما لە ڕێگای بە هەڵکەوت بوو، هەروەها بۆ نان پەیداکردن بوو، ئەوەندە حەزی لە ئەدەبو هونەر دەکات کە بە جیدی بیر لە زانینی تەواوی هونەری سینەمایی بکاتەوە، ساڵی ١٩٥٨ دەرهێنەری ناسراو (عاطف یەڵماز) ی ناسی کە

ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی شەخسیەتی سینەمای گۆنایدا هەبوو، هەڵبەت ئەو چاکەی دەرهێنەری ناوبراوی لەبیر نەکرد، هەموو دەم جەختی لەسەر گرنگییەکەی دەکردو کارتێکردنی لەسەری، لە یەکێ لەو دیدارەی لەگەڵیدا کرابوو گوتی: یەکەمین شەخسیەت کە کارتێکردنی دابڕی لەسەر ژیانی هونەریم و، ڕێبازو هەڵبژاردنی پیشەکەم و، کە دوارۆژی سینەمایی دەستنیشان کردم، شەخسیەتی دەرهێنەری سینەمایی (عاگف یەڵماز) بوو، کە دەرفەتی بەرایی بۆ ڕەخساندم وەك ئەکتەر دەوری سینەمایی ببینمو لە سایەی ئەودا بۆ سالآنێکی درێژ لەسەر ئەم پیشەیە بەردەوام بووم.

بەهرەی یەڵماز گۆنای لە کۆتاییی پەنجاکاندا، وەك ئەکتەرێکی کۆکی شارەزا و، نووسەرێکی سەرکەوتووی سیناریۆ دەرکەوت، هەر لەوەتەی یەکەمین فیلمەکانی ((کوڕانی ئەم نیشتمانە، ئاسکە سپی، زەمانی تووتن،... هتد)) داهێنانی کرد، یەڵماز سیناریۆی دەنووسی و لەو کاتەی دەسەلآتداران لە دوای عەوداڵ بوون تەمسیلیشی دەکرد، بەلآم ئەو بڕیارە ناهەموارو ناعادیلانەی ڕەت دەکردەوە کە ملکەچیان بێت.

کە لە بەندیخانەدا توندکرا، حکوومەتی تورکیا هیوادار بوو کە بەم کارەی، لە جیهانی سینەمادا دووری بخاتەوە، هەروەها لەو جەماوەرەی کە هەر لە شاشەدا دەرکەوت خۆشیان ویست، بەلآم دەسەلآتداران لە حیسابەکانیاندا بە هەڵەداچوون. خۆشەویستیی خەڵكو سەرسامییان بە یەڵمازو هونەرەکەی زۆر لە ڕاپەرموونەکانی دەسەلآت گەورەتر بوون، چونکە بەندیخانە بۆ ئەو بووە قوتابخانەو سوودی زۆری پی بەخشی، کە کەسایەتیی سیاسی و هونەری بەهێزو بەپێزو فێری مانای ژیانی بەشێوە ساکارەکەی کرد، لە بەندیخانەدا بەردەوام بوو لەسەر نووسینی چیرۆكو سیناریۆی سینەمایی و بووە نووسەرو هونەرمەندی واقیعیی پابەند.

بە درێژایی لە بەندیخانەدا بیری لەوە دەکردەوە، دوای دەرچوونی چ بکات، هەستێکی بە هێزی لا دروست بوو کە لەرێگای سینەماوە دەگاتە خواستو ئاواتەکانی، بەلآم چۆن بە چ ڕێگایەك؟

بیریکردەوە کە لە ڕێگای نواندن لە فیلمەکاندا، ئەگەر بازرگانی و ئاست نزمیش بن چۆن دەتوانێ، گرنگ ئەوەیە بگاتە مەبەست، خەونەکەی بە سانایی هاتەدی، کە لەو باوەڕەدابێ بەم شێوە دەرفەتی بۆ برەخسێ.

گۆنای ئەو دەورانەی پێی سپێردرابوو، هەر جۆرێك بان قەوارەکانی، ئەوەندە بە باشی و ڕێکوپێکی دەینواند کە تا دەهات لایەنگری زیاتر دەبوون، ئەو هۆلآنەی فیلمەکانیان تێدا

نیشان دەدران جمەیان دەهات لـە خـەڵك، ئـەو حاڵەتـەش بـووە هـۆی بێـزاری و نیگـەرانیی بازرگانەکانی سینەماو بورژوازییەکان، ڕۆژنامە سووكو چرووکەکان کـە هێرشـیان دەهێنایـە سەر گۆنای و بە (پاشای ناشرین) ناوزەدیان دەکرد، کە زۆر لە ئەکتەرانی پاشای جوانی قیتو قۆزی باشتر ڕۆڵی خۆی دەبینێ. کە گۆنـای بەڕوویانـدا تەقییـەوە ئاشـکرا هـاواری کردبـوو ((ئەگەر ئەکتەرەکانتان پاشای جوانین، لێم گەڕێن با من ببمـە پاشـای ناشـرین)) ئـەو حەلـە ڕۆژنامەنووسی برجوازی ئەم ناوەی لێ ناو تا ئێستا بۆی ماوەتەوە. دوژمنانی گۆنای هەرچی لە دەستیان هات کردیان بۆ تێکشکانی ئەفسانەکەی لە سینەمای تورکیدا، بەڵام تەقەلاکانیان بێ سوود بوون، بۆیە ناچار بوون لێی نزیك بنەوەو داوای لێ بکەن لە فیلمەکانیانـدا بەشـداری بکات، نەك لەبەر خاتری ئەو بەڵکو بۆ بووژاندنەوەی ڕەوشی داتەپیوی سینەما لە لایەكو بـۆ قازانج دەکەوتن لە لایەکی ترەوە.

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ: چ وای کرد کە گۆنای لای خەڵك خۆشەویست بـێ؟ بـۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە دەبێ سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کـە گۆنـای هاتـە نـاو جیهانی ئەدەبو سینەما بەشێوەیەکی تایبەتی سەرپێچیکردنی ئەو یاسا باوانەی کۆمەڵگـەی تورکی بوو، ئەویش لەبەر هۆیەکی سـادە و ڕوون، کـە یـەڵماز کـوڕە جووتیـارێکی سـاکاری نەخوێندەوار بوو، لە ژینگەیەك پێگەییبوو، کە ئامادە نەبوو شیاوی ئـەو جـۆرە پسـپۆڕییانە بێ، بگرە پێیان نامۆ بوو، بورژوازی پیشەسازی بە تەواوەتی ڕەتی ئەوەی دەکردەوە کـە کـوڕە جووتیارێکی ساکاری ڕەشو لەشێکی نامۆ. پێ بنێتە مەملەکەتەکەی، چونکە پێی وابوو کە پیشەسازیی سینەما مەملەکەتێکی تایبەتە بەخۆی، لەبەر ئەوە داننان بەناوی پاشا ناشـیرین بێ یا قۆز، لەلایەن ئەو ناوەڕاستانەوە، هەر خۆی لە خۆیدا بە سەرکەوتن لە قەڵـەم دەدرێ و، بلیمەتییەکی تایبەتی گەرەکە، بلیمەتییەکی پاکی بێگەرد، ئەمە یەکێك بـوو لـە هۆیـەکانی سەرسامیی خەڵك بە گۆنای، بەڵام دوا هۆ ئـەوە بـوو کـە یـەڵماز بـە حـوکمی پێگەیشـتنی جووتیارانە زۆر چاك دەیزانی، مانای مرۆڤی پشتگوێخراوی سـاکار لای ئـەو چ دەگەیـەنێ و، دەبێ بە چ شێوەیەك بکەوێتە بەرچاوان و، بە چ ڕێبازێك دەبێ ڕێنمایی بکرێ، کاتێ کە خەڵك دەهاتنە هۆڵی سینەما بۆ دیتنی فیلمەکانی یەڵماز قەناعـەتی تـەواویان هـەبوو، ئەگـەر بـۆ ماوەیەکی کورتیش بێ لەگـەڵ شەخسـێکدا دەژیـن، کـە لـەوان دەکـاتو دووچـاری هـەمان گیروگرفتی ئەوان بووە و، دڵنیابوون کە یەڵماز لە ڕێگای کـارو کـردەوەو دەورەکـانی لەسـەر شاشەدا، هەر دەبێ ئاماژە بە دەستنیشانکردنی گیروگرفتێك لەو گیروگرفتە زۆرو زەبەندانـەی

که له کۆمەڵگەی تورکیادا هەن، بدات. ئەمەش له فیلمه تورکییەکانی تردا بـه تەواویـەتی پێچەوانە بوو، که تیایدا پاشایەتیی جوانی دەوریـان دەبـینی، خـەڵك بـەدوای شـتێکی نـوێ عەودالْ بوون، نزیك بێ له واقیعی زیندوو، هەر ئەوە بە تەنیا نا، بـەڵکو بینـەر خـۆی لـەناو کەسایەتیی گۆنای و فیلمەکانیدا دەبینییەوە، بەڵام هۆیەکی تر هەیە که له هیی یەکەم کەمتر نییە، ئەویش ئەوەیە وێڕای هێرشی بەردەوامی دوژمنـانی یـەڵماز، کـە دزێـوی و ناشـرینیان دابووە پاڵ شێوە و ڕوخساری، بەڵام یەڵماز به پێچەوانەی وەسـفی نـەیارەکانی بـوو، جمهـوور لەسەر شاشەدا گەنجێکی ڕێکیشیان دەبینی، بـە لـەش‌و لارێکـی کـۆك و، باڵایـەکی باریـك دەورەکانی به گونجانێکی تەواوی، بێ هاوتا دەبینی، جگـە لـە سـەرنجی تیـژو زیرەکانـە کـە نیشانەی مانای زۆرو کاریگەربوون، شێوەکەی دەلالەتی لەوە دەکرد که خاوەن دڵێکی گەورەو، ویست‌و ئیرادەیەکی پۆڵاینی که نانەوی هەبوو، وێـڕای ئەمـەش پیاوەتییـەکی بـەوەج‌و تـاکی لەشێوەی خۆی تێدا بوو، خەڵك بەم جۆرەیان دەبینی.

یەڵماز ساڵێ له دە فیلم زیاتردا دەوری دەبینی، له ماوەی پێنج سـاڵدا لـە شەسـت فـیلم زیاتر ڕۆڵی بینی، لەوانە بۆ نموونە ((ڕووباری سـوور - پیـاوکوژی قوربـانی - مـەڕی ڕەش - باڵندەی زامدار - هەرچەندی بمرم دەژیم، گورگی ئوجرۆی چیا - تا دوا دڵۆپی خوێنم))و زۆری تریش.

گۆنای بەو مەبەستە لە فیلمەکاندا دەوری دەبینی که نەخشە هونەرییەکانی پیادە بکـات، بگاتە ناوو ناوداری و پارەیەکی تەواو، بە درێژایی کات، ئەزموونەکـە لـە مێشـکیدا گەڵاڵـە بوو، بەکارهێنانی ئەم شێوازە تەکنیکییە کارێکی ڕەواو پاساودراو بوو، له مێـژووی هونـەری جیهانیدا باو بوو، بۆ نموونە بە ناوبانگترین دەرهێنەری جیهـان و، دامەزرێنـەری واقیعییـەتی نوێ له ئیتاڵیا - (فیتۆریودی سیکا) هەمان شێوازی بەکارهێنا، بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەوەی دەیویست، بە کـردەوە گەیشـتە مەبەسـتەکەی و، لـە دواییـدا کـاری نایـابی هونـەریی وای پێشکێش کرد که نرخیان تەواو نابێ، یەڵمازیش هەر وا بـوو، زۆرجـار جـەختی لەسـەر ئـەم حەقیقەتە دەکردەوەو دەیگوت ((کارە بازرگانییەکانم له گۆشەیەکی تـرەوە سـوودیان بـۆ مـن هەبوو، له سایەی ناوبانگ‌و پلەو پایەی هونەریم و، باوەڕی بەرهەمهێنەران‌و جمهـووری مـن‌و بەوەی که ناوی من زامن دەکات، داوام کرد فیلمەکانم بەدەسـتی خـۆم دەربێـنم، دەمویسـت فیلمی هەمەجۆر بێ، نیشاندان‌و هەڵوێستی سیاسیی ڕوونیان هەبێ...))

یەکەمین ئەزموونی یەڵماز لـە دەرهێنـانی فیلمـەکانی سـاڵی ١٩٨٦دا بـوو کـە فیلمـی

(سیدخان) ی دەرهێنا، دووپاتی دەکەنەوە کە (سیدخان) بـە سـەرەتای فیلمـە واقیعییـەکانی گۆنـای لـە قەڵـەم دەدرێ، کـە لـە هەناویـدا مـەغزای کۆمەڵایـەتیی قـووڵو مەبەسـتداری هەڵگرتبوو. فیلمێکی واقیعی بـوو ژیـانی گونـدی کـوردەواری بـە هـەموو دواکەوتنـەکانی سەردەمەوە پێچەوانە کردەوە، (سیدخان) کە یەڵماز دەورەکە دەبینێ، مرۆڤێکی ئاساییی نـاو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بوو، کە بـە پێـی توانـای یارمـەتیی هـەژارانی دەدا، هەرچـەندە هەژاریش بوو، بەڵام خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵایین بوو، سەربەرز بوو، بەرگەی سەختی و ناخۆشـی دەگرت و، ڕووبەڕووی زۆرداری دەبوەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێ ملکەچی یەخسیری و سووکایەتی، نەدەبوو. بینەران مرۆڤێکی ئاشنایان بەچاوی خۆی بینی، بەڕاستی بە فلان کەسیان دەچواند، هەر ئەمەش بووە نهێنیی سەرکەوتنی فیلمەکە، کە زیاتر لە هەشت ملیۆن کەس بینییان، کە ئەمە ژمارەیەکی لە ئاسا بەدەرە لە مێژووی سینەمایی ساڵی ١٩٦٩دا گەورەترین خەڵاتی پێ درا و، گۆنای خۆی خەڵاتی چاکترین ئەکتەری دەوری پیاوی پێ بەخشرا، سەرکەوتنی فیلمەکە وای لە ڕەخنـەگران کـرد کـە بـەراوردی پـێ بکـەن لەگـەڵ فیلمـی (زەوییەکـە دەلـەرزێ) ی دەرهێنەری ناوداری سینەمای ریالیستی ئیتاڵیا (لۆکبینۆ فیسکۆنتی) وێڕای ئـەوەش گۆنـای فیلمەکەی بە دڵ نەبوو، بەڵام بەلایەوە فیلمێکی پاك بوو.

دوای (سیدخان)، گۆنای گەیشتە لووتکەی درەوشانەوە لە تورکیـادا هـەموو وڵات ناویـان دەهێنـا وەك ئەکتـەرێکی نایـاب و، نووسـەرێکی مومتـازی سـیناریۆو خـاوەن بەهرەیـەکی خولقێنەر لە دەرهێناندا، یەڵماز لەبەر چـاوان ون بـوو، بـۆ خزمـەتی سـەربازی ڕاپـێچ کـرا. نەخۆش کەوت، بەڵام گوێی بەنەخۆشییەکەی نەدا، دەرفـەتی مۆڵـەت وەرگـرتنی حەسـانەوەو پشوودانی قۆزتەوە، بۆ نووسینی سیناریۆی فیلمی (گورگە برسییەکان) کە دەرهێنانو نواندنی دەوری ڕەئیسیی بۆ خودی خۆی بوو، بەڵام کە دەسـەڵاتدارانی سـەربازی پێیـان زانـی مـاوەی مۆڵەتدانەکەیان هەڵوەشاندەوە، فەرمانیان دا کە بە زووترین کات بگەڕێنەوە وەحدەکەی خۆی و لە پلەی ئەفسەریی سوپا بێ بەشیان کرد، هەرچەندە کە ئـەو مافـەی هـەبوو، بـە حـوکمی ئەوەی کە دەرچووی زانکۆ بوو.

دوای فیلمی ((گورگە برسـییەکان)) دەسـتی کـرد بـە دەرهێنـانی فیلمێکـی تـر بـەناوی (ناشیرین) بیرۆکەی فیلمەکە لە ئەنجامی چەند ڕووداوێکی ژیانی خودی گۆنایەوە بوو، کە چووە قوتابخانەی سەرەتایی منداڵە دەوڵەمەندەکان گاڵتەیان پێ دەکرد و، بە دیمەنی ناشـیرینو جلـە دڕاوەکەی پێدەکەنین، گۆنای ئەم دیمەنەی لەسەر شانی بە سەرکەوتوویی دەرخست، جگە لەوەی

به هەموو توانایەوە هەوڵی دا قۆناغەکانی ژیانی، بە تایبەتی چۆنییەتی چوونە ناو دونیای سینەمای وێنەکێشان، فیلمەکە لە سەرگوزشتەی دەکرد، فیلمەکە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بە دەست هێنا، هەر بینەرە بەشێوەیەك تێ دەگەیشت، لە ڤیستڤاڵی سینەمایی گشت تورکیا لە ئەنتاکیای ساڵی ١٩٧٠دا بە چاکترین فیلمی ساڵ لە قەڵەم درا و، گۆنای نازناوی چاکترین ئەکتەری دەوری پیاوانی وەرگرت، هەروەها خەڵاتی چاکترین ئەکتەری ئەو ساڵە.

((هیوای ویستراو)). یەڵماز ساتێکی لە دەست نەدا، کە لەگەڵ تاسەی بیستنو دیتنی ئەو کەسە بوو ئاواتو هیواو ویستراوەکانی بۆ دەرخات، بەشێوەیەکی ساکارو زیندوو، بە دەنگێکی نزمو لەسەرخۆی پڕ لە بڕوا دوا، چونکە ڕۆمانێکی ئەدەبی و، چیرۆکی واقیعیی نووسی و، فیلمی سینەماییی نایابی دروست کرد، لەبەر خاتری پارەو پوول نا، یاخود بۆ ڕەزامەندیی لایەنێك، بەڵکو ئەوەی کرد، چونکە ژیانو مرۆڤی خۆش دەویست، تەمەنو ژیانو حەسانەوەی خۆی بێ سنوور پێ بەخشین، لە ئاستی زوڵمو زۆرداری و ستەمو زۆرەملێ بێدەنگ نەبوو، ئەوەبوو پاڵنەری سەرەکی کە لە پشت یەڵمازەوە بوو. دوستۆیڤسکی دەڵێ: ((مرۆڤ بە خودی خۆی نهێنییەکە لە نهێنییەکانی ژیان، بۆیە دەبێ بە دوایدا بگەڕێین، تەنانەت ئەگەر ئەوە ببێتە بەختکردنی هەموو تەمەن لە پێناو ئەودا.. من بەدوای هەڵهێنانی ئەم لەغزەو دەرخستنی عەودالم، ئەمە سەبارەت بە منەوە مانای ئەوەیە کە من مرۆڤم)) ئەوەبوو کە گۆنای مرۆڤ خوازیاری بوو، هەوڵی دەدا بیگاتێ)).

یەڵماز شاکارە نایابە سینەماییەکەی ((هیوا)) ی دەرهێنا، کە ئەڵقەیەکی گرنگی لە زنجیرەیەکی درێژی فیلمی واقیعی پێکهێنا، دەرهێنەری تورکی (ئەردین کیرال) لە بارەیەوە گوتی: فیلمی (هیوا) بەردی بناغەی سینەمای تورکیی دانا و، بۆ یەکەمین جار بە سەرەتای هەموو سەرەتایەکان لە سینەمای تورکیدا لە قەڵەم دەدرێ، کە بابەتە واقیعییەکان بە هەموو ڕاشکاوییەوە دەخاتە ڕوو، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هونەری سینەماییماندا فیلمێکی ساکار وێنەی دەکێشرێ، ڕووداوەکانی لە واقیعی ڕۆژانەماندا وەرگیراون، دروستکراو و ڕازاوە نین، هەروەك باوە لای ئێمە. لە بابەت ئەم فیلمەوە زۆر شت گوتراو نووسرا و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووسو هونەرمەندی سینەمایی زۆریان لەسەر نووسی و بڵاوکردەوە بۆ نموونە گۆڤاری فیگارۆ نووسیی ((بەهرەیەکی دەگمەن لە ڕێنماییکردنی بینەر بۆ بیرکردنەوە)). ڕۆژنامەی باری ماتش لەم ڕووەوە نووسیی: ((ئایا فیلمەکە تۆمارکارییە یاخود هێزێکی خەیاڵییە؟ حەقیقەتێکی واقیعی پێشکێش بە مرۆڤ دەکات..))

ئەم فیلمە ئەفسانەی پاڵەوانی خەیاڵیی نەبەزی تێکشکاند، کە دەتوانێ هەموو شت بکات و، هەردەم سەربکەوێ، پاشان فیلمەکە چمکێکی نوێی خستە بەردەم کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ناکرێ چارەسەری لە توانا پەیدا بکرێ ئەگەر هەوڵەکان هیی تاکەکەس بێ، دەبێ کار بۆ کۆمەڵو پشتی یەکتر گرتن و، ڕێبەدی کردنی بیری ڕووناكو هۆشمەندو پێشکەوتنخوازو ڕێکخراوی سیاسی بێ..

ڕێکەوت نییە کە ڕەخنەگری ناوداری سینەمای ئیتاڵی ((لینسو مجیکا)) بڵێ کە: بابەتی فیلمی هیوا فیلمە نایابە واقیعییەکەی ((پایسکل دز)) ی دەرهێنەری گەورە فیتووریووی سیکامان بیر دەخاتەوە، کە دزینی پایسکلێکی ئاتای بە تەواوی بووە هۆی کلۆڵی و مەینەتیی خێزانێکی، بەڵام دزین لە فیلمدا ڕەمزە، لە ڕاستیدا، تەنیا سەرچاوەی گوزەرانی خێزانێکی هەژاری ئیتاڵی نییە، بەڵکو مانای ڕۆحی و کۆمەڵایەتیی ژیان دەدزێ، هەروەها هیوا بە دوارۆژێکی گەش، حاڵەتەکەش ئاوایە سەبارەت بە ئەستەنبووڵییە کلۆڵەکە، گالیسکە لێخوڕەکە لە فیلمی هیوادا، کە ئەسپەکەی لە دەست چوو، بێ ئەسپەکە، کۆمەڵ پێویستی بە ئەو نییە، بەڵکو دەبێتە مشەخۆر بەسەریەوە.

گۆنای هەر بەو فیلمە نەوەستا، بە ڕۆژ فیلمی وێنە دەکێشا و، بە شەویش سیناریۆی فیلمێکی تری دەنووسی، بێ ئەوەی ترسی لەو پیلانانە هەبێ کە دژی دەگێڕدران، لە ماوەی دوو ساڵدا بە تەنیا خۆی ئەکتەرو دەرهێنەرو نووسەری سیناریۆ، (٩) فیلمی پێشکێش کرد بە ناوی، ((ڕاکردووەکان، پەندە نائومێدەکان، ستەم، شیوەن، باوك)) زۆری تر، کەچی زۆربەی زۆریان سەر دەفتەری ئەو فیلمانە بوون کە لە میهرەجانەکانی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا نیشان دەدران، لە تاران ساڵی ١٩٧٤و، لە تاشقەند ساڵی ١٩٧٦، فیلمی شیوەن لەو مەهرەجانانە ڕێزلێنانێکی باڵای لێ نرا خەڵاتی ڕەخنەی جیهانیی لە میهرەجانی بوندوقیەی ساڵی ١٩٧٢پێ درا و، هەروەها بۆ ڕێزلێنانی هەفتەیەك فیلمەکانی لە میهرەجانی نێودەوڵەتی لە سان ڕیمۆ ساڵی ١٩٧٧نیشان دران، خەڵكو میوانانی ڤیستڤاڵەکە فیلمی: هیوا، شیوەن، ستەم، باوك، هاوڕێ، نیگەرانی))یان بینی، لە ئاستی تورکیاشدا ساڵی ١٩٧٦فیلمی ((ستەم، شیوەن، نائومێدەکان))، سێ خەڵاتی یەکەمیان وەرگرت لە میهرەجانی ئەدەنە، گۆنای بە چاکترین دەرهێنەرو نووسەری سیناریۆ و، ئەکتەری دەوری پیاو لە قەڵەم درا، جگە لەوە هەمووی، لە هەمان ساڵدا ڕۆمانە ناودارەکانی ((مردنو ملیان خوارە)) یەکەمین جار بە تەواوەتی لە لایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی ((دۆست)) چاپ کرا.

ئەم جۆرە سەرکەوتنە شتێکی دەگمەنە، لە جیهانی هونەری سینەمادا شانازییە بۆ ئەو، ئاخۆ نهێنیی سەرکەوتنی گۆنای چییە؟ بێ گومان. نهێنییەکە لە بنچینەدا لە دەرخستنی بابەتی ڕاستەقینەی وەرگیراو لە واقیعی ڕۆژانەی تورکیادایە، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتەکەی - وڵاتی کوردان - ئەمەو جگە لە بلیمەتییەکەی لە دەور بینیندا، هەرچەندە ناکرێ بە درێژی لە هەریەك لە فیلمەکانی بدوێین، بەڵام دەکرێ تروسکە و ڕووناکی بخەینە سەر هەندێکیان لەوانە، فیلمی (شیوەن) کە چاکترین فیلمی تورکیایە لە حەفتاکاندا، ڕووداوەکانی لەسەر سنووری تورکیاو سووریاو ناوچە شاخاوییە کوردییەکاندا دەسووڕێنەوە، پاڵەوانەکانی پێنج جووتیاری هەژارن، ناهەمواریی ژیان ناچاری کردوون کە خەریکی قاچاغچییەتی بن، لە ڕێگای وێنەگرتنی ڕووداوەکانەوە، دەرهێنەر ئاستی دواکەوتنی ناوچەکەو خەڵکەکە دەردەخات، زیاتر لە جارێك ئاماژە بە بوونی سەربازی بەردەوام لەو ناوچانە دەدات، جگە لە نیشاندانی ژیانی ئەو خەڵکە سادەو ساکارەی کە بوونەتە قوربانیی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و ستەمی کۆمەڵایەتی.

بەڵام فیلمی (ستەم) پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر کارەساتو ئەو دەردو بەڵایەی کە داوونەریتە دواکەوتووەکانی بۆ ئەو گەلە بەستەزمانەیان هێناوە، بە پلەی یەکەم نەریتی تۆڵەکردنەوەی لە کوردستانو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، بەوەیان کەسی بێ گوناه ژیان لە دەست دەدەن، دەبنە قوربانیی ئەو نەریتە خراپە.

گۆنای تراژیدیای پاڵەوانی فیلمەکە (جیجك عەلی) نیشان دەدات کە (١٥) ساڵ لە تەمەنی لە بەندیخانەدا بەسەر بردووە، سزای تۆڵە سەندنەوە و، دوای بەربوونی چی بەسەرهاتووە کە گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆی.

لە فیلمی (نائومێدەکان)دا دەوری مافیا دەردەخات، کە لە تورکیا یەکسانی کۆمەڵایەتی باوی نییە و، گەندەڵیی ڕەوشتو داتەپینی لە داوو دەزگاکانی دەوڵەتو پۆلیسو داوێن پیسی دەخاتە ڕوو، پاڵەوانی فیلمەکە ناوی ((فورات))ەو گۆنای دەورەکەی دەبینێ، لە هەموو لایەکی تورکیادا برادەرە سەر ڕاستییەکەی و تاکانەکەی دەمانچەکەیەتی کە سەرکردایەتیی مافیان دەکات.

ڕەخنەگر، جمهوور، هەرسێ فیلمیان بە دڵنیاییەکی تەواوەوە وەرگرتو گۆنای بێ ملۆزم، بووە دەرهێنەرو نووسەری سیناریۆی یەکەم لە ناوەڕاستە هونەرییەکاندا، ئەستێرەکەی لەناو خەڵکدا بە گشتی درەوشایەوە، بە چاو پۆشین، لە بیروڕاو پلەو پایەی کۆمەڵایەتییان.

گۆنای کە دەیویست فیلمێکی نوێ دەربکات ڕاپێچی بەندیخانە کرا، تەنانەت دوای گـرتنی بە دوو مانگ ڕۆمانە ناودارەکەی.. ((مرۆڤو ملـەکانیان ملیـان خـوارە)) خـەڵاتی ئۆرهـان کەمالی ئەدەبیی وەرگرت، لە هەمان کات بـۆ ڕێزلێنـانی ئەفراندنـە ئەدەبییـەکانی نازنـاوی چاکترین کەسایەتیی هونەرکاریی لە وڵاتدا وەرگرت.

دوای دەرچوونی لە بەندیخانەدا سەرلەنوێ تێهەڵچۆوە، فیلمێکی توندتر ئامـانج بەخشـتری لە هیی پێشوو دەرهێنا، کە بابەتی نوێیان تێدابوو، بەناوی (هـەڤاڵ) کـە سـیناریۆیەکەی لـە بەندیخانەدا نووسیبوو، چارەسەری کێشـەی پـەروەردەیی و ڕۆحیـی ڕۆشـنبیرانی لـە تورکیـادا دەکرد، فیلمەکە جیاوازیی چینایەتیی دوو هەڤاڵی زانکۆ نیشان دەدات کە هەردووکیان کـوڕە جووتیاری لادێیی هەژارن. لە کاتی خوێندندا زۆر تەبا بـوون، بـەڵام دوای لێـك جیابوونـەوە گۆڕانکاری لە ژیانو بـیرورا هـەردووکیان ڕوودەدات، دەوری هـەڤاڵ (عظـیم) یـەڵماز گۆنـای دەیبینێو دەوری (جەمیل) کەریم ئەخشار.

ڕووداوەکانی فیلمەکە وەك هەموو فیلمەکانی گۆنای لە ژینگەیـەکی واقیعیـدا ڕوودەدەن، کە یەکێ دەیبینێ، کورد بێ، ئەوەی ئاشنای کوردەو لەگەڵیانـدا دەژی، هـەر یەکسـەر ئـەوە دەدۆزێتەوە کە فیلمێکی کوردیی ڕووتە (جگە لە زمانەکەی، چونکە زمانی کوردی قەدەغەیە قسەی پێ بکرێت). ئەوەش لـە ڕێگـای مۆسـیقا و، جلوبـەرگی کەسـەکان و، داوونـەریتو خووڕەوشتی پاڵەوانەکانەوە دەردەکەوێ.

چەند فیلمێکی تری دەرکرد وەك فیلمی (مۆڵـەت) سـیناریۆیەکەی گۆنـای و دەرهێنـانی (ئەرتیم کوراج) بوو، لە هەمان ساڵی ١٩٧٥دا (لازەکی ئۆکتان) ڕۆمانی (تاوانکراوەکـان) ی گۆنای دەرهێنا، ساڵی ١٩٧٦ (بیجی ئۆسکاچ) فیلمی (ڕۆژێك هەر دەبێ) کە سـیناریۆیەکەی گۆنـای نووسـیبووی، هـەروەها زەکـی ئۆکتـان فیلمـی (دوژمـن) ی دەرهێنـا کـە گۆنـای سیناریۆیەکەی نووسیبوو، هەردوو فیلمی (مێگـەل) و (ڕێگـا) بـێ دەمـەقاڵێ دوو شـاکاری نایابی هونـەری بـوون، سـینەمای جیهـانی گرتییـە بـاوەش، کـە بـە کـەلتووری هونـەری و ڕۆشنبیری، نەك بۆ گەلی کورد بە تەنیا، بەڵکو هەروەتر بۆ مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێن.

یەڵماز گۆنای نووسینی سیناریۆی فیلمەکەی ((ڕێگا)) ی لە بەندیخانەدا دەست پـێ کـرد، هەر لەوێندەرێ پرۆسەی دەرهێنانی بەڕێوە برد، کە نیشـاندانی لـە پـڕ لـە سـی و پێنجـەمین میهرەجانی سینەمایی نێودەوڵەتی (کـان) لـە سـینەمایی نێودەوڵـەتی لـە فەرەنسـا سـاڵی ١٩٨٢دەنگدانەوەیەکی بەهێزی هەبوو، خەڵاتی یەکەم ((گەڵا خورمای زێڕین)) ی وەرگرت کە

له نرخە هونەرییەکەی وەك خەلاّتی ((ئۆسکار)) ی ئەمریکییە، نیشاندانی لە هۆڵەکانی سینەماکانی پاریس بە ڕووداوی وەرزەکە وەسف کرا، دوای ئەوە لە هەموو لایەکی جیهاندا دابەش کرا.

ڕەخنەگری سینەمایی ناسراوی یۆنانی ((دیمتریین زاناکیس)) دەڵێ: گرنگترین نهێنییەکانی سەرکەوتنی گۆنای ژیانەکەیەتی لەناو گەلدا نەك لە تەکیدا، هەرچی وێنەی کێشاوە بە بەڵگەنامەو شایەدی زیندوو لە قەڵەم دەدرێن لەسەر هەژاری و دواکەوتن‌و ژێردەستکردنی گەلی کورد سەرچاوەی هێزوپێزی فیلمەکانی وێنەکێشانی واقیعی گوزەرانە بە حەقیقەتە تفت‌و تاڵەکەی، ئەوەی کە نیشانی دەدا لای سەیرکەری ڕۆژئاوایی خەونی ترسناکن بەلاّم زۆر بە داخەوە، ئەوانە واقیع بوون نەك خەیاڵ.

## ئاوارەیی و مەرگێکی ناوەخت:

لە ٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨١دا، گۆنای بە یارمەتیی برادەرانی توانی لە بەندیخانەی ((سپارتا)) ی تورکیادا ڕابکات و ڕووبکاتە یۆنان، کە وەزیری ڕۆشنبیریی ئەو کات ئەکتەری ناودار ((میلینا مێرکۆری)) پێشوازیی لێ بکات‌و وەك هونەرمەندێکی گەورەو شۆڕشگێڕ، لە یۆناندا بەخێرهاتنی بکات.

دوای ڕاکردنی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بەلاّم بەداخەوە ئازادییەکەی ڕێژەیی بوو، لە بارودۆخێکی ترسناك دەژیا، هەموو دەم هەڕەشەی مەترسیی لێ دەکرا، تەنانەت لە ئەورووپاشدا ناڕەحەت بوو دەچووە هەر شوێنێ هەڕەشە لە ژیانی دەکرا. تارماییی کوشتن ڕاوی دەنا، ئەو ولاّتانەی کە فیلمەکانی گۆنایان نیشان دەدا هەڕەشەیان لێ دەکرا کە تورکیا پێوەندیی خۆی لە گەڵیاندا بپچڕێنێ، وێڕای ئەمەش بەرهەمی باشی پێشکێش کرد. لەسەر ڕەوتە هونەرییەکەی بەردەوام بوو، گوێی بە هیچ شتێ نەدا کە تووشی دەبێ، لەماوەی ئۆکتۆبەرو نیسانی ١٩٨٣دا وێنەگرتنی فیلمی ((دیوار)) ی کۆتایی پێ هێنا شاکارو چالاکییەکانی گۆنای لە دەرەوەدا ژەنەڕاڵەکانی تورکیای ناڕەحەت کرد، ئەمە وای کرد کە لە هۆکارێك بگەڕێن کە تۆڵەی لێ بکەنەوە، یاخود کارتێکردنی لە کۆمەڵگەی تورکی کەم بکەنەوە، دادگاییە عورفییەکان حوکمیان بەسەر دەستبەسەرداگرتنی هەموو شاکارە ئەدەبی و هونەرییەکانی و سووتاندنیان دا، تەنانەت ئەو فیلمانەش کە دەوری تێیاندا بینیبووو سەرکردایەتیی هۆبەی ئاسایشی سیاسی بە مێژووی ١٩٨٣/١٠/١٩ پەسندی کردبوون. ئەم

کاره نەگریسە بووە مایەی مەحکوومکردنێکی توندو نارِزاییەکی تەواو لە لایەن ناوەندە ئەدەبی و هونەرکارییەکانەوە، تەنانەت سیاسییەکانیشەوە، هەی بە داخەوە، دەستی مەرگی گەیشتیّ و رِای رِفاند بیّ ئەوەی گویّ بداتە ئەو هیوایانەی بەو سپێردرابوون.

لە بەیانی (٩) ی ئەیلوولی ١٩٨٤، رِۆژنامەو گۆڤارەکانی فەرەنسی و ئەوروپییەکان لە لاپەرەی یەکەمیان وێنەی یەڵماز گۆنای دەورە دراو بە چوارچێوەیەکی رِەش بلاّوکردەوە، هەواڵی کۆچکردنیان لە یەکیّ لە خەستەخانەکانی نەخۆشییەکی کوشندە، شێرپەنجەی گەدە راگەیاند، بەم شێوە دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت، ژیانە ئەفسانەییەکەی پێچرایەوە، کە پرِ بوو لە موعاناتی تیکەڵ بە تفتو تاڵی و، کاری خولْقێنەر و، ئەفراندن، وەك بلْێی لەگەڵ زەمەندا پێشبرِکێی دەکرد، نەیهێشت ساتێك لە تەمەنە کورتەکەی بەفیرِۆ برِوات.

هەرچەندە تورکیا تاریکیی خستە سەر هەواڵی کۆچی گۆنای، بەلاّم زۆر لە رِۆژنامەکانی تورکیا هەواڵەکەیان بلاّوکردەوە، لەبارەی هەندیّ شاکاری و چەند لایەنێکی ژیانی هەرچەندە کورتیش بوون، نووسی، رِۆماننووسی گەورە، یەشار کەمال هاونەتەوەکەی بە چەند وشەیەکی کارتێکەر لاواندەوەو وای وەسف کرد کە لە هەموو ئەو کەسانەی پێیان گەیشتووە لە ژیاندا، بەهرەمەند و، داهێنەرتر بووە و، بە بەرزیی ئەدەبەکەی نرخاندو گوتی: ((یەڵماز تەنیا دەرهێنەرێکی باش نەبوو، بەڵکو نووسەرێکی گەورەش بوو)).

لە مەراسیمی ناشتنەکەیدا تەنیا پیاوانی نووسەرو هونەرمەند شیوەنیان بۆ نەکرد، بەڵکو سیاسەتمەدارانی گەورە پیاوانی دەوڵەت شیوەنیان بۆ کردو هونەر و، تێکۆشانە شۆرِشگێرِییەکەیان نرخاند، ((مەکسیم غریمتس)) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی لەکاتی ناشتنی تەرمەکەیدا گوتی: ((گۆنای ژیانی خۆی بۆ خزمەتی گەلەکەی و ئازادییەکەی تەرخان کرد، لە هەمان کاتدا هونەرەکەی بە هونەرێکی شۆرِشگێرِانە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا لە قەڵەم دەدریّ))و، لە ئاماژە بە دیدارە شەخسییەکانی لەگەڵ گۆنایدا گوتی: ((خۆی خاوەن دڵێکی گەورەو، ئیرادەیەکی پرِ لە سەرکەوتن بە دۆزە رِەواکەی گەلەکەی بوو)).

لەسەر رِاسپاردنی خودی گۆنای لە گۆرِستانی ((بیر لاشیز)) گۆرِستانی - شۆرِشگێرِە فەرەنسییەکان - نێژرا.

لە پێشەوەی ئەوانەی ناشتیان. ((جاك لانك)). وەزیری رِۆشنبیریی فەرەنسی لە جیاتی حکوومەتەکەی بەشداریی تێداکرد کە لە شیوەنەکەیدا گوتی: ((گۆنای رِیزی پێشەوەی لە

سینەمایی جیهانیی داگیر کردبوو، تێکۆشەرێکی بوێرو داکۆکیکارێکی بەوەج بوو لە زۆر لـێ کراوان،.. شاکارە هونەرییەکانی هەتا هەتا لە مێشکماندا بە نـەمری دەمێننـەوە)) ڕەوتـی تەرمەکە چەند سەعاتێکی خایاند، هەزاران کەسی ڕووناکبیرو هونەرمەندی گەورەی جیهانی و نوێنەرانی رێکخراوەکانی فەرەنسی و جیهانی گەورە سیاسەتمەداران لـە فەرەنسـا، ئەنـدامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی و سـکرتێری یەکـەمی پـارتی سۆشیالیسـتی فەرەنسی و نوێنەری مدام میتران، بالوێزی یۆنان لـە فەرەنسـا لـە جیـاتی حکوومەتەکـەی و ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندانی گەورەو کوردەکانی ئەورووپا گەیشتنە پاریسو لە ناشـتنەکەدا بەشدارییان کرد بۆ ڕێزلێنانو وەفا نواندن بەرامبەر ئەو هونەرمەندەی بـێ سـنوور بەرهـەمی خۆی پێ بەخشین، لە سەعات دووو نیوی دوای نیوەڕۆی ١٩٨٤/٩/١٣ تەرمەکەی بـە خاك سپێردرا.

هەر لەبەر ئەوە بوو هەموو ڕێزلێنانێك شکۆمەندییەکی پێ ڕەوا بینـرا کـە شـیاوی پلـەو پایە ئاستە هونەرو ئەدەبییەکەی بوو، شیاوی ئەوەیە کە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە یەکێ لە شەهیدەکانی لە قەڵەم بدات.

نووسەری سۆڤیەتی ((حسینۆف)) لە کتێبەکەیدا: (یـەڵماز - ژیـان - شـوینیار. ((ئـەم مرۆڤە نموونەیەکی گەشی پیاوەتییەکیی ڕەقە))).

یەکێك لە ڕەخنەگرەکان لەم بارەیەوە گوتوویەتی:

((ئەوەی کە گۆنای لەماوەی تەمەنە کورتەکەیدا هێنایە بەرهەم، لە توانای کەسدا نـەبوو خۆی نەبێ، کە بە سەد ساڵ بیهێنێتە بەرهەم))

* بڕوانە: یلماز گۆنای - دور السینما الوثائقیة في النضال الـوطني، د. ابـراهیم محمـود، من منشورات رابطة کاوة للثقافة الکوردیة، ل ١٩ - ٧٧ - ١٦٥.

# شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی
# یان بە واقیعبوونی فەنتازیا

بەرناردشۆ کە کتێبی (چەکەکانو پیاوەکان) ی چاپ کرد، ڕووی کردە ئەو کەسانەی کە بە شکسپیر سەرسامنو پێی گوتن: (وەری گرن ئەوە لە شکسـپیر بـەهێزترە، لـە دوای ئـەمڕۆوە وەرەسمان مەکەن).

منیش دەڵێم (بەختیار عەلی) کە ڕۆمانی (شاری مۆسـیقارە سـپییەکان) ی چـاپ کـرد. مافی خۆیەتی بە ڕۆماننووسە کوردەکان بڵێ: ((ئا ئەوە منم ڕۆماننووسی داهێنـەر، لەمـەولا دان بەو حەقیقەتەدا بنێن کە من لە ئێوەم تێ پەڕاندووە)).

چوونە ناو جیهانی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) هەر کە لـە دەرگاکـەی دەدەیـن. لە یەکەم هەنگاودا ڕووبەڕووی خاڵێکی بچووك دەبینەوە کە پێی دەگوترێ (ڕووداوی سەرەکی) لە فرۆکەخانەی سیخیپهۆڵەوە بەرەو کوردسـتانو گەیانـدنی زەرفێـك بـە (ڕەوشـەن مسـتەفا سەقزی) لەوێوە ڕۆمانەکە پانتاییەکی فـراوان بـەخۆوە دەگـرێ. ڕۆمـاننووس بەشـێوەیەکی هونەرییانە ڕووداوو کەسانی نـاو ڕۆمانەکـە و، وێنـاکردنی ژینگـە، دیمەنـە هەمـەجۆرەکان، دەربڕینی بیروباوەڕ، فەلسـەفەی ژیـان لـە ڕوانگـەی بۆچـوونەکانی نووسـەرا، ڕووداوە تفـتو تاڵەکان، شتە جوانەکان، عەدالەت، خۆ پاککردنەوە، نەمریی و جاویـدانی، زیندووکردنـەوەی شـتە جوانـەکان، بەرجەسـتەکردنی کەسـانی نـاو ڕۆمانەکـە. جـەلادەتی کـۆتر (جـەلادەتی قەقنەس)، دالیا، مووسا بابەك، سەرمەد تاهیر، زوهەیری جەزایری، سامیری بابلی.. تاد، لە ڕێگای بەکارهێنانی دایەلۆگو مەنەلۆگ و، تەوژمی هـۆش و، فـلاش بـاكو مۆنتـاژو هیـی ئەوپەڕی داهێنان لە وێناکردنی سۆزی مرۆیی ژینگەییدا دەکات.

هەرکە خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دەکات، حاڵەتێکی دەروونیی لا دروست دەبێت کە بکێشی دەکات بەردەوام بـێ لەسـەر خوێندنـەوەی تـا کۆتـاییی ((ڕەنگـە توانـای ڕەخنەسازیمان بالاَّبێ، دەکرێ بـە تـەواوی لـە توانامانـدا هـەبێ کـە حـوکم لەسـەر کتێبێـك

بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بدەین، تەنیا لەو کاتـەوەی دەتـوانین ئـەو کتێبـە بـە دڵنیاییـەوە ببینین، بەڵام چێژی باڵاو پەی پێبردنی زیرەکانە بەلای ئێمەوە بێ سوودە، ئەگەر لە تواناماندا نەبێ وێنەی ئەو کتێبە بپارێزین‌و وێنەکانی لە دەست دەچـێ، هـەروەك پەڵـە هـەورێك بـۆی دەردەچێ)) [1].

کە هەر ڕۆمـانێکیش دەخوێنینـەوە، بـە دوای فۆرمـدا دەگـەڕێین‌و لـە شـێوازی تـەون‌و بنیاتەکـەی دەکۆڵینـەوە، ئایـا کـاری ڕۆمـاننووس تـەنیا گێڕانەوەیـە وەك گێڕانـەوەی هـەر حەقایەتێکی ئاسایی، کارێکی هونەریی پوختەیە؟ ! بۆیـە کـە ڕۆمـانی ((شـاری مۆسـیقارە سپییەکان دەخوێنینەوە)) هەست دەکـەین کـە (بـەختیار عـەلی) بـەناو قـووڵاییی دەروونـی مرۆڤایەتیدا شۆڕدەبێتەوەو بایەخێکی تـەواو بـە وردتـرین حاڵەتـە دەروونییـەکانی کەسـانی ڕۆمانەکە دەدات‌و توانایەکی تەواوی لـە شـیکردنەوەی بـاری هۆشمەندییانـدا هەیـە. ژیـان‌و جیهان‌و مرۆڤ تێك دەشکێنێ‌و بەشێوەیەکی نوێ دروستیان دەکاتەوە و، جـۆرە مـرۆڤ‌و جـۆرە ژیان‌و جۆرە پێوەندییەکی تری لە شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان، بـە خـەیاڵێکی فەنتازییانـە دروست دەکات. خوێنەر وا هەست دەکات کە ڕۆمانەکـە بارسـتایەکی تۆکمـەو پتـەوە، لـە سەرەتاوە تا کۆتایی. توندو تۆڵیی پێوە دیارە، بەشەکان وەکو چەند ئەڵقەیەکی لێك بەستراو، یەکتری تەواو دەکەن‌و تەونی ڕۆمانەکە پێك دێنن‌و شـاکارێکی مـەزن دەهێننـە بەرهـەم کـە (ڕۆماننووس) دروستکردنی شتەکان، بە چەند ڕەوشتێکی نـوێ کـە لـە ژیانـدا ئاسـایی نـین، دەڕەخسێنێ، چەند ڕەوشێك کە شتەکان لـە ناویـا بـەرەو پێشـەوە دەچـن، بـە پێـی یاسـایە تایبەتییەکەیان، ڕۆماننووس شتەکان دەردەکات‌و تەواویان دەکات [2] و لەو هێڵـەی کـە بـۆی کێشاون لا نادات، کە هێڵی گۆڕانی سروشتیی بابەتەکەیـە، بۆیـە ئـەم ڕۆمانـە بـە کـارێکی داهێنەرانەی دروستکەرانە دەدرێتە قەڵەم و، نیشانەیەکی دیارن لە ڕۆمانی کوردیدا، تەنانەت لە ڕۆمانی غەیری کوردیدا، کـە ڕۆمـانێکی بەرفراوانـە و، پـڕە لـە ڕووداوو کەسـانی شـێوە نەگۆڕاوو گۆڕاوو کارامە. کەسەکان لە ژینگەیەکدا دەجووڵێن‌و هەڵسوکەوت دەکەن کـە بـێ سنوورە. مەودایەك هەیە لەنێوانیان ژیان‌و مەرگیان لێـك جیـا دەکاتـەوە بـەو شـێوەی کـە (بەختیار) وێنایان دەکات، وەك بڵێی ئەوەی کە خۆی بینیویەتی لەو شـوێنانەی چـاوی پێیـان کەوتووە، یان ئەو کەسانەی ناسیونی گفتوگۆی لەگەڵ کـردوون، یـان گوێبیسـتی قسـەکانیان بووە. من ناڵێم‌و مەبەستم ئەوە نییە کە کتومت ئەزموونەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، بـەڵام بـە شێوەیەك ڕۆمانەکەی داڕشتووە کە خۆیەتی، وەك بڵێی نووسەر هەموو شت دەزانی. تەنانەت

مێشـــكو دەروونیشـــیان دەخوێنێتـــەوەو دەچـــێتە نـــاو خولیـــاو ســـۆزو بۆچـــوونیانو ئـــەوەی بەخەیاڵیشیدا دێ، بەشێوەیەکی ئاسایی و خۆنەویست بەرجەستە دەکات.  نووسەر جاروبار بە دەنگی خۆی دەدوێ، هەندێ جاریش لە ڕێگای کەسانی ڕۆمانەکەوە، بۆ نموونە کە لە دیمەنێکی جەلادەتی کۆتر دەدوێ.  دیمەنەکە دەخاتە سەر شانۆی دادگاییکردنی سامیری بابلی و هـەموو پێداویسـتییەکانی بـۆ دەڕەخسـێنێ، یـاخود وەسـفێکی وێناکـاری دەخـولقێنێ کـە فـۆرمی چیرۆکەکە ئەو شێوازە دەخوازێ و، بە دیمـەنێکی پـانۆڕامی، دادگاییەکـە دەخاتـە ڕوو، کـە شێوازی بیرکردنـەوەی نووسـەر زاڵـە بەسـەر بابەتەکـە و، توانیویـەتی هـەنگاو بـە هـەنگاو زنجیرەبەندی ڕووداوەکانی ئەو بابەتە بەشێوەیەکی تەرازووبەند، بێ ئەوەی هیچ کەلەبەرێك بخاتە ناو ترپە و ڕیتمی بۆچوونەکانی، ئەمەش لەو توانا بالایەوە هاتووە، کە نووسەر خاڵێکی تیژڕەو بکاتە ڕووداوێکی شیعری کە لە ئەنجامدا ببێتە دیمەنێکی لـەبیر نـەکراو، کـە کـارێکی قـووڵ بکاتە سەر دیمەنی دادگایەکە کە منداڵەکە لە پشت پەنجەرەکەوە سەیر دەکـات، زیندوویـەتی ئەو دیمەنە بچووکە دەبێتە بەشێك لە کۆی دیمەنەکان، دەبێتە حاڵەتێکی تـر لای خوێنـەر کـە دەخرێنە سەر هەستکردنی بە واقیعی قوربانییەکان، لە ئەنجامی ڕووداوی چەندین کارەساتەوە، ئەوە لە کاتێکدا (کارەساتێکی ڕاستەقینە لە کاری هونەریدا بەشێوەیەکی ئاسایی لە گونجانی لەگەڵ واقیعی فیعلی، یان لێکچوونی لەودا نییە)) و ((پێوەندی نێوان واقیعو خەیاڵ بناغـەی کەسایەتیی ئەدەب پێك دێنێ)) [٣].

گرنگترین بنەمای سەرکەوتنی ڕۆمانەکـە، بـەلای منـەوە، تـەوزیفکردنی فەنتازیایـە بـۆ بەرجەستەکردنی واقیع، تا ڕادەیەك خوێنەر دەخاتە سەر ئـەو بـاوەڕە کـە ئـەوەی بـە خـەیاڵ دروستی کردووە لە واقیعدا هەیە و، شوێنەوارێکی زەقو ئاشکرا لە مێشـکی خوێنـەردا جـێ دێڵێ، کە هەرچەند جارێ بەلای ساختمانەکەی (حەسیب ساڵح)دا بەر لەوەی بکرێتە سـلێمانی پالاس گوزەر دەکا، جـەلادەتی کـۆتری دێتـەوە یـاد کـە سـەردەمی دوای ڕاپـەڕینی لەگـەڵ ئاوارەکاندا تێیدا دەژیا، یان کە ڕوودەکاتە باغی گەل لە سلێمانی، لێدانی فلوتەکەی (شارۆخ شارۆخی) دێتەوە بـەرگوێ، کردنـی خـەیاڵ بـە واقیـع لـە ڕێگـای ئاوێتـەکردنیان وزەیـەکی داهێنەرانەی گەرەکە.  کە شتی ناباو بکا بە باوو ئاسایی و پاساوی ئەو هـەڵگێڕ و بگێـڕەش هەبێ و ((کاردانەوەی سـەرەتایی فـەنتازیاو نایـابتریی سەرچـاوەکەی پێوەندییەکەیـە بـەوەی ئاساییەو ئەو شێوازەی ڕووناکیی پێ دەخرێتە سەر بە ناسەقامگیری و ناکۆکی، تەنانەت ئەو عەقڵانییەی ئاسایی تێدایە)).

فەنتازیا بۆ لەڕوو وەستانی ئەو بۆچوونانەی کە پێوەندییان بەو جیهانەی ئاسایییە تەوزیف دەکرێ، هەروەها بۆ بەگژداهاتنی ئەو پێناسە تەقلیدییانەی تایبەتن بەو، ئەو کەسە میتافیزیکییەکی ڕۆشنبیرە، لە ڕێگای فەنتازیاوە، لە لۆجیك دەکۆڵێتەوە)) [٤].

ئەگەر ڕۆمان گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی واقیعی بێت، ئەوە لای (بەختیار عەلی) هونەرێکە پەنای دەباتە بەر، هەرچەندە فەنتازیا جاری وا هەیە دەبێتە شتێکی لە ئاسابەدەر ((بەڵام فەنتازیا لە هونەردا بە جیاکراوەیی لە واقیعدا دەمێنێتەوەو حەقیقەتی فەنتازیا لە ژیانی زەینیدا خەڵك قەناعەت پێ دێنێ کە بەجۆرێ سەیری بکەن و ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعییە)) [٥].

ڕۆماننووس کە فانتازیا بەکاردێنێ مەبەستی گۆڕانکارییە لە عەقڵی کەسانی ڕۆمانەکەو لە ئاکامدا گۆڕینی عەقڵی کۆمەڵگە بە هەموو چین‌و توێژەکانییەوە، کە ئەوەی لە ژیانی واقیعدا پێڕەو دەکرێ، بگۆڕدرێ، شێوازێکی تر لە داوو نەریت‌و تەنانەت لەو یاسایانەی کە پێڕەو دەکرێن گۆڕانیان بەسەردا بێ. بۆ نموونە کە (سامیری بابلی) دەداتە دەست قوربانییەکان بۆ دادگاییکردنی. ئەم کارەو پرۆسەیە دەستپێشخەرییەکی ئیجابی و نوێ ژیارییە کە قوربانی دادگای جەلاد بکات و، بەشێوەیەکی دیموکراتییانە حوکمی بەسەردا بدرێ، نەك لە ڕێگای یاساوە یان دادگاییکردنی حیزبەکان کە هەردوو دادگاییکردنەکە دادوەرییان تێدا نییە. ئەم جۆرە بۆچوونە دەربڕی فەلسەفەو تێڕوانینی ڕۆماننووسە لە نیشاندانی دیمەنێکی تایبەت بە چارەنووسی جەلادو هەڵوێستی قوربانییان، لە هەمان کاتدا دەستێوەردانی نووسەرە لە وتووێژو هەڵسوکەوتی بەشداربووانی دیمەنی دادگاییکردنەکە ((بۆ ئەوەی ئازادیی کەسەکان لەو جیهانەی دروستی کردووە، هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابێ کەشێکی توندوتۆڵ بۆ ڕۆمانەکەی بڕەخسێنێ. بۆیە پەنا دەباتە بەر زەمەنێکی مێژوویی و بەفلاش باك‌و دایەلۆگی ناوەوە، تەونی بیناسازی و جووڵانی کەسە درامییەکان، کەسەکان نەشونما دەکەن‌و بنیاتی ڕۆمانەکە دەڕەخسێنێ)) [٦] لێرەدا تەنیا بەهرەی نووسەر دەرناکەوێ، کە چۆن دیمەنی دادگاییەکەی خستووەتە ڕوو، بە قەد ئەوەی چۆن بیری کردووەتەوە، چۆن دادگاییەك پێك بێنێ، کە لە واقیعدا بوونی نەبێ، بەڵام پاساوی هەبێ بۆ پیادەکردنی. لێرەدا ((ڕەسەنایەتی نووسەر هەر لە شێوازەکەیدا بەرجەستە نابێ، بەڵکو لە شێوازی بیرکردنەوەو قەناعەتەکەی هەروەکو تۆڵستۆی دەڵێ)) [٧].

ئەوەی جەلادەتی کۆتر لە دادگاییکردنی سامیری بابلی پیادەی کرد، ئەوپەڕی خۆشەویستی

و سۆز بوو بۆ قوربانییانی ڕژێمی فاشی، لە هەمان کاتدا خۆنەویستن بوو لـە پێنـاو گشـتی و قوربانیدانێکی بێ ئەندازە لەپێناو قوربانییـانی دەسـتی جـەلاد، هەرچـەندە کـە خـۆی پـاك کردبوەوەو جەلادەتی کۆتری لە دەست مەرگدا دەرباز کردبوو، لەم ڕووەوە ((تۆڵستۆی جـەخت لەسەر ئەوە دەکات کە تۆر غینێف ئەو بڕوایەی بەو خێرەی بەرجەستە کرد کەوا پێك نەهاتبوو کە لە ژیاندا دەیجووڵاند لە نووسینەکانی خۆشەویستی و خۆنەویستی بەرجەستە کرد، کـە لـە ڕێگای هەموو نموونە لەخۆبوردووەکانەوە تەعبیری لێ کردبـوو وێنـا کـردنو، کـە بینیـی تـا ئەوپەڕی پلەکانی لە دۆنکیخۆت دەردەکەونو دەدرەوشێنەوە)) [٨].

جەلادەتی کۆتر وێڕای ئەو چاکی و پیاوەتییەی سامیری بابلی لـە گەڵیـدا کـردی. بـەڵام نموونەی خۆنەویستی و قوربانیدانە لە پێناو کەسانی زوڵمو ستەم لێکـراو، هەمیشـە پاپەنـدی نموونەو بەهای بەرزو باڵا بوو. کە ئامادە بوو هەرواش دەچوو قوربانی بە ژیانی خۆی بدا لـە پێناویاندا و، دۆنکیخۆت ئاسا ((لەو ڕایەدا بوو، خەوشەکە تۆ بۆ خودی خۆت بـژی و، بایـەخ بە خۆت بدەی، خۆی بە هەموو بوونییەوە لە دەرەوەی خودی خۆی و ئەگەر دەربڕینەکە ڕاسـت بـێ)) لـە پێنـاو خـەڵکی تـر، لـە پێنـاو براکـانی لـە ڕاونـانو بـەرگریکردن دژی هێـزە دوژمنکارییەکانی مرۆڤایەتی دەژیا..)). [٩]

بۆ ئەوەی نووسەر زیاتر ئەو بڕوایە لە مێشكو دڵو دەروونی جـەلادەتی کـۆتر بەرجەسـتە بکات، ناوێکی تـری پـێ دەبەخشـێو نـاوی دەنـێ (جـەلادەتی قەقنـەس) کـە ئـەرکی ئـەو قوربانیدانە لەپێناو کەسانی تری، ئەوانەی قوربـانیی دەسـتی دڕنـدەی داخ لـە دڵو دوژمـنی ئاشتی و ئاسوودەیی و، خودی مرۆڤایەتی نین. ((بیکێت ناوو شێوەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی لە هەمان ڕۆماندا دەگۆڕی)).

بەڵام ئەو گۆڕینەی ناوی (جەلادەتی کـۆتر) و کردنـی بـە (جـەلادەتی قەقنـەس) بـۆ دوو مەبەستی تایبەتە، یەکەمیان ئاماژەی پـێ کـرد کـە دەبـێ قوربـانی بـدات وەکـو قەقنـەس بسووتێ، قەقنەسێك کە دەسووتێو لە خۆڵەمێشێکەوە زیندوو دەبێتەوە وەك جـاری یەکـەمی بەڵکو جاری دووەمی زیندووبوونەوەی بـەدواوە نایەتـەوە، کۆتـایی ڕۆمانەکـەش وا پێویسـت دەکات سووتانو کۆتاییی ژیانی جەلادەتو کۆتایی پێهێنانی ڕۆمانەکە بێت، بۆ ئەو مۆرکەی داویەتییە پاڵ جەلادەت، مۆرکێکی سروشتی نییە، بەڵکو دروستکردنی شەخسیەتێکی ترە لە جەستەی زیندووبوونـەوەی بـەڵام بەرجەسـتەکردنی ڕۆحێکـی نـەمرو جاویـدانی لـە جەسـتە خۆڵەمێشییەکەیدا.

لەم ڕۆمانەدا خوێنەر هەست بە تێڕوانینی نووسەر دەكات لە چارەسەركردنی تێكچوونی شیرازەی ژیانو لەنگەرنەگرتنی سووڕانەوە سروشتییەكەیدا، بە حوكمی دەسەڵات سەپاندنی بە زۆرەملێ لەسەر هەموو بوارەكانی ژیان، بۆیە هەمیشە بە دوای ئەو حەقیقەتانەدا دەگەڕێ كە پێشێل كراون، بە نەخشەسازییەكی نوێ بە یەكیانەوە دەبەستێتەوە، بە جۆرێ خوێنەر بۆ ڕووداوو دیمەنو بابەتەكان بكێش دەكات تا بە تەواوەتی هەست بە نەشونوماكردنو گۆڕانی ڕووداوەكان بكات كە پەیتا پەیتا دەكەونە سەر ڕەوتی سروشتیی خۆیان، تەنانەت خوێنەر هەست دەكات لەناو ڕووداوەكاندا دەژی و، هاوسۆز دەبێ لەگەڵ میزاج، بۆچوونو شێوەی بیركردنەوەی لەگەڵ ئەوانەی ئەو دەگونجێن، لە هەمان كاتدا دژكاری خۆی بەرامبەر ئەوانەش دەردەبڕێ كە لەگەڵ سروشتی ئەو ناكۆكن و. كە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەكە دەبیتەوە لە ناخەوە هەست بە داهێنان و ئەفراندنی نووسەر دەكەی، كە كۆتاییەكەی بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێشو نایاب هاتووە ئامانجە سەرەكییەكەی پێكاوە، كە ڕۆمانێكی بە پیتو بەپێزە كە دەكرێ لەناو ڕۆمانەكانی تری نووسەر و ڕۆماننووسانی تری كورد حیسابی تایبەتی بۆ بكرێ، ئێمە لە ڕێگای خوێندنەوەی ڕۆمانەكەوە كۆمەڵێك كارەساتی ڕابردوومان بێتەوە بەرچاو كە بە خەیاڵێكی گونجاو دەیانگێڕێتەوە، كە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی هێزێكی مەزنی نووسەرن ئێمە بە چاوی خۆمان چەند توێژێك ببینینو هەنووكە بەشێوەیەكی فیعلی بوونی خۆی هەیە لەسەر زەمینەی واقیعی بەرچاو كە وەك یاسایەكی نەگۆڕاو بوونی خۆی سەپاندووە بە جۆرێ جووڵانەوەی ژیان، بەشێوە كۆنەكەی لەبەر چاومانە، دوور لە بیری نووسەر كە ئەو شتانەی لە ڕۆمانەكەیدا تۆماری كردوون. بەشێوەی تێكەڵكردنی وێنەو دراما، لەدوا بەیەكداهاتنی بەردەوامی دایەلۆگی درامی و وەسفی وێنەكاری و هەستكردنو هۆشمەندیی (بەختیار عەلی) بە ڕابردوو بەو بیرەو زەینەی خۆی وا لە خوێنەر دەكات كە لای ببێتە حەقیقەتێكی بەرچاوی ڕاستەوخۆ، با هەندێ لە دیمەنەكانو كەسەكانیش خەیاڵی بن. چونكە نووسەر كاتێ ڕووداوەكان تۆمار دەكات وەكو چاودێر لە دەرەوە سەیریان ناكات، بەڵكو دەبێتە ڕەگەزێكی بنچینەیی، كە ڕۆڵێكی جیاكراوەی هەیە كە كاریگەریی خۆی لە جووڵاندنی ڕووداوەكانی وەكو پێویست هەیە و ((جوانیی جیهانبینی بە تەنیا ئەوە نییە بەكارهێنانی نیهادی قسەكەر نوێ دەبێتەوە، بەڵكو هەروەها سروشتی شێوازەكە، كە ڕۆمانەكە هەڵدەكاتە سەر سەدەی نوێ، تێكەڵی دەنگەكانی ژیانی نوێ دەبێو بەكارهێنانی نیهادی قسەكەر سەرچاوەی دڵنیایی ڕۆماننووسە لە بواری نووسیندا، كە شێوازێكە بە ئارەزووی نووسەر پێك دێ، یان ئەوەیە كە

نووسەر هەستی پێ دەکات، چونکە پاڵەوان یەکێتییەك بە چیرۆکەکە دەبەخشێو ناکرێ جیا بکرێتەوە. بە تەنیا گێڕانەوەی، ڕەنگە ژیاننامەکەی وا خۆی نەنوێنێ کە لۆجیکییانە یان هونەرییانە هەڵواسرابێت، بەڵام بە کەمی هەر پارچەیەکی بە هەموو پارچەکانیەوە هۆی گونجان، کە هەموویان دەگەڕێنەوە سەر کەسێکی تری، یەککگرتوو)). [10]

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش دەگەڕێینەوە سەر لاپەڕە (١٢) کە نووسەر خۆی دەدوێ: ((دیارە هێشتا زۆر زووە چیرۆکی چاوپێکەوتنی خۆمو جەلادەتی، کۆتریان بۆ باسب کەم، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەم ڕۆمانەوە))، هەروەها لە لاپەڕە (١١) دا دەڵێ:

((من پیاوێکم بێ سەبر بووم، خەڵکانێکی زۆر منیان بە باشترین نووسەری ئەو زەمانە دەزانی، بەڵام دەبێت بڵێم کە ئەوکات لە حاڵێکدا نەبووم بیر لە نووسین بکەمەوە، نووسین مایەی هەموو دەردو بەڵا گەورەکانی ژیانی من بوو. ئاە.. بوەستن زۆر نووسەری تریش هەر وایان گوتووە، بەڵام کەس بە ئەندازەی من دەردی لە نووسین نەبینیوە...))

هەرچەندە کە جەلادەتی کۆتر پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، بەڵام هەرگیز بابەتەکە تەنیا بەند نییە بە خودی ئەوەوە، بەڵکو لە چارەنووسە بە یەکبەستراوەکانی چەندین خەڵکدایە لە دەورەی ئەودا کۆبوونەتەوە، یان پێیان نەگەیشتووە، ئەگەر ئێمە چاودێری جەلادەت بکەین لە جیاتی گوێگرتن لە چیرۆکەکەی، دەبێتە شتێکی وەهمی کە بنەماو بناغەی لەسەر زەمینەی واقیع نییە، ئەو حەلە بەختیار ناچار دەبوو لە ناوەوەیدا ژیانێکی ئاڵۆزتری پێ ببەخشێ، ئەو حەلە بابەتەکە تەماوی بوو. ئەوەی شیاوی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە ڕۆمانەکە هەمووی نزیکە لەوەی شێوەی پانۆڕامی دیمەنکاری لە یەکەمین لاپەڕەیەوە، تا دوا لاپەڕەی، بەخۆ بگرێ و، هەر دیمەنێك کە دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، چاودێری کەسەکان دەکاتو گوێ دەگرێتە وتووێژیان، لێرەو لەوێ شتێك ڕوودەدات، یان قسەی لەسەر دەکرێ، پلانی ڕۆمانەکە لە ڕاستیدا گومانی لەسەر نییە درامییەو بێ پەناوپێچ دەخرێتە ڕوو، ڕووداوەکان دەهێنرێنە بەرچاو، بۆ ئەوەی شێوازی ئەو ژیانەی کەسەکانی ڕۆمانەکە تێیدا دەژین وێنا بکەین، یاخود لە پێناو ئەوەی سەرنجێکی پوختی مێژووی ژیانیان بخرێتە ڕوو.

ئەم ڕۆمانە هەرچەندە مۆرکێکی مێژوویی بەخۆوە دەگرێ، بەڵام ناکرێ بە ڕۆمانێکی تۆمارکاریی دیکۆمێنتی لە قەڵەم بدەین، وێڕای ئەوەی ماوەی نزیکەی (٣٥)ساڵ حوکمی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی فاشی وێنا کردووە، کە نووسەر سەیری کوردستانو عێراق دەکات

دووچاری تەنیایی و دەربەدەری و وێرانکاری بووە و، پێویستی بە نوێکردنەوەو بیناکردنەوەی هەیە بە عەقڵێکی نوێی کراوە، پێویستە خەڵکەکە بە گشتی بەو خەیاڵەی نووسەر دای ڕشتووە بە عەقڵ‌و مێشك‌و هەڵسوکەوت بگۆڕین. هیچ ڕۆمانێکی بەختیار وەك ئەم ڕۆمانە بەختیار سەرکەوتنی وە دەست نەهێناوە، بە حوکمی شێوازە خەیاڵی و فەنتازییەکەی تێکەڵ بە واقیعی بەرچاوە ئەو واقیعەی کە دەیەوێت دروستی بکات. ئەو شارە خەیاڵییە تۆباوییەی کە بەختیار لە جەرگەی بیاباندا دروستی کردووە، شارێکی نائاساییە خەڵکی ناوازەو نامۆ تێیدا نیشتەجێ بوون. وەسفی وردی کەسانی ناو چیرۆکەکان، شێوازێکی جیاکراوەیە، ڕووداوو خاسیەتەکانی کەسایەتی قەبە کراون. بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی، تا ڕادەیەك کە حەقیقەتێکی بەرچاوە. ئەو خاسیەتە لە ئاسا بەدەرانەی داونەتییە پاڵ جەلادەت، فڕینی کۆتر بەسەر سەریەوە، سواربوونی ئەسپی سپیی خۆشبەز، بوونی بە قەقنەس‌و سووتانی و زیندووکردنەوەی، چەند شتێکی وروژێنەرن بۆ ئەو کەسانەی گوێیان لە جەلادەت بووە، بۆیە جیاوازیی نێوان حەقیقەت‌و خەیاڵ تا ڕادەیەك زۆر شت بە تواناو لێهاتوویی و کارامەیی و ڕۆشنبیریی تاك دەبەستێ، (بەختیار عەلی) وەك نووسەرێکی ڕۆشنبیر ئەو دەرککردنە ڕۆشنبیرییەی تێدا هەیە کە بتوانێ لە نووسینی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)داهێنان‌و ئەفراندن بکات، ڕۆماننووس زانینی پاراسایکۆلۆژیی بە جەلادەت بەخشیوە کە دەرك بەو حەقیقەتە بکات کە دەبێ لەو شارە دەرچێ‌و گەردەلوول شارەکە تێکوپێك دەدات، هەروەها خوێنەر هەست بەوە دەکات کە دەستنووسەکەی (بەختیار) هەمان ڕۆمانە، دوای ئەوەی هەموو کەسەکان ئامانجەکانی خۆیان هێنایەدی و شاکارە هونەرییەکان‌و تابلۆ نایابەکانیان گوێزرایەوە، نووسەر پێکەوە ژیانیان لەگەڵ ڕۆمانەکەدا دیاری دەکات و، کۆتاییی ڕۆمانەکە بە حوکمدان لەسەر جەلادەت بە لە سێدارەدان‌و سووتاندنی، لەشەکەی دێ، چونکە هەر دەبێ چارەنووسی ڕۆمانەکە دیار بکرێت، ئەگینا کۆتاییەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، دەبێ چەند بەرگێکی تری بە دوادابێ. هەر چۆنێ بێ ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ڕۆمانی خەوێکی سەوزە لە بارەی شارێك، وڵاتێك بەڵکو وەهمێکی بێ هێزە وەك بێ هێزیی خەیاڵ لە ئاوێنەدا، کارێکی ناحەقییە وەك چیرۆکی خەیاڵی، خەونی تۆباوی کە لەگەڵ هەموو چالاکییەکانی دروستبوونە. نووسەر هەست دەکات کە ژیان خەونەو خەیاڵە وەك سروشتی سیاسەتەکانی کاربەدەستان، هەستکردنییەتی کە ئێستا دووپات کردنەوەی ڕابردووە. ئەو پەیڤە خەیاڵییانەی دای ڕشتوون، ئەو حەقیقەتانەی دەیانگێڕێتەوە، خولی کات‌و سروشت دەردەخەن لە مێژووی کورستان‌و

عێراق.  ئەو شارەی کە (بەختار عەلی) بە خەیاڵ بینای کردووە، لە هیچ شارێکی تر ناکات، شاری خودی تۆباویی بەختیار نەبێ، هەرچەندە بۆ نموونە ((دامەزراندنی شاری (ماکوندو) دوابەدوای بەرجەستەکردنی دامەزراندنی شارەکانی (بوتا) یان (لیما) یان (سانتیاگۆ) لە لایەن (غەزووکەرە سەرەتاییەکان)ەوە چ شتێك لە خەونەکانی بوونو دروستبوونو پیادە بوون، هیچ نا لە ماکوندو - هەروەك لە کۆلۆمبیا یان هەر شوێنێکی تری وەك کارلوس منیونتش گوتی تۆباوییەتی دروستبوون (التكوين) سوودی لێ بینراو سەنگینیی تێك شکێنراو لە کۆتاییدا ئەفسانەی مێژووو بازرگانی و تاوان تیرۆریان کرد)) [11] ((بوونی مرۆڤو مێژووەکەی لە شاری (ماکوندو) لە ڕاکردنێکی نائومێدییانە دەرکەوت، کەچی سروشت لەسەر ڕەوشی بەردەوامی خۆی مایەوەو لە دواییدا خولی ڕێکوپێکی سروشت لە ئەنجامدا دەسەڵات دەگرێتە دەست)) [12] هەر بەو شێوە شاکارانەی جیهانی بە نەمری دەمێنێتەوە، ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی (بەختیار عەلی) یش بە شاکارێکی نەمر دەمێنێتەوە و، هەموو شاکارێکی جیهانیش لە خۆماڵییەوە سەرچاوە دەگرێ ((بەم شێوە سروشتی نەمریی سروشی غارسیا مارگیز واتە بۆ (لیکاویس) دەبینین.  کتێبەکە تەنیا داهێنانی پیاوێکی دیاریکراو لە زەمەنێکی دیاریکراودا نییە، سەرچاوەکەی لەو ئیلهامەوە هەڵقوڵاوە کە بوونی شارەزاییەکانی مرۆڤایەتی پێکەوە گریمانە دەکات، کە هەڵبەت لە مێژووی جیهاندا خۆیان دەنوێنن، بەم شێوە بەهۆی بارودۆخەکانی ئەزموونە نەمرەکان کە دەبنە سروشتی نووسینی کتێب، سروشتەکە نەمر دەبێ، کە لە کۆتاییدا خاسیەتەکانی ئەفسووناوی بەخۆوە دەگرن، چونکە ڕۆمان بەرهەمی خەیاڵە، نەك تەنیا تێبینیی هۆشمەندانە، ئێمە تەنیا نین شتەکان بەشێوازێکی ئەفسووناوی خەیاڵ بکەین، بەڵکو خەیاڵ خۆی، بەشێوازێکی سیحری کە ناکرێ لێك ببرێتەوە یان کارتێکردنێکی لە ئاسابەدەری چەند ئامانجێکی سەرسوڕهێنەرە، کارەکەی خۆی دەکات)). [13]

کە ئەو نرخو بەهایە بە ڕۆمانەکەی بەختیار دەبەخشین، ئەم بۆچوونەمان لەوەوە نەهاتووە کە شتێکی سەرپێی بێتو زانیارییەکی ئەوتۆمان نەبێت کە نەتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕۆمانە کوردییەکانو بگرە ڕۆمانەکە عەرەبی و جیهانییەکانیش، وە نەبێ بەختیار وەك هەندێ نووسەر تازە پێی نابێتە جیهانی ڕۆماننووسین، بەڵکو بەر لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەی ((قسەی کردووەو بینوومانە)) چەند ڕۆمانێکی تری پێشتر نووسیوەو سەرکەوتنی باشی وە دەس هێناوە، بەڵام هیچ ڕۆمانێکی بە قەد ئەم ڕۆمانەی نەخوێندراوەتەوەو نووسینی لەسەر

بڵاونەکراوەتەوە. هەرچەندە هەندێ لە نووسینەکان لە تانو تەشەرو تۆمەتی بێ بنجو بنەما خاڵی نین، چ بەناوی دزی، چ بە ناوی دەق ئاوێزانی. کە بەلای منەوە هەر هەوڵێکی لەو جۆرە بە مەبەستی کەمکردنەوەی نرخو بەهای ڕۆمانەکەیە، کە لە حەقیقەتدا هەوڵێکی نەزۆکە، هیچ لە پلەی داهێنانی ئەم شاکارە ناگۆڕێ، چونکە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕۆماننووسانی تر کارێکی ڕەوایە و ((بەدواداچوونی داهێنانە ڕۆمانییەکان بە هەموو دووپاتکردنەوەیەك لە پێویست زیاترە، بەڵام ئەزموون، ئاسایی جۆرە شێوازییەکانی خۆی دەسەپێنێ، دەکرێ بەشێوەیەکی ئۆرگانی تێکەڵ دەفرە لەبارەکەی بێ، ئەگەر شمشێری ناوزڕاندن لەسەر سەری ڕۆماننووس نەوەستێ. [(١٤)]

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ڕۆماننووسانی ناوداری عەرەب (نەجیب مەحفووز) پێشکەوتنی لە بواری نووسینو سروشتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ((ئەزموون))دا لە خوێندنەوەو هەوڵەکانی دانەبڕابوون، ((بۆ زانینی ئەوەی کە دوای دیکنزو بلزاكو دویستۆفسکی لە ڕۆماندا پەیدا بووە، دەکرێ هەمان شت لە بارەی غائیب توعمە فەرمان لە ڕۆمانی (النخلة والجیران) بگوترێ)) [(١٥)] و ئەوەی کە وای کرد نەجیب مەحفووز خەڵاتی نۆبلی پێ ببەخشرێ، خۆماڵیبوونی ئەزموونەکەی بوو کە توانایەکی تەواوی هەبوو لە مامەڵەکردنی لەگەڵ توێژە نزمەکانی بۆرجوازی لە میسر و ((ئەم خۆماڵییەی بەڕەنگو شێوازو مامەڵەو تێڕوانین تێکەڵ بە تاموبۆی (ڕۆمانی بیانی بوو). [(١٦)]

هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەم پێ کرد. سوود وەرگرتن لە ئەزموون و ڕۆشنبیریی گەلانی دونیا هیچ خەوش نییە، بەڵام گرنگی هەر بەرهەمێك لەوەدا خۆی دەنوێنێ، بە چ شێوازێك نووسراوە، چ کارتیکردنێکی لەسەر خوێنەر دەبێو چ شوێنەوارێك لە دوای خۆیدا جێ دێڵێ؟ ((پاکیی زێڕ - هەروەك براونغ - دەڵێ پێویستی سەلماندنی پتەوی ئەمووستیلەیەك نییە لێی دروست کراوە، بەڵام بە تەئکیدەوە ئەمووستیلەی ڕەقی زێڕ ئەوەی کە زێڕەکەی بۆ ئەم مەبەستە تێکەڵی کانزایەکی تر کراوە)). [(١٧)]

هەرچییەك لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە وتراوە، یان نووسراوە. لە جێی خۆی بێ یان لە جێی خۆی نەبێ مۆرکی خۆماڵییەکەی داناپۆشێ، ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ بەلای منەوە لە هەموو ئاستێکەوە لە هەر ڕۆمانێکی جیهانی کەمتر نییە، کە نووسەر توانیویەتی زیرەکانەو هونەرمەندانە وێنای ژینگەی باشوورو کوردستان بکاتو مامەڵە لەگەڵ توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵو کەسایەتییەکان بکات و ((هەرچەندە خۆماڵیی ڕۆمانەکەمان پتر بێ، دەبێتە جیهانی،

به واتایەکی تر هەرچەند وێنەکێشانی کەشی خۆماڵی لە ڕاستگۆیی نزیکتر بێت، لە جیهانی نزیکتر دەبێتەوە هەروەکو دکتۆر عەبدورەحمان مونیف دەڵێ: (١٨) لە کۆتاییدا حەزدەکەم چەند تێبینییەك تۆمار بکەم کە پێوەندی بە دەلالەتی ناوەکانەوە هەیە، هەڵبەت هەڵبـژاردنی ئەو ناوانە تەعبیر لە کەسایەتییەکەیان دەکەن.

جەلادەت: واتە هێزو پتەوی و ئارامو توندی.

جەلادەتی کۆتر: جەلادەتی خێرخوازی، ئاشتیخوازی، هێمنو ئاسوودە.

جەلادەتی قەقنەس: واتە سووتانو زیندووبوونەوەی و لە خۆبردنو فیداکاری.

عەلی شەرەفیاز: نووسەرێکی کوردی بە ناوبانگی کوردستانی ڕۆژهەلات. کەسایەتیی نووسەری ڕۆمانەکە دەنوێنێ:

ڕەوشەنی مستەفای سەقزی مۆسیقاری قوتابی پەیمانگەکە حەزی لە هەموو جۆرە مۆسیقایەکانە، لەوێوە بەرەو شاری مۆسیقارە سپییەکان هەنگاوەکان دەست پێ دەکات.

سەرمەد تاهیر: مامۆستایەکی شارەزای مۆسیقا. دوای مەرگی، فلووتەکەی بۆ جەلادەت مایەوە.

سەرهەنگ قاسم: هەڤاڵی جەلادەتو مۆسیقاژەن.

دالیا سیراجەدین: دالیا ناوێکی باوە لە ناوی عەرەبدا دالیای ڕازاندنەوە، ڕووەکێکی پیازییە گوڵەکانی هەمە ڕەنگن بەشێوەیەکی هێشوو، گەلێك جۆری هەیە.

سیراجەدین: ناوێکی عەرەبییە لە ناو عەرەبو فارسدا زۆر باوە، دالیا ئافرەتێکە لەشی خۆی بەو کەسانە دەفرۆشێ کە لە ونبوونی هاوسەرەکەی زانیاری پێ بدەن.

لە هەمان کاتدا ئافرەتێکی خێرخوازەو دژی ڕژێمی فاشییە.

(البرتقالة البيضاء) پرتەقاڵە سپییەکە بۆ شاردنەوەی حەقیقەتی تیاترۆخانەکەی لە باشووری عێراقدا وا نووسرابوو، شوێنی خۆ حەشاردان بوو لەترسی پێزانینی سیخوڕەکانی ڕژێم، لەوێدا هەموو جۆرە داهێنانێك شێوێنرابوو نەوەك ڕژێم بەو داهێنەرانە بزانێو لەناویان بەرێ. ئەم تیاترۆخانەیە لە شارێکی باشووری عێراقە تەنیا دالیا سیراجەدینو دکتۆر مووسا بابەك تێیدا دەژین کە خۆی مرۆڤێکی کوردی خێرخوازەو چارەی ئەو نەخۆشو بریندارانە دەکات کە ڕووی تێ دەکەن. واتای ناوەکەی: سەر ڕاست، توندو تۆڵ، پەروەردەکار، باوك، جۆرێکیشە لە پیرۆزی، ناوی پاشایەکی مەزنی ئێرانییە کە ئەردەشێر کوڕە زای کچەکەی بوو. هەروەها پێشەوای تیپی خوڕەمییەکان بوو، (لە ئیسماعیلییەکان) بیست ساڵ سەرکردایەتی

شۆڕشێکی کرد دژی خەلیفەی عەباسی موعتەسەم، لە ئەنجامدا شکاو ساڵی ٨٣٨ لە خاچدرا.

زوهەیری جەزائیری: تێکۆشەرێکی عەرەبی عێراقییە ئەو ناوە لە ڕاگەیاندندا کەسایەتییەکی ناودارە، لە ڕۆمانەکەدا چارەنووسی دیار نییە، هەرچەندە خودی ئەو کەسە ئێستا چالاکەو دەوری بەرچاوی هەیەو دۆستی گەلی کوردستانە.

(فەهمی بەسری) مۆسیقا ژەنی تیپی سەمفۆنیی نیشتمانی لە ترسان مۆسیقای لە بیر خۆی بردبووەوە نەوەك ڕژێم لەو دوورگەی تیاترۆخانەی پرتوقاڵی سپیدا کە پەنای بردبووەوە بەر، پێی بزانێ‌و لەناوی بەرێ.

خانمی شاناز سەلیم، ئافرەتێکی لە سنوور بەدەر شەهوانییە خەسڵەتی سادییەتی هەیە، هەموو دەم ئامادەیە بە حوکمی دەسەڵاتی و دەوڵەمەندیی هەر کەسێ حەزی پێ نەکا، ئەگەر دڵدارەکەی بێ، یان هاوسەری لەناوی بەرێ، بە پێچەوانەی هەموو دۆستو هاوسەرەکانی تری تا بلێی هۆگری سامیری بابلی خوێن ڕێژی ئەنفالچیی جەلاد بوو.

سامیری بابلی ئەفسەرێکی عێراقی خەڵکی باشوورە، جەلادێکی بێ وێنەیە لە کوشتن‌و بڕیندا، بە تایبەتی لە شالاوە بەدناوەکانی ئەنفال، لە ئەنجامدا پەشیمان دەبێتەوەو خۆی پاك دەکاتەوەو جەلادەتی کۆتر لە مەرگ دەرباز دەکات، بەڵام جەلادەت لێی نابوورێ‌و بڕیاری دادگاییکردنێکی عادیلانەی دەداو لە ئەنجامدا قوربانییەکان دادگایەکی دیموکراتییانەی دەکەن‌و حوکمی کوشتنی بەسەر دادەدەن و، جەلادەتیش لە ئاکامدا باجی دادگاییکردن‌و بڕیاری قوربانییەکانی... مستەفا شەونم هونەرمەندێکی بە توانایەو لەژێر فشاری باوکی وازی لە وێنەکێشانی تابلۆی شێوەکاری هێناوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: (بەختیار عەلی) بەم ڕۆمانە فەتحێکی نوێی پڕ ئەفراندنی ئەنجام داوە، جیهانی نووسینی ئەو جیهانی داهێنان‌و خوڵقاندنە (داهێنەریش کەس ناکاتە هاوڕێی خۆی ئەو کەسانە نەبێ کە وەك خۆی داهێنەرن، ئەوانە هەڵدەبژێرێ کە ڕێبازی نوێ لەسەر تابلۆی نوێ هەڵدەکەنن) (١٩) هەر لە زاری زەردەشتیشیەوە ڕوو دەکەمە نووسەری داهێنەر (بەختیار) و دەڵێم:

((ئەی پیاوە باڵاکان، ئێوە داهێنەرن، ئافرەت لە سکیدا تەنیا کوڕەکەی هەڵدەگرێ))(٢٠).

کەواتە ئەم ڕۆمانە لە دایکبوونێکی نوێی ڕۆمانی کوردییە، هەر خودی بەختیار دەزانی بە چ ژان‌و ئازارێکی سەختو دژوار چاوی کردووەتەوە، بە چ عەقڵ‌و زهنییەتێك دەیەوێت

شارێکی ئاسوودەو سەقامگیرو ئاوەدان بنیات بنێ، ئەگەر بە خەیاڵیش بێت، دەیەوێت گۆڕانکاری بکات، ڕەوشی واقیعی بە زۆر سەپێنراو سەرەوژێر بکاتو واقیعێکی نوێی لێ دروست بکاتەوە، کە لە ڕۆمانێکی مۆدێرنی تێدابێ، ئایا دەکرێ بە ڕۆمانێکی نوێی نەمری لە قەڵەم نەدەین، کە بچێتە ڕیزی بەناوبانگترین ڕۆمانی جیهانی کە بە درێژاییی زەمەن بوونی خۆی سەلماندووەو مایەی دەستخۆشی و ئافەرینی خوێنەرە؟ ! با ڕۆمانەکەش واقیعو خەیاڵی تێهەڵکێش کردبێ، ئەگەر کەسایەتییەکی خەیاڵی وەك ڕۆبنسن کرۆزو دۆنکیخۆت بە نەمریی بمێننەوە بۆچی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) نەبێتە شاکارێکی نەمر بە درێژاییی زەمان، با کۆتاییی ئەم نووسینەم بەو نامەیە بهێنم کە هونەرمەندی شێوەکاری جیهانی ڤنسنت ڤان کوخ بۆ پیوی برای ناردووە، تیایدا دەڵێ:

(پێویستە لەسەرمان کە بەشێك لە کەسایەتیی بنەڕەتیی ((ڕۆبنسن کرۆز)) بگەڕێنینەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە خەلق بکەینو هەموو شتێك بە خۆمان دروست بکەینەوە، تیلنیشانە تەواوکارییەکان بۆ هەموو شتەکان بکەین و، ڕوویەکی نوێ بە پێچەوانەی جەخت لەسەر کراوەکان ببەخشین، ئەمانە هەموویان خەیاڵ پێمان دەبەخشێ، بۆ ئەوەی وامان لێ بکات کە نەشو نوماکردنی ناوەوەی ماڵەوە بگەین، هەتاکو ڕۆژانم وا لێ بکەم پڕ بێ لە چالاکی. من بەخۆم دەڵێم:

((پێویستە لەسەر من هەموو ڕۆژێ ڕۆبنسنی پیرۆزم لە بیر بێ)))[٢١].

**پەراوێزەکان**

١- صنعة الرواية. تاليف: بيرسي لوبوك ترجمة: عبدالستار جواد - دار الرشيد للنشر ١٩٨١، ل ١٥.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٨.

٣- الواقعية. موسوعة المصطلح النقدي، تاليف: ريمين كرانت. ترجمة الدكتور عبدالواحد لؤلؤة، ل ٢٨و٣٠.

٤- آداب الفنتازيا - مدخل الى الواقع، تأليف.. ت. ي. اثتر - ترجمة صبر السعدون - دار المأمون للترجمة والنشر بغداد ١٩٨٩، ل ١٩١.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

٦- الرواية العربية. د. محسن جاسم الموسوي. مشورات دار الاداب - بيروت ل ١٣٠.

٧- مجله عالم الفكر. المجلد التاسع مع العـدد الرابـع. ينـاير - فبرايـر - مـارس ١٩٧٩، ل (٢٩٢).

٨- الافكارء الاسلوب دراسة في الفن الروائـي و لغتـة. تـاليف: ا. ن. نشيتشـرين. ترجمـة: حياة شرارة. ل ٨٨.

٩- مجلة الاداب الاجنبية العدد الرابع - السنة الخامسة نيسان ١٩٨٧، ل ٤١٩.

١٠- صنعة الرواية، ل ١١٩ - ١٢٤ - ١٢٥.

١١ - ادب امريكا اللاتينية الحديث. تاليف: د. ث. غالفر، ترجمة: محمد جعفـر داود - دار الشؤون الثقافية العامة بغداد - الطبعة الثانية ١٩٨٦، ل ٢٠٦.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

١٤- الرواية العربية، ل ١٨٨.

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤.

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤.

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١.

١٩ - هكذا تكلم زرداشت. تاليف الفيلسوف الالماني فريدريك نيتشة. ترجمة: فليكس فارس - دار الحكم بيروت - لبنان. ل ٤٤.

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٨.

٢١- جماليات المكان، تاليف: جاستون باشلار، ترجمة: غالـب هلسـا. كتـاب الافـلام (١) دار الحرية للطباعة.

## چەند لێکۆڵینەوەیەکی کوردی لە بابەت وڵاتی سوبارتۆوە

ئــەم کتێبــەی لەســەرمان نووســی بــە نــاوی (دراسـات كردیـة في بـلاد سـوبارتو) وە بڵاوکراوەکانی ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچـەی کوردسـتانە، بریتییـە لـە ١٩٢ لاپەڕە، ساڵی ١٩٨٤ لە چاپخانەی ((دار آفاق عربية للصحافة والنشر))دا چاپ کراوە.

### پێشەکی:

لە دوا دیداری تەلەفزیۆن لەگەڵ دکتۆر ((تەها حوسێن))دا کـە لـە دەسـتەیەك نووسـەر و ڕۆشنبیری میسری نـاودار لــە گــەڵی دانیشـتبوون، تــەها حوسـێن وەك مرۆڤێکـی وردبـین و ڕووناکبیر لە ناو قسەکانیدا وتی: ((بە لای منەوە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە جگە لە زمانەکەی خۆی زمانێکی جیهانیی زیندووی تر بزانێ)).

لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەی نیشانەی زیرەکی و بیر قووڵیی ئەو نووسەرە گەورەیە بوو کـە چ خزمەتێکی گرنگی بە نەتەوەی عەرەب کردووەو ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەرانی فراوان کـرد. ڕۆشنبیرێ کە زمانێکی جیهانی بزانێو بەردەوام خەریکی خوێندنەوەو وەرگێڕان بــێ، دەبــێ چ جۆرە خزمەتێكو سوودێك بە ڕۆشنبیریی گەلەکەی خۆی ببەخشێ؟ جا ئەگەر ئەمە لە ڕێگـای زانینی زمانێکی جیهانییەوە بێو ئەوەندە بایەخی هەبێ، دەبێ ڕۆشنبیرێ کە جگە لە زمـانی زگماکی خۆی، چـەند زمـانێکی تـریش بزانـێو لـە تـەك زمانەکـەی خۆیـەوە بـەو زمانانـە بخوێنێتەوەو لە سەرچاوەی سامانی مرۆڤایەتیدا زانیاری و ڕۆشنبیریی هەمەجۆر هـەڵهێنجێو پەیتا پەیتا شتی تازە بخاتە سەر خەرمانی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەی خۆی، ئەو حەلە دەبــێ لـەو گۆڕەپانە فراوانەدا چ سوار چاکێ بێ کە ئەسپی خۆی تاو بدات؟ !

دکتۆر جەمال یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کە شیاوی ئەوەن بتوانن دەوری مێژوویی خۆیـان بیننو بە جۆرێکی کارامەو لێهاتووانە لەو بوارەدا شوێنی تایبەتی و دیاری خۆیان بکەنـەوە، لەبەر ئەوە جگە لە زمانی کوردی چەند زمانێکی تـر دەزانـێو لـە ڕێگـای خوێنـدنی بـاڵاوە

توانیویەتی جۆرە بەرنامەیەكو نەخشەیەك بۆ خۆی دیاری بكات كە ڕێبازێكی زانستییانە و، دوورە لە (پشتبەستنێكی) ڕووت بە سەرچاوە یاخود وەك هەندێ نووسەرو مێژوونووس نەهاتووە سەرچاوە پشتگوێ بخاتو ئەوی دەیخاتە ڕوو بە هیی خودی خۆی بزانێ، وەك سرووشێكی خودی - ((ئیحای زاتی)).

مێژوونووسین ((لێكۆڵینەوەو شیكردنەوە)) یە، پشتبەستنە بە باوەڕنامەو بەڵگەهێنانەوەو ساغكردنەوەی بۆچوونەكانی نووسەر. تەنیا ڕیزكردنی كۆمەڵێك سەرچاوەو پەراوێز نووسینو پێڕست دانان نابنە نیشانەی ڕەسەنی و دەسەلات شكانی نووسەر یاخود بلێین مێژوونووس بە لە خۆدان لە بابەتی گەلێ مەسەلەی مێژوویی كە دەبێ لە سەنگی محەك بدرێنو بە وردی شی بكرێنەوەو ئەو ڕایانەی كە پاڵپشتێكی ڕەواو چەسپاویان نییە، پووچەڵ بكرێنەوە، ئەو لایەنانەی كە شێوێنراون یاخود تەمی گومانیان لەسەرە، لەبەر ڕووناكیی لێكۆڵینەوەو سرنجی وردو بیری تیژ ساغ بكرێنەوە. ئەم ئەركەش شتێكی ئەوەندە ئاسان نییە كە هەموو كەس بتوانێ شانی بداتە بەر. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە كە ئەو ئەركەی دكتۆر جەمال وەك لێكۆڵەرێك كە خستوویەتییە ئەستۆی خۆی هەوڵو تەقەلا و ڕەنجێكی زۆری گەرەكە، چونكە كارەكەی ئەو چەند لقو پۆپی لێ دەبێتەوە كە تەنیا لە چوارچێوەی بوارێكی سنووردارادا گیر ناخوات، بەڵكو ئەو هەر وەك لەو كتێبەی لێی دەدوێین، بە ڕوونی بۆمان دەردەكەوێ پەلی بۆ زۆر لایەن هاوێشتووە، وەك زمان، مێژوو، جوگرافیا، باری كۆمەلایەتی، ئابووری و ڕامیاری، هەندێ لایەنی تر لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لە ناوچەكانی ژووروو و ڕۆژهەلاتی ولاتی نێوان دوو ڕووبارەكە واتە ((میزۆپۆتامیا)) ی كۆن.

## ناوەرۆكی كتێبەكە:

دكتۆر جەمال پێشەكییەكی تێرو تەسەلی بۆ كتێبەكە نووسیوە، ئینجا هاتووە ناوەڕۆكەكەی بەسەر پێنج بەشدا دابەش كردووە، هەر بەشەشی كردووەتە چەند باسێكو بۆ هەر بەشەش كۆمەلێك تێبینی و سەرچاوەی جیاجیا وەك پەراوێز دەخاتە بەردەم خوێنەر كە ئەم كارە زیاتر لێكۆڵینەوەكان بە پێزترو پتەوتر دەكات.

ئەوەی كە شیاوی باسە نووسەر پشتی بە ژمارەیەكی زۆر لە سەرچاوەی هەمەجۆر بەستووە كە كردوونیەتی بە بنگەی كتێبەكە و یەك بە دوای یەك دەیانخاتە بەر تیشكی زانیاریی خۆی و بۆچوونە تایبەتییەكانی. سەرچاوەكان عەرەبی و كوردی و فارسی و توركی و هی وەرگێڕدراون

بۆ زمانی عەرەبی، هەروەکو کۆمەڵێك سەرچاوەی بە زمانی ڕووسی و ئینگلیزی و سلۆڤیی و ئەڵمانی و مەسیحی و سریانی یۆنانی و ڕۆمانی و هی تر.

دکتۆر جەمال لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێ: ((ئەم کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیە کە هەندێ مەسەلەی زمانەوانی و مێژوویییان تێدایە، پێشکێش بە هەر کەسێ دەکەم کە بایەخیان پێ دەدا، بۆ بەشداریکردن لە هەوڵو تەقەلای بەردەوام بۆ گەیشتن بە کاکڵو کرۆکی ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆڵێکی دیاریکراویان نواند لە مێژووی پارچەیەکی گرنگو جیاکراوەی مەڵبەندی ئادەمیزاد، ئەویش ئەو ناوچە شاخاوییە گەردن کەشانە دەگرێتەوە کە ناوی لە کۆنترین ڕێژەی جوگرافیی سۆمەری گشتیدا بەشێوەی ٮاآ .ٮٮ ((سوبیرد))دا دەرکەوتووە.

مێژووەکەی بۆ سەردەمی ((لۆکال - ئانی - مۆندۆ)) ی کاربەدەستی شاری ((ئەدب)) لە چارەکی یەکەمی سێ هەزارەی بەر لە زایینیی کە لە تەك ((ئیلام، ماراهشی، کوتیۆم، سوبێر، ئامۆردۆ، سویتۆم))دا نووسراوە. نووسەر ناوەکە ساغ دەکاتەوە، شوێنی جوگرافیای وڵاتەکە دیاری دەکات، ئەویش ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە ژوورووی ڕۆژهەڵاتی ((ئیلام)) لە ڕێگای ماراهشییەوە بەرەو ژووروو و ڕۆژئاواوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەمانۆس ((چیای ئورز)) لە وڵاتی ئامۆرادا.

هەروەها ئەم کتێبە، وەك خۆی نووسیویەتی، کۆمەڵێك مەسەلەی تێدایە کە پێوەندییان بە سەردەمێکەوە هەیەو چەندین سەرچاوە پێك دێنن کە دەبێ ببنە بنەگەی بەڕاستی بۆ سەرهەڵدانی خاسیەتی نەتەوایەتی لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا، ((سوپارتۆ)) کە لە دواییدا بەشێکی ناونرا کوردستان، واتە وڵاتی کوردان. جگە لە خاسیەتە نەتەوایەتییەکان یەکبوونی هۆزەکانی کارتی ((کارتاوییەکان)) ی ڕەوەند کە لە سەردەمی سلوقییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتدا دەرکەوتن. دوایی کاردۆخییەکان خەڵکی دانیشمەندی لادێیی ناوەڕاستی ئەو وڵاتە دەورێکی جیاکەرەوەیان لە بینای ڕەگەزو زمانو شارستانێتیی کوردەکان بینی، بە جۆرێ سەرنجی هەندێ پسپۆڕ و شارەزایان لەم بابەتە ڕاکێشا.

بەشی یەکەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ ((بنچینە مێژوویییەکانی زمانی کوردی)) لە باسی یەکەمدا دکتۆر جەمال ڕای وایە کە زمان ئامرازی پەیوەندی کردنە، دەتوانێ ئارەزووەکانی مرۆڤو گواستنەوەی بیروباوەڕەکانی بۆ هی تر دیاری بکات، ئەویش بۆ گۆڕینی جیهانی بیر ((ذهن)) بۆ جیهانی ئاخاوتن لەگەڵ کۆمەڵدا، بە دەربڕینی میراتێکی ڕۆشنبیریی کە لە دانانی تاکە کەسێك نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك ڕۆشنبیری سەر بە کۆمەڵێکی

دیاریکراوه له چەندین قۆناغ له تەمەنی شارستانییەکەیدا. ئەو کارەساتانەی کە زمانیان لـێ پێك دێت هەمان کەرەستەن کە سەرجەمی ڕۆشنبیریان لێ پێك دێ. لـە دواییـدا مەسـەلەی بەکارهێنانی زمان له ئاخاوتن‌و نووسیندا بۆ دیارکردنی خواست‌و هەست‌و نەستی جیاجیا بـە گەورەترین داهێنانی شارستانێتی دەداتە قەڵەم کە میللەتە کۆنەکان وەدەسیان هێناوە.

جیهانی بیر لای مرۆڤی کۆن بە جیهانێکی ئایدیالیست یاخود ڕەمزی لە قەڵەم نادرێ وەك هیی ئەمڕۆمان، بەڵکو بە درێژبوونـەوەی خـودی جیهـانی مـەوزووعی دەرەوە بـە تـەواوەتی دادەنا، وەك ئەوەی لە باری خەوبینیندا دامانبنێ، ئەوان بڕوایەکی تەواویان هـەبوو کـە خـەو دەیانخاتە بەردەمی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزی نەبینراودا، ئەوی کـە خـەویان پێـوە دەدی ڕاستن و ڕووداون‌و لە واقیعدا ڕوو دەدەن. ناولێنانی شتیان بە کـردەی دروسـتکردن لـە قەڵـەم دەدا، بـۆ نموونـە سـۆمەرییەکان وشـەی ((نـەم)) یـان بـەکارهێنا بـۆ ئـەو خاسـیەتە کاریگەرانەی کە لە شتەکاندا زانیبوویـان، خاسـیەتەکانی کـاری ((شـت یـا بابـەت)) توانـا دەگەیەنێ، ئەکەدییەکان وشەکەیان بە شێوە ی ((شەمتۆ)) وەرگێڕا، واتە خوو و ڕەوشت‌و ئەو سروشتەی کە تیایەتی، هێشتاش لە زمانی عەرەبیدا زیندووە ((سمـە، شـیمە)) کـەوا وشـەی ((نم)) ی عـەرەبی جەوهەری مرۆڤ‌و سروشتەکەی دەگەیەنێ‌و لـە بـەکارهێنانی وەك فرمـان - فعل - دەرخستنی شتی نهێنیی شت‌و خاسـیەتەکان دەگەیـەنێ. لێـرەدا ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەکاتەوە کە وشە، گۆڕانێکی زۆری بەسەرا دێ وەك وشەی ((کوڕ)) واتە ((چیا)) لە سۆمەریدا دووپاتبوونەوەی ((کوڕ کوڕ)) چیاکان دەگەیەنێ.

هەرچەندە ناوە کوردییەکەی بۆ چیاکانی ((کوڕ کوڕ)) داغـی سـەر زێـی بچـووك، نزیـك گوندی ((کانی توو)) ی سەر بە قەزای پشدەر ماوەتەوە. لە سۆمەریدا شار دەگەیەنێ‌و وشـە سۆمەرییەکە ((کۆ)) بە مانای چیا لە زمانی کوردیدا بەردەوام بوو، وەك وشەی ((گـامێش - جامووس)) ی سۆمەری، هەروەها ((هەتاو)) هەرچەندە لە ڕواڵەتدا پێوەندیی بە ((ئافتـاب)) ی فارسییەوە هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەمزی خواوەندی سۆمەرییەکانە ((ئۆتۆ)) ی خواوەنـدی خۆر کە بە سەدان ساڵ بەر لە سەدەی نووسین لایان پیرۆز بوو، هـەروەها وشـەی ((مزگـەوت، مزگەفت)) لە ((مسجد)) ی عـەرەبییەوە نەهاتووە، بەڵکو خۆی کوردییەو لە ((مزد - مزدا - ئاهورا مازدا))وە هاتووە، ناوی پەهلەوی بۆ پەرستگا ((مزگیت))ە کە دەبـێ بـەر لـە چـەند سەدەیێك پێش ئیسلام بەشێوەی کۆن هەبووبێ.

زۆر وشەی تریشـمان بـۆ سـاغ دەکاتـەوە کـە لـە بنچـینەی خۆیـان دوورکەوتوونەتـەوەو

گۆڕانێکی زۆریان بەسەردا هاتووە وەك ((بـاژێڕ)) و ((خێـزان)) و ((گونـد)) و ((کـاروان)) و جوامێر و ((مەهرەجان)). زۆر وشە کە لە عەرەبی باون، لە کوردییەوە وەرگیراونو چـوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە وەك ((المرج، الدستور)) کە کوردییەکەیان ((مێرگو دەستەوەر))ن.

لە باسی دووەمدا بۆ ئەوە دەچی کە فەلسەفەی گریك لەگەڵ دینەکانی ڕۆژهەڵاتیدا یەکیان گرتو لە ئەنجامدا ئەفسانەی بابولی و گریکی و هیی تر تێکەڵ بە یەکتر بوون، ئەم دیاردەیـە چەمکی هیلنستیی بەخۆیەوە دی کە ڕێبـازی جیاجیـا بەیـەك دەگەیـەنیٚو تـەبایان دەکـات. خواوەندەکانی بابلی و گریکی و هی تر بە خواوەندی ناوچە کوێسـتانییەکان دانـران، بەمـەوە ئاهورامازدا لەگەڵ سنو زیوسو مردۆكو عەشتار.. هتد تێکەڵاو بوون. لە ئەنجامی ئەوەوە زمانی کوردی بە وشەی فەلسەفی و زانیاریی و دیالێکتیکی زمانـەوانی دەوڵەمەنـد بـوو کـە ئەدەبو سامانی هونەری و ڕۆشنبیرییان مشتومالٚ کردەوە.

بۆ نموونە وشەی ((میپرادات - میهرداد)) کە زۆرجار لە ناو پاشاکانی ناوچە شاخاوییەکان یا پاشای ئەم ئیمپراتۆرییەتانەی حوکمڕانییان کـرد دەردەکـەویٚ. پاشـان لەکوردیـدا ئـەمڕۆ بەشێوەی ((خودادا د)) کە بەرامبەرەکەی ((عطاء الله)) و تورکییەکەی ((الله ویـردی)) یـەو سلاڤییەکان ((بوغدان))ە دەردەکەویٚ. هەروەها تەقەلادانی پاراسـتنی دەنگـەکانی سروشـت بنەچەی پێکهاتنی وشەکان بوو کـە هێشـتاش بەشـێکیان لـە نـاو ڕسـتەو دەربڕینـدا بـەکار دەهێنرێن.

بۆ نموونە وشـەی ((گـرۆم)) ی ڕووسـی کـە هـەورە تریشـقە دەگەیـەنیٚ، هـەمان دەنگـی دیاردەکەیە لە سروشتدا، بەڵام لەکوردیدا دەنگەکەی هەورە تریشقە خۆی ((گرمـە گرمـە))ە، ئەم وشەیە لە کوردیدا نەگۆڕاوە تا ئەو قۆناغەی لە ڕووسیدا پێی گەیشتووە تا هەمان دیـاردە بگەیەنیٚ، یاخود ((خوڕە خوڕ)) دەنگی ئاوە لە عەرەبیدا بووە ((خریر)).

هەندیٚ وشەی کوردی لە کۆنەوە دیاردەیەکی دیـاریکراو دەبەخشـن، بـەڵام بـە درێـژاییی زەمانە بوونەتە واتای شتو پاشکۆیەکانی وەك وشەی ((سەر)) کە بووەتە سەردار، سـەرتیپ، سەربەست. لە مانای ڕەسەنی خۆی دوورکەوتووەتەوە بووەتە وشـەیەکی لێکـدراو، هـەروەها ((پیاو)) مانای تری بەخۆیەوە دی کە پێوەندی بـە چـەمکی کۆمەڵایەتییـەوە هەیـە، پاشـان وشەی ((پیاوەتی)) دەرکەوت کە مانای ئازایەتی و ڕەوشت باشی و شـتی تـرە. بـە هـەمان شێوە و ڕێچکە، ڕووسەکان هەموو موسـڵمانێکیان نـاو نـا ((تەتـەر))، چـونکە لـە ڕێگـای تەتەرەکانەوە ئیسلامیان ناسی، ئەمڕۆش وشەی ((شەرقی)) لای تورکەکان ((سروود، مـەقام،

گۆرانی)) دەگەیەنێ، کە بنەچـەکەی دەگەڕێتـەوە سـەر شـەرقی ((ڕۆژهـەڵات)) ی ئـەنازۆڵ، هەروەها ((ئاسیا)) وشەیەکی ئاشوورییە کە مانای ((ڕۆژهەڵات)) ی دەگەیاندو لە - ئاسۆ - وە گۆڕاوە بە ئاسـیا. وشـەی ((ئـاب ﭘﺂ)) وەك دیاردەیـەکی سروشـتی لـە زمـانی هینـدو ئەوروپیدا مانای ئاوە، پاشان وشـەکە بـۆ هـەموو ڕووبارێـك بـەکارهێنرا کـە خێڵـە هینـدو ئەوروپییەکان لە کەنارەکانیاندا نیشتەجێ بووبوون، ئێستاش بووەتە بڕگەی ناوی هەندێ ڕووبار وەك ڕووباری ((پێنج ئاب - بنجاب))، ((دۆن ئاب - دۆن ئاو - دۆن ئاڤ)) لەو بابەتانە وشەی تر زۆرن کە کوردینو کەوتوونەتە ناو زمانی عەرەبی. دکتۆر جەمال نەیویسـتووە درێـژە بـە باسەکە بدات بۆ نموونە ((سەرئاو - سـرآب - سـراب))، ((سـەرداو - سـرداب - سـرداب))، ((گوڵ هەنار - گلنار - جلنار)) و هی تر.

لە باسی سێیەمدا لەوە دەدوێ کە دانیشتووانی وڵاتی سـوپارتۆم گـۆڕانێکی ئـەپنیکییان بەسەردا نەهات بە قەد ئەو گۆڕانەی کە هاتە سەر ناوەکان. ناوی حورییـەکان پـاش سـەدەی حامورابی شوێنی زۆربـەی دانیشـتووەکانی گرتـەوە. نـاوی ((هوڤارداتـا)) کـە بـە مانـای بەخشینی خودا دێ، لە نووسراوەکانی بابلییەکان بە درێژەی ((ئومرداتوو، خورداتـوو، پاشـان خومرداتوو هاتووە هێشتا ئەم ناوە، بە ناوی خورماتوو بەکاردەهێنرێ ((طووز خورماتوو، تازە خورماتوو)) وەك لە ناوی ((باگـاداتوو - باکـادات - بەغـداد)) واتـە لـە بەخشـینی باگـای خواوەنددا هەیە. لە بابەت میتانییەکانیشـەوە ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە لـە ناوچـەکەدا نـاوی ((کورد)) وەك چینێکی سەرخان هێشـتا لـە ناوچـە ناوبراوەکـەدا دەرنەکـەوتووە. هـەروەها زمانێکی هاوبەش دەرنەکەوتووە. تەنیا ئەو بۆچوونە نەبێ کە پێوەندییەکی بـەتینی کـوردیی هاوچەرخ هەیە لەگـەڵ میتـانیی کۆنـدا، لـە تـەك ئەوەشـدا زۆربـەی نـاوە جوگرافییـەکانو ئەپنۆمیکییەکان بەشێوەی سۆمەری و ئەکەدی و حثی مانەوە، و، لە ئەنجامی ئـەو گۆڕانـەی بەسەر ناوچەکەدا هات ناوی شاری تر لەو وڵاتەدا دەرکەوتنو گۆڕان بەسەر چەند ناوێك داهات وەك ((بیپ گەرمی)) بووە بە ((بـاجرمی)) لـە عـەرەبی، هـەروەها ((بیـپ زیـدیتا)) بـووە ((بازبدا)) وەك ((بیث فردو)) بووە ((باقردی)) و ((بیث درایە)) بـوە ((بـدرە)) هـەروەها لـە ناوی (جرمی) وشەی ((جرمیق)) ی عەرەبی وەرگیرا، کوردییە کۆنەکەی ((گـەرەمیك))ە کـە بووە گەرمیانی.

کووتییەکان کۆنترین خەڵکن کە ئەم ناوچەیان کـردە هەوارگـەی خۆیـان. هەرچـەندە کـە ((عرفە - ئەراپخا)) لایەکە لە شاری ((کەرکووك)) ی ئێستا، بەڵام ناولێنانی ((کـەرکووك))

کورتکردنەوەی ناوە ئارامییەکە نییە ((گەرخابێت سلۆخ)) کە لە سەدەی ئیسلامیدا بووە، ((کەرخێنی)) بەڵکو بەر لەو مێژووە بەشێوەی (کوڕ کوڕ) وەك لاساییکردنەوەی دەنگی ئاگری بیرەکانی نەوتی ئەم ناوچەیە هاتووە کە دوایی ناونرا ((بابە گوڕ گوڕ)) کە لە کۆنەوە دەورەی پەرستگای ((ئەناهیتا)) ی دابوو. هەرچەندە کە وشەی نوێ هاتەکایەوە، بەڵام زمانی کوردی خاسیەتی خۆی پاراست. وەك وشەی ((سپادا)) کە بە مانای سوارە دێ، هاو واتاکەی لەشکرە. ((سوپا)) وشە کۆنەکەی ((ئەسپاکا)) بوو. جگە لەمە وشەی ((پادیکا)) بە مانای - پیادە - ماوەتەوە، بەڵام هەندێکی تریان شوێنەواریان کوێر بووەوەو لە ناو کوردی دا ون بوون، ((پا)) نەبێ بە مانای ((پێ)) کە پیادەی لێ وەرگیراوە ((بیدق)) ی عەرەبیش هەر لە پیادەوە وەرگیراوە. ((ك. غ)). هەروەها سبانداکا - بەند، ڤەیسە - وەیس، تنۆکا - تەنو - تەن، ناسوکا - نازوکا - ناسك، نازك)) و هیی تر.

بەشی باسی چوارەم بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی پوخت لە بابەت شوێنەکانی ژووروی وڵاتی سوپارتۆوە، بەڵام ناوچەی زێ کە بە ئاشووری بە ((ئەنزیت)) ناسراوەو بە ((حپی)) کە لە بەشی دەقەکانی (بوغازی کوی) بینراوە کە دەکەوێتە تەك سوفانینی و باشووری ئەزنینی کە لە دواییدا بە زمانی سریانی وەك (ئەرزۆن) تۆمارکراوەو بە ئەرمەنی وەك (ئەرزنیكو ئەلزنیك) پاشان لە سەردەمی ئیسلامییەوە بە (میافارقین) ناوبرا، بە تایبەتی بووە مەڵبەندی دەوڵەتی مەروانیی کوردی لە سەدەی دەیەمی زایینیدا.

دانەر لەوە دەدوێ کە ئەو ناوچانەی ناوهێناون حپییەکان لە کاتی هێرشەکانیان بۆ سەر بابول لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەمی زایینیدا ئەم وڵاتەیان وێران کرد، پاشان یەکگرتنی ئەم ناوچانەی بە دواوە هات بە تایبەتی سەرچاوەکانی ڕووباری خابوورو هیرماس پاشان هوری و دەرسیمو ئەنزیتو ناوچەی ((هانی گلبات)) یان پیکهێنا کە بووە مەڵبەندی دەوڵەتی میتانی. لێرەدا بۆ ئەوە دەچێ کە ناونانی ((پالو)) دەوروبەری ((بورشخند)) لە لایەن حپییەکانەوە کە ڕەمزی بڕگەی یەکەمی ((بورگ))ە (ܒܘܪܓܐ) بە مانای بەرز بە زمانی خۆماڵی، هێشتاش لە زمانە جەرمەنییەکان خۆیاندا ((چیا ܛܘܪܐ)) ماوەتەوەو شێوەی لە کوردیی نوێدا ((برز - بەرز))ە، هەروەها ناونانی ناوچەی ((ماشوهاندا، ماشهونتا))وە بە یۆنانی ((میز)) کە بەرامبەرەکەی ((مەز)) ی کوردیی کۆنە و ((مەزن)) ی نوێ یە، لەم ڕووەوە نموونەی زۆرمان بۆ دێنێتەوە.

هۆیەکانی جوگرافی لە تەك واقیعی ڕامیاری و نەتەوایەتی دەوری خۆیان دەنوێنن لە

گۆڕانکارییەکانی ئەپنیکی کە لە بەشی ڕۆژئاوای ئەنازۆڵ دەردەکەون، بە تایبەتی لە نزیك سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلەو چەندین ئەو چەقانەی دێنە سەری، لە کاتی ڕووتێکردنی هەندێ خێڵی ڕۆژئاوایی بۆ ناوچەکە. ناوی دیجلە کە لە سەردەمی میدی بەشێوەی تیگرا ڝۯڂڬ دەرکەوت، سترابۆی جوگرافیزانی یۆنانییش ڕەسەنایەتی دەردەخات کە خێڵی میدی لە کەناری سەرچاوەکانیدا دانیشمەند بوون. ئەم ڕووبارە لەم ناوچەیەدا سێ لقی هەیە:

١ - دیجلەی ڕۆژئاوا: ئەرغاتە صو لە نزیك گۆمی گولچکەوە دێ.

٢ - زیبانە صو: کە لە سەدەکانی ئیسلامیدا بە ئاڤی ژو القرنین لەکوردیدا باوبوو.

٣ - دیجلەی ڕۆژئاوا ((بهتان صو)).

ناوی ((جولیمێرگ)) یاخود ((جولا مێرگ))مان بۆ ساغ دەکاتەوە کە لە سەرچاوەکانی ئەرمەنیدا بەناوی ((جلمارگ))ەوە هاتووە، بەڵام ناوەکە کوردییەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە پێش تۆمارکردنی، دەبێ - گوڵی مێرگ - بێ.

ناوەکانی ((ساریساو پیناکاو ساتالکا))مان بۆ شی دەکاتەوە کە لە چییەوە هاتوون بنچەکەیان چییە، لە دواییدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە وڵاتی سوپارتۆم مەڵبەندی کۆبوونەوەی هەمە ڕواڵەتی شارستانێتی پێك دێنێ کە لەو وڵاتەی دەورەی داوە سەری هەڵداوە، ئەویش لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی ڕاستەوخۆی ئەو شارستانێتییە خۆماڵییانەی کە لە وڵاتی دوو ڕووبارەکەو ئەنازۆڵو قەفقاسو باشووری دەریای قەزویندا گەشەیان سەند.

باسی پێنجەم هێنانەوەی هەندێ بەڵگەیە کە ڕێگامان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە بۆ دەرخستنی پەیوەندیی زمانەوانیی نێوان کوردیی هاوچەرخو میتانی کۆن. دکتۆر جەمال لەو ڕایەدایە کە چینێکی دیاریکراو لە سوارە ((ئەسپا بارا)) ی کۆمەڵگەی میتانیی خەریکی بەخێوکردنی وڵاغ بوون، ئەوانە پەرەیان سەندو هێزو دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان هەبوو کە بە توندی ڕووبەڕووی هێزەکانی تەحوتمسی یەکەم، فیرعەونی میسر بوونەتەوە، بەڵام ئەوان بەرەنگاری تەوژمی هێزەکانی ئاگۆمی دووەمی کاشی بوون لە باشوورو هەرچەندە کە ململانێ لەنێوان چینی کاربەدەست لەم وڵاتەدا هەردوو تاقمی لایەنگری میسر یاخود حیپییەکان دەرکەوتووە، بەڵام تاقمی یەکەم سەرکەوتووەو پێوەندی لەنێوان میسرو میتانییەکان بەهێزبووە، بە ڕادەیەکی نامە لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕکراوە، لەمەش زیاتر ئەمنۆفیسی دووەم، خوازبێنییەکی لە کچەکانی پاشای میتانیی کردووە، ئەویش داوای چەردەیەك زێڕی کردووە لە جیاتی ئەوەی کچە جوانەکەی خۆی کە ((تۆ دۆ هیبا)) بوو

بداتیٚ، پاش مەرگی ئەمنۆفیسی دووەم بووە خێزانی ئەمنۆفیسی چوارەم، ئەویش ئەوەندەی خۆش دەویست تا ڕادەیێ ناوی نا ((نەفەرتیتی)).

دکتۆر جەمال چەند ناوێکی ترمان بۆ ساغ دەکاتەوە وەك واشکانی و کۆنترین ڕێژەی جوگرافی ناوی ولاّتی میتانییەکان، هەروەها باسی سوارسوارانیێ دەکات کە (کیکۆل) ناوی نا ((ناڤارتانی ڤاژنە سەیە)) کە نۆ کورسی بووەو مەودای هەر کورسییێك باسی دەکات کە نزیکەی حەوت میل دەبوو، هەروەها شێوە پێشبڕکێیەکە دیاری دەکات کە چۆن بووە لەمەش زاراوەی ((ئەسپا رڤیسە)) ی کۆنی میتانی لە کوردیدا بەشێوەی ئەسپ ڕێز ماوەتەوە. هەروەها ئەو ژمارانەی کە کیکۆل تۆماری کردوون لەگەلّ ژمارەی کوردی ئێستا هاوجووتن، ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕە کە کوردی تاکە میراتگری ئەو زمانەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان زمانی شارستانێتی لە دین‌و سیاسەت لە ولاّتی بالاّدا دروست کرد.

دیارە شاژنە (نەفرتیتی) هاوسەری ئەمنۆفیسی چوارەم دەورێکی گەورەی بینیوە لە ناوگۆڕینی مێردەکەی بۆ - ئاخن ئاتوون - (ئاتوون خواوەندی خۆرە بە زمانی میسری کۆن) ئەمەش بەلّگەیەکە کە خۆی میتانی بووەو لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە لە کۆمەلّەکەیدا باو بووە، بەر لەوەی شوو بە فیرعەونی میسری بکات. گومانیشی تێدا نییە کە ئەو گۆڕانە ئایدیاییە لە ناوچەکەدا پەرەی سەندو زۆر بیروباوەڕی کۆنی گۆڕی پاشان ئاینی تر دەرکەوتن کە باوەڕی کۆنی کوردی کە دیلی ئایدیای میثۆلۆژیی سۆمەرییەکان بوو، بەلاّم ئەو فیکرە نوێیە نەبووە بنچەیەکی ڕۆحی بەهێز لە پێوەندییە مادییەکانی ئەو کۆمەلّگەیانە هەتا تیرە میدییەکان لە ولاّتی چیا بلاّوبوونەوەو ئەو دەورە دینییە گەورەیەی کە تیرەی (ماگ) یەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین نواندیان.. پاش کۆچکردنی ئارییەکان، دەتوانن ئەوە بسەلمێنن کە دەسەلاّت سەندنیە زمانی پیرۆزی کتێبی (ئاڤێستە)و بلاّوبوونەوەی هەندێ تیرەی میدی، ڕاستەوخۆ لەو ولاّتەدا بووە هۆی ئەوەی کە زمانی میتانی لەگەلّ هەندێ زمانی ناوخۆ و، خۆمالّیکردنی بە میدی، بووە هۆی دەرکەوتنی چەکەرەکانی زمانی کوردی.

باسی شەشەم لە ڕێگای هەندێ ناوەوە دەیەوێ بگاتە هەندێ ڕاستی کە ڕێچکەی پێناسینی مێژوویی کوردستان بن و ڕەگوریشەی یەکەمی مێژووی کورد بن کە ئەوانەش لە زمانانی جیهاندا هەن، لەبەر هەندێ هۆی خودی و مەوزووعی، چەند بەلّگەیەکی ئاشکرا و ڕوون ژمارەیەك ناوی کۆنن کە لە زمانی کوردیدا ماونەتەوە، وەك ((ئامۆمۆن، یاخود

ئامۆمۆم)) کە پوختەی بەردی کریستالین کوردەکانی لە چیاو ئەشکەوتەکان دەری دێنن، یاخود (گاگات) کە وەك ((گۆگرد)) ی کوردییە یاخود (گەزگەز). کە دارێکە بۆ تیمارکردنی برین بەکاردێ.

بەشداری کردن لە بەکارهێنانی ئەو وشانە لە زمانی یۆنانی و لاتینی و کوردی کۆنو نوێ دیاردەیەکی کارتێکردنی هیلینزمە لە شارستانێتیی ناوخۆی وڵاتی کوێستان بەر لە تۆمارکردنی ئەم وشانە بە چەند سەدەیەك بە تایبەتی کە مەقدۆنییەکان دەستیان نایە ناو کاروباری ڕۆژهەڵات. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەی دکتۆر جەمال ناونانی - پێنجوینو بیتوێن - نیشانەی دەسەڵات سەندنی شارستانێتی و هیلنستییە لە سەدەی مەقدۆنی سلووقی. بڕگەی یەکەم (پێنج) لە سەردەمی میتانییەوە هەبووە، هی دووەمیش لەگەڵ دەرکەوتنی یۆنانییەکان لەو ناوچەیەدا لە کۆتایی هەزارەی یەکەمی بەر لە زایندا دەرکەوت. ((بیتوێن - بیت وێن)) یش لە کارتێکردنی ئارامییەوە هاتووە.

لەم ڕووەوە کۆمەڵێك ناومان بۆ ساغ دەکاتەوەو شوێنە جوگرافییەکانیش دیاری دەکاتو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر وشەکاندا هاتوون بەیەك دیاری دەکات کە لە بنچەدا چۆن بوون، ئایا کارتێکردنیان پێوە دیارە یان نا؟ لە چییەوە هاتوون، لە کۆنەوە چ بوون؟ ئەم گۆڕانانەش بۆ باری خودی و ئاینی و ڕامیاری و ئابووری و مەوزووعی دەگەڕێنێتەوە. دکتۆر جەمال لەو سێ باوەڕنامە گرنگانە دەکۆڵێتەوە کە ساڵی ١٩٠٥ لە ناوچەی هەورامان دۆزراونەتەوە. دوویان بە پیتی یۆنانیی کلاسیکی نووسراونو سێیەمیان بە خەتی ئارامیی کۆن. کاولی ئەو باوەڕنامانە بۆ سەدەی فرپی دەگەڕێنێتەوەو باوەڕنامەی سێیەم بە دەقێکی پەهلەوی دەداتە قەڵەم کە بە ئەلفبای ئارامی لەگەڵ چەند وشەیەکی سامی نووسراوەتەوە.

نووسەر بە دوورو درێژی لە باوەڕنامەکە دەدوێو بۆمان شی دەکاتەوە ئەو گیروگرفتانە دەسنیشان دەکات کە دێنە پێش خوێندنەوەی پسپۆڕ لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکانی ئەو قۆناغە، ئینجا دەگاتە ئەو بڕوایە کە زمانی کوردی هەر لە سەرەتاوە کەوتبووە ژێر کارتێکردنی دوو جیهانی گەورە لە زمانەکانی هیندی و ئەوروویی و سامی، ئەو جۆرە کارتێکردنەش دەردەخات. هەروەها ئەو دەورانەی کە زمانی ناوخۆی وڵاتی سوپارتۆ یاخود کوێستان پێیاندا تێ پەڕیوەو کە بوونەتە بنچینەی یەکەمی زمانی کوردی هاوچەرخ بەسەر پێنج قۆناغدا دابەش دەکات و یەکە یەکە لێیان دەدوێ. دکتۆر جەمال بەشی دووەمی

کتێبەکەی بۆ کاردۆخییەکان تەرخان کردووە. قسەی (وایسباخ) لە بارەی کاردۆخییەکانەوە بۆ نموونە دێنێتەوە کە گـەلێکن لـە بەرزاییـیـەکانی دیجلـەوە دانیشـمەند بـوونو سـنووری ژووروی ناوچەکەیان لقی گەورەی دیجلە بوو.

گریکەکان لـە کـاتی گەڕانـەوەی دە هـەزار کەسـەکەوە، کاردۆخییـەکانیان ناسـی کـە کسینۆفۆن سەرکردایەتیی کردو بە درێژی خاسیەتی وڵاتەکە وەسف دەکات ((چیای جـودیی ئێستا))و ئەو شەڕە قورسانە کە سوپای یۆنانییەکان تووشی هات لە کاتی کشانەوەیدا - کە ناچار کرا - بەرامبەر ئەو کەسانەی شارەزایەکی چاکیان لە کاروباری جەنگدا هەبوو. باسی چەكو جبەخانەی کاردۆخییەکان دەکات کە بەکاریان دەهێناو دێتە سەر ئەو ڕایە کـە ئـەو کاردۆخ یانە هەرچەندە لە هـەموو لایەکـدا فارسـەکان دەورەیـان دابـوون، بـەڵام توانییـان سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان بپارێزن. کسینۆفۆن دەڵێ: دوانزە هەزار سەرباز پەلاماری وڵاتـی کاردۆخییەکانیان دا، دوا کەسیان لێ قڕکرا، یۆنانییەکان خۆشیان ئەوانەی لەگەڵ کسینۆفۆن بوون کاتی حەو ڕۆژەکە کە بەم وڵاتە تێپەڕین زیاتر زیانیان لێ کەوت لـەوەی لـە هێرشـەو دوورو درێژەکەدا زیانیـان لـێ کـەوت: بـە دەگمـەن پـاش کسـینۆفۆن هـەواڵ لـە بابـەت کاردۆخییەکان تۆمار کراوە.

دکتۆر جەمال هەنـدێ زانیـاری لـەبارەی کاردۆخییـەکان سـاغ دەکاتـەوە بـە تایبـەتی ڕایەکانی سترابۆن کە ئەویش هەمان ڕایەکانی ئیراتو - شنینس دووپات دەکاتەوە کە پڕن لە هەڵە، هەروەها ئەو ڕایانە شی دەکاتەوە کە لە ئەفسانەی لافاوەکـە دەدوێـنو کەشـتییەکە لەسەر کام چیا گیرساوەتەوە، واتە قردو کە لە هـەموو نووسـینەکانی سـریانیدا دەبینـرێ. ناوەکە خۆی لە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز لە لایەن ئورشلیمەوە ((قردون)) و لە نووسینەکانی مەندائیدا ((قاردون))ە.

هەروەها کەشتیی نووح بەڕای نیقۆلای دیمەشقی لەسەر چیای باریس گیرساوەتەوە.

بەشی سێیەم لە پێوەندیی کورد بە کاردۆخییەکانـەوە دەدوێ کـە تەمومـژ بـە گشـتی مێژووی گەلی کوردی لە کۆنەوە تەنیوەو ئەو تەقەلایەی کە دراوە خاسـیەتە نەتەوایـەتی و چەندیەتیی بنەمایەکانی کە نیشانەکانی ئەم گەلەی ئێستا دیاری دەکەن لە پێشەوە ناونانی نەتەوایەتی - لەگەڵ ئەو ناوانەی بە شێوە لێکەوە نزیکن بە تایبـەتی، گشـتیان بەیەکـەوە دەبەستێتەوە، پاشان شیکردنەوەی ڕەوتی ئەو مێژووە تەنیا لە ناو ئەو ناوانەدا دروستکردنی چەند ڕایەك کە پشت بەو باوەڕە خودییە دەبەستن لە گەشەپێدانی یاخود ونبـوونی هۆیـەکی

سەرەکین بۆ دەرکەوتنی ناکۆکی لەنێوان تیۆریی ئەو کەسانەی پسپۆڕییان هەیە لەو لێکۆڵینەوانەدا لە بابەت ناونانی ڕەسەنی ئەو نەتەوەیە، وەك لەناو کۆڕەکانی جیهانیدا دیارە کوردەکان سەر بە کاردۆخییەکانن، هەشە دەڵێ کە دەگەڕێنەوە سەر کیرترییەکان. درایڤەر ویستی ئەم دوو ناونانە بە هەموو ئەو ناوانەوە ببەستێتەوە کە لە ڕەنگ و ڕوخساردا لە گەڵیاندا نزیك دەبنەوەو هەوڵی دا کە پێوەندی ئیتمۆلۆژی نێوانیانو ناوی ئێستای کورد بدۆزێتەوە. هێشتا ئەو ڕایانە باون بەوەی کە کاردۆ - خ + وێ دانیشتوانی کۆنی ناوچەی ئێستای بۆتانن.

دکتۆر جەمال ڕایەکانی کوردۆییف شی دەکاتەوە کە لە بابەت وڵاتی کاردۆخییەکانەوە چی وتووە، کە هەموو ئەو تیۆرانەی پەیوەندییان لەنێوان کوردی کاردۆخی نێوان هەردووڵاو نێوان کازداکای سۆمەری لە لایەكو نێوان ئەو ناو لێنانەو زاراوەی سامی کاردۆ کە بە مانای بەهێز یاخود جەنگاوەر دێ، دۆزیوەتەوە پووچەڵ دەکاتەوە، ئەویش ئەو تیۆرەیە کە درایڤەر لەمەوبەر پشتی پێ بەستووە هیی ئەوە نییە لایەنگیریی بکەین، چونکە درایڤەر کورد بەو کەسانە دەداتە قەڵەم کە جۆرە زمانێکی ئێرانی بەکاردێنن ئەم ڕایەش دوورە لە واقیع.

هەروەها کسینۆفۆن بە ڕوونی وڵاتی میدیا لە ناوچە شاخاوییەکان جیا دەکاتەوە، گریمان کە کوردەکان ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە سەر کاردۆخییەکان بە کوردی قسەیان کردووە ئەو حەلە دەبێ ئەو تیۆرە پشتگوێ بخەین کە کورد هەر نەبێ چ وەك گەل چ زمان دەگەڕێنەوە سەر میدییەکان هەروەکو مینۆڕسکی لەو ساڵانەی دوایی ژیانیدا ویستی بیسەلمێنێ. لەگەڵ ئەوەش دەبێ ئەوە بڵێین کە میدییەکان کەم یا زۆر ڕاستەوخۆ کاریان کردە سەر گۆڕینی ڕوخساری دانیشتووانی ناوخۆیی غەیری ئێرانی لە ناوچە شاخاوییەکانی ژووروی وڵاتی نێوان هەردوو ڕووبارەکە و ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك.

لەبەر ئەوە نابێ باوەڕ بە ئێرانیەتی کاردۆخییەکان بکەین، لەگەڵ گۆڕانی خاسیەتە نەتەوایەتییەکانیان پاش سەدەیەك، سەرەڕای ئەوەش کە ئەوان بە جیا لە تیرەکانی ئێرانی ناوبراونو نە سەر بە وڵاتی ئێران بوون نە ئەرمەن.

دکتۆر جەمال بە مەندەش ناوەستێ، بەڵکو کۆمەڵێك ڕاو سەرچاوەی تریش شی دەکاتەوەو نەژادی کورد ساغ دەکاتەوەو دەمانخاتە ئەو قەناعەتە کە کوردەکان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا نەهاتوون وەك کیرتییەکان یاخود کاردۆخییەکان یا کاداکا

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڵکو پێوەندییەکی ڕەگەزی و شارستانییەتیان لەگەڵ گشت ئەو کۆمەڵانەو دانیشتووانی کۆنو وڵاتەکەیانەوە لە چەند قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودا هەیە. هەروەها کورد شێوەیەکی گەشەسەندووی ناوی کادۆ یاخود کردۆ (قردۆ) نییە، وشەی کوردیش پێش گەلی کورد کەوتووەتەوە کەوا بە مانایەکی تایبەتی بەکارهاتووە، بەر لەوەی مەرجی نەتەوایەتیی تێدابێ.

بەشی چوارەمی لێکۆڵینەوەکان ((دەوری کرت))ە لە مێژووی کوردا، دکتۆر مەکنزی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمەڵەی زمانان ساڵی ١٩٦١ ئەوەی باس کردووە کە ((تاکە ئیشارەت پێدانی ئاشکرا و ڕوون لە بابەت کوردەکانەوە بەلای کۆنە نووسەرانی بەر ئەم سەدەیەمان وا دەردەکەوێ کە ئەوەی دوابەدوای یەکەوە هاتووە لە پۆلیبۆس‌و لیڤی و ستراباۆوە کە لە کرتەوە دواونو وەك دکتۆر جەمال دەڵێ بێ گومان مەبەست ((کیرت))ە، دوو مێژوونووس یەکەم لە زمانی تۆفیق وەهبییەوە وایان باس کردوون کە تیرهاوێژی چەکداری یەدەگ بوون لە سوپاکانی مادی ئاسیای بچووکدا. کەچی ئەوی سێیەم ناوی ناون ((شاخاویی سەرەتایی دانیشتووی وڵاتی مادو ئەرمینیاو فارس)) ئەمە ئەو ڕایە دەسەلمێنێ کە لە نووسینەکانی ئەو ڕۆژهەلاتناسانەوە هاتووە کە دکتۆر جەمال لەمەوپێش ناوی هێناون.

لە ڕاستیدا دەنگوباسی کیرتییەکان لە تەك تیرەی دیکەوە هاتوون وەك کاردۆسییەکانو ماردییەکانو دێلەمو تیرەی تر کە لە ناوچەکانی ئەترۆپاتینا ((ئازەربیجان))و ئەو لەوەڕگایانەی کە کەوتوونەتە باشووری دەریای قەزوین، هاتوچۆیان دەکرد و ڕێکخستنی کۆمەلایەتی و ئابووری کە مۆرکی شوانکاریی جەنگاوەریان پێك هێنا ((ئیمپڕاتۆریەتەکانی ئێرانی و ڕۆمانی زۆر جار سوودیان لێ بینین)).

دکتۆر جەمال ڕای وایە کە هەرچەندە ڕووداوی ڕاست کە پێوەندیی بە تیرەکانی کیرتییەوە هەیە لە تۆماری سیریانی مەسیحی نووسراونەتەوە کەچی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نیشتمانێکی دیاریکراوی ئەوانە نیشان نادات دەنگوباسەکانیان وەك سوارەکانی تیرەو خێڵی ڕەوەند هاتوون لە ڕۆژئاوای ئاسیای بچووکدا بلاوبوونەتەوە ((واتە ناوچەکانی ژووررووی وڵاتی ئێستای کورد)) کە لەبەر چەند هۆیەکی ئابووری‌و سیاسی بووە مەڵبەندێك بۆ بلاوبوونەوەی چەند کۆمەڵە شوانکارەی جەنگاوەر، بە چەند دیالێکتێك دەدوێن زمانەکەیان دەگەڕێتەوە سەر جیهانی زمانی هیندو ئێرانی کە بووە بنچینەیەکی دیالێکتیکی کرمانجی ژووررووو لە سەردەمی میدییەوە.

مینۆڕسکی لە کاتی خۆیدا لەو باوەڕەدا بوو کە کوردەکانی زازا لە ژوورووی دیاربەکرەوە تا سنووری پالوو دەرسیم بە خۆیان دەوت دیملی، هێشتاش ئەوانەی بەدیالێکتیکی زازای کوردیی ئێستا دەدوێن بەخۆیان دەڵێن (دیملی)، وا دیارە خێڵی (دومبۆلی)، لە ناوچەی خۆی (کوردستانی ئێران) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە پێوەندیی بەو دیلمانەوە هەیە، بەرمەکییەکان بەوە ناویان دەرکردبوو کەسەر بە خێڵی ((دنبلی)) ن.

کارل هەنك ئەوە دەسەلمێنێ کە هاوجووتی ناولێنانی دیلمی ((ناوی نەتەوایەتیی زازا)) یە، هەروەها ناولێنانی زمانەکەیان لە لایەن ئۆسکارمانەوە دەستی پێ کرد، ئەنترانێکی ئەرمەنیش لە شیکردنەوەی زمانەوانیدا گەیشتە هەمان ئەنجامەکانی ئۆسکارمان. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون ئەوە دەسەلمێنن کە زازا خۆیان بە ((دیلمی)) ناو دەبەنو بە دیالێکتیکی غەیری تورکی دەدوێن. کەچی لە کاتی خۆیدا گەڕیدەی عوسمانی ئۆلیا چەلەبی بە هەڵە چووە کە گوایە ئەو ((دومبلی)) یانەی لە دەوروبەری گۆمی ئۆرمیا دەژین تورکمانو بە تورکی دەدوێن. بەڵام گەڕیدەی ئێرانی ((نعمت الله شیروانی)) توانی واقیعی (دونبلی) ئەوانەی لە ناوچەی خۆیدا هەن ساغ بکاتەوە کە کوردن، لە ڕاستیدا (دیلم) لە کۆنەوە لە ناوچەی بەرزی گیلان، باشووری دەریای خەزەر تا گەیشتە شاخە بەرزەکان لە باشوور تا سنووری تەبەرستاندا هەبوو، بەڵام ئەم ناوە لە ڕووی جوگرافییەوە پەرەی سەند، هەروەها خێڵە دێلمییەکان بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کرد، بۆلیبۆس وەك دراوسێی باکوری میدیاو نزیك کاردۆسییەکانو میتانییەکان ناوی هێناون.

دکتۆر جەمال ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو ڕاپۆرتەی درایڤەر ئەگەر ڕاست بێ کە شوێنی جوگرافیی وڵاتی کارداری سۆمەری لە باشووری گۆمی وان دیاری دەکات، ئەوە تا ڕادەیەك لەگەڵ شوێنی کاردۆخییەکان کە وایسباخ شوێنەکەی دیاری کرد بە پێی قسەکانی کسینۆفۆن، دەگونجا، کە ناوچەی بوهتانی ئەمڕۆیە، بەڵام ئەم شوێنە پارچەیەك لە وڵاتی گوردۆیای پێك دێنێ کە بە سترابون ناوی بردوون. هەروەها لە ڕووی ساغکردنەوەی وشەی (جودی) یەوە کە کەشتیی نووح لەوێدا گیرساوەتەوە، دکتۆر جەمال دەگاتە ئەنجامی کە وەرگێڕانی عەرەبی ((گودی)) یە، وشەکەش لە ڕێگای نووسەرە ئارامییەکانەوە کراوەتە عەرەبی، ئەو چیا بەرزەش لە وڵاتی قردۆیەکە بە ناوی - گودك - ی ئەرمەنی بە دەستمان گەیشتووەو وێنەکەی نزیك جودی، زۆرن، ئەویش زۆزانی کوردییە کە بە مانای لەوەڕگای بەرز دێت. لەلایەکی ترەوە ناوهێنانی ((ئارارات)) لە کتێبی ((العهد القديم)) ڕاستییەکەی

پێشوو هەڵناوەشێنێتەوە ئەگەر زانیمان مەبەست لە ناوی ناوبراو وڵاتی ئۆراتۆیە کە لە نـاو بەرزاییەکانیدا ئەك ((گودك))ە، دەگرێتەوە. لـە حاڵـەتی هـاوجووتیی وشـەی ((قـردۆ)) لەگەڵ ناولێنانی (کورد) ماد بین وەك مامۆستا تۆفیق وەهبی سوورە لەسەر لایێکـی، ئـەو حەلە وشەی (قردۆ) بەشێوەییێکی مەنتیقی میدی (مادی) یە، ناوچەکە خۆی بەشێك دەبـێ لە وڵاتی مادییەکان ((میدیا)).

یووسف فلاوی و تاتسید لەو ڕایەدان کە خێڵە جەنگاوەرە بەهێزەکانی ئالان لە قەفقاس‌و میدیاو ئاسیای بچووك‌و ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیدا بڵاوبوونەوە، هیچ سەیر نییە کە بە چـەند کۆمەڵێکی خێڵەکانی جەنگاوەری تر گەیشتوون کە سەر بە هەمان جیهانە لە ڕووی زمان‌و ژیارییەوە وەك دێلم‌و ماردییەکان و غەیری تر لە کورد. لەبەرئەوە ئێمە دەتوانین پێشبینیی بەشدارکردنی خێڵەکانی ئالان بکەین لـە دەرکـەوتنی چـەکەرەکانی نەتەوایـەتیی کـوردیی پێوەند بە مەسەلەی زمانەوانی ئەدەبیاتەکانی، سەرەڕای ئەپنۆکرافیی دانیشتووانی ژوورووی کوردستان، چاکترین بەڵگەش بۆ ئەوە دەوڵەمەندبوونی ئەدەبی کوردی کرمانجیی ژوورووە بە داستانی شیعری مەردایەتی و جەوانمەردی کە شەخسـیەتی ئـالانی ((مـەم)) دەوری تیـادا دەبینێ.

لە ڕاستیدا حەوت گوندەکەی کورد کە ناویان لە کتێبی ((سنووری جیهان))دا هـاتووەو لە دەشتەکانی ئەندخوژی (ناوەڕاستی ئاسـیا) بـەر لـە سـەدەی دەیـەمی زاینیـی هـاتووە پاشماوەی ئەو یەکە ئالانییانەن کە کۆچیان بۆ ڕۆژئاوا کـردو لەگـەڵ خێڵـی خـاوەن زمـانی ئێرانی تێکەڵاو بوون.

دکتۆر جەمال تیئورەکەی هەر یەك لە نۆلدکەو هارتمان‌و وایسباخ ڕاست دەکاتەوە کە لە بابەت کیرتییەکانەوە دەریان بڕیوە کە باپیرانی کورد تەنیا کیرتییەکان نین، بەڵکو دەورێکی گـەورە دەبیـنن لـە تـەواوکردنی دەرکـەوتنی نەتـەوەی کـورد لەسـەر شـانۆی ڕووداوە مێژووییەکان لە ژووروی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکـە و ڕۆژهـەڵاتی ئەنازۆڵـدا، سـەرەڕای دیالێکتێك لێك نزیکی کە زەمانێکی پێشتر تیادا دانیشـمەند بـوون کـە توانییـان خۆیـان بەسەر زمانی ناوخۆیی بچەسپێنن کە سەر بە جیهانی هیندو ئەورووپی نـین‌و گومـانی تێـدا نییە کە کرتاوییەکان بوونە بەشێك لە نەتەوەی کورد پێش دەرکەوتنی ئیسلام.

دوابەشی کتێبەکە لە ((چەمکی کوردو کرمانج لە مێژوودا)) دەدوێ کـە کـورد، نـاوی نەتەوەی گەلی کوردی دانیشمەندە لەو وڵاتە شاخاوییەی کە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئـاوای

ئێرانو ژووررووی عێراقو چەند بەرزەکێکی زەقە لە ژووررووی سوریادا، ئەو ولاتەش پێی دەوترێ کوردستان واتە ولاتی کوردان - کورد - سنووری ڕامیاریی نییەو لە نەخشەی میریدا سنووری بۆ نەکراوە، هەر بەشێکیان لەو بەشانە پارچەیەکە لەو دەوڵەتانەی ناومان هێنان. ناوی کورد بە چەند شێوەیەکی جیاواز هاتووەو بە پێی خاسیەتی زمانی گەلە دراوسێیەکانی کورد، بۆ نموونە: (کرد) کۆیەکەی (کوردها) یە لە کن فارسەکان و (کیورت) کۆیەکەی ((کیوتلر))ە لە لای تورکەکان.

بەڵام کوردەکان خۆیان لە تەك کوردەوە ناوی (کورمانج یاخود کرمانج) لە زۆر ناوچەی ژووررووی ولاتەکەیان دەنێن و (کورمانجی یا کرمانجی) لە زمانی نەتەوایەتیمان دەنێن. بەڵام پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و گەشەکردنی پێوەندیی ئابووری لە ولاتەکەیان پشتگیریی ناولێنانی یەکەم (کورد) دەکەن کە بەرە بەرە شوێنی گونجاوو لەباری خۆی لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا کردووەتەوە، سەرەڕای بەکارهێنانی لە دەرەوەی کوردستاندا تەنیا بەو ناوە. ئەوەی کە زانراوە کورد لە لایەنی جیاجیاوە واتای ناوێکی گشتی کۆمەڵێك مرۆڤایەتی کە خاوەن خاسیەتی نەتەوایەتی دیارکراوە بە چەند قۆناغێکی مێژوویی ئاڵۆزو تێك ئالاودا تێ پەڕیوە، کە چەند گۆڕانێکی جۆریەتی بەسەر چەمکی ئەم ناوەدا هاتووە. بەڕاستی ئەمەش دکتۆر جەمال ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە وشەی کورد بەر لە وشەی (کرمانج) بووە، وشەی (کورمانج) لە هیچ سەرچاوەیەکی سریانی یا عەرەبی یاخود ئەرمەنی و زمانی تر تۆمار نەکراوە (کورد) وشەیەکی کوردیی ڕووتە هەر تەنیا لە لایەن کوردەکانەوە خۆیان تۆمارکراوەو ناوی نەتەوەیی گەلی کوردە لە زمانی کوردیدا، کرمانج چینێکی دەسەلات بەسەر سەپێنراوە لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی کورد وەك وشەیەك لەگەڵ دەرکەوتنی دەرەبەگایەتی لە کوردستانو گەشەسەندنی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان تیایا لە ژیانی شوانکارە و کۆچەرییەوە بەرەو دانیشمەند بوون گیرسانەوە، دەرکەوتووە. ((وا بزانم هێشتاش لە هەندێ ناوچەدا وشەی کرمانج باوەو بەکاردێ، لای شارستانی خەڵکی لادێو گوند بە کرمانج دەدرێنە قەڵەم. ((ك. غ)).

بەم جۆرە چەند ترووسکەیەك ڕووناکیمان خستە سەر کتێبە بە نرخەکەی دکتۆر جەمال ڕەشید کە گومانی تیا نییە بە گیانێکی زانستی و مەوزووعییانە لە زۆر شتی کۆڵیوەتەوە کە پێوەندییان بە زمانو خاكو نەژادی کوردەوە هەیەو بە پێی لێکدانەوەو شیکردنەوەی خۆی ئەو ڕایانەی لەبارەی کورد وتران ناچنە خانەی ڕاستی و بە بەڵگەی پتەوی مێژوویی

پووچەڵی کردوونەتەوە و، ئەو ڕایانەی کە بە لایەوە مایەی پشت بەستن‌و جێی متمانەن پەسندی کردوون. ئەم چەند لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەمان ڕادەکێشێ کە زۆر وشەو زاراوەو ناوی ناودارو گەورە پیاوان‌و بنەماڵەو تیرەو هۆزی دیارو سەربەرز لە بنەچەکەدا کورد بوون بەڵام گۆڕانیان بەسەرا هاتووەو لە سەرچاوەکەی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە یاخود وا دراونەتە قەڵەم کە کورد نین، ئەمەش لە ڕاستیدا پێشێل کردنی تەواوی واقیعی مێژوون‌و پێویست بەشیکردنەوەی زانستانە دەکات.

ئەم کتێبەی دکتۆر جەمال مایەی لێکۆڵینەوەو دەمەقاڵێیەکی درێژە وا پێویستە، کە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر بکرێ‌و شیاوی توێژینەوە ی گەلێ وشەیە کە بخرێنە بەر تیشکی زانیاری. کتێبێکی ئاوا هەڵبەتە شوێنی دیاریکراوی خۆی لەناو کتێبخانەی عەرەبی دەکاتەوەو بەم کارە نووسەر خزمەتێکی گەورەی نەتەوەی کوردی کردووەو شیاوی ئافەرین‌و سوپاسە، هیوادارم کە لەو بوارەی بۆی لواوەو تیایدا پسپۆڕی هەیە لە بەرهەمی بە پێزو ڕەنجی هێژای خۆی خوێنەری کوردیش بێ بەش نەکات.

## که ناو دەبێتە پێناسەی نەتەوەیی و مۆرکی ڕەسەنایەتی
## چار چییە بەرامبەر شێواندنی؟

ناو لێنانی ئەو منداڵەی لە دایك دەبێ پێوەندی بە باری دەروونیی باوكو دایـك و ڕەوشـی ئابووری و ئاسـتی ڕۆشـنبیری و واقیعـی کۆمەڵایـەتی و ژینگـەوە هەیـە. ئەگـەر باوکەکـە مرۆڤێکی ڕۆشنبیر بێ، دوای بیرکردنەوەو زانینی ناوەکە لە ڕووی واتایەوە ناو لە منداڵەکـەی خۆی دەنێ، خۆ ئەگەر مانای ئەو ناوە کە لە دایکبووەکەی دەنێ نـەزانی ئـەوە بەشـێوەیەکی لاساییکەرەوە ناوەکەی لێ دەنێ، جا ئەگەر ناوەکە کوردی نەبێ، عارەبی بێ ڕەنگـە نـاوێکی وای لێ بنێ کە مانایەکی دزێو ببەخشێ.

سەردەمێك باوو باپیران هەندێك ناوی عەرەبییان بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژارد بێ ئەوەی لە ماناکانیان بگەن، لە کاتێکدا بەر لە سەرهەڵدانی ئاینی مەسیحی و ئیسلامی نـاوی کـوردی باو بووە وەك زەردەشتو هەزار ئەسپ، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسـلامیش نـاوی (گـاوان) هەبووەو بووەتە موسڵمانیش یەکێك بووە لەو کەسانەی کە زۆر نزیك بووە لـە پێغەمبـەر (د.خ)، ناوەکەی خۆی نەکردووەتە (الراعي) و ئەو داوایەشی لێ نـەکراوە کـە ناوەکـەی بگـۆڕێو بیکاتە عـەرەبی، یاخود ناوێکی تری لێ بنێن. کە خوا لە قورئانی پـیرۆزدا دەفـەرمووێ (یـا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکـرمکم عنـد الله اتقـاکم) بەم پێیە ئەو گەلانە، ئەگەر یەك ئاینیش بن، بە کۆمەڵێ زمان دەدوێن، هەر نەتەوەو گەلەش بە زمانەکەی خۆی ناو لە ڕۆڵەکانی دەنێ. وەك (شێردڵ) کـە عـەرەب کردوویەتییـە (اسد الدین).

بەر لە سەرهەڵدانی دینی ئیسلامی، عەرەبەکان کە لە بیاباندا دەژیان یا لە شارەکانی وەك مەککەو مەدینە و.... ناوی سەیر سەیریان لە منداڵەکانیان دەنا، چونکە لەو باوەڕەدا بـوون ئەگەر ناوێکی خراپ لە منداڵەکانیان بنێن ئەوە منداڵەکە دەژی، بـۆ نموونـە (عثمـان): واتـە سووسە مار، توولە مار، (معاویـة) دەڵەسەگی حەپیو، (جریر): پـەت، (عفـان): زۆر بۆگـەن،

(حنظلة): گولژارك، (كلثوم): گووپن، (بتول): ئەو کچەی وازی لە شووکردن هێناوە.. تەنانەت هێشتاش لە هەندێ شوێندا کە دایکەکە هەر، کچی زۆر دەبێ، هاوسەرەکەی ئەوەندە لە ڕەوشی خۆی بێزارە ناو لە کچەکەی دەنێ (بسعاد)، واتە ئیتر بەسەو یا هەندێ ناوی دزێو یاخود بێ ئەوە مانای ناوەکەی بزانێ کە لەگەڵ منداڵەکە ناگونجێ وەك (جحيش): جاشوولکە، (چلوب): گوجیلە... سەگ. (مرحاض): واتە أ .ث، (اخطل): بێ ڕەوشت... گوێدرێژی سۆر. (سرحان): گورگ. (خديجة): منداڵی نا کامل، (فاطمة): لە دایك بڕاو... لەشی کراوەو چەندین ناوی تر کە لەگەڵ ڕۆحی سەردەم ناگونجێن، یاخود پەیڕەوکردنی داوو نەریتی کۆنە.

ناو بە پێی گۆڕانی واقیع هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ، بۆ نموونە کورد و غەیری کورد، کە پیاوێکی ناودار، یاخود ئافرەتێکی ئازاو شۆڕشگێڕ، ئاشتیخواز، کاروکردەوەی دەگەیشتە لای ئێمە، منداڵەکان بەو ناوە ناو دەنران وەك، غاندی، نەهرۆ، تانیا، ئەسکەندەر، دارا،... هتد.

کورد لە واقیعی کوردستاندا ناوی بەکارهێناوە، بۆ نموونە: شێرکۆ، زمناکۆ، سمکۆ، کە پەیوەندییان بە ئازایەتی و ژینگەی شاخاوییەوە هەیە.

هێرش، شۆڕش، هەڵمەت، شالاو، هەڵۆ، نەبەز، قارەمان، جوامێر، جەنگی، جەنگاوەر، دلاوەر، دلێر، سەردەمی ڕاپەڕینو شۆڕش.

ئاشتی، ئاسایش، ئازاد، سەربەست، هێمن، ئاسوودە، کاتی سەقامگیربوونی ئاشتی و ئاسوودە بوون.

گولالە، گوڵە باخ، خونچە، سیابۆ، هەلالە، هێرۆ، شەوبۆ، ڕەیحان، وەنەوشە، کە کارتێکردنی سروشتی کوردستانیان پێوە دیارە.

سروە، شەماڵ، شەونم، تەرزە، ڕەهێڵ، زریان، برووسك، بەفرین، لە سروشتی ئاوو هەوا وەرگیراون.

گەڕیدە، کۆچەر، ڕەوەند، دەشتی، دێهاتی، شوان، گاوان، سەپان، جووتیار، باغەوان، ئاودێر، ئاوەدڵ.. ژیانی کۆچەری و کشتوکاڵو مەڕداری.

زرینگ، چالاك، هوشیار، چاپووك، چوستی، وریا، بەهرە، هونەر.. کە تەعبیر لە زیرەکی و چالاکی دەکەن.

دلزار، بێزار، بیمار، پەرۆش، غەمگین، غەمناك، غەمبار، ڕەنجەڕۆ، ڕەنجدەر، ڕەنجبەر، بەڵگەن بۆ بارودۆخی ناهەمواری ژیان.

لەم ڕووەوە ناو تا بڵێی زۆرن، زۆر ناویش تەعبیر لە عەقڵییەتی شارستانی و ژیاری دەکەن، ئەمڕۆ بە دەگمەن پیاوێکی کورد دەبینی ئەگەر مانای وشەکە نەزانێ ناو لە منداڵەکەی نانێ، کە ناویشی لێ دەنێ قەناعەتی پێ هەیە، ناوێکی کوردی ڕەسەنیش هەڵدەبژێرێ، یاخود چەند ناوێك دەخاتە ناو توورەگەیەكو ناوێك دەکێشێ، ڕێکەوت یەکەمین ناو چ دەرچوو، ئەو ناوە لە منداڵەکەی خۆی دەنێو لێیان پەشیمان نییە، کاتی خۆی وەچەکانی بەر لە ئێستا کە باوکەکان ناویان نابوون، مانای وشە عەرەبییەکەیان نەدەزانی، بۆیە ڕابەرانی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەریی کوردی ناوی کوڕ و کچەکانی خۆیان، بە کوردی ناو دەنان، بۆ نموونە (مامۆستا گیوی موکریانی)، ئەو کاتە کە من لە سالآنی خوێندنم لە هەولێردا (١٩٥٧ - ١٩٥٨) قوتابی دواناوەندی بووم هاتوچۆم دەکرد، پێوەندیم لەگەڵیدا باش بوو، بەڵام زۆری پێ ناخۆش بوو کە ناوم (کەمال)ەو دەیگوت ئەوە باوکت بە ناوی (مستەفا کەمال) ناوی ناوی، لە جیاتی تۆ بم تەنەکەك نەوت بەخۆم دادەکەمو خۆم دەسووتێنم، پێم دەگوت: مامۆستا لەم ناو لێنانە من بەرپرسیار نیم، هەر بۆیە هەستی نەتەوەیی مامۆستا گەیشتە ئەو ڕادەیە کە ناوی منداڵەکانی بنێ: خونچە، شیرین، کوردستان، کوردۆ، ئازاد...

لە بیرمە لە ناوەڕاستی چلەکاندا لە کۆیە قوتابیی سەرەتایی بووم برادەرێکمان هەبوو ناوی باپیر بوو، ناسیاویان لە گوندی کونەفلووسە هەبوو، حەمەد بەگێك کە باپیری دەناسی دەیگوت باپیر تۆ کوڕێکی باشی، بەڵام نێوەکەت زۆر ناخۆشە.

هەروەها دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨، قوتابییەکی کوردپەروەر لە کۆیە ناوی (سەبغـة اللّٰه) بوو کوڕە مەلاش بوو، دەیویست ناوەکەی خۆی بگۆڕێ بیکاتە کوردی، یا ناوێکی دیکەی بۆ هەڵبژێرێ.

کورد نەك هەر تەنیا حەزی بە ناوی کوردی کردووەو دەکات بەڵکو تەنانەت ناوی عەرەبیشی کورداندووە، بۆ نموونە حکمت: حیکۆ، حەکۆ، مەحموود: بووەتە، مەحموو، خولە، حوودە، ئیبراهیم: ئیبۆ، ئیبرە، ئەبرەهە، بلە. عبدالله: عەولا، عەبە، عەبۆ، عەبدە، کاکەولا، لێرەدا دەمەوێ بپرسم پەندو حیکمەت لە گۆڕینی ناوی کوردی و کردنی بە ناوی عەرەبی چییە؟

کە ئەم گۆڕینە مێژووەکی زۆر لە ژیانی ئەو کەسە ڕەش دەکاتەوە کە ناوی خۆی دەگۆڕێ، دەپرسین بۆ دەیگۆڕێ؟ ئایا ناوە کوردییەکەی مایەی شەرمەزاری و سووکایەتییە لە بۆی تاکو بیگۆڕێ؟ دەکرێ لە شەرمەزاریدا بیگۆڕێ...

سالآنی ١٩٦٤ - ١٩٦٧ مامۆستا بووم له عماره بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی کارێکی بەدڕەوشتی کردبوو، له لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەدا تۆمەتەکە سەلمێنرا، بەلأم توانیی واسیتەیەکی وا بکات، که سزاکەی به ناوێکی ترەوه بدرێ، بۆیه ناوەکه (حازم) بوو کردی به (سیڤن). بەلأم ئەو کوردەی ناوەکەی خۆی کە پێی ناسراوه، بۆ دەیگۆڕێ؟ چ شتێك له خەرمانی ژیانەکەی زیاد دەکات، ئایا ئەگەر ناوەکەی خۆی که کورده دەشۆرێ، بەم ناو گۆڕینه خێراتو حەسانەتی پتر دەبێ؟ که کابرایەکی مەسیحی (حنون) ناوێك بووه موسلّمان، چ ئیزافەیەکی بۆ ئیسلام کردو مەسیحییەکان چ زیانێکیان پێ گەیشت؟ ئایا شاعیرەکه حەقی نەبوو بلّێ:

مازاد حنون في الاسلام خردلة
ولا النصاری لهم شغل بحنون

مادامەکی کابرایەکی بێ کەلّك بوو، هەردوو لا پێویستییان پێ نەبوو، بەلای منەوه، ئەو جۆره ناو گۆڕینه، له باوەڕ و ئیمانەوه نەهاتووه، بە قەد ئەوەی له ئەنجامی کارتێکردنی داراییەوه هاتووه، که ئەو جۆره کەسانه بۆ بەرژەوەندیی خۆیان نەك هەر تەنیا ئامادەن ناوی خۆیان بگۆڕن، بەلّکو نەتەوەش بگۆڕن، ئەگەر پارووەکه چەورتر بێ دینی خۆشیان بگۆڕن، ئەوه له کاتێکدا ئەو کورده ئەوەنده دلّسۆزی زێدو مۆرکی نەتەوەیی خۆی بوو که ڕژێمی بەغدا ده هەزار دیناری دەدا به هەر خێزانێكو خانووێکی پێ دەبەخشی تەنانەت خانەی ناونووسینی له دایکبوونیان له زێدی خۆیانەوه بۆ شارێکی ناوەڕاستو باشووری عێراق بگوازنەوه، کەچی ئەو هەلّفریواندنەیان ڕەت دەکردەوه.

یەك له باری خۆم ئەوەنده دەستم به ناوه کوردییەکانی کوڕ و کچەکانمەوه گرتووه، تا ڕادەیەك ڕێنووسەکەی هەر ناوێکم به کوردی نووسیوه، بۆ نموونه (مەزن)م بەو شێوه نووسیوه، نەك ڕۆژێ له ڕۆژان بیکەنه (مازن) که واتای (هێلکەی مێرووله‌یه) ئەوه له کاتێکدا له بەغدا پایتەختی ناوجەرگەی عەرەب هەر چوار کچەکەم لەدایك بوونه ناوەکانیان کوردیی پەتینو تەعبیر له ڕەسەنایەتیی کوردایەتیم دەکەن، که مامۆستاش بووم له بەغدا سەرپەرشتکار دەهاته دیدەنیمو لێی دەپرسیم چ زمانێك دەزانی؟ له پێشەوه زمانی کوردیم دەنووسی پاشان عەرەبی، که من عەرەبییەکەم له زمانه زگماکەکەم باشتر دەزانم، ڕۆشنبیرییەکەم زیاتر

عارەبییە نەك كوردی، نازناوە كوردییەكەشم زاڵە بەسەر نـاوی بـاوكم كـە عارەبییـەو وێـڕای شانازیكردنم بە (ئیمام حوسێن) ی سەروەری شەهیدانی بەهەشت، كە مرۆڤێكی لە خـواترس‌و ئیمانداریكی ناودار بوو، لە هەمان كاتدا بـە شۆڕشـگێڕێكی مـەزنی دەزانم كـە دژی زوڵـم‌و زۆرداری جەنگی و سەربەرزانە شەهید بوو. ئێمەی كورد وەك نەتەوەیەكی پێكهاتەی هـەموو بنەما و ڕەگەزەكانی نەتەوە هەر ئاینێكمان هەبووبێ، ناوی خۆمان نەگۆڕیوەو لە كوردایـەتی خۆشمان نەترازاوین‌و هەر گۆڕینی ناوێكیش‌و كردنی بـە عـەرەبی دیاردەیـەكی ڕەواو دروسـت نییە، بەڵكو تەعبیر لە كزبوونی هەستی نەتەوایەتی و ڕەسەنایەتی كەسایەتی دەكات، ئەگـەر هەنگاوێك نەبێ بەرەو خۆ (تەعریب)كردن، ئەوە لە كاتێكدا ڕۆشنبیرێكی سـوور بـوو لەسـەر بڵاوكردنەوەی زمان‌و ناوی كوردی وەك (جەمال نەبەز) ڕەخنەیەكی توند لەو تابلۆیانـەی سـەر پێشانگاو دووكان‌و گازینۆ گەورانە دەگرێ كە بە عەرەبی نووسراون لە شارێكی وەك سلێمانی، بەر لە نزیكەی نیو سەدە، كەچی ئێستا پڕوپاگەندە بۆ ناوی عارەبی و گـۆڕینی نـاوی كـوردی دەكرێ، بە دووری نازانین ئەگەر ئەم ڕەوشە بەردەوام بێ، زۆر شتی كوردی دەكرێتـە عـارەبی، ئەو كاتە دووچاری دوو تەعریب دەبین، تەعریبی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی حكوومەتی عێـراق بە زۆرەملێ‌و تەعریبی ناوخۆ بە هەڵفریواندن‌و لە خشتەبردن، هەرچەندە كە هـەردوو جـۆریش لێك جیان، بەڵام بە پێی نەخشە داڕشـتن‌و مەبەسـتی تایبـەتی بـەڕێوە دەچـن‌و دیاردەیـەكی سروشتی نین، بەڵكو دەستكردو دژ بـە واقیعـی ئـەتنۆگرافیی كـوردن‌و ئـەنجامی نێگـەتیڤی مەترسیدارییان لێ دەكەوێتەوە.

لە كۆتاییی ئەم نووسینەمدا ڕووداوێك دەهێنمەوە كە لە سەردەمی خەلیفە عومەری كوڕی خەتابدا (ر. خ) پیاوێك دەچێتە لای و داوای لێ دەكات كە ئیشێكی بۆ بدۆزێتـەوە، ئـەویش لێی دەپرسێ:

ناوت چییە؟

دەڵێ: (ظالم سراقة)

پێی دەڵێ تۆ زۆرداری و باوكت دزە، بەخوای داتنامەزرێنم.

گریمان ئەو زۆردارەی كوڕی دزەكـە، یـەكێك بووایـە لـە پیـاوە ناودارەكـانی ئیسـلام، چ باوكێكی كورد ئامادە بوو ناو لە كوڕەكەی بنێ (ظـالم) یاخود (سراقە). چیتریش درێژەی پـێ نادەم، ئەوە نەبێ بە پێچەوانەوە جاری وا هەبووە ناوی عـەرەبی كرابێتـە كـوردی وەك نەبـەز (صامد)، ڕابەر (مرشد) ئاوارە (غریب)، هێمن (حلیم).

# تێڕامانێك لە فیلمی ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەد

گرنگیی ڕۆمانی (ژانی گەل)ی (ئیبراهیم ئەحمەد) بەر لەوەی بکرێتە فیلمێکی سینەمایی لەوەدایە کە سالّی (١٩٥٦) نووسراوە، هەموو بەرهەمێکی داهێنەرانە لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا هەلّدەسەنگێنرێ، بەلاّم کە ئەو سنوورە دەبڕێ. بایەخەکەی زێتر دەبێ، کەوا لە وەرگر (متلقی) دەکات هەلّوەستەیەك بکات لە ئاست تێڕوانینی ئایندەخوازیانەی نووسەر لە پێشبینیکردنی گۆڕانی ڕووداوو بارودۆخەکانو پێشهاتەکان کە گۆڕەپانی سیاسی لە دواییدا بەخۆوە دەگرێ وەك چۆن ویستو خواستی مێژوو لەسەر زەمینەی واقیعدا دەیسەپێنێ.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا تەکنیکی نوێی لە دارشتنی ڕووداوەکان دوور لە شێوازی لاساییکەرەوەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ، بەکارهێناوە، بەکارهێنانی تەوژمی هۆش، مەنەلۆژیی ناوەوەو تەداعیات لە بنیاتنانی ڕۆمانەکە، جا ئەگەر تەداعییەکە زەینی بێ کە ڕەوتی ڕۆمانەکەو بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکانی بێ، یاخود تەداعیی وێنە بێ، یان بیرۆکە بێت، مامۆستا برایم ئەحمەد دیمەنی پاسەکەمان نیشان دەدات کە پالّەوانی ڕۆمانەکە (جوامێر) لە پێشەوەی پاسەکە ((لەنێوان لێخوڕ و ژەندرمەیەکی لۆزەندەردا دانیشتبوو لەگەلّ دەستی چەپی ژەندرمەکە کەلەپچە کرابوو)). (١)

لەناو دەریای خەیالّدا نقوم بوو کە ڕۆژانی تێپەڕیوی ناو مالّو بەندیخانەو ئەو ئێشو ئازارو ئەشکەنجەی دە سالّ بەندی و کاتی و ژانی کالّێی هاوسەری وەك شریتێکی سینەمایی لەپێش چاویدا تێ دەپەڕن.

دەستپێکردنی ئەم دیمەنە هونەرییە (فلاشباك - دحچچخژچذخ) ە وەك هونەرێکی ڕۆمانئامێز لە کاتی نووسینی ڕۆمانەکە باو نەبوو، تەنانەت لەناو دیارترین ڕۆماننووسی عێراقی وەکو: عبدالمەلیك نووری، فوئاد ئەلتکرلی، نیهاد ئەلتکرلی، ئەدمون سەبری، عبدولڕەزاق ئەلشێخ عەلی، زەنوون ئەیووبو هی تر...

ڕۆمانی کوردی بە سیما هونەرییە نوێیەکانی لە ئارادا نەبوو، تاکە ڕۆمان کە هەبێ بەر لە ڕۆمانی - ژانی گەل - کە لە بنەڕەتیشدا بە پێی بنەما هونەرییەکانی ڕۆمان، ڕۆمانی

(پێشمەرگە) ی ڕەحیمی قازی بوو و ڕۆمانێکی هونەری نەبوو، بەڵام سیناریۆنووسی فیلمەکـە (خەسرەوی سنینانی و جەمیل ڕۆستەمی) پەنایان بـردە بـەر دەرخسـتنی دیمـەنی ژانـی گـەل هاوسەری جوامێر بە گرێدانی بە ژانی گەل لە ڕێگای ئەو خۆنیشاندانە جەماوەرییـەی کـە لـە ڕاستیدا ژانێکی توندترو بە ئازارتربوو، ئاکامەکەی شەهیدبوونو برینداربوونی بـە دەیـان ژنو پیاوو منداڵ بوو، دروستکردنی ئەم هاوسەنگییە گوڕو تینێکی وای بە فیلمەکە بەخشی، کـە هەردوو دیمەن لە ژانەکەدا بەیەك بگەنو لە ئاکامدا لە یەك بترازێن.

ژانی یەکەم بووە هۆی برینداربوونو دەستگیرکردنی جـوامێرو بەنـدکردنی بـە دوو سـاڵو مەرگی هاوسەرەکەی و منداڵەکەی، ژانی گەلیش ئاکامەکەی گۆڕینی شێوازی خـەبات بـوو، پاش ملهوڕی و زەبروزەنگی کاربەدەستانو گوێنەدان بە داخوازییە ڕەواکانی گەل، بۆ خـەباتی چەکداری و پێکهێنانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان.

هەرچەندە ڕۆماننووس ناوی ئەو شوێنانەی بە ڕاشکاوی نەهێناوە، کە تیایاندا ڕووداوەکـان لە بزاڤو گۆڕاندا بوونو دەبن. بۆ چاوبەستەی حکوومەتو تێپەڕکردنی ڕۆمانەکـە لـە ترسـی زەبروزەنگو داپلۆسینو سەرکوتکردنی پیاوانی ئاسایشو لێکۆڵینەوەی سزاکاری، دەرهێنەرەکە شاری سلێمانی و دەوروبەری هەڵبژارد بۆ شوێنی سەرەکیی ڕووداوەکان، بەڵام ئەو گۆڕەپانە تـا دێ فراوانتر دەبێ بۆ ئەوەی ناوچـەی تـر بگرێتـەوە، کـە ناویـان نـاهێنێ، بـەڵام لـە ڕەوتـی ڕووداوەکاندا دیاردەبن، لە شوێنەکانی پۆلیسخانەو بەندیخانەو ئاسایشو شوێنی دوورخستنەوە کە تێکۆشەری سیاسی دووچاری واقیعە تفتو تاڵەکە بووبوون، نموونەشمان دیمەنی گەرماوەکەیە کە چۆن پۆلیس لە (بەدرە) مامەڵەیان لەگەڵ سیاسییەکان دەکرد... هـەروەها فیلمەکـە لـە چوارچێوەی زەمەنێکی سـنووردار نـاجووڵێ، بـەڵکو ڕەنگدانـەوەی مێژوویـەکی دوورودرێـژی زنجیرەی خەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانو عێراقە، لەو بـاوەڕەدام کە ڕووداوەکانو بەسەرهاتەکانی ناو فیلمەکە لایەنێکی زۆر لە ژیانی مامۆستا (برایم ئەحمەد) لە ڕووی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەخۆوە دەگرن، کە خۆی بە ئەزموونێکی دوورودرێـژو دەوڵەمەند تێ پەڕیوە بە کردەوە تێیدا ژیاوەو هەرچەندە نەیویستووە تێڕوانینەکەی بخاتـە نـاو چوارچێوەی بەڵگەنامەی پارێزراو، لەناو ڕۆمانو فیلمەکەدا هاتووە کە هاوسەرەکەی پیرۆزخان بە دەستی پیاوەکانی ئاغای گوندەکەیان کوژراوە، چونکە ڕێگای بە ئاغا نـەداوە زەوییەکـەی لێ داگیر بکات، بەڵام دەبێ ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم، کە جوامێر دەست لە ژنهێنانێکی تر و ماڵ پێکەوەنان دەشوات، گیانی خـۆی دەخاتـە سـەر دەسـتو بـە تێڕوانینێکـی نوێـوە

دەیەوێت بچیتە ڕیزی پێشمەرگە، بەڵام بەر لەو کارە بە بەشێك لەو پارەی ئـەو خـانووەی کـە ڕژێم تێکی دابوو فرۆشتبووی توانیی کتێب بکڕێ بۆ پێشمەرگەو بە چەکی بـەرگری و چـەکی ڕۆشنبیری بچێتە کۆڕی خەباتی چەکدارانەوە.

گرنگترین خاڵ کە فیلمەکە وروژادنی گـۆڕینو دەسـتکاریکردنی کۆتـاییی ڕۆمانەکەیـە، یاخود با بڵێن جۆرە خستنە سەرێکە بۆ کۆتاییە کە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: ((جوامێر ئەوەندە گریا، هەمووو نامەکەی بە فرمێسك تەڕکرد وەك لە خەوا بێت گوێی لە دەنگـی هاوڕێکـانی بوو بۆی ئەگەڕانو دەیانگوت:

- جوامێر.. کوایت لەکوێ خزاویت، وەرە دەرەوە با بڕۆین، بۆردومان بڕایەوە...

نامەکەی خسـتەوە گیرفـانی سـەر دڵـی و چـاوی سـڕی و بـە ڕاکـردن خـۆی گەیانـدەوە هاوڕێکانی)).[٢]

دەرهێنەر جگە لە نیشاندانی ئەم کۆتاییە بەشێوەی دیمەنێکی تراژیـدی ڕەهەنـدێکی تـر دەخاتە سەری کـە خـوێنێکی نـوێ دەخاتـە جەسـتەکەی، ئـەویش بـەردەوامبوونی خـەباتی سیاسییە، کە ڕەوتەکە پێشمەرگە بەردەوامەو لـە ئاسـۆیەکی دوور دیمـەنێکی ورووژێنـەرمان دەخاتە بەرچاو کە پێشمەرگە چەکی لە شانەو بەرەو ئاسۆیەکی گەش و ڕووناك هەنگاو دەنێن. ئەم کارەی دەرهێنەری فیلمەکە لەوەوە هاتووە کە بە وردی و قووڵی سەیری ڕۆمانەکە بکـەین دەبینین بە زەمەنێکی دیاریکراوو سنووردار نەبەستراوەتەوە، بۆیە فیلمەکـەش پابەنـدی کـاتی سنووردار نییەو ڕۆمانی سینەماییش وێنای ڕابردوو دەکات، هەروەها بـە دەگمـەن ڕۆمانێـك دەخوێنینەوە کە نووسەرەکەی پێشبینیی ڕووداوەکانی ئایندە بکات، جگە لە ڕۆمانی خـەیاڵی - زانستی و ڕۆمانەکەی مارکیز (سەد ساڵ تەنیایی)، بەڵام ئێمە چ لە ڕۆمانەکەو چ لە فیلمەکە ڕووداوی دراماتیکی و ورووژێنەرو مەسەلەی گەورەی سیاسی کە لە دوای نووسینی ڕۆمانەکـەدا ڕوویان داوە، دەبینین، لەبەرئەوە ڕۆمانەکەو فیلمەکە دەچنە ناو قووڵاییی ڕابردوو، پێشـهاتەکانو چەند ڕەهەندو مەودای بەرفراوانو نوێ بـەخۆوە دەگـرن، کـە کۆتاییـیـان نایـە، بـۆ نموونـە ئـەو پێشوازییە گەرمە جەماوەرییە لە تەرمی پیرۆزی شێخ مەحمودی نـەمر، بـووە خۆنیشـاندانێکی گەورە کە ژمارەیەك لە پیاوو ژنو منـداڵی تێـدا شـەهید بـوو، هـەروەها بـەرەی یـەکگرتووی نیشتمانی هاتە کایەوە لەنێوان هێزو پارتە سیاسییەکانی دژ بە ئیمپریالیستی بەریتانی و ڕژێمی پاشایەتی. هەروەها بەرەی دووقۆڵیی نێوان پارتی دیمـوکراتی کوردسـتانو حزبـی شـیوعی لـە عێراق، ئەمانە گشتی ڕێخۆشکەربوون بۆ شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨.

سەرنجێکی تر لە دەرهێنانی فیلمەکە شیاوی هەڵوێستکردنە، ئەوەیە کە دەرهێنەر جێ پێی قوتابخانەی ڕیالیزمی نوێی لە سینەمای ئیتالی هەڵگرتووە، کە ئەم فیلمە فیلمێکی ڕۆمان ئامێزەو لە باوەشی سروشتداو لە دەرەوەی سنووری تەسکدا جگە لە ستۆدیۆدا وێنەی دیمەنەکان و ڕووداوەکان کێشراون، بۆیە ئەم کارە بە هەنگاوێکی بوێرانەو پێشکەوتووی دەرهێنەر لە قەڵەم دەدرێ، چونکە دەرهێنانی دیمەن و ڕووداوەکان، بردنە دەرەوەی گرووپێکی هونەری بە ئامێزەکانەوە بۆ قووڵاییی لادێو بۆ ناوچەکانی دەرەوەی سەنتەری سلێمانی و ڕەخساندنی شوێنی تایبەت بۆ کارێکی سینەماییی زۆر سەرکەوتوو کە دەنگی ڕابردووی زیندووو گەرموگوڕی ئێستای بەرچاو تێدابێ، گەرەکە.

دەرهێنەری لای هونەرمەند (جەمیل ڕۆستەمی) فیلمێکی سینەمایی نوێی کوردی و بە شێوازێکی تازە پێشکێش کرد، کە لە چوارچێوەی لاساییکردنەوەی باو لە سینەمادا دەرچوو، هەندێ دیمەنو وێنەگرتنی بەلاوە ناوە کە خزمەتی ئامانجی گشتیی فیلمەکە دەکەن، بێ ئەوەی لەمپەر بخاتە ڕەوتی گشتیی ڕۆمانەکە وەکو دایەلۆگو درێژدادڕی لە قسەکردن، یا وێنەگرتنی دیمەنی دیاریکراو، گرنگ ئەوەیە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی پاراستووەو لایەنی فۆرمو تەکنیکی فەرامۆش نەکردووە، هەرچەندە ((زۆربەی واقیعییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، بایەخدانی زۆر بە ناوەڕۆکە، نەك فۆرمو تەکنیك، ناوەڕۆك هەموو کات سەر دەفتەرە)) [٣].

هەرچەندە لە پێشەوە جەخت لەسەر ناوەڕۆك دەکرێ، بەڵام دەبێ ناوەڕۆك بەشێوازێکی هونەری دابڕێژرێ کە کاربکاتە سەر خوێنەرو بینەر، واتە پێویستە کە ((هونەر ئایدیۆلۆژیی ڕوون بێ کە یاریدەری چەسپاندنی هۆشیاریی شۆڕشگێڕی هەبێ لەسەر بینەر)) [٤] خوێنەر چ لە ئەدەبدا چ لە سینەماداو چ لە بوارەکانی تری هونەردا بە تایبەتی هونەری سینەما کە هەموو بوارەکان بەخۆوە دەگرێو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، دەتوانم بڵێم وەك دەریایەك وایە هونەرەکانی تر چەند جۆگە و ڕووبارێکن دەڕژێنە ناوی، چونکە بەڕاستی ((سینەما وەك هۆکارێك مەودای دەربڕینی نائاسایی هەیە، لە ڕاستیدا لەگەڵ هونەرەکانی شێوەکاریدا بەشداری دەکات کە خۆی دروستبوونێکی بینراوە، دەکەوێتە سەر ڕووی دوو ڕەهەندو لەگەڵ سینەمادا توانای چارەسەرکردنی بزاڤی ڕێکوپێکی هەیەو لەگەڵ شانۆدا توانای بە دروستکردنی خاسیەتێکی درامیی ڕووداوەکان لەگەڵ مۆسیقادا لە توانای دانانی لە چوارچێوەی ریتم و ڕستەی زەمەنیدا هەیە، هەروەها دەکرێ گۆرانی و ئامێری مۆسیقا لە ئارادابنو لەگەڵ شیعر لە توانای وێنەکان لە تەك یەکتری و لەگەڵ ئەدەبو لە توانای زانینی ئەبستراکتی زانراو، تەنیا لە زماندا، بە گشتی لە ڕێگای شریتی دەنگداریدا)) [٥].

ئەگەر بە وردی سەیری فیلمەکە بکەین ئەو خاسیەتو سیمایانەی ئاماژەیان پێ کرا، فیلمی (ژانی گەل) هەموویان بەخۆوە دەگرێو نووسەری سیناریۆکەو دەرهێنەرەکە بە تەواوەتی ڕەچاوی هەموو لایەکانو پێداویستەکانی فیلمەکەیان کردووە، کارامەیی و شارەزاییان بەکارهێناوە، کە پێشتر ئاماژەیان پێدا، فیلمەکە وەك فیلمێکی ڕۆمان ئامێزی سینەمایی سنووری زەمەنی بەزاندووە، دەبێ بزانین کە سێ لایەن بەخۆوە دەگرێ: ڕابردوو وەك باگراوەندێکی مێژوویی بۆ بەرجەستەکردنی ڕووداوو بەسەرهاتی دراماتیکی و ورووژێنەر، ئێستا وەك ئامانجێکی ڕاستەوخۆ و ڕەگەزێکی درامیی هەڵکشاو لە ڕێگای بەردەوامیی ڕەوتی خەباتی شۆڕشگێڕی و ئاشتیخوازی و چاوبڕینە ئایندە وەك ئاسۆیەکی گەش و ڕووناکیی مژدەبەخشی ژیانێکی باشترو ئاسوودەتری گەلەکەمانو کوردستانێکی ئاوەدانو ئازادو سەربەخۆ.

هێزی تەکنیکیی نوێو خاڵەکانی بۆ پێشەوەچوون لە هێزی وێنەگرتنو دەنگو مۆسیقای وێنەکاری ڕەنگو مۆنتاژو بزاڤی دەرهێنانو نمایشکردن بەشێوەیەکی گشتی خۆی دەنوێنێ، هەروەها سیناریۆکە بەشێوەیەکی خەستو خۆڵو تووندوتۆڵ داڕێژراوە، ئەمە لە ڕێگای ڕووداوەکاندا دەردەکەوێ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە نیشاندانی فیلمەکە بەو شێوەیەی بینیمان شارەزایی و وردەکاریی تێدایە، دەلالەت لەوە دەکەن کە دەرهێنەر لە پیشەکەو ئەرکەکەی خۆی شارەزایە، لەبارەی دەستنیشانکردنی ئەکتەرەکان، بەو ڕۆڵانەی کە بۆیان وێنە کێشرابوون لە ئاستێکی باڵاو قەناعەت پێکردن نواندیان، سەرکەوتنی وەدی هێنا، هەروەها فیلمەکە هەستی ئێمەی پاراست بە زەمەنی ڕووداوەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنی وردی مۆدەی جلو بەرگی پیاوانو ژنانو منداڵانو پۆلیسو مۆدیلی ئۆتۆمبێلی (پاسی دار) و چەکی باوی سەردەمەکان بە پێی ڕووداوەکانو جموجۆڵی کەسەکان، جگە لە بەکارهێنانی هۆشمەندانەو زیرەکانەی ڕووناکی و ڕەنگی خانووبەرەی شارو لادێ و ڕەگەزەکانی گوێبیستنو بینین و یەکەیەکی دینامیکییان خولقاند کە بوونە هۆی ورووژاندنێکی بەهێزی هەڵچوونو کارلێك، بە تایبەتی لە تۆپبارانەکەی چایخانەی گوندەکە کە تاکە شوێن بوو تۆپبارانی وێرانکاریی و بۆمبارانی فڕۆکەکانی ڕژێم بەری نەکەوتبوون، ئەمەش لە ڕێگای دەنگو وێنەدا دەرکەوت.

ئەوەی لەو فیلمەدا بەدیم کرد ئەوەیە کە دەرهێنەر کەسایەتیی جوامێری وەك کەسایەتییەکی گەشەسەندووی بەرەو پێشچوو، وێنا کردووەو نەیویستووە وەك کەسایەتییەکی کاریزماو سۆپەرمان نیشان بدات وەك دەسەڵاتدارانی ئاسایش ئەویش لە ڕێگای فراوانکردنی

ناکۆکیی نێوان تەکنیكو ناوەڕۆك، تەنانەت ڕۆڵی (کامەران حەسەن) یش هەروەك دەرهێنەر خستییە بەرچاو، وای وێنەکێشاوە، کە سەرکردەیەکی دیارە لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی بە کۆمەڵی هاوبەشو لە ڕێگای پێشکێشکردنی بیری نەتەوەیی پێشکەوتنخواز دوور لە کۆنترۆڵکردنی عەقڵییەتی بیرۆکراتی کە تێڕوانینی واقیع دەبێتە تێڕوانینی تاکەکەس، ئەوەش لە ڕوانگەی کامەران حەسەن دەردەکەوێ کە بە پێی خۆی هاتو بەناوی سەرکردایەتیی حزب داوای لێبوردنی لێ کرد، هەروەها پێشمەرگەکانی تریش داوای لێبوردنیان لێ کرد کە سەرەتا دلڕەقانە لەگەڵیدا جووڵاونەوە.

هەرچەندە فیلمەکە فیلمێکی سیاسییە، بەڵام لایەنی هزری بەسەرەوە زاڵە ((سینەما بە خودی خۆی بە سیاسەتو چەند مەرجێکی کۆمەڵایەتیی سنووردارەوە بەندە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنی هزری لە سینەما پێوەری ڕەخنەسازیی یەکەمینو گرنگترین بێ)) [٦].

هەروەها ئێمە ((تێبینیی ئەوە دەکەین لە هونەری سینەمایی ڕۆمانئامێز - کە ئەو ڕەگەزانەی یارمەتی گێڕانەوەی بابەتەکە دەدەن بە سانایيتر لەبن دەستماندا لە ئارادان، ئێمە لەم حاڵەتەدا پشت بە ڕووداوەکان دەبەستین کە بەدوای یەکدا دێنو پشت بەو کەسایەتییانە دەبەستین کە لە چوارچێوەی ڕووداوەکان دەجووڵێن، هەروەها بەو دایەلۆگەی کە لە ڕێگای ئەودا کەسایەتییەکان تەعبیر لە خۆیان دەکەن)) [٧].

دەرهێنەر هەوڵی داوە کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەو کەسایەتییەکانی لە واقیعو حەقیقەت زیاتر نزیك بکاتەوە، چونکە وێنەگرتنو نواندنی واقیع بەشێوەیەکی ڕەها لە توانادا نییە، بەڵام لە هونەرە سینەماییەکەی ڕۆمانی (ژانی گەل)دا کردییە فاکتەرێکی یاریدەدەر لە هەڵکشانی ڕەوشی شۆڕشگێڕی لە کۆمەڵگەی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی ڕابوونی نەتەوەیی و نیشتمانی.

بریخت ((لەو ڕایەدایە کە هەر سەردەمێك خاسیەتی جیاکراوەی خۆی هەیە، پێویستە ئەم خاسیەتانە بهێنرێنە کایەوەو دەربخرێن، بۆ ئەوەی دەچێ کە ناکرێ چەرخی ئێستامان بەشێوەیەکی ڕاست نمایش بکرێ، لەبەر هەستکردنی هاوچەرخمان مەگەر هونەرمەند وەك جیهانێك کە قابیلی گۆڕانە نمایشی بکات، چەرخی ئێمە چەرخی گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنی تەکنیکییە)). [٨]

هەروەها بریخت لەبارەی شانۆوە، کە زۆر لە سینەما نزیکە، گوتوویەتی: ((ئێمە لە شانۆدا پێویستمان بەو جۆرە هەیە کە سوود لە بیروباوەڕ و هەستی پێویست دەبینیێو دەیانورووژێنێ بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە مێژووییە بگۆڕێو لە پێناو ئەوەی کە بتوانێ بە چالاکییەکی ئەرێ

بیر لەوە بکاتەوە کە دەیبینێ، نابێ ڕووداوو بەسەرهاتەکان بەشێوەیەکی سۆزدارانەی ساویلکە وەربگرێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەشێوەیەکی عەقڵانیی داهێنەرانە)). [٩]

لێرەدا کاری شانۆ، وەك کاری سینەمایە، ئەو خۆنیشـاندانەی بـە ئـاگرو ئاسـن بەرپـەرچ درایەوە هاوکێشەی بابەتیی بۆ سەلماندین کە ڕزگاربوونی نەتەوەیی و نیشتمانی بێ خوێنڕشتنو بێ قوربانی نابێ، لە ئەنجامدا شێوازی خەبات بەشێوەیەکی ئاشتییانە بەرەو خەباتی چەکداری هەنگاوی نا، هێڵە سیاسییەکەی فیلمەکە دووپاتی کردەوە کە دەبێ خەباتی ڕۆژانەی جەماوەر بە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیی گـەلی کوردسـتانەوە. ببەسـترێتەوە، ئـەویش لـە ڕێگـای گواسـتنەوە بـۆ قۆنـاغێکی شۆڕشـگێڕیی پێشـکەتوو، بـێ ئـەوەی نـە ڕۆمـاننووسو نـە سیناریۆنووس خۆیان بخەنە نـاو وردەکـاری، خۆیـان ئـەو ئەرکـەیان بـە (وەرگـر) سـپارد کـە بیربکاتەوەو نهێنییەکان بدۆزێتەوە. بە قەد ئەوەی فیلمەکە بەرجەستەکردنی مێژووی خەباتی سیاسی بوو لە کوردستانو عێراق، هەستی چینایەتیی جووتیاران لە ڕێگای خەباتیان لە لادێدا دژی زۆرداری و ستەمی دەرەبەگو قوربانیدان لە ڕێگای ململانێی نێـوان هـەردوولا، دەخاتـە ڕوو.

ئێمە کە ڕووداوەکە دەخوێنینەوەو پاشان فیلمەکە دەبینین، بۆ ئەوە دەچـین کـە دەرهێنـەر دەستمان دەگرێ کە بە چـاوی خۆمـان ژیـان بـە هـەموو جمکەکانییـەوە ببیـنین و ((لەسـەر ڕۆماننووس پێویستە کە ژیانمان پێ بدا، یان وەهمی تووڕدانی ئێمە بۆ ناوخۆی)). [١٠]

ناکرێ ڕۆماننووس هونەرمەندێکی زیرەکی کارامەو هەستیاربێو شێوە کۆنـەکان لـەپێناو نەخشەسازییەکی نوێ ڕەت بکاتەوە داهێنانێکی دەگمەنو کارسازییەکی باڵا ڕابگەیەنێ، ئایـا خوێنەر ئەو ئەفراندنەی نووسەر کردوویەتی قبووڵیەتی کە زیندوو و ڕاستگۆیە؟ ڕاستگۆیی بەو واتایەی کە هونەرمەند کۆنترۆڵی خـەیاڵمان بـەڕادەیێ دەکـات، کـە وامـان لـێ دەکـات لـە سەیرکردن بۆ عەقڵ بوەستین کەوا تاکە پێـوەری ڕاسـتییەو بـەرەو داهێنانەکـەی بـە هـەموو توانامەوە بەیەك کاتدا دەچێ)). [١١]

لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر ویستمان بەراوردێك لەنێوان ڕۆمانەکەو بنیاتی فیلمەکـەدا بکـەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە فیلمەکە بەشێوەیەکی گشـتی لـە ڕووی بنیـاتی گشـتییەوە کـەشو هەواو زۆربەی ڕووداوو پێوەندییە کەسایەتییەکانی بە یەکترەوە پاراستووە، هەروەها فیلمەکـە لە جەختکردنی لەسەر کاری بە کۆمەڵی کەسەکانو گیانی ئارامگرتنو کۆڵنەدانو قوربانیدان لەپێناو دۆزە بنەڕەتییەکەدا پاراستووە.

هــەروەها گیــانی دەقەکــەی لــە ڕێگــای ســیناریۆو دەرهێنانــەوە پاراســتووە، هێــزە هونەرییەکەشی لەوەدایە کـە بەشـێوازێکی پێچـەوانەی شـێوازی کـۆنی سـینەمایی بەرهـەم هێنراوە، کە نمایشێکی زنجیرداری ڕووداوو جوولانی کەسانی فیلمەکە نەبوو، بەڵکو گەڕانەوە بۆ دواوە، یان بازدان بەرەو پێشەوە، یان تەریببوون بۆ بەرامبەر یەك بـە پێچـەوانەی بنـەماکانی لاساییکردنەوەی گێڕانەوە بوو. کەوا دەرهێنەر بۆ چارەسەرکردنی هونەرییانە پلەیەکی بـالای لەنێوان فۆرمو ناوەڕۆکدا ڕەخساندووە، چـونکە ((تـەنیا تـەکنیك کەرەسـتەی هونـەر دەکاتـە بابەت، لەسەر ئەمە تەنیا تەکنیك خۆی تەکنیکاری ئەم کەرەستانە دەکات)) [(١٣)] دەرهێنـانی ڕۆمانی (ژانی گەل) کارێکی ساناو ئاسایی و بێ ئەرك نەبووە، بەهۆی گەڕانەوەو باکگراوەندە زۆرەکانی، ئامانجی ڕۆماننووس لە بنەڕەتدا گەڕاندنەوەی ڕابردوو بوو لە پێناو ئەوەی ڕووناکی بخرێتە سەر ئایندەو لـە ڕێگـای چـاو بڕینـە دواڕۆژ بجـوولێنرێ، ئـەم شـێوازەش شـێوازێکی تەکنیکاری نوێیە، نووسەر پەنای بردووەتە بەر چوونە ناو جیهانی بیروباوەڕی پڕ لـە ململانـێ کە ئەڵقەکانی لە ئەنجامدا جیهانێکی تازەی بەردەوام لە ڕەوتو گۆڕانکارییەکانی پێك دێـنن، مادامــەکی کــە ڕۆمــاننووس ســەرقاڵی مەســەلەی تــەکنیك بــووە هــەوڵی داوە هەڵوێســتە هەمــەجۆرەکان بەشـێوەیەکی درامــی لــە ڕێگــای گــرژی و پشــێوی و بــارە دەروونییــەکانی کەسایەتییەکانەوە دابڕێژێ.

دوای ئەوەی کە هەندێ لە بۆچوونەکانی خۆمان خستەڕوو دەبێ بۆ ڕاستی و دروستی شتێ بڵێین کە پێویستە بە پلەی یەکەم ئاماژە بە ڕۆڵی شیاوی دەرهێنەر بکەین، چونکە دەرکردنـی ئەم جـۆرە فیلمانـە تەقەلایـەکی زۆرو بەهرەیـەکی هونـەریی بـالای گەرەکـە بەتایبـەتی لـە وێنەکێشانی دیمەنەکانی فلاشباك، چونکە سینەما هونەرێکە پشـت بـە گواسـتنەوەی وێنـەی واقیع دەبەستێو ئەم وێنەیەش ڕەنگە ڕاستەقینەبێ، یا دیکۆمێنتی بـێ، یـان لـە ڕابـردوودا بووبێ، لەم حاڵەتەدا کە مەبەستمان وێنەی واقیعە وێنەیەکی ئاوێتەیی نادیکۆمێنتییە، واتـە مەبەستمان سینەمای ڕۆمان ئامێزە کە چەند وێنەیەك لەو واقیعەی کـە بینایەکـەی دروسـت دەکرێتەوە پێچەوانە دەکاتـەوە، واتـە بینـاکردنی واقیعـی تێپـەڕبوو وەك زنجیرەیـەك دیمـەنو بەسەرهات و ڕووداو پێوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی. لێرەدا بایەخدانی جەماوەر بە سینەما لە جەختکردنیان لەسەر ئەو توانایەی کە سینەما هەیەتی لە فریودانی سەیرکەران کە ئەوەی لەسەر شاشە دەبینن نە خەیاڵەو نـە وەهمـە، بـەڵکو کتومـت واقیعـە، سەرچـاوە دەگرێ. سینەما هونەری ئەو واقیعەیە کە بە واقیعی فیلمی خۆی دەنوێنێ، ئەویش لە ڕێگای

بایەخدانو گرنگیدان بە لایــەنی دەروونــی و کۆمەڵایــەتی و سیاســی و لــە پێوەنــدیی نێــوان جەماوەرو سینەما.

لەم ڕوانگەیەوە فیلمی (ژانی گەل) توانی جەماوەر بکێش بکاتو دڵگیری بکــات کــە بــە حەزو ئارەزوویەکی گەرمو گوڕ و پڕتاسە لەگەڵ فیلمەکەدا بێ، ئەم حاڵەتەش لــەوەوە هــاتووە کە بینــەری کــورد بــە تایبــەتی توێــژی ڕۆشــنبیران ئــەو هۆشمەندییــە ڕۆشــنبیری و هەســتی نەتەوەییەیان هەیە کە تەریبی ئەو دۆزەی ڕۆشنبیری و سیاسییە بێ کە لــە فیلمەکــەدا خرانــە ڕوو، کە بە ڕوونی چــەند ڕەهەنــدێکی بــەرفراوانی کۆمەڵگــەی کوردســتانی و عێــراق لــەناو ململانێی نێوان هێزی خێرخوازو کاریگەر بۆ گۆڕینی واقیعی داتەپیوی دواکەوتوو، نێوان ئەو گرووپە گەندەڵەی کە جڵەوی حوکمی لە دەســتەو بــە هــەموو شــێوەو شــێوازێك لــە هــەوڵێ ئەوەدایە کە هیچ گۆڕانکارییەك لەپێناو بەرژەوەندیی جەماوەر نەکرێ، دایە.

لەبەرئــەوە دەرهێنــەر مامەڵەیــەکی هۆشمەندانــەی لەگــەڵ ڕۆمانەکــە کــردووە، ڕووداوو هەڵوێستو دیمەنەکانی بەشێوەیەك تەوزیف کردوون لەگەڵ مامەڵەی کاری بگونجێ، پشتی بــە کەســایەتیی ســەرەکی و بنــەڕەتی بەســتووەو کەســایەتیی لاوەکیــی کارتێنەکــەر لــە بزاڤــی ڕووداوەکانی فیلمەکەی فەرامۆش کردووە.

فیلمێکە فیلمێکی واقیعییەو مادامــەکی واقیــع لــە جووڵەدایــە و یاســا دایلێکتییــەکان بەڕێوەی دەبەنو کاری ئەدەبی کۆمەڵێك بیروبــاوەڕ و بۆچــوون و ڕادەربــڕین لــەبارەی واقیــعو کۆمەڵێك وێنەی زەینی لە مێشك لە واقیعی مێژوویی تێپەڕیوو داهاتوو چارەسەر دەکات، بە تەواوەتی درك بەوە دەکەین بۆچی شاکاری ئەدەبی بە بیروبــاوەڕ و بۆچــوونو پەیوەنــدی ڕووداو دەوڵەمەندە، وەك چۆن ژیان خۆی دەوڵەمەندە.  تەوزیفکردنی ئەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییە لــە کارێکی سینەماییدا هونەرمەندێکی گەرەکە کە پێشەکی خــۆی بــە توانســتو کارامەیــەکی تەواو بزانێ، بۆ ئەوەی واقیع لە ڕێگای جووڵەو نواندنو دیکۆر و دایەلۆگ و ڕەنگو گۆشــەی وێنەکێشانو دەنگو مۆسیقا بەرجەستە بکات...  واتە هەموو پێداویستەکانی لــەبن دەســت بێ بۆ ئەوەی دەرهێنەر ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێنێ کە مەبەستە.

شتێکی جوانو بەســوودە کــە ڕابــردووی پــڕنگینی و ســەربەرزی و کولتــووری کــۆن و ڕووداوو بەسەرهاتی خوێناوی لە کارێکی گەورەی سینەمایی وێناکرابێ، بۆ ئەوەی وەچەی تازەو داهاتوو لــە ئاست ئەو دیمەنانە بوەستن کە شوێن پێی لایەنێکی گرنگو مەزن لە مێــژووی بزاڤــی ڕزگــاریخوازی نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) دا هەڵدەگرن، کەوا گەلەکەمان هێشتاش ڕووبەڕووی پیلانــی چــەپەڵو

نەگریس لە ناوەوەو دەرەوەدا دەبێتەوە، کە ئامانجیان لەناوبردنی ئەو دەسکەوتانەیە کە بە قوربانییە بە نرخەکانی بەدرێژایی ڕەوتی خەباتی بێ وچان بە دەستی هێناون.

ئەمڕۆ سینەمای کوردی پێویست دەکات کە لەناوجەرگەی ڕووداوەکاندا بێ، لە ڕێگای تۆمارکردنی زیندوو نەك تەنیا بەشێوای دیکۆمێنتی تۆمارکاری، بەرهەمەکان پێشکێش بکات، کە پابەندن بە دۆزەکانی جەماوەر، ئەمەش لە ڕێگای هەڵبژاردنی بەرهەمی داهێنەرانە نەبێ کە حەقیقەتی مێژووی خەباتی پڕ لە شانازی و واقیعی گەلە نەبەزەکەمان نایەتەدی، کە چاوی بڕیوەتە پێشکەوتنو ژیانی ئازادی و شەرەفمەندی بەرجەستەیەکی ڕاستگۆیانە لە ڕێگای هونەرمەندی داهێنەر بکەن کە ئەرکی خۆیان لە ڕێگای نواندنو وێنەگرتنو تۆماری دەنگو مۆسیقاوە ڕاپەڕێنن. ((ئێمە سینەمایەکمان گەرەکە کە لە بزاڤی کۆمەڵگە قووڵ بێتەوە کە پێوەندییە نوێیەکانی شی بکاتەوە، مانای ژیانی تاك لە ناوەڕاستی ئەم پێوەندییەدا بدۆزێتەوە و، بۆ ئەوەی سینەمای هاوچەرخمان هەبێ دەبێ شارەزاییە نوێیەکانی سینەما دەبێتە واقیعی خۆماڵی لە ڕووی بابەتەوە، جیهانی لە ڕووی تەکنیكو ناوەڕۆکی ڕوونەوە، لە سایەی قووڵبوونەوەی سینەماکارانی واقیعی...)) (١٤).

بۆم لوا کە فیلمەکە دووجار ببینم، بەڕاستی سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێنا، نهێنی ئەم سەرکەوتنەش هونەری و تەکنیکییەکەی ئەوەیە کە فیلمەکە پێوەندیی بە گەلی کوردستانەوە هەیە کە گەلەکەمان دووچاری زەبروزەنگ بووەو بەدرێژایی مێژوو قوربانی بێ شوماری داوە، ئەو خەڵکەی بۆ دیتنی فیلمەکە هاتبوونە هۆڵی نمایشکردنەکە نەهاتبوون بۆ ئەوەی فیلمێکی بیانی ببینن، بەڵکو فیلمێك ببینن کە لە ڕۆمانێکی کوردییەوە وەرگیراوەو بە زمانی شیرینی کوردییە، کە وێنەی واقیعی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردستانی کێشاوە، شێوەیێکی نوێیان لە دەرخستنی کەرەستەیەکی سینەمایی بینی، کە دەرچوونە لە هێڵی بیانیی لاساییکردنەوەی ڕاستەوخۆی گێڕانەوە، بەڵام دەبێ شتێك بۆ ڕاستی بڵێم فیلمەکە هەرچەندە سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا، بەڵام نەگەیشتە ئاستی ڕۆمانەکە ئەویش وەك فیلمی ساختمانی یەعقووبیان و ڕۆمانەکە (*).

لە ڕاستیدا ئەم فیلمە بە ڕاستگۆیی و دەستپاکی سەرکەوتو پێشخستنی سینەمایی کوردی تەنیا لە ڕێگای دەستپێشخەری تاکەکەسی نەبێ، دەبێ توانای داراییی چاوتێرانەی بۆ تەرخان بکرێ، هەروەها بەهرەو کادیری هونەرمەندو بە توانای تر بخرێتە بەردەست، جگە لەو بابەتەی هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەوەی ببێتە کارێکی سینەمایی.

**پەراوێزەکان:**

١- ژانی گەل، ڕۆمان، برایم ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٧.

٢- تأريخ الوزارات العراقية، الطبعة الخامسة الموسعة، بقلم السيد عبدالرزاق الحسني، المجلد الثاني، منشورات مطبعة دار الكتب، بغداد ١٩٨٧، ل ٣٢٣،٣٢٤.

٣- ژانی گەل، پێشەکی بە پێنووسی: دکتۆر کەمال فوئاد، ل ٥.

٤- ژانی گەل، ل ٢١١.

٥- فهم السينما. تأليف لوي دي جانيت، ترجمة: جعفر علي، دار الخلود للطباعة والنشر - بيروت ١٩٤٨، ل، ١٩.

٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥٧.

٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

٨- بحثا عن السينما، عدنان مدانات، بيروت، لبنان دار القدس، الطبعة الاولي ١٩٧٥، ل ٤٩.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٣٥

١٢- أشكال الرواية تحرير واختيار: ولياڤان اوكونو، ترجمةك نجيب، دار الحرية للطباعة - بغداد ل ٤٢.

١٣- هەمان سەرچاوەی پیشوو ل ٢٤٩

١٤- الروائي والتسجيلي - هاشم النحاس، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠، ل ٣١.

(*) عمارة يعقوبيان، علاء الاسواني، مكتبة مدبولي، الطبعة الرابعة، ٢٠٠٣دا الصقورة للطباعة.

١٥- السينما في الوطن العربي، جان الكسان، عالم المعرفة، العدد (٥١) ١٩٨٢، ص ٨٧.

## سەرەتایەك لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی كوردی

مەبەستم لەم نووسینە مێژووی ڕەخنەی شیعری كوردییە، چونكە مێژووی ئەدەب بۆمان ساغ دەكاتەوە كە شیعر پێش پەخشان سەری هەڵداوە و، بەر لەوەی ڕەخنەگر دەركەوێت شیعر بوونی خۆی نواندووە. بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە داستانەكانی هۆمیرۆسە (ئەلیازەو ئۆدیسە) بەر لە سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەفلاتوون. هەروەها سەبارەت بە عەرەبیش شیعری سەردەمی نەزانی (جاهلي) كە دوو سەد ساڵ بەر لە دەركەوتنی ئاینی ئیسلام سەری هەڵداوە، بەر لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەكانی پێغەمبەر (د. خ) و بابەتی تر بووە، چونكە شیعر پشت بە خەیاڵو سۆزو هەڵچوون دەبەستێ، كە گەلانی سەرەتایی زیاتر دەپڕژێنە سەر شیعر كە تەعبیر لە ویژدانیان دەكات، كەچی پەخشان، بە تایبەتی پەخشانی هونەركاری و زانستی هزرو ڕۆشنبیریی گەرەكە ئەم دوو ڕەگەزەش لە قۆناغی پێشكەوتنو ژیاریدا سەر هەڵدەدەن.

((لە كاتێكدا بیركردنەوەی فەلسەفی و لێكۆڵینەوەی تیۆری تەقەلای ڕێكخستنی سەرجەم ژیانو كۆمەڵ كشانی ڕەخنەی لای یۆنانییەكان بەجێ هێشتو ئەوە ئارەزووی شانازی و لووتبەرزی و باڵایی كە لە دەروونێكی ململانێیەتی چۆڵنشییەتی لە ژینگەیەكی سەختدا هەڵدەقوڵێن كە لە پشت سەرهەڵدانی ڕەخنەی جاهیلییەوە بوون، ئەوە مۆركی شانازی كردنو لاف لێدانو تێپەڕكردن خەڵكی تر هەموویان هۆیەكی ماقووڵی سەرهەڵدانی ڕەخنەی چۆڵنشینییە..)). (١)

هەڵبەتە شاعیر بەر لە ڕەخنەگر، ڕەخنەگری شیعرەكانی خۆی بووە، شاعیری وا هەبووە بەساڵێك شیعرێكی داناوە، ئەوە مانای ئەوەیە كە شاعیر ترسی لە ڕەخنەگر هەبووە، بۆیە هەر بەهرەو شارەزاییەكی هەبووبێ بەختی كردووە، بۆ ئەوەی گرەوی خۆی لەو بوارەدا بباتەوە، لەبەر ئەم هۆیە شاعیرێكی گەورەی سەردەمی جاهیلی (النابغة الذبياني) كراوەتە سەرپشك ((حكم)) و لە بازاڕی ((عكاظ)) لە حیجاز خێوەتی بۆ هەڵدراوە بڕیاری لەسەر شیعری بەهێزو بە پێز داوە، (نازناوی ((النابغة)) بە زیادی كوڕی عەمر ڕەوا بینراوە)) چونكە تەمەنی گەورە بووە كە شیعری وتووەو شارەزایی لێ پەیداكردووە، هەروەها چاكترین شاعیر بوو لە ڕووی

دیباجەو دێڕی بەهێزو بەپێزو پەیڤی بریقەدارو دێڕەکانی دوور بوون لە زۆر لە خۆکردن، خەڵك لەبەریان دەکردنو دەیان وتنەوە، دیسانەوە لەبەر ئەوە ناونراوە ((النابغـة))، چـونکە دەوتـری ((نبغت الحمامة)) ئەگەر گمەگمی کرد، یا دەڵێن (نبغ المـاء) واتە ئاو کە هەڵقوڵێ، وەك بڵێی کەرەستەی شیعری لێ نابڕێو سەرچاوەکەی وشك نابێ)). [٢]

کەواتە لەو سەردەمەدا کە شاعیرێکی وا پێگەیشـتوو و، کارامـەی وەك ((النابغـة)) کـە کراوە بە حەکەم و ڕەخنەگر لە خۆڕایی نەکراوە، هەڵبەت ئەو خاسیەتانەی تێدا بووە کە دەبـێ شیاوی ئەوەبێ ئەو ڕێزەی لێ بنرێ، هەرچەندە ئەو کە بە شـاعیرێکی دەوت لـە کـاتی وەرزی شەڕ ڕاگرتندا ((اشهر الحرم)) برۆ تۆ چاکترین شاعیری ئەم وەرزەی و هۆیەکانی ئەم بۆچـوونەی دەرنەخست، بۆیە زۆرجار شاعیرەکان لەناو خۆیاندا کە دەهاتن بۆ شیعر خوێندنەوە ڕەخنـەیان لە یەکتر دەگرتو ئەوکاتە چەند ڕەگەزێکی ڕەخنەسازی لای جاهیلییەکان باو بوون کە ئەمانە بوون:

١ - توانستی دەربڕین، بە بەکارهێنانی شێوازی تەواو:

وردیی بەکارهێنانی وشە لەناو ئاوێتەی گشتیی دەقـدا بـە مەبەسـتی ئـەوەی شـێوازەکە کارتێکەربێ.

٢ - سەیرکردنی توانستی وشەکان لە گواستنەوەی تەواوترین مانا. پەی بردن بـە وشـەی ڕاست لە شوێنی ڕاستی خۆی، بۆ ئەوەی شێوازەکە زیاتر لەوەی مەبەستە ببینێ.

٣ - داواکردن لە شاعیر کە مەنتیقی بێ و ڕەتکردنـەوەی ئـەوەی پێـی دەوتـرێ (محـال)و ناواقیعی.

لە هەڵەکردنی مەنتیقی و تێکەڵوپێکەڵکردنی لە ڕاستییە زانستییەکان نەرم نـەبوون، لـە کاتێکدا (ئەرستۆ) نەرم بوو لە ئاستی هەڵەی زانستی و قەبووڵی بوو کە مافێکـە دەشـێ کـە هونەرمەند بەکاری بهێنێو بۆ هی تر ناشێ.

٤ - واقیعی ئەدەبی و پێداگرتنو نقووم کردن.

٥ - خەوشە هونەرییەکان. [٣]

ئەگەر ئەم پێنج خاڵەی ئاماژەم بۆ کردن فێرگەی بنچـینەیی ڕەخنـەی سـەرەتایی بـن لـە شیعری جاهیلیدا بەر لە ئیسلام بە دوو سەد ساڵ، بۆمان هەیە بپرسین: ئایا تاکو ئێستا ئێمـە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراومان لە بەردەستە کە سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبیمان بـۆ دەستنیشـان بکاتو خاسیەتەکانی ڕەخنەی کوردیمان لە سەرەتاوە، یا بڵێین وەك پێشـەکییەك لـە مێـژووی

ڕەخنەی کوردیدا پێ بناسێنێ؟

لەم بوارەدا ئاماژە بۆ دوو سەرچاوە دەکەم کە نووسەرەکانیان لە بارەی ڕەخنەوە ناسراونو هەردووکیان پرۆفیسۆری زانکۆنو بە پێی ڕێبازو پێڕەوی ئەکادیمی لەم مەسەلەیە دواونو هەریەکە ڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە و، منیش لە هەمان کاتدا تێبینیی خۆم لەسەر هەردوو بۆچوون هەیەو لە دواییدا دێمە سەری.

ڕاستییەك هەیە دەبێ بوترێ کە ئێمەی کورد نە بازاڕێکمان هەبووە وەك بازاڕی (عکاظ) لە حیجازو نە شوێنێکی وەکو (المربد)مان لە بەسرەدا هەبووە، بۆ شیعر خوێندنەوە، کە کۆڕی شاعیرانو گوێگرانی شیعر بێت، ئەوەی کە زیاتر شیعری پاراستبێ، مزگەوتو سوختەخانەو کۆڕ و کۆبوونەوەی دیوەخانەکان بوون، کە شاعیران تیایاندا شیعریان خوێندووەتەوەو شەڕە شیعریان کردووە، یاخود نامەیان بە شیعر بە یەکتر گۆڕیوەتەوەو هەستو نەستی مێشكو ویژدانو دەروونی خۆیان تیادا هەڵڕشتووە، شانازییان بەخۆوە کردووە، ستایشی ڕەوانبێژی و پاراویی شیعرەکانیان کردووە، لەناو دێڕی هۆنراوەکانیاندا ئەو پێنج خاسیەتو خاڵانەی کە لە ڕەخنەی شیعری سەردەمی جاهیلیدا ئاماژەیان بۆ کردن، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەدی دەکرێن.

دکتۆر عیزەدین مستەفا لە کتێبەکەی: ((احمدي خاني شاعراً ومفكراً وفيلسوفاً ومتصوفاً)) دا دەڵێ:

ئەگەر ویستمان دەست بە نووسینەوەی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بکەین، پێویستە لەسەرمان سەرەتای ئەم زانستە دیاری بکەین سەبارەت بە زمانی کورد، لەپێناو ئەوەدا پێویستە لەسەرمان - بەڕای من - بگەڕێینەوە سەر ئەحمەدی خانی وەك چۆن دەگەڕێینەوە سەر سەرەتاکانی زانستەکانی تر)).

ناوبراو لەسەر بۆچوونەکەی بەردەوامەو دەڵێ:

((هزری ڕەخنەسازی (ڕەخنەگر) لە لای خانی لەوەی تێپەڕاندووە کە لە هەندێ داستانو بەرهەمە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەبینین، یا لە لای هەندێ شاعیران کە ڕێبازێکی بێ فیزیان هەیە لە خوێنەران داوا دەکەن لە هەڵەی ناو شیعرەکانیان چاو بپۆشن)).

((خانی - بە پێی ئەوەی لە ڕۆژگارەکەی خۆیدا دەبینی - پێڕەوێك ((بەرنامە)) بۆ ڕەخنە دادەنێ و ڕەخنەگرانیش دەکاتە دوو بەش بەجۆرێ هەندێ قووڵبوونەوەو فراوانکردنی فیکرەکە دەیگەینێتە چوارچێوەی گشتی کە تیایا جۆرێ ڕەخنە و ڕەخنەگران لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دادەنێین..

دوای ئەوەی کۆمەڵە دێڕە شیعری ئەحمەدی خانی شی دەکاتەوە لە کۆتاییی بۆچـوونەکەیدا دەڵێ:

((خانی مەزن لەم گۆڕەپانەدا بە ڕابەرێکی مەزن لە قەڵەم دەدرێ‌و نموونەی ڕۆشـنبیرێکی گەورەیە کە وا بۆ نەتەوەی کورد ئەم کەلتووره هونەرییەی جێهێشتووه)). [٤].

بەپێی بۆچوونی دکتۆر عیزەدین، خانی ڕابەری ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە بەپێی بەرنامـەو بۆچوونێکی ڕوون. ناوی هەندێ شاعیر دەهێنێ لەوانە مەلا جزیری، عـەلی حـەریری، فـەقێ تەیران.

ڕەنگە هەندێ خاسیەت و ڕوخساری ڕەخنەسازی لە پێشەکییەکەی ((مەم‌و زین))دا بـەدی دەکەین کە چەند نموونەیەکیان دەهێنینەوە، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە ئەمانە نابنـە بنەگـەو بنچینەی ڕەخنەیەکی (مەنهەجی) و زانستی:

**لێ هیڤی دکم ژ موستەعیدان**
**حەرفان نەگرن ل موستەفیدان**
**ئەڤ نامە ئەگەر خرابە ئەگەر قەنج**
**کێشایە دگەل وێ مە دو صەد ڕەنج**
**نەو بارەیە** طیفلە **نەورەسیدە**
**هەر چەندی نەهن قەوی گوزیدە**
**لێ من ژ ڕەزان نەکر تەمەتتوع**
**مانەندێ دزان بکەن تەتەببوع**
**نەوبارە ئەگەر شیرین ئەگەر تاڵ**
**مەصبوغە ژ ژەنگێ نەوعێ ئەطفال**
**من هیڤی هەیە ئەهلێ حالان**
**تەقبیح نەکن ئەڤان گڤالان**
**ئەڤ میوە ئەگەر نە ئابدارە**
**کورمانجیە ئەو قەدەر ل کارە**
**یا ڕەب مەدە دەستێ خەلقێ ناساز**
**ڤێ شاهیدێ دلروبایێ گەنناز**

**ئومید ئەو ژ ئەهلی عیرفان**
**ئەو دیٚ نەگرن ل من چ حەرفان**
**تەشنیع نەکن وەکو غەیوران**
**ئیصلاح بکەن ل من قصوران**
**ئەز پیلەوەرم نەگەوهەریمە**
**خود رەستەمە ئەز نەپەروەریمە**
**کورمانجو کوهی و کەناری**
**ڤان چەند خەبەریٚد کوردەواری**
**ئیمچا بکەن ب حوسنو ئەلگاف**
**ئیصغا بکەن ئەو ب سەمعیٚو ئنصاف**
**ئەصحاب غەرەض من کو گرھ بدێڕن**
**عەیبان ب کەرەم ل من ڤەشێرن**
**سەهو و غەلەگان نەکن تەعەجوب**
**تەئویل بکەن ژ بو تعصب**
**ئەلفاظو میعانی و عیبارات**
**ئنشاوو مبانی و ئشارات**
**مەوضوعو مەقاصیدو حکایات**
**مەرموزو مەناقبو دیرایەت**
**بیلجوملە نەتایجی فکرن**
**دوشیرزەو نەوعەروسو بکرن** (٥)

دێڕە شیعری تر هەن، کە سەرجەمیان لە چوارچێوەی ئەو دەرناچن کە شاعیر داوا لە خوێنەران دەکات کە چاو لە کەموکووڕیی شیعرەکانی بپۆشن، ڕەنجێکی زۆری داوە هەتا هێناوەتییە بەرهەم، ڕەخنە لە ساوا و بەرهەمی نوێ ناگیرێ. لە خواش دەپاڕێتەوە کە شیعرەکانی نەکەونە بەر دەستی کەسانی نەزان. هەروەها زانا و شارەزاش بە چاوێکی نزم سەیری نەکەنو بە خراپی باسی نەکەن، مرۆڤی ڕێکوپێکو تەواو، پەردەپۆشی خەوشو کەمو کووڕی دەکەن. بە پێچەوانەی داخ لە دڵان کە لە قسەوقسەلۆکدا بە جۆشو خرۆشن. بێ فێزو

لاف لێدان خۆی بە نەزان لە قەڵەم دەدا کە خـۆی خـۆی فێرکـردووەو خـۆی پـێ گەیانـدووە. شیعرەکانیشی زادەی فیکرو هزری خۆیەتی و لە کەسی نەدزیون. لە هەمان کاتدا داوا دەکات کوردزمانیش بە چاوێکی دەمارگیری بەرهەمەکەی هەڵسەنگێننو چاو لە ناتـەواویی بپۆشـن. ئاوی ڕووی شاعیر بپارێزنو شەرمەزاری مەکەن و، ئەگەر دەکرێ لایەنی چاکی باس بکەن.

ڕاستە ئەحمەدی خانی داوای بێ لایەنی بە چاوی ویژدان سەیرکردن، داوای هەڵسـەنگاندنی شیعرەکانی دەکات، هەندێ ڕەنگ و ڕوخساری ڕەخنە لە چەند دێڕێکدا بەدی دەکـرێن، بـەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بکرێ بە ڕابەر، چونکە دەبـێ بـە دوای لـەو کـۆنتردا بگـەڕێینو لـە شیعرەکانیان، بکۆڵینەوە، تا بزانین ئایا بەر لە خانی کەسی تر شتێکی وتووە ئەگەر کـەمیش بێت، لەو خاسیەتانەی تیابێ کە دەچنەوە سەر ئاوەڕۆی ڕەخنە، تەنانەت خانی کە وشەی (نقد) بەکاردێنێ بە واتای دراو بەکاری دێنێ، بە مانای زمانو نووسین لێکی نەداوەتەوە، تـا بڵـێین مەسەلەی ڕەخنەسازی لا ڕوون بووەتەوەو لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاو داوەو بناغەیەکی بۆ داناوە کە حیسابی ڕابەرایەتی و دەستپێشخەریی بۆ بکەین، بۆ نموونە دەڵێ:

**نەقـــدێ مـــە بێـــژە کـــیم بەهایـــە بـــێ ســـکەئی شـــاهی شەهـــــرەوایە**
**گـــــەردێ ببـــوا ب چـــــەرب مـــــەنقوش نادمـــــا وەهـــــابێ رەواجو مەغشـــــوش**

هەرچەندە کە من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کە ئەو دێڕە شیعرانەی لە کەڵەکو مێشەدا، خـۆت مەلاس مەدە. بۆم وەرە دەر.))

لە دەمەتەقێیەکی نێوان فەقێ تەیران و (جزیری) دا. هەندێ ڕوخساری ڕەخنەسازیمان بـۆ ڕوون دەبێتەوە.

**فەقێ: ئەحسەن ژنو سەبەقان**
**قەلەم ژ قەندو نەباتێ**
**لسەر صەفحا وەرەقان دی رژی**
**ئاوا حەیاتێ**
**دەس بدەس ژێ طـەبەقان مەلەك**
**دین جەنناتێ**

واتە: ئافەریم بۆ تۆی پێشکەوتوو، قەڵەمت قەندو نەباتەو ئاوی حـەیات دەڕژێنێتـە سـەر

رووپەڕان، فریشتەکان هەر بە طـەبەق بۆ دیاری دەیبەنە بەهەشت.

**مەلا: نڤیساتە عەنبەرن زوبادو میســـــك پێژن**
**چناخـــێ نەیشـــەکەرن قەندو نەبات دەڕێـــژن**
**نوطقاتە خوە گەوهەرن صەباد گوهەر هاڤێژن**

واتە: نووسراوەکانت عەنبەرن، میشكو زەبـاد دادبێـژن، وەکـو لقەنـەی شـەکەرن. هـەر شیرنایەتییان لێ دەڕژێ. گفتت سەرتاپا گەوهەرن سەدبار گەوهەر هەڵدەڕێژن)). [(١٠)]

ئەگەر بەناوی شیعری شاعیرانی کلاسیکدا شۆڕبینەوە، زۆر نموونەی وا دێتە پێش چاو کـە لە کەناری ڕەخنەسازی نزیکمـان دەکەنـەوەو مەسـەلەکەمان زیـاتر بـۆ ڕوون دەکەنـەوە، کـە ئاگاداری بنەماکانی شێوازی شیعر داڕشتن بوونو بە پێـی ڕۆشـنبیرییانو تێگەیشـتنییان لـە ڕەوانبێژی و زمـان پـاراوی ئەسـپی خۆیـان لـە مەیـدانی هـۆنراوەدا تـاو داوەو شـانازی بـە شیعرەکانی خۆیانەوە دەکەنو کەوتوونەتـە سـتایشو پیاهەڵـدانی شـاعیرانی تـرو پلەوپایـەی شیعری خۆیانو هیی تریان دەستنیشان کردووە.

با ئاوڕێ لە شاعیری گەورەی کورد نـالی بدەینـەوە ١٧٩٧ - ١٨٥٥ز. تـا بـزانین بـە چ دێڕێك سەیری شیعر دەکات:

**((نالی)) نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە**
**ئەمما نییەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا** [(١١)]

شاعیر بە پیێ سەردەمی خۆی کەوتبووە ژێـر کـارتێکردنی چـەمکی ئیسـلام بـۆ شـیعر، سوودی لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د. خ) بینیوەو تێهەڵکێشی کردووە. فەرمـوودەکـەش بەم شێوەیە:

((أن من البيان لسحرا وان الشعر الحكمة))

هەڵبەتە شاعیری قووڵ و ڕەسەنو هونەرمەند، زیاتر لە ڕەوانبێژی نزیك دەبێتەوە کە هێزو پێزی شیعر لەم جۆرە شێوازە ڕەوانبێژییەدا خۆی دەنوێنێ، شیعریش حیکمەتو پەندی تیایە.

شاعیری وا هەیە حەکیمە، شیعرەکانی زیاتر پەندو ئامۆژگـارین، لـەوەی کـە هەسـتو سـۆز بجوولێنن، کار دەکەنە سەر عەقڵو بیرکردنەوە، نەك ئەندێشەو خەیاڵ. هەڵبەتە نالی یەکێکە لە سەرقافڵەی شاعیرانی سەدەی نۆزدەم کە بەپێی پێوەرو تەرازووی ماهییەتی شیعری ڕەسەن، شیعری هۆندووەتەوە، حیسابی بۆ خوێنەر و ڕەخنەگریش کردووە، زانیویـەتی کـە چـاوی ڕقو کینەو بەغیلی لە ئاستی داهێنانو ئەفراندنی شاعیرییەتەکەیدا نابینن. هەروەها یەکێ ئەگەر قووڵو شارەزا نەبێ لە مانا لێکدانەوەی شیعرەکانیدا بە هەڵە دەچێ. جگە لە شانازیکردن بە هێزو پێزی ڕەوانبێژی و ناسکی و قووڵیی شیعرەکانی کە نیشانەی سوارچاکی شاعیر دەنـوێنن کە تا چ ڕادەیەك لـە مەیـدانی هونـەری شـیعردا گـرەوی خـۆی بردووەتـەوە، بـۆ سـەلماندنی بۆچوونەکەمان وا چەند نموونەیەك لـەناو دیوانەکەیـدا گوڵبـژێر دەکـەین کـە پێوەنـدییان بـە خاسیەتەکانی ڕەخنەسازییەوە هەیە:

**طـەبعـی شـەککەرباری مـن، کـوردی ئەگـەر ئینشـا دەکـا،**
**ئیمتیحـانی خۆیـە مەقصـودی، لـە (عمـدا) وا دەکـا**
**بـا لـە مەیـدانی فەصـاحەتدا بـە میلـی شـاە سـەوار**
**بـێ تەئـەممول بـەو هـەموو نەوعـە زوبـانی ڕادەکـا**
**کـەس بـە ئـەلفاظـم نـەڵێ خـۆ کوردییـە خـۆ کردییـە**
**هـەر کەسـێ نـادان نـەبێ خـۆی طـالـیبی مـەعنا دەکـا**
**بێتـە حـوجرەم، پارچـە پارچـەی موسـوەدەم بکـرێ بـە ڕۆح،**
**هەرکەسـێ کووتـاڵو پارچـەی بـێ بـەدەل سـەودا دەکـا.**
**شـیعری خـەڵقی کـەی دەگاتـە شـیعری مـن بـۆ نـازکی؟ !**
**کـەی لـە دیققەتـدا پـەتك دەعـوا لەگـەڵ هـەودا دەکـا؟ !**
**نـەظمـی ((نـالی)) میثلـی ئـاو و ئاوێنـە ڕەنگـی نییـە**
**دوو ڕووە بـۆ سـەیری خـاطر: یـەکێ خـەفی و یـەك ئاشـکار**
**بـەحری غەزەلـەم پـڕ لـە دوڕو گەوهـەرە، ئـەمما**
**غەوواصـی دەوێ یـەعنی بـە تـەعمیقی بزانـە**
**پـڕ دانەیـە، ئـەمما نـەوەکو دانـەیی چـەڵتووك**
**بـەحرم وتـووە، نـەك وەك گـۆلی مەرەزانـە**

**ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە ((نالی)) دەدزن خەڵق**
**ئاوی نییە، وەك ئاگری بێ شەوقی دزانە**
**لە جگەرگۆشەیی شیعرم مەدە مەعنای خراپ**
**بێ خەطا کەس نییە راچی کە لە ئەولادی درێ**
**ڕاستی جەوهەرییە تیغی زوبانی ((نالی))**
**نەرمو توند، ئاوی گەلوگیرە، قصەی پێ دەبڕێ**
**خەڵقی کە هەموو کوو دەکەنو بەستەزمانن**
**با بێنو لە ((نالی)) ببیەن شیعری سەلیقی**
**ئیستیطاعەو قووەتی طەبعم، بە کوردی و فارسی**
**عارەبی، ئیظهاری چالاکی بۆ چەسپانی دەکا**
**فارسو کوردو عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**
**((نالی)) ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە**
**سەبنم کە نەظمو نەثرە لە ئەوراقی غونچەدا**
**گۆیا بووە بەزارو زوبانو ددانو پووك**
**((نالی)) عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا**
**مەعنایی زۆر گەورە بە لەفظی کەمو بچووك**
**نووکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئارای کەمال**
**خەط بە خەط ئیظهاری نەقشی صوورەتی ((مانی)) دەکا**
**زولفەینی بە خەمو مارو بە حەلقەن وەکو عەقرەب**
**شیعری لەفو نەشرن، چ موشەووەش، چ مورەتتەب**
**((نالی)) بەداوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر**
**بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە صەد داوی نایەوە**
**نالی یەكو ئەو کەس کە تەمای غەزەلی بیست**
**مەعلوومی بووە زۆرو کچی خاریقی عادات**
**((نالیا)) ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە**
**بە دووصەد (مەثنەوی) و (لوببی لوباب) ی نادەم** (١٢)

دکتۆر بەسیر لە کتێبەکەی ((وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی) دا، چەند نموونەی دێڕێکی (نالی) ی هێناوەتەوەو بەپێی لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمو فاتحو محەمەدی مەلا کەریم، هەندێ شێوازی ڕەوانبێژیی لێ هەڵکڕاندوونو بە چەند بنەمایەکی ڕەخنەسازیی بەستوونەتەوە کە لاساییکردنەوەیان پێوە دیارەو کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی وەکو:

(خرق العادة)، موعاناتو هەستی ڕاستەقینە، پێکەوە بەستنەوەی شاعیرو گوێگرو خوێنەر، شانازیکردن (شیعر وتن لەسەر عەرووزی عەرەبی بە زمانی کوردی، ناوەڕۆکی وردو مەعنای قووڵ، دووبارە کردنەوەی زاراوەی بەلاغی عەرەبی لە لایەن سالمەوە کە دەڵێ:

**قەلەم سەرخۆشە ((سالم)) بۆ تردد**

**لە تەعلیمی بەلاغەت** مثلی **مەرەکەب** (١٣)

سالم لە شیعرێکدا بەرپەرچی مەلا سلێمان دەداتەوە. کە شانازی کردنە بە زمانی شیعر کە بە نێزەی داوەتە قەڵەمو شیعری وەکو نەقشی تەکەڵتووی زین و ڕەنگینەو فیکری وردە وەك لە قووڵاییی دێباجەکەی ((مەمو زین))دا هاتووە هەندێ بنەمای ڕەخنەسازی سەرەتایی بەخۆوە دەگرن. بەڵام دکتۆر کامیل حەسەن بەسیر بە هیچ جۆرێ ئەم هەوڵدانەی دکتۆر عیزەدین مستەفا بە سەرەتایەکی زانستی لە قەڵەم نادات و دەڵێت:

((مێژوو گەر بیەوێ سەرەتایەکی زانستی بۆ ڕەخنەسازی کوردی دابمەزرێنێ، هەر دەبێ فەرامۆشی ئەو هەوڵدانە بکات کە ویستوویەتی دێڕەکانی پێشەکییەکەی (مەمو زین) ی ئەحمەدی خانی بەو سەرەتایە لە قەڵەم بدات. چونکە ئەو دێڕە هۆنراوانەو دەیان دێڕە هۆنراوەی وا لە دیوانی هەستیارە دێرینەکاندا بە پێوانەی پێناسەی کۆنو تازەی ڕەخنەسازی بەکاری ڕەخنەسازی ناژمێردرێن.

هۆی ئەم ڕاستییەش لە لای پسپۆڕانو شارەزایاندا ئەوەندە ئاشکراو بەڵگە نەویستە پێی ناوێ لێرەدا یەکالای بکەینەوەو بیسەلمێنین. (٦)

بەلای منەوە ئەم بۆچوونەی دکتۆر کامل بەسیر بەپێی پێناسەی کۆنی ڕەخنەسازی لە جێگەی خۆیدا نییە، چونکە ئەگەر بە قووڵی لەو دێڕە شیعرانە ورد بینەوە، بە تەواوەتی بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیرانی کۆن ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، دوورو نزیك هەندێ خاڵیان دەستنیشان

کردوون کە دەچنە خانەی ڕەخنەسازییەوەو جیاوازیش لەنێوان ئاستی شاعیرەکاندا هەیە. دکتۆر بەسیریش بۆی ساغ نەکردووینەتەوە، ئایا ئەم دێڕە شیعرانە خاسیەتەکانی ڕەخنەسازیی سەرەتایی بەخۆوە دەگرن یان نا. هەرچەندە کە خۆی جۆرێك لەو هۆنراوانەی کە تایبەتن بە شانازیکردنو ستایش دەخاتە خانەی ڕەخنەسازییەوە دەڵێ:

((سەرەنجام ئێمە بیروڕامان وایە کە ئەو دێڕە هۆنراوانە لە بابەتی شانازیکردن واتە (فەخر) و ستایش واتە (مدح) دەدوێنو سنووری ئەو بابەتەش چەند بنەڕەتێکی ڕەخنەسازی دەگرێتەوە کە بەزۆری لە شانازیکردن ستایشکردنی ڕەوانبێژی و بەرزی پایەی هەڵبەست لە ڕووی وشەو واتاوەو چەند مەسەلەیەکی دی هونەری هۆنراوە، بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییە ئەو شانازی کردنو ستایشکردنە ڕووناکییەك دەخەنە سەر بزووتنەوەی ڕەخنەسازی. (٧)

لێرەدا من دەمەوێ بپرسم ئایا ئەو نموونانەی کە مۆرکی ڕەخنەسازی بەخۆوە دەگرن، کامیان شانازیکردنو ستایشو داشۆرینە و، لافی پایەبەرزیی شیعری شاعیرو مەسەلەی لەو بابەتانە باس ناکەن. ئەگەر مەسەلەکە بەم شێوەیە بێ، سەرجەمی ئەو جۆرە نموونانەو تەنانەت نموونەکانی (ئەحمەدی خانی) یش کە دکتۆر بەسیر ڕای تایبەتی هەیە بەرامبەریان، نابنە سەرەتایەك بۆ بنەمای ڕەخنەی کوردی. هەرچەندە بەلای دکتۆرەوە ڕەخنەسازیی ئەدەبی، دەبێ پەخشان بێت نەك شیعر، بەڵگەشی ئەمەیە: ((چەمکی واتە مەفهومی ڕەخنەسازی لەسەر ئەوە یەکەگیرە کە ئەم کارە ئاکامێکی زانستی و هونەرییە - مەبەستی ڕەخنەسازییە - ئەنجامدەرەکەی پشت دەبەستێ بە شێوازەکانی توێژینەوەو شیکردنەوەو بەراوردکاری لە هەڵسەنگاندنی تێکستی وێژەیی ئەم شێوازانەش هەڵبەت تەنیا بە پەخشان ئەنجام دەدرێن نەك بە دێڕە هۆنراوە کە بە کۆتو زنجیری کێشو سەروا دەرفەتەکەی ئێجگار تەنگەبەرە، جگە لەمە ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەو دێڕە هۆنراوانە خۆیان وردبینەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە هونەرەکانیان بە زۆری باسی ڕادەی هەستیاریەتی خۆیان یان هاوڕێ هەستیارەکانیان دەکەن)) (٨).

لەم بۆچوونەی دکتۆر بەسیر خوێنەر هەست دەکات کە جۆرە تێکەڵوپێکەڵییەكو سەرلێشێوانێك بەدی دەکرێ. لە لایەك خۆی شانازیکردنو ستایشکردن بە چەند بنەڕەتێکی ڕەخنەسازی لە قەڵەم دەداتو لە لایەکی ترەوە بە پێچەوانەوە.

لە ڕووی شانازی و ستایشکردنەوە چەند نموونەیەکی نالی و حاجی قادرو کوردی و سالم دەهێنێتەوە، کەچی بە هیچ کلۆجێ بە ئاقاری (مەمو زین) ی ئەحمەدی خانی تێ ناپەڕێو ئاماژە بۆ دێڕێك چییە ناکات، لە کاتێکدا ئەو خاسیەتانەی ئەو گەرەکیەتی لە چەند دێڕی

دێباجەکەدا هەیەو بە ڕوونی ڕەنگ دەدەنەوە. لەمەش زیاتر نە ئەو نە دکتۆر عیزەدین ئاوڕیان لە جزیری و فەقێ تەیران نەداوەتەوە کە هەردووکیان بەر لە خانی و نالی و سالم و کوردی و حاجی قادر شانازییان بە خۆوە کردووەو ستایشی خۆیانو هی تریان کردووە، لەم ڕووەوە من دەتوانم جزیری، ئەگەر ڕەخنە شانازیکردنو ستایش بێ، بە ڕابەری ڕەخنەسازی ئەدەبی کوردی لە قەڵەم بدەم، مادامەکی بەر لە ئەحمەدی خانی ژیاوەو لەم بابەتەوە شیعری هەیە.

## مەلای جزیری ١٤٠٧ — ١٤٨١:

بەرپەرچی شیعر دزێك بەم شێوەیە دەداتەوە، ئەم شیعردزەش وا دیارە مەلایەکی خەڵکی ((فەنیك)) بووە، شیعری لە مەلا دزیوەو بەناوی خۆی لە لای خەڵکی خوێندوویەتەوە و ڕەخنەی لە مەلا گرتووە کە لە شیعر ناگاتە من. مەلا بەم چەند بەیتە شیعرە، گاڵتە بە شیعر دز دەکا، ناویشی نەزرنگاندووەو بە ((پازدە)) ناوی بردووە. بە بیری من - لە زمانی هەژارەوە - دەبێ مەلاکەی شیعر دز، زوبێر بووبێ کە لە شێوەی کرمانجیدا، زۆر ناوان هەڵدەقرچێنن: ڕەشید دەڵێن: ڕەشۆ، بە مستەفا دەڵێن، مستۆ، بە زبێر دەڵێن، زبۆ، زبۆ بە ئەبجەد پازدەیە، لەوانەشە شتی تر بێو نەمزانیبێ.

**قەومی مەشهورە کو ناڤێ مەلا خەمسە عەشەر**
**تو ب شیعرا نەتەگۆتی خۆ دەکی قەندو شەکەر**
**دووری ناسوفتە دهونی ! منەدی میثلی تەقەط**
**نە دەسەمتێ عەجەمێ دا نە دئیقلیمی تەتەر**
**ئەڤ چ شیعرو غەزەلن مەدحو پەنا خو دکی**
**دحڤاتان وە دبێژی مە بطەعنو بخەبەر**
**ئەڤ چ تەقلیدو شەطاطن چیەطاطن تو دکی؟**
**سەری ڤیرا دهەژینی، بدوصەد ئاهو کەسەر**
**تە دزانی فنیکتە نەمەکانێ غەزالانە**
**چ بو تێنە مەتاعێ تە، ئەیا بێ سەروبەر !**

دەســـتو پایـــان ز بـــەرێ زیـــدە بکـــی دێ تـــەبکم
مپلی حـەمادی عـەرەب، هـەروەکی شـێخ ئـانی بسـەر
ئەحمــەدم سـینە سـوپەر پـێش بـەری تـیرا فەلـەکێ
دەعـــوە داریێ تەمـــە ئـــیرۆ تـــە ژ دەحلـــێ وەرە دەر

**پوختەی مانا:**

زۆر مەشهوورە کە ناوت مەلا پازدەیە. بە شیعرێك کە هی خۆت نییە، خۆت لای خـەڵك شیرین دەکەی ! وا دەردەخەی، کە مرواریی کون نەکراوت هۆندووەتەوە ! پیاوی وەك تـۆم، نـە لە ئێران، نە لە وڵاتی تاتار نەدیوە، خۆت بە شیعر بـە جـەنابی خـۆت هەڵـدەڵێی و تانـە دە شیعری من دەگری و، بە خراپە باسم دەکەی ! ئەم درۆو دەلەسە چـییە؟ تـۆ نـاوت لـێ نـاون شیعرو بە ئاخو خەمبارییەوە دەیانبێژی و سەرتی لەگەڵ ڕادەژێـنی؟ خـۆت دەزانـی دەڵـەکاو بەرگەی کارمامزان نییە و، بە تەڵەکەو بە کاڵەك دەڵەك ناکرێن بە ئاسکی چـاو بەڵـەك. بـە چاوڕاو گاڵەگاڵ، گاڵ لە تالاّیی ناکەوێ. هەڵبەستەکەت کە دەڵەك نامەن، ئەو پڕوپووچە بێ تامەن، کە هیچ کەس بە هیچی ناوێن.

هەرێ کابرای شیعر دز، دزی کەری بێ سەروبەر ! ئەگەر تەشکەبەرەی خۆت ئیتر پـتر پـێ ڕاکێشی، لێت ڕوون بێ، بەو دەردەت دەبەم، کە شێخەکە بەسەر کـاورای عـارەوی، حـەمادی ناوی هێنابوو.

من ئەحمەدم، نەترسێکم، کە بەرانبەر، بە تیری بەڵای زەمانە، سـینگم مـەتاڵو قەڵغانـە. دەمەوێ بە گژتا بچم. دەسا پازدەی دەڵەك !

دروومان:

**بـــۆ مـــن قەڵەمـــە نێـــزە بـــۆ تـــۆ ســـوپەرە دەزگـــا**
**بـــۆ تەجربـــە بـــا لـــێ دەم یـــەك ضـــەربـــە لـــە قـــەلغانت**
**نـــووکی قەڵـــەمم تیـــژە وەك نـــووکی درەوشـــی تـــۆ**
**ســـۆهان زەدەیـــە فیکـــرم وەك گـــازنی بوڕڕانـــت**
**ڕەنگینە هەموو شیعرم وەك نەقشـی تەکـەلتووی زیـن،**
**مـــەزموونن گەشـــە فیکـــرم وەك قـــوللابی دروومانـــت**

هەروەها شانازی بە شیعری کوردی دەکات کە لە لای شێخی گەورەدا دەدرەوشێتەوە:

**زیرە سەرمایەیە بۆ (سالم) و (کرمان) دەبا**
**شیعری کوردی کە بدا جیلوە لە لای شێخێ کەبیر[١٤]**

ڕەنگە مەبەستی لە (کرمان) ی شاعیری گەورەی سەردەمی تەیمووری لەنگ بێ.
شانازیکردن بە زمانی شیعر، بـە نـووکی قەڵـەمی شـاعیر، یەکێکـە لـە خاسـیەتەکانی ڕەخنەسازی. لەم ڕووەوە ((شێخ ڕەزای تاڵەبانی)) بە شوکری فەچلی دەڵێ:

**تۆ هەتە تیغی دەبانو من هەمە تیغی زبان**
**فەرقی ئەم دوو تیغە هەروەك ئاسمانو ڕێسمان !**

لەمەوە سەری کێشاوە بۆ ئەوە کە وەکو ئاوی ڕەوان شیعری لە کانی تەبیعەتەوە هەڵقوڵێو بەهۆی ئەوە کە ناوبانگی بەلاغەت دەرکا وەکو خۆی دەڵێ:

**شـــێخ ڕەزامو بـــە فصـــاحەت لـــە جیهانـــدا مەشـــهوور**
**پســـەری پـــڕی نـــەزەر کـــەردەی قـــوطبی لاهـــوور !**
**شـــیعری مـــن وەهبیـــە کەســـبی نییـــە وشـــیارەوە بـــە**

**خۆت لەمن لادە لە سۆراخی قنگت بەم مەخموور !**

لەبن دەست ئەمەشەوە لە شیعری ستایش‌و پیاهەڵۆتنیشـدا وەنـەبێ لـە شـاعیرەکانی تـر کەمتر بووبێ، بەڵکو لە گەلێ شوێنی پێشـکەوتووتر بـووە، خـەیاڵێکی نـازك‌و تەبیعـەتێکی ئاوێنەیی بووە.

لە سەرەتاوە خۆی خستووەتە کۆشی شیعرەوە ((لامع)) ی کردووە بە ناوی شیعری وەکو لە هەندێ شوێندا دەبینرێ کە دەڵێ:

**نییە باکم گەر ئەو خەبیسە بڵێ ئەوە ئەشعاری (لامع) ی کوێرە**

دیسان دەڵێ:

**وەك (لامع) شاعیر نییە ئێستە لە جیهاندا**
**شیرین و سوخەن‌و قابل‌و خۆش تەبع و ڕەزا سووك)) (١٥)**

شاعیری ئیسلامیش (حسان بن پابت) شانازی بەخۆیەوە دەکـات، کـە نـەك تـەنیا زبـانی بەڵکو شمشێرەکەشی کاریگەرەو دەبڕێ لە زبانەکەی تیژترە:

لســـــــاني وســـــــيفي صـــــــارمان كلاهمـــــــا
ويبلـــــغ الســـــيف مـــــالا يبلـــــغ مـــــزودي

بە پێی بۆچوونەکانی دکتۆر بەسیر دەبێ سالم‌و شێخ ڕەزا هـەردووکیان لـەژێر کـارتێکردنی (حسان بن پابت) ئەم شانازییەیان بە زبانی شیعرەوە کردبێ.

هەر لەو سەدەیە جگە لە سالم ١٨٠٠ - ١٨٦٦زو شێخ ڕەزا ١٨٣٥ - ١٩٠٩مستەفا بەگی (کوردی) یش ١٨٠٩ - ١٨٤٨و حاجی قادری کـۆییش ١٨١٥ - ١٨٩٢ لـەناو شـیعرەکانیاندا خاسـیەت‌و بنـەمای ڕەخنەسـازی بـەدی دەکـەین کـە بـەپێی چوارچـێوەی ئـەو سـەردەمەیدا شانازیکردن‌و دەست نیشانکردنی ڕەخنە و ڕەخنەگر کراون، بۆ نموونە کوردی دەڵێ:

**دڕ و یاقووت دەبارێ لەم کەلامــە شـیرنەی (کـوردی)**
**خـوا سـا کـوا لــە دونیـادا قــەدرزانێ، خریـدارێ**
**کــوردی دلێـــری عەرصـــەیی نـــەڤم‌و فەصـــاحەتە**

يا لە دێڕێكى تردا دەڵێ:

**وانييە (كوردى) مائيلى ئەو جۆرە ئەتوارانە بێ**
**لازمە شاعير لە هەر چەشنێ بلێ ئيمتياز[١٦]**

كەمێك وردبوونەوە لەم سێ دێڕە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە شيعرەكانى (كـوردى) دوڕ و گەوهەرن (لە ڕەوانبێژى) يشدا دڕو گەوهەرى لێ دەبارێ، بەڵام كوا ڕەخنـەگرێكى شـارەزا، شيعردۆستێكى خاوەن چێژو سەليقەى شيعر، نرخى ئەم كاڵەيـە بـەرزە بزانـێو لێـى بكـڕێ، (كوردى) شاسوارى ڕەوانبێژى كورديية، ئازاو بوێرى گۆڕەپـانى هەڵبەسـتو زمـان پاراوييـە، وەكو برووسكى تيژڕەو دێو دەچێ.

ئەمانە هەمووى نيشانەى ئەوەن كە لەو سەردەمەدا دەمەتەقێو شەڕە شيعر و، گفتوگـۆو لێكۆڵينەوەو شانازى بەخۆوە كردن و، خۆ بە شاعيرى چاكو شارەزاو كارامە لە قەڵەمدان، باو بووە، هاڤبڕكێو ناكۆكى هـەبووە ئـەو حەلـەش هـەروا بـووە كـە دەبـێ شـاعير لـە هـەموو مەبەستەكانو بابەتەكانى شيعر، تواناو دەسەڵاتى خۆى نواندبێ. جارى واش هەبووە كە هيچ مەرج نەبووە كە شاعير لەسەر بابەتێك شيعرێكى نووسيبـێ ڕەنگدانەوەى ڕەوشتو خاسيەتو هەستى شاعير بووبن، ڕەنگە بە ناچارى وتبێتى، تا بڵێين شاعيرە و بۆ ئيمتياز داپناوە ئەگينا حەزى لێ نەكردووە، تەنيا لاساييكردنەوە بووە، ياخود بە شاعير نـەدەوترا شـاعيرەو ديـوانى هەيە كە لە ئەلفەوە تا ياى شيعرى نەبووبێ، يا وشەى عەرەبى و فارسى تێكەڵ بە شيعرەكانى نەكردبێ، كە گوايە هێزوپێزى ڕەوانبێژى شاعير لەو شێوازەدا دەردەكەوێ.

**پەراوێزەکان:**


١- مقالات في تاريخ النقد العربي، د. داود سلوم، دار الطليعة للطباعة والنشر - بيروت ١٩٨١، ل٢١.

٢- شرح القصائد العشر، تأليف الخطيب التبريزي، تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد، مطبعة السعادة - القاهرة، ١٩٦٤، ل ٣١.

٣- مقالات في تاريخ النقد العربي والمصدر السابق نفسه، ل ٣٠ - ٣٧.

٤- احمدي خاني ١٦٥٠ - ١٧٠٧ شاعرا ومفكرا وفيلسوفا ومتصوفا، الدكتور عزالدين مصطفي رسول - كلية الاداب - مطبعة الحوادث - بغداد ١٩٧٤، ل ٣٠ - ٣٦.

٥- ئەحمەدی خانی. مەمو زین. شرۆڤەکردنو ڤەکۆلینا ئەمینێ ئوسمان، چاپخانەی (الجاحظ) بەغدا، ١٩٩٠.

٦- وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، پرۆفیسۆر کامل حەسەن بەصیر چاپخانەی (الجاحظ) بەغدا ١٩٩١، ل ١١٥.

٧- هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل ٥١.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

٩- دیوانی عارفی ربانی شێخ أحمدی جزیری، مەشهوور بە مەلای جزیری، هەژار شەرحی لێ کردووە، سروش - تهران - ١٣٩١، ل ٥٦٠و ٥٦١.

١٠- هەمانی سەرچاوەی پیشوو، ل ٥٨٢ - ٥٨٤.

١١ - دیوانی نالی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو فاتح عەبدولکەریمو محەمەدی مەلا کەریم - چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦، ل (٧٨،١٤٤، ١٧٤، ٣٠٨، ٤٨٠، ٤٨١، ٥٥٥، ٦٥٣، ٦٥٤).

١٢- هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل (٥٥، ٥٦، ٥٨، ١٠٤، ١٠٦، ١٠٧)

١٣ - وێژەی کوردی ڕەخنەسازی، پرۆفیسۆر کامل حەسەن بەصیر، ل ٥٤ - ٦٨.

١٤- دیوانی سالم - چاپی دووەم - چاپخانەی کوردستان - هەولێر، ل ٥٠ و ٥١ و ٦٩.

١٥ - مێژووی ئەدەبی کوردی، علاء الدين سجادی - چاپی دووەم - چاپخانەی معارف - بەغداد ١٩٧١، ل ٣٧٩ - ٣٨٠.

١٦- دیوانی کوردی، چاپی سێیەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ل ٢٧، ٥٥، ٧٦.

## ئەدەب و ڕۆژنامەی " کوردی " منداڵان
## لە سەرەتای بیستەکانەوە تا سەرەتای پەنجاکان

**بەرایی:**

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ڕۆژنامە و ڕۆژنامە بە گشتی و ڕۆژنامەی منداڵان بە تایبەتی بدەینەوە، کە یەکەمین ڕۆژنامەی نوێ لە ڕۆژهەڵاتدا دەرچووبێت لەسەر دەستی هەڵمەتی سەربازی ناپلیۆن بووە بۆ سەر میسر کە لیژنەیەکی زانستیی لەگەڵ خۆی هێنابوو، ساڵی ١٧٨٩ لە شاری قاهیرە ڕۆژنامەیەکی فەرەنسییان دەرکرد، یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبییش لەسەر دەستی محەمەد عەلی پاشا بە (نەژاد کورد) بەناوی (الوقائع المصرية) بووە ساڵی ١٨٢٨دەرچوو کە تا ئێستا هەر بەردەوامە، لە عیراقیشدا هەموو لەسەر ئەو ڕایەن کە باوکی ئازادیخوازان مەدحەت پاشا یەکەمین چاپخانەی لە بەغدا دامەزراند و یەکەمین ڕۆژنامەی ساڵی ١٨٩٦ بە ناوی (الزوراء) دەرکرد کە هەتا ساڵی ١٩١٧بەردەوام بوو (١).

هەروەها یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییش لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرەدا دەرچوو کە لە لایەن ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، میقداد مەدحەت بەدرخانەو دوای ئەویش لە لایەن عەبدولڕەحمان بەدرخانی برایەوە دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە لە ٢٢ی نیساندا یەکەم ژمارەی ڕووناکیی بەخۆوە بینیوە. یەکەمین کۆواری منالآن کە بە عەرەبی لە عیراقدا دەرچووبێت مجلة (التلميذ العراقي) یە کە لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لەلایەن سەعید فەهیم حەوێزی کە فەرمانبەرێکی کورد بوو لە وەزارەتی پەروەردە دەرچوو، کە کۆوارێکی پەروەردەیی هەفتانە بووو ماوەیەکی کورت ڕووناکیی بەخۆوە بینیوە (٢).

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییش کە تایبەت بێت بە منالآن ساڵی ١٩٤٦بە ناوی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) لە مەهاباد دەرچووە.

کۆوارەکە کە بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان بوو، وێنەیەکی سەلاحەددینی لەسەر بەرگی سێیەمین ژمارەیدا چاپ کردووەو لەم لاو لەولایەوە ئەم دێڕە شیعرەی نووسیوە:

**هەربژی ئەی فەخری قەومی کوردو سوڵتانی عەرەب**
**تۆ نەمردووی ئەی صەلاحەدینی ئەیوبی نەسەب**

دوابەدوای کۆواری (گروگاڵانی منداڵانی کورد) چەند کۆوارێکی تر بۆ منداڵانی کورد دەرچووە. لەوانە کۆواری (گزنگ - بزوغ) ژمارە (یەکی) ساڵی ١٩٦٧ لە سلێمانی دەرچووە. گۆڤارێکی قوتابخانەیی و پەروەردەییی ساڵانەیە. قوتابخانەی مەناری کوڕان دەری دەهێنێت. (تیشك) ژمارە (یەکی) ساڵی ١٩٦٩ لە هەولێر دەرچووە، گۆڤارێکی پەروەردەییی ساڵانەیە، قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتاییی کوڕان دەری دەکات، هەندێ بابەتی تێدایە پێوەندییان بە منداڵانەوە هەیە.

(پەروەردەو زانست) ژمارە (یەکی) ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا دەرچووە، (کۆوارێکی پەروەردەیی و زانستییە) بە سێ مانگ جارێك دەردەچێت (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) بە کوردی و عەرەبی دەری دەکات. (ڕەهێڵە) ژمارە (یەك)ی ساڵی ١٩٧١ لە هەولێر دەرچووە (گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی و پەروەردەییی ساڵانەیە، خوێندنگای دواناوەندی هەولێری کوڕان دەری دەکات). (چیا) ژمارە (یەك)ی ساڵی ١٩٧١ دەستەیەك قوتابی دەریان کردووە، لە شاری سلێمانی دەرچووە. (ئەستێرە) ژمارە (یەك)ی لە هاوینی ١٩٧٢ لە سلێمانی دەرچووە، کۆوارێکی منالانە مانگێ جارێ دەرچووە. (ئەستێرە) ساڵی ١٩٧٤ دوو ژمارەی لێ دەرچووە، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا دەری کردووە [٣].

دوای ئەو پێشەکییە بۆمان هەیە ئاوڕێك لەو بابەتانە بدەینەوە کە تایبەتن بە منداڵانی کوردو لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو کۆوارە کوردییەکان چاویان کردووەتەوەو بە پێی دەرفەتو توانا هەڵیان بسەنگێنن.

وەکو ئاماژەم بۆکرد یەکەمین کۆواری منالان کە بە عەرەبی دەرچووبێت (التلمیذ العراقي)، واتە - قوتابیی عێراقی بوو کە لە بەغدا ساڵی ١٩٢٢ سەعید فەهیم حەوێزی دەری کردووە، لە هەمان ساڵ، یەکەم بەرهەمی تایبەت بە منالانی کورد کە دانراوەو لە ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە (دلاوەران) ی (مەلا مەحموودی مفتی) ناسراو بە (بێخود)ە. کە ئەم زانیارییەش ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بەر لەم بەرهەمەی تایبەت بە منداڵانی کورد شتێکی ئەوتۆ بڵاو نەکراوەتەوە.

لە پەڕاوێزی (دیوانی بێخود)دا سەبارەت بە هۆنراوەی (دلاوەران) ئەمە نووسراوە:

کاك مستەفا سائب لە بارەی ئەم سروودەوە، بۆ کاك عەبدولڕەحمان موفتی نووسیوە ئەڵێ: (ساڵی ١٩٢٢ لە کەرکوك قوتابی بووین، بەیانیان بە تورکی گۆرانییان پێ ئەوتین: بیستم کە جەنابی مامۆستا (بێخود) تەشریفی هاتووە بۆ کەرکوك، چوومە خزمەتی لە (بەرتەکیە)وە لە دوای بەخێرهاتن عەرزم کرد لێرە بە تورکی گۆرانیمان پێ ئەڵێن ئەویش فەرمووی جا مستەفا چیت ئەوێ؟ وتم: قوربان سروودیکمان بەکوردی بۆ دابنێ هەتا ئێمەش لەبەری بکەین. فەرمووی باشە، بەیانی وەرەوە تا سروودەکە بەری. بەیانی چوومەوە خزمەتی، ئەم سروودەی فەرمووبوو خوێندیەوە بۆم. منیش ڕەوانم کردو بردم بۆ قوتابخانە وە بە قوتابییە کوردەکانم ڕەوان کرد خۆیشی نوسخەیەکی نارد بۆ سلێمانی بۆ شێخ نووری شێخ ساڵح کە لە ڕۆژنامەکانا بڵاوی بکاتەوە، ئەنجا قوتابخانەکان هەموو بردیان قوتابییەکان لەبەریان کرد. سروودەکە کە لە سلێمانی بڵاو کرایەوە ناوی شێخ نوورییان لەسەر دانابوو، وە لە کتێبی (گۆرانیی کوردی) دا بە ئیمزای (م. نووری) بڵاو کراوەتەوە، ئەم سروودە لەسەر ئاوازی: (دیشب کە مرا وضع وطن در نظر آمد) ئەوترێ. [٤]

لە ڕاستیدا سروودەکە هۆنراوەی درێژەو لە شێوەی ئۆپەرێتدا خۆی دەنوێنێ، کۆمەڵێك منداڵو ئافرەت بە منداڵەوەو کۆمەڵێ کچو دایكو باوكو چەك بە دەست بەشداریی تێدا دەکەن، دەکرێت بکرێتە کۆراڵو ئاوازێکی نوێی بۆ دابندرێتو بە پێی دابەشکردنی مۆسیقاو دەوری بەشداران پێشکێش بکرێت. سروودەکە گیانی شۆڕشگێڕی و بەرخودانو دڵسۆزیی نەتەوە لە دڵو دەروونداں دەخولقێنێ سەرەتاییێکی باشە بۆ ئەم جۆرە بابەتانە کە لەو قۆناغەی شاعیر هۆنراوەکەی تێدا گوتووە، چ گیانێکی لەخۆبووردانە وەبەر چەك بە دەستەکان دەکات کە نموونەی پێشمەرگەی نەبەزو نەبەردین:

**چەك بە دەستەکان:**

**ئێمە کە موسەللەح لە دەرو دەشتو لە شارین**
**سوێن خۆری** حضووری **حەقو بابو کەسو کارین**
**بۆ مەسعەدەتی ئەم وەگەنو میللەتی کوردە**
**ڕیشە و ڕەگی زاڵم ببڕن بەم دەسو بردە**

تاکەی لە زەحمەتا بین
لە ناو مەزەللەتا بین
لازمە بە کەیفو مەسەڕڕەت
ڕۆح بکەین بە قوربانی میللەت
زاتەن ئێمە خولقاوین
بۆ خزمەت کردن
بۆ ئەوەی فیداکاربین
تا ڕۆژی مردن... (٥)

ئەگەر (دلاوەران) ی بێخود یەکەم بەرهەمی بە پێزبێ بۆ منالانی کوردو سالی ١٩٢٢بەخۆوە بگرێت، دەبێ ئێمە خۆمان چەند بە دواکەوتوو بزانین کە شاعیری گەورەی بە (نەژاد کورد)ئەحمەد شەوقی (١٨٦٨ - ١٩٣٢) لەبارەی چیرۆکە شیعرەکانی لە پێشەکیی (الشوقیات)دا کە سالی ١٨٩٨ دەرچوو، واتە سالی دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) نووسیویەتی و دەڵێت: (خەیاڵی خۆم لە هۆندنەوەی حەقایەتی ناودار لەسەر شێوازی (لاڤۆنتین) تاقی کردەوە لەو کۆمەڵەیەدا شتێکی لەو بابەتانەی تیابوو کە لە دانانی (دوو ئەفسانە) دەبوومەوە، یا سێ لەگەڵ نەوجەوانانی میسر کۆدەبوومەوە، شتێکم لەوانە بۆیان دەخوێندەوە، هەر یەکەم جار لێی تێدەگەیشتنو هۆگری دەبوونو لە زۆریەکەی پێدەکەنین. من ئەوەم بە موژدەیەك دەزانی و ئاواتەخواز بووم گەر خودا دەستم بدات سەرم بخات منالانی میسر وا لێ دەکەم وەك ئەوەی شاعیران لە ولاتانی پێشکەوتوودا بۆ منالانیان کردووە، کە هۆنراوەی ئاسان دابنێن، حیکمەتو پەندو ئەدەبی بە قەد عەقڵی خۆیان لێ وەربگرن) (٦).

کەچی دوای نزیکەی پەنجا ساڵ هەردوو شاعیری ناوداری کورد چیرۆکە شیعرێکی (لاڤۆنتین) دەکەن بە کوردی، کە هەردووکیان سالی ١٩٤٨ کۆچی دواییان کردووە، یونس دلدار ١٩١٨ - ١٩٤٨ لە پێشەکیی وەرگێڕانەکەی (قەل و ڕێوی) دا دەڵێ:

(یەك لە پەندە خۆشەکانی (لاڤۆنتین) شاعیری ئێسك سووکی فەرەنسەیە کردوومە بە کوردی). لە کۆواری گەلاوێژدا بلاوکراوەتەوە (٧).

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بابەت (قەل و ڕێوی) یەوە دەڵێت:

مەوزووعی ئەم فکرە لە زمانی بێگانەوە وەرگیراوە و (بێ کەس) ی شاعیری ناوداری

(سلێمانی) ش بە وێنەیەکی شیرین خستوویەتە سەر زمانی کوردی، وەرگێڕانەکەی دڵدار لە جوانییا لە هینەکەی بێ کەس کەمتر نییە. دەسکارییێکی کەم کە تێیدا دەبینرێ حوسنێکی تری داوە بە فیکرەکە، واتە وەکو کچێکی دلبەری بێگانە، بەرگێکی نایابی کوردی لەبەر کرابی شیرینییەکەی فریوێکی زیاتر پەیا ئەکاو زووتر ئەچێتە دڵی لاوێکی کوردەوە، ئەم فیکرەیەش - بە لای منەوە - دوای ئەوەی کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی جوانترو شیرینتر بووە). (٨)

هەڵبەت ئەحمەد شەوقی کەوتبووە ژێر کارتێکردنی هۆنراوەکانی (لاڤۆنتین)، کاتێ شۆڕشی ئەحمەد عرابی پاشا پەنای بردە بەر فەرەنساو لەوێ زمانی فەرەنسی فێربوو، شیعرەکانی (لاڤۆنتین) ی جارێکی تر داڕشتەوەو تامو بۆیەکی تایبەتی پێ بەخشین.

## ڕابەرانی ئەدەبو چیرۆکی منداڵان بە زمانی کوردی:

لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی کە ئەو باسەم لەسەر هەڵچنیوە، دەکرێت ئاماژە بۆ چەند ڕابەرێکی دەستڕەنگینو لێهاتوو بکەین کە لەم بوارەدا دەورێکی بەرچاویان بینیوەو هەوڵو کۆششی مەردانەو جوامێرانەیان هەمیشە مایەی ڕێزو شانازیی نەتەوەکەمانەو دەکرێت لێکۆڵینەوەی جیاجیا لەسەر بەرهەمەکانیان بکرێت کە بە چ بیرکردنەوەو بۆچوونێك هۆنراوە، یا چیرۆك، یا چیرۆکە شیعر، یا بابەتی منداڵانیان داڕشتووەو تا چ ڕادەیەك منداڵانی کورد بە تایبەتی شاگردانی سەرەتایی سوودیان لەو بەرهەمانە وەرگرتووە. زۆربەی بابەتەکان شیعرنو ناوبەناویش چیرۆكو نموونەی وەرگێڕاو بەرچاو دەکەون.

دەتوانین دوای (بێخود) کە یەکەمین ڕابەری ئەو بوارە گرنگەیە، ئاماژە بۆ عەبدولا زێوەر (١٨٧٥ - ١٩٤٨) بکەین کە لە هەموو شاعیرو نووسەرانی تری کورد بەرهەمی بە پێزو هاندەری خوێندنی پەروەردەو فێرکردنی نووسیوە، یا لە زمانی عەرەبییەوە کردوونی بە کوردی لەوانە:

فرۆك - تەیارە کە مێژووی نووسینی لەسەر نییە، کۆتر و ڕاوکەر (الحمامة والصیاد) ی ئەحمەد شەوقییە زێوەر بە شیعر کردوویەتی بە کوردی و ئەوەی لەبیرم بێت لە کۆتاییی چلەکاندا لە کتێبی خوێندنەوەی کوردیدا بلاوکراوەتەوە. هەروەها دوو چیرۆك بە شیعر هەردووك درێژنو مێژوویان بەسەرەوە نییە. بەرهەمی زۆری بۆ منالانی قوتابخانە تەرخان کردووە، لەوانە: من منداڵی بچووکم مەکتەبە ڕۆحو سەرم، قسەی شاگردێك، لە زمان

کچێکەوە، شاری سولەیمانی، گۆڕین لە (سمیر الاگفال)ەوە بۆ منداڵان هۆنراوەی ژمارە، گۆرانی شاگرد، حکیم (پزیشك)، شاگردێك هاوڕێکانی هان ئەدا بۆ: کەڵکی کاری نیشتمان، سەعات، باوك، دایك، گۆرانی کەشافە، قوتابی سەنعەتکار - دارتاش، پشیلەی ریاکار، خودا، قسەی شاگردێك، تەمسیل، دیاری، قوتابییەك ئامۆژگاری هاوڕێکانی ئەکا، گۆڕینی (سمیر الاطفال)، گۆڕینی لە (قرائەتی عەرەبی) یەوە، تۆپی فوتبۆل، بۆق، دوو ڕێوی تەماعکار، هەروەها کۆمەڵێك گۆرانیی بۆ منداڵان داناوە لەوانە:

**خاکی عێراقم سەر بەسەر**

**پڕ لە مەعدەن‌و دووڕو گەوهەر**

**جوغرافیای عێراق، بە شیعر بۆ منداڵانی قوتابخانە:**

سنووری عێراق، ئیدارەی عێراق، نەهرەکانی عێراق، تجارەی عێراق (صادرە)، واردە، نفوسی عێراق لە دیوانی عەبدوڵا زێوەردا کە بەشی یەکەمی بەناوی (سۆزی نیشتمان) بڵاوکراوەتەوە، بەشێکی تەرخان کراوە بۆ (گۆرانی قوتابیان)- گۆرانی:

**ئێمە کە منااڵ‌و نەوجەوانین**

**هەموو بە قوربانی کوردستانین**

کە لەسەر کێشی (ما کە اطفال این دبستانیم) دەگوترێ، گۆرانی: ئەی کوردینە ئەی مەردینە (لەسەر کێشی انقرە نك داشنە باق) دەگوترێ. گۆرانیی بالۆرەی کچە کوردێك: کیژۆڵەی کوردستانم. گۆرانیی:

**کوردستان (وەتەن) مانە**

**جێی شێری بابانە**

لەسەر کێشی (شاشیردی گیردی دوشمن ارسلان یا تاعنە)، گۆرانیی:

**صلاح الدین** سلطان **کریم خان شاهی ئێران**

لەسەر کێشی (ئوردمز ابتدای یمین) کە چەند نەقەراتێکی تێدایە. گۆرانیی:

**ئازادیمان داوا کرد سەربەستیمان بەرپا کرد**
**ئۆردووی کوردمان ئینشـــــا کـــــرد**

لەسەر کێشی (ئەی وەتەن ئەی ام مشفق شادو خەندان اول بوگون) دەگوترێ، گۆرانیی:

**عەسرو زەمانی خوێندنە**
**مەکتەب حەیاتی عالەمە**

نەقەراتی تێدایە (دووپات) دەبێتەوە لەسەر کێشی (گلدی بەهار دل گوشاد) گۆرانیی:

**فەخرە بۆ ئێمە کوردستان**
**شاخو دەشتی وەك گوڵستان**
**مەعدەنە بۆ عیلمو عیرفان**
**بێشەیە بۆ شێرو مەردان**

لەسەر کێشی (وبلادي اتباها ليتني كنت فداها) دەگوترێ، هەروەها چەندین گۆرانیی تـر وەکو:

**رەونـــەقی بـــاخی (حـــەیاتی) میللەتـــە (عـــیلمو فنـــون)**
**میللەتی بێ - علم - و دانەش هەر (زەلیلـە)و هـەر زەبـوون**

لەسەر کێشی ئەی وەتەن ئەی ام مشفق دەگوترێ، گۆرانیی:

**ئێمە وا دائما بە دڵو بە گیان**
**سەعی ئەکەین هەوڵ ئەدەین بۆ تریقمان**
**تاکو خزمەت بکەین بۆ وڵاتما**

لەسەر کێشی:

(اننـــــا دائمـــــاً نمشـــــي للامـــــام)

شـــــأننا نعـــــتني دومـــــاً بالنظـــــام)

ساڵی خوێندنی ١٩٤٩ - ١٩٥٠لە پۆلی شەشەمی سـەرەتایی سـرووده عـەرەبییەکـەمان لەبەر کردووەو بە ئاوازی تایبەتی گوتراوە، هەروەها گۆرانیی:

**(وەتەنی) مـن کوردستانە**

**یادگاری (ئەجداد)مانە**

**بەهەشتی ڕووی زەمین خاکی پاکی (کوردستانە)**

**با هەموو وەك برابین، ڕەفیقی دینو دونیا بین**

**با لە (وەحشەت) تەوەللابین**

**نۆبەتی (عیلمو عرفانە)**

گۆرانیی:

**(تا دەس لەمل (مەقسەد) نەکەم، شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ**

**بۆ لاوی تازەی (قەومی کورد) ببمە نموونەی بێ میسال**

لەسەر کێشی (هیا بنا نحو الامام) دەگوترێ.

گۆرانیی:

**بلبل بە نەغمەی دڵکێشو خۆشی**

**گوڵزاری پڕ کرد دەنگو خرۆشی**

**بانگی کرد خەلقە سەربەست خولقاوم**

**لەم باخو دەشتە ڕووناکە چاوم**

کە عەرەبییەکەی:

(سمعت صوتاً للعندلیب تلاة فوق الغصن الرطیب)ە.

گۆرانیی:

**سەرکەوە کوردە (وە اللە) سەرکەل گوڵزارە**

**ناوشیوو ناو دەشت بەخوا جێی مۆرو مارە**

لەسەر شێوەی (ئەرێ هۆ شل) دەگوترێ، گۆرانی لەسەر کێشی (یا بلادي، یا بلادي، یا ضیاء البلدان).

دوا گۆرانی، گۆرانیی (بەیداخ)ە کە ئاماژەی نەکردووە بۆ هۆنراوەکەی جەمیل سیدقی زەهاوی کە دەڵێ:

حي العلم عالي القدم عز وشاد

کوردییەکەی:

**ئەی عەلەمی بەرزو بلندی وەتەن**

**خاکی قەدەمتە سەری دوور لەبەدەن** (٩)

(فایق بێکەس ١٩٠٥ - ١٩٤٨) یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی کە هۆنراوەی بۆ منالانی کورد نووسیوە، کراون بە سروودو گۆرانی، هەروەها چیرۆکە شیعری لە عەرەبییەوە بە شیعر کردووە بە کوردی، وەکو جووتێك (کۆترو پڕ بۆتێك) هەروەها (یەکێتی)، (تەماعکاری)، (شێرو مار) جگە لە چیرۆکی تر بە شیعر کە خۆی دای ناون وەکو فێرکاری، هەرەوەز؟

بۆ منداڵانی کورد (گۆرانی سپۆرت، شوانو مەڕەکانی، تۆ چیت؟ من کوردم !، دایك، بەیانی، لە قوتابخانە، گۆرانی کەشافە، فرۆك، ژماردن، ئێمە منداڵین) داناوە، هەروەها چەند سروودێك وەکو: گۆرانی وەتەن، ئەی دلێران، بۆ وەتەن، گۆرانی گۆیژە - کە بە هەڵە لە دیوانەکەیدا چاپ کراوەو هیی بەختیاری زێوەرە - لاوانی وەتەن.

حەز دەکەم ئاماژە بۆ هۆنراوەی (فرۆك) بکەم کە بێکەس نەینووسیوە بە دەستکارییەوە لە هۆنراوەی (الطائرة) ی (معروف الرصافي) وەرگرتووە، بۆیە بە پێویستم زانی کە هەردوو نموونە بۆ بەراوردکاری بهێنمەوە:

(رەسافی) دەڵێت:

سفينة الهواء تطير في الفضاء
تسير بالرياح مبسوطة الجناح
ربانها يـــدوي كا الطائر في الجو
وقت الحروب نقمة وفي السلام نعمـة

(بێکەس) دەڵێت:

**شتێکی بێ خوێن و گیان**
**ئەفڕێ و ئەچێتە ئاسمان**
**هەڵدەگرێ گەلێ ئینسان**
**دوو باڵی پێوەیە جوان**
**ناویان ناوە تەیارە**
**زۆر مەحکەم و بەکارە**
**لە شەڕدا مسیبەتە**
**لە ئاشتی یا نیعمەتە**
**لە سایەی حیرفەت و فەن**
**شتی وا دروست ئەکەن** (١٠)

(پیرەمێرد ١٨٦٥ - ١٩٥٠)، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ئاوڕی لە منداڵانی کورد داوەتەوە، شیعری بۆ هۆندوونەتەوە، سروودی بۆ داناون، بۆ نموونە: هۆنراوەی بارانی نیسان، سروودی بۆ نەوجەوانان، ئەی کچینە (سروود) یاخود گۆرانی کچان، سەرگوزشتەی پیرەژنان بۆ منداڵانی گوێ ئاگردان (چیرۆکە شیعرە) کۆنە پۆشی (چیرۆکە شیعرە وەرگێراوە) ساڵی ١٩٥٥ لە ژیندا بڵاوکراوەتەوە. (پەندێکی باش) چیرۆکە شیعرە، هەروەها چەند هۆنراوەیەکی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی بە شیعر: (ڕۆژێ مام ڕێوی ئەهات دەم و بە وێرد و سەڵەوات) و بابەتی تر.(١١)

(یونس دلّداریش ١٩١٨ - ١٩٤٨) لەم بوارەدا دەوری خۆی بینیوە، چەند هۆنراوە و سروودی بۆ منداڵانی کورد داناوە، لەوانە: هۆنراوەی کۆترە باریکە، سروودی (ڕۆڵەی تازە) لەسەر ئاوازی (سویت هوم) دەگوترێ ساڵی ١٩٤٠داندراوە لە قوتابخانەکانی کۆیەدا باو بوو،

منداڵانی هیوا، قەل و ڕیوی، گۆرانیش (١٩٠٤ - ١٩٦٢) خەمخۆری منداڵانی کورد بووە، سروودی بە جۆش‌و خرۆشی بۆ منداڵانی کورد نووسیوە: وەکو (دەمی ڕاپەڕینە) کە بە هەموو قوتابخانەکانی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، هەروەها سروودی: کوردستان بەری بەیانە، نەورۆز ئەکەم، چەند شیعرێکی بۆ منداڵان داناوە لەوانە: ساوای ئاشتیخواز، جگەرتانین، گۆرانی کەو، بەرخەکەم، گۆرانی دەنکە گەنم، پشیلەکەم، کەروێشك، بەفر. (١٢)

(بەختیار زێوەر لەسەر ڕێچکەی باوکی (عەبدوڵا زێوەر) بەردەوام بووە، شیعرو سروودو گۆرانی بۆ منداڵان هۆنیوەتەوە، لەوانە: هۆنراوەی مەڕ، گۆرانیی: گۆیژە - شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە، گۆرانی: براینە لە خەو هەستن بەیانە، لەسەر کێشی (بني وطني) گۆرانی: پیرەمەگروون لەسەر وەزنی (بز برنجی الایدگز). گۆرانیی تانجەڕۆ لەسەر وەزنێکی تایبەتی دەگوترێ. بۆ منداڵان لە ١٩٤١/١١/٢٠ لە سلێمانی داندراوە. چۆلەکە لە ١٩٤٥/٥/٢ نووسراوەتەوە گۆڕینی هەڵبەستی (انا عصفورة الهوی) ی جەمیل سیدقی زەهاوییە. فڕۆکە، بەهاری ١٩٤٢ سلێمانی، تۆپەکەم ١٩٤٥/٥/٣ سلێمانی گۆڕینی هەڵبەستی (کرتي ما احلاها) ی محەمەد بەهجەت ئەسەرییە. پەپوولەو گوڵ ١٩٤٣/٧/١١ سلێمانی - ئۆپەرێتە. بەیداغ ١٩٤٢/٧/٣١ سلێمانی وەرگێڕاوی شیعری ئەحمەد شەوقییە. (عش هکذا في علو ایها العلم فاننا بك بعد الله نعتصم).

دوو مەیموونی چێشت لێنەر، وەرگێڕاوی شیعری کامل گەیلانییە لە ١٩٤٣/٧/١١ داندراوە. ئەی وڵاتم: گۆڕینی شیعری جەمیل سیدقی زەهاوییە.

هۆنراوە بۆ منداڵان: مامۆستای دڵسۆز / سلێمانی ١٩٤٧/٢/٢٦ بۆ قەرائەتی کوردی منداڵان / سلێمانی ١٩٤٨/٩/٣. عەبدولواحید نووری ١٩٠٤ - ١٩٤٤بە چیرۆك‌و شیعرو وتار ڕۆڵی خۆی بینیوە. ساڵی ١٩٤٠کتێبێکی بە چاپ گەیاندووە بە ناوی (پیرۆزیی منداڵ) تێیدا نووسراوە: قازانجی ئەم کتێبە ئەدرێ بە منداڵی بێ کەسی موعەلیمێك کە وەفاتی کردووە. باس لە (من‌و منداڵ، حوکمداری منداڵ، منداڵانی هەژاران‌و دەوڵەمەندان فەرقیان چییە؟، فەیلەسووفەکان‌و منداڵ، دکتۆری منداڵ، شەخسیەتی منداڵ، دەستووری ئازادی منداڵ، چۆن ڕەوشتی منداڵ داڕێژین، ئەدەبیاتی منداڵ، یاری و تەمەڵی، حەواس بەهێزکردن، منداڵ‌و نمرە) دەکات، لە بابەت ئەدەبیاتی منداڵانەوە نووسیویەتی و دەڵێ:

(چۆن سنعەتی تازە، زراعەتی ئەمڕۆ، فەلسەفەو شیعری ئەم عەسرە هەر یەکە خۆی ئەدەبیات‌و شێوەکی جوانی هەیە، منداڵیش بۆخۆی خاوەنی ئەدەبیاتێکی جوانکیلەیە، ئەم

ئەدەبیاتە لە تەبیعەتەوە وەرگیراوە، مەبەستیش ڕێکخستنی ئەخلاقو زانینی نەفسییەتی مندالە، ئەم فکرە لە عەسری ڕابردووەوە باوی سەندووە.. بۆچی ئەدەبیاتی لاوانو پیران بێ؟ بۆچی ئەدەبیاتی منداڵ نەیەتە کایەوە، (دو دز ورث) کە ئینگلیزە ئەڵێ منداڵ پیاوێکی بچووکە، ئەم فەرمایشە زۆر بەجێیە)دیسان ئەڵێ: منداڵ لە تەبیعەتدا لە ئێمە نزیکترە [٣].

هەروەها ع. و. نووری شیعری بۆ منالانی کورد نووسیوە لەوانە: ئەی فەجری جوان، ڕاچڵەکین، ئێمە کە لاوین، کوڕ گەل، لاوە بچکۆڵەکان. ئەوەی شیاوی باسە (ع. و. نووری) هەر لەگەڵ دەرکەوتنی گۆواری گەلاوێژ (١٩٣٩ - ١٩٤٩) کۆمەڵێك وتاری لەبارەی پەروەردە بلاوکردەوە، خۆشی مامۆستایەکی زیرەكو شارەزا بوو، لە بواری پەروەردەو فێرکردندا دەورێکی باشی بینی، ئەم سروودو گۆرانییانەی بۆ منداڵانی داناون، هانداںو ورە بەرزکردنەوەیان تێدابوو کە بخوێننو خەبات بکەنو دڵسۆزی خاكو نەتەوە بن، هەروەها قەلاچۆی بیروباوەڕی پڕوپووچو گەندەڵ بکەن. عەبدولواحید بە چاوێك سەیری منداڵ دەکات کە نهێنیی شارستانییەتییەو تەوەری سیستەمی خێزانە.

(ئەحمەد دلزار) یش (١٩٢٠) یەکێکە لەو نووسەرو شاعیرانەی بۆ منالانی کوردی نووسیوەو بەرهەمی بلاوکردووەتەوە، بۆ نموونە: کوردستان سالّی ١٩٤٦داندراوە، سروودی: براگەل بخوێنن سالّی ١٩٤٦ لە کۆیە داندراوە، هەروەها سروودی: گەنجی وریا ڕاپەڕن، دواییش سروودی برایانی مەکتەب، لە چلەکان داندراوە. [١٤]

نووری شێخ سالّح - یش یەکێکە لەو شاعیرە ڕەسەنانەی کە بایەخی بە زانستو خوێندنو پەروەردە داوە، بە هۆنراوەکانی مێشکی شاگردو قوتابیانی ڕووناك کردووەتەوە، پشتگیریی تەواوی زانیاریی کردووەو نرخو بەهای پی بەخشیون.

لە هۆنراوەی (عیلمی میللەت)دا دەڵێ:

**واسیتەی عیلمە کە (پێنجوێنی) و (زەهاوی) و (مەولەوی)**

**ناوی پاكو عالییان ئیحیای کوردستان ئەکا**

ئەم هۆنراوە لەگەڵ عەلی کەمال، بەیەکەوە دایان ناوە. هەروەها سروودی (ئێمە کەششافەی کوردین) کە لەسەر کێشی (یا علم الامة) دەگوترێ کە لە ١٢ی حوزەیران نووسیویەتی و لە ژمارە (٢٤٤) ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بلاوکراوەتەوە، هەروەها هۆنراوەی

(پەپوولە) [١٥] کە دەتوانین بڵێین کە هۆنراوەیەکی نوێیەو مۆرکی خۆنوێکردنەوەی پێوە دیارەو بە هەستێکی ناسكو ئەندێشەیەکی فەنتازیانەو سۆزێکی گەرمو گوڕ نووسیویەتی، ئەگەرچی بابەتەکە بۆ منداڵان دانراوە.

## هەڵسەنگاندنو بەرهەمی بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان:

بە پێی بەرنامەیەکی شیکاری، دەشێ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئاوڕێك لەو بەرهەمانە بدەینەوە کە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو کۆوارەکان بڵاوکراونەتەوە چەند خاسییەتێك بەخۆوە دەگرن وەکو:

١ - لایەنی زانیاری و مێژوویی و سیاسی و ئەدەبی بەخۆوە دەگرن.

٢ - بایەخ بە گیانی کوردایەتی و نەتەوەپەرستی دەدەنو هانی ئارەزوومەندیی نەتەوایەتی دەدەن.

٣ - قوتابییان هان دەدەن بۆ ئارامگرتنو سوور بوون لەسەر بەردەوامبوونی هەوڵو تەقەلا بۆ سەرکەوتنو دەرکەوتنو پێشکەوتن.

٤ - بەشداریکردن لە چالاکیی جەستەیی و بایەخدان بە وەرزشو بەرزکردنەوەی گیانی سپۆرتانە.

٥ - خۆشەویستیی کوردستان و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییی باڵای گەل.

٦ - باوەڕ بەخۆبوونو قوربانیدان لە پێناو ئامانجەکانی سەر شان.

٧ - بایەخدان بە تەندروستیی باشی.

٨ - بەرگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنو داگیرکەر.

٩ - گوێڕایەڵیی دایكو باوك.

١٠ - بایەخدان بە پاکوخاوێنی و لەش پاکی.

١١ - برایەتی و تەبایی و، پێکەوە گونجانو پێکەوە ژیان.

١٢ - گەشبینی و سەیرکردنی دواڕۆژ بە چاوێکی گەشبینانە.

١٣ - پشت بەخۆبەستنو دوورکەوتنەوە لە پشتبەستن بە هیی تر.

١٤ - هاوکاری و دۆستایەتی و برایەتی.

١٥ - ڕێزلێنانی بەیداخو داوو نەریتی کۆمەڵایەتی.

١٦ - پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن.

١٧ - ڕاستگۆیی و سەر ڕاستی.
١٨ - ڕێزلێنانی گەورە و ڕێزلێنانی کار و ڕەفتاری باش.
١٩ - دوژمنایەتیکردنی داگیرکەر.
٢٠ - بوێری و ڕاشکاوی و گەلیٚ بابەتی تر کە بەردی بناغەی خوێندنو پەروەردەیە.

وێڕای ئەمەش ئەو بابەتانەی تایبەتن بە منداڵو بڵاوکراونەتەوە، خاڵی نین لە کەموکووڕی چ لە ڕووی ناوەڕۆكو چ لە ڕووی دەرهێنانی هونەرییەوە، هەروەها ئەوەندە بایەخ بە هەڵبژاردنی جۆری بابەتەکە نەدراوە کە بۆ منداڵان دەست دەدا یاخود نا، هەرچەندە هەندێك لەوانەی ناومان هێنان مامۆستا بوونەو بەکردەوە دەرسیان گوتووتەوە. هەروەها گویٚ نەدراوەتە قۆناغەکانی نەشونوما کردنی منداڵ، چونکە قۆناغی منداڵی و بچووکی زۆر لە زیندەوەرەکانی تر درێژترە، منداڵ پشت بە غەریزەی خۆڕسك لە ڕەفتاریدا وەکو زیندەوەری تر نابەستیٚ، بەڵکو فێردەبیٚو لە ژینگەدا شت وەردەگرێتو نەشونوما دەکات. لەبەر ئەوە منداڵان تەمەنو پێداویستیی بایۆلۆژی و دەروونیی جیاوازیان هەیە. لێکتر جیان، بۆیە هەندیٚ شیعرو چیرۆكو وتار بۆ هەندیٚ منداڵو هەندیٚ قۆناغ دەست دەدەن بۆ قۆناغی تر دەست نادەن. لەم ڕووەوە پەروەردەکاران دیارترین ئەو خاسیەتانە دیاری دەکەن کە منداڵ لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی نەشونومایدا لەسەر بنچینەی هەر پرۆسەیەکی پەروەردەیی، مەرجەکانی نەشونومای باو لە قۆناغێکی دیاریکراو پەیڕەو ناکات ئامانجەکانی ناهێنێتە دی. ئەو شیعرو چیرۆکانە کە لەگەڵ ڕەوتی ژیانی منالان دەگونجێن بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕن.

١ - قۆناغی ڕیالیزمو خەیاڵی سنووردار: کە تەمەنی (٣ تا ٥) ساڵی دەگرێتەوە کە بریتییە لە ژینگەی دایكو باوك، براو خوشكو دراوسیٚو خزمو خوێش، ئەوانەی لە ژینگەدانو نزیکن، هەروەها بووکە شووشەو جلوبەرگو خۆراكو ئەو ماڵەی تێیدا دەژی و ئاژەڵی ماڵی و دیاردەکانی سروشت وەك سەرماو گەرما و ڕووناکی و تاریکی و هیتر.

٢ - قۆناغی خەیاڵی بەربڵاو: لە تەمەنی (٥ تا ٨) ساڵی کە منداڵ بە چەندین ئەزموونو شارەزاییدا تیٚ دەپەڕیٚ.

٣ - قۆناغی پاڵەوانییەتی و سەرچڵی: لە تەمەنی (٨ تا ١٢) ساڵی. بەرە بەرە منداڵ لە قۆناغی واقیعی و خەیاڵی و بەربڵاو دوور دەکەوێتەوەو بەرەو قۆناغێکی لە واقیع نزیکتر دەگوێزرێتەوە، دەبێتە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی.

٤ - قۆناغی ئایدیالی: لە (١٢ تا ١٥) ساڵی. لەو قۆناغەدا منداڵ لە قۆناغی پێشوودا

ڕەت دەکات، لە تەمەنی هەرزەکاری نزیك دەبێتەوە، حەز لە شتی کورت دەکات، شتی سەیرو پێکەنین هێن لە کۆتاییەکەیدا.

هەروەها لەو چوار قۆناغەدا دەبێ نووسەر ئاگای لە شێوازو زمان بێ کە سەرنجڕاکێش بن‌و ورووژێن بن.

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری ئەو بابەتانە پێشکێشی منداڵ کراون ئەو مەرجانەیان تێدا نییە و، ڕەچاوی لایەنی تەمەن‌و باری دەروونی و دەوروبەر نەکراوە، بۆیە ئەو خاسیەتانەی تێدا نییە کە بەپێی بەرنامەیەکی زانستی دانرابن‌و ئامانجەکانی پڕۆسەی پەروەردەو خوێندن پیادە بکەن.

**پەراوێزەکان:**

١- صحافة العراق، نتاج رفائيل بطي، مطبعة الاديب البغدادية المحدودة، ١٩٨٥، ل ٢٩ - ٣٠.

٢- صحافة الاطفال في العراق، هادي نعمان الهيتي، دار الحرية للطباعة، ١٩٧٩، ل٣٣.

٣- مێژوو: کورتە باسێکی مێژووو کوردو مێژوو، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، بەغدا، ١٩٨٣ - مطابع دار آفاق عربية.

٤- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٨.

٥- دیوانی بێخود، کۆکردنەوە و ڕێکخستن‌و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (دار الساعة)، بەغدا ١٩٧٠، ل. ١٣٦

٦- ادب الاطفال، هادي نعمان الهيتي، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٧، ل ٢١١.

٧- دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، نووسینی عبدالخالق علاءالدين، مطابع دار آفاق عربية للصحافة و النشر ١٩٨٥ .١٩٠ ل .

٨- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم، ل ١٥.

٩- بەشی یەکەم لە دیوانی زێوەر (سۆزی نیشتمان) چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٨٥

١٠- دیوانی بێکەس، محەمەدی مەلا کەریم، ڕیکی خستووەو سەرەتای بۆ نووسیوەو

سەرپەرشتی چاپی کردووە، چاپخانەی الادیب، ١٩٨٠.

١١- دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم ١٩٩٠.

١٢- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرهەمی یەکەم، دیوانی گۆران، ١٩٨٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق.

١٣- بەرهەمی کۆکراوەی عەبدولواحید نووری، ئامادەکردنو کۆکردنەوەی مەحموود تۆفیق خەزنەدار، دار الثقافة والنشر الكوردية، بەغدا١٩٦٦.

١٤- دیوانی دلزار، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، سوید، ١٩٢٢.

١٥- دیوانی (شێخ نووری شێخ ساڵح) ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوەو لەسەری نووسیوە بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٩.

## ئاوڕدانەوەیەك لە ڕێبازەكانی شیعری دڵدار

### پێشەكی:

سەرنجێك لە ژیانو واقیعی دەوروپشتی دڵدار، دەمانگەیەنێتە بەردەم جیهانی شاعیر، كە چەند هۆیەكی تایبەتی و گشتی كاریان تێ كردووەو بەرەو گوڵزاری هۆنراوەیان بردووە و، چێژو سەلیقەی شیعریان پێ بەخشیوە.

بەر لەوەی دەست بكات بە دانانی هۆنراوە، ئاشنای شیعرەكانی حاجی قادرو زۆربەی شاعیرە كلاسیكییەكان بووە، لەم ڕووەوە دڵدار خۆی دەڵێ: ((هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم كە زۆربەی دیوانی (حاجی قادری كۆیی) م لەبەر كردبوو، هەمیشە بە وردی سەرنجم لە هەڵبەستەكانی عەونی و راجی و عاصی و حسێنی و هیرانی دەداو لەبەریشم دەكردن، بەوانەش دابین نەبووم هەڵبەستی هەر كەسێكم دەسكەوتبایە دەمنووسییەوەو لەبەریشم دەكردن بە تایبەتی هەڵبەستی وەفایی، كوردی، بێكەس، زێوەرو پیرەمێردم زۆر لەبەركردن و، دەڵێ هەر لەو ساڵەدا هەستم بەوە كرد كە چێژ لە هەڵبەست وەردەگرم و، زۆر گیرۆدەی بووبووم)) [(١)].

لێرەدا ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە كە هۆنراوەی شاعیرانی تر ڕێچكەی شیعریان بۆ دڵدار كردەوەو گوێچكەكانی بە مۆسیقای شاعیرە كلاسیكییەكان سەردەمی خۆی كرانەوەو هۆگری ئەو جیهانە نوێیە بوون. ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە جوانیی كوردستان بە دیمەنە ڕەنگینو دلڕفێنەكانییەوە، بە قەڵبەزو تاڤگەی چیاو دۆڵەكانییەوە، بە هەواو ئاوی سازگاری كوێستانییەكانیەوە، بە تایبەتی لە ناوچەی كۆیە و ڕانیەدا، بوونە هەوێنی شیعرەكانی. ژیانی ترشو تاڵی خۆی و نەتەوەكەی و خوێندنەوەی هەڵبەستە نیشتمانپەروەرەكانی حاجی قادری كۆیی و شیعرە شۆڕشگێڕییەكانی بێكەس و، هۆنراوە ناسكۆڵەكانی نالی و كارتێكردنی بیروباوەڕی نەتەوەخوازی و ئایدۆلۆژیی پێشكەوتنخواز، هەموویان تێكەڵ بە یەكتر بوونو هەوێنی دڵی دڵداریان گرتەوەو سەرچاوەی شیعرییان تەقاندەوەو بەهرەی شیعریی دڵدارو داكردنی ئازووخەیەكی ڕۆشنبیری شاعیریان گەیاندە ریزی پێشەوە.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی یەکەمین نووسەرێ کە شاعیرییەتو بەهرەی زیرەکانەی دلّدار سەرنجیان ڕاکێشا، ئەو حەلە دلّدار قوتابیی کۆلیجی حقوق بوو، کە مامۆستای نووسەری ڕەخنەگر ڕەفیق حیلمی، دلّداری بە خوێنەران ناساند و، لە ساڵی **١٩٤٣**دا لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بە چەند ئەلّقەیەك سەرنج و ڕاو تێبینیی خۆی بەرامبەر شیعرەکانی دەربڕی و لە ساڵی **١٩٥٦** لە کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کورد بەشی دووەمدا، دووبارە بلاّوی کردنەوە وەك ڕۆشنبیرو پیاوێکی نوێخواز، لاوێکی وەکو دلّدار دەدۆزیتەوەو بایەخ بە هۆنراوەکانی دەداتو دەلّێت: ((دلّدار بە لای ئێمەوە شاعیرێکە زۆر بالاّیە، ئەگەر لە هەندێ شیعریا نا پوختەیی هەبێ، بەهای شاعیریەتی پێ ناشکێت، منداڵێك کە هەموو ژیانی خۆی بە خوێندنەوە ڕاباردبێو هێشتا لە خوێندنی پێویستی ((ڕەسمی)) ڕزگاری نەبووبێ، ناتوانێ ببێ بە شاعیرێکی ((کەسبی)) و بگاتە پلەی ئەوانەی کە شیعریان کردووە بە (سەنعەت)...

خۆ ئەگەر مەرگ وچانی شاعیری بدابایە، ئەوە ئومێدی دواڕۆژی گەش و ڕوونا کی لێ دەکرا، مامۆستا (رەفیق حیلمی) یش لە هەموو کەس زیاتر هەستی بەو ڕاستییە کردبوو، چونکە لە نزیکەوە شارەزای بەهرەو ژیری و زەکای دلّدار بوو، بۆیە دەلّێت: ((لەبەر ئەوەی دلّدار ئاشنای ساردو گەرمی دونیایەو جێگەی هیوای دواڕۆژە، شاعیرێکی خواییەو ئیلهامی شیعری لە هەوای سازگارو لە بەرزی شاخەکانی نیشتمانەوە وەرگرتووەو بە دلّو گیانی مەفتوونی دیمەنو چاو ئەندازە شیرینەکانی ولاّتی کوردستانە)).

هەروەها بە شاعیری نوێکەرەوەی دەداتە قەلّەمو دەلّێت: ((جێگەی شك نییە کە دلّدار، شاعیری تجدد پەروەرو ناوداری دواڕۆژ ئەبێ)).

## ڕێبازی شیعری دلّدار:

### ١ - ڕێبازی کلاسیکی:

دلّدار وەك زۆر لە شاعیرانی سەردەمی خۆی پەیڕەوی لە چەند ڕێبازێکی شیعری کردووە، وەك شاعیرێکی کلاسیك، هەر هەمان شێوازی داڕشتنی کۆنی پەیڕەوکردووەو خۆی بە تاکە سەروایەك بەستووەتەوەو وشەی قەبەو عەرەبی و فارسی تێ ئاخنیوە، لە شیعرێ کە لەگەلّ (عەونی) دا نووسیویەتی دەلّێ:

**دڵ لــه بــهینی طلعــهتــی ڕووو زولفهکــهی دهیجوورتــه**

**گــاهیٚ مــهیلی شــهو ئــهکاتو گــاهیٚ مــهیلی نوورتــه**

**بـــهحری عوممـــانی سروشـــکم وا بـــهدهم گریانـــهوه**

**پڕ لــه دانــهی گهوهــهره هــهم لــهعلی وێنــهی سوورته**

**بادهکهت پڕ له ژههری ماربیٚ پــێم بـدهی نۆشـی ئهکـهم**

**چونکه طهبعـم هێنـد مـوطیعـه بهنـدهیی مهیسـوورته**

**سـا ئـهزانی چـهند پهشـێوه ئـهو دڵـهی بیمـاری مـن؟**

**پــهی کــراوی تــیری غــهمزهی چــاوهکهی مهخموورتــه**

**خونچــهکهی نهشــگفتهیی لێــوت لــه بــاغی مقصـدم**

**تـــا دهمـــی پشـــکۆتنی دڵ بولبـــولی منظـــوورتـــه**

وا دیاره دڵدار لەم شیعرەدا لاسایی شاعیرانی کۆنی کردووەتەوەو لە کارتێکردنی حاجی و نالی ڕزگاری نەبووە، ئەم دیاردەیەش بـە زەقـیو ئاشـکراییەوە لـە لایـەن هەنـدێ شـاعیری گەورەی وەکو پیرەمێردو گۆران پەیڕەو کراوە.

یاخود لە شیعرێکی تردا لەگەڵ جاهید پێکەوە دایان ناوە، وەك شاعیرێکی کلاسیکی خۆی دەنوێنیٚو وشەو ماناو وەسفو وردەکاری و وشەسازی و ڕەوانبێـژی شـاعیرانی کـۆن دووپـات دەکاتەوەو لە قاوغـە تەسـکە تەنگەبەرەکـەدا دەخولێتـەوەو چ شـتێکی نـوێ ناخاتـە سـەر خەرمانی هۆنراوەی کوردی، ئەمەش هۆنراوەکەیە:

**شەهبازی یا شەهێنی، شاهی یا شەهلاری تۆ**

**بیٚ دڵی بیٚ مروەتی عاشق کوژی خونخواری تۆ**

**ظالمی غارەت گەری تالاّن بەری بۆ گیانو دڵ**

**لەشکری تاتارییە دوو زولّفەکەی تاتاری تۆ**

**حاکمێکی مەستو بیٚ باکی ئەبەد ڕەحمت نییە**

**مائلی فەتانییە دوو چاوەکەی سەحەاری تۆ**

**ئەنوەرە بۆ گشتی عالەم ظلمـەتی دوو زولّفەکەت**

**ظلـمەتە بۆ من تەنها ئەنوەری ڕوخساری تۆ**

**مەجلس مەستی ببەستین خۆمو خۆت ئەی نازەنین**
**کەی ئەبێ جارێ ببم من مەستی شەککەرباری تۆ**
**قەت نەکەی (جاهد) مەدەد لەم واعظە کە چ مەذهەبە**
**چونکە (دڵدار)م ئەزانم نایەتە هاواری تۆ**

## ٢ - ڕێبازی ڕۆمانسی:

هەرچەندە دڵدار لە ڕووی فۆرمەوە، زۆرجار پەیڕەوی ڕێبازی کلاسیکی دەکاتو خـۆی بـە یەکێتی کێشو سەرواوە دەبەستێتەوە، بەڵام وەك هەموو شاعیرێکی خاوەن بـەهرەو نوێخـواز ئەو قۆناغە بەجێ دێڵێو هەنگاو بـەرەو دونیایـەکی تـر دەهاوێـت، خـۆی دەبێتـە تـەوەرەی هۆنراوەو سەرچاوەکەی، ڕوو دەکاتە دەریای ئەندێشەو هەڵچوونو دەیانکاتە بناخەی ئیلـهام و ڕوانگەی جوانی و گیانی خەیاڵو هەستو سۆزی خەوە خۆشەکانی و، هەندێ جار لـەم ڕێگـاوە خەمو پەژارەکانی خۆی تێدا دەردەبڕێتو دەرگای ژیانی شیعری ڕۆمانسیمان بۆ دەخاتـە سـەر پشت، جار جاریش هێما و ڕەمزی لەگەڵ ئاوێتە دەکات.

دکتۆر عیزەدین مستەفا لە کتێبی (الواقعیة في الادب الکردي) دا باسی ڕێبازی ڕۆمانسی بەم شێوە دەکات:

ئەو قوتابخانە نوێیانەی ئەدەبی ڕۆمانسیی تورکی و ئەدەبی ئەوروپی کە لە ڕێگای زمـانی تورکییەوە پێیان گەیشتبوو کاری تێ کردبوون – لە دەورەی کۆبوونەوە. ئەم تاقمە ڕۆشـنبیرە نوێنەری بیروباوەڕی بۆرژوای پێگەیشتوو بوون لە بزووتنەوەی نیشتمانی کورددا. هـەر لـەناو ئـەو تاقمـەدا، تـاقمی ڕوونـاکبیر لـە ڕۆشـنبیران سـەریان هەڵـداو پـەیڕەوی بیروبـاوەڕی پێشکەوتنخوازو سۆشیالیزمیان کردو چارەنووسی خۆیان بەو بەستەوە)).

دڵداریش یەکێکە لەو شاعیرانەی بە خەیاڵی ڕۆمانسـییانەی داهێنەرانـە هەسـتو سـۆزی گەرموگوڕی خۆی دەردەبڕێو سواری ئەسپی خەیاڵ دەبێو لە واقیعی ژیـان دوور دەکەوێتـەوە مەستی جوانی ئافرەتێ دەبێ کە دەسکردی خـەیاڵی خۆیـەتی، ئـەم جـۆرە شـیعرە پوختـەی تاقیکردنەوەیەکی زاتیی شاعیرە، ئەو زاتەی کە گیرۆدەی خەوی فـەنتازی دەبـێ پـەنا دەباتـە بەری و لە سەختی و دژواری ژیان ڕادەکاتو بە خەوو خەیاڵ جیهانێکی تر بنیات دەنێ.

دڵدار لە هـۆنراوەی ((خەندەکـەی بـایی)) دا شـاعیرێکی ڕۆمانسـییە، هـەر بـەو گیانـە ڕۆمانسییەتە خۆمان نیشان دەداو دەڵێ:

**لــــه ئاقـــاری ژیـــانی ناهومێـــدیم خەندەكـــەی بـــایی**
**فریشـــــــتەی پـــــاكی هیـــــوامی نیشـــــان دام**
**پڕیشكی تیشـكی ئەسـتێرەی جـوان ئەمشـەو بـە ئەسـپایی**
**بەسـۆزیٚ هاتــە نێــو كـونجی دڵــی تـاریكی پــڕ خـوێنم**
**دەسا دەی مەصدەری هەستی**
**دە خێرا لادەری پـــەســـــــــتی**
**وەرە مــــن بـــەرازی تـــۆ نـــەمامی شـــادی بـــڕوێنم**
**هەموو چەپڵەی گوشـادی لـیٚ ئـەدەن هەرچـی كـە ئـەیبینیٚ**
**لەسەر ئەم خاكـە گـەردێكین دە ئێمـەش ڕوو لـە شـادی بـێن**
**فەرامۆشـــی بكـــەین جـاریٚ چـــەژەی تـــاڵاوی غـــەمگینی**
**بە دڵ ڕوونی و بە ڕوو خۆشی**
**بە خــــــەندە نەك بە خامۆشـــی**
**بنۆشین جامی دڵداری لەبەركەین بەرگی نەمرێنی**

ئەو شۆخەی دڵدار دەیكاتــە نموونــەی جـوانی و نـازداری، كچـێكی میدیاییــە ئیكلیلـی دڵسۆزی و دڵارامیی خۆی پێشكێش دەكات، كە هەر چەپكەی خەمو ملكەچیی نەوجەوانێكـە كە بە ناكامی سەری ناوەتەوە، بۆیە بە كیژۆڵەكەی خەوە خۆشەكەی دەڵیٚ:

**بــــڕۆ نــــاو ئابــــدەو ســــەیری چ پــــیرۆز جاویدانێكــــە**
**وەرە نێــو ئابــدەت تــا مــن لەبــەر پێــت دابـدەم ئــەژنۆ**
**لەبــــەر وەی نــــا دڵارامــــی لەبــــەروەی چــــونكە بــــاڵایی**
**خودای شـیعرو پـەری هیـوای بڵێسـەی هەسـتی بـەرزی تـۆ**
**هـــەواڵی هـــاوڕەگو خـــوێنی فریشـــتەی شـــۆخی میـــدیایی**
**لە ڕووی چاكەو وەفاداری**
**بەیـــــادی جامــــــــی دڵداری**

**له مەستی خۆشی بهێڵێ دروشمی (خەندەکەی بابی)**

دڵدار له هۆنراوەی ((گوڵی سوور))دا جۆره پێوەندییەك لەنێوان دڵەکەی خۆی و گوڵە سوورەکەدا دروست دەکا، جۆره ڕەمزیەتێك لەم هۆنراوەدا بەدی دەکەین، وەك مرۆڤ گوڵە سوورەکه بۆ تاکه جارێك بۆنکردن له لقی خۆی دەکاتەوەو دوای تێرکردنی حەزو ئارەزووی خۆی، دەیخاته ژێر پێ، کچه شیرینەکەش ئاوا دڵەکەی دڵداری لەژێر پێ نا، هەردوو هەر نائومێدو بریندارن، بەڵام گوڵی سوور، بۆی نییه جارێکی تر بگەڕێتەوه سەر چلەکەی لەگەڵ پەپوولەو خۆردا دڵداری بکات، بۆیه (دڵدار) دڵەکەی خۆی پێ دەبەخشێ، چونکه وەك شاعیرێکی ڕۆشنبیری وەفادار نرخی دڵداری دەزانێو بێ بەزەییانه بەڵێنو وەفا ناخاته ژێر پێ، که ئەو بۆ دڵه له ڕەگ و ڕیشه دەرهاتووەکەی دەگری و خۆی به نائومێد دەزانێ، پەپوولەی زەردو سووریش له دەست ستەمو جەوری ئەو مرۆڤه دڵڕەقه دەگرین که له گوڵی سووری بێ بەش کردن، بەڵام هەردوولا له ئاستی ئەم جۆره ستەمکارییه دۆش دادەمێننو بێ دەسەڵاتانه بیردەکەنەوە، له ڕووی واقیعه تفتوتاڵه دژوارەکەدا ڕادەکەنو چۆك دادەدەن. ئەم هۆنراوەیه لەناو پەشێوی و نائومێدی و ژیاندا خنکاوە، شاعیر دڵی خۆی بەوە دەداتەوە که گوڵی سووریش وەکو دڵه شەیدایەکەی ئەو وایە، وەك بڵێی جۆره دڵ ئارامییەكو فەرامۆشییەك به گیانی شاعیر دەبەخشێ. ئەو خەمه ڕۆمانسییانەی شاعیر بەڵگەیەکن که دڵدار له شیعری ڕۆمانسیدا سەرکەوتنی بەدی هێناوە. وەك له پێشەوه وتمان جۆره ڕەمزیەتێك له شیعرەکەدا هەیە، ئەویش ڕەمزیەتی دەروونییه که شته هەست پێکراوەکه که ((گوڵه سووره))ەکەیه دەکاته پەی پێکراوی دەروونی ((مدرکات حسية)) و پردێك له نێوان گوڵەکەو زاتیەتی خۆی دروست دەکات. شته مادییەکان نقوم دەبنو مەعنەوییەکان جێگەیان دەگرنەوە، ئەم جۆره ڕەمزییەتەش، به ڕەمزیەتی سروشتی ناو دەبرێت و ڕەنگدانەوەی ئیحای ناوەوەی شاعیره، له هەمان کاتدا بەراوردکردنو هاوجووت بوونی نێوان شەقڵی سایکۆلۆژییە، ڕێککەوتنیش لەنێوان هەردوولادا سازبووەوە، ئەمەش کۆپلەیەکه له هۆنراوەکەی شاعیر:

**منیش ئەی گوڵ دڵێکم بوو**
**دڵێکی پڕ له ئارەزوو**
**بەسۆزی ئاوی حەز تینوو**
**لەناکاو لام فڕی بۆ لای کچێکی دولبەرو شیرین**

ئەویش ڕیشەی لە دەس گرتوو بە بێ ڕەحمی لەژێر پێی نا

### ٣ - ڕێبازی واقیعی:

(دڵدار) وەك هەموو لاوێکی ڕۆشنبیر هەنگاو بەرەو قۆناغێکی تر داوێتو بیروباوەڕ ی نیشتمانی و پیشکەوتنخواز جڵەوی شیعری بەرەو واقیعی گەلەکەی وەردەچەرخێننەوە، ناوەرۆکی وردبینانەی پێ لە ژینو زرووف دەدەنەوە، ئەویش شوێن پێی شاعیرانی ریالیست هەڵدەگرێو تەمی ڕۆمانسی لە ڕوخساری هۆنراوەکانیدا دەتەکێنێو خۆی لە بارێکی نوێدا دەدۆزێتەوە، بۆیە شاعیری لاو دروشمێکی تر دەکاتە سەرمەشقی هۆنراوەکانی خۆی و لە جیهانی خەوو خەیاڵ دەرباز دەبێتو دەگەڕێتەوە سەر زەمینەی واقیعی ڕاستەقینەو زۆر چاك هەست بەوە دەکات کە هیوای پێ کردووە خەیاڵێکی بۆشو بێ سوودە، زمان حاڵی شاعیر پێمان دەڵێ:

**بەڵێ خۆشە ئەمەل گەر بێ لەسەر ئەم رێگایە ڕەنج دەی**
**بەڵام گەر هەر خەیاڵات بێ ئەوی هەتبێ ئەویش ئەڕوا**

بەم شیوە دڵدار ڕێچکەیەکی تر دەگرێتە بەرو زیاتر لە واقیعی خەڵکی زەحمەتکێش نزیك دەبێتەوەو قۆناغی نوێی، کە قۆناغی ڕیالیزمە، لەباری ئایدۆلۆژیەتی شاعیر جیا ناکرێتەوە، کە مەسەلە نیشتمانییەکە لەگەڵ تێبینی چینایەتی تێکەڵاو دەکاو زەمینەیەکی نوێ دەکاتە بناغەی بنیاتنانی هۆنراوەی واقیعی، چونکە دێتە سەر ئەو باوەڕە کە خەیاڵ هەرچەندە دوور دەکەوێتەوە لە سنووری واقیع دەرناچێ، کەواتە خەوی فەنتازی هیچ شتێك لە واقیعەکە ناگۆڕێو دەردەکانی کۆمەڵ دەستنیشان ناکات.

دەبێ شیعر بۆ نەتەوەکەی بڵێ، ئاوڕ لە جووتیارانی چەوساوەو زەحمەتکێش بداتەوە. دەبێ هۆنراوەکانی ڕەنگدانەوەی ئاواتو خواستەکانی گەل بن، هۆنراوە چەپکە گوڵێك نییە لە گوڵدان دابنرێت بۆ جوانی و بەس، جوانییەك کە بۆنو بەرامەکەی بە هەموو لایەکا بڵاو نەبێتەوە چ سوودێك دەبەخشێ.

هەر ئەو بیرورا نوێیانەی دڵدار بوو کە وای کرد، هۆنراوەی ((ئەی ڕەقیب)) و ((کوردستان)) و ((ڕۆڵەی تازە)) و ((مندالّی هیوا))و هی تر دابنێتو بڵێین دڵدار لەم هۆنراوانەدا هەنگاوێکی تری ناوەو لێرەدا دڵدار شاعیرێکی نەتەوەخوازی پێشکەوتنخوازە.

بارو زرووفی شەڕی دووەمو پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کار دەکەنە سەر

شاعیرو سروودی ((ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان)) نموونەی هۆنراوەی ئەو سەردەمەن. جوانیی کوردستان دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی شاعیر و، خۆشی دان بەو ڕاستییەدا دەنێ‌و دەڵێت:

**چاوم پشکووتووی شاخەکانتە**
**فێری ژیانی باخەکانتە**
**دەنگی شمشاڵی شوانەکانت**
**زریق‌و باقی جوانەکانت**
**قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت**
**خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت**
**ئەمانە هەمووی گوێیان کردمەوە**
**هەوێنی شیعری دڵیان گرتمەوە**

شاعیر تەنیا بە پێدا هەڵدانی کوردستان ناوەستێ، بەڵکو ڕوو دەکاتە ڕۆڵە تازەکان‌و بانگیان لێدەکات کە بە هەوڵ‌و تەقەلای خۆیان نیشتمانەکەیان پێش بخەن‌و پێیان دەڵێ:

**وەتەن باغی جینانە موحتاجی بازوو و شانە**
**هەر کەسێ کۆششکەربێ**
**لەم باغە باغەوانە**
**وەتەن موحتاجی تۆیە ڕێگاکەت جوستوجۆیە**
**میللەتێ سست بژییێتن لە مەیدان وەکو گۆیە**

لێرەدا شاعیر هیوایەکی گەورەی بە منداڵانی کورد هەیەو بە کۆڵەکەی ژیانیان دەزانی ئامۆژگارییان دەکات کە بەڕاستی لە ژین بگەن‌و هەرگیز مانای کۆڵدان‌و چۆکدادان بە خەیاڵیاندا نەیەت، بۆیە ڕوو دەکاتە منداڵی هیواو پێی دەڵێ:

**گیانەکەم ئەبێ تۆ لەم ڕێگایە**
**لەم دانەو داوەو چەرخ‌و دەزگایە**

گەلیٚ ماندوو بی، ئارەق بڕیٚژی
ئەم دەردو ئیٚشە یەك یەك بچیٚژی
لەڕیٚی سەرکەوتن ئەبیٚ پیٚش کەوی
هەتا بکەوی زیاتر سەرکەوی
نیشانی تیرەی خۆت بدەی ڕیٚگا
کە ڕیز ببەستن بڕۆن بە شویٚنتا

دلّدار ئاوڕیٚك لە واقیعی لادیٚ دەداتەوەو بە کامیرای شیعری ویٚنەی ژیانی جووتیارو تووتنەوانو زەحمەتکیٚشانو چەوساوانی ژیٚر زەبروزەنگی دەرەبەگمان بۆ دەکیٚشیٚ، تەنیا واقیعە ڕووتەکەمان دەداتە دەست، دیوی دەرەوەی واقیعەکە بە بیٚ رتووش کردن، هەرچەندە شاعیر لە هەستیٚکی پاكو بیٚگەردەوە لەو واقیعە ناهەموارە دەدویٚ، بەلاّم بە ناخی مەسەلەکەدا ناچیٚتە خوارەوەو هۆی ئەو ژینە پڕ ئەشکەنجەو ناسۆرەیە دەردەخاتو چارەسەری بۆ نادۆزیٚتەوە. بۆیە هۆنراوەی (تووتنەوان) و (لالەباس) مۆرکی ڕاپۆرتی پیٚوە دیارەو بەم جۆرە هۆنراوانە دەلّیٚین هۆنراوەی ((ڕیالیزمی فۆتۆگرافی)). دلّدار لەو سنوورە وەستاوەو نەیتوانیوە بەرەو واقیعی ڕەخنەگرتن یا واقیعی شۆڕشگیٚڕی هەنگاو باویٚت. بەشیٚوەیەکی گشتی هۆنراوە واقیعییەکانی لە ڕادەی ڕۆمانسییەکانیدا نییە، ئەو دیاردەیەش لەناو شیعری هەموو شاعیرانی کورد، کە بە چەند قۆناخیٚکدا تیٚ پەڕیون، بەدی دەکریٚ. ناشمانەویٚ هۆی ئەو جیاوازییەش لەم وتارەدا ڕوون بکەینەوە، چونکە ئەو باسە بابەتیٚکی ترەو پیٚویستی بە لیٚکۆلّینەوەیەکی تایبەتی هەیە. با بیٚینەوە سەر نموونەییٚك لە شیعرە واقیعییەکانی دلّدار، کە هۆنراوەی ((لالەباس))ە، دلّدار بەم شیٚوە باسی لەلاباس دەکات:

ڕۆژیٚکی پاییز لە پیٚش نیوەڕۆ
لالەباسم دی زەوی ئەدا تۆ
ڕووتو زگ والاّ پیرو تیٚکشکاو
پشتی چەماوە لووت لەسەر ئەژنۆ
گۆچانی دەستی، دەستەندوی جووت بوو
دەنگی نووسابوو بە هیٚ هیٚو هۆهۆ

**وتم كـــاری جـــووت، ڕەنجـــی لاوێـــنی**
**زۆر دوورن لەگـــەڵ پیرێکـــی وەك تـــۆ**
**ڕەســـوولەی کـــوڕت، ڕەنجبـــەری چـــاکە**
**زەلامـــی ملـــهۆڕ و لاوی چوســـتو جـــۆ**
**کـــوا بـــۆ چـــی جووتـــت لـــەباتی ناکـــا**
**بۆچـــی تـــۆ نـــادا بۆچـــی نـــابڕێ شـــۆ**
**هەنـــدێ پـــێ کـــەنی ســـەیرێکی کـــردم**
**دەســـتی خســـتە ســـەر ڕیشـــی وەك پـــەمۆ**
**ئـــاگری دڵـــی لـــە هـــەردوو چـــاوی**
**بڵێســـەی ئـــەدا وەك جـــووتێ پشـــکۆ**

لە دواییدا بە زمانی لالەباسەوە دڵدار باسی چەوسانەوەو دەستدرێژیی ئاغاو دەرەبەگ بـۆ سەر ئەم جووتیارە کلۆڵە دەکا کە چۆن کوڕەکەشیان ڕاپێچ داوە بـۆ سـەربازی و زەویـی لـێ داگیرکراوە، ئەویش هەروەك لالەباس دەڵێ:

**ئەوا چل ساڵە زەوی ئەکێڵم**
**فەلاحی ئەکەم هەتاکو ئیمڕۆ**
**نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندوویيم**
**تیکە نانێکە چ نان؟ نانەجۆ**
**ئەویش بە بێ دۆ**

ئەگەر دڵدار هەموو دێرەکانی وەك ئەم دێڕەی خوارەوە با:

**ئاگری دڵی لە هەردوو چاوی**
**بڵێسەی ئەدا وەك جووتێ پشکۆ**

ئەوا شیعرەکەی دەرگایەکی تری بـۆ دەکـراوەو درەخـتی داهێنانەکـە سـەوز دەبـوو و بـە شاعیرێکی داهێنەرو هونەرمەند دەدرایە قەڵەمو شیعرە واقیعییەکانیشی لە ڕۆمانسـییەکانی کەمتر نەدەبوون، ئەو حەلە هێزی هونەرییەکە وەك تاپۆ تێکەڵ دەبـوونو دڵـداریان دەگەیانـدە لووتکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی.

بەڵام وا دیارە ژیان هەر هەندە وچانی دڵداریدا و ئەم ئاواتە نەهاتـە دی، تـا داهێنـانێکی نوێی بەخۆوە دیبا، دیسانە و هەندێ کەموکووڕی و لاوازیی ناو شـیعرەکانی، لـە شـاعیریەتی کەم ناکاتەوە، ئەگەر وەك ڕەخنەگرێك لە چوارچـێوەی مێـژوودا هۆنراوەکـانی، واتـا ئەوانـەی واقیعین هەڵبسەنگێنینو بە چاوێکی مەوزووعییانە سەیریان بکەین.

وەك بۆمان دەردەکەوێت دڵدار شاعیرێکی خاوەن بەهرە بـووەو تـەنیا پشـتی بـە بـەهرەی شیعری نەبەستووە، بەڵکو تا ڕادەیەك بەهرەکەی مشتومالْ کـردووەو لـە ڕێگـای ڕۆشـنبیریی خودی خۆیەوە، وەك مرۆڤێکی قووڵو وردبین بیری دەکردەوە، واقیعـی تووتنـەوانێکی هـەژارو کلۆڵ سەرنجی ڕادەکێشێو سەرچاوەی شیعری دەتەقێنێتەوە، بـە هۆنراوەیـەکی سـادە و ڕەوان وێنەیەکی تەواوی ژیانو باری ناهەمواری پـڕ چەوسـانەوەی لادێیـەکی بەسـتەزمانمان دەداتـە دەست، دوور لە رتووشو وردەکاری، وا دیارە مردن مۆڵەتی دڵدار نادات کە هۆنراوەکە تـەواو کات، هۆنراوەکە چەند لایەنێکی تووتنەوانمان بۆ دەردەخات، باسـی خـۆی و مـاڵو منـداڵی، کەپرەکەیو تالانکردنی، دەوری کوێخا لە چەوسانەوەی تووتنەوان، چۆنییەتیی مـاڵوێرانی کـە سەرەڕای ڕەنج و هەوڵو ماندووبوون ئەوجا دەکەوێتە ژێر باری قەرداری و ئەگەر بیـەوێ پـارە وەردەگرێ دەبێ تووتن سەلەم بکات.

بەڕاستی هۆنراوەی لالەباسی تووتنەوان نموونەی شـیعری واقیعـی دڵـدارن بـە شـێوەیەکی فۆتۆگرافی ڕووت نابێ ئەوەمان لەبیربچـێ کـە دڵـدار جاروبـار تووشـی سـەرنجی سـەرپێیانەو میسالییانە بووە، بەجۆرێ هەندێ بیرو باوەڕی وەها لە شـیعرەکانیا بـەدی دەکـەین بەڵگـەی وامان دەدەن بە دەسـتەوە کـە بڵـێین دڵـدار لـەم شـیعرانەدا هێشـتا نەتواوەتـەوە، ڕوانـینی بیرکردنەوەی ڕوون نەبووەتەوە، وەکو خۆی دەڵێ:

**بـرا نـابێ تەعـەجوب کـەی لـە وەسـفی ناکـەسو دووڕوو**
**کـەوا ئـەفلاكو گـەردوونیش وەکـو ڕووی ئـەو لـە گۆڕانـە**

تەبیعـــەت قاعـــدەی وایـــە لەگـــەڵ گـــۆڕاو بـــراو دۆســـتە
ئـــەوی سـابت بـــێ سـاکن بـــێ لــە بـــەهرەی ژیـــنی حرمانـــە
ژیـــان خەونێکـــە ئـــەیبینین، بـــە تیـــژی دێـــتو ئـــەڕواتن
لـــــە پـــــەنهانی نیهانیـــــدا ئـــــەوی دانـــــا بـــــێ، نادانـــــە
لـــە هیچـــی دا بـــەدی هـــاتی بـــەرەو هیچـــیش ئـــەڕۆی غافـــڵ
لـــــە بـــــەینی هـــــەردوو هیچـــــیدا خـــــەراباتی بـــــژی گیانـــــە
بە مەستی خـۆت لـە پەسـتی عـەقڵو ئەندێشـە تەوەللاکـە
ئـــــەوی ڕۆییـــــوە ڕۆییـــــوە، ئـــــەی نـــــەبووە لـــــە پەنهانـــــە

بەم شێوە دڵدار دەیەوێت بۆ جارێکی تر لە سنووری عەقڵو ئەندێشە دەرچێت، بە خەیاڵی سەرخۆشی و مەستی، ڕابردوو لەبیر خۆی دەباتەوە، بێ ئەوەی بیر لە دوارۆژ بکاتەوە، وا دیارە لەو هۆنراوەدا لەگەڵ بیروباوەڕی میسالییانە دەگونجێو دوور نییە لێرەدا هەندێ تێکەڵاوی لـە ڕووی بیروباوەڕەوە لەناو هۆنراوەکانیدا هەبێت، لەبەر ئەوەی کە مێـژووی دانـانی هۆنراوەکـان دیار نییە، ناتوانین بە ئاشکراو زەقی قۆناغەکانی گـۆڕانی هۆنراوەکـانی شـاعیر دەستنیشـان بکەین، بەڵام ئەوەندەش دەتوانین بڵێین کە شاعیر وەك شاعیرە گەورەکانمان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوەو لـە هـەموو ڕێبازەکانـدا سـەرکەوتنی وەدەسـت هێنـاوە، ئـەم نووسـینەش تـەنیا دەرگایەکی بچووکە لە ژیانی شاعیرداو بە تەنیا چەند سەرنجێکمان دەربڕی، بە ئومێدی ئەوەی لە پاشەڕۆژدا لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئەو بناغەیە هەڵبچنین.

(١) بڕوانە دیوانی دڵدار: چاپخانەی کوردستان - هەولێر.

# " فائق بێکەس " لە ئاوێنەی هۆنراوەکانیدا

تا ئێستا زۆر وتارو لێکۆڵینەوە لەبارەی شاعیری نەمر ((فائق بێکەس)) بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەو وتارانە تا ڕادەیەك لە ئاقاری لایەنی هونەریی شیعرەکانی نزیك نەبوونەتەوە، تەنیا لە ڕووی ڕێبازی نیشتمانی و نەتەوەخوازیی شاعیر دەدوێن‌و زۆرجاریش شتێکی نوێ ناخەنە سەر خەرمانی ئەدەبی کوردی، بۆیە ئێمە لەو وتارەدا زیاتر دەچینە ناو هۆنراوەکانی شاعیرو پەل بۆ چەند لایەنێکی تایبەتی داوێین، بۆ ئەم مەبەستەش لە پێشەوە ڕای دوو نووسەر بۆ نموونە دەهێنینەوەو لە دواییشدا بە دوورودرێژی ڕای تایبەتی خۆمان بەرامبەر هۆنراوەکانی دەردەبڕین.

(ڕەفیق حیلمی) لە بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا، باسی بێکەس دەکات‌و دەڵێت: ((فائق بێکەسەوە یا بێکەس)) یەکێکە لە شاعیرە عەسریەکانی کورد (لوسی پۆل مارگرێت) ی ئەدیبەی فرانسز، بێکەسی لەناو شاعیرە قەومییە تازەکانی کوردا ئەژمێرێت‌و ئەمەیش زۆر ڕاست‌و بەجێیە)) لە دواییدا مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێت: ((بەڵام فائق هەر بە شیعری نیشتمانییەوە نەوەستاوە، بەڵکو لە هەموو ژیانێکی کۆمەڵایەتی دواوە.. لە هەموو ڕەنگێك شیعری داناوەو لە صەدا نەوەدی ئەم شیعرانە وێنەیەکی بەرزی ئەدەبە، لە هەندێ شیعریشدا بێکەس ژیانی قەلەندەرانەی خۆی بۆ ئێمە ئەگێڕێتەوە یا باسی تام‌و لەزەتی مەی و مەیخانەمان بۆ ئەکا و، بەم ڕەنگە هەندێ جار (ابو العلاء) و جار جارەیش (خەییام)مان بیر ئەخاتەوە، ئەگەر ڕاستت ئەوێ بێکەس لە هەردووکیشیانەوە نزیکە لە چرچاوی کوتوکوێرو ئاوەڵاوی و ڕەنگی ژیانیا، تۆزێك لە (ابو العلاء) و مەیلی خواردنەوەو خەرابات پەروەردا کەمێك لە (خەییام) ئەچێ، شاعیرێکیشە بۆ ئێمە جێگەی ئەوانی گرتووەتەوەو زیاتریش)).

تا ئێرە بۆچوونەکەی (ڕەفیق حیلمی) دوایی دێت‌و ئەوەی بەلای ئێمەوە گرینگە نزیکبوونەوەی بێکەسە لە ئەبوو عەلاو خەییام، کە مامۆستای ناوبراو تەنیا سەیری دیوی دەرەوەی مەسەلەکەی کردووە، وەك ڕواڵەت، نەك لێکچوونی ڕێبازی فیکری هەر سێ شاعیر. ئەم جۆرە شیکردنەوەش لە کۆڕی ڕەخنەگریدا شتێکی جەوهەری نادا بە دەستەوە، ڕەنگ و

ڕوخساری بێکەس هیچ کاتێ شاعیر لە ئەبووعەلا نزیك ناکاتەوە، هەروەها تەنیا مەیلی خواردنەوەو مەیخانەنشینی بێکەس نایکاتە ئەو شاعیرەی هاوتای ڕێبازی فەلسەفیی خەییام بێت، خەیامی شاعیرو فەیلەسووف لە سەردەمێکدا ژیاوە کە سەردەمی پشێویو شپرزەیی و لەنگەر تێکچوونی نرخو بەهای ڕەوشتو بیرو‌ڕا بوو، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتو زرووفە ناهەموارەی کە خەییام تێی کەوتبوو ئاوو هەوایەکی وای سازکردبوو کە مرۆڤ بکەوێتە گێژەنی ڕەشبینی و بیرکردنەوەی پەشۆکاو و غەمبارانە لە ئاستی سوودی ژیانو نهێنی بوونی ئادەمیزادو مەسەلەی وجوودیەت، شاعیر لەو ڕۆژگارەدا بەرامبەر سێ پرسیاری گەورە دەوەستاو وەڵامدانەوەی گەرەك بوو:

یەکەم: ڕەتکردنەوەی ژیان، کە شتێکی بێ سوودەو هیی ئەوە نییە پیاو بیری لێ بکاتەوە، مادەمەکی بەسەر دەچێ، تەنیا بە پێی پێویستو دوور لە هەموو خۆشی و لەزەتێك سەیر بکرێت.

دووەم: مادامەکی ژیان بەسەر دەچێ. با مرۆڤ هەموو دەرفەتێك بۆ خۆشی و ڕابواردن بەکاربێنێو تا پێی دەکرێ بێ دڵی خۆی نەکات، بەر لەوەی هەلی لە دەست بچێتو مردن یەخەی بگرێت.

سێیەم: بە دوای شوێنی سەرلێشێوانو واق وڕماندا دەگەڕێتو دەیەوێت لە کاکڵی مەسەلەکە بگات، بگاتە سەرچاوەی واقیع، بە زیرەکی و وریایی و جووڵانی لە ژیاندا لە واقیع بگات.

ئەگەر (خەییام) پەیڕەوی ڕێبازی دووەمی کردبێت واتا ((ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە)) ئەوا بێکەس شاعیرێکی واقیعی بووەو پەیڕەوی ڕێبازی سێیەمینی کردووە، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونەمان هەڵوێستو هۆنراوەی هەردوو شاعیرە، خەییام لە چوارینەیەکیدا کە کراوەتە عەرەبی دەڵێت:

لا تشغل البال بماضي الزمان
ولا بعيش أت قبل الأوان
واغنم من الحاضر لذاته
فليس في طبع الليالي الأمان

واتا:

**بیر مەکەرەوە لە کاتی ڕابوردوو**

**نە لە ژیانێك پێش ئێستا (واتا ڕابوردوو)**

**ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە**

**ڕەوشتی شەوگار دڵنیایی و ئاسوودەیی بۆ نییە.**

لێرەدا (خەییام) بڕوای بە دواڕۆژ نییە، تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە خۆی تیا دەبینیێ، بەڵام بێکەس واقیعییانە بیردەکاتەوەو چاوی بڕیوەتە پاشەڕۆژی نەتەوەکەی، بە پێچەوانەی خەییامەوە کە بەرامبەر نهێنیی بوونو گەردوون دۆش دادەمێنێو واقی دەوڕمێو بەلای ئەوەوە ژیان بەسەر دەچێو ئەقڵو ژیری پەی بە واقیعو پشتەوەی واقیع نابات، کەواتە با ڕای بوێرین پیاڵە پڕبکەین لە مەی، تەمەن کورتەو چاوەڕوانی کردن بێ سوودە، خەییام دەڵێت:

آمد سحري ندا ز **میخانەی** ما

کاي رند خرابات **دیوانەی** ما

**بر خیز کە پر کنیم پیمانە ز می**

**زان پیش کە پر کنند پیمانەی ما**

واتا:

**بەیانی لە مەیخانەکەماندا دەنگی هاتو دەیگوت**

**ئەی بێ ئابڕووی گیرۆدەی مەیخانان**

**هەڵسە با پیاڵەکان پڕکەین لە مەی**

**بەر لەوەی پیاڵەی ژیانمان پڕ بێت.**

بێکەسیش لە هۆنراوەی (قەومی کورد)دا دەڵێت کە لە ساتی ١٩٤٧دا دای ناوە:

**گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگو گیرفانو پڕ ئەکەن**

**شەو بە بێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین هەر سەرسەرین**

**پیاو دەبێ دایم خەمی قەومو وڵاتی خۆی هەبێ**

**ئەو کەسانەی بێ خەمن حاشا نەوەی ئەم خاکە نین.**

دوور نییە هەندێ جار وەك هەموو شاعیرێك تووشی نائومێدی هاتبێتو ویستبێتی بە مەی خواردنەوەو دەمی سەرخۆشی خەمەکانی خۆی بڕەوێنێتەوە، بەڵام ئەو نائومێدییە زۆر جار بۆ گاڵتەجاڕی بووە، یاخود ساتێکی کەمی خایاندووە، بۆیە ناتوانین بیکەین بە خاسیەتێکی تایبەتی شەخسیەتی شاعیرو وەك لایەنی لاوازی و ورەبەردانی بدەینە قەڵەم، وەك هەندێ شاعیر کە لە ئاستی ڕووداوی سەختو دژواردا چۆك دادەدەن و ڕێگای دەستە ئەژنۆیی و نائومێدی دەگرنە بەر، بێکەس هەر لە زووەوە بووەتە شاعیرێکی واقیعی، پێشکەوتنو سەرکەوتنی گەلەکەی لەبەرچاو داناوە، بۆیە نائومێدی هەرگیز تەنگی پێ هەڵنەچنیوە، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٢٨دا دەڵێ:

**مەرهەمو دەرمانی دەردت ئیتیفاقە ئیتیفاق**
**دوودڵی میقرۆبە خزمە ! عیللەتێکی کارییە**
**نێوەڕۆیە هەستە ئیتر بەرگی سستی داکەنە**
**زوڵمەتی شەو وا بەسەرچوو، وەعدەیی هۆشیارییە**
**ڕێی نەزانی بەر بدە و ڕێگای مەعاریف بگرە بەر**
**نیشتمانت زۆر کەساسەو ژینی هەر غەمبارییە**
**(بێ کەسا) قەطعی ئومێدی سەربەخۆیی قەت نەکەی**
**کوردەواری زیندووە، موحتاجی لوتفی بارییە.**

وەکو وتمان بێکەس جار جارە، کە خەڵکەکە گوێیان نەداوەتێ لێیان نائومێد بووە، بۆیە دەڵێت:

**دەخیلە لادە (بێ کەس) لەم کەڵکەڵەو خەیاڵە**
**بڵێ بە ساقی هەستێ بۆت پڕ بکا پیاڵە**
**ئەم پەندو شیعری تۆیە بێ قیمەتو بەتاڵە**
**میللەت کە بێ زەعیم بوو ژیانی زۆر گرانە.**

هەروەها ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەبووعەلا و (بێکەس)دا بکەین، دەگەینە ئەنجامێك، کە لێك دوورن، ڕاستە هەردووکیان ڕەخنەیان لە نەریت و ڕەوشتو هەندێ کەموکوڕیی

کۆمەڵایەتی گرتووە، بەڵام ئەبووعەلا جۆرە خاسیەتو سروشتێکی تایبەتی هەبووە لە ڕووی تێڕوانینی لە کردەوە و ڕەفتاری خەڵکدا، تا ڕادەیەك شاعیرێکی نەباتی بووە، تەنانەت لە نەخۆشی و سەر مەرگیشدا، کە دکتۆر پێی وتووە گۆشتی نەخواردووە، پێڵاوی پێستی لە پێ نەکردووە، جگە لەوەی کە ئەویش لە ئاستی هەندێ ناکۆکییە دژبەیەکەکانی ژیانا گیرۆدەو حەیران وەستاوە، هەندێ شتی بۆ ساغ نەکراوەتەوەو گومانی لە زۆر شت کردووە، لە ژیانی خۆیدا بێزار بووەو مەرگی خۆی خواستووە، بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ:

حياتي تعذيبء موتي راحة
وكل ابن انثى في التراب سجين

واتا:

**ژیانم ئازار چەشتنو مردنم حەسانەوەیە**
**هەموو مرۆڤێکیش لەناو خاکدا بەند کراوە.**

زۆرجاریش لەگەڵ (خەییام) یەکتریان گرتووەتەوەو ناکۆکیی ژیان وای لێ کردووە سنووری نەریتو بیروباوەڕی سەردەمی خۆی ببڕێتو لەو واقیعەی کە تێی کەوتووە یاخی بێت، بۆیە لەم ڕووەوە ئەو ڕاستییە کە لە دەروونیا پەنگی خواردووەتەوە بە زەقی دەری دەبڕێو پرسیارێکی ڕەوا دەخاتە بەردەم:

اذا كان لا يحظى برزقك عاقل
وترزق مجنونا وترزق احمقا
فلا ذنب يا رب السماء على امرئ
يرى منك ما لا يشتهي فتزندقا

واتا:

**ئەگەر ژیرێك لە رزقی تۆ بێ بەش بێت**
**تۆش رزقی شێتو گەوجیش بدەی**
**کەواتە ئەی گەورەی ئاسمان ئەو مرۆڤە تاوانی چییە**
**کە شتی لە تۆوە ببینێو بە دڵی نەبێو ببێتە زەندیق**

لێرەدا نامانەوێ بەڵگەی تر بهێنینەوە و ڕایەکەی خۆمانی پێ بچەسپێنین تـەنیا ئەوەنـدە دەڵێین کە بۆچوونەکەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە شـوێنی خۆیـدا نییـەو ئێمـە هـیچ جـۆرە لێکچوونو نزیك بوونەوەیەك لە نێوان (خەییامو ئەبوو عەلاو بێکەس)دا بەدی ناکـەین، هـەر یەکە لە ڕوانگەیەکی تایبەتیی بیرکردنەوەی خۆیەوە سەیری ژیان دەکاتو شیعرەکانی هەر یەك لەو سێ شاعیرە ڕەنگدانەوەی هەستو نەستی شاعیرەو مۆرکی شەخسیەتی شاعیری پێوەیـە، شەخسیەتی شاعیریەتیی بێکەسیش شەخسیەتی پەیڕەوکردنی ڕێبازی خەباتو هەوڵدانە، نەك تەنیا وەك شاعیرێکی بیەوێت بۆ هەموو لایەك ئیسپاتی کات، کە لافی نیشتمانپەروەری لێدان هەر بە قسە هیچ بە هیچ ناکاتو کورد ناگەیێنێتە ئەنجام، ئەوەتا لە هۆنراوەی (دڵ)دا دەڵێت:

**دڵێ بە نەشئەو بەزمی میللییەت شوکر بووژایەوە**
**شاییە، سەیرانە، بەزمە پڕ بەدەم هاوار ئەکا**
**دڵ بە ئاواتی گەیشتو لاوی کوردی دی، کە وا**
**یەك دڵ و یەك دەم خەریکە میللەتی هۆشیار ئەکا**

لە دواییدا دەڵێ:

**دڵ ئەڵێ (بێکەس) هەتاکەی لافی میللییەت بە دەم**
**هەوڵو تێکۆشینە تەنها قەومی تۆ ڕزگار ئەکا**
**یەکتریتان خۆش بوێ تا نەگبەتی بەرتان بدا**
**دوودڵی ئەم قەومە دیلو سووكو بەدڕەفتار ئەکا**

ڕای دووەم بەرامبەر بێکەس نووسینەکەی مامۆستا عەلائـەدین سـجادییە لـە (مێـژووی ئەدەبی کوردی) دا بەم شێوە لە شاعیر دەدوێ: ((بەڵێ ڕاستە لە پـێش بێکەسـداو لـە دەوری ئەودا پۆلیسو ئەدەبی غەرامی دەستیان کردبوو بە یەکدا بۆ سـەربڕینی ڕۆحـی پێشـکەوتن و ڕۆحـی گـۆڕان لـە دەورێکـی وشـکەوە بـۆ دەورێکـی تـەڕ، وە یـاخود بڵـێین لـە دەورێکـی ((کلاسیك))ەوە بۆ دەورێکی ((ڕۆمانتیك))! بەڵام وەنەبێ دیسان ئەمەش ئەوەمان پێشاندا کە ئەم کارەساتە تەنیا شتێك بووبێت و ڕاوی بێکەسی نابێ بۆ ئەوەی لـە تاوانـا خـۆی باوێژێتـە

کۆشی شیعرەوەو خۆی و قەومەکەی پێ بڵاوێنێتەوە ! ئەگەر تەنیا ئەمە بوایە ئـەبوا بێکـەس دوو بوونایە، کەچی هەر یەك بوو !)) لە دواییدا دەڵێ: ((ئێستە کە بمانەوێ تەماشای بێکەس بکەین ئەڵێین: بێکەس لە پێش هەموو شـتێکدا شـاعیرێکی هــەرە بــەرزی قــەومی سـەدەی بیستەمی کورد بووە، کە لەم سووچەوە چـڵەپۆپەی گـرتبێ. لــە پاشـان ئاوێنەیـەکی ڕوونـی کۆمەڵایەتی یە)).

ئەوەی لە بۆچوونەکەی مامۆسـتا (عەلائـەدین)مان مەبەسـتە، گیـانی گۆڕانکارییــە لــە دەورێکی وشکەوە بۆ دەورێکی تەڕ، یاخود لە ڕێبازی کلاسیکەوە بـۆ ڕێبـازێکی ڕۆمانتیـك، هۆنراوە بەناوبانگەکەشی کە بە ناوی ئەی مانگ کـە (دیـاری لاوان) لــە سـییەکانەوە بـڵاوی کردووەتەوە، هەنگاوێکی گەورەیە لە ژیانی شاعیر، هەر ئەم هەنگاوەشە بێکەسی گەیاندووەتە لووتکەی هـۆنراوەی ڕۆمانسـی، کەواتـە بێکـەس وەك هەنـدێ شـاعیر لـە سـنوورێك گـیری نەخواردووەو نەیویستووە تەنیا لە قاوغێکـدا خـۆی لـوول بـدات، بـەڵکو سـنووری قۆنـاغی کلاسیکی بڕیوەو پێی ناوەتە جیهانی ڕۆمانتیـك پـاش ئـەوەی جیهـانی وشـكو بـرنگ جـێ دێڵێ... دەچێتە باوەشی خەوو تاسەو وەنەوزی خۆشو خەیاڵو خولیای سـیحراویی دڵـڕفێن. دیمەنی مانگ، ئاسمانی سافو بێگەرد، شنەی فێنـك، بێکـەس دەخاتـە باوەشـی خـەیاڵێکی فراوانو بێ سنوور، مادامەکی مانگ هاودەردی شاعیربێت، دەبێ ڕازو نیازو خەمو پـەژارەی دڵە خەمگینی خۆی پی ڕابگەیێنێ و، ئەوی لە دڵو دەروونو مێشکیا پـەنگی خواردووەتـەوە یەکەیەکە بیاندرکێنێو ئەو پرسیارانەی وەڵامیان گەرەکە لە مانگی بکات، ئەوەتا دەڵێت:

**ئەی مانگ منو تۆ هــەردوو هــاودەردین**
**هــەردوو گرفتــار یــەك ئــاهی ســەردین**
**تــۆ وێــڵ و ڕەنــگ زەرد بــە ئاسمانــەوە**
**منــــیش دەربــــەدەر بــــە شــــارانەوە**
**دەخیلـتم ئــەی مــانگ قیبلــەی دڵـداران**
**دەرمــــانی دەردی دڵــــەی بیمــــاران**
**شــــەوێکە ئــــەم شــــەو بگــــەرە فریــــام**
**بــــێ یــــارو هــــاودەم عــــاجزو تــــەنیام**

**دڵـــزارو بێـــزار پەســـتو خـــەمگینم**
**گـــــیرۆدەی داوی یــــاری شــــــیرینم**
**دڵبەنــدی عەشــقی ئــەو بەڵــەك چــاوەم**
**شــێتو شــەیدای ئــەو ئەگریجــەی خــاوەم**
**لـــەو ســـاوە ئـــەوم کەوتووەتـــە خـــەیاڵ**
**گریانـــە پیشـــەم بوومـــە کـــۆی زوخـــاڵ**

لە دواییدا بێکەس سوێندی مانگ دەدا بە مەشخەڵی پیرۆزو نەسـیمی بـەری بـەیان کـە بەسەرهاتی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی ئاگری دڵـی دامرکێنێتـەوە، بـەوەی کـە ئاگـاداری هەڵسوکەوتو مەرگەساتو ترشی و تاڵی و بەختەوەریی ژیان بووە، لە ئەنجامدا پێی دەڵێ:

**ئەی مانگ ئەوەندە سەیری دنیات کرد**
**سەیری نیفاقو زوڵمو ریات کرد**
**بۆیە بەم ڕەنگە کاری لێ کردی**
**ڕەنگو شوعووری بەجارێ بردی**

خۆبەستنەوەو پێکەوەلکانی شاعیر بە مانگ، جۆرە پێوەندییەك لەنێوان واقیـعو خەیاڵـدا دروست دەکات. شاعیر نایەوێت ڕاستەوخۆ دەردی خۆی و کارەساتی نەتەوەکەی بە زەقی لـە شێوەی قاڵبێکی کلاسیکی ڕووت، یاخود واقیعێکی فۆتۆغرافیدا دەربڕێتو بـەڵکو مانگەکـە دەکاتە هۆیەك بۆ سکاڵاو دەربڕینی دەردو ئەندێشەکانی، گیانی خۆی بە مانگەکە دەبەخشێ، مانگێك تەنیا هەر ئەوە نییە بە ئاسمانەوە ورشەی بۆ هەموو لایەك بڵاوبکاتەوە، یاخود تریفەو نازداریی سەرچاوەی تەقینەوەی ئیلهامی شاعیر بێـت، بـەڵکو مرۆڤێکـی بێـدارەو ئاگـاداری هەموو کەلێنو نهێنییەکانی ژیانە، هەست بە کارەساتو پەژارەی کلۆڵو لێقەوماوو دڵدارانی ڕەنجەڕۆ دەکات، هەر بۆیە لە داخی ئەوانـە ڕەنـگو هەسـتی نـەماوە، ئەوەنـدە دووزمـانی و ڕیاکاریی دیوە، بۆیە ئەویش ڕەنگی خۆی ون کردووە.

لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ لە ئارادایەو بە پێویستی دەزانـین لـە ئاسـتیا بوەسـتین و ڕای خۆمانی بەرانبەر دەربـڕین، ئـەویش بەراوردێکـە لـەنێوان بێکـەس و ڕۆمانسـی و بێکەسـی

واقیعیدا، ئایا دەبێ ئەوە بڵێین بێکەس لە هۆنراوەی ((داری ئازادیدا)) و ((ئەی وەتەن)) و ((بیستو حەوت ساڵە)) و شیعرە نیشتمانییەکانی تریدا بێکەسی ((ئەی مانگ نەبێت))؟ ! دوور نییە هەندێ ڕەخنەگر ئەگەر بە وردی سەیری هۆنراوە واقیعییەکانی شاعیر بکەین و بە هەمان چاو هۆنراوەی ((ئەی مانگ)) هەڵسەنگێنن، بڵێن بێکەس چیی نوێی تری نەوتووە، چونکە لە هۆنراوە نیشتمانییەکانیدا زاتییەتی خۆی بەلاوە ناوە، کەواتە لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتنی وەدی نەهێناوە، هەروەها مەسەلەکەی زۆرچاك هەزم نەکردووە، بۆیە نەیتوانیوە، وەك لە هۆنراوە ڕۆمانسییەکانی دا هونەرمەندیی خۆی و بە شارەزایی تەکنیکی شیعری بەکارهێناوە، لە هۆنراوەی ((داری ئازادی)) و ((ئەی وەتەن)) و هی تر وەستایەتی خۆی نیشان بدات، ئێمەش دەڵێین بێکەس لە هۆنراوەی ((داری ئازادی)) دا شاعیرێکی ترە، لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین ((داری ئازادی)) گەر بە چاوی هۆنراوەو تەکنیکی شیعری سەیری بکەین، لە شیعر ناکات، زۆربەی دێڕەکانی قسەی نەستەقو پەندی وەرگیراون، هەندێکیان مۆرکی ڕاپۆرتیان پێوەیەو لە شێوەی خیتابییەوە نزیکن، بۆ نموونە چەند دێڕێکی دەخوێنینەوەو ئەو خاڵانەی باسمان کردن ڕووناکییان دەخەینە سەر، بێکەس لە هۆنراوەی ((داری ئازادی)) دا کە لە ساڵی ١٩٤٨دا دای ناوە دەڵێ:

**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ**
**سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ**
**پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لە کوشتن سڵ ناکا**
**هەر بڕووخێ بەس نییە، تاکو نەسەنرێ نادرێ**
**تۆ ئەگەر ئیسلاحی قەومو نیشتمانی خۆت ئەوێ**
**لێت موحەققەق بێ بە بێ شۆڕش مەحاڵە ناکرێ**
**بیری ئازادی جیهانی گرتەوە توخوا بەسە**
**ئەم نیزامە کۆنە تاکەی؟ هیممەتێ کەن لابرێ**

لە دواییدا دەڵێ:

**نێرو مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن**
**دووره دەرچوونی لە دیلی، مەل بە باڵێ نافڕێ**
**دۆستیی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە**
**ناحەزی ڕوو ڕەش لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ**

هەروەکو وتمان بێکەس زۆر قسەی نەستەقو وشەی هیی ترو دروشمی نیشتمانی لەگەڵ شیعرەکەیدا تێهەڵکێش کردووە، بە پێی بۆچوونی ئەمڕۆمان، بە هۆنراوەی شیعاراتو شێوەی ڕاپۆرتی دەدرێتە قەڵەم، ئەم هۆنراوە لە کارتێکردنی ڕۆشنبیریی گشتی و زۆر خوێندنەوەو بیستنی قسەی نەستەقو شۆڕشگێڕ و دروشمی ئەو سەردەمەی کە ڕاپەڕینەکەی کانوونی چلو هەشتی تێدا تەقیوەتەوە بە دوور نییە وەکو:

**ئازادی دارێکە بە خوێن ئاو دەدرێ**
**سەربەخۆیی دەسێنرێت نادرێ**

بێکەس دەڵێ:

**نێرو مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن**
**دووره دەرچوونی لە دیلی مەل بە باڵێ نافڕێ**

زەهاوی بەر لە بێکەس وتوویەتی:

يرفع الشعب فريقان: اناث وذكور
وهل الطائر الا بجناحيه يطير؟

دیسانەوە دۆستیی کوردو عەرەب، دروشمێکی نیشتمانی بوو، لە خۆ پیشاندان و ڕاپەڕینەکاندا بەرز دەکرایەوە، تا پاش چواردەی تەمووز دۆستایەتییەکە ڕوویەکی تری بە خۆوە دی و بووە برایەتی، زۆر جار لە خۆ نیشاندانەکاندا، خۆ نیشاندەرەکان دەیان وت:

((عاشت الصداقة العربية الكردية)).

ئێمە بەراوردی هەردوو هۆنراوەکانمان کرد، ئایا دەشێ بلێین ((داری ئازادی)) هۆنراوە نییە؟ بەلگەمان چییە بۆ ئەم ڕایە؟ ! بە پێچەوانەوە دەلێین داری ئازادی و شیعرە نیشتمانییەکانی تر، بێکەسیان گەیاندە ئەو پایە بەرزەی کە لە شیعری کوردیدا بە شانازی جێی خۆی کردووەتەوە، بە تایبەتی لە کاتی خۆیدا کە بە مناسەبەکەیەوە بەستووەتەوە، هۆنراوەی ((نابەزین)) و ((ئەی وەتەن)) و ((داری ئازادی)) و ((بیستو حەوت ساڵە)) و هەموو هۆنراوە شۆڕشگێڕییەکانی بێکەس شاعیریان بەرەو لووتکە بردو گەیاندیانە ئەو دۆخەی کە ئێمە بە هەموو شانازییەکەوە سەیری بێکەسو هەلوێستەکانی دەکەین.

دیسانەوە دەلێین: بێکەس بەوپەڕی موعانات و ڕاستگۆیی و ڕەسەنییەوە ((داری ئازادی)) ی وتووە و، گیانی خۆی لەگەلّ هۆنراوەکەیدا تێکەلّ کردووە، وەك تاقیکردنەوەیەکی شیعری، توانیویەتی مەسەلەیەکی سەرەکی بخاتە بەردەم، هۆنراوەکەی بۆ مەسەلەکە تەرخان کردووە، کە مەسەلەی سەربەستی و ڕزگاری و تێکۆشانی دوو قۆلّیی نێرو مێو برایەتیی کوردو عەرەبە، بەلاّم کە بێکەس لەو بۆتەیەدا شیعرەکەی تواندووەتەوەو دوور بووە لە گیانێکی ڕۆمانسییانەو دارِشتنێکی تایبەتی، لەبەر ئەوە بووە کە کەرەسەی شیعری سیاسیی بێکەس هەر ئەوەندە بووە، زرووفی ئەو کاتەش جۆرە شیعری وای گەرەك بووە، کە خەلّك بجوولێنێو گیانی شۆڕشگێڕییان بکاتە بەرو ڕایان پەڕێنێ، ئێمە هیچ کاتێك لەگەلّ ئەو ڕایەدا نین کە شاعیرێکی وەکو حاجی قادری کۆیی و بێکەسو دلّدارو گۆرانو شاعیرانی تر مادامەکی شیعرە زاتییەکانیان وەك شیعرە واقیعییەکانیان نین، مادامەکی جۆرە جیاوازییەك لەنێوان هەردوو جۆرە شیعردا هەیە، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو شاعیرانە لە تاقیکردنەوە نوێیەکە چاك نەگەیشتوون، لە گەلّیدا نەکولاّون، هەر بۆیەشە ئاستی شیعرییان هاتووەتە خوارەوە، نەخێر وەك لەو هۆنراوانەی زاتییەتێکی ڕووت، لەوانیشدا هەر سەرکەوتوونو گۆی هونەریان بردووەتەوە. شیعری کوردی هاوچەرخ وەك شیعری ئەورووپی بۆی نەلواوە، شاعیر زاتییەتی خۆی لەگەلّ مەوزووع یا واقیعدا ئاوێتە بکاتو هۆنراوەکەی بگەیێنێتە لووتکە، وەك هۆنراوەکانی ئەراگۆنو نازم حیکمەتو شاعیراتی تر، بەلّگەشمان بۆ ئەم ڕایەمان هۆنراوەکەی گۆرانە کە بە یادی شەشی ئەیلوولەوە بەناوی شەهید دای ناوە، هەرچەندە شیعرەکە لە سالّی

١٩٣٢دا دانراوه، بەڵكو لە چاو هۆنراوە سیاسییەکانی شاعیر، هۆنراوەیەکی بەرزو گەشەدارە، چونکە شاعیر لە زمانی هەڵۆبەگەوە زاتییەتی خۆی تێکەڵ بە خۆشەویستیی نیشتمانو گەلەکەی کردووە، لە بۆتەیەکی تردا وشەکانی تواندووەتەوەو تابلۆیەکی یەجگار دڵگیرو سەرنجڕاکێشەری پێ کێشاوە، لە کۆتاییی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

**بڵێ بەو بووکی تازەی یەك شەوەم، گەر هاتە سەر نەعشم**
**نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشتو لە ڕێی عەشقی منا نەژیا**
**وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم**
**کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیاو کەژیا**
**ئەگەر خوای گەورە بەخشی پیت هەتیوێ پێی بڵێ: ڕۆڵە**
**لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە !**

وابزانین شیعری سیاسی (کە دەڵێین شیعری سیاسی واتا ئەو هۆنراوانەی مۆرکی نیشتمانی و نەتەوایەتی و گیانی شۆڕشگێڕییان پێوەیە) نەك تەنیا کوردی، بەڵکو عەرەبیشی لە سەردەمی بێکەسو دوای بێکەسیش گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیبوو، وەك هۆنراوەی هونەری، لەم ڕووەوە شاعیری هاوچەرخی عەرەب مامۆستا سەعدی یووسف دەڵێ:

((ڕێبازی سیاسی ئاشکرا و ڕوونە، بەڵام لە دەرەوەی هۆنراوەکەدا بەوەی کە کارێکی هونەرییە، دەمەوێ بڵێم سیاسەت وەك تیگەیشتنو جموجۆڵو زەمینە، تا ئێستا لە هۆنراوەدا بەشێوەی بیروباوەڕ سەر هەڵدەدا، نەك بەشێوەی ناوەڕۆکی هونەری، واتا پەیوەندی نێوان سیاسەتو شیعر نەگەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتن)).

ئیتر نامەوێ نموونەی زۆرتر بهێنمەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو ڕایانەی گەلێ شاعیری گەورە لە شاعیریەتی دەخەنو وا چۆتە مێشکیانەوە کە هۆنراوە دەبێ هەر لە سەرچاوەی زاتییەتی شاعیرەوە هەڵقوڵێت، کە هۆنراوە لە خودی شاعیر دوورکەوتەوەو ئیلتیزامی بە مەسەلەی ژیانی خەڵکەوە بوو، ڕادەی هونەری دێتە خوارەوەو ئەو حەلە بۆیان هەیە بڵێن شاعیر لە مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا ڕاستگۆ و ڕەسەن نییە.

بەلای ئێمەوە شاعیری ڕەسەن و ڕاستگۆو خاوەن بەهرە هەر جۆرە ڕێبازێك پەیڕەو

بكات فیڵ لە خۆی و خەڵکەکە ناکاتو هەر ڕێبازێك بگرێت سەرکەوتن وەدەست دێـنیٚ، هەر جۆرە هۆنراوەیەکیش مۆرکو خاسـیەتی تایبــەتی خـۆی هەیـە و لـە هـەمان کاتـدا هەندێك لەو هۆنراوانە کەرەسەیەکی بەپیتو بەپێز دەخەنە بەردەم شـاعیر، گـەر شـاعیر تاقی کردنەوەیەکی تایبەتی و درێژی تێدا بەدی کـرد ئـەوە لەوانەیـە هۆنراوەکـانی ئـەو قۆناغـە ڕادەیەکی تایبەتی هەبیٚو لەوانی تری جیابکاتەوە، زۆر مەرجو خاسیەتی تایبەتی و گشتی کاردەکەنە سەر بابەتی شیعری شاعیر، جا دەبیٚ لە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی هەر بابەتێکی شیعردا ورد بینو پەلە نەکەین، نەك خۆمان تووشی هەڵە بکەین.

# باری ڕۆشنبیریی کوردی دوای ئاداری ١٩٩١
# سەرنج و تێبینی

**بەرایی:**

بەر لە چوونە ناو بابەتەکەمان بە پێویستی دەزانم هەڵوەستەیەك لەسەر زاراوەو چەمکی ڕۆشنبیری بکەم و بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەبەمە بەر دوو سەرچاوە، سەرچاوەی یەکەم (المعجم الوسیط)ە کە لە وشەی ((ثقف)) واتا خواری ڕاگرت و ڕاستی کردەوە و، مرۆڤ پەروەریی کرد و فێری کرد، (پقف)ەوە هاتووە، مانای شارەزایی‌و زیرەکی دەگەیەنێ لە زانستی پیشەسازی و شەڕدا، هەروەها سەرکەوتن و ((ثقف)) واتا لە فلان‌و لە فلان قوتابخانەدا فێر بوو، (الثقافة) واتە ئەو زانست‌و زانیاری و هونەرانەی کە مرۆڤ مەبەستییەتی لێیان شارەزا و کارامە بێ، هەروەها یاریکردن بە شمشێر دەگەیەنێ.

لە (معجم الرافدین)دا وشەی (حڕسسذسح) بە واتای جووتکردن (حراثة) ڕۆشنبیرکردن، ڕەوشت فێرکردن، ڕۆشنبیری، ژیاری، یاخود قۆناغێکی پێشکەوتنی ژیاری دەگەیەنێ.

لێرەدا مەبەست لە ڕۆشنبیری، شارەزایی و زیرەکی و کارامەیی و لێهاتنە، کە دەبێ جیاوازی نێوان خوێندکار و ڕۆشنبیر بکەین، بەم پێیە، ئەگەر هەرچی خڕ بێ گوێز نییە، کەواتە هەرچی خوێندکار بێ، مانای ئەوە نییە، کە ڕۆشنبیرە، ڕۆشنبیر بە چەمکی ئەمڕۆمان، ئەو کەسەیە کە لە بواری پسپۆڕیی خۆیدا دەبێ شارەزا و لێزان بێ و، لە بابەتەکانی تریشدا بڕێکی لێ بزانێ.

## ڕۆشنبیری کوردی دوای ڕاپەڕین:

ئەگەر ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی گەورە بێ سەبارەت بە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان‌و بە

تایبـەتی ڕەنگدانـەوەی لەسـەر ڕەوشـتی کوردسـتانی عێـراق کـە ئەنجامەکـەی ڕەخسـاندنی بنەماکانی ئازادیی دیموکراتی و هەڵبـژاردنی پەرلـەمانو دامەزرانـدنی حکوومـەتی هـەرێمو جاڕدانی فیدراڵی بوو، لە هەمان کاتـدا دەرگـا واڵا کـرا بـۆ دەرچـوونی ژمارەیـەکی زۆر لـە ڕۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەو کتێب و کرانەوەی چەندین کەناڵی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی ڕادیۆو تەلەفزیۆن، هەروەها دامەزراندنی دامودەزگـای ڕۆشـنبیری و هونـەری و ئـەدەبی، کردنـەوەی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگاو کۆلیژدا.

ماوەی ئەو (١٠) دە ساڵەی دوای ڕاپەڕین گۆڕانێکی گـەورە بەسـەر ڕەوشـی ڕۆشـنبیریمان داهات، ئەگەر چوار ساڵی دوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بە زەمـەنێکی زێـوین لەم بوارەدا لە قەڵەم بدرێ، ئەوە ماوەی دە ساڵەکەی دوای ڕاپەڕین دەبێ بە زەمەنی زێڕین لە قەڵەم بدەین، کە ئەو وزەو هێزو توانایەی کە ماوەیەکی زۆر بوو خەفە کرابوون دەرگایـان بـۆ واڵا کرا کە بتەقنەوەو بوونی خۆیان لە مەیدانەکەدا بسەلمێنن، ئەگەر بەراوردێك لەنێوان بـەر لە ڕاپەڕینو دوای ڕاپەڕین بکەین وەك هێڵێکی بەیانی بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ. کە هێڵی ڕۆشنبیری بەرەو هەڵکشانە و، ڕێژەی بڵاوکردنەوەو دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەو کتێبو بوونی کەناڵەکانی دیکە هەرگیز نەك لەگەڵ چوار ساڵەکەی دوای ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەڵکو لەگـەڵ سەردەمی شێخ مەحموود، واتا ڕاپەڕین وەك پرۆسەیەکی ئامارکاری بەراورد ناکرێن.

ئەم حاڵەتە مایەی گەشبینی و خۆشحاڵیی ڕۆشنبیرانی کـوردە، کـە نـەك هـەر لـە ئاسـتی ڕاگەیاندندا، بەڵکو لەسەر ئاستی خوێندنو پەروەردەشدا. هەنگاوێکی زۆر نراون، بە کردنـەوەی قوتابخانەیەکی زۆر هەر لە سەرەتاییەوە تا ئامادەیی، هـەروەها کردنـەوەی چـەندین پـەیمانگای هونەری و کارگێڕی مەڵبەندیی مامۆسـتایان و، زیـادکردنی ژمـارەی کۆلیـژەکان، لـە هەرسـێ زانکۆی کوردستان، کە ئەمڕۆکە زانکۆ مەڵبەندی ڕووناك بەخشینی شارستانی و ژیارییە.

دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە شۆڕشی تەکنەلۆژی لە سایەی جیهانگیرییەوە خزمـەتێکی زۆری بە گەشەکردنی ڕۆشـنبیریی کـردووە، لـە ڕێگـای بـەکارهێنانی کۆمپیوتـەرو فـاکسو ئەنتەرنێت و، چاپکردن بە ئامێری پێشـکەوتووی هەمـەڕەنگ، کـە ئـەمڕۆ لـە کوردسـتاندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە گورجو گۆڵکردنی هەنگاوەکانو بەکارهێنانی شێوازی هونـەرکاری لە پرۆسەی خوێندنو چاپکردنو بڵاوکردنەوەدا.

تا ڕادەیەکی باش ئێمەش سوودمان لـەو شۆڕشـە تەکنەلۆژییـە وەرگرتـووە کـە جیهـانی گرتووەتەوەو کادیری پسپۆڕ و شارەزاو کارامەمان زۆرن کە لەم بوارەدا بتوانن خزمـەتگوزاری

هەمەجۆر پێشکێش بکەن.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان، لە ڕووی دەرکردنی هونەرییانەوە تا ڕادەیەکی باش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، هونەرکارییان تێدا کردووە سوود لە تەکنیکی نەخشەسازی و دەرهێنان وەرگیراوە، هەروەها چاپکردنی کتێب، بە نوێترین ئامێر چاپ دەکرێن‌و نەخشەسازی بەرگەکانیان دەڕازێنرێتەوە.

لەو ماوەیەدا چەندین کۆمەڵە شیعرو کۆمەڵە چیرۆك و ڕۆمان دەرچوون، کە نووسەرەکانمان لە دارشتنی بەرهەمەکانیاندا تەکنیکی نوێیان بەکارهێناوەو سوودیان لە سامانی جیهانی وەرگرتووە..

تا ئێستا چەندین کۆڕ و دیدارو ڤیستڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری سازکراون‌و بەشداریکردنی ڕۆشنبیران لەو جۆرە گردبوونەوانەداو پێشکێشکردنی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو وتوویژ لەسەرکردنیان، بەدیاردەیەکی ڕۆشنبیریی دروست لە قەڵەم دەدرێن کە گۆمەکە دەشڵەقێنن‌و تەکانێکی تر بە ڕەوتی ڕۆشنبیریمان دەدەن و، لە ئەنجامی ڕەخنەگرتن و لێکۆڵینەوەی ئەو باسانەی کە پێشکێش دەکرێن، حاڵەتێك لای ڕۆشنبیران دروست دەبێ کە لە هەوڵی ئەوە دابن زیاتر خۆیان ڕۆشنبیر بکەن‌و باسەکانیان بە پێزتر بکەن.

هەروەها لە ڕووی هونەری شێوەکارییەوە، بوارێکی باش لەبەردەم هونەرمەندانـدا ڕەخسا کە بەرهەمەکانیان لە گەلەرییەکانی هونەری شێوەکاریدا نمایش بکەن، ڕەوتی هونەری شێوەکاری هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵێنێ، هەروەها کردنەوەی چەند پەیمانگایەکی هونەری و ئەکادیمیای هونەری شێوەکاری لە سەرانسەری کوردستاندا، فاکتەرێکی یاریدەدەرن بۆ بـرەوو تەکان پێدانی بزاڤی هونەری شێوەکاری.

دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە لە بواری ڕۆشنبیریدا بۆمان هەیە بپرسین ئاخۆ هەنگاوەکان لە ئاستی خواست‌و هیواو ئارەزووی ڕۆشنبیرانن؟ بەرهەمەکان لەئاستی قەبارەی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینن لە چوارچێوەی دەسکەوتە سیاسی و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکانن؟ ڕۆشنبیریی ئەمڕۆمان لە چاو بەر لە ڕاپەڕین چۆنەو لە چ ئاستێکدایەو لەبەر چی؟

لەمپەرو بەربەستەکانی پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی کوردی چین؟ بەر لە هەموو شتێ دەبێ دان بە ڕاستییەکدا بنێین، کە ئەم ماوەیەی تێیدا دەژین. بە ماوەی گواستنەوە لە قەڵەم دەدرێ، لە ئەنجامی دوو شەڕی گەورەی خوێناویی کەنداو و، بەر لە هەردوو شەڕەکەش، ژێرخانی کوردستان زیانێکی گەورەی پێ گەیشت. دەستی تێکدان‌و شێواندنی سیمای ڕۆشنبیریی

کارێکی سەلبی کردە سەر ڕەوشەکە و، هەروەها شەڕی ناوخۆ شـوێنەوارێکی سـایکۆلۆژی لـە دوای خۆی بەجێ هێشت، لە هەمان کاتدا گەمارۆی دوو فاقی **پ.ن** و عێراق لەسەر کوردستان، بە تایبەتی لە بواری ڕۆشنبیریدا ڕەنگدانەوەی خۆی هـەبوو، لـە سسـتکردنی ڕەوتەکـە و، تـا ڕادەیەك وەستانی لە هەندێ وێستگەدا.

بەپێی هاوکێشەیەکی لۆجیکی هەموو کەڵەکەبوونێکی چەندی کەڵەکەبوونێکی جۆریی بـە دوادا دێ؟

لێرەدا دەپرسین، ئایا ئەو هەموو زۆری و زەبەندیی بڵاوکراوەو نووسراوە، بنەڕەتێکی مادی و زەمینەیەکی دروستو لەباری هەیە، کە هاوسەنگی لەنێوان چەندیو چۆنی هەبێ.

هەڵبەت مەسەلەکە بە پێچەوانەیەو بە گشـتی ڕۆشـنبیریی کـوردی، ڕۆشـنبیرییەکی لـە کارکردنــە نــەك بەرهەمهێنــەرو زۆربــەی ئــەو نووســینانەی بڵاودەکرێنــەوە، تەقــەلاو خۆماندووکردنو شارەزاییان پێوە دیار نییـە، زیـاتر لـە کـۆپیکردنو گواسـتنەوەی زانیـاری دەکەن، کە نووسەران وەك مشەخۆرێك بەسەر ورگی ڕۆشـنبیریی غـەیری کوردییـەوە دەژیـنو بوونی ژمارەیەك زۆر لە نووسەرو کارکردنیان لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا دیاردەیـەکی ڕاسـتو دروست نییە، ڕاپەڕین نەبووە کارگەیەك کە کاری خولقاندنی ئەو هەموو نووسەرە بـێ، بـەڵام پاشاگەردانی و ژیانی فرە لایەنی و حزبایەتی هەمەجۆر وای کردووە، کە سـیفەتەکەی ڕەزیـل کردووە، کەسانێك سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە دەکـەن، کـە ڕۆژێ لـە ڕۆژان لـەو ئاستەدا نەبوون کە تەنانەت نووسینەکانیشیان بڵاوبکرێنـەوە، بۆیـە هەنـدێ لەوانـە ئەوەنـدە شارەزاو لێهاتوو نین کە نووسینەکان لێك جیابکەنەوە و ڕێگا بەو بەرهەمە کرچو کاڵانە نەدەن کەوا بە سانایی بڵاودەبنەوە و ڕووناکیی سەوزیان بۆ پێ دەکرێ کە تێپـەڕبن دەبیـنین هەنـدێ نووسین بڵاو دەکرێنەوە ئەگەر کۆپیکراوو دزراویش بـن، بەرپرسـانی بڵاوکردنـەوە دەرکـی پـێ ناکەن و، نەبوونی بوێریی ڕاشکاو ڕەخنەی ئەدەبی وای کردووە کە ئەو جۆرە نووسینانە بە بـێ دەنگ ڕێگای بڵاوکردنەوە بگرنە بەر، ئەگینا بەرهەمی لەو بابەتەی کە جێگـەی ڕەخنـەگرتن زۆرە، بەڵام کەسی وا نییە لێیان بێتە وەڵامو پەردەیان لەسەر هەڵماڵێ.

بەرهەمی زۆر بڵاودەبنەوە، کەچی ئاستیان نزمە ئەویش لەبەر کەم ڕۆشنبیریی نووسـەرەکە لە لایەك کە سەرچاوەی خـۆ ڕۆشـنبیریکردنی ئێمـە بمانـەوێو نەمانـەوێ تـا ڕادەیـەکی زۆر بەرهەمی عەرەبین کە ئەو گەمارۆیەی ڕۆشنبیری کاری خۆی کردووە، هەروەها ئەگەر کتێبـی باشیش هەبێ، نایەتە کڕین، هەروەها نەزانیی زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کورد لـە بـواری

خۆرۆشنبیرکردندا دوابکەوێ، جگە لەو فاکتەرانە سەرقاڵبوونی نووسەر بەکاری ڕۆژانەو هەڵپەی ژیان لەبەر باری ناهەمواری گوزەرانو شەوانە خەریکبوونی هەندێك نووسەر بە سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، لەمپەری بەرچاون لە پێش ڕۆشنبیر کە بە بەرهەمی نوێ خۆی ڕۆشنبیر بکات، بە پێچەوانەی بەر لە ڕاپەڕین، کە کتێب لە نان هەرزانتر بوو، ئەوەندە خەریکی نان پەیداکردن نەبوو کە لە خوێندنەوەو نووسین دوور بکەوێتەوە، هەروەها ئەمڕۆ ئەگەر جاروبار لە ڕێگای کردنەوەی نمایشگەی کتێب، یا هاتنی کتێبی هەمە جۆر بۆ کتێبخانەکانی کوردستان دێت، بەڵام کڕینی تەنیا تایبەتە بە پارەدارەکان، ئەگەر نووسەری ڕۆشنبیر حەزیش بکات، بیانکڕێ، لەبەر بێ پارەیی سڵی لێ دەکاتەوە، لەبەر ئەوە بە دەگمەن دەبینین ڕۆشنبیرانی کورد وەك پێشوو کتێبی باشیان دەست کەوێتو بیخوێننەوە، ئەگەر یەکێك بەردەوام نەخوێنێتەوە، تووشی دابڕانێکی مەعریفی دەبێو لەبەرهەمی نوێ بێ بەش دەبێ، هەر بۆیەش گوتراوە (خوێندنەوە کلیلی کەسایەتییە).

ئەگەر کردنی خوێندن بە کوردی پرۆسەیەکی نەتەوەیی بێ، ئەوە ئەمڕۆ ئاگادار نەبوونی نووسەرانی کورد بەزۆری لە زمانی عەرەبی کە ئێمە تا ڕادەیەك ڕۆشنبیرییەکەمان سەرچاوەکەی بۆ بەرهەمە عەرەبییەکان دەگەڕێتەوە، دەمانخاتە بەردەم واقیعێك کە چەند وەچەیەکی ئەمڕۆ لەو ڕۆشنبیرییە دابڕاون و، بەم پێیە نووسینەکانیان تێنوویەتیی خوێنەر ناشکێنن، کە دەست دەدەنە نووسینو دەقێك وەردەگرنو دەیکەنە کوردی بە سەقەتی وەری دەگێڕنو دەست پاکیی ئەدەبی پێوە دیار نییە.

بەرامبەر ئەوەی کە دوورکەوتنەوە لەزمانی عەرەبی لە ئارادایە، بەرامبەر ئەم ڕەوشە زمانێکی دی نییە شوێنی بگرێتەوە، ئەگەر چوار ساڵی دوای (ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠) و دوا بەدوای ئەم ماوەیەش بازدانێك بەدی بکرێ لە فێربوونو گەشەکردنی زمانو ئەدەبی کوردی، لە هەمان کاتیشدا پاشەکشەیەك هەیە لە شارەزابوونی زمانی عەرەبی و خۆرۆشنبیرکردنو پەیداکردنی باکگراوندێکی ڕۆشنبیری کە قەڵەم بەدەست شیاوی ئەوە بێ بەرهەمی بە پێز و ڕەسەن بڵاوبکاتەوە.

جا ئاوڕێك بەر لەساڵێك لە ڕاپەڕین بۆ نموونە لەباری شانۆ لە کوردستان بدەینەوە، کە هەموو ساڵێ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی شانۆوە فیستڤاڵی شانۆیی لە سلێمانیدا سازدەکرا، چ جۆرە خۆ نیشاندانێکی ڕۆشنبیری بە دەمەوە بوو؟ چ جۆرە بزاڤێکی شانۆیی دروستکردبوو؟، لە کاتێکدا لە هەموو کوردستاندا یەك پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەبوو، بەشداریکردنی

شانۆکار و ڕەخنەگرو هاوسۆزانی شانۆ بە کوردو عەرەبەوە گوڕ و تاوێکی نوێی بە شانۆ دەدا، کە ئەوانەی بەشدارییان تێدا دەکرد، زانیارییەکی تەواویان لە مەڕ شانۆ هەبێ ئەو هەموو لێکۆڵینەوەو باسانەی کە پێشکێش دەکرانو قسەیان لەسەر دەکرا و، ئەو بەرهەمانەی نمایش دەکران، دەوڵەمەندتر دەکران.

دەپرسین ئایا مرۆڤ وێڕای ئەو هەموو پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کوردستان دیاردەیەکی ئەوتۆ بەدی دەکا کە لە ئاستی بەر لە ڕاپەڕیندا بێ؟ هەڵبەت ڤیستڤاڵێکی ئاوا بڵاوو فراوان کە دە ڕۆژی دەخایاندو لەو ماوەیەدا بەرهەمی شانۆیی و مۆسیقی و گۆرانی ئامێزو هونەری شێوەکاری پێشکێش دەکران، بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەند ڕێبازێکی شانۆیی وەك ڕێبازی ئاهەنگ ئامێزو ئەزموونگەری و، لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە کوردی و بە عەرەبی لەسەر بەرهەمەکان باسو لێکۆڵینەوە و ڕەخنە دەنووسران، ڕۆشنبیرانی عەرەب لە نزیکەوە ئاشنای هونەرو ئەدەبی کوردی دەبوون لەم بارەیەوە دەیاننووسی.

هەروەها مەسەلەی ڕەخنەسازی، کە داینەمۆی ورووژاندنی مەسەلەی ڕۆشنبیرییە، ئێستا لە کزی دایە و، بەرهەمی هەمەجۆر چاپ دەکرێن، بەڵام زۆر کەم لەسەریان دەنووسرێ، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەوانەی کە بەردەوام دەخوێننەوە ژمارەیان کەمە، یان ئەو بەرهەمانەیان دەست ناکەوێو بەرچاو ناکەوێ، بێ بزاڤی ڕەخنەسازییش بزاڤی ڕۆشنبیری بەرەو پێش ناچێ.

ڕاستە جاروبار بەرهەمی بە پێز بە خامەی بە بڕشتی هەندێ نووسەر ڕووناکی بەخۆیانەوە دەبینن، بەڵام ئەمە ڕێسایەك نییە کە بکرێتە نموونەیەکی سەقامگیرو مژدە بەخشی بەرەو پێشچوونی بزاڤی ڕۆشنبیری.

هەرچەندە هەندێك لەو بەرهەمانەی شیعرو چیرۆك و ڕۆمانو شانۆنامە و ڕەخنەو بەرهەمی هونەری مایەی خۆشحاڵی و شانازی پێوە کردنن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ئەمڕۆ بزاڤی ڕۆشنبیری هەرچەندە پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە، بەڵام لە ئاستی خواست و ڕەوتی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو تەکاندنی ژیانی شارستانی و ژیاری میللەتانی دراوسێدا نییە و، بارودۆخی شەڕی ناوخۆ، حاڵەتی نەشەڕ نەئاشتی و، نیگەرانی ڕۆشنبیر لە ئایندەو دوارۆژی و زیاتر خەریك بوونی بەنان پەیداکردنو لەوەی کە ژیانی مسۆگەر بێ بوونەتە فاکتەری دواکەوتنی ڕۆشنبیر لەم بوارەدا.

خاڵێکی تری گرنگ کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە هەرچەندە تاڕادەیەك دەتوانێ گوزارشت لە ڕاو بۆچوونی خۆی بکات، بەڵام بە پێی کارکردنی لە دامودەزگای ڕەسمی و حکوومی، ئەو توانایەی نییە کە لەو چوارچێوەی بۆی کێشراوە دەربچێ و، بەرهەمی

داهێنەرانە پێشکێش بکات.

بە هەر حاڵ ئێمە دوای ڕاپەڕین دەرفەتی باشمان بۆ ڕەخساوە، دەکرێ سوودی لێ وەربگرین، ئاوڕێك لە کەموکوڕییەکانی بدەینەوە، پەنجە بخەینە سەر برینەکان بۆ دەستنیشانکردنو سارێژکردنیان. ماوەی ئێستامان، ماوەی نێوان دوو قۆناغە، هەرچەندە کۆمەڵێك گیروگرفتی پێشووی بۆ ماوەتەوەو چارەسەر نەکراون، بەڵام هێشتا ڕێگامان لە پێشە، کە بە خۆماندا بچینەوە، دەرفەتێکی لەبارمان بۆ بڕەخسێ، کە ئاشتی سەقامگیر بێ بەرەو ئاساییکردنەوەی ڕەوشەکە هەنگاو هەڵێنین. کە لە ڕاستیدا هەر لە سایەی ئاشتی و هێمنی و ئاسوودەییەوە ڕۆشنبیری گەشە دەکات و، هەر لەو جۆرە کەشو هەوایەدا ئازادی بیروڕا دەربڕین جێگەی خۆی باشتر دەکاتەوە و، مرۆڤی گونجاو لە جێگەی گونجاودا دادەنرێ ڕۆڵی خۆی دەبینێ و، بەرهەمی بە پێزو داهێنەرانە ڕووناکی بەخۆیانەوە دەبینن.

دە ساڵ لە تەمەنی ئازادی و سەرفرازی و کەشو هەوای دیموکراتی کەم نییە، بەڵام وێڕای ئەو پانتاییەی کە بزاڤی ڕۆشنبیری تیایا بوونی خۆی دەسەلمێنێ، ئێمە هێشتا زۆر لە دواوەین کە بەراوردی ئاستی ڕۆشنبیرانی خۆمان - تاكو لۆك نەبێ کە نابێ بە بنکەو بنەڕەت - لەگەڵ ڕۆشنبیرانی نزیك لە ئێمەدا عەرەب دەکەین، جیاوازییەکی زۆر لەنێوانماندا بەدی دەکرێ کە بە پلەی یەکەم بۆ باری ئابووری و کەمتەرخەمیمان دەگەڕێتەوە.

بەو هیوای ئاسۆو ئایندەو هەنگاوەکانی داهاتوومان ئەو کەلەبەرانەی کەوتوونەتە دیواری تەلاری ڕۆشنبیریمان پڕ بکرێنەوەو لەو قەیرانە بچووکەی تێیکەوتووین دەرباز بینو چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی بەربەستن لە پێش تەکاندنی ڕۆشنبیری بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونتر چارەسەر بکرێنو خەونەکانی ڕۆشنبیران بێتەدی و، ئێمەی کوردیش بتوانین شان بەشانی کلتوورو زانیاریی گەلانی پێشکەوتوو ڕێ بەدی بکەین و ڕۆڵی ڕۆشنبیریی خۆمان بە پێی ئەو توانا و دەرفەتانەی بۆمان ڕەخساوە، ببینین.

# ئەفراندن: ئایا بەخشینێکی تاکییە؟

**شەوقی جەلال**

ئەفراندن نوێکردنەوەی ژیانەو کارێکی کۆمەڵایەتییەو مەرجی خۆی هەیەو هەر تەنیا بەخشینێکی تاکی نییە، خۆی بەشێکە لە پیشەسازیی بوون.

دەگوترێ کە نهێنیی شەهرەزاد ئەوەیە کە بە چیرۆکەکانی لەگەڵ ڕۆژگاردا ژیانی نوێ کردەوە، گوێگر بە تاسەو پەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕۆژی نوێی دەکرد، بۆ ئەوەی بە دیتنی ژیانێکی پڕ نوێ شاد بێ، کە گوشادی و دڵخۆشی بخاتە دەروونی، خۆ ئەگەر ڕۆژانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان دووپاتکردنەوەی دەقاودەق بووایە، ئەمڕۆ وەك دوێنێ‌و وەك بەیانیی داهاتوو ئەوا دەبوونە ژیانی پەستی و بێزاری، بەڵام جوانی و شادیی ژیان لە نوێکردنەوەو هەمەجۆری و لە ئەفراندنی سەر لە نوێیەتی، سەیر نییە کە شتی نوێوە هەردەم وەسف بکەین کە زیندەگییە، واتە بە ژیان لێ دەدات، ژیان کاری نوێکردنەوەیە هەمیشەو گۆڕینەو هەردەم هەمەچەشنە، بۆیە بە تاسەوەین لە بۆی، خۆشمان دەوێ...  جوانە لەبەر چاومان‌و بە عەقڵ‌و هزرو دەستمان دەیخەینە سەر چاومان. ئەو لە ئێمەیەو بۆ ئێمەیە، سەیرو سەمەرە نییەو ئێمەش لێی نامۆ نین، بەڵکو لە نێوان ئێمەو ئەودا یەکێتی بوون هەیەو لە پێناویدا قوربانی دەدەین دەڵێین قوربانی بە ژیانمان دەدەین، واتە بوونمان، چونکە ژیانە یان ئێمەین لە بوونی کۆمەڵایەتیی چالاکی نوێبوونەوەدا.

ئەفراندن نوێکردنەوەی ژیانە، ئەمڕۆ دوێنێ نییە، با سبەی، دوارۆژ جوانترو خۆشترو گەشتر و ڕاستتر بێت لە سایەی کاری کۆمەڵایەتیی چالاکانە.  لەبەر ئەمە ژیانی مرۆڤ لە ژیانی گیانلەبەر جیا دەکرێتەوە، کە نەدرێژبوونەوەیەکی ئاساییەو نە زیادبوونێکی خۆنەویستە، بۆ ئەوەی کە ژیانی کۆمەڵگە بەڕاستی مرۆیی مۆرك‌و سروشت نەبێ دەبێ هەردەم نوێ بێتەوە، واتە ژیانی ئەفراندنی بەردەوام بێ.

ئەو کۆمەڵگەیەی کە ژیـانی ئەفرانـدن نـازانێ، کۆمەڵگەیـەکی بـێ خاسـیەتی مرۆیـی کرۆکییە کە لە گیانلەبەری جیا دەکاتەوە، بێ شادیی نوێکردنەوەو بنیاتنانو گۆڕانە، واتە لـە پیشەسازیی بوونو لێ بەرپرسبوونی.

ژیانی مرۆڤ، کۆمەڵگە کـارێکی کۆمەڵایـەتیی چـاکە، ئـەزموونو هەڵەیـە، تێپەڕانـدنی ڕابردووە وریاکەرەوەکانو بە دەنگـەوەهاتنی هـەڵقوڵاوی ئـەم کاریگەرییـەنو هوشـیارییەکی مێژوویی بەخۆوە دەگرێ، ڕەسیدی ڕۆشنبیریی کۆمەڵـە، هـەروەها ئامـانجێکی دوارۆژخـوازی هەڵدەگرێ، چـونکە ئەمەیـە کـە بـەکاری ژیـانو واتایـەکی کۆمەڵایـەتی یـان مرۆڤخـوازی دەبەخشێ.

ئەگـەر گیانلەبـەر وەدەنـگ وریاکـەرەوە ورووژێنەرەکانـەوە بێـت لـە دەوروبـەری خـۆی، وەدەنگهاتنەوەیەکی ئاساییی دووپات کراوە کە بە ڕەمەکی وەسف بکەین، ئەوا وەدەنگهـاتنی مرۆڤ.. کۆمەڵ بەو شێوەیە نییە، بەڵکو لێڕاهاتنـە لەگـەڵ نـوێ، واتـە کـارێکی عـەقڵانیی ڕەخنەسازییە بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێدا بگونجێو لە ئاسایی و کۆن تێپەڕ بکاتو لەسـەر ڕێگـای دروستکردنی ژیانی بۆی دەربچێتو لەسەر ڕێسایەکانو میتۆدێك کە لـە قۆناغەکـەدا پێیـان ئاشنا بوون بەناوی بنەماکانی لۆژیكو میتۆدی توێژینەوەی زانستی.

بوونی مرۆیی کۆمەڵایەتی بەپێی ئـەم بۆچـوونە، کاریگـەریی مێـژوویی ئـەم چـالاکییەو مرۆڤیش چالاکیی یاساییە بابەتییەکانی بوونی حوکمی دەکەن، بەڵام لە سایەی ئەو هوشیاری و عەقڵەی هەیەتی کە بەرهەمی کارسازەکانو چالاکییەکەیەتی، لە ڕەوشێکدا وا دەبێ شیانی ئەوەی دەکات کە بارودۆخی نوێ بۆ چالاکیی یاساکان بخولقێنێ، بگـرە پێکهێنـانی بـوونێکی نوێ کە یاسای نوێی هەیە.

تێگەیشتن یان ئەو هۆشیارییە بەندە بە بیرکردنەوەو تەگبیرکردن، بە کوێرانـەو بـە تاکانـە نابێ، بەڵکو چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەیەك بەڕێوەدەچێ کە ناوی دەنێین میتۆدی بیرکردنەوەی عـەقڵانی، مەبەسـتم بیرکردنەوەیەکـە بـە پێـی چـەند بنەمایـەك کـە بنـەمای بیرکردنەوەی زانستین لە سەردەمی ئەمڕۆمانـداو چوارچـێوەیەکی فیکرییـە لەسـەر ڕێنمـایی کارسازییەکانی زانست فۆرمەلە کراوە. لەبەر ئەوە هەر نوێیەك لەڕێگای ئـەم بیرکردنەوەیـەو دامەزراندنی لەسەر کاری کۆمەڵایەتیی چاك، بەرەو تێڕوانینی ئەفراندنێکی نـوێ دەبـات لـە بیرو کاردا، واتە بەرەو ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی، واتە چالاکیی نوێکردنەوەی داهێنەرانە.

## واتای ئەفراندن:

ئەفراندن خەیاڵکردن نییە، یان فیکرێکی تاکیی بەرەڵڵا نییە، بەڵکو بیرکردنەوەیەکە چەند پێوەرو بنەمای لۆژێك و پێویستییەکانی کۆمەڵ حوکمی دەکەن بۆ گەیشتن بەو نوێیەی کە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ گۆڕانکاریی ئامانجبەخش کە مرۆڤ لە جیهانو لە کۆمەڵگەو لە خودی خۆی و لە ئاوو هەوایەکی ئازاددا دەیانهێنێتە دی.

لەبەر ئەوە کۆمەڵگە مرۆییەکان لەنێوان خۆیاندا جیاوازن لە گۆشەی چالاکیی نوێخوازی یان داهێنەرانەو ڕادەی ئەو چالاکییە کە بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێی هەردەم نوێ بووەوەو بەرەو پێشچوونو بالآبوون بجولڤێنێ، واتە ڕادەیەکی ژیاریی نوێ.

ئەم کارە کۆمەڵایەتییە داهێنەرانە دەبێتە پێوەری کۆمەڵ لەسەر بەخشینو باوەڕ بەخۆبوون لە کارلێکی ئازادانە لەنێو کۆمەڵگەکاندا، بەوەوە دەبێتە سەلماندنی خودی کۆمەڵایەتی، واتە سەلماندنو ساغکردنەوەی پێناسە بێ ئەو خاسیەتو بنەماو نیشانگەکانی پێناسە سیس دەبن، یان لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بێ ئاگا دەبێ بۆ ئەوەی لە نەوزدانی تیۆردا داوای دەکات.

ئەفراندن بەو مانایە ڕەتکردنەوەی چوارچێوەیەکی کۆتکراو و یاخیبوونە لە ڕێبازێکی کۆن کە تەڕایەتیی تێدا نەماوەو ویشکی کردووە، لە ئاست چارەسەرکردن و یەکلاییکردنەوەی دۆزەکانی واقیعی ئەمڕۆو گیروگرفتەکانی دەستەپاچەیە، ڕێگای جوولآن بەرەو دوارۆژ نادات، خۆی یاخیبوونێکی میتۆدیی ئامانج بەخشە بۆ گەیشتن بە ڕێبازێکی نوێ لە دەستنیشانکردنو تێگەیشتنی دیاردەکانی ئەو واقیعەی تووشی قەیران بووەو جوولآنی بەستوویەتی یان پیتو فەڕی نەماوە، لە ڕێگای هزرێکی مرۆیی دیلی لاساییکردنەوە و، چیتر نوێ لە دایك نابێ.

ئەفراندن لەبارە هەمەجۆرەکانی هزری کۆمەڵایەتی و توێژینەوەی زانستیدا، هەردەم بڕواکردنە بە گۆڕانو بە نوێکردنەوەو بە توانای مرۆڤ، بە توانای خستنە بەرچاوی گیروگرفتە بنەڕەتییەکانو داواکردنی چارەسەر و ڕاستییەکان لە نێوان دۆزەکانی واقیعی ناکۆك، دەرچوونە لە دەقو توانینی دەربازبوون لە کۆتو زنجیرو وە - دەنگەوە هاتنێکی بابەتییانەی ڕاستیی واقیعە.

لەبەر ئەمە، مرۆڤ، کۆمەڵگە کە درێژبوونەوەیەك یان پێوەندییەکی مێژوویی ژیاری دەنوێنێ، چەند دابڕانێکی مەعریفی ڕۆشنبیری تەنیویەتی، خۆی ڕەسیدە ڕۆشنبیرییەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ، بەڵام بەشێوەیەکی داهێنەرانە سوود دەبەخشێ.

مەبەستم لەمەدا ئەوەیە کە کەلتوورە ڕۆشنبیرییەکەی لەسەر بنەمایەکی هەڵبژاردن دەگێڕێتەوە بەوەی کە بزاڤە دوارۆژخوازەکەی و کارە بەرهەمهێنە چالاکانەو بێ تەگەرەکانی بزاڤەکەو کارەکە،

پشتگیریی لیَ دەکاتو پتەوی دەکاتو ئەفراندنێکی ڕۆشنبیریی نوێی دەخاتــە سـەر کـە بـەدەوری خۆیدا دەبێتە کەلتوورێك بۆ ئایندەی وەچەکان، لەبەرئەوە دەڵێین: خۆ گەڕاندنەوەیەکی داهێنەرانــەی کولتووری ڕۆشنبیرییە یان داهێنانێکی کۆمەڵایەتییە، لە هەڵبژاردن بەوە لە پاشکۆیی ویشـكو لـە خۆنەویستی درێژەپێدانو ویشکبوونی بژێوی دەریدەهێنێ.. خۆی ئەفراندنە بۆ نوێکردنـەوەی ژیـان بۆ ئەوەی ببێتە ژیانێکی دەوڵەمەند بە واتاکـان، بەرهـەم بـە پیـتو فـەڕ، ئـاوس بـە هۆیـەکانی هەڵکشان.

ئەگەر لە حاڵی خۆمان دۆزە کۆمەڵایەتییە فرە لایەنە ساتمە کەرەکان (دۆزەکـانی پێشـکەوتنو ئافرەتو مافی مـرۆڤو توێژینـەوەی زانسـتی و فێرکـردنو ئازادییـەکان.. تـاد) ڕابمێـنین، بۆمـان دەردەکەوێ کـە گـرفتی گەوهـەری دەسـت لێـدانی داهێنەرانەیـە.. یـان گـۆڕینی داهێنەرانـە و ڕەخساندنی هۆیەکانو مەرجەکانیەتی.. کە ژیانمـان بنیـات بنـێینو بوونمـان بـە دەسـتی خۆمـان بەشێوەیەکی داهێنەرانە دروست کەینو کارلێکێکی ئازادانە لەگەڵ کەسـانی تـرو لەسـەر ئاسـتی ژیاریی سەردەم، کە ژیارییەکەی خەستی کاری داهێنەرانەیە.. بنیاتنـانی کۆمەڵگەیـەکی پـڕ لـە تەوژمی چالاکیی نوێکردنەوە.. سەدەکانی گەشانەوەو ژیار ئەوەیە کە ئەم تەوژمـە تێیـدا دەگاتـە لووتکە.

ئەم چالاکییە بووەتە پێویستییەك لەپێناو ڕابـوونو بەشـداریکردنی کاریگەرانـە لـە بنیاتنـانی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی ژیـاری سـەردەم، بـە مـەرجێ کـە گـۆڕینی داهێنەرانـە هـەموو بـوار و ڕەگەزەکانی ژیانو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و زانستی و فیکری و ڕۆشنبیریمان بگرێتەوە.. ئێمـە لـە سەردەمی ئێستاماندا تەقینەوەیەکی بەرفراوانو مەودا قووڵ لە چالاکیی داهێنەرانە بەدی دەکەین، کە مانەوەی کۆمەڵگاکان بوونەتە مایەی مانەوەی بوونیان، واتە ژیانمان بەندە بـە سـەرکەوتن یـان ژێرکەوتن لە هەڤبڕکێی جیهانی لە بواری داهێناندا و داهێنانی زانستی و تەکنیکی بە تەحدیدی کە بەرجەستەی هزر و ڕەفتارو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، لە وێنـەی بـڕوا بـە شـکۆمەندیی مرۆڤی گشتی بە جیاوازیی ڕەگەز و ڕەنگو تەمەن بە ڕوونی دەردەکەوێ.

داهێنانو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی زەینی و کردەوەی پابەند نییە لەسەر ڕەگەزێكو ڕەگـەزێکی تر، نێربێ یان مێ، سـپی یـان ڕەش یـان زەرد.. تـاد، بـەڵام پابەنـدە بـە سروشـتی ڕۆشـنبیریی کۆمەڵگەو چوارچێوەی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەشێکە لە ڕۆشنبیری کۆن کـە ڕێبـازی دامەزراندنو بەهایەکانی فێرکردنو سەرفکردنی وزەو چوارچێوەی مرۆڤ دیـاریی دەکـاتو داهێنـان بەروبوومی هەموو ئەمەیەو هێزێکی کارتێکەرە لێی و ئامرازیکی گۆڕینیەتی لە هەمان کاتدا.

**داهێنانیش چەند مەرجێکی هەیە:**

ئەمڕۆکە ململانێی هەڤبڕکێی لەنێوان کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لە بابەت گەشەپێدانی توانستە داهێنەرەکان و زۆرکردنی ژمارەی داهێنەران لە ئارادایە، ئەویش چونکە توانای داهێنەرانە دەبووژێتەوەو گەشە دەکات لە سایەی بارودۆخو بنەماو مەرجە کۆمەڵایەتییەکان، نەك وەکو باوو بڵاوە بەخشینێکی خۆڕسکییە لە سەداسەدو پێویستیی کۆمەڵگاکان بۆ داهێنەران لەگەڵ سروشتی بەرەو پێشڤەچوونی ژیاری ئەمڕۆ زیاد دەکات، هەروەها چوونە ناو چەرخی تەقینەوەی زانیارییەکانو کۆمەڵگەی زانیاریخوازی و خولڤاندنەکان بوونەتە کارتی پشت پێ بەستنی ئۆرگانییەتی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی یانەی ژیاری چەرخی زانیاریخوازی و لێرەدا هزری کۆمەڵایەتی بە گەشانەوەی توانستی داهێنەرانە لای تاکەکانو سەروەریی بیرکردنەوەی زانستی و لە ئارادابوونی ڕووبەرێك بۆ دایەلۆگو گفتوگۆ لەسەر بنچینەیێکی میتۆدی و سیستەمی جیا دەکرێتەوەو لێرەدا بیرکردنەوەی هەموو بێت، واتە بیرکردنەوەی شاندێك لە ئارەزووی تاکی و دوورەپەرێزی تاکڕەوی تێپەڕبکاتو لێرەدا دەبینین کە هزری کۆمەڵایەتی، فیکرێکی ئیستشراقییە چاوی بڕیوەتە دوارۆژ لە بەرەو پێشڤەبردن یان گۆڕینێکی ڕیشەیی قووڵ.

ئەم ڕەوتە بە کۆمەڵە لەسەر بنەمای مەعریفەوە بەرهەمێکی داهێنەرانەو تەوزیفێکی خولڤێنەر سازدەکاتو گومانی تێدا نییە کە بڵاوکردنەوەی مەعریفە لە شەفافیەت و ڕەخساندنی زانیارییەکان کە لە ئاوو هەوایەکی کاریگەرانەو ئازادیی زیندوویی کۆمەڵگەو توانای لەسەر جووڵانەوە زێتر دەکاتو بەرگرییەکەی دژی سیمینو دژی ستەمو گەندەڵی دوو ئەوەندە لێ دەکەن.

ئێستا لە کۆمەڵگە زانیاریخوازەکان باوە کە مەعریفە هێزو بەهایەکی بەرەو زیادبوونەو ئەوانەی لە بواری زانیاریخوازی کارمەندان وا وەسف دەکرێن کە کرێکاری مەعریفەن، هەروەها باسکردنی زێدەباییی مەعریفە وەك بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی سەرەکی بڕەوی سەندو دەوڵەمەندترینو پتەوترینو بەهێزترین کۆمەڵگە زۆرترو خێراتری داهێنانە بۆ زانیارییەکانو تەوزیفکردنی مەعریفە لە بنیاتنانی ژیان.

شیاوی باسە لێرەدا کە بەرەو پێشڤەبردنی توانا داهێنانەکان لای مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە نە لە پرۆسەی هەمەلایەنی نەشونوماکردنی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی و نەشونوماکردنی فێرکاری لەسەر هەموو ئاستەکانو نە لە ئاوو هەوای پێوەندییەکان و ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان جیا ناکرێتەوە، هەرچەندە ساڵە یەکەمەکانی تەمەن بنگەو بناغەیەك پێکدێنن، لەبەر ئەمە پسپۆڕان ئاماژە بۆ ژمارەیەك ڕاسپاردە دەکەن بۆ بەرەو پێشڤەبردنی توانا داهێنانەکان لە منداڵیەتی و بەر

لە تەمەنی خوێندن، هەروەها لە قۆناغە فێرکارییەکانی دوای ئەودا، هەڵبەت پێویستیی پێکەوە گونجان و هارمۆنییەتی نێوانیانو نێوان بارودۆخو ئاوو هەوای ژیانی کۆمەڵایەتی و لە دەرەوەی ماڵەوەو قوتابخانە، مەبەستم ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە هەڵوێستو پلەوپایەی مرۆڤو ئازادییەکەی و ڕێبازەکەی لە کاری کۆمەڵایەتی و لە پێوەندییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز یان نێوان هەردوو ڕەگەز و یان نێوان تەمەنە جیاکان دیاری دەکەن.

## لە منداڵییەوە دەست پێ دەکەین:

ڕاسپاردەکان مەبەستیان شتی زۆرە لە ناویاندا، گەشەپێدانی خۆ تێ هەڵقورتاندنی مەعریفی و فیکری لای منداڵانو حەزکردن لە زانیارییە نوێیەکانو سەرچڵیی دۆزینەوەی نادیار وەك بناغەیەك بۆ گەشەپێدانی، ئارەزوومەندیی توێژینەوەو گەشەپێدانی ورووژاندنو واق وڕمان لە ئاست دیاردەکان لە تەقەلادانێکی میتۆدانەی عەقلانی بۆ دۆزینەوەی هۆیەکانو خۆشیی گەیشتن بۆ چارەسەرکردن یان وەڵام یان دۆزینەوەی نادیارو نەزانراو بێ ئیکتفاکردن بە چەند وەڵامێکی کرچو کاڵ لە دەرەوەی دیاردەکەدا و ڕێگا لە هەموو ئەوە دەگرن. زانیارییەکانو زانستەکان دەقێکی پێشوویان تێدا نییە، بەڵکو سەرچڵییەکی نوێبووەوەنو تەقەلایەکی توێژینەوەکارین کە کۆتاییی نایەو دۆزینەوەیەکی بێ پایانن.

گەشەپێدانی هزری ئەگەری و دوورکەوتنەوە لە بە بڕوایی ویشكو لە ڕەگەزپەرستیو لە بڕیاری حەتمیی دابڕ کە ڕێگا لەبەردەم هەر هەوڵدانێکی نوێی توێژینەوەو گۆڕین دادەخەن، ئەویش لەبەر ئەوەی دیاردەکانی واقیع هەمیشە نوێ دەبنەوەو دەگۆڕێن.

گەشەپێدان توانای منداڵ لە دەستپێکردنو دەستپێشخەری، چونکە ئەمە گەوهەری هاندەرە بۆ ئەفراندنو نوێکردنەوە، بەڵام یەك جۆرێ کرۆکی دەسەڵات سەپاندنی فیکری و سەرکوتکردنی بە بڕواییەو هەردووکیان نەیاری توانستە داهێنەرەکانن و سەیر نییە کە لە کۆمەڵگەکاندا کە هزر یەك جۆری و بیروباوەڕی ویشك بڕوایەك بڵاوبێتەوە کە گوێڕایەڵی پیاوەتی و چاکەیە بە مانای پاشکۆیەتی و دەرنەچوون لە جۆری باو بێ پرسیار یان پرسینەوەو دەرچوون لە جۆرییەتیی پێویست بە ڕواندنی چاکییەتیی بوێری لەگەڵ حەقدا دەکاتو ئازایەتی لەگەڵ سەربەخۆیی و ڕاستگۆیی لە دەروونی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە باوانی ماڵەوەداو لە قوتابخانەو کۆمەڵگەدا ڕابەری ئەوبن.

لە بەڵگە نەویستەکانی کارەکان ئەوەیە کە باوكو مامۆستاو کاربەدەستانی کۆمەڵگە کە داوا لە مرۆڤ دەکەن کە منداڵە یان هەراشە یان باڵقە گوێڕایەڵی توندبێو پاشکۆیی تەواو یان سزای

بەربەست، بەڵکو ئامادەییەکی نێگەتیڤی لە ئاست چاکییەتیی کەوتنەسەر هەر ڕەفتارێکی نوێ یان دەربڕینی هەر بیرۆکەیەکی جیاکەرەوە یان توێژینەوەیەك بۆ دەرخستنی ڕاستی بۆ دەخولقێنن، ئەم جۆرە مرۆڤە پەنا دەباتە بەر دوو ڕوویی یان دەبەنگیی عەقڵی بۆ خۆ دەربازکردنو مانەوە. جێی خۆیەتی کە لە کۆمەڵگەدا چاکییەتیی گەورە بڵاوبکرێتەوە کە دەربڕینی ئازادیی سەربەخۆیەو ئەم ڕەسەنییە، نەك ڕەسەنی پاشکۆیی سۆزداری پووچەڵ، بەڵکو ڕەسەنی بوێرییە لە ڕاستگۆیی لەگەڵ خودو پابەندبوون بە بنەماکانو میتۆدی توێژینەوە گومانی تێدا نییە کە مرۆڤ، کۆمەڵگەی داهێنەر، دەوڵەمەندە بە هزرو کارەکەی، زۆروزەبەندە بە بڕواکردنی بە خودی خۆی کە پیادە دەکاتو نوێی دەکاتەوە بە داهێنانەکەی و ئەم جۆرە مرۆڤە، کۆمەڵگەیە بە بەخشینی ژیاری جیا دەکرێتەوەو لە کارلێکردن لەگەڵ خەڵکی تر ناترسێ.

بەڵکو وەردەگرێو دەبەخشێ لە هوشیارییەکەی عەقڵانیی پێگەیشتووە و لەپڕ خۆی دەبینێ کە فاکتەری دەوڵەمەندکردنی خۆی و مرۆڤایەتییە.

ئەگەر بەم شێوەیە لە ئەفراندنو گەیشتن، کە دۆزی سەردەمو بناغەی ڕابوونەو گرەوی پێشبڕکێیە، دەزانین کە پێویستە لە خۆمانو لە کۆتو زنجیری پاشماوەو لاساییکردنەوە بەهێزتر بینو بنچینەو پێوەندیی کۆمەڵایەتیی پێداویست بۆ ڕەهابوونی ڕابوونو بنیاتی مرۆڤی نوێ ئامادە بکەینو گۆڕینی ڕیشەی خوازیار بۆ هەموو لایەکانی ژیان درێژ ببێتەوە.

تەگەرەکانی داهێنان لە بنەڕەتدا تەگەرەی کۆمەڵایەتینو پێویستە لەسەرمان بپرسین بۆچی کۆمەڵگاکانمان داهێنەریان تێدا نییە کە لە ئاستی ژیاری سەردەم بن؟ ئەو تەگەرە کۆمەڵایەتییە ماوانەو دروستبووانە چین، ئەگەر ویستمان ڕێگا خۆش بکەین بۆ ڕابوونێکی کۆمەڵایەتی کە دەمانخاتە ژیاری چەرخی پیشەسازی و زانیاریخوازی. ئەمەیە ڕێگای ڕەسەنمان بۆ گەڕاندنەوەو دووپاتکردنەوەی خودی نەتەوەیی کە چەند سەدەیەکە لە تۆمارەکانو ونەوزەکانی تیۆری بە دوایدا عەودالێن، سەدەکان بەفیڕۆ لەگەڵ ئاوابوونی کارو فیکری کۆمەڵایەتیی ژیاری لە دەست چوون..

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (العربي) ژمارە (٥٢٩)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٢.

## لەبارەی عەقڵ و عەقڵانییەت

## " پێویستە دیدمان لە بوونەوەرەکاندا بە پێوەری عەقڵی بێت "

**ئیبن ڕوشد:**

دۆزی عەقڵ و عەقڵانییەت دەخەینە ڕوو و، مەبەستمان لە عەقڵ توانای مرۆڤە لە زانیاریدا، لە عەقڵانییەتیش بەکارهێنانی زانیاریی عەقڵە لە ڕێکخستن و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە و ڕۆشنبیریی عەرەبی بەتیژی رەنگە لە هەر کاتێکی پێشوودا بەهێزتر بێ، ئەم دۆزە خۆی دەخاتە ڕوو وەك بڵێی ڕووی جێگیرو ناکۆکە لەوەی کە باوە، یاخود وەك بڵێی ئەنجامێکی دژکاریی ئەوەی رووی داوەو ڕوودەدا، دیمەنی گشتیی عەرەبی و نزیکەی لە هەموو لایەکانییەوە، لە مرۆڤ دەکات پرسیار لەوەی خراپیی حاڵەت و مەترسیی ئاکام کە پێی گەیشتووین دەکات، وەك ئەوەی کە وا لە مرۆڤ دەکات. لەبارەی جێگر بپرسێت و، رەنگە شێوەی بە کۆمەڵ لە نێوان ئەوەی دەست بەهەندێ توانای بیرکردنەوەی هێمنەوە دەگرێ کە ئێمەی عەرەب (نووسەر مەبەستی خۆیەتی) پێویستمان بە بیرکردنەوەی عەقڵانی هەیە و، ئەگەر ڕەفتارمان بکردبایە یاخود بەعەقڵانییەت بیرمان لە خۆمان و دەوروبەرمان بکردبایەوە، یاخود کۆمەڵگەیەکمان لەسەر شێوەیەکی عەقڵانی دابمەزراندبا، نەدەگەیشتە ئەوەی کە گەیشتنێ و، ڕەنگە ئەم قسەیە گەوهەری نووسینەکان و بانگەشە بەردەوامەکانی عەقڵانییەت بێ لە فیکری عەرەبی عەقڵانیی هاوچەرخ، هەروەك بۆ نموونە ئەوە لە نووسینەکان و بانگەشەکانی (قسطنطین زریق) و (زکي نجیب مەحموود) و (فوئاد زەکەریا) و (عەبدوڵڵا ئەلعروی) و (یاسین حافیز) و (سادق جەلال ئەلعەزم) و هیی تر، دەردەکەوێ کەوا هەر یەکەیان بەڕاشکاوی بانگەشەی بۆ عەقڵانییەت کرد، یاخود چەند ڕوویەکی ئەفسانە و غەیبییەت و ناعەقڵانییەت قەڵاچۆ دەکات، ئەمەش هەمووی ناکۆکە لەگەڵ بیروباوەڕی عەقڵانی، هەروەك زانراوە، عەقڵ لای ئەو ڕووناکبیرانەی عەرەب هێشتا ئەرکێکی بەرچاوو لە ئارادایەو ئەنجام نەدراوە، لەبەر ئەوە بیرکردنەوە بەعەقڵانییەت لە ڕۆشنبیریی عەرەبی بەشێوەی بانگەواز یاخود دایەلۆگی جۆری رەفتارو بیرکردنەوەی غەیبی و عەقڵانییەوە دێ، کەچی عەقڵانییەت لە ئەورووپا و ڕۆژئاوادا بەگشتی وەك بڵێی ئەرکێکە

پیادە کراوەو چووەتە ناو ڕەوتی هزری و کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەکانی ئەوروپی. بانگەوازی عەقڵانییەت کە بە ڕوونی دەستی بە سەرهەڵدان لە ئەورووپادا لە وەتەی سەدەی هەڤدەمەوە کرد، دەرکەوت وەك بڵێی زۆرترین مەرامو دەسکەوتەکانی لەوەتەی سەدەی نۆزدەمەوە ئەنجام دا، تەنانەت چەند بانگەشەیەك لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەستیان بە سەرهەڵدان کرد بۆ ئەوەی سنووری عەقڵو عەقڵانییەت ببڕن. ئەوەش لە سەرشێوەی چەند بانگەشەیەك گەڕانەوە بۆ هەست و غەریزەو پاڵنەری زیندەگی خۆی نواند، وەك چۆن ئەوە لەسەر شێوەی تاوانبارکردنی عەقڵو عەقڵانییەت خۆی نواند بەوەی هەردووکیان وەك پێشکەوتن چەمکێکی برجوازین، چونکە هەردووکیان لەگەڵ هەڵکشانی برجوازیەتی ئەوروپی نەشونومایان کرد، بەڵام بۆچی ئەوانەی عەقڵ تاوانبار دەکەن بە برجوازیەتی کە ئازادی و دیموکراتیەت بە پرەنسیپی نوێ هەردووکیان پرەنسیپی برجوازین هەروەتر، بەمانایەك هەردووکیان لەگەڵ نەشونوماکردنی برجوازییەتدا گەڵاڵە بوون، بەڵام ئەوە عەیبداریان ناکات، چونکە نەشونمابوونی چەمکێك لە چەرخێکدا نابێتە خەوش بۆی ئەگەر ئەم چەمکە ئەوەندە سەرانسەری بێت بەجۆرێ لە سەردەمی سەرهەڵدانی تێپەڕبکات بۆ ئەوەی پێویستییە هەمیشەییەکانی مرۆڤ دابین بکات بەو سیفەتەی مرۆڤ چەند بانگەشەیەکی تر دژی عەقڵو عەقڵانییەت لە ئارادان، ناوی ((ئەودیو عەقڵ)) وەردەگرن، ئەم بانگەشانەش بۆ بیرکردنەوە یا بۆ گوزەرانی ئەو دیو عەقل، بیریان دەچێتەوە، یا خود لە بیریان دەبەنەوە کە ((بەهەشت)) ی دەسکەوتەکانی چەرخی عەقل دەژین. وەك چۆن ((دۆزەخ)) ی ئەنجامەکانی ئەوەی بەدوای چەرخی عەقڵ دەژین. ئەگەر ڕاست بێ، بیرکردنەوەی عەقڵی یا عەقلانییەت بەرپرس بن لە ئەزموونگەریی ژینگەو چەکی وێرانکاری و جۆری کۆمەڵگەی لە کارکردن (استهلاکي) و ڕاگەیاندکاری و هەموو خراپەکارییەکانی چەرخی پیشەسازی و دژوارەکانی ژیانی نوێ وەك دەڵێ، پێویستە لە سەرمان لە بیرنەکەین کە ئەم عەقڵەو ئەم عەقلانییەتە هەردووکیان لە نزیکی مەوداکانی نێوان کیشوەرەکانو ڕۆشنبیرییەکانو مرۆڤ، کەس نییە لە خوازیارانی چوون بۆ ئەو دیو عەقڵو عەقڵانییەت بتوانێ بە شادی و ئاسوودەیی بژی بێ دەسکەوتەکانی عەقڵو عەقلانییەت، ئەو عەقڵەی کە هەندێکیان ڕەنگە دەسکەوتەکانی لە چەکی وێرانکاری وەك بۆمبای ئەتۆمی بەکارهێنابێ.

دیسانەوە توانیویەتی کە فڕۆکەو کۆمپیوتەرو هەموو ئەو داهێنراوو پیشەسازییانەمان پێشکێش بکات کە ژیاری نوێیان لە سەردەکرێو ئێمە دەتوانین لە وزەی بۆمبای ئەتۆمی

کارگەیەك بۆ شیرینکردنی ئاوی دەریا یان وزەی کارەبایی بۆ ڕووناککردنەوەی لادێو شـارەکان دروست بکەین. مەسەلەکەش بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە توانابوونی سنوور بڕینی هەرچی سروشتی و سەرەتاییە لە کەسایەتی و مێژووەکـەی و، مـەودای توانـای بەڕاسـتی گەیشـتنی ئاسـتی زانستو عەقڵەکەی، عەقڵ لە لایەنی سەرەتایی و، سروشتی لە مرۆڤ جیایە، کە ڕەهەنـدێکی ڕەوشتکاری و بەهاداریی تێدایە، لە بەرئەوە عەقڵو عەقلانییەت هەردەم لەگەڵ بـەکارهێنانی زانستەکانن بۆ خۆشیی مرۆڤ، هەروەك چۆن لەگەڵ ئازادی و دیموکراتییەتو عەدالـەتن. ئـەم وتووێژە جیهانییەی لەمەڕ عـەقڵو عەقلانییـەتمان نەدەخسـتە ڕوو، ئەگـەر لـە کۆمـەڵگـەی عەرەبی دەنگدانەوەی هەبوایە، هەروەها لە ڕۆشنبیریی ئەمڕۆماندا، لە راستیدا بانگەشـەیەك بگرە چەند بانگەشەیەکی هاودژی عەقڵو عەقلانییەت لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا لـە ئـارادان، چەند بانگەشەیەکی ئەوروپی، بۆ ئەوەی لە پڕ بگەینە نیچەو دوایـی فۆکـۆو دریـدا، وەك لـە ڕۆژئاوای ئەورووپا ڕووی دا جێبەجێ کـرد و، بەڵگەنەویسـتە کـە ئـەم شـێوەی بیرکردنەوەیـە شێوەی ژیانە لە دەرەوەی کۆمەڵگەدا، وەك چۆن هیی تر لـە دەرەوەی چـەرخەکانو کۆمـەڵگـە هەردووك لە ڕێگای بانگەشەکردنیان بۆ سنوور بڕینی عەقڵ لە ڕێگای گەڕانـەوە بـەرەو پـێش عەقڵ دەژین، وەك لە بانگەشە سەلەفی و غەیبییەکاندا و، لـە راسـتیدا ئێمـە بەرانبـەر یـەك بانگەشەین کە شێوەی دوو بانگەشەی ناکۆك بەخۆوە دەگرێ، یەکێکیان بـەرەو پێشـەوە دوور دەڕوات، ئەویتریان لە ئێستادا دەڕواتو لە ئێستای عەرەبی بە تەحدیدی سەبارەت بەعەرەبەوە بانگەشەی سنوور بڕینی عەقڵ لە سەر ڕێچکەی نوێ رۆژئـاوا لـە لافلێـدانی کـە پێشـکەوتن چەمکێکە لە سەرعەقڵو عەقلانییەت وەستاوە، چەمکێکی برجوازیـەو لـە ئەنجامـدا دەبـێ سنووری ببڕێ، وەك چۆن بانگەشەی سنوور بڕینی عەقڵ لە سەرڕێچکەی ئەوروپیی نـوێ سـەر هەڵدەدا، بەرەو ئەودیو عەقڵ، لە سەرشێوەی بانگەشە بۆ فەلسەفەی بونیاتگەریی ئەوروپی بۆ نموونە و لە دەنگدانەوەیـدا لای ئێمـە کـە سـەیری کـاتو کۆمەڵگـەو ژیارەکـان وەك چـەند تەریبێکی دابڕاو لە ئامادەبوونی بوونی زەمەنی، نەك وەك چەند بەدوایەکهاتووەکانی لە دوای یەكو بەیەك بەستراو، بەپێی تیۆری بونیاتگەری، بۆنموونە جیاوازی لە نێوان شـاری نیۆیـۆرك، هەریەك لەو ڕووانە (بونیات)ێکـە بـەخودی خـۆی لـە ئارادایـەو وەزیفـەکانی خـۆی دەکاتـە بەختەوەری و کلۆڵییەکەی لە سەر تەریقەی خۆی دەبینی وەك چۆن، ئەو ژیـانو رۆشـنبیرییەی کە لەگەڵیدا دەگونجێن. سروشتییە ئەم بیرکردنەوەیە نرخی ئەو تەقەلا مێژووییـە کـە مـرۆڤ داویەتی بۆ گواستنەوە لە دارستانەوە بـۆ گونـد و، ئینجـا شـار رەت دەکاتـەوە، ئـەزموونی

مێژوویی ڕەتکردنەوەی ئەو عەقڵییە کە دەیەوێت مرۆڤ لە دارستان دەرباز بکاتو لە ((شوێنێکی پاکی ڕووناکی باش)) نیشتەجێی بکات، عەقڵ حاڵەتو قۆناغێکی مرۆڤایەتییە مرۆڤ بە تەقەلای خۆی و بەدرێژایی مێژوو پێی گەیشتووە بەخشینێکی پێشتری مرۆڤ نییە کە بۆیەکەمین جار خۆی لە دارستان بینییەوەو پێویستە لەسەری چارە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەگژداهاتنەکانو مەترسییەکان کە لە هەرلە یەکەوە دەورەیان داوە بدۆزێتەوە. لە بەرامبەر ئەوەدا بانگەشەیەك هەیە لە کۆمەڵگەو ڕۆشنبیریی عەرەبی ئێستا بۆ سنوور بڕینی عەقڵ، بگرە چەند هاوارێکی هێرش بردنە سەر عەقڵ لەژێر دروشمی گەڕانەوە بۆ ئیمانو بۆ رابردوو لە ئارادان، وەك بڵێی ڕابردوو ئیمانە یاخود وەك بڵێی ئیمان ڕابردووە، یاخود وەك بڵێی عەقڵ بە نائیمانی و بە ئیلحاد بە تەحدید بەستراوەتەوە، یاخود وەك بڵێی عەقڵ لافی ئەوە لێ دەدات کە هەموو شت دەزانێو تێی دەگاتو چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە، عەقڵ لافی ئەوە لێ نادا کە هەموو شت دەزانێو تێی دەگات، بەڵام بانگەشەی عەقڵ لەوە ساناترەو زۆر بێ فیزترە، هیچ بانگەشەیەکی ڕەهای وەك ئەمە نییە بتوانێ ببێتە سیمایەکی عەقڵو عەقلانییەت، هەرچی کە عەقڵ دەیڵێ ئەوەیە کە جیهان قابیلی زانیاری و تێگەیشتنە و، ئەوەی کە تەماوییە، یاخود دوێنێ نەزانراو بوو، ئەمڕۆ تەماوییەکەی کەمترە و زانراوترە. بەیانییش فراوانترو قووڵترو ناسراوترە، عەقڵ وەك ئیمانی ڕەها پێشتر ئەوە ناڵێ، کە ژێدەری هەموو شتێکە، بەڵام بەرامبەر ئەوە ناو بژو، ئامرازی حوکمە، لەوەی کە ڕوونەو لەسەری ڕێککەوتبوون واتە لەوەی کە، بەڵگەنەویستە لەبوونی مرۆیی، ئایا ئەوە لە خۆبایی و لاف لێدانی عەقڵە کە دەڵێ سروشت بە چەند یاسایەك بەڕێوەدەچێ و، مرۆڤ سروشت دەدۆزیتەوە لە ناویدا خودی خۆی و یاسایەکانی لە ڕێگای کاتو کردارو بەهۆیەکەی کە عەقڵە؟ یاخود هیچ سەیرو سەمەرەیەك یا لەخۆباییەك هەیە ئەگەر گوتی عەقڵو گوتی عەقلانییەت بۆ مرۆڤ چاکترە کە ژیانو بوونی خۆی لە سەر ئەم زەوییە بەرێگایەکی عادیلانە ڕێك بخات، بوونی تاکەکەسی زەبت بکات، وەك چۆن بوونی کۆمەڵایەتی و بوونی مرۆیی زەبت دەکات و، پێوەندییەکانی تاکەکەسی و کۆمەڵگەکان لەگەڵ یەکتر وەك چۆن گونجانی مرۆڤ لەگەڵ ناوەڕاستو ژینگەکەیدا ڕێك دەخات.

بەڵام لەبارەی ئیمان، عەقڵ نێوان ئەوو نێوان ئاین تێکەڵ ناکات، ئیمان هەستێکی دەروونیی تاکەکەسیی تاکەو، ئاینی دەزگایەکی کۆمەڵایەتی گشتییە، کاهینەکانو پیرەکانو کەردەلەکانو فەقیهەکان لە سەری وەستاون، لەو باوەڕەدا نین کە عەقڵ خراپە دەرحەق ئەوانە دەکات کە دەڵێ ئەوان مرۆڤنو عەقڵەکەیان وەك عەقڵی ئەوانی ترە. لەبەر ئەمە دەڵێین کە

عەقڵ بانگەشەی ئیلحاد ناکات وەك ناحەزانی وا خەیاڵ دەکەن، یاخود وەك چۆن ئەم تۆمەتەی پێوە دەنووسێنن تاکو بە هۆیەوە بەربەرەکانێی بکەن، عەقڵ بانگەشەی ئیلحاد ناکا وەك چـۆن بانگەشەی بۆ ئیمان یاخود ئاینی ناکات، ئیلحادو ئیمان دوو مەسـەلەن نـزیکترن لـەوەی کـە مەسـەلەیەکی دەروونـی بـن، ڕەنگـە بۆماوەیـەکی - وراثـة - کۆمەڵایـەتی بـن، لـەوەی مەسەلەیەکی عەقڵی گشتی بن و، دینیش دەزگەیەکی کۆمەڵایەتیی مرۆییە، ئەگینا کلێساو پاپاو دەوڵەتی فاتیکان چین؟ بەڵام عەقڵ بەرانبەر ئەوە، بانگەشە بۆ ناوبژی لە چەند کـارێکی بوونی مرۆیی و ژیان دەکات و، دەست ناخاتە کارەکانی بەر یـاخود دوای ئـەم ژیانـە یـا ئـەم بوونە، کارەکانی ژیانی مرۆیی کاری ئەوانە خۆیانو پێویستە لە سـەریان دڕكو داڵ بەدەسـتی خۆیان دەرکێشن، پێویستە لە سەریان گەنمو گوڵەکانیان بڕوێنن، وەك یەکە سەبارەت بە تاکـە کەسەکان یاخود کۆمەڵەکان، عەقڵگەرەییەتی حوکم لە کارەکانی ڕێکخسـتنی ژیـانی ڕۆژانـە بکات، چونکە بەبێ عـەقڵ ئەلتـەرناتیڤێك نییـە گەڕانـەوە نـەبێ بـۆ ژیـانی ئاژەڵـەکان لـە دارستاندا.

لێرەدا عەقڵ شەرم لەوە ناکات کە دانی بنێ نەبووە، پاشانیش هەبووە دۆزراوەتەوەو، کـە خۆی قۆناغێکی زەمەنی و ژیارییە بەدرێژاییی زەمانە پێك هاتووە، هێشتاش هەر پێك دێ و، خراوەتە سەر مرۆڤ لە ئەنجامی شارەزایی و مێژووەکەی و کارەکەی، کەچی مەسەلەی ئیمـانو ئیلحاد مەسەلەیەکی پێش عەقڵو عەقڵانییەت کەوتووەتەوە بەکاتو بوونەوە، مەسـەلەیەکە لەوەتەی هەیەو بەسەرسامی لە بەردەم بوونو بوونی ئەم گەردوونە وەسـتاوە ئیلحـادو ئیمـان هەردووك مەسەلەیەکی دەروونین بۆ چەرخەکانو هەستە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەگەڕێتـەوە و، مافی هەر مرۆڤێکە لەگەڵ ئەو وەڵامە بێت کە پێی پەسندە، بەڵام عەقڵ لێرەدا دەیخاتە سـەر: مافی کەس نییە ئەگەر مولحید بێت دینداربێت وەڵامەکەی خۆی بەسەر ئەوانی تردا لە ژێر هەر ناوێك یا دروشمێك یا دەسەڵاتێکدا بسەپێنێ، سەپاندنی هەر وەڵامێك یا هەر رایەك، سەرەتای کردنەوەی دەروازەی توندوتیژی و رقو کینەیە، ئەگەر ئەوە بەناوی ئیمانیشەوە بـێو مێـژووی شەڕەکان ئەو قەسابخانانەی بەناوی ئیمانو بەناوی دینەوە کراون، باش زانـراون و، هەنـدێکیان هێشتا بەرچاون بەتایبەتی لە ژیانی ڕۆژانەماندا.

دیکارت یەکسانیی لە نێـوان عـەقڵو بەڵگەنەویسـتیی سـەرەتایی کـرد، ڕەنگـە بەڵگـە نەویسـتی سـەرەتایی لـەڕووی کۆمەڵایـەتی - مرۆڤایەتییـەوە سـەبارەت بەمرۆڤـەوە، ئارەزووکردنێتی لە ژیانی ئاسوودەو شاد، بەڵام دوژمنایەتی و توندوتیـژی ڕەفتارێکـە دەبێتـە

هۆی وێرانکاری و تێکدانی ئاسایش‌و نەبوونی شادی، وەك چۆن دەبێتە هۆی ئەو مەرگەی کە لە ساکارترین پێناسەکردندا ڕەتکردنەوەی ژیان و، ڕەتکردنەوەی ژیانیش ڕەتکردنەوەی عەقڵە، وەك چۆن ڕەتکردنەوەی عەقڵ ڕەتکردنەوەی ژیانە، ڕەنگە مرۆڤ فیڵبازیی لە لایەنە سەرەتاییە دوژمنکارییەکانی وەرگێڕاو لە بوونی سروشتی یەکەمی بکات- ئەم لایەنە دژکارەکانی عەقڵ بە داهێنانی یارییەکان‌و وەرزش و چاوبڕینە نادیار بۆ زانینی، لە هەموو ئێمە لە کوێین؟ ئێمە لە عەقڵ‌و عەقلانییەت لە کۆمەڵگەو ڕۆشنبیری عەرەبی لە کوێین؟

((سەبارەت بەکۆمەڵگەی کوردو ڕۆشنبیرییەکەشی هەربەم - شێوەیە- وەرگێڕ-))

وادیارە عەقڵ‌و عەقلانییەت قۆناغێکن تا ئێستا جا لە بیرکردنەوەی ئێمەو وەك چەند کەسێك یا چەند کۆمەڵێك پیادەنەکراوە، یاخود لە ڕێکخستنی ژیان‌و بوونی کۆمەڵایەتی - مرۆیی، بگرە خستنەڕووی ئەم قۆناغە-گرنگە لە خودی خۆی دا خستنەڕوویەکی نوێیە لە ڕۆشنبیریی نوێی عەرەبیدا، ئەگەر هەردەم کاتی باسکردنی عەقڵ و عەقلانییەتی ئەورووپامان بیر بێتەوەو ناوی بێنین و، بڵێین کە ئەورووپا ئەم ئەرکە (قۆناغە) ی پیادە کردووە یا خەریکە، ئێمە لافی ئەوە لێنادەین کە ئەورووپا بەتەواوەتی پیادەی کردووە، هەرنەبێ بەکەمی لە پێوەندییەکانی حکوومەتەکانی ئەورووپی بەگەلانی ترەوە، بەڵکو لە دیدی زۆر لە ئەورووپییەکان بۆ ڕۆشنبیرییەکان‌و گەلانی غەیرە ئەورووپی، بەڵکو لە پێوەندییەکانی ئەورووپییەکان لەگەڵ یەکترو بەخۆیان، کەس ناتوانێ ئەوەی ئەورووپاو ئەمریکا لە جیهان‌و لە گەڵیدا کردیان بیری بچێتەوە، کەس یەکەمین جەنگەکان و یەکەم و دووەمی ئەورووپی بیر ناچێتەوە، پێشتریش شەڕی هەردوو سەدەی ٨١-٩١، پاشان داگیرکردنی ئەورووپاو ئەمریکاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی، هەموویان کاری دژ بەعەقڵ‌و عەقلانییەتن، یاخود دژ بەو ڕەهەندە مرۆیی و ڕەوشتکارییەك لە عەقڵی ئینسانی، ئەگەر گوتبێتمان ئەورووپا لە سەدەی حەڤدەمەوە عەقلانیەتی زانیبێ‌و ئێمە لە ژیانمان و ڕۆشنبیریی عەرەبیدا لە ماوەی سەدەی بیستەمدا پێویستمان بە عەقلانییەت بووبێ، ئێمە دەرك بەوە دەکەین کە ئەم عەقلانییەتەی بانگەشەی بۆ دەکەین داخوازییەکی ڕۆشنبیریی ڕابوردن نییە، یاخود کارگەیەك نییە ئەوەی پیادەی کردووە وەری بگرێ یاخود بە کلیل.

ئەوەی مێژووی ئەورووپا لەوەتەی سەدەی حەڤدەمەوە تا ئێستا دەخوێنێتەوە، ئەو نرخە خودی ئەورووپا دای لەپێناو پیادەکردنی ئەم چەمکە و، لە پێناو نزیککردنەوەی لەم پیادە کردنەداو، لە پێناو ئەوەی کە عەقلانییەت بووە ڕێچکەو شێوەیەك لە بیرکردنەوەی تاکە

کەسانو رەفتاریان، وەك چۆن لەڕێکخستنی بوونو کۆمەڵ، بەڵکو عەقلانیەتی ئەوروپی هێشتا تا ئەمڕۆکە ناکۆکییەکانی خۆی لە فەلسەفەو سیاسەتەکان دەردەدات، هەردوو نموونەی فاشیزمو نازیزم دوور نین. هەڵبەت ئێمە داوای لاساییکردنەوەی رەوتی مێژوویی ئەوروپی ناکەین، کە ڕەوتێکە مێژووو تایبەتمەندییەتی خۆی هەیە، بەڵام بەرامبەری مەسەلەی عەقڵو عەقلانییەت، مەسەلەیەکی مرۆیی گشتییە، تایبەتە بە ئینسان و، عەقڵی بەشەری مێژووی تایبەتو سەربەخۆبوونی مرۆڤ کە ئەوروپی یا عەرەبییە، عەقڵ گەردوونی - مرۆییە لە بوونی و لایەنە پێداویستە گشتییەکانی، ئەم عەقڵە وێڕای تاکە گەوهەرەکەی لە رێگای ڕەنگ و ڕوخسارو ریچکەو میکانیزمی جیا جیا بەجیاوازیی ژیارەکانو نەتەوەکانو گەلانو زەمانەکانو تاکە کەسەکان دەوەشێتەوە، بەڵام عەقڵ بە عادیلانەترین شتی دابەشکراو لە نێوان خەڵك وەك دیکارت دەڵێ: دەمێنێتەوە و، عەقڵ ئامرازی زانیاری و تێگەیشتنی هەموو بوونەوەرەکانە، هەروەك هەندێ فەیلەسووفە پێشووەکانی عەرەب دەڵێن و، لە گشت حاڵەکاندا، هەڵەی مێژوویی و زانیاری بەڕای ئێمە لە قەڵەمدانی مێژووی فیکری و ڕۆشنبیری ئەورووپایە کەوا چەمکی عەقڵو عەقلانییەت، لە ڕووی مێژووەوە ئەوروپییەکی ڕووتە، یاخود مێژووەکە نەشونمای کردووەو پێك هاتووەو پێگەیشتووە لە دوورگەیەکی چۆڵو هۆڵی دابڕاو لە ڕۆشنبیری و ژیارو فەلسەفەو گەلانی تر، ئاشکرایە بۆ هەر خوێنەرێکی فەلسەفەی ئەوروپی تاچ رادەیەك کارتێکردنی ڕێبازی فەلسەفیی عەقڵی عەرەبی - ئیسلامی لە ناویدایەو کارتێکردنی ڕێبازی عەقڵیی (ئیبن روشد) بەشێوەیەکی تایبەتی، لێرەدا رەنگە لە عەدالەت و ڕاستی نزیکتربێ کە بڵێین مێژووی هزری بەشەری و مەسەلەکانی یەك مێژوون لە مەسەلە گەورەکانیدا، بەڵام گۆڕانکارییەکانی مێژوویی و ڕۆشنبیری و درەوشانەوەو ئیجتهادەکان لای ئەم رووناکبیرو ئەو رووناکبیرە و، لەو زەمەنە و غەیری ئەو، لە رووی ڕەنگ و ڕوخسارو شێوەی چارەسەرکردنو خستنەڕوو جیاوازن، بەڵام هەموو ئەوە ئێستا، وەك دەردەکەوێ بووە جێماوەکانی ڕابردوو، هەر تایبەتمەندییەك ئەمڕۆ دەتوانێ لە چەرخی ئەم ((گوندە بچووکە جیهانییە))دا خۆی رابگرێ و هەر عەقڵێك یا هزرێکی تاکو تەرا دەتوانێ خۆی لەو بیروباوەڕانە دوورخاتەوە کە لە هەموو لایەکەوە گیروگرفتی فیکرێکی جیهانیی تاكو سەرانسەری دەورەی داوە و، بووەتە شتێکی بەڵگەنەویست کە شوێنێك نییە، یاخود بەکەمی شوێنێکی شەرەفمەند لەم گوندە بچکۆلەیەدا بۆ کەسێك نییە، ئەگەر کارامەیی خۆی بۆ ئەوە نەسەلمێنێ و، نەگاتە ئاستی دانیشتوانی دیکەی گوندەکە و، بوار نییە عەرەب بگاتە

دانیشتووانی دیکەی ئەم گوندە - ئەگەر ڕێچکەکانی بیرکردنــەوەو رەفتــارو رێکخســتنەکانی ناعەقڵمەندانیمان یاخود بەر لــە عەقلانییــەتمان نــەگۆڕین، لــە تاکەکەســەکانەوە دەســت پــێ دەکەین‌و بەرێکخستنە کۆمەلایەتییەکان و ڕەنگە گرنگیی بانگەشە بۆ عەقل‌و عەقلانییەت لە واقیع و ڕۆشنبیریمان، لە کۆمەڵگەو فیکری هاوچــەرخماندا و، هــەروەها لێــرەدا بانگەشــە بــۆ سنووربڕینی، جا بۆ عەقڵە، جا بۆ بەر لە ئەو یا دوای ئەو بێت یەکە، بەشێوەی خۆکوشتنێکی بەکۆمەڵ‌و کۆمەڵایەتی و، دەستکێشــانە و لــەم جیهانــەدا. بــەڵام بانگەشــە بــۆ عــەقڵ لــە کۆمەڵگــەی عــەرەبیی ئــەمڕۆ بــەرەنگاری نســکۆ دەبــێ و، زۆر لەوانــەی ئــاڵای عــەقڵ‌و عەقلانییەت، ئاڵای حوکمی یاساو دەزگەکان‌و بیرکردنەوەی ئازاد، لە کۆتاییەکانی ژیانیانــدا بوونە خوازیاری غەیبییەت‌و ناعەقلانییەت‌و ناوەکانی عەققادو خالید محەمەد خالیدو مستەفا مەحموود چەند نموونەیەکن ناسراون، بەڵام لەوە ترسناکتر ئەوەیە کە عەقلانییەت نارێك‌و فشەڵ بێــت لای هەنــدێکیان، تەنانــەت لای هەنــدێکیان ســنووربڕ دەبــێ لەگــەڵ غەیبییــەت‌و ناعەقلانییەت‌و تایەفەگەری و ئەفسانە، ئەگــەر بانگەشــەی عەقلانییــەت رێکوپێــك نیشــانە دووربێت لای چاکسازێکی روونـاکبیری وەك شـێخ عــەلی عەبــدورەزاق لــە بانگەشــەکەی بــۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنچینەی عەقڵی مرۆیی، وەك چۆن لەکن تەها حوسـێن‌و ئەحمــەد ئەمین لە بانگەشەکردنەکەیان بــۆ لێکۆڵینــەوەی مێــژووو ئــەدەبی عــەرەبی بــەپێی بەرنامــە عەقڵییەکان رێکوپێکەوە، ئەگەر قوستەنتینی زورەیق بۆ نموونە لەگەڵ خۆیدا لە بانگەشەی بۆ تەحکیمی عەقڵ لە کارەکانی ئێستاو ئایندەمان و، زەکی نــەجیب مــەحموود ڕێکوپێــك بێــت لەگەڵ فیکرەکەی لە بەر((بەربەرەکانیکردنی ئەفسانەی میتافیزیکا))و، ئەگەر یاسـین الحـافظ ناڕەزایی خۆی لە (عەقلانییەت لە سیاسەتی عەرەبی)) دەربڕێ، ئێمە بەرامبەر ئەوە هیی تــر دەبینین بانگەشەی عەقڵ‌و عەقلانییەت، بەڵکو بەقسەی نوێخوازی دەکەن و، لەگەڵ عــەقڵ و عەقلانییەت‌و بۆ هەردووکیان، کۆتێك دادەنێ، هەندێکیان ناوی دەنێن ئیمان‌و، لەگەڵ ئــەوەی کە بواری ئیمان بواری عەقڵ نییە وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە، لەگەڵ ئــەوەی عــەقڵ هــەروەتر هەر کۆتێك لە بواری خۆیدا رەت دەکاتەوە، ئەگینا نکوڵی لەخۆی دەکردەوە، عەقڵ کۆنی نییە کــۆنی زانیــاری و عەدالــەت نــەبێ، دەڵــێن، لەگــەڵ ئەوەشــدا دەبیــنین کــێ داوای عــەقڵ و ((نوێخوازی)) دەکات. ئەوەش بیرکردنەوەیەك یا قۆناغێکی بەرهەمهێنەرو ئەنجامی عــەقڵ‌و چەرخەکەیەتی، بــەڵکو داوای ڕەخنــەگرتن لــەم رەوشــە ناعەقلانییــەی کۆمەڵگــەی عــەرەبی دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا حەزدەکات کە بەڕاشکاوی بانگەشــەی کارەکــان‌و بیرکردنــەوەی

ناعەقڵانی بکات، چەند کارێك زوڵمیان لێ ناکەین کاتێ ناویان دەنێین ئەفسانە و، ئەفسانەش ئیمان نییە، چونکە ئیمان حاڵەتێکی دەروونییە مرۆڤ دەتوانێ قەبوولّی بکات یا رەتی بکاتەوە، بەڵام ناکرێ رێزی نەگیرێ، بەڵام ئەفسانە دواکەوتنێکی هزرییە لە کورتبینیی زانیاری یاسا یا لێکدانەوەی، یا لافلێدانی دیاردەیەك یاسا پێشێلّ دەکات یاخود یاسای بۆ نییە، دێتە کایەوە، بە گوزارەیەکی تر بیرکردنەوەی ئەفسانەیی ناکرێ لە عەقلانییەتەوە یا لە ئیمانەوە نزیك بێ، وەك بلێی، هەندێکیان لە ئاسا بەدەرو موعجیزەکانی سۆفییەکانو وەلییەکانو جادووگەرەکان دەدوێن، یاخود لە گۆڕی وەلییەك دەدوێن ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ، یا ئیقۆنەیەك رۆنی لێ دەردەچێت، ئێمە لێرەدا لە حاڵەتێکی گریمانی نادوێین، بەڵکو مەبەستمان کتێبێکی دیاریکراوە ئەمساڵ دەرچووە کە ((سۆڤیەتی ١٩٩١)) ە کە ئەلیاس زەحلاوی و ئەنتۆن مەقدیسی دایان ناوە. کتێبەکە لە ئیقۆنەیەك دەدوێ لە کڵێسای سۆفیاتی لە دیمەشق رۆنی لێ دەردەچێ.

ئەگەر ئێمە لۆمەی کەس بکەین، ئێمە تاڕادەی ئەفسووسو مخابن گلەیی لە ناوی رۆشنبیرێکی وەك ئەنتۆن مەقدیسی برادەر دەکەین کە ناوی بە رۆشنبیری عەرەبی بەندە لە رێگای بەشداریکردنی بانگەشەی و پیاوانەوە وەك نەتەوەی عەرەبو عەقلانییەت و ڕۆشنکاری و نوێخوازی، کەچی دەردانی رۆن لە ئیقۆنەی دیمەشقی، کە مەسەلەیەکە، یاخود موعجیزەیەکی ((تایفەگەری)) یەو موعجیزەیەکی نەتەوەیی یا نوێخوازی نییە وەك دەبینین، ئەگینا بۆچی ئەم رۆنە بۆ نموونە گۆڕەکەی ئیبن عەرەبی دەری نەدا!؟

موعجیزەی قەومی یەکێتیی عەرەبە و، موعجیزەی نوێخوازی زاڵبوونە بەسەر دواکەوتندا. بەڵام رۆنی پیرۆز سوودی عروبەو نوێخوازی و عەقلانیەتی نییە، تەنانەت ئیمانیش لە شتێك، هەرچۆنی بێت ئەو دیاردەی کە لێی دەدوێین رەنگە یەك لە ڕواڵەتەکانی ترازان بێت لە تێگەیشتنو دەرك پێکردنی عەقلانییەت لای چەند کەرتێکی فراوانی رۆشنبیرانی عەرەب، وەك چۆن یەك لەو دیاردە عەقڵانییەی جێبەجێ نەکراوە. تەنانەت لە مێشکی ئەو کەسەی وا مەزەندە دەکات خۆی عەقلانیو و نوێخوازە لە کۆمەڵگەو رۆشنبیرماندا.

لێرەدا لە شیکردنەوەی (موعجیزە) درێژەداری ناکەین پێشتر (جلال صادق العظیم) هۆیە دەروونی و کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی دیاردەی دەرکەوتنی پاکیزە (عذراء) لە یەکێ لە کڵێساکانی قاهیرە دوای شکستی ٧٦٩١ شیکردەوە و، لە هەموو حاڵەتەکاندا ئیمانی پاك شتێکەو موعجیزەی سەرهەڵدانی ((سەرەنێزەی شاراوەی رۆژانی خاچپەرستانی شەڕکردنی

موسڵمانان، یاخود موعجیزەی پاکیزە، یا ڕۆن لـە ئیقۆنەکەیـدا)) شـتێکی دیکـەی غـەیری ئیمانە بەتەواوەتی.

عەقلانییەتو عەقڵ، خواستێکە هێشتا ئەرکێکە پیادە نەکراوە و، قۆناغێکە هێشتا لـە کۆمەڵگەو ڕۆشنبیریی عەرەبی نەگەیشتوونەتێ و، ناتوانن لەم ئەرکەو ئەم قۆناغەیە ڕادەکـەن ئەگەر بیانەوێ شوێنو بوونێکیان لەم جیهانەدا هەبێ و، ڕاکردن بەرەو پێشو بەرەو دواوە بـێ سوودە، ئەوە گیروگرفتەکە ئاڵۆز دەکات لە جیـاتی ئـەوەی چارەسـەری بکـات، لـە کاتێکـدا مەسەلەکە پێویستیی ئەرکە کە پێویستی بە جێبەجێکردنە.

* بڕوانە (المجتمع المدني والعلمنة). محمد كامل الخطيب، الينابيع للنشر والتوزيع، ص ٢١-٣٢.

# فەیلەسووفی ئیشراقی سوهرەوەردی شەهید

**سوهێل عەرووسی**

نووسین لەبارەی سوهرەوەردییەوە، واتای نووسینە لەبارەی قۆناغێکی وەرچەرخانی گشتی لە بزاڤی تەسەووفی فەلسەفیی ئیسلامی کە لەو ڕێکخستنە ئیشراقییەدا خۆی دەنوێنێ کە لە سوهرەوەردیدا نوێنەرە هەرە بالاَکەی بەدی کرد، ئیبن خەلەکان گوتی: [1]

خۆی ئەبولفەتتوح یەحیای کوڕی حەبەشی کوڕی ئەمیرە کەیینە، نازناوی شەهابەدینی سوهرەوەردیی شەهیدە لە حەلەب و گوتراوە کە ناوی ئەحمەدە و گوتراوە بە ئەبولفەتتوح ناسراوە. ئەحمەد کوڕی ئوسەیبیعە لە ((طبقات الاطباء))دا گوتوویەتی ناوی عەمرەوو ناوی باوکی نەهێنراوە و ڕاستییەکەی ناوی یەحیایە ساڵی ٥٤٩ی کۆچی گوتراوە (٥٥٠ك - ١١٥٥ز) لە سوهرەوەردی ئێران لە کاتی شڵەژانی مەغۆڵەکاندا لە دایك بووە، لە مەراغە کە سەر بە ئازەربایجان بوو لەسەر دەستی شێخ مەجدەلدینی جیلی (فەخرەدین رازی) تەسەووفی وەرگرتووەو پێی دەگوترێ سوهرەوەردی لجیلی بۆ جیاکردنەوە لەوانەی کە لەگەڵ ئەودا بەشداری لەو سەربوونە دەکەن، دوو کەسی تریش پێیان گوترا سوهرەوەردی کە: عەبدولقەهاری کوڕی عەبدوڵلا سوهرەوەردی ٤٩٠ - ٥٦٣ك، ١٠٩٧ - ١١٦٨ز کە فەقیهێکی شیعی و متەسەووف بوو، دووەمیان محەمەد لئەمینی کوڕی عەبدولڕەحمانی سوهرەوەردییە ١٢٥٢ - ١٣٢٠ك، ١٨٣٦ - ١٩٠٢ز کە ئەدیبێك بوو لە بەغدا، تاریخی بەغداد و کۆمەڵێك ئەدەبو دیوانی شیعری هەیە. مەلیك زاهیری کوڕی سەلاحەدینی ئەیوبی لە شاری حەلەب ساڵی ٥٧٩ك سوهرەوەردیی هێنایە لای خۆی و نزیکی کردەوە، زمان لێدانی وانە بێژانو [2] فەقیه و قسەکەران لەسەری زیادی کرد سمیناکارێکیان لەسەر کفرەکەی داو گەیاندیانە دیمەشق بۆ لای سەلاحەدینی ئەیووبی و گوتیان: ((ئەگەر ئەمە بمێنێتەوە باوەڕی مەلیك زاهیر تێك دەدات، هەروەها ئەگەر بەرەلا بکرێ ئەوا لە هەر لیەکی ولات بێ تێکی دەدا)) لەسەر ئەمە لە

بەندیخانەی قەلاتی حەلەب بەندکراو خۆراكو ئاوی لیَ براو هەتاکو سالَی ٥٨٧ - ١١١٩ز کە تەمەنی لە سی و دوو سالَ تێپەڕی نەکردبوو، بەئارامی گیانی دەرچوو (خۆی ئەم جۆرە مەرگەی هەلَبژارد - وەرگیّڕ).

سوهرەوەردی وازی لە دونیا هێنابوو، گوێی بە ئیشوکارەکانییەوە نەبوو، ژمارەیەك کتێبو نامەی دانا [٣]، هەموویان مۆرکی حەللاجییەتییان پێوە دیاربوو، هەروەها بیروباوەڕەکانی ئەفلاتوونییە نوێخوازەکانو باوەڕەکانیانی زۆر تێدا بوو، هەروەها شوێنەواری زەردەشتی و ڕەواقییەتیان تێدا بەدی دەکرا، کە گرینگترینیان کتێبی (التنضیحات في اصول الفقه) کتێبی (التلویحات اللوحیة والعرشیة) کتێبی (المقاومات) کە پاشکۆی (التلویحات) ەو، کتێبی (الالواح العمادیة) و هی دیکە بوو. کتێبی (الحکمة الاشراق) لە پێشەوەی ئەو کتێبانە دێ ئەگەر گرنگتریان نەبێ [٤].

ئەو سەردەمەی کە ڕێبازی ئیشراق سوهرەوەردی تێدا سەری هەلَدا بە دوو دیاردەی سەرەکی جیا دەکرێتەوە:

**یەکەمیان:** بە تەوژمبوونی ئەو تیۆرییە کە لەوەتەی زانستی ئاخافتن لە قۆناغی موعتەزەلییەوە بۆ قۆناغی ئەشعەری لە ماوەی سەدەی چوارەمی کۆچی گوێزرایەوە دەستی کرد بە کۆنترۆلکردنی بزاڤی فەلسەفەی فیکری. پاشان ئەم دیاردەیە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی تەشەنەی کرد کە غەزالی ڕابەرایەتیی هزری ئیسلامیی ڕەسمیی کردو ئالای داکۆکیکردن لە ڕێبازی ئەشعەریی بەرز کردەوە.

**دووەمیان:** دەرکەوتنی فاکتەرێکی دژکاری لە جۆری نوێ:

شەپۆلی ئەوروپی ئیمپریالی ((شەڕەکانی خاچپەرستەکان)) لە لایەكو لە لایەکی ترەوە خەریکبوونی لایەنەکانی بەرەی ڕۆژهەلاتی کە پێویست بوو ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە ببنەوە، سەرقالَی ململانێی ناوخۆ بوو، ئەگەر قەیرانی سیستەمی کۆمەلایەتیمان خستە سەر کە لە هەردوو حالَەتی لاوازی و نەزۆکی لەو شێوە باوەی بەرهەمو پێوەندییە بەرهەمهێنەرەکان بۆ هەردوو دیاردەی پێشوو، خۆ دەنوێنێ، دەتوانین باری نائومێدی لە گۆڕینی واقیعەکە بهێنینە بەرچاو. ئەم نائومێدییەی نەیتوانی شێوازێك بۆ گۆڕان لە هزرێکی شۆڕشگێڕانەی پۆزەتیڤدا بدۆزێتەوەو بیکاتە شۆڕشێکی نێگەتیڤی هێلینی کە ئەو جیهانە ماتریالییە ڕەت بکاتەوە بۆ گەیشتن بە ڕەتکردنەوەی بوونی ئەم جیهانە لە بنەڕەتەوە و، لە هەمان کاتدا هەولَی پەیداکردنی سیستەمێکی ئاسمانی بدات کە کلۆلەکان تیایا ئەوەی لە دەستیان چووە لە

سیستەمە کۆمەڵایەتییە سەر زەوییەکەیان ببیننەوە، بەڵام لە چوارچێوەی چەمکەکانی ئیسلامو میتافیزیکییەکەی لە هێڵە گشتییە سەرجەمییەکەی لەگەڵ جیاوازی لە هەندێ خاڵی بیرکردنەوە بۆماوەی ئاینی و ڕۆشنبیری بۆ هزرمەندو سروشتی بزاڤی کۆمەڵگە پێویستی دەکەن. لە نووسینەکانی سوهرەوەردی هەروەك د. حوسێن مرووە دەڵێ وا دەردەکەوێ: کە بە هۆشمەندییەکی باشەوە لە بابەتی ئەو جیهانیەتییە گەیشتبوو، کە مێژووی فیکری فەلسەفی بە هەموو شێوە درەوشاوەکانییەوە (فارس، هیند، یۆنان، قوتابخانەی ئەسکەندەرانی) لەسەری بنیاد دەکرێ و، هەموو گۆڕانکارییە سەرسوڕهێنەرەکانی سۆفیگەرایی کە هاتوونەتە ناو (پاش ئەوەی ئەم هزرە پابەندی بیرۆکەی پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خودا هەبوو، هاتنە ناوەوەی نێو کارەکانی لەم پێوەندییەدا ڕەت دەکردەوە، دەبینین پابەندی فرە نێوکاری ئیشراقیی نێوان خوا و ڕووناکی ڕووناکییانە کە جیهانێکە پڕ لە ژیانو بزاڤ، زەوی بە ئاسمانەوە گرێ دەدا و، ئاسمان بە زەوییەوە بەهۆی پەیژەیەکی هەڵکشاوو دابەزیو لە پلەوپایە لە نێوانیاندا عەقڵی گەردوونناسی و دەروونی مرۆیی بەیەکدا دەچن، بەجۆرێ جیهانەکانی ئاسمان دەبن بە مرۆڤ، جیهانەکانی زەوی دەبن بە خوا).

سوهرەوەردی لە ڕووناکی وەك بنەمایەك بۆ بوونی جیهان بە تەواوەتی سەرچاوە دەگرێ کە بە پێی ڕژانی تیشکدانی بۆ ژمارەیەك جیهان لقو پۆپی لێ دەبێتەوە: (٥)

١ - جیهانی پیرۆزترین خواوەندی کە جیهانی پێویستو دەوڵەمەندی و زانینە.

٢ - جیهانی تواناکان کە دابەشی جیهانی ڕووناکییە بە درێژییەکان و، جیهانی ڕووناکییە سەرکەشییە بە پانابییەکانو لەوێیەوە جۆرە زەمینی و گەردوونییەکان دەردەکەون.

٣ - جیهانی ڕووناکییە ئیسفهیدییە گەردوونییەکان (ئیسفهید) سەرکردەی لەشکران، سوهرەوەردی ئەم پەیڤە هەڵدەبژێرێ بۆ دەربڕینی سروشتو وەزیفەکانی ئەم ڕووناکییانە.

٤ - زانستی ڕووناکییە ئیسفهیدییە مرۆییەکانو نامرۆییەکان.

٥ - جیهانی ئایدیای ڕووتی دابڕاو، کە جیهانی تارماییی هەڵواسراوو جیهانی ئایدیای بێ مادەو ئەم جیهانە (ئایدیایە) لە ئایدیایەکانی ئەفلاتوون جیان، دەکرێ تیایا مرۆڤ هەر شتێك کە هەیە لە جیهانی هەستپێکراو لە دەوڵەمەندی و هەمەڕەنگی ببینێ، بەڵام لەبارێکی نەرمونیانی نامتریاڵیدا.

٦ - جیهانی بەرزەخ (ئەو دابڕە یا شتەیە کە نێوان دوو شت دەشارێتەوە)، خۆی دوو جیهانە: جیهانی قۆڵبڕ و تۆڕەکانو جیهانی فاسقو لەشەکان ((ئەم ڕووناکییە لەسەرچاوەی

باڵاوە هەڵدەچیٚ ((ڕووناکی ڕووناکان)) کە سوهرەوەردی بە هەموو ڕووناکییەکان دەوری دەدا [٦]، لەبەر تەوژمی دەرکەوتنی و، تەواوی هەڵهاتنی دەرچوونی نەرمو نیانی تیٚدا. کۆمەڵیٚك خاسییەتی ئەو لاو ئەولان لە زانستی ئاخاوتن بۆ پیٚویستی بوون کە ئەمانەن:

((القیوم)) لەبەر هەڵسانی هەموو لەبەری و ((القدسیة)) چونکە بیٚگەردە لە هەموو سیفەتەکانی کەموکورتی و ((العظمة والعلیة)) کە لەو مەزنترو لەو بەرزتر نییە لەناو هەموو ڕووناکییەکاندا و ((القهر)) خۆی زاڵ بووە، چونکە بەسەر هەموو ئەو ڕووناکییانەی کە لەژیٚر چاوی ئەون لەبەر تەوژمی هەڵهاتنی و هیٚزی درەوشانەوەی زاڵ دەبیٚ و ((الغني)) دەوڵەمەندییەکی ڕەهایە شتیٚکی لە پشتەوە نییە کە پیٚویستی پیٚی هەبیٚ و، بیٚ ئەوەی شتیٚك نییە کە وازی لیٚ بیٚنیٚ و ((الوحدانیة)) ئەوە بەر لەوە گشتی و دوای ئەوە گشتی یەکیٚکەو لیٚی دەردەکەویٚ، خودی خۆی و جگە لەوە پیٚویستە پیٚی و گەرەکییەتی و بوونی خۆی لەو وەردەگریٚ، پلە بە پلە بۆ کۆتایی خوارەوە دادەبەزیٚو هەر پلەیەك لە (فەیز - زۆرو زەبەند) بوونیٚکی نورانییە، بەلاٚم بوونیٚکە کەم دەبیٚتەوە تا نەمانو پلەی تاریکی بوونە (جیهانی لە شان). لەسەر ئەوە دەکریٚ بلیٚین: ئیشراقییەتی سوهرەوەردی دان بە دووانەی ڕووناکی و تاریکی نانیٚ وەك زەردەشتی و مانەوی دەبیٚژن [٧]. چونکە تەنیا یەك بنەمای بوونی لابوو ئەویش ((ڕووناکی)) بوو، بەلاٚم تاریکی تەنیا پلەی دواییە، سوهرەوەردی [٨] لە کتیٚبی ((حکمة الاشراق))دا دەڵیٚ ((بنکەی ئیشراق)) ڕیٚگای ڕووناکی و تاریکییە کە ڕیٚگای حەکیمەکانی فورس بوو بەر لە ((جاماسبو فەرهاد شیٚرو بوزەر جەمهەر)) و بەرلەوان، واتە لە کافرانی ئاگرپەرست یا بە ئیلحادی ((مانی و ئەوەی دەبیٚتە شەریکایەتی بۆ خوای گەورە پەیداکردن، بەڵکو خواپەرست بوون بڕوایان بە خوای گەورە هەبوو. لەسەر ئەوە ڕووناکی لەو ڕووەوە کە بنەمای بوونە لە هەمان کاتیشدا بنەمای حەقیقەتی تەسەووفی ئیشراقییە (کە ئامانجی زانیارییە)، کەوا لە دوو فرمانی (ئیشراقو موشاهەدە... هەڵهاتنو بینین) پیٚك دیٚ، کە لە ڕووی ڕیٚبازەوە جیانو لە ڕووی وەزیفە دووانەکەیان یەکگرتوون، ئیشراق ڕیٚبازیٚکی (دابەزین) هاتنە خوارەوەی هەیەو بینین ڕیٚبازیٚکی (سەرکەوتن) هەڵکشانی هەیە، بەلاٚم هەردووکیان بەشدارن لە پڕۆسەی پەیداکردن لە لایەك و ڕیٚگای زانیاری لە لایەکی دیکەوە ئیٚمە لای سوهرەوەردی دوو زاراوەی تر بەدی دەکەین کە دەربڕی هەردوو فرمانی (ئیشراقو موشاهەدەن) کە (قەهرە) بە واتای هەڵهاتنو خۆشەویستی و (ئەڤین) بە واتای بینینو، چەمکی (قەهر) لای ئەو پڕۆسەی پەیداکردنەو چەمکی ئەڤین - عیشق - پڕۆسەی پەی پیٚ

بردنه ئەو واتە عیشق - ((بزاڤێکە بۆ تەواوکردنی کەماڵی زەینی یان عـەقڵی)) یـان غـەیری هەردووکیانو خوا یان (ڕووناکی ڕووناکـان) یەکـەم دلبـەرە، خـودا بـە عیشـق بـوون بـەرەو هەڵکشان ڕێك دەخاتو بە قەهرە بەرەو دابـەزین ڕێکـی دەخـات. بـوون هـەمووی هـەروەك سوهرەوەردی دەڵێ لە (قەهری) ڕووناکی ڕووناکاندایە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ((ئەسـتێرەکان)) [9] لـە قـەهری دەروونەکانـدان و، دەروونـەکان لـە (قـەهری) ڕووناکییەتی مەعلوومی یەکەمـدان، ئـەوەی دوایـیش لـە ڕووناکییـەتی ڕووناکاندایـە، ئـەم ڕووناکییانە کۆڵەگەی جیهانی ماتریالی و ڕۆحین، بەڵام عەقڵە جیاکراوەکان تـەنیا یەکـەکانی ئەم ڕووناکییانەن خولگەی ئەسـتێرەکان دەجـوولێننو سەرپەرشـتی سیسـتەمەکەی دەکـەن و ڕووناکیی تەواوکار چەند سیفەتێکی ئەزەلی هەیە کە زانستو ژیانو تواناو ئـارەزووو گـوێو چاوو زبانە لێی دانابڕێن ئەگەر لەو کەسانەوەش هاتبێتە خوار کە لـە ڕێگـای ڕاسـت و ڕەوان لایان داوە، بەڵکو لە ناویاندا ون دەبنو بۆ ئەوەی بڕیارەکانی تاریکی سەرەوەربن.

((ليس كمثله شيء وهو السميع البصير))،

الشورى ١١، ((هو الحي)) غافرة ٦٥.

جیهانێکی ڕۆحانی هەیە کە لە دوو سیستەم پێك هاتووە، ستوونی و ئاسۆیی، یەکـەمیان هەندێکی لەهەندێکی تر بە ڕێگای (فەیز) پەیدا دەبێ: لە ڕوونـاکی نـزیکترو عـەقڵی یەکـەم تەنانەت ((خاوەنەکانی جۆرەکانی جیهانی ئایدیالی)) (هەڵواسـراوان) ئەمـەش سـوهرەوەردی ناوی دەنێ جیهانی ((دایکەکان)) دووەمیان هەندێکیان لە هەنـدێکی تـر پەیـدا نـابن لەبـەر هاوتایی یەکەکانی کە کەوتوونەتە تەك (ئاسۆیی) ئەوەش سیستەمی خاوەنەکانی ئەو جۆرانەن کە لە هەریەکێکیان جۆرێکی تایبەت دەردەچێت، دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ یەکێك لە ئەسـتێرە گەردوونییەکان یان بۆ ڕەگـەزێکی زەوی، ئەگـەر ئـەم هەڵوێسـتەی سـوهرەوەردیمان وەرگـرت بەرامبەر ئەو جیهانە ماتریالییەی [11] کە لە ڕاستیدا لەسەر دوو خاڵی سەرەکی دەوەسـتێ. کە: سەرچاوە گرتنە لە دیدێکی گەردوونیی سەرانسەریی وەستاو لەسەر بیرکردنەوەو عیرفان و ڕوودوای عیرفانی و مەعریفی پشت بەستن بە داواکردنی بەڵگەی عەقڵی بۆ بڕیاردانی بنیچـەو بنەماکان، کە ئیشراقییەت لەسەر دەستی سـوهرەوەردی وەك کودەتایـەکی ڕاسـتەقینەیە لـە هـزرو شۆڕشـێکە لەسـەر مەششـائییەکان، لـە کاتێکـدا دەبیـنین کـە مەششـائییەکان لـە دەسکەوتنی مەعریفە داواکردنی بەڵگەی ئەقڵی بەلاوە دەنێنو پشت بە ڕێچکەی عیرفـانی - ئیشراقی دەبەستن، ئیشراقییەت سوودی لە مەشائییەتو عیرفانینە هـەردووکیان وەرگرتـووە.

ئیشــراقییەکان بنــەماکانی داواکردنــی بەڵگــەی لوجیکییــان هەڵنەوەشــاندنەوە و ڕووتیــان نەکردنەوە، بەڵکو پەسندیان کردن وەك بە ئاگاهێنەرێکی عەقڵو مایەی هێز و ڕەفتارییــەکان بە وروو‌ژاندنو هاندانو لاخۆشکردنو پلەی یەکەمی ئیشراقییان کــردە گەیشــتن بــە زانیارییــە گەورەکان کە بە عەقڵی مرۆیی و بە تاسەو وزەیەکی نوێو ئازادییەکی فراوانیان لــە ڕەوشــتو داهێنان بەخشی و، دەبووایە ڕەوتی مەعریفە بەدوای ڕێگای بەرەو پێشڤەچوونو گەشەسەندندا بچوبووایە، بەدوای فەلسەفەی ئیشراقی دەرکەوتنی حیکمەتی لووتبەرزی لای سەر دەفتەری بە خواوەند بوون، فەیلەسووف سەدرەدینی شیرازی ٩٧٩ - ١٠٥٥ك - ١٥٥٤ - ١٦٣٤ز هــات کە لە حیکمەتەکەی نێوان سرووشو داواکردنــی بەڵگــەو هێنانــەوەی بەڵگــەی کــۆکردەوە و، ڕەگەزەکانی مەششائی و ئیشراقی و عیرفانی و ئــاینیی تێکــەڵ بــە یــەکتر کــرد و، دووپــاتی کردەوە کە شەرعو عەقڵ هاوجووتن لە هــەموو مەســەلە حیکمەتییــەکان و یــەکێتی بــوونی ڕاگەیاندنو بە تەنیا تیۆریی بزاڤی گەوهەریی کە مرۆڤایەتی پێی بــاڵا دەبــێو شــتەکان پێــی بەرەو کەماڵ دەچن خستەڕوو. هەرچەندە ئەم تیۆرییە وا خۆی دەنوێنێ وەك بڵێی لــە ناخیــدا تۆی دارونییەتی هەڵگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕیشەیی لێی جیایە. ئەگەر ئەم هەڵوێســتەی ســوهرەوەردی لــە ئاســت ئــەم جیهانــە ماتریالییــە وەربگــرین، واتــە ڕەتکردنــەوەی بوونــە بابەتییەکەی، لە تەك ئــەوەوە. سیســتەمی ئیشــراقی وەربگــرین کــە سیســتەمێکی بــوونی (وجودی) نییە بە تەنیا، بەڵکو هەروەها سیستەمێکی مەعریفیشە. واتە مەعریفــە لەســەر ئیشراقی غەیبی بێ مەعریفەی هەستی و عەقڵی وەستاوە، ئــەوە نــەبێ کــە تیایانــدا ڕێبــازە فەلسەفییە گشتییەکەمان دەبینی کە دەیخاتە ئایدیالییە خودییە ڕاشکاوەکە و، گونجان لەگــەڵ دیدی ئایدیالییەکەی سوهرەوەردی:

وەك د. حوسێن مەروە دەڵێ: بەرەو تیۆریی دیتنی هەستی چوو، کــە تەنانــەت وەزیفــەی ئۆرگانی چاو ملکەچی کاری ئیشراقاتی ڕۆحانی دەکات بە لێکدانەوەی واتای ئەو ڕووناکییەی کە لە پێشەوە دەیبینینو واتای ڕووناکیی ئیشراقی کە ناوی دەنێ ڕووناکیی ڕووت، ڕێگا خۆش دەکات، ئەو یەکەمەی ڕووناکیی خۆرە و ڕەوتی ئەوە دەکاتەوە کە ڕووناکییەکی گەوهەرییــەو بە ڕووکەشی لە قەڵەم دەداتو دووەم کە نایەوێ بە هــیچ جــۆر ئامــاژەی بــۆ بکــات چــونکە ڕووناکییەکی عەقڵیی ڕووتە، ئەگەر ڕووناکیی هەستی کارێکی بەربەست بێ، بە گەوهەرەکەی نا، کەواتە ئــەو گەوهــەرەی ســەر بــە ئــەوەو لــەو دەرچــووە چییە؟ دەبیــنین وەڵامەکــە لای لێکدانەوەی سوهرەوەردییە بۆ پرۆسەی دیتن بەچاو هەروەك مــرۆڤ ڕەفتــاری دەکــات، کەواتــە

چاوی بینەر لای مرۆڤ خۆی شتەکان لە ڕێگای هەڵهاتنی ڕووناکیی عەقڵی ڕووتەوە دەبینێ، لەسەر ئەوە ڕووناکییە ڕووتەکان هەموویان بینەرن‌و چاوەکەیان بۆ زانستەکەیان ناگەڕێتەوە بەڵکو زانستیان بۆ چاوەکەیان دەگەڕێتەوەو هەرچی لە لەشدا هەیە سێبەری ڕووناکییە ((ئیسفهیدەو هەیکەل تەلەسمەکەیەتی و ئیسفهید لە زاراوەی سوهرەوەردیدا دەروونی قسەکەرە (دەروونی مرۆیی) و تەلەسم یا ڕەگەزی ساکاری سروشتییە (خاك، ئاو، هەوا) لەبەر ئەوە خۆی نکۆڵی لە لێکدانەوە مادییە باوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ بینینی بەچاو بۆ لێکدانەوەی مەششائییەکان دەکات کەوا چاو شتێك بەهۆی تیشکدانەوەیەك کە لە شتەکەدا خۆی دەردەچێت بەرەو بیلبیلەی چاو دەبینێ یاخود وەك لێکدانەوەی بیرکارییەرەکان کە دەڵێن چاو دەکەوێتە سەر شتێکی هەستپێکراو تیشکێکی قووچەکیی لێ دەردەچێ. واتە چاو بنکەکەی لەسەر بینراو بڵاو دەبێتەوەو سەرەکەی لە بیلبیلەی چاوە، ئەو نکۆڵی لەم تیۆرانە دەکات بۆ ئەوەی تیۆرە ئیشراقییەکەی لەجێی ئەواندا بەم شێوەی خوارەوە قوت بکاتەوە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان بینەرو بینراو ڕوودەدات، زانستێکی ئامادەیی ئیشراقی دەروون دەرکی پێ دەکات بە بینین‌و زانست‌و ئیشراقی، کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان دەروون‌و بابەتی مەعریفەیەو بینراو لێرەدا، لە دەقی ناوبراودا، ناوی ناوە ((دیتن)) ئەوەش مەرجێکە پەردەیەکی ئاوا نەبێ لەم جۆرە بینینەدا ڕێ بگرێ‌و بەرامبەر [١٢] سەرچاوەکانی ڕووناکی، بەرزە حەزەکان ڕاست دەبنەوە کە بە گشتی لەش‌و ئەوەی دەکرێ ئاماژەی بۆ بکرێ بە ئاماژەکردنی هەستی، بەرزەخ لە خودی خۆیدا تاریکییەکی ڕووتەو دەکرێ لەسەر ئەم ئیعتبارە هەبی تەنانەت ئەگەر ڕووناکیشی پێوە نەهێشترا خۆی بەهێزەو نیشانەی ڕووناکی نییە، بەڵکو دابڕینێکی ڕووتە و، بە پێچەوانەوە ڕووناکی ئەوەیە کە بە خودی خۆیەتی و بۆ خودی خۆی ئامادەیە واتە بە خودی خۆیەتی و دیارە بۆ خۆی و پێویستی پێ نییەو ناتوانێ خودەکەی پەی بەشتێکی زیاد لە خۆی ببات، ئەگینا پەی بە خودی خۆی نەدەبرد بەو سیفەتەی خودێکە دەڵێ: من، منایەتیم، ئەو کات وا پێویست دەکات کە پەیبردن بە منایەتی بە خودی خۆی پەی پێ بردنی بەوەی کە ئەوەو پەی پێ بردنی خودەکەی بەخۆی پەی پێ بردنی غەیر بێ کە ئایدیایەکەیەو مەحاڵە و، لەوەی کە پێشوو باسکرا دەردەکەوێ کە سوهرەوەردی بۆ دەربڕینی ڕێبازەکەی چەند سونبلێکی تایبەتی دروست کردووە لەوەی دەستی کەوتووە لەو زانیارییانەی ئەو کات ڕەخساوە هەڵی هێنجاوە ڕێنمایی ئەو واتایانەیان پێ دەکات کە ناوی ناون ((زانستی ڕووناکییەکان)) دوانەی ڕووناکی و تاریکیی وەرگرتووە بۆ ڕۆحانی ڕەمزی نوڕانیی داناوەو بۆ

مادەی تاریکستانی بۆ عەقڵەکانی گەردوونەکان بە ڕووناکییە ڕووناکبڕەکان بۆ دەروونەکان ڕووناکییە تەگبیرکەرەکانو بۆ لەشەکان بۆ بەرزەخەکانو بۆ خودا بە ڕووناکەکان، ڕووناکیی ڕووناکی بنەمای یەکەمی هەموو بوونەو هەرچی غەیری ئەوە ڕووداوەو شیاوەو بە قەد ئەوەی کۆنەو پێویستەو دەوڵەمەندە پێویستی پێ هەیە. چونکە ئەو ئەگەر لە بووندا کە پێویست بە پێناسەکردنی و ڕاڤەکردنی ناکات ئەوا دیارەو شتێك نییە لە ڕووناکی دیارتربێ‌و شتێکی تر نییە لە پێناسەکردنیدا جێی بگرێتەوە.

بەڵام هەڵوێست لەبارەی پێغەمبەرایەتی و شەریعەتەوە، لە حوسێن مەڕوە ڕا بۆمان دەردەکەوێ ((کە هەڵوێستەکەی تیایدا لەگەڵ هەڵوێستی ئایدلۆژییەتی ئیسلامی ناگونجێ، چونکە ئێمە شوێنی پێغەمبەرایەتی و پێغەمبەران بە ڕوونی لە زنجیرەی نێو کارە ئیشراقییەکانی نێوان خوداو مرۆڤدا نابینین، بەڵکو دەبینین ئەو شوێنە لەگەڵ شوێنی حەکیمان یەکسانە بێ بوونی ئیمتیاز بە شتێك بۆ پێغەمبەران لە هیی حەکیمان ((لەبەر ئەمە سوهرەوەردی لە کتێبەکەی ((حکمة الاشراق))دا پلەکانی حیکمەت بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن دەکات [١٣]:

١ - حەکیمێکی خواوەندی چووەتە ناو بوون بە خوا، توێژینەوەی نییە خۆی وەك زۆربەی پێغەمبەرو پیاوچاکان لە متەسەویفەکانە.

٢ - حەکیمێکی توێژەر بوون بە خوای نییە وەك مەششائییەکانو فارابی و ئیبن سینایە.

٣ - حەکیمێکی خواوەند چووەتە ناو بوون بە خواو توێژینەوە، ئەمەیە حەکیمی ئیشراقی کە نێوان هەردوو حیکمەتی چێژی و توێژینەوەیی کۆدەکاتەوەو وەك سوهرەوەردی، کە حەکیمو پیشە وایە یان کە جەمسەرەو شیاوترە بە حوکمڕانی.

٤ - حەکیمێکی خواوەندی چووەتە ناو بوون بە خوا ناوەنجییە لە توێژینەوەدا.

٥ - حەکیمێکی خواوەندی چووەتە ناو بوون بە خوا لە توێژینەوەدا لاوازە.

٦ - حەکیمێکی خواوەندی چووەتە ناو توێژینەوە ناوەنجییە لە بوونو بە خوا.

٧ - حەکیمێکی خواوەندی چووەتە ناو توێژینەوە لە بوون بەخودا لاوازە.

لەسەر ئەم بنەڕەتە هەردوو ڕۆژهەڵاتناس (فۆن کریمەرو هۆڕتن) ئەوەیان هێناوەتەوە کە لە هۆیەکانی کوشتنی سوهرەوەردی دانانی ڕێبازەکەیەتی لە بازنەی داوای ئیسماعیلییەت کە پێی دەڵێ کوڕەکانی عەلی وێنەکانی درەوشانەوەی خواوەندین کە پشت بە دەقێکی سوهرەوەردی دەبەستێت، تیایدا دەڵێ: جیهان هەرگیز لە حیکمەتو لە کەسێکی کە پێی

هەڵساو، خاڵی نەبووە، چەند بەڵگەو بەیانی بە دەستەوەیە و، دوای ئەوەی پلەکانی حەکیمەکانی پۆلین دەکات دەڵێ: ئەگەر لە کاتدا ڕێککەوت چووە ناو بە خوابوونو توێژینەوە ئەوا سەرۆکایەتی هەیە ئەگەر ڕێك نەکەوت چوونە ناو لە بوون بە خودایە، ناوبجی کە توێژینەوە ئەگەر ڕێك نەکەوت ئەو حەکیمەی چووەتە ناو بە خوا بوون بێ توێژینەوەیە و، خەلیفەی خوایە ((واتە فەرمانڕەوایە)) زەوییەك هەرگیز خاڵی نییە لە چوونە ناو بە خوا، هەر دەبێ خەلافەت شت وەربگرێو ئەم پێشەوایە کە ئەو ڕەوشتانەی تێدایە، شیاوترە بە سەرۆکایەتی، ڕەنگە کاربەدەستێکی بە کردەوە بێت، ئارامییەکە ڕووناکی دەبێ و ڕەنگە شاردراوە بێ کە هەموو متەسەویفە ناوی دەنێن جەمسەر، کەواتە سوهرەوەردی مەسەلەی پێشەوایەتی بە فەلسەفی و مەزەبی باس دەکات نەك بە تایفی هەر بە کوڕەکانی عەلی خوا لێی ڕازی بێ نابەستێتەوە.

لەو تۆمەتانەی کە خرانە پاڵ سوهرەوەردی و بوونە هۆی شەهیدکردنی باوەڕبوونی بوو بە ڕێبازی حەکیمە کۆنەکان، کۆنەکان خەڵکی ڕابردوون، ئەوانی دوای ئەوان خەڵکی ئێستان لە چەمکی ئەو کاتەدا.

سوهرەوەردی ئەوە ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو داکۆکییان لێ دەکات لە کتێبەکەی ((رسالة في اعتقاد الحكماء)) لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێ: ((هۆی نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە کە من دیتم زبانی خەڵك لە کەسانی زانست لە حەکیمانی بوون بە خوا دەدوێنو کفرکردنی بە حەقیان توندبووە، سەرچاوەی ئەوەش گومانی خەڵکە بە حەقیان کە ئەوانە لەو دەهرییانەن ((دەهری ئەو خوانەناسەیە کە دەڵێ جیهان لە ئەزەلەوە هەر هەبووە دروستکاری نییە. وەرگێڕ -)) کە نە دروستکاریە نە پێغەمبەرو نە حەشرو نەشر گەڕانەوەو چارەنووس نە ئازار حەسانەوەی دوای مردن نابێژن، پەنا بردنە بەر خودا لەم قسەیەدا، لەسەر ئەوانو لەسەر خۆشەویستەکانیان خوا بە چاوی خۆی بینینی. داکۆکیکردن بۆ ئەم سێ مەبەستەیە:

١ - نەهێشتنی تێکەڵی و پێکەڵی تێ نەگەیشتن و ڕاڤەکردنی حەقیقەتی باوەڕەکانی ویژدانی حەکیمە کۆنەکانی پێش ئیسلام.

٢ - نزیککردنەوەی ئەم باوەڕە ویژدانییانەی پێش ئیسلامەتی و نێوان باوەڕەکانی ئیسلامەتی.

٣ - ڕەنگە ئەم ڕەگەزە گریکی و فارسییە کۆنەکان کارتێکردنیان لە فەلسەفەکەی هەبێ. ئەم بە داکۆکییەی پێڕەوکردنی ڕاستییەکەی، بنکەکانی پەیڤی ئیشراق دادەنێو، خۆی

ڕایەکانی حەکیمەکانو باوەڕە کۆنەکانەکانیان بە قسەکەی خۆی دەهێنێتەوە:

دەڵێن، لەو باوەڕەدان دەڵێن یەکەم شت کە خوای گەورە دایهێنا عەقڵێکی زیندووی زانابوو وەك پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت فەرمووی ((أول ما خلق الله تعالى العقل)). یەکەم شت کە خوای گەورە دروستی کرد عەقڵ بوو.

- لەو باوەڕەدان کە جیهانەکان سێنە: جیهانی عەقڵەکان کە جیهانی ستەمکارییەو جیهانی دەروونانە کە جیهانی مەلەکووتە (کە ١٩ بە مانای مولکی مەزنو پایە بڵندی و دەسەڵات دێ. شوێنی پیرۆزمەندەکانی ئاسمانە - وەرگێڕ)، و جیهانی پاشا (واتە خوای گەورە کە خاوەن فەرمانو دەسەڵات - وەرگێڕ). جیهانی ئەستێرەکانە.

- لەو باوەڕەدان: پێغەمبەرەکان (سڵاوی خوایان لێ بێت) بە حەق نێردراون بۆ بەرژەوەندیی سیستەمی جیهانی بۆ ئەوەی ئاخیرەتیان بە بیر بهێننەوە و، ئەگەر دەروون ئابڕوومەندو بەهێزبێت پەیوەندیی بە ڕۆحی پیرۆز دەکاتو زانستەکانی لێ وەردەگرێو پیاوچاكو پێغەمبەران ئەم پلەیان دەست دەکەوێ، بەڵام پێغەمبەران فەرمانیان پێ کراوە بە چاکسازیی هەقو جێبەجێکردنی پەیام.

بەڵام پلەکانی (حیکمەت) لای سوهرەوەردی لە زنجیرەیەکی چوارێنیدا ڕێکخراون وەك ئەوانەی خوارەوە [١٤].

١ - مەعلوول لە خودی خۆیدا نواندن (تمپیل) و ئاوێنەیەکی ڕوو لووسە. ئاوێنەش دەسەڵاتی نییە تەنیا لاساییکردنەوە نەبێ لەسەر نمایشکردنی ئەو وێنەی کە لەسەریدا پێچەوانە دەبێتەوە، ئەوەی بیری بچێت کاتێ سەیری ئاوێنە دەکات وا دەزانێ بوونەکەی هیچ وێنەیەکی تێدا نییە، بوونی ئەو وێنەی کە دەیبینێ دەداتە پاڵ بوونی وێنەکە خۆی لە ئاوێنەکەدا بە پێچەوانەوە دەبینن ئەوەی کە دەزانێ ئاوێنە چییە ئەو وێنەی کە دەیبینێ بۆ ئەو کەسەی لە دەرەوەی ئاوێنەکەدا دەگەڕێنێتەوە، کەواتە با بڕوانینە کۆی بوونەوەرە بووەکان کە پێچەوانەکانی بینینن لە ئاوێنەدا، کەماڵەکان بۆ ئەو پێچەوانانەدا دەگەڕێنەوە بەڵکو سەیری هەمووان بکە وەك تاکە ئاوێنەیەك دەگاتە پلەی خەڵکی ((بینین)).

٢ - بە پلەیەکی بەرزتردا تێ دەگەی کە زانیاریت یان پەی پێ بردنت لە کڕۆکەکەت جیا ناکرێتەوە، واتە، ((مەعریفەکەت))، ((خودی بوونەکەتە)) کەواتە بوونت هەموو بابەتەکانی پەیبردنەکەتی تیایە و ((لەوێدا تۆ دەبییە خۆت، لە ئاوێنەکەدا)). لە بوونی خودی لە شتێك ڕامەمێنە غەیری تۆ نەبێ.

٣ - ئێستا: توانای کرۆکی خۆت تێ بگەو پێناسەکەی لەگەڵ خۆیدا تێ بگە کە ((ئەوە ئەوە)) بە خودی خۆی بوونی نییە، مەیکە بە شوێنێك کە لەوێیەوە سەیری شتەکان بکەیت، بەڵکو وا سەیری بکە کە تیشکدانەوەکانی حەزرەتی تاکییەتین‌و تۆش شایەدی لەسەر ئەم تیشکدانەوانە.

٤ - ئیتر... پلەی کۆتاییی ئەو کاتە کۆتاییی دێ کە چاوت لەبارەی کرۆکەکەت هەڵگرت، لە ڕووی ئەوەی ئەمە شوێنی بوونەکانەو شوێنی شتەکان بە ئەوەوە وەستاوە، ئەوا تۆ گەیشتییە پلەیەك مانەوەی (بوونت) لە تواناداد نییە، لە ڕووی ئەوەی ئەو (خود)ەیە کە شتەکانی پێ دەناسرێن، لەوێدا بۆت دەردەکەوێ ((کە تاکە خۆی زانا)) ((خودا)) ی گەورەیە.

دەگەڕێینەوە سەر نامەی سوهرەوەردی کە ناوی ((صفیر سیموغ)) - فیکەی (چریکە) سیمورخ (سیمورخ واتە سێ باڵندە، گوایە باڵندەیەکی یەکجار گەورەیە. خۆی باڵندەیەکی خەیاڵی وەهمییە - وەرگێڕ). ئەوەی کە تیایا هاتووە لە پۆلێنکردنی پلەکانی زاناکان (عارفین) لە نمایشکردنی ئەو پلانە کۆتاییی دێ، تا ئەوانەی دەگەنە ((پایەی کەڵە پێغەمبەرو حەکیمان)) کە کاتێ دەگەنە ئەم پایە پەیڤەکان لە لایەن لەناو دەچن: ئەوو تۆو من لە دەریای لەناو چوونین، لەوێدا فەرمان‌و نەهی کردنەکان دەکەون، واتە ئەرکەکانی شەریعەتییان لێ دا دەکرێنرێت کە فەرمانی یەکلاکەرەوەی لەم مەسەلەیەدا، سوهرەوەردی لە نامەکەیدا بۆ ئەوە دەچێ کە ((پێویست)) ی [١٥] سۆفی خۆ لەبیرکردنی ئەو ڕێکخستنەی لە ئەفلاتوونییەتەوە لە جیهانی ئایدیایەکانەوە وەرگیراوە، بۆ دەردەکەوێ، کە ئەو بیرو بۆچوونەی بیر بچێتەوە، کە تەماوی ئەزموونە سۆفییەکە گەرەکییەتی، ئاماژەی پێ کردووە گوتوویەتی: مادامەکی خەڵك درێغی لە مەعریفەت دەکەن، دوور لە ئامانج مانەوە. ئەم بارە بەشیرکی دەمامککراو لە قەڵەم دەدرێ، نەخێر مرۆڤ ناگاتە کەمال لەو ساتەی تیایا مەعریفەکەی زانیارییەکان دەوڵەمەند دەکات، چونکە ئەوەی ڕازییە بە مەعریفەکەی ڕازیبوونی بەو زانیارییانەی کە دەیانزانێ، هێشتا لە باری ئەو کەسەدایە کە مەبەستەکەی بەرەو هەمان مەعریفە چووە، سوهرەوەردی بۆ گەیشتن بە تەواوی (یەکبوون) ژمارەیەك پلەی ڕێك خستووە کە ئەمانەن:

١ - پلەی ئەوانەی دەڵێن: " لا الە الا اللە " کە پلەی خەڵکی ترە ئەوانەی کە خواوەندییەتی زیاد ناکەن تەنیا بۆ خوا نەبێ.

٢ - ئەو کەسانەی دەڵێن: " لا هو الا هو ". ئەو نییە ئەو نەبێ، لە ((ئەوەکەی)) خواوەندی هەموو جۆرەکانی ئەوەکە ڕەتدەکەنەوە، واتە کەس نییە غەیری خۆی وا

دەخەملێنرێ کە ناوی بنێ ((ئەو)) چونکە هەموو ((ئەو)) یێك لـە ئـەو دەردەچـن‌و لـە ئـەو دادەڕێژرێت

٣ - ئەو کەسانەی دەڵێن: تۆ نی تەنیا تۆ نەبێ، ئەوانەی ئەمە دەبێژن لەوانی پێشـوو بـاڵاترن، چونکە بەڕاناوی نادیارو کەسی سێیەم، ناگەنە خواو نکۆڵی لـە هـەر تۆیـەك دەکـەن کـە دەیـەوێ بەمەوە گەواهی لەسەر خۆی بدات، بەڵام هەر کەسێ ئاخافتن دەکات لـەنێوان خـۆی و نێـوانی ئـەو کەسەی لەگەڵیدا دەئاخڤێ مەودایەك قوت دەبێتەوە، خۆی لەمەدا ((موشـریکە)) چـونکە بـوونی (دووانە) ی دێتە سەرزار، بوونێکی بە کردەوە، لەبەرئەوە ئەم فۆرمەلەی کە یەکبوونەکەی پێ تەواو دەکات ئەوەیە ((لا انا الا انـا)) من نیم تەنیا من نەبم. لێرەدا فەرمانەکان‌و نەهییـەکان دەکـەون‌و هەر ئاماژەیەك ون دەبـێ، سـوهرەوەردی بـۆ ئـەوە چـوو کـە مووسـای پێغەمبـەر بـە دەربـڕینی ئارەزووەکەی لە بینینی ڕاستەوخۆ - بەڕاستی - تەعبیری لە ئارەزووکردنی مـەرگی کـرد ئـەوەش نموونەیەکی تەواوی خۆشەویستیی سووفییە. ئیبن سینا دەڵـێ: ئاوێنەیـەك دەگاتـە پلـەی خـەڵکی دەبینین: ((پێگەی ئـارەزوو لـە ئاخـاوتن لەگـەڵ خـوا دایـە)) ئـەوەش لـە کتێبـە لاهووتییـەکان شاردراوەیەو لە قسە نەستەقەکانی پیتۆلەکان بە تایبەتی لە چیرۆکی (سلامان) و (ابـال) کـە ئـیبن سینای فەیلەسووف لە چیرۆکی (حي بن یقظـان) دای نـاوە. (لێـرەدا دەمـەوێ هەڵەکـەی نووسـەر ڕاست بکەمەوە کـە حـي بـن یقظـان نامەیەکـە ئـەبوبکری کـوڕی توفـەیل داینـاوە، چـیرۆکێکی فەلسەفییە لەبارەی مرۆڤی پێگەیشتوو دوور لە ژیانی کۆمەڵایەتی - وەرگێڕ).

بەڵام لەبارەی داڕشتنی سوهرەوەردی بۆ چەمکەکەی لەبارەی جیهانەوە، جیهان لە پێشەوە وا دیاری دەکات کە (جگە لـە خوایـە)و دەیکاتـە دوو بـەش ((کـۆن‌و نـوێ)) یەکـەم کۆنـە عەقڵـەکان‌و گەردوونـەکان‌و دەروونـەکانی گەردوونـەکان‌و سەرانسـەریەتیی ڕەگـەزەکانی پێداویستییە سەرەتاییەکان واتە کە پابەندن بە ئـەوان بـە زەروورەت لـە بزاڤـی جاویـدانی و زەمان، دووەمیان (نوێ) جگە لەوە واتە شتەکانی مادی دەستنیشان کراون، بەڵام ڕوودانی ئەم بەشەی دووەمی جیهان ڕەها نییـە، بـەڵکو ڕووداوێکـی ڕێژەییـە. واتـە بوونـەکانی بەشـی (مادی) نوێن سەبارەت بە بەشی یەکەمی جیهانەوە، لەبەر ئەوە لەوان ((بەرزترە)) لە پلەکانی پۆلێنکردنی ئیشراقی و واتای ڕوودانە ڕێژییەکەی واتە ئەویش کۆنە بە حوکمی ئـەوەی سـەر بە جیهانی ((بەرزترە)) واتە بە حوکمی ئەوەی سیستەمی ڕووناکییـەکانی ئیشـراقی ئـەزەلی دەیگرێتەوە، مادامەکی فەیزی ئەم ڕووناکییانەن بە ئەزەلی ئەبەدی، هەر شتێك لەم فەیزە کە دەیگاتێ هەرچەند زۆر کزیش بێ، ئەویش ئەزەلی ئەبەدییە حوسێن مەرووە دەبێژێ:

سوهرەوەردی لە هەڵوێستی خۆی پشتگیریی کرد لە ئەزەلییەتی جیهان بە هەڵوێستەکەی لە ئەزەلییەتی بزاڤو زەمانە بەوەوە هەنگاوێکی تر لە ڕێبازی ماتریالی نزیك بووەوە، لێرەدا ئاماژە دەکەن کە بەرەو پێشڤەچوونی (١٦) زانیارییەکانی عەرەب لەبارەی بزووتنەوەی ئەستێرەکانی گەردوونی بزووتنەوەی میکانیکی و جۆرەکانی دیکەی بزووتنەوەکە لە باس‌و خواستی ئاووهەواو دەنگ و ڕووناکی و گەرمایی و هی تریان زانی، نەدەکرا دوور لە دروستبوونی ڕەگەزەکانی دروستبوونی فیکرییەکەی شوێنەوارەکانی لەو وێنەیە بەڕەوشە سۆفییە ئیشراقییەکەی لە واقیعی ماتریالیدا نامۆ بێ.

بەشێوەیەکی پوختە لێرەدا دەکرێ هەڵوێستی سوهرەوەردی بەم شێوەی خوارەوە شی بکرێتەوە..

وێنەی سیستەمە ئیشراقییەکەی لە ڕووی بزاڤەوە بە پێی ئەو وێنەیەی لە دەرکپێکردنە فەلسەفییەکەوە وەری گرتبوو کێشابوو، کە لەبارەی بوونی واقیعی و بزاڤەکەی بوو کە شێوەی ئەو بوونەیە. لەبەر ئەوە بزاڤ کۆڵەگەی سیستەمی ئیشراقی بوو. بوونی نییە بە ئەو بێ‌و بەردەوامیشی نییە بە بەردەوامی ئەو نەبێ نوێبوونەوەی ئیشراقەتەکان بە نوێبوونەوەی بزاڤەکان، نوێبوونەوەی بزاڤەکان، نوێبوونەوەی ئیشراقەتەکان بەردەوام بوو))، بەڵام لە ڕووی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەم سیستەمە، ناکۆکییەکانی ناوەوە لە بنیاتە ئیشراقییە غەیبییەکەی سەرەوەو نێوان بنەماو واقیعییە ماتریالییەکە بە ڕواڵەتێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆوە هاتوون. ئەو ناکۆکییە لەناو کۆمەڵگەدایەو کە ئەنجامی یەکجاریی قەیران بوو لە ناکۆکییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا. پێویستە لێرەوە ئاماژە بەوە بکەم کە سوهرەوەردی ئەو متەسەویفە بوو کە پەیڤ بەرەو هەوارگەکانی ئەڤین‌و ئەفراندن‌و ئەدەبی دەبرد، ((لە چەرخێکدا کە قوتابخانەی ئەلقازیلفازل لە شێوازی دەستکردو ناسروشتی کۆنترۆڵی کردبوو)) ئایا موەشەحێك هەیە بەرزتر بێ لەوەی کە دەستی سوهرەوەردی ڕێستوویەتی و قەریحەکەی پێ بەخشیوە، ئەو موەشەحەی کە زۆرمان لە دڵ خۆش دێ‌و پێی مەست دەبین:

علی العميق اجتمعنا نحن وسود العيون
اظن مجنون ليلى ماجن بعض جنوني
ان مت وجدا عليهم، بادمعي غسلوني
نوحوا علي و قولوا هذا قتيل العيون
ايا عيوني عيوني و يا جفوني جفوني
فيا فؤادي نصبر على الذي فارقوني

واتە:

**لەسەر نقێم کۆبوونەوە چاوڕەشان**

**وابزانم شتێکی لەیلا ئەوەندەی شێت بوونی من شێت نەبوو**

**گەر مردم لە شەیدابوونی وان بە فرمێسکەکانی وان بە فرمێسکەکانم بمشۆن**

**لەسەرم بگرییێنو بلێین ئەمەیە کوژراوی چاڤان**

**ئەی چاڤەکانم چاڤانمو ئەی پێلووەکانم پێلووانم**

**ئەی دڵەکەم ئارام بگرە لەسەر ئەوەی جێیان هێشتم**

((ئایا عیشق لە ئیشراق دەترازێو عیشق عیللەتی ئیشراقەکانی ڕووناکی جووڵانەوەی گەردوونە، سوهرەوەردیش یەکەم فەیلەسووفی ئیشراقییە نامەیەك لە عیشق دادەنێ ((هەروەك شارەزووری ئاماژەی پێ کردووە لە ((نزهة الارواح وروضة الافراح)).. دا و بە هەڵە ناچین ئەگەر بلێین قەسیدەی:

أبدا تحن اليكم الارواح
ووصالكم ريحانها والراح
وقلوب اهل ودادكم تشتاقكم
والى لذيذ لقائكم ترتاح
بالسر ان باحوا تباح دماؤهم
وكذا دماء العاشقين تباح
عودوا بنور الوصل من غسق الدجي
فالهجر ليل والوصال صباح
صافاهم فضفوا له قلوبهم
في نورها المشكاة والمصباح
وتمتعوا فالوقت طاب بقربكم
راق الشراب ودارت الاقداح

واتە:

**هەردەم گیانەکان بە تاسەوەن**
**دیداری ئێوە ڕەیحانو مەی ئەوانن**
**دڵانی یارا خۆشەویستی ئارەزوومەندن**
**بۆ خۆشیی دیدەنیتان دەحەسێنەوە**
**وا بەزەیی بۆ دڵداران کە بە ئەنقەست**
**خۆشەویستییان شاردەوەو حەزکردن ئاشکرای کرد**
**ئەگەر نهێنییان درکاند خوێنیان دەڕێژرێ**
**بەم شێوە خوێنی ئەڤینداران دەڕێژرێ**
**ڕووناکیی دیدار لە تاریكو تنۆکی بگێڕنەوە**
**کۆچکردن شەوەو دیدار بەیانییە**
**خۆشەویستی بۆ نواندنو خۆشەویستییان بۆ نواند**
**دڵەکانیان لە ڕووناکییەکەیدا چرادانو چرانە**
**خۆشی بێنن کات بە نزیکی ئێوە خۆش بووە**
**شەرابەکە ساف بوو پیاڵەکان گێڕدران**

هەیکەلی شیعریی فەلسەفە ئیشراقییەکەی و هەرچۆنێك بێ بەم شیعرە گەشەدا، سوهرەوەردی دڵی خەڵکی داگیر کرد و، شیعرەکانی بەرهەمی داهێنەرانەی ئەڤینە خواوەندییەکەی و فەلسەفە ئیشراقییەکەیەتی کە لێکدانەوەی بوون لەسەر بناغەی ڕووناکی و بنکەکانی بینادەکان، لەو کاتەی کە عیرفان - تەسەووف - لێکدانەوەی بوونی لەسەر بناغەی ناو و ڕەوشت - ڕووکار - دادەمەزران ئەگەر لەسەر واتای دڵ بوەستین لەم قەسیدەیەدا هەروەك سوهرەوەردی باسی کردووە کە ((مەسیح[19] فێری کردووە کە گوتی: کەس نەچووەتە ئاسمان ئەو کەسە نەبێ کە کوڕی مرۆڤەو لە ئاسمان هاتووەتە خوارو کە خۆی لە ئاسمانە (یوحنا - الاصحاح الثالث - الایة ١٣) لە پێغەمبەریشمانەوە لە قورئاندا هاتووە ((ثم في فتدلي فكان قاب قوسين أو أدنى. النجم ٨،٩)) دەتوانین بڵێین ئێمە بەرامبەر کەسایەتییەکی هزریی باڵاین کە زیاتر پێویستی بە لێکۆڵینەوەو تێکۆشان هەیە.

## ژێدەرەکان:

* وشەی ((القتیل))م کرد بە شەهید، چونکە بەڕاستی سوهرەوەردی شەهیدی فیکرەو هەر خۆشی کە فەرمانی کوشتنی بەسەر درا، جۆری کوشتنەکەی هەڵبژارد کە ((لە قەڵاتی حەلەب نانو ئاوی لیٚ ببڕن تا گیانی دەردەچیٚ)). وەرگیٚڕ

١- گۆڤاری ((الثقافة الاسلامية))، لە ((المستشارية الثقافية للجمهورية الاسلامية الايرانية)) لە دیمەشق دەردەچیٚ، ((ژمارە (٦٤) ی ١٩٩٥)) توێژینەوەیەك لە بارەی (السهرودي الحلبي) ئامادەکردنی عەبدولفەتاح قەلعەچی.

٢- حركة التصوف الاسلامي، محمد ياسر شرف، منشورات وزارة الثقافة السورية، ط١ ١٩٨٤، ل ٢١٦ -٢١٧.

٣- ئەوەی سەرەوە (٢١٨ - ٢١٩) لێرەدا ئاماژە بە زەردەشتییەت دەکەین. کە مەزهەبێکی دینییە زەردەشت دا یمەزراند، بەرەبەری سەدەی شەش‌و حەوتی پێش زاین، خۆی پێشەوایەکی ئایینیی فارسییە ((نەخێر پێشەوایەکی ئایینیی کوردییە - وەرگێڕ -)) کتێبە پیرۆزەکەی ئاڤێستا ((یان زەند ئاڤێستا)) (زەند واتاکەی لێکدانەوەیەو ئاڤێستا واتاکەی یاسایە) ((زەند بە واتای گەورەو بەهێزیش دیٚ - وەرگێڕ -)) ((زەردەشتییەت دووانە نییە، بەڵکو نیمچە دووانەیە، چونکە مژدەی سەرکەوتنی یەکجارەکیی ئاهورا دەبەخشیٚ. زەردەشتییەکان ئاگریان پیرۆزە، کە هەیە لەو باوەڕەدایە، کە ئەوانە ئاگرپەرستن. کە ئیسلام وڵاتی فارسی گرت لە ناوەڕاستی سەدەی هەفتەم زەردەشتییەتی نەهێشت، هەرچەندە هەندێك تا ئێستاش لە یەزدو ئێران پەیڕەوی دەکەن، بەڵام ڕواقیەت فەلسەفەیەکی یۆنانییە بەو ناوە ناونرا کە بۆ رواق - تارمە - دەگەڕێتەوە کە قوتابییان لەگەڵ مامۆستاکەیان لیٚ کۆدەبوونەوە، ئەوە ڕێبازێکی فەلسەفییە بۆچوونێکی ئایدیالیی هەیە کە بەندە بە کەم کردنەوەی خۆشی‌و خۆشیی دونیاو کردنی عەقڵ بە ناوبژیکار لە ژیانی مرۆڤو بەوەوە بە پێچەوانەی ئەبیقۆرییە کە لەم ڕووەوە (ویل دیورانت) دەڵیٚ: نەتەوەکان بە رواقی لە دایك دەبن‌و بە ئەبیقۆریش دەمرن.

٤- بڕوانە: النزعات المادية في الفلسفة الاسلامية. ((د. حسين مروة، ج٢، ل ٢٣٨و ٢٣٩ چاپی ١٩٨٥.

٥- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١)، ل ١٧٨.

٦- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٢)، ل ٢٢٤.

٧- مانەویە: سەبارەت بە مانی کە رابەرێکی ئێرانییە لە سەدەی سێیەمی زایینی سەری هەڵدا، ساڵی ٢٤٢ پیغەمبەرایەتیی جاڕداو مەزەبە مانەوییەکەی لە هەموو لایەکی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی و ئاسیا بڵاوبووەوە، بە پلەیەکی زۆر ڕێنماییەکانی کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی بووژییەتو فتووحییەت، ڕێنماییەکانی زەردەشتییەشیان پێوە دیار بوو، تێکۆشانیان کردووە بە بناغەیەك بۆ ململانێی نێوان خێرو شەڕ، ڕێنماییەکانی ڕۆحی بوون، مریدەکانی کە بە هیوای بەختەوەری بوون لە دوای مەرگ نەسرانییەت بە توندی بەرگریی لێ کرد لەبەر ئەوە لە دەوروبەری ٥٠٠ ز. بەسەریدا زاڵ بوو.

٨- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١) ل ١٧٤.

٩- ئەو بیرۆکەیە کە ئەستێرەکان (هەسارەکان) زیندوونەو خاوەن دەروونی قسەکەرن هەروەك تەعبیری لێ کردن، بە گرانی وەردەگیرێن، بەڵام گەیشتنی مرۆڤ بە مانگو گەشتی ئاسمانی لە نۆژەنەوە ئەم بیروباوەڕانەی جووڵاندو بینینی زەوی لە ئاسمانەوە ترووسکەیەکی نوێی بەخشی لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە هەسارەکان وەك گشت ڕەنگە بوونەوەری زیندوو بنو تێبینی کردنی سەقامگیریی هاوچەشنی و هاوچەشنی سەرسوڕهێنەر لەسەر ڕووی هەسارەکانی زەمین، پاڵنەری گرنگیدانی زۆرترو دەرفەتی زانستی بوو کە وای دەبینێ چاکترین شێواز بۆ تێگەیشتنی کیمیایی هەسارەکانو ژینگەو بیولۆجیا سەیرکردنییەتی وەك یەك سیستەمی زیندوو، هاوسەنگی و سەقامگیری نەبوونی هاودژی ناگەیەننو هاودژ لە پێویستییەکانی ناکۆتایی لە قەڵەم دەدرێ ئەگەر ئەو نەبووایە ژیان نەدەبوو، ئەوەی کە شەڕی سەبارەت بە کەسێکە ئەگەر لە ڕێگای سیستەمی گەردوونی سەیر بکرێ، ئەوە خێرە، سەرچاوەی ژمارە (١)، ل ١٨٠.

١٠- سەیری سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٤)، ل ٢٤٦ بکە.

١١ - سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١)، ل ١٧٩و ١٧٣ - ١٧٤.

١٢- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٢)، ل ٢٢٢.

١٣- سەرچاوەی پێشوون ژمارە (١)، ل١٦٤ - ١٦٥ - ١٧٦٥ - ١٧٧.

١٤- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٢)، ل ٢٢٩ - ٢٣٠.

١٥- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٤)، ل ٢٥٣ - ٢٥٤، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە سیمرغ بە فارسی واتای باڵندەیە و ڕەمزێکە لە هەندێ باوەڕی ئاینی بەر لە ئیسلام وەرگیراوە.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە، (٢)، ل ٢٢٩ - ٢٣٠.

١٧- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە، (٤)، ل ٢٥٧و ٢٥٩، سوهرەوەردی دەیگوت: کە بنەمای سووفی ئەوەیە ئەگەر خەڵك لە گەردوون وا دابنێین کە چاو لێ بوون لە کەسێك یان دووکەس بۆ گوتنی کاروباری گەردوونی بە چاو لێ بوونی ڕۆحانی کە ئەو کەسانەی کە کۆڵەگەی حیکمەتو پێغەمبەرایەتی بوون پێی هەڵسان لە قەڵەم نادرێ.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١)، ل ١٧١ - ١٧٢.

١٩- سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٢)، ل ٢٣٤ - ٢٣٥.

# واقیعی سیاسی لە سەردەمی تەلەفزیۆندا

ئۆستن رانی

## وتەیەکی پێویست:

ئەمڕۆ کەناڵی تەلەفزیۆن لە چاو کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندنـدا کـارتێکردنێکی کاریگـەری زۆر گەورە لەم بـوارە گـرنگ‌و زینـدووەدا دەبـینیٚ، بـە تایبـەتی لـە هەڵمـەتی هەڵبـژاردن‌و پڕوپاگەندە کردندا، وێستگەی تەلەفزیۆنەکان بە پێی نەخشـەیەکی داڕێـژراو بـەڕێوە دەچـن و هەموو شت حیسابی خۆی بۆ دەکریٚ‌و تەنیا پڕکردنەوەی ئەو کاتانە نییە کە بـۆ بەرنامـەکان تەرخان کراون، بە قەد ئەوەی چ جۆرە بەرنامەیەك‌و بەچ شێوازێك پێشکێش بکرێن.

ئەم وتارەی کە بە پێویستمان زانی بیکەینە کوردی، یەکێکە لەو وتارە گرنگانەی کە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە زۆر مەسەلەی پێوەندیدار بە میللەتەوە دەبینیٚ، هیواداریـن کە ئەو زانیارییانـەی لەم وتارەدا بڵاوکراونەتەوە سوودێکی باشیان بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان هەبیٚ، بەشێوەیەك کە کەسانی کارامەو لێهاتووو پسپۆڕ لە هەموو لایەکەوە لـەم کەناڵـە زینـدووەی دەنگ و ڕەنگـدا کاربکـەن‌و عـەقڵێکی شارسـتانی و ژیـاری ڕۆڵـی ڕاگەیانـدنی نەتـەوەیی و نیشتمانی ببینن، کە تەلەفزیۆن تەنیا نەبێتە ئـامێری کـات ڕابـواردن، بـە قـەد ئـەوەی کـە ڕێنماییکردنی خەڵك‌و هۆشـیارکردنەوە و ڕۆشـنبیرکردنی، لـە پێشـەوەی ئەرکـەکانی ڕەچـاو دەکات.

لە هاوینی ١٩٨١دا کوڕەکەی خۆم‌و برادەرەکەی، کە هەردووکیان لە تەمەنی پانزەساڵیدا بوون لەگەڵ خۆمدا بـۆ مۆزەخانـەی فڕۆکـەوانی و بۆشـایی لـە مەڵبەنـدی سیمشـۆنیان کـە گەشتکاران لە واشنتۆنی پایتەختدا دڵکێش دەکات، برد، زۆر شـتی مێـژووییمان بـینی، لـە

ناویاندا (ماشێنەی فڕۆکە) کە برایانی رایت یەکەمین هـەڵفڕینی مرۆییـیـان بـەهێزی ئـامێری پیادەکرد و، فڕۆکەی (سانت لویس) کە بـە هۆیـەوە (شـارلس لینـد بـرج) بـە تـەنیا بەسـەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا پەڕییەوە و، کەشتیی ڕێنمـایی ئۆپۆڵـۆ (کـە ئەرمسـترونغ و دریـشو کولنزی بۆ سەر مانگ هەڵگرتو گەڕاندنییەوە سەر زەوی).

دوای گەشتەکە، لە هەردوو منداڵەکەم پرسی کام دیمەن لە پێشانگەکەدا زیاتر وروژێنـەر بووە لایان، بێ سڵەمینەوە وەڵامیان دایەوە (ئەنتەر پرایـز [illegible]) واتـە نموونـەی کەشتی پانتاییی خەیاڵی کە لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی کە نیشاندانەکەی درێـژەی کێشـا (سـتار تریك) یاخود (گەشتی ئەستێران) کە لە پڕ وەڵامەکەیانم گوێ لێ بـوو بـە نارەزاییـیـەوە گـوتم (بەڵام ئێوە زۆر فڕۆکەو کەشتیی ڕاستەقینەی ناوداری هەواییتان بینی، ئـەوەی ئێـوە دەیڵـێن نموونەی دیکۆرێکی شانۆییە بۆ نیشاندانێکی تەلـەفزیۆنی ئامـادە کـراوە) کەچـی کوڕەکـەم ڕوونی کردەوە گوتی: (باوکە سەیرکە، ئـەو شـتانەی دیمـان لـە تەلەفزیۆنیشـدا بینیبوومـان، لەوەتەی بچووکبووین زنجیرەی (ستارتریك)مان بەردەوام بینیوە و، ئەنتەر پرایـز سـەبارەت بـە ئێمە وەك هەموو شتەکانی دیکە لە مۆزەخانەدا وروژێنەرترە، شتێکی حەقیقییە.

ئەم قسەیە دەمەقاڵەکەی کۆتایی پێ هێنا لەنێوانماندا، بەڵام وای لێ کردم کە بکەومە ژێر ڕامان (حەقیقی) و (ناحەقیقی) لە جیهانێکدا کە زۆربەی منداڵانی ئەمریکی لە تەمەنی سێ مانگییەوە تەلەفزیۆن دەبینن، چییە و، کە کاتی تەواوکردنی خوێنـدنی دواناوەنـدییان بەسـەر بردووە، کەچی کەمتر ۰۰۰, ۱۲ سەعاتیان لەبـەردەم جـەنابی مامۆسـتادا بەسـەر بـردووە، جیهانێك کە زۆربەی ئەمریکییە هەراشەکان لە هەر شتێکی تردا لـە سـەیرکردنی تەلـەفزیۆن کات بەسەردەبەن کارو خەوتنی لێ دەرکەیت.

بەڵام بایەخە پیشەییەکانم هەر زوو ڕامانەکانمیان کردە ئەو وتووێژە دیاریکراوی واقیع کـە (سیاسەت) ی پێ دەڵێین، دەستم کرد بە بیرکردنەوە لەوەی بووە بابەتی مەڵبەندی ئـەم بەشـە: واتە واقیعی سیاسی لە هەشتاکاندا چییە و، چۆن خـەڵك دەتـوانن ڕێ بگرنەبـەرو هـەروەها؟ جیاوازی لەنێوان ئەو ڕێگایەی دەیگرنەبەر و ڕێچکەی ئەمەریکی لە سیاسەتدا چییە؟

ئاخاوتنە پوختە و (دۆڕاو)ە کەم لەگەڵ کوڕەکەمدا چـیرۆکێکی وروژێنـەری لـە واقیعـی سیاسی لە چەرخی تەلەفزیۆندا بیرخستمەوە بۆ یەکەم جار لە خوێندنەوەی ژیاننامەی (لینـدۆن جۆنسۆن)دا.

چیرۆکەکە وەك ژمارەیەك لە مێژوونووسان گێڕایانەوە. بەم شێوەیە بوو:

سەرەتای ١٩٦٨ و، دوای پێنج ساڵ لە زۆربوونی بەردەوام لە ترنجاندنی هێزەکانی ئەمەریکاو چەکی ئەمەریکی لە شەڕی ڤێتنام، سەرۆك (جۆنسۆن) هێشتا دەستی بە سیاسەتێکەوە گرتووە کە دەڵێ شەڕ ڕەنگەو دەبێ بیبەیتەوە، کەچی باشترین تەعلیق لێدەری ئەمەریکی کارمەند لە تۆڕی سی بی اس، کرۆنکایت لە لای جۆنسۆن، زۆر بە گومان بوو لە لێشاوی بەیانە ڕەسمییەکان لە واشنتۆنو سایغۆن گوایە ئێمە بەرەو بردنەوەی شەڕ دەچین، لەبەرئەوە کرۆنکایت بڕیاری دا کە بۆ خۆی بچێتە ڤێتنام، بۆ ئەوەی مەسەلەکان بە چاوی خۆی ببینێو کە گەڕایەوە ڕاپۆرتێکی تایبەتی نەتەوەییی خوێندەوە (جۆنسۆن) کێ بوو لە شاهیدەکانی. کرونکایت باسی کرد کە شەڕ چووەتە تەنگژەیەکی خوێناوییەوەو ئەگەری سەرکەوتنی سەربازی لە ئارادا نییە، ڕاپۆرتەکەی ئاوا کۆتایی پێ هێنا: (ئاشکرایە بە شێوەیەکی زیاتری ئەم پەیامنێرە تاکە ڕێگای ماقووڵ بۆ دەرچوون.. دانوستاندنە، نەك وەك سەرکەوتوو، بەڵکو وەك میللەتێکی شەڕەفمەندو وەفاداری بەڵێنەکەی بە داکۆکیکردن لە دیموکراتییەتو ئەوپەڕی تەقەلادان کە بتوانێ).

لە کاتی گوێ لێبوونی شەهادەتی کرۆنکایتدا سەرۆك ئاوڕی لە یاریدەدەرەکانی دایەوە و گوتی: (هەموو شتێك کۆتایی هات) جۆنسۆن زۆر باوەڕی بە ڕاوەرگرتنی گشتی هەبووو لە ڕاوەرگرتنی نوێدا زانیی کە گەلی ئەمەریکی بڕوای بە والتەرو کرونکایت زیاتر لە هەر ئەمریکییەکی دیکە هەیە لە (گوتنی ڕاستی) و جگە لەوە جۆنسۆن خۆی حەزی لە کرۆنکایت دەکردو لە هەر شەخسێکی تر زیاتر لە کارمەندانی بواری ڕاگەیاندن ڕێزی لێ دەنا، پۆل مویزر، یاریدەدەری جۆنسۆن لە دواییدا وەسفی ڕەوشەکەی کرد کە گوتی: هەموو کات دەمانزانی، کە کرونکایت دەسەڵاتی بەسەر گەلی ئەمریکی زیاتر لە هەموو کەسێکی تر هەیە، غەریزەی جۆنسۆن پێی دەگوت کرۆنکایت ڕاستگۆ بوو بەم شێوە ئەگەر کرۆنکایت وا زەن بکات کە شەڕ مایەی ئومێد نییە، گەلی ئەمەریکیش هەر لەو باوەڕەدا دەبێ، ئەو حەلە تاکە کار کە مابێتەوە کوژاندنەوەی خۆڵەمێشەکەیەتی بەرەبەرە. دوای چەند حەفتەیەکی کەم لە بڵاوکردنەوەی ئەوەی کرونکایت جۆنسۆن، لە بەیانێکی بەناوبانگی ئێزگەدا جاڕی دا کەوا بڕیاری کۆتایی پێ هێنانی کاری بوردمانکردنی ئاسمانی و دەریایی لە زۆربەی ڤێتنام دا و، بۆ ماوەیەکی تری سەرۆکایەتی کۆماری خۆی ناپاڵێوێ. هەروەك دێڤید هەڵبستام نووسیی ئەوە یەکەمین جار بوو لە مێژوودا کە تیایا قوتبێکی ڕاگەیاندن کۆتایی شەڕ جاڕ بدات. ئەمەش بە هەموو تەئکیدەوە زیادەڕۆیی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی والتەر کرۆنکایت، جگە لە

دەسەڵاتی کارك کلیفۆڕ، دوو ڕاوێژکاری تر کە سەرۆك باوەڕی پــێ دەکــردن، کــە هانیــان دەدا ژیلەمۆی شەڕ بکوژێنێتەوە، ڕەنگە تای تەرازووەکەی باڵا کردبێ، کەواتــە، وەك دەردەکــەوێ، کە ئەو شەڕە لیندون جۆنسۆن دەیبینی ئەو شەڕە نەبوو کە والتەر کرۆنکایت دەیبینی، کامیان شەڕی ڕاستەقینە بوون؟ وەڵامی ئەوە نازانم، بەڵام لە ئەنجامدا سەرنجی قوتبــی ڕاگەیانــدن لــە واقیعدا بووە سەرنجی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان.

ئەگەر مەسەلەکە ئاوابێ، شــتێکی گونجــاوە وەك دیــارە، ئــەم پرســیارە بکــەین: واقیعــی سیاسی لە هەشتاکاندا چییەو لە کوێوە دێ؟

## واقیعی سیاسی.. چییە؟

## نەخشەی زانیارییەکانی سیاسی:

ڕەفتاری سیاسی، وەك هەر ڕەفتارێکی مرۆیی تر، ڕێنمایی دەکاتو دایدەڕێژی ئەوەی کــە هەندێ توێژەر ناوی دەنێن (نەخشەکانی زانیاری)، زاراوەکە، وەك توێژەرەکان بەکاری دەهێنن، ئاماژە بەو فیکرە سیاسییانە دەکات کــە لــە لای گەلــدا دروســت بــوون لــەبارەی حەقیقــەتی جیهانی سیاسەت، ئەوە ئیعتیقادەکانی لەمەڕ هەنــدێ مەســەلە دەگرێتــەوە وەك چ کەســان و ڕێکخراو بە کردەوە حوکمــەت بــەڕێوە دەبــەن و، چ پاڵێــان دەنــێ بــۆ هەڵبــژاردنی سیاســیی دیاریکراو و ڕەتکردنەوەی هیتر و، ئەگەر ئەوانە پاكو کارامــەن، یــا پڕوپووچــنو بــە ڕێگــای ناشــارەزایانە کاردەکــەن و، کــارتێکردنی خــەڵکی ئاســایی لەســەر ئــەوان چــییە، ئەگــەر کارتێکردنێك هەبێ، هەروەها نەخشەکانی زانیاریی سیاسیی بیروباوەڕی شەخســییان لــەبارەی مەسەلە تایبەتمەند و ڕاستەوخۆتر کە پێیان دەڵێن کێشەکان ژحسژژذ یان تێدایە. بۆ نموونە ئایا بەڕاستی کەمووکوڕییەکی جیهانی لە نەوتدا هەیە، وەك ریچارد نیکسۆنو جیمی کارتــەر بە ئێمەیان دەگوت. یاخود مەسەلەکە تەنیا فرتوفێڵە کە کۆمپانییــە گــەورەکانی نــەوت بــۆ بەرزکردنەوەی نرخ کردوویانە و، ئایا بەڕاستی یــەکێتیی ســۆڤیەت لــە پێنــاو کــۆنترۆڵکردنی جیهانو دامەزراندنی شیوعییەت لە هەموو شوێنێکدا کاری بۆ دەکرد، یاخود تــەنیا هــەوڵی دەدا کە سیستەمەکەی خۆی دژی هێرشەکانی دوژمنانی سەرمایەداری بپارێزێ؟ ئایا زۆربــەی خەڵك ئەوانەی لەسەرماڵو موڵکی باربۆ دەژین خەڵکی پاکنو حەز لە کارکردن دەکەن، بەڵام بێ دەسەڵاتن، نەك لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکیان تێدایە، بۆ دۆزینــەوەی دەرفــەتی کارێــك بــۆ خۆیان، یاخود خەڵکی قۆڵبڕو تەمبەڵنو ژینی کیفایەتی خۆیــان پــێ باشــترە لــە بێکــاری لــە

جیاتی ژیانێکی باشتر بە کارکردن؟ هەموومان وەڵامی ئەم پرسیارانەو ئـەو پرسـیارانەی لـەم شێوەن بە دەستمانەوەیە، ئەگەر هەموویان وەك یەك وەربگیرێن ئەوا واقیعی سیاسی پێك دێنن کە ئەو چوارچێوەیە دەڕەخسێنێ کە لەناو ئەودا سیاسییانە هەڵسوکەوت دەکـەین، بـەڵام لـە کوێندەر وەڵامەکانمان دەست دەکەوێ؟

**بەرامبەر تەلەفزیۆن:**

لەکوێ وەڵامەکانمان دەست دەکەوێ پرسیارێکی مەڵبەندییە بـۆ تێگەیشـتنی سیاسـەت و لەوەتەی کاتێکی دوورودرێـژە لێکۆڵـەرە کۆمەڵایەتییـەکانو لـەبارەی دەنووسـن و، ئـەدەبی توێژینەوە کە گوتوومەتەوە لەم مەسەلەیەدا دوای دەرچوونم لە زانکـۆو دەسـتپێکردنی کـاری مامۆستایەتیم لە کۆلیج، زۆربەیانم لە چلەکانو سەرەتاکانی پەنجاکان نووسیبوو، ئەوە کاتێـك بوو ڕۆژنامە و ڕادیۆو هۆکارەکانی پێوەندیی جەماوەری بڵاوتر بوون، لە کاتێکدا بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆنی هێشتا لە سەردەمی منداڵییەتیدا بوو، ئەو ئەدەبە بە گشتی دەرەنجـامی ئـەوەبوو کە هۆکارەکـانی پێوەنـدیی لای زۆربـەی خـەڵك بەشـێوەیەکی ڕێـژەیی کـارتێکردنی لەسـەر نەخشەکانی زانیاری سست بوو، ئەو نەخشانە بوو کە لـە بنچـینەدا بەرهـەمی دوو پڕۆسـەی کۆمەڵایەتیی تر بوون.

یەك لە دوو پڕۆسەی پێی دەگوترا بەشداریی کۆمەڵایـەتیی سیاسـی ( **ذچخحرت ذچحخسخذرڊ ررخسچپ** ) و لەو ڕەوتەی ڕووداوەکان پێك دێ کـە خـەڵك لـە سـەرەتای منداڵییـەتی زووەوە تـا هەرزەیی و هەراشی لە ڕێگای ئەوەوە زۆربەی بیروباوەڕی سیاسی بنچینەییانو ئەو ئارەزووانـەی بە درێژایی ژیانیان وازیان لـێ نـەهێناوە دەسـت دەکـەوێ، ئـەو لێکۆڵینـەوە زووانـە دەڵـێن گرنگترین فاکتەری بەشداریی کۆمەڵایەتی سیاسی باوكو خـزمو قوتابخانـەو کڵێسـاو تـاقمی هاوشێوەنو هەموویان لە خەڵکانێ پێك هاتوون کـە تاکەکـەس لـە ڕووی سیاسـییەوە پـێش دەکەوێ پێوەندیی ڕاستەوخۆو دووپاتبووەوە لە گەڵیاندا دەبەستێ.

بەڵام پڕۆسەی سێیەم پێی دەگوترا - تەوژمی پێوەندیکردن - بە دوو قۆناغ و لەو باوەڕەدا بوون کە لە چوارچێوەیەکی فراوان هۆکاری سەرەکییە کە زۆربەی خەڵك پشتیان پێ بەست بـۆ دەسکەوتنی زانیاری و ئارەزووی سیاسی کە خەڵك لە تەمەنی هەراشبووندا وەریان گرتبوو.

دەگوترا ئەم پڕۆسەیە بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێ:

لە قۆناغی یەکەمدا تاقمی بچووکی ئەمەریکیی هـەراش ئەوانـەی بایـەخێکی بـاش بـە

سیاسەت دەدەن، ڕادەیەکی زۆریان دەست دەکەوێ، لەو تەوژمــە گەورەیــەی ڕووداوو بــیروڕای سیاسی کە هۆکارەکانی پێوەندیی جەماوەری کە لە بنچینەدا لە ڕۆژنامەو ئێزگەکانی ڕادیــۆو گۆڤارو فیلمەکانی سینەمایی و کتێب هــاتبوون، لــەوەش زیــاتر بڵاوکردنــەوەی تەلــەفزیۆنی هێشتا لە سەردەمی منداڵییەتی بوو، ئەو ئەدەبە بەگشتی دەرەنجــامی ئــەوەبوو کــە زۆربــەی ئەوانەی بایەخ بە سیاسەت دەدەن، ئەوەی کــە پێشکێشــیان کرابــوو لــە لایــەن هۆکارەکــانی جەماوەرییەوە بە ڕێگایــەکی هەڵبــژاردە لــە کاریــان کردبــوو، واتــە ئــەوان تــەنیا نووســەرو کارمەندانی ئێزگە دەخوێننەوەو گوێ دەگرن کە لەگەڵ بیروباوەڕ و ئارەزووی سیاسییان کــۆکن و، لە قۆناغی دووەمدا، کەمینەی بایەخدەر بە سیاســەتو شــارەزای کاروبارەکانیــان دەســت دەکەن بە دەمەقاڵێی سیاسی لەگەڵ ئەندامەکانی خێزانــەکانیانو برادەرەکانیــان لــە کــاراداو چونکە ئەو کەمینە بایەخدەری بە سیاسەتو شارەزا زۆریان زانیوەو زیاتر بایەخی بە سیاسەت داوە لە بایەخدانی هیی تر، تــا ڕادەیــەکی زۆر کــەس لەوانــەی گــوێ بــە سیاســەت نــادەنو ئاگادارنین دەگرنــە ئەســتۆ. لێــرەدا نــاونران بــە (ســەرکردەکانی را) بــڕواش وابــوو کــە لــە چوارچێوەیەکی فراواندا کە خۆیان سەرچاوەی سەرەکی زۆربــەی بیروبــاوەڕی هەراشــەکان بــوون لەمەڕ واقیعی سیاسی و، ئــەوان لــەوەی کــە کۆتــایی هــاتنی فاکتــەرەکانی بەشــداریکردنی کۆمەڵایەتیی سیاسی دێ دەست پێ دەکەن.

کیفایەتی ئەم دوو تیۆرە لەو ماوەی کە تیایا خرانە ڕوو هــەر چــۆنێ بــێ، بــەڵام زۆربــەی توێژەران ئەمڕۆ لەو باوەڕەدان کە هەردووکیان کۆن بوون لە ئەنجامی گرنگترین پێشکەوتن لــە کۆمەڵگەی ئەمەریکی لەوەتەی کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی، داهاتنی چەرخی تەلەفزیۆن و بەر لەوەی کارتێکردنی تەلەفزیۆن بەو ڕێگایەی کە ئەمەریکییەکان پێی ئاگــاداری سیاســەت بن، دیراسەتی بکەن. با بە کورتی چۆن چەرخی تەلەفزیۆن داکەوت تا چ مەودایــەك گەیشــت نمایش بکەین.

### داکەوتنی چەرخی تەلەفزیۆنو مەودایەکەی:

هەرچەندە کە تەلەفزیۆن لە بڵاوکردنەوەیدا پشت بــە تیشــکی ئــەلکترۆنی دەبەســتێ، لــە بیستەکاندا پێش خراو پەخشی ئاساییی تەلەفزیۆنی ســاڵی ١٩٤١ لــە وڵاتــە یــەکگرتووەکان دەستی پێ کرد، تا پەنجاکان نەبووە هۆکــارێکی ڕاســتەقینەی جــەماوەری، بــەڵام کــە هــات، هاتنەکەی لە پڕ بوو، ساڵی ١٩٤٧ لە ٠،١٪ کەمتر ماڵە ئەمەریکییــەکان ئــامێری پێشــوازیی

تەلەفزیۆنیان هەبوو. زۆر ناوچە هەبوون پێشوازیکردنی هەر ئاماژەیەکی تەلەفزیۆنیان هەر تێدا نەبوو، ساڵی ١٩٥٠ ڕێژەی ئەو ماڵانەی ئامێری تەلەفزیۆنیان تێدا بوو گەیشتە ٩٪ لەو پێنج ساڵەی بە دوای داهات بۆ ٦٥٪ بازی داو هەر کە ساڵی ١٩٦٠هات ڕێژەکە ٨٧٪ زیاتر بووو ساڵی ١٩٧٠ ڕێژەکە گەیشتە ٩٥٪ و لە هەشتاکاندا لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا پارچەیەك نەبوو پەخشی تەلەفزیۆن نەیگرتبێتەوە، نزیکەی لە ٩٨٪ی ماڵە ئەمریکییەکان بە کەمی تەلەفزیۆنێکیان تێدایەو نیوەیان دوو تەلەفزیۆن یا زیاتریان هەیە، لە ڕاستیدا ئێستا ئەمریکا ئەوەندەی تەلەفزیۆن تێدایە زیاتر لە تەلەفۆنو گەرماوو ئاودەسخانە.

بەڵام چەند لەو ئامێرە تەلەفزیۆنانە ئیشیان پێ دەکرێو کێ هەیە چاودێرییان بکات؟ وەڵام بۆ ئەو دوو پرسیارە زۆرە، مەسەلەکە پشت بەمانای چییە (چاودێری) دەبەستێو لە پلەکانی (نیلسن)و پێوانەکانی بینەرانی تر وەردەگیرێ، ئامێری خێزانی ئاسایی زۆربەی ساڵ زیاتر لە شەش سەعات بە ڕۆژو زیاتر لە حەوت سەعات ڕۆژانە لە مانگە ساردەکانی زستاندا کاردەکات، بەڵام پێویستە پەلە بکەم درێژە بە قسەکەم بدەمو بڵێم ئەمە مانای ئەوە نییە کە زۆربەی ئەمەریکییەکان دەمێننەوە نزیکەی بێ پچڕانەوە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن کە ئیش ناکەن یاخود ناخەون. (ئیدۆن دیامۆند) ڕووداوێك باس دەکات کە وا دەکات مێشکی هەر مرۆیەك بحەسێتەوە کە دەترسێ مەسەلەکە ئاوابێ.

(شەوی یەکشەممەی ٧ی شوباتی ١٩٧١پچڕانی وزەی کارەبا لای ڕۆژهەڵات (مانهاتن) ی بۆ ماوەیەکی کاتی کارکردن داینەمۆیەکی بینایەی ئیمپایر ستیتسی کە لە لای هەموو ئێزگەکانی تۆڕی تەلەفزیۆنی نیۆیورکی ڤۆڵتیەی زۆر بەرز بەکار دەهێنران، ڕاگرت. بەڵام لە شوێنەکانی تردا لە ناوچەی نیۆیورك وزەی کارەبای وەك ئاسایی خۆی مایەوە، مەسەلەکە ئەوەی دەگەیاند کە ئامێرەکانی تەلەفزیۆن کاریان هەر دەکرد، هەرچەندە بە شاشەی سپی و بێ دەنگ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێی پێوەرەکانی نیلسن سەبارەت بە بینەرانەوە، نزیکەی نیو ملیۆن ئەمریکی بەردەوام بوون لە سەیرکردنی شاشە سپییەکان، هەر نەبێ تەلەفزیۆنەکانیان بە کراوەیی بەجێ هێشت.

ژمارەیەك لە لێکۆڵینەوەکان ئەو ڕاستییەیان دووپات کردەوە کە دەڵێ ئەمریکییەکان تەلەفزیۆنەکانیان بە کراوەیی بەجێ دێڵن (کەس نازانێ چ ڕەحەتییەكو دڵنیاییەك لەوەدا هەیە)، تەنانەت کە سەیریشی ناکەن. بۆ نموونە: هەندێ توێژەر چەند کامیرەیان کە زەڕەبینی گۆشە فراوانیان پێوە بوو لەسەر تەلەفزیۆن دانا کە هی چەند خێزانێك بوون بەشێوەیەکی لە

خۆڕا هەڵیان بژاردبوو وێنەی هەر شتێك لە بەرامبەر تەلەفزیۆنەکاندا هەبوو گرت، بۆیان دەرکەوت کە نزیکەی پێنج یەکی کاتەکە ئەوانەی لە ژوور دانیشتوون سەیری تەلەفزیۆن ناکەن، لێکۆڵینەوەیەك باسی کرد کە منداڵەکان دەخۆنو دەخۆنەوەو جلوبەرگ لەبەر دەکەنو دادەکەنن و یاری دەکەن و (شەڕەشەق دەکەن) لە بەرامبەر تەلەفزیۆندا و، هەراشەکان دەخۆنو دەخۆنەوەو دەخەون و یاری دەکەنو دەمەقاڵێ دەکەنو شەڕەشەق دەکەنو جاروباریش دڵداری دەکەن.. لە بەرامبەر تەلەفزیۆندا.

کەواتە وادیارە سەیرکردنی تەلەفزیۆن جۆرێکی تایبەتییە لە چالاکی، هەروەك (دیڤید لیتل جۆن) وەسفی دەکات.

سروشتی خودی ئامێرە تەلەفزیۆنەکانمانو ئەو شوێنانەی لێی دادەنرێن، بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ سەیرکردن وەدەنگەوە هاتنێکی پرشو بڵاوو کەم سەرنجدان دەسەپێنن. تەلەفزیۆن لاپەڕەیەکی چاپکراوی ڕوون نییە بۆ سەرنجدانی بە تەنیایی و نە شانۆیەکی زیندوو بە شاشەیەکی دڵکیش نییە لە هۆڵێکی گشتیی نمایشکردندا. پارچە کەلوپەلێکی بچووکە لە ژووری دانیشتن (یاخود لە خواردنگە یان لە ژووری خەوتن) و کە ئەمڕۆ سەیری دەکات هەموو شتەکانی تر لە ژوورە نیوە ڕووناکەکەدا دەبینی و وێنەی شتەکان لە دەوری چەند یاردەیەکەوە دەگرێ. بە گشتی کاڵەو لە چەند خاڵو هێڵ پێکهاتووە کە خاڵی نین لە تەمومژی مایەی سەرئێشە. یا خۆڵەمێشیش یاخود لە ڕەنگی (نیۆن) دەکەن، هەرگیز لە پیتی چاپکراو یا فیلم یاخود واقیع ناکەن، وەرگرتنی لە پۆل یا کتێبخانە یا لە شوێنی گردبوونەوەی گشتی نابێ، بەڵکو لە ژووری تایبەتی دانیشتن دەبێ و، بە ئاسایی بەو سیفەتەی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتیی ماڵەوە لەو جۆرەیە کە مرۆڤ لەوپەڕی حەسانەوەو خاوبوونەوە پێشوازیی لێ دەکات، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و (سەیرکردنی تەلەفزیۆن) لەم وڵاتەدا، لە پاش لێ بوونەوەی ئیشی ڕۆژانەو کاتێ توانای خوێندنەوە یادەرچوونت لە ماڵەوە نییە دەبێ، ئەوە درێژبوونەوەی ئەلیکترۆنی سۆڵی ماڵەوەو دار جگەرەیە.. کە شتێکە چەنەبازی لە دەوروبەری دەبێو چنین لە نزیکی و خواردنو خواردنەوەش لە تەنیشتی.

ئەمە هەموو ڕاستە و ڕاستکردنەوەیەکی پێویستی وێنەی ترسناك لەبارەی ئەمەریکی نموونەیی پێشکێش دەکات کە لەناو قەنەفەکەیدا سیحراویانە لە بەرامبەر تەلەفزیۆن نقوم دەبێ، ڕۆژانە پێنج سەعات یا شەش سەعات، سەیری هەر نامەیەکی ئەلیکترۆنی دەکات هەر لە جاڕنامەی بازرگانییەوە لە مەڕ ئەو کارەساتانەی بۆنی پیس لادەبەن تا دەگاتە خوتبەکانی

سەرۆك كۆمار، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیە دەرەنجامی ئـەوە بکـەین کـە سـەیرکردنی تەلـەفزیۆن دەورێکی هـیچ لـە ژیـانو بیروبـاوەڕی زۆربـەی ئەمەریکییـەکان دەبـینێ، هـەروەك (جـۆرج کۆمستوك) ئاماژەی بۆ دەکات، کە دیارترین بەشداریکردنەکانی تەلەفزیۆن سەبارەت بە ژیانی ئەمەریکییەوە، سەرفکردنی ئەو کاتەیە ئەگەر ئەوە نەبێ بە ڕێگایەکی جیـا سـەرف دەکـرێ. تەلەفزیۆن لە جموجۆڵی تر کاتەکەت لێ وەردەگرێ کـە سروشـتی هەڵبژاردنـەکانی تـر نییـە، هەروەها لە ئارادابوونیان تەلەفزیۆن ڕەنگی خۆی خستووەتە سەر ژیـانی ڕۆژانـە لـە مـاڵێکی ئاساییدا. بایەخـدان بـە هۆیـەلی پێوەندییـە جەماوەرییـەکان کـە هۆیـەکی بـۆ تەلـەفزیۆن دەگەڕێتەوە، یەك لە خاسیەتەکانی ژیانی جیاکەرەوەی نیوەی ئەم سەدەیە دەنوێنێ، هەڵەیە کە دەرەنجامی ئەوە بکرێ مادامەکی تەلەفزیۆن بە زۆری وەك نمایشێکی شـانۆیی مامەڵـەتی لـە گەڵدا ناکرێ، کەواتە لەو ژیانەی کە خەڵك دەژی لە دەوروبەریدا دابڕاوە، چـونکە گـەورەترین ژمارەی ئەو سەعاتانەی کە تەلەفزیۆن هەموو ڕۆژێ لە ماڵی ئاسایی بە کراوەیی دەمێنێتەوە، دەیکاتە ئەو چوارچێوەی کە تیایا کارلێکی مرۆیی ڕوودەدات.

## تەلەفزیۆن لەو ڕووەی کە سەرچاوەی زانیاریی سیاسییە جمهوری بێ ئاگا:

تێبینییەکەی لۆمستۆك بە شێوەیەکی تایبـەت بـە مـاقووڵی خـۆی دەنـوێنێ، وەك لـەو بڕوایەدان، کە سەیری گرنگیی تەلەفزیۆن دەکەی لەوەی کە سەرچاوەی بـاری سـەرنجی خەڵکـە لەبارەی واقیعی سیاسی و بۆ ئەوەی ئەم تێبینییە لـە ڕوانگەیـەکی گونجـاو دابنـرێ، گـرنگ ئەوەیە کە هەندێ پێوەندییان بە ڕەوتەوە (ژسعچۀ ذچسسشحس،،أ) هەیە بەبیر خۆمـان بینینەوە، هەرچەندە هەندێ ڕەخنەگر لە هەوڵی ئەوە دابن بە چاوێکی کەم بڕواننە ئـەو ڕێگـا ڕووکەشەی کە تەلەفزیۆن لە ڕاستیدا بایەخێکی گەورەتر بە سیاسەت دەدات، لەوە زیـاتر کـە زۆربەی سەیرکەران هەست دەکەن کە پێویستییان پێـێ هەیـە یـاخود گەرەکیانـە و، هەنـدێ چاودێر تێبینی دەکەن کە تەلەفزیۆن باسی سیاسەت دەکات تا ناوەڕاستی پەنجاکان لە سنووری ژێرەوەیدا مایەوە، بەڵام بەشێوەیەکی تێبینیکراو لە کۆتاییەکانی پەنجاکاندا وەك ڕێچکەیەك بـۆ نوێکردنەوەی وێنەی تۆڕە تەلەفزیۆنییەکان بەو سـیفەتەی خزمـەتکاری (بەرژەوەنـدیی گشـتی و حەسانەوەی جمهوورو پێویستین) زیادی کرد، کە ئەو وێنەیە زۆری زەرەر کرد بەوەی کە ئەو خرانە ڕووەو پێشتر ڕێکخراو ناپاکانەی ئەزموون بە ناوونیشانی (بیست پرسیار) (پرسـیاری ٦٤. ٠٠٠ دۆلاری) بە دیارخسـت، دەرکـەوت کـە پەخشـی زیـاتری بەرنامـەکانی کاروبـاری سیاسـی بـە

فراوانکردنی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی نیشتمانی و ڕێنماییکردنی بایەخێکی زۆرتر بە سیاسەت لەو ئێزگانەدا ڕێگایەکی باشە بۆ گەڕاندنەوەی ڕەزامەندیی ڕەخنەگرانو لە دواییدا لیژنەی پێوەندییە یەکێتییەکان (ᗩᗩᖬ) (بەرپرس لە ئیزگەکان) کەچی ئەنجامەکە باسکردنی سیاسەت بوو بۆ زۆربەی بینەران زیاتر لەوەی دەیانەوێ کە بەڕاستی بیزانن. هەروەك مێشێل شۆدسن تەعلیقی لەسەر لێ دا: (ڕۆژنامەنووسان، لە هەندێ لایەنەوە چاودێری ژیانی سیاسین و، بە قەد ئەوەی ئەم قسەیە ڕاستە، ڕۆژنامەنووسی گۆڤارە نیشتمانییە هەفتانەییەکانو زۆربەی ڕۆژنامە زۆر بڵاوەکانو دەنگوباسەکانی تۆڕەکانی تەلەفزیۆن، جیهان پێچەوانە ناکەنەوە، بەڵکو جیهانێك بینا دەکەن کە دونیای سیاسەت شوێنێکی زاڵبوونی تیایا دەکاتەوە.

لە ڕاستیدا سیاسەت سەبارەت بە زۆربەی ئەمەریکییەکانەوە، هێشتا دوورە لەوەی کە گرنگترین شت بێ لە ژیاندا کە پێوەی خەریك بن، سیاسەت لە دیدی ئەوانەوە بە ئاسایی مەسەلەیەکی سەرسوڕهێنەرو مایەی بێزاری و دووپات بوونەوەیە، خۆی بەر لە هەموو شتێ، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بەو شتانەوە کە لە ژیانیاندا بەڕاستی هی ئەوانە پچڕاوە، وەك دۆستایەتی پەیداکردنو هاوسەر پەیداکردن و، دەسکەوتنی ئیشو پەروەردەکردنی منداڵ و ڕابواردنی کاتی خۆش، لە ئەنجامی ئەوەدا زۆربەی ئەمەریکییەکان تەقەلا نادەن لە خوێندنەوەی هەموو چیرۆکەکان و سەروتارو ستوونەکانو تەعلیقاتە سیاسییەکان کە ڕۆژانە ڕۆژنامە سیاسییەکان بڵاویان دەکەنەوە، لێ ڕاهاتوونە کە بە پەلە چاوێك بە ناونیشانە دیارەکاندا بخشێنن و ڕەنگە خوێندنەوەی بڕگەیەکی سەرەکی یا دوو بڕگە بخوێننەوە دوای ئەوە خێرا بۆ لاپەڕەکانی وەرزشو لاپەڕەکانی کات بەسەربردنو گاڵتەوگەپ بگوازنەوە، بەڵام ئەگەر هەر دەبێ تەقەلایەکی گەورە بدەن بۆ زیاتر دەسکەوتنی زانیاریی سیاسی یاخود زانیاریی باشتر، زۆربەی ئەمەریکییەکان بەم جۆرە خۆیان ماندوو ناکەن. چونکە هەروەك هەندێ کۆمەڵناس دەڵێن تێچوونی دەرفەتەکە زیاتر لەوەی کە پێویستە.

دیتنی تەلەفزیۆن، لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە وەك بینیمان، چالاکییەکی سلبییە پێویست بە ماندووبوون ناکات، ئەوان تەلەفزیۆنەکە دەکەنەوەو بە کراوەیی بە جێی دەهێڵن، ڕاستە ئەوان کاتێکی زۆر لە بەرامبەر شاشەدا بەسەردەبەن، بەڵام بە تەئکید، هەموو دەقیقەیەك تەماشای ناکەنو هەموو نامەیەك کە بە تەواوی پەخش دەکرێ وەرناگرن. لێکۆڵینەوەکانی بینەران دەریانخست کە زۆربەی سەیرکەران کەمتر لە کاتی خۆیان کە لە بینینی دەنگوباسی تەلەفزیۆنو بەرنامەکانی کاروباری گشتی سەرف دەکەن نابەخشن،. بەم شێوە بە تەواوەتی

ڕاستە، هەروەك تۆماس باترسۆن تێبینیی کرد، زۆربەی خەڵك کە زانیارییە سیاسییەکان بڵاودەکرێنەوە ئەوە دەکەن کە کاتی سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد، بە پێچەوانەی ئەو خەڵکەی سیاسەت لە ڕۆژنامەو کتێبو گۆڤاراندا دەخوێننەوە، ئەوان زانیارییان دەست ناکەوێ، چونکە چالاکانە هەوڵ دەدەن دەستیان بکەوێت.

لێرەدا، ئەو جمهوورەی زانیارییەکان و ڕایە سیاسییەکان لە تەلەفزیۆنە وەردەگرن، بە پێی تەعبیری گونجاوی (میشێل ڕۆبسۆن) کە زۆربەیان (جمهووری بێ ئاگا)ن بوونیان لە بەرامبەر تەلەفزیۆندا بە ڕێکەوت کاتی بڵاوکردنەوەی چیرۆك یاخود جاڕنامەی سیاسی بوو، بە لایانەوە زەحمەت بوو کە هەستن تەلەفزیۆنەکە داخەن سەیرکەرە نموونەییەکان لە کار دەگەڕێنەوە ماڵەوە، تەلەفزیۆن دەکەنەوەو گوێیان لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباس دەبێ بۆ تەئکیدکردنەوەی حاڵەتی کەشو بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی تیپە وەرزشییە پێ باشەکانیان بزانن‌و دوای هەواڵەکانی ناوخۆ، هەواڵی نیشتمانی دێن، تەلەفزیۆن بە کراوەیی جێ دێڵن‌و کەچی چاوەڕوانی خۆراك دەکەن یاخود خەریکی خواردنن.

لەگەڵ ئەوەش سلبیەتی سەیرکردن لای زۆربەی خەڵك یاریدەی ئەوە دەدات کە تەلەفزیۆن ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییە سیاسییەکان و، کە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی ناوخۆو نیشتمان تێکەڵ بە هەندێ چیرۆکی سیاسی دەبێ لەگەڵ غەیری خۆیاندا، وەك لێڕاهاتوونە بیکەن، بینەری سلبی و زۆر غەیرە سیاسی لەناو جمهووری بێ ئاگا زەحمەتی گۆڕینی کەناڵەکان ناکێشن، واز لە تەلەفزیۆن هێنان بۆخۆی تەقەلای کەمترە، هەرچەندە کە مادەی بنچینەیی لە ماوەی دەقیقەیەك یا دوو دەقیقەدا کۆتایی دێت‌و بۆ ئەوەی مادەی وروژێنتری بایەخدانیان بە دواوە بێ و، بەم شێوەیە بینەران لە هەندێ زانیاریی سیاسی دەگەن، تەنانەت کە هەوڵیشی بۆ نادەن، بەڵام متمانەیان بەو زانیارییانەی بەڕێکەوت بە هەموو ئەم سلبییەتەوە وەرگرت چەندە؟

## متمانەکردن بە دەنگوباسەکانی تەلەفزیۆن:

لە سەرەتای شەستەکانەوە ژمارەیەك لە لێکۆڵینەوەکانی ڕای گشتی بەردەوام نیشانیان دا کە نزیکەی دوو لەسەر سێی گەلی ئەمەریکی دەڵێن کە سەرچاوەی سەرەکییان تەلەفزیۆنەو ڕۆژنامە بە پلەی دووەم دێ بە مەودایەکی دوورترو جگە لەوە ئەو خەڵکەی متمانە بەوەی لە تەلەفزیۆندا بڵاودەکرێتەوە دەهێنن زیاتر لە دوو هەندی ئەوانەی باوەڕیان بەوەی لە ڕۆژنامە و

یا له ڕادیۆ، یا له گۆڤاردا بڵاودەکرێتەوە هەیە، زانیارییەکان له خشتەی ۱: ۱ له ڕاوەرگرتنی ڕۆبەر پۆیل (ذخرز ژمحرت) ەوە گوێزراوەتـەوە (چـەند لێکۆڵینەوەیـەکی تـر گەیشـتنە چـەند ڕاستییەکی هاوشێوە).

لەبەر ڕووناکیی ئەو ڕاستییەی کە دەڵێ (دەسکەوتنی هەواڵ لـە تەلـەفزیۆن ئاسـانترە لـە دەسکەوتنی لە ڕۆژنامەدا، ژمارەکان له نیوەی یەکەمی خشتەی ۱: ۱ وا دەرناکـەوێ مایـەی سەرسوڕمان بێت، بەڵام حەقیقەتی ئەوەی کە ژمارەیەکی چەند جارەی خەڵك باوەڕی بە وردیی تەلەفزیۆن هەیە بە بەراوردکردنی لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا وامان لێ دەکـات کـە بپرسـین بۆچـی؟ وەڵامی تەواوی ئەم پرسیارە نازانم، بەڵام لێم گەڕێن پێشنیازی هەنـدێ بەشـەکانی وەڵامەکـە بکەم، بەشی یەکەم لەو ڕاستییەوە دێ کە چەند گۆڕانکارییەك کاردەکەنە سـەر توانـای هـەر پێوەندییـەك بـە ئیقنـاعکردن، یـەك لـە گۆڕانکارییـەکان نـاوەڕۆکی پێوەندییـە، ئایـا وەك پڕوپاگەندەیەکی تیژی یەك لایەنی، یاخود وەك ڕایـەکی مـاقووڵو هاوسـەنگ دێ و؟ گـۆڕانی دوایی سروشتی جمهووری بینەرانە - ئایا ئێمە لە بنچینەدا قەناعەتی ڕەگداکوتاویان لـەبارەی مەسەلەکە هەیە، یاخۆ ئێمە چ لە بارەیەوە نازانین یاخود بەشێوەیەکی کـەم نـەبی گـوێی پـێ نادەین و؟ گۆڕانی سێیەم ئەوەیە نامەکە چەندی لە ئێمە دەوێ، ئایا گەرەکیـەتی ئێمـە شـتێ بکەین کە بارگرانییەك نەبێ بەسەرمانەوە وەك خەرجکردنی پارەو پوولمان یاخود دەرچوون بـۆ دەنگدان، یاخود چی گەرەك نییە ئەوە نەبێ کە ڕایەکمان هەبێ لەجیاتی دی بێ ئەوەی لەسەر کورسییەکانماندا بجووڵێین؟

خشتەی ١ : ١ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دەنگوباس
١٩٦٤ - ١٩٧٨و باوەڕ پێ هێنانیان

حەزدەکەم لێت بپرسم بە ئاسایی لە کوێ زۆربەی هەواڵەکانت دەست دەکەوێ ئەوەی لە جیهانی ئەمڕۆدا لە ئارادایە (ڕێگا بە وەڵامێك زیاتر دەدرێ)

| سەرچاوەی زۆربەی هەواڵەکان | ١٩٦٤٪ | ١٩٦٨٪ | ١٩٧٢٪ | ١٩٧٦٪ | ١٩٧٨٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | ٥٨ | ٥٩ | ٩٤ | ٩٤ | ٩٧ |
| ڕۆژنامەکان | ٥٦ | ٤٩ | ٥٠ | ٤٩ | ٤٩ |
| ڕادیۆ | ٢٦ | ٢٥ | ٢١ | ١٩ | ٢٠ |
| گۆڤارەکان | ٨ | ٧ | ٦ | ٧ | ٥ |
| ئەوانەی دی | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ |
| نازانم | ٣ | ٣ | ١ | - | - |

ئەگەر ڕاپۆرتێکی لێکجیات لەبارەی هەمان هەواڵ لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو گۆڤارو ڕۆژنامەکان دەست کەوت، کام لەم چوارە گێڕانەوە لاریت زیاترە بۆ بەڕاست دانانی؟

(ڕێگا تەنیا بە یەك وەڵام دەدرێ)

| راستگۆیی | ١٩٦٤ ٪ | ١٩٦٨ ٪ | ١٩٧ ٢٪ | ١٩٧ ٦٪ | ١٩٧ ٨٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | ٤١ | ٤٤ | ٤٨ | ٥١ | ٤٧ |
| رۆژنامەکان | ٢٢ | ٢١ | ٢١ | ٢٢ | ٢٣ |
| رادیۆ | ٨ | ٨ | ٨ | ٧ | ٩ |
| گۆڤارەکان | ١٠ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٩ |
| نازانم | ١٨ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٩ |

**سەرچاوە:** چەند پێوانێك ڕێکخراوی ڕۆبەر مەکتەبی زانیارییەکانی تەلەفزیۆن لە ڕای گشتی ئاب/ئەیلوولی **١٩٧٩**ئەنجامی داوە.

هەڵبەت گۆڕانێکی گرنگی تر، شەخسی هەواڵ گەیەنەر زیاتر قەناعەتی پێ بێنین ئەگەر گەیەنەرمان خۆش بوێ یاخود باوەڕی پێ بکەین بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوەی خۆشمان ناوێ یاخود بڕوای پێ ناکەین.

پێویستە لەسەرمان لەبیرمان بێ کە هەموو گەیەنەرەکان هەر نامەکانیان بە ئێمە ناگەیەننو چیتر بەڵکو هەروەها خۆیان، هەروەها تەلەفزیۆن نامەکانیان لە گەیەنەران دەوڵەمەندتر دەگەیەنێ لەوەی هۆکارەکانی تری پێوەندیی جەماوەری دەیکات. ئێمە وتەکان لە ڕۆژنامە یا کتێب یا گۆڤارەکاندا دەخوێنینەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی زەحمەتە هەستێکی ڕوون لە جۆری ئەو شەخسە وتەکانی نووسیوە، دەست بکەوێ، هەروەك پۆل ویڤەر ئاماژەی بۆ کرد: (هەواڵەکانی ڕۆژنامە بە دەنگێکی زۆر دوور لە شەخسانییەتەکەوە دێ، ئەمەش مانای ئەوەیە بەشێوەیەکی جزئی، هەواڵدەری ڕۆژنامەنووسی، لە کاتی نووسینی گێڕانەوە ڕۆژنامەییەکە یا ڕاپۆرتەکەی، هەرگیز دارشتەی قسەکەر بەکار ناهێنێ، بەڵام مەسەلەکە لەوە تێپەڕ دەبێ، چیرۆکی هەواڵدەری بە زمانێکی زۆر لاوازو لە قاڵبدراو کە بووەتە یەکگرتووی هەموو نووسینە هەواڵدەرییە نوێیەکان دادەڕێژێ، ئەمەش بە دەوری خۆیدا هەموو هۆگرییەك یاخود

خۆشەویستییەك بەرامبەر پێناسەی هەواڵدەرو هۆشیارییەکەی لەناو دەبات)

بۆ یەکەمین جار ڕەنگە مرۆ وا زەن بکات کە نەبرەی نا کەسایەتیی گێڕانەوەی ڕۆژنامە وامان لێ دەکات کە زیاتر لە گێڕانەوەی تەلەفزیۆنی زیاتر شەخسی باوەڕی پێ بکەین، بەڵام ڕەنگە هەستکردنمان کە ئێمە سەرچاوەی مرۆییی وتەکان لەسەر لاپەڕەداو، لە ئاکامدا ناتوانین باوەڕی پێ بکەین سەبارەت بە زۆربەمانەوە سەنگێکی زیاتر هەبێ.

بەڵام لە ڕادیۆدا ئێمە گوێمان لە دەنگو وتەکانیش دەبێ، بەڵام دەنگی بەرجەستە نەکراو بە تەواوەتی جیایە لەو دەنگانەی لە ڕووو لەشی ئەوانەی دەیانبینین دەردەچنو، شیاوی وەبیر هێنانەوەیە لەم ڕووەوە کە لە یەکەمین دەمەقاڵێدا لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەنێوان (جۆن کەنەدی) و (ڕیچارد نیکسۆن)دا ساڵی ١٩٦٠زۆربەی ئەوانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بینییان لەو باوەڕەدابوون کە کەنەدی سەرکەوت، کەچی زۆربەی ئەوانەی گوێیان لێ بوو لە ڕێگای ڕادیۆوە کە نیکسۆن دەرچوو. لەبەر ئەوەی بینەرانی تەلەفزیۆن ژمارەیان لە گوێگرانی ڕادیۆ پتر بوو، کەنەدی لە چوارچێوەیەکی فراواندا بەسەرکەوتوو ی ی تەواو لە قەڵەم دراو زۆربەی لێکۆڵەران لەو باوەڕەدابوون بە کەنەدی و نیکسۆنیشەوە خودی خۆیان، کە سەرکەوتنی کەنەدی لە دەمەقاڵێی یەکەمدا لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنیدا بە جیاوازییەکی کەم لە تشرینی دووەمدا یەکلاییکەرەوە بوو.

ئاشکرایە کە شتێکی زۆر جیاوازی بۆ ئەم دەستەیە دەگەڕێتەوە کە هەردوو پاڵێوراو پێی دەرکەوتن، تۆڕی سی بی اس بەرپرس بوو لە ڕێکخستنە هونەرییەکان، سەرۆکی هەرە پێشووی تۆڕی سی بی اس - تەلەفزیۆنی، (سیغ میکلسۆن) وەسفی ئەوە دەکات کە لە کاتی دەمەقاڵێ و دواییدا، ڕووی دا.

هەر زوو سی بی اس کەوتە حاڵەتی داکۆکیکردن لە دوای ئەو تۆمەتانەی کە لایەنەکەی نیکسۆن ئاراستەیان کرد ئەویش ئەوەبوو کە دەستەی فەرمانبەرانی نیکسۆن لەبارەی ژینگەو چۆنییەتی ڕووناکی و باگگراوندی شانۆ زانیاریی تەواویان وەرنەگرت و، گیروگرفت لەبارەی ڕووناکی هەبوو، ڕۆژنامەنووسانو نووسەرانی ستوونەکان ئیحای ئەوەیان بۆ هاتبوو کە پیاوانی مکیاج لە سی بی ئێس دیمەنی جێگری سەرۆکیان شێواندبوو، بەشێوەیەك دەرکەوت کزو لێو بە بارو خەمۆکە لەزۆربەی ماوەی دەمەقاڵەکەدا، لە کاتێکا کەنەدی بە ڕوویەکی گەشەوە دەرکەوت و ڕەنگە بەهۆی ئەو ماوەیە بێ کە بەر لە هەڵمەتەکە کە لە (کیب کود) لە فلۆریدا بەسەری برد.. جێگری سەرۆك تازە لە خەستەخانە دەرچووبوو کە لەبەر تووشبوونی نەخۆشییەك

چارەسەر کرابووو سروشتییە کە بەرامبەر ملۆزمە ڕووگەشەکەی ڕەنگ زەرد دەرکەوێ.

لە پاشان دەرکەوت کە جۆرێکی خراپی مکیاجی ئاسان بەکارهێنان لەگەڵ جێگری سەرۆك لە لایەن یەکێ لە دەستەی فەرمانبەرەکانی بەکارهاتبوو، ئەمە ناکۆکی نێوان هەردوو پاڵێوراو لە ڕووی دیمەنەوە زیاد کرد. هەر زووش دەرکەوت کە ڕووناکیی زیاد کە هاوسەنگییەکەی تێکدا کە لە ستۆدیۆدا بە بایەخدان پیادە کرابوو لەو ڕووناکییە بە شەوقانە بوو کە لە لایەن ڕاوێژکارەکانی لە تەلەفزیۆندا داندرابوون، هەروەها ئەو جلە تەنکەی لەبەرکردبوو بە هەڵە داندرا. ئەم هەڵەیە لە بەشێکیدا لە خراپ لێکدانەوەی وەسفی ڕەنگی خۆڵەمێشیی شانۆیەکەوە سەری هەڵدا.

بەکورتی بەشێکی گرنگیی لە هەر گەیاندنێك سەبارەت بە زۆر مافەوە، لە وتەی ئەو کەسەدا خۆی نانوێنێ کە کارەکەی گەیاندنەو چیتر نا، بەڵکو لە باری سەرنجمان لەبارەی ئەو بوونەوەرە مرۆییە دایە، نێر بێ یا مێ، ئەم زانیارییانەش بە ڕوونییەکی زیاتر لە ڕێگای کۆکردنەوەی قسەو دەنگو وێنە لە تەلەفزیۆندا دەگەیەنرێن، بە ئەندازەی ئەو دەنگە کە لە ڕادیۆدا ڕووی دیار نییە، یاخود قسەکانی ڕۆژنامە کە بێ ڕووو بێ دەنگن، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لەبەرچی زۆربەی ئەمریکییەکان دەنگوباسی سیاسی لە تەلەفزیۆنەوە زیاتر لە کار دەکەن لەوەی لە ڕۆژنامەوە لە کاری دەکەنو لەبەرچی پشت بە وردیی ئەوەی لەسەر شاشە دەبینن دەبەستن، زیاترە لەوەی لە ڕۆژنامەدا دەیخوێننەوە، بەهەرحاڵ بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی تەلەفزیۆنی و بەرنامەکانی کاری گشتی گومانی تێدا نییە سەرچاوەی سەرەکی واقیعی سیاسی لای زۆربەی ئەمریکییەکان پێك دێنن.

بەڵام ئاخۆ بوونی شتێك بە سەرچاوەی واقیعی سیاسی مانای ئەوەیە کە تەلەفزیۆن تەنیا وێنەی ئەو واقیعەی دەیبینێ بە دەستپاکییەکی زیاتر یاخود کەمتر دەیگرێ - یاخود تەلەفزیۆن بە واتایەك لە واتایەکان واقیع دەخولقێنێ وەك چۆن وێنەی دەگری، یاخود لەجیاتی وێنەگرتنی؟ ئێستا ئاوڕ لەم پرسیارە گرانانە دەدەینەوە.

## واقیعی بە تەلەفزیۆنکراو و " واقیعی ڕاستەقینە "

لە چیرۆکێکی ئەفلاتوونەوە کە مەغزایەکی ئاکاری لەبارەی سێبەر لە ئەشکەوتدا بەرەو لەغزی ئەو درەختەی کە لە دەرەوەی مەودای گوێ لێ بوون لە دارستانەکەدا، گیروگرفتێك بوو ئەگەر بەڕاستی واقیعێکی لە ئارادای دەرەوەی هەستپێکردنە سنووردارو کەموکوڕییەکان

هەبێ کە هێشتا یەکێکە لە زۆرترین گیروگرفتە بەردەوامەکانو گرانەکان لە تیـۆری زانیاریـدا (ڕەنگە دارشتەی گونجاوی ئەو پۆلانە بێ کە لۆجیك ئێستاکە دەخوێنن کە: ئەگەر درەختێك لە دارستاندا بکەوێ بەڵام ڕووداوەکە بە ڤیدیۆ وێنەی نەگیرێ یاخود بڵاوبکرێتەوە لە هەواڵەکانی شەودا ئایا دەکرێ بە ڕاستی ڕووی دابێ؟.

چەند دارشتەیەك بۆ ئەم پرسیارە هەیە، بەڵام ئەو دارشتانەی پێوەندییان بە ئێمـەوە هەیـە لێرەدا دەکرێ بەم شێوەیە دای برێژین: (یا بەڕاستی ئەوەی لە سیاسەتدا ڕوودەدات) واقیعێکی ڕاستەقینەی سەربەخۆی تەواوی هەیە، ڕەنگە بە تەواوەتی جیابێ لەو وێنەیەی کـە بەهۆیـەوە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو سیاسەتمەداران‌و زانا سیاسییەکان وێنـەی دەگـرن؟ ئەگـەر مەسـەلەکە ئاوابێ ئایا ئێمە دەتوانین ئەو واقیعە ڕاستەقینەیە بەشێوەیەکی تەواو بزانین بەجۆرێ بتوانین کە بە وردی ئەو بپێوین ئەوانەی وەسفی دەکەن‌و لەم کارەیاندا ڕاڤە دەکەن چـەند بـاش بـوون یـا خراپ بوون؟

زۆربەی خەڵك‌و بە تەئکیدەوە زۆربەی زانایانی سیاسەت منیش لەوان زیاتر خۆشـحاڵ دەبم بە وەڵامی (بەڵێ) لەسەر هەردوو پرسیاردا، ئەگەرچی زۆر لە فەیلەسووفەکان ئەوانەی بە ئێمە دەڵێن هیچ واقیعێك نییە جگە لەوەی بوونـەوەری مرۆڤـەکان ڕووبـەڕووی هەڵـە دەبنـەوە لـە هاوتای ئێمە و، ئەوەی لە مێشکماندا دەیگێڕین‌و لێی دەدوێین.

ئایـا (ئاوێنەیـەکی کارەباییـە)، بـەڵام ئەمـە ئاوێنیـەکی ترسـناکە، پەلـە دەکـەم کـە تێبینییەکی گرنگی پشت بەستوو بە ئەزموون دەربڕم، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی کارمەندان لە دەنگوباسەکانی تەلەفزیۆن لەو باوەڕەدان کە جیهانێکی سیاسیی ڕاستەقینەی لە ئارادابوو بـە خودی خۆی هەیەو ئەوان هەواڵەکان چۆنن دەیانگوازنەوە، ئەوان لـە خۆیانـەوە دای نـاهێنن‌و نایشێوێنن، هەروەك نووسەری سیاسیی هەواڵەکانی ان بی سی (وان کـۆنراد) ڕوونـی کـردەوە (کە هەوڵەکانی لە باری سرنجی پیاوی هەواڵەکان، ئـەوەن کـە ڕوو دەدەن، هەواڵـەکان ئـەوەن ئەوەی کە شەخسێك دەیڵێ‌و دەیکا، هەواڵ‌و بۆچوونی هەواڵدەر یا لێکدانەوەی ئەوە نییـە کـە ڕوو دەدات، بە ساکاری ئەوەیە ڕوو دەدات.

زۆربەی هەواڵدەرانی تەلەفزیۆن قایلن بـەوە، ئـەوان زۆرجـار دەڵـێن ئـەوان ئاوێنەیـەکیان هەڵگرتووە کە ڕووبەڕووی جیهانی سیاسی بەڕاستی دەبێتـەوە، بـەجۆرێ بینـەرانیان دەتـوانن ئەوەی ڕوودەدات ببینن. ئەگەر مەسەلەکە ئاوابێ بێزاری دەربڕین دژی هەوڵەکانی تەلەفزیۆن کە چیرۆکی ناخۆش لەبارەی شەڕی ڤێتنام بڵاودەکاتـەوە، یـاخود کووکـەی وتـەرغێت یـاخود

خەرجییە ئەگەرەکانی چاککردنی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە داوونەریتەکانی گرێکەکان دەکات کە بەندە بە کوشتنی ئەو پەیامنێرانەی دەنگوباسی ناخۆش دەگەیەنن، بەڵام ئایا مەسەلەکە ئاوایە؟

ئەو نیشانانەی کە بینیم دەلالەت لەوە دەکەن کە زۆربەی هەرە زۆری کارمەندانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەلەفزیۆنی ئەوپەڕی تەقەلا دەدەن بۆ وێنەگرتنی واقیعی سیاسی وەك خۆی هەوڵ نادەن دەنگوباس بشێوێنن لەپێناو سەرخستنی کێشەی هەر حزبێکی سیاسی یا پاڵێوراو یا بیروباوەڕ یا سیاسەت.

ئەم خاڵە واتە ئەوانەی کە کارمەندی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی تەلەفزیۆنن، وەك خەڵکی تری خاوەن ئەو پیشانەی کارامەییان گەرەکە، ئامانجی خۆیان هەیە، یەکەمین‌و گرنگترین ئامانجیان ئەوەیە کە لای سەرۆکەکانیان‌و برادەرانیان لە پیشەکەدا جێگەی ڕەزامەندی بن، ئەمەش ئەم ڕۆژنامەنووسانە دەگرێتەوە کە لە ناوێکی پتەو یان لە وەرگرتنی دەنگوباسی گرنگ‌و خوێندنەوەی بە وردی تا بڵێی کارتێکەر هەبێ و، گەیشتن بەم ئامانجەی دەکارێ کە بۆ خاوەنەکەی دڵنیاییی شەخسی و پیشەیی بێنێ، هەروەها مووچەی زۆرترو ئەرکی باشترو هەندێ جار دەسکەوتنی خەڵاتی (ئیمی) یاخود (پیبودی) (شنذذء ،شنحرحچز).

ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئامانجی کۆتاییان بۆ پیادە بکات - داگیرکردنی کورسی پێشەوە لە خوێندنەوەی هەواڵی شەوانە لە یەکێ لە تۆڕەکاندا، ڕەنگە بە شەخسی لە ژیانی تایبەتییاندا پاڵێوراوو کێشەکان‌و حزبە دیاریکراوەکانیان پێ باش بووبێ، بەڵام ئاشکرایە کە ئەو ئارەزووانە زۆر کەمترە لە سەرکەوتن‌و پایەی پیشەییان.

بەڵام هەروەها دەبێ بگوترێ کە شێوازە هونەرییەکانیان لە کەمترین حاڵەتدا، دەبنە هۆی ڕەشکردنەوەی هێڵی دابڕ لەنێوان جیهانی ڕاستەقینەو وێنەگرتنیدا.

ئەدوارد جی ئەبستاین، لە کتێبێکدا کە وابزانم چاکترین شتە کە تا ئێستا لەبارەی دەنگوباسی تەلەفزیۆن نووسراوە، نموونەی مەسەلەی بەرنامەی تۆماری سی بی اس دێنێتەوە کە پێشوازییەکی زۆری لێ کرا، ناونیشانەکەی (برسیەتی لە ئەمریکا)دا بوو، بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٦٨بڵاو کرایەوە، هەروەك ئەبستاین وەسفی دەکات، نیشاندانەکە بە فیلمێك دەکرێتەوە کە سەعاتێکی خایاند، وێنەی منداڵێك دەگرێ کە بەڕاستی دەمرێ کەچی کامیرایەکە وێنەی دەگرێ، ئەدوارد لەسەری دەڕوات: لە ئاست ئەم دیمەنەدا (چارلس کۆرالت) ی بێژەر گوتی: (سانایە ئاشنای برسیەتی بی کە بەم شێوە خۆی دەنوێنێ. شیرخۆرەکە لە

برسان دەمرێ. ئێستا ئەمریکییەك لاشەیەکی ڕەق هەڵاتووە).
سروشتییە کە ملیۆنەها بینەر گریمانەیان کرد کە منداڵەکە لە برسان یاخۆ لەبەر خراپیی خۆراك مرد، بەڵام حەقیقەتەکە ئاوا نەبوو، لێکۆڵینەوەیەکی حکوومی لە دواییدا دەری خست کە ئەو منداڵە مردووەی کە (سی بی اس) وێنەی گرت بۆ دەرخستنی شوێنەواری (برسیەتی) لە واقیعدا بەر لە کاتی خۆی بە سێ مانگ لە دایکبوو، کاتی لە دایك بوونی باوکی یا دایکی هەژار نەبوون یا برسی نەبوون. دایکەکە مامۆستای قوتابخانەیەك بوو منداڵبوونەکەی بەر لە کاتی خۆی بوو بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە. لەبەر ئەوە هۆیەکی پزیشکی نەبوو، بێگومان کە بەو خۆراکی یا برسیەتی هیچ پێوەندییەکی بە مەرگی منداڵەکەوە هەبێ و، بۆ ڕەتدانەوەی ئەو ڕەخنەیەی لەبارەی ئەم خاڵە گیراوە، ریچارد سالان گوتی: (ئەو حەلە سەرۆکی بەشی دەنگوباس لە سی بی اس) لە دیدارێکی تەلەفزیۆنی دوای سێ ساڵدا بوو: (لەو ناوچەیەداو، لەو کاتەداو لەو نەخۆشخانەیدا منداڵ بەهۆی بەدخۆراکی دەمردن).
بە چەند وتەیەکی تر، لەگەڵ ئەوەی کە وێنەکان (کارتێکردنی بێ شومار) یان هەبوو، دەرکەوت لەبارەی شتێکن بە تەواویەتی جیایە لەو شتەی کە لە پێناویدا بەکارهێنران. ئەو نامەیەی کە لە بەرنامەکەدا بوو ڕاست دەرچوو. (ڕووناکییەکی تریسکەدار لە ژوورەوە؟) ئەگەر دەنگوباسی تەلەفزیۆن (ئاوێنەی کارەبایی) نەبن کەواتە چین؟ هەندێ کەس پێشنیازی خواستنەوەی گونجاوتریان کرد بەو سیفەتەی کە ڕووناکیی تریسکەدار کە پێ دەبێتو دەکوژێتەوە لە ژوورێکی تاریکدا، کە دەتریسکێتەوە تیشکە تەنگەکەی شێوە کەمێك لەو شتانەی لە ژوورەکەدا بەسەریەکدا کەوتوون دەردەخات، بەڵام دوای قرتاندنی ئەو کاتانەی تەرخان کراون بۆ جارنامەی بازرگانی لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی نەتەوەیی هەر ئێوارەیەك تەنیا ۲٦دەقیقە لە کاتەکەیاندا دەمێنێتەوە و، ئەو وێنانەی کە دەردەکەونو خێرا بزر دەبن، ناکرێ زیاترمان پیشان دەن یاخود کوێر دەبنەوە وەك چۆن ئەو وێنانەی ئاوێنە پێچەوانەیان دەکاتەوە.
ئەگەر خواستنەوەمان بەلاوە نا، خاڵی دیار ئەوەیە کە هەڵبژاردنو نووسین لە ڕۆژنامە نووسیدا گرنگیی خۆیان هەیە، بەڵام جەوهەری دەنگوباسی تەلەفزیۆنی پێك ناهێنن، هۆی ئەوەش ئەوە نییە کە کارمەندانی تەلەفزیۆنی خەڵکی دەستپاك نین یاخود حەز لە گۆڕینی دەنگوباس دەکەن، بەڵکو بەهۆی سروشتی بنچینەییی ئەو هۆکارەی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کەچی ڕۆژنامەکان چەند لاپەڕەیەك بۆ دەنگوباس تەرخان دەکەن، تەلەفزیۆن تەنیا چەند برگەیەکی لە لایەوەو کەچی وێنەکان دەبنە ئیزافەکردنی ڕۆژنامەکان، لە تەلەفزیۆندا لە

بایەخدا بە کەمی هەتاوی قسەکانی پەیامنێرو گەورە بێژەرەکانن.

لە ئەنجامی ئـەوەدا، پێویسـتە لەسـەر بەرهەمهێنـەرو هەواڵنووسـان لـە هـەر تـۆڕێکی تەلەفزیۆنیدا کە بڕیار بدەن و ئاسا لە کاتێکی لەپێش، ئەو ڕووداوە سیاسییە کەمانە چین کـە لەناو ڕووداوی زۆردا هەڵیان دەبژێرن بۆ ئەوەی بە کامیراکانیانو تیمەکانی کارکردنیان هەموو ڕۆژ لێوەیان بدوێن، پێویستە لەسەر کامیراکانو تیمەکانی کارکردن لـە هـەر دیمەنێکـدا لـەو ڕووداوانە هەڵبژێرن کە لە بەردەمیانـدا ڕوودەدەن بـە فیعلـی وێنـەیان بگـرن و، کـە ئەوانـە دەگەڕێنەوە ستۆدیۆ پێویستە لەسەر بەرهەمهێنـەرو نووسـەران هـەموو ڕۆژ بڕیـار بـدەن بـە ڕێژەی(١) یاخود دوو لە سـەدی هـەزاران پێـی لـە فیلمـەکانو شـریتەکانی ڤیـدیۆ لەوانـەی تیمەکانیان وێنەیان گرتوون بۆ نیشاندانی بە فیعلی لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسـی ئێـواران، چ هەڵدەبژێرن، وێڕای ئەوەی جاروبـار ئۆڤـەر تـایم (اچـافی) یـان دەسـت دەکـەوێ لـە شـێوەی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسـی تایبـەت بـۆ لێـدوانی ڕووداوی ورووژێنـەری کتـوپڕ، وەك هـەوڵی تیرۆرکردنـی سـەرۆكو پاپاکـان یـاخود دەسـتگیرکردنی بارمتـەی ئـەمریکی، بـەڵام ئەوانـە ڕووبەڕووی سەربارییان دەست ناکەوێ وەك ئەوەی نووسەرانی ڕۆژنامە دەستیان دەکەوێ و، تاکە کـات کـە بـۆ تیمـەکانی دەنگوباسـی تەلـەفزیۆنی دەڕەخسـێ وەك ئـەو ڕووبـەرە لـەو بۆنـە دەگمەنانەیە کە ڕێگایان پێ دەدرێ بۆ وەرگرتنی ئەو ڕووداوانـەی کـە تـا بڵێـی گـرنگن وەك کۆنگرە نەتەوەییەکانی حزبەکان یاخود مەراسیمی ناشـتنی سـەرۆك، یـا ژنگواسـتنەوەیەکی پاشایەتی کە وەرگرتنێکی زیندوو بێ لە سەرەتاوە تا کۆتایی.

کەواتە چۆن دەکرێ دەنگوباسی تەلەفزیۆن بە هیوای ئەوەبن کە هەڤبرکێ لەگـەڵ ڕۆژنامـە بکەن، وەك سەرچاوەی زانیاری لەبارەی سیاسەت یاخود هەر شـتێکی تـر بکـەن؟ وەڵامەکـە ئەوەیە کە پێویستە لەسەر تەلەفزیۆن کـە ئەوپـەڕی کـارتێکردن لـە وردەکارییـە کەمـەکانی دەسکەوێ و، بەرهەمهێنەرو نووسەرەکانی ئەو ئەنجام بدەن کە هەر چیرۆکێك بخەنە چوارچێوەی بابەتێکی فراوانتر لە گێڕانەوەی هەرچی ڕوودەدات لێکدانەوەیەك لەوەی کە مەبەستیەتی بخەنە ناو. پول ویڤەر ئەم خاڵەی بەشێوەیەکی ورد داڕشت لە وەسفکردنی جیاوازییە جەوهەرییەکان لەنێوان دەنگوباسی ڕۆژنامەو دەنگوباسی تەلەفزیۆندا کە گوتی:

چیرۆکی هەواڵدەریی ئەندازەیی لە ڕۆژنامەکاندا بە پێی بنەمای (قووچکی سەرەوژێر) ڕێك دەخرێ، بابەتەکەو خاڵە تیشکۆیەکە یەك ڕووداون بە ڕستەیەك یا دوو ڕسـتە وەسـف دەکـرێ (ناوونیشانو پێشەکیی هەواڵەکە). دوای ئەوەی چـیرۆکە ڕۆژنامەگەرییەکـەی هەواڵەکـە بـە

ساناترینو کورتترین گوزارە ئێسکە پەیکەری ڕووداوەکە ڕوون دەکاتەوە (کـێ) چـی، لـەکوێ، کەی و بەم شێوە، بە فیعلی جۆرێك لە تەواوکاری پیادە کـرد و، دەکـرێ لـەکن ئـەو خاڵـەدا کۆتایی پێ بهێنرێت بێ ئەوەی بکرێتە ڕۆمانێکی تێنەگەیشتراو.. بەڵام چیرۆکە هەواڵدەرەکە بەردەوام دەبێ.. لە پێداچوونەوەیەکی نیمچە لە خۆیەوە بـە پێکهاتـەکانی ڕسـتەی سـاکارو بڕگەی بەیەکەوە نەبەستراو بۆ هێنانەوەی زانیـاری زیـادە کـە ئـەم لایەنـە یـا ئـەو لایەنـەی چیرۆکەکەو بابەتو ناوونیشانو گوزارەی سەرەتایی کە ڕووداوەکە پێناسـە دەکـەن و، ئامـانج لێرەدا ئەوەیە کە وا لە نووسەر بکەن کە بتوانێ ئەوەی پێویستی بە سڕینەوە هەیە لە مادەکە بکرێ، بۆ ئەوەی چیرۆکەکە وا لێ بکرێ کە ئەو بۆشاییە ڕەخساوە پڕ بکاتەوە.

بەڵام چیرۆکی هەواڵـدەریی تەلـەفزیۆنی بەشـێوەیەکی ڕیشـەیی جیـاترە، بـە پێچـەوانەی چیرۆکی ڕۆژنامە کە وا مەبەست نییە هەمووی بخوێنرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، بە تێگەیشتوویی دەمێنێتەوە، چیرۆکی هەواڵدەریی تەلەفزیۆنی گشتییەکی تەواوە مەبەسـت ئەوەیـە کـە تێـی نەگەین ئەگەر بێتو بە تەواوەتی نەبینرێ، لەبەر ئەوە خاڵە تیشکۆیەکەی ڕووناکی دەخاتە سەر بابەتێك کە دەچێتە ناو هەموو چیرۆکەکەو لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی و دوایـی کۆتاییەکـەی لەگەڵ جووڵانیدا دەگۆڕێ، زانیاری و گێڕانەوەی دەنگو وێنە هەموویان هەڵبژێردراون و ڕێـك خراون بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە و ڕەخساندنی گۆڕینی پێویست.

## سەرچاوەی هەواڵی تەلەفزیۆن:

بەم شێوەیە شتی جیاکەرەوەی دەنگوباسی تەلەفزیۆن ئەو ڕووداوانە نییە کە هەڵدەبژێرن کە بیانگەیەنێ، بەڵکو چۆنییەتی گەیاندنەکە چونکە کاتێ کە هەڵبژاردنو نووسین دوو پێکهاتەی گرنگن لە دەنگوباسی ڕۆژنامە پێك دێن، هەردووکیان لە تەك لایـەنی پێویسـت بـە (بینـراوە باشەکان)، حەتمیەتی سەرەکی پێك دێنن کە پێشکێشـکردنی دەنگوباسـی تەلـەفزیۆنی پێـك دێنن.

بەڵام تۆڕە تەلەفزیۆنییەکان چۆن وەزیفەی پشکنینی بنچـینەییی دەرخسـتنی ئـەوەی کـە ڕوودەدات دەبینن بەجۆرێ کە بزانن ئەو ڕووداوانەی کە پێویستە بگەیەنرێن چین؟

وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەو خەرجییە بێ شومارەی تۆمـارکردنی دەنگوباسـی تەلـەفزیۆنی و نووسینیانو بڵاوکردنەوەیان ناهێڵن کە تۆڕەکانی زانیاری زۆریان کۆبکەنـەوە، جـی ئەبسـتاین دەڵێ: (لەجیاتی ئەوەو لە پێناو جاڕنامەی زووی ڕووداوە گرنگەکان، تۆڕەکانو زۆر پشـت بـە

ئاژانسەکانی دەنگوباس و ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمس‌و سەرچاوەی لاوەکی تر دەبەستن)، وێـڕای ئەمە زۆربەی چاودێران چەند ڕۆژنامەیەکی کەمی تر کە ڕێزێکی بالاَیان بە تایبەتی (واشنتۆن پۆست) و (وال سترێت جۆڕنالَ) و هەردوو گۆڤاری (تایم) و (نیویۆرك) دەخەنە سەر ئەو لیستە.

ئاساییە کە بەرهەمهێنەرو هەوالَنووسان‌و پـەیامنێرەکان‌و پێشکێشـکەرانی دەنگوبـاس ئەوانەی کە بڕیار دەدەن، ئەوەی لە دەنگوباسی ئێوارانی تۆڕەکـان دەردەکـەوێ، لـە نزیکـەوە هەموو ڕۆژ، ئەوەی ئاژانسەکانی دەنگوباس‌و دیارترین ڕۆژنامە لەبارەی ئەو ڕووداوە کە هـەر ئێستا ڕووی داوە بە گرنگی لە قەلَەم دەدەن‌و ئەوەی کـە نزیکـە ڕوو دەدات‌و گرنگـە، ئەگـەر فریای هەر ڕووداوێك نەکەوتن کە هەر ئێستا ڕووی داوە ئەوان ئەوەی ڕۆژنامە لەبارەی دەیلَێن جارێکی تر دەیاننووسنەوەو هـەولَ دەدەن کـە وێنـەی گونجاویـان بخەنـە سـەر، بـە زۆری لـە شریتەکانی ئەرشیف و، لە پێشەوە ئەرکەکان بۆ تیمەکانی کامێراکانیان‌و پەیامنێرەکانیان دیار دەکەون بۆ دەسکەوتنی وێنە و ڕاپۆرت لەبارەی ئەوەی کە ڕۆژنامە لەو ڕایەدایـە کـە ڕووداوی گرنگن‌و خەریکە ڕوو بدەن، ئەو حەلە دەکرێ بگوترێ کە (تەوژمێکی کۆن بە دوو هەنگاو بـە شێوەیەکی نوێ، سەرلەنوێ بەرجەستە بوو: ئاژانسەکانی دەنگوباس‌و دیارترین ڕۆژنامەکان بـە تۆڕەکـان دەلَـێن ئـەوەی کـە شـیاوە، تۆڕەکـانیش بـە دەوری خۆیـان بـە جمهـووری فراوانـی ڕادەگەیەنن.

## واقیع‌و واقیعی ڕاگەیاندن:

شتێکی دەگمەن نییە کە ڕۆژنامە یەکێکە لەو ڕووداوانەی شـیاوی لێـدوانی ڕاگەیانـدنن، لەگەلَ ئەوەشدا بە ڕێگایەك ڕوودەدەن کە ناکرێ بە پەلە بە وێنە و ڕەسمی بەیانی و تەعلیقاتی بە دەنگ کە کۆلَەکەی تەلەفزیۆن پێك دێنن نیشان بـدرێن و، ئـەم جـۆرە ڕووداوانـە جاروبـار دەگۆڕێن، یاخود ئالَوگۆڕ دەکرێن بە خانەیەکی تری ڕووداو، بە جۆرێ کە (دانیل بۆرسـتن) بـە (شتەکانی ڕووداوەکان) ناویان دەبا، لە کاتێکدا مایکل ڕۆبنسۆن (بە ڕووداوەکـانی ڕاگەیانـدن - [illegible]) ناویان دەبا، ئەوانـەی ڕووداون بـە شـێوەیەکی بنچـینەیی ڕوو دەدەن کـە ڕووداوی وان هەرگیز لە دیارنەبوونی تەلەفزیۆن ڕوویان نەدەدا یـاخود بـە ڕێگایـەکی جیـاواز ڕوویان دەدا.

هەندێ (ڕووداوی ڕاگەیاندن) ڕێکخراوی سیاسیی خۆیان بۆ ئامادە دەکەن یاخود دەیکەنـە مەبەستی دەسکەوتنی پڕوپاگەندەی تەلەفزیۆنی بەخۆڕایی بۆ کێشەکانیان، وەك خۆنیشـاندانی

نــاڕەزایی و (گەڕانــەکان) ی پــاڵێوراوە سیاســییەکان، گــەڕانی بەپشــکنین بــۆ ناوچــەکانی کارەساتەکان لە تەك سەرۆکەکانو کاربەدەستەکانی ولایەتەکانو لەم شێوە و، بەرهەمهێنەرانی دەنگوباسی تەلەفزیۆن زۆر چاك دەرکی پێ دەکەن کە زۆر لە ڕێکخراوەکــان هــەوڵ دەدەن بــەم شێوەیە سوودیان لێ وەربگیرێت و، ئەگەر گومانیان کرد کە ڕووداوێــك لــە ڕووداوەکــان ڕێــك خراوە تەنیا بۆ ئەوەی کامیرەکانیان وێنەی بگرێ، ئەوان ڕەتی لێدوانی دەکەنەوە، مەگەر لــەو باوەڕەدابن کە ئەوە دەبێتە کەرەستەیەك لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسەکاندا سەرنج ڕادەکێشێ.

زۆر لە ڕووداوەکانی ڕاگەیاندن تۆڕەکان دروستی دەکەن، یــاخود بــە پیریانــەوە دەچــن بــۆ زامنکردنی چیرۆکی باش، ڕەنگە دەسکەوتنی بێ، ئەوە خەرجییەکی زۆرە یا گرانــەو هــەروەك ئیبستاین ئاماژەی بۆ دەکات، کۆتە هونەری و ئابوورییەکان تۆڕەکــان ناچــار دەکــەن مــاوەی خوێندنەوەی دەنگوباس بە زۆر لەو جۆرە ڕووداوانە پڕبکەنــەوە و، بــۆ ئــەوەی تۆڕەکــان تــۆڕی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی نوێ بهێننە بەرهەم پێویستییان بە وێنەی جۆرێ بــاڵای ئەشــخاص‌و کردەوەی بایەخ وروژێنەر هەیەو بۆ دەسکەوتنی وێنەی جۆری بــاش، پێویســتییان بــە تیمــی وێنەگری پسپۆڕ و، کە ڕووناکییەکی باش‌و هاش‌و هۆشی هەیە کە زۆر نامۆ نــەبن، هــەروەها کاتێکی کافی بۆ ئەنجامدانی شریتی ڤیدیۆو ئیزافەکردنی تــەعلیقات و، تیمــەکانی وێنــەگرتن خەرجییان زۆرە و ڕێنماییکردنیان گرانە. بەم شێوە تۆڕەکان تیمەکان لای خۆیان ناهێڵنەوە لە کەمێك شارە گەورەکان نەبێ، لەبەر ئەوە، گەلێك مایەی ئارەزووە کە وەختەکان لــە پێشــەوە دیاری بکرێ سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە لەو باوەڕەدان کە دەبنە ڕووداوی شیاوی نیشــاندان، ڕووداوێــك وەك چــاوپێکەوتن‌و کــۆنگرەی ڕۆژنامەنووســی و گەشــتەکانی ســەر کۆمــارو خۆپیشاندانەکانی ناڕەزایی دەربڕین و ڕووخاندنی خانووبەرەو تەقەکردنی سەربازان، زۆر گونجاو دەبێ و، زۆر لــەم ڕووداوانــە ڕەنگــە ڕووبــدەن ئەگــەر تەلــەفزیۆنیش باســیان نــەکات، بــەڵام کەشەکەیان و، لە زۆر حاڵەتدا کارتێکردنەکەیان بێ ڕووناکی خستنە سەریان‌و بوونی کامیرا لە دەوروبەریدا بە تەواوەتی جیا دەبێ.

### دەمەقاڵێی سەرۆکایەتی وەك " ڕووداوی ڕاگەیاندن ":

دەمەقاڵێی نێوان پاڵێوراوانی سەرۆکایەتیی لە ١٩٦٠و ١٩٧٦و١٩٨٠دا بــۆ تێگەیشــتنی پێوەندییەکانی نێوان واقیعی بە تەلەفزیۆنکراو و (واقیعی ڕاستەقینە) لە ١٩٦٠دا بــە ســوود بوو، تۆڕەکانی تەلەفزیۆن ویستییان چاودێریی زنجیرەیەك لە دەمەقاڵێ نێوان ریچارد نیکسۆن‌و

جۆن کەنەدی بکەن، بەڵام نەیانـدەتوانی ئـەوە بکـەن لەگـەڵ مانـەوەی بڕگـەی ٣١٥ی یاسـا پێوەندییەکانی یەکێتیی کارتێکردنی بەردەوام بێ. ئەم بڕگەیە دەقەکەی ئەوەیە کە یەکێ لـە وێستگەکان بۆ هەر پاڵێوراوێك بۆ پلەیەکی سیاسـی دەرفـەتی دەرکـەوتنی ڕەخسـاند، دەبـێ هەمان دەرفەت بۆ هەر پاڵێوراوێکی تری پلە یەك بڕەخسێنن، ئەمــەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە پاڵێوراوانی دە حزبە بچووکەکە بۆ پلەوپایەی سەرۆك دەبـێ کـاتێکی هاوتـای تـەرخانکراویان دەس بکەوێ بۆ دەمەقاڵێیەکانی نێـوان کەنـەدی و نیکسـۆن لـە مـاوە گرنگەکـەی پەخشـی تەلەفزیۆندا. لەبـەر ئـەوە کـۆنگرس قەناعـەتی پـێ کـرا بـە وەسـتاندنی بـەردەوام بـوونی کارتێکردنی بڕگـەی ٣١٥ سـەبارەت بـە دەمــەقاڵێی نێـوان دوو پـاڵێوراو، چـوار دەمــەقاڵ ڕێکخراو، زیاتر ١٠٠ملیۆن کەس بە کەمی گوێیان لە یەکێکیان بوو، زۆربەی چـاودێران لـەو باوەڕەدان کە دەمەقاڵە دەوری دابڕیان لە سەرکەوتنی کەنەدی بـە جیاوازییـەکی کـەم بەسـەر نیکسۆن لە تشرینی دووەمدا هەبوو.

لە ١٩٦٤و ١٩٦٨و ١٩٧٢دا هەردوو پاڵێوراوی بە چـاکداندراو کـە جۆنسـۆنو نیکسـۆن بوون بڕیاریان دا کە دەمەقاڵێکردن خزمەتی بەرژەوەندییان ناکات، لەبەر ئەوە فشارێکی توند نەبوو بۆ وەستانی بەردەوامبوونی کارتێکردنی بڕگەی ٣١٥و یـاخود هەڵوەشـاندنەوەی، هـیچ دەمەقاڵێیەك نەبوو، کەچـی لـە سـاڵی ١٩٧٥دا لێژنـەی پێوەندییـەکانی یـەکێتی وای کـرد وێستگەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆو دەتوانن دەمەقاڵێی نێوان پاڵێوراوەکان کە دەستەی غـەیری بڵاودەکەنەوە سەرپەرشتیان دەکات ڕابگەیـەنرێن بـەو پێیـەی کـە ئـەو دەمەقاڵانـە ڕووداوی هەواڵدەری ڕاستگۆن بێ ئەوەی وێستگەکان پابەندبن بە ڕەخساندنی کـاتێکی وەکـو یـەك بـۆ پاڵێوراوەکـانی دیکـە بـۆ پلەوپایەکـە و، سـاڵی ١٩٧٦کۆمەڵـەی ئافرەتـە دەنگـدەرەکانی ئەمەریکی بە هەڵیان زانی کە ڕێگا بە سەرۆك جیراڵد فۆردو نەیارەکەی جیمی کارتەر بدەن کە بەشداری لەو دەمەقالانەدا بکەن کە کۆمەڵەکە سەرپەرشتیی دەکاتو گوتیـان کـە تۆڕەکـانی تەلەفزیۆنی دەیگەیەنێ بەو سیفەتەی ڕووداوی هەواڵـدەرن سـێ دەمــەقاڵێ لـەنێوان کارتـەرو فۆرددا بەسترا، هەروەها دەمەقاڵێی چوارەم خرایە سـەریان لـەنێوان دوو پـاڵێوراو بـۆ پایـەی جێگری سەرۆك، والتەر مۆندیلو رۆبەرت دۆڵ (حذرأ سژحمحت).

ئایا دەمەقاڵێی ١٩٧٦ ڕووداو بوون یاخود (ڕووداوی ڕاگەیاندن) بوون، هەر زوو مەسەلەکە ڕوون نەبووەوە، نزیك کۆتایی دەمەقاڵێی یەکـەم، شـتێك پچـڕا، دەنگەکـە نـەما، ئەگەرچـی وێنەکە بە بڵاوکراوەیی مایەوە لە کاتێکدا ١٢٠ ملیۆن ئەمەریکی سەیریان دەکرد، ئاشکرایە

ئەگەر ڕووداوەکە، وەك ئەوەی بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا، دەمەقاڵەك بێت کۆمەڵەکە سەرپەرشتی دەکرا بۆ سوودی بینەران لە شانۆی فیلادلفیا، کەچی ئامادەبوونی تۆڕەکان لە ئامادەبوونی هەواڵدەران زیاتر بوو. هەردوو دەمەقاڵکار بەردەوام دەبوون ئەگەر شتێك ڕووی نەداباو نەتوانینی تۆڕەکان لە پەخشکردنی ڕای هەردووکیان بەشێوەیەکی زیندوو سەبارەت بە تۆڕەکانەوە لە قەڵەم دەدرێ. بەڵام ئەوە نەبوو کە ڕووی دا، هەرکە دەنگەکە پچڕا، لە پڕ دەمەقاڵەکە وەستا ٢٦دەقیقەی تەنگژەبەر مایەوە کە ئەو ماوەیەی پێ چوو تا ئامێری گەیاندنی دەنگ چاك کرانو جارێکی تر خرانە سەر ئیشکردن، بەڵام لە کاتی ئەم بۆشاییەدا کامیراکان بەردەوام بوون لە گەیاندنی وێنەی هەردوو پاڵێوراو کە لەسەر بڵندگۆیەکە بوون، لەنێوان خۆیاندا نادوێنو نەبوو برادەران و ڕاوێژکارەکانیشیان، بەڵکو دەوەستن بێ جووڵەو بێ دەنگییەکەی شکۆدارانە، لە کۆتاییدا ئامێرەکانی پەخشینی دەنگ چاك کرانو دەمەقاڵەکە دەستی پێ کردەوە و، ئاشکرایە کە ئەو جمهوورەی جێگەی بایەخدان بوون، ئەو ملیۆنانە بوون کە سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد، ئەو بەسەدانەی لەناو هۆڵەکەدا ئامادەبوون، نەبوون.

دەمەقاڵەکانی ١٩٧٦بە کەمی تاکە پرسیارێکی لەبارەی پۆڵێنکردنیان بەو سیفەتەی واقیعن یاخود (ڕووداوێکی گەیاندن)ن ورووژاندن. ئەم پرسیارە دوای لە زمان دەرچوونی سەرۆك فۆرد، کە لە دەمەقاڵێی دووەمدا تێی کەوت، کە تیایا گوتی کە پۆڵەندەو دەوڵەتەکانی تری ئەورووپای ڕۆژئاوا ملکەچی دەسەڵاتداری سەربازی سۆڤیەتی نابن، ئەو ڕا وەرگرتنانەی کە دوای ١٢سەعات لە دەمەقاڵەکە باسیان کرد کە تێبینییەکە فۆرد لەبارەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کەمێك لە بینەران نەفرەتیان لێ کردو لە ٥٣٪ لەوانە لەو باوەڕەدان کەوا لە دەمەقاڵەکەدا سەرکەوت، کەچی لە ماوەی ڕۆژە کەمەکانی تردا تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان بەشێوەیەکی دووپاتکراوە ڕایەکانی تەعلیق لێ دەران وەربگرن کە فۆرد هەڵەیەکی پیسی کردووەو لە ئەنجامی ئەوەدا کارتەر بەسەریدا زاڵ بوو. لەو ڕاوەرگرتنانەی کە لە دواییدا لەو هەفتەیەدا کران، دەرکەوت کە ٥٨٪ی گەل ئێستا لەو باوەڕەدان کە ئالای سەرکەوتن لە دەمەقاڵەکەدا بۆ کارتەر هەڵدرابوو، هۆیەکەش لەوەدا دوانەکەی فۆرد بوو لەبارەی ئەورووپای ڕۆژئاوا.

کەواتە لێرەدا چەند ڕووداوێك بە تەئکید ڕوویان نەدەدا ئەگەر تۆڕەکان ڕایان گەیاندبا، زۆربەی بینەران دەرەنجامی دیاریکراویان لەبارەی ڕووداوەکان هەڵنەدەکران لە تێبینییەکانی ڕاستەوخۆیان بۆ پاڵێوراوەکانی سەر شاشەی تەلەفزیۆن، بەڵام زۆر لەوانە ڕای خۆیان گۆڕی کە

ڕووداوەکان لە لایەن پسپۆڕانی هۆکارەکانی گەیاندنی جەماوەری لەو ڕۆژانەی بەدوای دەمەقاڵەکەوە هاتن لێك درانەوە. لەو جۆرە ڕەوشەدا زەحمەتە (واقیعی ڕاستەقینە) و (واقیعی تەلەفزیۆنی) بە کەمترین هەڵسەنگاندن لێك جیابکرێنەوە.

پۆلێنکردنمان بۆ دەمەقاڵێی سەرۆکایەتی، هەر چۆنێك بێ، دەوری گرنگیان لە هەڵبژاردە جۆراوجۆرەکانی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٨٠یان بینیوە، بۆ نموونە جۆن ئەندرسۆن لە چوارچێوەی نەتەوەدا بایەخی بکێش کرد بەو دەمەقاڵەی نێوان شەش لە خواستیارانی کۆماری لە ولایەتی (ئیوا) لە کانوونی دووەمدا ئەنجامی دا، باوەڕێکی فراوان هاتە ئاراوە کە ئامادەنەبوونی رۆناڵد ریغانو لەو دەمەقاڵەدا سەرکەوتنە چاوەڕوانکراوەکەی لە دەست دا لە کۆنگرەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن، کەچی ریغان دوای مانگێك لەو حاڵەتەی هێزی خۆی بەڵکو زیاتر گەڕاندەوە لە سایەی خۆنواندنی لە ڕووداوی ناشوادا، ڕووبەڕووی بۆش بووەوە لە دەمەقاڵێیەك کە بەند بوو بە هەردووکیان بەر لە سێ ڕۆژ لە هەڵبژاردە سەرەتاییەکان لە ولایەتی نیوهاشایرو، بۆش بە ڕووبەڕووبوونەوەکە قایل بوو، بەڵام کە وەختی هات چوار خواستیاری کۆماری دی ئامادەبوونو داوای بەشدارییان لە دەمەقاڵەکەدا کرد. کاتێ کە کامێراکان دەسووڕانەوە ریغان بە خۆشی قەبوولی کرد کە ڕێگایان پێ بدرێ، کەچی بۆش بە ڕەنگ و ڕوخساری رقو ویشك دانیشت، سوور بوو لەسەر ڕێککەوتنی ئەسڵی کە دەمەقاڵەکە بەندبێ بە دوو کەسەوە، ئەمە ڕووداوێکی گەورەی تەلەفزیۆن بوو، تۆڕەکانی وێنەی دووبارەکراویان لەبارەی ڕەفتاری ریغانو بۆش لەو سێ ڕۆژەی دواییدا بەر لە دەنگدانەکە بڵاوکردەوە و، زۆر لە چاودێران لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو وێنانە کلیلی سەرکەوتنی ریغان بوون بەسەر بۆشدا لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکاندا.

کەچی سەرۆك کارتەر لە لایەکی ترەوە سەرسەختانە سوور بوو لەسەر ڕەتکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دووپاتکراوەکانی ئەدوارد کەنەدی بۆ هاتنە ناو دەمەقاڵێ لە ماوەی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی پارتی دیموکراتی و، سەرکەوتنی بەردەوامی کارتەر لەو هەڵبژاردنە سەرەتاییانەدا دیاربوو وەك بڵێی ئەو ستراتیژە پەسند دەکات.

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی گشتیی کۆمەڵەی دەنگدەرانی (ئافرەت) جارێکی تر داوایان لە پاڵێوراوە سەرەکییەکان کرد کە بەشداریی زنجیرەیەك دەمەقاڵێ بکەن و، دوای ململانێیەکی زۆر لەبارەی ئەوەی ئەگەر پێویست بێ بانگی جۆن ئەندرسۆن بکرێ کە پاڵێوراوی سەربەخۆ بوو لە هەڵبژاردنەکەدا، لە ئاکامدا کۆمەڵەکە بڕیاریان دا ئەگەر ئەندرسۆن ١٥٪ یا زیاتری بە دەست

هێنا له ڕا وەرگرتنەکان له سەرەتای مانگی ئەیلوولدا، ئەوە بانگی دەکەن و لــە ئەزمموونەکـە دەرچووو بانگکردنەکەی پێ گەیشت، کەچی دوای ئەوەی ریغان دەمەقالەکـەی قـەبوولْ کـرد، کارتەر وازی له هەلْوێستەکەی نەهێنا که دەمەقالێیـەك بەشـداری ناکـات کـه لـەنێوان دوو کەسدا نەبێ، واته لەنێوان خۆی و ریغاندا. دەمەقالەکه بـە زینـدوویی لـەنێوان ئەندرسـۆن و ریغان له لایەن هەردوو تۆڕی سی بی اس و ان بی سی بلاوکرایەوە، کەچی تـۆڕی أی بـی سـی لەجیاتی ئەوە فیلمێکی نیشـان دا، هــەردوو کـەس هـیچ هەلەیـەکی زەقیـان نـەکرد، بـەلام ئەندرسۆن له پیادەکردنی ئەو کنیەی که هیوای پی بوو سەرنەکەوت، دوای ئـەوە لایـەنگرانی کەم بوونەوە.

هەرکه هەلمەتەکه گەیشته سێ هەفتەکەی دوایی، یەکسەر ڕاوەرگرتن سەریان هەلدا، کـە ریغان دەستی کرد بەسەر کارتەر بکەوێ لەگەلْ بوونی ژمارەیەکی زۆر زۆرتـر لـە ئاسـایی لـە وانەی گەرموگوڕ نین بۆ هەر کام له دوو پالێوراوەکان و، کارتەر ڕووبەڕووی ریغان بـووەوە کـە دەمەقالێیەك بکەن و له کۆتاییی تشرینی یەکەم، ریغان بەگژدا هاتنەکەی قەبوولْ بوو کـە زۆر خەلکی سەرسام کرا، دەمەقالێیەك له کلیفاند له ٢٨ی تشرینی یەکەمـدا بەڕێوەچـوو، واتـە تەنیا بەر له هەفتەیەك له دەست پێکردنی هەلبژاردنەکان، ئەم جارەیان هەرسـێ تۆڕەکـە بـە زیندوویی دەمەقالەکەیان ڕاگەیاند، دوای ئەوە هەر تیمێك لافی ئەوەی لێ دەدا (سەرکەوتووە) بەلام ڕاوەرگرتنەکان نیشانیان دا که زۆربەی خەلك وا مەزەندە دەکەن که ریغان باشتر بـوو و، زۆر له چاودێران لەو بڕوایە دابوون که دەمەقالێ کلیفلاند زیاتر له هەموو شتێکی تر ئەوە بوو که بالابوونی کەم و نەچەسپاوی ریغـانی کـردە پـەراوێزی لـە ١٠٪ کـە پێـی سـەرکەوت لـە هەلبژاردنەکاندا دوای هەفتەیەك لەوەدا. بـەلام سـەبارەت بـە بایەخـدەران بـە هۆکارەکـانی ڕاگەیاندن، ڕەنگە دیارترین ڕووداوە که له مێشکیاندا چەسپا، نموونەیەکی پوختـەی (واقیعـی ڕاگەیاندن)بوو وەك دەیبینین. تۆڕی (أی بی سی) به گەرموگوڕییەکی زۆرەوە داوای له بینەران کرد که دوای دەمەقالەکه که ڕاستەوخۆ تەلەفۆنی بۆ بکەن و کێ سەرکەوتووە بـە بـاوەڕی وان دیاریی بکەن، هەرچەندە ئەمە ڕیفراندۆمێکی ورد نییە له لایەنی زانستییەوە، بـەلام تۆڕەکـە له جاڕدانەکەیدا بایەخێکی گەورەی پێ درا که ئالای سەرکەوتن ئەمجارەیان به ڕێژەی ٢: ١بـۆ ریغان هەلکرا.

بەم شێوە دەمەقالـە سـەرەکییەکان نموونـەی نایابیـان لـەبارەی (ڕووداوە ڕاگەیاندنـەکان) ڕەخساند و، نازانین دواڕۆژ بۆ ئەم دەمەقالانە چیی حەشارداوە، بەلام من لەو بـاوەڕەدانیم کـە

تیایاندا فاکتەری یەکلاییکردنەوەی دەوەستێ بەوەی کە کۆنگرس بـە بڕگـەی ٣١٥ دەیکـات، یاخود ئەوەی کۆمەڵگە دەنگدەرانی ئـافرەت بـە نەخشـەو بانگەشـەکانیان دەیکـەن، بـەڵکو زەنکردنم بۆ ئەوەی دەبات کە بڕیـار لەسـەردانیان لەسـەر ئـەوە وەسـتاوە کـە ئایـا هـەردوو پالاوتراوەکە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەستنیشانی ئەوە دەکەن بە دەمەقاڵی زیـاتر دەسـتیان دەکەویت لەوەی کە لە دەستی دەدەن کاتێ کە بڕیارەکانیـان دەدەن گونجـاوە کـە ئامۆژگـاری بکرێن کە ئەو واقیعانە بخەنە بەرچاو لە هەر یەکێ لە سێ زنجیرەکەی دەمەقاڵـەکانی پێشـوو، یەکێ لە بەشداران شەخسێك بوو پایەی سەرۆکایەتیی داگـیر کردبـوو، یـاخود سـەبارەت بـە نیکسۆنەوە ١٩٦٠ لەو کەسەی دەکرد کە پایەکەی داگیر دەکرد، لەهـەر حاڵەتێکـدا بڕوایـەك هاتە کایەوە کە ئەوەی تەحـەدا دەکـات لـە دەمـەقاڵی تەلەفزیۆنیـدا سـەرکەوت، لـە هـەر حاڵەتێکدا تەحەداکەر سەرۆکی بەزاند کە پایەی سەرۆکی لە هەڵبژاردندا داگیر دەکات و، لـە حاڵەتی دەرك پێکردنی تەحەداکەر کە سەرکەوتن لە دەمەقاڵەکەدا وا سەیر دەکرا کە کلیلـە، بەڵکو لە دیدی زۆر کەس تاکە کلیلە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکانو بەم شـێوە بـە کـەمی بـەم مانایانە (ڕووداوەکانی ڕاگەیاندن) ی سیاسـی کـە ئامـادەبوونی تەلـەفزیۆن پەیـداکردن، لـە سیاسەتی سەرۆکایەتیدا بە کـەمی گرنگییـەکی هـەبوو، هاوتـای گرنکـی هـەر (واقیعێکـی ڕاستەقینە) ی هەیە دەکرێ ئاماژەی بۆ بکەین.

لەبەر ڕووناکیی هەموو ئەوەدا، دەتوانین چ بڵێین لـەبارەی سروشـتی واقیعـی سیاسـی لـە چەرخی تەلەفزیۆندا.

## ئەنجام:

لەم بەشەدا هەردوو تەعبیری (واقیعی تەلەفزیۆنی) و (واقیعی ڕاستەقینە)م بەکارهێنا، هەروەك ئەوەی ئاماژە بۆ دوو حاڵەتی جیا بکەین و، هەروەك کە (واقیعە ڕاستەقینەکە) ببێ، بەڵکو دەبێ ببێتە پێوەری ئەو (واقیعە تەلەفزیۆن)ەو بە پێی ئەوە حوکمی بەسەردا بکرێ، بەڵام لەمەدا هەمووان لەمەدا نین، هەردوو زانای سیاسەت (دان نیمۆ) و (جیمس کۆمبس) کتێبێکیان لەبارەی ئەو پوختەیە کە دەڵێ نەخشەی ناسینی واقیعی سیاسی لای هەر کەسێك ناکرێ بدرێتە پاڵ پسپۆڕییە ڕاستەوخۆیەکەی، بێ ناو کارێك، وێنەی زەینی کە هەرکەسێ لە ئێمە لەبارەی واقیعی سیاسی هەڵی گرتووە، بەو وێنەیشەوە کە نیمۆو کۆمبس هەڵیان گرتووە، وەك گریمان دەکەن، هەروەك هەردووکیان دەڵێن ئەوەیە: (ئەنجامەکانی بەشداربوونی ڕاستەوخۆ نین، بەڵکو دەرکپێکراون، کە ژمارەیەك لە نێو کارو ڕۆژنامەو بەرنامەکانی خۆ خەریککردن لە تەلەفزیۆنو فیلمەکانی سینەمایی و گۆڤاری میللی و گۆرانی و تەقەلای بە کۆمەڵ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنو بزاڤە سیاسییەکانو بزاڤە ئاینییەکانو دروستکردنی سیاسەتی حکوومیدا خەستیان کردووەتەوەو لە بێژنگیان داونو تەنکە خەیاڵێکیان خستووەتە سەریان، ئەو واقیعە ناڕاستەوخۆیەی کە نێو کارەکان دەست تێ وەردەدەن سیاسەتی مرۆیە.

میخائیل نۆڤاك، کە ڕێکخەرێکی شارەزای هەڵمەتە سیاسییەکان وێڕای ئەوەی کە خاوەنی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە هەمان ڕێباز نووسیویەتی: (هەر کەسێ بەشداری لە ڕووداوێکی مەودا فراوان کرد، بەڕووی ڕادەی تەسکیی ئەو دەروازەی لە ئارادایە، لەنێوان ئەوەی کە بە فیعلی ڕووی داوەو ئەوەی لە تەلەفزیۆندا دەردەکەوێ دەزانێ. سەبارەت بە ملیۆنان کەس لەوانەی سەیری چیرۆکی تەلەفزیۆنی دەکەن، هەڵبەت ئەو چیرۆکە خودی واقیعە، بەڵام سەبارەت بەوانەی ڕۆژێکی ناخۆشی ژیان، لە شانزە سەعات بۆ نموونە سەیری هەڵمەتەکە دەکەن، هەردەم کارێکی سەرسوڕهێنەرە کە ببینن شاشەی تەلەفزیۆن چی دروست کردووە - یاخود وردتر - شاشەی تەلەفزیۆن چیی کردە واقیع، ئەو واقیعە دەستکردە بۆ جیهان دەردەکەوێ بە فراوانی خۆی مادەیەکە گەورەتر، لەو شانزە سەعاتەی کە تیایا ژیانو بە پێی (مایا) ی (*) کۆن، جیهانی گۆشتو خوێن وەهمە، هەر واشە.

لەگەڵ ئەوەشدا زەحمەتە بە تەواوەتی دەست لە فیکرەیەك هەڵبگیرێ، کە واقیعێکی ڕاستەقینە لە دەرەوەدا هەیە، دەتوانین بەراوردی واقیعی تەلەفزیۆنی لەگەڵدا بکەین، (نیمۆ) و (کۆمبس) هانی خوێنەرانیان دەدەن لەسەر بەیدەوکردنی (هەڵبژاردنی واقیع) لەسەر هەموو وێنەکانی واقیعی سیاسی کە تەلەفزیۆنو هۆکارەکانی دیکە نیشان دەدەن.

جاروبار (میخائیل نۆڤاك) لە ورد نەبینی سکاڵا دەکاتو هەندێ جاریش لایەنگری، لەوەی کە (ڕۆجەر

مۆر) یاخود (دان راتەر)– دوو بێژەری تەلەفزیۆنن – گوێی لێ دەبێ لە شەوی پێشوودا، بەم شێوەیە ئەوی کە سەبارەت بە (جیهانی فراوان) دەبێتە واقیعێکی سیاسی، نابێتە واقیعێکی سیاسی بۆ خەڵکانێ لە وێنەی (نیمۆ) و (کۆمبس) و (نۆڤاك) ئەوان وەك دانەری ئەم کتێبەو زۆر لە خوێنەرانی ئەم دانراوە. بەشێکن لەو کەمینە بچووکەی ئەمەریکییەکان کە متمانەی سیاسییان بێ سنوورەو ئەوانەی کە لە هەموو ئەو زانیارییە سیاسییانە دەکەن کە دەتوانن لە هەموو جۆرەکانی سەرچاوەکان: ڕۆژنامەی (نیۆیۆرك تایمس) و (واشنتۆن پۆست) و (تایم) و (ڕۆلنغ ستوون) و (نیشن) و (کۆمنتری) و کتێبو ئاخاوتن لەگەڵ برادەرانو بەشداریکردنی کاریگەر لە ڕێکخراوە سیاسییەکان، هەروەها بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی تەلەفزیۆنو فیلمی تۆمارکاری کە نیشانی دەدەن، دەستییان بکەوێ.

ڕەنگە مەسەلەکە ئاوابێ، پرسیار لەبارەی واقیعی سیاسی لە ئەمەریکا لە هەشتاکاندا ئەوە بوو: (کێ) دەڵێ (چی) و (بۆ کوێ) و بەر لە دەرکەوتنی تەلەفزیۆن لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا زۆربەی ئەمەریکییەکان، هەروەك بینیمان باری سەرنجیان لەبارەی واقیعی سیاسی بەشێوەیەکی سەرەکی لەوەی لەبارەی پێیان گوترا لە لایەن خێزانەکانیانو برادەرانو دۆستەکانیان لە کاردا ئەوانەی بایەخدانێکی تەواویان بە سیاسەت دەدا، تا ئەو ڕادەیەی کە وای لێ کردن کە لەبارەی بدوێن، دەس دەکەوت، بەڵام تەلەفزیۆن بە دوو (قۆناغ) و (سەرکردەکانی را) لەو تەوژمەیان تێپەڕاند. زۆربەی ئەو دوانەی کە زۆربەی ئەمەریکییەکان دەیبینن‌و گوێیان لێیەو لەبارەی سیاسەت، بەشێوەیەکی تێپەڕیو ئەوان لە بەرامبەر تەلەفزیۆنەکانیان دانیشتبوون دوای پێشکێشکردنی دەنگوباسی ناوخۆو پێشبینی کەشوهەواو بەر لەوەی بەرنامەی بەلاوە باشەکانیان نیشان بدرێن دەیانگاتێ. بەم شێوە واقیعی سیاسیی تەلەفزیۆنی سەبارەت بەوانەوە، ئەگەر بەلای کەمینە حەزلێکەرانی سیاسییەوە نەبێ، ئەوە خودی (واقیعی ڕاستە) و ئەم حەقیقەتە، وەك مەزەندە بکەم، دابڕە بۆ تێگەیشتن لەبەرچی و چۆن نەخشەیەکی ئەمریکی لە سیاسەتدا لە چەرخی تەلەفزیۆندا گۆڕا؟

(*) ڇڻ ڇڊ مایاهم گەلێکە هیندۆراسی بەریتانی و گواتیمالای باشوور... هتد دا دەژین، زمانەکەیان بە ناوی مایا ناسراوە.

**سەرچاوە:**

بڕوانە کتێبی (قنوات السلطة) أو تأثير التلفزيون في السياسية الامريكية، نووسینی استن رانی، موسى جعفر کردوویەتی بە عەرەبی و رشيد یاسين پێدا چۆتەوە. لە بڵاوکردنەوەی (دار الشؤون الثقافية العامة) یە، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٨٦ ل ٩ – ٣٩ .

# دەسەڵات لە ڕوانگەی فۆکۆ وە

**عەبدولعەزیز ئەلسەیادی**
وەرگێڕان و پوختەکردنەوە

## ١- نزیکبوونەوەیەکی گشتی:

لە فەرهەنگی فەلسەفەیی (جمیل صلیبا) دەسەڵات لە زماندا، بە واتای توانا و وزە دێ بەسەر شتدا، هەروەها دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر غەیری خۆی، دەسەڵاتەکانیش ئەو دامودەزگا کۆمەڵایەتییانەن کە دەسەڵات بەکاردەهێنن، وەك دەسەڵاتە سیاسییەکان و دەسەڵاتە پەروەردەییەکان و دەسەڵاتە دادوەرییەکان و غەیری دی، بەڵام (فەرهەنگی فەلسەفیی سۆڤێتی) پێناسەی وا دەکات کە وەزیفەیەکی بنچینەیی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیە، خۆی ئەو هێزە فەرماندەرەیە کە توانای بە کردەوەی لەبەر دەستە بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی خەڵکی بە هاریکاریی بەرژەوەندییە هاودژەکانی تاکەکان، یاخود کۆمەڵەکان و گەیاندنی ئەو بەرژەوەندییانە بە یەك کارگێڕی لە ڕێگای قەناعەت پێهێنان و یاخود زۆرەملێ، ئەوەی (ج. بییتی) بۆی دەچێ لەو پێناسەیەدا دوور نییە کە دەسەڵات توانای کارتێکردنە لە کەسان و ڕەوتی ڕووداوەکان پەنا بردنە بەر کۆمەڵێك ئامراز کە لەنێوان قەناعەت پێهێنان و زۆرە ملێدان.

ئەم پێناسانە ئاماژە بۆ دوو حەقیقەت دەکەن کە ((أ)) دەسەڵات فرمانە (کار) ((ب)) دەسەڵات واقیعێکی کۆمەڵایەتییە، هەڵبەتە پێناسەی تریش هەن کە دەسەڵات بەگشتی سیاسی بێ یاخود ناسیاسی، هەر لەناو کۆمەڵدا دەبێ، سەرچاوەکانی ئەم دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە فرە لایەنن، وەك دەوڵەمەندیی مادی و پایەی کۆمەڵایەتی کە شەخسێك دەیگرێتە دەست، ڕەنگە کارێکی وەزیفی بێ، دەشێ سەرچاوەی دەسەڵات و زانست و ڕۆشنبیری و هونەر بێ، گەورە پسپۆڕ و هونەرمەندان دەسەڵاتیان هەیە و دەتوانن بەهۆیەوە کار بکەنە سەر ڕەفتاری کەسانی تر.

بۆ نموونە (مارکس فیبەر) دەسەڵات بە پاوانخوازی لە قەڵەم دەدا و بە کارێکی ڕەوای دادەنێ و بۆ ئەم شەرعییەت و ڕەوابوونە بە دوای بنچینەکانی دەگەڕێ و بە سێ نموونە دیارییان دەکات.

أ -  نموونەی تەقلیدی کە پشت بە (دوێنێی ئەزەلی) - الأمس الازلي - دەبەستێ، کە لە دەسەڵاتی داوونەریتو پیرۆزیی باوەڕبوونو بە پێشینان خۆی دەنوێنێ.

ب -  نموونەی کاریزماتیك **ژخسچذژّخژچخأ** کە بەندە بـە بـاوەڕی هەڵچـوون لـە توانایـەکانی کەسێکی نائاسایی بەهۆی پیرۆزمەندییەکەی یا قارەمانییەتەکەی یا خاسییەتە نموونەییەکانی.

ج -  دەسەڵاتی یاسایی کە لە داننان بە ماقووڵییەتی یاسادانان و یاساکان وەردەگیرێ.

ئەم پۆلێنکردنەی فیبەر وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارانەیە کـە لـە بـارەی کـۆنترۆڵکردنو ملکەچکردنی، واتە بە چ مەرجێك خەڵك ملکەچ دەبنو لەسەر چ ئامرازێك کۆنترۆڵکردنەکەی کە ملکەچیان دەکات دەوەستێ.

(جان ولیام لیبار) بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بۆ فیبەر بکات سێ شێوە دیاری دەکات کە هاوتەریبی دیاریکردنەکانی فیبەرن کە دەسەڵاتی دامەزراو کە زاراوەیەکی یاساییە هـەر وەك (بیردۆ) بەکاردەهێنێ.

لەو ڕوانگەیەوە کە دەسەڵات توانای ناچارکردنی هیی تر بێ لە چوارچێوەی ئەم ڕژێمە لـە پێوەندییەکانی نێوان تاکەکانو کۆمەڵەکان بۆ پیادەکردنی ئەمەش دەسەڵات تەنیا پەنا ناباتـە بەر زۆرەملێو خۆسەپاندن، بەڵکو سوود لـە داوونـەریتو سـرووتو ئاهـەنگ وەردەگـرێ بـۆ زامنکردنی بەردەوامبوونی نوێکردنەوەی ڕۆڵەکەی لە کۆمەڵدا.

تاك هەرکە دەسەڵات دەنوێنێ لەسەر هیی دیکە هەست بە باڵایی خودی خۆی دەکات کـە ویستەکەی بەسەر ویستەکەی ملکەچبووەکاندا کەوتووەتـەوە، (دی جوفنیـل) ئـەم حاڵەتـەی بەسەر تاك دادێ کـە دەسـەڵات دەگرێتـە دەسـت نـاو دەنـێ (منەکـەی حکـوومی)  **خرذحذ ذچس٫حذحرژحسس٫غ** ناوەڕۆکەکەشـی ئەوەیـە کـە دەسـەڵات نوانـدن لای کاربەدەسـتان هەستکردن بە باڵایی دەخولقێنێ، تەنانەت ئەگەر کاربەدەستەکە کەسێکی ئاساییش بێ، ئـەم خۆ بەزلزانینو باڵاییە بەڕاستی باوەڕێك بە پیرۆزمەندیی دەسەڵات دەڕەخسێنێ، تەنانـەت بـە پیرۆزمەندیی ئەوکەسەی کە ڕەفتار دەکات.

لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژییەکان هەموویان بێ هەڵاوێردن دووپاتی دەکەنـەوە جەخت لەسەر ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان دەسەڵاتو پیرۆزمەنـدیی دەکـەن.  بـۆ نموونـە فیرعەونییە ستەمکارەکان کە قووچەکانیان بۆ ئێمە جێ هێشتو وەك نیشانەی بۆ خۆپەرستیی زەقی ئەوانە، هەر خۆشـیان پێوەرەکـانی ڕووبـاری نیلیـان دانـاو جۆگـەی جۆباریـان لـێ داو زەویوزاری کشتوکاڵییان بۆ جووتیاران چاك کرد.

(دسنتی) نموونەی شاکارەکانی فۆکۆ هێنایەوە، ئەگەر لـە توانـادا نـەبێ باسـی دەوڵـەت بکرێ لە دووانەی دەوڵەت/کۆمەڵگە، کە دووانەیەکی گشتگیرییەو لە ئاکامـدا گـومڕاکردنو سەرلێشێواندنە.

ئایا بەڕاستی فۆکۆ یەکێك بوو لەوانەی کە فەلسەفە لە حاڵەتی نـەفیردان بـێو زمـان لـە پێگەی دیدەنیی سەرەتایی بێو خود توانای کاوێژکردنی هەبێ بۆ ئەوەی لە هەناوی ئێمەدا لە دەرەوەی سەردابەکانی ئەزەلو ئەدەبییەت مەعریفەت هەڵێنێ، نەك بۆ خوازیاری کەم شەرمی، بەڵکو بە چاوتێبڕین لە زۆر شەرمی و هەمە جۆرییەکـەی، بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی شـێوەکانی دەسەڵات سەپاندن. (لە گەندەڵترین کەلوپەلەوە بـۆ کوشـندەترین بیروبـاوەڕ، لـە شـتومەکی لەکارهێنانەوە بۆ ئامێرەکانی لەناو بردن، لە ئامرازەکـانی بەرهەمهێنانـەوە بـۆ پێڕەوەکـانی دەرەنجام). ئەم دەسەڵاتانەو هی تر چۆن (فۆکۆ) بیردەکاتەوە بە کرژبوونیانو بە دواداهاتنیـان ئایا بیر لە نەژادی هاوبەش و یەکـەم عیللـەتیان دەکاتـەوە، بـە دوای جەوهـەری دەسـەڵاتدا دەگەڕێ. یاخود هەوڵی دەسەڵاتی جەوهـەر دەدا، یـاخود تاسـەی هەڵتەکانـدنی دەسـەڵاتو جەوهەر پێکەوە دەکات؟ ئایا فۆکۆ هیچی نەکرد ئەوە نـەبێ کـە پرسـیارەکانی لـە جەرگـەی ((فەلسەفەی سیاسی)) دا کرد، بـە باسـکردنی تەنگوچـەڵەمەی دەسـەڵات، یـاخود خـۆی - دەستەواژەکە هیی (نیچە) یـە - جیهـانێکی دۆزییـەوە سـەراپای نیشـانەکانی دیارنـەبوون، جیهانێکی گەشاوە لە تاوی نەشونوماکردنی، لە بێستانێکی نهێنی دەکرد، کەس گومانی لـە بوونی نەدەکرد، تەنانەت بەس گومانکردن.

## ٢- لە وێنەی یاساوە بۆ گەمەی جەستەکان:

فۆکۆ لە دایەلۆگەکەی لەگەڵ فۆنتان دا دەڵێ: لە هیچ لایەکەوە نابینی، لە لای ڕاستەوە یا لە لای چەپەوە. دەکرا مەسەلەی دەسەڵات لە ڕاستەوە بخرێتە ڕوو بە فەرهەنگی دەسـتوورەوە نەبێ نەخرابووە ڕوو شەرعییەتو تاد کەواتە بە فەرهەنگێکی دادوەری و خستنەڕووی لـە لای چەپەوە بە واتاکانی دەزگای دەوڵەت بوو، بەڵام ئەو ڕێگایە کە لە ڕووی ماددییـەوە ڕەفتـاری پیدەکرا، بە درێژی بە خاسیەتمەندەکانی و تەکنیکارو تەکنیاتەکانی کەس بە دوایـدا عـەوداڵ نەبوو.

(فۆکۆ) زۆر خۆی ماندوو کرد بۆ نزیکبوونەوەی چەمکی دەسەڵات، بۆ داڕشتنی بە ڕوونی لە سایەی ڕەفتارکردنی سیاسی و تیـۆری خـەریکبوون بـە دایـەلۆگ لـە نێـوان ((ڕاسـت)) و

((چەپ))دا بۆیە پەنای بردووەتەبەر ئەو چەمکانەی کـە دەسـەڵات کـە پشـت یابـە نموونـەی یاسایی یا بە نموونە دامودەزگاو دەوڵەت چییە دەبەسـتن، کەواتـە پێویسـت بـوو لـەم ڕووەوە ڕەهەندەکانی پێناسەی دەسەڵات فراوانتر بکات، ئەگەر حەزمان بە بەکارهێنانی ئەم پێناسەیە بکردبایـە بـۆ لێکۆڵینـەوەی ڕوونکردنـەوەی خـود، ئەگـەر خـود لـە تـۆڕێکی پێوەندیـداری بەرهەمهێنانی و دەلالی وەرگیرابـێ، ئـەوە هـەروەها بەشـێوەیەکی تونـد لـە پێوەندییـەکانی دەسەڵات تـێ کـەوتووەو نـاتوانێ کرۆکـی خـود بزانـێ هەڵوەشـاندنەوەی ئـەم پێوەندییانـەو نیشاندانی چۆنییەتیی سمینی خودی مرۆیی نەبێ، بەڵکو بە نیشاندانی چۆنییەتیی پێکهـاتنی ئەو خودەی کە لە غەیری کرۆك یا خود بە کرۆکێك پێك هات پەیتا پـەیتا، بـەش بـەش لـەو شێوانەی کە نامۆبوون سەبارەت بەوەوە دەستی پێ کرد.

دەبێ ئێمە هەوڵی لێکۆڵینەوەی دەسەڵات بدەین، نەك لە ڕوانگەی خودی پێوەندی لە باتی ئەوەی کە ئەو ڕەگەزەکانی کارەکەی دیاری دەکەن، واتـە لـە ڕوانگـەی سـنووری سـەرەتاییی پێوەندی، خاوەن ماف، دەوڵەت، قانوون، سەروەری و بەم شێوە، پێوەندیی دەسەڵات پێوەندیی هۆکاری یاخود دال نییەو خودی دەسەڵات مەدلوولی دالێك نییە، خۆی ((بزوێنی یەکەمـە))، ئـەم پوختەکردنـەوەی خـود وەك ژێـدەرێكو لـە هۆکارییـەوە وەك ڕێچـکەی تێگەیشـتنو شـیکردنەوەی دەسـەڵات بـە پێـی - ژێـدەری دادوەری - گۆتـاری - بکاتـەوە کـە حـوکمی گریمانەکەی داپلۆسێنەر دەکات وەك چۆن حوکمی مەسەلەی حەق دەکات.

دەسەڵات تەنیا هێزێکی داپلۆسێن نییـە بەنـدبێ بـە قەدەغـەکردنو ناچـارکردن، ئەگـەر بمانزانیایە دەستەیەك لە ژوورەوە هاتووە، بە کردەوە نەماندەتوانی کارەکەی و دابەشـکردن لـە جەستەی تاکەکانو خەڵکدا بدۆزینەوە، هـەروەها هەرچـەند قـووڵو ژیربـاین، نەمانتـدەتوانی گەمەی ئەو ڕێساییانەی کە شێوەکانی دەرزدان لە جەستەی دەسەڵات دەڕوێنن، بزانین.

دەسەڵات لە ژێرخانـەوە دێ، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە لـە بنەڕەتـدا پێوەندییـەکانی دەسەڵات وەك مۆرکێکی گشتی نییە، ناکۆکیی دووقۆڵی هەمەلاییی نێـوان دەسـەڵاتدارو بـن دەسەڵات نییە... دەبێ ئەوە بزانین کە پێوەندییە هەمە جۆرەکـانی هێـز لـە دامودەزگاکـان دروست دەبنو کاردەکەن دەبنە هەڵگری ئەو دابەشبوونانەی کـە لـە لەشـی کۆمەڵایـەتی بـە کۆمەڵدا ڕوو دەدەن.

فوکۆ ئەم بۆچـوونەی لـەبارەی (سـێکس) لـە ویسـتی مەعریفـە پراکتیـزە کـرد، چـینە دەسەڵاتدارەکان سێکس سەرکوت دەکەن ڕێگای پێ نادەن بە دەگمەن نـەبێ کـە ببێتـە هـۆی

زاوزێ، فۆکۆ دژی ئەم بۆچـوونە بـە ڕەوتێکـی پێچـەوانە شـی دەکاتـەوە، کـە چـۆن خێزانـە ئۆروستوکراتی و بورژوازکان ئەوان پێشتر خولیای سێکسانی بوون، کە سەرپەرشتییان دەکـردو دەیانپارسـتو خۆشـیان دەکـرد بـۆ ئـەوەی ببێتـە سـێکس ((حشحتی چـینایەتییانەو جەستەیەکی چینایەتییانە، چونکە ناکرێ بوونی هۆشیارییەکی چینایەتی هەبێ، کە چـین وەك جەستە پێك نەیەت ((کەواتە بورژوازییەت بەوە دەستی پێ کرد بەو ئیعتبـارەی سێکسـەکەی شتێکی گرنگەو گەنجنەیەکی خێرا لەناوچووو نهێنییکە پێویستە بزانرێ.))

ئەوەی نێوان شارەکانی فوکۆ لەبارەی سێکسانە کۆدەکاتەوە، پێوەندییـە بـە جەسـتە، بـە مێژووەکـەی، بـەڵکو هـەروەها بـە مێـژووە ئـابووری - سیاسـییەکەی، لـە ئـەنجامی ئـەم کارتێکردنەی کە دەسەڵاتی سیاسی بە شیوەیەکی گشتی لەسەر ڕەفتار دەکات.

لە دەقێکدا فۆکۆ چاکی دەزانی (نیچە) لە بابەت ((جینالۆژیای ڕەوشت)) نووسیویەتی کە ڕەنگی باشتر لە ڕەنگ شین سەدجار سەبارەت بە جینالۆژیاوە ڕەنگی خۆڵەمێشییە، واتە ((ئەو بەڵگەنامەی کە دەکرێ لەسەر واقیعدا پراکتیزە بکرێن، بە کردەوە لە وشـەیەکدا هەیـە، کـە دەقی هێرۆگلیفییە لە تەواوەکەی، دەقی ڕەوشتکاریی مرۆڤایەتی لە ڕابردوودا، گومانی تێـدا نییە دەقێکی دژوارە)).

بەڕاستی ئەوەی فۆکۆ پێی باشە بەڵگەنامەو ئەرشیفە، بەڵگەنامەکە پابەندبوونمان نییە بە ڕابردووەوە، ڕەهایەکەی بپەرستین بۆ ئەوەی ببێتە ئایندە خوازی ئایندەو نموونەی ئاراستەکراوی هەنووکەی، بەڵکو بەڵگەنامە خودی جەستەیە، هەروەك لە پێوەنییەکانی دەسەڵات وەرگیراوە، چاڵوچۆڵی لێ دروست دەکات کە ڕەش نابێتەوەو دیوارەکانی بە نیشـانەیەك دەنەخشـێنێ کـە ناکرێ لەناو بچێ، جینالۆژیا بەوەوە ڕەسمکردنەوەی ڕیسـوایی و سـووکایەتییە کـە بـە چـاوی ئەمڕۆ پرسیارەکانی ئێستا مێژوو دەسمێ. وەسفی ئەرشیف تایبەتمەندیی دەسەڵات وەك ڕەفتار دەکرێو وەك ڕەفتارکراوە نەك وەك چۆن پێویستە ڕەفتار بکرێ دەردەخات.

ئەم دەسەڵاتە فۆکۆ ناوی ((دەسەڵاتی زیندەگی)) ی پێ دەبەخشێ، کە دەسـەڵاتێکە ئـەوە نییە وێنەی یاساو مەرگو سنووری بۆ دابنێ، بەڵکو خولیایەکەی ژیـانو زیندەوارانـە، ژیـان بەڕێوە دەباتو لە ڕێگای تۆیکارکردنی سیاسی جەستەی مرۆیی و سیاسەتی زیندەگیی خەڵك، جەستەکان ملکەچ دەکات.

دەسەڵاتی زیندەگی وەك فوکۆ لە یەکێ لە دەرسەکانی لە (کۆلێج دی فرانس) پێناسەی دەکـات ئەو شێوەیە کە هەوڵمان داوە لە وەتەی سەدەی هەژدەیەمەوە عەقڵانیەتی ئەو گیروگرفتانـە بکـەین

که چەند دیاردەیەکی تایبەت بە کۆمەڵێك زیندەوەر کە پێکهاتن وەك دانیشتووان دەخاتە ڕوو لە ڕەفتارکردنی حکوومی وەك ساغ و سەلامەتی و ڕێسایەکانی تەندروستی و ڕێژەکانی لە دایکبوون‌و تێکڕای تەمەن‌و خزمایەتی... هەموویان گیروگرفتن دەگەڕێنەوە سەر گرنگیی سێکس لە پێکهاتەی دەسەڵاتی زیندەگی، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە خودی خۆی لە بارەی سێکس تەوەرەبەند دەبێ، ئەوەش پێویستی بە شیکردنەوەی ((ئابووری سیاسی)) ی سێکس‌و پێکهاتنی وەك گرەوێکی تاکەکەسی و گشتی لە تۆڕی زانیارییەکان‌و دەسەڵاتەکان هەیە.

کەواتە دەسەڵات سنوورێکی ڕووت‌و قەدەغەیەکی گشتی و توندوتیژیەکی بەردەوام نییە، ئەگەر وابووایە ئەوە قەبووڵ نەدەکرا‌و ملکەچی لەخۆوە بۆ نەدەبوو، تەنانەت ئەو قسەیەی کە (بەکارهێنانی ڕەوا بۆ توندوتیژی) کە (ماکس فیبەر) دەریخست ناکرێ هەر دەبێ بمانگەڕێنێتەوە سەر ئەو بۆچوونەی (یاسایی - گوتاری) دەسەڵات.. کە یاسا بە شێوەیەك لە شێوەکانی توندوتیژی نواندن بە شێوەیەکی قەناعەت پێکەر لە قەڵەم دەدرێ. کە جیاکەرەکانی کۆمەڵایەتی و ئیمتیازات‌و نایەکسانی و شێوەیەکی ڕەوا ڕێگای یاریکردن بە یاساوە وەردەگرێ، بەڵام ئەوەی ئەم خوێندنەوەیە لەبیری دەکات ئەوەیە مولکداریەتیی ڕۆژئاوایی لە دەرەوەی یاسادا پێك نەهات، بەڵکو وەك چەند سیستەمێکی یاسایی ڕەخسان‌و دەسەڵاتی خۆیان بە پێی یاسا ڕەفتار کرد.

کەواتە ئەمە هەندێکە لەوەی فوکۆ دۆزییەوە لە ڕێژەکانی بۆچوونی دادوەریی دەسەڵات، کە ئەو کارەیە دەبێتە هۆی دامەزراندنی (شیکاری) ی دەسەڵاتی زیندەگی کە پێش دەکەوێ‌و چاودێری دەکاو بە دوای ژیانی بە کۆمەڵ‌و تاکدا دەچێت لە مادییەتەکەی بە پێی وردترین درێژ دادڕییەکانی. تەنیا فەرمان نادا، بەڵکو پێش دەکەوێ وەك بڵێی ئامادەی قوربانی دانە بە خودی خۆی لە پێناو ژیانی دانیشتووانی.

ئەم دەسەڵاتە ئەگەر دەوڵەتیش بە فراونترین شێوەی دەرکەوێت، ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەوڵەت هەموو شێوەکانی دەسەڵات دادەگرێ، تەنیا یەکێکە لە شێوەو دەزگا کلیانییەکەی، بۆ ئەوەی دەسەڵات وەك فۆکۆ دەڵێ فرەلایەن‌و دابەشکراو بێ لە هەمان کاتدا.

ئەم بەرنامەی شیکاریی دەسەڵاتە، کە فوکۆ لە جیاتی تیۆر لە دەسەڵات دادەنێ، لە ڕێگای کۆمەڵێك پێدراو کەرەستەی مێژووییەوە پێش دەکەوێ، واتە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەرشیف‌و نیشانە شوێنەوارەکان بۆ ئەوەی لە سێکس بکۆڵێتەوە دوور لە یاساو لە دەسەڵات دوور لە پاشا.

### ٣- دەسەڵات وەك ڕەفتارکردن یاخود دەسەڵاتخواز بە فۆرمەلەی جەنگی:

فوکۆ بایەخ بە توێژینەوەی نەژادی دەسەڵات یاخود هۆیەکانی نادا، بەڵکو لەوانەیە زۆر چاك بزانین کە فوکۆ قێزی لە بیروباوەڕی نەژاد دەبێتەوە، نەژادی ونبوو، یاخود گەڕاوە لای ئەو ئەرکی مێژوو لە بواری هزردا، ڕاپەڕاندنی ئامێرو هەڵگرتنی پەردەکانە، نەهێشتن یا گەڕانەوەی پەردە هەڵدڕاوەکانە. چونکە دەبێ گریمانەی ئەوە بکرێ کە نەژاد هەردەم هەیە بەر لە دەسەڵاتو دارمان، بەر لە جەستە بەر لە جیهانو زەمانە. وازهێنان لە نەژاد لە هەمان کاتدا داهێنانە لە کرۆكو جەوهەر، فوکۆ پرسیارێکی نەکرد: دەسەڵات چییەو خۆی پێوە خەریك نەکرد، بەڵکو لە وەڵامدانەوەی کرۆکی دەسەڵات خۆی بە دوور دەگرت بۆ ئەوەی توێژینەوەکەی بەرەو شیکردنەوەو وەسفی کاریگەرییەکانی و ئەنجامەکانی و چۆنییەتیی ڕەفتارکردنییان بەرێ.

ئەم ڕەفتارکردنە پێویستی بە قوتکردنەوەی تیۆر نییە لە دەسەڵات بە قەد ئەوەی پێویستی بە خستنەڕوویەکی وەسفی، شیکاری هەیە خاسیەتەکانی دەسەڵات دەردەخات.

دەسەڵات شتێك نییە دەست بکەوێتو بسێنرێ یاخود دابەش بکرێ. شتێکە پاوەنی دەکەین یاخود لێی دەگەڕێین لە دەستمان دەربچێ، لە ڕوانگەی چەند خاڵێکەوە کە نایەنە ژماردنو لە جەرگەی پێوەندییە جووڵاوەکان نەك ناهاوتایەکان ڕەفتار دەکرێ.

ئەمە سیمای پێوەندیداری دەسەڵاتە کە کتیبی (چاودێریی و سزادان) ئاماژەی بۆ کرد کە دواگەڕان بە دوای (میکروفیزیاوی) دەسەڵات دوا، واتە گەمەی جەستەو دەزگاو پێگەو تەکنیکارو تۆڕی پێوەندییەکانو ململانێیە بەردەوامەکان... لە شێوەی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی کە ڕێ لە تێگەیشتنی دەسەڵات دەگرێ کە تەنیا پێوەندیی نێوان دەوڵەتێکی دەسەڵاتدارو هاووڵاتیی ملکەچە. یاخود کورتکردنەوەی دەسەڵات بۆ تەنیا کۆنترۆڵکردنێکی چینایەتی، چونکە خودی چین ناکرێ دەسەڵات بسەپێنێ ئەگەر وەك چینێك پێك نەیەت.

زۆرجار فوکۆ وشەی (ئیستراتیژییەت)بەکاردەهێنێ، بەڵام زۆر کەم دیار دەکات، وەك بڵێی پێویستە بێ بەڵگە نەویست ڕوون بێ لەبەر زۆر بەکارهێنانی، بەڵام فۆکۆ تەنانەت کە دیاریشی ناکات ئەو لە چوارچیوەی تۆڕێك چەمك کە بەرەو درك پێکردنی دەبا بەکاری دێنێ وەك نەخشەکێشانێکی گشتی، مەبەستو هۆکارە زیاتر سەرکەوتووەکان لە هەموو مەیدانەکانی ململانێدا لەگەڵ بەجێهیشتنی نەخشەکە بە کراوەیی بۆ خستنەڕوو

قابیلبوونی بۆ گۆڕانو گۆڕانی پێگەو ڕێبازەکانی وێڕای مەبەستی ڕەوتەکە.

ئەم پێناسەیە مەنهەجی ئیستراتیژیەتە نزیکە ببێتە پڕاگماتی لە سووربوونی لەسەر هۆکارو ئامرازو مەبەستەکان وەك بلێی بواری سیاسەت جێ دێلێ بۆ بواری شەڕ، فۆکۆ لە مێژوو کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاواو کولتووریان بێ ئاگا نییە لە (میکیا ڤیللی) و (نیچە) بێ ئاگانابێ، بەڵکو تا ئەوپەڕی سنوور واقیعیەتی سیاسیی میکیا ڤیللی دەنرخێنێ، کە ڕوداوی سیاسی لە ساختەی باسکردنی ڕەوشتکاری لە ئارادابوو دەرباز کرد، پەسندی ئەوەی کرد کە ئێمە ئەمڕۆ ناوی دەنێین (تەکتیك) کە بەشێکە لە ئیستراتیژییەت میکیاڤیللی سەیری سیاسەتی کرد بەو سیفەتە شەڕگەیە، بەو سیفەتەی ململانێیەکی بەردەوامە لە پێناو دەسەڵاتدا، هەموو سیاسەتەکان بە ئەندازەی ئەو، سیاسەتەکانی دەسەڵاتن.

ئەگەر فوکۆ چەمکی ئیستراتیژییەتی دیاری کردووە بۆ ئەوەی چەمکێکی دینامیکی زۆرانبازی بۆ دەسەڵاتمان پێ ببەخشێ، ئەو هەر لەبەر ئەوە بوو کە دەسەڵات لەسەر فرەلایەنیی پێوەندییەکانی هێزەکان، لە هەمەجۆری و گرژی و ناهاوتاییان دەوەستێو هێزیش لای فۆکۆ نە نێگەتیفێکی پوختەو نە خراپەیەکی بەردەوام، هێز تەنیا توندوتیژیی تێکشکانی هاودژی عەرشی عەقڵی دامەزراو و یاسادانەری حەقیقەتو پیاوەتی نییە وەك کولتووری میتافیزیقی بەرەو پێش بردن، هێز، ئەو هێزەیە بڕوای بە خودی خۆی هەیە، بە زیرەکی، بە تواناو تێکشکانی بۆتەکانو ئارەزویەکی سەرکێشانە لە ژیانو بەهێزکردنی هەرچی هەستی پێ دەکرێ بە ژیانو هێزەکەی و خێروبێرەکەی، هێز جوانکاری و شێوازی بوونە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی سیاسیشەوە بە توندوتیژی و زۆرەملێو تاکڕەوی خۆی بنوێنێ.

پێوەندیی نێوان دەسەڵات و بەرگریکردنی، پێوەندییەکی دەرەکی نییە، بەرگری لە دەرەوەی دەسەڵاتدا نابێو ئەگەر دەسەڵات یەکگرتوو نەبێ، هەروەها ئەو خەباتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەرگری دەنگدانەوەی میکانیزمە کاریگەرەکانی دەسەڵاتن، وەك چارەنووسێك توانای لێ دەربازبوونی نییە، ئەوانەی دەسەڵات سوودیان لێ وەردەگرێ، دەتوانن ڕێنمایی دەسەڵات بکەن دژی خودی خۆی، چونکە ئامانجەکانی دەسەڵات دیارنەکراون بە چۆنییەتیەکی پێشینە لە دڵنیاییی ماقووڵی مێژوویی و ڕێسایەکانی چەسپاونین کە بزاڤ نەچێتە ناوی و ململانێیەکان نەیهەژێنن، مێژوو خۆی

گەمەیەکە لە ڕێساکان. ئەگەر (هیگڵ) مێژوو بە فێڵی عەقڵ دابنێ، ئایا دەسەڵات بە فێڵی مێژوو دادەنێین، ئەو فێڵەی هەردەم سەرکەوتنی بۆ هەیە؟ ئەوەی بۆچوونی ئەم قسەیەی هەبێ خۆی نەزان دەکات لە ئاست مۆرکی پێوەندیداری پێوەندییەکانی هێز، گەمەی گەورەی مێژوو لەوکەسەدا خۆی دەنوێنێ کە ڕێسایەکانی دەست دەکەوێو دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و بە واتایەکی پێچەوانە بەکاریان دەهێنێ.

ئەم قسەیە بێگومان دەقێکی ناوداری (ڕۆسۆ)مان بیردەخاتەوە لەبارەی مافی بەهێزتر، کە ستەمکار، یاخود دیکتاتۆر، تاکڕەوی و دەسەڵات سەپاندنی نایەتە دەست بە قەد ئەوە نەبێ کە خۆی بەهێزترە... ئەو فیتنەی بە کوشتنی سوڵتان بە خنکان یاخود لەسەر تەخت لابردنی، کارێکە هەمان شەرعییەتی هەیە کە کارەکانی سوڵتان دوێنێ لە ژیانی خەڵكو ماڵو موڵکی ڕەعییەکاندا هەبوون، ئەگەر ڕۆسۆ لە ڕوانگەی مافی هێزەوە سەیری دەکرد کە هێزی هەق دادەمەزرێنێ، ئەوە لای فۆکۆ هەقی هێز نێگەتیڤ نەبوو بە تەواوی، بەڵکو خاکی لە دایکبوونی مێژوو بوو. لەبەر ئەوە گەمەکە هێشتا کۆتاییی نەهاتووە، هیوایەکە ڕێگا پێدراوەو شەڕەکە ئایندەییە، بەڵام بە گەشبینییەکی کاڵ، چونکە دەبێ خەباتەکان وەك خۆیان لە قەڵەم بدرێن نەك دەبێ چۆن بن، خاڵەکانی بەرگریی فرەلایەن بە جووڵەو گوازە گوازن و (گومانی تێدا نییە کە ڕیکخستنی ئیستراتیژیی ئەم خاڵانەیە کە وا دەکات شۆڕش بکرێ، هەروەك چۆن دەوڵەت پێوەندییەکانی دەسەڵات دەخاتە پاڵ دەزگاکان.)

شیکاریی فۆکۆ بۆ پێوەندییەکانی نێوان خەباتەکانو دەسەڵاتەکان، دەکرێ تێیان بگەین بێ کورتکردنەوەیان وەك پیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتو ئازادی. پێوەندیی نێوان تەنیا پێوەندی کوێلایەتی نییە، بەڵکو پێوەندییەکی فرە لقە. دەسەڵات نامۆیە، بەوەی کە ئەنجامی پێوەندی و کۆبوونەوەیەو ئازادی بەر لە کۆبونەوەیە، پلەی سفری هەر کۆبوونەوەیەکی دەکارێیە، واتا دەسەڵات تەنیا بەسەر خەڵکی ئازاد ڕەفتار دەکرێ، ئەوەش نابێ بە ڕێگای داننانو بەهیتر بێ کە هاوتای منەکەیە ((لۆك لە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام بۆ ئەوەی داننانکە ببێ، دەبێ خاوەنی خودی خۆم بم لە پێشەوە تاکو مافی موڵکداریەییتی ئەو شتانەم هەبێ کە هێزی کارکردنم دەتوانێ وەبەریان بێنێ، لێرەدا بابەتی دابەشکردن لەگەڵ خەڵکانی تر دێتە ناوەوە کەواتە پێوەندیی دەسەڵات بە ئازادی لە بوارەکانی کارو توانای دەستێوەردانو هەڵسوکەوت کردن بە فەرمانو دەنگەوە هاتن

دەبێ. لەم حاڵەتەدا ئازادی وەك مەرجێكی بوونی دەسەڵات سەرهەڵدەدات، بەڵام دیسانەوە سەرهەڵدەدات كە هەر دەبێ بەرگریی ڕەفتاری دەسەڵات بكات كە لە ئەنجامدا ڕوودەكاتە دیاریكردنی ئەم ئازادییە بە گشتی.

**سەرچاوە:**

المعرفة والسطة، میشال فؤكؤ، عبدالعزیز الصیادي، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع - ١٩٩٤، بیروت. بەشي دووەم ل ٤٢ - ٧٠.

# چەند زانیارییەکی فەلسەفی لە ڕوانگەی فۆکۆوە

## ١ - لە میتۆددا:

(نیچە) لەبارەی ((زانیاریی شاد)) ی نووسیوە کە ((تا ئێستا شتێك نییە تایبەتمەندیی بە بوون دابێ، دوای مێژووی مولکایەتی هەبێ، ئایا مێژوویەك هەیە بۆ خۆشەویستی، بۆ چلێسی، بۆ ئێرەیی، بۆ هۆش، بۆ بەزەیی، بۆ دلڕەقی؟ بەلکو تا ئەمڕۆ بوونی تەنیا مێژوویەکی بەراوردکاریی یاسا تەنانەت بۆ سزاش نییە)) ڕەنگە بەلای زۆر کەسەوە سەیربێ کە نیچە ڕقی لە مێژووو مێژوونووسان دەبووەوە، بەلام ئەو سەیرو سەمەرەیە نامێنێ ئەگەر بزانین ئەوەی خەوشی لێ دەگرێ لەوانەی پێیان دەلێ پیاوانی مێژوو ئەوانەی لەو باوەڕەدان کە مانای بوونی پەیتا پەیتا لە ڕێگای پێشکەوتنەوە دەردەکەوێ.

کەواتە مێژوو گێڕاندنەوەو دووپاتکردنەوە نییەو تۆمارکردنێکی کرنۆلۆژی نییەو گۆڕانێکی هێلداری نییە مانای شاردراوە ئاشکرا بکات، بەلکو چەند چالێکی بێدەنگی و بەتالی و پرسیاری گومڕایی بە لەغزو گوێ لێ بوونی لە بیرکراو و ڕووکردنە ئەوەی مێژوو لەبیری دەکاتو ئەو مێژوونووسانەی کە نازانن وێڕای زانیاریی مێژووییان کە بیروباوەڕ و کردەوەکانیان دوورن لە مێژووەوە.

((فۆکۆ)) لە وەتەی سالی ١٩٧٢وە لە (سیستەمی گوتار) ئاماژەی دژوار، بگرە ڕەنگە بیهوودەیی چوونە ناو ئەو گوتارەی پێوەندیی بە ژیانی سێکسییەوە هەیە، بێ ئەوەی کە ئاماژەی بۆ کرد بۆ سالی ١٩٧٦دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مەلبەندی بایەخدان بڕەخسێنێ لە کتێبەکەی (ویستی زانیاری)، کە بایەخدانێکی مێژووییە بە پلەی یەکەم و، بەو مانایەی کە تێیدا مێژوو توانای لێکدانەوەی دەڕەخسێنێ، فۆکۆ دەلێ ئەو پرسیارەی حەزدەکەم دای بنێم ئەوە نییە: لەبەرچی ئێمە سەرکوت کراوین، بەلکو بۆ ئێمە دەلێین لەبەرچی ئێمە بە هەموو توندی و بە هەموو ڕقێکەوە دژی ڕابردووی نزیك و، دژی ئێستامان و، دژی خودەکانی خۆمانین، ئێمە سەرکوت کراوین، بە چ پەناو پێچێك گەیشتینە قسە بە ڕەتکردنەوەی سێکسو نیشاندانی کەچی ئێمە دەیشارینەوەو قسە ئێمە کپی دەکەینو کەچی ئێمە لە قسەیەکی ڕووندا دای دەڕێژینو باس لە بەدەرخستنی لە واقیعی خۆی دەکەین، ڕووت ترو دووپاتکردنەوەی لە ئیجابییەتی دەسەلاتو کارتێکردنەکانی.

باسەکەی فۆکۆ لە تیشکۆی مەڵبەندیی بایەخدانی بە سێکس لە سێ تەوەرەدا خۆی دەنوێنێ: یەکەمین گۆڕانە لە سومبولیەتی خوێندنەوە بەرەو شیکاری سێکسایەتی و دووەمیان هەڵگێڕانەوەی پێوەندیی گریمانییە ئاساییی لەنێوان سێکس‌و ملکەچی بۆ مێژووی سەرکوتکردن و، سێیەم گۆڕانە لە گریمانەی سەرکوتکردنەوە بۆ بیرکردنەوەی سێکسایەتی لە شێوە هەمە جۆرەکانی بە پێی تەکنیکارەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە هاوچەرخییەتی.

## ٢ - لە خوێناوییەوە بەرەو زیندەگی:

(ساد)وە بیرمان دەخاتە کە ناکرێ سنووری یاسا ببڕی لە ڕێڕەوی ئاژاوە نەبێ وەك دەزگایەك‌و ئاژاوە لەنێوان دوو سیستەمی یاسا نەبێ دانامەزرێ. ئەوەی ساد دەیڵێ بەو پێیەیە کە ئاژاوە دابڕی نێوان دوو سیستەمی یاسایەو ئەوەی فۆکۆ لەبارەی ساد دەیڵێ بەو ئیعتبارەیە کە دابڕی نێوان دوو سەدەیە یاخود بە دەربڕینێکی وردتر، نێوان دوو ئەبیستیم لەوەی کە دەبێتە گەواهی گۆڕان‌و هاوچەرخی گواستنەوەیەکی جۆری لە پانتاییەکی کۆمەڵایەتیدا، دەسەڵات بە کردەوەو سیمبولانە لە ڕێگای وابەستەکانی خوێن کاری تێ دەکات، تا کۆتاییی دەسەڵات سێکسانە پێڕەوی دەکات.. خوێن ماوەیەکی زۆر ڕەگەزێکی گرنگ بوو لە میکانیزمەکانی دەسەڵات، لە داوونەریت‌و سرووتەکانیدا، ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەی خوێنە، بەڵکو کۆمەڵگە وابەستە خوێناوییەکانە، کە پیاهەڵدانی شەڕ و ترس‌و لەرز لە برسییەتەکان‌و سەرکەوتنی مەرگ و هەڵکێشانی شمشێر لە لایەن سوڵتانەوە و، جەلادەکان‌و جۆرەکانی داپلۆسین، دەسەڵات لە ڕێگای خوێنەوە دەدوێ کە واقیعێکی خاوەن وەزیفەیەکی ڕەمزییە، لە ڕاستیدا خوێن تاکە هۆکارو سنووردار نییە لەم فۆرمەی لە مومارەسەی دەسەڵات و یەکێکە لە فاکتەرە گەلی خاوەن بەهای بنەڕەتی و فیعلی لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی، کە ستوونی و ئاسۆییە لە پەیوەندییەکانی خزمایەتی و سیستەمەکانی ژنهێنان‌و پۆلێنکردنی ڕەچەڵەکایەتی و هەروەها لە دیاریکردنی پێگەو پلەوپایەو شێوەی دەسەڵات کاردەکات وەك بڵێی خەڵك گیانیان لەسەر دەستە هەموو دەم ئەوە هەڕەشەکردنی بەردەوامی مەرگە کە بابەتی دەسەڵات‌و شوێنەکەیەتی. مەرگ بۆ ئەوانەی شمشێرەکانیان هەڵناکێشن‌و بۆ داکۆکیکردن لە سوڵتان، کەواتە ئەو مافەی سوڵتان لە ژیان‌و مەرگی ڕەعییەکانی بەندە بە ژیانی و ڕەوابیەکەی کە لەیاسادا دەبینێ، ناکرێ هەر دەبێ چەکدار بێ‌و چاکترین چەکشی بەشیوەیەکی ڕەها مەرگە، کە هەرنەبێ بە کەمی هەڵی دەگرێ وەك هەڕەشەیەکی ڕەها لە ڕووی هەر کەسێ سنوورەکەی دەبڕێ.

**سەرچاوەی یاسا هەردەم شمشێرە:**

ئەوەی فۆکۆ نیشانی دەدا تایبەتە بە شەڕ و خۆکوشتن بۆ نموونە، پێش‌و دوای سەدەی نۆزدەم، شەڕ پاساوەکانی خۆی دەدۆزییەوە، پێش ئەو مێژووە لە داکۆکیکردن لە ژیانی سوڵتان، بەڵام خۆکوشتن بە تاوان لە قەڵەم دەدرێ، چونکە پێشێلکردنی مافی مەرگە کە ڕەفتاری کردنی وەك مافێکی سوڵتانی - سەر زەوی، یاخود ئاسمانی و کەسی تر نا. بەڵام ڕەهەندی چوارەم لە نیشاندانی چەسپاندنی دیکتاتۆرییەت لە سێبەری یاسادا خۆی دەنوێنێ.

ستەمکار بە زمانی یاسا دەدوێ‌و هیچ زمانێکی تری نییە، ڕەنگە ئەوەبێ کە نازییەت‌و فاشییەت لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا بەرجەستەیان کردبوو، لە دەرەوەی یاسا یان دژی کارناکات، بەڵکو خودی ستالینیەت لەم ڕێسایە دەرناچێ لە دیدی فۆکۆوە، ئەوەی فاشیەت‌و ستالینیەت دەیانکەنە دوو جیاکراوە، ئەوەیە‌و هەردووکیانە بە تەواویەتی نوێ نین، وێڕای تایبەتمەندیی مێژوویییان، ئەوەبوو فاشیەت‌و ستالینیەت میکانیزمی هەبوو لە ڕاستیدا زۆربەی کۆمەڵگەکانی تری هەبوون بەکاریان هێناو بڵاویان کردەوە.

کەواتە هێشتا ڕەمزیەتی خوێن و یاسا کارتێکردن‌و بەردەوامبوونی ئیشەکەیان هەیە، ناکرێ گوێ بە قورسایی و گرنگیی مێژوویی ئەوەی کە ((دەسەڵات لە ڕێگای ئەودا)) دەدوێ، نەدرێ، هەروەها ناکرێ ئەو گیروگرفتە میتۆدییانەی کە ڕەمزیەتی خوێن و یاسا دەیانخاتە ڕوو، پشتگوێ بخرێن.

ڕەنگە شیکاری دەروونی فرۆید بە تایبەتی شایەنی ئەوەبێ، کە نەیتوانی تەنزیر بۆ سێکسایەتی بکات بێ ئەوەی ناچاربێ کە شارەزاییی تەواوی هەموو دەزگای چەمککاری و ڕەمزیی سەدەی کلاسیکی هەبێ.

لێرەدا تەقەلای فرۆید بۆ کردنی یاسای هاوسەرییەتی و یاسا بۆ بنەمایەك بۆ سێکسایەتی و یاسایی پارەدانە و یاسای باوکە، بە کورتی ئارەزووکردنی زانینی هەموو سیستەمی کۆنی دەسەڵاتە.

لە ڕێگای منداڵ بوون‌و تەندروسیی کۆمەڵایەتی و چاودێریی سێکسایەتیی منداڵان‌و ملکەچ کردنی سێکسی ئافرەت‌و لەشی بۆ چاودێری پزیشکی و باسکردنی پتەوکردنی دەزگای خێزانداری و سەلامەتیی کۆمەڵگەو پێشخستنی ڕەچەڵەکایەتی و تۆمارکردنی لادانەکان کە بوونە مایەی گوتاری هەمەجۆری. چوونە ناو یەك ململانێیە سیاسییەکان ئەگەر ئەم فۆکۆ شتێکی پێك هێنا کە ناوی نا (دەسەڵاتی زیندەگی) کە دەسەڵاتێکە ژیان جێگەی ماف

دەگرێتەوە وە گژویێك بۆ ململانێیانە تەعبیر لە خودی خۆیان بە ناوی مـاف بکـەن وەك مـافی ژیـانو لـەشو تەندروسـتی و بەختـەوەری و ئـارەزووتێرکردن و، مـاف لـەو دیـویی هـەموو شێوەکانی داپلۆسین یاخود نامۆیی لە بەخودی خۆمان گەیشتن.

ئەگەر مرۆڤ لە ئەرستۆوە وا پێناسەبکرێ کە گیانلەبەرێکی سیاسییە، واتە بوونـەوەرێکی زیندووە توانای بوونی سیاسیی هەیە، ئەوا مرۆڤی نویێ گیانلەرێکە لـە سیاسـەت ژیـانی وەك بوونەوەرێکی زیندوو لە جێی پرسیارێ دادەنرێ، کەواتە دەلالەتی مێژوو لەو سـەردەمەدا لـەم هاوسەرییەی نێوان ژیانو مێژوو لە ئارادایە کە ژیان پێگەیەکی دووفاقی داگیردەکات.

## ٣ - لەشو ئارەزوو:

لە کاتێکدا بۆچوونی فیزیکی میکانیکیی ژیان لە ئارادایە، هیچ ڕێگایەك نییـە ڕەفتـاری ڕێبازی پێچەوانە نەبێ، با جەستەی میکانیکی قووتمان بدات، کە لە دەرەوەیدا هیچ شتێك بە چاکی ناهێلێتەوە لەوەی ئامێری بەرجەستەکراو قووتمـان بـدات، بـەلام لـە هـەردوو حاڵەتـدا ناتوانین یاری بکەین، نە بە جەستە - بووکەشووشە و، نە بە بووکەشووشەی زینـدوو، چـونکە جەستە گەمە نییە، بەڵکو شوێنی وەسوود هێنانە، جا جەستەکە جەسـتەی سروشـت بـێ یـا کۆمەڵ یاخود تاك. دەسەلاتیش بەسەر ژیان لە سەدەی حەڤدەمەوە، لە ڕێگای چەقبەستنی لە جەسـتە - ئـامێر - جـۆر لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەمـەوە پـێش کـەوت، ئـەویش بـە تەرخانکردنی جەستەو گەشەپێدانی تواناکانی و سوود لێوەرگرتنیانو زیـاتر ملکەچـکردنی و سوودی و لە هەمان کاتـدا تێکـەڵکردنی لـە سیسـتەمەکانی چـاودێریی سـەرکەوتووو کـەم خـەرجی، بـەلام جەسـتە - جـۆر وەك ڕێسـایەك بـۆ ڕەفتـاری بایـەلۆجی بـۆ دیـاریکردنی گۆڕانکارییـەکانو لـە دایکبوونـەکانو تێکـڕای مردنـەکانو ئاسـتی تەندروسـتی و تێکـڕای تەمەنەکان، بەلام دەستێوەردانی لە جەستە - جۆر - لـە ڕێگـای زنجیرەیـەك چـاودێریی وردی بەرجەستەکراو لە (سیاسەتی زیندەگیی دانیشتووان)دا دەکرێ، بایەخدان بە جەسـتەو سـاغ و سەلامەتی و درێژی تەمەنو توخمی چینە دەسەلاتدارەکان دەبێ. بەلام گۆڕان لە مەرگەوە بـۆ ژیان بەڵگەو نیشانەی مرۆڤخوازیی دەسەلات نییە، ئەوە بابەتێکە فۆکۆ بەرەو پێشی بردوو بە درێژی لە (چاودێری و سزا)دا شی کردەوە، کە ئەو گۆڕانەی لە ئەشکەنجەو دەستو پێ بڕینی و خوێنڕشـتنی خـەڵك نیشـاندا، ئـەم بـە شـانوییکردنە تیـژەو سـرووتییە ئاهـەنگ ئـامێزیی ئەشـکەنجەدان بـۆ دەسـەلاتێك چـاودێری دەکـاتو هەڵێدەسـەنگێنێو بەنـد دەکـات سـوود

وەردەگرێ، فۆکۆ ئەم دەسەڵاتەی شیکردەوە، ئەم چاودێریکردنەی بە زنجیرە بەرەو سەربازگەو بەندیخانەو کارگەو قوتابخانەکان درێژ دەبوونەوە بۆ ڕەخساندنی چاودێری و دەسەڵات سەپاندنو بەرهەمهێنان لە هەمان کاتدا.

کار لە جەستەدا وەك فۆکۆ لە (ویستی زانیاری) دا جەختی لەسەر ئەو دابڕینە مەعریفییەو مافپەروەری و عەمەلییە دەکاتەوە، کە دەسەڵات ئیدی بە ناوی ژیانی پاشاو دۆستەکەی ناکوژێ، بەڵکو بەناوی ژیانی هەمووان، واتە بەناوی جۆر و ڕەگەزەو بوونی بایلۆجیی خەڵك، ئەمەش ڕاڤەکردنی شەڕ و هۆیەکانیەتی.

فۆکۆ لە (ویستی زانیاری) دا لە ڕووکەشیی ئەو دووانییە دوا کە ئارەزوو تەنیا دەکاتە ئارەزووی پاڵنانو وزەیەکی زیندەگی بایلۆجی کە لە ژێرەوە دێ، هەروەها ئەوەی ڕوون کردەوە کە فاشیەت تەنیا فاشیەتی مێژوویی نییە، فاشییەتی هیتلەرو مۆسیلینی کە زانیی چۆن ئارەزووی جەماوەر ئامادەباشی دەکاتو بەکاری دێنێ، بەڵکو هەروەها ئەو فاشییەتە دەگرێتەوە کە لەناو هەمووماندا شاردرایەوەو لە عەقڵ و ڕەفتاری ڕۆژانەماندا نیشتەجێ بووە، ئەو فاشییەتەی وامان لێ دەکات دەسەڵاتمان خۆش بوێو ئارەزووی هەمان شت بکەین کە کۆنترۆڵمان دەکاتو سوودمان لێ وەردەگرێ)).

جەستە گۆڕەپانی تۆمارکردنی ڕووداوەکانە، بەڵام ئەوە زمانو نیشانەو بیروباوەڕەکانن کە ڕووداوەکان دەتوێننەوەو لە ناویان دەبەن.

کەواتە بایەخدان بەجەستە لە ڕێگای چوونە ناو گەمەی دەسەڵاتداری کە مێژووییانە وەك ئیستراتیجیەت لە ئارادایە دێتە کایەوە. وەك دی لوز دەڵێ: کە دەسەڵات دەبێتە دەسەڵاتێکی زیندەگی، بەرگری دەبێتە دەسەڵاتی ژیان، سەبارەت بە فۆکۆو نیچەوە لە خودی مرۆڤدا دەبێ بە دوای کۆی ئەو هێزو وەزیفانەدا بگەڕێ کە بەرگری دەکەن. فۆکۆ دەڵێ دارشتنی تیۆرییکی گشتی بۆ دەسەڵات لە سەدەی نۆزدەم فەلسەفەی (ئایدیۆلۆژیستەکان) تەعبیریان لێ کرد، ئەویش بە مانای سنووردارییی ئایدۆلۆجیا لە ڕووی ئەوەی کە زانینی بیرۆکەو هێماو دروستبوونی تاکیی هەستەکانە، ئەم ئایدۆلۆجیایە پێوەندیی بە پانتایی مەعریفییەوە هەیە ئایدلۆجیا لە بواری بۆچووندا بە گشتی بە شێوەیەکی بڵاوەیی لە کۆی دەگەڕێ. بە جۆرێ کە دەبێتە بواری تیۆری کە تیایا هەردوو دەم (دەسەڵات - زیندەگی) جیا دەبنەوە، مەبەستیش دیسپلینو تەنبێکردنی جەستە، ئامێرە و، ڕێکخستنو بە دواداچوونی جەستە - جۆرە.

## ٤ - زانستی سێکس:

ئێمە بە ئاسایی لە سێکس دەدوێین نەك لە سێکسایەتی و زۆرجار بە بەڵگەنەویست لەو باوەڕە داین کە سێکس وەك بەخشینێکی بایەلۆژی، بەڵکو مادیەتو واقیعییەکەی دووپات دەکەینەوە کە فۆکۆ ڕەتی دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتکاری و چوونە ناو یەکە ئاڵۆزە - نەك بە دوای یەکداهاتن یاخود پێشکەوتن - لەنێوان مێژووو بایلۆجی نیشان بداتو بیرۆکەی (سێکس) ڕوون بکاتەوە کە مێژووییانە دروست بووە، گرەوی فۆکۆ گرەوێکی مێژووییەو پڕۆژەی مێژوویی بۆ جەستە مادییەو بۆ مادییەتی دەسەڵاتە کاریگەرەکانە لە زیاتر زیندەگییەك لەو جەستەیەدا، فۆکۆ بۆ ئەوەی دەچێ کە بیرۆکەی سێکس مێژووییانە پێك هات و - لە نزیك ئێمەدا لە بێژەی سێکسایەتی.

((ئێمە سێکسایەتی لە سەدەی هەژدەمو سێکس لە سەدەی نۆزدەمەوە دەزانین، بێگومان بەر لەوە شەهوەتمان زانـی، کـە بـەلای فۆکـۆوە ئـەو بایەخدانـە وەك بابـەتی دەروونناسـی و شیکردنەوەی دەروونی بە تایبەتی بوو، دژی ئەوانەی جـەخت لەسـەر سـێکس دەکەنـەوە وەك واقیعو سێکسایەتی وەك وەهم، فۆکۆ پێچەوانەکەی دەسەلمێنێ. ((کە سـێکس مێژووییانـە ملکەچو سەر بە سێکسایەتییە، نابێ سێکس لە ڕیزی واقیعو سێکسـایەتی لـە ڕێـزی وهـمو بیروباوەڕی تەماوی دابنرێ، سێکسایەتی وێنەیەکی مێژوویی زۆر واقیعانەیە)).

کەواتــە بەڕاســتی سێکســایەتی کۆمــەڵێك کارتێکردنــە کــە لــە جەســتە و ڕەفتــارو پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دێتە کایەوە بە کار کردنی دەزگایەك کە بۆ تەکنیکاریی سیاسیی ئاڵۆز دەگەڕێتەوە.

لە ڕابردوودا جموجۆڵو چالاکیی سێکس زۆر بوو، تا ڕادەیەك دووپات کردنەوەی بێزاربوونو جۆری. بێ ئەوەی ئەو پێشکەوتنێکی تەریبی تایبەت بە تێگەیشـتنی سـێکسو بیرکردنـەوە لێی لەگەڵدا بێ سێکس لە سەدەی هەژدەمەوە بووە شتێکی گشتی لە تۆمارەکانی زانیـاری و دەزگاکانی دەسەڵات زیاتر بایەخی پێ درا، دەبێ بایەخی پێ بدرێ، چاودێری بکرێو بـە گـەڕ بخسترێ.

کەواتە دۆزەکەمان بەند نییە بە دەربازکردنی سێکس، بەڵکو خۆپارستنە لە سێکسایەتی، واتە ڕوونکردنە خۆ ڕۆشنبیرکردن، ئەمەش سوێند بـێ دەلالـەت لـە پڕۆژەیـەکی ڕەوشـتکاری شیاوی بەدوا داچوون دەکات.

## ٥ - ڕەوشتكاری و ئێستێتیكا:

فۆكۆ لە دیمانەیەكدا لەگەڵ دریفوسی و رابینـوف بـە ڕاشـكاوی دەڵـێ كـە (ڕێكخسـتنی گشتیی ئەو كتێبـەی لـەبارەی ژیـانی سێكسـایەتی دانـدراوە مەڵبەنـدی لـەبارەی مێـژووی ڕەوشتكارە، ئەم مێژووەش بایەخ بە چـوار مەسـەلەی بنـەڕەتی دەدات، فۆكـۆ نـاوی دەنـێ: (جەوهەری ڕەوشتكاری) داڕشتەی ملكەچی، ڕەفتاری خود و مەبەستی ڕەوشـتكاری)). ئـەم چوار لایەنەش بە دابڕین یاخود دابڕاو كارناكەن، بەڵكو بەیەكەوە بەستراونو چوونەتە ناو یـەك بە تایبەتی لە پێوەندی خود بە خودی خۆی.

مێژووی سێكسایەتی كە كتێبی ((ویستی زانیاری)) بەرگی یەكەمە لە كتێبەكـە بـە دوو كتێبی دی (بەكارهێنانی خۆشی) و (بایەخدان بە خود) وەك بەرگی دووەمو سێیەم كە لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٤دەرچوو، (١٠) ساڵ بەر لە كۆچی فۆكۆ.

كەواتە لە حوكمی خودو بەرگریی زێدەڕۆیی ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات (چۆن دەكرێو چۆن دەبێ). بەكارهێنانی دینامییەتی خۆشی و ئارەزووو كارەكان، باسكردن لە چۆنییەتی، واتای گەڕان بە دوای چاكترین ڕێگاو كار لەسەر ڕووی ئەوەی باشترە.

ئەو بایەخدانە بە خود لای گریك دەبینین فاكتەرێكە لە زەمـانی ئیمپڕاتۆرییـەتی ڕۆمـانی كـە بزاڤی پشت لە دونیاكردنی مەسیحی، سەدەكانی بەرایی، خۆ پێشكێش كرد وەك دووپاتكردنـەوەی پەرەسەندوویی پێوەندییەكانی خود بە خۆی خۆی، بەڵام لە شێوەیەك بەها تایبەتییـەكانی ژیـان لـە هەر بەهایەك دادەماڵێ، بۆیە دەبینین پزیشكو فەیلەسووفەكان سوورنو دەست دەكەن بە وەفـاداریی توندو ئاڵوگۆڕی نێوان ژنو مێردەكان و ڕەواقییەكان هونـەرێك دەنـرخێنن كـە پیـاو ژنـی هێنـابێ پێویستبوون بە بوون لەگەڵ و، چڕكردنەوەی بایەخدان بە خود تەریبە و... نرخاندنی ئەوی تر.

فۆكۆ دژی سەركوتكردنی سێكسە، بۆیە دەبێ وریا بێ لە خەریكبوونی ڕەوشتكاری پابەند بە ڕەفتاری سێكسی هەردەم لە پێوەندی ڕاستەوخۆ بە سیستەمی قەدەغەكراوەكانەوە نییە.

مەسەلەكە پێوەندی بە بەسەركوتكردنو قەدەغەوە نییە، بەڵكو بەو چـۆنییەتە هەیـە كـە بەهۆیەوە تاكەكان گەیشتنە بایەخدان بـە خـودی خۆیـان و، هەڵوەشـاندنەوەیانو ناسـینیانو تەقدیركردنی خودەكانیان كە خودەكانی ئارەزوون.

فۆكۆ لە زنجیرە لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەكانی بە دوای سنوورو جیاوازییەكاندا دەگـەڕێی و دووپاتی دەكاتەوە كە ((گەشبینیی بیرۆكە، ئەگەر ویستمان ئەم پەیڤە بەكاربێنین، ئەوەیە كـە بزانین چەرخی زێڕینبوونی نییە)).

کتێبەکەی فۆکۆ ((ویستی زانیاری)) چاومان لەسەر ئەو توانستەی کۆتاییەی جەستەکانو خۆشی و زانیارییەکان دەکاتەوەو وامان لێدەکات کە ئەو دەرەتانەی بایەخدان بە خود دەڕەخسێنێ بە بەرزی ڕێزی لێ بنێنی.

بۆ ئەوەی بیرمان نەچێ کە ((گرنگترین شوێنەواری هونەر دەبێ بایەخی پێ بدرێو، گرنگترین شوێن کە دەبێ تیایا بەها ستاتیکییەکان پراکتیزە بکەین، ئەوا خۆمانین، ژیانی کەسی خۆمانەو بیرەوەریمانە)).

(*) بەشی سێیەمی کتێبی (المعرفة والسلطة)، عبدالعزیز السیادي، ل ٧١ - ١٠٥.